# گوێڕایەڵیی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا

## دەق، ئیجتیهاد، پیادەکردن


هانی عەبادی محەمەد سیف

وەرگێڕانی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا



لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (١١٢)

# گوێڕایەڵیی سیاسی
# لە هزری ئیسلامیدا

## دەق، ئیجتیهاد، پیادەکردن

# گوێڕایەڵیی سیاسی
# لە هزری ئیسلامیدا

## دەق، ئیجتیهاد، پیادەکردن

نوسینی: هانی عەبادی محەمەد سەیف
وەرگێڕانی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا

# گوێڕایەڵیی سیاسی لە هزری ئیسلامیدا
## دەق، ئیجتیهاد، پیادەکردن

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١١٣)

• نووسینی:هانی عەبادی محەمەد سەیف
• وەرگێڕانی: محەمەد محەمەد حەمەمیرزا
• بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی
• دیزاین: ڕەوشت محەمەد
• خەتی بەرگ: نەوزاد محەمەد کۆیی
• چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٢ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەڕۆک


پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٩
پێشەکی ........................................ ١١

**بەشی یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامی دا: چوارچێوەی گشتی** ........................ ٢١
یەکەم: بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی ........................................ ٢٢
دووەم: تەمومژی گوێڕایەڵیی لە هزری ئیسلامیدا ........................................ ٥٣
سێیەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی: پەیوەندیی چەمکەکان ........................................ ٨٠

**بەشی دووەم: چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا** ........................ ١٠٩
یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەرچاوە سەرەکییەکاندا ........................................ ١١٠
دووەم: شیکاری بونیادی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی ........................................ ١٧٥

**بەشی سێیەم: پێکهێنانی چەمکەکە: ناوەڕۆکی فیقهیی و ڕەهەندی باوەڕیی** ........................ ٢٢١
یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی فیقهیدا ........................................ ٢٢٢
دووەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی کەلامیدا ........................................ ٢٩٤

**بەشی چوارەم: دەستەڵاتی چەمکەکە: خوێندنەوەیەک لەسەر پیادەکردنی تیۆریزە** ............ ٣٣١
یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی فەرموودەدا ........................................ ٣٣٢
دووەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هەردوو ڕەوشی ئاداب و ئەحکامی سوڵتانیدا ٢٨١
سێیەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی سیاسەتی شەرعیدا ........................................ ٤٢٣

**بەشی پێنجەم: تەمومژەکانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی: هەوڵێک بۆ بونیاتنانەوەی** ..... ٤٤٧
یەکەم: تەمومژی چەمکەکە لە هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا ............. ٤٤٨
دووەم: بەرەو بونیاتنانەوەی چەمکەکە: گوتە بنەڕەتیەکان ........................................ ٥٢٢

کۆتایی ........................................ ٥٦٨
دوا وتە ........................................ ٥٧٧
لیستی سەرچاوەکان ........................................ ٥٨١

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، درود و صەڵەوات لەسەر پێشەوامان پێغەمبەر موحەممەد، لەسەر خانەوادەو گشت هاوەڵان و شوێنکەوتووانی.

پاشان: یەکێک لەو نیعمەتە بێشومارانە کە خوای گەورە بە فەزڵی زاتی خۆی پێیبەخشیوم، نیعمەتی ژیانبردنە سەرە لەناو کتێب و هزردا، حەزیشم لە نوسین و وەرگێڕانی ئەو بابەتانە بووە کە ڕاستەوخۆ بە زمانێکی سادەو شێوازێکی ئاسان مەبەست دەگەیەنن و تواناشم بەسەریاندا دەشکێت، بە زۆریش لە بوارەکانی ڕۆحی و ڕێنمایی و بانگخوازی و پەروەردەو هزردا کە هەموویان دەچنەناو بازنەی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئەوانەی کە وڵاتەکەم و خوێنەری کورد زوبان لەم ساتە مێژووییە هەستیارەدا پێویستیان پێیەتی، بەدەگمەن خۆمداوە لە کتێبێک سەربکێشێ بۆ بابەتی ناکۆک و ڕاجیاوازی، ئەویش مەگەر لەبارێکدا بە شێوازی زانستی میتۆدی و بە ئاکاری ئیسلامییەوە ڕاستییەکانی خستبێتەڕوو، کە خزمەتی بە ئاینەکەمان کردبێ، دوور بوویێت لە هەر حەزێکی سۆزدارییی کە بەشی نەفسی تێدا بووبێ.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە لەلایەن مامۆستایانی بەڕێزی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی)ەوە پێشنیاری وەرگێڕانیم بۆکرا، سوپاسیان دەکەم، لەڕاستیدا لەسەرەتاوە دوودڵ بووم لەوەی بچمە ناو بابەتی ئاوا سیاسییەوە کە لەوانەیە مەبەستە سەرکیەکەم لە وەرگێڕان و نوسین ببات بە ئاقارێکدا دوورم بخاتەوە لە بەخەرجدانی کات و توانا لەو بوارانەدا کە لەسەرەوە ئاماژەم پێداون، بەڵام کاتێ چوومە ناو بابەتەکانی هەستمکرد کە مەسەلەی (فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی) یەکێکە لەو مەسەلانە کە تا ئەمڕۆش لەناو تەوژم و سەنتەر و پەیمانگاو دامەزراوە ئەکادیمی و سیاسییەکانی هزری ئیسلامیدا زیندووەو مشتومڕی لەسەر دەکرێ، یەکێکە لەو کێشە سەرەکیانە کە بەدرێژایی مێژووی ئیسلام ئوممەتیان پەرتەوازە کردووە، ئەویش لەبەرئەنجامی ناڕوونی یان ڕاو بۆچوونی جیاواز بووە لەم پرسە هەستیارەدا، لێرەوە هەستمکرد کە قسەکردن لەسەر بابەتی ئەم کتێبە لە کرۆکی پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەیە.

هەر بۆیە دەست لە دەست و قووەت لە خوای گەورە دەستمدایە وەرگێڕانی، تا ئەمڕۆ سوپاس بۆ خوای گەورە بە پایان گەیشت، لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند سەرنجێک لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکەو شێوازی نوسین و شێوازی وەرگێڕانی بدەمە خزمەتی خوێنەران تا لەکاتی خوێندنەوەیدا بەرچاوڕوونتر بن.

- ئەم کتێبە زیاتر لەوەی کتێبێکی هزری و ڕۆشنبیری بێت، کتێبێکە حیسابی سەرچاوە (مەرجەع)ی بۆ دەکرێ، بۆیە دەستدانە خوێندنەوەی پێویستی بە نەفەسێکی درێژ و بە وریایی و جەمکردنی فیکر و بێ پەلەکردن هەیە تا سود بە خوێنەری بگەیەنێ، ئەگەرنا لەوانەیە خوێندنەوەو سودوەرگرتن لێی بەشێوەی دەستچن، خوێنەر وەک پێویست نەگاتە مەبەستەکەی، شوێنکەوتنی بابەتەکانی لە هەر مەسەلەیەکی دیاریکراودا زەرورە تا دواجار نەتیجە دەدات بەدەستەوە، ئەمە بۆ کەسێ کە بیەوێ ئاگادار بێت بەسەر باری باوەڕیی و مێژوویی و هزریی ئەم بابەتەدا، بۆ کەسێکیش کە لێکۆڵینەوە بکات لەم بوارەدا ئەوا دەبێتە مەرجەع بۆی.

- لەڕاستیدا ڕستەیەکی بێسودم تێدا بەدینەکرد، بۆیە خۆم لاداوە لە کورتکردنەوە یان دەستکاری، تەنها لە سێ یان چوار جێگادا نەبێت، ئەویش لە چەند ڕستەیەکدا و بەس کە وەک دووبارە وابوون و پێش یان پاشی خۆیان ئەو مانایەیان گەیاندووە.

- خوێنەر کۆمەڵێک وشەو زاراوەی زۆر دێنە بەردەستی کە لە مانادا شێوە هاوتاییەک وەردەگرن و یەک مانا دەگەیەنن، ئێمە هاتووین مانای وشەو زاراوە عەرەبیەکەمان بەپێی میانەی ڕستەکەو باسەکە کردووە بە کوردی، بۆ نمونە وشەی (سلطان، ولی أمر، أمیر، حاکم، ملک،...) کە هەموویان لە واتادا واتە کاربەدەست یان بەرپرس یان دەستەڵات دەگرنەوە، یان (طاعة، أنقیاد، خضوع،...) کە گوێڕایەڵیی یان ملکەچی دەگرنەوە، یان (خروج، بغی،..)، یان (إمارە، ولایە، بلد،..)، بۆیە لە هەر شوێنێکدا هەرکام لەم وشانەی ناو هەریەک لە جووت کەوانەکاندا یان هیتردا هاتن هاوواتان و هەر یەک مانا دەگەیەنن.

- لەکوێدا دوو پیتی (ک.م) بینران ئەوە واتە (کۆچی مردووە).

دواجار کڕنوشی سوپاسگوزاریی بۆ پەروەردگارم دەبەم کە تەنهاو تەنها تەوفیقی ئەو گەورەو بەخشندەیەم بوو توانیم بەمجۆرە ئەم کتێبە بگاتە ئێرە، هەوڵی تەواویشمان داوە بۆ دەرهێنانی دەقەکان وەک خۆیان و هەڵەچنی تەواوی تێدا کراوە، ئەگەر لە شوێنێکدا پیتێکی کەم یان زیاد لە ڕێنوسدا هاتبێ ئەوە سروشتی کاری مرۆڤەو کەماڵ هەر بۆ خوای گەورەیە.

خوای گەورە لە نوسەرەکەی قوبوڵ بکات، ئێمەش بێبەش نەکات لە بەزەیی و پاداشتی بێسنوری خۆی بۆ بەندەکانی، کە تەنها ئەو زاتە ئارامی و سەقامگیری بە دڵەکانمان دەبەخشێ.

وەرگێڕ: محمد محمد حمەمیرزا

سلێمانی ٢٠٢١/٩/٢٣

# پێشەکی

چەندین تەمومژ لە بونیادی هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا جێگیربوون کە ڕیشکیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە مێژووییە دوورەکان، ئەمەش هاندەرە بۆ گەڕان بەدوای بونیادی مەعریفی بەشیدا، کە بەردەوام ئامادەییان هەیە، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بەرهەمێنانی ئەو تەمومژانەدا، جا ئەگەر ئەوە گرنگ بێت کە دەبێت ببین ئاشنا ببین بە بەشەکانی ئەو بونیادە مەعریفیانەدا، ببین بەپێی چوارچێوەی گشتی دیدی ئیسلامی و ڕاستییە واقیعییە بابەتییەکان داوەرییان بکەین، ئەوا زەرورەتی میتۆدیی دەخوازێت کە دەستبکرێ بە سەرلەنوێ دانانەوەی ئەو تەمومژانە لە شوێنی خۆیاندا لەناو هزری هاوچەرخماندا، ئەویش بە داڕشتنەوەیان بەجۆرێ ساتەوەختی هەنوکەیی مێژوویی لەخۆبگرێ کە ئوممەت پیایدا تێدەپەڕێ، وەها کە ڕێگا والا بکات بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا نەک تەنها بەو سیفەتە کە درێژکراوەی مێژوویی تەمومژە کەلەپورییەکان بن، بەڵکو بەو سیفەتە کە واقیعێک دەردەخەن دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی واقیع و ناڕوونییەکانی.

ئەم دیاریکردنە سەرەتاییە بۆ ئەو ئاسۆ گشتییە کە تەمومژی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیایدا دەجوڵێت، بەو سیفەتە کە تەمومژێکی مەعریفیەو لە هزرەوە لە ڕێگای بزاوتی لەناو مێژوودا بەرهەمهاتووە، دەمانخاتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی چەمکەکان لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا، چونکە هەر هزرێک بە چەند یەکەیەکی چەمکیی پێکەوەبەستراو دەردەکەوێ، ئینجا بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکانی دەبێت شیکاری بونیادە چەمکگەراییەکەی بکرێ، ئەویش بە خستنیە بەردەم ڕەخنەو هەڵوەشاندن و سەرنجی مێژوویی، تا ئاشنا ببین بەسەر گۆڕانی کردەیی چەمکەکاندا، پاشانیش بیرۆکەکان، ئینجا ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕەی بەسەریاندا هاتووە. لە پێشەوەی ئەو چەمکانەش، چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییە، بەو سیفەتە کە لە هەموو چەمکەکان زیاتر لکاوە بە کێشەکانی واقیعی عەرەبی و ئیسلامیی هاوچەرخەوە، بەتایبەتی لە یەکتربڕینی لەگەڵ مەسەلەی شەرعیبوون و توندوتیژی سیاسیدا، هەروەها لە پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەتدا.

کێشەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە کەلەپوری ئیسلامیماندا لە هەرە ئاڵۆزترینی کێشەکانە، چونکە کرۆکی پیادەکردنی دەستەڵات دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو مشتومڕانەی کە بەدەوریدا ڕوویانداوە و بوونەتە هۆی پێکهێنانی هۆشیاری

ئیسلامی دەرهەق بە دەستەڵات (ئیمامەت)، پاشان ئەو هۆشیارییە دابەشبوو بۆ چەندین گروپ و ڕێبازی جۆراوجۆر، هەریەکەیان دەستیدایە شەرعیەتدان بەخۆی، ئەوەشی لەو ماناو بەڵگە ڕەسەن و لێکدانەوە گۆڕدراوانەوە هەڵگۆزی کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەیخستەڕوو، چونکە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وێنای یەکێک لە دەرکەوتەکانی پەیوەندی سیاسیی و ئاینی دەکرد، کە ئەوەش پەیوەندییەکە جیانابێتەوە لە تێڕوانینی ئیسلامی، کەواتە چەمکەکە کارایی شەریعەت لە بازنەی سیاسەتدا بەرجەستە دەکات و کۆمەڵێ دیسپلینی تیۆری تێدایە کە هەژمووندارن بەسەر کرداری سیاسیدا، لە هەمانکاتیشدا تواناداره لەسەر هێنانەکایەی میکانیزمە پراکتیکییەکان کە وەڵامگۆی داخوازییەکانیەتی، سروشتی چەمک و ئەو ڕەهەندە وەزیفیانەی کە تییدایە، بەهەمانشێوە وای لێدەکەن تواناداربێت لەسەر ڕاکێشانی هەر دەستەڵاتێکی سیاسیی لە بواری ئیسلامیدا بۆ بازنەی شەرع، با ئەوەش بە پاڵنەری پاساوداریی بێت، تا سود لە توانا گشتگیرەکانی چەمکەکە وەربگیرێ بۆ دەستەبەرکردنی پێکەوەبەستن و بەهێزکردنی کۆمەڵگاو کۆبوونەوەی لە پشت دەستەڵاتی سیاسییەوە، ئەم حاڵەتە تەنانەت لە زۆربەی ئەو سیستەمە حوکمڕانیانەدا دەردەکەوێ کە دوورن لە ڕۆحی شەریعەت و لە نیشانەکانی.

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەر ئەم چەمکە دادەنرێت بە کەمترینی ئەو چەمکانە -ئەوانەی کۆی تێڕوانینی ئیسلامی بۆ مەسەلەی دەستەڵات پێکدەهێنن- کە کەوتبێتە بەر لێکۆڵینەوەو شیکارکردن، ئەمەش یارمەتیدەر بووە وایلێبکات ببێتە یەکێک لە چەمکە جێگیرەکان یان چەقبەستووەکان لە هزری ئیسلامیدا، لە کاتێکدا کە پڕە لە گرفت و ناڕوونی پێیەوە دیارە، چونکە بەشێکی زۆر لە هزری سیاسی ئیسلامی مەیلی بەلای خستنەڕووی کێشەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا وەهایە کە لە بەڵگە مانادارەکانی و لە سنور و لە دیمەنەکانیدا کێشەیەکە یەکلابووەتەوە، ئەمەش وایکردووە لە قۆناغە پێشوەکانی پەرەسەندنی هزری ئیسلامیدا ئەم مەسەلەیە بوەستێ، لێرەوە مۆرکە مێژوویییەکەی لێسەنراوەتەوە، تا بخرێتە ڕیزی مەسەلە باوەڕییەکان کە شوێنکەوتن و گوێڕایەڵیی فەرزێکە.

ئەهلی سوننەو جەماعە باوەڕیان وایە کە مەسەلەی ئیمامەت و ئەو پرسانەی پەیوەستن پێیەوە، لە مەسەلە ئیجتیهادییەکان یان لاوەکییەکانن -بەپێی دەستەواژەی ئوسولی-، لەبەرئەوە لە مەسەلەی پرسی یەکلاکردنەوەدا بە زۆری پشتدەبەسترێ بەو هزرە کە وایلێهاتووە ببێتە کەلتورێکی گشتی، ئەویش

بریتییه لەوە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی دادەنرێت بە فەرزێکی ئاینی و کردارێکی خواپەرستی، بێئەوەی ئاوڕ لەوە بدرێتەوە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ئاستی دەستەجەمعی کردارێکی خۆویستەو پەیوەندە بە ئیرادەی مرۆڤایەتییەوە، لەتوێی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لە نێوان هەردوو لایەنی دەستەڵاتدا (فەرمانڕەوا و گەل) پیادەدەکرێ، ئەوەش بەپێی کۆمەڵێ دیسپلین و داخوازی شەرعی، هەروەها بەپێی ئەو سنوردارکەرانە کە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن، هاوکات بێ جیاوازی خستن لە نێوان فەرمانڕەوا بەو سیفەتە کە دەستەڵاتێکی دیاریکراوە و نێوان گوێڕایەڵیی دەوڵەت کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتی بوونی ژیاریی و کۆمەڵایەتی ئوممەتی موسڵمان دەکات.

ڕشتەبەندییەکی کامڵ و توندوتۆڵی میکانیزمەکانی زۆرەملێی ماددی و مەعنەوی دەچێتە پاڵ ئەم مەسەلەیەی سەرەوە، کە بەدرێژایی چەندین سەدە دژ بە ئەقڵی موسڵمان پیادەکراوە، تا بە ناچاری پاڵی پێوەبنرێ ڕازی ببێت بە ڕەوایەتی سیستمە ملهوڕەکان و ملکەچیان بێت، وەک ترساندن بە هەڵگیرسانی فیتنە، بە شێواندنی رووی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی، بە گەورە ڕاگرتنی دەستەڵات، بەکەم سەیرکردنی بەهای گۆڕانکاریی، بە وروژاندنی ترسی خەڵکی لە زاڵبوونی بیدعەچییان و لەدەستدانی ئاین و پووکانەوەی ڕێنماییەکانی، ئەم میکانیزمانەو هیتریش، هەروەک هەندێ تەوژمی هزری ئیسلامی پێشکەشی دەکەن بریتین لەو هەڵلا مێژووییە و لەو بیانووە پراکتیکیە بۆ هزری گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەمەش بە تەنها تەکنیکێکی دەستەڵاتخوازی نەبووە کە پشت تەنها بە ئامرازەکانی سەرکوتکردن و ناچارکردن ببەستێ، بەڵکو بە درێژایی چەندین ماوەی مێژوویی لەناو میانە مەعریفیە جۆراوجۆرەکاندا درێژبووەتەوە، بە هەر هەموویانەوە وایان لێهاتووە پێکهاتەیەکی مەعریفی بۆ هزری سیاسی ئیسلامی پێکبێنن.

بونیادی فیقهیی پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر زەرورەتی شەرعیی بەگوێکردنی کاربەدەست بەرپابووە، هەروەک لە واتای رواڵەتی ئەم ئایەتەوە وەردەگیرێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾النساء:٥٩ ، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەمیشەو بەردەوام فەرمانبەرداری خوای گەورە و فەرمانبەرداری پێغەمبەر و ئەو بەرپرسانە بکەن کە لە خودی خۆتانن -لە بیروباوەڕ و پابەندیدا-، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر کە قورئان و فەرموودە ڕاست و دروستەکان

دەگەیەنێت، ئەو شیکردنەوانەی کە لە چوارچێوەیان بەدەرنین، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕۆژی قیامەت هەیە، جا ڕەفتار و کردارتان بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین شێوازە بۆ چارەسەری کێشەکانتان...). جا هەرچەندە ئەم ئایەتە واتای ناکۆکی لە نێوان کاربەدەست لەلایەک و نێوان گەل لەلایەکیترەوە دەگەیەنێت، چوارچێوەی مەرجەعیەتی (گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیدا دیاری دەکات، کە کۆمەڵە کۆت و بەندێکی لەسەر دەستەڵاتی سیاسیی داناوە، بەڵام ئەو کۆت و بەندە قورئانیانە لەسەر گوێڕایەڵی سیاسیی لە لێکۆڵینەوەو بایەخپێداندا پشکی خۆی پێنەدراوە، دواجار ئایەتەکە وەها هەژمارکراوە کە سەرچاوەیەکە بۆ ڕەوایەتی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە زۆرێک لە دەقە کەلەپورییەکاندا، ئەمە بێئەوەی هیچ کۆت و بەندێکی قورئانی لەسەر ڕەوایەتی ئەو گوێڕایەڵییە هاتبێت، هەروەها بێئەوەی وردەکاریی کرابێ لەسەر (مەبەستە سەرەکییەکە) لە ئایەتە پیرۆزەکەدا کە مەبەست گوێڕایەڵیی کاربەدەست نیە، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ لای خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، بۆلای (قورئان و سوننەت) لە کاتی ناکۆکیدا، چونکە میانەی ئایەتەکەو هۆی هاتنەخوارەوەی بەڕوونی ئاماژە بەمە دەکات، هەروەک لەمەوپاش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕوونیدەکەینەوە.

هەمان ئەم بونیادە فیقهییە لەسەر کۆمەڵێک فەرموودە بەرپابووە کە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراونەتەوە، کە لە بنەڕەتدا ئاراستەن بۆ دانانی کۆت و بەندی شەرعی لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی، لە گرنگترینیان سەرپێچینەکردنی خوای بەدیهێنەرە، ئەنجامنەدانی کاری خراپەیە، بەڵام ئەم کۆت و بەندانە کە فەرموودەناسان و فیقهناسان لە فەرموودە پیرۆزەکانەوە دەریانهێناون، ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە ڕێکخستنی پەیوەندی فەرمانڕەوا بە شەریعەتەوە نەک بە گەلەوە، لە کاتێکدا کە شەریعەت و گەل لەتوێی پەیوەندی ڕێنماکار و بەدەمەوەچوونی ئەرێنی و پێکەوەبەستراودا یەک قەوارە دەگەیەنن، چونکە دەبێت پەیوەندی فەرمانڕەوا بە شەریعەتەوە لە ڕێگای گەلەوە بێت، ئەوە گەلە کە خوای گەورەوە ئەرکی جێنشینی پێسپاردووە، خاوەنی ئەرکی شەرعی و ڕەسەنە لە بەرپاکردنی شەریعەتدا، ئەگەرنا ئەوا نەبوونی ئەم بیرو بۆچوونە دەبێتە هۆی وەلاخستنی گەل و نەمانی شەریعەت پێکەوە.

بەمجۆرە دەستەڵاتی سیاسیی لەم میانەیەدا بۆی هەیە هەستێ بە ئەنجامدانی

کۆمەڵێ کردار و ڕەفتار کە -مەرج نیە- بچنەژێر چەمکی سەرپێچی شەرعی[1]، بەڵام دوورن لە بەرژەوەندی گشتییەوە، لەوانەشە لە ئێستادا یان لە داهاتوودا زیان بگەیەنن، یان ئەوەتا بەرەیەکی فراوان لە گەل ڕای تریان هەیە تیایاندا و رازی نین پێیان، کەواتە ئایا لە حاڵەتی ئاوەهادا دەبێت گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی بکرێ و شوێنەکەوتەی بێت؟ ئایا لێرەدا گوێڕایەڵیی سیاسیی بەدیاریکراوی سیفەتی ڕەوایەتی ئاینی وەردەگرێ، مادامێ مەسەلەی بیرکردنەوەی سیاسی سروشتێکی ئیجتیهادی هەیەو دەستەڵاتیکە جێهێڵراوە بۆ تێڕوانینی پێشەوا هەروەک چۆن ئەوە هەڵوێستی فیقهی کلاسیکییە؟

ئەم پرسە لە کەلەپوری سیاسیی ئیسلامیدا وەها ماوەتەوە کە بەدوور گیراوە لە بایەخپێدانی راستەوخۆ، لە کاتێکدا شتانێک ئاماژە بەوە دەدەن کە گەڕان بەدوایدا هەر زوو یەکلابووەتەوە بۆ بەرژەوەندی قوولکردنەوەی گوێڕایەڵیی تەواو بۆ دەستەڵاتی سیاسیی، ئەمەش وایکردووە کە ناڕوونیی گوێڕایەڵیی سیاسی زۆرتر ئاڵۆزبووە، بەتایبەتی لەگەڵ هەبوونی جۆرەها ڕا و بۆچوون کە ڕەوایەتی بەگوێکردنی فەرمانڕەوا (ستەمکار/فاسق/زاڵبوو) رەوایەتییەکی ئاینییەو نەک رەوایەتییەکی (زەرورەت)، ئەم ڕایانەش لەسەر تێگەیشتنی لێکدانەوە لاوەکی بۆ هەندێ دەقی پێغەمبەرایەتی بونیاتنراون، هەروەها خوێندنەوەیەکی ناوچەییە بۆ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بەرپادەبن لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان زەرورەت و شەریعەتدا، ئینجا پاڵنانە بە (زەرورەت)ەوە تا ببێتە شەریعەتی واقیع و بناغەی ڕەوایەتیی، تا (زەرورەت) بگۆڕدرێ بۆ میکانیزمێ کە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانە نەرێنییەکانی واقیعدا بکات بە مەبەستی تێپەڕاندنی بەرەو ئامرازێک کە بیسەپێنێ و قوولێبکاتەوەو درێژەی پێبدات، ئەمە بێئەوەی پەرەبدرێ بە جۆرە جێگرەوەکانی لە گوێڕایەڵیی سیاسیدا، (ڕژێمە زەرورەکان) بە جۆرێکیتر لە گوێڕایەڵیی ڕووبەڕوودەبنەوە ئەویش بریتییە لە (گوێڕایەڵیی زەرورەت)، ئەمەش لەسەر ئاستی مەعریفی کەموکوڕییەکی قووڵی لێ بەرهەمهات کە لە بەگوێکردنی

---

١ مەبەستمان ئەو مەسەلە گوماناوی یان رێگاپێدراوانەن کە دەچنەناو بازنەی ئیجتیهاد یان (العفو التشريعي)ەوە، کە عەبدولعەزیز بن باز بە دەستەواژەی (الأمور التي ليس فيها المنكر) ناویبردوون، بڕوانە: إبن باز، عبد العزيز عبد الله، المعلوم من واجب العلاقة بين الحاكم والمحكوم، الرياض: دار الإمام أحمد، ص١٦. زۆربەی مەسەلە سیاسی و ئابوورییەکان دەچنەناو ئەم بازنەیە وەک واژۆکردنی پەیماننامەکان، ڕاگەیاندنی جەنگ، سیاسەتی نرخەکان، لێدانی پارە و گومرگ و هیتریش، ئەوانەی کە یان هیچ حوکمێکی شەرعیان تێدا نیە، یان حوکمی شەرعی گومانبڕیان تێدایە، ئەگەریش ڕێسای شەرعی گشتی هەبن ئەوا یارمەتیدەر دەبن لە هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا.

(ڕژێمە زەرورەکان)دا خۆی لە گوێڕایەڵیی شەرعی و فەرزدا خۆی دەنوێنێ، بەمجۆرە هەرجۆرە کۆت و بەندێکی شەرعی لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی لەوەی کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان دەستەڵات و گەل توانای خۆی لەسەر توندوتۆڵکردن و ئاراستەکردن لەدەستدا.

لەڕاستیدا بەردەوام پێکەوەبەستنی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە هەندێ چەمکی شەرعییەوە، وەک چەمکی کوفری ئاشکرا و سەرپێچیی، وێنای یەکێک لە قەیرانە گەورەکان دەکات لە کەلەپوری سیاسی ئیسلامیدا، چونکە کوفری ئاشکرا ئەنجامدەرەکەی لە ئوممەتی ئیسلام دەردەکات چ جای ئەوە کە شایستەی دەستەڵات و گوێڕایەڵیی نیە، ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستی بەو هەموو دووپاتکردنەوەو جەخت لێکردنەوە نیە، پرسیارە گرنگەکە لەم مەسەلەیدا ئەمەیە: ئایا ئەو هەموو پەرۆشییە بۆ بەستنەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی و کوفری ئاشکرا پێکەوە بۆ بە خەرجەدرا؟ چونکە مەعلومە کە زەحمەتە کوفر دەرهەق بە دەستەڵاتی سیاسی بسەلمێنرێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مادامێ دەستەڵات کوفرێکی ئاشکرای ئەنجامنەداوە ئیتر پارێزراوە لە (لادان) لە دەستەڵات، کەواتە لەم حاڵەتەدا کوفر -بە پراکتیکی- دەگۆڕردرێ بۆ (پارێزبەندیی) و دەستەڵاتی سیاسی دەپارێزێ.

ئەم پێکەوەبەستنە بەهەمانشێوە بەشدار دەبێت -تا ئاستێکی زۆر- لە سنوردارکردنی ئامڕازەکانی ململانێی سیاسی تا ئاین وەک ئایدۆلۆژیایەک بکاتە دەمامک بۆ خۆی، تا ململانێ لەگەڵ دەستەڵاتدا ببات بەڕێوە، بەجۆرێ مەسەلەی بەکافرکردنی فەرمانڕەوا -لەوانەیە- ببێتە دەرگایەکی لەبار و تاکە ڕێگا بۆ گۆڕینی، کە دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی رەواجدان بە (هزری بەکافرکردن) لە نێوان دەستەڵات و نەیارە سیاسییەکانیدا، ئەمەش تەمومژێکە کە تا ئێستاش کاریگەری خۆی هەیەو لە دیمەنێکی بەرفراواندا لە ژیانی هاوچەرخماندا کاری خۆی دەکات.

کەواتە چەمکە شەرعییەکانی تر چۆن چۆنی بەگەڕبخرێن تا دیسپلینێکی هەمووەکی پێکبهێنرێ بۆ پیادەکردنی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە ڕێگربێت لە گشتاندنی ئەم چەمکە بە هەڕەمەکی، گەلیش بەدووربگیرێ لە داخزان بەرەو چاڵ و تاریکاییەکانی بەکافرکردن یان گوناهبارکردن یان بە بیدعەچییەتی، بەو سیفەتە کە جۆری کلاسیکین لە پیادەکردنی سیاسەتدا؟ ئایا ئەو چەمکانە کامانەن کە دەتوانرێ بهێنرێن تا هەستن بەو ئەرکە گرنگە؟ ئایا دیسپلینە شەرعییەکانی کۆت و بەندکردنی گوێڕایەڵیی سیاسیی ڕێگرن لە ئیجتیهادکردن بۆ دۆزینەوەی (دیسپلینی سیاسی) تر کە وەڵامگۆی مەبەستەکانی شەریعەت بن لە دوورخستنەوەی گەل

لە مەترسییەکانی ستەمکاریی و تاکڕەویی، کە گشتاندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەیبات بەو ئاقارەدا؟ ئایا تەنها یەکجۆر گوێڕایەڵیی سیاسیی هەیە، یان بەیەکگەیشتن و ئاوێتەبوون و کارلێک لە نێوان شەریعەت و واقیعدا لە توانایدایە جۆرەها شێوە لە گوێڕایەڵیی سیاسیی بەرهەم بێنێت کە وەڵامگۆی بزاوتی دیاردەی سیاسی بێت لە وەرچەرخان و گۆڕانە جۆربەجۆرەکانیدا؟

بێگومان هۆیەکی تری پەیدابوونی تەمومژی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرگیری توند لە نێوان کەلتوری گوێڕایەڵیی تەواوەتی و نێوان کەلتوری ڕاپەڕینی چەکداریدا، بەڕاستی هەندێ تەوژمی هزری ئیسلامی بەهۆی دەستگرتنیان بە چەند گوتەیەکەوە کە هەڵقوڵاوی هەڵوێستیانن بەرانبەر بە دەستەڵاتی سیاسیی چ وەک ئۆپۆزیسیۆن یان لایەنداری دەستەڵات، پشکیان هەبووە لەوەی کە کۆمەڵگای موسڵمان بخەنە بەردەم دوو بژاردە کە سێیەمیان نیە، یان گوێڕایەڵیی تەواوەتی بۆ فەرمانڕەوا با گوناهکار و ستەمکاریش بێت، یان دەرچوون لە فەرمانی، بەمەش کەوتووەتە بەر جۆرەها فیتنە و شەڕوشۆڕ کە مێژووی ئیسلامی هەر لە سەدەی یەکەمەوە بەخۆیەوە بینیوە، کەلەپوری خەواریجەکان لەسەر دەستەڵات و ڕوودانی ئەو هەموو کردەوە نالۆژیکیانە، وایانکرد چاوپۆشی لە تاکڕەویی و ستەمکاریی سیاسیی بکرێ و ببێتە بژاردەیەک کە زۆرتر پەسەندبوو، هزری ئیسلامیش کە درەنگانێ لەدوای ڕووداوە سیاسییە گەورەکان پەیدابوو، کە ڕێڕەوی هزر و بزاوتی لە مێژووی ئیسلامیماندا پێکهێنا، بژاردەیەکیتر لەبەردەمیدا نەبوو جگە لەوە کە مامەڵە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بکات هەر بەوجۆرە کە هەبووە، بێئەوەی بتوانێ بگاتە ئاستێ کارێکی داهێنەرانە و تەواوکار لە بواری پەیوەندی گەل بە دەستەڵاتەوە پێشکەش بکات، هزرێک بێت یارمەتیدەر بێت لە ڕزگاربوون لە (حەتمییەتی) ئەو دوو بژاردەیە، هەر بەدەوریاندا دەسوڕایەوەو نەیتوانی جێگرەوەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی هەندێ بەشداری ناتەواو، کە هەندێ لە کەسە دیارەکانی هزری ئیسلامی پێشکەشیان کردووە، ئەوانیش هەر بە پرژوبڵاوی هاتنەبوون، ئەوەش بە هۆکاری گرنگینەدان بوو بە میکانیزمەکان و هۆکارەکانی پەرەدان بە کەلتوری جێگرەوەی هەردوو کەلتوری باو، ئەوەش بەە وی چەندین هۆیەوە بوو کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێنەڕوو.

پرسیارێکی تر کە جێگای گرنگیپێدانە ئەمەیە: ئایا ئەم هزرە بانگەشەکارانە بۆ پەسەندکردنی واقیعی فەرزکراو، بۆ پیادەکردنی گوێڕایەڵیی سیاسی بەوەی گوایا فەرزێکی ئاینییە بەبێ سنوردارکردنی گونجاو بۆی، چۆن چۆنی توانیان دیواری

ئیسلام ببڕن کە پرەنسیپ و ڕێنماییەکانی دوورن لە ستەم و لای خەڵکەکەشی قێزەونە؟ چۆن هەوڵە سەرەتاکانی هەندێ لە پێشەنگانی هزری ئیسلامی داپۆشراوە؟ کە لە توانایدا بووە کەلتورێکی دژ بە کەلتوری ڕازیبوون بە ستەم پێکبهێنن؟ جا ئەگەر لەتوانادا بوو‌بێت ئەو تێگەیشتنە وەربگیرێ کە جەختکردنەوە لەسەر بیرۆکەی ڕەوابوونی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە رووی پەرۆشبوونەوە بووە بۆ بەرژەوەندی گشتی ئوممەت، بۆ لادانی فیتنەگێڕی بووە –کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبێتە جێگای مشتومڕ–، ئەی چۆن ڕێگادراوە بە پەسەندکردنی کەلتوری ڕازیبوون بە ستەم، کە تا سنوری حەرامکردنی ڕقلێبوون لە فەرمانڕەوای ستەمکار دەڕوات، بە ڕەوابوونی دۆعاکردن بۆی لە پشتەوەی خۆی، کە ئەمانەش کۆمەڵە کارێکی ناودڵن، ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە پابەندبوون و جەختکردنەوە لەسەریان کەلتورێک بووەو تەنها لە سنوری مامەڵەی کاتی و زەمانەسازی لەگەڵ بارودۆخدا نەوەستاوە، بەڵکو تێپەڕاندوە بۆ ئامادەکردنی کۆمەڵگا و زەمینەسازی دەروونیی بۆ پەسەندکردن و بەردەوامبوونی، گاڵتەکردن بووە بە هەستی ئیسلامی گشتی کە بە سروشتی خۆی ڕقی لە ستەمکارییە؟

ئەمەی پێشەوە وەسفێکی کورتە بۆ ڕەهەندەکانی مشتومڕی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا، بەو سیفەتە کە پرسێکی مەعریفییە، شایانی توێژینەوەو ڕەخنەی مێژووییە، بەڵام ئەو شێوازە کە تاوتوێی ئەو مشتومڕ و پرسانەی پێدەکەین و پەیوەندن بە چەمکەکەوە، ئەوا خۆیان لە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕێکاریی یەک بەدوایەکدا وێنا دەکات، ئەوانەی کە دەکرێ وەسفیان بکەین بە پێکهێنەری ڕوخسارە پەرەسەندووەکانی میتۆدی ئیسلامی لە ڕەخنەگرتنی چەمکەکان و بنەمادۆزی و بونیاتنانەوەیاندا، ئەوەش بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

– چەمکەکە بدرێتەوە پاڵ سەرچاوە قورئانییەکەی، ئینجا ئاشنابوون بە تایبەتمەندییە جەوهەریەکانی لە ژینگەی دەقی قورئانیدا، لە دەقەکانی سوننەتی ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتیدا.

– شیکاری بونیادی چەمکەکە لەسەر هەر سێ ئاستی: زمانەوانی و زاراوەیی و مەعریفی، تا واتا ڕەسەن و زیادەکانیشی بخرێنەڕوو، هەروەها ئەو بۆچوون و ڕەهەندە سیاسی و مەعریفییە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیانەی کە لەخۆیان دەگرێ بکەونەڕوو.

– سەرنجدان و ڕاڤەکردنی ئەو گۆڕانکارییانە کە لەبەرئەنجامی هەڵسوکەوتە مێژووییەکان: لە سیاسی و لە زانستی دروستبوون و بوونەتە پاشکۆی چەمکەکە، ئینجا

شوێنکەوتنی ئەو ئاسەوارانەی لێیەوە دەرکەوتوون، هەروەها دیاریکردنی ڕووبەری ئامادەبوونی ئەو گۆڕانکاریانە لە بۆچوونی ئیسلامیدا بۆ دەستەڵاتی سیاسیی.

- دۆوزینەوەی داڕشتنی مێژوویی بۆ چەمکەکە، شارەزابوون بەو بوارە مەعریفییانە کە بەشداریان هەبووە لە بەدەستهێنانیدا، هەروەها ئەو میکانیزمانەی کە لە چەسپاندنیدا بەکارهێنراون.

- ڕەخنەگرتن لەو داڕشتنە مێژووییە، خستنەڕووی سروشت و مۆرکی لێکدانەوەی و توخمە گۆڕدراوەکانی، ئەوەش وەک ڕێخۆشکەرێ بۆ سنورداركردنی ئەو ئاسەوارە مێژووییە کە لکێنراوە بە چەمکەکەوە.

- پێشکەشکردنی دیدێکی نوێ بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی چەمکەکە، ئەوەش بە لەخۆگرتنی تایبەتمەندییە قورئانییەکان و ڕاستییەکانی واقیعی ئیسلامی هاوچەرخ.

- پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی پێشنیارکراو بەجۆرێ هەندێ هزری ڕاهێنانکاری لەخۆگرتبێ کە توانای پراکتیزەکردنی کرداریی بدەن بە چەمکەکە.

دواجار جێگای خۆیەتی سوپاس و پێزانینم پێشکەش بە هەموو ئەو بەڕێزانە بکەم کە دەستی یارمەتیان درێژکرد لەپێناو بەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا، بەتایبەتی بەڕێزان: دکتۆر عەبدولخەبیر مەحمود عەتا، دکتۆر عەلا و عەبدولحەفیز لە زانکۆی ئەسیوگ، دکتۆر سەیفودین عەبدولفەتتاح لە زانکۆی قاهیرە، هەروەها ئەوپەڕی سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ دکتۆر ئیبراهیم بەییومی غانم، هەروەها بۆ دکتۆر عەلی ئەلحاوری، دکتۆر حەکیم عەبدولوەهاب سەماوی (بە ڕەحمەت بێت) لە زانکۆی صەنعا، لە هەمانکاتدا سوپاس و پێزانینی زۆرم هەیە بۆ پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامی، سوپاسی دەکەم بۆ ئەو هەوڵەی کە بەخەرجیدا لەپێناو دەرهێنانی ئەم کتێبە بەم شێوە جوانە.

پاشان، سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە یارمەتیدام لەسەر بەجێگەیاندنی ئەم کارە، لە زاتی شکۆمەندی دەپاڕێمەوە بیکاتە کارێکی سودگەیەنەر، ببێتە یارمەتیدەرێک بۆ نەوەی ڕاپەڕینەکان لە جەنگی بەردەوامیاندا دژ بە تاکڕەویی و ستەمکاریی و چەقبەستویی، ئەوەش وەک هەوڵێکیان بۆ بەئاگاهێنانەوەو هەستانەوەی ئوممەت و بەدەستهێنانی سەربەرزیی و پێشکەوتنی.

**هانی عەببادی ئەلمیغللس**

# بەشی یەکەم

## گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا

## چوارچێوەی گشتی

ئەم بەشە بناغەڕێژییەکی تیۆرییە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەویش لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی دیاردەی دەستەڵات لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، هەروەها ئەو دەمەقاڵە بوونییە کە هاودەمی بووە، لە بابەتەکانی ئەم بەشەدا بناغەی کۆمەڵایەتی بۆ هزری گوێڕایەڵیی و پاڵنەرە ماددی و دەروونیی و کەلتورییەکانی زەقدەکرێنەوە، پاشان لە میانەی پەرەسەندنی مێژوویی ئیسلامیدا دەوەستێ لەسەر پەیدابوونی دەستەڵات و تایبەتمەندییە جیاکارییەکانی ئەو پەیدابوونە، ئەوەش بە جۆرێک کە -دوای ئەوە- ڕێگا بە گواستنەوە بدرێ بۆ دیاریکردنی پێگەی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، هەروەها شیکاری پەیوەندییەکانی بە تۆڕی چەمکەکانی ترەوە، کە بە هەموویانەوە ڕشتەبەندییەک لە بەها سیاسییە ئیسلامیەکان پێکدێنن.

## یەکەم: بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی

### ١- پەیدابوونی دەستەڵات

### أ- پەیدابوونی دەستەڵاتی سیاسیی لە کۆمەڵگا مرۆییەکاندا:

دیاردەی دەستەڵات یەکێکە لەو دیاردانە کە لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بوونی هەیە، چونکە حەزی سروشتیی مرۆڤ بە گردبوونەوە هانیداوە بیربکاتەوە لە ڕێکخستنی بوونی کۆمەڵایەتی خۆی، بەشێوەیەک کە خزمەت بە پێداویستییە مرۆییە جۆربەجۆرەکانی بکات، لەبەرئەنجامی ئەمەوە جۆرەها ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دۆزراوەتەوە، وەک: خێزان، هۆز، تیرە، بەڵام دەوڵەت هەرە باشترینی ئەو شێوانە بووە کە گوزارشت لەو بوونە بکات، چونکە بووەتە چوارچێوەیەکی فراوانتر بۆ ژیانی هاوبەش و لەسەر یەکبوونی بەرژەوەندی کۆمەڵی سیاسیی بەرپابووە، ئینجا بووەتە خاوەنی سەروەریی تایبەتمەند[١].

داننان بەوەدا کە دەوڵەت ببێتە خاوەنی دەستەڵاتی باڵا، ئەوا بەم پێیە مافی ئەوەی هەیە هێزی زاڵبوون لەخۆیدا قۆرخبکات، هەروەها بڕیاردان لەسەر کاروباری گشتی، بەڵام ئەمە لە قۆناغە دوایینەکاندا نەبێت ڕووینەدا، ئەویش کاتێک کە لایەنداریی تاک لە یەکە بچوکەکانەوە گۆڕدرا بۆ ئاستی لایەنداریی دەوڵەت، ئەوەش لەناو سیستمێکی پلەبەندی کە دەوڵەت بە دەستەڵاتی سیاسیی خۆی بووەتە سەردار تیایدا[٢]، بەڵام بەرلەوە دەوڵەت ببێتە خاوەنی دەستەڵاتی سیاسیی شەرعی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دانی پێدانرابێ، ئەوا ئەوانەی کە دەستیان بە دەستەڵاتەوە گرتووە گەڕاون بەدوای سەرچاوەی کرداریی هێزی کۆمەڵایەتیدا تا بتوانن دەستەڵاتەکەیان لەو ڕێگەیەوە ببەن بەڕێوە.

ئەمەی پێشەوە پێماندەڵێ کە هەبوونی مێژوویی دەوڵەت مەسەلەی دەستەڵاتی سیاسیی یەکلانەکردووەتەوە، واتە ئەوە کێیە ئەرکەکانی حکومەت دەبات بەڕێوە و فەرمانەکان دەردەکات؟ هەروەها بەپێی چ ڕێساو یاسایەک؟ ئەمەش مەسەلەیەکە زۆرتر لکێنراوە بە پرسی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، کە تاک لەسەر ئەو بناغەیە لە پەیوەندی گوێڕایەڵیی یان یاخیبووندا خۆی لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا ڕێکدەخات،

---

١- دوفرجية، موريس. علم إجتماع السياسة، ترجمة: سليم حداد، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط٢، ٢٠٠١م، ص١٩.

٢- شتراير، جوزيف. الأصول الوسطية للدولة الحديثة، ترجمة: محمد عيتاني، بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر (د. ت)، ص١٣.

لەڕاستیدا بیرۆکەی دەوڵەت جێ پێی خۆی قایمکردو لە هزردا جێی خۆیکردەوە، بەڵام سروشتی دەستەڵاتی سیاسیی و سنورەکەی هەر وەک گرفتێکی زیندوو و ماندووکەر بۆ بیرکردنەوەی مرۆیی مایەوە، ئەمەش ئەوەی دەخواست باسەکە سەرلەنوێ ئاراستەی خودی دەوڵەت بکرێتەوە، بە پرسیارکردن لە بنچینەی دەوڵەت و بنەمای بوونی، بەو سیفەتە کە هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی ئەم مەسەلەیە[1].

بەڵام باسی گەڕان بەدوای بنچینەی دەوڵەتدا گەڕان بووە لە دەرەوەی مێژوو، ئەمەش بووەتە هۆی بڕێکی زۆری دڵنیانەبوون لە ئاست ئەو گرفتانەدا کە پەیوەستن بە دەستەڵاتی سیاسییەوە، (ئارنست کاسیرەر) دەڵێ: (هیچ مشتومڕ هەڵناگرێ کە ئێمە ناتوانین ساتەوەختێکی دیاریکراو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاریبکەین کە بۆ یەکەمجار دەوڵەتی تێدا پەیدابووە)، بەڵام وادەبینێ کە گرفتەکە -هەروەک بیرمەندانی بیرۆکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی خستوویانەتەڕوو- (شیکارییە) و (مێژوویی) نیە، (ئەوان بە واتایەکی لۆژیکی لە وشەی (بنچینە-أصل) تێگەیشتوون، نەک بە واتای (زەمەنی ڕابردوو و پێشتر)، ئەوان هەوڵیانندداوە بگەڕێن بەدوای سەرتای پەیدابوونی دەوڵەتدا، بەڵکو بەدوای بنەمای دەوڵەت و پاساوەکانی بوونیدا گەڕاون)[2]. لەگەڵ ئەوەشدا، مەسەلەکە هەر خاڵی نەبووە لە گریمانەی تیۆری، ئیتر پەیوەند بووبێت بە تێگەیشتن لە سروشتی مرۆیی یان بە تێگەیشتن لە سروشتی دەوڵەت و بنەمای بوونیەوە، وادەردەکەوێ هیچ چارەیەک نیە ئەوە نەبێت سەرلەنوێ بیربکرێتەوە لەم مەسەلەیە، چونکە کۆمەڵێ ئەنجام بەدوایدا دێن کە پەیوەندن بە پەیوەندی تاک بە دەستەڵاتی سیاسییەوە، یەکەمین شتێک کە سەرنجدان لەو مەسەلەیە دەیدات بەدەستەوە، بریتییە لەوە کە دەستەڵاتی سیاسیی لە هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانی بوونی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕێسای جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پرسیارێک هەیەو دەکەوێتە پێش ئەو پرسیارە کە بەدەوری بنەمای بوونی دەوڵەتدا دەسوڕێتەوە، ئەویش پرسیارکردنە لە مەبەست لە بوونی خودی کۆمەڵایەتی.

فەلسەفەی دێرین هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارە بوونییە بداتەوە، کە هەرە گرنگترین ڕەگەزە لە وروژاندنی بیرکردنەوەی فەلسەفیدا، بووەتە یەکێک لە

---

١- كاسيرر، أرنست. الدولة والأسطورة، ترجمة: أحمد حمدي محمود، القاهرة: وزارة الثقافة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٥، ص٢٣٢-٢٣٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٣.

باسەکانی: ئەویش باسی بوونە. بەڵام فەلسەفە جگە لە کۆمەڵێ گشتاندنی سادەو ڕووت شتێکیتری پێشکەش نەکردووە، ئینجا خێرا ڕووی لەوە وەرگێڕاوە تا بازبدات -بەتایبەتی لەگەڵ ئەرستۆدا- بۆ باسکردنی مەسەلە هونەرییە وردەکان کە لە ڕووی جۆری حکومەتەکانەوە پەیوەندن بە دەستەڵاتی سیاسییەوە، هەروەها جۆرەکانی دەستور، ئەمە بێئەوەی وەڵامی پرسیاری یەکەم بداتەوە، بەڵام فەلسەفە نەیتوانیوە لەوە زیاتر پێشکەش بکات، چونکە لە پێگەی هەوڵی ڕاڤەکردنی مەبەستی بوونی کۆمەڵایەتی لە خودی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەنگاوینەوە[1].

(ماکس فیبەر) وادەبینێ کە هەموو زانستەکان شکستیانهێناوە لە پێشەکەشکردنی وەڵام بۆ پرسیارە بوونییەکانی وەک ئازار، خراپە، شەرم، مردن، لەبەرئەوە ئەوا (وەڵامە ئاینییەکان بۆ ئەو مەسەلانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە، نەک تەنها لەسەر ئاستی تاکەکان بەڵکو لەسەر ئاستی ڕەوتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی گشتی)[2].

لەڕاستیدا باوەڕ لەو ژیارانەدا کە خاوەنی پەیامی ئاسمانین وەڵامی ئەو پرسیارەیان گرتووەتە ئەستۆ کە دەربارەی مەبەست لە بوونی کۆمەڵایەتی وروژێنراوە، چونکە شارەزابوون بەو مەبەستە پەیوەستە بە دروستکەری بونەوەرەوە، نەک بەو کەسەوە کە ڕۆڵی دیاریکراوی جۆراوجۆر دەگێڕێ تیایدا، بەڵام لەو ژیارانەدا کە ئاین کاریگەریی گەورەی نەبووە ئەوا ئەفسانە مەبەستی بوونی کۆمەڵایەتی دیاریکردووە، هەروەها ڕێکخستنی ڕەوشی کەلتوریی کە گونجاوە لەگەڵیدا، هەروەها بەرهەمهێنەری ئەو جۆرە دەستەڵاتە سیاسییەیە کە تایبەتە پێیەوە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ڕەگەزێکی نادیار -غیب- لە دەرەوەی میانەی بوونی کۆمەڵگا بوونی هەبووە کە وەڵامی ئەو پرسیارانەی گرتووەتە ئەستۆ. ئەم مەسەلەیش بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدات کە پرسیارکردن لە سەرچاوەی دەستەڵاتی سیاسیی پەیوەستە بە دیاریکردنی مەبەستەکانی بوونی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە بەدوور

---

١- ئەوپەڕی شتێک کە هەردوو قوتابخانەی (ڕەواقی و ئەبیقۆری) -کە دوو قوتابخانەی فەلسەفین و گرنگیانداوە بەتایبەتی بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە (بۆچی دەژین و چۆن دەژین؟)- بریتی بووە لە بانگەشەکردن بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ملکەچکردن بۆ دەستەڵاتی سیاسیی و ڕادەستکردنی ڕابەرایەتی بۆ چێژی سروشتی. لەمبارەیەوە بڕوانە:

- شوفالیە، جان جاک. تأریخ الفکر السیاسیی من المدینة الدولة إلى الدولة القومیة، ترجمە: محمد عرب صاصیلا، بیروت، ط٤، ١٩٩٨، ص١١٩.

٢- الهرماسي، عبد الباقي. علم الإجتماع الديني: المجال -المكاسب- التساؤلات، لەنێو: کۆمەڵێک نوسەردا، الدین فی المجتمع العربی، بیروت: مرکز دراسات الوحدة العربیة، الجمعیة العربیة لعلم الإجتماع، ١٩٩٠م، ص١٧.

لە باوەڕی ئاینی یان باوەڕ بە ئەفسانە ڕوویندداوە، لێرەوە دەتوانین لەوە تێبگەین کە (یاسای ئاینی بەشداری هەبووە لە دەستەبەرکردنی پەیوەندی مەسەلەکە و گوێڕایەڵیی پێویست بۆ کۆمەڵگای سیاسیی)[1].

لەلایەکیترەوە، کاریگەری باوەڕی ئاینی لە پەیدابوونی دەستەڵاتی سیاسیی پەیوەستە بە ڕاستییەکەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەستەڵات هەروەک چۆن لەبەرئەنجامی ڕاجیاوازی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا دەبێت، ئەوا هەر پێویستی بە ئاستی خوارەوەی تەواوکاریی هەیە، هەروەها پێویستی بە ململانێ و تەواوکاریی هەیە لە یەک کاتدا، ئەمەش وادەبینرێ کە لە کرۆکدا دژ بەیەکییەو لە باسی مەسەلەی دەستەڵاتی سیاسیدا یەکێک لە تەمومژە سەختەکان پێکدەهێنێ، وێنای گرفتێکی ئاڵۆز و بێ چارەسەر دەکات لەسەر بیرکردنەوەی مرۆیی، ئەمە لەبارێکدا خۆی یەکلانەکردبێتەوە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە پەیوەستە بە مەبەستی بوونی کۆمەڵایەتی، بەو سیفەتە کە ئەو بوونە ململانێ سنوردار دەکات و خاڵێکیشە بۆ تەواوکاری لە هەمانکاتدا.

تیۆرەکانی پەیدابوونی دەوڵەت جۆرەها بۆچوونی جیاواز کە پەیوەندن بە بنچینەی دەستەڵاتی سیاسییەوە پێشکەش دەکەن[2]. وادەبینرێ ئەو تیۆرانە پەیوەندیان نیە بە پرسیارکردن دەربارەی مەبەستەکانی بوونی کۆمەڵایەتی بەو سیفەتە کە پێشەکییەکی زەرورە بۆ باسی مەسەلەی بنچینەی دەستەڵاتی سیاسیی، چونکە لە دەرەوەی چوارچێوەی گەردوونی ئەو باسە فەلسەفیەوە دەجولێن کە خرایەڕوو، واتە باسی مەسەلەی دەستەڵاتی سیاسیی لە چوارچێوەی پەیوەندی سێ لایەنەی: (خوا/گەردوون/مرۆڤ)، بەڵام تیۆری مافی خوایی بۆ پادشاکان -کە یەکێکە لە تیۆرەکانی لێکدانەوەی پەیدابوونی دەوڵەت- دەوڵەت وادەبینێ کە سزایەکی خواییە، ئەوەش لەبەرئەنجامی هەڵەی مرۆڤەوە کە لە بەهەشتدا ڕوویداوە[3]. لێرەوەیە کە گرنگی نادات بە لێکدانەوەی پەیدابوونی دەستەڵات، لە جێگای ئەوە بایەخدەدات بە پاساوهێنانەوە

١- غالي، بطرس بطرس، و عيسى، محمود خيري. المدخل في علم السياسة، القاهرة، مكتبة أنجلو المصرية، ١٩٨٨م، ص١٨٢.

٢- گرنگترینی ئەو تیۆرانە تیۆری هێزە، تیۆری پەرەسەندنی خێزانییە، تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتییە، ئەمانە بەتەنیشت تیۆری سیۆقراتییەوە، هەر هەموویان هەوڵدەدەن لێکدانەوە بۆ پەیدابوونی دەوڵەت پێشکەش بکەن بە پشتبەستن لەسەر هەندێ فاکتەری سروشتی و کۆمەڵایەتی، بڕوانە حول نظريات تفسير الدولة:
- الجرف، طعيمة، نظرية الدولة والمبادىء العامة لأنظمة السياسية ونظم الحكم (دراسة مقارنة)، القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٧٨م، ص٢٣-٦٦.

٣- كاسيرر، الدولة والأسطورة، ل١٥٠.

بۆ مافی پادشاکان لە حوکمدا، لەگەڵ ملکەچنەکردنیان بۆ هەر دەستەڵاتێکی باڵا. جا بە هەڵاوێردی ئەم تیۆرە کە توانای ڕاڤەکردنێکی زۆر سنورداری هەیە، ئیتر هەموو تیۆرەکانی لێکدانەوەی پەیدابوونی دەوڵەت جەخت لەسەر پەیدابوونی سروشتیی دەوڵەت دەکەن، ئەوەش بە هەبوونی فاکتەری جۆراوجۆر وەک: هێز، بەرژەوەندی، هۆشیاری، خزمایەتی و ئاین، ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات کە بوونی دەستەڵاتی سیاسیی لە کۆمەڵگای مرۆییدا لە حەقیقەتیدا ڕەنگدانەوەی ململانێیەکە کە جۆرەها فاکتەر لەناو میانەی کۆمەڵایەتیدا تێهەڵکێش بوون، کە وا لە دەستەڵاتی سیاسیی دەکەن دەرهاویشتەی جووڵەی ئەو ململانێیە بێت، بەجۆرێ کە گونجاو بێت لەگەڵ دابەشبوونی ڕەگەزەکانی هێزی کارا لە کۆمەڵگادا.

لەڕاستیدا ئەو ڕێڕەوە کە بەپێی ئەو دەستەڵاتی سیاسیی پێکهێنراوە -بەپێی تیۆرەکانی بنچینەی دەوڵەت- ڕێگاینەدراوە ئەو ئامانج و پێویستییە بابەتییانە کە لەپێناویاندا هاتووەتە بوون بەرجەستە بکات، یان بەدووریان بگرێ لە هەواو هەوەسی ئەوانە کە جڵەوەکەیان لەدەستدا بووە، لەبەرئەوە هەر دەبوو ڕەگەزێک لە دەرەوەی میانەی ململانێی کۆمەڵگادا بوونی هەبێت، بتوانێ ڕۆڵی کۆنترۆڵکردنی دەستەڵاتی سیاسیی بگێڕێ[1]، چونکە لە سەرەتای کارەکەوە دەستەڵات لە توانایدا نەبووە هەستێ بە بینینی دوو ڕۆڵ پێکەوە، واتە لەیەک کاتدا هەم فەرمانڕەوا بێت و هەم کۆنترۆڵکار بێت، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە جێگای پرسیار و ڕەخنەو ململانێ بووە[2]. ئەم ڕەگەزە دەرەکییە هەوڵیداوە تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات، هەندێ لە هەوادارانی بەتایبەتی جان جاک ڕۆسۆ هەستاون بە هەوڵی دانی سیفەتی کۆمەڵایەتی پێی ئەویش لە ڕێگای دەستەواژەی (ئیرادەی گشتییەوە)، تا ببێتە هێزێکی باڵادەست و بێلایەن کە بتوانێ کۆنترۆڵی دیاردەی سیاسیی بکات لە دەرەوەی خۆی.

هزری خۆرئاوایی بەردەوامبووە، بەتایبەتی فەیلەسوفانی ڕۆشنگەریی لە سەدەی هەژدەیەمی زاینیدا، کە هەستاون بە پێدانی زنجیرەیەک سیفەتی وەک:

---

١- ئیفلاتون جەخت لەمە دەکات ئەویش لە ڕێگای ئەوەی کە وەسفیکردووە بە پێویستبوون بە (یاسادانەری مەزن-مشّرع عظیم) یان (زەینی مرۆیی پشت ئەستور بە یارمەتی خوای-ذهن بشري مؤيد ببعض العون الإلهي)ەوە تا زاڵبوونی (ئیرادەی تاکڕەو)ی دەستەڵات و گێڕانەوەی بۆ تاکڕەویی و ستەمکاریی. بڕوانە: أفلاطون. القوانين، ترجمة من اليونانية إلى الإنطليزية: تيلور، ترجمه إلى العربية: محمد حسن ظاظا، القاهرة، ١٩٨٦م، ص١٢٥.

٢- دانكان، جان ماري. علم السياسة، ترجمة، محمد عرب صاصيلا، بيروت، ١٩٩٢م، ص١٢٥.

دەستور، سەروەریی، ڕای گشتی، تا دەستەڵاتی سیاسیی -دواجار لە ڕێگای میکانیزمەکانی نوێنەرایەتی و دەنگدانی هەڵبژاردنەوە- ببێتە هێزێکی باڵادەست کە خۆی خۆی سنوردار بکات، واتە تەنها دەستەڵات: دەستور و یاسا بتوانێ دەستەڵاتی بەرجەستەکراو سنوردار بکات: واتە ئەو کەسانەی کە دەستەڵات دەبەن بەڕێوە[1]، تا لەوەوە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی هەر لە خودی دەستەڵاتی سیاسییەوە بەرپا ببێت، تا گوێڕایەڵیی بە لۆژیکی دەستەڵات ڕێگاپێدراو و ڕەوا بێت، تا بۆ شەرعاندنی ئەو گوێڕایەڵیی، پشت ببەسترێ بە مەرجەعیەتی دەستەڵات: واتە دەستور، یاسا و دامەزراوەکان.

**ب- پەیدابوونی دەستەڵاتی سیاسیی لە ئیسلامدا:**

بۆچوونی ئیسلام لەسەر دەستەڵاتی سیاسیی لە ڕوانگەی دیاریکردنی مەبەستەکانی بوونی کۆمەڵایەتییەوە هەنگاو هەڵدەگرێ: واتە بەندایەتی بۆ خوای گەورە و جێنشینبوونی مرۆڤ لە زەویدا. لێرەوە قورسایی ئەو پرسیارە بوونییە لەسەر ئەقڵی ئیسلامی هەڵدەگرێ کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە، بەڵکو وزەو توانای لە گرنگیدان بە دەستەبەرکردنی ئەو ئامانج و مەبەستانەی سەرەوەدا خەرجدەکات، ئیبن خەلدون (٨٠٨ ک.م) بۆچوونێک بۆ پەیدابوونی دەستەڵاتی سیاسیی پێشکەش دەکات، کە لەسەر حەزی سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەرپابووە، ئەو حەزە کە پاڵی پێوەدەنێت بۆ داواکردنی ویست و کارکردن لەسەر پێکهێنانی دەستەڵاتی سیاسیی.

جا بەو پێیە کە دەستەڵاتی سروشتی لەسەر دەمارگیریی و زاڵبوون بەرپا دەبێت، ئەوا لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمیندار نیە لەسەر نوێنەرایەتیکردنی مەبەستە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوە پێویستی بە کۆنترۆڵکارێ هەیە کە لە دەرەوەی بوونی کۆمەڵایەتییەوە دەکەوێتەڕوو، کە زامنی دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆمەڵگا بێت، سنورێکیش یۆ مەترسییەکانی دەستەڵاتی سروشتی دابنێ، ئیبن خەلدون دەڵێ: (ئاینەکان لە هەموو بارێکیاندا، لە پەرستش و هەڵسوکەوتیاندا ئەرکی خۆیان گرتووەتە ئەستۆ، تەنانەت لەو دەستەڵاتەدا کە بۆ گردبوونەوەی مرۆیی شتێکی سروشتییە و کردوویەتە کرێگرتەی بەرنامەی ئاین تا هەمووان لە دیدی پەروەردگارەوە پارێزراوبن)[2].

---

١- تیۆری جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان لای مۆنتسکیو جیاوازی نیە لەمە، چونکە بەرپابووە لەسەر فەلسەفەی سنوردارکردنی دەستەڵات بە دەستەڵات.

٢- إبن خلدون، عبد الرحمن بن محمد. تأريخ إبن خلدون (المقدمة)، بيروت: مكتبة المدرسة و دار الكتاب اللبناني، ط٢، ١٩٩٣/، مج١، ص٣٣٧.

بەرجەستەبوونی دەستەڵاتی سیاسی لە ئیسلامدا بەرهەمی بەیەکگەیشتنی حەزی سروشتییە بۆ گردبوونەوەی مرۆیی، ئیبن خەلدونیش ناوی دەبات بە (مۆرکی ئاینی) واتە گەیشتنی میتۆد بە سروشت، ئەمە بێئەوەی هیچ یەک لە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بە هەدەر بدرێن. هەمان ئەم مانایە لای ئیبن تەیمییە (٧٢٨ک.م) دەبینیت، کە دەڵێ: (کۆبوونەوەی ئاین و هەموو دەستەڵاتەکان بریتین لە فەرمانپێدان و ڕێگریکردن (واتە پەیوەندییەکی دەستەڵاتییە)، چونکە ئەو فەرمانە کە خوای گەورە پێغەمبەرەکەیی (درودی خودای لەسەر) ڕەوانەکردووە بۆ جێبەجێکردنی بریتییە لە فەرمانکردن بە چاکە، ڕێگریکردن لە خراپە)[١].

ئەوەی کە پەیوەندی بە پەیدابوونی دەستەڵاتەوە هەیە لە ئیسلامدا دەتوانین دوو تێڕوانینی لێکجیاواز بدۆزینەوە، یەکەمیان هزری خۆرهەڵاتناسیی وێنای دەکات، ئەمەش پێیوایە پەیدابوونی دەستەڵاتی سیاسیی کە خۆی لە دەوڵەتی مەدینەدا نیشاندەدات و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دایمەزراند، ئەو دەوڵەتە بارگاوی بووە بە بارودۆخی ژینگەی عەرەبییەوە، ڕەنگدانەوەی تەرازووی هێزەکان بووە تیایدا، بەپێی ئەوەش وەها حیساب کراوە کە تەنها هاوپەیمانێتی بووە لە نێوان هۆزەکاندا[٢]. بەڵام دووەم، بیرمەندە موسڵمانەکان پێشکەشیان کردووە، ئەمیش پێیوایە کە دەوڵەت بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئاینە، واتە دەوڵەت دروستکراوی ئاینە، لەبەرئەوە دەوڵەت واتە ئاین، ئاینیش واتە دەوڵەت[٣]. تێڕوانینی یەکەم لەڕاستیدا سەنتەربوونی ڕەگەزی ئاین لە پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەهەدەر دەدات، بەڵام دووەمیان هیچ قورساییەک بۆ پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکان کە هاودەمی پەیدابوونی دەوڵەت بوون دانانێت.

بە بۆچوونی ئێمە، ئەو دەستەڵاتەی کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)

---

١- إبن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم. مجموع الفتاوى، جمع وترتيب: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم وأبنه، القاهرة: دار الرحمة، مج٢٨، ج٨، ص٦٥.

٢- وات، مونتغمري. الفكر السياسي الإسلامى (المفاهيم الأساسية)، ترجمة: صبحي حديدي، بيروت: دار الحداثة، ١٩٧٩/، ص٢٤.

٣- عودة، عبد القادر. الإسلام وأوضاعنا السياسية، القاهرة: المختار الإسلامي، ط٣، ١٩٧٨م، ص٧٣. ئەمە لە کاتێکدا کە ئاماژەیداوە بە ڕۆڵی ڕێنماکاریی و ئاراستەکردن لە ئیسلامدا بۆ پەیدابوونی دەوڵەت، هەروەک دکتۆر محمد سلام مدکور بۆچوونی وەهایە کە دەوڵەت کۆنەو بە دێرینی قورئان دێرینە، چونکە حوکمەکانی دەوڵەت تیایدا هاتووە، بڕوانە:

- مدکور، محمد سلام. معالم الدولة الإسلامية، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٦٨م، ص٨٣. ئەم بۆچوونە لە بۆچوونی الإيجي یەوە نزیکە کە هەڵبژاردنی پێشەوای بەوە داناوە خستنەڕووی ئیرادەیەکی خوایی ئەزەلیە.

دایمەزراندووە بەرهەمی سروشتی ئەو پەرەسەندنە مێژووییە بووە کە کۆمەڵی موسڵمان لە مەککەی پیرۆزدا پیایدا تێپەڕیوە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پڕۆژەی دەوڵەتی هەر لە قۆناغی مەککیدا هەڵگرتبوو، کاتێ سەیری هاوەڵانی دەکرد کە لەژێر ئێش و ئازار و نەهامەتیدان، فەرمانی پێدان کۆچبکەن بۆ حەبەشە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی لە پێکهێنانی پڕۆژەی دەوڵەتی ئیسلامیدا، بەتەنیشت پاڵنەری باوەڕیەوە کە خۆی لە بەرزڕاگرتنی ئایندا وێنا دەکرد، ئەویش بریتیی بووە لە دەستەبەرکردنی ئارامیی و ئاسایش بۆ کۆمەڵی موسڵمانان[١]، پاشان (درودی خوای لەسەر) بە خودی خۆی ڕۆیشت بۆ تائیف و داوای پشتگیری ئاینەکەی لە هۆزی سەقیف کرد، ئەوەش هەوڵێکی مرۆیی بوو کە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵام خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژانی پێکهێنانی پڕۆژەی دەوڵەتدا، چونکە بیرۆکەی دەوڵەت، بەو سیفەتە کە داخوازییەکی زەروری و زیندووە بۆ دەستەبەرکردنی بەهێزبوونی ئاین ریشکی داکوتا، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) لە پاڕانەوەکانیدا لە پەروەردگاری هەر ئەمەی فەرموو ئەویش دوای ئەو دژایەتییە توندەی کە لە تائیف تووشی بوو[٢]. لەدوای ئەوە ئیتر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە وەرزی حەجدا خۆی نیشانی هۆزە عەرەبییەکاندا، ئەمەش بە فەرمانی پەروەردگاری بوو، دەکرێ ئەمە بە مۆڵەتێکی خوایی دابنێین بە کارکردن لەسەر دروستکردنی دەوڵەت، ئەمە لەو مۆڵەتە دەچێت کە درا بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە کۆچکردن بۆ مەدینە، پاشانیش مۆڵەت پێدانی بە شەڕکردن لە

---

١- بڕوانە فەرموودەی خوای گەورە: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾النور: ٥٥ . واتە: (خوای گەورە بەڵێنیداوە بەو ئیماندارانەی کە کار و کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن بەوەی کە پایەداریان دەکات و دەسەڵاتیان پێدەبەخشێت لەسەر زەویدا هەروەکو ئیماندارانی پێش ئەمانی پایەدار کرد، هەروەها بەڵێنیداوە کە ئەو ئاینەش پایەدار و پیادە بکات کە لای پەسەندە و پێی ڕازییە، تا لە هەموو بوارێکدا پیادە بکرێت، ئینجا دوای ئەو هەموو ترس و بیمەی کە هەیانبوو دەیانخاتە هێمنی و ئاسایش و هێوریەوە، ئەوسا ئەوانیش هەر تەنها خوای گەورە دەپەرستن و بەدوور دەبن لە هەموو جۆرە شیرک و هاوەڵگەرییەک، جائەوەی دوای ئەوە هەر باوەڕ نەهێنێت، ئا ئەوانە خۆیان کەسانێکی فاسق و گوناهکار و لە سنوور دەرچوون).

٢- ئەم نزایەی (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: (اللهم إليک أشکو ضعف قوتي وقلة حيلتي وهواني على الناس يا أرحم الراحمين، أنت رب المستضعفين وأنت ربي إلى من تكلني، إلى بعيد يتجهمني أم إلى عدو ملكته أمري...)، بڕوانە:

- إبن كثير. عماد الدين أبو الفداء إسماعيل. البداية والنهاية، تحقيق و تدقيق: أحمد أبو ملحم، علي نجيب عطوي و هيتريش، القاهرة: دار الريان للتراث، ١٩٨٨/، ج٣، ص١٣٤.

دژی قورەیش کە لەم فەرموودەی خوای گەورەدا هاتووەو دەفەرمویَ: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُواْ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴾الحج: ٣٩.

کەواتە دەوڵەتی ئیسلامیی لەژێر ڕێنمایی و ئاراستەکردنی ئایندا پەیدابووە، چونکە ئەوە ئاین بوو کە بەڵێنی بەهێزبوونی لە زەویدا گرتەئەستۆ، هەر ئەوەش مۆڵەتی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دا کاربکات بۆ دروستکردنی دەوڵەت، پاشانیش کۆچکردن بۆی، دەوڵەتیش هەر لەو پرەنسیپانەوە ئەو پرەنسیپ و ڕێسایانەی وەرگرت کە لەسەریان دامەزرا، بەڵام هەر ناکریَ دەوڵەت بەوە ئەژمار بکریَ کە دەستکردنێکی ڕاستەوخۆی خواییەو بەخششێکی ڕاستەوخۆی ئاینە، چونکە دەوڵەتی ئیسلامیی جیاوازە لە حاڵەتی ئەو دەستەڵاتانە کە خوای گەورە بە پێغەمبەرانی پێشتری بەخشیوە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) نە بەپادشا و نە بەسوڵتانێکی ڕاپەڕێنەر ڕەوانەکراوە، بەڵکو دەوڵەتێکی لەناو چوارچێوەی مێژوویی ژینگەی عەرەبیدا بەرپاکردووە، خوای گەورەش دەوڵەتی لە مەدینە بۆ دانەمەزراند تا ئەو کۆچبکات بۆی، لەڕاستیدا ئامادەیی ئاین لە دەوڵەتدا لە قۆناغی دامەزراندنیدا ئامادەیی ڕێنماکاریی بووە، پاشانیش دوای دروستبوونی ڕۆڵی تەشریعی هەبووە، ئیبن خەلدون لەم گوتەیەیدا لە میانەی قسەکردنی لەسەر گرنگێتی ئاین لە دامەزراندنی دەوڵەتدا و بەردەوامبوونی بە نیسبەت عەرەبەوە، ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات و دەڵیَ: (کاتیَ ئاینیان بۆ جێگیربوو ئیتر فەرمان بە سیاسەت درا کار بە شەریعەت و بە حوکمەکانی بکریَ، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئاوەدانی بە ئاشکراو بە ناوەکیی)[1]. بەڕاستی خوێندنەوەی پەیدابوونی دەوڵەتی ئیسلامیی لەسەر ئەمشێوەیە، هیچ لە ڕۆڵی ئاین کەمناکاتەوە لەوەی کە بزوێنەرە بەرەو دروستکردنی دەوڵەت و هاندەرە بۆ بەرپاکردنی، بەڵام دەستکۆتا نەبووە تەنها بەمە، بەڵکو ڕۆڵی فاکتەری کۆمەڵایەتی مێژووییش زەقدەکاتەوە کە گرنگییەکی گەورەی دەداتیَ، چونکە پێویستبوون بە دەوڵەت بە جیا لە ئەزموونی ئیسلامی مێژوویی لەگەڵ بێباوەڕانی قورەیش لە مەککەدا گەڵاڵە نەبووە، ئەمەش دوورنیە لەو ڕاستییەوە کە ئاین هەڵگری بیرۆکەی دەوڵەتەو ڕابەرایەتی بەرپابوونی دەکات، بەڵام دەمانبات بۆ ئەوە کە مەسەلەی دروستبوونی دەوڵەت بەو سیفەتە کە پرۆژەیەکی مێژووییە وابەستەبووە بە پەیبردنی موسڵمانان بە پێویستبوونی دامەزراندنی، بە کارکردن لەپێناو بەرپاکردنیدا، ئەوەش لە

1- إبن خلدون. المقدمة، ص٢٦٨.

چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژووییاندا[1].

لەلایەکیترەوە ڕەگەزی ئاین پارێزەر بووە لەوەی دەوڵەت لەسەر ڕێسای سازشکردن و ڕێکەوتنی ژێربەژێر دروست ببێت، یان وەڵامگۆیەکی هەڵچوون و سۆزبازیی بێت بۆ یاسای زاڵبوون. ئاین گەرەنتی دەستەبەرکردنی ئەو بارە نمونەییەی داوە کە دەوڵەت لە سەرەتای دروستبوونیدا پێویستی پێیەتی، لێرەوە دەوڵەتی مەدینە لەبەرئەنجامی سازشکردن لەنێو سەرۆک هۆزەکانەوە نەهاتووە[2]. یان لە ڕەنگدانەوەی دەمارگیریی، یان تەرازووی هێزە کۆمەڵایەتییەکان نەبووە، ئەو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) کە شەڕ لە دژی بەرپا کرابوو و قەومەکەی لەدژی بوون، هەر ئەو بەندەکانی پەیمانی عەقەبەی دیاریکرد لە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی مەدینەدا، کە بە پێوەری هێزی ماددی ئەوان بەهێزتر بوون، دەکرێ لەمبارەیەوە ئاماژە بە دروستبوونی دەوڵەت بکرێ کە دەبێ شێوەیەکی تایبەت لە گرێبەستەکان کە سروشتێکی ئاینی و سیاسی ئاوێتەیان هەیە بوونیان هەبێت تیایدا، کە بەرپا دەبێت لەسەر گوێگرتن و گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای

---

١- لەڕاستیدا قایلبوون بەم خوێندنەوە مێژووییە کە لە بونیادی باوەڕی بۆ دەوڵەت لە ئیسلامدا ڕەچاوی مەرجی کۆمەڵایەتی دەکات، وادەکات کە -دوای ئەوە- ئاسان بێت مشتومڕ لەسەر دەوڵەت و ڕێکخستنەکان و ئەرکەکان و گرفتەکانی بکرێ- لەنێویشیاندا مەسەلەی گوێڕایەڵیی- ئەوەش لە گۆشەنیگای پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعرفییەوە، کە وا لە دەوڵەت دەکات بەدوور بگیرێ لە هەر پیرۆزییەکی ئاینی، کە لەوانەیە کاتێ لە دیوی ڕەهای ئاینیەوە بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی ئەو پەیدابوونە باس لە پەیدابوونی دەوڵەت دەکرێ بلکێنرێ پێیەوە، بەهەمانشێوە ئەم خوێندنەوەیە بوار دەدات بە قسەکردن لەسەر نواندنی نەرمی زیاتر دەربارەی مەدەنیەتی دەوڵەت لە ئیسلامدا، چونکە ئەم سیفەتە مەدەنیە دەبێتە ڕاڤەی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەت نەک بەرگێکی ئایدیۆلۆژی جیاکاری بداتێ هەروەک لەو لێکۆڵینەوانەدا هەن کە مەدەنیەت تێکەڵ بە عەلمانیەت دەکەن.

٢- سەرچاوە مێژووییەکان لەمبارەیەوە باسیانکردووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کاتێ پەیامی خۆی نیشانی بەنی عامری بەنی صعصعە دا ((بانگهێشتی کردن بۆ لای خوای گەورە و خۆی خستەڕوو، یەکێکیان کە ناوی بوحیرە کوڕی فەڕاس بوو پێیوت: سوێند بەخوا ئەگەر من ئەم گەنجەم هەبێت هەمووی عەرەبی پێدەگرم، پاشان پێیوت: ئەگەر ئێمە پەیمانت بدەینێ لەو کارەتدا کە خەریکی پاشتر خوای گەورە دەستەڵاتی پێدایت و سەریخستی بەسەر ئەوانەدا کە دژایەتیت دەکەن ئایا دوای تۆ کار و فەرمان دەکەوێتە دەست ئێمە، فەرمووی: ((کارەکە لای خوایە خۆی چۆنی بوێت وای لێدەکات))، کابرا وتی: ئایا ئێستە ئێمە لەبەر تۆ ببینە قوربانی بەردەم عەرەبەکان کاتێکیش سەرکەوتی بەسەریاندا و بەهێز بوویت کارەکە بکەوێتە دەست غەیری ئێمە، کەواتە ئێمە پێویستمان بە تۆ نیە)، هەمان شتی لەگەڵ قەومی کینانەدا دووبارەکردەوە، ئەوانیش بە پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) وت: (ئەگەر سەرکەوتیت ئایا دوای خۆت دەستەڵات دەدەیتە دەست ئێمە؟ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((دەستەڵات هی خوایە خۆی چۆنی بوێت وای لێدەکات)). وتیان: دەی ئێمە پێویستمان بەوە نیە بۆتهێناوین)). بڕوانە:

-إبن كثير، البداية والنهاية، مج٢، ج٣، ص١٣٧-١٣٨.

لەسەر)، بەو سیفەتە کە پێغەمبەرەو وەحی بۆ دێت، هەروەها بەو سیفەتە کە سەرکردەیەکەو کاروباری ئوممەتی دراوەتە دەست، سروشتی گرێبەستی بەیعەی عەقەبەی دووەمیش ئەوەی دەخواست کە پشتیوانان بەڵێن بدەن بە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە هەموو بارودۆخێکدا، لە سەختی و ئاسانیدا، لە خۆشی و ناخۆشیدا، تەنانەت لە خۆنەویستی لەبەر کەسانیتر، ئەمە هەمووی لەبەرانبەر پاداشتی دواڕۆژەوە کە بەهەشتە. ئەم گرێبەستە لەلایەکیترەوە هەژموونی مۆرکی ئاینی پێیەوە دەردەکەوێت، ئەمەش مەسەلەیەکە بارودۆخی دامەزراندنی دەوڵەتی مەدینە ئەوەی دەخواست.

لێرەدا دەبێ بوترێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و پشتیوانان، هۆشیاری تەواویان بە سروشتی ئەو گرێبەستەو بە سنورەکەی هەبوو، لەڕاستیدا کۆمەڵێ توخمی سیاسیی لە بونیادی ئەو گرێبەستەدا لە ساتەوەختی بەڕێوەبردنی بزاوتی دەوڵەت لە مەدینەدا وردە وردە دەکەوتنەڕوو، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە جەنگی بەدردا بەرلەوە قورەیش دەستبکات بە شەڕ پێداگربوو لەسەر داواکردنی ڕای پشتیوانان، ئەمەش پەیبردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بوو بە سنوری ئەو بەیعەتەی لەگەڵ پشتیوانانداندا مۆری کردبوو، لەبەرئەوە پابەندی نەکردن بە گوێڕایەڵیی لە دەرەوەی ئەو گرێبەستە، هەروەک لەمەوپاش بە درێژی ئەو باسە دێت.

بە ماوەیەکی زۆر کەم دوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، پشتیوانان بانگهێشتکران بۆ کۆبوونەوە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە، بۆ تاوتوێکردنی دانانی یەکێک لە سەرکردەکانیان بە ئەمیری موسڵمانان ئەویش: سەعد کوڕی عوبادە بوو، تا ببێتە جێنشینی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەمەش ڕاگەیەنراوێک بوو لەلایەن پشتیوانانەوە بە کۆتاییهێنان بەو گرێبەستە تایبەتە کە دەوڵەت لەسەری بەرپابوو، هەوڵێک بوو بۆ زامنکردنی پەڕینەوەی دەوڵەت لە قۆناغی (دەوڵەتی پەیام)ەوە بۆ (دەوڵەتی مەدەنی)، ئەم دوو قۆناغەش لە ڕووی مەعریفیەوە لێک دانەبڕابوون، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە جیاواز بوون، ئەو مشتومڕ و دەمەقاڵانەی کە لە سەقیفەی بەنی ساعیدە لە نێوان کۆچکەران و پشتیوانانیدا ڕوویدا، ئەوە دەخەنەڕوو کە بیرکردنەوەیەکی پێشوەخت لەسەر ئایندەی دەوڵەت و گۆڕانکارییەکانی بوونی هەبووە، بەڵام لە پشت دەمەقاڵە دەربارەی دیاریکردنی کەسی جێنشینەوە ڕەویبوویەوە، بواری بۆ نەڕەخسا ئاشکرا ببێت تا ئەوکات ئەوە ڕوویدا کە پشتیوانان لە وتارەکەیاندا هۆشداریان بە کۆچکەران داو وتیان:

(سوێند بەخوا ئێمە ئیرەیتان پێنابەین لەسەر ئەو چاکەیە کە خوای گەورە پێیداون، کەسیش نیە لەنێو دروستکراوانی خوای گەورەدا لە ئێوە زیاتر لامان خۆشەویستتر و بەڕێزتر بێت و لە ئێوە زیاتر لێی رازیی بین، ئێمە خەمی ئەوەمانە لەوەی لە ئەمڕۆ بەدواوە ڕوودەدات...)[1]. ئەم وتارە ئاستی دڵەڕاوکێی پشتیوانانی دەربارەی چارەنووسی دەوڵەت خستەڕوو، هەروەها دەربارەی سیستمی حوکمڕانیی تیایدا لەدوای تەواوبوونی هاوەڵان، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی سیاسیی پێشوەخت بوو کە وادەردەکەوێ ئاماژەکانی لای هەموو هاوەڵان ئەوانەی کە ئامادەی سەقیفە بوون بە هەمان ئاست ڕوون نەبوو.

**ت- سروشتی دەستەڵات لە ئیسلامدا:**

پێشتر وتمان ئەو دەوڵەتەی لەبەرئەنجامی یەکانگیریی هەردوو فاکتەری: باوەڕ و کۆمەڵایەتییەوە هات، کە خۆی لە پێویستییە پراکتیکییەکانی کۆمەڵی موسڵمان و ئەزموونی لە مەککەی پیرۆزدا وێنا دەکات، مۆرکی ئاینی وەرگرت، ئاینی کردە ڕێنماکار و ڕابەری خۆی، پاشانیش شەریعەت و سیستمی ژیان، گومانی تێدا نیە ڕۆڵی سەنتەری -کە ئاین لە بەرپاکردنی دەوڵەتدا پێی هەستا- جۆرێک لە تێکەڵاوکردنی لە زەینی زۆرێکدا دروستکرد، لە نێوان ئایندا وەک بەهایەکی نەگۆڕ و ڕێکخەر بۆ باری دەوڵەت و ئایندەی و نێوان دەوڵەت وەک سیستمێکی حوکمڕان و قەوارەی وەزیفی. یەکێک لە بەرئەنجامەکانی ئەو تێکەڵاوکردنە (دووانەییە)ی ئاین و دەوڵەت بوو پێکەوە، ئەویش لە ڕێگای بەرزکردنەوەی دەوڵەت و دانانی لە ئاست و شوێنی ئایندا: (ئاین و دەستەڵات دووانەی یەکن)، یان ژێربارکردنی ئاین بۆ پێویستییەکانی دەوڵەت لە ڕێگای ئاماژەدان بە ڕەهایی کارایی دەوڵەت لە بواری سیاسیدا: بەو پێیە کە (خوای گەورە ئەو قەدەغەکراوەی بە دەستەڵات ڕێگری لێدەکات بە قورئان ڕێگری لێناکری).

ئەم تێکەڵاوکردنە دەمانبات بۆ پرسیارکردن لە سروشتی دەوڵەت لە ئیسلامدا، ئەویش پرسیارێکە کە لە یەکەمین سەردەمی مێژووی موسڵماناندا نەکراوە، چونکە حەقیقەتی ئاینی چووبووە ناو هەموو وردەکارییەکانی دەوڵەتەوە، ئەوەش لەبەرئەنجامی ڕێکردنی دەوڵەت بوو بە تەبایی لەگەڵ بەرنامەی ئاین و ڕێنماییەکانیدا، لەڕاستیدا دەوڵەتیش ڕۆڵی قاڵبێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی دەگێڕا ئیتر خاڵی بوو لە هەرجۆرە سنورردارکردنێکی پێشوەخت، لێرەوە دەوڵەت پایەی تەشریعی و

---

١- الطبري، عبد الله بن محمد بن أبي بكر. الرياض النضرة في مناقب العشرة، تحقيق: عيسى عبد الله محمد مانع الحميري، بيروت، دار الغرب الإسلامي، ط١، ١٩٩٦م، ج٢، ص٢٠٧.

ناوەڕۆکی باوەڕیی و ناسنامەی ژیاری خۆی لە ئاینەوە وەردەگرت، شتێکیش کە یارمەتی ئەو بارەیداوە خاڵیبوونی ژینگەی عەرەبی بووە لە هەرجۆرە داب و نەریتێکی سیاسیی کە لەوانەبوو ببێتە بەربەست لەبەردەم ئاسان جێکردنەوەی ڕێنماییەکانی شەرع و حوکمەکانی لە پڕکردنەوەی بوونیی دەوڵەتدا.

بەڵام لێکترازانی دەوڵەت و شەریعەت لەیەک کە لە سەردەمی ئومەوی دا دەستیپێکرد، بیری موسڵمانانی وروژاند بۆ پرسیارکردن لەسەر چییەتی -ماهیە- دەوڵەت، چونکە دەوڵەت بووە هەبوویەک کە پێویست بوو مەشخەڵەکانی دیاری بکرێن، هەروەها ڕێگەدان بوو بۆ سەربەخۆ بوونی، لێرەوە دەمەقاڵە لەسەر پەیدابوونی دەوڵەت هاتەکایە، کە ئایا دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵ یان شەرع یان بۆ هەردووکیان. لەڕاستیدا ئەو دەمەقاڵەیە مۆرکی هەبوونی لەخۆگرت، واتە بە هەوڵی پێناسەکردنی سەرلەنوێی دەوڵەت، هەروەها بە ڕوونکردنەوەی دانەپاڵی حاڵەتە مێژووییەکەی، چونکە داماڵینی هەندێ لە بەها ئاینییەکان و پرەنسیپەکانی لە دەوڵەتی ئومەویدا، بە دانانی لە باری خستنەڕوویەکی ژیاریدا، لەگەڵیدا پرسیارکردن لە پاساوی هەبوونی بووە کارێکی ڕەوا، بەڵام ئەو دەمەقاڵەیە کە شێوەیەکی کەلامی وەرگرت، باسی لە شەریعەت و پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتدا نەدەکرد، چونکە لەو شتەدا کە پەیوەند بوو بە پەیوەندی ئاین بە دەوڵەتەوە هیچ شتێکی نەدەگۆڕی، تەنانەت موعتەزیلەکانیش کە بۆچوونیان وابووە هەبوونی دەوڵەت بە ئەقڵە نە بە شەرع، نەهاتوون دەمەقاڵە لەسەر فەرمانڕەوایی شەریعەت لە دەوڵەتدا بکەن، چونکە ئیسلامیبوونی فەرمانڕەوایی مەرجێکی سەرەکییە بۆ شەرعیەتی دەستەڵات لەلایان[١]. دەمەقاڵەش لەسەر چییەتی دەوڵەت تەنها دەربڕینی چالاکی مەعریفی بوو لە ڕووی دەستەڵاتێکدا کە خەریکی دامەزراندنی ڕەوایەتی خۆی بوو لە دەرەوەی بەهاکانی ئاین، لە هەمانکاتیشدا سیفەتی ئاینی دەدا بەخۆی.

بەڵام وێڕای ئەوە هەر دەکرێ شارەزا ببین بە هەندێ مەبەستی سیاسی ژمارەیەک لە گروپەکان کە لە پشتەوەی ئەو دەمەقاڵەیەوە بوون، مەزهەبی شیعە باوەڕی وابووە کە هەبوونی دەوڵەت لە ڕووی ئەقڵییەوە مافی خوایە، بەو سیفەتە کە لوتف و بەزەیی خواییە، لێرەوە هاتووە مەسەلەی ئیمامەتی وەک بنەمایەک لە بنەما باوەڕیەکان خستووەتەڕوو[٢]، ئەم بۆچوونەیان بناغەی تیۆری سیاسییان

١- محسن، نجاح. الفكر السياسي عند المعتزلة، القاهرة: دار المعارف، ص٥٠.

٢- الكليني، محمد بن يعقوب. الكافي، تصحيح وتعليق: علي أكبر الغفاري، بيروت: دار الأضواء، ١٩٨٥م، ج٢، ص١٨.

بوو لە حوکمڕانیدا، کە -بە کردەی هەڵسوکەوتی مێژوویی- کۆمەڵێ ڕەگەزی نوێی لەخۆگرت وەک بێگوناهی، وەک مەهدی چاوەڕوانکراو، ویلایەتی فەقیە، هەموو ئەم ڕەگەزانەش لە بیرۆکەی دەسەڵاتی ئاینی لە هزری شیعیدا ڕەگیان داکوتا.

بەڵام هزری سیاسیی سوننی بەو سیفەتە کە پەرچەکردار بوو بۆ تیۆری شیعە لەسەر حوکمڕانی دواتر دەرکەوت، ئەوەش بە ڕوونی لە بنەما تیۆریەکەیدا لە ڕەتکردنەوەی ئیمامەتدا دەرکەوت، بەو سیفەتە گوایا بنەمایەکە لە بنەماکانی باوەڕ[1]، چونکە ڕێگای سەلماندنی ئیمامەت بریتییە لە هەڵبژاردن لە گەلەوە نەک لە دەقەوە، بەڵام واقیعی تاکڕەویی و ستەمکاریی سیاسیی ڕێگاینەداوە لەوە زیاتر بچێتە پێش، لێرەوە بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ فەرمانڕەواکان و شەرعاندنیان لە بازنەی سوننیدا جۆرەها دەستەڵاتی جیاواز دامەزران، جا ئەگەرچی وەک شیعە ئیدیعای بێگوناهیشیان نەکردبێ، هەر لە ڕێگای ئەو گوتەیەوە کە دەڵێ جێنشین سێبەری خوایە لە زەویدا هەر پێگەی ئاینیان بەخۆیاندا.

لەڕاستیدا ڕەهەندی پراکتیکی لە بزاوتی ئەم دوو ئاراستە هزریەدا: شیعە و سوننە، ئەوە دەخاتەڕوو کە گرفتی دەستەڵاتی ئاینی دادەنرێ بە کۆلکەیەکی هاوبەش لەنێوانیاندا، لەگەڵ جیاوازی پلەی ئامادەبوونی ئەو گرفتەو هێزی پاڵنەری تیۆریزەکاریدا، کە وای لە هزری شیعە کردووە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە گونجاوبێت لەگەڵ بیرۆکەی دەستەڵاتی ئاینیدا، ئەمە لە کاتێکدا کە هزری سوننی هەوڵدەدات گونجاندن بخاتە نێوان بنەما تیۆرییەکەی کە دەستەڵاتی ئاینی ڕەتدەکاتەوە و نێوان ئەو کەلەپورە زەبەلاحە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کە لە دەستەڵاتەوە پێکهاتووەو شێوەیەک لە پیرۆزی پێبەخشیوە.

لە سەردەمی نوێیشدا پێشەوا موحەممەد عەبدە دژ بە بیرۆکەی دەستەڵاتی ئاینی بووە، وەهای ئەژمار کردووە کە لە ئیسلامدا دەستەڵاتی ڕۆحی جگە لە دەستەڵاتی ئامۆژگاری چاک ئیتر بوونی نیە[2]، بەڵام هزری ئیسلامی هەر دوودڵ

---

١- الإیجي لەبارەی ئیمامەتەوە دەڵێ: (بنەمایەک نیە لە بنەماکانی ئاین و باوەڕدا، بە پێچەوانەی شیعەوە، بەڵکو لای ئێمە لەو لقانەیە کە پەیوەندییان بە کاری کەسەکانەوە هەیە، بڕوانە:

-الإيجي، عضد الدين أبو الفضل عبد الرحمن. المواقف، تحقيق: عبد الرحمن عميرة، بيروت: دار الجيل، ١٩٩٧م، ج٣، ص٣٧٨.

٢- أحمد، عبد العاطي محمد. الفكر السياسي للإمام محمد عبده، القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٧٨م، ص١٤١.

بوو لە یەکلاکردنەوەی تەمومژی سروشتی دەوڵەت، لێرەوە زۆرێک لە نوسینەکان جەخت لەوە دەکەن کە دەوڵەتی ئیسلامیی دەوڵەتێکی نا مەدەنیە[١]. کەچی وێڕای ئەوە ئەنجامی ئەو دەمەقاڵەیە ئەوەبوو کە هزری ئیسلامی هاوچەرخ نزیکتر کەوتەوە لە پشتگیریکردن لە بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنی. کەواتە ئایا مەبەست بە مەدەنیەتی دەوڵەت لە ئیسلامدا چییە؟ ئایا هەر تەنها بە ڕەتکردنەوەی ڕەگەزەکانی (سیۆقراتی) دەوڵەتی ئیسلامیی ئیتر ئەو سیفەتە دەستەبەر دەبێت؟

لێرەوە دەتوانرێ چوار ئاست بۆ مەدەنیەتی دەوڵەت دیاری بکرێ، ئەوانیش بریتین لە: مەدەنیەتی دەستەڵات یان فەرمانڕەوایی، مەدەنیەتی یاساکان، مەدەنیەتی ئەو ئەرکانە کە دەوڵەت پیادەیان دەکات، هەروەها بنەمای مەدەنی بۆ پەیوەندی دەستەڵات بە هاوڵاتیانەوە (هاوڵاتیبوون)، لەتواناشدا نیە باس لەو ئاستانە بکرێ بێئەوەی حیساب بۆ تایبەتمەندی پەیدابوونی دەوڵەت لە ئیسلامدا بکرێ، ئەوەش بەجۆرێکە کە هەرجۆرە بەشدارییەکی مەعریفی -ئەگەر بێتو ئەو (تایبەتمەندی پەیدابوونە) لەخۆنەگرێ- بەریککەوتن لەگەڵ راستێتی پەیوەندی ڕاستەقینە لە نێوان ئاین و سیاسەتدا دروست دەکات، ئەوکات ئاین والێدەکات دووربکەوێتەوە لە سیاسەت، تا دواجار بگاتە بۆچوونێکی تیۆری و ڕووت بۆ مەدەنیەتی دەوڵەت، یان ئاوێتەکردنی سیاسەت بە ئاینەوە، تا دواجار دەگات بە ئاینیەتی دەوڵەت.

هزری ئیسلامی لە ئاستی یەکەمدا بە پێداگرییەوە دەڕوات بۆ جەختکردن لەسەر مەدەنیەتی دەستەڵات، لەگەڵ جەختکردن لە جیاکردنەوەی لە (مەدەنیەتەکانی) تر لە ڕووی مەرجەعیەتی ئیسلامییەوە، با لێرەدا گرفتی جێنشینیش وەک خۆی بمێنێت، کە ئایا سیستمێکی مرۆییە یان ڕێسایەکی شەرعی پابەندکار و هەمیشەییە، هەرچەندە بەشداری جیددی و گەرموگوڕ لەلایەن هەندێ لە پێشەنگانی هزری ئیسلامی هاوچەرخەوە دەربارەی سروشتی کۆمەڵایەتی سیستمی فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا پێشکەشکراوە[٢].

---

١- بۆ نمونە بڕوانە:

-الريس، محمد ضياء الدين. النظريات السياسية الإسلامية، القاهرة، مكتبة دار التراث، ط٧، ص٩ (مقدمة).

٢- دکتۆر حامید ڕەبیع دەڵێ: (دەوڵەت ئامڕازی خەڵکییە بۆ دەستەبەرکردنی نمونەی سیاسی لە ڕێگای ئیرادەی کۆمەڵایەتییەوە، کەواتە ئەقڵی مرۆیی، مادامێ ئەو ڕێنمایی و پرەنسیپانە جێبەجێکات کە قورئان و دایڕشتوون و سوننەت تەواوی کردوون، فیقهی ئیسلامی و پیاوانی تەشریعیش بەڵگەکانیان پوختکردووە کە سیستمێکی سیاسیی چاکە ئەوا دەتوانێ هەر سیستمێکی سیاسیی بدۆزێتەوە). لە جێگایەکی تریشدا دەڵێ: (بەهاکان قورئان دیاریکردوون و فەرموودەکانی پێغەمبەر لێکدانەوەی بۆکردوون، بەڵام سیستم بریتییە لە ئیرادەی کۆمەڵ و لە بەرپرسێتی ئەوە، هەر سیستمێکیش ئەو بەهایانە جێبەجێ بکات ئەوە

بەڵام لەسەر ئاستی دووەم، ئەوا ئامادەبوونی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئاین، هەروەها ئەو ڕووبەرە کە بیرۆکەی شەریعەت پڕیکردووەتەوە، دەڕوات بەرەو پیادەکردنی نزیکییەکی تر لە چەمکی دەوڵەتی مەدەنی، لەسەر ئەو بیرۆکەیە بەرپا دەبێت کە مادامێ ڕەنگدانەوەیەکی مەدەنی وەردەگرێ کە گونجاوە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا، هەروەها دەچێتەناو ڕەگەزەکانی بونیادی ژیاریی گەلەوە، ئیتر مەدەنیەتی دەوڵەت بە مانای نەهێشتنی ئامادەبوونی ڕەگەزە ئاینییەکان نایەت، چونکە مادامێ بەرژەوەندی گشتی دەستەبەر دەکات ئیتر هیچ دژایەتیەک لە نێوان مەدەنیەتی دەوڵەت و ئاینیەتی تەشریعدا نیە، لێرەدا وانابینرێ کە درەوشاوەیی یاسایی شەریعەت نەیار بێت بە مەدەنیەتی دەوڵەت، چونکە بونیادی ڕشتەبەندیی یاسا مەدەنیەکان لە ژیاری خۆرئاواییدا لەسەر وەرگرتنی بیرۆکەی یاسای سروشتی یان خوایی بەرپابوون[١]، ئەمەش بیرۆکەیەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرکەوتنی دەوڵەتی مەدەنی، لە دەرەوەی مەودای مەعریفی ئەوەوە هاتووە. لێرەدا پێویستە دەوڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی عەلمانی لەیەک جیابکرێنەوە، جا ئەگەر فەرمانڕەوایی شەریعەت بەریەککەوتنی هەبێت لەگەڵ لۆژیکی دەوڵەتی عەلمانیدا، ئەوا مەسەلەکە لە دەوڵەتی مەدەنیدا بەوجۆرە نیە، چونکە دەوڵەتی عەلمانی جگە لە یاسای دەستکرد یاسایەکی تری قوبوڵ نیە، بەڵام دەوڵەتی مەدەنی ئەوا دەسوڕێتەوە بەدەوری بیرۆکەی بوونی یاسادا نەک چاوگی ئەو یاسایەدا، بەو مەرجە ئەو یاسایە نەرمی پێویستی لەخۆگرتبێت هەروەک ئەو یاسایەی کە لە تەشریعی ئیسلامییەوە وەرگیراوە.

بەڵام ئەوەی تایبەتە بە مەدەنیەتی ئەو کار و ئەرکانەوە کە دەوڵەت ئەنجامیان دەدات، ئەوا موعتەزیلەکان لە میانەی وەڵامدانەوەیان لەسەر شیعە پێیانوایە کە دەوڵەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی لە دنیادا،

---

سیستمێکی چاکە کە ببێتە گوزارشت لە نمونەیی ئیسلامی). بڕوانە:

- ربیع، حامد. التعريف بالدولة ووظائفها من قراءة مفاهيم إبن أبي ربيع، ضمن كتابه: سلوك المالك في تدبير الممالك، القاهرة: مطابع دار الشعب، ١٩٨٠م، ج١، ص٢٩١-٢٢٣. ئێمەش مەبەستمان بە سروشتی کۆمەڵایەتی سیستمی فەرمانڕەوایی لە ئیسلامدا لایەنی گۆڕدراویەتی لە دامەزراوەکان و دەزگاو ڕێکخەرە سیاسی و کارگێڕییەکانیەتی بێ ناوەڕۆکی بەهایی نەگۆڕ لە سیستمی فەرمانڕەواییدا، چونکە ئەم لایەنە دەستکەوتی ویستی کۆمەڵی موسڵمانە لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ واقیعدا، هەروەها بەردەوام دەچێتە ژێرباری پەرەسەندنە مێژووییەکەی.

١- ریشکی ئەم بیرۆکەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ، لەمبارەیەوە بڕوانە:

- شوفاليه، تأريخ الفكر السياسي من المدينة إلى الدولة القومية، ل١٨٩-١٩٠.

فەرمانڕەواش لەبەر مەبەستێک دادەنرێ کە پەیوەندە بە بەرژەوەندییەکانی دنیاوە نەک ئاین و بەرژەوەندییەکانی ئاین[١]، جا هەروەک چۆن خاڵیبوونی ڕۆژگار لە بوونی فەرمانڕەوا پەکخستنی بەرژەوەندییەکانی دنیای تێدایە، ئەوا ڕوودانی هەڵە لە جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندییانەدا ئەوە ناگەیەنێ کە گەندەڵییەکە لە ئایندارییدایە، چونکە نابێتە هۆی گەیاندنی خراپە بە ئاین، موعتەزیلە بەهەمانشێوە کار و ئەرکەکانی دەوڵەت و ئەرکەکانی بانگەواز و گەیاندنی ئاینیان لێکجیاکردووەتەوە، کە بەپێی پلەوپایەیەکی ئاینی ئەنجامدەدرێ، واتە بەپێی خواستی پەیامەکە. پێشەوا قەڕافی لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندە بە ئەرکەکانی پێگەی ئاینی لەگەڵ موعتەزیلەدا دەگەن بەیەک کە سنورداریکردووە لە (گەیاندنی ڕێنماییەکان بۆ سەلماندنی بەڵگە لەسەر خەڵکی، بێئەوەی فەرمانیان پێبکرێ واتە بە پێغەمبەران کە بڕواننە بەرژەوەندییە گشتییەکان)[٢].

لەمەی پێشەوە جیاکارییەکی ڕوون لە بنەمای تیۆری کار و ئەرکی پێگەی هەریەک لە پەیام و فەرمانڕەوایی هەست پێدەکەین، چونکە ئەرکی سەرەکی دەوڵەت کە لەبەردەم گەلدا لێپرسینەوەی لێدەکرێ بریتییە لە بەڕێکردنی بەرژەوەندییە دنیاییەکانی هاوڵاتیانی، ئەوەش بە پراکتیزەی شەرعی خوای باڵادەست و جێبەجێکردنی حوکمەکانی کە بەرژەوەندی خەڵکیان تێدایە[٣]. بەڵام هێنانی بەختەوەریی ڕۆژی دوایی بۆ هاوڵاتیان ئەوە پرسێکە لە تایبەتمەندییەکانی باوەڕە، دەوڵەتیش بەو ڕادەیە کە زەمینەسازی دەکات بۆ هۆکارەکانی بەدەستهێنانی ئەو بەختەوەرییە، یان دانانی ئاستەنگ لە ڕێگایدا لێپرسینەوەی لێدەکرێ، هەروەها

---

١- محسن، الفكر السياسي عند المعتزلة، ل١٠٩-١١١

٢- القرافي، شهاب الدين أحمد بن إدريس. الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، عناية: عبد الفتاح أبو غدة، حلب-بيروت: مكتب المخطوطات الإسلامية، ط٢، ١٩٩٥، ص١٠٦.

٣٠- عز کوڕی عەبدولسەلام لە پێشەوای باوەڕدارانەوە عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) یەکەم وتاری دوای بوونی بە جێنشین دەگوێزێتەوە کە وتوویەتی: ئەی خەڵکینە خوای گەورە فەرمانی پێداوم کە نەهێڵم نزاو دۆعاکان بگەنە لای، پاشان قسە لەسەر ئەمە دەکات و دەڵێ:» (مانای نەهێڵم نزاو دۆعا بەخوا بگات ئەوەیە کە مافی ستەملێکراوان لە ستەمکاران بسێنم تا ناچارنەبن داوای گێڕانەوەی ئەو ستەملێکراویە لە خوا بکەن، هەروەها هەستم بە جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خەڵکی تا کەسیان ناچار نەکرێن داوای ئەو مافانەی لە خوای گەورە بکات) بڕوانە:

- إبن عبد السلام، العز، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، بيروت: مؤسسة الريان، ط٢، ١٩٩٨م، ص١١٥، بە بۆچوونی ئێمەش ئەو وتارە بەردی بناغەیە بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی مەبەستەداریی بۆ کارو ئەرکەکانی دەوڵەت.

بە ڕادەی پشکی خۆی لە پێسپاردنی ئەرکی شەرعیدا لەوبارەیەوە، بەو پێیە کە بەرپرسێتی باوەڕیی و ڕەوشتی لە بنەڕەتەوە بەرپرسێتی کۆمەڵگای موسڵمانە، چونکە گوتار هەر لە بنەڕەتەوە بۆ پاراستنی شەریعەت و پارێزگاریکردن لە حوکمەکان و بڵاوکردنەوەی بانگەواز ڕووبە کۆمەڵگایە، گومانی تێدا نیە دەوڵەتیش پشکی خۆی هەیە تیایدا، بەڵام بێئەوەی خۆی لابدات لە ئەرکی هەستانی بەو کارانە کە کاروباری خەڵکی چاکبکات، بەرژەوەندییە دنیاییەکانیان بەپێی مەبەستەکانی شەریعەت دەستەبەر بکات، کاری تەنها ببێتە چاودێریی ئاینی کۆمەڵگا.

ئاستی بناغەی مەدەنیش بۆ پەیوەندی دەستەڵات بە هاوڵاتیانەوە (هاوڵاتیبوون)، ئەوا مەدەنیەتی دەوڵەت لە ڕێگای جیانەکردنەوەی ماف لەسەر بناغەی باوەڕ لە نێوان هاوڵاتیانیدا دەردەکەوێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە دەستوری مەدینەدا بناغەڕێژی کردووە بۆ پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانی، پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) رابەرایەتی دەکرد و نێوان جولەکە لەسەر بناغەی گرێبەست بوو، واتە لەسەر بناغەی هاوڵاتیبوون لە دەوڵەتدا، کە ماف و ئەرکی هەردوولای رێکخستبوو، هەرچەندە جولەکە جگە لە بەشە سیاسییەکەی ئیتر دانیان نەنابوو بە دەستەڵاتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، کە بەپێی ئەو دەستورە پێغەمبەر بووە فەرمانڕەواو سەرچاوەیەکی یاسایی، کەچی جولەکە هەر دوودڵ بوون لەوەی بە مەبەستی داوەریی پەنای بۆ بەرن.

دەکرێ بوترێ شەریعەتی ئیسلامی کۆمەڵێ پرەنسیپی تێدایە کە ڕێگرن لەوەی دەوڵەت لە ئیسلامدا بڕوات بەرەو شێوەی دەوڵەتی ئاینیی، گرنگترینیان پرەنسیپی فەرمانڕەوایی شەریعەتە بە چەمکە گشتییەکەی، کە بەپێی ئەو خودی دەستەڵات دەبێتە ملکەچی شەریعەت، هەروەها بەرپرسێتی تاوانکاریی و سیاسی لەسەر فەرمانڕەوا بەپێی ئەو پرەنسیپە بڕیاری لەسەر دەدرێ، چونکە بوونی لە هەڵبژاردنی گەلەوە هاتووە نەک هەڵبژاردنی خواییەوە، وەها کە لە دەوڵەتی ئاینیدا هەیە، هەروەها پابەندبوون بە شورا دەستەڵاتی ئاینیی بەتەواوەتی ڕەتدەکاتەوە، چونکە دەستەڵاتی ئاینیی و شورا پێکەوە کۆنابنەوە، هۆیەکەش ئەوەیە کە دەستەڵاتی ئاینیی لەسەر بێنیازبوون لە گەل و دوورخستنەوەی لە بازنەی بڕیار دادەمەزرێ، ئەمە لە کاتێکدا کە شورا گەل دەکاتە خاوەنێکی کارا و حەقیقی لە بازنەی دەستەڵاتدا.

## ٢- پێویستییەکانی گوێڕایەڵیی

### أ- پێویستی بە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی:

مرۆڤ هەر لەدێرزەمانەوە چاوی بڕیوەتە ئەو هێزانە کە لە دەرەوەی بوونی ماددین تا خۆی بکاتە گوێڕایەڵیان. هەوڵیش دەدات تەبابیەکی ڕۆحی لەگەڵیاندا دەستەبەر بکات، مێژووی ئاینەکان لای گەلان ئاماژە دەدەن مرۆڤ بەبێ هەبوونی هێزێکی باڵادەست کە پەنای بۆ ببات توانای ژیانی نەبووە، تەنانەت لە ئاینە سەرتاییەکانیشدا کە وێنای باری لادانێکی پێشوەختیان لە بەرنامەی خوایی کردووە، مرۆڤ هەر کەوتووەتە دوای حەزە سروشتییەکانی تا هێز و تواناکانی بخاتەژێر دەستەڵاتی هێزە سروشتییەکان یان هێزە نادیارەکانی ترەوە، بەوەی داناون کە لە ڕووی رەوشتییەوە بێلایەنن و بەکاریهێناون بۆ خزمەتی پێویستییەکانی[1].

مەعلومە کە مرۆڤ ئامادەسازییە سروشتییەکانی خۆی بۆ گوێڕایەڵیی بە جۆرەها شێوە ئەنجامداوە، هەرکاتیش تێر نەبووبێت حەزی بە یاخیبوون بووە، چونکە ملینەداوە بە پێشکەشکردنی قوربانی بە خواکان، یان هاتووە لە پەرستنی خواکانەوە گواستوویەتەوە بۆ پەرستنی خواکانی تر ئەوەش وەک نواندنی ناڕەزایی بەرانبەریان.

هیچ ڕاجیاوازییەک لەوەدا نیە کە گوێڕایەڵیی بریتییە لە ئامادەباشی سروشتی و حەزێکی سۆزدارییە لە مرۆڤدا. بەڵام شایانی ئاماژەپێکردنە کە ئەو حەزە سروشتییە بە پلەی یەکەم بۆ مەبەستی سیاسی دانەنراوە، چونکە ئامادەسازییەکانی گوێڕایەڵیی لە مرۆڤدا مەسەلەیەکە خوای گەورە لە پێکهاتەی دەروونی مرۆڤدا دایناوە، ئەوەش بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنماییە رۆحییەکان، چونکە ئەو بۆچوونە وەرناگیرێ کە خوا داوا لە مرۆڤ بکات گوێڕایەڵی بێت و بیپەرستێ، ئەرکیش بخاتە ئەستۆی، فەرمانەکانی ئاراستە بکات، بێئەوەی بەهرەی خۆڕسکی وەڵامدانەوەی ئەو ئەرکانەی تێدا نەبێت، یان وا لە خودی مرۆڤ بکات خۆی ئامادەباشی گوێڕایەڵیی تێدا بێت، قورئانی پیرۆزیش جۆرەها شێوەی ئەو تێگەیشتنەمان دەداتێ، هەندێکیان پەیوەند نین تەنها بە مرۆڤەوە، بەڵکو بە هەموو هەبووە ماددییەکانەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ فَقَالَ لَهَا وَلِلۡأَرۡضِ ٱئۡتِيَا طَوۡعًا أَوۡ كَرۡهٗا قَالَتَآ أَتَيۡنَا طَآئِعِينَ ﴾فصلت: ١١. واتە: (پاشان ئیرادەو ویستی

١- بارندر، جفري. المعتقدات الدينية لدى الشعوب، ترجمة: إمام عبد الفتاح إمام، القاهرة: مكتبة مدبولي، ط٢، ١٩٩٦م، ص٢٦.

ئەو زاتە ڕووی لە ئاسمان کرد، لەکاتێکدا ئەو دووکەڵێکی تایبەت بوو فەرمانیدا و فەرمووی بەو دووکەڵە و بەزەویش ئێوە بەخواستی خۆتان دێن و فەرمانبەردار دەبن یان بەزۆرو ناچاری؟! هەردووڵا وتیان: پەروەردگارا حەدمان چییە سەرپێچی بکەین، ئێمە واهاتین و هەمیشە ملکەچ و فەرمانبەرداری تۆین).

مەعلومە کە گوێڕایەڵیی و ئەو ئامادەباشیانەی دەبنە هاودەمی مەسەلەیەکی سروشتی خواڕسکە، خوای گەورە خستوویەتە مرۆڤەوە تا هەم فەرمان و هەم قەدەغەکراوەکانی پێبگات و وەریانبگرێ، جێگای سەرنجدانە لە بەرانبەر حەز و توانایی لەسەر گوێڕایەڵیی حەز و توانایی لەسەر سەرپێچیکردنیش هەیە، ئەمەش ڕووکارێکە لەسەر ئازادی ویست و ئیرادەی مرۆڤ، کە مرۆڤ بەپێی ئەوە لە توانایدایە گوێڕایەڵ بێت یان سەرپێچیکار بێت، بەڵام لێرەداو لە هەمانکاتدا سەرپێچیکردنیش هەر جۆرێکە لە گوێڕایەڵیی، چونکە سەرپێچیکردنی بەرنامەی خوایی، بە چەمکی پێچەوانە (مفهوم المخالفه) هەر جۆرە گوێڕایەڵییە بۆ بەرنامەیەکی تر، لەبەرئەوە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لە مەسەلەی پەیوەندی بە بەرنامەی پەروەردگارەوە هاودەمی ژیانی مرۆڤە لە دوور و لە نزیکەوە، ئەمەش ئاستی پێویستی بە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لە هەردوو دیویەوە: ملکەچبوون و یاخیبوون دەردەخات، بەو پێیە کە مەرجێکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی مرۆڤ لە هەڵبژاردن و ویست و ئیرادەدا.

لە ڕاستی دوورناکەوینەوە گەر بڵێین گوێڕایەڵیی ئەو وشە دەستپێکەیە کە تێگەیشتنێکی قووڵ بۆ مێژووی مرۆڤایەتی پێشکەش دەکات، ئەوەش لە ئاوێتەبوونی بەردەوامی لەگەڵ بەرنامەی پەروەرگاردا: واتە بانگەوازی یەکتاپەرستیی، چونکە درەوشاوەیی ژیاریی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی خۆی لەوەدا وێنا دەکات کە دادەنرێت بە حەزێکی سروشتی بۆ چوون بەدەم ئەرکەکانی ئەو بەرنامەیەوە هەروەک ئاماژەمان پێدا، لەوانەیە مەبەستی جەوهەریش بێت لێی.

لێرەوە بۆچوونی ئیسلامیی لەتوانایدایە ئەو ڕەهەندانە بخاتەڕوو کە مەعریفەکانی تر پەییان پێنەبردووە، واتە ئەوانەی کە وادەبینن گوێڕایەڵیی تەنها حەزێکی سروشتییە بۆ جێبەجێکردنی شتە زەرورەکانی کۆبوونەوەی مرۆیی، بێئەوەی گرنگی بدەن بەو ڕۆڵە کە ئەو بەرنامەیە لە داڕشتنی شێوەکانی ئەو کۆبوونەوەیەو بەهاکانیدا دەیگێڕێ، لێرەوەش -بەپێی ئەو مەعریفانە- ئەوا بیرۆکەی گوێڕایەڵیی بە ئاسانی لە بەرنامەی خواییەوە دەگۆڕدرێ بۆ بەرنامەی مرۆڤ: واتە بۆ گەورەو خۆبەزلزانەکان ئاراستە دەکرێ، ئەوکات گوێڕایەڵیی

بەمجۆرە لە زەرورەتی جێبەجێکردنی کارای ویست و ئیرادەی ئازادی مرۆییەوە دەگۆڕدرێ بۆ هۆکاری دەستەبەرکردنی بەندایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، ئینجا بەزۆر خزاندنیە ناو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ هێزەکانی تردا، کە لەڕاستیدا جگە لە ئیدیعایەکی بۆش بە نوێنەرایەتی بوونی کۆمەڵایەتی هیچ ڕاستییەکی نیە، با ئەو پەیوەندییانەش پێچەوانەی خواستی بەرنامەی خوایی بن.

ئەو ڕووەی تر کە کارایی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی تیایدا دەردەکەوێ بریتییە لە بواری کۆمەڵایەتی، بوارە سیاسییەکەشی بەتایبەتی، دەکرێ بوترێ کە توانایی هەر کۆمەڵگایەک لەسەر ڕێکخستنی خۆی لە ڕووی سیاسییەوە بە ئاستی ئامادەبوونی ئەرێنی بوونی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی و بڵاوبوونەوەیەتی لەناو کۆمەڵگادا، لەبەرئەوە دەبینین ئیبن خەلدون هاتووە هۆکاری ڕێکنەخستنی عەرەب لەناو کۆمەڵگا سیاسییەکاندا: واتە لە دەوڵەتاندا، بەرلە هاتنی ئیسلام دەخاتەڕوو، دەڵێت: (هۆکاری ئەمە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە عەرەب خەڵکانێکی کێوین و سەرسەختترینی ئەو ئوممەتانەن کە هەندێکیان بەهۆی ڕەقی و زبریی و بێ هیممەتی و کێبڕکێ لەسەر سەرۆکایەتی مل بە هەندێکیتریان نادەن، بەم پێیەش بەدەگمەن حەزو ئارەزووەکانیان کۆببنەوە)[1]. لەڕاستیدا نەبوونی هۆشیاری بە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسی ڕێگر بووە لە بەرپابوونی قەوارەی سیاسی عەرەبی لە سەردەمی نزیکی پێش هاتنی ئیسلام -بە گوتەی ئیبن خەلدون-، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گەشەدان بە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی و گۆڕینی بۆ هۆشیاری بە زەرورەتی هەبوونی دەستەڵات، مەرجێکی لەپێشترە بۆ هەبوونی دەستەڵات، ئینجا گەرەنتی بەردەوامبوونی کارایی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی بۆ دەستەبەرکردنی تەواوکاریی کۆمەڵایەتی لە خودی خۆیدا خواستێکی کۆمەڵایەتییە، لێرەوە دەردەکەوێ کە پێویستبوون بە گوێڕایەڵیی سیاسی مەسەلەیەکی ئاڵوگۆڕکارە لە نێوان دەستەڵات و کۆمەڵگادا، ئەمەش ڕەنگدەداتەوە لەسەر هەر جۆرە تێڕوانینێکی میتۆدیی بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی، بەجۆرێ کە گوێڕایەڵیی بە یەک ئاراستەدا نەڕوات لە خوارەوە بۆ سەرەوە، واتە لە بناغەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پەیکەرێکی دەستەڵاتیی، بەڵکو پەیکەری دەستەڵاتیش بەهەمانشێوە دەچێتەژێر داخوازییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و مەرجەکانی.

بە پشتبەستن بەمە، دەتوانین دوو ئاست بۆ پێویستی دەستەڵات بە گوێڕایەڵیی

---

١- إبن خلدون، المقدمة، ص٢٦٦.

سیاسی دیاری بکەین، یەکەمیان پەیوەندە بە دەستەبەرکردنی خودیی دامەزراوەیی دەسەڵات، ئەویش لە ڕێگای زامنکردنی یەکگرتنی توندوتۆڵ لە نێوان بەشەکان و پێکهاتە ناوەکییەکانیدا، لێرەشدا گرنگیتی بەدەستهێنانی لایەنداریی سەربازان و (خاوەن قەڵەمەکان) بە شێوەیەکی سەرەکی دەردەکەوێ. بەڵام ئاستی دووەم، بریتییە لە دەستەبەرکردنی شەرعیەت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی گشتی کە گوێڕایەڵییەکەی بە دەستەڵاتەوە -تا ئاستێکی زۆر- دەبەسترێتەوە بە ئاستی گونجانی دەستەڵات لەگەڵ خودی خۆیدا، واتە بەو سەرکەوتنەیەوە کە لەسەر ئاستی یەکەم جێبەجێی دەکات، پەیوەندی نێوان ئەم دوو ئاستەش ڕێڕەوی دەستەڵاتی سیاسی و توانایی لەسەر بەردەوامبوون دیاری دەکات.

بەڵام بنەمای پراکتیکی بۆ پێویستی دەستەڵات بە گوێڕایەڵیی سیاسی، خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە دەستەڵات سەرکەوتوو بێت لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی خۆی لە هەموو بوارەکاندا، ئەوەش بە پشتگیری کۆمەڵایەتی، چونکە زەحمەتە دەستەڵات بتوانێت هەستێ بە کارەکانی بێئەوەی پشتگیری کۆمەڵایەتی پێویست بەدەستبێنێ، هەر ئەم بنەما پراکتیکییە بۆ گوێڕایەڵیی دەستەڵات لە هزری ئیسلامیدا جێگای بایەخپێدان بووە، بەڵام دەبێت لە ڕاڤەکردنی پێویستی دەستەڵات بە گوێڕایەڵیی سیاسی، ڕەگەزێک کە گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە حیسابی بۆبکرێ، ئەویش بەشداری کارای کۆمەڵگایە، چونکە دەوڵەتە نوێیەکان لە پسپۆڕیی کار و ئەرک و ئاڵۆزیی دامەزراوەییدا گەیشتوونەتە ئاستێکی باڵا، بەجۆرێ کە ئەرکەکانیان نەبەستراوتەوە تەنها بە بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیی کۆمەڵگاوە بەڵکو لەسەر بەشداری پێکردنیشی بەهەمانشێوە.

ئەم مەسەلەیەش ڕەهەندێکی نوێ دەخاتەسەر پرسی گوێڕایەڵیی سیاسی کە لە تێڕوانینە هزرییە کلاسیکییەکاندا ڕوون نەبووە، چونکە لەم حاڵەتە نوێیەدا گوێڕایەڵیی سیاسی دەبێتە بەشێک لە چالاکی کۆمەڵایەتی و ئاماژەدەرە لەسەری، نەک تەنها ئەنجامدانێکی یەک ئاراستە بێت کە بەرەو دەستەڵاتی سیاسی بەرزببێتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی پۆلێنکردنی کلاسیکی بۆ پەیوەندی دەستەڵات: فەرمانڕەوا/ فەرمانبەردارەوە دەریدەکات بۆ پۆلێنکردنی: کۆمەڵگا/دەستەڵات، ئەوەش لەتوێی دیاریکرنێکی نا ڕێکوپێکدا بۆ پێگەو ئەرکەکان، بەڵام مەرجی ڕوودانی ئەوە بریتییە لەوە کە کۆمەڵگا و دەستەڵات پێویستییەکانی بەشداری کۆمەڵایەتی کارا لەخۆبگرن.

کەواتە ئێستە ڕوونە کە مرۆڤ چ وەک کۆمەڵگا و چ وەک دەستەڵات، تا چەندە پێویستی بە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی هەیە، چونکە وێنای ڕەگەزی بەدەمەوەچوونی

بەرنامەی خوایی دەکات، هەروەها دادەنرێ بە مەرجێک بۆ ڕێکخستنی سیاسی بە حوکمی بوونە کۆمەڵایەتییەکەی، جا ئەگەر ئەزموونی مرۆڤ بۆ گوێڕایەڵیی میتۆد ئەوە بخاتەڕوو کە بەبێ ڕێنمایی ئەو بەرنامەیە و ملکەچکردن بۆ حوکمەکانی نە بتوانێ لە دنیادا بچی و نە بتوانێت بگات بە ڕێگای دواڕۆژ، ئەوا پێویستی بە پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی هەیە تا (کەسێتی هزری خۆی)[1] و پێویستی ئاسایشی و ئابووری دەستەبەر بکات، وایلێبکات لەپێناو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی خوازراودا قوربانی بدات بە شتێک لە ئازادییەکەی، لەبەرئەوە تەمومژی بەریککەوتن لە نێوان ئازادی و پێویستیدا بە بەردەوامی بوونی هەبووە، ئەوەش گرفتێکە لە کۆندا خراوەتەڕوو، کە ئەلئیجی (٧٥٦-٦٨٠ک) لە بواری هزری ئیسلامیدا بە کورتی باسیکردووە[2].

جا تێڕوانین بۆ ئەو تەمومژە هەرچی بێت، ئەوا پێویستبوون بە دەسەڵات دواجار هەر سەردەکەوێت، تا دەسەڵات وەک قەدەرێکی حەتمی دەربکەوێت کە هەردەبێ ببێت، تا بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسی بەهێزتر ببێت، ئەوەش بەو سیفەتە کە بەرهەمێکی کرداریی ململانێی ئازادی و زەرورەتە، بەڵکو دەربازبوونێکە لێی، چونکە لەلایەکەوە زۆر پێویستبوون بە دەسەڵات بەرجەستە دەکات، هاوکات دادەنرێت بە هۆکاری کۆمەڵگا بۆ پاراستنی ئەو ئازادییەی کە ماوە، ئەویش لەدوای ئەوە کە لەپێناو بەرپاکردنی دەسەڵاتدا قوربانیدا بە بەشێکی[3].

بەرمەبنای ئەمە ناتوانرێ بوترێ کە دەوڵەت هەژموونی تەواوەتی بەسەر بیرۆکەی گوێڕایەڵیدا هەیە، جا هەروەک دەوڵەت بەرجەستەبوونێکی بەشییە لە پێویستی مرۆڤ بە گوێڕایەڵی بەدەستهاتوو، ئەوا ئەو پێویستییە بەردەوام پاڵنەر و هاندەرە بۆ زۆرێک لە کردارە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمانکاتیشدا تواناداره

---

١- دەستەواژەکە هی دکتۆر (حامد ربیع) ە لە میانەی قسەکردنی لەسەر ئەرکەکانی دەوڵەت لە ئیسلامدا، بڕوانە: ربيع، التعريف بالدولة ووظائفها من قراءة مفاهيم إبن أبي ربيع، ص٢٩١.

٢- ئەلئیجی ئەم گرفتە کەمدەکاتەوەو هەوڵدەدات هاوسەنگییەک لە نێوان زیانەکانی هەبوونی ئیمامەت و نەبوونیدا دروستبکات، پاشان لەدوای خستنەڕووی مەسەلەکە لە چەند ڕوویەکەوە دەگات بەوە کە بڵێ: (... وتمان زیانی وازهێنان لێی زۆر زۆرترە و نەهێشتنی زیانێکی گەورەتریش لە کاتی بەریەککەوتندا واجبە)، بڕوانە: الإيجي، المواقف، ل٥٧٦.

٣- ڕۆسو ئەو یاسایە کە گوزارشت لە ئیرادەی گشتی دەکات بەوە دادەنێ کە دەربازبوونێکی گونجاوە لەو تەمومژە، بەجۆرێ کە وا لە تاکەکان دەکات (گوێڕایەڵبن و لەگەڵ ئەوەشدا ئازادیش بن)، واتە گوێڕایەڵیکردنی یاسا وا لە تاک دەکات گوێڕایەڵ بێت بێئەوەی بکەوێتە ژێر (ملکەچی کەسێتییەوە)، بڕوانە: - شوفالیە، تأريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة إلى الدولة القومية، ص٤٩٣.

بەسەر بەرهەمهێنانی پێکهاتەکانی تردا، ئەوانەی کە ویستی مرۆڤ بۆ پیادەکردنی گوێڕایەڵیی تێردەکەن، ئەمەش لە ڕێگای ڕێکخستنی تاکەوە لەناو زنجیرەیەک لە لایەنداریی و خۆشەویستییەوە دەردەکەوێت، لە کاتێکیشدا کە دەوڵەت گوێڕایەڵیی بۆ دەستەبەر دەبێت، ئەوا لە هەمانکاتدا ئاستێکی زۆری لە پشتگیری دەدرێتێ.

لەوانەیە بەهۆی نەتوانایی دەوڵەت لەسەر دەستگرتنی تەواوەتی بەسەر بیرۆکەی گوێڕایەڵیدا، تاکەکان بکەونەبەر تاقیکردنەوەی ئاستی لایەنداریان بۆ دەوڵەت، لەبەرئەوە دەوڵەتان لە ئاراستەکردنی بیرۆکەی گوێڕایەڵیدا هەوڵی زۆر گەورە دەدەن بۆ بونیاتنانی ئەو دەستەڵاتە کە نوێنەرایەتیان دەکات، ئەویش بە گۆڕینی بیرۆکەی لایەنداریی ئەو پێکهاتانەی کە ئاستیان بەرەو دەوڵەت کەمترە، لە ڕووی مێژوویشەوە دەوڵەتە ئەوروپیە نوێیەکان دەرنەکەوتن تا لایەنداریی تاک لە دەرەبەگەکانەوە نەگۆڕدرا و پاشانیش لە کەنیسەوە بۆ دەوڵەت، بەڵام ئەمە هەر وەک کارێکی مێژوویی دەمێنێتەوە چونکە وابەستەیە بەو کار و چالاکیەوە کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات، چونکە ئەگەری هەیە دەوڵەت جۆرێک لە ڕاتەکاندن بەخۆیەوە ببینێ و ببێتە هۆی ئەوە لایەنداریی بەلایەکیتردا بڕوات، ئەمەش هیچ مەرج نیە کە بەرتەسکتر بێت، بەڵکو لەوانەیە فراوانتر بێت[١].

جا ئەگەر مرۆڤ پێویستی خۆی بە گوێڕایەڵیی بەرانبەر بە دەوڵەت یان بەرانبەر بە قەوارەکانی تر پیادە بکات، ئەوا هەر سەلمێنراوە کە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لە ناخی مرۆڤدا بوونی هەیە، بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات، گوێڕایەڵیی سیاسیش یەکێکە لەو دەرکەوتانە، بەڵام مەرج نیە بچێتە قووڵایی، ئەو ئاڵەنگاریەش کە ڕووبەڕووی دەوڵەتان دەبێتەوە بریتییە لەوە چۆن پارێزگاری بکەن لە بەردەوامبوونی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی وەک بنەمایەک بۆ ڕەوایەتی کۆمەڵایەتیان. دەوڵەتان لەو پێناوەدا هەوڵدەدەن خۆیان بەو سیفەتە پێشکەش بکەن کە ڕاستییەکی هەمووەکین و تەواوی کۆمەڵگا لەخۆدەگرن، ئاین و کەلتور و مێژوو و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیشی، تا وادەربکەون کە گوێڕایەڵیکردنی دەوڵەت بەڵگەو ناونیشانی لایەنداریی هەموو ئەو پێکهاتانەیە، ئەمەش نمونەی (دەوڵەتی خۆسەپێنەرە) کە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە پەیکەری خۆیدا دەتوێنێتەوە،

---

١- دوا بەدوای داڕوخانی دەوڵەتی یۆنانی هەوڵێک لەسەر بناغەی ئومەمیەت لەگەڵ هزری ڕەواقیدا درا بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانی لایەنداریی تاک، لێرەوە بیرۆکەی هاوڵاتێتی جیهانیی دەرکەوت، لای زۆرێکیش لە بیرمەندانی سەردەمی جیهانگیریی لەوانەی پشتگیریان دەکرد لەوە کە ناودەبرێ بە ژیاری جیهانیی هاوبەش سەرلەنوێ زیندووکرایەوە.

ئەوەشی کە ناچێتە ژێرباری توانەوە ئەوا دووریدەخاتەوە[1]، یان هەوڵدەدات چەسپاویی و تەبایی تەواوەتی لە نێوان خۆی و خوادا دەستەبەر بکات، ئەمەش حاڵی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بووە لە یەکێک لە قۆناغەکانیدا، هەروەک یەکێک لە پیاوانی ئاینی مەسیحی گوزارشی لێکردووە، وایداناوە کە (گونجاندنێکی بەختەوەر و خۆڕەسک لە نێوان خواو قەیصەردا)[2] بوونی هەیە، یان ئیدیعا دەکات کە بە شێوەی هاوسەنگ نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و هەموو توێژەکانی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا کە تەنها نوێنەرایەتی هەندێک لەو هێزانە دەکات، ئەمەش نمونەی دەوڵەتە بورجوازە دیموکراتە نوێیەکانە.

**ب- پاڵنەرەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی:**

ڕەفتاری مرۆیی بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسی لە چوارچێوەی تۆڕێکی ئاڵۆز لە فاکتەر و مەسەلە گۆڕدراوەکاندا دەجوڵێت، هەندێکیان پەیوەستن بە ژینگەی دەروونیی تاکەوە، هەندێکیتریان پەیوەندییان بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوەیە کە دەورەیداوە، چونکە حەزە سروشتییەکان، هەروەها ئەو قەناعەتە ناوەکییانە کە لای تاکەکان بەرانبەر بە دەسەڵات دروست دەبن، هەروەها ئەو وێنەیە کە تاک لە دەسەڵاتی سیاسی دەیگرێ و پێکهاتووە لە بیرۆکەو کەسایەتی و دامەزراوەکان، بەرئەنجامی ئەو کەلتورە کۆمەڵایەتیەن کە دەچێتەوە سەری، هەر هەموویان فاکتەری کاریگەرن لەسەر ڕەفتاری تاک بەرانبەر بە دەسەڵات.

بەهەمانشێوە هەستەکانی ترس و دڵەڕاوکەو نەمانی هەستکردن بە ئارامیی و ئاسایش، یان خواست و حەزی سەلماندنی خود، هەموویان پێکهاتەی دەروونین کە سەردەکێشن بۆ ڕەفتارێکی دیاریکراو بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسی، ئیتر جگە لە ڕۆڵی خودی دەسەڵات لە دروستکردنی کۆمەڵێ قەناعەتی کۆمەڵگایی بە گرنگێتی ئەو بەهایانە کە بەرجەستەیان دەکات، هەروەها ئەو ئەرکانەی کە ئەنجامیان دەدات، ڕاستییەکی تریش دەخرێتە پاڵ هەموو ئەمانە ئەویش ئەوەیە ئایا دەسەڵات لە تێڕوانینی تاکەوە وێنای بەرزکەرەوەیە بۆ پێشکەوتن، بۆ سەلماندنی خود، ئەویش لە ڕێگای ئەو هەلانەوە کە بزاوتی کۆمەڵایەتی ڕێگای پێدەدات، یان بە پێچەوانەوە هەلی تاک لە سەلماندنی خود سنوردار دەکات.

---

١- حول الدولة التسلطية، راجع:

- النقيب، خلدون حسن. الدولة التسلطية في المشرق العربي المعاصر، دراسة بنائية مقارنة، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ط٣، ١٩٩٦م، ص٢٤.

٢- شوفاليه، تأريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة إلى الدولة القومية، سەرچاوەیەکی پێشتتر، ص١٤٨.

بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئەوا دەتوانرێ بوترێ کە خستنەڕووی دەوڵەت بەو سیفەتە کە خاڵێکی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە و بەیەکگەیشتنی بەرژەوەندی لایەنەکانیەتی، دەبێتە دەستەبەرێک بە هێنانی گوێڕایەڵیی بۆ دەستەڵات.

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئایا تاک بۆچی بەگوێی دەستەڵاتی سیاسی دەکات تەنها لەبەرئەوە کە دەستەڵاتە؟ پاشان دەگوازینەوە بۆ ڕوخسارە رەفتارییەکانی ئەو گوێڕایەڵییە. ئێستەش دەتوانین ئەو پاڵنەر و هۆکارانە کە وا لە تاک دەکەن گوێڕایەڵی دەستەڵاتی سیاسی بێت، پۆلین بکەین بۆ سێ پاڵنەر ئەویش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

**- پاڵنەری ترس:**

ترس پشێویەکی دنەدەر و بێزارکەر و بەردەوامە بۆ تاک، جووڵەی ئەو کەسە پەکدەخات لە بەدەستهێنانی هۆکارەکانی ژیانی ماددی خۆی، ناهێڵێ لەگەڵ ئەوانیتردا تەواوکاریی بەدەستبێنێ، ترس هەروەک ماوەردی وەسفیدەکات دەبێتە هۆی: (تەنگ بە خەڵکی هەڵدەچنێ و ناتوانن بەرژەوەندییەکانیان بەدەستبێنن، ناهێڵێ هەڵسوکەوت بکەن پێیانەوە، خەڵکی دەگێڕێتەوە لەو هۆکارانە کە بەهۆیانەوە دامەزراو دەبن و کۆمەڵیان ڕێکوپێک دەبێت)[1]، هەرگیز مرۆڤ لە حاڵەتی نەبوونی ئاسایش و ئارامیدا ناتوانێت ئامانجەکانی لە ژیاندا جێبەجێ بکات، گوێڕایەڵیی تاکیش بۆ دەستەڵاتی سیاسی جۆرێکە لە هەوڵی دەستەبەرکردنی ئاسایش و ئارامی خودیی لە چوارچێوەی کۆمەڵدا[2].

بەڵام ترس -بەو سیفەتە کە هۆکارێکە بۆ گوێڕایەڵیی سیاسی- ڕەهەندێکی تری هەیە، ئەویش ترسە لە خودی دەستەڵات، واتە ترس لەو سزایە کە لەوانەیە لەبەرئەنجامی ڕەتکردنەوەی گوێڕایەڵیی بۆ دەستەڵاتی سیاسی تووشی تاک ببێت، ئیتر ئەو سزایە ماددی یان مەعنەوی بێت، ئەمەش ترس وا لێدەکات ببێتە ڕەگەزێکی بەردەوام بۆ پابەندبوونی تاک بەو دەستەڵاتەوە کە تەنها ئەو خاوەنی هێزی زاڵی ملکەچکەرە، هەروەها خاوەنی یاسایە بۆ ناچارکردنی مرۆڤ لەسەر گوێڕایەڵیی بۆی.

---

١- الماوردي، أبو الحسن على بن محمد بن حبيب. أدب الدنيا والدين، تحقيق: محمد فريد، القاهرة، المكتبة التوفيقية، ص١٨٠.

٢- فەلسەفەی سیاسی هۆبز لەسەر ئەو بنەمایە بەرپا دەبێت کە ترس بەوەی پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ ڕاپەڕاندنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، ئەوا دایدەنێ بە پاساوێک بۆ بەرپابوونی دەوڵەت، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی بەرلە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی دەستەڵاتی سیاسی بەوە وێنا دەکات کە شەڕی هەمووانە لە دژی هەمووان.

بەڵام ترس لە سزادان تاکە هۆکار نیە بۆ گوێڕایەڵیی دەسەڵاتی سیاسی، چونکە لێرەدا ڕەگەزی تۆقینیش هەیە کە (سام و هەیبەتی فەرمانڕەوایی) ڕۆڵی خۆی هەیە لە ڕاکێشانی گوێڕایەڵیی تاکدا، ئەم ڕەگەزەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ڕەفتاری تاک بەرانبەر بە دەسەڵات، چونکە ڕەگەزی تۆقین و سام و هەیبەت وا لە مرۆڤ دەکات زیادەڕۆیی بکات لە گوێڕایەڵیی دەسەڵات و ماستاوکردن بۆی، ئەوەش لەژێر کاریگەری هەستێکی دەروونیدا بەوەی کە هێز و توانای دەسەڵات لە ناخی مرۆڤدا شاراوەیە، باڵادەستە بەسەر توانای تاکدا لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، ئیفلاتون لە مانای ئەمەدا و لەسەر زمانی (هاوڵاتیەکی ئەسینایی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (القوانین) دەڵێت: (ئەمەش دەڵێم کە تەنها دیمەنی سام و هەیبەتی چەکی سەربازی و دەریایی دەیخستینە ناو ترس تۆقینێکەوە کە لێمان نەدەبوویەوە، ئەوەش ڕاپێچیکردین بەرەو ملکەچکردن بۆ یاسا و فەرمانڕەوا بە شێوەیەکی زۆر[1] توندتر)[2].

**- پاڵنەری پێویستی ماددی:**

ئیفلاتون تیۆری دابەشکردنی کار بەو پێیە کە پاڵنەرە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ لە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی دەخاتەڕوو، چونکە مرۆڤ بە تەنها خۆی ناتوانێت پێداویستییە زۆرەکانی بەدەستبێنێت، لەبەرئەوە بەردەوام پێویستی بە کەسانیتر هەیە. ئەم تیۆرە پانتاییەکی زۆری لە هزری ئیسلامیدا لای هەریەک لە غەزالی، ئیبن خەلدون و جوەینی و هیتریش داگیرکردووە، بەڵام ئاراستەی مرۆڤ کە ڕوودەکاتە دەسەڵات لە داواکردنی پێویستییە ماددییەکانیدا پەیوەستە بە پەرەسەندنی ڕۆڵی کار و ئەرکی دەوڵەتەوە، بە فراوانبوونی هێزی فەرمانڕەواییەوە، چونکە توانایی دەسەڵات لەسەر بەدەستهێنانی بەرهەمە داراییەکان لە کۆمەڵگادا وەک (باج و دارایی تریش)، هەروەها خاوەندارێتی موڵک و ماڵی گشتی، ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەش کە ئەنجامیدەدات، هەروەها دابەشکردنی کار و ئەرکەکان، ڕۆڵی لە تایبەتکردنی دەسەڵات بۆ بەروبوومەکانی: ماددی/ مەعنەوی، وا لە تاک دەکات بۆ پێداویستییە ماددییەکانی ڕووبکاتە ئەو دەسەڵاتە، چاوەڕێی ئەوە دەکات لەو دەسەڵاتە کە پێویستییەکانی خۆی دەستبکەوێ، ئەم لایەنەش تەریبە لەگەڵ لایەنی ترس لە دەسەڵات بێئەوەی مەسەلەکە پەیوەندی بە هەژاریی یان دەوڵەمەندییەوە

١- سباين، جورج. تطور الفكر السياسي، القاهرة - نيويورك، دار المعارف، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، ط٤، ١٩٧١م، ج١، ص٥٩-٦٢.

٢- أفلاطون، القوانين، ص١٩٦.

هەبێت، چونکە لەوانەیە دەوڵەمەندەکان زیاتر گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی بن، ئەوەش لەبەر حەزی بەردەوامیان بە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان.

- پاڵنەری ویژدانیی و سۆزداریی:

دەوڵەت بە سروشتی خۆی گوزارشت لە بوونی کەلتوریی هەر کۆمەڵگایەک دەکات، دەبێتە هێمای ناسنامەی، دەبێتە بنەمایەک بۆ سۆزی تاک بەرانبەر بە دەوڵەت، هەروەها حەزی بە بەردەوامبوونی، بەتایبەتی لەو بارودۆخانەدا کە دەکەوێتە بەر مەترسی دەرەکی، لەبەرئەوە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دادەنرێت بە هۆکارێکی گرنگ بۆ گوێڕایەڵیی ئەو دەستەڵاتە سیاسییە کە فەرمانڕەوایی دەبات بەڕێوە، لەوانەشە تاک ڕابکێشێ بەلای لەبیربردنەوەی هەڵەکانی دەستەڵات تا بێت واز لە هەندێک لە مافەکانی خۆی بێنێت، هەروەها بەرگە بگرێ لەسەر ستەمکارییەکانی، ئەم حاڵەتەش تەنها لە سنوری دڵسۆزی نواندن بۆ بیرۆکەی دەوڵەت و بەردەوامبوونی ناوەستێت، بەڵکو کاتێک کە گوزارشت لە ویست و ئیرادەی هاوڵاتیان بکات ئەوکات کەسە دیارەکانی دەستەڵات و بڕیارەکانیشی دەگرێتەوە، ئەمەش بەجۆرێکە کە تاک بە گوێڕایەڵیکردنی ئەو دەستەڵاتەی گوزارشت لە ویست و ئیرادەی ئەو دەکات وەک ئەوە وایە گوێڕایەڵیی خۆی بکات[١]، ئەوکاتیش هەستی سروشتی بە لەدەستدانی ئازادی خۆی دەڕەوێتەوە، ئەوەش بەو حوکمە کە دەکەوێتە ژێر دەستەڵاتێکی زەبردار و باڵادەست.

شتێکیتریش دەخرێتە سەر ئەم باسە ئەویش هەستەکانی تاکە لە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەو بەدڵاچوون و بێزاربوون بەرانبەر بە دەستەڵاتی سیاسی. ئەم هەستانەش بەرهەمی ئەزموونەکانیەتی لەگەڵ دەستەڵات و سەرنجدانیەتی لێی. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: ((چاکترینی پێشەواکانتان ئەوانەن کە خۆشتان دەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆشدەوێت، دوعاتان بۆ دەکەن و ئێوەش دوعای خێر بۆ ئەوان دەکەن، خراپترینی پێشەواکانیشتان ئەوانەن کە ڕقتان لێیانەو ئەوانیش ڕقیان لە ئێوەیە، نەفرەتیان لێدەکەن و نەفرەتتان لێدەکەن...))[٢]، ئەم فەرموودەیە گەڵ دەکاتە پێوەر بۆ چاکێتی دەستەڵات، چاکبوونی دەوڵەت وابەستە دەکات بەوەوە کە

---

١- شوفاليه، تأريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة إلى الدولة القومية، ص٤٨٩.

٢ - پێشەوا موسلیم لە ڕێگای عەوف کوڕی مالیکەوە ڕیوایەتیکردووە لە:

- إبن الحجاج، مسلم. صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، كتاب الإمارة، باب: خيار الأمة وشرارهم، ج١٢، ص٢٤٤، هەروەها پێشەوایان الترمذی و إبن حنبل و إبن حبان و البيهقي ریوایەتیان کردووە.

خەڵکی خۆشیان بوێ، بەجۆرێ کە ببێتە پاڵنەریان و گوێڕایەڵ و ملکەچی بن.

ڕواڵەتە ڕەفتارییەکانی گوێڕایەڵیی سیاسی بە ڕادەی فرەیی ژیارەکان و جیاوازی کەلتورەکان فرەجۆرە، ژیاری هیندی بەوە ناسراوە کە مەسەلەی باجدان بە دەوڵەتی کردووەتە پێوەرێ بۆ گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی، لە ژیاری ڕۆمانیشدا پرۆسەی سەربازی زۆرەملێ دانراوە بە گرنگترین ڕواڵەتەکانی گوێڕایەڵیی دەستەڵات، هەندێ لە ژیارەکانی تریش ئاشنابوون بە هەندێ ڕواڵەت ئاماژەن بە گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانڕەوا، وەک زۆر ڕێزلێگرتن لە فەرمانڕەوا ڕاستەوخۆ دوای دانیشتن لە بۆنە تایبەتەکاندا، لە ژیاری یۆنانیشدا ڕێزگرتن لە یاسا ڕواڵەتی ڕەفتاری هاوڵاتیبوون بووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی شاردا، بەڵام لە ژیاری ئیسلامیدا، ئەوا گرنگترین ڕواڵەتەکانی گوێڕایەڵیی بریتی بووە لە دڵسۆزیی بۆ پێشەواکان و زەکاتدان بووە بە دەوڵەت، هەروەها بەهاناوەچوونی بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دژ بە دەستدرێژکاران و یاخیان، بەڵام ئەو ڕواڵەتانە گەیشتنە ئەوپەڕی، دوورکەوتنەوە لەو ڕەفتاری سیاسییە کە ئەرکی سەرشانی موسڵمان بووە بیگرێتەبەر، لێرەوە بەگەورەڕاگرتنی فەرمانڕەواو زیادە ڕێزلێگرتنی، هەروەها پێدانی نازناو پێی، ئینجا بە ناپەسەند ناساندنی کەسێ کە بە خراپە باسیبکات، هەروەها دوعا بۆکردنی لە کاتی نوێژی هەینیدا، کە کتێبەکانی کەلەپور لەم بەشەدا پڕن لەمجۆرە شتانە بوونە هۆی زیادەڕۆیی لە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواو دەستەڵاتدا.

ئەوەی شایانی گرنگیپێدانە ئەوەیە کە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی ناگەڕێتەوە بۆ تەنها یەک پاڵنەر لەو پاڵنەرانە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ هەموویان پێکەوە، جا وێڕای هەبوونی هەزاران کەسی بێکار، هاوکات دەوڵەتە نوێیەکانیش ڕوویانکردە مەسەلەی وازهێنان لە بینینی ڕۆڵی ئابووری ڕاستەوخۆ، بەڵام هەر تاکەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان بەردەوامن لە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی. دەکرێ بوترێ نمونە لەسەر ئەم حاڵەتە ئەو شکستە سەربازیانەیە کە بەسەر دەوڵەتاندا دێت، دەبێتە هۆی کەمبوونەوی پێگەی نێودەڵەتیان، کەچی ئەمە واناکات کە هاوڵاتیانیان گوێڕایەڵیان بۆیان نەمێنێت، ئەم مەسەلەیەش پاڵمان پێوەدەنێ حەزی سروشتی مرۆڤ بۆ گوێڕایەڵیی بەو سیفەتە کە وێنای کرۆکی سیاسەت دەکات و گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی لەسەر بونیات دەنرێ، بێنینەوە بەرچاومان[1]، لەلای ئیبن خەلدون ئاماژەیەکی ڕوونی ئەم حاڵەتە دەبینین، ئەویش لەو گوتانەیدا کە باس لە درێژی

---

١- بدوي، محمد طه. المنهج في علم السياسة، الإسكندرية، المكتب الجامعي الحديث، ٢٠٠٠م، ص٣١.

ماوەی پەیوەندی مرۆڤ بە دەوڵەتەوە دەکات، لە بەدوایەکداهاتنی دەستەڵاتەکاندا، بەجۆرێ کە گوێڕایەڵیی سیاسی دەکاتە مەسەلەیەکی ئاسایی و بەهایەکی جیاکەرەوە لە شتانیتر، کە مرۆڤ لەسەر ئاستی هەستیی دەجوڵێنێ بێئەوەی هۆشیاری پێویستی هەبێت لەسەر ڕاستێتی ئەو پاڵنەرانە[1].

ت- ڕەهەندی باوەڕیی پاڵنەرە بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی:

هەرچەندە قوتابخانەی ڕەفتاریی لە زانستە سیاسییەکاندا دیاردە سیاسییەکان وەک دیاردەیەکی داماڵراو لە بەهاکان پێشکەش دەکات، بەڵام لێرەدا ئاراستەیەکی گەشەسەندوو بوونی هەیە، کە کاریگەری بەها لەسەر ڕەفتاری سیاسی بە هەند دەگرێ، ئەمەش خۆی لەو ئاراستەیەدا دەنوێنێ کە بەدوای ئاراستەی ڕەفتارییدا دێت، چونکە قوتابخانەی فەرەنسی لە پێناسەکردنی بۆ زانستی سیاسی، هاتووە نێوان بەدەستهێنانی دەستەڵات بۆ هێزی داسەپێنەر و زاڵبوو لە کۆمەڵگادا و نێوان (لایەنی ویژدانی) دەبەستێت بەیەکەوە، کە هێزێکە ئاراستەی بوارە بەهاییەکە دەکات، دەستەڵاتیش بەشێک لە ڕەوایەتی خۆی لەوەوە وەردەگرێ[2].

بەڵام ئامادەبوونی ئەم بەهایە لە هزری خۆرئاواییدا هەر کز و لاوازە، چونکە گوێڕایەڵیی سیاسی هەر وابەستەیە بەو ڕووبەرەوە کە یاسا لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا پڕیدەکاتەوە، هەروەها بەو هێزە بەرپەرچدەرو چاودێریکارەوە کە دامەزراوەکان هەیانە، لەبەرئەوە دەبینین کە فەیلەسوفی ئەمەریکی جوزایا رویس ڕەخنە دەگرێ لە دانەمەزراندنی پرسی لایەنداریی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاین، هەروەک لای یابانییەکان -بۆ نمونە- هەیەو ئەوان وادەبینن کە نیشتمانەکەیان بەشێکە لە ئاین[3].

---

١- ئیبن خەلدون دەڵێ: (ئەگەر سەرۆکایەتی لەناو ژمارەی ئەوانەدا کە تایبەتن بە دەستەڵاتەوە لە دەوڵەتدا جێگیربوو، ئەوانیش بەشێوەی یەک بەدوای یەکدا چوونە سەر تەختی دەستەڵات، ئەوا خەڵکەکە حاڵی ئەوانەی پێشیان لەبیردەچێتەوەو کاری سەرۆکایەتی لەناو ئەو ژمارەیەدا بەهێز دەبێت، لە بیروباوەڕیشدا باوەڕی ملکەچیی و تەسلیمبوون بۆیان ڕیشک دادەکوتێ، ئەوکات خەڵکیش هەروەک چۆن لەسەر باوەڕە ئیمانییەکانیان دەجەنگن ئاواش لەپێناو ئەواندا بەتەنیشتیانەوە دەجەنگن، ئەوکاتیش ئیتر هیچ پێویستیان بە گەورە دەستەی شەقاوە نابێت بەڵکو هەروەک ئەوە وایە کە گوێڕایەڵیی پەڕاوی خوای گەورە بکەن، نە دەگۆڕێ و نە کار بە پێچەوانەشی دەکرێ) بڕوانە:

- إبن خلدون، المقدمه، ل٢٦٦.

٢- بدوي، المنهج في علم السياسة، ص٢٩.

٣- رويس، جوزايا. فلسفة الولاء، ترجمة: أحمد الأنصاري، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ٢٠٠٢م، ص١٣٦.

بەڵام لە ئیسلامدا ئەوا بوونی ماددی تاک جیاناکرێتەوە لە بوونی رەوشتیی، لەبەرئەوە حەزی بەرجەستکردنی دەستەڵات بۆ بەهاکانی دادەنرێ بە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ چوونەژێر فەرمانەکانی. موسڵمانیش بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی گوێڕایەڵیی خۆیداوە بە دەستەڵات مادامێ وێنای لانیکەمی بەهاکانی دەکات، باوەڕەکەی دەپارێزێت، کەواتە موسڵمان یان بە حەزی خۆی گوێڕایەڵیی دەستەڵاتە، یان لە ترساندا یان لە خۆشویستندا یان لە ئایندارییەتی[1]. جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئیبن خەلدون لە پرسی گوێڕایەڵی دەستەڵاتی سیاسیدا گرنگییەکی زۆر دەدات بە ڕەگەزی دەمارگیری، هەر لە ڕەفتارکردن بەرانبەر دەستەڵاتی سیاسی ڕۆڵێکی سەنتەری دەدات بە پاڵنەری ئاینی، وادەبینێ کە عەرەب بەبێ ئاین نە ملکەچ دەبن و نە پێکەوە دەیانکرێ، ئەم پاڵنەرەش لە هەموو ئەو قۆناغانەدا کە دەوڵەت پیایاندا تێدەپەڕێ هەر ئامادەبوون و زیندوویەتی خۆی هەیە، بە ئاستێ کە ئەگەر دەوڵەت لە ئاین لایدا ئیتر هۆکاری گوێڕایەڵیکردنی بوونی نامێنێ[2].

بەڵگەنەویستە کە باوەڕ ڕەهەندێکی ژیاری و بەهایی دەدات بە گوێڕایەڵیی سیاسی، لە ئاستی پەیوەندی ماددییەوە لە نێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەرداردا دەیگوێزێتەوە بۆ ئاستێک کە (ڕێزگرتن لە پرەنسیپە باڵاکان کە هەڵقوڵاوی شەرعیەتی ئاینین) تیایدا ببنە خولگەی پەیوەندی لە نێوان هەردوولایەندا[3]، بەجۆرێ کە هەرکات دەوڵەت نزیککەوتەوە لە ڕۆڵی خۆی واتە بەرجەستەکردنی باوەڕی کۆمەڵگا و نمونە ژیاریەکەی ئەوا تاکیش نزیکدەکەوێتەوە لە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی، کەواتە گوێڕایەڵی پەیوەندییەکی میکانیکی نیە لە نێوان فەرمانڕەوایەکدا کە فەرمانبکات و فەرمانبەردارێکدا کە گوێڕایەڵ بێت و بەس، بەڵکو -کە ڕەهەندی باوەڕیی بۆ زیادکرا- بریتی دەبێت لە کۆمەڵێک ڕۆڵ کە تاک و دەوڵەت چوونیەک رێکخراون تیایدا، ئەوەش لەتوێی یەکەیەکی یەکگرتوودا بۆ دەستەبەرکردنی کارایی ژیاری ئوممەت.

---

١- الدينوري، إبن قتيبة، عيون الأخبار، القاهرة: مكتبة دار الكتب المصرية، ١٩٢٥م، ج١، ص٧.

٢- إبن خلدون، المقدمة، ل٢٦٦.

٣- ربيع، حامد. الفرد والدولة بين التصور والممارسة في التقاليد الإسلامية، ضمن كتاب سلوك الممالک في تدبير الممالک لإبن أبي ربيع، المقدمة، ص٢١٢.

## دووەم: تەمومژی گوێڕایەڵیی لە هزری ئیسلامی دا

**١- پەیدابوونی بیرکردنەوەی ئیسلامی لەسەر پرسی گوێڕایەڵیی و خاڵە سنوردارەکانی:**

کۆمەڵێ خاڵی سنوردار هەن کە کاریگەربوون لەسەر مامەڵەکردنی هزری سیاسی ئیسلامی لەگەڵ پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەوانیش ئەگەرچی پەیوەستن بە واقیعەوە و لەبارن بۆ کاریگەربوون بە بیرۆکەکانی، بەڵام سێبەریان هەر لەگەڵ بیرکردنەوەی سیاسی ئیسلامیدا بووەو لە قۆناغە جیاوازەکانیدا لێی جیانەبووەتەوە، جا لەپێش قسەکردن لەسەر ئەو خاڵە سنوردارکەرانە جێگای خۆیەتی سەرنجێکی خێرا بخەینە سەر پەیدابوونی بیرکردنەوەی ئیسلامی لە مەسەلەی سیاسیدا بە گشتی، هەروەها مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسی بەتایبەتی، بەو پێیە کە ئەو پەیدابوونە کاریگەربووە لەسەر ڕێڕەوی هزری سیاسی ئیسلامی، و (سنورێکی بۆ کێشاوە پەرەسەندنەکەیی والێکردووە بگاتە مەبەستێک کە تێناپەڕێت لێی)[١].

موسڵمانان شێوەی زۆری بیرکردنەوەی ئیسلامییان دەربارە بە دەستەڵات بینیوە، ئەوەش لەو پێگەیەوە کە یەکێکە لە دیمەنەکانی بوونی کۆمەڵایەتی، پێویستییەکە لە پێویستییەکانی، کۆبوونەوەکەی سەقیفەی بەنی ساعیدەو سروشتی دایەلۆگەکان کە تیایدا ئەنجامدرا ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، جا وێڕای ئەو مانا قووڵەو بیرکردنەوەیە لە ئایندە کە لە گوتەکانی پشتیواناندا لە سەقیفە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بینرا، بەڵام گوزارشی لە هەڵوێستێکی کرداری دەکرد، بریتی نەبوو تەنها لە بۆچوونێکی تیۆری ڕووتی زۆر توندوتۆڵ و جوان ڕێکخراو، ئەمەش وامان لێدەکات بیرمان چڕبکەین لەسەر پەیدابوونی پلەبەندی مێژوویی هزری سیاسی ئیسلامی[٢]، ئەوەش لەو پێگەیەوە کە هزر بەرپا نابێت لەسەر هەڵوێست، بەڵکو کاریگەرە بە بۆچوونەوە، بۆچوونیش ئەگەرچی تۆوی کۆرپەلەیی و هەڵتۆقینی لە دایەلۆگی سەقیفەدا بەدیکرا، بەڵام لە ڕووی هزرییەوە تا قۆناغەکانی دواتر ڕێکنەخرا ئەویش لەسەر دەستی گروپ و کۆمەڵە جیاوازەکانەوە ئەوەکرا، کە بە هەموویانەوە بۆچوونی گشتیان لە پرسی دەستەڵاتدا بەرهەمهێنا.

لەڕاستیدا تێگەیشتن لە ڕاستێتی ئەو پەیدابوون و سروشتەی، ڕێگامان دەدات قسە لەسەر گرنگترین ئەو سنوردارکەرانە بکەین کە لە ئاراستەکردنی بزاوتی هزری سیاسی ئیسلامی و کاراییەکەیدا ڕۆڵی جیاوازیان گێڕاوە، ئێستەش

---

١- الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص١٨.

٢- ئەمە هەمان بۆچوونی دکتۆر ریس ە، بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

بەمشێوەیەی لای خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**أ- ئەزموونی مێژوویی:**

هزری سیاسیی ئیسلامیی مەعریفەی خۆی لە ڕووداوەکانەوە وەرگرتووە، لە کۆمەڵێ هەڵوێستی مێژوویی پێش خۆی، لەوانە: دایەلۆگی سەقیفە، شەهیدبوونی خەلیفە عوسمان، ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان پێشەوا عەلی و موعاویەدا، شۆڕشی حوسەین و شەهیدبوونی لەسەردەمی یەزید دا، ئەم سیفەتی گەڕانەوە بۆ دواوە ڕوخسارێکی دەمەقاڵەیی بە هزری سیاسیی ئیسلامیی بەخشی، وایلێکرد ببێتە ئامرازێکی مەعریفی جەنگە سیاسییەکانی پێش خۆی، هەروەها پشکی هەبوو لە دوورخستنەوەی لەوەی لە واقیعدا بژی، هاوکات بەگەڕخستنی بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێستە مێژووییەکان، ئینجا پێشکەشکردنی بەشێوەی تیۆری زیندوو کە شایانی ژیانن.

شیعە لەسەر دەستی هیشامی کوڕی حەکەم (١٩٩ک.م) و ئیبن مەیتەمی تەممار (٢٥٠ک.م)دا دەستیاندایە داڕشتنی هزری سیاسی خۆیان، ئەوەش لەپاش تێپەڕینی دەیان ساڵ بەسەر نەمانی جێنشینی پێشەوا عەلی، زەمینەسازیان کرد کەماڵبات (آل البیت) هەقدارترن بە جێنشینی، بەڵام لە ئەهلی سوننەدا ئەبو حەسەنی ئەشعەری (٣٢٤-٢٦٠ک) یەکەم کەس بووە بەردی بناغەی زانستیی بۆ تیۆرەکەیان داناوە، ئینجا ماوەردی (٤٥٠ک.م) و جوەینی پێشەوای حەرەمەین (٤٧٨-٤١٩ک) بەدوایدا هاتوون، ئەوەش لەدوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کێشە گەورانەی مێژووی ئیسلامیدا.

بێگومان کاری تیۆریزەکاریی، بە کارکردن بە باگراوندی پێشتر، ڕەهەندێکی ڕابردوو ئامێزیان بە هزری سیاسیی ئیسلامیی بەخشیوە کە هێشتا نەیتوانیوە خۆیی لێ ڕزگار بکات. درێژکراوە مەعریفییەکانی ئەو گروپانە لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا، کە هێشتا هەندێکیان هەر مشەخۆری دەکەن لەسەر مێژووی ناکۆکی و ململانێکان لە سەردەمی یەکەمی ئیسلامدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەدەن، شاراوەش نیە کە ئەم مەسەلەیە هزری ئیسلامی لادا لە گرنگیدان بە واقیع و لە ژیانبردنە سەر وەک پێویست لەگەڵیدا، بەڵکو پشکی هەبوو لە ململانێ و مەسەلە لاوەکییەکاندا، بەمەش توانای خۆی لەدەستدا، وایلێکرد دووربکەوێتەوە لە واقیعی ئوممەت و لە کێشە زیندووەکانی، دکتۆر حامید ڕەبیع لەمبارەیەوە دەڵێ: (لەڕاستیدا هزری سیاسیی ئیسلامیی لە زۆربەی نمونەکانیدا دەربڕینی ڕوونی پێشکەش نەکردووە کە توانای هەبێت لەسەر ژیانبردنەسەر لەگەڵ کێشەکانی

کۆمەڵگای ئیسلامیدا، غەزالی کە هاوچەرخی هێرشی خاچپەرستی بووە لێدوانێکی نیە لەسەری، فارابیش واقیع جیدیڵێ و لە شارە باشەکەیدا دەژی، ئیبن خەلدونیش هەموو ئەو لەت و پەت بوون و لێکترازان و هەڵوەشاندنە دەبینێ و هەوڵنادات ئامۆژگاریی پێشکەش بکات، ئیبن روشد لەناو کارەساتی دارمانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەندەلوسدا ژیاوە، کەچی دێت بەرپەرچدانەوەو یەکتر بۆڕدان لە نێوان فەیلەسوفەکان و غەیری فەیلەسوفەکاندا زیندوو دەکاتەوە، جا بەو ئاستە کە هزری سیاسی ئیسلامی وەک تەنها کەلەپورێک هەڵکەوتووە و پێگەیشتووە، ئەوا بە هەمان ئاست وەک کەلەپور شکستیهێناوە لەوەی بتوانێ پەیوەست بێت بە واقیعی عەرەبییەوە)[1].

ئەم مەسەلەیە لای موعتەزیلەکانیش جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە، چونکە ئەوان ئەگەرچی دوورکەوتونەتەوە لە کارکردن بە تیۆریزەکاریی مێژوو، بەڵام هزری سیاسیان لەسەر باگراوندی هێنانەوەی بەشەکانی ململانێ لە نێوان پێشەوا عەلی و موعاویەدا هەنگاوی هەڵگرتووە، لێرەوە هاتوون ڕەهەندێکی باوەڕیان بە ململانێیەکە داوە: پلەیەک لە نێوان دوو پلەدا، کە لەوانەیە ئەو شتە لە زەینی خودی لایەنە بەگژیەکدا هاتووەکاندا بوونی هەبووبێت، بەڵام خەواریجەکان تەنها بیرکردنەوەیەکی کردارییان هەبووە کە پەیوەست بووە بە ڕووداوی ناوبژیوانیەوە، خراپ تێگەیشتن لە دەقە قورئانییەکان کاریگەری گەورەی هەبووە تیایدا.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، بریتییە لەوە کە زۆرێک لە ڕەوتەکانی هزری سیاسی ئیسلامی -هەریەکەو بە پلەی جیاواز- بەو سیفەتە مامەڵیان لەگەڵ مێژوودا کردووە کە گەنجینەیەکی ئایدیۆلۆژی ململانێکانە، ئەم مەسەلەیەش وایلێکردووە دووربکەوێتەوە لە هەوڵی پێشکەشکردنی ڕاڤەی کۆمەڵایەتی بۆ ململانێکان[2]، یان مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە میتۆدێکی ڕەخنەگرانە کە بتوانرێ لە ڕاستکردنەوەی ژیانی ئوممەتدا پشتی پێببەسترێ، هەر ئەوەیان پێباش بووە دەستکۆتا بن بە حوکمدان لەسەر (کەسەکان) یان (بەکافرکردن) یان بە (گوناهباریی و دووڕوویی) یان بە (بیدعەگەریی)[3].

---

١- ربیع، الفرد والدولة بین التصور والممارسة في التقالید الإسلامیة، ص٢١٣.

٢- ئەم هەوڵە دواتر لەگەڵ ئیبن خەلدون دا لە مقدمەکەیدا دەرکەوت.

٣- وەک ئاماژەیەک بۆ نەمانی مامەڵەی میتۆدی لەگەڵ ڕووداوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا بڕوانە گوتەی شەهرستانی (٥٤٨ک) لەبارەی خەواریجەکانەوە کە دەڵێ: (لەم هەڵەیەوە هەنگاویان نا بۆ بەکافرکردن و نەفرەتیان لە عەلی -خوا لێی رازی بێت- کرد)، کەواتە خەواریجەکان تەنها دەستکۆتا نەبوون بە

ئەم شێوازی گەڕانەوەیەی هزری سیاسی ئیسلامیی بۆ دواوە بە کارکردن بە میتۆدی (حوکمدان لەسەر کەسەکان) ئاراستەیەکە لەسەر پێشینە مێژووییە لاوەکیەکان بونیاتنراوە، پێوانەکردنە لەسەریان ئەمە وێڕای جیاوازی بارودۆخ و جیاوازی حاڵەتەکان[1]. ئەم گرفتە میتۆدییە لە پێوانەکردنی مەسەلە لاوەکییەکاندا روونتر دەردەکەوێ، هەندێکیان ڕێگایانداوە کە بەیعەت تەنها بە ڕەزامەندی دوو کەس دادەمەزرێ، ئەمەش بە پێوانەکردن لەسەر بەیعەتدان بە ئەبوبەکری صدیق لەلایەن عومەری کوڕی خەتتاب و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحەوە لە رۆژی سەقیفەدا، کەسانێکیتریش ڕێگایانداوە بە پێسپاردنی کاربەدەستی ئەویش بە پێوانەکردن لەسەر کارەکەی ئەبوبەکری صدیق بەرلە مردنی کە گەورەمان عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێیان رازی بێت) ڕاسپارد، تاقمێکی تریش وادەبینن پەیڕەوکردنی کرداریی لەلایەن ئیبن عومەرەوە بە گوێڕایەڵیکردنی کەسی زاڵبوو و نوێژکردن لە پشتییەوە بووەتە پاساوێک بۆ داواکردن بە ڕەوایەتی فەرمانڕەوایی کەسی فاسیق و ئارامگرتن لەسەری، لێرەدا شاراوە نیە کە تا چ ئاستێ زەحمەت و قورسی لە پشتەوەی ئەم پێوانەکارییە مێژووییانەدا هەیە، کە بوونەتە هۆی شێواندنی هزر، بوونەتە پاساوهێنانەوە بۆ زاڵبوونی واقیعی زۆرەملێی سیاسی، بوونەتە هۆی بەهێزکردنی دەستەڵاتە جۆراوجۆرەکان لە گەڕان بەدوای فێڵ و بیانوودا بۆ خۆدەربازکردن لە شورا و لە بەیعەتدان، بۆ دەربازبوون لە ڕشتەبەندیی پرەنسیپە ئیسلامییەکان کە کاری سیاسیی مەرجدار و سنوردار دەکەن.

لەلایەکی ترەوە، هێنانەڕووی چڕوپڕی مێژوو نەوەستاوە تەنها لە سنوری دواخستنی گرفتە گەورەکان بۆ پاشتر تا هەستێ بە گێڕانی ڕۆڵی ڕێنماکاری بزاوتی هزر و واقیعی سیاسی چوونیەک، بەڵکو کاوێژکردنی پێکهاتە دەروونیەکانیشی گرتووەتەوە کە ئەو ململانێیانە بەرهەمیانهێناوە، لێرەدا ئاماژە بەو تۆقین و شڵەژانە دەدەین کە لە ترسی ڕوودانی فیتنە تووشی هەندێ تەوژمی هزری سیاسی ئیسلامی بووە، وایلێکردوون چاوپۆشی بکەن لە ستەمکاریی و تاکڕەوی لە ترسی ئەوە نەبادا ئەو فیتنەو شەڕانە دووبارە ببنەوە، ئەم حاڵەتە هانیداون

---

هەڵەکردنی سیاسییەوە بۆ ڕووداوی ناوبژیوانی بەڵکو بازیانداو چوون بەرەو بەکافرکردن. بڕوانە:
- الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أحمد. الملل والنحل، بيروت: دار المعرفة، ١٤٠٤ه، ج١، ص١١٤.

١- بڕوانە: صافي، لؤي. العقيدة والسياسة معالم نظرية عامة للدولة الإسلامية، هيرندن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط٢، ١٩٩٨، ص٣٠.

بگەڕێن بەدوای حیلە شەرعی و پاساودا، چونکە دوورکەوتنەوە لە کەوتنەناو فیتنەیان خستووەتە پێش هەر شتێکیتر، ئەمە بێئەوەی بڕواننە لێکەوتەکانی ئاراستەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لەسەر ژیانی موسڵمانان.

جگە لەوەش، هاتوون کەوتوونەتە کاوێژی کەلەپوری خەواریجەکان و گەورەیان کردووە، هاتوون وێکچواندنیان کردووە لە نێوان (یاخیبوون) و نێوان بەرەنگاربوونەی دەستەڵاتی ستەمکاریدا، ئاجەری کە ساڵی (٣٦٠ک.م) دەڵێ: (ئەگەر هاتوو -فەرمانڕەوایەک- بە ستەم لێیدایت و ناموسی لەکەدار کردیت و ماڵ و سامانەکەتی بردی، نابێ ئەمە وات لێبکات لێی یاخی ببیت و شمشێری لێهەڵکێشی و لەدژی بجەنگی، نەکەی لەگەڵ کەسێکی دەرەکیدا یاخی ببیت و شەڕ لەدژی بەرپا بکەیت...)[1]. ئەم دەقە وەک نمونەیەک لەسەر (گرێکۆڵەی خەواریجەکان) دەهێنرێتەوە کە لە مەسەلەی گوێڕایەڵی سیاسیدا کاریگەری لەسەر هزری سیاسیی ئیسلامی هەیە و بووەتە زۆرترینی مەرجە سنوردارەکان.

ب- واقیعی سیاسیی:

ئاماژەمان بەوەدا کە پەیدابوونی هزری سیاسیی ئیسلامیی پەیوەست بووە بە کۆمەڵێ گرفتەوە کە مۆرکی مێژوویيان هەیە، ئەم حاڵەتە ئەوەی لێکەوتەوە کە ناڕوونییەک لە دیاریکردنی کێشەکانی واقیعی ئیسلامیدا دروستبوو، ئەوەش لەلایەکەوە بە هۆی جیاکاری نەکردن لە نێوان ئەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە ڕاستییە زمکانییە ڕووتەکان و دەرهاویشتە بابەتییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، وە نێوان مەسەلە گۆڕدراوەکانی واقیعی سیاسی کە سیستمە سیاسییە یەک لەدوا یەکەکان لەبەرئەنجامی پیادەکردن و ڕێساو و ڕێکخستنەوە سەپاندوویانە لەلایەکی ترەوە، چونکە زۆربەیجار وەها هەڵسوکەوت کراوە لەکەڵ هەردوو مەسەلەکەدا کە یەک شتن، جا بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ئەو مەسەلەیەدا کە بە واقیعێکی بابەتی دادەنرێ و تا -ئاستێکی زۆر- وێنای لایەنی نەگۆڕی دیاردەی سیاسی یان چوارچێوە زمکانییەکەی دەکات و نێوان واقیعی سیاسی لاوەکی کە وێنای لایەنی گۆڕدراو دەکات تیایدا، ئەوا دەتوانرێ بڕوانرێتە فراوانی جوگرافیای دەوڵەتی ئیسلامی کە لەبەرئەنجامی فتوحاتەوە هاتووە، بەو سیفەتە کە واقیعێکی بابەتییەو وەڵامگۆی ئەوە بووە، ئەویش لە ڕێگای بە مەرج نەگرتنی کۆدەنکی چاکەخوازان: ئەهلی حەلل و عەقد لە هەموو ناوچەکاندا لە

---

١- الآجري، أبو بكر محمد بن الحسين. الشريعة، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م، ص٤٠.

کاتی هەڵبژاردنی پێشەوادا، ئەمەش بەهۆی دووری ناوچەکان لەیەکتری، کە ئەمە لەلای ئیبن حەزم بەدی دەکەین[١]. چونکە فراوانی سنوری جوگرافی جێنشینیی عەبباسی کۆمەڵێ ئاستەنگی گەورەی لەبەردەم پیادەکردنی کرداریی سیاسی ئەو سەردەمەدا هێناوەتە کایە، کەواتە هەردەبوو بە شێوازێکی بونیاتنەر هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ[٢]. بەڵام مەسەلەکە لە سنوری ئەو ڕاستییە بابەتیەدا نەوەستا، بەڵکو زۆربەی فیقهناسان وتوویانە کە دروستە پێشەوایەتی گرێبدرێ بە یەک کەس یان دووان یان چوار کەس کە خاوەنی هێز و توانابن لە مەڵبەندی جێنشینیدا، بەمەش مافی هەڵبژاردنی سنوردارکردووە لە ژمارەیەک کەسانی خاوەن هێزدا، لەوانەی لە بنەڕەتدا یان دەمارگیریی فەرمانڕەوایین یان بەشێکن لە پیاوانی دەرباری مەڵبەندی جێنشینیی یان پیاوانی دەوڵەتن، ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە ناگەڕێتەوە بۆ کارلێکی هزر لەگەڵ واقیعی سیاسیدا، بەڵکو بۆ کاریگەربوونی بە کۆمەڵێ سیاسەتی ئیدارەو ڕووداوی گۆڕدراوەوە، لە کرۆکیاندا لەبەرئەنجامی حەزی خۆسەپاندن و دەستگرتن بە دەستەڵاتەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە فەرمانڕەواکان بە جۆرەها شێوە پیادەیان کردووە، دواجار بوونەتە هۆی لاوازبوونی دەوڵەت، بوونەتە هۆی تاکڕەویی تورک و بوهیی و سەلجوقیەکان و قۆرخکردنی دەستەڵات لەخۆیاندا[٣].

---

١- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، القاهرة: مكتبة الخانجي، ، ج٤، ص١٢٩.

٢- ئەم سنوردارییە جوگرافیە دەمەقاڵەیەکی هزری لە پرەنسیپی جێنشینیدا نایەوە، ئەوەتا دەبینین کە عەبدولقادری بەغدادی (٤٢٩ک) ڕەوایەتی هەبوونی دوو پێشەوا لە یەک سەردەمدا دەبەستێتەوە بە (بوونی دەریایەکی ڕێگر) لەنێوانیاندا، جوەینیش لە ئەبو حەسەنی ئەشعەری و ئەبو ئیسحاقی ئیسفراینی یەوە -لەگەڵ ڕاجیاوازی خۆی لەو مەسەلەدا لەوان- دەگێڕێتەوە کە وتوویانە دروستە دوو پێشەوا لە یەک کاتدا هەبن ئەوەش بەهۆی (فراوانی پلان و باڵادەستی ئیسلام بەسەر وڵاتی لێکجیاوازدا و بەسەر دوورگەکاندا لەناو دەریای شەپۆلدەردا، بڕوانە:

-البغدادي، عبد القاهر بن طاهر بن محمد. أصول الدين، أستانبول، مطبعة الدولة، ١٠٢٨م، ص٢٧٤.

- الجويني، أبو المعالي. غياث الأمم في التياث الظلم، الإسكندرية: دار الدعوة للنشر والتوزيع، ص١٢٨.

٣- بە هیچ جۆر ناتوانرێ شارەزایی پێویست بەسەر هۆکارەکانی لاوازبوونی دەوڵەتی عەبباسیدا بەدەست بێت، بێئەوەی حەزی سەرکێشانەی هەندێ لە جێنشینە عەبباسیەکان بۆ گرتنەدەستی دەستەڵات بەهەند نەگرین کە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەو لاوازکردنەدا، لە ڕووی مێژوویشەوە یەکەمین شەپۆلەکانی لاوازی لە جێنشینیی عەبباسیدا لە کاتی ئەو شەڕەدا هاتەڕوو کە لە نێوان ئەمین و مەئمون دا ڕوویدا، هەندێ سەرچاوەی مێژوویی باسیانکردووە کە هارونە ڕەشید جێنشینیی بۆ دوای خۆی داوەتە دەست سێ کوڕی: ئەمین و مەئمون و موئتەمەن یەک بەدوای یەکدا، هاتووە هەموو هەرێمەکانی دابەشکردووە بەسەریاندا، سیوتی دەڵێ: (کاتێ دنیای لە نێوان ئەو سێ کوڕەدا دابەشکرد هەندێ لە ژیرمەندان وتیان: بەڕاستی نەگبەتی و نەهامەتی خستە نێوانیان و ئەم ئیرەییە زیان بە ئوممەت دەگەیەنێ، هەر بەڕاستیش سەرئەنجامی ئەو دابەشکردنی جێنشینییە بەو شێوە ئاوێتەیە دەوڵەتی لەدوای خۆی لاواز کرد و کوڕەکانی

لەڕاستیدا چەکی هێز کە هزری ئیسلامی بەدەوریدا سوڕاوەتەوە، بە پلەی سەرەکی خزمەتی بەو هێزە شەڕکەرانە کردووە کە لە پایتەختی جێنشینیدا بۆ ماوەیەک باری خۆیان خستبوو، ئەمە بەرلەوە ئەو لاوازی و دنیاویستییەی کە تووشی جێنشینیی عەبباسی ببێت بەسەر ئەوانیشدا بێت، گرنگتر لەوەش، ئەو هێزە شەڕکەرانە -دوای ئەوە کە چوون بەڕێی خۆیانەوە- ئاسەواری بیرۆکەی هێز و دەسەڵاتی خۆسەپێنیان بۆ موسڵمانان جێهێشتووە، کە بونیادە تیۆرییەکەی بەپێی دەرهاویشتەکانی واقیعی سەدەی چوارەمی کۆچی هاتەکایە، دواتریش بە ڕۆیشتنی ئەو بارودۆخەی هێنایەکایە ئیتر ڕزگاربوون لێی زەحمەت بوو، ئەمەش نە لەبەرئەوە کە ڕووداوێکی هەڵاوێردنەکراوە لە مێژووی ئیسلامیدا، کە لەپێش ئەمەوە وێنەی سەرەتایی بۆ دیمەنەکانی زاڵبوونی سیاسی هەبووەو بەس،

---

بووە شەڕیان، ئەمەش ڕێگای لەبەردەم سوپادا خۆشکرد دەست وەربداتە لادانی جێنشینەکان و پشتگیری لە هەندێکیان بکات دژ بەوانیتریان، لێرەوە دیاردەی (پشتبەستن بە کەسانی لایەندار و ماستاوچییان) بە دەستەواژەی ئیبن خەلدون سەریهەڵدا، کاتێکیش موعتەصەم گەیشتە جێنشینیی (٢١٨ک) پشتی بەست بە بەسەربازگرتنی تورک و هێنانی بۆ پایتەخت و دەستەڵاتی زۆری لە وەزارەتەکانی دەوڵەتدا پێدان، کاتێکیش کە خەڵکی بەغدا بێزاریان دەربڕی لە هەڵسوکەوتی سەربازانی تورک، موعتەصەم هات لە دەرەوەی بەغدا شارێکی بۆ دروستکردن بەناوی سامەڕا، ئینجا کردییە مەڵبەندی جێنشینیی، کارەکە هەر بەمجۆرە بەردەوامبوو تا موعتەزید (٢٧٩ک) هات  و سەرلەنوێ بەغدای کردەووە بە پایتەخت، وەک هەوڵێک بۆ دوورخشتنەوەی جێنشینیی لە دەستەڵاتی تورکەکان، دەوڵەتی عەبباسیش بە کۆتاییهاتنی موتەوەکیل (٢٣٢-٢٤٧ک) چووە سەردەمی دووەمی، بەڵام موتەوەکیل بەهەمانشێوە جێنشینیی سپارد بە سێ کوڕەکەی ئەوانیش: مونتەصیر و موعتەز و موئەیید بوون، هەریەکەیانی خستە سەر هەرێمێک لە هەرێمەکانی دەوڵەت، هەرکە موتەوەکیل کوژرا ئیتر ململانێ لە نێوان سێ کوڕەکەیدا بەرپابوو، ئەمەش هەلی بۆ گەورەبوونی دەستەڵاتی سەربازی تورکەکان ڕەخساند لەناو کاروباری جێنشینیدا، ئەم دەستەڵاتە بەردەوامبوو تا بوهیەکان لە ساڵی (٣٣٤ک) بە بانگهێشتی موستەکفی (٣٣٣-٣٣٨ک) هاتنەناو پایتەختی جێنشینی کە بۆ رزگاربوون لە تورکەکان پشتی بە بوهیەکان بەست، بەمەش دەستەڵاتی بوهیەکان لە کاروباری جێنیشنیدا گەورەبوو و کردیانە دەستەڵاتێکی ڕواڵەتی و ڕۆتینی کە هیچی بەدەست نەبوو، دوای ئەوە کە دەستەڵاتی بەنی بوەیە لەسەر جێنشینیی زۆر بوو، جێنشین قائم بأمر الله (٤٢٢-٤٦٧ک) پەناییبرد بە سەلجوقیەکان و هێنانی بۆ پایتەختی جێنشینی. هەندێ لە سەرچاوەکان باسیان کردووە کە توغرول بەگی سەرۆکی سەلجوقیەکان دوودڵ بووە لەوەی بێتە بەغداد، بەڵام قائم بأمر الله ی جێنشین زۆر داکۆکی لێکردووە کە بێت، نامەی سەرۆک وەزیرانیی و دەستەڵاتپێدانی بۆ نارد، ئینجا توغرول بەگ لە ساڵی (٤٤٧ک) هاتووەتە بەغدا و ئیتر دەستەڵاتی سەلجوقیەکان دەستی پێکردووە و هەموو کاروبارێکی جێنشینیی تا ساڵی ٤٨٥ک کەوتووەتە دەستەیان.

بڕوانە: السيوطي، جلال الدين. تأريخ الخلفاء، بيروت: دار الجيل، ط٢، ١٩٩٤م، ص٣٤٨، ٣٩٣، ٤٦٠، ٤٨١.

- أبو النصر، محمد عبد العظيم، السلاجقة تأريخهم السياسي والعسكري، القاهرة: عين للدراسات...، ٢٠٠١م، ص٥٦-٦٥.

بەڵکو لەبەرئەوە کە پشت ئەستور و بەهێزبوو بە کەلەپورێکی زەبەلاح لە نوسینە تیۆرییەکان، کە دواتر ئەو هزر و چەمکە نوێیانە پشتییان بەو بەست.

ئەگەر کەمێک ئاوڕبدینەوە بە لای ماوەردی دا کە لەسەر دەستی ئەو بیرۆکەی زاڵبوون گەڵاڵە بوو، دەبینین کە ماوەردی مامەڵەی لەگەڵ واقیعی سەردەمی خۆیدا کردووە، ئەویش لە پێگەی هەوڵدانی بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتێکی سەرەکی کە تایبەت بووە بە سەردەمی خۆیەوە، کە بریتی بووە لە زاڵبوونی ئەمیرە بەهێزەکانی هەرێمەکان بەسەر مەڵبەندی جێنشینیدا[۱]، بەڵام جیاکاری نەکردووە لە نێوان ڕەگەزی نەگۆڕ و گۆڕدراوی ئەو واقیعەدا، لێرەوە سەیری ئەمیرە زاڵبووەکانی کردووەو ئوممەتی فەرامۆشکردووە بەو سیفەتە کە هێزێکی کۆمەڵایەتییە، لە کاتێکدا کە دەکرا جێنشینیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەمیرانە پشتی پێببەستایە، بریا تیۆری ئیسلامیی هەر لە سەرەتاوە پارێزگار و پێداگر بوایە لەسەر ڕۆڵی کارای ئوممەت لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوادا ئەویش بەپێی شورایەکی ڕاستەقینە، بە نەگۆڕێک لە نەگۆڕەکانی پیادەکردنی سیاسەتی دابنایە، کەچی تیۆرەکە ئاراستەکرا بەرەو (گۆڕدراو) بە هەوڵدان بۆ لەخۆگرتنی لێکەوتەکانی، بە تیۆریزەکردنی لەناو خودی بونیادی مەعریفەی ئیسلامیدا، ئەوەش بە بەکارهێنانی گوتە سەرەکییەکانی وەک گوێڕایەڵیی و بەیعەت، ئەمە لەجیاتی ئەوەی بە ئاراستەی نەگۆڕدا بجوڵایە واتە: (ئوممەت)، ئەویش بە فراوانکردنی بواری شورا و چاککردنی سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جێنشینیی ئەو سەردەمە.

زۆرجار ئەم تیۆرە جیادەبوویەوە لە واقیعی ئەو بارودۆخە کە بەرهەمیهێنابوو، تا ببێتە یەکەیەک و لەسەر پێی خۆی بوەستێ، وەک بڵێی ڕەوایەتی خۆی لە ڕەگەزی جیاواز لە دەرەوەی ئەو بارودۆخە وەردەگرت کە هێناویەتە بوون. ئەمەش لەدوای سەردەمی ماوەردی لە بیرۆکەی زاڵبووندا ڕوویدا، لەڕاستیدا ماوەردی باسی (میرنشینی زاڵبوو)ی لە چوارچێوەی یەک دەوڵەتدا –ئەویش جێنشینیی عەبباسی بوو– کردووە، وایدەبینی بۆ بەردەوامبوونی جێنشینیی پێویستە دانبنرێ بە ڕەوایەتی فرەیی میرنشینەکاندا، ئەویش لەدوای نەتوانایی پارێزگاریکردن لە هەرێمە ئیسلامییە بەرفراوان و فرەجۆرەکان لەژێر یەک دەستەڵاتی کارادا، لەگەڵ هێشتنەوەی پارێزگاریکردن لە ڕایەڵەیەکی پەیوەندی ڕواڵەتی لە نێوان (میرنشینە دەستبەسەراگرەکان) و مەڵبەندی جێنشینیدا.

---

١٠– کاتێ هاتینە سەر قسەکردن لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسی لە ڕەوشی الأحكام السلطانية دا لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبە دەگەڕێینەوە سەر ئەم مەسەلەیە.

گوتەکانی ماوەردی بە هیچ جۆر شتێکیان تێدا نیە ئاماژە بەوە بدات کە زاڵبوون ببێتە بنەمایەک بۆ ڕەوایەتیدان بە خودی جێنشینیی، چونکە پێش َەوایەتی لای ئەو بە یەکێک لەم دووانە گرێدەدرێ یان بە هەڵبژاردنی ئەهلی حەلل و عەقد، یان بە ڕاسپاردنی پێشەوای پێشوتر[1]. بەڕاستی واقیعی ئەو بارودۆخە کە ماوەردی مامەڵەی لەگەڵ کردووە فەرامۆشکراوە، لێرەوە بیرۆکەی زاڵبوون دوای ئەو لە واقیعی خۆی جیابوویەوە و کەوتە مەلەوانی لە پانتاییەکی کراوەدا، گەیاندییە ئاستێ کە ببێتە ڕێسایەک بۆ بونیاتنانی خودی دەوڵەت و بنەمایەک بێت بۆ ڕەوایەتی دەستەڵات تیایدا.

لەڕاستیدا تیۆریزەکردن بۆ دیاردە تێپەڕیو و ناجێگیرەکان لە واقیعدا کارێکی بابەتی نیە، چونکە بە تێپەڕبوونی کات دەبنە (یاسایەک) و لە ڕێگایەوە هەوڵی

---

١- قازی ئەبو یەعلی فەرا حەنبەلی -کە هاوچەرخی ماوەردی بووە- چەمکێکی جیاواز بۆ زاڵبوون پێشکەش دەکات، چونکە زاڵبوون لای ئەو سنوردار دەکرێ بە یەک حاڵەتەوە، ئەویش هەبوونی میرە بەهێزەکانە کە شەڕیان بێت لەسەر دەستەڵات، قازی ئەبو یەعلی تەنها لەم حاڵەتەدا مامەڵە دەکات لەگەڵ ئەو دەرئەنجامەدا کە ئەو ململانێیە سەری لێیەوە دەردەچێت کە زاڵبوونی یەک لە میرەکانە بەسەر هاوشێوەکانیدا، بەڵام مەسەلەی میری زاڵبوو کە دوای ئەوە بەوە دابنرێ پێشەوایەکی شەرعییە ئەوە بەستراوەتەوە بە بەیعەتدانی خەڵکی پێی لە بەیعەتێکی کۆمەڵیانەدا، چونکە قازی ئەبو یەعلی –بە پێچەوانەی ماوەردی-یەوە کۆدەنگی ئەهلی حەلل و عەقد بە مەرج دەگرێ بۆ دروستی پێشەوایەتی، بیرۆکەی سەرەکیش لێرەدا بریتییە لەوە کە زاڵبوون بە مانای ئەوە نایەت کە کەسێکی بەهێز ئوممەت ملکەچ بکات یان بەبێ بەیعەت پێشەوایەتی زەوتبکات، چونکە زاڵبوون لە خودی خۆیدا میکانیزمێ نیە بۆ پێسپاردنی دەستەڵات، هەروەها زاڵبوون نیە بەسەر ئوممەت و ملکەچکردنی دا، چونکە مافی ئوممەت لە بەیعەتدان بە کۆدەنگی ئەهلی حەلل و عەقد –هەروەک قازی ئەبو یەعلی بە مەرجی گرتووە- لەدەستناچێ، بەڵکو مەسەلەکە بریتییە لە زاڵبوونی میرێک بەسەر هاوشێوەکانیدا نەک بەسەر گەلدا، واتە ئەو پێشەوایەتییە وابەستەیە تەنها بە هەبوونی ململانێی سەربازییەوە لەسەر دەستەڵات، قازی ئەبو یەعلی ئەم باسە لە میانەی ڕاڤەکردنی گوتەیەکی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا دەخاتەڕوو کە دەڵێ: (هەرکەس بە شمشێر زاڵبوو تا ببێتە جێنشینی فەرمی و ناونرا پێشەوای باوەڕداران، ئیتر هەر کەسێک کە باوەڕی بە خوا هەبێت ڕەوا نیە دوودڵ بێت و بە پێشەوا بۆی نەڕوانێ، ئیتر دادپەروەر بێت یان فاسیق بێت)، پاشان دەڵێ –واتە قازی ئەبو یەعلی- لە ڕاڤەکەیدا دەڵێ: (ئەو گوتەیەی: ئەو کەسەی بە شمشێر زاڵدەبێت ئەوا ئەوانەی دەیانەوێ زاڵبن بۆ داواکردنی پێشەوایەتی، جا ئەگەر زاڵبوو بەسەریاندا و گەل بەیعەتی پێدا و بووبە جێنشین ئیتر بۆی نیە بە هەمان نەفەسی زاڵبوون بجوڵێتەوە). نزیکترین لێتێگەیشتن ئەوەیە کە ئەبو یەعلی دەستەواژەی (ناونرا بە پێشەوای باوەڕداران) کە هەروەک عەتتار لە پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەلەوە ڕیوایەتی دەکات کە ئەوە ئاماژەیەکە بۆ هەڵبژاردنی ئەهلی حەلل و عەقد بۆ کەسی زاڵبوو لە کۆدەنگییەکی ڕاستەقینەدا، نەک تەنها وەسفێک بێت و کەسی زاڵبوو و لەخۆیی بنێ، لە میانەی دەستەواژەکەو لەو ڕاڤەکردنەدا کە ئاماژەی پێدرا هەر ئەم تێگەیشتنەی لێدەکرێ. بڕوانە:

- الفراء، المعتمد في أصول الفقه، بيروت: دار الشرق، ١٩٨٦م، ص٤٢٢.

کۆنترۆڵکردنی (نەگۆڕ) دەدرێ، بەڵکو دەیدات بەزەویداو لەکاریدەخات، ئەوەش بە شێوازێک کە بەریەککەوتن لە نێوان هزر و واقیعی بابەتیدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر ڕوودەدات.

ئەم حەز و ڕەوتە زۆرجار یارمەتیدەر بووە لەسەر سەپاندنی ئەو واقیعە سیاسییە کە ئەنجامەکانی گۆڕدراون، بێئەوەی هزری ئیسلامی ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی لەوەدا هەبێت، بەڵکو بووەتە هۆی کزبوونی ئەو ڕۆحە نمونەییە کە هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوەی هزری ئیسلامیدا هەنگاوی هەڵگرت، چونکە لە زەینی موسڵمانانی سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکاندا ئەوە نەبووە کە ڕۆژێک بێت دەمەقاڵە لەسەر دروستی گرتنەدەستی فەرمانڕەوایی لەلایەن کەسێکی فاسیق یان ستەمکارەوە دروست ببێت. هەروەها ڕۆژێک بێت بگەینە دۆزینەوەی هێڵی چەماوەی داکشان لە بیرکردنەوەی سیاسی ئیسلامیدا کە گەیاندوویەتە مشتومڕ لەسەر گرتنەدەستی کار لەلایەن باشترین یان باشترکراو، یان دەمەقاڵە لەسەر گرتنەدەستی کار لەلایەن ستەمکار یان ستەمکارێک کە ستەمکارییەکەی لەو کەمتر بێت[1]، ئەم بۆچوونە وێنای گەڕانەوەی پاشەوپاشە لە بیرۆکەی نمونەیی بیرکردنەوەی سیاسی ئیسلامیدا، لە هەمانکاتیشدا ئاماژەیە بۆ وێنەی ئەو واقیعە کە بووە ئەرکی هزری سیاسی ئیسلامی مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

لەڕاستیدا، واقیعی سیاسیی گۆڕدراو ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە دیاریکردنی ئاراستەی هزری سیاسی ئیسلامی لەسەر زۆرێک لە پرسەکان، بەڵام بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی ئەوا هزری ئیسلامی هەر توانای کەمتر بووە لە ڕێکردن لەگەڵ ڕاستییەکانیدا هەروەک لەپێشەوە باسمان کرد، چونکە وێڕای ئەو گۆڕانکاریانە کە هاتن بەسەر جۆری پەیوەندی فەرمانڕەواکان بە ئوممەتەوە بەراورد بەو شێوەیە کە لە قۆناغی جێنشینیی ڕاشید دا باو بوو، هەر هزری سیاسی ئیسلامی لە سایەی

١- عیزّ کوڕی عەبدولسەلام دەڵێ: (ئەگەر هاتوو دادپەروەریی لە کاربەدەستی گشتی و تایبەتدا زەحمەت بوو بەجۆرێ کە دادگەریی بوونی نەمێنێ، ئەوا ئەو کەسەیان دەکەینە کاربەدەست کە گوناهبارییەکەی کەمتر بێت)، پاشان دەڵێ: (ئەگەر فەرمانڕەواکان لە مەسەلەی گوناهباریدا جیاواز بوون ئەوا ئەوەیان کە گوناهبارییەکەی کەمترە پێشدەخرێ)، بڕوانە:
- إبن عبد السلام، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، ص٦٦. لە هزری مەزهەبی زەیدیی دا گوتەیەکی هاوشێوەی ئەمە هەیە کە ئەحمەد قاسم ئەلعەنەسی دەڵێ: (پێویستە پشتگیری ئەو کەسە بکەین کە لەناو ستەمکارەکاندا ستەمەکەی کەمترە بۆ نەهێشتنی ئەوانەی ستەمەکەیان زیاترە) بڕوانە:
- العنسي، أحمد بن قاسم. التاج المذهب لأحكام المذهب شرح متن الأزهار في فقه الأئمة الأطهار، ج٤، ص٤٧٩.

سیستمە ستەمکار و تاکڕەوەکاندا بۆچوونێکی گونجاوی بۆ پەیوەندی ئوممەت بە دەستەڵاتەوە هەڵگرتووە، (نمونەی ڕاشیدی) لە پەیوەندی لە نێوان ئوممەت و دەستەڵاتی سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان لە هەناویدایە، ئەوەش بیرکردنەوەیەکی حەزویستی بووە کە شێوەیەک لە شێوەکانی نەتوانایی بووە لە جیاکردنەوەی واقیع لە ئاواتەکان، جا لەگەڵ تیژی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانە کە بەسەر کۆمەڵگای موسڵماندا هات، هەر هەندێ لە ڕەوتەکانی هزری سیاسیی ئیسلامی پێداگربوون لەسەر بونیاتنانی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییە گەرموگوڕە، کە تەبابوو لە نێوان کۆی ئوممەت و کاربەدەستەکانیدا، داخوازی ئەوە بووە کە ئوممەت گوێڕایەڵیی خۆی بەپێی خواستەکانی ئەو بۆچوونە لە پەیوەندی لە نێوان هەردوولایەندا پێشکەش بکات.

مەعلومە کە دواکەوتنی هزری سیاسیی ئیسلامی لە بزاوتی واقیع و ڕاستییە بابەتییەکانی، وایلێکردووە -تا سەردەمێک کە دوور نیە- تەنها گوزارشت بێت لە سیستمی فەرمانڕەوایی مێژوویی، هەروەها بردنی بەرەو پێشەکەشکردنی سازشی زۆر گەورە بۆ سیستمە حوکمڕانەکان، وەک دانان بە دانانی کاربەدەستی پشتاوپشتدا (ولی عەهد)، هەروەها گرتنەدەستی دەستەڵات لەلایەن کەسی زاڵبووەوە، پاساوهێنانەوە بۆ گوێڕایەڵیکردنی دەستەڵاتە ملهوڕەکان، خاڵیکردنەوەی شورا لە ناوەڕۆکەکانی، قەتیسکردنی ئەهلی حەلل و عەقد لە سنوری دەست و پێوەندی فەرمانڕەواو کەسانی بەهێزدا، ئەمەش بۆ گەیشتن بووە بە لەباربردنی مەرجی دادپەروەریی لەنێو ئەو مەرجانەدا کە دەبێت لە فەرمانڕەواکاندا هەبن، ئەوەش بەهۆی هاتنی یەک لەدوایەکی میرە ستەمکارەکان و زاڵبوونی خراپەکاریی لە کاربەدەستانی هەرێمەکاندا.

جا ئەو بۆچوونە تا هەر ئاستێ بەوە دابنرێ کە ئیجتیهادێکە لەتوێی بارودۆخە مێژووییەکاندا کە بیرمەندە موسڵمانەکان تیایدا ژیاون، هەروەها لە سنوری پەیوەندی ناهاوسەنگ لە نێوان ئوممەت و دەوڵەتدا، - کە ئەگەر بێتو بڕوانینە بارودۆخی هەریەک لەو بیرمەندانە ناتوانرێ وازی لێبهێنرێ-، ئەوا ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە ئاراستەیەکی بەرفراوان لە هزری سیاسیی ئیسلامی بەو سیفەتە کە هزرێکە وێنای ئەو شەریعەتە دەکات کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی لە ستەمکاریی و ملهوڕیی، بڕێکی زۆر لە نمونەیی خۆی -بەهۆی ملکەچکردنی بەردەوام بۆ ڕووداوە سیاسییە گۆڕدراوەکان- لەدەستداوە.

ئەو هەوڵەش کە غەزالی (٤٥٠-٥٠٥ک) پێشکەشی دەکات بۆ پاساوی دانان بە

ڕەوایەتی دەستەڵاتی ستەمکاردا، کە دانێنان بەو دەستەڵاتانەدا بەوە ئەژمار دەکات وەک خواردنی گۆشتی مردارەوە وایە، لەسەر ڕێسای زەرورەتەکان دەڕوات کە ڕێگا بە قەدەغەکراوەکان دەدەن[1]، ئەم بۆچوونە هەستی هزری ئیسلامیی دەگەیەنێ بە قووڵیی قەیرانی ڕەوشتی کە پێشتر ئاماژەمان بە خۆی و بە ڕەهەندەکانی کرد، هەروەها ئەو نائومێدییە دەردەخات کە هزری ئیسلامی توانای جێبەجێکردنی دەستەڵاتە نمونەییەکەی نیە، بەهەمانشێوە نەتوانایی بەرجەستەکردنی ئەو پرەنسیپانە کە لە شەریعەتەوە وەریگرتووە، بەتایبەتی کە (حوکمی زەرورەت) چەند سەدەیەکی درێژی خایاند، بێئەوەی هزری ئیسلامی مشتومڕ لەسەر ئەوە بکات کە ئایا ئەو ڕێسا فیقهییە (زەرورەتەکان ڕێگا بە قەدەغەکراوەکان دەدەن) ئەگەری پێشکەشکردنی هەموو جۆرە شازشکردنێکی تێدایە، هەروەها تا چ ئاستێ دەتوانرێ لە هەردوو بواری سیاسیی و ژیاریدا ببرێتە پێش؟

بەڕاستی ملکەچکردنی هزری سیاسیی ئیسلامیی بۆ ڕووداوە سیاسییەکان کە فەرمانڕەوا ستەمکارەکان دەیانسەپێنن، هەروەها وەها حیسابکردن کە ئەوە واقیعێکەو دەبێ سازانی لەگەڵدا بکرێ، هەروەها فەرامۆشکردنی پێداویستییە کردارییەکانی ئوممەت، ئەمانە هەموو وایان لە گەلان کردووە لە چەندین وێستگەی زۆردا ئەو هزرە تێپەڕێنێ، بەڵکو -لەلایەکی تریشەوە- پشکی هەبووە لە کاریگەربوونی جەماوەر بە تەوژمە هزرییە هاتووەکان، ئەمەش لەدوای ئەوە کە هزری ئیسلامی نەتوانا بوو لە جێبەجێکردنی پێداویستییە مێژووییەکان لە ئازادی و ڕزگاربوون لە ستەمکاریی و تاکڕەویی.

لە ڕووی مێژوویشەوە، ئەو دەوڵەتانەی ژێردەستەی هزری سوننی کلاسیکی بوون، کە لەسەر گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواو ئارامگرتن لەسەری بەرپابوون با ستەمکاریش بێت، لە سەردەمی نوێدا ژمارەیەک شۆڕشیان دژ بە فەرمانڕەواکانیان بینیوە، ڕاپەڕینی جەماوەری تیایاندا بە هۆکار و پاڵنەری جۆراو جۆرەوە نەوەستاوە، ئەمەش بە پێچەوانەی سنوردارەکانی هزری سیاسیی سوننی، دەتوانرێ هەمان حاڵەتیش دەرهەق بە هزری شیعی چاوەڕوانکەر بوترێ، کە لە ڕووی سیاسی و فیقهییەوە بازدرا بەسەریدا، تا یەکێک لە گەورەترین شۆڕشەکان بەرپا بکات کە کاریگەری لەسەر مێژووی ئیسلامی هاوچەرخ هەیە، ئەویش شۆڕشی گەلانی ئێرانە لە ساڵی ١٩٧٩م.

---

١- الغزالي، أبو حامد. الأقتصاد في الأعتقاد، دمشق-بيروت: دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٣م، ص١٧١.

**ت- باوەڕ:**

باوەڕی ئیسلامیی لە پرسی گوێڕایەڵیدا دادەنرێت بە سنوردارکەرێکی سەرەکی بیرکردنەوەی سیاسیی، چونکە بەشداری هەبووە لە ئاراستەکردنی هزری سیاسی ئیسلامی و سنوردارکردنی بازنەی گرنگیپێدانی، بەڵام بۆ ئێمە واباشە بەرلەوە باس لە باوەڕ بکەین وەک سنوردارکەرێک بۆ بیرکردنەوەی سیاسی ئیسلامی، جیاوازی بکەین لە نێوان پرەنسیپەکانی ئیسلام کە هەڵقوڵاوی باوەڕن وەک ئازادیی، دادپەروەریی، یەکسانیی، بەرپرسیاریێتی و شورا و تادوایی، وە نێوان هزری سیاسی ئیسلامی بەو سیفەتە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک رەوشی مەعریفی و لەسەر ئیجتیهادی مرۆیی رووت بەرپابووە. ناشتوانین لەگەڵ ئەو بیرمەند و توێژەرانەدا ڕێبکەین کە وەها مامەڵە لەگەڵ پرەنسیپەکانی باوەڕدا دەکەن وەک بڵێی پرەنسیپی هزری سیاسی ئیسلامین[١]، چونکە لەڕاستیدا ئەمانە پرنسیپی ئیسلامین، پشکی هزری سیاسی تێیاندا بەو ڕادەیەیە کە خۆی وێنا دەکات تیایاندا، هەروەها لە کاتی جوڵەی بە ئاراستەی واقیعدا چی لەو ڕێسایانەوە هڵدەگۆزێ.

بەم هۆیەوە دەتوانرێ باس لەو سنوردارکەرانە بکرێ کە لایەنی مەعریفی و واقیعیان تێدایە، نەک وەها کە پرەنسیپی رووت بن بۆ هزری سیاسی ئیسلامی، بەو حیسابە کە ئەو پرەنسیپانە مۆرکێکی گشتیان هەیەو هزری ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی لێیانەوە هەڵدەگۆزرێ نەک تەنها سیاسی، بەم پێیەش، ئەوا ئەوانە پرەنسیپی تایبەت نین بە هزری سیاسی ئیسلامی یان بە سیستمی فەرمانڕەواییەوەو بەس. لە گرنگترینی ئەو سنوردارکەرە باوەڕیانە چەمکی پاسەوانێتی ئاینە، ئەمەش هەڵگری ئەو باوەڕەیە کە بەردەوامبوونی ئاین وابەستەیە بە ڕۆڵی دەوڵەت لە پارێزگاری لێکردنی، ئەمە هەمان ئەو مەسەلەیەیە کە هەندێ لە ڕەوتەکانی هزری سیاسی ئیسلامی جەختی لێدەکەنەوە، بەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئاین وایلێهات بەردەوام پێویستی بە دەوڵەت هەبێت، لێرەوە ئەم بیرکردنەوەیە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاین دروستکرد بەو سیفەتەی کە کۆنترۆڵکاری بزاوتی دەوڵەت و ڕێنماییەکانیەتی، بەڵکو بەپێچەوانەوە مادامێ دەوڵەت هەڵدەستێ بە پاسەوانیکردن لێی ئیتر ئاین زۆربەیجار چووەتە ژێرباری داخوازییەکانی دەوڵەت.

چەمکی پاسەوانێتی ئاین تا ئاستێکی زۆر پەیوەستە بە مەسەلەی وەسفکردنی جێنشینیی لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا، پێناسەی جێنشینیی وەها کراوە کە

١- بڕوانە: عبد الخالق، فريد. في الفقه السياسي الإسلامي: الشورى و العدل والمساواة مبادىء دستورية، القاهرة: دار الشروق، ط٢، ٢٠٠٧م.

جێگرەوەی پێغەمبەرایەتییە لە پاسەوانێتی ئاین و سیاسەتی دنیادا، وادەردەکەوێ پێداگریش لەسەر بەکارهێنانی چەمکی پاسەوانێتی لە ڕووی خۆپارێزیی بووە لە هەر ناڕوونییەک کە وشەی پێغەمبەرێتی دەیوروژێنێ، چونکە چەمکەکە ئاماژە بە پاسەوانێتی کارێکی بەرپابوو دەکات، نە لێی زیاد دەکات و نە لێی کەمدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرکی جێنشینیی هەر لە بنەڕەتەوە ئەرکێکی راپەڕێنەرە، هەروەها ئەرکی کۆت و بەندکردنی دەستەڵاتی فەرمانڕەوایە لە ئاستی ئایندا.

ئیبن خەلدون هەوڵیداوە شێوەیەکی پێناسەیی بۆ جێنشینیی پێشکەش بکات کە گونجاوتر بێت لەگەڵ پرەنسیپە ئیسلامییە گشتییەکاندا، لەگەڵ هەبوونی چەمکی پاسەوانیش تیایدا، هاتووە پێناسەی جێنشینیی بەمجۆرە کردووە کە دەڵێ: (نوێنەرایەتیکردنی خاوەنی شەریعەتە لە ئەرکی پاسەوانێتی ئاین و سیاسەتی دنیاکەیدا)[1]، ئەمەش پێناسەیەکە گرنگیتی خۆی هەیە، بەتایبەتی کە ژمارەیەک لە پێناسەکانیتر ئەو بەشەیان فەرامۆشکردووە کە پەیوەندی بە سیاسەتی دنیاوە هەیە[2]، لەوانەش ئەو پێناسەیە کە ئەلئیجی بۆ جێنشینیی کردوویەتی و دەڵێ: (جێنشینیی پێغەمبەرە لە بەرپاکردنی ئاین و پارێزگاریکردنە لە ماڵ و دارایی گەل). دکتۆر الڕیس یش قسە لەسەر بەکارهێنانی وشەی (بەرپاکردن) لەجیاتی (پاسەوانێتی) دەکات و دەڵێ بەرپاکردن بە مانای راپەڕاندنە -واتە بەرپاکردنی حوکمەکانی شەریعەت- نەک تەنها پاراستن بێت، ئاماژەنەکردنیشی بۆ سیاسەتی دنیا لەوانەیە -بە ڕای دکتۆر الڕیس- هۆیەکەی ئەوە بێت چووتە ناو هەردوو وشەی (ئاین) و (گەل)ەوە[3].

بەدواداچوون بۆ بزاوتی چەمکی پاسەوانێتی ئاین دەریدەخات کە چۆن ئەم چەمکە کورتکراوەتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیدعەچیان و گومڕاکاندا، ماوەردی دەڵێ: (ئەو ئەرکانەی دەکەونە سەرشانی پێشەوا دە ئەرکن، یەکێکیان پارێزگاریکردنە لە ئاین و لە بنەما جێگیرەکانی، هەروەها ئەو شتانەش کە کۆدەنگی پێشینانی ئوممەتی لەسەرە، جا ئەگەر بیدعەچییەک یان کەسێکی گوماناوی لایدا، ئەوکات بەڵگەی بۆ ڕووندەکرێتەوە و راستییەکەی بۆ دەخرێتەڕوو، ئەوکاتیش ئەو ماف و سزایانە کە دەکەونە سەری وەریاندەگرێ، ئەمە بۆئەوەیە تا ئاین پارێزراو بێت لە کەموکوڕیی و گەلیش نەکەوێتە هەڵدێرەوە)[4]. هەمان بیرۆکەش،

---

١- إبن خلدون، المقدمة، ص٣٣٩.

٢- الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص١٢٣.

٣- بڕوانە پێناسەکەی الإيجي و لێدوان لەسەری لە: سەرچاوەی پێشوودا، ص١٢٣.

٤- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٨، ص١٥. هەمان دەقیش

واتە پارێزگاری لە ئاین کە تەرخان بکرێ لەسەر بنەما باوەڕییە جێگیرەکان و بەرگری لێکردنیان لە بیدعەچیان و هەوەسبازەکان، لەلای پێشەوای حەرەمەین جوەینی دەبینین کە پاراستنی ئاین دابەشدەکات بۆ دوو بەش: بەشی یەکەم پاراستنی بنەماکانی ئاینە، ئەمەش بە دوو کار دەبێت: پاراستنی خەڵکەکەی ئەوەش بە نەهێشتنی بیدعەچیان و هەوەسبازان و گومڕایان و (ڕێچکە لادەرەکان)ە، دووەمیش هەوڵدان بۆ بانگهێشکردنی بێباوەڕان بۆ سەری، جوەینی لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەوەی لەبارەی بنەماکانی ئاینەوە دەوترێ دابەش دەبێت بۆ پاراستنی ئاین بەوپەڕی توانای باوەڕداران لەسەری، بە نەهێشتنی گومانی گومانبازان، کە بەویستی خوای پەروەردگاری جیهانیان ئەنجامی دەدەین، هەروەها بۆ بانگهێشتکردنی نکولیکاران و بێباوەڕان بۆ پابەندبوون بە ڕاستی ڕوون و ئاشکراوە)[1]، بەڵام بەشی دووەم بریتییە لە پاراستنی لقەکانی ئاین کە مەبەست پێیان پەرستشە جەستەییەکانە، ئەوانەیان بە کۆمەڵ بکرێن وەک جومعەکان، جەژنەکان، حەج، یان دروشمی ڕواڵەتی بن وەک بانگدان و ئەنجامدانی نوێژە بەکۆمەڵەکان لە هەموو نوێژەکانی تردا و بەرپەرچدانەوەی کەسێ کە ئەنجامیان نادات[2]، پاشان جوەینی بەم دەستەواژەیە قسە لەسەر بواری (پاراستنی ئاین) دەکات و دەڵێ: (ئەمانە کۆی ئەو گوتەیەیە کە پەیوەندە بە پێشەوایانەوە لەبارەی بنەماکانی ئاین و لقەکانیەوە)[3]. کەواتە کارکردن بە شورا و دەستەبەرکردنی دادپەروەریی و داننان بە بەرپرساریێتی فەرمانڕەوادا بەشێک نین لە پاسەوانێتی یان پارێزگاریکردن لە ئاین، ئەم سنوردارکردنە بۆ چەمکی (پاسەوانێتی) ڕێگایداوە بەوەی کە ڕژێمە حوکمڕانەکان ئەم چەمکە بقۆزنەوە بۆخۆیان، توانای ئەوەیان پێببەخشێ خۆیان وەک پاسەوانێکی ئاین پێشکەش بکەن، تەنانەت با لەڕاستیشدا دووربن لەو ئەرکەوە.

مەسەلەکە هەر لەو سنورەدا نەوەستا، بەڵکو پاسەوانێتی ئاین هەر بەو تێگەیشتنە بووە کاری لەپێشترین، تا سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە مەرجی شەرعی سیفەتەکانی فەرمانڕەواو ئەرکەکانیدا بکرێ، تا نەبێتە بەربەستێکی تیۆری لەبەردەم

---

بە کەمێ لەفزی جیاواز لە:

- الفراء، الأحكام السلطانية، ١٩٨٣م، ص٢٧.

١- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم، ص١٣٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

چەمکی پاسەوانێتیدا، ئەوەتا ماوەردی پشتگیری لە دەستەڵاتی دەستبەسەرداگرتن دەکات، چونکە: (پاراستنی یاسا شەرعییەکان و پاسەوانێتی حوکمە ئاینییەکانی تێدایە کە نابێت بە کەموکووڕیی و تێهەڵکیشکردن و بە خراپییەکی پەککەوتە وازیان لێبهێنرێ[١]، ئەو لە دەستەڵاتی دەستبەسەرداگرتندا -کە بووە واقیعێکی سیاسی- ئیتر بە پاسەوانێتی دەستکۆتا دەبێت لە حوکمە ئاینییەکان، بەڵام دەستەبەرکردنی کارایی شەریعەت لە بواری فەرمانڕەواییدا وا دەردەکەوێ کە مەسەلەیەکە واقیعی سیاسی ئەو سەردەمە یارمەتیدەری نەبووە، ئەمەش بە ڕاشکاوانە مەسەلەیەک دەخاتەڕوو کە لەوپەڕی گرنگیدایە، ئەویش بریتییە لەوە کە پلەی ملهوڕیی و تاکڕەویی سیاسی گەیشتووەتە سنوری ترس لەسەر نەمان و پووکانەوەی خودی حوکمە شەرعییەکان، لەبەرئەوە تەنها پارێزگاری لە ڕێسا بنەڕەتییەکانی ئاین بووبووە ئامانج و ترسێکی دەروونی زەروری بۆ هزری سیاسی ئیسلامی[٢].

هزری سیاسیی ئیسلامیی لە کۆمەڵێک پرەنسیپی شەرعییەوە هەنگاو هەڵدەگری، هەوڵدەدات بواری سیاسی بەپێی ئەوان ڕێکبخات، لێرەوە هاتووە نیشانەی شەرعی فەرمانڕەواکان، وەزیر و دادوەر و ئەهلی حەلل و عەقدی دیاریکردووە، هەروەها کۆمەڵێ ئەرک و کاری داناوە کە پێویستە دەوڵەت هەستێ بە ڕاپەڕاندیان، بەڵام ئەوە ڕوونە ئەو مامەڵەکردنە تیۆرییە لەجیاتی ئەوە گوتارێک بێت ئەوەی لێبخوازرێ کە واقیع بگۆڕێ، گوزارشت بووە لە خۆهەڵواسینی هزر بە سەرەداوەکانی شەریعەتەوە، زیاتر ڕاگەیاندنێ بووە بۆ ئیسلامیبوونی ئەو هزرە، لێرەوە هزری سیاسی ئیسلامی هاتووە دەستیگرتووە بە چەمکی پاسەوانێتی دەوڵەت بۆ ئاین هەر بەو شێوەیە کە ڕوونمانکردەوە، ئەمەش وایلێکرد وازبێنێ لە زۆرێک لەو بۆچوونانەو دەستکۆتا بێت (بەوە کە ڕژێم پارێزگاری بکات لە ڕواڵەتی گشتی ئیسلام)[٣]، دەوڵەتیش پارێزگاری بکات لە فەرمییەتی شەریعەت، لەم میانەیەشدا ئیبن ئەزرەق لە بەغوییەوە کە لە (٥١٦ک.م) دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ئەو گوتەیەی کە باس لە ڕەوایەتی پێدانی نازناوی جێنشین و پێشەوای

---

١- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٣٣، هەروەها بڕوانە: الفراء، الأحكام السلطانية، ص٣٧-٣٨. جێگای سەرسوڕمانە کە ماوەردی و قازی فەرا هەمان لەفز بەکاردەێنن تا هەندێجار دەگاتە ئاستی یەک دەق لە نێوانیاندا.

٢- پێشەوای حەرەمین جوەینی بە ڕاشکاوی لەم بەشەدا کە باسیکردووە بە ناونیشانی: (کاتی بنەماکانی شەریعەت لە ڕۆژگاردا نامێنن) ئاماژە بەمە دەدات، بڕوانە: الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم، ص٣١٧.

٣- أومليل، علي. السلطة الثقافية والسلطة السياسية، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٦م، ص٢٢.

باوەڕداران بە کەسێ کە هەڵدەستێ بە کاروباری موسڵمان، دەڵێ: (...ئەمە بەو مەرجە مەشخەڵەکانی ئاین ڕابگرێ، با خۆیشیان کەمتەرخەم بن لە کاروباری خۆیاندا یان ستەم بکەن یان ملهوڕی بکەن لە ماڵ و سامان و هاوشێوەیدا)[١]، نەوەویش ٦٣١-٦٧٦ک، هەر لە بەغەوییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (پێیدەوترێ پێشەوای باوەڕداران با خراپەکاریش بێت)[٢].

وادەردەکەوێ کە بەرپاکردن و ڕاگرتنی مەشخەڵەکانی ئاین -بەپێی ئەو چەمکە- و دەرخستنی ڕێوڕەسمەکانی و پارێزگاریکردن لە فەرمییەتی شەریعەت، لە خودی خۆیدا بووەتە ئامانج، لێرەوە چەمکی پاسەوانێتی ئاین کورتکراوەتەوە لە بەگژداچوونەوەی بێباوەڕ و گومڕاکاندا، چونکە هەر ئەوە بەس بووە کە فەرمانڕەوا سزای سەخت بدات بەسەر کۆمەڵێک لەو کەسانەدا کە بە بێباوەڕ ئەژمار دەکران، تا لە چاوی زۆر کەسەوە وەها دابنرایە کە پاسەوانی ئاینە، ئەم مەسەلەیەش دەرگای کردەوە بۆ دەستوەردانی فەرمانڕەواکان لە کاروباری باوەڕدا، هەوڵێک بوو بۆ سەپاندنی باوەڕێکی دیاریکراو بەسەر خەڵکیدا، ئینجا ناچارکردنیان بە زۆرەملێ بۆ پەیڕەوکردنی، هەروەک لە هەندێ لە فەرمانڕەواکانی دەوڵەتی عەبباسی وەک مەئمون و موعتەصەم و واسیق و موتەوەکیل دا ئەوە کراوە.

جا لەگەڵ ئەوەدا کە ئاراستەی زاڵ لە هزری سیاسی ئیسلامیدا بەردەوامبوو لەسەر پێداگری لەوەی کە ڕۆڵێکی سەنتەری بدات بە پاسەوانێتی ئاین، ئەوا هەر لەنێو زانایاندا کەسانێک هەن کە وریایداوە لە مەترسی ئەو مەسەلەیە، شاتیبی (٧٩١ک) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الأعتصام) ئاماژە دەدات بە گرنگێتی ئوممەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیدعەچیان و هەوەسبازان، لەمەدا ڕۆڵی دەوڵەت کەمدەکاتەوە، ئەوەش دوای ئەوە کە دەڵێ بیدعەچیان (خۆیان پێچاوە بە فەرمانڕەواکان و پەنایان بە دنیاویستان بردووە).

جا بەهۆی (چەمکی ئاین)ەوە، ئەوا ئەو مەرجانەی کە بۆ فەرمانڕەوا دانراون گۆڕدراون بۆ سیفەت و نیشانە کە هەرکە کرا بە فەرمانڕەوا ئیتر ئەو سیفەتانە دەدرێن بەسەریدا، هەر دەستەڵاتێکیش وایلێهاتووە حوکمی سنوردارکردنی ئەرک و کارەکانی دەوڵەتی هەبێت، با لەسەر شۆڕشەکان و تاکڕەویی و ستەم و زاڵبوون

---

١- لەسەر ئەمە بڕوانە: الدميجي، عبد الله بن عمر. الإمامة العظمى عند أهل السنة والجماعة، الرياض: دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٢، ١٤٠٩ه، ص٤٢.

٢- النووي، يحيى بن شرف. روضة الطالبين وعمدة المتقين، بيروت-دمشق-عمان: المكتب الإسلامي، ط٣، ١٩٩١م، ص٤٩.

و پاسەوانێتی ئاینیش بەرپا بووبێت، ئەم چەمکە وایلێهاتووە گوێڕایەڵیی تەواوەتی بێنێتە کایە، ببێتە هۆکارێ بۆ لاوازکردنی شەریعەت بەو سیفەتە کە مەرجەعیەتی فەرمانڕەوای کۆمەڵگاو دەوڵەتە، هەروەها هۆکارێکە بۆ تێکەولاوکردنی گوێڕایەڵیی ئاینی بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، ئەوەش بەهۆی وروژاندنی غیرەتی کۆمەڵگاو ترسی لەسەر باوەڕ، ئەمەش دووبارە ئاماژەدانە بەوەی کە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی هەرچییەک بێت یەکێکە لە زەرورەتەکانی ئاین، ئەم چەمکی (پاسەوانێتی ئاین)ە ئەوەی لێکەوتەوە کە بووە هۆی لاوازکردنی ئاین، ئەمە لە کاتێکدا کە ئاین دەستەڵاتێکەو جەماوەر دەجوڵێنێ دژ بە زەبری ستەمکاریی و ملهوڕیی دەستەڵاتەکان.

**پ- جێنشینیی:**

لێرەدا پەیوەندییەکی ڕوون هەیە لە نێوان پێویستی ئاین بە دەوڵەت و نێوان پێویستی ئوممەت بە جێنشینی بەو سیفەتەی کە سیستمێکە، چونکە هەردوو مەسەلەکە دەڕژێنە ناو خانەی دەوڵەتەوەو وایلێدەکەن ببێتە جەمسەری ئاشەکە، گرفتەکەش لە پەرۆشی هزری سیاسی ئیسلامیەوە هەڵقولاوە بۆ بەردەوامبوونی جێنشینی، لەگەڵ باوەڕی تەواوی بەوەی کە سیستمێکەو بوونی نەماوە، جا هەرچەندە ئێمە جیاکردنەوەیەکی پێشوەخت لە نێوان دەستەڵات و جێنشینیی لای ئەبو حەسەنی ئەشعەری بەدی دەکەین، بەڵام هەر داننان بە نەمانی جێنشینیی لە ڕووی مێژووییەوە دواکەوتووە، تا گەیشتووەتە لای ئیبن تەیمییە کە وای پێباشبووە قسە لەسەر سیاسەتی شەرعی بکات، گرنگیدان بە ئامانجی بەرپابوونی شەریعەتی فەرامۆشکردووە، ئەمە بێئەوەی پێدابگرێ لەسەر هەبوونی جێنشینیی وەک مەرجێکی پێشتر بۆ ئەوە.

شتێکی ڕوونە کە سیستمی جێنشینیی ئیسلامی لەدوای نەمانی حوکمی ڕاشید گۆڕدرا، بەڵام وێڕای ئەوە هەر هزری سیاسی ئیسلامی بەردەوامبوو لە داواکردن لە ئوممەت کە هەروەک چۆن گوێڕایەڵی جێنشینە ڕاشیدەکان بووە هەروا گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکانیش بێت، بێ ئاوڕدانەوە بەلای ئەو جیاوازییەی کە ئەزموونی ڕژێمە واقیعییەکان -بە دەگمەن نەبێت- پشکیان نەبووە لە بەرتەسککردنەوەیدا، چونکە ئیبن خەلدون لەگەڵ داننانی بە گۆڕینی جێنشینیی بۆ پادشایەتی، هەر وادبینێ کە ئەرکی سەرشانی ئوممەتە ئەوەی قوبوڵ بێت پێشەوا کەسێک بکاتە کاربەدەست تەنانەت با کوڕی خۆیشی بێت (...چونکە فەرمانڕەواو ئەمینداره لەسەریان و لە ژیانیدا بەوچاوە بۆیان دەڕوانێ، لەدوای مردنیشی هەر بەو چاوە بۆیان دەڕوانێ، هەڵدەستێ بە

دانانی کەسێ کاروباریان ببات بەڕێوە هەروەک چۆن خۆی دەیبرد بەڕێوە)[1].

وادەردەکەوێ کە دەبێت ئوممەت وەک باجێک بۆ بەردەوامبوونی جێنشینیی ڕواڵەتی، قوربانییەکی زۆر بە بەها سیاسییەکانی بدات، چونکە لە کاتێکدا کە جێنشینەکانی نەوەی عەبباس لە بەغداو سامەڕا گۆشەگیری کۆشکەکانیان بوون، هیچ دەستەڵاتێکیان بەسەر کاروباری جێنشینیدا نەبوو، گەل هەر بەردەوامبوو لە پێشکەشکردنی خواستەکانی گوێڕایەڵیی بۆ جێنشینیی، بێئەوەی پەی بەوە ببات کە ئەوە گوێڕایەڵییە لەڕاستیدا بۆ کۆمەڵێک سەربازی تورک و فارسی زاڵبوو بووە، یارمەتیدەریان بووە لە بەهێزکردنیاندا، غەزالیش دان بەو حاڵەتەدا دەنێ و دەڵێ: (هەرکەس هێزی هەبوو و لە ئەسڵی وتار و سکە لێداندا گوێڕایەڵی جێنشین بێت ئەوا فەرمانڕەوایەکەو حوکم و دادوەریی لە هەموو ناوچەکانی زەویدا جێبەجێ دەکرێت)[2].

گرفتەکە ناگەڕێتەوە تەنها بۆ بەردەوامبوونی جێنشینییەکی ڕواڵەتی، بەوەی کە بووەتە هۆکاری گوێڕایەڵیکردنی ڕژێمە نا جێنشینەکان، بەڵکو بۆ (بە کەسێتیکردنی جێنشینیشە)، چونکە هزری ئیسلامی توانای نەبوو دەوڵەت و کەسی فەرمانڕەوا لێکجیابکاتەوە، ئەوەش بەهۆی تێکەڵکردنی تیۆریی لە نێوان پرسی هەبوونی پێشەوایەتی و پرسی دانانی فەرمانڕەوا، کە هزری سیاسی ئیسلامی وەک یەک مەسەلە مامەڵەی لەگەڵکردوون.لەلایەکی ترەوە نەمانی نمونەی جێنشینیی لە واقیعی پراکتیکیدا، تواناییدا بە بیرۆکەی جێنشینی لەسەر بەردەوامبوون و ئامادەبوونی لە یادەوەریی و هزری ئیسلامیدا. جا ئەو ئامادەبوونە بە هەرجۆرێ بووبێت ئەوا بیرۆکەی جێنشینیی وێنای نمونەیەکی ڕێنماکاریی ئیلهامبەخشی کردووە، کە موسڵمانان لە ڕێگای ئەوەوە هاتوون سەرلەنوێ واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیانیان گەڵاڵە کردووەتەوە، لێرەشدا جیاوازە لە یۆتۆپیای سیاسی کە لە بنەڕەتدا دادەنرێ بە حاڵەتێکی جیاواز لە واقیعی کۆمەڵایەتی. ئەم مەسەلەیە توانایەکی گەورەی بە جێنشینیی بەخشی-بەو سیفەتە کە بەردەوام بیرۆکەیەکی هاندەرە بۆ هەنگاونان بەرەو واقیع، هەروەها لە بۆشاییەکی مێژوویدا دەگەڕێ بەدوای سیستمە سیاسییەکەیدا- لەسەر داڕشتنی هزری سیاسی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی گوێڕایەڵیی سیاسی لە قۆناغ و ڕۆڵە مێژووییە جۆراو جۆرەکاندا.

---

١- إبن خلدون، المقدمة، ص٣٧١-٣٧٢.

٢- الغزالي، إحياء علوم الدين، القاهرة: ٢٠٠٣م، ج٢، ص١٤٠.

## ٢- سەنتەریی گوێڕایەڵیی لە هزری ئیسلامیدا

مەسەلەی سەنتەربوونی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکە ژیارییە کە پێی هەڵدەستێت، نە تەنها لەسەر ئاستی دەوڵەت، بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی ئوممەتیش، لە ڕووی مێژوویشەوە وەها سەیری مەسەلەی گوێڕایەڵیی نەکراوە کە تەنها سەرچاوەیەکە بۆ شەرعیەتی سیستمی فەرمانڕەوایی، بەڵکو بەو سیفەتەش کە دیمەنێکە بۆ یەکگرتوویی ئوممەت و جێگیربوونی بارودۆخەکانی، ئەوەش لەلایەکەوە لە ڕێگای جەختکردنەوە لەسەر دەستەبەرکردنی گونجانی ئوممەت لەگەڵ دەوڵەت، لەلایەکی تریشەوە لەسەر گونجانی دەوڵەت لەگەڵ شەریعەتدا.

ئەم وەسفە دەمانخاتە ناوجەرگەی تایبەتمەندی بیرکردنەوەی ئیسلامی لە پرسی گوێڕایەڵیدا، چونکە گوێڕایەڵیی سیاسی بازدەدات بەسەر پەیوەندی میکانیکی نێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەرداردا، بۆیە داوا لە هەردوولا کراوە کارایی شەریعەت لە ژیاندا جێبەجێ بکەن، لێرەوە مادامێ شەریعەت لە هەردوو بواری: سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەر بە هەندگیراوە، ئەوا وازهێنانی گەل لە هەندێ لە مافەکانی، مەسەلەیەکە دەکەوێتە سنوری ئەگەرەوە، ئەم بیرۆکەیەش لەوانەیە وێنای کۆی بیرکردنەوەی ئیسلامی بێت بۆ پرسی گوێڕایەڵیی.

بەڵام ئەو گرفتە کە جێگای بایەخپێدانە خۆی لەوەدا وێناکرد ئەم بیرۆکەیەی تا دوورترین ئاست دوورخستەوە، تا شەریعەت و کۆمەڵگا لە دوولایەنی بەرانبەر بەیەک دابنێ، ئەمەش وادەکات کە دڵنەواییکردنی یەکێکیان ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەویتریان. سەرئەنجامی ئەمەش لە بەرژەوەندی ڕژێمە ملهوڕەکانە کە -تا سنورێکی زۆر- بووە هۆی (کورتکردنەوەی) مافی گەل و (ڕێکخستنی) حوکمەکانی شەریعەت لەژێر فشاری ئەو بەرانبەرکێیە دروستکراوەی نێوان دوو لایەنە سەرەکییەکەدا: ئەوانیش گەل و شەریعەتە.

هەر لەم میانەیەدا توانرا ئاماژەبدرێ بە پرۆسەی وەلاخستنی مێژوویی مەسەلەی شەرعیەتی ئاینی، تا دەستەواژەی (توانایی سیاسی) وەک جێگرەوەیەکی واقیعی بۆ دانان و ئیقرارکردن بە سیستمی حوکم جێگای بگرێتەوە. چەمکی (توانایی سیاسی) لێرەدا تەنها بەو مانایە دێت ئەو سیستمە کە هەڵبژێردراوە یان لەبەرئەنجامی زاڵبوونەوە هاتووە دواتر لە توانایدایە بە کردەیی پیادەی فەرمانڕەوایی بکات، ئینجا بەگوێکردنی لەسەر ئەو تواناییە دادەمەزرێ، واتە لەسەر توانایی فەرمانڕەوا کە فەرمانڕەوایی بکات، نەک لەسەر شەرعیەتی ئاینی یان سیاسیی، بەمجۆرە

ئەوەش دەبێتە مەرجی داواکراو لە هەر کەسێکدا کە هەڵدەبژێردرێ بۆ جێنشینیی دەبێت یەکەمجار ڕەزامەندی (خاوەن هێز) بەدەستبێنێ، گوێڕایەڵیی گەلیش بەو سیفەتە قسەی لەسەر دەکرێ کە پاشکۆی گوێڕایەڵیی خاوەن هێزە، غەزالی دەڵێ: (ئێمە ئەو ڕایە هەڵدەبژێرین کە تەنها یەک کەس بەسە بۆئەوەی گرێبەستی پێشەوایەتی پێ دابمەزرێ، ئیتر ئەو یەک کەسە تا هەرکوێ بەگوێکراوێکی خاوەن هێز بێت و قسەی بخوات، تا هەرکوێ بکەوێت بە لایەکدا و جەماوەریش بەهۆی ئەوەوە بکەون بەو لایەدا، چونکە ئەو یەک کەسە کە جەماوەر شوێنی دەکەوێ و گوێڕایەڵی دەبێت و بەو وەسفەش وەسفبکرێ ئەوا هەرکات بەیعەتی دا ئیتر بەسە)[١]، (گەورە بەیعەتدەران) یان ژمارەیان لای غەزالی گرنگ نیە، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە خاوەن هێز بێت، جوەینی پێشەوای حەرەمەین لەسەر ئەو ڕایەیە کە ئەگەر گرێبەستی پێشەوایەتی شوێنکەوتەو جەماوەری زۆربوو ئیتر بەیعەتی دادەمەزرێ[٢]. قسەیەکی هاوشێوەی ئەمەش لای ئیبن تەیمییە دەبینین، چونکە پێشەوایەتی لای ئەو بە ڕەزامەندی خاوەن هێزەکان لەسەری دادەمەزرێ، هەتا خاوەن هێزەکان ڕەزامەندی نەدەن بە پێشەوایەتییەکەی کە بەهۆی ڕەزامەندی ئەوانەوە دەستەبەر دەبێت نابێتە پێشەوا)[٣].

مەعلومە ئەهلی حەلل و عەقد -لە سەردەمی جێنشینیی ڕاشید دا- خاوەنی هێز و توانابوون، چونکە دڵەکان کەوتوون بەلایاندا، بە گوێڕایەڵی ئەوانیش گوێڕایەڵیی گەلیش دەستەبەر دەبێت، بەڵام ئەزموونی مێژووی ئیسلامی لەدوای ئەوە، ئیتر جیاوازییەکی ڕوونی لە نێوان ئەوانەدا هێنایەڕوو کە پێیاندەوترێ (خاوەن هێز) و نێوان (ئەهلی حەلل و عەقد)، تا چەمکی (خاوەن هێز) کە خۆی لە کەسانی دەوروبەری پێشەواو وەزیرەکانی و کەسە تایبەت و گوێ لەمستانیدا دەنواند، ئەوانەی کە بە کردەیی خاوەنی هێز بوون، جێگای چەمکی ئەهلی حەلل و عەقد بگرێتەوە، کە ئەمە لە پرۆسەی شورادا لە زۆر قۆناغدا بە پراکتیکی بینراوە[٤]، دەبا دوای ئەوە ئیبن

---

١- الغزالي، فضائح الباطنية، ص١٧٦-١٧٧.

٢- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم، ص٥٦.

٣- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، مؤسسة قرطبة، ج١، ص٥٢٧.

٤- چەمکی ئەهلی حەلل و عەقد جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە لە چەمکی خاوەن هێز، چونکە ئەهلی حەلل و عەقد چەمکێکە شورا بەرجەستە دەکات، فیقهناسانیش لەدێرزەمانەوە بە تێروتەسەلی کۆمەڵێ وەسفیان داناوە کە پێویستە لە ئەهلی حەلل و عەقد دا هەبن، لەوانەش ئیجتیهاد و ژیریی و باڵغبوون و دادپەروەریی و زانایی، تەنانەت ئەو فیقهناسانەی کە وتوویانە دروستە گرێبەستی پێشەوایەتی بە یەک

خەلدون ببینین کە ڕاڤەی دوورخستنەوەی زانایان دەکات لە بازنەی چەمکی ئەهلی حەلل و عەقد، بەوەی کە توانای کەسانی بەهێز و دەمارگیریان نەبووە[1]، لەپێش ئەویشەوە ماوەردی دەبینین کە ڕێگا بە دامەزراندنی پەیمانی جێنشینیی دەدات واتە ڕاسپاردنی لەلایەن جێنشینی پێشووەوە، بێئەوەی ڕەزامەندی ئەهلی حەلل و عەقدی هەبێت بە مەرجێ کەسی ڕاسپێردراو کوڕ یان باوک نەبێت[2]، ئابەمشێوەیە گواستنەوە لە بەمەرج گرتنی ڕەزامەندی ئەهلی حەلل و عەقد دا کراوە لە کاتێکدا ئەوانە نوێنەرایەتی گەلیان کردووە کە سەرچاوەیەکە بۆ شەرعییەت، گواستیەوە بۆ پشتبەستن لەسەر خاوەن هێز بەوەی کە سەرچاوەن بۆ (توانایی سیاسی) فەرمانڕەوایی، وادەردەکەوێ ئەم مەسەلەیە بەهۆی باوەڕبوون بەوە کە دەستەڵاتی سیاسی بەگوێی دەکرێ و خاوەنی هێزەو تواناداترە لەسەر پارێزگاریکردن لە شەریعەت ئیتر شتێکی ڕێگاپێدراو بووە، ئەمە بێئەوەی لە جێگیرکردنی ئەمجۆرە گوتانەدا ڕووبەری مافە زەوتکراوەکانی گەل بەهەند گیرا بێت.

---

کەس گرێبدرێ، ئەوا هەر بە مەرجیان گرتووە کە دەبێ خاوەنی ئیجتیهاد و پارێزکاریی بێت، دەتوانێ گرێبیدات بۆ کەسێ کە شایستەیەتی، هەمان ئەم ڕایە بەغدادی لە کتێبەکەیدا بەناوی (أصول الدين) لە ئەبو حەسەنی ئەشعەریەوە گواستوویەتەوە. بڕوانە:

- البغدادی، أصول الدين، ص٢٨١.

وادەردەکەوێ کە چەسپاندن لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا لە ماوەیەکی دواتردا ڕوویداوە، کەسێکیش کە زیاتر ئەم حاڵەتی گواستنەوەیەی -لەسەر ئاستی مەعریفی- لە شورای ئەهلی حەلل و عەقدەوە گۆڕیوە بۆ چەمکی هێز پێشەوا جوەینی پێشەوای حەرەمەینە، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (الغياثي) بەشێکی هێناوە بەناونیشانی (لەبارەی ئەو کەسانەوە کە پێشەوایەتیان پێ دادەمەزرێ و قسەی تێروتەسەل لەسەر ژمارەیان)، ڕای خۆی بەدرێژی هێناوە کە پێشەوایەتی بە تاکە کەسێک لەوانەی خاوەنی هێزن دادەمەزرێ، نە بەهۆی پارێزکاریی و حەلاڵخۆرییەوە کە ئەشعەریەکانی پێش ئەم بەمەرجیان گرتووە بەڵکو لەبەرئەوە کە خەڵکانی زۆر و جەماوەری شوێنکەوتەی دەبن، لەم ڕایەیدا ئەوە تێدەگەین کە دامەزراندنی پێشەوایەتی بریتییە لە بەیعەتدانی بە خاوەن هێز، چونکە: (بەیعەتدان بە کەسانێ کە بە بەیعەتدانەیان هێز و ژێردەستخستن دەستەبەر نەبێت، ئەوا لە حاڵەتی ئاوادا وانازانم پێشەوایەتی جێگیر و دامەزراو بێت). بڕوانە: الجويني، غياث الأمم...)، ص٥٦.

١- ئاماژەیە بۆ گوتەی ئیبن خەلدون کە وتوویەتی: (هەرکەس نەتوانێت بەرگری لە مافی خۆی و خەڵکی بکات و خاوەنی بڕیاری خۆی نەبێت و نەشتوانێ بیپارێزێ، ئەوا کەسی لەوجۆرە بارە بەسەر غەیری خۆیەوە، ئیتر چ پەیوەندییەکی بە شوراوە هەیە، یان چ واتایەک دەمێنێتەوە کە وادابنرێ لە شورادایە، مەگەر تەنها شوراکەی لە سنوری ئەو حوکمە شەرعیانەدا بێت کە دەیانزانێ، کە لە فەتوادانەدا پرسی پێدەکرێ، بەڵام شوراپێکردنی لە سیاسەتدا ئەوا ئەو دوورە لەو مەسەلەیەوە چونکە ئەو بەرگری لە مافەکان پێناکرێ)، بڕوانە:

إبن خلدون، المقدمه، ص٣٧٧.

٢- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص١٠.

لەڕاستیدا بیرکردنەوەی سیاسی لە پرسی گوێڕایەڵیدا پرسێک بووە دەکەوتە پێش هەڵبژاردنی جێنشین، هەروەها ڕێڕەوەکەیی دیاریکردووە، چونکە خەملاندنی ئاستی بەدەمەوەچوونی گەل لەسەر گوێڕایەڵیی جێنشین هەژموندار بووە بەسەر پرۆسەی دەستنیشانکردندا، واتە زۆرترین پرسیارێک کە لە قۆناغی دەستنیشانکردندا گرنگی هەبووبێت بریتی بووە لە: ئایا جێنشین بەگوێی دەکرێ یان نا؟ وەڵامەکەی بەپێی بۆچوونی هزری ئیسلامی بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندی خاوەن هێزەوە بۆ ئەو کەسە کە مەبەستە دابنرێ بە جێنشین، چونکە ئەگەر لایەنداریی خاوەن هێز یەک کەس یان دوو کەس یان کۆمەڵێک بێت ئەوا توانایی پراکتیکی لەسەر فەرمانڕەوایی دەستەبەر دەبێت، ئینجا گومانی گوێڕایەڵیی سەراپای خەڵکیش بۆ جێنشین زاڵدەبێت و بەپێی ئەوە دەستنیشانکردن و دانانی بەدەست دێت[10]. ئەم مەسەلەیە بە ڕوونی گرنگێتی گوێڕایەڵیی سیاسیمان بۆ دەخاتەڕوو بەو سیفەتە کە یەکێکە لە هزرە زیندووەکانی پێکهاتەی هزری سیاسی ئیسلامی، چونکە بیرکردنەوەی سیاسی لەڕاستیدا بیرکردنەوە بووە لە پرسی گوێڕایەڵیی.

ڕاستییەکی مێژووییش پشتگیری لەم دەرئەنجامە دەکات ئەویش شەڕی هەڵگەڕاوەکانە، چونکە خوێندنەوەی مێژووی ئەو شەڕانە، ئاماژە دەدەن کە یەکەمین گرفتی سیاسی کرداریی لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە ڕووبەڕووی سیستمی سیاسی ئیسلامی بووەتەوە گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسی بووە، بەڵام مەسەلەی تێکەڵکردنی بە ڕەهەندە باوەڕییەکە ئەویش بەهۆی پاشگەزبوونەوەی هەندێ لە هۆزە عەرەبەکان لە ئیسلام ڕێگاینەداوە بناسێنرێ و دەرک بە سروشتەکەی بکرێ، تا دواتر لە سەردەمی هەردوو جێنشین عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبو تالیب دا کەوتەڕوو. ئەگەری هەیە پەیبردنی هزری سیاسی ئیسلامی بە گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەردەوام تۆوی ئەو تێکەڵکردنەی هەڵگرتبێ، چونکە ملنەدان بە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی وایلێهات لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا مانای دەرچوون لە کۆمەڵ و لە شەریعەتی پێکەوە هەڵگرتبێ.

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەردەمی ڕاشیدیندا لەلایەن دەستەڵاتی سیاسییەوە جۆرێک لە هەڵسوکەوتی سیاسەتی ڕاشیدی بە کۆمەڵگا دابوو، لەبەرئەوە کاتێک لە سەردەمی جێنشینی عوسماندا دەرچوون لەو شێوەیە کە پێکهێنەری

---

١٠- إبن عبد السلام، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، ص٥٩.

کەلتوری ئیسلامی بوو و ناودەبرا بە (ڕێبازی هەردوو خەلیفە) کەوتەڕوو ئیتر گوێڕایەڵیی گۆڕدرا بۆ یاخیبوونی سیاسی کە بە کوشتنی خەلیفە کۆتاییهات.

لە هەمان میانەدا، ئەوا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی بەرپا دەبێت لەسەر ئەزموونی دەستەڵات بە پێگەی گوێڕایەڵیی لە ڕووی شەرعیبوون و کردارەکان و پەیوەندییەکان و کەسە دیارەکانی، هەروەها دەیخاتە ژێر زنجیرەیەک لە هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییە بەردەوام و نوێبووەکانەوە، لێرەوە بە دوور لە هۆشیاری بزاوتی دەستەڵات پیادەناکرێ، بەم پێیەش ئەوا گوێڕایەڵیی سیاسی وا لەو کۆمەڵگایە دەکات کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا گوێڕایەڵی دەستەڵاتە لە قۆناغێکی تردا ئامادەیە لەدژی بوەستێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کارکردن بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی بەو چۆنێتیە پرۆسەیەکی بێ مەترسی نیە بۆ دەستەڵاتێکی سیاسی کە پەیدەبرێ بە لەدەستدانی شەرعیەت، بۆ ئەو هزرە سیاسیەش کە خوێندنەوە بۆ گۆڕانکارییە قووڵەکان دەکات لەسەر ئاستی دەستەڵات و پەیوەندی بە کۆمەڵگاوە هەر بەهەمانشێوەیە، کە پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی سیستمی سیاسی بە ئامانج دەگری تەنانەت با لەسەر ئاستی ڕواڵەتیش بێت.

ئەم هۆشیارییە نەرێنییە بە گۆڕانی پراکتیکی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی، لە پشتی حەزی گۆڕینی گوێڕایەڵییەوە بوو لە گرفتێکەوە کە لە ڕێڕەوی پەرەسەندنی سیاسی مێژوویی سەردەمێک بوو کە بە هەموو پێوەرێک بە (پێوانەیی) دادەنرێ، بۆ ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی تەبایی سیاسی لە نێوان گەل و دەستەڵات. بەڵام ئەمە لە ڕێگای هەوڵی سەرلەنوێ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی سیاسییەوە نەبوو بۆ پەیوەندی نێوان دەستەڵات و کۆمەڵگاو گەشەدان بەو میکانیزمانە کە ئەوە مسۆگەر دەکەن، بەڵکو لە ڕێگای ئاراستەکردنی کەلتوری کۆمەڵایەتییەوە بوو بەرەو پیادەکردنێکی جۆریی و سەلامەت بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی، ئەویش لە ڕێگای لەحیمکردنی چەمکەکە بە گوێڕایەڵیی ئاینییەوە و پێشکەشکردنی بەو سیفەتە کە یەکێکە لە دیمەنەکانی.

کەواتە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا مەسەلەیەک نەبووە خرابێتە بەر لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە، بەڵکو هەمیشە وەها سەیرکراوە کە مەسەلەیەکی سیاسییەو تەقیوەتەوە، ژێریش ئەوەی خواستووە کۆدەنگییەکی خێرا لەسەری دروست ببێت، خێرا جێکەوتەکانی بوەستێنرێ کە وێنای مەترسییەکی کۆمەڵایەتی دەکەن و مەترسیەکەی لە مەترسی لادانی دەستەڵات زۆرترە، لەبەرەوە لە پرۆسەی جێگیرکردنی مێژوویی گوێڕایەڵیی سیاسیدا

خوێندنەوەی لێکدانەوەو ماناگۆڕینی دەقی قورئانی بەکارهێناوە کە دامەزرێنەری چەمکی گوێڕایەڵی سیاسییە، ئینجا سەرلەنوێ دەقەکانی سوننەتی پێغەمبەرایەتی ئاراستەکرانەوە ئەویش بە سودوەرگرتن لە پرۆسەی نوسینەوەی فەرموودە، لێرەوە میکانیزمە ئیجتیهادییەکان بۆ داخستنی پاساوی (فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە) بەگەڕخرانەوە. بە کورتی، هزری گوێڕایەڵیی سیاسیی قەبەکردنێکی ناباشی بەخۆیەوە بینی، کە تەمومژێکی زۆری لە بواری مەعریفەی ئیسلامیدا لێکەوتەوە، ئینجا سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو چەمکانە کە پەیوەستن بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە وەک فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، شورا و بەیعەت و هیتریش ئەنجامدرا، ئەویش لە ڕێگای خستنیانە ژێر دەرهاویشتەکانی واقیعی سیاسی.

ئەوەی لە هەموو ئەم پرۆسەیەدا یارمەتیدەر بووە، ئەوەبووە کە بیرۆکەی دەوڵەت پێگەیەکی سەنتەریی لە هزری ئیسلامیدا داگیرکردبوو، بەردەوام لە ڕێگای بەرجەستەکردنی دەستەڵاتی خۆیەوە لە هەموو قۆناغە جۆراو جۆرەکاندا ئامادەیی هەبووە، ئەوەش بەپێی ئەو باوەڕە باوە کە دەبێت لە هەموو بارێکدا دەوڵەت هەبێت ئیتر چاک بێت یان خراپ[1]، ئەمەش مانای وایە داب و نەریتی گوێڕایەڵیی کە لە قۆناغێکی لادانی پێشوەختدا جێ پێی لە دەوڵەتی جێنشینیدا قایمکرد هەر بە میراتگریی مایەوە، بەپێی پرەنسیپی (گوێڕایەڵیی هەموو خاوەن دەستەڵاتێک فەرزە)[2] لە ڕژێمێکەوە گواستوویەتەوە بۆ ڕژێمێکی تر، کەواتە هەموو ئەو دەستەڵاتانە کە یەک بەدوای یەکدا هاتوون ئیتر شەرعیەتیان هەرجۆر بووبێت دووچاری کێشەی گەورە نەبوون، چونکە مەسەلەکە جگە لە سەرلەنوێ ئاراستەکردنی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی بەرەو دەستەڵاتی نوێ هیچیتری نەویستووە،

---

١- وەک ئاماژەیەک بۆ گوتەی پێشەوا عەلی بۆ خەواریجەکان هەروەک شەهرستانی باسیکردووە کە دەڵێ: (کاتێک پێشەوای باوەڕداران -خوا لێی ڕازی بێت- گوێبیستی ئەم وشەیە بوو واتە گوتەی خەواریجەکان کە وتیان: جگە لە حوکمی خوا هیچ حوکمێکی تر بوونی نیە، وتی: (گوتەیەکی ڕاستە بەڵام بۆ ستەمکردن وتراوە، بەڵکو دەڵێین: هەردەبێت دەستەڵاتێکی چاک یان خراپ بوونی هەبێت)، مەعلومە کە مەبەستی پێشەوا عەلی جەختکردنەوە بووە لەسەر هەبوونی دەوڵەت وەک بنەمایەک، نەک پاساو بێت بۆ دەستەڵاتی خراپ. بڕوانە: الشهرستاني، الملل والنحل، ص١١٤.

٢٠- ئیبن قودامە دەڵێ: (هەرکەس کاری جێنشینیی گرتە دەست  و خەڵکی کۆبوونەوە لەسەری یان بە شمشێرەکەی زاڵبوو بەسەریانداو ناونرا پێشەوای باوەڕداران، ئەوا بەگوێکردنی فەرزە، سەرپێچیکردن و دەرچوون لەدژی و لەتکردنی ڕیز و هێزی موسڵمانان حەرامە) بڕوانە:

- إبن قدامة، لمعة الأعتقاد الهادي إلى سبيل الرشاد، الكويت: الدار السلفية، ١٤٠٦ك، ص١٨١.

کە دەستەڵاتێکی زاڵبوو بووە یان مەرجەکان و شایانبوونی تێدا نەبووە تا گوێڕایەڵیکردنی ببێتە فەرز لەسەر کۆمەڵ، با لە هەندێ کاتیشدا ئەوەی خواستبێ هەستن بە هەندێ ڕێکاری ڕواڵەتی، هەروەک چۆن کاتێ مەمالیکەکان کەسێکیان لە بەنو عەباس هێنایە پێش ئەویش موستنەصر بالله بوو (کە ساڵی ٦٥٩ک هاتە سەر حوکم) و کردیان بە جێنشین، ئەوەش بۆ پاساودان بوو بە حوکمی خۆیان لە دەوڵەتی ئیسلامیدا[1].

تێبینی دەکرێ ئەزموونی ئیسلامی لە سەردەمە سەرەتاکاندا لەمەڕ هەڵوێستی دەرهەق بە گوێڕایەڵیی سیاسی ئیجتیهادی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە بەرلەوە ئەم مەسەلەیە لە ڕێگای میکانیزمی کۆدەنگی لە بازنەی ئیجتیهادەوە ببرێ بەرەو بازنەی قەدەغەی شەرعی، ئەم مەسەلەیەش سەردەکێشێ بۆ قسەکردن لە هەژموونی فیقە لەسەر هزر لە ئیسلامدا، لەمبارەیەوە دەتوانرێ تێبینی بکرێ کە بۆچوونەکانی هزری سیاسی ئیسلامی لەسەر کێشە کۆمەڵگایی و سیاسییەکان بۆ جۆری پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەردار لەسەر بۆچوونی فیقهی بونیاتنراوە، کێشەکەش لە تێڕوانینەکانی ئەو بۆچوونە فیقهییەدا نەبووە، بەڵکو لەوەدا بووە کە سنوری ئەو پەیوەندییەو ڕەگەزەکانی نەگرتووەتەوە، لێرەوە زۆربەی لایەنەکانی لە دەرەوەی توانای بۆچوونی فیقهییەوە بووە کە نەیتوانیوە ڕێکوپێکی بکات و چوارچێوەی بۆ دابنێ. چونکە حوکمدان لەسەر دیاردەیەکی سیاسی کە دەکەوێتە چوارچێوەی (ناوچەی لێبوردنی شەرعی) بە تێڕوانینی پێنج حوکمە فیقهییەکە کە بریتین لە: فەرز، سوننەت، حەرام، ناپەسەند، ڕێگاپێدراو، وادەکات هەندێ لە لایەنەکانی -ئەوانەی کە ناچنەژێر هیچ یەک لەو پۆلێنکردنانە- لە دەرەوەی باسی هزردا بن، پاشانیش لە دەرەوەی توانای کرداریی ڕەخنەگرتن و سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن بن، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی حاڵەتی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی ئیجتیهاد کە لە کتێبەکانی فیقهدا باوەڕپێکراون، چونکە بڕیاردان -بۆ نمونە- لەسەر فەرزبوونی گوێڕایەڵیی ستەمکار بە دوور لە بازنەی فیقە و زانستە شەرعییەکانی تر، ڕێگری دەکات لە تاوتوێکردنی ئەو کێشەیە لەسەر ئاستێکی گشتی، هەروەها ڕێگرە لە هەبوونی هەرجۆرە خوێندنەوەیەکی جیاواز کە لە سوچی ڕەخنەگرتنەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکەدا بکات، هەروەها نیە لەناو تێڕوانینی حەڵاڵ و حەرام یان سوننەت و فەرزیشدا.

---

١- السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٥٤٥.

هەر لەو بوارەدا، هزری سیاسیی ئیسلامیی بەو سیفەتە مامەڵەی لەگەڵ چەمکەکاندا کردووە کە (کۆمەڵە حوکم)ێکن بەسەر واقیعدا، نەک ئامرازی میتۆدی بن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی، هەروەها بۆ لەخۆگرتنی راستییە بابەتییەکانیشی نیە، ئەم حاڵەتە هزری سیاسیی ئیسلامیمان بۆ ڕاڤە دەکات کە سنوردارە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵە چەمکێکی تایبەت بە خۆی، بەجۆرێ کە ڕێگای بدەن کاریگەری لەسەر واقیعی سیاسی هەبێت، ئەمەش وایکرد ببێتە دیلی زاراوەی فیقهناسان، هەروەها ببێتە دیلی ئەو هزرە کە لە کەلتورە فارسی و یۆنانیە دێرینەکان و لە خۆرئاواییە نوێکانەوە هاتووە، ئەم کارە بووە هۆی جۆرێک لە پیرۆزکردنی چەمکەکان و خڕکردنیان، تەنانەت با ماناکانیشیان دواکەوتبن لە ڕێکردن لەگەڵ بزاوتی واقیعدا.

بێگومان گەیاندنی چەمکی گوێڕایەڵیی بە پلەی کۆدەنگی بێ جیاکردنەوەی نێوان هەردوو لایەنی: سیاسیی و ئاینی، لەڕاستیدا کارێکی پیرۆزکردن بووە کە ڕێگر بووە لەبەردەم لێکۆڵینەوەی ئەو چەمکەدا، هەروەها لە خستنەڕووی ئەو گۆڕانکارییە کە لەبەرئەنجامی جیاوازی هەردوو لایەنی ناوبراودا پەیدابووە، تا بووە هۆی تێکەڵکردن لە نێوان گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لەلایەکەوە و نێوان گوێڕایەڵیی کاربەدەست لەلایەکی ترەوە، ئەمە بێئەوەی هیچ جۆرە هەوڵێکی ڕەخنەگرانە ببینین کە کاریگەری هەبووبێت لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەدا، چونکە دەستکۆتا بوون بە وتنەوەی ئەم فەرموودە پیرۆزە: ((گوێڕایەڵیی کەسێ ناکرێ کە سەرپێچی خوای گەورە بکات))[١]، هیچ شتێکیشی نەخستەسەر زانیاری موسڵمانان، چونکە پێشتر لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر) فێری بووبوون و پێیانوابوو ئەوەی لە فەرموودەکەدا هاتووە کۆت و بەندێکی بەسە لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسی و ڕێگرە لەوەی ئوممەت (کۆت و بەندی گرێبەستیی) دابهێنێ کە لە ڕووی سیاسییەوە سنوردارتر بن، جا لەبەرئەنجامی توانای چاولێکەریی لە دەستگرتن بەسەر ڕووبەرێکی زۆر لە هزری سیاسی ئیسلامیدا، ئەوا پرسی گوێڕایەڵیی سیاسی -وێڕای گرنگێتی سەنتەریی خۆی لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا بەو سیفەتە کە بیرۆکەیەکەو ئاراستەی پرسی سیاسی کراوە- نەخراوەتە ناو کۆت و بەندی مامەڵەی میتۆدی، هەروەها لەتوانادا نەبووە لایەنە ئاڵۆزەکانیشی لەتوێی چوارچێوەی تیۆریی کامڵدا باسبکرێن.

---

١- إبن حنبل، المسند، حديث رقم (١٠٩٥).

## سێیەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی: پەیوەندی چەمکەکان

ئامانجی ئەم بەشەی توێژینەوەکە، دیاریکردنی پێگەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییە لەناو ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکاندا، ئەوەش بەرلەوە بخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو شیکارکردن، ئەمە لە ڕێگای هەوڵدانەوە بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانی پەیوەندی نێوان ئەو و نێوان چەمکەکانی تر، بەجۆرێ کە یارمەتیدەر بێت لەسەر ڕوونکردنەوەی خاڵەکانی تەواوکاریی یان شوێنە دژ بەیەکەکان لە چوارچێوەی ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکاندا.

لێرەدا گرنگە بوترێ کە ڕشتەبەندی چەمکە ئیسلامییەکان بەوە ناسراوە دەوڵەمەند و فرەجۆرە، ئەو چەمکانەش کە تیایدان بریتین لە یەکەی بونیاتنەر و کۆی بۆچوونی ئیسلامی لە مەسەلەی سیاسیدا لەسەری بەرپا دەبێت، بەم پێیە ئەوا لە ڕووی پرەنسیپەوە هیچ بوارێک بۆ هەبوونی پەیوەندیی ململانێ لە نێوان ئەو چەمکانەدا نیە، بەڵام شێواندنی بەهای هەندێ لەو چەمکانە، وادەکات کە لە پێگەی دژ بە چەمکەکانی تر لە خودی ڕشتەبەندی مەعریفیدا دایانبنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی کەموکوڕییەک لە بۆچوونی ئیسلامیدا بە گشتی. لێرەوە پێویستە ئەو چەمکانە سەرلەنوێ ببەسترێن بەیەکەوە، بەجۆرێ یەکبوونی ئەو بۆچوونە کە لەسەری بەرپابوون دەستەبەر بکات. لەبەرئەوە، لێکۆڵینەوەمان لێرەدا لەسەر ئەو چەمکانە کە پێکهێنەری ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکانن بە ئاقاری پێناسەی وەسفیان نیە، یان ڕاڤەکردنی واتای زمانەوانیان بێت، یان وەستان بێت لەسەر ئەو هەموو ناوەڕۆک و گرفتانە کە وان تیایاندا، بەڵکو مەبەست شارەزابوونە بە پەیوەندیی کارلێکیان لەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی، ئەوەش لە ڕێگای چڕکردنەوەی ڕەهەندی سیاسیی ئەو چەمکانە، هەروەها ناوچەکانی بەیەکداچوون لە نێوان ئەوان و نێوان چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەوەش بە دەستنیشانکردنی بزاوتی گەشەی گشتییان لە مێژووی مەعریفی و سیاسیدا، هاوکات شیکاریی بێت بۆ هەردوو لایەنی گۆڕدراو نەگۆڕ لە ناوەڕۆکی گشتییاندا.

### ١- چەمکە سەرەکییەکان:

مەبەستمان ئەو کۆمەڵە چەمکە گشتییەن کە بناغەی بۆچوونی سیاسی ئیسلامی پێکدێنن، چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیش لە چوارچێوەیاندا دەجوڵێ.

گرنگترینی ئەو چەمکانەش ئەمانەن: ڕاوێژکاریی، گەل، شەریعەت، شەرعیەت، فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگری لە خراپەو بەیعەت.

أ- ڕاوێژ (شورا):

چەمکی ڕاوێژکاریی پەیوەستە بە هەڵبژاردن و بە دەرهێنانی ڕاستترین ڕاو بۆچوون، چونکە (سروشتی ڕاوێژکاریی لەو مەسەلانەدایە کە ئەقڵەکان لە پەیبردن پێیان و لە کێشانەی ئەو زیان و سودانەی کە پەیوەستن پێیانەوە جیاوازن، هەروەها ئەو ئەنجامە وردانە یان باشانە کە لێیانەوە هەڵدەگۆزرێن)[1]، بەشێوەیەکی دیاریکراوتر چەمکی ڕاوێژکاریی بریتییە لە بەشداریکردن لە مەسەلە هەمووەکیەکانی سیاسەت و هەڵسوکەوتی پێشەوایەتی، بۆئەوەی پێشەوا تاکڕەوانە هەڵسوکەوت لەو مەسەلانەدا نەکات کە شێوەیەکی ڕێکاری وەردەگرن[2]. ڕاوێژکاریی بەم واتایەش لەوە دەردەچێ تەنها بریتی بێت لە ئاوێتەکردنی ڕاکان هەرکات پێویستی کرد، بەڵکو بریتییە لە بەشدارییەکی ڕاستەقینە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و بڕیاردانە لەسەر بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا. ئەم واتایەش لە دانیشتنەکەی سەقیفەی بەنی ساعیدە دا ڕوونبوویەوە، ئەوەش کاتێک کۆچکەران پەیمانیاندا کە بەبێ وەرگرتنی ڕای پشتیوانان هیچ بڕیارێک نەدەن و یەکلاینەکەنەوە[3]، تا ئەمەش ببێتە بناغەیەکی شەرعی بۆ جێنشینیی.

چەمکی ڕاوێژکاریی بە یەکێک لەو چەمکانە دادەنرێت کە هەڵپاچین و بچوککردنەوە هەڵناگرێ، چونکە سروشتێکی بزاوتی هەیە، کورتکردنەوەی واتە چەقبەستنی و دانانی لە قاڵبێکی تیۆری سڕدا، کەواتە چەمکەکە سەربە واقیعەو یۆتۆپیا نیە، ڕاوێژکاریی وێنای بناغەیەکی ڕێکخستن بۆ ژیانی کۆمەڵ دەکات نەک دواندنی ڕۆحی یان ویژدانی، لەبەرئەوە بۆ جێبەجێکردنی پێویستی بە میکانیزم و هۆکاری پراکتیکی هەیە، ئەوەش بەپێی ڕێکوپێکردنێکی توندوتۆڵ، چونکە بەبێ ئەو میکانیزم و هۆکارانە -کە بە سروشتی خۆیان دەکەونەبەر گۆڕانکاری- چەمکی ڕاوێژکاریی کارایی خۆی لەدەستدەدات، بەم پێیەش ڕاوێژکاریی لەو چەمکانە نیە

---

١- الغزالي، محمد. الإسلام والأستبداد السياسي، القاهرة، نهضة مصر، ١٩٩٧م، ص٥٣.

٢- التونسي، خير الدين. أقوم المسالك في معرفة أحوال الممالك، تونس، ١٨٦٧م، ص١٢.

٣- ئەمە وەک ئاماژەیەک بۆ گوتەی ئەبو بەکری صدیق -خوا لێی ڕازی بێت- کە ڕۆژی شەقیفە بە پشتیوانانی وت: (...لەدوای پێگەی کۆچکەرە یەکەمەکان ئیتر کەسێکیتر نیە پێگەی لای ئێمە لە پێگەی ئێوە بەرزتر بێت، کەواتە ئێمە پێشەواو ئێوەش وەزیر، نە ئێوە کەمتەرخەم بن لە ڕاوێژپێدان و نە ئێمەش کارێک بێ ئێوە یەکلادەکەینەوە). بڕوانە: الطبري، محمد بن جرير. تأريخ الرسل والملوک، القاهرة، دار المعارف، ط٤، ج٣، ص٢٢٠.

کە بتوانرێ لە ڕێگای بەرزکردنەوەی بەسەر واقیعدا پارێزگاری لە کاراییەکەی بکرێ، لەبەرئەوە هەرکات گەل شلگیربوو لە دۆزینەوەی ئەو هۆکارانە کە گەرەنتی دەستەبەرکردنی ڕاوێژکاریی لە واقیعدا دەکەن، ئەوا چەمکەکە دەچێتە دواوەو دەبێتە تەنها چەمکێکی ڕووت، (...تەنها دەبێتە کردەوەیەکی ویستخواز و مەبەست پێی تەنها بەیەکەوەبەستنی دڵەکانە، خۆشکردنی دڵەکانە بێ کارکردن پێی)[1]، بەڵکو ئەگەری هەیە لەبیریش بچێتەوە.

جا بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە بزاوتییە کە چەمکی ڕاوێژکاریی هەیەتی، ئەوا واقیع کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە دروستکردنی هۆشیاری گەل پێی، چونکە پێداچوونەوە بەوەدا کە لە سەقیفە ڕوویدا ئەوە دەردەخات ئەو بارودۆخانەی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەرکەوتن وەک پێویست ئامادەنەکرابوون بۆ کاراکردنی ئەو چەمکە، لەبەرئەوە چەمکی ڕاوێژکاریی لە هەندێ ناوەڕۆکیدا کەوتەبەر لەرینەوەیەکی پێشوەخت، کە عومەری کوڕی خەتتاب -خوا لێی ڕازی بێت- بەو گوتەیەی کە وتی بەیعەتدان بە ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) شتێکی لەناکاوبوو -کتوپڕ بوو و لەسەر ڕاوێژکردنی تەواوەتی نەبوو- خوای گەورەش موسڵمانانی لە خراپەکەی پاراست[2]، هەروەها ئەو ئامۆژگارییە توندەشی بە کوشتنی هەرکەسێ بێ ڕاوێژکاریی کار دەگرێتە دەست ئەو حاڵەتە دەخاتەڕوو، هەمان حاڵەتیش لەگەڵ پێشەوا عەلیدا دووبارەبوویەوە، کە بارودۆخی شەهیدبوونی جێنشین عوسمانی کوڕی عەففان و نەبوونی ڕێسای پێشکەوتوو بۆ مەسەلەی ڕاوێژکاریی بوونە ڕێگر و نەیانهێشت پرۆسەی بەیعەتدان بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجامبدرێ، بۆیە ناچاربوو بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵ بەیعەتەکە قوبوڵبکات، مەرجەکەی ئەوەبوو کە بەیعەتدانی گشتی لە مزگەوتدا بێت.

جا دوور لە بارودۆخە لێڵ و ناڕوونەکان کە بەدوای ئەم دوو ڕووداوەدا هاتن، دەتوانرێ سەرنج لە ڕوودانی جۆرێک لە پیادەکردنی پرۆسەی جێگرتنەوە بکرێ، کە چەمکی کۆمەڵ لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواوە

---

١- شلتوت، محمود. الإسلام عقيدة وشريعة، القاهرة، دار الشروق، ط١٢، ١٩٨٣م، ص٤٤٣.

٢- هزری ئیسلامی ئاوڕینەداوەتەوە بەلای ئەو هۆشدارییەی عومەری کوڕی خەتتاب دا بە زەرورەتی کارکردن بە ڕاوێژکاریی، کە وتی (بەیعەتەکەی ئەبوبەکر شتێک بوو لەدەستچوو و خوای گەورە موسڵمانانی لە خراپەکەی پاراست، هەرکەس گەڕایەوە بۆ هاوشێوە بیکوژن، چونکە هەرکەس بەبێ ڕاوێژکردن بە موسڵمان بەیعەت بە کەسێکیتر بدات ئەوا دەبنە مەترسی لەناوچوون و دەبێ بکوژرێن. بڕوانە:
- الشهرستاني، الملل والنحل، ص٢٠.

هەیە جێگای چەمکی ڕاوێژکاریی گرتەوە[1]، پێدەچێ ئەو پرۆسەی جێگرتنەوەیە بەردەوام لە هەڵکشاندا بووە تا بەتەواوەتی گەیشتە ئاستی جۆرێک لادان لە چەمکی ڕاوێژکاریی بۆ بەرژەوەندی چەمکەکانی تر، وەک کۆمەڵ و فیتنەو هیتریش[2]. بەڵام شتێک کە ماوەی جێنشینیی ڕاشید جیادەکاتەوە کاتێ کە نەتوانابوو لە پیادەکردنی ڕاوێژکاریی لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوادا -بە هەڵاوێردکردنی هەردوو جێنشین عومەری کوڕی خەتتاب و عوسمانی کوڕی عەففان کە هەردووکیان لەبەرئەنجامی ڕاوێژکردنێکی تەواوەتیەوە و لە بارودۆخێکی سروشتیدا هەڵبژێردران- هات پرەنسیپی ڕاوێژکاریی لە تەواوی کاروبارەکانی تری جێنشینیدا پیادەکرد، ئەوەش لەتویی کۆمەڵێک بەهادا کە کۆنترۆڵی هەردوو بواری: سیاسی و کۆمەڵایەتی کرد. لە دیمەنەکانی ئەوەش پێکهێنانی ناوکێکی دامەزراوەیی بوو بۆ ڕاوێژکاریی، کە هیچ بڕیارێک بەبێ ڕاوێژکردن کاری پێناکرێ، ئەویش بریتی بوو لە (ئەهلی حەلل و عەقد) کە لە گەورە هاوەڵان پێکهێنرابوو، ئەو کەسانە کە جێنشین عومەری کوڕی خەتتاب بۆ پارێزگاریکردن لە ڕاوێژکاریی قەدەغەی کردن لە شاری مەدینە بچنەدرەوە.

ڕاوێژکاریی لە ڕووی مێژووییشەوە، پەیوەستبووە بەو پێکهاتە دامەزراوەییە یەکەمەوە: (ئەهلی ڕاوێژکاریی)، تا ئەو ئاستە کە دەتوانرێ بوترێ کاتێ هاوەڵان بەهۆی فتوحات و فیتنەکانەوە واتە (ئەهلی ڕاوێژکاریی) بڵاوەیان کرد بە ناوچەکاندا، مەڵبەندی جێنشینیش لە مەدینەی پیرۆزەوە گوێزرایەوە، ئیتر چەمکی ڕاوێژکاریی بەرەوپاش گەڕایەوە، پەیوەندی زیندوویی چەمکەکەش بەهەمانشێوە پەیوەستکرا بە هەبوونی دامەزراوەی ترەوە -وەک (ئەهلی حەلل و عەقد) و (ئەهلی هێز)-، کە ئەمانە بە پلەی پێکهاتەی بەردەست جێگرەوەی دامەزراوەی ڕاوێژکاریی بوون، لێرەوە لکێنران بە جەستەی دەستەڵاتەوەو بوونە هاودەمی، ئینجا ئەرکی هەڵبژاردنی جێنشینیان لە هەندێ بارودۆخدا پێسپێردرا، لەتواناشیاندا نەبووە میکانیزمی پێویست بۆ کاراکردنی چەمکی ڕاوێژکاریی لە سیستمی سیاسیدا بدۆزنەوە.

---

١- دکتۆر ڕەزوان سەیید باس دەکات کە ئومەوییەکان بیرۆکەی (یەکبوونی کۆمەڵ)یان دژ بە بانگەشەکارانی ڕاوێژکاریی بەکارهێنا. بڕوانە: السيد، رضوان. الأمة والجماعة والسلطة، دراسات في الفكر السياسي العربي الإسلامي، بيروت: دار إقرأ، ١٩٨٤م، ص١٣٢.

٢- لە دیارترینی ئەو دیمەنانە، ئەو ساڵەی کە فەرمانڕەوایی بەبێ ڕاوێژکردن بە موسڵمانان کەوتە دەست موعاویە کوڕی ئەبو سوفیان ناونرا بە ساڵی کۆمەڵ، تا بۆ دواتر ڕاوێژکاریی و گەل بخاتە میانەی ململانێوە، گەلیش دەستدرێژی کردە سەر ڕاوێژکاریی، ئیبن خەلدون پێیوایە کە ئەگەر موعاویە کارەکەی بە ڕاوێژکاریی بکردایە ئەوا یەکبوونی گەل بەهۆی دەمارگیریی بەنو ئومەییەوە کە قوبوڵی ئەوەی نەدەکرد پەرت دەبوو. بڕوانە: إبن خلدون، المقدمة، ص٥٦٥.

لە هەموو ئەمانە گرنگتر، ئەوەیە کە نەخشەی چەمکی ڕاوێژکاریی لە سەردەمەکانی دواتردا بەپێی خوێندنەوەی ژیانی کرداریی ئەو چەمکە کێشراوە، ئەویش لە ڕێگای دۆزینەوەی کەلێنی پراکتیکی پیادەکردنی چەمکەکە لە سەردەمی یەکەمدا و بونیاتنان لەسەری، بێئەوەی پێکهاتەی سادەی دەستەڵاتی ئەو سەردەمە بە هەند بگیرێ، هەروەها بەرتەسکی ئەو بوارە کە لە واقیعی ئیسلامیدا پڕیکردووەتەوە، بێئەوەی ئاوڕبدرێتەوە بۆ دەوڵەمەندی ناوەڕۆکی بەهای دەستەڵاتی جێنشینیی، ئەمەش -بە سروشتی خۆی- مەسەلەیەک بووە سنوری بۆ مەترسییەکانی (کەلێنی پراکتیکی) داناوە کە جاروبار لە چەمکی ڕاوێژکاریدا دەردەکەوت. جێگای سەرسوڕمانە هەندێ لە زانایان -وەک نەوەوی و رافیعی- ڕۆیشتوون بۆ فەرزبوونی ڕاوێژکاریی لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و فەرزنەبوونی لەسەر کاربەدەستانی دوای خۆی[1]، لەوانەیە هەندێکیشیان بۆچوونی وەها بووبێت بڵێ فەرزبوونی ڕاوێژکاریی واتە ناڕەزایەتی دەربڕین بە سەردەمی پێشووی مێژووی ئیسلامی.

هەروەها ئەو گوتەیە کە دەڵێ گوایا ڕاوێژکاریی فەرز نیە، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە واتا ناوەندییەکانی ئەو چەمکەوە هەیە، چونکە دەبێ ڕاوێژکاریی چ سودێکی هەبێت ئەگەر پابەندبوون پێیەوە فەرز نەبێت[2]، کەواتە باسکردن لە فەرزنەبوونی ڕاوێژکاریی لەڕاستیدا وێنای ڕەواندنەوەی تیۆری چەمکەکە دەکات، قسەش لەمبارەیەوە گەیشتە ئەوپەڕی کە وتراوە ڕاوێژکاریی بە دەقی ئایەتە قورئانییەکان لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرزە، بەڵام بۆ فەرمانڕەوا سوننەتە، هەروەک لەپێشەوە ئاماژەیەک بەم بۆچوونە دراوە. زیاد لەوەش کارکراوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بنەمایەکی قورئانیی چەمکەکە، بەوەی کە چەمکەکە تەنها لە دوو ئایەتی قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە[3]، ئەمە لە کاتێکدا کە چەمکەکە لە حەقیقەتیدا

---

١- الدميجي، الإمامة العظمى عند أهل السنة والجماعة، ص٤٤٦.

٢- الغزالي، الإسلام والأستبداد السياسي، ص٥٥.

٣- ئەو دوو ئایەتەش کە ئاماژەیان پێکراوە ئەمانەن: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱسۡتَجَابُواْ لِرَبِّهِمۡ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ﴾الشورى: ٣٨ . واتە: (هەروەها ئەوانەی کە بەدەم بانگەوازی پەروەردگاریانەوە دەچن و نوێژەکان بە چاکی ئەنجام دەدەن و کاروباریان هەمیشە بە مەشورەت و پرس و ڕا ئەنجام دەدەن، هەروەها لەو ڕزق و ڕۆزی و زانست و توانایەی کە پێمان بەخشیون دەبەخشن ...). ﴿فَبِمَا رَحۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ لِنتَ لَهُمۡۖ وَلَوۡ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ ٱلۡقَلۡبِ لَٱنفَضُّواْ مِنۡ حَوۡلِكَۖ فَٱعۡفُ عَنۡهُمۡ وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِۖ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ﴾آل عمران: ١٥٩ واتە: (ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر) پەروەردگاری میهرەبان ڕەحمەت و میهری تایبەتی خۆی لە نێو دڵ و دەرونی تۆدا چاندووە، بۆیە ئەوەندە بەڕەحم و نەرم و

وێنای پرەنسیپێکی گشتی دەکات کە چووە بەناو کۆی بونیاتی دەقی قورئانیدا و پەیوەست نیە تەنها بە چەند بەشێکییەوە. ئەمەش حاڵی هەموو پرەنسیپ و ڕێسا گشتییەکانە لە ئیسلامدا.

چەمکی ڕاوێژکاریی لەلایەکی ترەوە وابەستەیە بە پیادەکردنی هۆشیارانەی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، چونکە لەسەر بیرۆکەی ئازادیی بەرپا دەبێت، لێرەوە لەگەڵ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا ڕێسای ڕەزامەندیی دابەشدەکات کە ئەم دوایینەی لەسەر دادەمەزرێ، نەمانی ڕاوێژکاریش واتە نەمانی مەرجی ئازادیی، چونکە ئەو شتەی دژ بە ڕاوێژکارییە بریتییە لە تاکڕەویی لە ڕاو بۆچووندا، ئەمەش بەرتەسککردنی ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی گشتییە کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی لە بنەڕەتدا لەسەری بونیات دەنرێ، پەیوەندیش لە نێوان هەردوو مەسەلەکەدا، واتە ڕاوێژکاریی و ڕەزامەندیی کۆمەڵایەتی گشتی مەرجن بۆ پیادەکردنی گوێڕایەڵیی سیاسی وەها کە خوای گەورە دەیەوێ، ئەمەش مەسەلەیەکە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە پێشوەختدا خستوویەتەڕوو، ئەویش کاتێک هات بۆ مەدینە، (چووە ماڵەکەی عوسمان، ئالەوێدا عائیشەی کچی عوسمان وتی: هاوار بۆ باوکم و گریا، موعاویەش وتی: ئەی برازاکەم خەڵکی گوێڕایەڵییان پێداوین و ئێمەش ئاسایش و ئارامیمان پێداون، نەرمونیانی و لەسەرخۆیمان بۆ دەربڕیون و توڕەیی لەژێریەوەیە، ئەوانیش گوێڕایەڵییەکیان پێداوین کە ژێرەکەی ڕق و کینەیە...)[1]. ئەم دەستەواژانە وێنای گوێڕایەڵیەکی سیاسی لە کۆمەڵگای غەیری ڕاوێژکاریدا دەدات پێمان، کە گوێڕایەڵیی زەرورەت بووەو هیچیتر.

**ب- شەرعیەت:**

یەکێک لەو چەمکانە کە لە هزری سیاسی ئیسلامیدا لێڵی و ناڕوونیان پێوەدیارە چەمکی شەرعیەتە، ئەهلی سوننە پرەنسیپی کۆدەنگی دادەنێن بە بناغەی شەرعیەت، تیۆری جێنشینیان لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە، بەڵام لای شیعە ئەوا دەق وێنای

---

نیانیت، خۆ ئەگەر توڕە و قسە ڕەق و بێ بەزەیی و دڵڕەق بویتایە، ئەوە کەس لە دەورت نەدەما و هەموو بڵاوەیان لێ دەکرد، کەواتە بەردەوام چاوپۆشییان لێبکە و لێیان ببورە و داوای لێخۆشبونیان لە خوای گەورە بۆ بکە، لە کارو پێشهات و شتی گرنگدا پرس و ڕایان پێبکە، دوای مەشورەت و پرس و ڕا ئەگەر بڕیارێک دراو ڕای زۆرینەی لەسەر بوو ئەنجامی بدە و پشت بە خوای گەورە ببەستە چونکە بەڕاستی ئەو پەروەردگار ، ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کە پشتی پێدەبەستن (ئەمەش دوای پێشهاتی غەزای ئوحود و ئەو کارەساتەی کە بەسەر پێغەمبەر و هاوەڵانیدا هات!!) .

١- الدينوري، عيون الأخبار، ص١٤.

بناغەی شەرعیەتی هەر دەستەڵاتێک دەکات. دەتوانین لەناو ئەم سنوورداركردنە گشتییەدا ڕەگەزی تر بدۆزینەوە کە گونجاوبن ببنە پایەی شەرعیەت وەک دادپەروەریی، کارکردن بە شەریعەت، پاراستنی سەروەریی و هیتریش. بەڵام تێبینی دەکرێ ئەو پرسانە بەو وەسفە خراوەنەتەڕوو کە ئەرکی فەرمانڕەوایین نەک بناغە بن بۆ شەرعیەت، جیاوازی نێوان دوو مەسەلەکەش ڕوونە، چونکە دادپەروەریی بەو سیفەتە کە بناغەیە بۆ شەرعیبوونی دەستەڵات مانای ئەوەیە کە دەستەڵات هەر لەسەرەتاوە بوونی هەیە، بەردەوامبوونیشی بەستراوەتەوە بە دەستەبەرکردنی کرۆکی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە، واتە دادپەروەریی لە سەروەت و سامان و دەستەڵاتدا، لەناو کەسانی تایبەت و گشت خەڵکیدا، بەڵام دادپەروەریی بەو سیفەتە کە وەزیفەیە ئەوا لە مانای تاوان تێناپەڕێ، واتە ویژدان بەخەرجدان لە حوکمە دادوەرییەکاندا، دەکرێ هەمان مەسەلەش دەربارە بە حوکمکردن بە شەریعەت بوترێ، واتە بەو سیفەتەش کە بناغەیە بۆ شەرعیەت واتە دەستەبەرکردنی مەبەستەکانی شەریعەت و کرۆکی پرەنسیپەکانی، بەڵام بەو سیفەتەی کە وەزیفەیە ئەوا لە ڕوونکردنەوەی هەندێ ڕوخساری ئیسلامی یان جێبەجێکردنی هەندێ لە حوکمە سزاییەکان تێناپەڕێ.

جا وێڕای هەبوونی ڕاجیاوازی لە مانای ئەم چەمکەدا، ئەوا شەرعیەت لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر مۆرکێکی ئاینی هەیە، بەڵام بە پراکتیکی خراوەتە ژێر سنوردارەکانی واقیعی سیاسییەوە، ئەوەش بەهۆی دەرکەوتنی قەوارە سیاسییە سەربەخۆکان، بە هەڵوەشاندنی پرەنسیپی یەکبوونی دەوڵەت، بە سەروەرییبوونی فەرمانڕەوایی زاڵبوو، تا (توانایی سیاسی) کە لەسەر گوێڕایەڵیی خاوەن هێزەکان دامەزراوە جێگای شەرعیەت بگرێتەوە، هەر بەوجۆرە کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە هەمانکاتیشدا کۆدەنگیی وەک میکانیزمێکی شەرعیەتدان بە واقیعی سیاسی مایەوەو بەدوور گیرا لە سنوردارەکردنە شەرعییەکان کە لە ئاینەوە وەرگیراون. بەڕاستی ئەمەش بەمشێوەیە پشکی گەورەی هەبووە لە زەقکردنەوەی چەمکی گوێڕایەڵیی هەروەک تیۆری کلاسیکی پێشکەشی دەکات، بەجۆرێ کە هزری سیاسی ئیسلامی لە میانەی بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیدا بە ئاراستەی وروژاندنی ترسی موسڵمان لەسەر باوەڕەکەی هەنگاویناوە، هەروەها کردنی بە هۆکارێک بۆ هێنانی گوێڕایەڵیی بۆ ئەو ڕژێمە فەرمانڕەواییە کە لە تێڕوانینی خودی هزری ئیسلامییەوە جگە لە زەرورەتێکی واقیعی شتێکیتر نەبووە.

لەڕاستیدا کارێکی زەحمەت بوو کەسێکی تاک بێت بەبێ مۆرکی ئاینی گوێڕایەڵی

خۆی بدات بەو ڕژێمە سیاسییە ملهوڕ و تاکڕەوانە کە مەسەلەی گوێڕایەڵیان بە ئاین ڕەنگکردووە. چونکە فەرمانڕەوایی ئومەوییەکان بۆ نمونە لەتوانایدا نەبوو لەسەر بناغەی شەرعیەتی جێنشینیی ڕاشید کە لەسەر کەلاوەکانی ئەو هات ئیدیعای شەرعیەتی ئاینی و دامەزراندنی پەیوەندی بە گەلەوە بکات، لەبەرئەوە بناغەڕێژی کرداریی بۆ هزری گوێڕایەڵیی کە لەسەر دەستی زۆرەملێی ئومەوی هاتەکایە، لەسەر هاندانی ڕەگەزی باوەڕیی لە کەسایەتی موسڵماندا بەرپابوو، بەو بیانووە کە فەرمانڕەوایی ئومەوی وێنای قەدەری خوا دەکات، هەردەبێت پەسەند بکرێ، ئەوەش وەک تەسلیمبوونێ بە قەدەری خواو پارێزگاری لە ئاین. جا هەرچەندە هیچ کۆدەنکییەک لەسەر ئاراستەی ئەو بیرکردنەوەیە ڕوویندا، بەڵام هەر زۆرێک لە ڕەگەزەکانی لە پانتایی هزری ئیسلامیدا دەنگیدایەوە، شتێکیش کە یارمەتی ئەوەیدا بریتی بوو لەو واقیعە کە ڕژێمە ملهوڕ و زاڵەکان سەپاندیان، کە ڕاستێتیی (شەرعیەتی جەبری)یان بۆ سیستەمە حوکمڕانەکان دامەزراند.

وادەردەکەوێ لە کاتێکدا کە شەرعیەتی ئاینی بە ئاراستەیەکدا جوڵاوە، ئەوا واقیع لە هەمانکاتدا بە ئاراستەیەکی تردا جوڵاوە، چونکە شەرعیەتی ئاینی بە هەموو ئەو لایەنە سیاسی و یاساییانەی کە وان تیایدا[1]، ڕەتیکردووەتەوە واقیعی سیاسی بشەرعێنێ ئەگەر بێتو وەلامگۆی مەرجەکانی نەبووبێت، بەڵام فراوانی تۆڕی چەمکە ئیسلامییەکان و دەوڵەمەندیی فیقهیی لە حوکمی شەرعی و مامەڵەکاندا، ڕێگایداوە بە لەخۆگرتنی تیۆری ڕژێمە حوکمڕانە نا شەرعییەکان، ئەویش لە ڕێگای چالاککردنی چەمکەکانی تری وەک بەرژەوەندی و کۆمەڵ و زەرورەت و هیتریش. ئەم مەسەلەیەش سروشتی جێگۆڕکێی لە پەیوەندییە ئیسلامییەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریانی خستووەتەڕوو، ئەوەی کە لەژێر چەمکی شەرعیەتی ئاینیدا ڕەتکراوەتەوە لەژێر چەمکەکانی تردا وەک یەکبوونی کۆمەڵ و ترس لە فیتنەو هیتریشدا پەسەندکراوە. ئەم حاڵەتە نەرمونیانییەکی گەورەی بە ڕژێمە فەرمانڕەوا ملهوڕەکان بەخشی تا خۆیان وەک بەشێک لە بونیادی مەعریفەی ئیسلامی پێشکەش بکەن، بەم پێیەش ململانێیەکی ناوخۆیی لەناو ڕشتەبەندی چەمکە ئیسلامییەکاندا دروستکرا، کە لە جۆرەها دیمەندا گوزارشی لێکرا، لە دیارترینیان تێگەیشتنی دژبەیەک لە نێوان ئەو فەرموودانەدا کە لەلایەکەوە هانی ئارامگرتن و گوێڕایەڵیی دەدەن، لەلایەکی تریشەوە هانی

---

١- عبد الفتاح، سيف الدين. التجديد السياسي والواقع العربي المعاصر (رؤية إسلامية)، ص٢٤٨.

فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن، ئینجا دانانیان لە دوو لایەنی دژ بەیەکدا، کە کۆکردنەوەیان هەوڵی گەورەی دەوێت هەروەک لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا باسیدەکەین.

**ت- گەل (ئوممەت):**

بەڵگەنەویستە کە جێنشینیی لە بۆچوونی ئیسلامیدا بە گەل دراوە، هەر گەلیش بە مەبەست گیراوە بۆ ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی شەرع، پاراستنی باوەڕ لە ئەستۆی گەلدایە، ئەو ئەرکەشی ئەرکێکی ڕەسەنە، هیچ دەستەڵاتێک ناتوانێت دەستی بەسەردا بگرێ، (کەواتە هەر گەل و تەنها گەل سەرچاوەی دەستەڵاتەو گوێڕایەڵیکردنی فەرزە)[1]، بەم پێیە، ئەوا ڕۆڵی کاربەدەستان و ئەهلی حەلل و عەقد لەم ڕاستییەوە هەڵدەقوڵێ و تەبان لەگەڵیدا، واتە ئەو ڕاستییە کە گەل سەرچاوەی دەستەڵاتە، مافی خۆیەتی هەرکات ویستی بیگێڕێتەوە بۆ خۆی، ئینجا کۆمەڵێ دیسپلینی بۆ دیاریبکات بە هەرجۆر خۆی دەیەوێ، گەلیش بە کردەیی کاری بەم ڕۆڵەی خۆی کردووە، ئەویش لە ڕێگای فیقهناسە موجتەهیدەکان و بیرمەندە هۆشیارەکان بە ڕاستێتی دەستەڵاتی گەل، کەواتە هەموو ئەو ڕێکخستنانە کە پەیوەندن بە دەستەڵاتەوە، لە دیاریکردنی نیشانەکانی فەرمانڕەواو ئەرک و کارەکانی دەستەڵاتی سیاسی، هەروەها ڕێساکانی فەرمانڕەوایی، هەموویان گوزارشت لە دەستەڵاتی گەل دەکەن، وەڵامگۆی ئیجتیهادەکانی ئەوون.

-بەم پێیە- ئیتر گەل تەنها بەوە ئەژمار ناکرێ کە ڕایەڵەیەکی پێکەوەبەستنی ئیمانییە، یان ژمارەیەکە لە باوەڕداران و بەس، بەڵکو دەستەڵاتێکی ڕاستەقینەیە، ئەگەر کاری پێنەکرێ ئەوا چەمکی گەل دەکەوێتە بەر زیان، دەکرێ لە قورئانی پیرۆزدا لەسەر ئەم مانایە بوەستین، چونکە خوای گەورە گەل و دەستەڵاتی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە دەبەستێت بەیەکەوە، دەفەرموێ: ﴿ كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ تَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَتَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ كُنتُمۡ.. ﴾آل عمران: ١١٠. واتە: (لە ڕاستیدا ئێوە ئەگەر –بە چاکی لە دین تێبگەن و لە مەبەستی قورئان و فەرمودەکان و ئەو بارودۆخانەی بۆی هاتووە حاڵی ببن)، ئەگەر بەسۆزو میهرەوە ئەم ئایەتە پیادە بکەن، دیارە چاکترین ئوممەتێکن بۆ هیدایەتی خەڵکی و خێری هەردوو جیهان، چونکە فەرمان بە چاکە دەکەن و قەدەغەی خراپە دەکەن...).

---

١- الغزالي، محمد. الإسلام والأستبداد السياسي، ص٥٤.

مامۆستا مەحمود شەلتوت پێیوایە کە ڕاگرەکانی بوونی گەل بریتین لە برایەتی ئاینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕاوێژکاریی و دادپەروەریی[1]. کەواتە ڕێگریکردن لە گەل لە بەرجەستەکردنی ڕاگرەکانی هەبوونی لە هەردوو بواری: ژیاریی و سیاسیدا، هەروەها دوورخستنەوەی لەو ئەرکانەی کە شەرع دیاریکردوون، لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەواکان، چاودێریکردن و لێپرسینەوە لێیان، هەروەها لادانیان و دەرچوونی شەرعی لەدژیان هەرکات پێویست بوو، هەموو ئەمانە لە ڕێگای خاڵیکردنەوەی چەمکی گەل و داماڵینی لە واتا سیاسییە ڕەسەنەکانیەوە ئەنجامدران، هەربۆیە ئەم چەمکە بووە پاشکۆی ڕشتەبەندی چەمکەکانی تر، نەک دامەزرێنەریان بێت، لێرەوە چەمکێکی لاوەکی وەک گوێڕایەڵیی سیاسیی بە هۆی قەبەکردنی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی توانای پەیداکرد لەسەر پەراوێزخستنی مانا سەنتەرییەکانی چەمکی گەل، چونکە چەمکی (گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا) لە بیرکردنەوەی ئیسلامی گشتیدا جێگای چەمکی (دەستەڵاتی گەل)ی گرتەوە، مەسەلەکەش لەم سنورەدا نەوەستا، بەڵکو گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسی بووە دەستەواژەیەکی ئیمانی و گوزارشی لە باوەڕی گەل دەکرد، تا گەیشتە ئەو ئاستە کە ملکەچیی بۆ فەرمانڕەواکان لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندا بووە جۆرێک لە ئاین و ئەرکێکی شەرعی.

**پ- شەریعەت:**

چەمکی شەریعەت سروشتێکی گشتی وەردەگرێ و درێژدەبێتەوە تا هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی ژیان بگرێتەوە، شەریعەت گوزارشە لە کۆمەڵێک سیستم (کە خوای گەورە دایناون یان بنەماکانی داناوە، تا مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە پەیوەندی بە پەروەردگاریەوە هەبێت، پەیوەندی بە برا موسڵمانەکەیەوە هەبێت، پەیوەندی بە برا مرۆییەکەوە بەهێز بێت، پەیوەندی بە بونەوەر و ژیانەوە هەبێت)[2]، بەم پێیەش شەریعەت جیادەکرێتەوە لەو فیقهە کە بریتییە لەو (زانستە کە پەیوەندە بە هەڵگۆزینی حوکمە شەرعییەکان لە بەڵگە تێروتەسەلەکانیەوە)[3]، هەروەها جیایە لە باوەڕ لەو پێگەیەوە کە شەریعەت لقێکەو ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە باوەڕ. بۆچوونی ئیسلامیش بۆ سیستمی فەرمانڕەوایی لەسەر پرەنسیپی فەرمانڕەوایی شەریعەت

---

١- شلتوت، الإسلام عقيدة وشريعة، ص٤٣٣-٤٥٠.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

٣- القرضاوي، يوسف. مدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، القاهرة: مكتبة وهبة، ط٣، ١٩٩٧م، ص٢١.

بە چەمکە گشتییەکەی بەرپا دەبێت، لەبەرئەوە بەفیڕۆدانی شەریعەت بە بەرزترین پلەکانی ستەمکاریی دادەنرێ[١].

ئەم مەسەلەیەش ئەوە دەخوازێ کە شەریعەت دادوەر بێت و گوێڕایەڵیی ئەو یاسایانە نەکرێ کە پێچەوانەن لەگەڵ پرسە گومانبڕەکانیدا، لێرەوە پەیوەندی شەریعەت بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە ڕووندەبێتەوە، چونکە گوێڕایەڵیی دەبێتە هۆکارێک بۆ جێبەجێکردنی کارایی شەریعەت لە کۆمەڵگادا، دەچێتەژێر ئاراستەکانی و بەپێی مەبەستەکانی ئەو کاردەکات.

بەڵام گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەگەرچی لەلایەنی تیۆرییەوە بە بنەماکانی شەریعەت ڕێکخراوە، هەر سروشتی بواری سیاسیی لەلایەکەوە و نەرمیی شەریعەت لەلایەکی ترەوە، بوارێکی بەرفراوان دەدەن بە کارکردن بە ئیجتیهاد لە چەمکی گوێڕایەڵیدا، ئەوەش لەناو ناوچەی (لێبوردنی تەشریعیدا)، ئەوکاتیش ئەگەری هەیە هەندێ شێواندن بلکێنرێ بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، بەتایبەت لەبارێکدا ئەو ناوچەیە پڕکرابێتەوە بە کۆمەڵێ ئیجتیهاد کە بەپەرۆشن لەسەر ڕێکردن لەگەڵ بەشە لاوەکییەکانی واقیعی سیاسیدا، زیاتر لە پەرۆشبوونیان لەسەر دەستەبەرکردنی گونجاندن لەگەڵ مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتدا.

سەردەمە سەرەتاکانی مێژووی ئیسلامی شایەتی دەدەن کە ئەرکە تەشریعییەکان هەر بەدەست گەلەوە بوون و سەربەخۆبوون لە فەرمانڕەواکان، چونکە دەوڵەت سەراپای بواری کۆمەڵایەتی پڕنەکردبووەوە[٢]، بەتایبەتی لە سایەی هەبوونی گەورە هاوەڵان لە مەدینەی پیرۆزدا، بەڵام بە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەروەها بەهۆی لادان و دوورخستنەوەی زانایان لە بازنەی کاربەدەستان، ئیتر لە توانای دەستەڵاتە فەرمانڕەواکاندا بوو هەستن بە گێڕانی ڕۆڵێک بەناوی پڕکردنەوەی (بۆشایی تەشریعی) ئیتر بە دەرکردنی مەرسوم بووبێت، یان بە جێگیرکردنی کۆمەڵێ ڕێسا بووبێت لە هەڵسوکەوتی سیاسیدا کە بە تێپەڕبوونی کات بوونە خاوەنی هێز و ئیعتباری عورفیان هەبوو، یان بە سەپاندنی واقیعێکی نوێ کە داوای پاساوی لە شەریعەتەوە دەکرد، -بۆ نمونە- دەرکەوتنی جۆرە مەسەلەیەک کە ناوی (تایبەت بە ئەمیرەکان)ی لێنرا، ئەمانەش کۆمەڵە مەسەلەیەکی

---

١- العوا، محمد سليم. في النظام السياسي للدولة الإسلامية، القاهرة: دار الشروق، ط٣، ٢٠٠٣م، ص٢٦.

٢- وات، الفكر السياسي الإسلامي (المفاهيم الأساسية)، ص١٢٩.

نوێ بوون کە بەبێ وەرگرتنی ڕای ئەمیرەکان نەدەبوو فەتوایان تێدا بدرێ[1].

هەندێ لە فیقهناسان بەپێی ڕێسای فراوانکردنی کاری فەرمانڕەواکان لە حوکمە سیاسییەکاندا دەستەڵاتی بەرفراوانیان بە فەرمانڕەواکان دا، لەڕاستیشدا، ئەو دەستەڵاتە تەنها سنوردار نەبوو لە حوکمە سیاسییەکاندا، بەڵکو لایەنی سزادانیشی لە شەریعەتدا گرتبووەوە، یان ئەوەی پێیدەوترا تەمبێکردن کە لە بڕیاردانیدا دەستەڵاتێکی تایبەت بە کاربەدەستان بوو، فەرمانڕەواکان (مافی تەشریع دانانیان هەبوو لەوەدا کە تایبەت بوو بە بەرژەوەندی تاکەکان و بەرژەوەندی کۆمەڵەوە)[2]، ئەم ڕۆڵە تەشریعیە کە درا بە فەرمانڕەواکان لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا کاریگەری خۆی هەبوو، لێرەوە ڕێگای بە فەرمانڕەواو فیقهناسانی سوڵتانەکان دا کە هەردوو چەمکی شەریعەت و جۆرێکی دیاریکراو لە گوێڕایەڵیی سیاسی ئاوێتە بەیەک بکەن، کە پێچەوانە بوو لەگەڵ ڕاستیتیی ماناکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ ئەو چەمکە، بەمجۆرە ئەو ڕۆڵە تەشریعییە کە فەرمانڕەوا پێی هەڵدەستا هاندەر و پاڵنەرێکی زیاتر بوو بۆ بەگوێکردنی، چونکە باوەڕ وابوو گوێڕایەڵیکردنی دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی حوکمە شەرعییەکان، گوێڕایەڵی نەکردنیشی لە حاڵەتی ئاوەهادا مرۆڤ و کۆمەڵی موسڵمان دەخاتە بەردەم بەرپرسێتی بەردەوامبوونی (بۆشایی تەشریعی) کە فیقە -لە قۆناغی چاولێکەریدا- پەککەوتە بوو لەوەی بتوانێ پڕیبکاتەوە

ج- فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە:

چاکە بریتییە لە هەر کارێک کە شەرع بە چاکی بزانێت[3]، موعتەزیلەش هاتوون ئەقڵیان بۆ ئەم پێناسەیە زیادکردووە، خراپەش ئەوەیە کە دژ بە چاکە بێت، ئەم چەمکە لە هەموو چەمکە ئیسلامییەکانی تر گرنگترە، موعتەزیلە دایانناوە بە یەکێک لە پێنج بنەماکەیان، چونکە بناغەڕێژی بۆ کاراکردنی تاک و کۆمەڵی موسڵمانان

---

١- شاتیبی دەڵێ: (کۆمەڵێک دایان بەسەر ئەمیرەکانداو ئەوان خۆیان فەتوایان تێیاندا نەدەدا تا ئەمیر خۆی هەستێ بەو کارە (واتە زانایانی کۆدەکردەوە بۆ فەتوادان) و ناودەبران تایبەت بە ئەمیرەکان) بڕوانە:
- الشاطبي. الأعتصام، ج١، ص١٠٤.

٢- عەبدوالقادر عودە دەڵێ: (مەعلومە کە کاربەدەستان مافی دیاریکردنی تاوانەکان و سزایان هەبوو کە سێ ماف دەگرێتەوە) پاشان ئەو مافانە دیاریدەکات بە: (مافی قەدەغەکردن و قوبوڵکردن و سزادان، مافی تایبەتکردنی دادوەریی، مافی لێبوردن لە تاوانە سەرزەنشتکارییەکان). بڕوانە:
- عودة، عبد القادر. التشريع الجنائي الإسلامي مقارناً بالقانون الوضعي، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٦، ١٩٨٥م، ج١، ص٢٥٢-٢٥٦.

٣- الجرجاني، التعريفات، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٠٥ك، ص٢٨٣.

دەکات، لەمبارەیەوە چەندین فەرمووده هاتوون کە هاندەدەن بە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((سوێند بەو کەسە گیانی منی بەدەستە یان دەبێ فەرمانبدەن بە چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە یان چاوەڕێبن خوای گەورە سزایەکتان لەلای خۆیەوە بۆ ڕەوانە بکات پاشان لێی بپاڕێنەوەو لێشتان وەرناگرێ))[١]. ئەم فەرموودەیە هەڕەشەی تێدایە لە حاڵەتی کەمتەرخەمی و پاڵدانەوە لە هەستان بە فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، فەرموودەیەکی تری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پشتگیری لەم فەرموودەیە دەکات و بەهێزتری دەکات، دەفەرموێ: ((هەرکەستان خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێ، ئەگەر نەیتوانی با بە زمانی بیگۆڕێ، هەرکەسیش ئەمەی نەتوانی با بە دڵی پێیناخۆشبێت، ئەمەش لاوازترین پلەی باوەڕە))[٢]. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە دووەمین بەیعەی عەقەبەدا فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە کردە مەرجی گوێڕایەڵیی، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە فەرزی زانیوە کە دەبێ لەگەڵ گوێبیستی و گوێڕایەڵیدا فەرمان بە چاکە بکرێ و ڕێگریش لە خراپە بکرێ.

وادەردەکەوێ پەیدابوونی ڕاجیاوازی لەسەر چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە و هۆکارەکانی کاراکردنی لە ماوەیەکی دواتردا ڕوویداوە، چونکە ئیبن حەزم (٤٥٦ک.م) دەڵێ: تەواوی ئوممەت کۆدەنگن لەسەر فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، هیچ یەک لە پێشینان ڕای جیاوازی نەبووە، ئەمەش بەپێی فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ كُنتُمْ.. ﴾آل عمران: ١١٠ بەڵام پاشتر لە مەسەلەی چۆنێتی جێبەجێکردنیدا ڕایان جیاوازبوو...)[٣]. ئاجەریش باسی دەقێکی گرنگ دەکات و هەندێ تیشک دەخاتەسەر ئەو هۆیانە کە وایان لە چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە کردووە بکەوێتە بەر مشتومڕ، هاتووە لە وەسفی ئەوانەدا کە لە ڕای جێنشین عوسمانی کوڕی عەففان -خوا لێی ڕازی بێت- دەرچوون دەڵێ: (...پاشان ئەوانە لە ناوچە جیاوازەکانەوە دەرچوون -ڕاپەڕین-و کۆبوونەوەو وا خۆیان دەرخست کە فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن، تا گەیشتنە

---

١- بڕوانە: الترمذي، الجامع الكبير، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ١٩٩٦م، كتاب: الفتن، باب: ما جاء في الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر، ج٤، ص٤٢. هەروەها پێشەوایان ئیبن حەنبەل و بەیهەقی ڕیوایەتیان کردووە.

٢- صحيح مسلم، ج٢، ص٤٤. هەروەها ترمذي و ئیبن ماجە و ئیبن حەنبەل ڕیوایەتیان کردووە.

٣- إبن حزم، الفصل في الملل والأمراء والنحل، ج٤، ص١٣٢.

مەدینە، ئینجا عوسمانی کوڕی عەففانیان کوشت)[1]. بەم گوتەیەی ئاماژە دەدات کە ئەو چەمکە بەکارهێنرا بۆ کۆمەڵە ئامانجێک کە لەڕاستیدا هیچ پەیوەندییان نەبووە بە فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، ئەوەی کە ئێمەش لێرەدا بەلامانەوە گرنگە بیزانین ئەوەیە کە پەیدابوونی هۆشیاریی و شارەزایی بەم چەمکە بەپێی زانیارییە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکەم و بۆ ئەو ڕووداوانەی بەدوایدا هاتن.

شەوکانی (١٢٥٠-١١٧٣ک) دەقیکتر پێشەکەش دەکات، بە ڕوونی ئاماژە دەدات کە هەبوونی ڕاجیاوازی لەسەر چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە نە پەیوەندی بە (چۆنێتی) و نە (بە بەکارهێنانیەوە) هەیە، بەڵکو وادانراوە کە پاڵپشتێکە بۆ شۆڕش و دەرچوون لەدژی دەستەڵاتە ستەمکارەکان، شەوکانی دەڵێ: (ئەوانەی کە وتیان دەرچوون لەدژی ستەمکاران و ڕووبەڕووبوونەوەیان بە شمشێر و نەهێشتنیان بە جەنگ دروستە، هاتن بەڵگەیان بە مەسەلە گشتییەکانی قورئان و سوننەت هێنایەوە کە فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە فەرزە)[2].

ئەم دەستەواژانە بەشێک لەو دەمەقاڵە گەورەیەمان بۆ ڕاڤەدەکەن کە دەربارەی چەمکی فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە گوزەراوە، هاوکات بردنی بەشێکی هزری ئیسلامییە بە هەوڵدان بۆ کۆت و بەندکردنی چەمکەکە، ئەویش مەرجی وەرگرتنی مۆڵەتی پێشەوایە بۆ هەستان بە ئەرکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، غەزالیش لەو بەشەیدا کە پەیوەندی بە گۆڕینی خراپەی کۆمەڵایەتیەوە هەیە نە سیاسی دژە بەم بۆچوونە[3]، بە گشتیش چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە لە هەڵسوکەوتی ئیسلامی پراکتیکیدا زۆر گەڕایەوە دواوە، نەوەویش لە شەرحی صەحیحی موسلیمدا بە ڕوونی دان بەم ڕاستیەدا دەنێ و دەڵێ: (...دەی بزانە کە ئەم بەشە، مەبەستم بەشی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەیە، لەدێرزەمانەوە زۆربەی لەدەستچووەو ونبووە، لەم سەردەمانەدا جگە لە کەمێکی زۆر کەمی نەبێت ئیتر هیچی نەماوەتەوە)[4]، ئینجا هاتووە فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپەی بە فەرزی کیفایە داناوە، بۆئەوەی جۆرێک لە تایبەتکردنی وەزیفی بۆ پلەکانی جێگیر ببێت کە بریتین لە: دەست، زمان، دڵ، ئینجا

١- الآجري، الشريعة، ص١٥.

٢- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٧، ص١٧٥.

٣- الغزالي، إحياء علوم الدين، ص٣٧٤.

٤- النووي، شرح صحيح مسلم، مصر: المطبعة المصرية ومكتبتها، ج٢، ص٢٤.

بەپێی ئەوە هاتووە ئەو کەسانەی داناوە کە پێی هەڵدەستن، هەروەک شاتیبی ئیقراری پێدەکات و دەڵێ: (ئێمە دەزانین ئەوانەی کە گوتاری فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپەیان ئاراستە دەکرێ چەند پلەیەکن: هەیانە دەتوانێ بەدەست بیگۆڕێ ئەوانیش پادشا و فەرمانڕەوا و هاوشێوەکانیانن، هەیانە توانای هەیە بە زمان بیگۆڕێ وەک زانایان و ئەو کەسانەی لە پێگەی ئەواندان، هەشیانە بە دڵ نەبێت کە پێیناخۆشبێت و بەس ئیتر توانای گۆڕینی نیە)[1].

گومانی تێدا نیە تیشک خستنەسەر ئەو لایەنانە لە ژیانی چەمکەکەدا، ئاماژە بەوە دەدەن کە کەوتووەتە بەر پرۆسەی دانانی چوارچێوەی مێژوویی بۆی، کە ئەنجامەکەی دوورخستنەوەی (سوڵتانەکان) بوو لە گۆڕین بە دەست، دواتریش هەموو زانایان کۆدەنگ بوون تیایدا[2]، چونکە فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە قەتیس کرا لە دەستی کۆمەڵێک چاودێرکاردا کە سوڵتان دەستنیشانی دەکردن.

**ح- بەیعەت:**

بەیعەت (ئەو گرێبەستەیە کە لەسەر قوبوڵکردنی فرۆشتن و پەیماندان و گوێڕایەڵیی دادەمەزرێ)[3]. لە کتێبی (لسان العرب) دا هاتووە کە بەیعەت بریتییە لە: (گرێبەست و پەیمان وەک بڵێی هەریەکەیان ئەوەی کە هەیەتی فرۆشتویەتی بە هاوەڵەکەی، خودی خۆی و گوێڕایەڵیی و فەرمانی خۆی ڕادەستکردووە)[4]، بەیعەتیش بە واتا سیاسییەکەی سیفەتی گرێبەست لە نێوان دوو لایەندا وەردەگرێ، ئەوانیش دەستەڵات و گەلە بە هەموویەوە، ئینجا کۆمەڵێ ماف و ئەرکی بۆ هەریەکەیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام جیاوازی لە نێوان هەردوو لایەندا هەر دەمێنێ، چونکە مافی گەل هەر جێگیرەو ڕەسەنە، بەڵام مافەکانی فەرمانڕەوا هەڵقوڵاوی گرێبەستی بەیعەتەکەن و پەیوەستە بە بەردەوامبوونی ئەو گرێبەستەوە، دەکرێ بە مەرجی نوێ بەپێی بارودۆخەکان سنوردار بکرێ، بەجۆرێ کە مافەکانی گەل پارێزراوبن. عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بۆ گرێدانی بەیعەت بە پێشەوا عەلی مەرجی بۆ دانا کە شوێن ڕێبازی هەردوو جێنشینی یەکەم بکەوێت، ئەمەش مەرجێکی زیادەیە و عەلی ڕەتیکردەوە، بەڵام عوسمان ڕازیبوو پابەند بێت پێیەوە.

١- الشاطبي، الأعتصام، ج٢، ص٢٥٠.

٢- العوا، في النظام السياسي للدولة الإسلامية، ص١٦٤.

٣- الزبيدي، محمد بن محمد، تاج العروس من جواهر القاموس، الرياض: دار الهداية، ج٢٠، ص٣٧١.

٤- إبن منظور، لسان العرب، القاهرة: دار المعارف، ط٣، ج٨، ص٢٣.

شایانی باسە بەیعەت چەندین جۆر لەخۆدەگرێ، وەک بەیعەت لەسەر ئیسلامەتی، بەیعەت لەسەر پشتگیریکردن و پاراستن، بەیعەت لەسەر تێکۆشان، بەیعەت لەسەر کۆچکردن، بەیعەت لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵیی[1]، ئەم جۆرە بەیعەتانە ئاماژە بەوە دەدەن کە فەرمانڕەوا لایەن نیە لە هیچ یەک لە جۆرەکانی بەیعەتدا جگە لە جۆری کۆتایی نەبێت، واتە بەیعەتی سیاسی لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵیی، چونکە بەیعەتدان لەسەر ئیسلامەتی لە نێوان باوەڕداران و پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بووە بەو سیفەتە کە پێغەمبەرە، بەیعەتیش لەسەر تێکۆشان بەیعەتە لە نێوان تاکی باوەڕدار و نێوان خوای گەورەدا کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ مِن.. ﴾التوبە: ١١١. واتە: (لەڕاستیدا خوای گەورە، ڕۆح و گیان و ماڵ و سامانی لە ئیمانداران کڕیوەو لەبەرامبەردا بەهەشتی بۆ ئامادەکردوون و بەهەشتیان پێدەبەخشێت). فەرمانڕەوا لایەن نیە تیایدا، لەبەرئەوە دروستە باوەڕدار بڕوات بۆ جیهاد بەبێ مۆڵەتی ئەو. بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێ بریتییە لە بەرزکردنەوەی بەهای بەیعەتی سیاسی بەسەر ئەوانیتردا. لەمبارەیەوە یەکێک لە توێژەران دەڵێ: (...ئەوەیان کە لە هەموویان حەرامترە شکاندنی بەیعەتی پێشەوای شەرعییە بەبێ هەبوونی پاساوی شەرعی لەسەر بەگوێنەکردنی لە شتێکدا نەبێت کە سەرپێچی بێت لە خوای گەورە، ئەمەش گرێبەستێکی بەردەوامە، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت کە شتێک لە بەیعەت پێدراوەوە ڕووبدات یان هەستێ بە پووچەڵکردنەوەی وەک مردن یان بێباوەڕی یان شێتی و هاوشێوەیان، کە هەر ئەمەش مەبەستە بە بەیعەت لەکاتی ناوبردنیدا)[2].

بەیعەتی سیاسیی لەسەر ڕەزامەندی دادەمەزرێ، ئەم مەسەلەیش زۆر زوو خراوەتەڕوو ئەویش کاتێک خەڵکی ناچارکران بەیعەت بدەن بە یەزیدی کوڕی موعاویە، لێرەوە هاوەڵان ناڕەزاییان دەربڕی کە دەبێت مەرجەکانی ڕەزامەندی بوونیان هەبێت، هەر ئەمەش هۆیەک بوو بۆ چەرمەسەری پێشەوا مالیک (٩٣-١٧٩ک) لەگەڵ ئەبو جەعفەری مەنصور کە فەتوایدا بە ناڕەوایەتی بەیعەتی کەسی ناچارکراو. واقیعی سیاسیش بە ڕێژەیەکی زۆر بەشداریکرد لە گۆڕینی مانای چەمکی بەیعەتدا، دەگێڕنەوە کە حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی یەکەمین کەس بووە سوێندخواردنی لە بەیعەتدا داهێناوە، (کە کۆمەڵێ مەسەلەی قورسی تێدابووە

---

١- الدميجي، الإمامة العظمى عند أهل السنة والجماعة، ص٢٠٠-٢٠٥.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٢.

وەک سوێندخواردن بە تەڵاق و کەعبە و ڕۆژوو و هاوشێوەیان)[1].
وادەردەکەوێ کە چەمکی بەیعەت گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە، هەر ئەمەش وای لە ئیبن خەلدون کردووە باسی مانای هەڵەی چەمکەکە بکات کە لەسەردەمی ئەودا جێگیر بووە و بڵێ: (ئەو بەیعەتەی لەو سەردەمەدا ناوبانگی هەبووەو ناوی بەیعەتی لێنراوە بریتی بووە لە سڵاوی کیسرایانە لە پادشاکان لە ماچکردنی زەوی یان دەست یان پێ یان دامێنی پۆشاک، ئەمەش بە شێوەی مەجازی پەیماندان بووە لەسەر گوێڕایەڵیی، چونکە ئەو ملکەچییە لە سڵاوکردندا و پابەندبوون بە نواندنی ڕێز لە زەرورەتەکانی گوێڕایەڵیی و پاشکۆکانێتی، ئەم باوەش ئەوەندە زاڵبوو تا بووە ڕاستییەکی عورفی، لێرەوە ئەو پادشایانە بێنیازبوون لە تەوقەکردنی خەڵکی، کە لەڕاستیدا تەوقەکردن ڕەسەنە، چونکە تەوقەکردن لەگەڵ هەموو کەسدا جۆرێک لە خۆنەواندن و خۆبەخشینی تێدایە کە پێچەوانەی سەرۆکایەتی و پاراستنی پێگەی پادشایەتین)[2].
بەڵام ئیبن خەلدون لەم دەقەیدا باسەکەی چڕکردووەتەوە لەسەر گۆڕانکاری لە ڕواڵەتی بەیعەت و وێنەکەی، واتە گۆڕان لە تەوقەکردنەوە بە دەست بۆ ئەوەی کە ناویناوە (سڵاوی کیسرایانە لە پادشاکان)، ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە نەداوە بەسەر بەیعەتدا هاتووە کە گرنگێتی ئەوە زیاترە، ئەویش خۆی لە جوڵاندنی ئەرکەکەیدا وێنادەکات بەوەی کە میکانیزمێکە بۆ پشتگیری پێشەوایەتی و مەرجێکە بۆ ڕاست و دروستی و -کە هاوەڵان لە سەردەمی یەکەمدا وەها لێی تێگەیشتبوون و بەپەرۆشبوون لەسەر پیادەکردنی- ئەژمارکردنی بەوەی کە تەنها نیشانەیەکی ڕواڵەتی پێشەوایەتییە، ئەوەتا (ئیجی) لە میانەی ڕەتدانەوەی لەسەر شیعە دەڵێ: (...کورتەکەی ئەوەیە کە بەیعەت لای ئێمە پێشەوایەتی ناسەلمێنێ تا ئەوە جێبەجێ ببێت کە ئێوە باستانکردووە، بەڵکو نیشانەیەکی ڕواڵەتییە بۆی وەک پێوانەگیریی و کۆدەنگیی کە بەڵگەن لەسەر حوکمە شەرعییەکان)، پاشان دەڵێ: (بەیعەت نیشانەیەکە لەسەر حوکمی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) بە پێشەوایەتی خاوەنی بەیعەت)[3].
لە ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییەش لە چەمکی بەیعەتدا پێکەوەنەبەستنی بەیعەت

١- الفيومي، المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي، بيروت: المكتبة العلمية، ج١، ص٦٩.
٢- إبن خلدون، المقدمة، ص٣٧١.
٣- الإيجى، المواقف، ص٥٩٢.

و گوێڕایەڵییە، چونکە کەسی بەیعەت پێدراو مادامێ یەکەمجار بەیعەتی دراوەتێ هەر شایستەی گوێڕایەڵییە، ئەمە بێ ئاوڕدانەوە بەلای ئاستی وەفادارییی ئەو بۆ ناوەڕۆکی بەیعەتەکە، ئەم مەسەلەیەش گرنگێتی ئەرکی بەیعەتی لەدەستدا، وایلێکرد نزیکتر بێت لە کارپێکردنی خۆبەخۆیی و هەڕەمەکی لە دەرەوەی بازنەی هۆشیاری بە ماف و ئەو ئەرکانە کە لە نێوان دەستەڵات و گەلدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێ.

## ٢- چەمکە بەشییەکان

مەبەستمان پێی ئەو کۆمەڵە چەمکەیە کە بەتەواوەتی پەیوەستن بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، بەجۆرێک کە بەبێ باسکردنی ئەوان زەحمەتە تێگەیشتن لە ماناکانی ئەو چەمکە بەدەستبێت، گرنگترینیان: چەمکی کاربەدەست، کۆمەڵ، دەرچوون، ئارامگرتن، فیتنە، ستەم، کوفری ئاشکرا و لایەنداریی.

### أ- کاربەدەستان (أولی الأمر):

چەمکی کاربەدەست دادەنرێ بە زۆرترینی ئەو چەمکانە کە لکێنراون بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، هەر لەڕاستیشدا یەکێکە لە زەرورەتەکانی، هەروەها بوار دەڕەخسێنێ بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو و نێوان گوێڕایەڵیی ئاینی: واتە گوێڕایەڵیی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی، لەبەرئەوە لێرەدا دەستکۆتا دەبین تەنها بە ڕوونکردنەوەی کاریگەری چەمکی کاربەدەست لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسی، مشتومڕ لەسەر چییەتی چەمکەکەو سنورەکەی هەڵدەگرین بۆ بەشی دووەمی ئەم کتێبە.

لەفزی (الأمر) لە تایبەتترین ماناکانی لە زمانی عەرەبیدا بە واتای ڕاوێژکردن دێت، ئەم مانایە لە لسان العرب دا ڕوونکراوەتەوە...[1])، وشەی کاربەدەست -أولی الأمر- دووجار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە لەم دوو ئایەتەدایە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ أَم.. ﴾النساء: ٥٩. ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ ﴿٨٠﴾.. ﴾النساء: ٨٣. واتە: (هەرکاتێک هەواڵێکیان پێبگات ئارامبەخش بێت، یاخود مەترسیدار بێت، بڵاوی دەکەنەوە، -بیر لە سەرئەنجام و نەخشەو پیلانی دوژمن و پڕوپاگەندەکانی ناکەنەوە- خۆ ئەگەر وایان نەکردایە، بەڵکو هەواڵەکەیان بگەیاندایە بە پێغەمبەر لە سەردەمی خۆیدا، یاخود فەرماندەی متمانە پێکراوی موسڵمانان لەهەر سەردەمێکدا، ئەوە ئەوانەی کە بە قووڵی بیردەکەنەوە و شارەزان و دەکۆڵنەوە لە نهێنی و ڕازەکان، دەیانزانی چیبکەن و هەڵوێستیان چۆن بێت و چۆن خەمی جەماوەر بخۆن).

---

١- إبن منظور، لسان العرب، ج٤، ص٢٦.

تێبینی دەکرێ ئەم چەمکە بەشێوەی کۆ هاتووە: واتە (کاربەدەستان-أولی الأمر-)، بە شێوەی تاک نەهاتووە: واتە (کاربەدەست-ژو الأمر-)، ئیتر ئەو بەکارهێنانە زۆرە بۆ لەفزی (ولی الأمر) کە لە کتێب و ئەدەبیاتە ئیسلامیەکاندا هاتووە لە کۆن و نوێدا شتێکی ڕاست نیە، چونکە لە قورئاندا ڕیشکی نیە، ئیتر جگە لەوە کە لەفزێکە دوورە لە ڕێزمانی عەرەبیەوە، چونکە (أولو وەک هەندێ وشەی تری زمانی عەرەبی وایە -النساء، الإبل، الخیل- کە هەر بە کۆ هاتوون و یەکیان نیە[1]، جەوهەری لە کتێبی (الصحاح فی اللغە) دا دەڵێ: وشەی أولو کۆیە و تاکی نیە تاکەکەی (ذو) ە.

وشەی أولی بەهەمانشێوە کۆیەو لە لەفزی خۆی تاکی نیە، یەکەکەی (ذا) یە بۆ نێرینە، یەکەکەی بۆ مێینەش -ذِهِ-)[2]، پرۆسەی گواستنەوەش لە (أولی الأمر) ەوە بۆ (ولی الأمر) مەسەلەیەکی زمانەوانی نیە، بەڵکو بە پلەی یەکەم پرۆسەیەکی مێژوویی و مەعریفیە، پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان زانایان و ئەمیرەکانەوە، ئەو پەیوەندییە کە بە ماوەیەکی تولانی مێژووی ئیسلامی و هەندێجاریش بەشێوەی پلەبەندی بووە مایەی دوورخستنەوەی زانایان لە بازنەی کاربەدەستان. زۆرێک لە زانایان یارمەتیدەر بوون لەوەدا کە گوێیان نەداوە بە نەخشەی سیاسی بازنەی کاربەدەستان، بەڵکو داخرا بەڕووی فیقهناسان و زانایاندا بە گشتی، چونکە زانایان بە کەمی بەپەرۆشبوون بچنەناو ئەو بازنەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو بازنەیە لوتکەی قوچکی دەستەڵاتە لە بونیادی سیاسی ئیسلامیدا، بەڵکو دەستکۆتا بوون تەنها بە پێگەکانی دادوەریی و فەتوادان، بەو سیفەتە کە ئەو پێگانە چاویان لە بازنەی کاربەدەستانە و لە هەمانکاتیشدا ڕێگا دەدەن بە پیادەکردنی هەندێ کاریگەری لەسەریان، بەپێی ئەو باوەڕەی کە لەو کاتەدا باوبووە.

گومانی تێدا نیە دوورخستنەوەی زانایان لە بازنەی کاربەدەستان وای لە گوێڕایەڵیی سیاسیی کردووە مافێکی تایبەت بێت تەنها بە ئەمیرەکانەوەو مافی کەسیتر نیە، لێرەوە کۆی گەل لەنێویشیدا زانایان خراونەتە ژێر گوێڕایەڵی فەرمانڕەواوە (کاربەدەست) با کەسێکی ستەمکاریش بووبێت، تەنانەت هەندێکیان وتوویانە: (ئەگەر کاربەدەست زانای قەدەغەکرد لە فەتوادان ئەوا بۆی نیە فەتوا بدات، ئەگەر فەتواش بدات ئەوە سەرپێچکارە، با ئەمیرەکەش کەسێکی ستەمکار

---

١٠- القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، القاهرة: دار الشعب، ج٥، ص٢٤٩.

٢٠- الجوهري، الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، بيروت: دار العلم للملايين، ط٣، ١٩٨٤م، ج٧، ص٢٥٤٤.

بێت)[١]. لەلایەکی تریشەوە، چەمکی کاربەدەستان وایلێهات ئاماژە بێت بۆ خاوەن دەستەڵاتی کرداریی، با هەڵبژاردنیشی لە ڕێگای گەلەوە نەبووبێت، (هەرکەس هەستێ بە ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵکی) هەر بە پێشەوا حیساب دەکرێ. لەڕاستیدا کورتکردنەوەی چەمکی کاربەدەست تەنها لە فەرمانڕەوادا بووە هۆی گەورەبوونی ستونی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، بەم پێیەش گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ فەرمانڕەوا و جیگرەکانی و کارمەند و دەوروبەرکەی بووە فەرز لەسەر خەڵکی، لەوانەشە ئەوە دەربازبوون بووبێت لەو تەمومژە کە سروشتی کۆمەڵیانەی چەمکی کاربەدەستان سەپاندبووی.

**ب- کۆمەڵ:**

سنورێکی دیاریکراو و ڕوون بۆ پێناسەی چەمکی کۆمەڵ لەبەردەستدا نیە، بەڵام زۆربەی فیقهناسان بۆچوونیان وایە کە بوونی کۆمەڵ بەستراوە بە کۆدەنگیی لەسەر پێشەوا، جێکەوتەی ئەمەش پێماندەڵێ کە مەرجی هەبوونی کۆمەڵ بریتییە لە کۆدەنگی لەسەر پێشەوا، بەمجۆرەش پێشەوا دەبێتە سەنتەری کۆمەڵ و نەبوونی پێشەوا سیفەتی هەبوونی کۆمەڵ دادەماڵێ، واتە بەوەی کە کۆمەڵە، جا مادامێ کۆمەڵ دەیەوێت بە کۆمەڵی بمێنێ ئەوا دەبێت پارێزگاری لە پێشەوا بکات و گوێڕایەڵی بێت، بەم پێیەش پێشەوا لە قۆناغی کۆدەنگی لەسەری دەگوێزێتەوە و دەبێتە هێماو وێنەیەک بۆ یەکبوونی کۆمەڵ، پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (٢٤١-١٦٤ک) ئەم ڕایەی هەیە، ئەویش کاتێ سەیریکردووە کە پێشەوا ئەو کەسەیە گەل کۆدەنگبن لەسەری[٢]، بەوەی داناوە کە بناغەی هەبوونی کۆمەڵە، تا وایلێبێت هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێدانی بەیعەت بۆ پێشەوا جیابوونەوە بێت لە کۆمەڵ، ئیتر بێئەوەی بڕوانرێتە مەسەلەکانی تر وەک وەفاداریی بە ناوەڕۆکی بەیعەتەکە، یان دامەزراندنی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی، ئەمەش شتێک بوو کە تەمومژی قووڵی لە هزری ئیسلامیدا دروستکرد، گرنگترینیان ئاوێتەکردنی دەوڵەت و فەرمانڕەوا بوو، مەعلومیشە کە کۆمەڵ لە سەرەتاوە لەسەر ئامانجێک یان چەند ئامانجێک کۆدەبێتەوە، کۆدەنگیشیان لەسەر ئەو کەسەی کە هەڵدەستێ

---

١٠- قورتوبی لە سەهل کوڕی عەبدوالله وە باسیکردووە، بڕوانە:
- القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ص٢٤٩.

٢٠- هەر ئەمەش ڕای تەبەری و شاتیبی و ئیبن تەیمییەیە، بڕوانە:
- الصلاحات، سامی محمد. معجم المصطلحات السياسية في تراث الفقهاء، هيرندن والقاهرة، المعهد العالمي للفكر الإسلامي، مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٦م، ص٨١-٨٢.

بە ڕاپەڕاندنی ئەو ئامانجانە لەدوای ئەوەوە دێت کە کۆمەڵ پێشتر بوونی هەبێت، هەروەها لەدوای ئەویش هەر بەردەوام بێت، چونکە موسڵمانان تا بە تەواوەتی هەبوونی خۆیان وەک کۆمەڵێک نەسەلماند دەستیان نەدایە دروستکردنی دەوڵەت.

وادەردەکەوێ هزری سیاسیی لە درەنگ وەختدا دەرکی بە حەقیقەتی سەربەخۆیی کۆمەڵ لە فەرمانڕەوا کردووە، ئەویش دوای ئەوە کە چەندین ململانێی سیاسی ژمارەیەک فەرمانڕەوایان لەسەر کار لابرد، هەروەها لەدوای ئەوە کە واقیعی ئیسلامی -لە کۆتاییەکانی دووەم سەردەمی عەبباسیدا- چەندین حاڵەتی بۆشایی سیاسی بەخۆیەوە بینی، کە پێشەوای ڕاستەقینە و کارا بوونی نەبوو تیایاندا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕشتەبەندییە دادوەریی و مەدەنییەکان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەردەوامبوون لە کارکردن، ئەوەش هۆیەک بوو بۆ پەیبردن بە ڕاستێتی هەبوونی دەوڵەت وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیا لە هەبوونی ماددی فەرمانڕەوا. ئەم حاڵەتەش لە ڕێسای: (هیچ دادوەرێک بە مردنی پێشەوا لەکارناخرێ) دەردەکەوێ، کە هەندێ لە فیقهناسان جەختیان لەسەر کردووە.

لەبەرئەوە دەتوانرێ بوترێ کە دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا دانانرێ بە دەرچوون لەسەر کۆمەڵ، مەگەر لە حاڵەتێکدا نەبێت فەرمانڕەوا بە نوێنەرایەتییەکی ڕاست و دروست کە لەسەر ڕەزامەندی بەرپا بووبێت نوێنەری کۆمەڵ بکات. چەمکی کۆمەڵیش بەم واتایە ئاماژە دەدات بۆ کۆدەنگی لەسەر ئامانجە ڕەواکان کە کۆمەڵ کاردەکات بۆ جێبەجێکردنیان، ئەوەش لە ڕێگای ڕێکەوتنی لەسەر دانانی دەستەڵاتێکی سیاسی کە هەستێ بەو کارەو ببێتە دیمەنێک بۆ یەکبوونەکەی، ئەمە بێئەوەی کۆمەڵ بتوێتەوە لەناو دەستەڵاتدا، بەڵکو هەر ئیرادەی بە سەربەخۆیی دەمێنێتەوە، تواناشی هەیە لەسەر پیادەکردنی بژاردە کراوەکان لەبەرانبەر دەستەڵاتی سیاسییەوە. پەیوەندیش لە نێوان هەردوو چەمکی کۆمەڵ و گوێڕایەڵیی بریتییە لە پەیوەندییەکی پێکەوەگرێدراو، چونکە دەستەبەرکردنی کارایی بە هەڵبژاردنی دەستەڵاتی سیاسی و کۆدەنگی لەسەری، دەبێتە پاساو بۆ گوێڕایەڵیی دەستەڵات، شتێکیش کە لە بەرانبەر نەمانی ئەو جۆرە کۆدەنگییەوە بێت نەمانی گوێڕایەڵییە بە هۆکاری سیاسی و شەرعی، زینەدینی عیراقی دەڵێ: (هۆی فەرمانداان بە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواکان کۆدەنگی موسڵمانانە، چونکە ناکۆکی هۆکاری خراپبوونی بارودۆخی دین و دنیایانە...)[١].

١- العراقي، زين الدين أبي الفضل عبد الرحيم. طرح التثريب في شرح التقريب، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ج٨، ص٨٢.

## ت- دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا:

هزری سیاسیی ئیسلامیی گرنگی نەداوە بە باسی چەمکی دەرچوون، بەڵام ئەوەش ڕوونە کە ئەم چەمکە واتای سیاسیی بەهێزی هەیە، چونکە لە وەسفی دەرچوونی یاخیبووانی خەڵکی ناوچەکان لەسەر جێنشینیی عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) بەکارهێنراوە، پاشانیش دەرچوونی تەڵحە و زوبەیر لەدژی جێنشینیی پێشەوا عەلی، ئینجا دەرچوونی موعاویە لەدژی پێشەوا عەلی، هەروەها دەرچوونی حوسەین لەدژی یەزید کوڕی موعاویە، دەرچوونی خەڵکی مەدینە لەسەر فەرمانڕەوایی یەزید و ئیتر بەوجۆرە. لە هەموو حاڵەتەکاندا نواندنی ناڕەزایەتی دژ بە دەستەڵات و وەستانەوە بە ڕوویدا، هەروەها کێشانەوەی دەستی گوێڕایەڵیی بە دەرچوون ئەژمارکراون، ئەمە بێئەوەی گوێبدرێ بە شەرعیەتی ئەو دەستەڵاتە و هۆکارەکانی دەرچوون لەدژی، خودی ئەمە هۆکارێ بووە بۆ تێکەڵکردن لە نێوان دەرچوونی شەرعی کە دەچێتە ژێر چەمکی گۆڕین بە دەست، وە نێوان دەرچوونی غەیرە شەرعیدا، هەروەها تێکەڵکردن لە نێوان دەرچوونی گەل و دەرچوون لەدژی گەل، نێوان دەرچوون و یاخیبووندا، هەموو ئەمانە ئەو مەسەلانەن کە لەناو هزری سیاسی ئیسلامیدا تێهەڵکێش بەیەک کرابوون، ئەنجامەکەشی دەربڕینی ناڕەزایەتی بوو لە هەموو دەرچوونێک و بە هەر واتایەکەوە بێت و بێ ڕەچاوکردنی جیاوازی دەرچوون، ئەوەش بەپێی ئەو ڕێسا مێژووییە کە ئیبن قەییم کاری داڕشتنەکەیی گرتووەتە ئەستۆ، ئینجا لە پانتایی مەعریفەی ئیسلامیدا قوبوڵی بەدەستهێنا، پوختەکەی ئەوەبوو کە دەرچوون لەدژی کاربەدەستان بناغەی هەموو خراپەیەکە[1].

## پ- ئارامگرتن:

ئارامگرتن واتە بەندکردنی دەروون لە دەربڕینی بێزاریی[2]، لەکوێدا ئازار و چەرمەسەریی و سەختییەکان هەبوون ئارامگرتنیش بوونی هەیە، بەم پێیەش جۆرێکە لە ئاهوناڵەی ئەرێنی کە هاوڕای کردارە لەپێناو زاڵبوون بەسەر ناڕەحەتییەکاندا، ئارامگرتن (تەسلیمبوون و چۆکدادان نیە لەبەردەم ڕووداوەکاندا و چاوەڕێکردنی ئەوەی کە قەدەری نادیار دەیهێنێ، چونکە ئەوە پەککەوتەیی و بچووکییەو خوای گەورە ڕازی نیە کە بەندە باوەڕدارەکانی بەوە وەسفبکرێن)[3]، هەندێک پێیانوایە

---

١- إبن قيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، بيروت: دار الجيل، ١٩٧٣م، ج٣، ص٤.

٢- الرازي، مختار الصحاح، بيروت: مكتبة لبنان، ١٩٩٥م، ج١، ص١٤٩.

٣- شلتوت، محمود. من توجيهات الإسلام، ط٣، ١٩٩٦م، ص٢٥.

چەمکی ئارامگرتن پانتاییەکی بەرفراوانی لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا داگیرکردووە، ئەوانەیان کە پەیوەندن بە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو فەرمانبەردارەوە، لێرەوە واتای نەرێنی وەرگرتووە، چونکە وایلێهاتووە (وەک بڵێی تاکە گوزارشی فیقهی شەرعی بێت کە پەیوەندی تاک بە دەسەڵاتەوە دیاری دەکات، بەمەش پشتگیرییەکی تر دەخاتەسەر خەرمانی ئەو تێڕوانینە بۆ کۆمەڵگای ئیسلام کە کۆمەڵگایەکی تاکڕەو ستەمکارە)[1]. واتای سیاسی ئارامگرتنیش بریتییە لە ئارامگرتن لەسەر خۆنەویستی، ئەم مانایەش لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە لە ڕێگای عوبادە کوڕی صامتەوە (٣٤ک.م) گێڕدراوەتەوە، کاتێک کە پشتیوانان لە مەسەلەی دەسەڵاتدا پەیمانیاندا بە گوێڕایەڵیی تەنانەت لە حاڵەتی بێبەشکردنیشیان لە دەسەڵات، بە کردەییش ئەمە ڕوویدا، بەمجۆرە، ئەوا ئارامگرتن واتای قوربانیدانی کەسێتی وەردەگرێ لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵدا، لە پێشەوا عەلییەوە هاتووە کە وتوویەتی: (...ئەگەر پێشخراین بۆ پێشەوایەتی ئەوا دەچینە پێش و ئەگەر ڕێگریشمان لێکرا لە مافی خۆمان و خراینە دواوە، ئەوا با ڕۆژانیش درێژخایەن بن هەر ئارامدەگرین لەسەر بێبەشبوون و خۆنەویستیمان)[2].

ئەوە ڕوونە کە بەرژەوەندی کۆمەڵ ئارامگرتن کۆنترۆڵ دەکات، هەروەک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((هەرکەسێ شتێکی لە ئەمیرەکەیەوە بەدیکرد کە لای ناپەسەند بێت با ئارامبگرێ لەسەری، چونکە هەرکەس بە ڕادەی بستێک لە کۆمەڵ دووربکەوێتەوەو بمرێت، ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە))[3]، بەڵام کاتێک خودی کۆمەڵ دەکەوێتە بەر مەترسی، ئەوا ئەوکات هیچ واتایەک بۆ ئارامگرتن نامێنێتەوە، یەکێک لە زانایان تا مەودایەکی دوور ڕۆیشتووە لەگەڵ چەمکی ئارامگرتندا، بە بەهایەکی نەرێنی داناوە لە پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەردار، بەو پێیە کە ئارامگرتن -بە ڕەهەندە سیاسییەکەی- وەک باشەی کەسێکی تاک نەماوەتەوە کە موسڵمان ڕووبەڕووبووی ئەو کارانە ببێتەوە کە پێیناخۆشن و لێرەوە بێت پەنای بۆ بەرێت، کە لەوانەیە سەرچاوەکەیان لە دەسەڵاتەوە بێت، بەڵکو بووەتە کارێکی گشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ملهوڕیی

---

١- عبد الخالق، نيفين. المعارضة في الفكر السياسي الإسلامي، القاهرة: مكتبة الملك فيصل الإسلامية، ١٩٨٥م، ص٨.

٢- إبن منظور، لسان العرب، ج٥، ص٣٦٩.

٣- أخرجه البخاري عن إبن عباس في: الجامع الصحيح المختصر، ط٣، ١٩٨٧م، كتاب الفتن، هەروەها لە صەحیحی موسلیمیشدا هاتووە، مج١٢، ص٢٤٠.

و ستەم و تاکڕەویی، ئەم گوتەیەش گوزارشت لەو حاڵەتە دەکات کە دەڵێ: (ئەگەر پێشەوا دادپەروەر بێت ئەوا پاداشتی هەیەو لەسەر تۆیشە سوپاسی بکەیت، ئەگەریش ستەمکار بوو ئەوا گوناهەو لە ئەستۆیدایەو تۆش ئارامبگرە)[1]، ئەمە بێ بەهەندگرتنی وردەکارییەکان و ئەو کۆت و بەندانەی کە لەتوانایاندایە ئارامگرتن بکەنە ئامرازی هاوکاری بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتی ستەم و ملهوڕیی، لەوانەشە هەر ئەم تێڕوانینە بووبێت بواری ڕەخساندبێ بۆ بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ڕێسای ئارامگرتن لەسەر ستەمکاریی، بەبێ جیاوازی خستن لە نێوان ئەو ستەمەی دەکەوێتە سەر تاک، کە لەم حاڵەتەدا بۆ پێشخستنی بەرژەوەندی کۆمەڵ دەبێ بەرگەی بگرێ، ئەو ستەمەش کە دەکەوێتە سەر خودی کۆمەڵ و ڕاستەوخۆ کاریگەرە لەسەر بەهاو ئامانجەکانی.

**ج- ئاژاوە (فتنە):**

چەمکی ئاژاوە لە ڕووی مێژوورییەوە بەسترایەوە بە دەرچوون لەدژی جێنشینیی ڕاشید عوسمانی کوڕی عەففان، هەروەها ئەو ڕووداوە ناڕوونانەی بەدوایدا هاتن، لەوانەشە ئەم چۆنێتییە مێژوورییە ڕۆڵی هەبووبێ لە فراوانترکردنی مانای چەمکی فیتنە، جا هەرچەندە ئەسڵی فیتنە بریتییە لە چەرمەسەری و تاقیکردنەوە، بەڵام پەرەیسەند بۆ ماناکانی تر وەک کوشتن و گوناه و بێباوەڕیی[2]، چەمکی فیتنە کۆمەڵێ واتای سیاسی ڕوونی لەخۆگرتووە، بۆ نمونە غەزالی کاتەکانی ڕوودانی فیتنە دەبەستێتەوە بە مردنی پێشەواو سوڵتانەکانەوە.

جا بەپێی ئەم تێگەیشتنە ئەوا تەنها هەبوونی دەسەڵاتێکی سیاسی ئیتر هەر ناوەڕۆکێکی بەهایی هەبێت، بەوە دادەنرێ کە ڕێگرە لە ڕوودانی فیتنە، بەڵام لێرەدا ئاراستەیەکی جیاواز هەیە وادەبینێ کە لەوانەیە دەسەڵاتی سیاسی سەرچاوەی فیتنە بێت، لە مانای ئەمەدا لە حوزەیفەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: (خۆتان لە شوێنی فیتنە بپارێزن، وتراوە ئەی ئەبو عەبدوالله شوێنەکانی فیتنە کامانەن، وتوویەتی دەرگای فەرمانڕەواکانە کە یەکێکتان دەچێتە لای فەرمانڕەواکەو بەدرۆ بڕوای پێدەکات و بەجۆرێ وەسفی دەکات کە ئەو شتەیشی تێدا نییە)[3]. مامۆستا موحەممەد غەزالیش پێیوایە کە فیتنە: (واتە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ

---

١- الدينوري، عيون الأخبار، ص٣.

٢- الصلاحات، معجم المصطلحات السياسية في تراث الفقهاء، ص١٨٧.

٣- الأصبهاني، حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، بيروت: دار الكتاب العربي، ط٤، ١٤٠٥ک، ج١، ص٢٧٧.

دەستەسەرداگرتنی ماف و ڕاوەدونانی خاوەنە شەرعییەکانی)[1].

جا بە خوێندنەوەو بەدواداچوونی هەندێ لە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامی دەردەکەوێ کە سیاسەتی فەرمانڕەواکان و ناکۆکی و دووبەرەکی خانەوادەکان، هەروەها ئاشوبەی سوپا و ناکۆکی نێوان هەرێمەکان، بوونەتە سەرچاوەی سەرەکی ڕوودانی فیتنە[2]، جا باسەکە هەرچۆن بێت هەر فیتنە دەبێتە هۆی لەکارخستنی حوکمەکانی شەریعەت و بڵاوبوونەوەی پشێوی و هەڵتەکاندنی سەقامگیری کۆمەڵگا، لەبەر هەموو ئەم هۆیانە پێکەوە ناڕەزاییەتی بەرفراوان لەدژی فیتنە هەیە، بەڵام فراوانکردنی مانای ئەم چەمکە وایلێکردووە ببێتە چەکێکی بەهێز لەدەست ڕژێمە فەرمانڕەواکاندا، هەر لەژێر بیانووی دوورکەوتنەی گەل لە فیتنە، یەزیدی کوڕی موعاویە کرایە دەستەڵاتدار، شیعەش بەهەمانشێوە بە بیانووی داخستنی دەرگای فیتنە پاساو دێننەوە بە دانانی پێشەوا لەلایەن خواوە[3]، بەدڵنیایی کە چەمکی فیتنە بەخشەرێکی سەرەکی بووە بۆ گوێڕایەڵیی سیاسی، چونکە بەگوێکردنی دەستەڵاتی سیاسی ڕەگەزێکی سەرەکی بووە بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی فیتنە، ئەوەش لەو باوەڕەوە سەرچاوەی گرتووە کە بناغەی فیتنە ئارامنەگرتنە لەسەر خراپە.

**ح- ستەم:**

یەکێک لەو چەمکانە کە بەبێ گرنگیدان بە دیاریکردنی واتا سیاسییەکەی دەخرێتە بەر باس چەمکی ستەمە، زۆرجار قسە لەسەر فەرزی بەگوێکردنی فەرمانڕەوا دەکرێ، با ستەمکاریش بێت، ئەمە لە کاتێکدا ڕێنمایی ڕوون و بێ پێچ و پەنای ئیسلام هەن کە نەفرین لە ستەم دەکەن، بە جۆرێ کە هەر گوتارێ پشت بە فەرزی گوێڕایەڵیی ببەستێ ستەمکار والیدەکات لە دەرگیرییەکی ڕاستەقینەدا بێت لەگەڵ مەبەستەکان و ڕۆحی شەریعەت و حوکمەکانیدا، چونکە دوو کەس نابینی ناکۆک بن لەسەر ئەوە کە ستەم لە ئیسلامدا لە هەرە گەورەترینی گوناهەکانە.

مانای ستەمیش لە زماندا واتە دانانی شتێک لە غەیری جێگای خۆیدا، لەبارەی وەسفی ئەوەی لە سەقیفەی بەنی ساعیدە ڕوویدا هاتووە کە (ئەبوبەکر و عومەر پابەندبوون بە ڕاستییەوەو ستەمیان لێنەکرد، واتە لایاننەدا لە هەق). ئەم

---

١- الغزالي، الإسلام والأستبداد السياسي، ص١٠٥.

٢- إسماعيل، محمود، سوسيولوجيا الفكر الإسلامي، الدار البيضاء، دار الثقافة، ١٩٨٠م، ج١، ص٥٩.

٣- الريس، النظريات السياسية الإسلامية، ص١٦٢.

دەستەواژەیە ئاماژە دەدات کە دانەنانی دەسەڵاتی سیاسی لە جێگای ڕاست و دروستی خۆیدا لە واتا هەرە دیارەکانی ستەمە.

بەم پێیەش ئەوا ستەمی سیاسی ئەو زیانە ڕاستەوخۆیە تێپەڕێنێ کە دەیگەیەنێ بە تاکەکان یان بە هەندێ لە توێژەکانی کۆمەڵگاو دەڕوات بەرەو لەقکردنی ڕێساکانی کۆمەڵگای موسڵمان و بونیادەکەی، ئەوەش لەبەرئەنجامی کۆمەڵێ کردارەوە کە لەوانەیە دەستەڵات هەستێ بە ئەنجامدانیان، هەروەها لادانی لە مەبەستە شەرعییەکان و ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتییانە کە بۆی دیاریکراون، گوێڕایەڵیی ستەمکاریش تەنها بەو مانایە نیە چاوپۆشرێ لە هەندێ لە کردەوە تایبەتەکانی، چاوپۆشرێ لە جێبەجێنەکردنی ئەرکی ویژدان بەخەرجدان لە نێوان خەڵکیدا وەک پێویست، کە ئەمانە لەو مەسەلانەن پەنادەبرێتە بەر زۆرێک لە بیانووی شەرعی بۆیان، بەڵکو بە مانا سیاسییەکەی واتە ڕازیبوون بە ڕادەستکردنی دەستەڵات بە غەیری کەسانی شایستە پێی، کە دواجار دەبنە هۆی بەردەوامبوونی حاڵەتی ململانێیەکە و لەقبوونی پەیکەری ناو کۆمەڵگا قووڵتر دەکەن.

خ- کوفری ئاشکرا:

کوفری ئاشکرا چەمکێکە لە بنەڕەتدا هیچ واتایەکی سیاسی نیە، ئەم چەمکە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووە کە عوبادەی کوڕی صامت دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: ((پێغەمبەر بانگهێشتی کردین و بەیعەتمان پێدا، بەیعەتی لێوەرگرتین کە لە خۆشی و ناخۆشیماندا، لە ناڕەحەتی و ئاسودەییماندا، لەسەر خۆنەویستیمان، گوێبیست و گوێڕایەڵ بین، لەسەر ئەوە کە ململانێی کەسانی شایستە نەکەین، مەگەر لەبارێکدا نەبێت کوفرێکی ئاشکرا لێیانەوە ببینین کە بەڵگەی شەرعیمان لە خواوە لەسەری هەبێت))[1]. بەڵگەش (بریتییە لە دەقی ئایەتێک یان فەرموودەیەکی ڕاست و دروست کە هیچ واتایەکی تر هەڵنەگرێ، ماناکەشی ئەوەیە کە دەرچوون لە فەرمانیان دروست نیە مادامێ کارەکەیان قسەی تر و واتای تر هەڵدەگرێ)[2].

کوفری ئاشکرا لای ئەهلی سوننەو جەماعە بەو سیفەتە دەخرێتەڕوو کە تاکە پاساوە بۆ دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەنجامدانی گوناه و سەرپێچی مەسەلەیەکە تەنها دەربڕینی ناڕەزایەتی بە نەرمونیانی بەسە

---

١- البخاري، الجامع الصحيح المختصر، باب الفتن، ج١٦، ص١١٣. صحيح مسلم، كتاب الإمارة، ج١٢، ص٢٢٨.

٢- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح البخاري، مصر، مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده، ١٩٥٩م، ج١٦، ص١١٤.

بۆی، ئەمەش لەبارێکدا کە توانای ئەوە هەبێت، شاراوەش نیە کە سەلماندنی کوفری ئاشکرا لە فەرمانڕەوادا مەسەلەیەکی زۆر زەحمەتە، ئەمەش وا لەم چەمکە دەکات ببێتە بەربەستێکی مەعریفی بۆ واتای پراکتیکی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسیی، جگە لەوەش هەر مەسەلەی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا تەنانەت لە حاڵەتی کوفرێکی ئاشکراشدا بەستراوەتەوە بە توانایی ماددی لەسەری و خراوەتە ژێر ئەم مەرجەوە، ئەم بیرکردنەوەیە وای لە کوفری ئاشکرا کردووە ببێتە پارێزبەند بۆ دەستەڵاتە ستەمکارەکان، ئەمە لەبارێکدا کە نەخرێتە ناو میانەی ئەو ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەوە کە پەیوەندارن بە مەسەلەکەوە.

**د- لایەنداریی (الولا و):**

لایەنداریی پەیوەندییەکی هەستییە، بوونی کۆمەڵایەتی گەلێکی لەسەر دادەمەزرێ، ئینجا دەڕوات بەرەو بەهایەکی باڵای نابەرجەستە، لە ڕێگای بەردەوامبوونیەوە گەرەنتی یەکبوونی ئەو بوونە کۆمەڵایەتییەو یەکگرتنی دەستەبەر دەبێت، پەیوەندی لایەنداریی لە کۆمەڵگای عەرەبیدا شتێکی باو بووە، ئەویش پەیوەندییەکی پێکەوەبەستنە کە کەمتر نیە لە پەیوەندی خزمایەتی، پەیوەستبوونی تاک بە پەیوەندی لایەنداریی لەگەڵ هۆزێکدا بەو مانایە بووە کە پابەند بێت بە تەواوی کێشەکانی ئەو هۆزەوە و بەرگری لێبکات، ئەوەش لەو پێگەیەوە کە لایەنداریی پەیوەستە بە ماناکانی خۆشەویستی و پشتگیریی و پەرستش و گوێڕایەڵییەوە.

دەتوانرێ بە وردبوونەوە لە چەمکی لایەنداریی پەی ببرێ بە پەیوەندی بەهێزی نێوان لایەنداریی و گوێڕایەڵیی. چونکە لایەنداریی ڕەها بۆ گەلە نەک بۆ سیستمی سیاسی[1]، بەڵام گوێڕایەڵیی سیاسی بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕەفتاریی کە پەیوەندە بە چوونەژێر فەرمانەکانی دەستەڵاتی سیاسی، مادامێ بۆ ئەوە هاتووە ڕەچاوی داخوازییەکانی لایەنداریی بکات، ئەمەش مانای وایە کە گوێڕایەڵیی سیاسی تاکە واتای لایەنداریی نیە، بەڵکو دەکرێ گوێڕایەڵی نەکردنی سیاسی مانای ئەو چەمکە بێت، ئەوەش کاتێک کە دەستەڵاتی سیاسی جۆرە هەڵسوکەوتێ دەکات کە پێچەوانەن لەگەڵ راستێتی لایەنداریدا.

ئەگەر سەرنجبدەینە قورئانی پیرۆز دەبینین کە هەردوو چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی و لایەنداریی، سێ پلەیان تێدایە کە کارایی و بوارەکەیان بە شێوەیەکی هاوسەنگ دیاری دەکەن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ

١٠- عبد الفتاح، التجديد السياسي والواقع العربي المعاصر، ص١٥٠.

ﭐلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ ﴾المائدة: ٥٥ واتە: (لەڕاستیدا پشت و پەناو یارو یاوەری ئێوە، یەکەم: خوای گەورە و میهرەبانە، دووەم: پێغەمبەرەکەیەتی کە ئاینی خوای بە کردار و گوفتار بۆ ڕوونکردوونەتەوە، سێهەم: ئیماندارانن لەهەر قەوم و هۆز و گەلێک بن، بەتایبەت ئەوانەیان کە نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجامدەدەن و زەکات لە ماڵ و سامان و توانا و دەستەڵاتیان دەردەکەن و هەمیشە دیاردەی کڕنوش و ملکەچییان بۆ خوای پەروەردگار پێوە دیارە). ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ... ﴾النساء: ٥٩. ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە پەیوەندی پێگەوەگرێدراوی ئەندامیی هەردوو چەمکەکە ڕووندەکەنەوە، چونکە لایەنداریی و خۆشەویستی بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ باوەڕدارانە، مەسەلەکەش بۆ پەیوەندی بە گوێڕایەڵیی بەهەمانشێوەیە. جا ئەگەر چەمکی گوێڕایەڵیی لە بەشە سیاسیەکەیدا کە پەیوەندە بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لەلایەن باوەڕدارانەوە واببینرێ کە زۆرتر دیاریکراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێت گوێڕایەڵیی لەژێر چەمکی گشتی لایەنداریدا پیادە بکرێ، ئەمەش ئەوە بەدوای خۆیدا دێنێ کە نەبوونی لایەنداریی بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرەکەی و بۆ کۆمەڵی باوەڕداران هۆکارێکی بەسە بۆ نەمانی گوێڕایەڵیی.

دەکرێ لە کۆتایی ئەم باسەدا بوترێ کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وێنای چەمکێکی خزمەتکار بە ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکان دەکات، بەو پێیە کە دەڕوات بۆ ڕێکخستنی لایەنێک لە کاری ئیسلامی کە تایبەتە بە بواری سیاسییەوە، چونکە ئامانجی ئەوەیە کاری سیاسی بکاتە بەشێک لە ڕەفتاری باوەڕیی، هەروەک چەمک و بەها دامەزرێنەرەکان دیاریان کردووە. ئەم پرسەش ئەوە دەردەخات کە ئەم چەمکە پێویستی بە تەواوکاریی هەیە لەگەڵ چەمکە ئیسلامییەکانی تردا، چوونە ژێر ڕکێفیان دەبێتە مەرجێک بۆ کاراکردنی، چونکە ناتوانرێ بوترێ کە ئەم چەمکە سەربەخۆ بێت لە چەمکەکانی تری وەک ڕاوێژکاریی و گەل و شەریعەت و فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، یان بە بێئەوەی سەقامگیریی مەعریفی خۆی لەدەستبدات بتوانێ کاری سیاسی لە دەرەوەیان دابمەزرێنێ، کە -دواجار- جۆرێکی نەرێنی لە کاری سیاسی بەرهەم دێنێت کە دوورە لە ڕاستێتی مەعریفەی ئیسلامییەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەم چەمکە زیاتر لە هەموو چەمکە مەرجەعیەکان (دامەزرێنەرەکان)ی تر کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەرە کە بەسەریاندا دێت، چونکە جگە لەوە کە لە بواری سیاسیدا درێژکەرەوەی ئەوانە شتێکیتر نیە.

له بەرانبەریشەوە، ئەم چەمکە بکەوێتە بەر هەرجۆرە گۆڕانکاریی و لادانێک ئەوا چەمکە مەرجەعییەکان یان دامەزرێنەرەکان تواناییان لە کۆنترۆڵکردنی پیادەکردنی سیاسیدا لەدەست دەدەن، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بدرێ کە هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕاوێژکاریی لە مێژووی ئیسلامیدا شکستیخواردووە، چونکە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی چووەتە ژێر ئەو سنوردارکەرە واقیعییانەوە کە پەیوەندیان بە ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییە ڕەسەنەکانەوە نیە، وەک حوکمی زەرورەت، دەستەڵاتی زاڵبوو، کاربەدەستی پشتاوپشت و هیتریش، لێرەوە چەمکەکانی تری وەک ڕاوێژکاریی و شەرعیەت، شەریعەت، فەرماندان بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپە، توانایان نەبووە هەستن بە ڕۆڵی خۆیان لە وەستاندنی قەبەبوونی ئەو چەمکە و فراوانبوونی لە دەرەوەی بەها ئیسلامییەکاندا.

هەروەها مۆرکی ڕەوایەتی لە دیاریکردنی پەیوەندی چەمکە ئیسلامییەکان هەندێکیان لەگەڵ هەندێکی تریاندا بە ڕوونی دەردەکەوێ، ئەمەش لەسەر گریمانەیەکی هەڵە بەرپا دەبێت، کە پوختەکەی هەبوونی پەیوەندیی دژبەیەکییە لە نێوان چەمکە ئیسلامییەکاندا، هەروەک لە نێوان یەکبوونی گەل و ڕاوێژکاریدا هەیە، لە نێوان فەرماندان بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە لەلایەکەوەو گوێڕایەڵیی لەلایەکی ترەوە هەیە، ئەم مۆرکی ڕەوایەتییە ڕێگای بە چەمکەکانی تر داوە بێنەناو ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکانەوە، ئەوەش وەک دیمەنێک لە دیمەنەکانی لەدەستدانی کۆنترۆڵی زانستی لەسەر واقیعی پراکتیکی، ئەوانیش وەک چەمکەکانی هێز و زاڵبوون و دەمارگیریی، ئەم چەمکانەش گوزارشت لە واقیعێکی سیاسی دەکەن کە بە هێز خۆی سەپاندووە، نەک بەرهەمی کارلێکی ئەرێنی بێت لە نێوان هزر و واقیعدا.

# بەشی دووەم

## چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا

## هەوڵی بنەمادۆزیی

ئەم بەشە هەوڵی بنەمادۆزی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی لەخۆدەگرێ، ئەوەش لە واقیعی دەقەکانی قورئان و دەقە ڕاست و دروستەکانی سوننەتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) سەرچاوە دەگرێ، بە مەبەستی خستنەڕووی تایبەتمەندییە جەوهەریەکانی چەمکەکە، تا دوای ئەوە -هەروەک لە بەشی سێیەمدا دێت- لەتوانادا بێت تێبینی پەرەسەندنی بکرێ کە بەدرێژایی جووڵەی لە مێژوودا بەسەریدا هاتووە، لەم بەشەدا بە پشتبەستن بە کەلەپوری ڕاڤەکاریی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەیەک بۆ دەقە دامەزرێنەرەکان دەکەین، هەروەها بۆ هەندێ لە کتێبە ڕاڤەکارەکان، لەگەڵ پێدانی هەندێ سەرنجی میتۆدی لەسەر میکانیزمەکانی خوێندنەوەی دەقەکان لە بازنەی کەلەپوردا، ئینجا پۆلێنکردنی ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە پەیوەندییان

به گوێڕایەڵیی و دەرچوونەوە هەیە، ئەویش بەپێی جۆرەکانی فەرمانڕەوایی و ئەو حاڵەتە واقیعییانە کە ئەو فەرموودانە مانابەخشن پێیان، وەک هەوڵێک بۆ دوورکەوتنەوە لە تێکەڵکردن لە نێوان ماناکانیاندا، ئینجا هەڵدەستین بە سەرنجدان لە ڕێڕەوی بزاوتی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و جێنشینیی ڕاشید دا، بەو سیفەتە ئەو دوو سەردەمە سەردەمی پێوانەین کە تیایاندا جەختکراوە لە ڕەهەندەکانی پراکتیکی چەمکەکە، کە بەتەواوەتی گونجاو بووە لەگەڵ ناوەڕۆکە تیۆرییەکەیدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی نێوان سەردەمی پێغەمبایەتی و سەردەمی جێنشینیی ڕاشید دا، بەتایبەتی لە بەشی دووەمی جێنشینیی عوسمانی کوڕی عەففاندا (خوا لێی ڕازی بێت). ئینجا دوای ئەوە دەڕۆین بۆ شیکاری چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی لە ڕووی واتاوە، ئەوەش لە سێ ئاستەوە: ئاستی شیکاری فەرهەنگیی زمانیی بۆ ماددەی (گوع)، ئاستی شیکاریی زاراوەیی بۆ زاراوەی گوێڕایەڵیی (الطاعة)، هەروەها ئاستی شیکاری مەعریفی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی، بۆئەوەی ئاشنا ببین بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی چەمکەکە، کە ناوەڕۆکە قورئانییەکەی و تایبەتمەندییە پێغەمبەرایەتییەکەی، هەروەها ڕوخسارە پێکهاتووەکانی لە یەکەمین ئەزموونی ئیسلامیدا لەخۆدەگرێ، ئیتر جگە لە سیفەتە زمانەوانی و زاراوەیی و مەعریفیەکانی.

## یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەرچاوە سەرەکییەکاندا

### ١- چەمکەکە لە بونیادی دەقی قورئانیی دا

### أ- گوێڕایەڵیی سیاسیی پرسێکی جێنشینییە:

لە قورئانی پیرۆزدا فەرمانداروە بە گوێڕایەڵیی بەرپرسان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾النساء: ٥٩. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، هەمیشەو بەردەوام فەرمانبەرداری خوای گەورە و فەرمانبەرداری پێغەمبەر و ئەو بەرپرسانە بکەن کە لە خودی خۆتانن –لە بیروباوەڕ و پابەندیدا-، خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە بۆ لای خواو پێغەمبەر –درودی خوای لەسەر- کە قورئان و فەرموودە ڕاست و دروستەکان دەگەیەنێت و ئەو شیکردنەوانەی کە لە چوار چێوەیان بەدەرنین، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕۆژی قیامەت هەیە، جا ڕەفتار و

کردارتان بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین شێوازە بۆ چارەسەری کێشەکانتان...).
ئەم تاکە ئایەتەیە کە گوێڕایەڵیی بەرپرسان دەبەستێتەوە بە گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەیەوە، ئەوەش لە میانەیەکدا کە بە گشتی میانەیەکی باوەڕییە، چونکە ئاخاوتنەکە ڕووی لە باوەڕدارانە، ئایەتەکەش بە فەرموودەی ﴿إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ﴾ کۆتاییهاتووە، ئەمەش کۆمەڵێ پرس لەسەر ئاستی تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان و واتاکانی دەوروژێنێ، جا ئەگەر گوێڕایەڵیی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەو وەسفە هاتبێت کە ڕاستییەکی باوەڕی پەرستشکارییەو بناغەکەی پەروەردگارێتییە، هەروەها گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەو وەسفە هاتبێ کە ڕاستییەکی باوەڕیی ڕاستاندنی ڕاگرەکانی پەیام و گەیاندنیەتی، ئەوا زەحمەتە بتوانرێ گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بچێتە ژێر داخوازییەکانی هیچ یەک لەو دوو ڕاستییە هەمووەکیەی پێشەوە، چونکە قورئانی پیرۆز بەڕوونی جیاکاری دەکات لە نێوان گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی و نێوان گوێڕایەڵیی کاربەدەستاندا، جیاکارییەک کە ڕێگری لە چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان دەکات هیچ یەک لە واتاکانی گوێڕایەڵیی پەرستشکاریی یان گوێڕایەڵیی ڕاستاندن بەدەستبێنێ.

ناکرێ و زەحمەتە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەناو هیچ یەک لە دوو ئاستەدا واتە ئاستی پەروەردگارێتی یان ئاستی پەیامداریدا دابنرێ، ئەم ڕاستیە هانمان دەدات بگەڕێین بەدوای ئاستێکی چوارچێوەیی بۆ ئەو چەمکە لە گوتاری قورئانیدا، لەو پێگەیەوە کە هەرچی وێنەو واتاو سنور کە لەو چەمکەوە پەلدەهاوێژن پەیوەندییەکی تەواو تۆکمەیان بەو ئاستە گشتییەوە هەیە کە تیایدا دەجولێ، هەروەها دێتەناو چوارچێوەیەوە، وەهاش دەبینرێ کە کەلەپوری ڕاڤەکاریی قورئانی پیرۆز گرنگییەکی ئەوتۆی نەداوە بە گەڕان بەدوای ئەم مەسەلەیەدا. بەڵام هەر دەتوانرێ سەرنجی ئاراستەیەکی گشتی لای ژمارەیەک لە ڕاڤەکاران بدەین کە لە میانەی باوەڕیدا چوون بەرەو دیاریکردنی باری ئەم چەمکە، کە ئایەتی پێشوو لەبارەیەوە هاتووە، بەجۆرێ کە ئاماژەدەر بێت بۆ هەوڵی ڕزگارکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داخوازییەکانی باوەڕەوە، ئەمەش لە دوو ئاماژەی گرنگدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، ئەوانیش ئەمانەن:

- ڕاڤەکردنی واتای ئەو ناکۆکییە کە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا هاتووە: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾ ئەوەیە کە بوترێ ئەگەری هەیە ناکۆکییەکە لە نێوان خودی گەلدا بێت بە تاک و کۆمەڵەکانییەوە، یان لە نێوان گەل و کاربەدەستاندا

بێت[١]. ئەگەری هەبوونی ناکۆکیش لە نێوان کاربەدەستان و گەلدا پێماندەڵێ کە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بەوەی گوایا پرسێکی پەرستشکاریی یان ڕاستاندن بێت ڕەتدەکاتەوە. لە فەرهەنگی البحر المحیگ دا هاتووە دەڵێ: (ناکرێ بوترێ کە مەبەست پێشەوایە، چونکە لە میانەی ئاخاوتنەکەدا دەفەرموێ ئەگەر لە شتێکدا ناکۆک بوون ئەوا بیگێڕنەوە بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی. جا ئەگەر پێشەوایەک هەبوو کە گوێڕایەڵیی فەرز بێت ئەوا گێڕانەوەکە بۆ لای ئەو فەرز دەبێت تا ئەو ناکۆکییە بنەبڕ بکات)[٢]، لە تەفسیری التحریر والتنویردا هاتووە دەڵێ: (ڕاناوی وشەی تنازعتم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە ئەگەری هەیە ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان، ئەمە جگە لە پێغەمبەر، چونکە باوەڕداران ناکۆک نین لەگەڵیدا)[٣]، کەواتە گێڕانەوەی ناکۆکییەکە بۆ لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە سیفەتە پەیامدارییەکەیەتی چونکە ئەو (درودی خوای لەسەر) جێگای ناکۆکی نیە لە نێوان موسڵماناندا، ئەمە بە پێچەوانەی ئەو کاربەدەستانەوە کە دەگونجێ خۆیان ببنە جێگای ناکۆکی.

- گوفتاری خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا ﴿إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا﴾ دەگەڕێتەوە بۆ گێڕانەوەی بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی لە کاتی ناکۆکی نەک بۆ لای گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، شەوکانی لە فتح القدیر دا دەڵێ: (گوفتاری ئەگەر باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە بەڵگەیەکی تێدایە کە دەبێ کەسە ناکۆکەکان بە حەتمی بگەڕێنەوە، چونکە ئەوە کاری کەسێکە کە باوەڕی بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، ئاماژەش بە گوفتاری ﴿ذَٰلِكَ﴾ واتە ئەو گێڕانەوەیە کە فەرمانی پێکراوە ﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا﴾[٤]، قورتوبی (٦٧١ک.م) لە تەفسیرەکەیدا دەڵێ: فەرموودەی خوای گەورە ﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ﴾ واتە گێڕانەوەی ئەو شتەتان کە ناکۆکن لەسەری بۆ قورئان و سوننەت باشترە لە ناکۆکیی)[٥]. کەواتە گێڕانەوەی تەنها بۆ لای خواو پێغەمبەرکەی لە کاتی ناکۆکیدا بەڵگەیە لەسەر باوەڕ بە خوای گەورەو بە ڕۆژی دوایی نەک لەسەر گوێڕایەڵیی کاربەدەستان.

---

١- الطبري، جامع البيان من تأويل آي القرآن، ١٩٨٤م، ج٥، ص١٥٠.

٢- الأندلسي، أبو حيان محمد بن يوسف، تفسير البحر المحيط، بيروت: دار الفكر، ط٢، ١٩٨٦م، ج٣، ص٢٧٩.

٣- إبن عاشور، محمد الطاهر. تفسير التحرير والتنوير، تونس، ١٩٩٧م، مج٣، ج٣، ص٩٩.

٤- الشوكاني، محمد بن علي عبد الله. فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، المنصورة: دار الوفاء، ١٩٩٤م، ص٥٧٢.

٥- القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، ج٢، ص١٨٣٣.

یەکێ لە تەفسیرەکان بڕیار لەسەر کۆمەڵە مەسەلەیەکی سنوردارتر دەدات کە یارمەتیدەرن چوارچێوە دابنێن بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی بەرپرسان لەوەی بێن بیخەنە ناو گوتاری قورئانی، ئەوەش لە میانەی مشتومڕیدا بۆ پرسی (بنچینەی فەرزی گوێڕایەڵیی)، کە جیاوازی دەکات لە نێوان گوێڕایەڵیی خوای گەورە لەلایەکەوە و نێوان گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەلایەکی ترەوە، گوێڕایەڵیی کاربەدەستانیش لەلایەنی سێیەمەوە، جیاوازییەک کە لەسەر ڕێسای هۆی فەرزبوونی فەرماندان بە گوێڕایەڵیی بەرپا دەبێت، چونکە فەرزبوونی گوێڕایەڵیی خوای گەورە (لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئێمە بەندەی ئەوین، ئەویش خوایە، لەم ڕووەوە ئەوە سەلمێنراوە کە بنچینەی گوێڕایەڵیی بریتییە لە بەندایەتی و پەروەردگاریتی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بەندەکان بەردەوام گوێڕایەڵی پەروەردگاربن هەتا ڕۆژی قیامەت. ئەمەش بنەمایەکەو شەرع کاری پێدەکات)[1]. بۆ پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) ئەوا گوێڕایەڵیی بۆی گوێڕایەڵیی وەرگرتن و گوێڕایەڵیی بەگوێکردنە چونکە ڕێنماکار و ڕزگارکەرە)[2]، ئەی کەواتە دەبێ بنچینەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان کامە بێت؟

کەلەپوری ڕاڤەکاریی قورئانی پیرۆز پێناسەیەکی وردی بۆ بنچینەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان پێشکەش نەکردووە، بەڵام ڕاستیتی جێنشینیی، ئەو ڕاستییەیە کە دەتوانرێ بوترێ کۆی کەلەپوری ڕاڤەکاریی لە چوارچێوەیدا مامەڵە لەگەڵ چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان دەکات، چونکە بنچینەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بریتییە لە زەرورەتەکانی جێنشینیی مرۆیی، بەم پێیەش ئەوا گوێڕایەڵییان پرسێکی جێنشینییە و حەقیقەتێکی پەرستشکاریی یان ڕاستاندن نیە، ئیبن عاشور لەپاش ڕوونکردنەوەی بۆ چۆنێتی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەڵێ گوێڕایەڵیی کاربەدەستان جیایە لە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر، چونکە کاربەدەستان (جێبەجێکاری ئەوەن کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گەیاندوویەتی، کەواتە گوێڕایەڵیی بۆیان بەگوێکردنێکی تایبەتە)[3]. ئەم گونجاندنە گشتییەی چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لەناو ڕاستیتی جێنشینیدا، لە ڕەهەندە سیاسییەکەیدا دەیبینین، کە هەندێ لە تەفسیرەکان لە میانەی لێدوانیان لەسەر

---

١- الرازي، فخر الدين. التفسير الكبير ومفاتيح الغيب، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ج١٠، ص١٥٤.

٢- إبن عاشور، تفسير التحرير والتنوير، ج١، ص٩٧٢.

٣- سەرچاوەی پێشوو، مج٣، بەرگی١، ل٩٧.

هەندێ لە ئایەتەکانی جێنشینیی ئاماژەیان پێکردووە، بەتایبەتی ئایەتی (٥٥) لە سورەتی النور کە دەفەرموێ: ﴿وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾[النور: ٥٥]. زۆرێک لە تەفسیرەکان باسیانکردووە کە ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر جێنشینیی جێنشینە ڕاشیدەکان، نەسەفی وتوویەتی: (ئایەتەکە ڕوونترین بەڵگەیە لەسەر ڕاست و دروستی جێنشینیی جێنشینە ڕاشیدەکان (خوا لێیان ڕازی بێت)، چونکە ئەو جێنشینانە کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکان دەکەن هەر ئەوانن و ئەوانن)[1]. تەفسیرەکان جێنشینیی و ئەو ئاسایش و ئارامییەی کە لە سەردەمی هەردوو جێنشین ئەبوبەکر و عومەردا دەستەبەر بووە دەبەستنەوە بەیەکەوە، بەڵام لە بەرانبەردا وادەبینن کە نەمانی ئاسایش و ئارامی بە مانای نەمانی ڕاستێتی جێنشینیی نیە، ئینجا ڕاڤەیەک بۆ ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە دەکات: ﴿وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ کە پشتگیری لەم گوتەیە دەکات و دەڵێ (یەکەمین کەسانێ کە ناشکور بوون بەو نیعمەتەو نکولیان لەو مافە کرد ئەوانە بوون کە عوسمانیان شەهید کرد (خوا لێی ڕازی بێت)، چونکە کاتێ کوشتیان ئیتر خوای گەورە ئەو ئاسایشەی کە تێیدا بووون لێی گۆڕین، ترسی خستە دڵیانەوە، تا وایان لێهات بکەونە کوشتنی یەکتری، ئەمە لەدوای ئەوە کە سەردەمانێک برای یەکتری بوون)[2].

ئەو ئەنجامە پوختەیە کە تەفسیرەکان پێیگەیشتوون، ئەوەیە دەرچوون لەدژی ئەو جێنشینە کە مەرجەکانی جێنشینیی تێیدا دەستەبەر بووە و گرنگترینیان بەپێی ئایەتەکە بریتییە لە باوەڕ و کردەوەی چاک و جێبەجێکردنی بەندایەتی بۆ خوای گەورە، ئەوە دەرچوونە لە مەبەستی جێنشینیی. بەڵام دەرچوون لە مەبەستەکانی جێنشینیی بە هیچ واتایەک دەرچوون نیە لە باوەڕ، چونکە ئەو کوفرەی کە یاخیبووان لە جێنشینی عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) لە دەقە تەفسیرەکەی پێشوودا پێی وەسفدەکرێن بە کۆدەنگی ڕاڤەکاران کوفری نیعمەتە، بەمجۆرەش دەبەسترێتەوە بە جێنشینییەوە، ئەگەرچی جێنشینیی حەقیقەتێکی گەردوونی و

---

١- النسفي، أبو البركات عبد الله بن أحمد بن محمود. تفسير النسفي، دمشق: دار إحياء الكتب العربية، ج٣، ص١٥٥. هەروەها بڕوانە: الزمخشري، الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل. ج١، ص٨٤٧.

٢- البغوي، معالم التنزيل، الرياض: دار طيبة للنشر والتوزيع، ط٤، ١٩٩٧م، ج٨، ص٥٨.

ڕێکخستنێکی خواییشە، ئەوا هەر (بەپێی داخوازییەکانی مرۆڤایەتی لە دنیادا) دەستەبەر دەبێت[1]، واتە بزاوتی کەسی باوەڕدار لەناو واقیع و لە مێژوودا وەڵامگۆی داخوازییەکانی باوەڕە: واتە کردەوەی چاکەیە. لێرەوە چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لە قورئانی پیرۆزدا لەناو ئەم میانەیەدا دادەنرێ، بەو سیفەتە کە زەرورەتەو هۆکارێکی جێنشینییە. کەواتە بنچینەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بریتییە لە (پلەوپایە دنیاییەکەیان) بەو سیفەتە کە فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی ڕادەپەڕێنن، ئەوەش لەناو کۆی بەڵێنی جێنشینیدا، کەواتە گوێڕایەڵییەکی سەربەخۆ نیە، بەڵکو لەسەر گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی بونیاتنراوە. مانای ئەوەش کە لەسەر گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی بونیاتنراوە ئەوەیە کە: ملکەچی فەرمانی خوا بێت، ملکەچی فەرمانی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) بێت. لەبەرئەوە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لە گوتارە قورئانییەکەدا ناکەوێتە ناو بونیادی پلەبەندییەکە، واتە بازنەی گوێڕایەڵیی کراوەنیە لەسەری بەجۆرێ کە ببێتە گوێڕایەڵی: خوا / پێغەمبەر / کاربەدەستان، ڕاڤەکارانیش باسیان لە نەهاتنی لەفزی (أگیعوا) کردووە کە لەپێش (أولي الأمر) کاربەدەستانەوە نەهاتووە، ئەویش لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدا کە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ...﴾ النساء: ٥٩. وتوویانە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان پاشکۆی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، بەمشێوەیەش لە بونیادی فەرمانەکەدا پلەی سێیەمی وەرناگرێ کە بە خوای گەورە دەست پێدەکات بە کاربەدەستان کۆتایی بێت، هەروەها دەکەوێتە دەرەوەی هەر بۆچوونێکی پەیوەندی یەکگرتن لە نێوان گوێڕایەڵیی خواو گوێڕایەڵیی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، چونکە گوتاری قورئانی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەسەر گوێڕایەڵیی خوای گەورە دەکاتەوەو دەیانکاتە یەک فەرمان، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا﴾ النساء: ٨٠. واتە: (جا ئیتر ئەوەی فەرمانبەرداریی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بکات، دیارە ئەوە هەر فەرمانبەرداری لە خوای گەورە کردووە، -چونکە پێغەمبەر زۆر مەبەستی بووە کە هەمیشە ئەوە بکات کە خوای گەورە پێی ڕازی و خۆشنودە-، بەڵام ئەوەی کە یاخی دەبێت و فەرمانبەردار نابێت ئەوە تۆمان نەناردووە بۆ ئەوەی چاودێر بیت بەسەریانەوە و ناچاریان بکەیت بە پابەندی و دینداریی). بەمجۆرە بێهەڵەیی

---

١- الآلوسي، شهاب الدين، روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ج١٨، ص٢٠٣.

و پاکوبێگەردی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەرجەستە دەکات، کە قورئانی پیرۆز لە کاروبارەکانی وەحی و گەیاندنی پەیامدا ئیقراری پێکردووە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْىٌ يُوحَىٰ ﴾ النجم: ٣-٤. واتە: (هەرچی دەیڵێت گوفتاری جوان و بەجێیە -بە تایبەت ئایەتەکانی قورئان- لە ئارەزوو هەوەس بازییەوە دوورە... بەڵکو ئەوەی کە ڕایدەگەیەنێت، قورئانەو فەرمایشت و وەحی و نیگای خوای گەورەیە...). بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستانەوە هەیە هیچ ئاماژەیەکی لەوجۆرەی تێدا نیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گوتاری قورئانی چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان دووردەخاتەوە لە هەر پەیوەندییەکی یەکگرتن یان پلەبەندیی، بەڵکو دەیخاتەناو ئەو میانەیەوە کە پێشتر ڕوونمان کردووەتەوە ئەویش میانەی جێنشینییە.

**ب- کاربەدەست: سیفەتە قورئانییەکانی:**

- ناوەڕۆکی ڕاڤەی چەمکی کاربەدەست:

لەفزی کاربەدەست (أولی الأمر) لە قورئانی پیرۆزدا لە ئایەتی (٥٩) لە سورەتی النساء دا، هەروەها لە هەمان سورەتدا لە ئایەتی ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمْ أَمْرٌ مِّنَ ٱلْأَمْنِ أَوِ ٱلْخَوْفِ أَذَاعُواْ بِهِۦ ۖ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِى ٱلْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسْتَنۢبِطُونَهُۥ مِنْهُمْ ۗ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ لَٱتَّبَعْتُمُ ٱلشَّيْطَٰنَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾النساء: ٨٣. هاتووە، واتە: (هەرکاتێک هەواڵێکیان پێبگات کە ئارامبەخش بێت، یاخود مەترسیدار بێت، بڵاوی دەکەنەوە، -بیر لە سەرئەنجام و نەخشەو پیلانی دوژمن و پڕوپاگەندەکانی ناکەنەوە- خۆ ئەگەر وایان نەکردایە، بەڵکو هەواڵەکەیان بگەیاندایە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە سەردەمی خۆیدا، یاخود فەرماندەی متمانە پێکراوی موسڵمانان لە هەر سەردەمێکدا- ئەوە ئەوانەی کە بە قوڵی بیردەکەنەوە و شارەزان و دەکۆڵنەوە لە نهێنی و ڕازەکان، دەیانزانی چیبکەن و هەڵوێستیان چۆن بێت و چۆن خەمی جەماوەر بخۆن، جا ئەگەر فەزڵ و ڕەحمەت و میهری خودایی نەبوایە لەسەرتان ئەوە زۆربەتان بەشوێن نەخشەو پیلانی شەیتاندا دەڕۆیشتن مەگەر زۆرکەمتان نەبێت). ڕاڤەکاران لە مەبەست بە بەرپرسان لە هەردوو ئایەتەکەدا چەند ڕایەکی جیاوازیان هەیە، ئەوانیش[1] ئەمانەن:

---

١- ئەم ڕایانە بە پرژوبڵاوی لە ژمارەیەک لە کتێبەکانی تەفسیردا هاتوون، وەک تەفسیری تەبەری (جامع البيان في تأويل آي القرآن)، تفسير البيضاوى (أنوار التنزيل وأسرار التأويل)، تفسير الخازن (لباب التأويل في معاني التنزيل)، وإبن الجوزي (زاد المسير في علم التفسير)، والشوكاني (فتح القدير)و هیتریش.

ڕایەک دەڵێ: ئەوانە ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکانی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر)، ئیبن وەهەب (١٩٧ک.م) وتوویەتی: ئەوانە ئەو کاربەدەستانەن کە لە جەنگدان، پاشان وتوویەتی: (ئەوەش کە لە جەنگدایە)، ئیبن زەید (١٨٢ک.م) وتوویەتی: ئەوانە ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکانن، ئەلسودی (١٢ک.م) هەمان ڕای هەیە، موقاتیل کوڕی سولەیمان (١٠٥ک.م)، کەلەبی (١٤٦ک.م)، مەیمون کوڕی میهران (١١٧ک.م) هەمان بۆچوونیان هەیە، لە ئیبن عەبباسەوە هاتووە کە وتوویەتی: (ئەوانە ئەندامانی دەستە جەنگاوەرەکانن، پێشەوا شافیعی (٢٠٤-١٥٠ک) وتوویەتی: (هەندێ لە زانایان وتوویانە: کاربەدەستان، ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکانی پێغەمبەری خوای گەورەن)[١]، شەوکانی (١١٧٣-١٢٥٠ک) لە لەفزی ئەبو هورەیرەوە (٥٧ک.م) وتوویەتی: ئەوانە ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکانن).

کەواتە ئەوانە بە گشتی ئەمیرەکانن: ئەبو هورەیرە لە زۆربەی ڕیوایەتەکاندا ئەمەی وتووە، هەروەها ئیبن عەبباس (٦٨ک.م) لە ڕیوایەتێکدا، زەید کوڕی ئەسلەمیش (١٣٣ک.م) هەمان ڕایان هەیە، ئیبن زەید وتوویەتی: ئەوانە سوڵتانەکانن، تەبەریش (٣١٠-٢٢٤ک) دەڵێ ئەوانە ئەمیرەکان و والیەکانن، وتوویەتی (لەپێشترینی گوتەکان کە نزیک بێت لە ڕاستییەوە گوتەی ئەو کەسەیە کە وتوویەتی: ئەوانە ئەمیرەکان و والیەکانن، ئەوەش لەبەر ڕاست و دروستی ئەو هەواڵانەی لە پێغەمبەرەوە هاتوون کە فەرمانیداوە بە گوێڕایەڵیی پێشەواکان و والیەکان لەو شتەدا کە گوێڕایەڵیی پێویست بێت و بەرژەوەندی موسڵمانانیشی تێدا بێت)[٢]، هەندێ لە ڕاڤەکارانیش هەمان ڕای تەبەریان هەیە لەوانە، بەیزاوی (٦٨٥ک.م)، قازی ئەبو سعود (٩٨٢ک.م).

ڕایەکیتر هەیە دەڵێ: ئەوانە زانایان و فیقهناسانن، ئەمە گوتەی موجاهیدی کوڕی حیبری مەککییە (١٠٣ک.م)، هەروەها ئیبن ئەبو نەجیح (١٣١ک.م)، وە ئیبن عەبباس لە ڕیوایەتی عەلی کوڕی ئەبو تەڵحەی هاشمی (١٤٣ک.م) کە باشترین ڕێگایە ڕیوایەتی لە ئیبن عەبباسەوە کردووە[٣]، هەروەها عەتائی کوڕی سائیب (١٣٦ک.م)، حەسەنی بەصری (١٢١ک.م)، ئەبو عالیە ڕەفیع کوڕی میهرانی ڕەییاحی (٩٠ک.م)، جابر کوڕی عەبدوالله (٧٤ک.م)، ئیبراهیمی نەخەعی (٩٥ک.م)، زەححاک کوڕی

---

١- الشافعي، محمد بن إدريس. الرسالة، القاهرة: مكتبة دار التراث، ط٢، ١٩٧٩م، ص٧٩.

٢- الطبري، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، ج٥، ص١٥٠.

٣- خليفة، حاجي. كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٢م، مج١، ج١، ص٤٢٩.

موزاحیمی کوفی (١٠٢ک.م)، هەموو ئەمانە هەمان ڕای موجاهیدیان هەیە، پێشەوا مالیکیش هەر ئەمەی وتووە، قەتادە (١١٧ک.م) وتوویەتی: (ئەوانە زاناکانیانن)، ئیبن جورەیج (١٥٠ک.م) وتوویەتی: (ئەوانە فیقهناسانی ئاین و زانستن).

ڕایەکی تریش هەیە دەڵێ: ئەوانە زاناکان و ئەمیرەکانن، نەسەفی (٥٣٧ک.م) ئەم ڕایەی هەیە کە وتوویەتی: (واتە والیەکان یان زاناکان چونکە فەرمانیان بەسەر ئەمیرەکاندا جێبەجێ دەبێ)[١]، زوجاج (٣١١ک.م) وتوویەتی: (بە گشتی کاربەدەستان (أولی الأمر) ئەو کەسانەن کە هەڵدەستن بە ڕاپەڕاندنی کاروباری موسڵمانان لە کاروباری ئاینیان و هەموو شتێکی تریش دەبێتە هۆی چاکبوونیان، واتە زانایان و ئەمیرەکانن)[٢]، ئیبن کپیر (٧٧٤-٧٠٠ک) وتوویەتی: (ئەوەی کە لەبەرچاوە خوایش زاناترە واتاکە گشتییە و دەدرێ بەسەر هەموو کاربەدەستان لە ئەمیرەکان و زاناکان هەروەک لەپێشەوە هاتووە)[٣]، قورتوبیش (٦٦٨ک.م) هەمان ڕای هەیە، کوفەوی (١٠٩٤ک.م) لە کتێبی (الکلیات)دا دەڵێ: (کاربەدەستان هاوەڵانی پێغەمبەرن و ئەو زاناو ئەمیرانەشن کە شوێنکەوتەی ئەوانن ئەگەر لەوانە بن کە زانست و ئاینیان هەیە)[٤].

ڕایەکی تریش هەیە دەڵێ: کاربەدەستان (أولی الأمر) ئەهلی حەلل و عەقدن لەناو گەلدا: ڕازی (٥٤٤-٦٠٤ک) پێیوایە بەرمەبنای فەرماندان بە گوێڕایەڵیان کە لە ئایەتەکەدا بە شێوازی حەتمی هاتووە، وتوویەتی: (هەر کەسێ خوای گەورە بە شێوازی حەتمی و گومانبڕ فەرمانی دابێت بە گوێڕایەڵیکردنی هەر دەبێت کەسێکی بێهەڵە بێت، جا ئەگەر مەسەلەکە بەوجۆرە بێت ئەوکات دەزانین کەسی بێهەڵە کە خوای گەورە فەرمانی بە باوەڕداران داوە بە گوێڕایەڵیکردنی بەشێک نیە لە بەشەکانی گەل، تاقمێک لە تاقمەکانی نیە، کاتێکیش ئەوە بوونی نیە، ئیتر دەبێت ئەو کەسە بێهەڵەیە لە مەبەستی خوادا بە (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ): ئەهلی حەلل و عەقدی ناو گەل بن: ئەمەش گومانبڕی دەگەیەنێ چونکە کۆدەنگی گەل بەڵگەیە)[٥].

ڕازی مەبەستی خۆی بە ئەهلی حەلل و عقد ڕووندەکاتەوەو دەڵێ ئەوانە زانایانن، دەڵێ: (لەڕاستیدا کردەوەی ئەمیرەکان و سوڵتانەکان وەستاوە لەسەر

---

١- النسفي، تفسير النسفي، ج١، ص٢٣٢.

٢- البغدادي، علاء الدين علي بن محمد (الخازن). لباب التأويل في معاني التنزيل، بيروت: دار الفكر، مج١، ص٣٦٥.

٣- إبن كثير، تفسير القرآن العظيم، بيروت: دار المعرفة، ط٩، ١٩٩٧م، ج٥، ص٥٣٠.

٤- الكفوي، أبي البقاء أيوب بن موسى الحسيني، الكليات، القاهرة: دار الكتاب الإسلامي، ط٢، ١٩٩٢م، ص١٨١.

٥- الرازي، التفسير الكبير ومفاتيح الغيب، ص١٤٩.

فەتوای زانایان، زانایانیش لەڕاستیدا ئەمیری ئەمیرەکانن، کەواتە بڕینی وشەی کاربەدەستان بەسەر ئەواندا لەپێشترە)[١]، هەروەها ئیبن عاشور (١٢٩٦-١٣٩٣ک) لە گوتەیەکیدا دەڵێ: (کاربەدەستان لێرەدا جگە لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە جێنشینەوە دەست پێدەکەن تا کاربەدەستی چاودێری شەرعی و سەرکردەکانی سوپاو هاوەڵە فیقهناس و موجتەهیدەکان و زانایانی سەردەمە دواییینەکان، کاربەدەستان ئەوانەن کە پێیان دەوترێ ئەهلی حەلل و عەقد)٣، پێشەوا موحەممەد عەبدە (١٩٠٥-١٨٤٨ک) هەمان ڕای هەیە کە لە تەفسیری المنار دا دەڵێ: (مەبەست بە کاربەدەستان تاقمی ئەهلی حەلل و عەقدن لە موسڵمانان، ئەوانیش ئەمیرەکان و فەرمانڕەواکان و زانایان و سەرکردەکانی سوپان و هەموو ئەو سەرۆک و سەرکردانەن کە خەڵکی لە پێویستییەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا دەگەڕێنەوە بۆ لایان)[٢].

ڕایەکیتر دەڵێ: کاربەدەستان هاوەڵانی پێغەمبەری خوان: ئەمە ڕای موجاهیدە لە ڕیوایەتێکدا، بەکر کوڕی عەبدوالله ی موزنی (١١٠ک.م)، هەروەها تەبریزی (٥٠٢ک.م) دەڵێن: ئەوانە کۆچکەران و پشتیوانانن، عەکرمە (١٠٥ک.م) وتوویەتی ئەوان ئەبوبەکر و عومەرن.

ڕایەکی تر دەڵێ: کاربەدەستان پێشەوا عەلی و ئیمامە بێهەڵەکانن: شیعە ئەم ڕایەیان هەیە، شیرازی (١٤٢١ک.م) دەڵێ: (لەڕاستیدا لە زیاتر لە فەرموودەیەکدا کاربەدەستان دیاریکراون ئەوانیش دوازدە ئیمامە هیدایەتدەرەکەن درودو سەلامیان لەسەر بێت)[٣]، کولەینی (٣٢٩ک.م)[٤] لە ئەبو عەبدوالله وە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (ئەوان وەسیدارەکانن و گوێڕایەڵیان فەرزە).

ئەمە کورتەو پوختەی ئەو ڕایانەیە کە لەسەر ڕاڤەی چەمکی کاربەدەستان (أولی الأمر) دا هاتوون، ئەو جیاوازیەش کە لەو ڕایانەدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدی ڕاڤەکاریی، ژینگە مێژوویی و زانستییەکەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەسی ڕاڤەکار. تەبەری پشت بە ڕواڵەتی ئەو فەرموودانە دەبەستێت کە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر) لەبارەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستانەوە هاتووە، لێرەوە چەمکەکە بەرتەسک دەکاتەوە تەنها لە ئەمیرەکان و والییەکاندا. بەڵام

---

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

٢- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٣م، مج٣، ج٥، ص١٤٧.

٣- الشيرازي، محمد الحسيني، تقريب القرآن إلى الأذهان، بيروت: مؤسسة الوفاء، ١٩٨٠م، مج٢، ج٥، ص٤٧.

٤- الكليني، الكافي، ج١، ص١٨٥-١٨٨.

ئەوانەی کە دەڵێن مەبەست بە کاربەدەستان ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکانن لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) ئەوانە لەسەر بۆنەی ئایەتەکە پشت بە ڕاڤەکردنەکەیان دەبەستن، پێیانوایە کە ئایەتەکە گوتاری زارەکییەو دەچەسپێ بەسەر سەردەمی پێغەمبەر و ئەو ئەمیرانەدا کە خۆی دایناون و کەسیتر ناگرێتەوە. ئەو ڕایەش کە ڕازی دەیخاتەڕوو پشت بە خوێندنەوەی زمانەوانی لەفزی ئەو فەرمانە دەبەستێ کە لە ئایەتەکەدا بە ڕەهایی یان سنوردارکراوی هاتووە، وە لەسەر بۆچوونێکی ئوسولّی بۆ مەسەلەی کۆدەنگی یان پێوانەگیری بەرپا دەبێت، کە ئایەتەکە وا لێدەکات بەڵگە بێت لەسەریان. مەسەلەی بێهەڵەیی ئیمامەکانیش لە تەفسیری شیعەدا بەردی بناغەیە بۆ چەمکەکە. ئەو ڕایەش کە دەڵێ کاربەدەستان زانایان و ئەمیرەکانن، ئەوا بەرپا دەبێت لەسەر بۆچوونێکی ئەرێنی بۆ پەیوەندی لە نێوان هەردوو لایەندا بەو سیفەتە کە دوو ڕەگەزی کاران لە ژیانی ئیسلامیدا.

ئەوەی تێبینی دەکرێ بایەخدانی کەلەپوری ڕاڤەکارییە بە دیاریکردنی توێژیی بۆ چەمکی کاربەدەستان (أولی الأمر)، ئەمەش بەدەمەچوونی (ڕاڤەکارییە) بۆ واقیعی مێژوویی کە دوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گەڵاڵە بووە، ئینجا چەندین بازنەی کۆمەڵایەتی لێیەوە پەیدابوو کە لە ڕووی وەزیفیەوە لەیەک جیابوون، ئاینی و مێژوویی و سیاسی تیایدا بوونە یەکتربڕی یەکتری، وەک ئەمیرەکان، زانایان، هاوەڵان: (کۆچکەران یان پشتیوانان)، هەروەها ئیمامەکان لە ئالوبەیت. جا هەرچەندە پشت بە توێژ بەستراوە ببێتە دیاریکراوی سەرەکی چەمکی کاربەدەست، بەڵام هەر ڕێگری لە ڕاڤەکاران نەکردووە بڕۆن بۆ خستنەڕووی کۆمەڵێ پرس کە بابەتی تر بن و دەقە قورئانییەکە لەخۆییگرتبن، ئەوانیش وەک سروشتی کۆمەڵیانەی چەمکی کاربەدەست، هەروەها بنەمای هەڵبژاردن بۆ ئەو چەمکە، چونکە دیاریکردنی توێژیی بۆ کاربەدەست هەر جێگای گەورەترین بایەخدان بووە لە ڕەوشی ڕاڤەکاریی گوتاری قورئانیدا، هەروەها پشکی هەبووە لە لاوازی خستنەڕووی تایبەتمەندییە قورئانییەکان بۆ چەمکی کاربەدەستان (أولی الأمر).

– سروشتی کۆمەڵیانەی چەمکی کاربەدەستان: (أولی الأمر):

چەمکی کاربەدەستان (أولی الأمر) لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەی کۆ هاتووە، لەبەرئەوە چەمکێکی کۆمەڵیانەیەو پەیوەندی بە تاکەوە نیە، هەندێ لە تەفسیرەکانیش لە کاتی ڕەتدانەوەی شیعەدا ئاماژەیان بەوە داوە، چونکە ئەوان واتای چەمکەکەییان گۆڕیوە و وتوویانە کاربەدەست تەنها ئیمامی بێهەڵە دەگرێتەوە، ڕازی دەڵێ: (...خوای باڵادەست فەرمانیداوە بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، کاربەدەستانیش

کۆیە، بەڵام لای ئەوان (واتە لای شیعە) لە سەردەمێکی دیاریکراودا تەنها یەک ئیمام هەیە، لێرەوە کە وشەی کۆیان کورتکردووەتەوە لە تاکدا سەرپێچییەکی ئاشکرایان کردووە)[١]، ئەم گوتەیەی ڕازی هەمان ئەو بۆچوونەی ئەبو حەییانی ئەندەلوسییە کە دەڵێ: (لێکدانەوەیان بەوەی کە تەنها پێشەوا عەلی -خوا لێی ڕازی بێت- کاربەدەستە لێکدانەوەیەکی پووچە، چونکە وشەی کاربەدەستان (أولی الأمر) کۆیەو عەلیش یەک کەسە)[٢]، لەمەوە تێدەگەین کە چەمکی کاربەدەستان چەمکێکی کۆیە، مەبەست پێی کۆمەڵێک کەسە لە یەک ڕۆژگاردا، نەک یەک کەس بێت لە ڕۆژگارە جیا جیاکاندا.

- بنەمای هەڵبژاردن بۆ چەمکی کاربەدەستان:

چەمکی کاربەدەستان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن لەلایەن باوەڕدارانەوە بەرپا دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ)، بەم پێیەش هەر دەستنیشانکردنێکی توێژیی تێدەپەڕێنێ کە زۆربەی تەفسیرەکان گرنگیان پێداوە، واتە لەسەر ئەم بنەمایە کاربەدەستان کەسانێ لە هەر توێژێک یان تاقمێکی پیشەیی یان ئاینییەک یان کۆمەڵایەتییەک دەگرێتەوە بە مەرجێ بە ویستی گەل هاتبن، شەوکانی بە مەرجی گرتووە کە دەبێت بەرپرسێتیی کاربەدەستان ڕاست و دروست بێت، وتوویەتی: (کاربەدەستان بریتین لە پێشەوا و سوڵتان و دادوەرەکان و هەرکەسێکی تریش کە بەرپرسێتییەکی شەرعی هەبێت نەک بەرپرسێتی ملهوڕیی)[٣]، ئەبو حەییانیش لە تەفسیرەکەیدا هەر ئەم بۆچوونەی هەیە کە دەڵێ: (ئاشکرایە هەرکەس کرایە کاربەدەستی شتێک دەبێت کاربەدەستییەکەی ڕاست و دروست بێت)[٤].

تەبەری لە هەمان میانەدا ئاماژەیەکی گشتی دەدات بە ڕەگەزی هەڵبژاردن، بێ ئاوڕدانەوەی بۆ نەگونجانی لەگەڵ ئەو دەستنیشانکردنە پیشەوەرییەی خۆی بۆ چەمکی کاربەدەستان، دەڵێ: (ئەوە مەعلومە کە تەنها گوێڕایەڵیی خوا یان پێغەمبەرەکەی یان پێشەوایەکی دادپەروەر فەرزە، خوای گەورە فەرمانی بەمەداوەو دەفەرموێ: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾النساء: ٥٨ - ٥٩. واتە بەگوێکردنی ئەوانەش کارو فەرمانمان لەدەستیاندایە، مەعلومە ئەوانەی کە خوای گەورە فەرمانی بە گوێڕایەڵیان داوە پێشەوایانن و ئەو کەسانەی

---

١- الرازي، التفسير الكبير ومفاتيح الغيب، ص١٥٠.

٢- الأندلسي، تفسير البحر المحيط، ج٣، ص٢٧٩.

٣- الشوكاني، فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، ص٥٧١.

٤- الأندلسي، تفسير البحر المحيط، ص٢٧٨.

تریش که موسڵمانان خۆیان کاری خۆیان داوەتە دەستیان[1]، بەڵام تەفسیرە نوێیەکان بەشێوەیەکی روون جەختدەکەن لەسەر ڕەگەزی هەڵبژاردن لە گەلەوە، پێشەوا موحەممەد عەبدە لە تەفسیرەکەیدا ڕەخنەی گرتووە لەوەی چەمکی کاربەدەستان بدرێت بەسەر ئەو فەرمانڕەوایانەدا کە مەرجی هەڵبژاردنیان تێدا نیە، دەڵێ: (هەندێکیان ناوی فەرمانڕەوایان بە ڕەهایی هێناوەو گوێڕایەڵیی هەر فەرمانڕەوایەکی کردووەتە فەرز و بێئاگان لە فەرموودەی خوای گەورە (مِنْكُمْ)[2].

حەسەن تورابی لە تەفسیرەکەیدا بەناوی (التفسير التوحيدى) زۆر بە ڕوونی لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە دەڵێ کاربەدەستان لەدوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بریتین لە (هەر کەسێک کە دەستەڵاتی بەرپرسێتی لە نێوان موسڵماناندا بدرێتە دەست کە لە ڕێگای هەڵبژاردن و بەیعەتدانەوە هاتبێ، نەک دەستەڵاتی کاربەدەستی لە دەرەوەی ڕیزی موسڵمانانەوە بە زۆرەملێ وەرگرتبێ)[3].

سیفەتەکانی کاربەدەست:

سیفەتەکانی کاربەدەست لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدا دیاریکراون، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ، يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾ النساء: ٥٨-٥٩. واتە: (لەڕاستیدا خوای گەورە داواتان لێدەکات کە هەرچی ئەمانەتە بیدەنەوە دەست خاوەنی، هەر کارێکی گرنگ هەیە بیدەنە دەست کەسی شایستە، هەر بەرپرسیاریەتی و ئەرکێکی سەنگین هەیە بیدەنە دەست کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتوو، هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێو خەڵکیدا، لەسەر بنەمای عەدالەت و دادپەروەری داوەری بکەن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە بە جوانترین شێوە ئامۆژگاریتان دەکات و فەرمانتان پێدەدات، بێگومان ئەو خوایە هەمیشەو بەردەوام تەواو بیسەر و بینایە بە هەموو گوفتار و کردارتان، ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە هەمیشەو بەردەوام فەرمانبەرداری خوای گەورە و فەرمانبەرداری پێغەمبەر و ئەو بەرپرسانە بکەن کە لە خودی خۆتانن —لە بیروباوەڕ و پابەندیدا- خۆ ئەگەر لە شتێکدا بوو بە کێشەتان، ئەوە ئەو کێشەیە بگێڕنەوە

---

١- الطبري، جامع البيان في تفسير آي القرآن، ص١٥١.

٢- رضا، تفسير المنار، ص١٤٧.

٣- الترابي، حسن. التفسير التوحيدي، بيروت، دار الساقي، ٢٠٠٤م، ج١، ص٣٩٠.

بۆ لای خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە قورئان و فەرمووده ڕاست و دروستەکان دەگەیەنێت و ئەو شیکردنەوانەی کە لە چوارچێوەیان بەدەرنین، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕۆژی قیامەت هەیە، ئەوا ڕەفتار و کردارتان بەو شێوەیە چاکترین و جوانترین شێوازە بۆ چارەسەری کێشەکانتان...). ئەو سیفەتانەش ئەمانەن: ئەمانەتەکان بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، بە دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکات، دەبێت لە موسڵمانان بێت، پابەندبێت بە گێڕانەوەی هەر شتێک کە جێگای ڕاجیاوازی و ناکۆکی بێت لە نێوان باوەڕدارانددا بۆ خواو بۆ پێغەمبەرەکەی.

زەمەخشەری (٥٣٨ک.م) ئەم سیفەتانەی لەم گوتەیەیدا کۆکردووەتەوەو دەڵێ: (...هەر کەس بووە کاربەدەست یەکەمین ئیشی ئەوە بێت ئەمانەتەکان بداتەوە بە خاوەنەکانیان، بە دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکات، دواجاریش لە هەر مەسەلەیەکدا تەمومژ دروستبوو بگەڕێتەوە بۆ قورئان و سوننەت و بەوان چارەسەری بکات)، پاشان دەڵێ: (کاربەدەستانی ستەمکار نە ئەمانەتەکان دەگێڕنەوە، نە بە دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی دەکەن، نە مەسەلەکان دەگێڕنەوە بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی، بەڵکو شوێنکەوتەی حەزو ئارەزووەکانی خۆیانن، ئەوانە داماڵراون لە سیفەتەکانی ئەو کەسانە کە کاربەدەستی خواو پێغەمبەرن، ڕاستگۆترین ناو بۆ ئەوانە ئەوەیە پێیان بوترێ دزە ملهوڕەکان)[1].

هەموو تەفسیرەکان لەسەر ئەوە کۆدەنگن کە دادپەروەریی بکرێتە بنەمای چەمکی بەرپرسان، هەروەها کۆدەنگن کە بەرپرسانی ستەمکار لابەرن لە واتای گوێڕایەڵبی لە قورئانی پیرۆزدا و ناچنەناو ئەو واتا قورئانییە، قازی ئەبو سعود دەڵێ: (ئەوان -واتە بەرپرسان- پێشەوایانی هەق و ڕاستین و کاربەدەستانی دادپەروەرن وەک جێنشینە ڕاشیدەکان و هەر کەسانێکی تریش کە هیداتەدراون و شوێنکەوتەی ئەوانن، بەڵام کاربەدەستانی ستەمکار ئەوا لەدەرەوەی ئەو مافی گوێڕایەڵەن کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی داویانە بە کەسانێک کە گوێڕایەڵیکردنیان فەرزە)[2]، قورتوبی لە ئیبن خویزمەندادەوە (٣٩٠ک.م) دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا کاتێ فەرزە کە ئەویش گوێڕایەڵ بێت، کاتێکیش ئەو سەرپێچکارە ئیتر گوێڕایەڵیکردنی فەرز نیە، هەروەها دەڵێ: لەبەرئەوە وتوومانە نابێت گوێڕایەڵیی کاربەدەستانی ئەم ڕۆژگارەمان بکرێت و نابێت هاوکاریان بکرێ و بە گەورە

١- الزمخشري، الكشاف....، ص٤٥٧.

٢- العمادي، أبو السعود محمد بن محمد بن مصطفى. إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٩م، ج٢، ص١٥٥.

ڕابگیرێن، بەڵام کاتێ دەچنە غەزا لەگەڵیاندا بچین، هەر حوکمێک دەردەکەن و کەسانێ دەکەنە کاربەدەست و چاودێر کە بەپێی شەرع بکەن لەگەڵیاندا بین، ئەگەر هاتوو نوێژیان بۆکردین و خۆیان گوناهباربن ئەوا ڕێگادراوە نوێژیان لەگەڵ بکرێ، بەڵام ئەگەر بیدعەچی بوون ئەوا ڕەوانیە نوێژیان لەگەڵ بکرێ مەگەر لەبارێکدا نەبێت نوێژکەر لێیان بترسێ، لەو حاڵەتەدا بە شێوازی -توقییە- نوێژیان لەگەڵ دەکرێ و دواتر نوێژەکە دەگێڕدرێتەوە)[١]، زەمەخشەری دەڵێ: مەبەست بە کاربەدەستان لە خۆتان فەرمانڕەوایانی هەق و راستیین: چونکە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی بەرین لە فەرمانڕەوایانی ستەمکار، لە مەسەلەی فەرزی گوێڕایەڵیشدا نادرێنە پاڵ خواو پێغەمبەرەکەی، بەڵکو ئایەتەکە دوای خواو پێغەمبەرەکەی ئەو فەرمانڕەوایانە لەخۆیدا کۆدەکاتەوە کە لە پیادەکردنی دادپەروەریی و هەڵبژاردنی راستەقینەدا بەپێی شەرع بجولێنەوەو و فەرمان بە پیادەکردنیان بکەن و ڕێگری لە نەیارانیان بکەن، ئەوانەش جێنشینە راشیدەکان و ئەوانەشن کە بە چاکەکاریی شوێنکەوتەی ئەوانن)[٢]. بەیزاوی دەڵێ: (جێنشین و دادوەر و ئەمیرەکانی دەستە جەنگاوەرەکان لەو ڕیزەدان کە فەرمان بە خەڵکی دراوە گوێڕایەڵیانبن، ئەوەش دوای ئەوە کە دەرکەوت ئەوانە حوکم بە دادپەروەریی دەکەن، لەم بارەشدا مادامێ فەرمان بە هەق و راستی دەکەن ئیتر گوێڕاەیەڵیان فەرزە)[٣]، شیرازی -یەکێکە لە زانایانی شیعە- ئاماژە دەدات بۆ پێکەوەیی و لێکدانەبڕانی گوێڕایەڵیی و دادپەروەریی فەرمانڕەوا، دەڵێ مەبەست بە کاربەدەست هەموو فەرمانڕەوایەک نیە بەڵکو مەبەست تەنها فەرمانڕەوای دادپەروەرە[٤].

بەرمەبنای ئەمەی پێشەوە ئەوا گوێڕایەڵیی تەنها بۆ ئەو کاربەدەستانە نەبێت کە ئەو سیفەتانەی پێشەوەیان تێدایە ئیتر بۆ کەسیتر نابێتە فەرزێکی شەرعی، بەڵام دەبێ بوترێ ناتوانرێ باس لە فەرزی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لە قورئانی پیرۆزدا بکرێ بەبێ باسکردنی دوو پرسی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە: ئەگەری ڕوودانی ڕاجیاوازی و ناکۆکی (فِي شَيۡءٖ)لە نێوان باوەڕاران و نێوان کاربەدەستاندا، یان لە نێوان کاربەدەستان خۆیاندا، هەروەها فەرزی گێڕانەوەی ئەو ناکۆکییانە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، کە هەندێ لە ڕاڤەکارانی قورئان بەوە ئەژماریان کردووە کە

١- القرطبي، ص١٨٣٠.

٢- الزمخشري، الكشاف....، ص٤٥٦-٤٥٧.

٣- البيضاوي، ناصر الدين أبي سعيد. أنوار التنزيل وأسرار التأويل، بيروت، ١٩٨٨ز، مج١، ص٢٢٠.

٤- الشيرازي، تقريب القرآن إلى الأذهان، ص٤٧.

مەبەستی سەرەکی ئایەتەکەیە[١].

ئەوەی کە پەیوەندە بە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکیی، ئەوا ئاشکرایە کە قورئانی پیرۆز لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدا هۆشداریداوە لە زیانی ناکۆکیی، دەفەرمویّ: ﴿وَأَطِيعُوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَـٰزَعُوا۟ فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ۖ وَٱصْبِرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ﴾ الأنفال: ٤٦. واتە: (هەمیشە و بەردەوام هەوڵبدەن فەرمانبەرداری خوای گەورە و پێغەمبەرکەی بن، نەکەن بهێڵن کێشەو ناکۆکی لە نێوانتاندا دروست ببێت، چونکە یەکسەر زەرەر دەکەن و سەرکەوتن و پێشەنگیی لەدەست دەدەن و سام و هەیبەت و سەنگینیتان لەدەست دەچێت، جا بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە ڕوونەدات دەبیّ خۆگر و ئارامگر بن لە بەرامبەر کەم و کوڕی یەکترەوە و زوو هەڵنەچن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە لەگەڵ ئەو کەسانەدایە کە خۆگری پیشەیانە و هەمیشە ئارامگرن). ئەمەش مەسەلەیەکە دژ نیە لەگەڵ ئەگەری هەبوونی ناکۆکیی لە ئوممەتی موسڵماندا، چونکە ڕاجیاوازی شتێکە لە سروشتی مرۆییدا ڕەگی داکوتاوە، ئیبن عاشور لە تەفسیری ئایەتی پێشودا دەڵیّ: (بۆی هەیە ناکۆکیی لەبەرئەنجامی ڕاو بۆچوونە جیاوازەکانەوە سەرهەڵبدات، کە ئەمەش شتێکی قووڵە لە سروشتی مرۆڤدا، قورئانیش بە تێروتەسەلی قسەی لەسەرکردووە، ئەوەش بە باسکردنی جێکەوتە خراپەکانی، کە بە پیتی (ف) لە فەرموودەی: ﴿فَتَفْشَلُوا۟ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ﴾الأنفال:٤٦ باس لە هەڵکشانی حاڵەتە خراپەکە دەکات، کە هۆشداریداوە لە خراپی سەرئەنجامی دوو مەسەلە، ئەوانیش: شکستخواردن و نەمانی هێز و توانایە)[٢]، چونکە قورئان ناکۆکیی قەدەغەکردووە و هۆشداریداوە لە سەرئەنجامە خراپەکانی، بەڵام لە حاڵەتی ڕوودانیدا ئەوا گێڕاویەتەوە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی، ڕاڤەکارانی قورئانیش باسی مانای ئەو ناکۆکییەیان کردووە کە لە سورەتی النساء دا هاتووە، لەبارەی ماناکەیەوە وتوویانە: (بریتییە لە ڕاجیاوازییەکی سەخت کە لەبەرئەنجامی کارلێکی دژایەتیی یان ڕەخنەگرتنەوە دروست دەبێت)[٣]، هەروەها (بریتییە لە جەمسەرگیریی بەڵگەکان)[٤]، بەڵام بۆ گێڕانەوەی بۆ لای خواو سوننەتی

---

١- ئیبن عاشور لەم گوتەیەیدا ئاماژە بەمە دەدات و دەڵیّ: (ئەگەر بڕوانینە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوە، ئەوا دەبینین مەبەستەکە هەر لە سەرەتاوە بریتییە لە ناکۆکی و ڕاجیاوازی لە نێوان کاربەدەستان و گەل دا) بڕوانە: ئیبن عاشور، تفسیر التنویر والتحریر، مج٣، ج٥، ص٩٩.

٢- إبن عاشور، تفسیر....، ج١٠، مج٦، ص٣١.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل٩٩.

٤- القرطبي، الجامع...، ج٢، ص١٨٣١.

پێغەمبەرەکەی، تەبەری ئەمە ڕووندەکاتەوەو دەڵێ: (پەروەردگاری شکۆمەند مەبەستی ئەوەیە کە ئەی باوەڕداران ئەگەر ئێوە لە شتێکدا لە کاروباری ئاینەکەتان لە نێوان خۆتاندا ڕاجیاواز و ناکۆک بوون یان لە نێوان ئێوەو کاربەدەستاندا کەوتنە دەمەقاڵە ئەوا بیگێڕنەوە بۆ خوای گەورە، واتە بگەڕێن بەدوای زانینی حوکمی خوا لەو شتەدا کە لە نێوان خۆتاندا کەتوونەتە دەمەقاڵەو دووبەرەکی لەسەری، یان نێوان ئێوەو کاربەدەستانتان، واتە لە پەڕاوی خوای گەورەدا ئینجا شوێنکەوتەی ئەو حوکمە بن کە دەیدۆزنەوە)[١].

ڕاڤەکارن لەبارەی لەفزی (شی و) کە لەم فەرموودەی پەروەردگاردا هاتووە: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ﴾النساء: ٥٩. ڕاجیاوازن، شەوکانی دەڵێ: (ئەو شتە کە ناکۆکی لەسەر دروست دەبێت تایبەتە بە کاروباری ئاینییەوە نەک کاروباری دنیا)[٢]، ئەمەش ڕای ئەوانەیە کە دەڵێن کاربەدەستان فەرمانڕەوایانن نەک زانایان، ڕازیش دەڵێ: لەفزی (شَیْ ء) کە لە ئایەتەکەدایە، بریتییە لە هەر ڕووداوێک کە دەقێکی لەسەر نەبێت[٣]، نوسەری تەفسیری -أضواء البیان- دەڵێ: (یان بریتییە لە هەر شتێک کە خەڵکی لە بنەماکانی ئاین و بەشەکانیدا ناکۆکبن لەسەری)[٤]، ئەمە لەدوای ئەوە کە باسی گوتەی یەکەمین تاقمی زانایان کردووە، بەڵام ئیبن عاشور دەڵێ لەفزەکە گشتییە و هەموو ڕاجیاوازی و ناکۆکییەک دەگرێتەوە، پێویستیشە (سەراپای مەسەلەکە بگێڕدرێتەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی، سەراپای جۆری ناکۆکییەکەش لە هەموو ئەو شتانەدا کە ناکۆکیی لەسەریان دروست دەبێت، وەک دوژمنکایی و سکاڵا لەسەر مافەکان)[٥].

بەڵام کۆی کەلەپوری ڕاڤەکاریی قورئانی پیرۆز ڕوونکردنەوەی لەسەر واتای لەفزی ناکۆکیی نەداوە کە لە ئایەتە قورئانییەکەدا هاتووە لەو ڕووەوە کە پەیوەستە بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستانەوە، ئەمەش پرسیارێکی سەنتەری دەوروژێنێ، ئەویش پەیوەندە بەوەوە ئایا دانانن بە ئەگەری ڕوودانی ناکۆکیی لە نێوان گەل و کاربەدەستاندا وادەکات کە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایانی هەق و دادپەروەریی تەنها لەبارێکدا فەرزە کە ناکۆیی بوونی نەبێت، یان لە هەموو بارێکدا فەرزە لەنێویشیاندا

---

١- الطبري، جامع.....، ص١٥١.

٢- الشوكاني، فتح القدير....، ج١، ص٥٧١.

٣- الرازي، التفسير.....، مج٥، ج١٠، ص١٥١.

٤- الشنقيطي، محمد أمين، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، بيروت، عالم الكتب، ج١، ص٣٣٣.

٥- إبن عاشور، تفسير....، ج٣، ص١٠٠.

لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکیدا؟ دەکرێ بوترێ کە دەقە ڕاڤەکارەکان زۆر بە کەمی خۆیان داوە لەم مەسەلەیە ئەوانیش -بەشێوەی ناڕاستەوخۆ-.

لەڕاستیدا لە میانەی ڕەتدانەوەی باوەڕی شیعەدا کە هاتوون دەڵێن کاربەدەستان بریتین تەنها لە پێشەوا بێهەڵەکان، ئەوەمان بۆ ڕەخسا کە دوو دەقی کورت بدۆزینەوە، یەکێکیان هی قورتوبییەو ئەوتریشیان هی ئەبو حەییانە، لە هەردوو دەقەکەدا ئەو تێگەیشتنە وەردەگیرێ کە لە حاڵەتی هەبوونی ناکۆکیی لە نێوان گەل و کاربەدەستاندا فەرزە کە ناکۆکییەکە بگێڕدرێتەوە بۆ خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی، گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لەناو ناکۆکییەکەدا بوونی نیە، قورتوبی دەڵێ: (ئەگەر مەسەلەکە بەو شێوەیە بوایە -واتە زەرورەتی هەبوونی پێشەوا لە کاتی ناکۆکیدا کە فەرزبێ گوێڕایەڵیی بکرێ- ئەوا فەرموودەی: ﴿ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾النساء: ٥٩. هیچ مانایەکی نەبوو)[١]، ئەبو حەییانی ئەندەلوسی ٦٥٤-٧٤٥ک دەڵێ: (نابێت مەبەستەکە پێشەوا بێت، چونکە لە ڕەوشی گوتارەکەدا دەفەرموێ: ﴿ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ ﴾النساء: ٥٩. چونکە ئەگەر پێشەوا هەبوایە کە گوێڕایەڵیی فەرز بێت ئەوا فەرزبوو ناکۆکییەکەش بگێڕدرێتەوە بۆلای چونکە ئەو نەیدەهێشت)[٢]، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی ڕاڤەکارانی شیعەیە کە دەڵێن لە هەموو بارێکدا فەرزە کە دەبێت پێشەوا گوێڕایەڵیی بکرێ، چونکە ناکۆکیی -لای ئەوان- بریتییە لە ناکۆکیی نێوان باوەڕداران نەک لە نێوان باوەڕداران و کاربەدەستان، تەباتەبائی (١٤٠٢ک م) دەڵێ: (مەعلومە ئەوانەی کە گەڕانەوەیان لە گوتارەکەدا ئاراستەکراوە باوەڕدارانن کە لەسەرەتای ئایەتەکەدا هاتووە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾النساء: ٥٩. گومانیشی تێدا نیە کە ناکۆکییەکە ناکۆکی نێوان باوەڕدارانە، چونکە لە کاتێکدا کە فەرزە باوەڕداران گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بن ناکرێ لە هەمانکاتیشدا ناکۆکییان هەبێت لەگەڵیاندا، کەواتە ئەو ناکۆکییە ئەوەیە کە دەکەوێتە نێوان باوەڕداران خۆیان نەک نێوان باوەڕداران و کاربەدەستان)[٣].

لەلایەکیترەوە ئایەتی (٨٣) لە سورەتی النساء باسی لە جۆرێکیتر لە گەڕانەوە کردووە کە کاربەدەستان دەچنەناوی، ئەویش گەڕانەوەی (باش بەڕێوەبردنە) نەک تەشریعی، واتە گەڕانەوە لەو مەسەلانەدا کە دەکەونەناو بازنەی پسپۆڕی

١- القرطبي، الجامع.....، ج٢، ص١٨٣١.

٢- الأندلسي، تفسير.....، ج٣، ص٢٧٩.

٣- الطباطبائي، محمد حسين، الميزان في تفسير القرآن، بيروت، مؤسسة الأعلمي، ١٩٩١م، ج٤، ص٣٩٨.

کاربەدەستان لە جگە لە حاڵەتەکانی ناکۆکیی، ئەمەش لەم فەرموودەی خوای گەورەیەدا ڕوونە کە دەفەرمویٚ: ﴿ وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٌ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ ﴾ النساء: ٨٣. چونکە ئایەتەکە لە میانەیەکی جیاواز لە میانەی ئایەتی (٥٩) ی هەمان سورەتدا هاتووە، ئەویش میانەی بەرژەوەندییەکە کە ڕازی لە تەفسیرەکەیدا ناوییبردووە بە (بەرژەوەندی شار -وڵات-)[1]، ئایەتەکە باس لە تاوتوێکردنی خەڵکی دەکات بۆ جۆرە مەسەلەیەک کە ڕوونکردنەوەیان بە حوکمی سروشتی هونەری و پسپۆڕیەکەیان، پێویستی بە توانایی هەڵێنجان و شارەزایی هەستی هەیە، لەو حاڵەتانەدا دەبێت ئەو مەسەلانە بگێڕدرێنەوە بۆ لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ئەو کاربەدەستانە کە شارەزان بە مەسەلەکان و توانایان هەیە هەڵێنجانیان بۆ بکەن، ئەوەش بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕوودانی پشێوی و شڵەژان لەناو کۆمەڵگای موسڵماندا، تەبەری لە ڕاڤەی ئایەتەکەدا دەڵێ: (خوای باڵادەست دەفەرمویٚ ئەگەر هاتوو هەواڵێکیان لە دەستەیەکی جەنگاوەری موسڵمانانەوە بۆ هات کە بەهۆی زاڵبوونیان بەسەر دوژمنەکەیاندا ئیتر سەلامەتن و پاڵیان لێداوەتەوە، ﴿أَوِ ٱلۡخَوۡفِ﴾ دەڵێ یان ترسیان لە دوژمنەکەیان لەوەی زەفەریان پێببات، ﴿أَذَاعُواْ بِهِۦۖ﴾دەڵێ دەکەونە بڵاوکردنەوەی باسەکە پێش ئەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بزانێت، هەروەها بەرلە گەڕانەوەی دەستە جەنگاوەرەکانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، پیتی ها و یش لە فەرموودەی ﴿أَذَاعُواْ بِهِۦۖ﴾واتە ئەوان کەوتنە بڵاوکردنەوەی مەسەلەکەو لێکدانەوە بۆکردنی، ئەمەش لەو ترسەوە یان سەلامەتیەوە بوو کە بۆیان هاتبوو)[2]، ئینجا هاتووە گوتەی دەستەیەک لە زانایانی لەبارەی مانای -هەڵێنجانی بۆ دەکەن- هێناوە، کە بە دەوری مانای شوێنیدەکەون و گوێی بۆ هەڵدەخەن و پرسیار لەبارەیەوە دەکەن دەسوڕێنەوە.

## ت- سنوری گوێڕایەڵیی سیاسیی لە قورئانی پیرۆزدا:

فەرماندان بە گوێڕایەڵیی بەرپرسان -لەبارێکدا کە کارەکەیان گونجاو بێت لەگەڵ فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی-، فەرمانێکیتری تێدایە ئەویش ڕێگریکردنە

---

١- الرازي، التفسير...، مج٥، ج١٠، ص٢٠٤.

٢- الطبري، جامع البيان...، ج٥، ص١٨٠.

لە گوێڕایەڵیکردنیان لەبارێکدا ئەوان سەرپێچکاربن، ئەبو سعود (٩٨٢-٨٩٦ک) لە تەفسیرەکەیدا بەناوی (إرشاد العقل السليم إلى مزايا الكتاب الكريم) دەڵێ (...باسی حوکمی گوێڕایەڵیی بەرپرسان لەبارێکدا کە گونجاو بێت لەگەڵ گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوا لەسەر)، دەخوازێ باسی هەمان حوکم بکرێ لەبارێکدا کە پێچەوانەی ئەوان بێت، واتە ئەگەر هاتوو ئێوەو کاربەدەستانتان ڕاجیاواز بوون لە مەسەلەیەک لە مەسەلە ئاینییەکاندا ئەوا بگەڕێنەوە بۆلای پەڕاوی خوا و پێغەمبەر، واتە بۆلای سوننەتەکەی)[١]. ماوەردی ڕوونکردنەوەی داوە کە سنوری گوێڕایەڵیی کاربەدەستان سنوردارە بە گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی، چونکە فەرماندان بە گوێڕایەڵیان نە مەسەلەیەکی جێگیرەو نە ڕەهایە، بەدڵنیایی لەبارێکدا ئەوان سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ئەوا سەرپێچیکردنیان دەبێتە فەرز، دەڵێ: (بەگوێکردنی کاربەدەستان لە کاتێکدا فەرزە کە ئەوان لە گوێڕایەڵیی خوادا بن نەک سەرپێچیکردنی، ئەمەش بەگوێکردنێکە بۆی هەیە نەمێنێ، ئەوەش بە حوکمی سەرپێچییان، بەڵام بە هیچ جۆر نابێت بەگوێکردنی پێغەمبەری خوا نەمێنێت، چونکە ئەو سەرپێچکار نیە)[٢].

بەڵام هەندێ لە ڕاڤەکاران وەک ڕازی و موحەممەد عەبدە بۆچوونیان وایە کە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان مەسەلەیەکی ڕەهایە، چونکە خوای گەورە لە یەک لەفزدا فەرمانیداوە بە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و کاربەدەستان، دەفەرموێ: ﴿وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡ﴾، (نابێت یەک لەفزیش لە یەک کاتدا هەم ڕەها بێت و هەم مەرجداریش بێت، جا مادامێ ئەم لەفزە بۆ پێغەمبەر ڕەهایە ئەوا دەبێت بۆ کاربەدەستانیش هەر ڕەها بێت)[٣]. پێشەوا موحەممەد عەبدە پێیوایە ئەو ئایەتە کە باس لە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان دەکات ڕەهایە، دەڵێت ئەو مەرجانە کە لەسەر گوێڕایەڵیی کاربەدەستان هاتوون و بەگوێکردنیان سنوردار دەکەن سەرچاوەکەیان سوننەتی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) نەک قورئانی پیرۆز، بەڵکو ئەم مەرجانەیان لە دەقی ترەوە وەرگرتووە، وەک فەرموودەی: ((گوێڕایەڵیی کەسێ ناکرێ ئەو سەرپێچی فەرمانی خوا بکات))، هەروەها فەرموودەی:

---

١- العمادي، إرشاد.....، ج٢، ص١٥٥.

٢- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب، النكت والعيون، بيروت، دار الكتب العلمية، ١٩٩٢م، مج١، ص٥٠٠.

٣- الرازي، التفسير....، ص١٥٠.

((گوێڕایەڵی تەنها لە کاری چاکەدایە))[1].

سیفەتی ڕەهایی کە لای ڕازی و موحەممەد عەبدە دراوە بە گوێڕایەڵیی بەرپرسان پەیوەستە بەو پێناسەیانەوە کە بۆ چەمکی بەرپرسانیان کردووە، ئەوەش پێناسەیەکی نا پیشەییەو تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە ئەهلی حەلل و عەقدن، بەم پێیە ئەوا پێدانی سیفەتی ڕەهایی بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان لەبارێکدا کە کۆدەنگ و گونجاوبن بەڵگەیە لەسەر بێهەڵەیی گەل، ئەم ڕایەش لەم تێڕوانینەوە ڕەوایە، ڕازی دەڵێ: (لەڕاستیدا گوێڕایەڵیی خوا و گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەکەی بە حەتمی فەرزە، لای ئێمەش گوێڕایەڵیی ئەهلی کۆدەنگیی هەر بە حەتمی فەرزە، بەڵام گوێڕایەڵیی سەرکردەو سوڵتانەکان بە هیچ جۆر فەرز نیە، بەڵکو هەر حەرامیشە چونکە ئەوان تەنها فەرمان بە ستەمکاریی دەدەن، زۆر زۆر بەکەمی دەبێتە فەرز ئەوەش بەپێی گومانێکی لاواز، کەواتە ئایەتەکە دەدرێت بەسەر کۆدەنگیداو ئەو لەپێشترە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و کاربەدەستانی خستووەتە ناو یەک لەفزەوە، کە دەفەرموێ: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ لێرەوە پێدانی سیفەتی بێهەڵەیی بەسەر کاربەدەستاندا کە لەگەڵ پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاتووە -مەبەست پێی گەلە کە خۆی لە ئەهلی حەلل و عەقد دا دەبینێتەوە- لەپێشترە لەوەی بدرێت بەسەر گوناهبارێکی دووڕوودا)[2]. پێشەوا موحەممەد عەبدە دەڵێ: (ئەگەر هاتوو ئەهلی حەلل و عەقد لەناو باوەڕداراندا کۆدەنگبوون لەسەر کارێک لە بەرژەوەندییەکانی گەل کە لە خواوە دەقێکی لەسەر نەبێت، ئازادیشبن و بەویستی خۆیان ئەوە بکەن و کەس بەهێزی خۆی و دەستەڵاتی زۆری لێنەکردبن ئەوا گوێڕایەڵیان فەرزە، لەمبارەشدا باش وایە پێیان بوترێ: ئەوانە لەو کۆدەنگییەدا بێهەڵەن، لەبەرئەوە بەڕەهایی و بەبێ مەرج فەرماندراوە بە گوێڕایەڵیان، لەگەڵ بەهەندگرتنی ئەو وەسف و شوێنکەوتنە کە لە ئایەتەکەوە وەردەگیرێ)[3]. لەمەی پێشەوە ڕووندەبێتەوە کە ڕەهاکردنی گوێڕایەڵیی -بەپێی گوتەی ڕازی و موحەممەد عەبدە- پەیوەستە بە دەستەبەرکردنی بنەمای بێهەڵەیی گەل ئەویش لە ڕێگای یەکبوونی ئەهلی حەلل و عەقدەوەو بە ڕێکەوتنی ئازادانەیان لەسەر هەر مەسەلەیەک، چونکە گوێڕایەڵیی

---

١- رضا، تفسير المنار......، ص١٤٧.

٢- الرازي، التفسير الكبير....، ص١٥٠.

٣- رضا، تفسير المنار.....، ص١٤٧.

ڕەها تەنها بۆ کەسی بێهەڵەیە، جا بەو پێیە کە گەل بە نوێنەرایەتی ئەهلی حەلل و عەقد لەباری ڕێکەوتنیان ئەوا بێهەڵەیە، کەواتە دەبێت گوێڕایەڵیشی بە ڕەهایی بێت. ئەم ڕاڤەکردنە بە گشتی دژ نیە لەگەڵ ئەو ئاراستە ڕاڤەکارییە باوەدا کە دەڵێ دەبێت فەرماندان بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان مەرجدار بێت، مادامێ مەبەست پێیان کۆمەڵێک لە خەڵکی بن نەک هەمووی گەل.

### ٢- چەمکەکە لە سوننەتی پێغەمبەر دا (درودی خوای لەسەر):

سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە سیفەتی ڕاڤەکار و شیکەرەوەیەکی تێروتەسەل بۆ واتای چەمکەکە کە لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوەیەکی گشتی هاتووە باس لە بنەمای گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکات، لەبەرئەوە تەنها لە سنوری دانانان بە بنەمای گوێڕایەڵیی سیاسیدا ناوەستێ وەها کە لە دەقە گشتییە قورئانییەکەدا هاتووە، بەڵکو هەنگاودەنێ بۆ ڕێنماییکردنی موسڵمان و ئاراستەکردنی بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتە فرەجۆرەکاندا، کە لەوانەشە نەگونجێن لەگەڵ تێڕوانینی پێوانەگیریی دەستەڵات لە ئیسلامدا، واتە ئەو دەستەڵاتە کە خۆی لە کاربەدەستاندا وێنا دەکات بە هەمان ئەو سیفەتانەیان کە پێشتر ئاماژەیان پێدراوە. جا لەکاتێکدا کە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پارێزگاری لەو تێڕوانینە پێوانەگیرییە دەکات و جەختی لەسەر دەکات، ئەوا چەندەها جۆریتر لە گوێڕایەڵیی سیاسی دەخاتەڕوو، لێرەوە گۆڕانکارییەکانی بارودۆخ و پەیوەندییەکان کە دێن بەسەر ژیانی مرۆیی و سیاسیدا دەخاتە هەناوییەوە، لێرەوە ئەوا زۆری و فرەجۆری ئەو فەرموودانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە پەیوەندن بەو باسەوە ڕوون و ئاشکران، ئەوەش وەک ڕەچاوکردنی ڕێسای گۆڕانکاریی.

یەکەمین شتێک کە لە پرۆسەی خوێندنەوەو کەوتنە شوێنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوا لەسەر) کە لەو بەشەدا هاتوون، سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەوەیە کە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەو فەرموودانەدا کە پەیوەندن بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە چەمکی بەرپرسانی بەکارنەهێناوە. چونکە شیکاری ئەو وەسفە سیاسییانە کە لە دەقی فەرموودە پیرۆزەکاندان ئەوە دەخاتەڕوو سوننەت ئەم لەفزانەی بەکارهێناوە: ئەمیر، پێشەوا، جێنشین، سوڵتان، کەسێک، فەرمانبەر، ئەمانەش لە نزیکی و دووریان لە چەمکی کاربەدەستان بەپێی وەسفە قورئانییەکە کە پێشتر باسکرا لەیەکتر جیاوازن، هاوکات ئاماژە بە جیاوازییەکی سەرەکی و جەوهەری دەدەن بۆ حاڵەتە جۆراو جۆرەکانی

پیادەکردنی کاری سیاسی، هەڵسەنگاندنی شەرعیش بۆیان بەپێی سروشت و نزیکیان لە پێوانەگیریی هەمووەکی شەرع، حوکمەکانی، مەبەستەکانی و گشتگیرییەکەی بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان جیاوازە، گوێڕایەڵیی سیاسیش دەچێتە ژێر هەمان هەڵسەنگاندن، چونکە ئێمە دەبینین کە ئاستی سەرەوەی گوێڕایەڵیی لە هەندێ حاڵەتی دیاریکراودا بەرزدەبێتەوە تا ئاستەکانی سەرخستن و پشتگیری و خۆشەویستی و بەجێگەیاندنی مافەکان بگرێتەوە، یان دادەبەزێ تا گوێڕایەڵیی بگۆڕدرێ بۆ جۆرێک لە ئارامگرتن لەسەر ناڕەحەتی لە هەندێ حاڵەتی تردا. ئەمجۆرەش دادەنرێ بە ئاستی خوارەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی، کە دەرگاش دەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی دەرچوونی شەرعی لەدژی دەستەڵاتی سیاسیی ئەگەر پێویستیکرد. گوێڕایەڵیی سیاسیش لە نێوان ئەم دوو جۆرەدا بەرز و نزم دەکات، کەواتە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نمونەیەکی دیاریکراو و جێگیر بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی پێشکەش ناکات، بەڵام مۆرکی بزاوتیی چەمکەکە لە واقیعی سیاسیدا ڕەنگدەداتەوە، بە شەرع و بە دادپەروەریی و بەرژەوەندی گەل چوارچێوەی بۆ دادەنێ.

**أ- فەرزبوونی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سوننەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر):**

ژمارەیەکی زۆر فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەشێوەی پرژوبڵاو لە کتێبەکانی فەرموودەدا لەژێر ناونیشانی جۆراو جۆردا هاتوون کە هاندەرن بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی، وەک ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێ: ((هەر کەس گوێڕایەڵم بێت ئەوا گوێڕایەڵیی خوای کردووە، هەر کەسیش سەرپێچیم بکات ئەوا سەرپێچی خوای گەورەی کردووە، هەر کەس گوێڕایەڵیی ئەمیرەکەم -کاربەدەستەکەم- بێت ئەوا گوێڕایەڵیی منی کردووە، هەر کەسیش سەرپێچی ئەمیرەکەم بکات ئەوا سەرپێچی منی کردووە))[1]، هەروەها فەرموودەی: ((گوێبیست و گوێڕایەڵبن، با بەندەیەکی حەبەشیش کە سەری وەک مێوژ وابێت بکرێتە

---

١- البخاري، الجامع الصحيح المختصر، كتاب الأحكام، باب: قول الله تعالى: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلْأَمْرِ مِنكُمْ﴾النساء: ٥٩ ج١٦، ص٢٢٨، هەروەها موسلیم لە بەشی الإمارة دا هێناویەتی، ئیبن حەجەر دەڵێ: (ئەمیر هەر کەسێک دەگرێتەوە کە فەرمان بە هەق و ڕاستی بکات، دادپەروەر بێت ئەوا کاربەدەستی خوایە، چونکە کار بە فەرمان و شەریعەتەکەی ئەو زاتە دەکات، ((فقد أطاعني))، واتە کاربکات بەو شەرعەی کە دایناوە، وەک بڵێی حیکمەت لە تایبەتکردنی ئەمیرەکەی بە ناوهێنانی ئەوەیە کە لە کاتی دواندندا مەبەستەکە ئەوە، هەروەها هۆی هاتنی فەرموودەکەیە، حوکمەکەش ئەوەیە کە مەبەستەکە بە گشتگیریی لەفزەکەیە نەک تایبەتکردنی هۆیەکە، فتح الباری بشرح البخاري، ج١٦، ص٢٢٨.

کاربەدەستان))[1]، فەرموودەی: ((پێویستە لەسەرت گوێبیست و گوێڕایەڵ بیت لە ناڕەحەتی و لەباری ئاساییدا، لە خۆشی و ناخۆشیتدا، لەکاتێکیشدا کە خۆویستی -دنیاویستی- بوونی هەبێت))[2]، هەروەها (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((خۆشەویستەکەم ڕایسپاردم کە گوێبیست و گوێڕایەڵبم با بۆ بەندەیکی چوارپەل بڕاویش بێت))[3].

هەموو ئەم فەرموودانە هاندەرن بۆ بەجێگەیاندنی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو سیفەتە کە بناغەیەکی سەرەکییە لە بونیادی کۆمەڵگای سیاسیی ئیسلامیدا، چونکە ڕێکخستنی کاروبارەکان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان لەسەر ئەو دەوەستێ، بەڵام هۆکارێکی سەرەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە خەتابی (٣٨٨ک.م) دەیخاتەڕوو، ڕاڤەی گرنگیدانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکات لە بەتوندگرتنی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، ئەو هۆیەش پەیوەستە بە لاوازی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لای عەرەب، دەڵێ: (چونکە هەموو ئەو عەرەبانەی لە دەوروبەری مەککە بوون ئاشنانەبوون بە فەرمانڕەوایی، بەلایانەوە سەخت بوو هەندێکیان لە فەرمانڕەواییدا ببنە گوێڕایەڵیی هەندێکی تریان)[4]، هەروەها دەڵێ: (قورەیش و عەرەبەکانی تریش شتێکیان لەبارەی فەرمانڕەواییەوە بۆ جگە لە سەرۆک هۆزەکانی خۆیان نەدەزانی و گوێڕایەڵیی کەسیتریان نەدەکرد، کاتێک ئیسلام هات و بەرپرسی دانا لەسەریان دەروونیان ڕەتیکردەوەو هەندێگیان نەهاتنە ژێر گوێڕایەڵیی، ئەوکات پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فێریکردن کە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بەستراوەتەوە بە گوێڕایەڵیکردنی ئەوەوە، سەرپێچیکردنیان سەرپێچیکردنی فەرمانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر)، ئەمەش وەک هاندانیان بۆ گوێڕایەڵیی ئەمیرەکانیان بۆئەوەی یەکبوونیان لەت نەبێت)[5].

ئەم فەرموودە پیرۆزانە و هیتریش -هەروەک لەمەوپاش دێن- گوێڕایەڵیی سیاسیی بە گشتی دەکەنە فەرز، بەڵام دەبێت ئەم فەرزە گشتییە بۆ پرەنسیپی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە چوارچێوەی ئەو مەرج و دیسپلینانەدا باسبکرێ کە سوننەت دیاریکردوون، ئەوانیش خۆیان لە دوو کۆت و بەندی سەرەکیدا وێنا

١- البخاري، الجامع....، ج١٦، ص٢٣٩-٢٤٠.

٢- إبن الحجاج، صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٢٤.

٣- سەچاوەی پێشوو، ب١٢، ل٢٢٥.

٤- الشافعي، الرسالة، ص٨٠.

٥- صحيح مسلم، ج٣، ص١٤٦٦.

دەکەن کە ئەمانەن:

- سەرپێچی نەکردن، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((گوێگرتن و گوێڕایەڵیی لەسەر کەسی موسڵمان فەرزە لە هەموو ئەوەدا پێیخۆشە و پێیناخۆشە، بەمەرجێ فەرمانی پێنەدرێ بە سەرپێچیکردن، جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچیکردن پێدرا ئەوا نەگوێبیست و نەگوێڕایەڵە))[1]، هەروەها فەرموودەی: ((گوێبیستی و گوێڕایەڵیی هەقەو فەرزە بەمەرجێ فەرمانی بە سەرپێچی پێنەدرێ، ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچیکردن پێدرا ئەوا نەگوێبیست و نەگوێڕایەڵە))[2].

- دوورکەتنەوە لە کاری خراپە، ئەویش بەپێی ئەم فەرموودەیە: ((گوێڕایەڵیی لە سەرپێچیکردنی فەرمانی خوادا بوونی نیە، بەڵکو گوێڕایەڵیی لە کاری چاکەدایە))[3].

پێشەوا موسلیم (٢٦١-٢٠٤ک) ئەم فەرموودانەی لە بەشی -الإمارە- دا لەژێر ناونیشانی (بەشی فەرزبوونی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بە مەرجێ سەرپێچی تێدا نەبێت، قەدەغەکردنیشی لە حاڵەتی سەرپێچیدا)، لەمەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە گوێڕایەڵیی کاتێک فەرزە کە پابەندبوون هەبێت بەو دوو کۆت و مەرجەوە، ئەگەریش ئەو دوو مەرجە ڕەچاو نەکران ئەوا گوێڕایەڵیکردن حەرامە.

**ب-حاڵەتەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە سوننەتی پێغەمبەرایەتی ئاماژەی پێداون:**

- گوێڕایەڵیی لە حاڵەتی هەبوونی فیتنە و نەبوونی کۆمەڵدا:

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((ئێوە لەدوای من خۆپەرستیی و جۆرە کارێ دەبینن کە پێتان ناخۆشن، وتیان ئەی بەچی فەرمانمان پێدەکەیت ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی مافی خۆیانیان بدەنێ و مافی خۆیشتان لە خوای گەورە داوابکەن لێیان))[4]. هەروەها (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((هەر کەس شتێکی لە کاربەدەستەکەیەوە بەدیکرد کە پێیناخۆشبێت با ئارامبگرێ، چونکە هەر کەس یەک بموست لە فەرمانی دەستەڵات دەربچێ ئەوا مردنێکی نەفامانە مردووە))[5].

---

١- البخاري، الجامع....، ج١٦، ص٢٤٠. هەروەها لە ئەبو داود و ترمزییەوە لە بەشی جیهاد بە لەفزی جیا جیا ڕیوایەتکراوە.

٢- البخاري، الجامع...، ج٦، ص٤٥٦.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ب١٦، ل٢٤١. هەروەها لە موسلیم و ئەبو داود و نەسائی و موسنەدی ئەحمەد دا بە ناونیشانی جیا جیا ڕیوایەتکراوە.

٤- البخاري، الجامع......، كتاب الفتن، ج١٦، ص١١٠-١١١.

٥- سەرچاوەی پێشوو، كتاب الفتن، ب١٦، ل١١١-١١٢. موسلیمیش بە لەفزێکیتر ڕیوایەتی کردووە.

حوزەیفەی کوڕی یەمان (٣٦ک.م) وتوویەتی: ((خەڵکی لەبارەی چاکەوە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەکرد، منیش لەبارەی خراپەوە پرسیارم لێدەکرد لە ترسی ئەوە نەبادا تووشم ببێ، ئینجا پێموت: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە نەفامیی و خراپەدا بووین دواتر خوای گەورە ئەم خێر و چاکەیەی بۆ هێناین، ئایا دوای ئەم چاکەیە خراپە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، وتم: ئایا دوای ئەو خراپەیە چاکە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ کاری خراپەو لیڵی تێدایە، وتم: ئایا لیڵییەکەی چییە؟ فەرمووی: خەڵکانێ بە سوننەتی من کارناکەن، شتانێک دەکەن گونجاوە لەگەڵ شەرعدا و شتانێکیش دەکەن پێچەوانەی شەرعن، ئینجا وتم: ئایا دوای ئەو چاکەیە خراپە هەیە؟ فەرمووی: بەڵێ، کەسانێ لەسەر دەرگای دۆزەخ وەستاون خەڵکی بانگدەکەن، هەر کەس بچێت بەدەمیانەوە فڕێیدەدەنە ناو دۆزەخ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بیانناسێنە پێمان، فەرمووی: ئەوانە لە ئێمەن و بە زمانی ئێمە قسەدەکەن، وتم: ئایا ئەگەر من گەیشتمەوە بەوانە فەرمانم بەچی پێدەکەیت؟ فەرمووی: دەستبگرە بە کۆمەڵی موسڵمانان و پێشەواکەیانەوە، وتم: ئەی ئەگەر نە کۆمەڵ و نە پێشەوایان هەبوو چیبکەم؟ فەرمووی: خۆت کەنارگیر بکە لە هەموو ئەو تاقمانە با قەپیش بکەیت بە قەدی دارێکدا تا گیانت دەردەچێ و لەسەر پەیمان بیت هەر ئەوەت بۆ باشترە))[١].

پێشەوا موسلیمیش ئەم فەرموودەیەی بە لەفزێکیتر گێڕاوەتەوەو دەڵێ: ((حوزەیفەی کوڕی یەمان وتوویەتی، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە خراپەدا بووین، خوای گەورە ئەم چاکەیەی بۆ هێناین کە واین تیایدا، ئایا لەدوای ئەم چاکەیە خراپە هەیە؟ فەرمووی: (بەڵێ)، وتم: ئایا دوای ئەو خراپەیەش چاکە هەیە؟ فەرمووی: (بەڵێ)، وتم: ئایا لەدوای ئەو چاکەیەوە خراپە هەیە؟ فەرمووی: (بەڵێ)، وتم: ئەوە چۆنە؟ فەرمووی: (لەدوای من پێشەوایانێک دێن بە ڕێنمایی من کارناکەن و بە سوننەتی من کارناکەن، کەسانێکیان تێدا ڕاستدەبنەوە کە دڵیان دڵی شەیتانەکانەو لە جەستەی (مرۆڤدان)، حوزەیفە دەڵێ وتم: ئایا ئەگەر گەیشتمەوە بەوە چیبکەم ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: (گوێبیست و گوێڕایەڵیی ئەمیرەکەت بە با دارکاریشت بکات و ماڵەکەشت ببات تۆ هەر گوێبیست و گوێڕایەڵ بە))[٢].

هەموو ئەم فەرموودانە پێکەوە جەخت لەسەر جۆرێکی تایبەت لە گوێڕایەڵیی

---

١- البخاري، الجامع.....، كتاب الفتن، ج١٦، ص١٤٤-١٤٥.

٢- صحيح مسلم، كتاب الإمارة، ج١٢، ص٢٣٨.

سیاسیی دەکەن کە کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەردەمی فیتنەدا پێویستی پێیەتی، بوخاریش (٢٥٦-١٩٤ک) کە هاتووە ئەم فەرموودانەی لە بەشی فیتنەدا دەرهێناوە ئەوە هەڵگری مانایەکی مەبەستدارە، چونکە لەوجۆرە بارودۆخانەدا کۆمەڵگای موسڵمان دەکەوێتەبەر خراپەکاریی و مەترسییەکان کە لەوانەیە سەرچاوەکەیان هەندێ لە دەستەکانی ناو کۆمەڵگابن -بانگخوازانێ لەسەر دەرگای دۆزەخ-، یان خودی دەستەڵاتەکە بێت -پێشەوایانێک کە بە ڕێنماییەکانی من کارناکەن و بە سوننەتی من ناجوڵێنەوە-، لەبەرئەوە هەبوونی جێنشین کە موسڵمانان لە دەوری کۆببنەوە دەبێتە یەکبوون و کارێکە شایانی ئەوەیە لەپێناو ئەو یەکبوونەدا چاو بپۆشرێ لە هەندێ لە مافە تاککەسییەکان، فەرموودەکانیش گرنگیانداوە بە ئاراستەکردنی ڕەفتاری موسڵمان لە بارودۆخی فیتنەو بەڵاو تاقیکردنەوە گشتییەکاندا، لەبەرئەوە -ئەگەر زیادەکە ڕاست و دروست بێت-[1] لە ڕیوایەتەکەی موسلیمدا کە دەفەرموێ: ((گوێبیست و گوێڕایەڵی ئەمیرەکەت بە با دارکاریشت بکات و ماڵ و سامانەکەشت ببات))، ئەوە دەخوازێ کە تاکی موسڵمان زۆر زۆر گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا -ئەمیر-ی موسڵمان بێت، ئەوەش بە مەبەستی دەستەبەرکردنی یەکبوونی گەل، هاوکات ڕەچاوی پێویستی فەرمانڕەوا دەکات بۆ دەستکراوەیی لە پیادەکردنی دەستەڵاتەکانیدا و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانی بەو شێوەیە کە ئەوجۆرە بارودۆخانە پێویستیان پێیەتی، هەروەها بەجۆرێ کە گونجاوبێت لەگەڵ بەرژەوەندیدا.

- گوێڕایەڵیی لە حاڵەتی بوونی خۆپەرستیی و دنیاویستیدا:

ئەم فەرموودەیە کە عوبادە دەیگێڕێتەوە ئاماژە بەم مانایە دەکات، دەفەرموێ: ((بەیعەتماندا لەسەر گوێبیستیی و گوێڕایەڵیی لە خۆشی و ناخۆشیدا، لەسەر ناڕەحەتی و ئاسودەیی و خۆپەرستیی و دنیاویستی بەسەرماندا...))[2]، لەم

---

١- نەوەوی دەڵێ: دارولقوتەنی لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە کە پێشەوا موسلیم ڕیوایەتیکردووە وتوویەتی: ئەم لەفزەی تێدایە: (ئەمە لای من فەرموودەیەکی مورسەلە، چونکە ئەبا سەلام لە حوزەیفەوە نەیبیستووە)، نەوەوی هاوڕای دارولقوتەنییە لەو گوتەیەیدا و دەڵێ: (مەسەلەکە بەوجۆرەیە کە دارولقوتەنی وتوویەتی، بەڵام مەتنی فەرموودەکە ڕاستەو پەیوەستە بە شێوازی یەکەمەوە، موسلیمیش وەک بەدواداچوونێ هەروەک دەبینین هێناویەتی، ئێمەش لە کتێبی الفصول و هیتریشدا وتوومانە کە فەرموودەی مورسەل ئەگەر لە ڕێگایەکی ترەوە گێڕدرابوەو پەیوەست بوو ئەوا ڕاست و دروستی فەرموودە مورسەلەکە ڕاستەو دەکرێ بکرێتە شایەت و کاری پێبکرێ، ئەوکاتیش دوو فەرموودە لە یەک مەسەلەدا بوونیان دەبێت، بڕوانە: النووي، شرح صحيح مسلم، ص٢٣٧-٢٣٨.

٢- پێشتر دەرهێنراوە، ل٩٧.

فەرمووەیەشدا هاتووە دەفەرموێ: ((کەسێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا فلانەکەست کردە کاربەدەست و منت نەکرد؟ فەرمووی: ئێوە لەدوای من خۆپەرستیی و دنیانەویستی دەبینن دەی ئارامگربن تا دەگەنەوە بە من))[1]، ئەمەش ئاراستەکردنی موسڵمانە بۆ بەردەوامبوونی لەسەر گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی لە حاڵەتی لەدەستدانی هەندی لە بەرژەوەندییە دنیاییەکانی خۆی، ئەوەش بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتییە. وادەردەکەوێ ئەم فەرموودەیە لەبارەی پشتیوانانەوە هاتووە هەروەک باسمانکرد کە بەیعەتدانیان بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەیعەتێکی تایبەت بوو، هەروەها لێدوانی هەندێ لە زانایان لەسەر فەرموودەکان لەمبارەیەوە ئەم مانایە دووپاتدەکەنەوە، وەک سیوتی (٩١١-٨٤٩ک) کە لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێ: (ئەمە کینایەیە لەسەر کۆمەڵی پشتیوانان، یان گشتییە بۆ ئەوان و بۆ خەڵکانیتریشە، بۆ کۆمەڵی یەکەمیش لەپێشترە)[2]، لە ڕاڤەی سونەنی ئیبن ماجەدا (٢٧٣-٢٠٩ک) هاتووە دەڵێ: (مەبەست بە ئارامگرتن لەسەر خۆپەرستیی و دنیاویستی لەسەرمان، واتە بەیعەتماندا لەسەر ئەوە کە ئارامبگرین با کەسانیتریش بخرێنە پێشمان، ڕاناوی علینا: کینایەیە لە کۆمەڵی پشتیوانان)[3].

- گوێڕایەڵیی دەستەڵاتێک کە خراپەیەک دەکات:

وەک لەم فەرموودەیەدا هاتووە کە دەفەرموێ: ((جۆرە فەرمانڕەوایەک دەکرێنە کاربەدەستتان چاک و خراپ تێکەڵ دەکەن، هەر کەس کارەکەیانی پێناخۆشبێت ئەوا بەرییە لە خراپەیان، هەرکەسیش نکولی لێکردن ئەوا سەلامەت دەبێت، بەڵام هەر کەس ڕازی و شوێنکەوتەبوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا نەجەنگێین لەدژیان، فەرمووی: تا نوێژکەربن، نەخێر))[4]. فەرموودەکە ئاماژە دەدات بە جۆرێک لە دەستەڵاتی شەرعی کە خراپ و چاک تێکەڵ بەیەک دەکات، فەرموودەکە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵی جیاوازی دەکات لە نێوان چوار هەڵوێستدا، ئەوانیش بریتین لە: پێناخۆشبوون واتە ناڕازیبوون لەو کردەوەو هەڵسوکەوتانەی کە فەرمانڕەواکە دەیانکات، ئینجا ڕێگریلێکردنی بەجۆرەها شێواز جگە لە شەڕکردن لەدژی، یان ڕازیبوون و بەردەوامبوون لەسەری، ئەم هەڵوێستە لە میانەی ناڕەزایی دەربڕیندا

١- البخاري، الجامع...، كتاب الفتن، ج١٦، ص١١٤.

٢- السيوطي، جلال الدين. شرح السنن النسائي، بيروت، دار الجيل، مج٤، ج٧، ص١٤٠.

٣- إبن ماجة، سنن إبن ماجة، ج٢، ص٩٧٥.

٤- صحيح مسلم، كتاب: الإمارة، ج١٢، ص٢٤٣.

هاتووە، ئەمە بەتەنیشت هەڵوێستی چوارەمەوە کە بریتییە لە بەگژاچوونەوەی دەستەڵات و دەرچوون لە فەرمانی، کە ئەمەش بە نوێژ کۆت و بەندکراوە.

تێبینی دەکرێ ئەم فەرموودەیە گونجاوە لەگەڵ سروشتی دەستەڵات لە ئیسلامدا، بەو سیفەتە کە دەستەڵاتێکی بێهەڵە نیە، لێرەوە ئەگەری هەیە شتانی خراپی لێبوەشێتەوە، نابێت ئەمەش ببێتە بیانووی دەرچوون لێی بە گشتی، بەڵکو دەبێت ڕێگری لێبکرێ بە شتانێک کە گونجاوبن لەگەڵ ئەو کردەوەیەیدا کە ئەنجامیداوە، لەبەرئەوە پێشەوا موسلیم ئەم فەرموودەیەی لەناو (بەشی فەرزی ڕێگریکردن لە فەرمانڕەواکان لەو شتانەدا کە پێچەوانەی شەرعن و وازهێنان لە جەنگان لەدژیان مادامێ نوێژکەرن و هەروەها هاوشێوەی) هێناوە، ڕێگریکرنیانی لەم حاڵەتەدا داناوە بە فەرزێکی شەرعی، هەروەها فەرموودەکە لە هەمانکاتدا ئاماژە دەدات کە دەرچوون لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی بناغەکانی ئیسلام کە لە فەرموودەکەدا بە نوێژ ئاماژەی پێکراوە دەبێتە ئەرکێکی شەرعی، زانایان ڕاجیاوازن لە مانای: (تا نوێژکەربن) کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، بۆیە وتراوە: (واتە مادامێ لەسەر ئیسلام ماون، وتراویشە مەبەست پێی: حەقیقەتی نوێژە، لەبەر گەورەیی مەسەلەکەی، فەرموودە پێشوەکانیش بە هیچ جۆر نابنە پاساو بۆ خۆپەرستیی و دنیاویستی یان خراپە یان حوکمدان بە ڕەوابوونی، بەڵکو ڕوونکردنەوەیەکە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) بۆ موسڵمانان بە گۆڕینی واقیعی فەرمانڕەوایی لەدوای خۆی، چونکە لەوانەیە هەندێ لە هاوەڵان باوەڕیان وەها بووبێت کە فەرمانڕەوایی هەر لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرێتی دەمێنێت و لێی لانادات، نمونە لەسەر ئەو جۆرە بۆچوون و باوەڕە بە ڕوونی لە فەرموودەکەی حوزەیفەی کوڕی یەماندا دیارە کە دەفەرموێ: ((خەڵکی لەبارەی چاکەوە پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەکرد، منیش لەبارەی خراپەوە پرسیارم لێدەکرد لە ترسی ئەوە نەبادا تووشم ببێت))، هەروەها فەرموودەی: ((جۆرە فەرمانڕەوایەک دەکرێنە کاربەدەستتان چاکەو خراپە تێکەڵ دەکەن.....)). پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە زیاتر لە فەرموودەیەکدا جەختی لەسەر گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایان کردووە، هۆیەکەی ئەوەیە کە عەرەب هەروەک خەتابی باسیکردووە پێشتر ئاشنا نەبوون بە فەرمانڕەوایی و گوێڕایەڵیی، هەروەها باری حوکمڕانی لەدوای مردنی باسکردووە، بۆئەوەی دەرچوون لە فەرمانی دەستەڵات نەبێتە ڕێگاچارەی موسڵمانان بۆ بەگژاچوونەوەی هەر لادانێ با سادەش بێت، چونکە بەو هۆیەوە دەوڵەتی ئیسلام هەڵدەوەشێ.

- گوێڕایەڵینەکردنی دەستەڵاتی ستەمکار:

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((ئەگەر بێتو خەڵکی ستەمکار ببینن و دەستی نەگرن کە ستەم نەکات ئەوا نزیکە خوای گەورە سزایەک داباریێنێ بەسەریاندا))[1]، عەمرو لە هەشیمەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: گوێبیستی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بووم دەیفەرموو: ((هەر قەومێک کاری خراپەیان تێدا بکرێ، ئەوانیش توانایان هەبێت بیگۆڕن بەڵام نەیگۆڕن، ئەوا نزیکە خوای گەورە سزایەک داباریێنێ بەسەریاندا))[2]، کەعبی کوڕی عوجرە دەڵێ: ((پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) هاتە لامان ئێمەش نۆ کەس بووین، فەرمووی: بەدڵنیایی کە دوای من فەرمانڕەوای وەها دێن هەر کەس باوەڕ بە درۆیان بکات و یارمەتیان بدات لەسەر ستەمیان ئەوا ئەو کەسە لە من نیەو منیش لەو نیم و ناشیەتە سەر حەوز، بەڵام هەر کەس باوەڕ بە درۆیان نەکات و یارمەتیان نەدات لەسەر ستەمیان ئەوا ئەو کەسە لە منەو منیش لەوم و دێتە سەر حەوزەکە))[3].

ئەبو سەعیدی خودری (٧٤ک.م) وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((گەورەترین جیهاد وتنی گوتەیەکی هەقە لای فەرمانڕەوایەکی ستەمکار))[4]. ئەم فەرموودانەو هیتریش داننانێن بە شەرعیەتی هەبوونی دەستەڵاتی ستەمکاردا، ڕێگاش نادەخەن لەبەرم هەر گوتەیەکدا لەوەی سوننەتی پێغەمبەرایەتی دان بنێت بە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی ستەمکاردا، چونکە ڕوون و ئاشکران لە هاندانی موسڵمان بۆ گۆڕینی ئەو دەستەڵاتە و لابردنی و خۆ بەریکردن لە کردەوەکانی، هەروەها ڕێگری لە پشتگیریی ستەمەکەی.

- دەرچوون (ڕاپەڕین)ی شەرعیی:

سوننەت ئاماژەیداوە بە دوو جۆر دەرچوونی شەرعیی، یەکەم: هۆیەکەی باوەڕییە کە خۆی لە کوفرێکی ئاشکراو ڕاشکاودا وێنا دەکات، نوێژنەکردنیش، دووەمیش: هۆیەکی جیهادییە کە خۆی لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا

---

١- أبو داود، سنن أبي داود، كتاب: الملاحم، ج٦، ص٣٩٣. هەروەها ترمزی بە ژمارە (٢٤٤٨)، ئیبن حەنبەل بە ژمارە (٣٠) ڕیوایەتیان کردووە.

٢- أبو داود، سنن أبي داود، كتاب الملاحم، ج، ص٣٩٤.

٣- النسائي، سنن النسائي، كتاب: البيعة، ص٦٤٩، حديث رقم (٣٩٢٤). هەروەها ترمزی لە الجامع الكبير بە ژمارە (١٨٤٣) ڕیوایەتیکردووە.

٤- الترمذي، الجامع الكبير، كتاب : الفتن، ج٤، ص٤٥، حديث ١٧٦٦. هەروەها نەسائی لە کتابی: البيعة، بە ژمارە ٣٩٢٥ ڕیوایەتیکردووە.

وێنا دەكات. بەڵگە لەسەر یەكەمیان ئەم فەرموودانەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) كە دەفەرموێ: ((جۆرە فەرمانڕەوایەک دەكرێنە كاربەدەستتان چاک و خراپ تێكەڵ دەكەن، جا هەر كەس كارەكەیانی پێناخۆشبێت ئەوا بەرییەو گوناهبار نابێت، هەر كەسیش ڕێگریان لێبكات ئەوا سەلامەتە، بەڵام ئەو كەسە كە ڕازییە لێیان و بەردەوامە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لەدژیان نەجەنگین، فەرمووی: تا نوێژكەربن نەخێر))[1]، هەروەها دەفەرموێ: ((چاكترینی پێشەوایانتان ئەوانەن كە ئێوە خۆشتان دەوێن و ئەوانیش ئێوەیان خۆشدەوێت، دۆعای خێرتان بۆ دەكەن و دۆعای خێریان بۆ دەكەن، خراپترینی پێشەوایانتان ئەوانەن كە ڕقتان لێیانەو ئەوانیش ڕقیان لە ئێوەیە، نەفرەتیان لێدەكەن و نەفرەتتان لێدەكەن، وتراوە: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا بە شمشێر لەدژیان نەجەنگین، فەرموویەتی: تا نوێژكەربن نەخێر، ئەگەر هاتوو شتێكتان لەو كاربەدەستانەوە بینی كە پێتان ناخۆشبێت ئەوا ڕێگریی كارەكەیانیان لێبكەن و دەستی گوێڕایەڵیی مەكێشنەوە لێیان))[2].

هەروەها ئەو فەرموودەیە كە عوبادەی كوڕی صامت لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر) دەیگێڕێتەوە، دەڵێ: ((پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بانگیكردین و ئێمەش بەیعەتمان پێدا، عوبادە دەڵێ لەو بەیعەتەدا كە لێی وەرگرتین بەیعەتمان پێدا لەسەر گوێبیستیی و گوێڕایەڵیی لە خۆشی و ناخۆشیماندا، لە ناڕەحەتی و ئاسودەییماندا، لە خۆپەرستیی و دنیاویستی لەسەرمان، لەسەر ئەوەش دژ بەو كەسانە نەبین كە فەرمانڕەوامانن مەگەر لەبارێكدا نەبێت كە بێباوەڕییەكی ئاشكراو ڕاشكاویان لێ ببینین كە هیچ بەڵگەیەكیان لای خواوە لەسەری نیە))[3]. كەواتە فەرموودەی یەكەم و دووەم جەخت لەوە دەكەن كە لادانی دەستەڵات لە بنەماكانی ئاین و ڕێساكانی باوەڕ هۆیەكی ڕوون و ئاشكرایە بۆ فەرزی دەرچوون لەدژی، فەرموودەی سێیەمیش ڕێگری دەكات لە داواكردنی كاربەدەستی و بەرپاكردنی ناكۆكیی لەسەری هۆیەک بێت بۆ دەرچوون لەدژی دەستەڵات، جا كاتێک هاتینە سەر شیكاری كێشەی گوێڕایەڵیی لە ڕەوشی فەرموودەدییدا تیشكی زیاتر دەخەینە سەر ئەم باسە.

بەڵام جۆری دووەم، ئەوا لەم فەرموودەیەی عەبدوالله كوڕی مەسعود دایە كە

---

١- پێشتر دەرهێنراوە.

٢- صحيح مسلم، كتاب الإمارة، ج١٢، ص٢٤٤.

٣- البخاري، الجامع الصحيح.....، كتاب الفتن، ج١٦، ص١١٣، هەروەها موسلیم ڕیوایەتیكردووە لە بەشی الإمارة دا ج١٢، ص٢٢٨.

بەمجۆرە گێڕدراوەتەوە: ((هەریەک لە عەمروی ناقد و ئەبوبەکری کوڕی نەزر و عەبد کوڕی حەمید، لەفزەکە هی عەبدە پێیانوتم، وتیان: یەعقوبی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی سەعد وتی: باوکم لە صاڵحی کوڕی کەیسانی کوڕی حاریسەوە ئەویش لە جەعفەر کوڕی عەبدوالله کوڕی حەکەمەوە، ئەویش لە عەبدوڕەحمان کوڕی مەیسوەر لە ئەبو رافیعەوە ئەویش لە عەبدوالله کوڕی مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((هەر پێغەمبەرێک کە خوای گەورە لەپێش منەوە ڕەوانەی کردبێت بۆ ئوممەتێک، ئەوا بە حەتمی حەواری و هاوەڵی هەبووە، کاریان بە سوننەتەکەی کردووەو شوێن فەرمانەکانی کەوتوون، بەڵام بەدوای ئەوانەدا کەسانێک هاتوون کە شتانێک دەڵێن و کاری پێناکەن، ئەوەی دەیکەن فەرمانیان پێنەکراوە بە کردنی، هەر کەس بە دەستی ڕووبەڕوویان ببێتەوە ئەوە باوەڕدارە، لەدوای ئەمەوە ئیتر بەڕادەی دەنکە خەرتەلەیەک باوەڕ بوونی نیە))[١]، هەروەها فەرموودەکەی سەوبان (٥٤ک. م) کە بەمجۆرە گێڕدراوەتەوە: ((مەحمود لە موحەممەد کوڕی خالید کوڕی عەبدالله وە، ئەویش لە باوکیەوە کە لە یەزید کوڕی ئەبی زیادەوە بیستوویەتی، ئەویش لە کوڕی سالمەوە لە ئەبو جەعدەوە، ئەویش لە باوکییەوە ئەویش لە سەوبانەوە گێڕاویەتەوە کە سەوبان وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: تا قورەیش چاکبن و گوێڕایەڵتان بن ئێوەش چاکبن و گوێڕایەڵیان بن، ئەگەر وایان نەکرد ئەوا شمشێرەکانتان بکەنە ملتان و تەڕاییان تێدا نەهێڵن، -واتە عەوام و زۆرزانیان نەهێڵن-، ئەگەر بێتو ئەوە نەکەن ئەوا وەک کشتیاری بەدبەختتان لێدێ و بەری دەستی خۆتان بخۆن))[٢].

### ت- پابەندییەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی:

گوێڕایەڵیی سیاسیی لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هاودەم و وابەستن بە کۆمەڵێک پابەندیی ئاڵوگۆڕ پێکراوەوە، کە لەلایەکەوە دەکەونە سەرشانی دەستەڵات و لەلایەکیتریشەوە دەکەونە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا کە هەستن بە ئەنجامدانیان، ئەوانیش بەمشێوەیەی لای خوارەوەن:

- پابەندییەکانی دەستەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگا:

---

١- صحيح مسلم، كتاب الإيمان، ج٢، ص٢٧. هەروەها ئیبن حەنبەل لە موسنەد دا بە ژمارە ٤٣٧٩، بەیهەقی لە السنن الكبرى كتاب آداب القاضي، ج١٠، ص٩٠ ڕیوایەتیان کردووە.

٢- الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد. المعجم الوسيط، القاهرة، دار الحرمين، ١٩٩٥م، حديث رقم ٧٨١٥. هەروەها بڕوانە الطبراني، المعجم الصغير، بيروت: المكتب الإسلامي، ١٩٨٥م حديث رقم ٢٠٥، ص٢٠٣.

* جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیعەت:

بەیعەت دادەنرێ بە پاساو و هۆکاری سەرەکی بۆ بەگوێکردنی دەستەڵاتی سیاسیی، ئیبن حەجەر (٨٥٢-٧٧٣ک) لە راڤەی ئەم فەرموودەیەدا: ((هەر کەسێک شتێکی لە فەرمانڕەواکەیەوە بینی کە پێی ناخۆشبێت با ئارامبگرێ لەسەری، چونکە هەر کەس بەڕادەی یەک بموست لە کۆمەڵ جیابێتەوە و بمرێ ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە)) دەڵێ: (مەبەست بە جیابوونەوە هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەیعەتە کە بۆ فەرمانڕەواکە دەستەبەر بووە)[1]، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دەبێت فەرمانڕەوا لە حوکمڕانییەکەیدا پشتببەستێ بە بەیعەتێکی ڕاست و دروست، لەناو فەرموودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) ئاماژەیەکی وایان تێدا نیە هانی کەسێ بدات لەسەر گوێڕایەڵیی کە بەیعەتی نەداوە، سوننەتی پێغەمبەرێتی جەختدەکات لەسەر زەرورەتی بەیعەت، بە مەرجیشی گرتووە کە دەبێت ئەو بەیعەتە بۆ بەرژەوەندی کەسێتی دنیایی نەبێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) باس لەوە دەکات یەکێک لەو سێ کەسە کە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا نە ئەیاندوێنێ و نە بەپاک دەیانناسێنێ بریتییە لە: ((کەسێک بە مەبەستی دەستخستنی دنیای خۆی بەیعەت بە پێشەوایەک بدات، جا ئەگەر هاتوو پێشەوا ئەو شتەی پێدا کە دەیەوێت ئەوا وەفا بە بەیعەتەکە دەکات، ئەگەرنا وەفای پێناکات))[2]، جەختکردنەوە لەسەر زەرورەتی بەیعەت هاوکات جەختکردنە لەسەر زەرورەتی وەفاکردن بە ناوەڕۆکی بەیعەت، چونکە بەمەرجگرتنی بەیعەت بەبێ پابەندکردنی دەستەڵات بە وەفاکردن بە ناوەڕۆکەکەی هیچ بەهایەکی نیە.

* ڕەچاوی توانایی و نەسپاردنی ئەرکێک کە لە تواناداا نەبێت:

عەبدواللە ی کوڕی عومەر دەڵێ: ((ئێمە کاتێ بەیعەتمان دەدا بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لەسەر گوێبیستیی و گوێڕایەڵیی، دەیفەرموو پێمان: لە شتێکدا کە لە تواناتاندایە))[3]، هەروەها دەڵێ: ((بەیعەتمدا بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەسەر گوێبیستیی و گوێڕایەڵیی، ئەویش فەرمووی پێم: لەودا کە لەتواناتدایە و دڵسۆزی بۆ هەموو موسڵمانێک))[4]، لە کتێبی (الموگأ)ی پێشەوا

---

١- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري....، ج١٦، ص١١٢.

٢- البخاري، الجامع.....، كتاب الأحكام، ج١٦، ص٢٣٧.

٣- سەرچاوەی پێشوو، الأحكام، ج١٦، ص٣١٨. هەروەها ئیبن ماجە لە سوننەنەکەیدا بە ژمارە ٢٣١٧، نەسائیش لە سوننەنەکەیدا، ص٦٤٦ ڕیوایەتیان کردووە.

٤- صحيح مسلم، كتاب الإيمان، ج٢، ص٣٩-٤٠.

مالیکدا هاتووه کە: ((ئەگەر بۆ بەیعەتدان بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) توانایی بە مەرج بگیرێ، ئەوا بە مەرجگرتنیشی بۆ غەیری ئەو لەپێشتر و زەرورترە))[١].

* دادگەریی و پارێزکاریی:

ئەمەش بەپێی دەقی فەرموودەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((هەر کەس گوێڕایەڵم بێت ئەوا گوێڕایەڵی خوای کردووە، هەر کەسیش سەرپێچیم بکات ئەوا سەرپێچی خوای کردووە، هەرکەس گوێڕایەڵی ئەمیرەکەی بێت ئەوا گوێڕایەڵی منی کردووە، هەر کەسیش سەرپێچی ئەمیرەکەی بکات ئەوا سەرپێچی منی کردووە، پێشەوایش قەڵایەکە ئەو کەسە لەپشتییەوە دەجەنگێ و خۆیی پێدەپارێزێ، جا ئەگەر ئەو ئەمیرە فەرمانیدا بە دادگەریی و پارێزکاریی ئەوا بۆی دەبێتە پاداشت، ئەگەر شتێکیتریش بڵێت ئەوا لەسەری دەکەوێ))، ئیبن حەجەر وتوویەتی: (واتە گوناهبارە).

- پابەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە دەستەڵات:

* ئارامگرتن لەسەر شتانی ناپەسەند:

ئەمەش لەم فەرموودەیەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) ڕوونە کە دەفەرموێ: ((هەر کەس شتێکی لە ئەمیرەکەیەوە بینی کە پێیناخۆشبێت با ئارامبگرێ، چونکە هەر کەس بەڕادەی بموستێک لە کۆمەڵ جیاببێتەوەو بمرێت ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە))[٢]، مەبەست بە نەفامی بێباوەڕی نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە وەک خەڵکی سەردەمی نەفامی دەمرێ کە پێشەوایەکیان نیە[٣]، هەروەها فەرموودەی: ((هەر کەس شتێکی ئەمیرەکەیی پێناخۆشبێت با ئارامبگری، چونکە هەر کەس لە فەرمانی دەستەڵات دەربچێ و بمرێت ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە))[٤]، هەروەها فەرموودەی: ((پێویستە مرۆڤی موسڵمان گوێبیست و گوێڕایەڵ بێت لەو شتەدا کە پێیخۆشەو لەوەشدا کە پێیناخۆشە بەمەرجێ فەرمانی بە خراپە پێنەدرێ، جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی شەرع پێدرا ئەوا نەگوێبیست دەبێ و نەگوێڕایەڵە))[٥]، هەروەها فەرموودەی: ((پێویستە گوێبیست و گوێڕایەڵ بێت لە ناڕەحەتی و ئاسودەییدا، لە خۆشی و ناخۆشیدا و لە کاتی خۆپەرستیی و

---

١- إبن أنس، مالک، موطأ الإمام مالک، دمشق، دار القلم، ١٩٩١م، ج٣، ص٢٧٢.

٢- پێشتر دەرهێنراوە.

٣- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري....، ج١٦، ص١١٢، هەروەها بڕوانە: سبل السلام في شرح بلوغ المرام، ج٣، ص٥٢٢.

٤٠- پێشتر دەرهێنراوە.

٥- الترمذي، الجامع الكبير، كتاب الجهاد، ج٣، ص٣٢٥، حديث رقم ١٣٩٦.

دنیاویستیدا))[١].

ئەم فەرموودانە باس لە ئارامگرتن ناکەن لەسەر سەرپێچی یان خراپەیەک یان بێباوەریی، بەڵکو باس لە ئارامگرتن دەکەن لەسەر شتانێک کە فەرمانڕەوا ئەنجامیان دەدات و مرۆڤی موسڵمان پێی باش نین، یان ناتوانێت بزانێت کە چ بەرژەوەندییەکی دوور مەودا لە پشتیانەوەیە. لە ڕاڤەی واتای گوێڕایەڵیی لە نارەحەتی و ئاسودەییدا ئەم گوتەیەی نەوەوی (٦٧٦-٦٣١ک) هاتووە کە دەڵێ: (پێویستە گوێڕایەڵی کاربەدەستان بیت لەو شتانەدا کە دەروون پێیناخۆشن و لات زەحمەتن، هەروەها لە شتانێکی تریشدا بە مەرجێ سەرپێچی خوایان تێدا نەبێت، جا ئەگەر سەرپێچیان تێدا بوو ئەوا نە گوێبیستی و نە گوێڕایەڵیی بوونی هەیە)[٢].

*** جێبەجێکردنی ئەرکەکان:**

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: ((پێغەمبەران ڕابەرایەتی بەنو ئیسرائیلیان دەکرد و کاریان دەبردن بەڕێوە، هەرکات پێغەمبەرێک مردبێت پێغەمبەرێکیتر شوێنی گرتووەتەوە، بەڵام هیچ پێغەمبەرێک لەدوای منەوە نیە، بەڵکو جێنشینەکان هەن و زۆریشن، هاوەڵان وتیان: فەرمانمان بەچی پێدەکەیت؟ فەرمووی: وەفابکەن بە یەکەمین بەیعەتتان کە داوتانە و تەنها یەکەم، مافی خۆیانیان بدەنێ، چونکە خوای گەورە لێپرسینەوە لەوانیش دەکات کە کاروباری خەڵکی کەوتووەتە دەستیان))[٣]، بەهەمانشێوە دەفەرموێ: ((ئێوە لەدوای من خۆپەرستیی و دنیاویستی و شتانێک دەبینن کە پێتان ناخۆشن، وتیان: ئەی فەرمانمان بەچی پێدەکەیت ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: مافی خۆیانیان بدەنێ و داوای مافی خۆیشتان لێیان لە خوای گەورە داوابکەن))[٤]، سەلەمەی کوڕی یەزیدی جوعفی پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کردووەو وتوویەتی: ((ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر هاتوو جۆرێ کاربەدەست بوونە فەرمانڕەوامان و داوای مافی خۆیانمان لێبکەن بەڵام مافی خۆمانمان نادەنێ، تۆ بەچی فەرمانمان پێدەکەیت؟ پێغەمبەر ڕووی لێ وەرگێڕاوە، جارێکیتر پرسیاری لێکردەوە ئەویش هەر ڕووی لێ وەرگێڕاوە، ئینجا جاری سێیەم کە پرسیارەکەی لێ دووبارە کردووەتەوە، ئەشعەسی کوڕی قەیس ڕایکێشاوە بەلای خۆیدا و پێیوتووە: گوێبیست و

---

١- پێشتر دەرهێنراوە.

٢- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٤٧.

٣- البخاري، الجامع....، ج٧، ص٣٠٧، هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا لە كتاب الإمارة دا هاتووە، ب١٢، ل٢٣١.

٤- إبن حنبل، المسند، حديث رقم ٣٦٤١.

گوێڕایەڵبن، ئەوان بەرپرسن لەو کۆڵەی خراوەتە ئەستۆیان و ئێوەش بەرپرسن لەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆتان))[١]. ئەم فەرموودانە ئاماژە دەدەن بە پەیوەندی بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لە کۆمەڵگای موسڵماندا نەک بە پێگەو پایەی پێشەوا، چونکە لەباری نەدانی مافەکاندا ئەوا بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا لەکاردەکەون، ئیبن حەجەر دەڵێ: (بیدەن پێیان: واتە بە فەرمانڕەواکانتان، واتە بەخشینی زەکاتی ماڵ و سامان و بەخشینی گیان لە جیهاد دا، ئینجا ئەو مافەی کە ئێوەش هەتانە لە خوای گەورەی داوابکەن: واتە ڕێنمایی بە فەرمانڕەواکانتان دەدات کە بەویژدان بن لەگەڵتاندا یان چاکتر لەوەتان پێیبەخشن کە ئێوە بەخشیوتانە)[٢].

* وەفادارییی بە بەیعەتی ڕاست و دروست:

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکی درێژدا دەفەرموێ: ((...هەر کەس بەیعەت بدات بە پێشەوایەک و گرێبەستی دەست و ناخی دڵی خۆی بداتێ با ئیتر ئەگەر لەتوانایدا بوو بەگوێی بکات، جا ئەگەر بەناو پێشەوایەکیتر هات و شانەخڕێی کرد لەگەڵیدا ئەوا بدەن لە گەردنی دواییینەکە))[٣]، ((هەر کەسیش -بەبێ بیانووی شەرعی- دەستی لە گوێڕایەڵیی کێشایەوە ئەوا لە ڕۆژی قیامەتدا کە بە خزمەتی خوا دەگات بیانووی پێ نیە، هەر کەسیش بمرێت و بەیعەت لە گەردنیدا نەبێت ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە))[٤]، هەروەها فەرموودەی: ((...وەفابکەن بە یەکەمین بەیعەتتان کە داوتانە و تەنها یەکەم...تەواوی فەرموودەکە))[٥]، لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا هاتووە کە: (واتە بەو پێشەوایە کە کاروباری دراوەتە دەست و پێش یەکێکیتر بەیعەتی دراوەتێ، تەنها ئەویش خاوەنی بەیعەتی راست و دروستە کە پێویستە وەفادارییی دەرهەقی هەبێت، بەیعەتدان بە دووەمێک ناڕەوایەو بە هیچ جۆر نابێت وەفابکرێ پێی)[٦]، هەروەها دەربارەی نادروستی دەستکێشانەوە لە بەیعەت ئەم فەرموودەیە هاتووە: ((عەرەبێکی دەشتەکی بەیعەتیدا بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، دواتر کابرا لە شاری مەدینە تووشی بێتاقەتییەک هات، ئینجا هاتەوە خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) و وتی: ئەی پێغەمبەری

١- صحيح مسلم، كتاب: الإمارة، ج١٢، ص٢٣٦.

٢- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري.....، ج١٣، ص٦.

٣- صحيح مسلم، كتاب الإمارة، ج١٢، ص٢٣٣-٢٣٤.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ب١٢، ل٢٤٠.

٥- پێشتر دەرهێنراوە.

٦٠- البخاري، الجامع....،ج٣، ص١٢٧٣.

خوا بیعەتەکەم لێوەرگرەوە، پێغەمبەر قوبوڵی نەکرد، پاشان هەر هاتەوە خزمەتی و وتی: بەیعەتەکەم لێوەرگرەوە، ئەویش داواکەیی ڕەتکردەوە، کابرای دەشتەکی لە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هاتەدەرەوە، پێغەمبەر فەرمووی: دڵنیابن شاری مەدینە وەک کوورە وایە، خراپەکەی لادەبات و چاکەکەی دەمێنێتەوە))[1].

لە پێداچوونەوە بە ڕاڤەکانی فەرموودەکەدا ئەوە ڕوون نیە ئایا دەستکێشانەوە لە بەیعەتی فەرمانڕەواکان بە پێوانەگیریی لەسەر نادروستی دەستکێشانەوە لە بەیعەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نادروستە یان نا، ئەوەش بە حوکمی تایبەتمەندیی بەیعەتدان بە پێغەمبەر، بەڵام ئەوەی لەم فەرموودەیەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەستکێشانەوەی کابرای لە بەیعەتەکەی ڕەتکردووەتەوە، لەبەرانبەرەوە نەهاتووە فەرمانبدات بە کوشتنی و سزایەک بدات بەسەریدا، لەبەرئەوە فەرمانی کوشتن لەو گوتەیەیدا (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((ئەگەر کەسێک بێتە لاتان لەبارێکدا ئێوە کۆ و یەکدەنگ و وەک یەک کەس وابن، ئەو بیەوێت هێزو تواناتان لەتبکات یان دووبەرەکی بخاتەناو کۆمەڵەکەتانەوە ئەوا بیکوژن))[2]، ئەم فەرموودەیە کەسێک دەگرێتەوە کە ئیدیعای پێشەوایەتی بکات، ئینجا بێت فەرمانیش بەو خەڵکە بدات بەیعەتی بدەنێ لە کاتێکدا ئەوان یەکدەنگن لەسەر پێشەوایەک کە بەیعەتەکەی ڕاست و دروستە، ئەوا کاری لەمجۆرە دەبێتە هۆی لەتبوونی یەکڕیزی کۆمەڵ، نەوەوی دڵێ: (جا ئەگەر هاتوو نەهێشتنی خراپەکەی بە کوشتنی نەبێت نەیەتەدی ئەوا دەکوژرێ)[3]، ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((سوێند بەو خوایە کە جگە لەو زاتە خوایەکیتر بوونی نیە، خوێنی هیچ مرۆڤێکی موسڵمان کە شایەتومان بێنی و بڵێ لا إله إلا الله و منیش پێغەمبەری خوام حەڵاڵ ناکرێ جگە لەم سێ کەسە: کەسێک وازی لە ئیسلام هێنابێت و لە کۆمەڵ جیابووبێتەوە، کەسێکی هاوسەردار زینا بکات، کەسێکیش کەسێکیتر بکوژێ))[4]،

ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دەبێت جیابوونەوە لە کۆمەڵ لەبەرئەنجامی وازهێنان لە ئیسلامەوە هاتبێ نەک لە گوێڕایەڵی نەکردنی پێشەواوە.

---

١- سەرچاوەی پێشوو، کتاب: الأحكام، ج١٦، ص٣٢٥-٣٢٦.

٢- صحيح مسلم، كتاب: الإمارة، ج١٢، ص٢٤٢.

٣- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٤٢ .

٤- صحيح مسلم، كتاب: القسامة والمحاربين و......، ج١١، ص١٦٤.

## ٣- چەمكی گوێڕیەڵیی لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر):

ئەم بەشە تایبەتە بە تیشک خستنەسەر سروشتی پەیوەندی سیاسیی لە نێوان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و نێوان كۆمەڵگەی مەدینە بە گشتی، هەروەک لە سوننەتی كرداریدا بە ڕوونی دەردەكەوێت، بواری ئەم پەیوەندییە لەو كاروبار و پرسانەوە دەردەكەوێ كە پەیوەندن بە بەڕێوەبردنی كارەكان و جەنگ و سیاسەت و كاروباری بژێوی گشتییەوە، كە جێگای ڕادەربڕین و ئیجتیهاد تێدا كردنن.

لەڕاستیدا هەندێ لە فیقهناسان جیاوازییان كردووە لە نێوان هەڵسوكەوتەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) كە بە سیفەتی پێشەوایەتی ئەنجامیداون -ئەمانەش ئەو هەڵسوكەوتانەن كە دانانرێن لە ڕیزی تەشریعاتی گشتیدا-، وە نێوان ئەو هەڵسوكەوتانەیدا كە مەبەست پێیان گەیاندنی ئاین یان فەتوا یان داوەریی بوون، وایان داناوە هەر یەک لەو هەڵسوكەوتانە حوكمی شەرعی و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، جا ئەگەرچی ئەو جیاكردنەوەیە لە كتێبە فیقهییەكاندا بەتایبەتی لە فیقهی حەنەفیدا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ببینرێ، ئەوەش لە تاوتوێكردنی دەستەڵاتی پێشەوا لە سزا تەمبێكاریەكاندا كە لە قورئان و سوننەتدا دەقێكیان لەسەر نەهاتووە، بەڵام هەر چاكەی دامەزراندن و جێگیربوونی ئەو جیاكردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێشەوا شەهابودینی قەڕافی (٧٢٨ک.م) بەتایبەتی لە كتێبێكیدا بەناوی (الإحكام فی تمییز الفتاوی عن الأحكام وتصرفات القاچی والإمام)، تیایدا باس لە بارودۆخی هەڵسوكەوتە جۆراوجۆرەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەكات، كە لە ڕووی ئیرادەی گەیاندنی ئاین یان تەشریعی گشتی یان بەڕێوەبردنی سیاسییەوە جیاوازییەكەیانی ڕوونكردووەتەوە، هەروەها لە ڕووی هەمووەكی و گشتگیریی و پابەندییەوە[1].

---

١- بڕوانە درێژەی ئەم باسە لە: العثماني، سعد الدین، (تصرفات الرسول (درودی خوای لەسەر) بالإمامة الدلالات المنهجیة والمعرفیة: -مجلة إسلامیة المعرفة-، س٦، عدد٢٤، ٢٠٠١م، ص١١-٥٤. هەروەها بڕوانە پێناسەی نوسەر بۆ هەڵسوكەوتەكانی پێغەمبەرایەتی بە سیفەتی پێشەوایەتی، كە هاتووە پێناسەی كردوون بە: بریتین لەو هەڵسوكەوتانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەو سیفەتە كە پێشەوای موسڵمانانەو سەرۆكی دەوڵەتە، كاروبارەكانی بەشێوەی دەستەبەركردنی بەرژەوەندییەكان و نەهێشتنی خراپەكان بردووە بەڕێوە، هاوكات كۆمەڵێ ڕێكار و بڕیاری زەروری داوە بۆ دەستەبەركردنی مەبەستە شەرعییەكان لە كۆمەڵگادا، هەندێ لە زانایان ناویانبردوون بە هەڵسوكەوتەكان بە سیاسەتی شەرعی یان بە پێشەوایەتی، ئەوانەش كۆمەڵە هەڵسوكەوتێكی كاتی و سنوردارن لە كات و شوێندا و مەبەست پێیان تەشریعی گشتی نیە. شایانی باسە هەر لەسەر ئەم بابەتە كتێبێكی نوسەری بەڕێز (سەعدەدین عوسمانی) هەیە بەناوی (المنهج الوسطي لفهم السنة النبویة) كە بە تێروتەسەلی ئەم باسە دەخاتەڕوو، خۆشبەختانە وەرگێڕی ئەم كتێبە

بەڵام ئەوەی کە پەیوەندە بە حاڵی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، کارێکی زەحمەتە بتوانرێ جیاکارییەکی ورد لە نێوان هەڵسوکەوتەکانی لە کاروبارە بەشییەکاندا کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی دنیا و جەنگ و سیاسەتەوە کە بە گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەژمار دەکرێن، و نێوان ئەو هەڵسوکەوتانەی کە خۆی بە سیفەتی گەیەنەری وەحی وێنا دەکات، هۆی ئەو زەحمەتەش ئەوەیە کە فەرماندان بە گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە قورئانی پیرۆزدا بەشێوەیەکی گشتی و ڕەها هاتووەو هیچ جیاکارییەک لە نێوان بەڕێوەبردنی دنیاو کاروبارەکانی وەحی دا نەکراوە، بەم پێیە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە قورئاندا سیفەتێکی گشتگیری وەرگرتووە، چونکە ئەوە گوێڕایەڵییەکە هاودەمە لەگەڵ گوێڕایەڵیی خوای باڵادەست دا، لە هەمانکاتیشدا درێژدەبێتەوە بۆ هەموو ئەو گوفتار و کردارانە کە لە پێغەمبەرەوە دەرچوون، تەنانەت با لە قورئانی پیرۆزیشدا نەهاتبن[1]، مادامێ مەبەست پێیان فەرماندان یان تەشریع بووبێت، ئیتر ئەو تەشریعە گشتی یان تایبەت، یان هەمووەکی یان بەشیی بێت چوونیەکە.

بەڵام کاتێ شارەزا دەبین بە مەبەستی فەرماندان لە گوفتارەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، ئیتر ئەو زەحمەت و قورسییە تا ڕادەیەکی زۆر دەڕەوێتەوە، کە هاوەڵان بە کردەیی ئەمەیان کردووە، جا ئەگەر ئەو مەبەستە دەستەبەر بووبێت، واتە ئەگەر مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە قسەکانی فەرماندان بووبێت ئەوا پێویستیکردووە ئەوانەی فەرمانەکەیان پێدراوە تەنانەت با فەرمانەکەش پەیوەندی بە کارێکی کاتییەوە بووبێت وەک جەنگ و دانانی کاربەدەستان و هیتریش هەر زەرور بووە پابەندبن پێیەوە، بەڵام ئەگەر مەبەستی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لای فەرمانپێدراوان شاراوە بووبێت، ئەوا هاوەڵان لەوبارەدا ڕاستەوخۆ پەنایان بردووەتە بەر پرسیارکردن لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە مەبەستی بە گوتەکەی چییە، یان گەڕاون بۆ بەڵگەیەکی هەنووکەیی یان میانەیی کە جەختی لەسەر مەبەستەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردووە، وەک پێداگرتنی لەسەر مەسەلەیەک یان دووبارەکردنەوەی مەسەلەکە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی. ئەو (بەڵگەی پێداگرتنەش) یەکێک بووە لە

---

هەستاوە بە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی لەژێر ناونیشانی (میتۆدی میانڕەو بۆ تێگەیشتن لە سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، لەلایەن کۆڕبەندی جیهانیی میانڕەویی-کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠١٨ز بەچاپگەیەنراوە. (وەرگێڕ)

١- الشافعي، الرسالة، ص٨٨.

پایەکانی تێگەیشتن لە مەبەستی قسەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەروەک لە ساڵی پەیمانی حودەیبیەدا ڕوویدا، ئەوەش کاتێک کە هەندێ لە موسڵمانان نەچوونەژێر فەرمانەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە تاشینی مووی سەریان تا ئەوکات کە خۆی هەستا بە تاشینی مووی سەری، جاک کاتێ ئەویان بینی ئەوکارەی کرد ئەوانیش چوونە ژێر فەرمانەکەو وەک ئەویان کرد، هەروەها کاتێ ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە فەرماندەی سوپایەک کە گەورە هاوەڵان لە ڕیزی سوپاکەدا بوون، بەڵام موسڵمانان سوپاکەی ئوسامەیان بەڕێنەکرد تا ئەوکات کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە نەخۆشییەکەی هەستایەوەو وتاری بۆ دان و پێیداگرت لەسەر بەڕێکردنی سوپاکە.

بەم پێیە دەتوانرێ باس لە دوو جۆر پەیوەندی سیاسیی لە نێوان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و نێوان هاوەڵانی سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا بکرێ، یەکەمیان بەرپابووە لەسەر دۆزینەوەی ناوچەکانی تەگبیر و بەڕێوەبردن و ڕاوبۆچوون لە هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر و گوتەکانی تا هاوەڵان هەڵوێستێک لەسەری بونیات بنێن، کە لەوانە بووە لەوپەڕیدا بگاتە ئاستێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێداچوونەوە بە هەندێ لە ڕاو هەڵسوکەوتەکانیدا بکات، دووەمیش بەرپابووە لەسەر شارەزابوون بە سنوری فەرمانەکانی پێغەمبەر کە ئایا ئەوەیان خواستووە دەستبەجێ ڕاپەڕێنرێن، یان ڕێگادەدەن بە هەندێ شلگیریی بە مەبەستی گۆڕین و دانانی فەرمانێکیتر لە جێگایاندا، ئەمەش جۆرێک بووە لە پێداچوونەوەی کردەیی بێدەنگی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

**أ- ناوەڕۆکی ڕاستاندنی گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):**

پێشتر وترا کە فەرماندان بە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەشێوەی گشتی هاتووە، بەبێ جیاکردنەوە لە نێوان ئەو فەرمانەدا کە تەشریعێکی گشتییە یان تەگبیر و بەڕێوەبردن و سیاسەتە، لەبەرئەوە مادامێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە مەبەستی فەرماندان قسەیکردووە ئەوا بەگوێکردنی فەرزە، ئەمە لەبارێکدا بەڵگەیەک بوونی نەبێت کە فەرمانەکە ببات بەرەو پلەی سوننەت یان شتێکیتر[1]، هەروەها گوێڕایەڵیکردنی لە هەموو بارێکدا فەرزە بە

---

١- مەعلومە کە مەرج نیە هەموو فەرمانێ فەرز بێت، ئوسوڵییەکان واتای زۆریان باسکردووە کە شێوازی فەرمانەکە لەخۆیدا هەڵیدەگرێ، ئەوەش بەپێی میانەکە کە تێیدا هاتووە، لەوانەیە مەبەست بە فەرمانەکە فەرز بێت، یان ڕێگاپێدراو بێت، یان هەڕەشە یان ڕێنمایی، یان تەمبێکردن، یان هۆشداریدان و....تادوایی بێت، بڕوانە:

مەرجێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) خودی خۆی ڕوونکردنەوەی نەدابێت کە لە بەگوێکردنی فلانە فەرماندا ئازادن یان هەر ئاماژەیەکیتر کە ئەوجۆرە تێگەیشتنەی لێ وەربگیرێ، لێرەوە ئەوا گوێڕایەڵی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لقێکە لە گوێڕایەڵیکردنی ئاینی بۆی، لەژێر ڕێسای ڕاستاندن و باوەڕکردن پێی کاری پێدەکرێ. ئەمەش ئەو دووڕییانەیە کە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) جیادەکاتەوە لە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێ بڕوانرێتە هەندێ هەڵوێستی هاوەڵان بەرانبەر بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، وەک هەڵوێستی پشتیوانان لە غەزای بەدر دا، چونکە ڕوون و ئاشکرایە گرێبەستی: دووەم بەیعەی عەقەبە، کە لە نێوان پشتیوانان و پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بەسترا، پشتیوانی پابەند نەکردبوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی قورەیش لە دەرەوەی شاری مەدینە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) سنوری ئەو گرێبەستەی دەزانی، تەبەری باسیکردووە کاتێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئاگادارکرا بە هاتنی کاروانەکەی ئەبو سوفیان فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە ڕای خۆتانم پێبڵێن))، مەبەستیشی پشتیوانان بوو، بەو پێیە ئەوان زۆرترین ژمارە بوون، چونکە کاتێ لە بەیعەی عەقەبە بەیعەتیان پێدا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە بەرین لەوە پاراستنی تۆ لە ئەستۆماندا بێت تا ئەوکات دەگەیتە لامان، جا هەرکات گەیشتیتە لامان ئەوا تۆ لە ئەستۆی ئێمەدایت، چۆن منداڵ و خێزانەکانمان لە دوژمن و خراپە دەپارێزین تۆیش ئاوا دەپارێزین، پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) ترسی ئەوەی هەبوو کە پشتیوانان پشتگیریی نەکەن، مەگەر تەنها لەبارێکدا کە دوژمنێک لەناو مەدینەدا هەڵبوکتێتە سەری، ئەو ئەرکەش نەخراوەتە ئەستۆیان بیانبات بەرەو دوژمن لە خاکێکی غەیری مەدینەدا....)[1]، تێبینی دەکرێ ڕوونکردنەوەی سنوری گرێبەستەکە کە لە نێوان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و پشتیوانان و فراوانکردنی تا پشتگیریی پێغەمبەر و جەنگان لەدژی دوژمنانی بگرێتەوە لە هەر شوێنێک بێت لەناو مەدینەدا بێت یان لە دەرەوەی مەدینە[2]، لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دەرنەچووە،

---

– السوسرة، عبد المجيد محمد، (السياق وأثره في دلالات الألفاظ –دراسة أصولية– مجلة التربية والدراسات الإسلامية، س٢٣، عدد٧٤، سبتمبر ٢٠٠٨م، ص٥١.

١٠– الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٢، ص٤٣٥.

٢– سەرچاوە مێژووییەکان باسیانکردووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پێش ڕوودانی جەنگی بەدر چەند دەستەیەک لە جەنگاوەرانی ناردووە بۆ هێرشکردنە سەر کاروانەکانی قورەیش، هیچ یەک لە

جگە لە ڕاوێژکردنی بە پشتیوانان لە مەسەلەی دەرچوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قورەیش شتێکی زیاتری داوانەکرد لێیان، بەڵکو ئەو داوایە لەلایەن پشتیوانانەوە بووە، ئەوەش بە هەستکردنیان بە ڕەهایی فەرزی گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بە پشتبەستن بە سیفەتە ئاینییەکەی، فەرموودەیەکی مەعازی کوڕی جەبەل پرۆسەی پێکەوەبەستنی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر لە کاروبارەکانی تەگبیر و بەڕێوەبردن و باوەڕبوون پێی و ڕاستاندنی ڕووندەکاتەوە، ئەوەبوو وتی: (ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا وادەردەکەوێ تۆ ئێمەت دەوێ، فەرمووی: بەڵێ، مەعاز وتی: دەی ئێمە باوەڕمان پێتهێناو بەڕاست ناساندمانی و شایەتیماندا ئەوەی تۆ هێناوتە بۆمان هەق و ڕاستییە، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە پەیمان و بەڵێنمان پێدایت کە گوێبیست و گوێڕایەڵت بین، کەواتە ئەی پێغەمبەری خوا بمانبە بۆ هەرکوێ کە دەتەوێت، سوێند بەو زاتە کە تۆی بە هەق ڕەوانەکردووە ئەگەر بمانبەیتە سەر ئەو دەریایەو تۆ بچیتەناوی ئێمەش لەگەڵتدا دەچینەناوی و تاکە کەسێکمان دواناکەوێ)[1].

پشتیوانان بەویستی خۆیان هەستان بە لێکدانەوەی گرێبەستەکە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) لەو مەسەلەیەدا ئازادی کردن و هیچ پابەندییەکی دیاریکراوی نەسەپاند بەسەریاندا، بەڵام پابەندبوون بە باوەڕ پێی و ڕاستاندنی پەیامەکەی هەژموونی هەبوو بەسەر بیرکردنەوەی پشتیواناندا، چونکە بە دیدێکی سیاسیانە سەیری مەسەلەکەیان نەکرد، بەڵکو لە ڕەهەندە گشتییە باوەڕیەکەیەوە سەیریان کرد. جیاوازی نێوان ڕەهەندی سیاسیی و ڕەهەندی باوەڕی لە ڕێگای تێڕوانین بۆ دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای مەدینە (موسڵمانان و جولەکە) و پەیوەندییان بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) ڕووندەبێتەوە، ئەوەش لەسەر زەمینەی ئەو بەڵگەنامەیە کە لە نوسراوە ئیسلامییە نوێیەکاندا ناودەبرێ بە دەستوری دەوڵەتی مەدینە، ئەویش بریتییە لەو چەند ڕێسایە کە چوارچێوەی پەیوەندییە سیاسییەکانی لە دەوڵەتی نوێدا دیاریکرد، هەروەها پرەنسیپی گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) جێگیرکرد، ئەوەش بە پشتبەستن بەو دەقە کە مەرجەعیەتی تەشریعی و زەرورەتی دادوەریکردنی ئەویان (درودی خوای لەسەر) لەو مەسەلانەدا کە ناکۆکیان لەسەر بوو جێگیرکرد، جا لە کاتێکدا

---

پشتیوانان لەناو ئەو دەستانەدا نەبووە، بڕوانە:

– الحميري، عبد الملك بن هشام بن يوب، السيرة النبوية، بيروت: دارالجيل، ١٤١١ك، ج٣، ص١٣٦، ١٤٠، ١٤٦.

١– الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٢، ص٤٣٥.

کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لای جولەکە تەنها سەرکردەیەکی سیاسی بوو و یاسای لۆژیکی دەوڵەتی دەسەپاند، بەرژەوەندی ئاسایشی و سیاسیی کۆمەڵگاش لەوەدابوو بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو و ملکەچی فەرمانی بن -ئەگەرچی جولەکە لە زۆربەی بۆنەکاندا سەرپێچیان لەو لۆژیک و دەستورە دەکرد تا دواجار بووە هۆی وەدەرنانیان لە مەدینەی پیرۆز- ئەوا لای موسڵمانان هەم پێغەمبەر و هەم سەرکردەی دەوڵەت بوو. ئەم مەسەلەیە بووە هۆی تەواوکاری نێوان گوێڕایەڵیکردنی بەو سیفەتە کە سەرکردەی دەوڵەتە و لە هەمانکاتیشدا گوێڕایەڵیکردنی بەو سیفەتە کە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوە، کەواتە گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەبەر ڕۆشنایی ڕەهەندی باوەڕ و لەژێر ڕێنماییەکانی ئەودا بووە نەک پرسێکی سەربەخۆ بووبێت، ئەم ڕاستییە لە ڕێگای پەرۆشی هاوەڵانەوە دەردەکەوێ بە پرسیارکردنیان لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەربارەی ئەو مەسەلانە کە ئەوان دایانناون بە کاروباری جەنگ و بژێوی و سیاسەت، بۆ زانینی سروشتی ئەو مەسەلانە کە ئایا ئەو مەسەلانە لەناو ڕیزبەندی کاروبارەکانی وەحی دان یان لەناو ڕاوبۆچوون و ئیجتیهاتدان، ئەمەش هەنگاوێکی سەرەتا بووە کە ئەنجامدانی یارمەتیدەر بووە لەسەر دیاریکردنی پەیوەندی بە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، ئیتر بە ئاراستە سیاسییەکەیدا بووبێت کە ڕێگایداوە بە ڕادەربڕین و ڕاوێژکردن و پێداچوونەوە، یان بە ئاراستەیەکی تردا کە دەبێت تەسلیمبوونی تەواوەتی بۆ فەرمانەکە بوونی هەبێت، هەردوو ئاراستەکەش دەچنە ژێر حەقیقەتی بە ڕاستگۆ ناساندنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) مافی خۆی بووە جۆر و سروشتی ئەو فەرمانانە دیاریبکات کە دەخرانە بەردەم کۆمەڵگای موسڵمان، ئایا پێویست دەکات گوێڕایەڵیی و گەردنکەچی بۆیان بەبێ پێداچوونەوە دەستەبەر ببێت، چونکە دەکەونە ناو بازنەی وەحیەوە، یان ڕێگادەدرێ بە پێداچوونەوەو مشتومڕکردن لەسەریان، لەلایەکیتریشەوە دەستپێشخەری هاوەڵان بە پرسیارکردن لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەربارەی سروشتی ئەو مەسەلەیە کە ڕووی لە موسڵمانان کردووە تەنانەت بەبێ داواکردنی پێغەمبەر بە وەرگرتنی ڕاوێژ و ڕاوبۆچوونیان لەو مەسەلەیەدا[1]،

---

١- ئەمە لە چەند هەڵوێستێکدا ڕوویداوە، کاتێک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بڕیاریدا بە ڕووبەڕووبوونەوەی قورەیش لە بەدر، خەببابی کوڕی مونزیر پرسیاری لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردوو وتی: ((ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەم جێگایە کە دابەزیویت تیایدا جێگایەکە خوای گەورە

توانایی هاوەڵان لەسەر جیاکاری لە نێوان کاروبارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دەردەخات، ئەو پرسیارکردنەشیان تەنها بۆ دڵنیابوون کردووە، ئەمەش مەسەلەیەکە ئاستی باوەڕی هاوەڵان دەخاتەڕوو بەوەی کە مافیان هەیە لە ڕاوێژپێکردن نەک تەنها کارپێکردنی، هەروەها ئاماژەیە بەوە کە گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەو مافەی گەلی پەردەپۆش نەکردووە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە پەرۆشبووە هاوەڵان تێبگەیەنێ کە مافیان هەیە لە قسەکردن لەسەر ئەو کاروبارانەی لە سنوری کردەی مرۆییدا ڕوودەدەن، ئەو پەرۆشییە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مەدینەدا ڕوون و ئاشکرابووە، کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گەیشتە مەدینە خەڵکەکە خەریکی پیتاندنی دارخورما بوون، فەرمووی: ((ئەوە چیدەکەن؟ وتیان: ئێمە دەیپیتێنین، فەرمووی: ئەگەر واتان نەکردایە باشتر بوو بۆتان، ئەوانیش وازیانهێناو دواتر بەرەکەی وەری یان کەمیکرد، ئینجا ئەمەی بۆ باسکرا، ئەویش فەرمووی: بەڕاستی منیش مرۆڤم، ئەگەر لە کاروباری ئاینەکەتاندا فەرمانم بە شتێ پێکردن گوێڕایەڵم بن، ئەگەریش بە ڕای خۆیشم شتێکم پێوتن ئەوا من

---

بۆی دیاریکردوویت و ئێمەش هەر ئەوەمان لەسەرە جێگیر ببین تیایدا، نە بچینە پێشتر و نە بگەڕێینە دواوە یان هەر ڕایەکەو وجەنگ و پلانە؟ فەرمووی: بەڵکو ڕاو بۆچوون و جەنگ و پلانە، خەباب وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم جێگایە جێگایەکی باش نیە، خەڵکی بەرێبکە تا دەگەینە نزیکترین ئاوێک کە لە دوژمنەوە نزیکە، ئینجا لەوێ جێگیر دەبین و هەموو ئەو ئاوانەی تر هەن پڕیانبکەینەوە، پاشان حەوزێکی لەسەر دروستبکەین و پڕیبکەین لە ئاو و ئینجا بجەنگێین دژ بە دوژمن ئەوکات ئێمە ئاومان هەیە بیخۆینەوەو ئەوان ئاویان نیە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر): فەرمووی بەڕاستی کار بەو ڕایەت دەکەم)). بڕوانە:
- الحميري، السنة النبوية، ص١٦٧.

هەروەها کاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەستا بە دابەشکردنی بەروبوومی باخاتی غەتفان ئەمە ڕوویدا، کە هەریەک لە سەعد کوڕی عوبادە و سەعد کوڕی مەعاز (خوا لێیان ڕازی بێت) پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) دواند و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا: ((ئەمە فەرمانێکە خوای گەورە فەرمانی پێکردوویت، ئێمەش دەبێ کاری پێبکەین یان شتێکە خۆت بۆ ئێمەی دەکەیت؟ فەرمووی: بەڵکو شتێکە خۆم بۆتان دەکەم، سوێند بەخوا من ئەمە بۆیە دەکەم چونکە عەرەبەکانم بینی کە لە یەک کەوانەوە تیرتان تێدەگرن و لە هەموولایەکەوە گەلەکۆمەیان لێکردوون، منیش ویستم هێزو توانایان بە شتێک بشکێنم، ئینجا سەعد کوڕی مەعاز وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمەو ئەوان هەموومان بێباوەڕ بووین و بتەکانمان دەپەرست و خوامان نەدەپەرست و نەماندەناسی، ئەوان نەیانتدەتوانی یەک دنکی لێبخۆن بە پێبخشین یان بە فرۆشتن نەبێت، ئایا کاتێ کە خوای گەورە ڕێزداری کردین بە ئیسلام و هیدایەتی داین و بەخواو بەتۆوە سەرمان بەرزبوویەوە ئێستە بێین ماڵ و سامانیان بدەینێ؟ ئێمە هیچ پێویستییەکمان بەوە نیە، سوێند بەخوا نایاندەینێ تا شمشێری خوا ببێتە حوکمڕان لە نێوان ئێمەو ئەواندا، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئەوە تۆ و ئەوە نوسینەکە، سەعدی کوڕی مەعاز نوسینەکەی وەرگرت و ئەوەی کە تێیدا نوسرابوو سڕییەوە، پاشان وتی: دەبا بێنەسەری)). بڕوانە:
- إبن كثير، البداية والنهاية، مج٢، ج٤، ص١٠٦.

مرۆڤم))[1]. جا هەرچەندە گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە فەرزێکی ئاینی هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە فەرزە، بەڵام لەو کارانەدا کە سروشتی سیاسییان هەبووە زۆرجار هەر بە ڕای کۆمەڵی موسڵمانانی کردووە، کۆمەڵی پابەند نەکردووە کە دەبێت شوێنکەوتەی ڕایەکەی بن با خۆیشی قەناعەتی پێی هەبوبێت، ئەمەش مەسەلەیەکە شایانی ئەوەیە ئاوڕی لێبدرێتەوە، ئەوەبوو لە جەنگی ئوحود پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قورەیش ڕای وابوو لە مەدینە نەچنەدەرەوە، مەبەستی ئەوەبوو ڕایانکێشێتە ناو شارەوەو لەناویدا بەرەنگاریان بێتەوە، بەڵام هاوەڵان ڕایەکی تریان خستە بەردەمی، ئەویش لە کاتێکدا قەناعەتی بە ڕاست و دروستی ڕایەکەی خۆی هەبوو هەر هاتە سەر ڕاکەیان. ئیبن هیشام (٢١٨ک.م) دەڵێ دوای ئەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هاتە سەر ڕای ئەوان، هاوەڵان هەستیانکرد کارێکیان کردووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) قەناعەتی پێی نەبووە، ئەمە بووە هۆی پەشیمانییەکی زۆر زۆر تیایاندا، ئیبن هیشام دەڵێ: خەڵکی پەشیمانبوون و تیان: پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر) ناچارکرد کە نەدەبوو وابکەین، کاتێک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) چووە ناویان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە تۆمان ناچارکرد بە شتێ کە نەدەبوو کاری وابکەین، جا ئەگەر دەتەوێت ئەوا دانیشەو سڵاوی خوات لەسەر بێت، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: هیچ پێغەمبەرێک بۆی نەبووەو نیە ئەگەر هاتوو خۆی سازدا بۆ شەڕ و پۆشاکی جەنگی پۆشی ئیتر تا شەڕەکە نەکات ئەو پۆشاکە داماڵێ، ئینجا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لەگەڵ هەزار لە هاوەڵان لە شار دەرچوو بەرەو ئوحود))[2].

### ب- نەرمیی گوێڕایەڵیی سیاسیی سەردەمی پێغەمبەرایەتی:

گوێڕایەڵی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە دوور لە بارودۆخی کۆمەڵگای ئیسلامی، بە دوور لە بارودۆخی سیاسیی و تەشریعی دەوڵەت ئەنجام نەدەدرا، گومانی تێدا نیە موسڵمانان لە شاری مەدینەی پیرۆز تێپەڕین بە کاتی زۆر سەختدا، ئەوەش دەرفەتی بە هەندێکیان نەدا پەی بەو مەبەستانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ببەن کە لەپشتەوەی هەندێ هەڵسوکەوتی سیاسییەوە

---

١- صحيح مسلم، كتاب الفضائل، ج١٥، ص١١٧.

٢- الحميري، السيرة النبوية، ج٤، ص٨.

بوون و پێغەمبەر ئەنجامی دەدان، دەتوانین سەرنجبدەین کە بەگوێکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لسەر) لە هەندێ تەگبیر و بەڕێوەبردنی سیاسیدا -بەتایبەتی- لە کاتی قەیرانە سەختەکاندا کەوتبووەبەر هەڵسەنگاندنی گشتی لەلایەن کۆمەڵی موسڵمانانەوە، ئەم حاڵەتە کاریگەری هەبووە لەسەر خێرا چوون بەدەم فەرمانەکانی بەڕێوەبردنی پێغەمبەرەوە و دەستبەجێ جێبەجێکردنیان، چونکە هەندێ لە هاوەڵان خاو و شلگیربوون لە ڕاپەڕاندنی هەندێ لە فەرمانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بەئومێدی ئەوە کە پێغەمبەر خۆی بچێتەوە پیایاندا، یان مەبەستە دوورەکانیان دەربکەون بۆیان، سەرچاوەکانی ژیننامەی پێغەمبەرایەتی دوو هەڵوێستمان بۆ دەگێڕنەوە کە هەندێ کەس لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندبوون بە دوولایەن لە لایەنەکانی تەگبیر و بەڕێوەبردنی سیاسیی، دواکەوتن لەوەی دەستبەجێ ملکەچی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بن، ئەوانیش واژۆکردنی پەیماننامەکان و دانانی سەرکردەی سوپا بوون.

لە حودەیبیە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پەیماننامەی لەگەڵ قورەیشدا واژۆکرد، زۆرێک لە هاوەڵان وایان بینی کۆمەڵێ مەرجی ستەمی دەرهەق بە موسڵمانان تێدایە، موسڵمانان لەم هەڵوێستەدا گەیشتنە ئاستێک کە پێشتر هەستیان بە ستەم و نائومێدی وەها نەکردبوو، وتووێژەکەی نێوان عومەری کوڕی خەتتاب و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) گوزارشی لەو حاڵەتە دەکرد کە وتی: ((ئەی پێغەمبەری خوا ئایا تۆ پێغەمبەری خوا نیت، فەرمووی: بەڵێ، وتی: ئەی ئێمە موسڵمان نین، فەرمووی: بەڵێ، عومەر وتی: ئایا ئەوانیش هاوەڵگەر نین، فەرمووی: بەڵێ، وتی: دەی ئیتر لەپای چی ئێمە سەرشۆڕی لە ئاینەکەماندا قوبوڵ بکەین، فەرمووی: من بەندەی خواو پێغەمبەری خوام، سەرپێچی فەرمانی ئەو ناتە ناکەم و ئەویش من فەرامۆش ناکات))[1]. ڕووداوی ئەبو جوندەل کوڕی سوهەیل کوڕی عەمرو و ڕادەستکردنەوەی بە بێباوەڕان بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەکە، کە بە ماوەیەکی کەم پێش هاتنی ئەو واژۆ کرابوو ئەوەندەیتر هەستی موسڵمانانی بە ستەملێکردنیان زیادیکرد.

بوخاری دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (دروی خوای لەسەر) لەدوای واژۆکردنی پەیماننامەکە بە هاوەڵانی فەرموو: ((هەستن ئاژەڵەکان سەرببڕن و پاشان سەربتاشن، ڕاویەکە دەڵێ: سوێند بەخوا کەسیان هەڵنەستا کە ئەم فەرمانەی

---

١- إبن كثير، البداية والنهاية، مج٢، ج٤، ص١٦٨.

سێجار لێ دووبارەکردنەوە، کاتێک کە کەسیان هەڵنەستا بە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەی ئیتر چووەوە لای ئوم سەلەمەو ئەوەی کە لە خەڵکییەوە بەسەری هاتبوو بۆی گێڕایەوە، ئینجا ئوم سەلەمە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، حەزدەکەیت ئەوە بکەن؟ خۆت بڕۆرە دەرەوە و هیچ کەس بە یەک وشەش مەدوێنە تا خۆت ئاژەڵەکەت سەردەبڕی و سەرتاشەکەت بانگدەکەیت تا سەرت بتاشێ. ئەویش چووە دەرەوەو قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد تا خۆی ئەوەی کرد، ئاژەڵەکەی سەربڕی و سەرتاشەکەی بانگکرد و سەری تاشی، کاتێک هاوەڵان پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) بەو شێوەیە بینی هەموویان هەستان و ئاژەڵەکانیان سەربڕی، هەریەکەیان کەوتە سەرتاشینی ئەویتریان، تەنانەت ئەوەندە ناڕەحەت بوون خەریکبوو هەندێکیان لە غەم و خەفەتدا بمرن))[1].

ئەم فەرمانە جارێکیتر و بەشێوەیەکی تر دووبارە بوویەوە، ئەویش کاتێک کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانیدا ئوسامە ببێتە سەرکردەی سوپایەک کە گەورە هاوەڵان لەناویدا بوون، ئینجا خەڵکی لەوبارەیەوە کەوتنە باسکردنی هەندێ مەسەلە، لەوانە بچوکی تەمەنی ئوسامەو بێ ئەزموونی بە کاروبارەکانی جەنگ، کاتێک ئەم باسی خاوی و ساردو سڕیەی خەڵکی بە ڕەوانەکردنی سوپاکەی ئوسامە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بەدەم نەخۆشییەوە هاتە دەرەوەو فەرمانی بە موسڵماناندا کە دەبێ سوپاکەی ئوسامە بەڕێبکرێ، ئیبن هیشام دەڵێ: ((خەڵکی خاو و خلیچک بوون لە ڕەوانەکردنی ئوسامەی کوڕی زەید، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نەخۆش بوو بە سەربەستوویی هاتەدەرەوە تا چووە سەر مینبەرەکەو دانیشت، -خەڵکیش لەبارەی سەرکردەیی ئوسامەوە وتبوویان: مێردمنداڵێکی بێ ئەزموونی کردووەتە سەرکردە و داویەتی بەسەر هەمووی کۆچکەران و پشتیواناندا-، ئینجا حەمدو سەنای خوای گەورەی کرد بەوەی کە شایستەیەتی، پاشان فەرمووی: ئەی خەڵکینە سوپاکەی ئوسامە ڕەوانە بکەن، بەسەری خۆم ئەگەر لەبارەی سەرکردەیی ئەوەوە شتێک بڵێن ئەوا لەبارەی باوکیشیەوە پێشتر شتتان وت، ئەو شایانی سەرکردەییەو باوکیشی هەر شایانی ئەوە بووە))[2].

ئەم دوو هەڵوێستە ئاماژە بەوە دەدەن کە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەردەمی

---

١- البخاري، الجامع...، ج٦، ص٢٧٤-٢٧٦.

٢- الحميري، السيرة النبوية، ج٦، ص٦٥.

پێغەمبەرایەتیدا لە بۆشایی کۆمەڵایەتیدا نەجووڵاوە، بەڵکو کاریگەر بووە بە حاڵەتەکانی کۆمەڵی موسڵمانان و دیدگایەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی، تەنانەت بە هەستە دەروونییەکانی لە کاتی سەختییەکاندا، بە هەندگرتنی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) بۆ ئەو حاڵەتانە هەڵقوڵاوی شارەزایی بووە بە سروشتی مرۆیی کۆمەڵی موسڵمان، بەو حاڵەت و بارە ناجێگیرانە کە هاتوونەتە ڕێگای، ئەم مەسەلەیەش وای لە گوێڕایەڵیی سیاسیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کردووە -با لە چوارچێوەی پرەنسیپی گشتگیری گشتیدا (واتە ڕاستاندن) بووبێت- وابەستە بێت بە کارلێکەکان لە نێوان سەرکردەو کۆمەڵگادا، بەڵام بێئەوەی ئەو جێکەوتەیەی هەبێت سروشتی ئەو پەیوەندییە نەهێڵێ، یان سنوری شوراو ڕادەربڕین بەرتەسکبکاتەوە، لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراوەتەوە کە ڕۆژی حودەیبیە -دوای ئەوە کە خەڵکی لە سەربڕین و سەرتاشیندا شوێنی کەوتن- فەرموویەتی: ((خوای گەورە ڕەحم بەو کەسانە بکات سەریان تاشیوە، وتیان: ئەی ئەوانەی کورتیان کردووەتەوە؟ فەرموویەتی: خوای گەورە ڕەحم بەوانە بکات سەریان تاشیوە، وتوویانە: ئەی ئەوانەی کورتیان کردووەتەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموویەتی: خوای گەورە ڕەحم بەو کەسانە بکات سەریان تاشیوە، وتوویانە: ئەی ئەوانەی کورتیان کردووەتەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموویەتی: ئەوانەش کورتیان کردووەتەوە، وتوویانە: ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی داوای بەزەیت بۆ سەرتاشراوەکان ڕاگەیاند و کورتکەرەوەکانت نەفەرموو؟ فەرموویەتی: چونکە ئەوان گومانیان نەبوو))[١]، لە میانەی ئەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوونە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لێپێچینەوەی لە هاوەڵان نەکردووە لەسەر ئەو هەڵوێستانەیان کە لەبەرئەنجامی ڕادەربرینەوە بووە، بەڵکو لەسەر ئەو گومانەیان بووە کە هاودەمی ئەو ڕادەبڕینە بووە[٢].

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٢، ص٦٣٧.

٢- لە سنوری ئەو سەرچاوانەدا لەم کتێبەدا پشتمان پێبەستوون- لەسەر هیچ یەک لەو زانایانە نەوەستاین کە بە تێروتەسەلی باسیان لە هەڵوێستی حودەیبیە و ماناکانی کردبێ جگە لە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە، کە هاتووە مشتومڕ لەسەر وەستانی هەندێ لە هاوەڵان لە ملکەچکردن بۆ فەرمانەکەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکات لە حودەیبیە بە تێروتەسەلی، ئیبن تەیمییە بە سەرپێچی داناوە کە نارەزایەتییەکە لەبەرئەنجامی حوکمکردن بە ڕاو بۆچوونەوە بووە کە ڕای خۆیان داوە بەسەر شەرعدا، لەبەرئەوە ئەوەی خواستووە کە تەوبەی لەسەر بکرێ هەروەک هەندێ لە هاوەڵان بە کردەیی ئەوەیان کردووە، ئیبن تەیمییە پێیوایە کە فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) جیددی بووەو مەبەستی پێی فەرزبوونی بووە، بە بەڵگەی ئەوە کە سێجار دووبارەی کردووەتەوە، پاشان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) توڕە بووە چونکە

بەڕاستی هەڵوێستی موسڵمانان لە حودەیبیە وێنای پێداچوونەوەیەکی کۆمەڵیانەی کردووە، هۆکارەکەی لێکدانەوەیەک بووە کە لەبەرئەنجامی هەڵنەسەنگاندنی ڕەهەندی هەڵسوکەوتەکانی بەڕێوەبردن و مەبەستەکانی پێغەمبەرایەتییەوە بووە، سەرچاوەکەشی باوەڕ و پەرۆشبوون بووە بۆ لەدەستنەدانی بەرژەوەندی کۆمەڵی موسڵمانان کە وەها کەوتووەتە بەرچاویان، لە هەموو حاڵەتێکیشدا گوێڕایەڵیی سیاسیی هەر هەڵگری سیفەتی نەرمیی بووە، ڕێگای بە کۆمەڵگای موسڵمان داوە ڕای خۆی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەرایەتی لە مەسەلەی پێشەوایەتیدا دەرببڕێ، کە ماوەیەکی زەمەنی هەبووە لە نێوان دەرچوونی فەرمانەکەو نێوان جۆرێ لە درەنگ ڕاپەڕاندنیدا، بەجۆرێ کە دەرفەت بدات بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پاشگەزببێتەوە لە بڕیارەکانی، جا ئەگەر دەرکەوتبێ کە پێغەمبەر پێداگربووە لەسەر ئەوەی فەرمانی پێداوە، ئیتر ئەو پەیوەندییە لە بازنەی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە گوازراوەتەوە بۆ بازنەی ئیمانی باوەڕیی کە پێویستە موسڵمان تەسلیم ببێ و شوێنکەوتەی بێت، ئەمەش لەوەدا دەرکەوت کە خەڵکی هەستان بە سەربڕین و سەرتاشین دوای ئەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە حودەیبیە ئەوەی کرد، هەروەها بەڕێکردنی سوپای ئوسامە وەک ملکەچییەک بۆ فەرمانی پێغەمبەر لەدوای ئەو وتارەی کە لە نەخۆشییەکەیدا دای بەگوێی موسڵماناندا. ئەم نەرمییە دەریدەخات گوێڕایەڵیی سیاسیی مەسەلەیەکی

---

بە ئوم سەلەمەی فەرمووە: ((چۆن تورە نابم من فەرمان بە کارێک بکەم بەگوێی نەکرێ)). وادەردەکەوێ جۆرێک لە دەمەقاڵە لە نێوان زانایاندا لەو هەڵوێستەدا ڕوویداوە، چونکە قسەکەی ئیبن تەیمییە جۆرە ڕایەکیتر دەخاتەڕوو ئەویش بریتییە لەوە -هەروەک ئیبن تەیمییە خۆی باسیدەکات- کە (لەڕاستیدا سەرپێچی کەسێک کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری کردبێ لە ڕۆژی حودەیبیەدا یان هیتردا بەو گوناهانە ئەژمار ناکرێ کە پێویستە تەوبەی لەسەر بکات)، ئیبن تەیمییە بەڵگەی ئەو ڕایەی ڕەتکردووەتەوە کە خۆی لەوەدا وێنا دەکات ئەوانەی سەرپێچیکاربوون چاوەڕێی نەسخی ئایەت و دابەزاندنی وەحی بوون، یان گۆڕینی فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بووبن، یان ئەوانە ئەوەیان بۆیە کردووە وەک بە گەورەڕاگرتنی پایەی پێغغەمبەر کە ناوی خۆی بسڕێتەوە، (ئاماژەیە بۆ سڕینەوەی سیفەتی پێغەمبەر لەناو پەیماننامە واژۆکراوەکە لەگەڵ قورەیشدا، یان مەبەست پێی دەرخستنی باوەڕ بووە بەسەر بێباوەڕیدا، دواجار ئیبن تەیمییە دەگاتە پوختەیەک کە بە هیچ بیانوویەک ناتوانرێ ڕەوایەتی بەو سەرپێچییە بدرێ. بڕوانە: -إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ص٤١٣، پێدەچێ ئەو ڕایانە کە ئیبن تەیمییە لە کتێبی منهاج السنة دا لەبارەی ئەو ڕووداوەوە کە مشتومڕی ئەو هەڵوێستەی لە حودەیبیە لێکەوتووەتەوە ڕەنگدانەوەی دیدێکی فیقهی بووە، کە گرنگیداوە بە باسکردنی حوکمی تەوبە لە ملکەچنەکردن بۆ فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە ئایا فەرزە یا نا، ئەمە بێئەوەی هەڵوەستە بکرێ لەسەر مانا سیاسییەکانی ئەو ڕووداوە.

میکانیکی نەبووە کە لە نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵگاوە سەرچاوەی گرتبێ، بەڵکو مەسەلەیەک بووە چووەتە ژێر هەڵسەنگاندنی کۆمەڵ بۆ بەرژەوەندی گشتی. لەڕاستیدا موسڵمانان لەو پەیماننامەیەدا کە لە ساڵی حودەیبیە لەگەڵ قورەیشدا واژۆکرا، ستەم و بەکەم سەیرکردنی پێگەو پایەی پێغەمبەریان تێیدا بەدیکرد، بەڵام لە مەسەلەی ڕەوانەکردنی سوپاکەی ئوسامەدا ئەوا چۆڵکردنی مەدینە لە گەورە هاوەڵان لە کاتێکدا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نەخۆش بوو و لەسەر جێگا بوو، کارێک بوو مایەی بێتاقەتی زۆرێک لە هاوەڵان بوو، ئیبن تەیمییە پێیوایە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە چاوپۆشین لە بواری ئەو سەرپێچییە بە ڕەهایی بە گوناهێک دادەنرێ و پێویستە تەوبەی لێبکرێ، ئینجا جارێکیتر دێتەوەو دەڵێ ئەو شتەی لە حودەیبیە وای لە موسڵمانان کرد بریتی بوو لە (خۆشەویستی خواو پێغەمبەرەکەی و ڕقبوون لە بێباوەڕان، هەروەها حەزکردنیان بە باڵادەستی باوەڕ بەسەر بێباوەڕیدا، بۆ ئەوەبوو تا ستەم و مەغدوریەت ڕوونەکاتە باوەڕداران لەلایەن بێباوەڕانەوە، ڕایان وابووە کە شەڕکردن لەدژیان لەو ئاشتەواییە خۆشەویسترە کە ئەو ستەمەی لەخۆگرتووە)[١].

زۆر گرنگە دووپاتبکرێتەوە کە سەرپێچی لە فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە سنوری پێداچوونەوەیەکی بێدەنگانەدا ماوەتەوە، ئەمەش بۆ هاندانی پێغەمبەر بووە بۆ گۆڕینی فەرمانەکانی، بە هیچ جۆر کردەیەکی سەرپێچی پێیەوە نەلکاوە کە پێداگری لەسەر سەرپێچی ڕەنگبداتەوە تیایدا یان نەهێشتنی بەرژەوەندی کۆمەڵگای موسڵمانی تێدا بێت، ئەمەش وامان لێدەکات جیاوازی بخەین لە نێوان ئەو سەرپێچییەدا لە سنوری ڕادەربڕیندا ڕوودەدات کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) پانتاییەکی بەرفراوانی لە پەیوەندی سیاسیانەی خۆی بە هاوەڵانەوە بۆ ڕەخساندبوو، وە لە نێوان سەرپێچییەکدا کە پەیوەستە بە کردارێکی پێچەوانەوە، دواجاریش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کۆمەڵگای موسڵمان.

مامۆستا تاهیر بن عاشور لە تەفسیرەکەیدا بەوردی وەستاوە لەسەر مەسەلەی سەرپێچی لە فەرمانەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەویش لە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا

١٠- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج٨، ص٤١١.

﴿عَنكُمۡۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضۡلٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾آل عمران: ١٥٢. واتە: (بێگومان خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆ ئێوە بردە سەر -لەسەرەتای بەرپابوونی غەزای ئوحودا-، هەر بە یارمەتی ئەو زاتە دوژمنان شکان و پاشەکشەیان کرد، هەتا ئەو کاتەی کە ساردی ڕووی تێکردن و بووبە کێشەتان لەسەر هەندێ دەستکەوت!! هەروەها هەندێکتان فەرمانی پێغەمبەرتان شکاند و سەنگەرتان چۆڵکرد، دوای ئەوەی کە چاوتان بڕییە هەندێ دەستکەوتی جەنگ!! دیارە هەتانە دنیای دەوێت و هەشتانە هەر قیامەت و ڕەزامەندی خوای گەورەی مەبەستە، ئەوسا ئیتر دەستی ئێوەی کۆتاکرد و دوژمنان زەفەریان پێبردن، تا تاقیتان بکاتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا خوای گەورە هەر لێتان خۆشبوو، چاوپۆشی لێکردن، بێگومان ئەو خوایە خاوەنی فەزڵە و ڕێزی زۆرە بۆ ئیمانداران). مامۆستا بن عاشور دەڵێ: ئایەتەکە ئەو دەستە تیرئەندازە کە لە جەنگی ئوحود دا ئەرکی پارێزگاری پشتی موسڵمانانیان پێسپێردرابوو بە یاخیبووان وەسفدەکات، ئەمە ئەو مانایە دەگەیەنێ سەرپێچیکردنی فەرمانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە کارێکی ڕاپەڕاندنیشەوە بێت کە سروشتێکی سەربازی کاتی پێداربێت، هەر بە هەموو پێوەرەکان بە گوناە و سەرپێچی ئاینی دادەنرێ. بەڵام تاهیر بن عاشور لە ڕاڤەی ئایەتە پیرۆزەکەدا جیاوازی کردووە لە نێوان سەرپێچیەک کە هۆکارەکەی بە سوک و کەمزانینی فەرمانەکە بێت، وە نێوان سەرپێچییەک کە لە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵیانەوە سەرچاوەی گرتبێ و بەدوای دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی گشتیدا بگەڕێ با ڕاستیشی نەپێکابێت، دەڵێ: (ئەوانەی کە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەریان کرد (درودی خوای لەسەر) بە یاخیبووان ناوبراون، لە کاتێکدا ئەو سەرپێچییە لەبەرئەنجامی ئیجتیهادەوە بووە نەک بە کەم و سوک سەیرکردنی فەرمانەکە، چونکە ئەوان وتوویانە: پێغەمبەری خوا فەرمانی پێداین کە بۆ پارێزگاری لە پشتی موسڵمانان لێرە جێگیر و خۆڕاگربین، کاتێک موسڵمانان سەرکەوتن ئیتر ئێمە بۆ لەم جێگایەدا بوەستین تا دەستکەوتە جەنگییەکانمان لەدەست بچێ، ئەوانە لێکدانەوەی خۆیان کرد و بە ڕای خۆیانیان کرد)، پاشان سێ ئەگەری داناوە بۆ ناوبردنی سەرپێچیکاران بە یاخیبووان لە ئایەتە پیرۆزەکەدا، ئەوانیش بریتین لە[1]:

- جێگاکە جێگای ئیجتیهاد نەبێت، چونکە دەبێ لە شەڕدا ڕاستەوخۆ گوێڕایەڵی فەرمانی فەرماندە بکرێ و هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ نەکرێ.

---

١٠- إبن عاشور، تفسير التحرير والتنوير، مج٣، ج٤، ص١٢٩-١٣٠.

– لێکدانەوەکەیان نەچوو بەو ئاقارەداو بەدوور زانرا و بیانووەکەیان وەرنەگیرا.
– لێکدانەوەکەیان بۆ ڕازیکردنی حەزی سەروەت و سامان بوو، ئەوەش هاوتا نیە بە فەرزی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

پوختەی قسەکە ئەمەیە کە ئاراستەی ئیمانیی هەن هەژموونداری بەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەو گوێڕایەڵییە لە چوارچێوە گشتییەکەیدا هەر بەو شێوەیە لەژێر هەژموونی حەقیقەتی ڕاستاندندا مایەوە، بەڵام ئەوە ڕێگری نەکردووە کە پەیوەست بێت بە بەرژەوەندی گشتییەوە، مادامێ ئەو بەرژەوەندییە وێنای خولگەی بەڕێوەبردنی سیاسیی دەکات، کۆمەڵی موسڵمانیش ڕۆڵی خۆی هەبووە لە دیاریکردنی بەرژەوەندی گشتیدا، ئەو بەشداریەش کە لە ئیجتیهاد و ڕادەربڕینەوە سەرچاوەی گرتبوو، کاریگەرییەکی لەبەرچاوی هەبووە لە چۆنێتی پیادەکردنی کۆمەڵی موسڵمانان بۆ گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەو سیفەتە کە فەرمانڕەوایەکی سیاسییە، ئەمەش ئەو ئاماژەیە دەدات کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی هەروەک لە سوننەتی کرداریدا لە هەندێ لە هەڵوێستی گرنگدا دەردەکەوێ لە هەمانکاتدا چووەتە ژێر هەڵسەنگاندنی کۆمەڵی موسڵمانانەوە، ئەوەش لە ڕووی خێرا چوون بەپیری گوێڕایەڵییەوە یان خاو و خلیچکی نواندن لێی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە کات، بۆئەوەی دامەزراوی پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەیدا یان گۆڕینی بۆ دەربکەوێ، هەموو ئەمانەش لەسەر بەهەندگرتنی بەرژەوەندی گشتی بونیاتنرا بوو.

**٤- چەمکی گوێڕایەڵیی لە یەکەمین ئەزموونی ئیسلامیدا: سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان**

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکاندا ڕەهەندێکی کرداریی ڕوون و ئاشکرای وەرگرتبوو، کە یارمەتیدەر بووە لە دۆزینەوەی هەندێ لە لایەنە سەرەکییەکانی چەمکەکە، کە بەبێ دانانی لە بۆتەی ئەزموونەدا زەحمەتە شارەزایی پێی دروست ببێ، چونکە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکاندا، بەو ئاستە کە ئامرازێکی کۆمەڵگایی بووە لە دەستی جەماوەردا بۆ چاودێریکردنی دەستەڵات و لێپرسینەوە لێی و ڕاستکردنەوەشی ئەگەر پێویست بووبێ، بەو ئاستە کارێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵیانە نەبووە بە مەبەستی پێدانی پشتگیریی سیاسیی کە پێویستی کردبێ بدرێت بە دەستەڵات، یان گوزارشت بێت لە لایەنداریی بۆی، گومانی تێدانیە کەشو هەوای ئیمانیی کە سەردەمی جێنشینە

ڕاشیدەکان پێیەوە ناسراوە -بەتایبەتی سەردەمی هەردوو جێنشین ئەبوبەکری صدیق و عومەری کوڕی خەتتاب- ئەو تێگەیشتنەی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیی و کۆمەڵایەتی قوولکردەوە، بەجۆرێک کە گوێڕایەڵیی سیاسیی دادەنرا بە بەشێک لە پەروەردەی ئیمانی تاک و کۆمەڵگای موسڵمان، ئەمە هاودەمیش بوو لەگەڵ ڕێنماییدا، لەگەڵ فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، هەروەها لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەر لارییەک، بەڕاستی جێنشینە ڕاشیدەکان بە هەڵوێست و ڕەفتارەکانیان ئەو تێگەیشتنەیان چەسپاند، چونکە دەستەبەرکردنی گوێڕایەڵیی سیاسیی خۆی لەخۆیدا ئامانج نەبووە، بەڵکو ئامانج دامەزراندنی پایەکانی شەریعەت و دادگەریی بووە لە کۆمەڵگادا، چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیش یەکێک بووە لە میکانیزمەکانی ئەو ڕێباز و بەرنامەیە، دەتوانرێ بوترێ گرنگترین شتێک کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان جیادەکاتەوە بریتییە لەم دوو مەسەلە سەرەکییە، ئەوانیش:

**أ- بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ڕێسای گوێڕایەڵیی خوای گەورە و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر):**

جێنشینە ڕاشیدەکان هەوڵ و توانای خۆیان خستووەتەگەڕ بۆ گرنگیدان بە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەی، بەوپێیە کە پایەیەکی سەرکییە بۆ تەواوکردنی بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی سیاسیی، بە دانانی لەسەر ڕێڕەوی قۆناغێکی مێژوویی نوێ، لەمەوە ئەوە ئەنجامە بەدەستهات کە گوێڕایەڵیی سیاسیی دانرا بە میکانیزمێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی دەستەڵاتی جێنشینی بە کۆمەڵگاوە، نەک ئامانجێک بێت وزەی کۆمەڵگا و تواناکانی دەوڵەت ئاراستە بکرێن بۆ دەستەبەرکردنی، کەواتە گوێڕایەڵیی سیاسیی بەم پێیە بەرئەنجامی ئەو خواناسیی و پارێزکارییە کە لەناو دەستەڵات و کۆمەڵگادا ڕوێنراوە، ئەوەش لەدوای لەخۆگرتنی هەر لایەنێک -کۆمەڵگا و دەستەڵات- بۆ ئەرکەکان و پشکی خۆی لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی ئەو خواناسییە.

ئەم تێگەیشتنە بۆ پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی بووە هۆی بەیەکگەیشتنی دەستەڵات و کۆمەڵگا لەسەر بنەمای شەریعەت، چونکە دەستەڵات هەوڵینەداوە ڕووپامایی و ماستاو بۆ کۆمەڵگا بکات تا گوێڕایەڵیی ئەو بەدەستبێنێ، یان کۆمەڵێ سودی کاتی دەستبەر بکات کە بڕژێنە ناو شەرعیەتدان بە دەوڵەت، چونکە ئەبوبەکری صدیق داوای شاندی ئەو هۆزانەی بەشێوەیەکی گومانبڕ ڕەتکردەوە کە

هاتبوون دانبنێن بە گوێڕایەڵیی ئەودا بەڵام بە مەرجی نەدانی زەکات[1]. لە عومەری کوڕی خەتتابیشەوە دەگێڕنەوە کە لە یەکەم وتاریدا وتوویەتی: (بەڕاستی عەرەب وەک وشتری دەستەمۆ وان کە شوێن خاوەنەکەی دەکەوێت، دەبا خاوەنەکەی بزانێ بەرەوکوێی دەبات، بەڵام سوێند بە خوای کەعبە من دەتانخەمە سەر ڕێگای ڕاست)[2]، لە هەمان میانەدا گوتەی عوسمانی کوڕی عەففان بۆ کاربەدەستانی دێت کە وتوویەتی: (سوێند بەخوا بەرداشی فیتنەگێڕی دەسوڕێتەوە، خۆشبەختی بۆ عوسمان ئەگەر بمرێ و نەیجوڵاندبێ، خۆتان بێنیازکەن لە خەڵکی و مافی خۆیانیان بدەنێ و داوای لێخۆشبوونیان بۆ بکەن، ئەگەر هاتوو مافی خوا زەوتکرا نەکەن خاتری کەس بگرن)[3].

ڕەتکردنەوەی پێشەوا عەلیش بە هێشتنەوەی هەندێ کاربەدەست و والی لەسەر کارەکانیان لە بەرانبەر بەدەستهێنانی بەیعەتدان بە جێنشینییەکەی هاوتەریبە لەگەڵ ئەم باسەی پێشەوەدا، چونکە کۆمەڵگا وەها پەروەردە بووە کە ڕووپامایی دەستەڵات نەکات لەو شتانەدا کە پەیوەندن بە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی دادپەروەریی و پرەنسیپەکانی شەریعەت، هەربۆیە بەردەوام دەریبڕیوە کە ئامادەباشە بۆ ڕاستکردنەوەی هەر لاریی و چەوتییەک کە لە دەستەڵاتەوە دەربکەوێ.

ئا بەمشێوەیە ئەوا بونیاتنانی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ڕێسای گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی، هەروەک خەلیفە ئەبوبەکری صدیق گوزارشی لێکردووە، لەو ڕووەوە نەبووە کە جۆرێک لە شەرعیەتی ئاینی بدات بە دەستەڵات، یان قایمی بکات و بیپارێزێ دژ بە هەرجۆرە ناڕەزایی و دەرچوونێکی کۆمەڵایەتی لەدژی، ئەوەبوو ئەبوبەکری صدیق کاتێ هەڵبژێردرا بە جێنشین، پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە پلەیەکی باڵا بە ڕوونی و ڕۆشنی خستەڕوو، چونکە خۆی خستە ژێر ڕێسای گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، خۆی ڕادەستی هەر جۆرە سەرئەنجامێک کرد کە لەبەرئەنجامی سەرپێچی ئەو ڕێسایەوە بێتەڕوو، وتی: (گوێڕایەڵم بن لەوەدا کە من گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرم، ئەگەر من سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەیم کرد ئیتر هیچ گوێڕایەڵییەکم لەسەرتان نیە)[4].

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٣، ص٢٤١.

٢- إبن الأثير، عز الدين أبو الحسن علي، الکامل في التأريخ، بيروت: دار الکتب العلمية، ١٩٨٧م، مج١، ص٢٧٧.

٣- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٤، ص٣٤٣.

٤- سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل٢١٠.

جا ئەگەر ئەم باسەی پێشەوە ئاماژە بدات کە دەستەڵاتی جێنشینی هەوڵینەداوە چەمکی گوێڕایەڵیی بۆ دەستخستنی سودی سیاسیی خۆی بەکاربێنێ، ئەوا خستنەڕووی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو زمانە گومانبڕە مەسەلەیەک بووە مانای قووڵی هەڵگرتووە، چونکە ئەو لەلایەکەوە بانگەواز بووە بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگا لەسەر پرەنسیپی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی لە هەموو کاروبارێکدا، لەلایەکیترەوە هەنگاوێک بووە بۆ کۆت و بەندکردنی خودی دەستەڵات بە پێوەرە توند و زبرەکان، لەوەدا کە پەیوەنییان بە دەستەبەرکردنی پرەنسیپەکانی شەریعەتەوە هەیە، کە جێنشین سەرەتا لە خودی خۆیەوە دەستیپێکردووە، وتارەکەی ئەبوبەکر ئاماژەیەکی بەهێز بووە بەو ئاراستەیەدا چونکە قۆناغی دامەزراندنی جێنشینی ئەوەی خواستووە، کە وا لە کۆمەڵگا دەکات پابەند نەبێت بە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتەوە لەبارێکدا ئەو سەرپێچی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، بواری ئەوەشی نەهێشتووەتەوە کە هیچ جۆرە پاساوێکی وەربگیرێ، ئێمەش لای عائیشەی دایکی باوەڕداران دەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنە بەدی دەکەین، کاتێک کە دوای شەهیدکردنی جێنشین عوسمانی کوڕی عەففان وتاری بۆ خەڵکیداو وتی: (ئەی خەڵکینە ئاژاوەگێڕانێ لە خەڵکی ناوچەکان و خەڵکی دەریا و کۆیلەکانی مەدینەوە لەسەر ئەم پیاوە کە دوێنێ بە ستەم کوژرا کۆبوونەوە، ڕقیان لێهەڵگرت و بە کەسانێکی کەم تەمەن ستەمیان لێکرد، لە هاوشێوەی ئەمانەش پێشتر بەکارهێنراون، لە جێگاو شوێنێک پاراستنی دواتر کەوتە چاودێریان و ئەو جێگایەی لێسەندنەوە، کاتێک ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نەبوو، پاساوێکیان نەبوو دەستیاندایە دەستدرێژیکردن، خوێنی پیرۆزیان ڕێژا، شاری پیرۆزیان داگیرکرد، مانگی پیرۆزیان پێشێلکرد و ماڵی حەرامیان زەوتکرد، سوێند بەخوا یەک پەنجەی عوسمان لە پڕ بەزەوی لە شێوەی ئەوانە چاکترە، سوێند بەخوا ئەگەر ئەو شتەی کە پێیەوە دەستدرێژیان کردە سەری گوناهێک بوایە ئەوا لێی پاکبووەتەوە، هەروەک چۆن ئاڵتون لە پیس و پۆخڵیەکەی پاکدەبێتەوە)[1].

ئەم وتارە ئاماژە دەدات کە شەرعیەتی جێنشین لەسەر بنەمای سەرپێچینەکردنی خواو پێغەمبەرەکەی بەرپابووە، چونکە عائیشەی دایکی باوەڕداران پێیوایە کە عوسمانی جێنشین هیچ گوناهێ یان سەرپێچییەکی نەکردووە تا هۆیەک بێت بۆ دەرچوون لەدژی جێنشینییەکەی، ئەمەش قسەیەکە پوختەکەی ئەو تێگەیشتنەی

١- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٣، ص١٠١.

لێدەکرێ کە جێنشینی یەکەم لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا خستییەڕوو، کە لەسەر ڕێسای گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی بونیاتیناوە.

بەڵام ئەو توندگرتنە لە بونیاتنانی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر پرەنسیپی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی، تەنها لە سنوری چەمکی گوناە یان سەرپێچی بە واتا ئاینەکەی نەوەستاوە، بەڵکو -بەتایبەتی لە سەردەمی هەردوو جێنشین ئەبوبەکر و عومەر- هەموو ئەو پرسانەی گرتووەتەوە کە پەیوەندییان بە پیادەکردنی فەرمانڕەواییەوە هەبووە، چونکە سیستمی جێنشینیی توندوتۆڵییەکی لە ڕادەبەدەری لە پیادەکردنی سیاسیدا بەخۆوە بینیوە، ئەوەش لە ڕێگای بونیاتنانی نمونەیەکی ژێرمەندی پراکتیکییەوە کە لەسەر ئاستی دەستەڵات چاوی لێبکرێ، هەروەها لە ڕێگای توندگرتنی لێپێچینەوە لە والی و کاربەدەستان نەک تەنها لەسەر سەرپێچی ئاینی، بەڵکو لەسەر هەڵەی سیاسیی و تەنانەت هەڵەی کەسێتیش لە هەندێ کاتدا، مادامێ بەرژەوەندی کۆمەڵگا ئەوەی خواستووە، لێرەوە، ئەوا ئەزموونی جێنشینیی ڕاشید توانیویەتی ڕوونکردنەوەی پراکتیکی بۆ واتای (گوێڕایەڵی کەسێک ناکرێ کە سەرپێچی خوای گەورە بکات) دەستەبەر بکات، ئەمەش بەجۆرێ بووە کە کردەوەی سیاسیی خراوەتە ژێر ئەو ڕێسایەو بەپێی پێداویستییەکانی توندوتۆڵ کراوە.

ئەمەش بە ڕوونی لە سیاسەتی جێنشین عومەری کوڕی خەتتاب لەگەڵ والییەکاندا دەبینین، ئەوە بوو سەعد کوڕی ئەبو وەققاص و عەمماری کوڕی یاسری لە والیەتی کوفە لابرد، لەکارخستنی عەممار بەهۆی سکاڵایەکەوە بووە کە هەندێ لە دانیشتوانی کوفە وتوویانە: (ئەو بەڕادەی پێویست شارەزای سیاسەت نیەو نازانێ کراوەتە کاربەدەستی چی؟)[1]، دواتریش ئەبو موسای ئەشعەری لە والیەتی کوفە لەکارخست، چونکە کارگوزارەکەی خەریکی بازرگانی بووە لە کوفە[2]، عومەر ڕۆژێکیان وتاریداوەو وتوویەتی: (ئەی خەڵکینە سوێند بە خوا من کاربەدەستانێک ڕەوانە ناکەم بۆتان لە پیاوماقوڵانتان بدەن و ماڵ و سامانتان زەوتبکەن، بەڵکو بۆ ئەوە ڕەوانەیان دەکەم تا ئاینەکەتان و سوننەتتان فێربکەن، جا هەرکام لەوانە والییەکەی بەکاربێنێ بۆ شتێکی جگە لەمانە ئەوا بەرزیبکەنەوە بۆم، سوێند بەو کەسە گیانی عومەری بەدەستە تۆڵەی لێدەکەمەوە، عەمروی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ب٢، ل٤٣٢.

٢- سەرچاوەی پێشوو، هەمان شوێن.

کوڕی عاص ڕاپەڕی و وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئایا ئەگەر یەکێک لە بەرپرسانی موسڵمانان بکرێتە کاربەدەست لەسەر گەلەکەی و تەمبێی هەندێ لە خەڵکەکەی بکات تۆ هەر تۆڵەی لێدەکەیتەوە؟ وتی: ئەی چی، سوێند بەو کەسە گیانی عومەری بەدەستە، تۆڵەی لێدەکەمەوە، ئەی چۆن تۆڵەی لێناکەمەوە کە من پێغەمبەرم بینی تۆڵەی لە خۆی کردەوە، وریابن نەکەن بدەن لە موسڵمانان چونکە زەلیلیان دەکەن، نەکەن باشەیان بڵێن چونکە تووشی فیتنەیان بکەن، نەکەن مافەکانیان زەوتبکەن چونکە بێباوەڕیان دەکەن، نەکەن لە توانای خۆیان زیاتر ئەرک بخەنە ئەستۆیان و تووشی زەحمەتیان بکەن چونکە لەدەستیان دەدەن.

ب- جیاکردنەوەی گوێڕایەڵیی ئاینیی لە گوێڕایەڵیی سیاسیی:

جێنشینیی ڕاشید بناغەیەکی پراکتیکی بۆ جیاکردنەوەی گوێڕایەڵیی ئاینی، واتە گوێڕایەڵیی خواو و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، لە گوێڕایەڵیی سیاسیی پێشکەشکرد، چونکە هەڵبژاردنی جێنشین ئەبوبەکری صدیق بە نازناوی جێگری پێغەمبەری خوا بۆ ئەوە نەبوو سیفەتێکی ئاینی بخرێتەسەر مەڵبەندی جێنشینیی، بەڵکو گوزارشێک بوو لە بەردەوامبوونی قەوارەی سیاسیی دەوڵەتی مەدینە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێساکانی دامەزراند، جێنشین ئەبوبەکری صدیق پێگە سیاسیەکەی خۆی و پایە ئاینییەکەی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) لەیەک جیاکردەوە، لەوەدا کە پەیوەستە بە ئیدارەی دەوڵەتەوە، سەرنجڕادەکێشێ بەلای ئەو تەمومژەدا کە لەبەرئەنجامی وێناکردنی هەردوو پێگەکە بە هاوتای یەک دروست دەبێت، وتوویەتی: (ئەی خەڵکینە من کەسێکم وەک ئێوە، من نازانم لەوانەیە ئێوە شتێکم پێبسپێرن کە لە توانای تەنها پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بووبێت، خوای گەورە موحەممەدی هەڵبژاردووەو فەزڵیداوە بەسەر جیهانیاندا و پاراستوویەتی لە دەردو بەڵاکان، منیش کەسێکی شوێنکەوتەم و داهێنەرنیم، جا ئەگەر ڕاستەڕێم گرت ئەوا بێن بە شوێنمدا، ئەگەریش لامدا ڕاستم بکەنەوە)[١].

جا ئێمە هەروەک ڕوونمانکردەوە کە ئەبوبەکر لە شتێکدا کە پەیوەند بووبێت بە سەرپێچی خواو پێغەمبەرەوە نەگەڕاوە پاساو بۆ جێنشین بێنێتەوە، کە بە حەتمی ئەوەی لا پەسەند نەبووە، ئەوا بەهەمانشێوەش لە ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەتدا لە شتێکدا کە پەیوەست بووبێت بەو هەڵانەوە کە ئەگەری ڕوودانیان

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٣، ص٢٢٤.

هەبووە لێیەوە هەوڵیندەاوە بیانوو بۆ خەڵکی بێنێتەوە، لەبەرئەوە وەبیرهێنانەوەی خەڵکی بە جیاوازی نێوان خۆی و نێوان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە میانەی دانانی چوارچێوەی پەیوەندی لە نێوان فەرمانڕەواو ئوممەتدا، بەجۆرێ بووە کە ببێتە مایەی دۆزینەوەی سنوری جیاکەرەوە لە نێوان گوێڕایەڵیی ڕەهای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە حوکمی بێهەڵەیی و بێگوناهییەکەی، وە نێوان گوێڕایەڵیی سیاسیی کە بۆ جێنیشن دروست دەبێت بە حوکمی ئەو کردارانەی پێیان هەڵدەستێ، بەم پێیەش جێنشین ئەبوبەکری صدیق هات گوێڕایەڵیی سیاسیی بەتوندی بەستەوە بە کردەوەی سیاسییەوە، نەک بە پێگەی جێنشینەوە، چونکە جێنشین بەو سیفەتە کە جێنشینەو بەس شایستەی گوێڕایەڵیی کامڵ نیە، بەڵکو بە هەستانیەتی بەو کردەوانە کە ئەو وەسفە دەیانخوازێت، ئەمەش حاڵەتێکە جیاوازە لە پێگەو پایەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە گوێڕایەڵیکردنی بووەتە فەرز لەسەر ئوممەت، بەو سیفەتە کە پێغەمبەرێکی ڕەوانەکراوە، لە هەموو بارێکدا لە پێگەو پایەی یەکەمدایە.

دەکرێ بوترێ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە سنورردارکەرە پێشووەکانی کە بوار دەدات بە جیاکردنەوە لە نێوان ئەو و نێوان چەمکی گوێڕایەڵیی ئاینیدا بە کردەیی کارپێکرا، ئەوەبوو هەندێ لە هاوەڵان لەنێویشیاندا سەعد کوڕی عوبادە و عەلی کوڕی ئەبو تالیب و ئەوانەی کە لە بەنو هاشم لەگەڵیدا بوون و زوبەیری کوڕی عەوام و خالد کوڕی سەعید کوڕی وەققاص لە سەرەتاوە بەیعەتیان نەدا بە جێنشین ئەبوبەکر، سەعد کوڕی عوبادە مرد و بەیعەتی نەدابوو، جێنشینیش ناچاری نەکردن لەسەر بەیعەتدان پێی، کەچی بە پێچەوانەوەی ئەم پرسە ئەبوبەکری صدیق بە توندی ڕووبەڕووی ئەو هۆزە عەرەبیانە بوویەوە کە هەڵگەڕابوونەوە لە دەستەڵاتەکەی، ئەمەش بە چەند هۆیەکی سەرەکی بوو، گرنگترینیان ئەمانە بوون:

– ئەو یاخیبوونە سیاسییە کە هەندێ لە هۆزە عەرەبییەکان نواندیان دژ بە مەڵبەندی جێنشینی لە مەدینەی پیرۆز، هاودەم بوو لەگەڵ حەڵاڵکردنی وازهێنان لە فەرزی زەکات، کە پایەیەکە لەو پایانەی باوەڕ لەسەریان بەرپا دەبێت، ئەوەبوو لەدوای بوونی ئەبوبەکر بە جێنشین هەندێ لە هۆزە عەرەبەکان شاندیان ناردە لای و داوایانکرد لە بەرانبەر ملکەچبوونیان بە گوێڕایەڵیکردنی با ئەویش بیانبورێ

له زەكات، ئەبوبەكر ئەم داوایەی بەتوندی ڕەتکردەوە[١].

– لەڕاستیدا جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی بۆ دەستەڵاتی جێنشین هاودەم بوو لەگەڵ جوڵانەوەیەکی بەهێزی پاشگەزبوونەوە لە ئاینی ئیسلام کە بەرلە وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) سەریهەڵدابوو، موسەیلەمەی درۆزن لە یەمامە ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکردو ژمارەیەکی زۆر لە شوێنکەوتووانی لە دەوری کۆبووبوونەوە، تەبەری دەڵێ: (موسەیلەمەو تولەیحە کەوتنە گەڕان و کاریان بەهێز بوو، جەماوەری هۆزی تەی و ئەسەد لەدەوری تولەیحە کۆبوونەوە، هۆزی غەتفان کە لە ئازاترینی هۆزەکان بوو پاشگەزبوونەوە و کەسانێ لە کەسە نەناسراوەکان بەیعەتیان پێدا)[٢]، ئەسوەدی عەنەسی لە نەجران ئیدیعای پێغەمبەرایەتی دەکرد، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی پشتیوانیان لێکردو لەدەوری خڕبوونەوە، شەڕێکی هەڵگیرساندو صەنعای داگیرکرد، کە بە ماوەیەکی زۆر کەم بەرلە وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) تێکشکا. جا دەبوو لە بارودۆخی ئاوەهادا بەتوندی بەڕووی هەرجۆرە سەرهەڵدانێکی یاخیبوونی سیاسیدا بوەستی، هەرچەندە هەندێ لە هاوەڵان وەک عومەری کوڕی خەتتاب دوودڵ بوو لە بەگژاچوونەوەی ئەو هۆزە عەرەبیانەدا کە زەکاتیان نەدەدا بە جێنشین، پێیوابووە کە دەبێ ڕای ڕاست و دروستی جێنشینیان لەوبارەیەوە بۆ ڕوونبکرێتەوە.

– جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی هەماهەنگ بوو لەگەڵ کردەوەی جەنگیدا دژ بە مەڵبەندی جێنشینیی، سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە شاندی هۆزە عەرەبییەکان دوای گەڕانەوەیان لەپاش چاوپێکەوتنیان بە جێنشین ئەبوبەکری صدیق هێرشیانکردە سەر شاری مەدینە، تەبەری دەڵێ: (ئەو شاندە کە هاتبوونە مەدینەو گەڕانەوە بۆ ناو هۆزە پاشگەزبووەکانیان پێیانوتن کە خەڵکی مەدینە ژمارەیان کەمەو وایان لێکردن تەماعیان تێبکەن، ئەوانە تەنها سێ شەو مانەوە ئیتر بە شەو هەڵیانکوتایە سەر مەدینە کە هەندێکیان لەدوای خۆیان جێهێشتبوو تا ببنە ڕێنیشاندەریان [٣].

هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە بوونە هۆی ئەوە کە مامەڵەی جێنشین لەگەڵ جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی بە هەمان پلەی توندی مامەڵەکردنی بێت

---

١– إبن خلدون، المقدمة، ج٢، ص٤٩٠.

٢– الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٣، ص٢٤٢.

٣– سەرچاوەی پێشوو، ب٣، ل٢٤٥.

لەگەڵ جوڵانەوەی پاشگەزبوونەوە، بەڵام بە جیاکردنەوەیان لە یەکتر لە ڕووی باوەڕییەوە، ئەوەش لە ڕێنماییەکانی جێنشینەوە دەردەکەوێ کە ئاراستەی سەرکردەی سوپاکانی کرد، کە لە دەوروبەری شار و گوندەکان بوەستن، جا ئەگەر گوێیان لە بانگ نەبوو ئەوا بەزۆر بچنەناویان، ئەگەریش گوێبیستی بانگ بوون بچنەناویان و پرسیار لە خەڵکەکەیان بکەن ئایا زەکات دەدەن یان نا، جا ئەگەر لەوانە بوون کە زەکاتیان دابێت بە جێنشینیی ئەوا لەدژیان نەجەنگن، بەڵام ئەگەر زەکاتیان نەدابێت با شەڕیان لەگەڵ بکەن[1]. جا وێڕای ئەوە وادەردەکەوێ کە ئەنجامەکە هەریەکە، ئەویش شەڕکردنە لەدژی هەڵگەڕاوەکان کە نیشانەیان نوێژنەکردنیان بووە، شەڕکردنیش لەدژی یاخیبووان کە نیشانەیان زەکات نەدان بووە بە جێنشین، ئەمە ئاماژە دەدات بە هەبوونی جیاوازییەکی جەوهەری لە نێوان هەردوو تاقمەکەدا، کە بارودۆخەکان لەو کاتەدا یارمەتیدەر نەبوون لەسەر دەرکەوتنی ئەو جیاوازییە بەڕادەی پێویست.

هۆزە عەرەبەکان کە تازە چووبوونە ناو سیاسەت بۆچوونیان وەهابووە کە دەبێت گوێڕایەڵیی تەنها گوێڕایەڵیی ئاینی بێت، ئەوەش تەنها بە خاوەنی شەرع دەدرێ، مادامێ پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) کۆچی دوایی کردووەو گەیشتووەتەوە بە خوای خۆی، ئیتر هیچ دەستەڵاتێک شایانی ئەوە نیە بەگوێی بکرێ، نەیانزانیوە جۆرێکیتر لە گوێڕایەڵیی هەیە کە دامەزراندنی سیستمی دەوڵەت، هەروەها پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلیش لەسەر ئەو دەوەستێ، لەبەرئەوە دەبوا پرەنسیپی گوێڕایەڵیی وەک پرەنسیپێکی سیاسیی شارستانی پێگەی خۆی دابکوتێ، کە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان لەسەری ڕۆیشتووە بەرلەوە گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا بێت، ئەمەش دەیخواست کارێکی یەکلاکەرەوەی گرنگی بۆ بکرێ، ئەویش خۆی لەو بەرەنگابوونەوەیەی جێنشین ئەبوبەکری صدیق دا وێناکرد بۆ هەردوو جوڵانەوەی هەڵگەڕاوەکان و جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی لە یەک کاتدا، هەربۆیە ئەوەی ناودەبرێ بە (جەنگەکانی پاشگەزبوونەوە) قورسایی گێڕایەوە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و -بەپێی ئەو بارودۆخە کە جێنشینیی لەو کاتەدا ڕێگای پێدەدا- جیایکردەوە لە گوێڕایەڵیی ئاینیی.

جا ئەگەرچی پرسی پاشگەزبوونەوە لە ئاین لە سەردەمی جێنشین ئەبوبەکری صدیق دا پرسێکی تێکەڵ بە جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی بووە، ئەوا جێنشینی

---

١- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨.

سێیەم عوسمانی کوڕی عەففان کێشەیەکی ناوخۆیی ڕاستەقینە بەرۆکی گرت کە پەیوەندی بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە هەبوو، بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامیدا کەسانی ناڕازی لە هەموو ناوچە جیاجیاکانەوە بە مەبەستی فشار خستنەسەر جێنشین یان لەکارخستنی دابارین بەسەر مەدینەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، بەڕاستی ئەو جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسییە گوزارشی لە قەیرانێکی سیاسیی سەختکرد کە سیستمی جێنشینیی شکستیخوارد لە دەورەدانی، چونکە نەبوونی میکانیزمی وردو بە سیستمکراو بۆ چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی، هەروەها نەبوونی ئەو میکانیزمانە کە ڕێسای لابردنی جێنشین جێبەجێ دەکەن، ئەمە جگە لە ڕۆڵی بەنو ئومەییە لە بەڕێوەبردنی ململانێیەکە بەناوی جێنشینییەوە، هەموو ئەمانە ئەو فاکتەرانە بوون کە بەشداریانکرد لە بەردەوامبوونی جوڵانەوەی یاخیبوون و بازدانی بەسەر کۆمەڵێ عورفی ڕەوشتی و هیتریش کە لە ژیانی ئیسلامیدا پێگەیان داکوتابوو، گرنگترینیان ڕێزگرتن بوو لە ڕۆڵی سیاسیی ڕاوێژکاران، ڕێزگرتن بوو لە پێگەی تایبەتی گەورە هاوەڵان، ئەمانەش ئەو پرسانە بوون کە لە تێکشکاندنی جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیدا گرەویان لەسەرکرا، بەڵام ئەمجارە سەرکەوتوو نەبوو تیایدا، لەوانەیە هۆیەکەش لەوەدا بووبێت کە جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیی گوزارش نەبووە لە ڕەتکردنەوەی پرەنسیپی بەردەوامبوونی دەوڵەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە لەسەردەمی جێنشینی یەکەمدا ئەوە بە ڕوونی دەبینرا، بەڵکو هات پشتی بە هەندێ ڕێکار و سیاسەتی هەڵە بەست کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی فەرمانڕەواییەوە بوو، کە سەرئەنجام بووە هۆی گۆڕانگارییەکی بنەڕەتی و هەڕەشەی لەو مۆرکە نمونەییەی جێنشینیی ڕاشید کرد.

جا ئەگەر بێتو بازبدەین بەسەر ئەو پێگەو پایە کاریزماییە کە جێنشین عوسمانی کوڕی عەففان تیایدابوو، هەروەها پێگەی هاوەڵێتی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) -کە ئەوە بە کردەیی لە جوڵانەوەی یاخیبوونی سیاسیدا ڕوویدا-، ئەوا عوسمان بە پێوەرە سیاسییەکان کەسێک بووە چووەتەوە سەر دەمارگیریی ئومەوی کە خاوەنی دەستەڵات و حوکمڕانی بوون لە قورەیشدا، ئەمەش وایکرد عوسمان -بێ ویستی خۆی- ببێتە ڕووکارێک بۆ ململانێیەکی شاراوە، بە خراپ لێکدانەوەی زۆرێک لەو بڕیارانەش کە جێنشین دەریدەکردن لە پشتەوەی ئەم بەڵایەوە بوون، ئەمە جگە لەوە کە هەڵبژاردنی عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) بە جێنشین لە حوکم و لە ئیجتیهادکردندا لەسەر بنەمای ڕێبازی هەردوو جێنشین

ئەبوبەکر و عومەر بوو[1]، ئەم ڕەگەزە سیاسییە: پابەندبوون بە ڕێبازی هەردوو جێنشینەوە، دەرگای لەسەر ناڕەزایی دەربڕین دژ بە عوسمانی کوڕی عەففان کردەوە لە جۆرە مەسەلەیەکدا کە هەدوو جێنشینی پێشوو لە توانایاندا بوو ئەنجامیان بدەن بەبێئەوەی کەس ناڕەزایی دەرببڕێ، عوسمان خۆی لە یەکێک لە وتارەکانیدا ئەمەی خستەڕوو و وتی: (ئێوە بزانن ئەو شتەی کە کردووتانەتە ڕەخنە لەسەر من، خۆتان بۆ عومەری کوڕی خەتتاب دانتان بە هەمان شتدا ناوە...)[2].

نەیاران هەوڵیانداوە ئیجتیهادەکانی جێنشین ئەوانەی کە پەیوەندبوون بە هەندێ مەسەلەی فیقهییەوە بقۆزنەوەو بەگەڕیان بخەن لە ململانێیەکی سیاسییاندا کە دیوی ئەودیوی هێشتا بە تەواوەتی ڕوون نەبووبوویەوە، هەندێک لەو ئیجتیهادانە: تەواوکردنی نوێژ بوو لە مینا، ئەو زیادەیەش خستییە سەر کەعبە، کورتنەکردنەوەی نوێژ لە سەفەردا. وروژاندنی ئەمجۆرە مەسەلانە لەسەرەتاوە بوونە هۆی ئەوە کە بزاوتی یاخیبوونەکە دەربکەوێ و بێتەڕوو، چونکە ئیبن ئەلئەسیر (٦٣٠-٥٥٥ک) دەڵێ: (یەکەمین شتێک کە خەڵکی بە ئاشکرا کەوتنە قسەکردن لەسەر عوسمان ئەو کاتە بوو کە لە مینا نوێژەکەیی تەواوکرد، زیاد لە هاوەڵێکیش ڕەخنەیان لەم کارەی گرت)[3]، هەروەها هەبوونی هەندێ لە هاوەڵان لە ڕیزی نەیاراندا، وەک عەمماری کوڕی یاسر و موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکر لە قۆناغی پێش شەهیدکردنی جێنشین، ئەم کارە لەسەرەتاوە هەندێ شەرعیەتیدا بە بزاوتی یاخیبوونەکە بەو سیفەتە کە بزووتنەوەیەکی ڕاستکەرەوەیە، لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هەر مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی گوێڕایەڵیی قەتیس کرابوو لە ئاستە سیاسییەکەیدا، نەبیستراوە کە جێنشین عوسمان تا ئەو کاتەش هەوڵیدابێت بەرگێکی ئاینی بکات بەبەر ململانێیەکەدا، لە هەمانکاتیشدا پارێزگاریکردووە لە مۆرکی

١- پێشەوا عوسمان لەدوای بوونی بە جێنشین لە یەکەمین وتاریدا ڕایگەیاندووە کە پابەندە بە (ڕێبازی هەردوو جێنشینەوە)، بەو سیفەتە کە سەرچاوەی شەرعیەتی سیاسییەتی، لەو وتارەیدا وتوویەتی: (پاشان من ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆم و قوبوڵمکرد، ئێوە بزانن کە من شوێنکەوتەم و داهێنەر نیم، بزانن کە ئێوە لەدوای پەڕاوی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) سێ شتتان لای منە: شوێنکەوتنی کەسێک لەپێش منەوە بووە لەوەدا کە کۆبوون لەسەری و کارتان پێکردووە، بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی چاکەخوازان بە ڕاوێژکردن بە کۆمەڵ لە شتێکدا کە پێشتر کاری پێنەکرابێت، بەدووربن لە سزام مەگەر لە شتانێکدا نەبێت کە بیکەن و شایستەی سزادان بێت) بڕوانە: الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٤٢٢،

٢- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٣، ص٤٤.

٣- هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٤٩٤.

ئاشتیخوازانەی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکە لەگەڵ نەیارانیدا، بەڵام ئەو کۆتاییە پڕ لە ئێش و ئازارە کە بەسەر جێنشین عوسماندا هات ململانێ سیاسییەکەی لە ڕێڕەوی خۆی گۆڕی و لایدا، چونکە ڕێگایدا بە کردنەوەی دەرگای تێکەڵکردنی نارەزایی سیاسیی بە توندوتیژییەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە کە عەبدوالله کوڕی سەلام کاتێک هەوڵیدا نەیاران پاشگەزبکاتەوە لە کوشتنی جێنشین، هۆشداری لەسەردا، ئەوەبو وتی: (ئەی خەڵکینە، شمشێری خوا ڕامەکێشن لەنێوان خۆتاندا، سوێند بەخوا ئەگەر دەریبێنن ئیتر ناچێتەوە ناو کێلان، نەگبەتینە هاوار بۆ ئێوە دەستەڵاتی ئەمڕۆتان بە دارێکی بچوک ڕاستدەکرێتەوە، ئەگەر بێتو بیکوژن ئەوا بە شمشێر نەبێت دانامەزرێتەوە)(١).

بزاوتی یاخیبوونی سیاسیی بەشێوەیەکی بەرچاو بەردەوامبوو، ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەو یاخیبوونە ڕۆڵێکی سیاسیی لە بارودۆخی نوێدا گێڕا، ئەو ڕۆڵە بەردەوامبوو تا دوای هەڵبژاردنی جێنشینی چوارەم، یاخیبووان مەدینەی پیرۆزیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، هەوڵیاندا لە هەڵبژاردنی جێنشینی چوارەمدا کاربکەنە سەر ئەهلی شورا، ئەو هەڵپەو تەماعە کە هەندێ لە سەرکردەکانیان لە مەدینەی پیرۆز ڕابەرایەتیان دەکرد گوزارش بوو لە هەبوونی ئیرادەیەک بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سیستمی فەرمانڕەوایی لە دەرەوەی شورا، ئەمەش مەسەلەیەک بوو لووتی تەقی بە پێداگری عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە دانانی بە جێنشین لە ڕێگای بەیعەتی گشتییەوە، بەڵام گرفتێکی سەرەکی بەرۆکی بە جێنشینیی نوێ گرت، ئەویش خۆی لە هەبوونی دوو هێزدا وێنا دەکرد کە لەدەرەوەی ڕشتەبەندی فەرمی دەستەڵاتی جێنشینیدا بوون، ئەوانیش بریتی بوون لە: (بکوژانی جێنشین) و (داواکارانی خوێنی جێنشین)، جا هەرچەندە پێشەوا عەلی بەردەوامی مێژوویی شەرعیەتی جێنشینیی ئیسلامی بەرجەستەکرد، بەڵام هەر سەردەمی ئەو گێرۆدەی هەڵکشانی ململانێیەک بوو لە نێوان دوو هێزە ناوبراوەکەدا کە سنوری جێنشینیان تێپەڕاندبوو.

پێشەوا عەلی لە نێوەندێکی کۆمەڵایەتی وەهادا دەستیدایە بونیاتنانی دەستەڵاتی جێنشینیی شەرعی کە کەوتبووە لەدەستدانی متمانە بە گەڕانەوەی خێرا بۆ خاڵی جێنشینیی ڕاشید. وادەردەکەوێ کە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی سەقامگیریدا بووە، با لەسەر حیسابی نمونەی ناوازەی جێنشینیی

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٣، ل٦٧.

ڕاشیدیش بێت، بەتایبەتی لەسایەی بەردەوامبوونی ململانێکان بەبێ یەکلاکردنەوەی بۆ هیچ یەک لە لایەنەکان. لێرەوە گەورەترین زەمینەسازی دەروونی بۆ پەسەندکردنی فەرمانڕەوایی لایەنی زاڵبوو ڕوویدا، ئەمەش زەمینەسازییەکی پێشوەخت بوو کە پێشەوا عەلی هۆشداری لەبارەیەوە دا، لە وتارێکیدا پەردەی لەسەر هەڵماڵی و هۆشداریدا بە هاوەڵانی لە خراپی حوکمڕانی ستەمکاران، وتی: (سوێند بەخوا لەدوای من هەموو پیرۆزییەک پێشێل دەکەن، خانوویەکی قوڕ یان دارین نامێنێت ئەوانە ستەمی خۆیان نەبەنە ناوی، تا بە دووان لە فرمێسکرێژانتان دەوترێ، ئەوە بۆ ئاینەکەی دەگری و ئەوەش بۆ دنیاکەی، تا پشتگیری یەکێکتان وەک پشتگیری کۆیلەیەک بۆ گەورەکەیی لێدێ: ئەگەر لەبەرچاوانیدا بوو گوێڕایەڵیەتی، ئەگەریش دیارنەما لێی جنێوی پێدەدا، کەسێک وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئایا گومانت وایە کە ئەوە ڕووبدات؟ وتی: ئەوە گومان نیە ئەوە یەقینە)[١]. پێشەوا عەلی لەم دەقەدا جیاوازی دەخات لە نێوان گوێڕایەڵیی شەرعی کە سەرچاوەکەی ڕازیبوونە و بەرجەستەبوونیشی لە گوێڕایەڵی خۆیدا بەرجەستە دەکات (بەو سیفەتە پێشەوایەکی هەق و ڕاستە، وە نێوان ئەو گوێڕایەڵیەدا کە سەرچاوەکەی ترسە لە ستەمکاران، ئەوەشی وێکچواندووە بە گوێڕایەڵیی کۆیلە بۆ گەورەکەی: کە ئەگەر لەبەرچاوانیدا بێت گوێڕایەڵیەتی و ئەگەریش دیارنەما جنێوی پێدەدا). وتارەکەش وێنای خوێندنەوەیەکی پێشوەخت دەکات بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی کە دێن بەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیدا.

بەڕاستی کەشوهەوای سیاسیی کە خۆی سەپاندبوو بەسەر جێنشینیی ڕاشید دا ئەوەی دەخواست کە لە میانەیدا بەردەوامبێت لەسەر پڕۆژەکەی خۆی، ئەویش بە هەستان بە جۆرێک لە بونیاتنانی سیاسیی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی، مەبەستیش شکاندنی چەقبەستوویی تیۆریی چەمکەکە بوو، تا وەک ئامڕازێکی زیندوو بەکاربهێنرێ لە جیاکردنەوەی نێوان هەردوو پڕۆژەی (فیتنە) و (جێنشینیی)دا. ئەم هەنگاوە خۆی لەو پێداگرتنەدا بینیەوە کە نێوان هەردوو ڕەگەزی گوێڕایەڵیی و پشتگیری پێکەوە دەبەستێ، بەدەگمەن لە وتارەکانی پێشەوا عەلی لەدوای بوونی بە جێنشین وتارێک ببینی کە خاڵی بێت لەو پێکەوەبەستنە. تەبەری تێبینی ئەوەی کردووەو لەم گوتەیەدا دەڵێ: (کاتێ پێشەوا عەلی لە خەڵکی مەدینە ئەوەی بینی کە بینی، ئیتر ڕازی نەبوو تەنها بە گوێڕایەڵیان بۆی تا نەیسەلمێنن کە پشتگیریشی لێدەکەن).

---

١- الدينوري، إبن قتيبة، الإمامة والسياسة، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م، ج١، ص١٢٥.

وادەردەکەوێ بەبێ شارەزابوون بەو بارودۆخانەی کە هاودەمی جێنشینیی پێشەوا عەلی بوون، زۆر زەحمەت بێت پەی ببرێ بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و پێگەکەی لە فیقهی ئەو پێشەوایەدا، کە بە نائومێدبوونی لە نزیکترینی کەسەکان لێیەوەو دەرچوونیان لە بەگوێکردنی کۆتاییهات، سەرچاوەکان زۆرێک لەو ئاستەنگانە دەگێڕنەوە کە تووشی پێشەوا عەلی بوون لە هەوڵدانی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانانی لەسەر گوێڕایەڵیی و ملکەچکردن بۆی، ئەمەش وامان لێدەکات زیاتر پەی بە گرنگیدان بە مەسەلەی گوێڕایەڵیی ببەین لە فیقهی ئەو پێشەوایەدا، لە وتارێکیدا سکاڵا لە نائومێدبوونی لە پشتوانەکانی دەکات و دەڵێ: (سوێند بەخوا حەزمدەکرد نە بتانبینم و نە بتانناسم، سوێند بەخوا پەشیمانم و سنگم پڕە لە تووڕەیی و ڕق، مردنتان نۆشکردم و بە یاخیبوونتان و نائومێدبوونم لێتان بوونە مایەی ئەوە ڕاو بۆچوونم خراپ ببێت، تەنانەت قورەیش وتیان عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئازایە بەڵام نەشارەزایە بە شەڕ، سەیرە!! ئایا ئەوانە کەسێکیان تێدایە لە من شارەزاتر و لە من بە ئەزموونتر بێت، من لە تەمەنی بیست ساڵییەوە لەناو جەنگدام، وا ئێستەش کە لە شەست ساڵ زیاترم هەر لەناویدام، بەڵام قسەم لەسەر کەسێک نیە کە گوێڕایەڵ نەبێت)[١].

هەموو ئەم ڕەگەزانە پێکەوە وایان لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی کرد لە فیقهی پێشەوا عەلی دا ببێتە سەنتەر، گوێڕایەڵیی لای ئەو وابەستەبوو بە پشتگیری و سەرخستنی جێنشینەوە، ئەمەش بەو سیفەتە کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی بەیعەت و لە ڕاوێژکردنەوە سەرچاوەی گرتووە، لێرەوە لەکارخستنی جێنشینی ڕەتکردەوە مەگەر لەبارێکدا نەبێت شتێکی لێ ڕووبدات و بخوازێ لاببرێ، بەمجۆرە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای ئەو بەرهەمی کارلێکی فیقە بوو بە واقیعەوە، لە هەمانکاتیشدا بەرپابوونی گوێڕایەڵیی لەسەر ڕازیبوون لە فیقهی پێشەوا عەلی دا، وایکرد کە جیاکاری بکرێ لە نێوان دوو تاقم لە خەڵکی لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندی بە بەیعەتەوە هەیە، تاقمی یەکەم ئەوانە بوون کە بە هەڵبژاردنی ڕای فیقهی خۆیان دوورەپەرێز گرت لە فیتنەکە، پێشەوا عەلی پێیوابوو ئەوانە (خەڵکانێکن کە هەقیان نائومێدکردو پشتگیریان لە ناهەق نەکرد)[٢]، بەڵام تاقمی دووەم ئەوانە بوون کە بەبێ پاساوی شەرعی بڕواپێکراو یاخیبوون لێی، کوشتنی جێنشین

---

١- الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر، البيان والتبين، بيروت: دار صعب، ١٩٦٨م، ص١٧٠.

٢- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٢، ص١٩٢.

عوسمانی کوڕی عەففانیان قۆستەوە هەروەک ئەوانەی کە لە شام یاخیبوون لێی، پێشەوا عەلیش بە دەرچووان لە گوێڕایەڵیی سەیریکردوون و دەبێت بهێنرێنەوە ناو گوێڕایەڵیی، مەعلومە کە پێشەوا عەلی لەو شەڕەی لەگەڵ خەڵکی شامدا تەنها پشتی بە دەستەڵاتە سیاسییە واقیعیەکەی نەبەستوو بەڵکو بە دەستەڵاتە زانستی و فیقهییەکەشی، لە هەموو ئەمانەش گرنگتر پێگە کاریزماییەکەی بەو سیفەتە کە کۆتا هێڵی بەرگری بوو لە پڕۆژەی جێنشینیی ڕاشید دا، لەبەرئەوە کەسانی قورئان لەسنگ لەسەرەتاوە لە ڕیزی ئەودا چوونەناو شەڕەکە، بەڵام لەدوای جەنگی جەمەل ئیتر گەورە هاوەڵان یان کەناگیرییان هەڵبژارد یان لە ڕیزی ئەودا چوونە جەنگەوە، بەڵام بەکارهێنانی دەستەڵاتە فیقهی و کاریزماییەکەی لێوانلێو بووە لە خواناسیی و پارێزکاریی و بەرپرسێتی ئیمانیی، ئەو نەهاتووە دەرچوون لە گوێڕایەڵی ببەستێتەوە بە بێباوەڕییەوە، تەنانەت بەرانبەر بە خەواریجەکانیش کە جیابوونە لێی و تۆمەتی بێباوەڕییان دایە پاڵی، کاتێک لەبارەی خەڵکی نەهرەوانەوە پرسیاریان لێکرد کە: (ئایا ئەوانە بێباوەڕن)؟ وتی: ئەوانە لە بێباوەڕی هەڵاتوون، وترا: ئایا دووڕوون؟ وتی: دووڕووەکان بە کەمی نەبێت زیکری خواناکەن، ئینجا وتراوە: ئەی ئەوانە چین ئەی پێشەوای باوەڕداران؟ وتی: ئەوانە برامانن سنوریان بەزاندووە، ئێمەش بەو دەستدرێژیەیان لەسەرمان لەدژیان جەنگاین)[١].

## دووەم: شیکاری بونیادی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی

### ١- شیکاری فەرهەنگیی و زاراوەیی

أ- شیکاری فەرهەنگیی بۆ وشەی (گ و ع):

هەموو فەرهەنگە زمانەوانییە عەرەبیەکان لەژێر وشەی (گ و ع) دا باسیان لە لەفزی گوێڕایەڵیی (الطاعة) و داتاشراوەکانی کردووە، لە کتێبی (العین) ی فەراهیدی دا (١٧٥ک.م) هاتووە کە: (گوع: پێچەوانەی پێناخۆشبوونە، دەوترێ: لتَفعَلَنَّهُ طوعاً أوكَرْهاً، واتە هەردەبێت بیکەیت بە پێخۆشبوون یان بە پێناخۆشبوون، هەروەها دەوترێ: طاعَ لهُ....[٢]، واتە ملکەچی بوو، جەوهەریش (٣٩٣ک.م) لە فەرهەنگەکەیدا بەناوی (الصحاح فی اللغه) هەمان ئەو مانایانەی هێناوە کە فەراهیدی باسیکردووە، بەڵام هاتووە ڕەگەزی شوێنکەوتنی بۆ زیادکردووەو وتوویەتی: (وگاع لە یگوع،

---

١- إبن كثير، البداية والنهاية، ج٧، ص٢٩٠.

٢- الفراهيدي، الخليل بن أحمد. كتاب العين، بيروت: دار ومكتبة الهلال، ج٢، ص٢١٠.

واته ملکەچی بوو ملکەچییەکی شوێنکەوتن)، زمانی ملکەچی ئەوە نیە واتە دوای ناکەوێ.....)[١]، لە ئەبو یوسفیشەوە ئەم گوتەیە زیاد دەکات کە وتوویەتی: (یقال لە قد أگاع النخل والشجر)، واتە گەیشت بە بەرهەمەکەی و وایلێهات بڕنرێ، هەروەها دەوتری قد أگاع لە المرتع واتە بۆی فراوان بوو و توانای پێدرا کە ئاژڵ تیایدا بلەوەڕێنرێ[٢].

ئیبن فارس (٣٩٥ک.م) لە فەرهەنگەکەیدا بەناوی (مقایس اللغە) ڕەگەزی شوێنکەوتنی کردووەتە بەڵگەی ملکەچی، دەڵێ: وشەی (طوع) گا و واو و عین یەک بنەمای ڕاستن و مانایە لەسەر شوێنکەوتن و ملکەچی، دەوترێ گاعە یگوعە، ئەگەر ملکەچ بوو لەگەڵیداو لەسەر فەرمانەکەی ڕۆیشت....[٣]، بەڵام زەمەخشەری (٥٣٨ک.م) خۆی لاداوە لە لەفزی ملکەچی و لەفزێکی ماناداری تری هێناوە ئەویش ئیقرارە، لە کتێبی (أساس البلاغە) دا دەڵێ: (طوع: أقرطائعاً، واتە: بەویستی خۆی دانی پێدانا...)[٤].

لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا ئیبن مەنزور (٧١١ک.م) ڕەگەزێکی ماناداری نوێ زیاد دەکات ئەویش (لانَ)یە واتە بایدایەوە بەلایدا....[٥]. دواتر هاتووە واتایەکی سیاسیی ڕوون بە لەفزی گاعە دەدات... بەڵام ڕازی (٧٦٠ک.م) لە فەرهەنگی (مختار الصحاح)دا باسی (گ و ع) ی کردووە، دەڵێ: گوع یدیە واتە ملکەچییەتی[٦]. فەییومی (٧٧٠ک.م)ش لە فەرهەنگی (المصباح المنیر) دا گوێڕایەڵیی و هەبوونی فەرمانێک پێکەوە دەبەستێ و دەڵێ: گوێڕایەڵیی لەبەرئەنجامی فەرمانێکەوە دروست دەبێت.....[٧]. فەیرۆزئابادیش (٨١٧ک.م) بەپێی مانای ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە ﴿ فَطَوَّعَتۡ لَهُۥ نَفۡسُهُۥ ﴾المائدە: ٣٠ هاتووە ئەم مانایانەی خستووەتە سەر ماناکانی تر و دەڵێ: واتە دوای دەروونی خۆی کەوت و گوێڕایەڵیی بوو و هانیدا و هاوکاریکرد و چوو بەدەم داواکەیەوە[٨]، هەر لێرەشدا پارێزگاری لە

---

١- الجوهري، الصحاح في اللغة وصحاح العربية، ج٣، ص١٢٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- القزويني، أحمد بن فارس بن زكريا، معجم مقاييس اللغة، بيروت: دار الجيل، مج٣، ص٤٣١.

٤- الزمخشري، أبو القاسم محمد بن عمر. أساس البلاغة، بيروت: دار صادر، ١٩٩٧م، ص٣٩٨.

٥- إبن منظور، لسان العرب، ج٨، ص٢٣٩.

٦- الرازي، مختار الصحاح، ص٤٠٣.

٧- الفيومي، المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي، ج٢، ص٣٨٠.

٨- الفيروز آبادي، مجد الدين محمد بن يعقوب. القاموس المحيط، بيروت: مؤسسة الرسالة، ج١، ص٩٦٢.

مانای ملکەچیی کردووە.

زوبەیدی کە ساڵی (١٢٠٥ک.م) لە فەرهەنگی (تاج العروس) دا ڕەگەزێکی مانداری نوێ دەخاتە سەر ماناکە ئەویش (عدم الأمتناع)ە واتە: دەرنەبڕینی ناڕەزایی....[١]. بەڵام لە فەرهەنگی (المعجم الوسیط) دا -کە فەرهەنگێکی نوێیە- لەژێر وشەی (طوع)دا مانایەکی نوێ دەهێنێ کە لە فەرهەنگەکانی پێشتردا ئەوەمان نەبینیوە ئەویش فەرمانبەرداریی یان ملکەچییە، دەڵێ: ((وأطاع) فلاناً: واتە گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداریەتی، (الطاعة) واتە گوێڕایەڵ و ڕەزامەندیی، وتراویشە ئەمە لە فەرمانپێکردنەوە دێت)[٢].

ئەم شیکارییە فەرهەنگییە پێشووە بۆ وشەی (گوع) وا دەردەخات کە وشەی ملکەچیی واتای سەنتەری بۆ لەفزی (الطاعة)دا پێکدێنێت، ئەم مانایەش بە چەندین شێوە هاتووە لەوانە: (إمرأة طوع الضجیج أي منقادة له) واتە ئافرەتێک چووەتە ژێر ژاوەژاو و ملکەچی بوو،.... هەموو ئەو فەرهەنگانەی کە ناومانبردن هەر ئەو مانایە دەدەن بەدەستەوە، جگە لە زەمەخشەری کە لە (أساس البلاغه) دا باسی لە مانای ملکەچیی نەکردووە، بەڵام باسی لە ئیقرار کردووە وەک واتایەک بۆ لەفزی (طاعة)، دەکرێ جۆرێ لە مانا نزیکی لە نێوان هەردوو لەفزەکەدا بەدی بکرێت، واتە لەفزی ملکەچیی و ئیقرارکردن، چونکە ئیقرار دەچێتەناو ملکەچییەوە، کەواتە ملکەچبوون بۆ فەرمان یان بۆ فەرماندە لەدوای ئیقراکردن نەبێت بەوەی کە مافی ئاراستەکردنی فەرمانی هەیە ڕوونادات، کەواتە ئیقرار هەروەک فەراهیدی دەڵێ (بریتییە لە داننان بە شتێکدا)[٣].

ب- مانای زاراوەیی لەفزی گوێڕایەڵیی (الطاعة):

جورجانی (٨١٦ک.م) پێناسەی (طاعة) دەکات و دەڵێ: (بریتییە لە ڕازیبوون بە گوێڕایەڵیی، بەم پێیەش دەکرێ بۆ غەیری خوای گەورەش هەر دروست بێت، لای موعتەزیلەش ڕازیبوونە بە ئیرادە)[٤]. ئیبن حەجەری عەسقەلانی (٨٢٥ک.م) دەڵێ: (بریتییە لە ڕاپەڕاندنی ئەو شتە کە فەرمان بە کردنی دراوە، وازهێنان لەو شتەش کە قەدەغەکراوە، یاخیبوونیش پێچەوانەکەیەتی)[٥]. مەنناوی (١٠٣١-

---

١- الزبیدي، تاج العروس من جواهر القاموس، ج٢١، ص٤٦١.

٢- مجموعة مؤلفین، المعجم الوسیط، أسطنبول: دار الدعوة، ج٢، ٥٩١.

٣- الفراهیدي، کتاب العین، ج٥، ص٢٢.

٤- الجرجاني، التعریفات، ص٤٧٧.

٥- الصلاحات، معجم المصطلحات السیاسیة في تراث الفقهاء، ص١٦٣.

٩٣٢ك) دەڵێ: ((الطاعة) واتە لای ئێمە ڕازیبوونە بە فەرمان، لای موعتەزیلەش ڕازیبوونە بە ئیرادە، هەروەها پێناسەی کردووە کە بریتییە لە هەر شتێک ڕازیبوون و نزیکبوونەوەی لە خوا تێدابێت و دژەکەی سەرپێچییە) پاشان دەڵێ: (طوع ملکەچبوونە بە ئاسانی، الگاعە ش هەروەک ئەو وایە....[١]. کەفەوی (١٠٩٤ک.م) دەڵێ: (الطاعة: جێبەجێکردنی ئەو شتانەیە فەرماندراوە بە کردنیان با سوننەتیش بن، وازهێنانە لەو شتانەش قەدەغەکراون با ناپەسەندیش بن)......[٢].

ئاشکرایە کە پێناسەی زاراوەیی زیادەیەکی نەخستووەتە سەر مانای زمانەوانی لەفزی (الطاعة) هەروەک لە فەرهەنگەکاندا هاتووە، بەڵام جەختیکردووە لەسەر مانای ڕازیبوون کە مانایەکی سەرەکییە، بە پێچەوانەی پێناسە زمانەوانییەکان کە (واتای ملکەچیی لە پلەی یەکەم دادەنێن، لەگەڵ ئاماژەدان بەوە کە هەندێ فەرهەنگی زمانەوانی بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن جیاوازی بکەن لە نێوان ملکەچیی و ڕازیبوون، لەگەڵ هەبوونی پەیوەندییەکی مانایی ڕوون لە نێوانیاندا....

لەڕاستیدا جەختکردن لەسەر مانای ڕەزامەندیی، واتە ڕازیبوون بە فەرمانەکە، پێماندەڵێ کە دەکرێ لێیەوە جیاوازی نێوان فەرمان و فەرماندار دەربێنین، لەسەر ئەم بنەمایەش دەتوانرێ بوترێ کە گوێڕایەڵیی سیاسیی بە مانا زاراوەییەکەی بریتییە لە ڕازیبوون بە فەرمانەکە نەک بە فەرماندارەکە، چونکە لەوانەیە فەرماندار سەرپێچی یان هەڵەی لێدەربکەوێ، لەبەرئەوە دەڕوانرێتە فەرمانەکە، جا ئەگەر گونجاو بوو لەگەڵ شەرع و بەرژەوەندیدا ئەوا دەکرێ ڕاپەڕێنرێ، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا گوێڕایەڵیی فەرماندار فەرز نیە، ئەمەش بە پێچەوانەی گوێڕایەڵیی ئاینییەوەیە، کە تیایدا پشت بە فەرماندار دەبەسترێ چونکە سەرپێچی لەو زاتەدا بوونی نیە.

لەلایەکیترەوە ئوسوڵییەکان گرنگیانداوە بە جیاکردنەوەی نێوان ڕازیبوون بە فەرمانەکەو ڕازیبوون بە ئیرادە لەیەکتر، بەو سیفەتە کە دوو واتای زاراوەیی دژ بە چەمکی گوێڕایەڵین، زۆربەی فیقهناسان و ئەشعەرییەکان -هەروەک بەغدادی دەڵێ- پێیانوایە گوێڕایەڵیی بریتییە لە ڕازیبوون بە فەرمانەکە[٣]، ئیبن نەجاریش

---

١- المناوي، زين الدين محمد عبد الرؤوف. التوقيف على مهمات التعاريف، بيروت: دار الفكر، ط١، ١٤١٠ك، ج١، ص٤٧٧.

٢- الكفوي، الكليات، ص١٥٥.

٣- البغدادي، عبد القادر بن طاهر بن محمد. الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، بيروت: المكتبة العصرية، ١٩٩٥م، ص١٨٣.

ئەم مانایە ڕووندەکاتەوە کە دەبێت ئەو کارەی فەرمان بەکردنی دەکریٚ تەبا بێت لەگەڵ فەرمانەکەدا[1]، واتە کردەوەی فەرمانپێکراو بچەسپیٚ لەگەڵ فەرمانەکەو ملکەچی بێت، بەڵام ڕەزامەندیی ئیرادە ئەوا جەبائی کە لە موعتەزیلەکانە دەڵیٚ: (حەقیقەتی گوێڕایەڵیی لای من ڕازیبوونە بە ئیرادە، هەرکەسیش مەبەستی کەسێکیتر جێبەجیٚ بکات ئەوا گوێڕایەڵیەتی)[2]. جەبائی بەم گوتەیەی هاتووە گوێڕایەڵیی داماڵیوە لە نیەت و مەبەستی کەسی گوێڕایەڵ، بە مەرجیشی نەگرتووە کە دەبیٚ فەرمان هەبێت ئەوسا گوێڕایەڵیش ڕووبدات، وادەبینیٚ هەر مرۆڤێک کارێک بکات کە مەبەستی کەسێکیتری تێدا دەستەبەر ببێت ئەوا گوێڕایەڵیی ئەو کەسەیە، تەنانەت با ئەو کەسەیتر فەرمانداریش نەبێت، یان ئەو کەسە کە کارەکە دەکات لە نیەتیدا نەبێت گوێڕایەڵیی ئەو فەرماندارە بێت.

ئەم باسە مۆرکێکی کەلامی -عەقیدەناسیی- لەخۆدەگریٚ و واتاکانی گرنگن، ئاماژە دەدات بەو سێبەرە مەزهەبی و باوەڕییانە کە خۆی سەپاندووە بەسەر بازنەی توێژینەوەی زاراوەییدا، چونکە موعتەزیلەو ئەهلی سوننە لە ئاست پێناسەی زاراوەیی لەفزی گوێڕایەڵیدا (الطاعة) دوو جەمسەری دژ بەیەکن، ئەمەش بۆ شارەزابوون لە ماناکانی چەمکی گوێڕایەڵیی ئاماژەیە بۆ کەموکووڕیی شیکاری زمانەوانی و زاراوەیی چوونیەک، کە دەرگا دەکاتەوە بۆ گواستنەوە بۆ ئاستێکیتر لە شیکارکردن، ئەویش بریتییە لە شیکاری مەعریفی بۆ چەمکەکە، هەروەک دواتر لەم بەشەدا دەیخەینەڕوو.

**٢- شیکاری ڕەگەزەکانی چەمکەکە:**

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بونیادێکی زمانەوانییە، بۆیە دەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا شیکاری ئەو ڕەگەزانە بکەین کە پێکیدێنن، لەگەڵ ڕەچاوی جیاکاریی نێوان ئەو ڕەگەزەدا کە ڕەسەنە یان سەرەکییە و نێوان ئەوێکیتر کە زیادە یان پەراوێزییە، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو واتاو مانایانە کە لە چەمکەکەدا هەن، کە لەوانەیە شیکاری فەرهەنگی و زاراوەیی باسی نەکردبن، هەروەها دەخوازریٚ شارەزایی هەبێت بە بونیادی چەمکەکە و دانانی لە چوارچێوەی ئەو ڕەوشە مەعریفییە گشتییەدا کە دەچێتەوە سەری، ئەوەش لە ڕێگای خوێندنەوەی چەمکەکە بە خوێندنەوەیەکی مەعریفی و میانەیی لە یەک کاتدا.

---

١- عبد المنعم، محمود عبد الرحمن. معجم المصطلحات والألفاظ الفقهية، القاهرة: دار الفضيلة للنشر والتوزيع والتصدير، ج٢، ص٤٢٠.

٢- البغدادي، الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، ص١٨٣.

**أ- واتا ڕەسەن و لاوەکییەکانی چەمکەکە:**

واتای ڕەسەنی چەمکی گوێڕایەڵیی خۆی لە ملکەچیدا دەنوێنێ، ئەمەش لە شیکاری فەرهەنگیی پێشەوەدا ڕوونە، بەڵام فەرهەنگە زمانەوانییەکان ژمارەیەک ڕەگەزی ماناداری تریان تێدایە، جا بە شوێنکەوتنی پەیوەندی واتایی لە نێوان ئەو لەفزانەدا کە بە مانای گوێڕایەڵیی هاتوون دەبینین کە زۆربەیان دەچنە ژێر مانای ملکەچیی، ئەوەش بەمشێوەیەی خوارەوەیە:

- ڕەزامەندیی.
- خۆش مامەڵەیی.
- لەگەڵچوون.
- شوێنکەوتن.
- نەرمیی.
- ملکەچیی.
- توانایی بەدەمەوەهاتن.
- ڕەتنەکردنەوە.
- لەسەر ڕاهاتن.
- خۆشەویستیی.
- توانایی دەستبەربوون.
- فراوانبوون.
- ئاسانکردن و ڕێگاپێدان.
- هاندان و هاوکاریی.

هەموو ئەم واتایانەش مانای ملکەچیی دەگەیەنن و دەچنەوە سەر ئەو[1]، ئیتر جگە لەو نزیکییە کە لە نێوانیاندایە، وەک نزیکیی نێوان شوێنکەوتن و ڕەتنەکردنەوە، توانایی بەدەمەوەهاتن و ئاسانکاریی، نەرمیی و خۆش مامەڵەیی، بەمجۆرە هەموو ئەم لەفزانە ڕووبەرێکی مانایی بۆ لەفزی گوێڕایەڵیی (الطاعة) پێکدێنن، ئەویش بە مانا زمانەوانییە سەنتەرییەکەی کە ملکەچییە).

فەراهیدی لەژێر لەفزی (قَوْد) مانای ملکەچیی کردووە، دەڵێ: (قود) پێچەوانەی

---

١- لە چارەسەرکردنی مانای لەفزی گوێڕایەڵیی (الطاعة) سودەمان لە شێوازی توێژەر ئەحمەد نەعیم کەڕاعین وەرگرتووە لە لێکۆڵینەوەی بۆ لەفزە نامۆکان. بڕوانە:

- الكراعين، أحمد نعيم، علم الدلالة بين النظر والتطبيق، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٣م، ص١٣-١٧.

(السوق)ە، واتە: قود واتە لەپێشیەوە ڕێدەکات و ئەویش بەدوایدا، بەڵام السوق بە مانای لێخوڕینی لەدواوە دێت، (قیاد) یش ئەو ڕەشۆیەیە کە بەهۆیەوە ئاژەڵێک یان شتێکیتر ڕادەکێشی....[1]. فەراهیدی چەند لەفزو دەستەواژەیەکی تری لەمبارەیەوە هێناوە کە هەموویان ئاماژە بە کۆمەڵێک مانا دەدەن، هەمووشیان بەدەوری لەفزی ملکەچیدا دەسوڕێنەوەو ماناکەی پێکدێنن، ئەوانیش ئەمانەن:

- هەبوونی سەرکردەیەک کە پێش کاروانەکە کەوتبێ و دیارترین شوێن داگیربکات تیایدا.
- سەرکردەکە لەپێش وشترەکەوە ڕێدەکات و ئەویش بەدوایەوەیە، ئەمەش پێچەوانەی لێخوڕینە.
- سەرکردەکە وشترەکە یان ئەسپەکە لە جێگایەکی مەعلومیەوە ڕادەکێشێ بەدوای خۆیدا.

زەمەخشەری دەڵێ: (مقود) ڕەشۆیەکە لە ملی وشتردا و پێی ڕادەکێشرێ[2]، بەم پێیە ئەوا مانای ملکەچیی بەرلەوە ماناکانی تری تێکەڵ ببێت خۆی لە پێشخستنی سەرکردە و پێدانی مافی سەرکردەییدا دەبینێتەوە، واتە توانای هەبێت ڕابەرایەتی کۆمەڵێک بکات.

شتێکی سروشتییە کە بە تەنیشت مانای ڕەسەنی هەر لەفزێک، مانای تری زیادە بوونیان هەبێت، کە ببنە ڕەنگدانەوەی زۆرێک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، بەو سیفەتەش کە نزیکن لە مانای سەنتەریی چەمکەکەوە ئەوا یارمەتیدەرن لەسەر ئەنجامدانی ئەرکی مانایی بۆی، هەندێ لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان ناوی (القیم الحافة -واتە بەها قەراغییەکان- یان پەراوێزییەکان) دەدەن بەسەر ئەمجۆرە مانایانەدا، واتە بەهای سەنتەریی چەمکەکە دەورە دەدەن[3]، پەیوەندی نێوان واتا سەنتەریی و لاوەکییەکان دادەنرێ بە دەرگایەکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە چارەنووسی پەرەسەندنی چەمکەکەو ئەو بارە کە تیایدا جێگیربووە، چونکە ئەگەری هەیە بە حوکمی هەر پەرەسەندنێک مانا پەراوێزییەکان بگۆڕدرێن بۆ سەنتەریی، هەروەها بۆی هەیە مانای سەنتەریی چەمکەکە ببێتە پەراوێزیی، بۆیە دەکرێ لەمبارەیەوە ئەم چەند تێبینیەی خوارەوە تۆماربکەین:

---

١- الفراهيدي، كتاب العين، ج٥، ص١٩٦.

٢- الزمخشري، أساس البلاغة، ص٥٢٦.

٣- عبد الجليل، منظور، علم الدلالة ومباحثه في التراث العربي، دمشق: أتحاد كتاب العرب، ٢٠٠١م، ص٢٠.

**تێبینی یەکەم:** هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ڕەگەزە مانادارەکان کە پەیوەنییان بە مانای ڕەسەنی ملکەچییەوە هەیە، جۆرێک لە فراوانیی مانای بۆ چەمکەکە دروستکردووە، ئەوەش بەجۆرێ کە لەفزی گوێڕایەڵیی ئەم هەموو مانایانە لە زەیندا دەوروژێنی، ئینجا بۆچوونێکی دیاریکراو بۆ لایەنی گوێڕایەڵکراو دەکێشێ، ئیتر ئەو لایەنە کەسێک یان دەوڵەت یان هۆز یان دامەزراوەیەک بێت، ئەمە بەو مەبەستەیە تا ئەو بۆچوونە ببێتە دەفرێک و هەموو ئەو مانایانە بڕژێتە ناوی، ئەم کارەش گرفتێک دەوروژێنێ کە لایەنی زمانەوانی لەفزی گوێڕایەڵی تێدەپەڕێنێ و سەردەکێشی بۆ لایەنی مەعریفی چەمکەکە، چونکە کاتێک ئەو ڕەگەزە مانادارانە بەشێوەی تاک تاک وەردەگرین ئەوا لەوەدا کە پەیوەندە بە بۆچوونی کۆمەڵایەتی بۆ گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی کێشە دروستناکات، بەڵام بۆی هەیە کێشەیەک ڕووبدات کە سروشتێکی مەعریفی هەبێت، ئەویش ئەگەر هاتوو هەموو ئەو ڕەگەزە مانادارە هەماهەنگانە پێکەوە کۆبکرێنەوە، تا لە پێشکەشکردنی بۆچوونێک بۆ دەستەڵاتی سیاسیی پشتیان پێببەسترێ، یان دیاریکردنی جۆرێکی دیاریکراو لە پەیوەندی لە نێوان ئەوان و نێوان کۆمەڵگادا، لەم حاڵەتەشدا بۆی هەیە مانای ڕەسەنی چەمکەکە، واتە ملکەچیی، توانایی لەسەر ڕێکوپێککردنی مانای ئەو ڕەگەزانە لەدەستبدات، چونکە ئەو ڕەگەزانە دەبنە یەک یەکەی زمانەوانی کە دەکرێ مانایەکی سەربەخۆ بدات، ئیتر جگە لەوە کە لەوانەیە هەریەک لەو مانایانە مانای ڕەسەنی چەمکەکە بکاتە دەرەوەو بیبات بەرەو پەراوێز، چونکە مانای خۆشەویستیی -بۆ نمونە- لای هەندێ لە ڕەوتە هزرییە ئیسلامییەکان جێگایەکی سەرەکی لە بونیادی مەعریفیدا داگیرکردووە، تا گەیشتووەتە ئەو ئاستە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی وابەستەیە بە خۆشەویستییەوە، خۆشویستنی دەستەڵاتی سیاسیی وایلێهاتووە هەم بە ئاشکراو هەم بە نهێنی بێت، ڕازیبوونیش بەوەی کە پێی هەڵدەستێ -نەک تەنها ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی- لە تێڕوانینی هەندێ کەسەوە فەرزە، هەروەها مانای ڕەزامەندیی، کە لەیەک کاتدا مانای زمانەوانی و زاراوەیشی هەیە، لەوانەیە لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندە بە هەڵوێستگرتن لە ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی دەستەڵات ،جۆرێک لە گرفت لە زەینی هەندێکیاندا دروستبکات، بەتایبەتی ئەگەر بلکێنرێ و وابەستە بێت بە مانای وەڵامدانەوەو بەدواداچوون ودەرنەب َرینی ناڕەزایی، کە لەوانەیە هەندیکیان وا لە لەفزی ڕەزامەندیی تێبگات کە هەموو ئەم مانایانە دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە ئەو لە بنەڕەتدا لە کۆدەنگیی و ڕێککەوتنەوە هاتووە نەک لە شوێنکەوتنەوە، (ڕەزامەندیی

به مانای ڕێکەوتن، لە فڵانە شوێندا گەیشتم بە فڵانەکەس، لەگەڵ فڵانەکەسدا ڕێکەوتین لەسەر فڵانەکار)[1].

هەمان شت دەچەسپێ بەسەر واتای نەرمیدا، کە ئاکاری ئامۆژگاری لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا لەسەری بونیات دەنرێ، ئەوەش وەک جێگرەوەیەک -لە هەندێ حاڵەتدا- بۆ ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی، چونکە ئامۆژگاری لە مامەڵەی لەگەڵ دەستەڵاتدا بەرپا دەبێت لەسەر نەرمیی و بەزەیی بەپێچەوانەی ئۆپۆزیسۆن، کە دەبێت توندو زبر بێت، کەواتە ئامۆژگاری بەرپا دەبێت لەسەر وروژاندنی ویژدان، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی لەسەر فشار و کاریگەری ماددی و مەعنەوی دادەمەزرێ، ئەگەرچی ئەمیش هەر خاڵی نیە لە دواندنی ویژدان، دەتوانین تێبینی جۆرێک لە تێکەڵبوون بکەین لە نێوان هەردوو واتای ملکەچیی و شوێنکەوتندا بۆئەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی ببێتە شوێنکەوتن لە هەموو کاروبارێکیدا، ئەمە لە کاتێکدا کە واتای ڕەسەنی ملکەچیی کورتدەکرێتەوە -هەروەک پێشتر ڕوونمان کردەوە- لە پێشکەشکردنی سەرکردەو و بەهێزکردنی بۆ سەرکردایەتیکردن کە لەلایەن کۆمەڵەوە دەستەڵاتی دراوەتێ. بەڵام ئەو گۆڕانکارییە ماناییە گشتییانە کە تووشی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی هاتووە، لەوەدا خۆی نواند کە خڕکردنی چڕوپڕی واتاکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بەو سیفەتە کە هاوواتان، هەروەها ڕێکنەخستنیان لەگەڵ واتای ملکەچیی ڕەسەن، وایکرد کە چەمکی گۆڕانکاری و شۆڕش -با بەشێوەی پلەبەندیش بووبێت- لای زۆرینەی ئاراستەکانی هزری سیاسیی ئیسلامی دووربخرێتەوە.

**تێبینی دووەم:** هەرچەندە ئەو مانا زمانەوانییانە کە بۆ لەفزی گوێڕایەڵیی دانراون مانای گشتی و تێکەڵاون، پەیوەندیشن بە ڕوخسارە فرەجۆرەکانی ژیانی عەرەبی خێڵەکییەوە، بەڵام تا ئاستێکی زۆر هەر ڕەنگدانەوەن بۆ پەیبردنی زمانەوانی بە ڕەهەندی سیاسیی لەفزی گوێڕایەڵیی، ئەمەش لەخوێندنەوەی زمانزانانی وەک فەراهیدی و ئیبن مەنزور و زەمەخشەری و زوبەیدی دەیبینین کە لەفزی گوێڕایەڵیی ڕاست و ڕاست دەدەنە پاڵ مانای سیاسیی.

**تێبینی سێیەم:** پێویستە دوو جۆر لە مانا لاوەکییەکان جیابکرێنەوە لەیەک، جۆری یەکەم: ئەو مانایانە کە خزمەت بە مانای ڕەسەنی لەفزەکە دەکەن. جۆری دووەمیش: خۆی لەو مانایانەدا دەبینێتەوە کە ئەژمار دەکرێن بە گۆڕدرا

---

١- الفراهيدي، كتاب العين، ج٥، ص٢٢٥-٢٢٦.

و لادەر لە مانای ڕەسەنی لەفزەکە. ئەوەی کە پەیوەندە بە جۆری یەکەمەوە، ئەوا باسی ئەو ڕەگەزە مانادارانەمان کرد کە بەدەوری مانای سەنتەری لەفزی گوێڕایەڵیدا دەسوڕێنەوە و دەچنەناویەوە، بەڵام جۆری دووەم ئەوا خۆیان لەو مانا پەراوێزییانەدا وێنا دەکات کە دوورن لە مانای ڕەسەنی لەفزی گوێڕایەڵیی، لەنێویاندا ئەوەی لە (المعجم الوسیط) دا باسکراوە کە ملکەچیی دەچێتە ژێر ڕیزبەندی وشەی (گ و ع)ەوە، کە مانایەکی ڕاستەوخۆ بۆ لەفزی گوێڕایەڵیی پێکدێنێ و هاوتایە بە ملکەچیی، ئەمەشمان لە فەرهەنگەکانی پێشتردا نەبینیوە، چونکە (ملکەچبوون) لەفزێکە لە بوارێکی مانادارى ترەوە گوازراوەتەوە ئەویش بواری خواپەرستییە (پەرستن)ە، چونکە لەم بوارەدا ماناکەی سەنتەرییە، بەڵام لەلای چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی پەراوێزییە.

کەفەوی (١٠٩٤ک.م) لەبەر ڕۆشنایی شیکاری ئوسوڵی هەردوو چەمکی پەرستن و گوێڕایەڵی دا، پێیوایە لەفزی گوێڕایەڵیی گشتگیرترە لە لەفزی پەرستن کە بەگەورە ڕاگرتنی خوای گەورە زاڵە بەسەریدا، بەو پێیە کە (گوێڕایەڵیی بۆ ڕازیبوونە بە فەرمانی خواو فەرمانی کەسیتریش، بەڵام پەرستن بەگەورەڕاگرتنەو مەبەست پێی گەیاندنی سودە دوای مردن)[1]، ئینجا هاتووە جیاکاری دەکات لە نێوان گوێڕایەڵیی و پەرستندا و دەڵێ: (دەکرێ بەگوێی کەسیتری جگە لە خوایش بکرێ لە شتێکدا کە سەرپێچی نەبێت، بەڵام پەرستن بۆ جگە لە خوای گەورە بۆ کەسیتر ناکرێ)[2]، بەمجۆرە جیاوازی نێوان گوێڕایەڵیی کە لە زماندا واتە ملکەچیی، وە نێوان پەرستن کە لە ئەسڵدا واتە ملکەچبوون و زەلیلی کە بۆ جگە لە غەیری خوا بۆ کەسیتر دروست نیە، جا ئەگەر گوێڕایەڵیی تێکەڵ بوو بە ملکەچبوونەوە ئەوا دەبێتە جۆرێک لە پەرستن، چونکە مانای پەرستن لە زماندا گوێڕایەڵیە لەگەڵ ملکەچبووندا[3]، ئێمە دەبینین کەفەوی دەڕوات بۆ جۆرێک لە جیاکردنەوەی مانایی لە نێوان گوێڕایەڵیی و پەرستن لەسەر بنەمای مانای ملکەچبوون، تەنانەت لە بواری خودی ئایندا، لێرەوە گوێڕایەڵیی خواو پەرستنی خوا لێکجیادەکاتەوە، چونکە پەرستن لای ئەو دەرخستنی زەلیلییە، (گوێڕایەڵیش کردنی شتانی فەرمانپێکراوە با فەرزیش نەبن، وازهێنانە لە قەدەغەکراوەکان با ناپەسەندیش بن، کەواتە دانەوەی

---

١- الكفوي، الكليات، ص١٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- إبن منظور، لسان العرب، ج٣، ص٢٧٣.

قەرز و خەرجیکێشانی هاوسەر و کەسوکار و هاوشێوەیان گوێڕایەڵیی خوای گەورەن و پەرستن نین)[1].

لەڕاستیدا کراوەیی هەردوو چەمکی گوێڕایەڵیی و پەرستن لەسەر یەکتر لە ڕووی ماناوە دەبێتە هۆی نەرمیی و توانەوەی هەردوو چەمکەکە، هەربۆیە کەفەوی هاتووە بۆ دوورکەوتنەوە لەو حاڵەتە سنورێکی ڕوون لە نێوانیاندا دادەنێ، چونکە پەرستن دەبێت ماناکانی زەلیلیی و ملکەچبوون و تەسلیمبوون و بەگەورەڕاگرتنی تێدابێت، ئەمەش تەنها مافی خوای گەورەن، کە زەلیلیی و دەروون شکاندن و قێزەونکردنی دەردەکەوێ، هەروەها هەڵگری ڕەهەندێکی قیامەتییە بە پلەی یەکەم: (سودی دوای مردن)، بەڵام گوێڕایەڵیی لە بواری سیاسیدا بریتییە لە کردەیەکی ڕەفتاریی کە لەسەر بنەمای گرێبەست دادەمەزرێ، کە هەر لە بنەڕەتەوە هیچ یەک لەو مانایانەی پێشەوەی تێدا نیە.

**ب- ناوەڕۆکی مەعریفی چەمکەکە:**

شیکاری فەرهەنگی دادەنرێت بە دیاریکەرێکی سەرەکی بۆ مانای لەفزەکە، بەڵام دۆزینەوەی ئەو مانا عەمبارکراوانە کە لەناو لەفزەکەدان تەنها لە سنوری مانا فەرهەنگی یان زاراوەییەکاندا ناوەستن کە سنوردارن بە سنوری ئەو ژینگەیەوە ڕەنگدەدەنەوە تیایدا، یان ئەو تێڕوانینە ئوسوڵییە کە لێیەوە بۆی دەڕوانرێ، بەڵکو ئەوە لە ڕێگای شیکاری مەعریفی چەمکەکەوە ئەنجامدەدرێ، کە یارمەتیدەرە لەسەر دانانی چەمکەکە لەناو ڕەوشێکی مەعریفی دا کە ڕێگا بە دۆزینەوەی مانا نادیارەکانی دەدات، بەو سیفەتە کە چەمکەکە دیاردەیەکی زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە، هەروەها سیستمێکە لەو مانایانە کە ئەزموون و دید و هەڵوێستەکان کورتدەکاتەوە، هاوکات تێڕوانینێکی گشتی بۆ بونەوەر بەرجەستە دەکات.

پێشتر ڕوونمانکردەوە کە مانای ڕەسەنی زمانەوانی چەمکی گوێڕایەڵیی بریتییە لە ملکەچیی، بەڵام مانا زاراوەییەکەی بریتییە لە ڕازیبوون، بەم پێیە گوێڕایەڵیی سیاسیی بریتییە لە ملکەچی بۆ فەرمانی دەستەڵاتی سیاسیی و ڕازیبوون پێی، بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیش وەستاوە لەسەر بەدەستهێنانی ملکەچیی و ڕازیبوون، ئەمە ئەوپەڕی ئەو ئەنجامەیە کە شیکاری زمانەوانی و زاراوەیی پێیگەیشتووە، ئەوە ڕوونە کە ناوەڕۆکە مەعریفییەکانی ملکەچیی و ڕەزامەندیی هەر بە نا مەعلومی دەمێننەوە، کە ئایا ملکەچیی بۆ خوا وەک ملکەچبوونە بۆ مرۆڤ؟ ئایا

---

١- الفيومي، المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي، ج٢، ص٣٨٩.

ڕازیبوون بە فەرمانی خوا وەک ڕازیبوونە بە فەرمانی دەستەڵاتی سیاسیی؟ جگە لەوەش ئایا تا مانای ئەم چەمکە ڕوون ببێتەوە هەر ئەوەندە بەسە بوترێ کە گوێڕایەڵیی خۆی ملکەچییە، یان خودی ماناکە کۆمەڵێ پرسیار بەرهەمدێنێت؟

یەکەمین هەنگاوی شیکاری مەعریفی چەمکەکە بریتییە لە گەڕان بەدوای هەردوو ماناکەیدا: زمانەوانی و زاراوەیی، ئەوەش بەوە دەبێت چەمکەکە بخرێتە ژێر پرۆسەی شیکاری مەعریفی سەرەتایی، کە یارمەتیدەر بێت لە دۆزینەوەی لایەنە جۆراو جۆرەکانی، ئەمەش وادەکات بە گرنگی پەناببرێتە بەر ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانییانە کە زانایانی زمان لەژێر ناوی (علم الدلالە-زانستی مانا) پێشکەشیان کردووەو گرنگیدەدات بە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان لەفز و مانا، هاوکات باس لە کرۆکی وشەکان و ناوەڕۆکیان دەکات، ئەمەش بە مەبەستی هەستان بە جۆرێک لە شیکاری چەمکی(concept analysis) بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی.

لەڕاستیدا زانا لۆژیکییە موسڵمانەکان لە دێرزەماندا دەرگایەکی باشیان کردووەتەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی مانا، کە ڕێگا دەدات بە گواستنەوە لە لەفزەوە بۆ مانا پاشانیش بۆ بۆچوون، ئەمانەش سێ ئاستی تەواون بۆ ئاشنابوون بەسەر ڕێڕەوی پەرەسەندنی وشەکاندا، هاتوون بەمجۆرە پێناسەی زاراوەی ماناگەیەنەر (الدلالة)یان کردووە کە بریتییە لە (ئەو شتەی کە بوونی هەیە وەها بێت کە بۆچوون لەسەری ببێتە هۆی بۆچوون لەسەر شتێکیتر)، کەواتە شیکاری پەیوەندی لە نێوان لەفز و مانادا بەپێی ئەو دەرگایە سەردەکێشێ بۆ بۆچوونێک کە ماناکانی قووڵی لەفزەکە بخاتەڕوو و ڕێکیبخات، وەهاش دەربکەوێ کە نزیکترە لە ڕەوشی مەعریفییەوە، ئەم گرنگیپێدانە مەعریفییە (بۆچوونیە) بۆ مانای لەفزەکان لەسەر ئاستی لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکانیش دەیانبینین، زمانزان و ئوسوڵیەکان گرنگیانداوە بە مانای لەفزی وەزعیی وشەکان، دابەشکراون بۆ سێ جۆر ئەوانیش: چەسپاندن و ناوەڕۆک و پابەندیی، هەریەک لە زانایان جورجانی و غەزالی و ئیبن سینا و ڕازی لەمبارەیەوە قسەی خۆیان هەیە، جورجانی دەڵێ: (ئەو لەفزە کە بە وەزع ماناگەیەنەرە ئەوا بە چەسپاندن ماناکەرە لەسەر تەواوی ئەوە کە بۆی دانراوە....)[1].

لەفز لای غەزالی وەهایە کە: (یان بە شێواز و بە ڕێکخراویەکەی، یان بە ناوەڕۆک و تێگەیشتن لێی، یان بە ماناو ئەقڵگیرییەکەی دەلالەت دەکات لەسەر

---

١- الجرجاني، التعريفات، ص١٣٩.

حوکمەکە، ئەمەش ئەو لێخواستنەیە کە پێیدەوترێ پێوانەگیریی، کە سێ جۆرە: ڕێکخراو و تێگەیشتوو و ئەقڵگیر)[1]، پاشان پێناسەی زاراوەی ماناگەیەنەر (الدلالة) بە تێگەیشتن دەکات و دەڵێ: (نمونە لەسەر تێگەیشتن بە ناوەڕۆک وەک حەرامکردنی لێدان لە باوک، چونکە ڕێگری لە ئۆفکردن لێی وەک دەق بە قەتعی ئەو تێگەیشتنەی لێوەردەگیرێ......)[2]، کەواتە ڕێگری لە ئۆفکردن لە دایباب کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ئەو تێگەیشتنە لە ناوەڕۆکەکەی دەکرێ کە ڕێگریشە لە لێدانیان، ئەمە بێئەوەی پێویستی بە خودی لەفزەکە ببێت ئەو مانایە بگەیەنێ، ئەمەش پێیدەوترێ (پێوانگیریی لەسەر یەکەم)،....)[3].

ئیبن سینا (٤٢٧-٣٧٠ک) جەختدەکات لەسەر ئەو دەستەواژەیە کە ناویناوە بە (گواستنەوەی ئەقڵیی) تا جیکاری بکات لە نێوان دەلالەتی ناوەڕۆک و پابەندیی دا.....)[4]، ڕازیش تا ڕادەیەکی زۆر هەر جەخت لەسەر بۆچوونەکەی ئیبن سینا دەکات....)[5].

لەڕاستیدا توێژینەوەی زمانەوانی و ئوسوڵی ئیسلامی دەلالەتی وەزعیی لەفزەکان تێدەپەڕێنێ و دەڕوات بۆ مانا ئەقڵیی و ناوەزعییەکان،.....هەر لەفزێکیش ئاماژە بۆ ژمارەیەکی زۆر لەو مانایانە دەکات کە هەڵیگرتوون بێئەوەی ڕاستەوخۆ دەریانببڕێ، لەوانەشە ئەو مانایانە ڕەسەن بن و لەناو بونیادی چەمکەکەدا بن، یان میانەیی بن و کاتێ دەربکەون کە چەمکەکە لە میانەیەکی دیاریکراودا دابنرێ.

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیش -بەپێی ئەم شیکارییەی سەرەوە- ئاماژە بە ژمارەیەکی زۆر لەو مانایانە دەدات کە لە کاتی بیستنیدا دادەبارن، گرنگترینیان هەبوونی دەستەڵاتێکە کە فەرمان دەربکات، فەرمانەکانیشی هەڵگری تایبەتمەندی ڕێکخستن بن، هەروەها لە بونیادێکی دیاریکراوەوە دەرچووبن، بەجۆرێ هەموو دەرک بکەن کە ئەو دەستەڵاتە بۆی هەیە فەرمانبدات، ئەرکی هاوڵاتیانیشە گوێڕایەڵی بن، مانا ئەقڵییەکانیش هەر دادەبارن بەسەریدا بەجۆرێ وا لە چەمکەکە بکەن لە حەقیقەتیدا ڕەنگدانەوەی بۆچوونێک بێت بۆ دەستەڵات، هەڵگری تەنها مانای ڕووت نەبن، بەڵکو ڕەگەزی هاندەربن کە بڕۆن بە ئاراستەی داهێنانی

١ – الغزالي، أبو حامد، المستصفى في علم الأصول، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٦م، ص١٨٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٤٦.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٣.

٤- إبن سينا، أبو علي الحسن بن عبد الله. الإشارات والتنبيهات، القاهرة، ط٣، دار المعارف، ١٩٨٣م، ص١٣٩.

٥- الرازي، فخر الدين، المحصول في علم الأصول، الرياض، ١٤٠٠ه، ج١، ص٣٠٠.

میکانیزم و هۆکاری پراکتیکی بۆ چەمکەکە، بەم پێیەش ئەوا چەمکەکە دەبێتە ناوکێکی مەعریفیی بۆ بونیاتنانی دیدگایەکی سیاسیی گشتی بۆ هەر کۆمەڵگایەک.

ئەم فرەجۆرییەی دەلالەتی چەمکەکە ڕێگا دەدات کە ڕەنگی جۆراوجۆر بپۆشێ، جا ئەگەر تەنها لە میانەی سیاسیدا دانرا ئەوا ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نێوان فەرمان و گوێڕایەڵیی، کە تەنها بەپێی هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتییە، ئەگەریش لە میانەی جۆرە مۆرکێکی ئاینیدا دانرا ئەوا دەڕوات بەرەو پەیوەندی نێوان فەرمان و گوێڕایەڵیی کە بەپێی مەرجەعیەتێکی دیاریکراو دەبێت، لەوانەیە چەمکەکەش هەندێ لە ڕوخسارەکانی ئەو مەرجەعیەتە وەربگرێ، جا ئەگەر لە میانە مێژووییەکەیدا بۆی بڕوانرێ ئەوا بەهای بۆماوەیی وەردەگرێ و دەبێتە بەشێک لەو.

مەعلومە کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی پەیوەند نیە بە بوونی هەستێکراوێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەلالەت لە چەند جۆرێک لە پەیوەندییەکان دەکات، ئەمەش وایلێدەکات بچێتەناو بەشی بۆچوون یان مەسەلە ئەقڵگیرەکانەوە، ماناکانیشی والێدەکات ڕوون نەبن یان ناتەواوبن ئەگەر بێتو وەها نەخوێنرێتەوە کە مانای کراوەی ئەقڵین و لە میانەی بونیاتێکی مەعریفیی گشتیدا جێگیر دەبن، سروشتی ئەو بوارە مەعریفییەش کە چەمکەکە تیایدا دەجولێ یارمەتیدەرە لەسەر ئەو کارە، واتە بوارە سیاسییەکە، کە دادەنرێ بە بواری پیادەکردنی پراکتیکی و لەباریدایە هەڵە بێت یان هەموار بکرێ یان ڕاستبکرێتەوە، کە کاریگەرە بە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانە کاتییەکانەوە، قەتیسکردنی چەمکەکە لە مانای زمانەوانیدا وا لە چەمکەکە دەکات کارایی خۆی لەدەستبدات، چونکە لەوانەیە ڕوخسارە فرەجۆرەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی، هەروەها شێوازی پیادەکردنی عەمەلی و دیسپلینەکانی وابکەن کە سنورەکەی بە لایەنی بەرتەسکبوون یان فراوانبووندا بگۆڕدرێ، ئەمەش وابەستەیە بە جووڵەی چەمکەکەوە لە واقیعدا، جووڵەیەک کە مانا نادیارەکانی دەدۆزێتەوە.

تێڕوانین بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەپێی دیدێکی گشتی مەعریفیی یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی مانا بەهادارەکانی، بەو سیفەتە کە ڕووکارە بۆ زۆرێک لە مانا ئەقڵییە ڕووتەکان،... چونکە گوێڕایەڵیی ئامرازێکی سیاسیی یان ڕەگەزێکی ماددی نیە لە بونیادی شەرعیەتی دەستەڵاتی سیاسیدا، بەڵکو بەهایەکی مەعریفییە، حەز و مەیلی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات بۆ ڕێکخستنی هەبوونی کۆمەڵایەتی، واتە کۆمەڵگایەکی سیاسیی، کە هەموو ماناکانی هۆشیاری و توانایی و کارایی هەڵگرتبێ، واتە دەستەڵاتێک لەسەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابێت،

تۆڕێکی زەبەلاح لە پەیوەندییەکان لەنێوان کۆمەڵ و دەستەڵاتدا لەسەر بنەمای ڕێسای مەرجەعیەتێکی گشتی بەرپا ببێت، کە چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ کارلێکەکان لە نێوان هەردوو لایەندا پێکدەهێنێ، کە بوونی باڵایی و بەرزییەکی مەعریفیی مەرجە بۆ بەرپابوونی مەرجەعیەتێکی توندوتۆڵ و هەژموونداربۆ پەیوەندیی لایەنەکانی کۆمەڵگای سیاسیی. بەم پێیەش ئەوا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەشێوەی ئەندامیی نەبەستراوەتەوە بە دیاردەی سەرکردایەتیەوە، واتە سەرکردایەتی تاک یان چەند تاکێک لە هەر کۆمەڵێکدا، کە مانای زمانەوانی لەفزی گوێڕایەڵیی ئاماژەیەکی لەمشێوەیەی تێدایە، چونکە سەرکردایەتی یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی چەمکەکەو ئاماژەدەری کارییەتی، نەک ناوەڕۆکی مەعریفیی بێت بۆی، بەم مانایەش ئەوا سەرکردایەتی مەڵبەندێکی ڕێکخستنەو ڕۆڵی دیاریکراوی هەیە، نەک دیاردەیەکی هەژموونداربێت بەسەر بواری کۆمەڵایەتی یان سیاسیدا، کەواتە هەبوونی سەرکردایەتی بەپێی شیکاریی فەرهەنگی چەمکەکە پێشڕەوی کۆمەڵگا بکات، هەبوونی کۆمەڵگایەکی سیاسیش کە بەلانیکەمەوە ئاستی خوارەوەی هۆشیاری و ڕێکخستنی تێدابێت کە لە ڕووی مەعریفیی و لۆژیکییەوە پێش ئەو سەرکردایەتییە دەکەوێت، کە ئەو سەرکردایەتییە پێشکەش بکات و ئەرک و مەرجەکانی ملکەچبوونی بۆ دیارییبکات، مانای ملکەچبوون لە لایەنی مەعریفیەوە خۆی لەوەدا وێنا دەکات کە بەشێکە لە تۆڕی پەیوەندییە بەرفراوانەکان، ئەویش بەدەوری سێ ئاستی پشتگیرکاری یەکتردا سەنتەر دەگرێ کە بریتین لە: ملکەچبوونی سەرکردە بۆ کۆمەڵ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ملکەچبوونی کۆمەڵ بۆ سەرکردە لەسەر هەردوو ئاستی: سیاسیی و ڕێکخستن، هەروەها ملکەچبوونی کۆمەڵ و سەرکردە پێکەوە بۆ ڕێباز و بەرنامەکە لەسەر هەردوو ئاستی: باوەڕیی و ژیاریی.

بێگومان ملکەچبوونی دەستەڵات بۆ کۆمەڵ بەپێی یەکەمین ئاست لە ئاستەکانی پەیوەندی ملکەچبوون، بەو مانایە نیە کە دەستەڵات فەرمانەکانی لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندی بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیەوە هەیە ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵەوە وەربگرێ، بەڵام بەرپابوونی لەسەر بنەمای ڕازیبوونی کۆمەڵگایی مانای ئەوەیە -لەسەر ئاستی هەمووەکی- ملکەچبوونی بۆ کۆمەڵگایە، ئەوەش بە بەرجەستەکردنی بەهاکان و پابەندبوونیەتی بە ئامانجە گشتییەکانەوە، ئەمەش مافی کۆمەڵگا دەپارێزێ لە دەستێوەردان، نەک لەلایەن دەستەڵاتەوە بەوەی کە پرۆسەیەکی هونەرییە، بەڵکو لەو بنەماو ڕێساو ئەرکانەی کە لەو ئەنجامدانەدا لەسەری بەرپا دەبێت، هەروەها

ملکەچبوونی دەستەڵات بۆ ئیرادەی کۆمەڵگا، ڕێگری لە مافی دەستەڵات ناکات لە کارکردن بۆ پەرەدان بە ئامانجەکانی کۆمەڵگا، یان بەرزکردنەوەی بارەکانی ژیانی ئەوەش لە ڕێگای ئەو تەشریعات یان ئەو بڕیار و ڕێکارانەوە کە دایاندەڕێژێ، چونکە ڕێسای ڕەزامەندیی کە پەیوەندی نێوان هەردوولا بەرز ڕادەگرێ، لە ڕووی پرەنسیپەوە بوار بە دەستەڵات دەدات ئەو کارە ئەنجامبدات.

مەسەلەی ملکەچبوونی دەستەڵات بۆ کۆمەڵگا بە بۆچوونی ئێمە پرۆسەیەکی حەزویستی ئازادنە نیە، چونکە دەستەڵات با نەشچێتە ژێر ڕێنماییە بەئاگاهێنەرەکانی کۆمەڵ بۆی، بەڵام هەر –بە بێگومان– لە هەردوو بازنەی: کات و شوێندا دەچێتە ژێر کاریگەرییە زۆرەکانی، کە دەستەڵات لەنێویاندا دەجوڵێ، هەروەها نەتوانایە لە بەرەنگاربوونەوەی مافی کۆمەڵگا لە دەستێوەردانە کارەکانی دەستەڵات بەو شێوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە. لە بەرانبەریشەوە پێویستی کۆمەڵگا بە هەبوونی دەستەڵات ناچاریدەکات ڕێکارەکانی دەستەڵات لە چەندین بواردا قوبوڵ بێت، مادامێ دەرناچێت لە ئامانج و بەها هەمووەکییەکانی. جا ئەگەر قایلبووین بە هەبوونی پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان کۆمەڵگاو دەستەڵاتدا وەها لەپێشەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەوا دەبێت چوارچێوەیەک هەبێت بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییە، کە لە سێیەمین ئاست لە ئاستەکانی پەیوەندی ملکەچبووندا هەر ئەمەمان مەبەست بووە، واتە ملکەچبوونی کۆمەڵ و سەرکردە بۆ ڕێباز و بەرنامە لەسەر هەردوو ئاستی: باوەڕیی و ژیاریی، ملکەچبوونیش لەسەر ئەو دوو ئاستە بەو مانایە نیە کە میتۆدی یەکگرتن بەو سیفەتە کە ڕاستییەکەو تێهەڵکێشە بە ئاستە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و هیتریشەوە فەرامۆش بکرێ، بەڵکو ئەوە گوزارشە لەوە کە بنەمای بەدەمەچوونی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بۆ میتۆدی یەکگرتن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کۆمەڵ و دەستەڵات یەکەمجار وەڵامگۆی ئەو ڕێبازی باوەڕەو میتۆدە ژیارییە بن، بەجۆرێ کە لایەنەکانی کارایی سیاسیی و کۆمەڵگایی بەرجەستەیەکی پراکتیکی ئەو بەدەمەوەچوونە بن، لەلایەکیتریشەوە ئەوا ڕۆڵی (میتۆد) تەنها ئەوە نیە کە چوارچێوەیەکە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵ و دەستەڵاتدا، بەڵکو هاندەرێکە بۆ دەستەبەرکردنی هەردووکیان لە چوارچێوەیەکی ڕێکوپێک و هاوئاوازدا، چونکە دەبێتە هۆی پێکهێنانی ناسنامەی کۆمەڵ و بە یەکگرتنی هەندێکی لەگەڵ هەندێکیتریدا قەوارەکەی بەهێز دەکات، وا دەکات کە پەیام و ئەرکی ڕەوشتیش بە دەستەڵات بدات، بەبێ ئەمەش ئەوا کۆمەڵ و دەستەڵات دەبنە دوو ڕەگەزی دژ و لەیەک دووردەکەونەوە، جگە لە ڕێسای زاڵبوونی یەکێکیان بەسەر

ئەویتریاندا هیچ بنەمایەک نیە بۆ بەیەکگەیشتنیان و جۆرەها دیمەنی ململانێ لەخۆدەگرێ، کە لەوانەیە بڕوات بۆ دەرەوەی چوارچێوەی ئەو مەرجەعیەتەی لەتوانایدایە ڕێنمایی بدات و کۆنترۆڵکار و هەژمووندار بێت.

ئینجا مانای ڕەزامەندیی زاراوەیی دێت کە جەخت لەو تێگەیشتنە دەکات، تا لایەنی مەعریفی تر بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی بدۆزێتەوە، چونکە بەرزیدەکاتەوەو دەیخاتە ناو ئەو میانە ڕازیبوونە کۆمەڵایەتییە، کە باڵدەکێشێ بەسەر کۆمەڵگایەکی سیاسیدا، هەروەها زەرورەتی هەبوونی ڕێسایەک لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی فەرمان و گوێڕایەڵیی لە کۆمەڵگادا لەسەری دادەمەزرێ، چونکە ڕەزامەندیی هەڵوێستێکی جێگیر نیە تا فەرمانی دەستەڵات دوور لە ڕازیبوونی کۆمەڵگا لەسەری بەرپا ببێت، بەڵکو گوزارشە لەوە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە کرۆک و لە ناوەڕۆکیدا لەسەر گوێڕایەڵیی فەرماندە دادەمەزرێ، ئەمەش گوێڕایەڵییەکی هۆشیارانەیە، دەچێتەناو کرۆکی فەرمانەکەو لە سنوری ڕواڵەت و تەمومژە دیارەکانیدا ناوەستێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە گوێڕایەڵیی گوزارشە لە حاڵەتێکی دەرکپێکردن کە لەسەر دۆزینەوەی ڕەزامەندییە لە نێوان ناوەڕۆکی فەرمانەکەو نێوان کرۆکی بەها ئاینی و ڕەوشتییەکان، هەموویشی لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کارلێکی بەردەوام لە نێوان دەستەڵات و ئوممەتدا ئەنجامدەدرێ، هەروەها لە چوارچێوەی سیستمێک لە پەیوەندییە دەستەڵاتییەکان: فەرمان و ڕەزامەندیدان بە فەرمان، هەروەها لەسەر ئەو بەها و ڕێسا هەمووەکییانە کە کۆمەڵگا دیارییان دەکات یان لای پەسەندن، گوێڕایەڵیش وایلێدێ لەباریدا بێت بەش بەش بکرێ و بگوازرێتەوە بەپێی ڕێڕەوی ئەو پەیوەندییە، هەروەها بەپێی بەهاکان و ڕێسا ڕێکخەرەکانی.

**٣- شیکاری پەیوەندییەکانی چەمکەکە:**

لە شوێنێکی پێشتردا و لە ڕێگای مانای فەرهەنگیی دانراوەوە ئاماژەماندا بە فرە مانایی لەفزی گوێڕایەڵیی، کە ڕێگا دەدات بە گۆڕینی ئەو توخمە مانادارانە بۆ یەکەی زمانەوانی سەربەخۆ، ئەمەش مەسەلەیەکە لەلایەکەوە پەیوەندە بە میانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، لەلایەکیترەوە پەیوەندە بە سروشتی بەکارهێنانە زمانەوانییەکان بۆ لەفزی گوێڕایەڵیی، سروشتی بواری سیاسیش و پەیوەندی بە کاری مەعریفییەوە یارمەتیدەرە بۆ ڕوودانی ئەو کارە، چونکە بواری سیاسیی لە ڕووی میکانیزمەکانی ئاسانکاری ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوارێکی فرە لق و فرەجۆرە و لەتوانایدایە کاریگەر بێت لە میانەی پەرەسەندنی چەمکەکان، ئەو

دەستەڵاتەش کە بواری سیاسیی پڕدەکاتەوە ڕەگەزێکی بێلایەن نیە لە پرۆسەی بونیاتنانی هزری بەشێوەیەکی گشتی، لە بونیاتنانی زمانەوانی بەدیاریکراوی، بەڵکو خاوەنی ئایدیۆلۆژیاو ڕۆشنبیرییە، لەگەڵ ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتییەکان کاردەکەنە سەر یەکتر، لە زۆر حاڵەتیشدا کاردەکات لەسەر دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵیدا.

ئەو گرفتەی لە شیکاری زمانەوانی لەفزەکاندایە بریتییە لەوە کە خستنەڕووی ڕەگەزە مانادارە جەوهەرییەکان لە هەر لەفزێکی سیاسیدا، پرۆسەیەکە گرنگییەکەی کەمدەبێتەوە کاتێ مانا ناڕەسەنەکان دەگۆڕدرێن بۆ بەهای ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی ئەوەش بەکردەی زۆر هۆکارەوە، لەوانە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەلایەن دەستەڵاتی فەرمییەوە، یان کاتێک کە هەندێ لێڵیی و شێواندن دەلکێ بە مانا ڕەسەنەکەوە، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی مانای جیاواز بۆ ئەوانە کە پەیوەندن بە مانای ڕەسەنی لەفزەکەوە، ئەم ئاڵەنگارییە مەعریفییە کە ڕووبەڕووی بنەمادۆزی زمانەوانی چەمکەکان دەبێتەوە، سنورێک بۆ ئەو مەبەستانە دادەنێ کە دەکرێ توێژینەوەی بنەمادۆزی چەمکیی پێببگات.

لەڕاستیدا ئەوپەڕی شتێک کە شیکاری زمانەوانی چەمکەکە پێیدەگات، وەستانە لەسەر مانا ڕاستەوخۆ دانراوەکان، ئەمەش پرۆسەیەکە ئەگەر بە هەنگاوێک دابنرێ بۆ هەستان بە پرۆسەی شیکاری مەعریفی چەمکەکە هەروەک ئاماژەمان پێدا ئەوا بەهای خۆی هەیە، ئەم پرۆسە دوایینە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکەکان بەرپا دەبێت، بەو سیفەتە کە بەهان و یەکەی سەرەکین و لە میانەی چەمکیدا ڕێکدەخرێن کە لە دیدێکی گشتییەوە دەردەچن، بەو سیفەتەش کە قورئانی پیرۆز هەڵگری چەمکە ئیسلامییەکانە و سەرچاوەیانە، ئەوا ناتوانرێ مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکانەدا بکرێ لەو ڕێگایەوە نەبێت کە بدرێنەوە پاڵ سەرچاوەکەیان، بە دانانیان لە میانەی دەقی قورئانیدا، مەعلومە زۆربەی ئەو لەفزانە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون (لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا لەسەر زمان بوون، جا ئەگەر لە سنوری بەرتەسکی کۆمەڵگای بازرگانی مەککەدا بوونیان نەبووبێت، ئەوا بەلانیکەمەوە لەناو یەکێک لە بازنە ئاینییەکانی دوورگەی عەرەبدا بوونیان هەبووە، ئەوەی لەم باسەدا نوێیە تەنها ئەوەیە کە کۆمەڵێ سیستمی چەمکیی جۆراوجۆر هاتوونەتە ناو و ئیسلام کۆیکردوونەتەوە، هەموویانی لەناو تۆڕێکی چەمکداریی تەواو نوێدا

ئاوێتەکردوون کە تا ئێستەش نەناسراوە)[1]. ئەوەی کە -بەرمەبنای ئەوە- پێویستە جەختی لەسەر بکرێ بریتی نیە لە وشەی تاک بەڵکو بریتییە لە (بونیادێکی تەواو) کە وشە ئاوێتەبووە پێیەوە[2]، لەبەرئەوە ئێمە لەم بڕگانەی خوارەوەدا هەڵدەستین بە شیکاری پەیوەندییەکانی چەمکەکە لە ڕووی سەرچاوەو و لە ڕووی میانەی قورئانییەوە.

**أ- شیکاری پەیوەندییەکانی چەمکەکە لە ڕووی سەرچاوەی قورئانییەوە:**

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی سەر بەو کۆمەڵە چەمکەیە کە ئەسڵی شەرعیان هەیە، لەفزی گوێڕایەڵیی و داتاشراوە جۆراو جۆرەکانی (١٢٧) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، چەمکەکە دوو لایەنی سەرەکی لەخۆ دەگرێ:

یەکەم: گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، پێشتر باسی ئەمجۆرەی گوێڕایەڵیمان کردووە، هەروەها سنورەکەی لە قورئان و سوننەتدا، ئینجا نیشانەکانی کاربەدەستانیش.

دووەم: گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایان، سوننەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئەم توێژەی بە زۆر نیشانە وەسفکردووە، هەموویان کۆکن لەسەر لادانی لە خواستەکانی میتۆدی ئیسلامی ئەویش بە هۆکاری خۆویستی و دنیاویستی، هەروەها هێنانی مەینەتی و زەحمەت بەسەر گەل و شتیتریش، لەبەرئەوە بینیمان کە فەرموودە پیرۆزەکان وەسفی جیاواز لە وەسفی کاربەدەستان بەکاردێنێ بۆیان، ئەمەش بەکارهێنانێکە واتای شەرعی خۆی هەیە هەروەک لە شوێنی خۆیدا ڕوونمانکردووەتەوە، وشەی فەرمانڕەوا کە لەم فەرموودەیەی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ لِتَأْكُلُواْ فَرِيقًا مِّنْ أَمْوَٰلِ ٱلنَّاسِ بِٱلْإِثْمِ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴾البقرە: ١٨٨. واتە: (نەکەن ماڵ و سامانی یەکتر بەناحەق بخۆن -لەڕێگەی بەرتیل و سوو یان گران فرۆشی و داگیرکردن و فڕوفێڵ..-، یاخود هەندێکی بەناوی دیارییەوە -دیاری بردن بۆ فەرمانڕەواکان بە بەرتیل دەدرێتە قەڵەم-، بۆ ئەوەی ماڵ و سامان و زەوی و زار و خانووبەرەی خەڵکی بەهۆی دەستەڵاتی ئەوانەوە زەوتبکەن، لە کاتێکدا کە چاک دەزانن کاری وا ڕەوانیە و حەرامە). لەگەڵ تاوانی بەرتیلدا هاتووە، جا هەرچەندە ئەسڵی فەرمانڕەوایی

---

١- حللي، عبد الرحمن. بابەتی (بەکارهێنانی زانستی ماناگەیەنەر -الدلالة- لە تێگەیشتنی قورئاندا، لە خوێندنەوەی ئەزموونی توێژەری یابانی Toshihiko Lzutsu)، کە لە یەکەمین کۆنگرەی زانستی (مامەڵەکردن لەگەڵ دەقە شەرعییەکان -قورئان و سوننەت- لای هاوچەرخەکان) پێشکەشکراوە ¯ الأردن، الجامعة الأردنية ٢٠٠٨م، ص١٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٢.

بریتییه له دادوەریی، بەڵام دادوەریی دادەنرێ بە یەکێک لە کارە گشتییەکان کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی سیاسیی دیاریکراودا بوونی هەیە، ئەمەش بە جۆرێ کە لەفزی فەرمانڕەوایی ببێتە واتایەکی سیاسیی ڕوون[1]، هاوەڵانیش لە یەکەمین سەردەمی ئیسلامدا بەمشێوەیە لێی تێگەیشتوون، ئەوەی کە پەیوەندە بە ڕاڤەی ئەم ئایەتەوە، لە عەبدوڕەحمان کوڕی عەبد ڕەببی کەعبەوە هاتووە، کە لە بۆنەی ئەم ئایەتەدا بە عەبدوالله کوڕی عەمروی وتووە: (ئەوە ئامۆزاکەتە –مەبەستی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بووە– فەرمانمان پێدەدات کە ماڵ و سامانمان بە ناهەق لە نێوانماندا بخۆین و یەکتری بکوژین، خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَٰطِلِ وَتُدْلُواْ بِهَآ إِلَى ٱلْحُكَّامِ ﴾البقرة: ١٨٨ تا کۆتایی ئایەتەکە، عەبدوالله ش هەردوو دەستی کۆکردەوەو لەسەر نێوچاوانی دایناون پاشان وتوویەتی: گوێڕایەڵیی بە لەوەدا کە گوێڕایەڵی خوای تێدایە، لەوەشدا کە سەرپێچی خوای تێدایە بەگوێی مەکە)[2].

جا لەو پێگەیەوە کە قورئانی پیرۆز چوارچێوەی مەرجەعییە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەوا شیکاری ئەم چەمکە لەبەر ڕۆشنایی ئەودا ئاماژە بە هەبوونی ئاوێتەیەک لە پەیوەندییە ناوخۆییەکان دەدات لە نێوان چەمکی گوێڕایەڵیی و نێوان بونیادی دەقی قورئانیدا، کە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەریان لەسەر ئەو چەمکە هەبووە، کاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر لەفزی گوێڕایەڵیی، هەروەها لەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە (بەرەوپێشبردنی وشە زمانەوانییەکەایە)، چونکە دەقی قورئانی (ڕەوشێکی زمانەوانی نوێ پێشکەش دەکات کە دەبێت تایبەتمەندییەکانی لەناو خودی دەقەکەو بونیاد و پێکهاتەکەیدا بدۆزرێتەوە، نەک تەنها لەگەڵ زماندا کە لێیەوە دەرچووە، بەڵکو بە تێگەیشتن لەوەش کە خستوویەتە سەری و میانە قورئانیەکە وشەکانی بەرەوپێش بردووە، کە پرۆسەی ڕاڤەکردنی تەنها بە پشتبەستن بە مانا لەفزییە زمانەوانییەکە ڕاست و دروست دەرناچێ)[3]، شیکاری زمانەوانی هاوچەرخ ئاماژە دەدات کە قورئانی پیرۆز، تەنانەت ئەگەر مانای نوێیش نەخاتەسەر هەندێ لەفزی بەکارهاتووی پێش خۆی، ئەوا هەر –ڕەهەندی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی سەردەمی نەفامیی بۆ زمان– تێدەپەڕێنێ)[4]،

---

١- الحساسنة، حسن. الحاكمية في الفكر الإسلامي، سلسلة كتاب الأمة، س٢٧، عدد١١٨، ٢٠٠٧م، ص٤٧-٤٩.

٢- السيوطي، جلال الدين. الدر المنثور، بيروت: دار الفكر، ١٩٩٣م، ج١، ص٤٨٩.

٣- حللي، عبد الرحمان. (المفاهيم والمصطلحات القرآنية: مقارنة منهجية) س٩، عدد٣٥، ٢٠٠٤م، ص٧١.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

دەقی قورئانی بەهەمانشێوە هەڵدەستێ بە گۆڕینی مانای وشەی زمانەوانی ئەوەش لە ڕێگای (خستنییە ناو میانەیەکی نوێی قورئانییەوەو ئاوێتەکردنی لەناو سیستمێکی چەمکیی جیاوازدا)[1]، ئەم مەسەلەیەش دەبێتە زیادە خستنەسەرێک بۆ چەمکەکە لە ناوەڕۆکی گشتی و ڕەهەندە مەعریفییەکەیدا.

دەتوانرێ بوترێ کە لەفزی گوێڕایەڵیی لە گوتاری قورئانیدا سەرلەنوێ چووەتەوە جێگای خۆی، بەجۆرێ کە قورئانی پیرۆز پارێزگاری لە مانای ڕەسەنی لەفزی گوێڕایەڵیی -ملکەچیی- کردووە، بەڵام ڕەگەزێکی ماناداری تری خستووەتەڕوو کە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و فەرهەنگی لەفزەکەدا ڕوون نەبووە، ئەویش ڕەگەزی (گەڕانەوە—الرّد)ە کە بچێتەناو چەمکی گوێڕایەڵییەوە، واتە بە گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت لەباری ناکۆکی نێوان کاربەدەستان و باوەڕداران، یان نێوان خودی کاربەدەستان خۆیاندا، یان گەڕانەوە بۆ کاربەدەستان لەو لایەنە هونەرییانەدا کە دەچنەناو بازنەی ئەرکەکانیان، ئەم ڕوونکردنەوە قورئانییە بۆ ڕەگەزی گەڕانەوە -الرّد- بریتییە لە دۆزینەوەی ناوەڕۆکی چەمکیی بۆ لەفزی گوێڕایەڵیی، هاوکات ئاماژەدەرە لەسەر بەردەوامبوونی ماناداریی بۆی لە بونیادی گوتاری قورئانیدا،.بەڕاستی گوێڕایەڵیی هەر بە مانای ملکەچیی مایەوە، دەقی قورئانیش بەڵگەیەکی تێدا نیە کە لەفزەکە لە مانا زمانەوانییە دانراوەکەوە بگوێزێتەوە بۆ مانایەکیتر، چونکە گەڕانەوە دەلالەتە لەسەر ملکەچیی دەلالەتی پابەندیی، کە ئەمەش لە زەرورەتەکانی لەفزی گوێڕایەڵیی -ملکەچیی-ە، چونکە ناکرێ گوێڕایەڵیی بەبێ گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبیەرەکەی (درودی خوای لەسەر) دەستەبەر ببێت، هەروەها بەبێ ئامادەبوونی تەشریعی هەمیشەیی بۆ مەرجەعیەتی باڵا دەستەبەر ببێت، کە لە بۆچوونی قورئانیدا کاروبارەکان دەگەڕێنەوە بۆی، بەبێ ئەمە ملکەچیی هیچ مانایەکی نیە، هۆکاری گرنگیدانی دەقی قورئانی بە دەلالەتی گەڕانەوە، لەوەوە هاتووە قورئانی پیرۆز بەو سیفەتە باسی چەمکەکان دەکات کە دەچنەناو چوارچێوەی بونیادی چەمکیی و دیدێکی شەرعی تەواوەوە، ڕەگەزی گەڕانەوەش بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) ئەو پێکەوەگرێدانەی چەمکەکە بە ڕەوشی مەعریفی هەمووەکی قورئانییەوە جێبەجێ دەکات، هاوکات زەمانەتە بۆ ڕوونکردنەوەی مانای ملکەچیی بەوەی کە دەیکاتە ملکەچی مەرجەعیەتی باڵا، کە بەبێ گەڕانەوە بۆی چەمکی

---

١- حللي، أستخدام علم الدلالة في فهم القرآن قراءة في تجربة الباحث اليابانى Toshihiko Lzutsu، ص١٢.

گوێڕایەڵیی دەستەبەر نابێت، هەروەها مانای ملکەچیی -لەسەر ئاستی مرۆیی- جێبەجێ دەکات بەو سیفەتە گەڕانەوەی کاروبارەکانە بۆ کەسە پسپۆڕەکان، بەم پێیە ئەوا قورئانی پیرۆز مانایەکی بۆ چەمکەکە زیادکردووە، لایەنە نەبینراوەکانی خستووەتەڕوو بێئەوەی ستەم لە مانای سەنتەریی چەمکەکە بکات، کە لە هەمانکاتدا ئامادەی دەکات بۆ یەکگرتن لەگەڵ ڕەوشە مەعریفییە قورئانییەکەدا.

قورئان لەلایەکیترەوە لەفزی گوێڕایەڵیی لە مانای نەرێنییەوە کە پەیوەستە بە نزمیی پلەو پایەوە دەگوێزێتەوە بۆ مانا ئەرێنییەکەی، ئەوەش لە ڕێگای بەستنەوەی گوێڕایەڵی بە میتۆدی قورئانەوە، چونکە عەرەب کە ڕازی نەبووە گوێڕایەڵی غەیری هۆزەکەی بێت، ئەوا ئەگەر قورئان مەسەلەکەی کورتبکردایەتەوە لە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیدا، نەیبەستایەتەوە بە میتۆدی تەشریعەوە، هەروەها بە مەرجەعیەتی فەرمانڕەواییەوە، بە ڕشتەبەندییەکی تری بەهاکانەوە، ئەوا لەتوانادا نەبووە ئەو گۆڕانکارییە مەعریفیی و دەروونییە لە عەرەبدا ڕووبدات، کە وا لە عەرەب بکات قوبوڵی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی ببێت، بەو پێیە کە ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێبازە کە باوەڕی پێیەتی، نەک بەو پێیە کە خودی گوێڕایەڵیی بەهایەکی بالایە.

جا قورئانی پیرۆز هاتووە جیاکاری کردووە لە نێوان دوو بواردا کە باسیان لە لەفزی گوێڕایەڵیی کردووە، یەکەم: بواری ئاینی کە دەلالەتەکانی ملکەچیی و گەردنکەچیی و گەڕانەوەی -الرّد- تەشریعی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لەخۆدەگرێ، دووەمیش: بواری سیاسیی کە قەتیس دەکرێ لەسەر ماناکانی ملکەچیی و گەڕانەوەی بەڕێوەبردن -الرّد التدبیری- بۆ کاربەدەستان، ئەمەش بە پشتبەستن بە دەلالەتی (گەڕانەوەی تەشریعی) کە قورئان تایبەتیکردووە بە خواو پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) بێ کاربەدەستان، ئەوا سوننەتی پێغەمبەرایەتی بۆ ئەوە هاتووە تا نەخشەی بواری سیاسیی تەواو بکات، کە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە چوارچێوەیدا دەجولێت، هەربۆیە هاتووە ناوەڕۆکی مەعریفی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی گواستوویەتەوە بۆ ناو واقیعی کۆمەڵایەتی ئیسلامی، ئەوەش بە دانانی ئەو چەمکە لە میانەی بزاوتیداو مامەڵەکردن لەگەڵیدا نەک تەنها وەک بەهایەکی تیۆریی، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ بەگەڕخستنی واقیعی سیاسیی و ڕێکخستن و بونیاتنانی، لێرەوە باسی لە چەندین جۆر لە گوێڕایەڵیی سیاسیی کردووە کە گونجاوبن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەو واقیعەدا. ئەو جۆرانەش بۆئەوە نیە کۆمەڵگای موسڵمان پابەند بێت کار بە یەکێکیان بکات جیا لەوانیتر،

بەڵکو لە ڕوانگەی فراوانکردن و کاری پراکتیکی ئەو چەمکانەوەیە.

جا بۆ شارەزابوون بەوە دەتوانین ئاستی ئەو زەحمەتە بێنینە بەرچاومان کە لەوانەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای موسڵمان ببێتەوە، ئەگەر سوننەتی پێغەمبەرایەتی بهاتایە دەستکۆتا بوایە تەنها بە وێناکردنی پێوەرێکی جێگیر بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و نەیبردایە بۆ جۆرێک لە دیاریکردن لەوەدا کە پەیوەندە بەو مەسەلەیەوە، کە ڕێگابدات بچێتەناو جۆرەها پەیوەندی سیاسییەوە لەگەڵ جۆرەها جۆر لە دەستەڵاتە سیاسییەکان کە بە تەواوەتی چەسپاونین لەگەڵ بۆچوونی ئیسلامی بۆ حوکمڕانی، جا ئەگەر مەسەلەکە وەها بوایە ئەوا ژیانی سیاسیی موسڵمانان زەحمەت دەبوو و دەبووە جۆرێک لە مەحاڵ، مەگەر تەنها لەبارێکدا کە بەتەواوەتی خۆیان دابڕنن لە تێڕوانینی ئیسلامی و بکەونە پیادەکردنی سیاسەت بەدوور لەو.

بەم پێیە ئەوا شیکارمان بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە پەیوەندی بە دەقی قورئانیەوە، ڕێگانادات زۆر لەسەر کێشەی فەرزی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بوەستین، کە کێشەیەکەو هەندێ تەوژمی هزری سیاسیی ئیسلامیان زۆر وەستاندووە، تا گەیشتوونەتە ئەوە کە فەرماندان بە ئارامگرتن لەسەر دەستەڵاتی دنیاویست و خۆپەرست -بۆ نمونە- کارێکەو دەبێت بەگوێی بکرێت. لەڕاستیدا قورئانی پیرۆز گرنگیداوە بە ڕوونکردنەوەی شێوەی پەیوەندی ئەرێنی کە پێویستە باڵبکێشێ بەسەر کۆمەڵگای سیاسیی موسڵماندا، قورئانی پیرۆزیش گوێڕایەڵی سیاسیمان بەو سیفەتە پێشکەش دەکات کە خشتێکی سەرەکییە لە نەخشەی ئەو پەیوەندییە، چونکە ئەوە گوزارشە لە ڕێکخستنی تاک لەناو پەیوەندییەکی سیاسیدا کە پرەنسیپەکانی شەریعەت و مەرجەعیەتی گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت حوکمی تێدا دەکەن، ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی مەعریفی فراوانییەکی ئاسۆیی بەخشی بە چەمکەکە، بەجۆرێ کە چەمکەکە پارێزگاریکرد لە واتا زمانەوانییە ڕەسەنەکەی خۆی، بەڵام لە بۆچوونە قورئانیەکەدا دەوڵەمەندییەکی دەستکەوت کە ڕەنگیدایەوە لەسەر ئەو بەها مەعریفییە کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وێنای دەکات، لە هەمانکاتیشدا خۆی نواند لە بونیادی کۆمەڵی موسڵمانان و پارێزگاری لەسەر کارایی و یەکبوونەکەی.

گوتاری قورئانیی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەستەوە بە چەمکەکانی ترەوە، کە لەبەر ڕۆشنایی ئەواندا نەبێت ناتوانرێ تێگەیشتنی لێبکرێ، ئەوانیش بریتین لە کۆمەڵێ چەمکی باوەڕیی و سیاسیی کە یەکگرتنیان کۆی دیدی ئیسلامیان پێکهێناوە، ئەمەش چەمکەکەی ئامادەکرد بۆ پیادەی شەرعی سیاسیی کە مانا

فرەجۆرەکانی دەخاتەڕوو، لەبەرئەوە بەهای مەعریفی شیکاری بونیادی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وادەبینرێ کە بازیداوە بەسەر ئەو سنوردارکەرە بەرتەسکانەدا، کە چەمکەکە لە لایەنە فیقهییەکەدا قەتیس دەکات، چونکە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە چەمکێکی شیکاری دادەنرێ بۆ دەرککردن بە واقیعی کۆمەڵایەتی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا، قورئانی پیرۆز کاریکردووە لەسەر قووڵکردنەوەی ئەرکی شیکاری چەمکەکە، ئەوەش لە ڕێگای باسکردنی چەندین نمونە لە چیرۆکی گەلە پێشووەکان، بۆ نمونە چەمکەکە شێوەی پەیوەندییە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای فیرعەونیدا ڕاڤە دەکات، تا دەریبخات کە تۆوی بێباوەڕیی لە وەسفی قورئاندا لەو کۆمەڵگایەدا پەیوەستە بە جۆرێکی دیاریکراو لە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، کەواتە ملکەچیی سیاسیی ڕەها هۆکارێک بووە بۆ کۆیلەیەتی بۆ فیرعەون، خوای گەورە لەسەر زمانی موسا (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێ: ﴿وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ﴾الشعراء: ٢٢. واتە: (موسا وتی: لەڕاستیدا ئەوە نازو نیعمەت و شتێک نیە کە بەهۆیەوە منەتم بەسەردا بکەیت). پاشان دەفەرموێ: ﴿فَقَالُوا أَنُؤْمِنُ لِبَشَرَيْنِ مِثْلِنَا وَقَوْمُهُمَا لَنَا عَابِدُونَ﴾المؤمنون: ٤٧. واتە: (وتیان: ئێمە چۆن بڕوا بەم دوو کەسە بکەین خۆ قەومەکەیان خۆیان بە بەندەی ئێمە دەزانن و ئێمە دەپەرستن -بەمەرجێ ئەوە درۆیەکی شاخدار بوو-). مەعلومە کە بەنو ئیسرائیل نە فیرعەونیان دەپەرست و نە دانیان بە ئیدیعای خوایەتیەکەیدا نابوو، بەڵام ملکەچیی سیاسیی ڕەهایان بۆ فەرمانڕەواییەکەی وایلێکردبوون لە ڕیزی ئەوانەدا بوون کە دەیانپەرست، تەبەری دەڵێ: (واتە ئەوان گوێڕایەڵ و زەلیلبوون و بە فەرمانی ئەو کاریان دەکردو ملکەچی بوون)[١].

فیرعەون فەرمانڕەوایەکی سیاسیی بوو، بەڵام بێباوەڕیی و نکولیکردنی گەیاندییە ئیدیعای خوایەتی، قورئانی پیرۆزیش دوو دیمەنی یەک لەدوایەک لەسەر فیرعەون باسدەکات کە ئەمانەن:

یەکەمیان: دیمەنێکی سیاسیی ملهوڕانەیە، کە سنورداریی بیرکردنەوەی فیرعەون وەک فەرمانڕەوایەکی سیاسیی دەخاتەڕوو کە قیرسیچمەیی و خۆبەزلزانی زاڵبووە بەسەریدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِ قَالَ يَا قَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ الْأَنْهَارُ تَجْرِي مِن تَحْتِي ۖ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾الزخرف: ٥١. واتە: (ئینجا فیرعەون جاڕیدا بەناو قەوم و گەلەکەیداو وتی: ئەی قەوم و هۆز و گەلم، مەگەر نابینن

---

١- الطبري، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، ج١٨، ص٢٥.

من خاوەنی وڵاتی میسرم  و ئەم ڕووبارانەش بە بەردەمی من و کۆشکەکانمدا دەڕوات، مەگەر ئێوە ئەم شتانە بەچاوی خۆتان نابینن ؟!). ئەو لەم دیمەنەدا خۆی بەوە نەدەزانی کە خاوەنی جیهانە، بەڵکو ئەو داوایەی لە خاوەنداریی میصردا لەسەر دیمەنێکی هەستیی بونیات نابوو، ئەویش بریتی بوو لە ڕۆیشتنی ڕووباری نیل و لقەکانی بەسەر زەوی میصردا، خوای گەورە لەسەر زمانی فیرعەون و گەلەکەی دەفەرموێ ﴿ قَالُوٓاْ أَجِئۡتَنَا لِتَلۡفِتَنَا عَمَّا وَجَدۡنَا عَلَيۡهِ ءَابَآءَنَا وَتَكُونَ لَكُمَا ٱلۡكِبۡرِيَآءُ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا نَحۡنُ لَكُمَا بِمُؤۡمِنِينَ ﴾یونس: ٧٨. واتە: (کەچی وتیان: باشە ئەی موسا تۆ هەر بۆ ئەوە هاتوویت کە لە دین و ئاین و بەرنامەی باوباپیرانمان ویڵمان بکەیت؟! دەستەڵات و گەورەیی هەر بۆ هەردووکتان لە وڵاتدا دەستەبەر ببێت ، لەبەر ئەوە ئێمە هەرگیز باوەڕ بە هیچ کامتان ناکەین !!). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ترسی فیرعەون لە دەستەڵاتە سیاسییەکەی، تەبەری چەندین ڕاڤەی بۆ مانای خۆبەزلزانی لە زەویدا هێناوە، لەوانە: دەستەڵات و سوڵتان و گوێڕایەڵیی[1]، جادووگەرانیش دەرکیان بە پێگەو پایەی فیرعەون بردبوو بەو سیفەتە کە فەرمانڕەوایەکی سیاسییە، ئەویش کاتێ وتیان: ﴿ قَالُواْ لَن نُّؤۡثِرَكَ عَلَىٰ مَا جَآءَنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلَّذِي فَطَرَنَاۖ فَٱقۡضِ مَآ أَنتَ قَاضٍۖ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ﴾طه: ٧٢. واتە: (جادووگەرانی تاوێک لەمەوپێش و باوەڕدارانی ئێستا بەیەکدەنگ وتیان: بەخوا ئیتر ئێمە هەرگیز باوی تۆ نادەین بەسەر ئەم بەڵگە و بەرچاوڕوونیەی کە بۆمان هاتووە، سوێند بەو زاتەی کە هەموومانی بەدیهێناوە تازە پەشیمان نابینەوە، چیت لە دەستدێت ئەنجامیبدە، هەرچی تۆ ئەنجامی دەدەیت لە چوارچێوەی ژیانی ئەم دنیایەدایە -کە هەر تەواو دەبێت و کۆتایی دێت-). تەبەری لە وەهەب کوڕی مونبیهەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ((واتە چی دەکەیت بیکە﴿ إِنَّمَا تَقۡضِي هَٰذِهِ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَآ ﴾. واتە تۆ تەنها دەستەڵاتت لە دنیادایەو دوای ئەوە هیچ دەستەڵاتێکت نیە)).

دووەمیان: دیمەنێکی ئاینیی ئاشکرای بێشەرمانەیە، ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾النازعات: ٢٤. واتە: (خەڵکینە!! من پەروەردگاری هەرە بەرزو بڵندو پایەداری ئێوەم!!). هەروەها وتی: ﴿ مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي ﴾القصص: ٣٨. واتە: (فیرعەون -فوویکردە خۆی و خۆی فشکردەوەو- وتی: خەڵکینە من وانازانم کە خوایەکی ترتان هەبێت جگە لەمن!!).

ئەو شتەی کە پاڵی بە فیرعەونەوە نا لە دیمەنی فەرمانڕەوایەکی سیاسییەوە

---

١- هەمان سەرچاوە، ب١١، ل١٤٦-١٤٧.

بگوێزێتەوە بۆ ئیدیعای پێگەی خوایەتی جۆری ئەو گوێڕایەڵییە بوو کە باڵیکێشابوو بەسەر پەیوەندی فیرعەون بە گەلەکەیەوە، چونکە قورئانی پیرۆز ڕوونیدەکاتەوە کە دەستەڵاتی فیرعەون لەبەردەم هەڕەشەدا بوو، ئەوەش لەدوای دەرکەوتنی بەڵگەکان بە ڕاستگۆیی موساو هارون (سەلامی خوایان لەسەر)، بەم پێیەش ئەوا بۆ بەردەوامیی پارێزگاری لە دەستەڵاتەکەی، لە تێڕوانینی ئەوەوە پێویستی بەوە دەکرد جەربەزەیی بکات لەسەر پێگەی خوایەتی و گاڵتەبکات و بە سوک سەیری گوێڕایەڵی قەومەکەی بکات بۆی، لەبەرئەوە فیرعەون لە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە دەگوێزێتەوە بۆ داوای جۆرێکیتر لە گوێڕایەڵیی کە پشتی قایم بکات، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَٱسۡتَخَفَّ قَوۡمَهُۥ فَأَطَاعُوهُۚ إِنَّهُمۡ كَانُواْ قَوۡمٗا فَٰسِقِينَ ﴾الزخرف: ٥٤. واتە: (لەڕاستیدا فیرعەون هیچ نرخی دانەنا بۆ قەوم و گەلەکەی، بە خەڵکێکی گێل و نەفامی دەزانین، ئەوانیش هەر چەپڵەیان بۆ لێدەدا و سەریان بۆ دادەنەواند، بە هەموو شێوەیەک فەرمانبەرداری بوون، چونکە ئەوانە خەڵکانێکی تاوانبار و گوناه کاربوون). ئیبن عاشور دەڵێ: (داواکەی فیرعەون بۆ قەومەکەی وایکرد کاریان تێبکات و دڵیان پەرتەوازە بکات تا خێرابن لە گوێڕایەڵیکردنی، ئەوەش دوای ئەوە هات کە قەومەکەی کاتێ بەڵگەکانیان بینی خۆیان ئامادەکردبوو شوێن موسا بکەون، سوک سەیرکردنیش خوازراوێکە بۆ گواستنەوەیان لە حاڵەتی دۆشدامان و تێڕامانەوە بە ئەگەری داماڵینی گوێڕایەڵیی فیرعەون و تەمبەڵی و قورسی نواندن لە شوێنکەوتنیەوە بۆ خێراکردن بە چوونەژێر فەرمانەکانی هەروەک چۆن شت لەدوای قورسییەکەی لەسەرشان سوک دەبینری)[1].

دیمەنێکی تری گشتگیرتر کە قورئانی پیرۆز دەیگوێزێتەوە بۆمان، ئەوەیە کە بەگوێکردنی گەورەکان و سەرکردەکان دەکاتە ڕێگای چوون بەرەو گومڕایی، ئەمە ئەگەر بێتو هاودەم بوو لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی خوایی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَقَالُواْ رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَآءَنَا فَأَضَلُّونَا ٱلسَّبِيلَا۠ ﴾الأحزاب: ٦٧. واتە: (هەروەها بە کەساسیەوە دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان ئێمە ملکەچ و فەرمانبەرداری گەورەو ئاغاو کاربەدەست و سەرۆکەکانی خۆمان بوین، ئەوانیش ڕێگەی ڕاستیان لێ تێکداین، ڕێگەی دینداریان لێ ونکردین). ئالوسی لە تەفسیری روح المعانی دا دەڵێ: (خوای گەورە دەفەرموێ: دەڵێن پەروەردگارا ئێمە گوێڕایەڵیی گەورەکانمان کرد، واتە پادشا و کاربەدەستانمان، ئەوانەی کە کاری زۆرینەی هەرە زۆری

---

١- إبن عاشور، تفسير التحرير والتنوير، مج١٢، ج٢٥، ص٢٣٣.

ئێمەیان بەدەستە، هەروەها سەرکردەکانمان، واتە ئەو سەرکردانەمان کە جۆرەها هونەری خراپەکاری لێیانەوە فێربووبن، ئەمەیان لە بەرانبەر ئەو گوێڕایەڵیەی خواو و پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دەکرد کە ئاواتەخوازی بوون و پێینەگەیشتبوون، چونکە گەورە و سەرکردەکان شتانێکن دەگۆڕدرێن، گوزارشیش لێیان بە ناونیشانی گەورەیی و خربەزلزانی بۆ بەهێزکردنی بڕوبیانوو بوو، کە لە پلەی سوک سەیرکردن و ڕیسوایی زیاتر تێگەیشتنی لێدەکرێ)، ئەصفەهانی دەڵێ: ﴿رَبَّنَآ إِنَّآ أَطَعۡنَا سَادَتَنَا﴾الأحزاب: ٦٧ واتە: کاربەدەستان و سیاسییەکانمان)[١]، ئیبن عاشور لە ڕاڤەی فەرموودەی خوای گەورەدا ﴿قَالَ لِكُلٍّ ضِعۡفٌ﴾الأعراف: ٣٨. دەڵێ واتە بەڕاستی گەورەکان بەهۆی گومڕایی و گومڕاکردنیان شایستەی چەندبارە سزان، هەروەها ئەوانەی کە شوێنکەوتەیانن شایستەی سزای گومڕایی خۆیانن، ئەوەش بەهۆی زیادکردنی ژمارەی گەورەکانیان و گوێڕایەڵیی کوێرانەیان بۆیان[٢].

چەمکەکە ئا بەمشێوەیە لە قورئانی پیرۆزدا دەگۆڕدرێ بۆ گەنجینەیەک بۆ گواستنەوەی ئەزموونی گەلانی پێشوو و هەڵوێستەکانیان، بۆ کلیلێک بۆ تێگەیشتن لە چارەنووس و تاقیکردنەوەکانیان، بەو سیفەتە کە ئامڕازی ئەقڵ بەگەڕخستن و بیرکردنەوەیە و کار لەسەر توندوتۆڵکردنی بازنەی سیاسیی دەکات، پاشان لەسەر ژیانی گشتیش بە پێی پێداویستی حاڵەتە ئیمانییەکان، هەروەها بەرەنگاری هەر جۆرە ستەمێک دەبێتەوە کە پیادەکردنی سیاسیی دەیسەپێنێ، ئەوەش لە ڕێگای وەستانی کاردانەوەی بەها نەرێنییەکانی چەمکەکە لە هزر و لە واقیعدا.

**ب- شیکاری پەیوەندییەکانی چەمکەکە لە ڕووی میانەی قورئانەوە:**

ئەگەر واتای لەفزەکان لە میانەی گوتارێکی گشتگیرتردا دانەنرێن هەر بەناڕوونی دەمێننەوە، زمانناسانیش لەوەدا کە ناویانناوە بە دەلالەتی میانە جەختیان لێکردووەتەوە، چونکە دەلالەتی میانە هەروەک زەرکەشی دەڵێ: (ڕێنمایی دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی کورتەو بڕینی ئەگەری دانانی لە غەیری جێگای مەبەستداری خۆیدا، هەروەها بە تایبەتکردنی گشتی و بەستنەوەی ڕەها، ئینجا بۆ فرەجۆری واتاکە کە گەورەترین بەڵگەیە دەلالەت لەسەر مەبەستی قسەکەر بکات)[٣]، موسڵمانان گرنگییەکی تایبەتیان داوە بە میانە، چونکە ڕوونکردنەوەی

---

١- الأصفهاني، الراغب، مفردات ألفاظ القرآن، بيروت: دار الفكر، ٧٣٠.

٢- إبن عاشور، تفسير التحرير والتنوير، مج١١، ج٢٢، ص١١٩.

٣- الزركشي، بدر الدين محمد بن عبد الله، البرهان في علوم القرآن، بيروت: دار المعرفة، ١٩٩١م، ج٢، ص٢٠٠.

مەبەستی ئایەتەکانی تێدایە، ئەوەش لە ڕێگای بەستنەوەی دەقە پەیوەندارەکان بەیەکەوە (چونکە وەستان لەسەر هەندێ لە بەشەکانی دەقەکە بەبێ هەندێکیتری لەقبوون لە ماناکەدا دروست دەبێت، تێگەیشتنێکی کەم بەدەست دێت، -کەواتە- هەر دەبێت شرۆڤەکار بە تێڕوانێکی هەمووەکی بڕوانێتە لەفزەکە یان دەقەکە کە هەموو بەشەکانی دەقەکەو دەقەکانیتر کە پەیوەندارن بگرێتەوە، چونکە هەموویان بەشدارن لە گەیاندنی مانادا، بەتایبەتی لە دەقەکانی شەریعەتدا، لێرەوە هەموویان لە ڕوونکردنەوەی مەبەستی قسەکەردا دەبنە یەکەیەکی ئەندامیی و هەندێکیان پشتی هەندێکی تریان دەگرن)[1].

شتێکیتر کە پەیوەستە بە میانەوە تێگەیشتنە لە مەبەستی کەسی قسەکەر، چونکە هەتا نەزانرێ کە قسەکەر چ مەبەستێکی هەیە پشت بە دەلالەتی لەفزەکە نابەسترێ[2]. گرنگیدان بە میانە شارەزابوون بە هۆکارەکانی هاتنەخوارەوەش دەگرێتەوە کە بەڵگەی یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە، زەرکەشی (٧٤٥-٧٩٤ک) لەم گوتەیەیدا ناوی دەبات بە (زانستی بۆنە-علم المناسبه) و دەڵێ: (ئەوەی کە پێویستە لە هەر ئایەتێکدا بەرلە هەر شتێکیتر بۆی بگەڕێیت بریتییە لەوە ئایا تەواوکەری ئایەتی پێشی خۆیەتی یان سەربەخۆیە، جا ئەگەر سەربەخۆیش بوو ئایا بۆنەی لەگەڵ ئایەتەکەی پێشتریدا چییە، چونکە ئەوە زانستێکی زۆری تێدایە، بۆ سورەتەکانیش بەهەمانشێوەیە کە دەبێت پەیوەندی بە سورەتی پێش و پاشتری بزانرێ، وەک زانراوە کە ڕیزبەندی سورەتەکانیش لە خوای گەورەوە بووە)[3]، سیوتی ئاماژە دەدات بە گرنگترین سودەکانی زانستی هۆیەکانی هاتنەخوارەوە و دەڵێ (بۆ زانینی ئەو حیکمەتەیە کە هۆکارە بۆ دانانی حوکمی شەرعی)[4].

ئێستەش بۆ شارەزابوون بە پەیوەندییەکانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە میانەی قورئانیدا، دەتوانین باس لە دلالەتی هۆکاری دابەزینی ئایەتی گوێڕایەڵیی و میانە بابەتییەکەی بکەین، هەروەها کاریگەری هەریەکەیان لەسەر چەمکەکە، ئەوەش بەمشێوەیەی خوارەوە:

- دەلالەتی هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی گوێڕایەڵیی و کاریگەری لەسەر چەمکەکە:

١- السوسوة، السياق وأثره في دلالات الألفاظ -دراسة أصولية-، ص٢٧.

٢- الكراعين، علم الدلالة بين النظر والتطبيق، ص٨٧.

٣- الزركشي، البرهان في علوم القرآن، ج١، ص٤٣.

٤- السيوطي، جلال الدين. الإتقان في علوم القرآن، مصر: الهيئة العامة للكتاب، ١٩٧٤م،ج١، ص١٠٧.

لە هۆی هاتنەخوارەوەی فەرموودەی خوای گەورەدا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴾النساء: ٥٩. هاتووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەستەیەک جەنگاوەری بە سەرکردەیی خالیدی کوڕی وەلید ڕەوانەکردووە بۆ سەر قەومێک کە عەمماری کوڕی یاسریش لەناو ئەو دەستەیەدا بووە، کاتێ نزیککەوتوونەتەوە لە خاکی ئەو قەومە لەوێ هەڵیانداوە، کەسێک لەو قەومە هاتووەو و پرسیاری بۆ عەمماری کوڕی یاسر کردووە، ئینجا خەبەری داوەتێ کە قەومەکەی هەڵاتوون و خۆی موسڵمان بووە، عەمماریش کابرای پەناداوە، ڕیوایەتەکە دەڵێ کاتێ خالید کەوتووەتە بەیانی هەڵیکوتاوەتە سەر قەومەکە، ((بەڵام جگە لەو کەسە کەسیتری نەبینیوە، ئینجا کابرای گرتووەوماڵەکەیی لێسەندووە، عەممارێش هاتووەتە لای و پێیوتووە: ئەو کابرایە ئازاد بکە، ئەوە موسڵمانەو من پەنامداوەو فەرمانم پێداوە لەوێ نیشتەجێ ببێت، خالید وتوویەتی: تۆ پەنای دەدەیت لە کاتێکدا من ئەمیری تۆم، عەممار وتوویەتی: بەڵێ، من پەنای دەدەم و تۆیش ئەمیری منی، بەم هۆیەوە جۆرێ لە مشتومڕ لە نێوانیاندا دروستبووە، چوونەتەوە خزمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و باسی ئەو کابرایەیان بۆکردووە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) پەنایداوەو پەنادانەکەی عەمماری پەسەندکردووە، ئینجا ڕێگیری لێکردووە لەوەی کە تا مۆڵەت لە ئەمیرەکەی نەخوازێ جارێکیتر کەسیتر پەنا بدات)). ڕیوایەتەکە درێژەی هەیەو دەڵێ: ((عەممار و خالید لەبەردەم پێغەمبەری خوادا تەوبەیان کرد، عەممار توند بوو بەرانبەر بە خالید، خالیدیش توڕەبوو و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لێدەگەڕێی ئەو کۆیلەیە قسەی ناشیرینم پێبڵێ، سوێند بە خوا ئەگەر تۆ نەبوویتایە ئەو نەیدەتوانی جنێوم پێبدات، عەممار پێشتر کارگوزاری هاشیمی کوڕی موغیرە بووە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: ((ئەی خالید وازبێنە لە عەممار، هەرکەس جنێو بە عەممار بدات خوا خراپ باسیدەکات، هەرکەس عەممار توڕە بکات خوا خۆشیناوێ، ئینجا عەممار هەستاو ڕۆیشت، خالید شوێنی کەوت و پۆشاکەکەی گرت و داوای لێکرد گەردنی ئازاد بکات، ئەویش گەردنی ئازاد کرد. خوای گەورە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوەو فەرمانیدا بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان))[1].

سەرچاوەکان بە تەنیشت ئەم ڕیوایەتەوە، ڕیوایەتێکی تر لە بۆنەی هاتنە

١- الواحدي، علي بن أحمد بن محمد. أسباب النزول، بيروت: عالم الكتب، ص١١٧-١١٨.

خوارەوەی ئەم ئایەتەدا دەگێڕنەوە، ئەویش ئەمەیە کە: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەستەیەک جەنگاوەر ڕەوانە دەکات و کەسێک لە پشتیوانان بەناوی عەبدواللە کوڕی حوزافەی سوهمی دەکاتە سەرکردەیان، ((کاتێک لە مەدینە دەرچوون عەبدواللە لە شتێکدا ماندوویکردن. بۆیە پێیوتوون: ئایا پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمانی پێنەدان کە دەبێ گوێڕایەڵم بن، وتوویانە بەڵێ، وتوویەتی: دەی داروچیلکەم بۆ کۆبکەنەوە، پاشان داوای ئاگری کردووەو سوتاندوویەتی، وتوویەتی: داواتان لێدەکەم بچنەناوی، گەنجێکیان وتوویەتی خۆ ئێوە لە ترسی ئاگر ڕاتانکردووە بۆ لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، پەلەمەکەن تا دەچنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، جا ئەگەر فەرمانی پێدان بچنەناوی ئەوا بچنەناوی، دەڵێ گەڕاونەتەوە بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) و ئاگاداریان کردووە، ئەویش فەرموویەتی پێیان: ئەگەر بچوونایەتە ناوی ئەوا هەرگیز نەدەهاتنە دەرەوە لێی، چونکە گوێڕایەڵیی لە کاری چاکەدایە))[١].

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هەردوو بۆنەکە کە لەسەر ئایەتەکە هاتوون بوونی هەیە، بۆنەی یەکەم ئاماژە بەوە دەدات کە عەممار کاتێک بەبێ ئاگاداری سەرکردەکەی پەنای کەسێکیداوە ئەوە سەرپێچی فەرمانی سەرکردەکەیی کردووە، لێرەوە ناڕازیبوونی خالید ئەوەی تێدابوو کە عەممار جارێکیتر کاری وانەکات، ئەمەش -هەروەک ڕوونە- هیچ سەرپێچییەکی بەئەنقەستی تێدا نەبووە، بەتایبەتی کە کارەکە لە دەستەڵاتی سەرکردەی شەڕەکەدایە، لەبەرئەوە فەرمانی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ﴾ النساء: ٥٩. هەماهەنگە لەگەڵ ئەو ڕووداوەدا، بەڵام بۆنەی دووەم ئەوە سەرپێچی دەستەیەک لە سەربازان بوو لە فەرمانی سەرکردەکەیان، بەڵام ئەم فەرمانە سەرپێچییەکی ڕوونی تێدابوو کاتێک سەرکردەکەیان فەرمانی پێدان خۆیان فڕێبدەنە ناو ئاگرەکە، ئەوانیش بڕیاریاندا مەسەلەکە بگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) پشتگیریکرد لە کارەکەیان، ئەمە لە کاتێکدا -بەهەمانشێوە- لە حاڵەتی جەنگدا بوون، هاتنی ئایەتەکە لێرەدا کە هاندانە بۆ گوێڕایەڵیی کاربەدەستان ئەوە بۆ ڕاستاندنی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بوو کە دەفەرموێ: ((چونکە گوێڕایەڵیی لە چاکەدایە)) نەک

---

١- إبن كثير، تفسير إبن كثير، ج٥، ص٥٢٩.

ناڕازیبوون بێت بۆ کاری ئەو سەربازانە، بەپێچەوانەی داوای ڕواڵەتیی بۆنەی ئایەتەکە.

ڕووداوی دەستە جەنگاوەرەکەی عەبدواللە کوڕی حوزافەی سوهمی، لە ڕووی ئاستی گونجانی لەگەڵ میانەی ئایەتەکەو ڕواڵەتیدا هەڵوەستەی بە هەندێ لە ڕاڤەکاران کردووە، لەوانە سیوتی (٩١١-٨٤٩ک) کە لە کتێبی -لباب النقول فی أسباب النزول- دەڵێ: (فەرموودەی خوای گەورە ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ ﴾ النساء:٥٩. پێشەوا بوخاری و هیتریش لە ئیبن عەبباسەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: ئەم ئایەتە لەبارەی عەبدواللە کوڕی حوزافەی کوڕی قەیسەوە دابەزیوە، کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە سەرکردەی فلانە دەستەی جەنگاوەر ڕەوانەیکردووە -بوخاری بە کورتی دەریهێناوە-، داودی دەڵێ: ئەمە گومانەو مانای دەمهەڵبەست لەسەر ئیبن عەبباس دەگەیەنێ، چونکە عەبدواللە کوڕی حوزافە لە سوپاکە دەرچوو و توڕەبوو و ئاگرێکی کردەوەو وتی خۆتان فڕێبدەنە ناوی، هەندێکیان ڕەتیانکردەوەو هەندێکیتریان لەوەدابوون خۆیان فڕێبدەنە ناوی، سیوتی دەڵێ: جا ئەگەر ئایەتەکە پێش ڕووداوەکە دابەزیوە چۆن تەنها عەبدواللە دەگرێتەوە بە گوێڕایەڵیکردنی و ئەوانیتر ناگرێتەوە، ئەگەریش لەدوای ئەو ڕووداوە هاتووەتە خوارەوە ئەوا پێیاندەوترێ: گوێڕایەڵیی لە کاری چاکەدایەو پێی نەفەرموون گوێڕایەڵیی بن؟ حافز ئیبن حەجەر وەڵامی ئەمە دەداتەوەو دەڵێ مەبەست بە سەرگوزەشتەکە ئەوەیە: کە ئەگەر ناکۆک بووبن لە شتێکدا ئەوا لە ملکەچبوون بۆ فەرمانەکە ناکۆک بوون، کە گوێڕایەڵیی وەستان بووە لە هەڵاتن لە ئاگر، ئایەتەکە گونجاوە لەگەڵ ڕێنمایی گەڕانەوەیان بۆ لای پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کاتێک کە ناکۆک دەبن لە ڕاپەڕاندنی فەرماندا)[١].

ڕووداوی دەستە جەنگاوەرەکەی عەبدواللە کوڕی حوزافەی سوهمی، ئەگەر وەها تێگەیشتنی لێبکرێ کە مەبەست پێی فەرماندان بێت بە گوێڕایەڵیی سەرکردە عەبدواللە کوڕی حوزافە، ئەوا ناگونجێت لەگەڵ ئایەتەکەدا، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە: یان بوترێ ئەو ڕووداوە هۆکار نەبووە بۆ هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە، یان سەرلەنوێ پێداچوونەوە بکرێ بە تەفسیری ئایەتەکەدا بەشێوەیەک کە هەماهەنگ بێت لەگەڵ هۆکاری دابەزینەکە، لێرەشدا هیچ بوارێک نیە بۆ پاڵنان بەو ڕووداوەوە تا بگونجێنرێ لەگەڵ هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە، چونکە ڕووداوەکە

١- السيوطي، جلال الدين. لباب النقول في أسباب النزول، بيروت: دار إحياء العلم، ١٩٨٣م، ص٧٢.

و پەیوەستبوونی بە ئایەتەکەوە لە هەموو سەرچاوە ئیسلامییەکاندا، لە نێوان ڕاڤەکاران و فەرموودەناسانی وەک بوخاری و موسلیم و هیتریشدا سەلمێنراو جێگیرە، -زیاد لەوەش- لە نێوان هەردوو ڕوایەتەکەدا دیارتر و بڵاوترە[1]، لەبەرئەوە پێداچوونەوەی سەرلەنوێ بە تەفسیری ئایەتەکەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕووداوەدا ڕاستتر و دروستترە، هەندێ لە زانایان هاتوون ئەمەیان کردووە، هەروەک دەقی پێشوی سیوتی ئاماژە بەوە دەکات، چونکە دەقەکە جیاوازی نێوان ئایەتەکەو هۆکاری هاتنەخوارەوەی دەکاتە هۆکارێ بۆ کورتکردنەوەی واتای ئایەتەکە لەسەر فەرماندان بە گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لە کاتی ناکۆکیدا، نەک فەرماندان بە گوێڕایەڵیی، ئەمەش لەو پێگەیەوە کە مەبەستی ڕەسەنی ئایەتەکەیە، هەروەک لە گوتەکەی داودی و حافز ئیبن حەجەر لە دەقی پێشودا تێگەیشتنی لێدەکرێ.

خاوەنی تەفسیری (التحرير والتنوير) تیژبینانە پەی بەو جیاوازییە بردووە، هاتووە لەسەر بۆنەی ئایەتەکە بۆ ئەو ڕووداوە وەستاوە، تا بگاتە ئەم باسە بەسودەو بڵێ: (ئیبن عەبباس کە دەڵێ: لەبارەی عەبدوالله کوڕی حوزافەوە دابەزیوە، ئەگەری هەیە کاتێ کراوەتە سەرکردەی دەستەکە هاتبێتە خوارەوە، ئەو فەرمانەش کە تێیدایە ئەوە وای لە دەستە جەنگاوەرەکە کردبێ کە دوودڵ بن لەوەی بچنەناو ئاگرەکە، ئەگەریشی هەیە دوای گەیشتنی هەواڵەکەیان بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) هاتبێتە خوارەوە و مەبەستیش پێی فەرموودەی: ﴿فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ﴾النساء: ٥٩ کە سەرەتاکەی بە فەماندان بە گوێڕایەڵیی دەستپێکردووە، بۆئەوەی وا گومان نەبرێ ئەوکارەی ئەمیرەکە کردوویەتی هەر فەرماندانێ بە گوێڕایەڵیی پووچەڵدەکاتەوە)[2].

بە کورتی ئەو سودەی کە بەپێی دەلالەتی هۆی دابەزینەکە لەم ئایەتە وەردەگیرێ دوو مەسەلەیە، کە بە ڕیزبەندی ئەمانەن:

یەکەم: زەرورەتی گەڕانەوەی کارەکە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی لە کاتی ڕوودانی ناکۆکیدا، ئەمەش ئەوەبوو کە سەربازانی دەستەکە ئەنجامیانداو پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) بە باشیزانی، قورئانی پیرۆزیش ڕاستاندنی

---

١- هەندێ لە زانایانی سەردەم ئەم ڕیواتە وەها دەگوێزێتەوە کە تاکە هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکەیە. بۆ نمونە بڕوانە:

- الوادعي، مقبل بن هادى. الصحيح المسند من أسباب النزول، بيروت: دار إبن حزم، ط٢، ١٩٩٤م، ص٧٨.

٢- إبن عاشور، تفسير التحرير والتنوير، ج٣، ص١٠٢.

بۆکرد، هەروەک داودی و ئیبن حەجەر دەڵێن مەبەستی ئایەتەکە هەر ئەمەیە، هەروەها ئیبن عاشور لە ڕاڤەی ڕووداوی دەستەکەی عەبدوالله کوڕی حوزافەی سوهمی دا باسیکردووە.

دووەم: سەلماندنی فەرمانی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان بە مەرجێ سەرپێچی نەبێت، چونکە فەرمانی گەڕانەوەی ناکۆکی بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی فەرماندان بە گوێڕایەڵیی پووچەڵ ناکاتەوە هەروەک ئیبن عاشور پێیگەیشتووە، هەروەها وەک ڕووداوی دەستەکەی خالیدی کوڕی وەلید ئاماژەی پێدەکات.

- دەلالەتی میانەی ئایەتەکە و کاریگەری لەسەر چەمکەکە:

ڕاڤەکاران ئایەتی (٥٩) ی سورەتی النساء دەبەستنەوە بە ئایەتی پێشتری، ئیبن عاشور دەڵێ: خوای گەورە کە فەرمانیداوە بە گەل بە دادپەروەریی حوکم بکەن، بەدوایدا فەرمانی پێداون بە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانیان، چونکە گوێڕایەڵیی ڕوخساری دەستەڵاتی دادپەروەرییە کە فەرمانڕەواکان حوکمی پێدەکەن، کەواتە گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕێزگرتنی دادپەروەریی تێدایە بۆیان، گوێڕایەڵیی کاربەدەستانیش جێبەجێکردنی ئەو دادپەروەرییەیە، لەو بەدواداچوونەیدا ئاماژەیداوە کە ئەو گوێڕایەڵیەی فەرمانیپێکراوە بریتییە لە گوێڕایەڵیی لە چاکەدا)[1].

ئایەتە قورئانییەکان چەمکی گوێڕایەڵیی لە میانەی گوتارێکی قورئانیدا دادەنێن کە دەیبەستنەوە بە پرەنسیپی فەرمانڕەوایی خواو دادوەریی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، چونکە زۆربەی ئەو ئایەتانە کە دوای ئەم ئایەتە هاتوون هاندەرن لەسەر گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، هەروەها جەختدەکەن لەسەر فەرزی گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و داوەریکردنی و باسکردنی چاکەی ئەوکارە، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيۡطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمۡ ضَلَٰلَۢا بَعِيدٗا﴾[النساء: ٦٠. واتە: (ئەی موحەممەد ئایا سەرنجی ئەو دووڕووانەت نەداوە کە وادەگەیەنن باوەڕیان بەو کتێبانە هەیە بۆ پێغەمبەرانی پێش تۆ نازڵبووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەیەکیان هەبێت ڕوودەکەنە زۆرداران و جادووگەران و خوانەناسان تا داوەرییان بۆ بکەن، یان چارەسەری کێشەکانیان بکەن، لە حاڵێکدا ئەوانە فەرمانیان پێدراوە کە باوەڕیان

---

١- هەمان سەرچاوە، مج٣، ب٥، ل٩٦.

بەو شتانە نەبێت و پەنایان بۆ نەبەن، شەیتانیش بەردەوام لە هەوڵدایە تا تەواو گومڕایان بکات و دووریانبخاتەوە لە ڕێبازی چاکە ودینداریی و بە شێوەیەکی زۆر ترسناک). هەروەها دەفەرموێ: ﴿ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَىٰ مَا أَنزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ رَأَيْتَ الْمُنَافِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴾النساء: ٦١. واتە: (کاتێکیش پێیان دەوترێت وەرن بۆ لای ئەو قورئانەی کە خوای گەورە نازڵیکردووە، وەرن بۆ لای پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) بۆ چارەسەری کێشەکانتان، دەبینی دووڕووەکان ڕوو وەردەگێڕن و پشتت تێدەکەن بە تەواوی). هاوکات سەرزەنشتی ئەو دووڕووانە دەکات کە دەیانوت گوایا باوەڕیان بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هێناوە، کەچی ڕەتیانکردەوە بیکەنە داوەری چارەسەرکردنی کێشەکان، دوای ئەوە دەفەرموێ: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوا أَنفُسَهُمْ جَاءُوكَ فَاسْتَغْفَرُوا اللَّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُوا اللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴾ النساء: ٦٤. واتە: (ئێمە هیچ پێغەمبەرێک و فرستادەیەکمان ڕەوانە نەکردووە بۆ ئەوە نەبێت کە بە فەرمانی خوای گەورە گوێڕایەڵیی بکرێت، جا ئەگەر ئەو خەڵکە ئیماندارە گوناهێکیان لە دەست قەوما، یان ستەمێکیان لەخۆیان کرد، پاشان بەخۆیاندا هاتنەوە و هاتن بۆ سەردانی تۆ و داوای لێخۆشبونیان لە خوای گەورە کرد، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) داوای لێخۆشبونی لە خوای گەورە بۆ کردن، ئەو کاتە دەبینیت ئەو زاتە بە نیسبەت ئەو جۆرەکەسانەوە تەوبەوەرگرە و تەواو میهرەبانە). ئەم ئایەتە جەختدەکات لەسەر داوای خوای گەورە بە گوێڕایەڵیکردنی پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، چونکەکە ئەو گوێڕایەڵیەی بە فەرمان و مۆڵەتی خوایە، تەبەری دەڵێ: (مەبەستی خوای گەورە ئەمەیە کە ئەی موحەممەد ئێمە هەر پێغەمبەرێکمان ڕەوانە کردبێت گوێڕایەڵیی ئەومان فەرزکردووە بەسەر ئەو گەلەدا کە ڕەوانەمان کردووە بۆی، خوای گەورە ناویبردووە بە: کەواتە تۆ ئەی موحەممەد لەو پێغەمبەرانەیت کە گوێڕایەڵیکردنیان کراوەتە فەرز لەسەر ئەوانەی بۆیان ڕەوانەکراون، ئەم گوتارەش سەرکۆنەکردنی ئەو دووڕووانەیە کە دەیانوت گوایا باوەڕیانهێناوە بەو وەحییە هاتووەتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، کەچی لە مەسەلەی داوەریکردندا دەگەڕانەوە بۆ لای بێباوەڕیی و ملهوڕیی، ئەمەش وەک ڕەتکردنەوەیان بوو بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)[1].

ئیبن عاشور دەڵێ: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ اللَّهِ ﴾النساء:٦٤

---

١- الطبري، جامع البيان عن تأويل القرآن، ج٥، ص١٥٦-١٥٧.

ڕستەیەکی ڕێگرە لە میانەی ئەو گوزارەیەدایە لەبارەی مەسەلەی کەسی دووڕووەوە هاتووە کە لە شتەکاندا گەڕاوەتەوە بۆ لای بێباوەڕی و ملهوڕیی، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ یەکەمین مەبەست کە لۆمەکردنیانە لەوەدا کە لە داوەریکردندا ڕوویان وەرگێڕاوە لە گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و ئەو ڕووو وەرگێڕانەیان بەڵگەی دووڕووییانە، ئەوەش بە بەڵگەی ئەوە کە واتای باوەڕ ڕازیبوونە بە حوکمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەر بۆ ئەوە هاتووە گوێڕایەڵیی بکرێ، ئیتر چۆن دەبێت ڕووی لێوەرگێڕدرێ)[1]. پاشان قورئان باوەڕ دەبەستێتەوە بە گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەوە، ئەوەش بە گەڕانەوە بۆ لای و نەبوونی گومان و ڕوو وەرنەگێڕان لە حوکمەکەی، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴾النساء: ٦٥. واتە: (نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر)، ئەو خەڵکە باوەڕی تەواویان نیە هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدات لە نێوانیاندا تۆ و شەریعەتی تۆ نەکەنە داوەر و گوێڕایەڵی نەکەن، دوای ئەوە بەهیچ جۆرێک نابێت هیچ نارەزایی و پێناخۆشبونێک لە ناخیاندا هەبێت دەربارەی ئەو بڕیارەی کە تۆ داوتە، بەڵکو دەبێت بەتەواوەتی تەسلیم و ڕازی بن). ئیبن عاشور ئەم ئایەتە دەکاتە بناغەیەک بۆ جیاکردنەوەی نێوان حوکمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و حوکمی غەیری ئەو، دەڵێت: (لەبەرئەوە ئەم ئایەتە تایبەتە بە حوکمرانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر)، ئەوا ڕوو وەرگێڕان لە حوکمی غەیری ئەو بێباوەڕی نیە، ئەم بەگوێنەکردنە لەبارێکدایە کەسێ ڕێگایبدرێ مەسەلەکەی بخاتە بەردەم فەرمانڕەوایەک کە حوکی خوای گەورە نەپێکێت یان دادپەروەر نەبێت لە حوکمەکەیدا)[2].

پاشان ئایەتەکان خەڵکی هەڵدەنێن بۆ گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، پاداشتی ئەمەشیان ڕوونکردووەتەوە، دەفەرموێ ﴿ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَالرَّسُولَ فَأُولَٰئِكَ مَعَ الَّذِينَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاءِ وَالصَّالِحِينَ ۚ وَحَسُنَ أُولَٰئِكَ رَفِيقًا ﴾النساء: ٦٩. واتە: (بێگومان هەرکەس فەرمانبەرداری خوای گەورە و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بکات، ئا ئەوانە مەنزڵگایان لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبێت، کە خوای گەورە لە ناز و نیعمەتی بێشومار بەهرەمەندی

---

١- إبن عاشور، تفسیر التحریر والتنویر، مج٣، ج٥، ص١٠٩.

٢- سەرچاوەی پێشوو، مج٣، ب٥، ل١١١.

کردوون، لە پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و چاکەکاران، لەڕاستیدا هەر ئەو کەسایەتیانە هاوەڵ و هاوڕێی چاک و بێ وێنەن). تەبەری دەڵێ: (مەبەستی خوای گەورە بەمە ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ﴾النساء: ٦٩ تەسلیمبوونە بە فەرمانیان و دڵسۆزی نواندنە بە ڕازیبوون بە حوکمیان و گەڕانەوەیە بۆ فەرمانیان، وەلانانی هەر شتێکیش ئەوان قەدەغەیان کردووە لە سەرپێچی خوا، ئەوا ئەو کەسە لەو کەسانەیە کە خوا نیعمەتی هیدایەت و تەوفیقی گوێڕایەڵیکردنی بەخشیوە پێیان)[1]، ئینجا ئایەتەکان دوو دیمەنی دژ بەیەکی گوێڕایەڵیی باسدەکەن، ئەوانیش: گوێڕایەڵیی خوای گەورەیە، یان گوێڕایەڵیی شەیتانە، ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓاْ أَوۡلِيَآءَ ٱلشَّيۡطَٰنِۖ إِنَّ كَيۡدَ ٱلشَّيۡطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا﴾ النساء: ٧٦. واتە: (بێگومان ئەوانەی ئیمان و باوەڕیان هێناوە دەجەنگن لەپێناوی سەرخستنی ئاینی خوادا، بەڵام ئەوانەی کە کافر و بێباوەڕن دەجەنگن لە پێناوی (گاغوت) بیرو باوەڕی چەوت و شتی بێنرخدا، دەی کەواتە ئێوە بجەنگن لە کاتی لەباردا دژی یار و یاوەرانی شەیتان، دڵنیاش بن کە فێڵ و تەڵەکەو پیلان و نەخشەی شەیتان هەمیشە لەبەرامبەر پلان و نەخشەی خوای گەورە و هەوڵ و کۆششی باوەڕدارانەوە لاواز و پووچەڵە). تەبەری دەڵێ: مەبەستی خوای گەورە باسکردنی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) هێناوە، دڵنیان بە پاداشتی چاکەی خوا بۆ ئەوانەی باوەڕیان پێیهێناوە ﴿يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ﴾دەڵێ: واتە لەپێناوی گوێڕایەڵیی و ڕێبازی ئاینەکەی و شەریعەتەکەی کە بۆ بەندەکانی داناوە ﴿وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ﴾ دەڵێ: ئەوانەش کە نکولیانکرد لە یەکتاپەرستیی خواو پێغەمبەریان بەدرۆخستەوە لەوەی لە پەروەردگاریانەوە بۆیانهاتووە ﴿يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ﴾ئا ئەوانە لە گوێڕایەڵیی شەیتان و ڕێبازەکەیدان کە بۆ هەوادارانی خۆی دایناوە لە بێباوەڕان بە خوای گەورە، خوای گەورەش پشتی ئەو باوەڕدارانە لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بەهێز دەکات کە باوەڕیان پێیهێناوە، سەریاندەخات بەسەر بێباوەڕاندا لە دوژمنانی زاتی خۆی و ئاینەکەی)[2].

پاشان ئایەتەکان بە ڕۆشنی و ئاشکرا کە هیچ لێڵییەکی تێدا نیە باس لە فەرزی گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکەن، دەیخەنە ناو گوێڕایەڵیی

---

١- الطبري، جامع البيان عن تأويل آي القرآن، ج٥، ص١٦٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٥، ل١٦٩.

خوای باڵادەستەوە: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴾ النساء: ٨٠. واتە: (جا ئیتر ئەوەی فەرمانبەرداریی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بێت، دیارە ئەوە هەر فەرمانبەرداری لە خوای گەورە کردووە -چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) زۆر مەبەستی بووە کە هەمیشە ئەوە بکات کە خوای گەورە پێی ڕازی و خۆشنودە-، بەڵام ئەوەی کە یاخی دەبێت و فەرمانبەردار نابێت، ئەوە تۆمان نەناردووە بۆ ئەوەی چاودێر بیت بەسەریانەوە و ناچاریان بکەیت بە پابەندی و دینداریی). تەبەری دەڵێ: (ئەمە بەڵگەیە لە خواوە بۆ بەندەکانی لەبارەی پێغەمبەرەکەیەوە (درودی خوای لەسەر) کە باسیدەکات بۆیان و پێیان دەفەرموێ: ئەی خەڵکینە هەرکەس لە ئێوە گوێڕایەڵیی موحەممەد (درودی خوای لەسەر) بێت ئەوا بە گوێڕایەڵیکردنی ئەو گوێڕایەڵیی منی کردووە، دەی گوێبیستی گوفتاری بن و فەرمانی جێبەجێ بکەن، چونکە هەر فەرمانێک بدات بەسەرتاندا ئەوا بە فەرمانی من فەرمانتان پێدەکات، ئەو شتەی ئەو ڕێگریتان لێدەکات لە نەکردنی ئەوا قەدەغەیەو نەیکەن، با کەستان نەڵێت خۆ موحەممەد (درودی خوای لەسەر) مرۆڤێکە وەک ئێمە و دەیەوێت خۆی بە چاکتر بزانێ و خۆی فەرزکات بەسەرماندا)[1]، ئینجا ئایەتەکان ڕاستیتی ئەو گوێڕایەڵییە فەرزە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕووندەکەنەوە، ئەوەش بە خستنەڕووی چەمکی گوێڕایەڵیی لای دووڕووەکان، کە بەستراوەتەوە بە جێگیربوونی سەرپێی و بە گوێنەکردن: ﴿ وَيَقُولُونَ طَاعَةٞ فَإِذَا بَرَزُواْ مِنۡ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ غَيۡرَ ٱلَّذِي تَقُولُۖ وَٱللَّهُ يَكۡتُبُ مَا يُبَيِّتُونَۖ فَأَعۡرِضۡ عَنۡهُمۡ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴾النساء: ٨١. واتە: (دووڕووەکان کاتێک لای تۆن هەرچیەکیان پێدەڵێیت، ئەوان دەڵێن: بەڵێ: ملکەچ و فەرماندارین، بەڵام هەرکە تۆیان بەجێهێشت و دوورکەوتنەوە، لە پەنهاندا لە شەودا هەوڵدەدەن قسەکانی تۆ بگۆڕن و بە شێوازێکی تر بڵاوی بکەنەوە، بێگومان ئەوەی ئەوان لە پەنهاندا نەخشەی بۆ دەکێشن، بەردەوام خوای گەورە تۆماری دەکات، تۆ گوێیان مەدەرێ و خۆتیان پێوە ماندوومەکە، بەڵکو بەردەوام هەر پشت بە خوای خۆت ببەستە، دڵنیاشبە تەنها خوای گەورە بەسە کە یارو یاوەر و یاریدەدەرت بێت). تەبەری دەڵێ: (مەبەستی خوای گەورە بە فەرموودەی ﴿ وَيَقُولُونَ طَاعَةٞ ﴾ئەو تاقمەیە کە خوا لەبارەیانە هەواڵیداوە، کە کاتێ پێیانوترا بڕۆن بۆ جەنگ هەروەک چۆن لەخوا ترسان لە خەڵکیش ترسان بەڵکو زیاتریش، کاتێ پێغەمبەریش (درودی

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٥، ل١٧٧.

خوای لەسەر) بە فەرمانێک فەرمانیان پێدەکات، ئەوان دەڵێن: فەرمانت بەجێیەو ئەوەی فەرمانمان پێدەکەیت و ڕێگریمان دەکەیت لێی ئێمە گوێڕایەڵین ﴿فَإِذَا بَرَزُواْ مِنۡ عِندِكَ﴾خوا دەفەرموێ کاتێکیش ئەی موحەممەد لەلات دەچنەدەرەوە ﴿بَيَّتَ طَآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ غَيۡرَ ٱلَّذِي تَقُولُۖ﴾تاقمێکیان ئەو قسانەت دەگۆڕن کە پێت وتوون)[1]، ئەو ئایەتەی دوای ئەمە هاتووە دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکاتەوە و دەفەرموێ: ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ وَلَوۡ كَانَ مِنۡ عِندِ غَيۡرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخۡتِلَٰفٗا كَثِيرٗا﴾النساء: ٨٢. واتە: (ئەوە بۆچی ئەوان سەرنجی قورئان نادەن و واتا پیرۆزەکانی لێکنادەنەوە، خۆ ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن غەیری خواوە بوایە و غەیری ئەو زاتە نازڵی بکردایە، جیاوازی و ناڕێکی و ناتەواوی زۆریان تێیدا بەدیدەکرد. (دوای تێپەڕبوونی پتر لە چواردە سەدە لە هەموو ڕوویەکی زمانەوانیەوە بێ وێنەیە). تەبەری دەڵێ: (مەبەستی خوای باڵادەست بە فەرموودەی ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلۡقُرۡءَانَۚ﴾واتە ئایا ئەوانە ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر) تێناگەن ئەوەی کە تۆ پێیان دەڵێیت پەڕاوی خوایەو بەڵگەی خوایە لەسەریان کە گوێڕایەڵت بن و شوێنکەوتەی فەرمانت بن)[2].

ئایەتە پێشووەکانی سورەتی النساء یەکەیەکی بابەتی پێکدێن، لێیەوە دەردەکەوێ کە ناکرێ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەدوور لە فەرمان بە حوکم و دادپەروەریی و بەجێگەیاندنی ئەمانەت سەیربکرێ، ئینجا میانەی فەرمانەکە گەڕانەوەیە بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی و دەچێتە ژێر ئەو حوکمەوە، لەبەرئەوە ئەوا ئەم چەمکە چەمکێکە بە هەموویەوە دەچێتەژێر پرەنسیپی فەرمانڕەوایی شەریعەتەوە، خزمەتکاریەتی و بەپێی پێداویستییەکانی ئەو ڕێکوپێک کراوە، ئەمەش پرسێکە کە لە تێڕوانینی قورئانیدا جگە لەمە هیچ تێگەیشتنێکی تر لێناکرێ.

## ٤- تایبەتمەندییەکانی دیدی ئیسلامی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی:

چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی چەمکێکە پێکهاتووە لە هەردوو لەفزی (گوێڕایەڵیی) و (سیاسیی)، پێشتر باسی لەفزی گوێڕایەڵیمان کردووە و لە سەرچاوە دامەزرێنەرەکانەوە ماناکەیمان ڕوونکردووەتەوە، بەڵام وشەی (سیاسیی) سیفەتێکە مەبەست پێی دیاریکردنی ئەو بوارەیە کە چەمکەکە تیایدا دەجوڵێ، ئەم سیفەتە واتای لەفزی گوێڕایەڵیی لە ئاسۆی ڕۆحییەوە -بەو پێیە کە هزری

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٥، ل١٧٧.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٥، ل١٧٩.

گوێڕایەڵیی بریتییە لە هزرێک بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە پێداویستییە ڕۆحیەکانی مرۆڤەوە بۆ لای خوا، هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمانکردووە- دەگوێزێتەوە بۆ بوارە سیاسییەکەی. ئەو داڕشتنە تیۆریەش کە بۆ ئەم چەمکە دەیخەینەڕوو، دەخوازێ جیاکاری بکات لە نێوان دوو مەیدانی جیا لەیەک کە چەمکی گوێڕایەڵیی تیایاندا دەجولێ، یەکێکیان ئاینی و ئەویتریان سیاسییە، بەمجۆرەش چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە پێچەوانەی گوێڕایەڵیی ئاینییەوە چەمکێکی ڕێژەییە، سنوردارە، کاتییە و کراوەیە لەبەردەم پرۆسەی بەیاساکردن و هەموارکردن و خوێندنەوەیەکی بەردەوامی نوێکەرەوەدا.

بەرمەبنای ئەمە ئەوا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەرچاوە دامەزرێنەرەکانەوە هەڵگری دوو تایبەتمەندی سەرەکییە:

تایبەتمەندیی یەکەم: چەمکێکە خاوەنی واتایەکی ڕێکوپێک و توندوتۆڵە، ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە چەمکێکە لەسەر شەرع بونیاتنراوە، گونجاوە لەگەڵ بونیادە هەمووەکییەکەیدا.

تایبەتمەندیی دووەم: چەمکێکە واتایەکی کراوەی هەیە، چونکە ڕێکوپێکیەکەی لە چوارچێوەی شەرعیدا بەو مانایە نیە کە چەمکێکی داخراوە، بەڵکو توانای هەیە ڕەگەزی ماناداری تر کە لایەنە نەبینراوەکانی دەخاتەڕوو بەدەستبێنێ، مانا شاراوەکانی ئاشکرا بکات، بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ چوارچێوە زمانەوانی و زاراوەیی و مەعریفییەکەیدا.

لەڕاستیدا زەرورەتی پرۆسەی گواستنەوەی چەمکەکان لە ئاستی هەمووەکیەوە: لە بازنەی باوەڕییەوە، بۆ ئاستی بەشیی: بازنەی سیاسیی، لە چوارچێوەی حاڵەتە ئیمانییە گشتییەکەدا، کارێکی مەعریفیە، سنورداریی کاری فەرهەنگیش کە ناتوانێ گوزارشت لە مانا ڕاستەقینەکانی چەمکەکە بکات ڕەوایەتی دەداتێ. ئەوەش بەهۆی چوونەناویەکی ماناکان و کرانەوەیان لەسەر یەکتری، هەروەها مانای هەر چەمکێکیش ئەگەر بێتو لە میانەی بواری تاوتوێکردنی سنورداردا چوارچێوە ڕێژی بۆ نەکرێ بە بێجوڵە دەمێنێتەوە، لێڵی و تەمومژ دروستدەکات، کەواتە دەستکۆتا بوون تەنها بە وتنی گوێڕایەڵیی کە بریتییە لە ملکەچیی کارێکی لێڵ و تەمومژاوییە، چونکە ملکەچیی ئەگەر بەجیا و سەربەخۆ لە بواری تاوتوێکردنی بهێنرێت ئەوا لەوانەیە سودێک نەگەیەنێ، ئەوە بیرۆکەی (بواری تاوتوێکاریی)یە کە ڕێگا بە جیاکاری دەدات لە نێوان ملکەچیی بۆ خواو نێوان ملکەچیی بۆ غەیری ئەو زاتە، لەم حاڵەتەشدا دەلالەتی ملکەچیی نابێتە خاوەنی هەمان ئەو مانایانە، چونکە کاتێک

له بازنەی ئیمانیدا دەهێنرێ ئەوا کۆمەڵە مانایەک دەخاتەڕوو کە لە بازنەی سیاسیدا هەمان ئەو مانایانە ناخاتەڕوو، لێرەشدا پێویستە ئەرکی وەسفکردنی گوێڕایەڵیی بە (سیاسیی) دەربکەوێ، چونکە ئەو وەسفە یارمەتیدەرە لە دۆزینەوەی مانای ڕاستەقینەی میانەیی لەفزەکان کە لە ڕووی زمانەوانیەوە لەیەکدەچن.

هەروەها ئەو زمینەسازییە مەعریفییە کە کەفەوی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی خستوویەتەڕوو بە جیاکردنەوەی پەیوەندی گوێڕایەڵیی بە بەندایەتیەوە، زەمانەتی گواستنەوەی ئەم چەمکە دەکات بۆ بواری سیاسیی، بێئەوەی هیچ لەو مانایانە ببەسترێن پێیەوە کە پەیوەندن بە چەمکی بەندایەتییەوە، ئەمەش بە وەسفکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەبێت -لە لایەنی پراکتیکیەوە-، کە گوزارشت بێت لە تایبەتمەندیی شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا، کە میانەی تایبەتیان هەیە و لقێک نین لە گوێڕایەڵیی ئاینی -پەرستشکاریی و ڕاستاندکاریی-. جا ئەگەر چەمکەکە بە سروشتی خۆی لەناو ڕشتەبەندیی گوتاری شەرعی چڕوپڕدا کاری خۆی بکات، ئەوا هەر بە هیچ شێوەیەک ناچێتە ژێر چەمکی گوێڕایەڵیی ئاینیەوە، چونکە گوێڕایەڵیی ئاینی چەمکێکی باوەڕییە، بەڵام گوێڕایەڵیی سیاسیی چەمکێکی سیاسیی جێنشینییە، با لایەنە فیقهی و یاساییەکانیشی کە پەیوەستن بە بواری تەشریعەوە فرەجۆربن.

بەڵام ئەو باسەی لەپێشەوە لەسەر دیاریکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی کرا ئەوە ناگەیەنێ کە پەیوەندی بە ئیمانەوە نیە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ئەوە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی بەشێک نیە لە بەشەکانی، چونکە ناچێتە ژێر تایبەتمەندی چەمکی ئیمانەوە کە بە مانای ڕاستاندن دێت بە خوای گەورەو فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر بە چاک و خراپیەوە، بەم پێیە ئەوا پەیوەستبوونی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە باوەڕەوە هەڵقوڵاوی ئەرکێکی جێنشینییە، ملکەچبوونی ئەو ئەرکەشە بۆ بەشەکانی ئیمان، کە تەنها لەو ڕوویەوە ڕاست و دروستە، ئەمەش پەیوەندییەکی گشتگیرە لە دیدی گشتگیری باوەڕەوە بۆی دەڕوانرێ کە هەموو کارەکانی تاکی باوەڕدار دەگرێتەوە، لەنێویشیاندا ڕێبازی گوێڕایەڵیی، نەک پەیوەستبوونی تایبەت کە گوێڕایەڵیی بخاتە ژێر پێداویستییەکانی باوەڕ، کە دواجار باوەڕ یان بێباوەڕی جێکەوتەی بێت، چونکە مرۆڤ بۆی هەیە باوەڕدار بێت با گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیش نەبێت، ئەمە بە پێچەوانەی حاڵەتی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەم جیاکارییە گرنگێتی خۆی هەیە، چونکە لەوانەیە پیادەکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەژێر سێبەری گوێڕایەڵیی ئاینیدا

بگاتە قۆناغێک لە تێگەیشتن کە هەردوو مەسەلەکە بچەسپێن بەسەر یەکدا، کە ئەمەش یان تەمومژ یان زیادەڕۆیی لە ئاست یەکتردا لێدەکەوێتەوە، دووریش نیە ئەمە کاتێک دەربکەوێ کە دەستەڵاتی سیاسیی گونجاوبێت لەگەڵ داخوازییەکانی شەریعەتدا، ئەمەش وابکات ئەو باوەڕە دروست ببێت کە گوێڕایەڵیی واتە خودی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەگەیەنێ.

زۆر گرنگە بوترێ کە جووتبوونی گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی بە گوێڕایەڵیی کاربەدەستانەوە لە میانەی گوتاری قورئانیدا، تەنها بۆ پابەندکردنی دەستەڵاتی سیاسیە بە کارکردن بەپێی حوکمەکانی شەرع و مەبەستەکانی و هیچیتر، هەروەها بە مانای سڕینەوەی سنوری جیاکەرەوەی نێوان گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەر و نێوان گوێڕایەڵیی کاربەدەستان نیە، ئەمەش کۆتا شتێکە کە تێڕامان لە چەمکەکە لە میانەی قورئانیدا پێیگەیشتبێت.

بەم پێیە، ئەوا گوێڕایەڵیی ئاینی وێنای ڕەوشی چەمکێکی داخراو دەکات کە ناتوانرێ بازی بۆ بدرێ، چونکە ئەو هاوواتایی یان هاوشێوەیی یان خزانە ژێر هیچ یەک لە بابەتەکانی قوبوڵ ناکات، لەسەر ئەم بنەمایە ئەوا گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بواری سیاسیدا درێژکراوەی گوێڕایەڵیی ئاینی نیە، بەڵکو گوزارشە لە دیمەنی بەهایی و ڕەوشتی و تەشریعی باوەڕ و شەریعەت، بەمجۆرەش ڕەوشێکی تایبەتە ناوزەد دەکرێ بە سنورداریی و ڕێژەیی، چونکە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان پەیوەستە بە ڕاوێژکارییەوە، وابەستەیە بە بەجێگەیاندنی ئەمانەتەکانەوە، بە فەرمانڕەوایی بە دادپەروەریی، بە گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت، ئەمەش وادەکات کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی ملکەچی زۆرێک لەو سنوردارکەرانە بێت کە هەڵقوڵاوی شەریعەتن، لە هەمانکاتیشدا هەڵقوڵاوی گەلە بەو سیفەتە کە لایەنی پەیوەندارە بە جێنشینیەوە.

چەمکەکە لە بونیادی خۆیدا بەهەمانشێوە هەڵگری سنوری مەعریفی خۆیەتی، بە کەوتنەبەر ڕەوشی گوتاری قورئانیی ئەو سنورانە بە ئاسانی دەخاتەڕوو، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَ﴾ النساء: ٨٠. هەرکات باسی گوێڕایەڵیی خوابکرێ ئەوا گوێڕایەڵیی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) وابەستەیە پێیەوە، بەجۆرێ کە گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) والێدەکات ببێتە گوێڕایەڵیی خوای گەورە بە هەموو ئەو پابەندییانەوە کە لێکەوتەی دەبن، بەڵام مەسەلەکە لە گوێڕایەڵیی کاربەدەستاندا پێچەوانەی ئەمەیە، کە گونجاوە لەگەڵ ئەرکی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە گوتاری قورئانیدا،

بەو سیفەتە کە ئامرازێکە بۆ دەرخستنی دادپەروەریی -هەروەک ئیبن عاشور دەڵێ- و هۆکارێکە بۆ دەستەبەرکردنی فەرمانڕەوایی شەریعەت، چونکە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دادەنرێ بە خزمەتکاری ڕشتەبەندیی بەهای ئیسلامی، نەک خۆی بەهایەکی باوەڕی باڵا بێت.

لەلایەکیترەوە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەگۆڕدرێ بۆ بەرانبەرە مەعریفیەکەی ئەویش ئۆپۆزیسیۆنی سیاسییە، چونکە یاخیبون دژی گوێڕایەڵییە، گوێڕایەڵیی بریتییە لە ئەنجامدانی شتێکی فەرمانپێکراو و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراو، پێچەوانەکەشی یاخیبوونە[١]، پەیوەندیش لە نێوانیاندا بە مەرج دەگیرێ بۆ دەستەبەرکردنی هاوسەنگی ناوخۆیی هەردوو چەمکەکە، چونکە فەرماندان بە گوێڕایەڵیی بە مانای ڕێگری نیە لە سەرپێچی و یاخیبوون. پێشەوا غەزالی لەمبارەیەوە ڕێسایەکی ئوسوڵی بڕیارداوە ئەویش بریتییە لەوە کە فەرماندان بە شتێک ڕێگری نیە لە دژەکەی، دەبینین دەڵێ: (هەروەها ئێمە قایل نین بەوە کە پێویست بێت کاتێک فەرماندەرێک فەرمان بە شتێک بکات ئەو فەرمانەی قەدەغەکردنی دژەکەشی بێت، بەڵکو دەکرێ فەرمان دژ بەو دەربکات، چ جای ئەوە کە دەکرێ نە فەرمانبدات و نە قەدەغەش بکات)[٢]، جا بە ئاوڕدانەوە لەو دیسپلینانە کە لە شەریعەتدا هاتوون دەبینین کە یاخیبوون -لە حاڵەتی لادانی فەرمانڕەوا لە شەریعەت- دەکاتە بەرجەستەیەک بۆ گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی، چونکە یاخیبوون لە چوارچێوەی بۆچوونی قورئانیی بۆ چەمکەکە لە خودی خۆیدا بەهایەکی خراپ نیە، جا هەروەک چۆن فەرماندراوە بە گوێڕایەڵیی، ئەوا لە پەیوەندییە مرۆییەکانیشدا بە گشتی فەرمان بە گوێڕایەڵی نەکردنیش هەر هاتووە، وەک خوای گەورە لە پەیوەندی کوڕان و کچان بە دایبابەوە دەفەرموێ: ﴿وَوَصَّيْنَا الْإِنسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا ۖ وَإِن جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا ۚ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾العنکبوت: ٨ واتە: (ئێمە ئامۆژگاری ئینسانمان کردووە بە چاک ڕەفتاری و جوان کرداری لەگەڵ دایک و باوکیدا، پێمان ڕاگەیاندووە، ئەگەر ئەو دایک و باوکەت هەوڵیان لەگەڵ تۆدا دا و زۆریان بۆ هێنایت کە وەک خۆیان موشریک و بیروباوەڕ چەوت بیت، بەبێ ئەوەی تۆ هیچ زانست و زانیارییەکت هەبێت، ئەوە تۆ لەوەدا نابێت بە قسەیان بکەیت و ملکەچیان بیت -چونکە ئیمان

---

١- الصلاحات، معجم المصطلحات السياسية في تراث الفقهاء، ص١٦٣.

٢- الغزالي، المستصفى في علم الأصول، ص٦٥.

و باوەڕ دەبێ لەسەر بنەمای زانست و زانیاری بێت نەک خورافات و شتی تەمومژاوی-، پاشان دڵنیاشبن کە گەڕانەوەی هەمووتان هەر بۆ لای منەو هەواڵی هەموو ئەو کارو کردەوانەتان پێدەدەم کە کاتی خۆی ئەنجامتان داوە). هەروەها دەفەرموێ ﴿ وَلَا تُطِيعُوٓاْ أَمۡرَ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾الشعرا و: ١٥١. واتە: (ئێوە بە قسەی ئەوانە مەکەن کە لە سنور دەرچوون، تاوانبار و گوناهکارن...).

بەم پێیەش چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەهایەکی دیاریکراوی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان لە بواری سیاسیدا تێدا نیە، وایلێبکات بە ئاسانی بوترێ گوێڕایەڵیی سیاسیی لە خودی خۆیدا بەردەوام بەهایەکی ئەرێنییە، یاخیبوونیش بە ڕەهایی پێچەوانەی ئەوە، چونکە کاتێ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەچێتە ژێر پرەنسیپی فەرمانڕەوایی شەریعەت، ئیتر وایلێدەکات مافی شەرعی یاخیبوونیشش لەخۆبگرێ و ببێتە هاندەری لە هەندێ حاڵەتدا، ئەمەش بەو سیفەتە کە چەمکێکە لەسەر شەرع دامەزراوەو لەگەڵیدا دەسوڕێتەوەو هاوسەنگییەکی ناوەکی دەدات بە چەمکەکە.

لەڕاستیدا جیاوازی لە نێوان گوێڕایەڵیی و یاخیبوون ئەوەیە کە گوێڕایەڵیی لەسەر بناغەی دانان بە شەرعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی یان زەرورەتی بوونی بەرپا دەبێت، بەم پێیەش ئەوا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وەسفە بۆ هەر ڕەفتارێک کە ببێتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵات لە هەستانی بە ئەرکی رابەرایەتی کۆمەڵگا، بەمشێوەیەش هاوکاریکردنی لە ئەنجامدانی کار و ئەرکەکانیدا، لە زۆرێک لە کردارەکانی وەک بەجێگەیاندنی مافەکان، پشتگیری و ئامۆژگاری و ئاوێتەبوون و بەدەمەوەهاتن دەچنە ژێر ئەم وەسفە، هەروەها زۆرێکیتریش لە کردارەکانی تر کە ئامانجیان کامڵبوونی دەسەڵاتە یان بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتووییەتی، هەروەها دەربڕینی ناڕەزایی بە مەبەستی فشار خستنە سەری و کارتێکردنی، بە ڕێگریی لە گوێڕایەڵیی و ڕاجیاوازی و پیادەکردنی ناکۆکی لەگەڵیدا، هەروەها گۆڕانی بەشی لە دەسەڵاتدا بۆ زامنکردنی کاری دامەزراوەکانی تری، هەموو ئەمانە دەچنە ژێر ئەم وەسفە[١].

---

١- لەمەوپاش دەبینین کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی چۆن بەرتەسک کراوەتەوە، بەجۆرێ کە کورتکراوەتەوە تەنها لە کردارە ئەرێنییەکاندا بەرانبەر بە دەسەڵاتی سیاسیی، ئەوەش بە پشتبەستن بە هەندێ فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە هۆشداری دەدەن بە جیابوونەوە لە کۆمەڵ با بە دووری یەک بستێک بێت، هەندێکیان ئەم ڕستەیەیان بەوە ڕاڤەکردووە کە ڕێگریکردنە لە سەرپێچی پێشەوا با لە کارە هەرە بچوکەکانیشدا بێت، جا بەپێی ئەو تێگەیشتنە ئیتر گوێڕایەڵیی سیاسیی دەبێتە حاڵەتی چەسپان و گونجانی تەواوەتی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیدا، چونکە سەرپێچی -با کەمیش بێت و بە چاوپۆشین لە مەبەستەکەی- هەر دادەنرێ بە دەرچوون لە گوێڕایەڵیی.

بەڵام یاخیبوون -بریتییە لە حاڵەتی داننەنان بە شەرعیەتی دەستەڵات یان زەرورەتی بوونیدا، لەوانەیە ئەم یاخیبوونە لە دەستەڵات هەمووەکی یان بەشیی بێت، تەواوی ئەو کردارانە بگرێتەوە کە ئامانجیان پەکخستنی کارایی دەستەڵاتە، لەکارخستنی سەرکردایەتیەتی بۆ کۆمەڵگا، پەکخستنی کارەکانیەتی، یان گۆڕینیانە گۆڕینێکی هەمووەکی. بەمشێوەیە ئەوا جیاوازی لە نێوان گوێڕایەڵیی و یاخیبوون -بە لەخۆگرتنی دەرهاویشتەی هەر سێ ئاستە شیکارییەکە، فەرهەنگیی و زاراوەیی و مەعریفی- لەسەر بنەمای وەزیفی دەکرێ، مانای خۆی لە کۆی ئەو کردارانەدا دەبینێتەوە کە تاک یان کۆمەڵ لە پەیوەندی بە دەستەڵاتی سیاسیەوە پێی هەڵدەستێ، کە ئایا ئەو کردارانە گونجاوبن لەگەڵ سەرکردایەتی دەستەڵات بۆ گەل یان نا.

بەمجۆرە ئەوا گوێڕایەڵیی سیاسیی چەمکێکە گوزارشت لە حاڵەتی کارلێکی بەردەوام دەکات لە نێوان دەستەڵات و گەلدا، لە لایەنی گەلەوە کۆمەڵێک کرداری تێدایە، لە بەرانبەریشەوە لە چوارچێوەی پابەندبوونی لایەنی دەستەڵاتی سیاسیی بە هەندێ مەرجەوە وەک شورا، پابەندبوون بە بەیعەت، فەرمانڕەوایی بە شەریعەت، باش ڕاپەڕاندنی کارەکان، هەروەها دەستکەوتی کۆمەڵگایی. لەڕاستیدا گوێڕایەڵیی سیاسیی پرۆسەیەک نیە بە یەک ئاراستەدا بڕوات، چونکە پێویستی بە کۆمەڵێک بەدەمەوەهاتنی سیستمی هەیە لەلایەن دەستەڵاتەوە و دەستبەرکردنی حاڵەتێک لە شەرعیەت یان زەرورەت کە زامنی جێبەجێکردنی کامڵبوون و کارلێکی ئەرێنی بێت لە نێوان دەستەڵات و گەلدا، بەم پێیەش ئەوا لە بۆشاییدا پیادە ناکرێ، بەڵکو لە چوارچێوەی گرێبەستێکدا بۆ مافەکان و پابەندییە ئاڵوگۆڕەکانە، هەروەها بریتی نیە لە هەڵوێستێکی نەگۆڕ لە دەستەڵاتی سیاسیەوە، یان پابەندبوونێکی پێشتر کە پەیوەست بێت بە ڕێبازی جۆریی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی میکانیکی و نا کارلێکدا.

گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هەمانکاتدا هەڵناسێت بە پێشبینی گریمانەی حاڵەتێکی نمونەیی بۆ پەیوەندی نێوان دەستەڵات و گەل کە هاوئاوازی و گونجاندنی تەواوەتی لە نێوان هەردوو لایەندا دەستەبەر ببێت، ئیتر لە ڕووی ئامانجەکان یان کردارەکانەوە بێت، چونکە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە سروشتی خۆی چەمکێکی کارلێکییەو گۆڕانی کردەیی لەسەر ئاستی پەیوەندییەکان و کارلێکە سیاسیەکان بە هەند دەگرێ، هاوکات هەموو دیمەن و شێوە جۆراوجۆرەکانی لەخۆدەگرێ. ئا لەم لایەنەوە ئەوا کراوەیە لەسەر ئەو کردارانەی تر کە وادەبینرێن جیاوازبن لەو، وەک دەرچوون و یاخیبوون، چونکە ئەو کردارانە با نەشچنە

ژێر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، بەڵام هەر پیادەکردنیان لەژێر باڵی شەرعیەتی ئاینی و سیاسیی لە حاڵەتی لادانی دەستەڵاتدا، لەوانەیە گوزارشت بێت لە جۆرە پەرەسەندنێ لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا لە بواری هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، پێشەکییەک بێت بۆ جۆرێکی نوێ لە کارە کارلێکەکان کە میانەی پەرەسەندنی چەمکەکە ڕێگایان پێدەدات.

زۆر گرنگە ڕوونبکرێتەوە کە چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، -کە ژینگەی دەقی قورئانیی بە تایبەتمەندیی و سیفەت و مەرجەکانیەوە دیاریدەکات-، یەکێکە لە ڕەگەزەکانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و هەموویان نیە، چونکە هەڵسوکەوتی سیاسیی مێژوویی موسڵمانان جۆرەها شێوەی لە دەستەڵاتە سیاسیەکان بەرهەمهێناوە، کە ناچنە ژێر چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، وەک دەستەڵاتی ستەمکار، زاڵبوو، گوناهبار، خۆپەرست، ملهوڕ، عەسکەرتاری، بۆماوەیی، عەلمانی، شیوعی و هیتریش، ئەمانەش جۆرە دەستەڵاتێکی سیاسین کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە جیاوازن لە دەستەڵاتی کاربەدەستان بە ناوەڕۆکە قورئانیەکەی، بەڵکو دەچنە ژێر چەمکی (ڕژێمە زەرورەکان)، لەبەرئەوە ئەوا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی دوو لایەن دەگرێتەوە ئەوانیش: گوێڕایەڵیی کاربەدەستان، و گوێڕایەڵیی ڕژێمە زەرورەکان، یان گوێڕایەڵیی شەرعی و گوێڕایەڵیی زەرورەت.

بنەمای جیاکاریی نێوان ڕژێمە شەرعیەکان و ڕژێمە زەرورەکان بریتییە لە ناوەڕۆکی بەهایی هەریەکەیان بەجیا، چونکە ڕژێمە شەرعیەکان بەرپادەبن لەسەر: دادگەریی، یەکسانیی، دەستەبەریی، ئازادیی، دەستکەوتی ژیاریی، ئاسایشی ئابووری، یەکبوونی گەل، ئاوەدانی و هیتریش. گوێڕایەڵیی سیاسیش لێرەدا بە واتا شەرعیەکەی پیادە دەکرێ، میکانیزمە کارلێکەکانیشی بریتین لە: شورا، فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە.

بەڵام (ڕژێمە زەرورەکان) ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان دووردەخرێنەوە لە بەهاو ڕێسا ئیسلامیەکان، بەڵکو بەرپادەبن لەسەر کۆمەڵێک لە (کەمترینی بەهاکان) وەک دەستکەوتی ماددی، تێرکردنی پێداویستییە زەرورەکان، پاراستنی سیستمی گشتی، پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، پارێزگاری لە شێوەی ڕووکەشی ئاین، میکانیزمە کارلێکەکانیشیان ئەمانەن: سەرکوتکردنی سیاسیی، زاڵبوون، پشتاوپشتکردنی دەستەڵات. گوێڕایەڵیی سیاسیش لێرەدا بە واتا شەرعیەکەی پیادە ناکرێ، بەڵکو بە هەڵسەنگاندنە واقیعییەکانی کە گوزارشە لە جۆرێک لە توانایی سیاسی نەک شەرعیەتی ئاینیی.

# بەشی سێیەم

## پێکهێنانی چەمکەکە، ناوەڕۆکی فیقهیی و ڕەهەندی باوەڕیی

لەم بەشەدا هەڵدەستین بە شیکاری پەرەسەندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر هەردوو ئاستی ڕەوشی فیقهی و زانستی کەلام، ئەوەش لە ڕێگای تیشک خستنەسەر میتۆدی مامەڵەی فیقهی لەگەڵ دیاردەی سیاسەت بە گشتی و گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە شێوەیەکی تایبەت. هەر لەم بەشەدا باسی تایبەتمەندییەکانی تاوتوێی فیقهی دەکەین، هاوکات بەهەندگرتنی ئەو بارودۆخ و دەرهاویشتانە کە تێڕوانینی فیقهی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەپێی ئەوان لە قۆناغێکی پێشوەخت لە مێژووی ئیسلامیدا پێکهێنراوە، ئەوەش بە هەڵبژاردنی کەسایەتییە دیارەکان کە باری فرەجۆری ئیجتیهاد لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم چەمکەدا دەخەنەڕوو، ئەوەش بەرلەوە کە فیقهی سیاسیی، بەتایبەتی و فیقە بە گشتی، بچێتە قۆناغی چاولێکەرییەوە. هەروەها باس لە تێڕوانینی کەلامی لەسەر ئاستی باوەڕیی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکەین بە هەموو لقە جۆراوجۆرەکانیەوە، هەوڵدەدەین ئەو بارە باوەڕییە دەستبخەین کە چەمکەکە لەبەرئەنجامی دەمەقاڵەی تاقمە جۆراوجۆرەکانەوە وەریگرتووە، هەروەها تا بزانرێ ئایا توانایی ئیجتیهادی لەدەستداوە، ئایا ئامادەیکردووە بۆ جۆرێک لە پیادەکردنی جیدی هەروەک کەلەپوری هەندێک لەو تاقمانە ئاماژەی پێدەدەن یان نا.

هەوڵدەدەین لەسەر ئاستی هەردوو ڕەوشی فیقهی و کەلامی، سەرنجی حاڵەتەکانی ئەو گۆڕانە بدەین کە هاتووە بەسەر ناوەڕۆکی سیاسیی و مەعریفی و ڕەهەندی باوەڕیی چەمکەکەدا، هەروەها ئەو تەمومژانە کە لەبەرئەنجامی ئەوەوە دەرکەوتوون، ئەمەش بە هێنانە پێشچاوی هەموو تایبەتمەندییە گشتییەکانی چەمکەکە کە لە هەوڵی بنەمادۆزی بەشی پێشوودا بەدەستهاتوون، هەروەها هەوڵدەدەین بکەوینە شوێن کاریگەری مێژوو و ڕۆڵی لە پێکهێنانی هەردوو تێڕوانینەکە: فیقهی و کەلامی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی، تا دوای ئەوە بتوانرێ کاریگەری مێژوویی بەوەی کە مەرجێک بێت بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوەی چەمکەکە لابەرین و دایببڕین، هەروەک لە بەشی پێنجەمدا هاتووە.

## یەکەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی فیقهیدا

### ١- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی: قۆناغی دروستبوون

### أ- سەرهەڵدان و پەرەسەندنی فیقهی سیاسیی:

فیقە بەوە پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە شارەزابوون بە حوکمە شەرعییە پراکتیکییەکان لە ڕێگای بەڵگە تێروتەسەلەکانەوە، بابەتەکەی لە ڕووی فەرز و سوننەت و حەڵاڵ و حەرامەوە کردەی مرۆڤی ئەرک پێسپێردراوە، ئەبو حەنیفە (١٥٠-٨٠ک) پێناسەی کردووە بە زانستی کەسی -مرۆڤ- بەوەی کە هەیەتی و بەوەی لەسەریەتی[١]، ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتەسەر سنوری مەعریفی فیقە بەو سیفەتە کە زانستێکە -بە پلەی یەکەم- گرنگیدەدات بە دابەزاندنی حوکمە شەرعیەکان لەسەر ئاستی تاککەسی، لە هەمانکاتیشدا یارمەتیدەرە لەسەر تێگەیشتنی میتۆدیی ئەو زانستە کە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە سیاسییەکان بەرپابووە، بەو سیفەتە کە کێشەی لاوەکین نەک ڕاستیی هەمووەکیی گشتی و پێکەوەبەستراو بن. هاوکات ئاماژە دەدات بە ئاراستەی فیقهی لە بەش بەشکردنی واقیعی سیاسیی کە ڕێخۆشکەرە بۆ گواستنەوەی هەندێ پرسی هەمووەکیی وەک پرسی پێشەوایەتی (الإمامە) بۆ زانستەکانی تر کە لە ڕووی مێژووییەوە پاشکۆی سەرهەڵدانی فیقهن، بەمجۆرە بابەتی پێشەوایەتی و مەرجەکانی یەکێکە لە بابەتەکانی زانستی کەلام، تەنانەت تاوتوێی فیقهی مەسەلە سیاسییەکان هەر -لە قۆناغی چاولێکەری فیقهیدا بەتایبەتی- کۆت و بەندن بە میتۆدی زانستی کەلامەوە کە خەتابی (٣٨٨ک.م) لەدوای سەردەمی پێشەواکانەوە ناوی ناوە بە (بەڵگەهێنانەوە بە زانستی کەلام)[٢].

لەڕاستیدا گرنگیدان بە ڕووداوە بەشییەکان زیاتر لە گرنگیدان بە ڕاستییە گشتییەکان، وای لە فیقە کردووە وەها ببینرێ توانای لەخۆگرتنی ئەو پرسانەی نیە کە پەیوەستن بە دەوڵەتەوە بەو سیفەتە کە دیاردەیەکی کۆمەڵیانەیە، چونکە ڕیوایەتی فیقهی بۆ دەوڵەت چڕبووەتەوە -بە پلەی یەکەم- لەسەر لایەنی یاسایی و بە سنورداریی لەسەر سزایی، لەبەرئەوە -بۆ نمونە- فیقهی حەنەفی دەبینین کە باس لە بابەتی پێشەوایەتی و دەستەڵاتی کاربەدەستان دەکات، دێت مشتومڕ لەسەر مەسەلەی تەمبێکردن و سزای شەرعی زینا دەکات، هەروەها ئەو حوکمە

---

١- القنوجي، صديق بن حسن. أبجد العلوم، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٨م، ج٢، ص٤٠٠.

٢- الخطابي، أبو سليمان حمد... معالم السنن، بيروت: المكتبة العلمية، ط٢، ١٩٨١م، المقدمة، ص٥.

شەرعیانە کە بابەتی فیقهن -لەلای فیقهناسانی مەزهەبی شافیعی- پەیوەندن بە مەسەلەی ڕۆژی دواییەوە کە پەرستشەکانن یان بە کاروبارەکانی دنیاوە (ئەم دواییینە یان پەیوەندە بە مانی کەسەکەوە، یان بە مانی جۆرەوە ئەوەش بەپێی شوێنەکە وەک هاوسەرگیریی، یان بەپێی شارەکە وەک سزاکان)[1]، لەفزی شار لە گوتاری فیقهیدا ئاماژەیە بۆ دەوڵەت بەو وەسفە کە ئامرازی ڕاپەڕاندنی سزا شەرعییەکانە، لەبەرئەوە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە پێشەوایەتی سروشتییە کە لە چەندین بابەتی فیقهی جۆراوجۆردا پرژوبڵاو بووبن، هەروەها دەرکەوتنی تیۆری سیاسیی فیقهی سروشتییە کە دواکەوتبێ بۆ سەدەی پێنجەمی کۆچی (لەسەر دەستی ماوەردی)، واتە دوای ئەوە کە زانستی کەلام توانای خۆی لەدەستدا لە بەشداریی تیۆریی لە پرۆسەی بونیاتنانی مەعریفە سیاسییە ئیسلامیەکاندا.

بەکورتی دەتوانرێ بوترێ کە فیقە بەپێی بۆچوونێکی تیۆریی هەمووەکی سەریهەڵنەداوە، تا لەتوانایدا بووبێت تێڕوانینی گشتی بۆ پرسەکانی کۆمەڵگای موسڵمان پێشکەش بکات، چونکە ئامانج لە بەگەڕخستنی فیقهی بۆ بەدەمەچوونی پێویستی کۆمەڵگا بووە بە مەعریفەی حوکمە شەرعیەکان، هەروەها بۆ پێشکەشکردنی وەڵام و چارەسەرە شەرعیەکان بووە بۆ پرسەکانی هەڵسوکەوتە تاک و کۆمەڵیەکان، بەم پێیە ئەوا ئەو پەرەسەندنە کە فیقهی گرتووەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی ژیانی لاوەکی، نەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفتە هزرییە گشتیەکان[2]، ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە هەڵایسان لە هەندێ بابەتی فیقهی و کزبوونیش لە هەندێکیتریاندا ڕووبدات، بەتایبەتی ئەو بەشەی کە پەیوەندە بە لایەنی سیاسییەوە، ئەم سروشتییە پراکتیکیەی فیقە لە پشتەوەی سنوردابوونیەتی لە لەخۆگرتنی دیاردە سیاسییەکە بە هەموو مەسەلە ئاڵۆزە جۆراو جۆرەکانیەوە، بەتایبەتی لە قۆناغە یەکەمەکانی سەرهەڵدانیدا، دەکرێ لەمبارەیەوە سەرنجی دوو پەرەسەندنی گرنگ بدەین کە لە تێڕوانینی بەشیەوە نەک هەمووەکی کاریگەریان هەبووە لەسەر مامەڵەی فیقە لەگەڵ پرسە سیاسییەکاندا:

پەرەسەندنی یەکەم: لەم قۆناغەدا بۆ دیاریکردنی ئاراستە گشتییەکانی جێنشینیی پەنا براوەتە بەر فیقە، کاری فیقهی لێرەدا بەوە ناوزەدکراوە کە سەربەخۆ نەبووە لە

---

١- القنوجي، أبجد العلوم، ص٤٠٠.

٢- سراج، محمد أحمد، نظرات عامة في تأريخ الفقه الإسلامي، تطوره تأثيره في القوانين الغربية (قضية تطبيقية)، القاهرة: دار الثقافة للنشر والتوزيع، ١٩٩٠م، ص٦٧.

فەتوادان لە مەسەلە گشتیەکاندا، جێنشینی دووەم عومەری کوڕی خەتتاب -خوا لێی ڕازی بێت- هاوەڵانی کۆکردووەتەوە تا لە ڕاو بۆچوونیانەوە ئەو مەسەلە نوێیانە دەربێنێ کە ڕووبەڕووی جێنشینی بوونەتەوە، وەک داهێنانی شێوە وەزارەتەکان، دابەشکردنی دەستکەوتی بێ جەنگ و هیتریش. جا لە ڕێگای ئەو مشتومڕانەوە کە ئەنجامدەدرا دەگەیشتنە ڕایەکی فیقهی کە دواتر دەگۆڕدرا بۆ ئاراستەیەکی سیاسیی و دەبوا جێنشین پابەند بێت پێیەوە، لێرەدا لە قۆناغی مشتومڕەکاندا گرنگیدەدرا بە هێزی بەڵگە و ڕوونکردنەوەی هۆ، چونکە ئەو جێکەوتەیە کە بەدوای خۆیدا دەیهێنا بریتی بوو لە پابەندیی ئاڵوگۆڕپێکراو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر وادەبینرێ کە ئەم پرۆسەیە خاڵی نەبووە لە ئاستەنگ و گرفتەکان، چونکە لە هەندێ لە مەسەلە فیقهیەکاندا تێڕوانینی گشتی بۆ مەسەلە بەردەستەکان ئامادەیی نەبووە، هەروەها بە هەندگرتنی ڕەهەندە سیاسییەکانیان، کاتێک جێنشین عومەری کوڕی خەتتاب ڕەتیکردەوە خاکی ڕەشی عیراق دابەشبکات چونکە دەبووە هۆی کەڵەکەبوونی سەروەت لای سوپا ڕزگارکەرەکان، ژمارەیەک لە فیقهناسانی شاری مەدینە ناڕەزاییان دەربڕی لەپێش هەموویانەوە بیلالی کوڕی ڕیباح بوو، قازی ئەبو یوسف لە کتێبەکەیدا بەناوی (الخراج) دەگێڕێتەوە کە جێنشین وتوویەتی: (خوایە ڕزگارم بکە لە بیلال و لە هاوڕێکانی)[1].

لەڕاستیدا هۆکاری ئەو سکاڵایەی جێنشین ئەوە نەبووە کە فیقە کۆت و بەندی بۆ بژاردە سیاسییەکانی ئەو داناوە، هەروەها هۆکاری دوورکەوتنەوەی جێنشین نەبووە لە میکانیزمی ئیجتیهادی کۆمەڵیانە، بەوەی ئامڕازێکە لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانی جێنشینیی کە لەتوێی سیستمی شورای ئیسلامیدا کۆدەنگی لەسەرکراوە، بەڵکو هۆیەکە -بە بۆچوونی ئێمە- دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی جێنشین بە سروشتە تایبەت و ڕەهەندەکانی ئایندەی پرسە سیاسیەکان لە بەرانبەر سنورداریی پەیبردنی فیقهی بەو کارە.

پەرەسەندنی دووەم: ئەمەش لە نیوەی دووەمی ماوەی جێنشینی عوسماندا -خوا لێی ڕازی بێت- دەرکەوتووە، لەو سەردەمەدا ڕۆڵی فیقهی کۆمەڵیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکان کە تووشی جێنشینیی هاتوون پاشەکشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بەمەش ئیجتیهادی تاککەسی جێگای ئیجتیهادی کۆمەڵیانەی گرتووەتەوە، ئیتر ئەوەی بووبێت کە پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی

---

١- إبن إبراهيم، أبو يوسف يعقوب. كتاب الخراج، بيروت: دار المعرفة، ١٩٧٩م، ص٣٥.

کاروباری جێنشینیەوە هەبووبێ یان پەیوەندی بە نارەزایی لە هەندێ لە سیاسەتەکانی جێنشین بووبێت چوونیەکە. جێنشینیی پێشەوا عەلی -خوا لێی ڕازی بێت- فرەجۆریەک لە ئیجتیهادی هاوەڵان و ڕاوبۆچوونیانی بەخۆیەوە بینی، کە لەگەڵیدا ئەگەر و ئومێدی گەیشتن بە چارەسەری کۆمەڵیانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی (ڕووداوەکانی فیتنە) بوونی نەما، واتە ئەو فیتنەیە کە لە کۆتا ڕۆژەکانی جێنشینی پێشوودا دەستیان پێکرد. وادەبینرێ گرفتەکەش لە فرەجۆری ئیجتیهادەوە نەبووە بەڵکو لە گواستنەوەوە بووە لە ئیجتیهادی تیۆرییەوە بۆ هەڵوێستی کرداری تاککەسی لە دەرەوەی بازنەی میکانیزمی شورا، ئەمەش لە کاتێکدا کە دەوڵەت تیایدا گۆڕدرا بۆ پرسێکی ناکۆک نەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی کۆکەرەوە.

جووڵەی تاککەسی بە هەردوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی لە بارودۆخی فیتنەدا ڕێگای داخست لەبەردەم بیرکردنەوەی کۆمەڵیانە لە چارەسەرکردنی گرفتە گشتیەکاندا، هەروەها فیقە کە -هێشتا لە قۆناغە سەرەتاکانیدا بوو- توانای لەخۆگرتنی گرفتە سیاسیەکانی لەدەستدا، چونکە سروشتێکی جیاوازیان هەبوو لەوانەی کە ڕاهاتبوون لەگەڵی لە کاتەکانی سەقامگیری سیاسیدا. لەمبارەیەوە لە ئیبن عومەرەوە گوتەیەک هاتووە کە وەسفی ڕووداوەکانی فیتنەی نێوان پێشەوا عەلی و موعاویە -خوا لێیان ڕازی بێت- دەکات، وتوویەتی: (هەر ئەوەندە دەزانم شمشێری تێدا بەکارهێنراو لەوە زیاتر نازانم)[1]، هەر لەژێر ئەم میانەیەدا موحەممەدی کوڕی مەسلەمە گوتەیەکی لە وەڵامی نامەیەکی موعاویەدا کە بۆیناردووە هەیە کە وتوویەتی: (...کاتێک ئەوە ڕوویدا شمشێرەکەمم شکاند، لە ماڵی خۆمدا دانیشتم، ئەقڵ و بۆچوونیشم تۆمەتبارکرد کە درا بەسەر ئایندا، بواری ئەوەم نەما فەرمان بە چاکەیەک بکەم، خراپەیەکیش ببینم ڕێگری لێبکەم)[2]، ئیبن ئەسیر دەگێڕێتەوە کاتێ کە عەبدوالله ی کوڕی عومەر گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە، خەڵکەکەی وتوویانە: (سوێند بەخوا نازانین چیبکەین، مەسەلەکەمان لێشێواوە، ئێمە هەر لە جێگای خۆمانین تا دەروومان لێدەکرێتەوە)[3]، ئەمەش کاتێک بوو کە پێشەوا عەلی فەرمانی پێدان بڕۆن ڕووبەڕووی تەڵحەو زوبەیر ببنەوە، ئەوەش دوای ئەوە کە ئەوان سەرکەوتبوون بەسەر عوسمانی کوڕی حەنیف دا کە والی

---

١- الدينوري، الإمامة والسياسة، ص٤٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٨٥.

٣- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٣، ص٩٩.

پێشەوا عەلی بوو لەسەر کوفە، تەبەریش لە زوبەیر کوڕی عەوامەوە دەگێڕێتەوە کاتێ کە ڕۆیشتووە بۆ بەصرە بۆ داواکردنی خوێنی عوسمان وتوویەتی: (هەرگیز کارێکم نەکردووە شوێنپێی خۆمم نەزانیبێ و نەزانم چیبکەم تیایدا، جگە لەم کارە کە نازانم ئایا من چاکە دێتە ڕێم یان خراپە بەرۆکم دەگرێ)[١].

ئەم گوتانەی پێشەوە ئاستی ئەو سەرگەردانی و دۆشدامانە گشتییە دەخەنەڕوو کە بەسەر زۆرێک لە فیقهناسانی هاوەڵاندا هاتووە لەبەرانبەر گرفتە سیاسییە نوێیەکان، ئەمەش لەچاو گەورەیی ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوەو ئەو لێڵیی و تەمومژ و پێکهەڵپژانەدا کە تیایدا بوون شتێکی سروشتییە، ئەوەی جێگای سەرنجدانە بونیاتنانی هەڵوێستە فیقهیەکانە لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی بەشی بۆ هەندێ لە دەقەکان و هەندێ لە لایەنەکانی دیاردە سیاسیەکە، هەندێ لە هاوەڵان ڕایان وابووە کە کوشتنی جێنشین عوسمان ستەمێکەو بەیعەتەکەی لاناچێ، بەردەوامبوونی بەیعەتەکەشی دەخوازێ یەکەمجار تۆڵەی لەو کەسانە بکرێتەوە کە کوشتوویانە، بەڵام لایەنکەی تر ڕایان وابووە کە پێویستە بەیعەتێکی نوێ بدرێ، ئینجا دوای ئەوە بڕوانرێتە مەسەلەی تۆڵەسەندنەوە لە بکوژانی عوسمان، لایەنێکی سێیەمیش هەبوون کە مەسەلەی خوێنڕشتنی موسڵمانانیان بەبێ ڕوودانی شتێک کە ئەوە بخوازێ زۆر لا گەورە بووە و لێرەوە هاتوون خۆیان کەنارخستووە لە هەردوو لایەنەکە.

هەروەها دەتوانین سەرنجبدەین کە پەیبردنی فیقە بە گرفتە سیاسیەکان پەیوەستبووە بە بارودۆخی ناکۆکی لەسەر دەستەڵات: وەک بەردەوامبوونی شەرعیەتی جێنشین عوسمان، پاشان بەیعەتدان بە پێشەوا عەلی، ئەمەش مانای ئەوەیە کە فیقە ڕووبەڕووی کێشەی سیاسیی نوێی زۆر گەورە بووتەوە، کە سەرچاوەکەیان دەستەڵات بووە نەک کۆمەڵگا، لە کاتێکدا کە زۆربەی فەتوای فیقهناسان و کەلەپوری حوکمە دادەوەرییەکان بەدەوری گرفتە کۆمەڵایەتیەکان نەک سیاسیەکاندا دەسوڕانەوە، مەعلومیشە کە فیقە ئامادە نەکرابوو مامەڵە لەگەڵ پرسی لەوجۆرە بکات، بەتایبەتی کە هەردوو جێنشین ئەبوبەکر و عومەر کێشەی ناکۆکی گەورەیان نەبینی بوو، هێشتا ئاڵۆزی لە فیقهدا ڕووینەدابوو، ئەمەش وایکرد لە سایەی نەبوونی ڕێساو بنەما میتۆدییەکان کە لەتوانایدا بێت لە مەسەلە سیاسییەکەدا ئاراستەی بیرکردنەوەی فیقهی بکەن پەناببرێتە بەر بەڵگە بەشییەکان.

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٨، ص٤٧٦.

لەناو ئەو نێوەندە ناکۆکەدا کە تێکەڵبوو بە گرفتی سیاسیی ئاڵۆز، هەروەها کەلەپوری فیقهی کە هەمووی لە خوێندنەوەیەکی بەشییەوە بۆ واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی پێکهێنرابوو، چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی کەوتەبەر هەڵسەنگاندنی جیاواز جیاواز، کەوتەبەر تێڕوانینی ئیجتیهادی جۆراو جۆر، هەر پەیوەست بوو بەو پیادەکارییە فیقهییە ئیجتیهادییانەوە کە لە کەشوهەوای فیتنەدا دەرکەوتن و کاریگەربوو بە بارودۆخی ئەوانەوە.

**ب- گوێڕایەڵیی سیاسیی لای هاوەڵانی فیقهناس:**

ئیبن قەییم دەڵێ: (ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کە فەتوا لێیانەوە وەرگیراوە، لە پیاوان و ئافرەتان ژمارەیان سەد و سی و ئەوەندە بوون، فەتوا لە حەوت کەسیان زۆرتر لەوانیتر بیستراوە کە ئەمانە بوون: عومەری کوڕی خەتتاب، عەلی کوڕی ئەبو تالیب، عەبدوالله کوڕی مەسعود، عائیشەی دایکی باوەڕداران، زەیدی کوڕی سابیت، عەبدوالله کوڕی عەبباس و عەبدوالله کوڕی عومەر)[١]، بەڵام ئیبن قەییم دەگەڕێتەوەو وادەبینێ کە تەنها چوار لەو هاوەڵانە وەک قوتابخانەی فیقهی وابوون، کە سەرچاوە سەرەکییەکانی فیقهی ئیسلامیان پێکهێناوە، دەڵێ: (ئاین و فیقە و زانست لەناو ئوممەتدا لەلایەن قوتابیانی ئیبن مەسعود و قوتابیانی زەیدی کوڕی سابیت و قوتابیانی عەبدواالله کوڕی عومەر و قوتابیانی عەبدوالله کوڕی عەبباسەوە بڵاوەیکردووە، جەماوەریش لە قوتابیانی ئەو چوار هاوەڵەوە فیقهیان وەرگرتووە، خەڵکی مەدینە زانستەکەیان لە قوتابیانی زەیدی کوڕی سابیت و عەبدوالله کوڕی عومەرەوە وەرگرتووە، خەڵکی مەککەش زانستەکەیان لە قوتابیانی عەبدوالله کوڕی عەبباسەوە وەرگرتووە، خەڵکی عیراقیش زانستەکەیان لە قوتابیانی عەبدوالله کوڕی مەسعودەوە وەرگرتووە)[٢].

دەکرێ ئەم پۆلێنکردنە کە ئیبن قەییم دایناوە بۆ ئەو مەسەلە فیقهییانە ڕاست بێت کە تایبەت بوون بە مامەڵەکان و هیتریشەوە، بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر نادرێت بەسەر فیقهی سیاسیدا، واتە بەسەر کۆی ئەو حوکم و هەڵوێست و شارەزاییانەدا کە موسڵمانان لە پەیوەندییان بە دەسەڵاتی سیاسییەوە پیادەیان کردووە. ئەوەبوو خەڵکی مەدینە دەرچوون لەدژی دەسەڵاتی یەزیدی کوڕی موعاویە، بە

---

١- إبن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج١، ص١٢. ئیبن خەلدون ئاماژە بەوە دەدات کە هەموو هاوەڵان ئەهلی فەتوا نەبوون، بەڵکو تایبەت بووە لەسەر تاقمێک لەوان کە بە (القراء) وەسفکراون پاشانیش فیقهناسان و زانایان. بڕوانە: إبن خلدون. المقدمة، ص٧٩٨.

٢- إبن القيم. إعلام الموقعين عن رب العالمين، ص٢١.

پێچەوانەی ئیبن عومەرەوە جولانەوە کە ڕیگریکرد لە دەرچوون. خەڵکی حیجازیش بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئیبن عەبباس لەگەڵ ئیبن زوبەیردا دەرچوون، پاشانیش بەیعەتی جێنشینیان پێدا، مەسەلەی کەلتوری دەرنەچوونیش کە دواتر لە مەدینەو حیجازدا باوبوو بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ هۆیەکی سیاسیی، ئەویش خۆی لەو سەرکوتکردنە توندەدا وێنا دەکات کە ڕووبەڕووی دەرچوونی خەڵکی مەدینەو خەڵکی مەککە بوویەوە کە لە سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویەو عەبدولمەلیکی کوڕی مەرواندا ڕوویدا، نەک بەهۆی ئیجتیهادە فیقهییەکانی عەبدواالله ی کوڕی عومەر و عەبدوالله ی کوڕی عەبباسەوە بووبێت.

زۆر زەحمەتە بتوانرێ بوترێ تەنها یەک سەرچاوە بوونی هەبووە کە فیقهی سیاسیی هەر شار و ناوچەیەک درابێتە پاڵی، چونکە بژاردەی سیاسیی تاککەسی و کۆمەڵیانەی موسڵمانان تێهەڵکێش بوون بەیەک و چووبوون بەناویەکدا، چونکە لەسایەی زۆر فاکتەری واقیعەوە پیادەکراوە، کە لە زۆربەی کاتدا هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێڕەوی پەرەسەندنی فیقهییەوە نەبووە.

**- گۆڕایەڵیی سیاسیی لە فیقهی عەبدوالله ی کوڕی مەسعود دا:**

عەبدوالله ی کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) بەپێی ڕیوایەتە بەهێزەکان لە ساڵی (٣٢ک) لە سەردەمی جێنشینیی عوسمانی کوڕی عەففاندا مردووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ڕووداوەکانی ئەو فیتنەیەی نەبینیوە کە بە کوشتنی جێنشین تەواوبوو، بەڵام سەرچاوەکان دەگێڕنەوە کە ڕا ناکۆک بووە لەگەڵ خەلیفە عوسماندا، دوو ساڵ بەرلە مردنی بەخشینی بەیتولمالی لێبڕابوو[١]. دیارترین ڕووداو کە سەرچاوە مێژووییەکان بۆمان دەگێڕنەوە ئەوەیە کە عەبدوالله کوڕی مەسعود لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا بووەتە کاربەدستی کوفە، وادەبینرێ ئەمەش لەپێش ڕوودانی ئەو ناکۆکیەوە بووە کە بەهۆی یەکخستنی قورئانەوە ڕوویداوە، چونکە زەهەبی (٧٤٨-٦٧٣ک) لە زوهریەوە دەگێڕێتەوە کە هۆکاری ناڕەزایی ئیبن مەسعود بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عوسمان ئەرکی کۆکردنەوەی موصحەفەکانی سپاردووە بە زەیدی کوڕی سابیت، لەو شتانەی کە دەیانگێڕێتەوە ئەمەیە کە ئیبن مەسعود خەڵکی کوفەی کۆکردووەتەوەو وتوویەتی: (موصحەفەکانتان بەرزبکەنەوەو زیادیان بکەن، چۆن فەرمانم پێدەدات کە لەسەر خوێندنەوەی زەیدی کوڕی سابیت قورئان بخوێنم، لە کاتێکدا کە من لە زاری پێغەمبەری خواوە (درودی

---

١- إبن سعد، الطبقات الكبرى، مج٣، ج٣، ص١٦١.

خوای لەسەر) حەفتاو ئەوەندە سورەتم خوێندووە، زەیدیش لەگەڵ کۆمەڵێ منداڵدا دەهات و دوو گاکۆڵی هەبوو)[١]: ئەمە وەک ئاماژەیەک بۆ بچوکی زەیدی کوڕی سابیت و ئیسلامبوونی ئیبن مەسعود لەپێش ئەوەوە. جا ئەگەر بێین هۆکارە کەسییەکانی ئەو ناکۆکیە تێپەڕێنین کە زەهەبی ئاماژەیان پێدەکات، ئەوا پێداگرتنی عەبدوالله ی کوڕی مەسعود لە پارێزگاریکردنی لە موصحەفەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەناعەتەی کە هەیبووە بە شارەزایی بە قورئانی پیرۆز و بە هاوەڵێتی درێژخایەنی بۆ پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، چونکە ڕیوایەتەکان کۆدەنگن کە لە هەرە شارەزاترینی هاوەڵان بووە بە قورئانی پیرۆز، عەبدوالله ی کوڕی عەمرو دەڵێ: ((گوێبیستی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بووم دەیفەرموو: قورئان لە چوار کەسەوە فێرببن: لە عەبدوالله ی کوڕی مەسعود و ئوبەی کوڕی کەعب و مەعازی کوڕی جەبەل و سالم کارگوزاری حوزەیفە)[٢]، ئیبن مەسعود بەهەمانشێوە لە سەردەمی هەردوو جێنشینیدا ئەبوبەکر و عومەر هەمان پلەو پایەی هەبووە، کاتێک عومەری کوڕی خەتتاب کردییە کاربەدەستی کوفە، نامەیەکی بۆ دانیشتوانەکەی ناردوەو تیایدا هاتووە دەڵێ: (ئەوا من عەمماری کوڕی یاسرم کردە ئەمیرتان و ئیبن مەسعودیشم ڕەوانەکرد بۆتان تا مامۆستا و وەزیرتان بێت، هەردووکیان لە هاوەڵە ڕێزدارەکانی پێغەمبەری خوان (درودی خوای لەسەر) و لەوانەن جەنگی بەدریان بینیوە، دەی گوێبیستیان بن و شوێنکەوتەیان بن و بەم بەندانەی خوا فەزڵی ئێوەم داوە بەسەر خۆمدا)[٣].

ئەمە ئەو پاشخانە زانستییەیە کە ئیبن مەسعود پێی ڕووبەڕووی (پڕۆژەی) یەکخستنی موصحەف بوویەوە. جا هەرچەندە زۆر ڕقی لە ناکۆکی و ڕا جیاوازی بووە بەڵام لەم مەسەلەیەدا هەڵوێستێکی تری وەرگرتووە، بەڵام ئەو هەڵوێستە نەگۆڕەی لە مەسەلەی یەکخستنی موصحەفدا دواتر و هەتا کۆتایی هەر بە هەڵوێستێکی فیقهی مایەوە، ئیبن مەسعود نەیویستووە لەوە زیاتر بڕوات، چونکە ئەو زانیویەتی و لەو هۆکارانە تێگەیشتووە کە پاڵیان بە جێنشینەوە ناوە بۆ یەکخستنی قورئان[٤]، ئیبن حەجەر لەمبارەیەوە دەڵێ کاتێ عوسمان ئیبن

---

١- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ١٩٨٩م، ج١، ص٤٣٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٣٣.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٣٣.

٤- ئیبن ئەسیر دەڵێ: ئیبن مەسعود لە کوفە ڕێگری لە قوتابیانی کردووە بە خراپ باسی خەلیفە عوسمان بکەن بەهۆی کۆکردنەوەی موصحەفەوە، دەڵێ: (کاتێ گەیشتە کوفە کابرایەک هەستایەوەو بە خراپ باسی

مەسعودی (خوایان لێ ڕازی بێت) لە والییەتی کوفە لابرد خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەویش وتوویەتی: (ئەو مافی ئەوەی لەسەرمە گوێڕایەڵیی بم، نامەوێ یەکەم کەسێ بم دەرگای فیتنە بکاتەوە)[1].

ئەم هەڵوێستە ئاماژە بەوە دەدات کە ڕەتکردنەوەی ئیبن مەسعود بە دەرچوون لەدژی جێنشین یان لە بەگوێنەکردنی پابەندییەک بووە بە مافی گوێڕایەڵیی بۆ جێنشینی زانیوە، ڕقی لە فیتنە بووە، جۆرێ لە پێکەوەبوونی گوێڕایەڵیی و دوورکەوتنەوە لە فیتنە لە فیقهی سیاسیی ئیبن مەسعود دا ڕوون و دیارە، لەگەڵ بە هەندگرتنی کاریگەری ڕەگەزی دوورکەوتنەوە لە بەرپرسێتی مێژوویی لە فیتنە کە ئەم گوتەیەی دەیخاتەڕوو: (نامەوێ یەکەم کەسێ بم دەرگای فیتنە بکاتەوە). لەڕاستیدا بژاردەی دوورکەوتنەوە لە فیتنە لە فیقهی ئیبن مەسعود دا کاتێک دەردەکەوێ کە جێگرەوەی گوێڕایەڵیی بریتی بێت لە دەرچوون و یاخیبوون، نەک ناڕەزایەتییەک کە بونیاتنرابێت لەسەر جیاوازی ڕاوبۆچوون، تێڕامان لە هەڵوێستی ئیبن مەسعود ئەو ئاماژەیە دەدات بە پابەندبوونی تەواوەتی بە گوێڕایەڵیی ڕێکخستنەوە، چونکە ئەو قایل بوو بە فەرمانی جێنشین کاتێک کە لە پلەوپایەکەی لایبرد، بەڵام لە هەمانکاتدا هەر بەردەوامبوو لە ناڕازیبوونی لە پڕۆژەی یەکخستنی موصحەف بەو شێوازە کە جێنشین گرتیەبەر، ئەمەشی بەو سیفەتە بووە کە قەناعەتێکی خودییەو تەواو.

**- گوێڕایەڵیی سیاسیی لە فیقهی زەیدی کوڕی سابیت دا:**

هەرچەندە زەیدی کوڕی سابیت (خوا لێی ڕازی بێت) بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەی بینیوە کە کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەردەمی یەکەمیدا تیایاندا ژیاوە، ئەو لە سەردەمی موعاویەدا لەساڵی (٤٥ک) مردووە، بەڵام هەر سەرچاوە مێژووییەکان باسی زۆر لە هەڵوێستی سیاسیی زەید بەرانبەر بەو ڕووداوانە ناگێڕنەوە بۆمان، ئەمەش نەگونجاوە لەگەڵ پایەی بەرزی فیقهی زەید دا کە (لە مەدینەدا سەری داوەریی و فەتوا و خوێندنەوەو زانستی میرات بووە)[2]. زەیدی

---

عوسمانی کرد کە خەڵکی لەسەر یەک موصحەف کۆکردووەتەوە، ئیبن مەسعود قیراندوویەتی بەسەریداو وتوویەتی: بێدەنگ بە ئەو بە شایەتی کەسانێکمان ئەوەی کردووە، ئەگەر ئەو کارەی لەدەستی ئەودابوو لە دەستی منیشدا بوایە هەر ئەوەم دەکرد کە ئەو کردوویەتی). بڕوانە:

- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٣، ص٩.

١- إبن حجر العسقلاني، الإصابة في تمييز الصحابة، ١٣٢٨ك، ج٢، ص٣٧٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ب١، ل٥٦٢.

کوڕی سابیت بەوە ناسراوە کە زۆر ڕقی لە ناکۆکی بووەو بەپەرۆشبووە لەسەر یەکبوونی وشەی موسڵمانان، ئەو لە ڕۆژی سەقیفەدا یەکێک بووە لە سەرکردە پشتیوانەکان کە پشتگیریان لە هەڵبژاردنی ئەبوبەکر کردووە ببێتە جێنشین، ئەوەش دوای ئەوە کە ناکۆکی لە نێوان کۆچبەران و پشتیوانان‌دا لەو مەسەلەیەدا گەیشتە ئەوپەڕی، زەید کوڕی سابیت لە سەردەمی هەردوو جێنشین عومەر و عوسماندا کاری دادوەریی پێسپێردراوە، ئەو ڕۆژەی جێنشین عوسمان لە ماڵەکەیدا گەمارۆدراوە یەکێک بووە لەو کەسانە داوای لە عوسمان کردووە مۆڵەتبدات بە شەڕ پشتگیری لێبکرێ، ئیبن سەعد (٢٣٠-١٦٨ک) لە کتێبی (الطبقات)دا دەڵێ: (زەیدی کوڕی سابیت هاتووە بۆ لای عوسمان و پێیوتووە: ئەوەتا پشتیوانان لەسەر دەرگا وەستاون و دەڵێن ئەگەر مۆڵەتبدەیت ئەوا دووجار دەبینە پشتیوانی خوای گەورە، دەڵێ، عوسمان وتویەتی: بەڵام کوشتار نەخێر)[1]، ئیبن ئەسیر لە کتێبی (الکامل...) دا دەڵێ: خەڵکێکی ئێجگار زۆر دابارین بەسەر عوسماندا، تووشی خراپترین شت هات لێیانەوە، هاوەڵانی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر) دەیانبینی و دەیانبیست، جگە لە چەند کەسێکیان نەبێت ئیتر کەسیتریان نە ڕێگری لێدەکردن و نە بەرگری لە عوسمان دەکرد، ئەوانەی بەرگریان لێکرد بریتی بوون لە: زەیدی کوڕی سابیت و ئەبو ئوسەیدی ساعدی و کەعب کوڕی مالیک و حەسانی کوڕی سابیت)[2].

ئەم هەڵوێستە حەزی زەیدی کوڕی سابیت دەردەخات بە شەڕکردن لەدژی ئەوانەی لە جێنشین یاخیبوون، ئەمەش دەستپێشخەریەکە لە چوارچێوەی مێژووی پشتیوانان و هەڵوێستی سیاسیان تێگەیشتنی لێدەکرێ کە پابەندبوون بە ڕێبازی جێنشینیەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە ڕێگری لە زەید کوڕی سابیت نەکردووە لەوەی لە ڕیزی ئەو شاندەدا بێت کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب ناردی بۆ لای (یاخیبووان) لە مەدینە، جێگای خۆیەتی لێرەدا بە بایەخەوە قسە لەسەر ئەرکی شاندەکە بکەین، بەو سیفەتە کە کۆتا هەوڵ بووە بەخەرج درابێت بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕووداوەکانی فیتنەگێڕیی، بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی تیایدا بەستراوەتەوە بە ڕەگەزی کاتەوە و خراوەتەژێر پێداویستییەکانی حاڵەتە سیاسیەکە، ئەمەش یەکەمینجارە مێژووی ئیسلامی نزیکەوتبێتەوە لە دانانی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەناو میانەی دانوستانێکی

---

١- إبن سعد. الطبقات الكبرى، ج٣، ص٧٠.

٢- إبن الأثير. الكامل في التأريخ، مج٣، ص٤٣.

سیاسیی هاوتا لە نێوان جێنشین و ئۆپۆزیسیۆندا، دوور لە هۆزگەرایی سیاسیی و ئاینیی کە گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکەنە پابەندییەکی ویژدانی و ناچێتە ژێر جوڵەی واقیعی سیاسیی و گۆڕانکارییەکانی کاریگەریان لەسەری نیە.

کارە گرنگەکە -هەروەک تەبەری- دەیگێڕێتەوە لەوەوە دەستپێدەکات کە دوای ئەوە جێنشین عوسمان چەندین نوسراوی لە ناڕازیەکانەوە پێگەیشت، داوایان لێکردبوو پاشگەزبێتەوە لە سیاسەتەکەی، هۆشداریان پێدابوو لە بەرپابوونی شۆڕش و لە چارەنووسێکی خراپ، ئەویش بەپێی ڕاوێژێک لەناو خانەوادەو داروەدستەکەیەوە، بانگهێشتی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی کردووە، لەباری ئەو نامانەوە کە بۆیهاتبوون عەلی ئاگادارکردووە لێیان و وتوویەتی: (ئەی باوکی حەسەن ئەم نامانە لە کەسانێکەوەن کە دەیانبینی، منیش ئەوەم کە دەمناسی، من ئەمین نیم لەوەی دەست نەدەنە کوشتن، بیانگێڕەرەوە لێم، لە هەموو ئەوەش پاشگەزدەبمەوە ئەوان ناڕازین پێی، لە خۆم و غەیری خۆیشمەوە ئەو مافەیان دەدەمێ، با ئەوەش خوێنڕشتنی منی لێیکەوێتەوە، عەلیش پێیوتووە: ئەوەندەی خەڵکی پێویستیان بە دادپەروەریت هەیە پێویستیان بە کوشتنت نیە، من کەسانێک دەبینم کە تا ڕازی نەکرێن ڕازی نابن، من پێشتر لە یەکەم هاتنیاندا بەڵێنم پێدان کە تۆ پاشگەزدەبیتەوە لە هەموو ئەوەی ئەوان ڕازی نین پێی و بەوەش گێڕانمەوە، بەڵام تۆ هیچکام لەو شتانەت نەکرد، ئەمجارە هەر بەڵێنێکم دەدەیتێ بۆیان ئەوا بیاندەرێ، عوسمان وتوویەتی: (بەڵێ دەیاندەمێ و سوێند بەخوا بۆیان جێبەجێ دەکەم)[1]، تەبەری دەڵێ: عەلی چووەتە ناو خەڵکەکەو پێیوتوون: (ئەی خەڵکینە ئێوە ئەگەر مافتان داواکردووە ئەوا پێتاندەدرێ، عوسمان دەڵێ کە لە خودی خۆی و لە غەیری خۆیەوە مافتان دەداتێ، پاشگەزیش بووەتەوە لە هەموو ئەوەی ئێوە ناڕازیبوون پێی، دەی بچنەلای و لێی دووپات بکەنەوەو تا دڵنیابن، خەڵکەکە وتوویانە: ئێمە ڕازین دەی بەڵگەنامەیەکی لێوەربگرە بۆمان، سوێند بەخوا ئێمە ڕازی نابین بە قسەی بێکردەوە، عەلیش پێیوتوون: ئەوە هەقی خۆتانە، ئینجا چووتەوە لای عوسمان و هەواڵەکەی داوەتێ، عوسمان وتوویەتی: کاتێک لە نێوان من و ئەواندا دابنێ کە من ماوەیەکم هەبێت، چونکە من ناتوانم هەموو ئەوەی ئەوان ناڕازین پێی لە یەک ڕۆژدا لایبەرم، عەلی پێیوتووە: ئەو کارەی ئێستە لە مەدینەدا چاکدەکرێ کاتی ناوێ، ئەوەیش کە لێرە نیە ئەوا کاتەکەی گەیشتنی

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٤، ص٣٧٠.

فەرمانەکەی تۆ بێت، وتوویەتی: بەڵێ باشە، بەڵام سێ ڕۆژ کاتم بۆ ناو مەدینە بدەرێ، عەلی وتوویەتی: باشە، عەلی چووەتەوە ناو خەڵکەکەو هەواڵەکەی داونەتێ، ئینجا نوسراوێکی نوسیوە لە نێوان عوسمان و ئەواندا ماوەکەی سێ ڕۆژ بووە کە تیایاندا هەر ستەمێ لە هەر کەسێ کراوە یان مافی خوراوە بگێڕدێتەوە و هەر کاربەدەستێکیش کە ڕقیان لێی بووە لایببات، ئینجا گەورەترین بەڵێنی وەرگرتووە وەک ئەو بەڵێنە کە خوای گەورە لە بەندەکانی خۆیی وەردەگرێ، کەسانێکی دیار لە کۆچبەران و پشتیوانان ئامادەی ئەو بەڵێننامەیە بوون، بەم پێیە ئەو موسڵمانانە وازیان لە عوسمان هێناو گەڕانەوە تا عوسمان ئەو بەڵێنەی پێیدابوون بۆیان جێبەجێ بکات)[1].

لەڕاستیدا سروشتی ئەو دانوستانانە کە لەپێش ئەو کارە گرنگەو لە ئان و ساتیدا گوزەرا، پاشەکشەی بیرۆکەی شەرعیەت و ڕەخساندنی بوار بۆ شێوەی ڕێکەوتننامەیەک دەخاتەڕوو کە گوێڕایەڵیی بۆ جێنشین لەسەر بناغەی ئەوە بونیاتبنرێ، ئەمەش ئەو کارە بوو کە خەلیفە عوسمان ڕەتیکردەوە، کاتێ کە دەستیگرت بە شەرعیەتی سیاسییەوەو ڕەگەزی ئاینیشی خستەپاڵ، وایلێکرد ئاسان نەبێت بناغەی مێژوویی بۆ ڕێسای لەکارخستنی جێنشین دابڕێژرێ[2]. جا ئەگەر جێنشین عوسمان لە دیدێکی شەرعیەوە سەیری مەسەلەکەی کردبێت، ئەوا وەهای داناوە کە داواکردن بە لەکارخستنی هیچ شەرعیەتێکی تێدا نیە مادامێ سەرپێچییەکی ئاینی ئەنجامنەداوە، چونکە هەندێ لە هاوەڵان با لە مەسەلەی لەکارنەخستنی خەلیفەدا هاوڕای بووبن بەهۆی نەبوونی هۆکارەوە، بەڵام پێیان وابووە کە تەسلیمبوون بە شەرعیەتی جێنشین ڕێگری ناکات لە چوون بەدەم جێبەجێکردنی داواکاری ناڕازیانەوە، زەیدی کوڕی سابیت لەم لایەنەدا وەستاوە، بۆیە دەبینین کە پێکەوەبەستنێ لە نێوان مافی جێنشین بە گوێڕایەڵیی و پێویستبوون بە ئەنجامدانی چاکسازی لای زەید بوونی هەیە، بەمجۆرە ئەوا بیرۆکەی (گوێڕایەڵیی مەرجدار) کە ئەو کارە گرنگە پێیگەیشت لە فیقهی سیاسیدا ئامادەیی هەیە، بەو سیفەتە کە یەکێکە لە مەشخەڵەکانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیی لە کاتی قەیراندا.

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٤، ل٣٧٠.

٢- ئاماژە بەو گوتەیەی -خوا لێی ڕازی بێت- کاتێ کە ڕێگریکرد لەو داوایە کە خۆی خۆی لەکاربخات، ئەوەبوو وتی: (من پۆشاکێک لە خۆم داناماڵم کە خوا کردوویەتە بەرم).

**- گوێڕایەڵیی سیاسیی لە فیقهی عەبدوالله ی کوڕی عەبباس دا:**

ئیبن عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) یەکێک بووە لەو چەند کەسە کەمە کە لە ماڵی خەلیفە عوسماندا بووە کاتێ یاخیبووان گەمارۆیانداوە، تەبەری دەگێڕێتەوە کە ئیبن عەبباس وای پێباش بووە دژ بە یاخیبووان بجەنگێ ئەگەر خەلیفە ڕێگری لێنەکات[1]، خەلیفە عوسمان لە وەرزی حەجدا ناردوویەتی بۆ مەککە، لەوێ ماوەتەوە تا کاتێ حەج تەواو بووە، کاتێ گەڕاوەتەوە بۆ مەدینە دەبینێ جێنشین کوژراوە، دوای ئەوە وادەبینرێ کە ئیبن عەبباس چاوەڕێکردنی پێباش بووە هەتا تەمومژ و بارودۆخی لێڵی کوشتنی خەلیفە عوسمان ڕووندەبێتەوە، بە عەلی وتووە: (سوێند بەخوا ئەگەر تۆ لەگەڵ ئەو خەڵکەدا هەستیت ئەوا خەڵکی سبەینێ خوێنی عوسمان دەخەنە ئەستۆت، عەلیش ئەوەی نەکردووە[2]، بەڵام کاتێ بەیعەتدراوە بە عەلی ببێتە جێنشین ئیبن عەبباس لەوانە بووە کە گوێڕایەڵی بووە، ئاماژەی بە عەلی داوە کە هەندێ لە والیەکانی عوسمان لە جێگای خۆیان لە ناوچەکاندا بهێڵێتەوە بەتایبەتی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بۆ دەستەبەرکردنی گوێڕایەڵیەکەی. جا هەرچەندە عەلی ئەو ڕاوێژەی ڕەتکردووەتەوە، بەڵام ئیبن عەبباس هەر لەگەڵیدا بووەو بەشداری هەموو ئەو جەنگانەی کردووە کە دژ بە نەیارەکانی کردوویەتی، ئیبن عەبباس والی عەلی بووە لەسەر بەصرە، لە جەنگی صەففەیندا سەرپەرشتی لای چەپی سوپاکەی عەلی کردووە.

لێرەوە بەدیدەکرێ کە هەڵوێستی ئیبن عەبباس هەڵقوڵاوی دیدێکی فیقهی باش بووە، کە زیادەڕۆیی لایەنەکەی تر لە شەڕکردنی لەدژی خەلیفەی شەرعی و دەرچوون لەدژی پێیگەیاندووە، ئینجا گواستنەوەی ئەو لایەنە لە داواکردنی خوێنی عوسمانەوە بۆ هەوڵی داڕنینی جێنشینیی لە پێشەوا عەلی، لە وەڵامی نامەیەکی عەمروی کوڕی عاصدا بۆی وتوویەتی: (لەم شەڕەدا موعاویە وەک عەلی نیە، عەلی بە هەق و ڕاستی دەستی پێکردو بە پۆزشهێنانەوە کۆتایی پێهێنا، موعاویەش بە ستەم دەستی پێکردو بە زیادەڕۆیی کۆتایی پێهێنا)[3]، هەروەها ئەو گوتەیەی کە وەک ناڕازیبوونێ بە موعاویەی وتووە: (جێنشینیی تەنها بۆ کەسێ

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٤٤٧.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٤، ل٤٤٠.

٣- الدينوري، الإمامة والسياسة، ص٩٣.

شیاوە کە لە شورادا بێت، تۆ لەکوێ و جێنشینیی لەکوێ؟)[1]. بەمشێوەیە دەبینین ئەو تێڕوانینە کە ئیبن عەبباس هەیبووە لەسەر سێ پایە وەستاوە، ئەوانیش بریتی بوون لە: دامەزراندنی جێنشینیی لەسەر بنەمای شورا، هەقداری عەلی لە جێنشینیدا، شەڕکردن لەدژی ئەوانە کە لە خەلیفەی شەرعی یاخیبوون، ئەمە ئەو زەمینە فیقهییە بوو کە بیرۆکەی هزری سیاسیی لای ئیبن عەبباس تیایدا دەجولایەوە. بەڵام لەدوای کوشتنی پێشەوا عەلی گۆڕانێکی گرنگ لە بیرکردنەوەی فیقهی ئیبن عەبباسدا ڕوویداوە، دەبینین بە ئاراستەیەکی واقیعیدا هەنگاوی هەڵگرتووە کە لە سنوری پەسەندکردنی جێنشینیی موعاویەدا نەوستاوە، بەڵکو دەگاتە بڕیاری دانانن بە حوکمی یەزید کوڕی موعاویەدا، ئەوەش وەک بەشێک لە ئیقرارکردن بە ئەمری واقیع. جا وێڕای بوونی تەمومژێکی زۆر لە هەڵوێستە سیاسییەکانی ئیبن عەبباسدا لەدوای شەهیدبوونی پێشەوا عەلی، بەڵام ئەو هەڵوێستانە هەر قورسی ئەزموونێکی زۆری ئیبن عەبباس و کاریگەری لەسەر فیقهی سیاسیی دەخەنەڕوو، کە وایلێهات نزیکتربوو لە ڕێکردن لەگەڵ واقیعی فەرمانڕەوایی ئومەوی بە بێئەوەی شەرعیەتی تەواوەتی پێبدات.

**- گوێڕایەڵیی سیاسیی لە فیقهی عەبدوالله ی کوڕی عومەردا:**

دەکرێ بڵێین بیرۆکەی کۆمکار کە فیقهی سیاسیی ئیبن عومەری (خوا لێی ڕای بێت) ڕێکخستووە، بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە شوێنی ناکۆکی سیاسیی ئەوەندەی بۆی کرابێت، ڕێگاچارەشی کەنارگیری بووە لە فیتنەکان و هەر شتێکیتریش کە سەریکێشاوە بۆ ئەوە، وادەردەکەوێ گرفتێکی فیقهی بووەتە بەربەستی ئەو ڕێبازە پراکتیکیەی ئیبن عومەر، جا لە کاتێکدا پێیوابووە کە نابێت موسڵمان بێ بەیعەت بێت، بەڵام بەیعەتی پێشەوا عەلی بە جێنشین وەها بینیوە کە دەرگایەکە بۆ ناکۆکی و پەرۆشبووە نەکەوێتە ناوی، لەوانەیە ئەو دەرچە فیقهییە کە ئیبن عومەر دۆزیویەتەوە بریتی بووبێت لە بیرۆکەی (گوێڕایەڵیی هەڵاوێردکراو)، واتە چوونە ژێر گوێڕایەڵی پێشەوا عەلی، بە مەرجێ پابەند نەبێت بە دەرچوون لەگەڵی و شەڕکردن بەتەنیشتیەوە، ئەمەش هەر ئەوەبوو کە کاتێ ئوم کولسومی ئاگادارکرد کە بەردەوامە لەسەر گوێڕایەڵی پێشەوا عەلی و بەس)[2]. لەوانەیە ئەمە هەڵسەنگاندنی ئیبن عومەر بووبێت بۆ پرسی گوێڕایەڵی لە حاڵەتی ڕوودانی

١- هەمان سەرچاوە، ل٩٤.

٢- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٤٤٦.

فیتنەو تێکەڵبوونی مەسەلەکان، کە گوێڕایەڵیی پەیوەست نەکردووە بە پشتگیری و سەرخستنەوە، ئەمە لەبارێکدا ئەو پشتگیرییە خوێنڕشتنی موسڵمانانی تێبکەوێ.

ئیبن عومەر بەهەمانشێوە بەباشی نەزانیوە بە شمشێر پشتگیری لە خەلیفە عوسمان بکرێ، هەرچەندە سەرچاوەکان باسیان کردووە کە پێشنیاری بۆ خەلیفە عوسمان کردووە خۆی خۆی لانەبات تا نەبێتە نەریتێک و لە ئیسلامدا لەسەری بڕۆن، کە (هەرکات خەڵکانێ ناڕازیبوون لە سەرکردەکەیان ئیتر بێن لایبەرن)[1]، لە هەمانکاتیشدا ناڕازی بووە لە دەرچوونی کۆمەڵیانەی خەڵکی مەدینە لەدژی یەزید کوڕی موعاویە. لێرەدا سەرچاوەکان دەگێڕنەوە ڕۆیشتووە بۆلای عەبدوالله کوڕی موتیع کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی مەدینە لە کاتی دەچوونیان لەدژی یەزید، پێیوتووە: (هاتووم شتێکت پێبڵێم کە گوێبیستی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بووم دەیفەرموو: ((هەرکەس دەستی لە گوێڕایەڵیی بکێشێتەوە ئەوا ڕۆژی قیامەت هیچ بەڵگەیەکی پێ نیە، هەرکەسیش بمرێ و بەیعەتێک لە گەردنیدا نەبێت بە مردنێکی نەفامانە مردووە)) ).

ناڕازیبوونی عەبدوالله ی کوڕی عومەر لە دەرچوونی خەڵکی مەدینە لەدژی یەزید، ئەوەی لێ وەردەگیرێ بەو هۆیەوە نەبووە کە بەیعەتیان لە یەزید داماڵیوە، هەروەک لە مانای ڕواڵەتی فەرموودەکەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) دەردەکەوێ، چونکە ئەو بەهەمانشێوە ناڕازیبووە لە دەرچوونی حوسەین کوڕی عەلی و پاشانیش زوبەیر، ئەمە لە کاتێکدا هیچکامیان هەر لە بنەڕەتەوە بەیعەتیان نەدابوو بە یەزید، بارودۆخی واقیعی سیاسیی وای لە عەبدوالله کوڕی عومەر کردبوو واز لەو ئیجتهادەی خۆی بێنێ کە لەسەر تێگەیشتنی ئەو فەرموودەیە یونیاتنرابوو، ماوەی نزیکەی هەشت ساڵ مایەوە بێئەوەی بەیعەت بە جێنشینی هیچکەس بدات، ئەمە بۆئەوەی بوار بڕەخسێنێ بۆ بیرۆکەی زاڵبوون بچێتەناو ناو فیقهە سیاسییەکەیەوە، تا لەداهاتوودا ڕۆڵێکی سەنتەری هەبێت لە یەکلاکردنەوەی هەڵوێستە پراکتیکییەکانی لە دەستەڵاتی سیاسیی.

عەبدوالله ی کوڕی عومەر هەشت ساڵ مایەوە –کە ماوەی جێنشینی عەبدوالله ی کوڕی زوبەیر و جەنگەکانی بوو لەدژی بەنو ئومەییە– بەیعەتی نەدا بە ئیبن زوبەیر، بەیعەتیشی نەدا بە مەروانی کوڕی حەکەم، کاتێک مەروان زاڵبوو و سەرکەوت بەسەر زوبەیردا خێرا بەیعەتیدا بە مەروان بەو سیفەتە کە دەستەڵاتی

---

١- إبن سعد، الطبقات الكبرى، ج٣، ص٦٦.

زاڵە، ئا بەمجۆرە بیرۆکەی زاڵبوون بووە فەرمانڕەوا لە فیقهی سیاسیی عەبدوالله کوڕی عومەردا، ئیبن سەعد لە ئیبن عومەرە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (لە کاتی فیتنەدا ناجەنگێم و نوێژ لە پشت سەری کەسی زاڵبووەوە دەکەم)[1]. لێرەدا گرنگە سەرنجبدرێ کە ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمایەکی واقیعی بەرپابووە نەک شەرعی، چونکە ئیبن عومەر هەوڵینەداوە ئەو بیرۆکەیە بشەرعێنێ یان دەقێکی بۆ دابڕێژێ، هەروەک ئەو کەسانەی کە دوای ئەو هاتوون وەهایان کردووە.

هەروەها دەتوانرێ بوترێ کە پێکهاتەی فیقهی لای ئیبن عومەر کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە بیرکردنەوەی بەرانبەر بە مەسەلە سیاسییەکان، ئەو بەوە ناسراوە کە شوێنکەوتەی فەرموودە بووە و بەدوور بووە لە ڕا و بۆچوون، ئەمەشی لە تێڕوانینیەوە بۆ واقیع دەستکەوتووە، جا ئەگەر مەسەلەکان لەلای تێکەڵبووبن بەیەک ئەوا هەڵوێستی بریتی بووە لە کەنارگیری لە نەچوونەناو فیتنەوە، ئەگەریش باری واقیع جێگیر بووبێت ئەوا دوودڵ نەبووە لەوەی گوێڕایەڵیی بدات بەو سیستمە حوکمڕانیە کە زاڵبووە هەرکات مەرجەکانی دنیای دەستەبەر کردبێت، کەواتە سەرکەوتنی موعاویە و پاشانیش فەرمانڕەوایی یەزید وایلێکردووە گوێڕایەڵ بێت، ڕازینەبووە خەڵکی دەرچن لە حوکمی بەنو ئومەییە، ئەمە لە کاتێکدا کە لەسەرەتاوە ناڕازیبووە لە بەیعەتدان بە یەزید.

پێدەچێ (بیرکردنەوەی کۆدەنگی) لە فیقهی ئیبن عومەردا وایلێکردووە بگەڕێ بەدوای جێگاکانی کۆدەنگی لە هەر هەڵوێستێکی سیاسیدا کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، ئەوەش لە ڕێگای خوێندنەوەی حاڵەتە سیاسییە گشتیەکە، بەڵام ناڕوونی بیرۆکەی کۆدەنگی وای لە فیقهە سیاسییەکەی کردووە بکەوێتەبەر کاریگەربوون بە ئیدیعای ئومەویەکان بە دەستەبەرکردنی کۆدەنگی سیاسیی، چونکە ئیبن عومەر کۆبوونەوەی خەڵکی لەسەر یەزیدی -بە زاڵبوون و بە زۆرلێکردن- بە کۆدەنگی ئەژمارکردووە، بەڵام مەسەلەکە لەڕاستیدا جگە لە حاڵەتێکی کاتی نەبێت لە هێوری سیاسیی شتێکیتر نەبووە، کە هەر زوو ڕووداوە یەک بەدوایەکەکاندا ڕایانماڵی، بەرزڕاگرتنی بەهای سەقامگیریی لە فیقهی ئیبن عومەردا، وایلێکردووە بکەوێتەبەر گرەوەکانی دەستەڵات لە دامرکاندنەوەی سەرەداوەکانی دەرچوون لەدژی و سوککردنی توندوتیژی هەڵوێستە نەیارەکان پێی، دوورنیە موعاویە کاتێ داوای بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی کردووە دەرکی بە سروشتی بیرکردنەوەی

١- هەمان سەرچاوە، ب٤، ل١٤٩.

فیقهی عەبدوالله ی کوڕی عومەر کردبێ، زەهەبی دەڵێ موعاویە وتوویەتی: (ئەی ئیبن عومەر تۆ پێتوتم کە حەزناکەیت شەوێکی تاریک بمێنیتەوەو ئەمیرێکت نەبێت تیایدا، من هۆشداریت دەدەمێ لەوەی یەکڕیزی موسڵمانان تێکبدەیت، یان هەوڵبدەیت لەناوخۆیاندا خراپ ببن و تێکبچن)[1]، ئیبن عومەریش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتە کە ئاراستەی کراوە بە تێکدانی یەکڕیزی موسڵمانان، بەرانبەر بە موعاویە وەستاوەتەوەو پێیوتووە: (پاشان، پێش تۆ جێنشینەکان کوڕیان هەبووە، کوڕەکەی تۆ لە هی ئەوان چاکتر نیە، ئەوەی تۆ بە کوڕەکتدا ڕایدەبینی ئەوان پێیان ڕانەبینیون، بەڵام کەسانێکیان بۆ موسڵمانان هەڵبژاردووە کە زانیویانە ئەوانە چاکن، تۆ هۆشداریم دەدەیتێ لەوەی من یەکڕی موسڵمانان تێکبدەم، من ئەوەم نەدەکرد، من تاکە کەسێکم لەناو موسڵماناندا، جا ئەگەر کۆبوونەوە لەسەر مەسەلەیەک منیش یەکێکم لەوان، -موعاویە- وتوویەتی: ڕەحمەتی خوات لێبێت)[2]. ئەم وتووێژە پەیوەستبوونی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەیەکبوونی کۆمەڵی موسڵمانانەوە لای ئیبن عومەر دەخاتەڕوو، بەجۆرێ کە دەرچوونی سیاسیی لە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا ببێتە دەرچوون لە خودی کۆمەڵی موسڵمانان، ئەمەش بیرۆکەیەکە دواتر پشتگیرییەکی بەرفراوان لە هزری سیاسیی ئیسلامیدا بەدەستدێنێ.

**ت- فیقهی دەرچوونی شەرعیی:**

ماوەی حوکمڕانی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان تا ئاستێکی زۆر ئارامیی سیاسیی تێدابوو، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاشتەواییە کە لە نێوان موعاویەو حەسەنی کوڕی عەلیدا ئەنجامدرا، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی بێلایەنکردنی فیقهناسان لە کوڕانی هاوەڵان کە موعاویە هەتا کۆتایی فەرمانڕەواییەکەی پەیڕەوی لێکرد. جا بە تێڕوانین لە گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە هاودەمی سەردەمی هەردوو جێنشین، عوسمان و عەلی بوو، ئەوا ئەو گرفتە لە سەردەمی موعاویەدا

---

١- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والإعلام، ج٤، ص١٤٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤٩. ئەم هەڵوێستە ئیجتیهادییە بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەو هاوەڵانەی ترە کە لەگەڵ ئیبن عومەردا ناڕازیبوون بە بەیعەتدان بە یەزید، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر وەڵامی داواکەی موعاویەی کە داوای بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی کرد بەمە دایەوە کە وتی: (بەخوا تۆ وات پێخۆشە هەموومان بچینە ژێر فەرمانی کوڕەکەت، بەڵام بەخوا ئەوە ناکەین، سوێند بەخوا یان دەبێ ئەم مەسەلەیە بگەڕێنریتەوە بۆ شورای موسڵمانان یان دەیبەینەوە سەر ڕیشک)، ئیبن زوبەیریش وتوویەتی: (ئەگەر ئێمە لەگەڵ خۆتدا بەیعەت بە کوڕەکەت بدەین ئایا ئێمە گوێبیست و گوێڕایەڵیی کامەتان بین. هەرگیز بەیعەتی واتان نادەینێ).

تا خوارترین ئاست پاشەکشەی کرد، ئەوەش بە کردەی ئاراستەی فیقهناسان بوو بۆ بەهێزکردنی حاڵەتی سەقامگیری ڕێژەیی کە لەناودا بوو، هەروەها ئەو هیوایە کە لەناخی هەندێکیاندا بوو بۆ گەڕانەوە بۆ سەر هێڵی جێنشینیی ڕاشید لەدوای نەمانی حوکمی موعاویە[1]، بەڵام ڕۆیشتنی موعاویە بەرەو وەرگرتنی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وایکرد فیقهی سیاسیی حاڵەتی ئاشتەوایی لەگەڵ حوکمی واقیع دەرهێناو بردی بەرەو حاڵەتی ڕەتکردنەوەو ئۆپۆزیسیۆن و پاشایش دەرچوونی سیاسیی.

لای فەرمانڕەوایی ئومەوی شتێکی ڕوون بوو کە گەورەترین ئاستەنگی ڕێگر لەوەی یەزید ببێتە جێنشین ئەو ئۆپۆزیسیۆنە فیقهییە بوو کە عەبدوالله ی کوڕی عومەر، عەبدوالله ی کوڕی عەبباس، عەبدوالله ی کوڕی زوبەیر، حوسەین کوڕی عەلی و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر ڕابەرایەتیان دەکرد، کاتێ موعاویە مرد یەزید خۆی لەبەرم ئەو ئۆپۆزیسیۆنەدا بینیەوە کە جەماوەرێکی بەرفراوان لەگەڵیدا بوون، بەڵام بەهۆی نەتوانایی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە فیقهییە لە ڕێکخستنی هەڵوێستەکانی خۆی، هاوکات لاوازی پەیبردن بە ڕەهەندەکانی ئەو گۆڕانکاریانە کە موعاویە هێنانیە کایە لە ڕێگای جێگیرکردنی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی پشتاوپشت، هەروەها گۆڕانی سروشتی گشتی سیستمی حوکمی شورا، هەموو ئەمانە بوونە هۆی دابەشبوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆ دوو ئاراستەی جیاواز لەیەک، کە بریتیی بوون لە:

ئاراستەی یەکەم: دەتوانین ناوی بنێنین بە (فیقهی سەقامگیریی) کە عەبدوالله ی کوڕی عومەر و عەبدوالله ی کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) نوێنەرایەتیان دەکرد، جا هەرچەندە ئەو ئاراستەیە فەرمانڕەوایی پشتاوپشتی یەزیدی ڕەتکردەوە، بەڵام وردە وردە نزیککەوتەوە لە داننان بە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی یەزدید دا، بەڵگەی فیقهیشی بۆ فەراهەمهێنانی کۆدەنگی ترس بوو لە ڕوودانی فیتنە[2]. ئەگەرچی پێشتر ئاماژەماندا کە ئەو کۆدەنگیەی ئەم ئاراستەیە پشتی پێبەستبوو

---

١- عمر، سباهتش، التحولات السياسية في عهد معاوية بن أبي سفيان، مجلة إسلامية المعرفة، س٦، عدد٢٠، ٢٠٠م، ص٦٣.

٢- تەبەری دەڵێ ئیبن عومەر (هات و چەند ڕۆژێک مایەوە چاوەڕێی هاتنی بەیعەتی ناوچەکانی دەکرد، ئەوکات ڕۆیشت بۆلای وەلیدی کوڕی عوتبەو بەیعەتی پێداو ئیبن عەبباسیش هەر بەیعەتی پێدا)، بڕوانە:
- الطبري. تأريخ الرسل والملوك، ج٥، ص٣٤٣، ئەم مەسەلەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە مەدینەو مەککە لەمێژ بوو سەنتەربوونی سیاسیی خۆیانیان وەک سەرچاوەی شورا و کۆدەنگی لەدەست دابوو، چونکە فیقهناسەکانیان چاوەڕێی هاتنی کۆدەنگی ناوچەکانی تریان دەکرد.

لەڕاستیدا کۆدەنگییەکی سیاسی بووە، کە حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی پەرەسەندنی دیاردەی سیاسیی و سەقامگیری ڕێژەیی خستووەتەڕوو، ئەو ڕەگەزانەی کە لەسەر زاڵبوون و سەرکوتکردن بەرپابوون دەستیان هەبووە تیایدا، ئەوا هەر ترس لە ڕوودانی فیتنە گوزارشە لە حاڵەتێکی پەنابردن بە واقیع بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەقە شەرعیەکان کە خوێندنەوەیان سەری لەیەک ئەنجامەوە دەردەچوو، ئەویش ڕەتکردنەوەی حوکمی زاڵبوو بوو، لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا هیچ جۆرە هەوڵێک نابینین بۆ دامەزراندنی حوکمی زاڵبوو لەناو دەقی ئاینیدا، هەموو ئەوەی کە تێبینی دەکەین بریتیی بووە لە خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ واقیعی سیاسی کە لە ڕۆژە کۆتاییەکانی جێنشینی عوسمانەوە (خوا لێی ڕازی بێت) درێژدەبێتەوە تا سەردەمی یەزیدی کوڕی موعاویە، ئەوەش جۆرێک لە داب و نەریتی پێکهێنا بۆ مامەڵەکردنی سیاسیی کە هەڵقوڵاوی حاڵەتی ترس لە ڕوودانی فیتنە بوو، لەبەرئەوە لە فیقهی ئیبن عومەردا ئاماژەیەک نابینرێ کە گوێڕایەڵیی زاڵبوو بە هەڵوێستێکی شەرعی دابنێ، ئیبن عومەر چاوی کەوتووە بە حوسەین کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێت) بەرلە دەرچوونی حوسەین و پێیوتووە: (نەڕۆیت چونکە خوای گەورە پێغەمبەری خوای (درودی خوای لەسەر) سەرپشک کرد لە نێوان دنیاو قیامەتدا، ئەویش قیامەتی هەڵبژارد و تۆیش پارچەیەکی لەو و دنیات ناوێ، ئینجا دەستی کردووەتە ملی و گریاوەو خواحافیزی لێکردووە، ئیبن عومەر وتوویەتی: حوسەین بە دەرچوونی سەرکەوت بەسەرماندا، بەسەری خۆم ئەو لە باوک و لە براکەیەوە پەندی بینی و فیتنەو نائومێدی خەڵکی و پشتبەردانی خەڵکیشی بۆیانی بینی کە تا بژیایە نەدەبوو بجولایە)[1]، ئەم دەستەواژانە شتێکیان تێدا نیە ئاماژە بێت بۆ هەڵوێستی شەرعی لە دەرچوون، جا ئەگەر ئیبن عومەر لەناو بازنەی شەرعیدا بجولایەتەوە ئەوا دوودڵ نەدەبوو لە قەناعەتکردن بە حوسەین، هەروەک لەدوای ئەوە ئەوەی لەگەڵ عەبدوالله کوڕی موتیع دا کردووە. هەڵوێستی ئیبن عەبباسیش دێت کە بەهەمانشێوەیە، هەندێ لە ڕیوایەتەکان باسدەکەن کە ئیبن عەبباس ئامۆژگاری حوسەینی کردووە بڕوات بۆ یەمەن، چونکە لەوێ دەیپارێزن و باوکیشی پشتیوانانی هەبووە لەوێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئیبن عەبباس بەرانبەر بە دەرچوون هەڵوێستی شەرعی نەبووە، چونکە پرسەکە دەچێتەناو ئیجتیهادەوە کە لەسەر خوێندنەوەیەکی جێگەیی بۆ حاڵەتە گۆڕدراوەکانی واقیعی

---

١- إبن كثير. البداية والنهاية، مج٤، ج٨، ص١٦٥.

سیاسیی بەرپابووە لە کاتی خۆیداو هیچیتر.

لەڕاستیدا لەماوەی بیست ساڵی فەرمانڕەوایی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ئاستێکی زۆر لە سەقامگیری سیاسیی و کۆمەڵایەتی تێدا چەسپا، ئەوەش لەدوای ماوەیەکی زۆر لە ئاژاوەو پشێویەکان، بەم پێیە ئەوا پارێزگاریکردن لە سەقامگیریی لە خودی خۆیدا بووەتە ئامانج، ئاسانیش نەبووە هەروا بە ئاسانی لەدەستبچێ و کۆمەڵگا بگێڕدرێتەوە بۆ باری (فیتنە)، لەبەرئەوە ئەم ئاراستەیە دەستکۆتا بووە تەنها بە تۆمارکردنی هەڵوێستی شەرعیی لە حوکمی پشتاوپشتی یەزید، پاشانیش لە جێنشینیەکەی ئیتر لەوە زیاتر نەڕۆیشتووە، دەقی ئاینیشی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بژاردە فیقهییەکانی تر بەکارنەهێناوە، هەر ئەمەش لەمەسەلەکەدا گرنگ بووە.

ئاراستەی دووەم: دەتوانین ئەم ئاراستەیە ناوبنێین بە (فیقهی گۆڕانکاریی)، ئەمەش ئاراستەی دەرچوونی سیاسییە لەدژی فەرمانڕەوایی یەزیدی کوڕی موعاویە، حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوالله کوڕی زوبەیر (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕابەرایەتی ئەم ئاراستەیەیان کردووە. دیارترین وێستگەکانی دووەم ئاراستەی فیقهی، بەو سیفەتە کە تا نزیک کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی کاریگەرییەکی گەورەیان هەبووە لەسەر ڕێڕەوی ڕووداوەکان، ئەمانەن:

**- دەرچوونی حوسەین کوڕی عەلی ساڵی (٦١ك):**

حوسەینی کوڕی عەلی (خوا لێیان ڕازی بێت) ناڕازیبووە موعاویە فەرمانڕەوایی بگرێتە دەست، پێدەچێ قەناعەتی بەوە نەبووبێ سەردەمی موعاویە بەوە کۆتایی بێت کە مەسەلەکە بگێڕێتەوە بۆ شورا لە نێوان موسڵماناندا، حوسەیەن بەیعەتی موعاویەی بە ناشەرعی زانیوە، لێرەوە لەسەر ئەو بنەمایە فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی بۆ ئەو قۆناغە بونیاتناوە، وادەردەکەوێ حوسەین ئاستێکی نزمی بۆ گوێڕایەڵی دەستەڵاتی موعاویە داناوە، ئەمەش لەوەدا خۆی وێنا دەکات کە پێیوابووە درچوون نەبێ تا سیفەتی شەرعی لەخۆ نەگرێ، ئەمەش لەو نامەیەیدا کە بۆ موعاویەی نوسیوە دەردەکەوێ، ئەویش ئەوکات کە موعاویە بیستوویەتی حوسەین دەیەوێت بچێت بەدەم داوای کوفییەکان بە دەرچوون لەدژی، حوسەین نامەی بۆناردووەو وتوویەتی: (نامەکەتم پێگەیشت من وەها نیم کە لەبارەی منەوە پێت وتراوە، چاکەکانیش تەنها خوا دەیانبەخشێ، من نەمویستووە بجەنگم لەدژت و ناکۆکیم لەگەڵتدا نیە، بیانوویەکیش بۆ لای خوای خۆم نابینم کە واز لە جیهاد بێنم لەگەڵتدا، واشنازانم فیتنە هەبێت لەو فیتنەیەی تۆ گەورەتر بێت کە بوویتە

فەرمانڕەوای کاروباری ئەم ئوممەتە)[1].

بە مردنی موعاویەو گەیشتنی یەزید بە دەستەڵات ئیتر پاساوی حوسەینی کوڕی عەلی بە دەرنەچوون بوونی نەما، ئینجا لەگەڵ عەبدوالله کوڕی زوبەیر وەک ڕاکردنێ لە بەیعەتدان بە یەزید و بۆ خۆقایمکردن لە پەنای کەعبەی پیرۆزدا ڕۆیشتن بەرەو مەککە، کاتێ گەیشتنە مەککە چاویان بە ئیبن عەبباس و ئیبن عومەر کەوت، ئیبن عومەر پێیوتن: (بۆ خاتری خوا بگەڕێنەوە و بچنەناو ئەو چاکەیەوە کە خەڵکی دەچنەناوی و چاوەڕێ بکەن و بڕوانن، جا ئەگەر خەڵکی کۆبوونەوە لەسەری ئەوا ئێوە خۆتان لامەدەن، ئەگەر خەڵکیش ئەوەی نەکرد ئەوا ئەوەیە کە ئێوە ویستووتانە)[2]. خەڵکی مەککە لە دەوری حوسەین کۆبوونەوە کە هێشتا ستراتیژی بۆ ئۆپۆزیسیۆن بوونی ناڕوون بوو، کاتێک خەڵکی کوفە ئەو هەواڵەیان پێگەیشت کەوتنە نامەناردن بۆی تا بچێت بۆلای ئەوان، ئەمەش سەرەتای جوڵانی پراکتیکی بوو بۆ دەرچوونی حوسەین، ئینجا موسلیمی کوڕی عەقیلی نارد تا دڵنیا ببێت لە دڵسۆزی خەڵکی کوفە، کاتێ ئەوکارەی بۆ ئەنجامدرا بڕیاریدا بڕوات بۆ ئەوێ، پاساوی بۆ دەرچوون ئەوەبوو کە لە زۆر بۆنەدا وتوویەتی (جیهادە لەدژی ستەمکاران).

کاتێ ڕۆیشت بۆ کوفە کۆمەڵێک لە هاوەڵان ناڕازیبوونی خۆیانیان پێڕاگەیاند -هەریەکەیان بەجیا- لەوانە: براکەی خۆی موحەممەدی کوڕی حەنەفیە، عەبدوالله کوڕی عەبباس، عەبدوالله کوڕی عومەر، عەبدوالله کوڕی موتیع، ئەبو سەعیدی خودری، جابیر کوڕی عەبدوالله، عەبدوالله کوڕی زوبەیر. سەرنجدەدرێ هەڵوێستی ئەوانەی کە ناڕازیبوون لە دەرچوونی حوسەین جیاوازبوو لە یەکتری ئەوەش بە حوکمی کۆمەڵێ فاکتەرەوە، دیارترینیان ئەزموونی پێشەوا عەلی بوو کە خەڵکی کوفە نائومێدیان کردو پشتیان بەردا، چونکە عەبدوالله کوڕی موتیع و ئیبن زوبەیر و مەحەممەدی کوڕی حەنەفیە و ئەبو سەعیدی خودری لەوە ترسان کە بیکوژن و بگات بە هەمان چارەنووسی باوکی، جابیری کوڕی عەبدوالله ش هۆشداری دایە لە ڕوودانی فیتنە.

**- دەرچوونی خەڵکی مەککە بە ڕابەرایەتی عەبدوالله کوڕی زوبەیر ساڵی (٦٤ک):**

ئیبن زوبەیر وەک ناڕەزایەتی لە بەیعەتی یەزید و بۆ داوای سەلامەتی لە پەنای

---

١- هەمان سەرچاوە، مج٤، ب٨، ل١٦٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٨، ل١٦٤-١٦٥.

کەعبەدا ڕۆیشت بۆ مەککە، ڕیوایەتەکان دەربارەی ئەو ڕۆڵەی کە لە قۆناغی دوای ڕاستەوخۆ گەیشتنی بە مەککە گێڕاویەتی لەیەک جیاوازن، هەیانە باسیکردووە کە (لکاوە بە نوێژگاکەیەوە لە پاڵ کەعبەدا) لەبەرئەوە نابراوە بە گەڕاوە بۆ کەعبە[1]، هەیانە وتوویەتی بە گەیشتنی بە مەککە دەستبەجێ دەستیداوەتە چالاکی بۆ هاندانی خەڵکی لەسەر لابردنی یەزید، گوتەی بەهێزیش لە میانەی مێژوویی ڕووداوەکاندا ئەوەیە کە کاتێ گەیشتووەتە مەککە هێشتا بیرۆکەی دەرچوون وەک پێویست لای ئیبن زوبەیر کامڵ نەبووبوو، ئیبن زوبەیر (ماوەیەکی زۆر لە مەککە مایەوە بێئەوەی بوار بدات کەس لەوبارەیەوە خۆیی لێبدا)[2]، بەڵام ئەو کەشو هەوایە کە باڵیکێشابوو بەسەر مەککەدا و ڕقی خەڵکی لە بەیعەتی یەزید وای لە ئیبن زوبەیر کرد وردە وردە هەستێ بە شۆڕش دژ بە حوکمی یەزید، ئەو شۆڕشەی وەها بینیوە کە گوزارشە لە بژاردەیەکی جەماوەری، لە گواستنەوە بۆ دەرچوون لەدژی، جا هەرچەندە پاساوی فیقهی بۆ ئەو چالاکیە لە زەینی ئیبن زوبەیردا ئامادەبوو، بەڵام بەشێوەی کردەیی پەیوەستبوو بە پێداگری یەزید لەسەر بەیعەتدان پێی، یەزید نامەیەکی نارد بۆ عەمرو کوڕی سەعید کە والی یەزید بوو لەسەر شاری مەدینە، تا سەرباز بنێرێ بۆ ئیبن زوبەیر و ناچاریبکەن لەسەر بەیعەتدان، بەڵام ئیبن زوبەیر توانی لە مەککە شکست بە ئومەویەکان بێنێت، بەم کارەی ناوبانگی دەکرد، بووە کاریزمایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمی یەزید، بەتایبەتی لەدوای کوشتنی حوسەین (خوا لێی ڕازی بێت).

بیرۆکەی دەرچوون لای ئیبن زوبەیر ئا بەمشێوەیە گەڵاڵە بوو، بارودۆخەکانیش یارمەتیدەربوون لەسەر کامڵبوونی، بەڵام مردنی یەزید جوڵانەوەکەی ئیبن زوبەیری لە ئاستی دەرچوونەوە گواستەوە بۆ ڕاگەیاندنی خۆی کە پێشەوای باوەڕدارانە، ئەوەش لەدوای بەیعەت پێدانی لە مەککە، ئینجا هەر زوو هەموو ناوچە ئیسلامییەکان جگە لە ناوچەکانی شام چوونە ژێر گوێڕایەڵیەوە.

بەڵگەی ماناداریی گرنگ کە خۆی لە جوڵانەوەی ئیبن زوبەیردا وێنا دەکات، سەلماندی کە هەرکات ڕەگەزەکانی بەیعەتی ڕاست و دروست و پشتگیری

---

١- ئەو لە نوسەرانی وەحییەو لە ڕیزی فیقهناسانداية، بەشداریکردووە لە کۆکردنەوەی قورئان لە سەردەمی خەلیفە عوسماندا، نوسەری کتێبی فیقهی سامی دەڵێ: (زوبەیر لە گەورە هاوەڵان و فیقهناسایان و موفتی و ئازاترینیان بووە)، مالیک لەبارەیەوە دەڵێ: ئەو لە مەروان و لە کوڕەکەی لەپێشترن بۆ کاربەدەستی مەدینە) بڕوانە: الثعالبي. الفكر السامي في تأريخ الفقه الإسلامي، ١٩٩٥م، ج٢، ص٣٣٨.

٢- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج٥، ص٤٤٢.

گشتی جەماوەر بەردەست بوون ئیتر دەکرێ دەرچوونی شەرعیی میکانیزمێک بێت بۆ پێدانی دەستەڵات، هەروەها دەکرێ سەرچاوەیەک بێت بۆ سەقامگیریی، بەپێچەوانەی ئەوەی لە فیقهی ئیسلامیدا باوە کە نێوان دەرچوونی شەرعی و فیتنە دەبەستێت بەیەکەوە، لەڕاستیدا جێنشینیی ئیبن زوبەیر هەشت ساڵی خایاند، لە ڕووی میتۆدی ئیبن زوبەیر لە دادپەروەریی و لێپرسینەوە لە کاربەدەستان، هەروەها کارکردن بە شورا و کۆبوونەوەی خەڵکی مەککە لە دەوری زۆر نزیک بووە لە جێنشینیی ڕاشیدەوە.

**- دەرچوونی خەڵکی مەدینە (٦٣ک):**

بەڕاستی کوشتنی حوسەین کوڕی عەلی کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر ناوچە ئیسلامییەکان، شەپۆلێک شۆڕش لەدژی فەرمانڕەوایی ئومەویەکان هەڵگیرسا، لە یەمامە نەجدەی کوڕی عامیری حەنەفی شۆڕشی لەدژی یەزیدی کوڕی موعاویە بەرپاکرد، شۆڕشی ئەبو بیلالی میرداس کوڕی ئەدیەی حەنزەڵی لە بەصرە، هەروەها سولەیمان کوڕی صەرد کە ناودەبرێ بە جوڵانەوەی تەوابین لە عیراق، دەرچوونی خەڵکی مەدینەی پیرۆزیش لە ساڵی (٦٣ک) بووە تاجی سەری ئەم شۆڕشانە لەدژی یەزید کوڕی موعاویە، هۆکاری ڕاستەوخۆ لە دەرچوونی خەڵکی مەدینە لەدژی یەزید وەها کە سەرچاوەکان باسیانکردووە، ئەوە بووە کە شاندێکیان چووەتە سەردانی یەزید لە شام، لەوێ دیمەنی خۆشی و ڕابواردن و دوورکەوتنەوە لە ئاینیان لێبینیوە، بەجێیان هێشتووەو بڕیاریانداوە لایبەرن لەسەر جێنشینیی، ئیبن کەسیر دەڵێ: (کاتێ شاندەکەی مەدینە گەڕاونەتەوە بە ئاشکرا باسی خراپەی یەزید و عەیبەکانیان کردووە، وتوویانە لە لای پیاوێکەوە هاتووین کە ئاینی نیە، ئارەق دەخواتەوە و ئافرەتانی گۆرانیبێژ بە جوزەلەوە لەدەوری سەما دەکەن، ئێمە ئێوە دەگرین بە شایەت کە لامانبردووە، خەڵکیش بەدوایاندا لەکاری جێنشینیان خست)[1]. وادەردەکەوێ کە هەمووی دانیشتوانی مەدینە کۆدەنگ بوون لەسەر دەرچوون لەدژی یەزید، زەهەبی دەڵێ (خەڵکی مەدینە دەرچوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عوقبە، بە ژمارەیەکی زۆرەوە و بە شێوەو دیمەنێک کە پێشتر لە وێنەی نەبینرابوو، کاتێ خەڵکی شام ئەم دیمەنەیان بینی سامیان لێکردن و حەزیاننەکرد بجەنگن لەدژیان)[2]، شاری مەدینە

---

١- إبن كثير. البداية والنهاية، مج٤، ج٨، ص١٥٣.

٢- الذهبي، تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج٥، ص٢٦.

وەک هێڵێکی بەرگری ستراتیژی دەبینرا لە مەککەی پیرۆز و لە خەڵکەکەی کە بە ڕابەرایەتی ئیبن زوبەیر دەرچووبوون لەدژی فەرمانڕەوایی یەزید، ئەمەش لە وەڵامی خەڵکی مەدینەدا ئاماژەی پێدراوە کە ناردیان بۆ عوقبەی کوڕی موسلیم سەرکردەی سوپای یەزید، کاتێ کە ویستی ڕایانکێشێ بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیبن زوبەیردا، پێیانوتووە: (ئەگەر بتەوێ شتی وابکەیت ئێمە ڕێگەت نادەین، ئایا ئێمە لێگەڕێن لێتان تا بڕۆن بۆ ئەوێ و لە ماڵی خوادا بێباوەڕی بکەن)[1]، عەبدوالله ی کوڕی عومەر ناڕازیبووە لە دەرچوونی خەڵکی مەدینە، هەروەها ئەم کەسانەش کە لە مەدینە ئامادەبوون دەرنەچوون لەگەڵیان: عەلی کوڕی حوسەین زینولعابدین، موحەممەد کوڕی حەنەفیە، عەبدوالله کوڕی زەید، بەڵام سەعیدی کوڕی موسەیب بەیعەتی بە یەزید نەدا، هەر لەسەر ئەو قەناعەتەی مایەوە تەنانەت تا دوای ئەوەش کە سوپای یەزید دای بەسەر مەدینەداو بەزۆر چووە ناوی، بەڵام بەشداری نەکرد لە شۆڕشەکەدا[2]. جەنگی حورە بە تێکشکانی خەڵکی مەدینە کۆتاییهات، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ کزبوونی ڕۆڵی زانستی کە مەدینە پێشتر پێی هەڵدەستا، ئەوەش لەدوای کزبوونی ڕۆڵە سیاسییەکەی هەر لەسەردەمی پێشەوا عەلیەوە، ئاستی ئەو سەرکوتکردنە کە دژ بە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی مەدینەدا بینرا -کە هەمان حاڵەتیش هات بەسەر مەککەدا- ئەوەمان پێدەڵێ کە بەنو ئومەییە ویستوویانە ڕۆڵی قورس و پێگەی ئەو دوو شارە نەهێڵن، ئەو سەرکوتکردن و زەلیلکردنە کە بەسەر خەڵکی مەدینەدا هات بە ڕوونی دەبینرێ، ئەمەش بە ئاستێک بوو کە لەدوای تێکشکانی مەدینە لەبەردەم سوپای یەزید دا، یەکێک لە مێژوونووسە باوەڕپێکراوەکان ئەوەی لە مەدینەدا ڕوویداوە بەم چەند دێڕە وسفیدەکات و دەڵێ: (لەو سێ ڕۆژەدا ئەو خراپە گەورانە کە بەسەر مەدینەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) هات نە سنوری هەیەو نە وەسفدەکرێ، جگە لە خوای باڵادەست کەسیتر نایانزانێت)[3]. زەهەبی دەگێڕێتەوە کە عوقبەی کوڕی موسلیم سەرکردەی سوپای یەزید چووەتەناو مەدینەوە: (داوای لە خەڵکەکەی کردووە بەیعەت بدەن بەو سیفەتە کە کۆیلەی یەزیدن، ئەو فەرمانڕەوای ماڵ و حاڵ و خوێن و سەروەت و سامانیانەو خۆی چۆنی بوێت وا دەکات).

---

١- إبن كثير، البداية والنهاية، مج٤، ج٨، ص٢٢٣.

٢- هەمان سەرچاوە، مج٤، ب٨، ل٢٢٤.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٥.

دەرچوونی خەڵکی مەدینە گۆڕانێکی کرۆکی لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی خستەڕوو، خۆی لە پرسیارێکدا نواند لەبارەی دروستی گوێڕایەڵیی کەسی فاسیق، لە مێژووی ئیسلامیدا ئەمە یەکەمینجار بوو پرسیار لەوبارەیەوە بکرێ، چونکە هێنانە پێشچاوی ئەوەی کە ڕۆژێ بێت کەسێکی فاسیق بگاتە دەستەڵات ئەوە شتێک بوو نەهاتبوو بە زەینی کەسدا، بەڵام گەیشتنی یەزیدی کوڕی موعاویە بە دەستەڵات ئەم پرسیارەی هێنایە کایە، بەجۆرێ کە فیقهی ئیسلامی وەها ببینرێ دەستەوسان بێت لە لەخۆگرتنی ئاسەوارە مەعریفییەکانی، ئیتر لەو ماوەیەوە چەمکی (گوێڕایەڵیی فاسیق)ی وەرگرت و گەلاڵە بوو کە زۆرێک لە تەمومژ و ناڕوونی بەدەوریدا دروستبوون، ئەوەش تەنها ماوەیەک بوو تا فیقهی ئیسلامی سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گوێڕایەڵی فاسیقدا، ئینجا گەڕان بەدوای بەڵگەی پشتگیری شەرعی بۆ ئەو گوێڕایەڵییە، کە هەر لە بنەڕەتەوە گوزارشت بوو لە حاڵەتی لادانی سیاسیی، تا وایلێهات مشتومڕ بەدەوری گرتنەدەستی دەستەڵاتی گوناهکاردا بسوڕێتەوە، کە ئایا فەرمانڕەوا بە گوناهکردن ئیتر لەکار دەخرێ یان نا، ئەمەش گوزارشت بوو لە کەموکووڕییەکی مەعریفی کە ڕیشکە مێژووییەکەی لە حوکمی یەزیدی کوڕی موعاویەدا بوو، ئینجا سەرکوتکردنی (فیقهی گۆڕانکاریی) کە دژ بوو بەو فەرمانڕەواییە.

**– شۆڕشی فیقهناسان لەگەڵ ئیبن ئەشعەس (٨٤-٨١ک):**

دەستەڵاتی ئومەوی هەوڵیدا گۆڕانێکی کەلتوری لە دژی (فیقهی گۆڕانکاریی) بێنێتە کایە، ئەو فیقهە کە پشکۆکەی بەدرێژایی سەدەی یەکەمی کۆچی هەر دەسوتا، لەم کارەیدا پشتی بە چەند ستراتیژێک بەست، گرنگترینیان کەلتوری زۆرەملێی سیاسیی بوو، وادەردەکەوێ نەتوانایی دەستەڵاتی ئومەوی لەسەر دامەزراندنی شەرعیەتێکی سیاسی لەسەر ئاین، وایلیکردووە جۆرێک لە پشێوی باوەڕی بنێتەوە تا ڕێگە لە نەیارەکانی بگرێ لەوەی چەکی باوەڕ بەکاربهێنن، لە هەمانکاتیشدا وایلێکرد پشت ببەستێ لەسەر گەشەدان بە کەلتوری گوێڕایەڵیی ڕەها لای پشتیوانانی، لەم کارەیدا پەنایبردە بەر ئەو زاراوەیە کە لە لێکۆڵینەوە ئیسلامیەکاندا ناودەبرا بە (عەرەبە زۆرزانەکان)، وەک حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی و هیتریش.

حەجاج کاریکردووە لەسەر بڵاوەپێکردنی ڕۆحی گوێڕایەڵیی ڕەها بۆ بەنو ئومەییە، ئەوەش بە بەکارهێنانی هەردوو ڕەگەزی هێز و سامان، یەعقوبی (٢٤٨ک.م) ئاماژەی بەمجۆرە گوێڕایەڵییە ڕەهایە داوە، ئەوەش کاتێ کە وەسفی

گەمارۆدانی حەججاج دەكات بۆ ئیبن زوبەیر لە مەككە، سەربازەكانی كە لە خەڵكی شام بوون دوودڵ بوون لەوەی بێن كەعبە بدەنەبەر مەنجەنیق، حەججاجیش هانیدەدان لەسەر گوێڕایەڵیی تەنانەت وتراوە كە وتوویەتی گوێڕایەڵیی و پیرۆزی كۆبوونەتەوە پاشان گوێڕایەڵیی زاڵبووە بەسەر پیرۆزیدا[1].

بێگومان دەستەڵاتی ئومەوی تا ڕادەیەک سەركەوتوو بووە لە بڵاوەپێكردنی ڕۆحی گوێڕایەڵیی ڕەها، بەڵام ئەم كارەی نەگۆڕدرا بۆ كەلتورێكی ڕەها، ئەوەش بەهۆی نەتوانایی دەستەڵاتی ئومەوی لە بناغەڕێژی ئاینی بۆ ئەو حاڵەتە، ئەوەش بەهۆی پەیوەندییە گرژەكانی بە فیقهناسانەوە، ئەمجۆرە كارەیان لە سنوری جێگا ستراتیژییەكەیاندا چڕبوویەوە: وڵاتی شام، ئیبن تەیمییە ئاماژە دەدات بە گوێڕایەڵیی ڕەهای خەڵكی شام بۆ (كاربەدەست)، ئەوەش لە میانەی باسكردنی خراپەی گوێڕایەڵیی ڕەهای شیعە كە بۆ پێشەوا عەلی پەیڕەویان كردووە[2]، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر كەشو هەوای شۆڕش دژ بە دەستەڵاتی ئومەوی بەردەوامبوو، دیمەنی بەشداریكردنی فیقهناسان لەگەڵ ئیبن ئەشعەس لەدژی حەججاجی كوڕی یوسفی سەقەفی كە والی عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان بوو لەسەر عیراق ساڵی (٨٢ك)، ئاراستەیەكی فیقهی لێ بەرپابوو كە لە ڕیزی دەرچووندا بوو.

شۆڕش لە بەصرەوە دەستیپێكرد و بووە پێگەیەک بۆ هەڵیرسان و بڵاوبوونەوەی، فیقهناسان لە دەوری سەركردەیەكی سەربازی كۆبوونەوە كە ناوی عەبدوڕەحمان كوڕی ئەشعەس بوو[3]، لێرەدا ئاماژەیەک بوونی هەیە

---

١- إبن جعفر، أحمد بن أبي يعقوب. تأريخ اليعقوبي، بيروت: دار صادر، ١٩٩٢م، مج٢، ص٢٥١-٢٥٢.

٢- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج٣، ص٣٨٩.

٣- عەبدەڕەحمان كوڕی قەیس كوڕی موحەممەدی ئەشعەس كوڕی قەیسی كیندییە، لە سەردەمی عەبدولمەلیک كوڕی مەرواندا والی سەجستان بووە، ناوچەی زۆری لە توركیا ڕزگاركردووە، ئیبن كەسیر دەڵێ كاتێک ناوچەی زۆری لە پادشای توركیا –ڕەتبیل- ڕزگاركرد، ئیتر نەچووە ناو قووڵاییەوە٠ تا سود لەو ناوچانە وەربگرن كە لەدەستیاندابوون و خۆیان بەهێز بكەن پێیان و سود لە دەغڵ و دانەكەیان وەربگرن پاشان لە ساڵی دواتردا بڕۆنە پێش)، حەججاج لەمبارەیەوە نامەیەكی بۆ ناردووە كە ڕایەكەی ئەشعەسی لا ناپەسەند بووە و بە كەم ئەقڵ و بە ترسنۆک و بە پاشەكشەكەر لە شەڕ وەسفیكردووە، فەرمانی پێداوە كە هەردەبێت بچێتەناو وڵاتی ڕەتبیل (پادشای توركیا)، حەججاج ویستی لەكاری بخات كە هەر لە بنەڕەتەوە ڕقی لێی بووە، ئیبن كەسیر دەڵێ حەججاج دیوت: هەركات چاوم پێیكەوت دەیكوژم، ئیبن ئەشعەس گەورە پیاوانی خەڵكی عیراقی كۆكردووەتەوە، پێیوتوون حەججاج داكۆكیتان لێدەكات كە هەردەبێ بچنەناو ناوچەكانی تری ئەو وڵاتەوە، كە هەر دوێنێ بوو براكانتان تیایدا لەناوچوون، ئەوا وەرزی زستانیش لەپێشتانە و سەرمایە ئایا ئێوە دەڵێن چی، من بۆ خۆم گوێڕایەڵیی حەججاج نابم، ئەو بڕیارەش كە دوێنێ داومە هەڵیناوەشێنمەوە، ئینجا وتارێكی بۆداون تا ڕای خۆییان پێبڵێ و ڕای ئەوانیش

که نەبوونی کەسایەتیەکی بەهێزی وەک حوسەین کوڕی عەلی یان عەبدوالله کوڕی زوبەیر فیقهناسانی ساردنەکردووەتەوە لە درێژەدان بە بژاردەی شۆڕش لەدژی دەستەڵاتی ئومەوی، فیقهناسان بەیعەتیان (لەسەر پەڕاوی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرەکەی، لەسەر تێکۆشان لەدژی گومڕایان و لەکارخستنیان و خەبات دژ بە حەرام حەڵاڵکەران) بە ئیبن ئەشعەس دا [1]، دەستەیەکیان لەناو سوپاکەی ئیبن ئەشعەسدا پێکهێنا بەناوی (دەستەی خوێنەران)، کە جیبلەی کوڕی زەحر ڕابەرایەتی دەکرد، وتاری هەندێ لە فیقهناسان بەرلە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای حەججاجدا لە جەنگی -ژات الجماجم ٨٢ک- هۆکاری دەرچوونیان لەدژی دەستەڵاتی ئومەوی دەخاتەڕوو، هەروەها بناغەڕێژیی فیقهی بۆ پرەنسیپی دەرچوونی شەرعی دەخاتەڕوو، کە لە کرۆکیدا گوزارشت بوو لە فیقهی پێشەوا عەلی بە دەرچوون لەدژی ستەمکاران و کاریگەری لەسەری هەبوو، ئیبن ئەسیر دەڵێ: (کاتێ هەر سێ دەستە جەنگاوەرەکەی حەججاج هەڵیانکوتایە سەر خوێنەران لە هەوادارانی عەبدوڕەحمان کە جیبلەی کوڕی زەحر سەرکردەیان بوو، جیبلە هاواریکردو وتی ئەی عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبو لەیلی، ئەی گرۆی خوێنەران، هەڵاتنی ئێوە لەم شەڕە لە هەڵاتنی هەرکەسێکیتر ناشیرینترە، من گوێبیستی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب بووم خوای گەورە پلەی لەناو چاکەکاراندا بەرزبکاتەوەو پاداشتی ڕاستگۆیان و شەهیدانی پێببەخشێ، ئەو ڕۆژە کە ڕووبەڕووی خەڵکی شام بووینەوە وتی: ئەی باوەڕداران هەرکەس دەستدرێژییەکی کرد، خراپەیەکی ئەنجامدا، تۆ بە شمشێر بەرپەرچی بدەرەوە تا وشەی خوای گەورە بەرزو باڵا بێت، تا وشەی ستەمکاران نەوی بێت، ئەمەش ئەو کەسەیە کە ڕێگای هیدایەتی گرتووە، ڕووناکی باوەڕی پتەو چووەتە دڵیەوە، دەی ئێوەش بجەنگن لەدژی ئەو حەرام حەڵاڵکەرە نوێ و بیدعەچییانە کە هەق ناناسن، کار بە خراپەکاری و دەستدرێژی دەکەن و پێیان ناخۆش نیە، ئەبو بەختەریش وتوویەتی: ئەی خەڵکینە لەپێناو ئاین و دنیاکەتان بجەنگن لەدژیان، سوێند بەخوا ئەگەر سەرکەون بەسەرتاندا ئەوا

---

وەربگرێ، ئینجا داوای کردووە کاری چاکسازی لەو ناوچانەدا بکەن کە ڕزگاریان کردوون تا خۆیان بەهێز بکەن و سود لە دەغڵ و دان و سەروەتەکیان وەربگرن و تا ڕزگاریان دەبێت لە وەرزی سەرما، ئینجا برۆنە پێش بە خاکی دوژمنداو ناوچە لەدوای ناوچە ڕزگاریان بکەن تا تەنگیان پێهەڵدەچنرێ) خەڵکیش ڕاکەی ئیبن ئەشعەسیان لا پەسەند بووەو حەججاجیان لەکارخستووەو بەیعەتیان بە ئیبن ئەشعەس داوە. بڕوانە: إبن كثير. البداية والنهاية، مج٥، ج٩، ص١٤.

١- إبن الأثير. الكامل في التأريخ، مج٤، ص١٩٩.

ئاینتان خراپ دەکەن و دنیاکەتان لێدەسێنن، شەعبی وتوویەتی: ئەی خەڵکینە بجەنگن لەدژیان با هیچ شتێک ڕێگریتان لێنەکات لە شەڕکردن لەگەڵیان، سوێند بەخوا لە سەرزەویدا کەسێکیتر شک نابەم کە لە دەستەڵاتی ئەمانە ستەمکارتر و ملهوڕتر بێت، سەعیدی کوڕی جوبەیریش گوتەیەکی هاوشێوەی ئەمەی هەبووە)[1].

جا هەرچەندە شۆڕشکردن ئاراستە زاڵەکە بووە، بەڵام حەسەنی بەصری کە لەو سەردەمەدا دیارترینی فیقهناسەکان بووە، هەڵوێستێکی جیاوازی لە دەرچوونی فیقهناسەکان لەگەڵ ئیبن ئەشعەس دا هەبووە. ئەوەی کە مەعلومە ئەوەیە کە مەیلی بەلای دەرچووندا نەبووە بە شمشێر، ئەمە لەکاتێکدا کە کۆدەنگ بووە لەگەڵ فیقهناسەکان بە خراپ وەسفکردنی بارودۆخەکە کە وڵاتە ئیسلامیەکان لەژێر دەستەڵاتی ئومەوییەکاندا تیایدا بوون، حەسەنی بەصری بەیعەتی یەزیدی بە سەرپێچی فەرمانی خوا ناوزەد کردووە، ئومەوییەکانی بە لەدەستدانی شورا و بەزۆر دەستگرتنیان بەسەر دەستەڵاتدا تاوانبار کردووە، لێیەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: (چوار سیفەت لە موعاویەدا هەبوون کە ئەگەر تەنها یەکێکیشیان بووبێت ئەوا گوناهێکی پڕوکێنەر بووە، دەستگرتنی بەسەر ئەم ئوممەتەدا بە شمشێر تا بەبێ ڕاوێژکردن دەستەڵاتی وەرگرت، کە هەندێ لە هاوەڵان و پیاوچاکانی تێدا بووە، ئینجا کوڕێکی سەرخۆش و ئارەقخۆری خۆی کردە جێنشینی کە ئاورێشمی پۆشیوەو تەپڵ لێدانی هەبووە، هەروەها زیادی کردووەتە برای خۆی لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((مندالّ هی پیاوی سەرجێگەیەو نەگبەتی و ڕیسوایی بۆ کەسی خراپەکار))، هەروەها حیجری

١٠- هەمان سەرچاوە، مج٤، ل٢١٠. زەهەبی ناوی هەندێ لەو فیقهناسانەی هێناوە کە لەگەڵ ئیبن ئەشعەس دا دەرچوون لەدژی حەججاج، ئەوانیش ئەمانەن: (موسلیم کوڕی یەساری موزنی، ئەبو مرانەی عیجلی کە کوژراوە، عوقبەی کوڕی عەبدغافری عوزی کوژراوە، عوقبەی کوڕی وەساجی بەرسانی کوژراوە، عەبدوالله کوڕی غالیبی جوهزەمی کوژراوە، ئەبو جەوزای ڕەبعی کوژراوە، نەزەر کوڕی ئەنەسی کوڕی مالیک، عەمران باوکی ئەبو جەمرەی زەبعی، ئەبو مینهال سەیار کوڕی سەلامەی ڕەییاحی، مالیک کوڕی دینار، مورە کوڕی دەباب هەدداوی، ئەبو نەجیدی جوهزەمی، ئەبو شێخی هەنائی، سەعید کوڕی ئەبوحەسەنی بەصری و حەسەنی برای)، فیقهناسان لە خەڵکی کوفەیش ئەمانە بوون: (سەعید کوڕی جوبەیر، عەبدوڕەحمان بن أبو لەیلی، عەبدوالله کوڕی شەداد، شەعبی -کە ئەمە بە عامیری شەعبی فیقهناسی ناسراوە- ئەبو عوبەیدە کوڕی عەبدوالله کوڕی مەسعود، مەعروف کوڕی سوەید، موحەممەد کوڕی سەعد کوڕی ئەبو وەققاص، ئەبو بەختری، تەڵحە کوڕی موسریف، زەید کوڕی حاریسی یامیان، عەتا کوڕی سائب)، بڕوانە: الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج١، ص٦٨٦.

کوشتووه)[١].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەوەیە کە حەسەنی بەصری لە ناڕازیبوونی لە بەشداریکردن لە شۆڕشی فیقهناساندا، بەڵگەی بە فەرمودەکانی ئارامگرتن یان دەستگرتن بە کۆمەڵەوە نەهێناوەتەوە، ئەمەش ئاماژە بەوە دەدات کە بەڵگەهێنانەوە بەو فەرموودانە و بونیاتنانی هەڵوێستی فیقهی لەسەریان تا ئەو سەردەمە زۆر جێگای بایەخپێدان نەبووە، یان شتێکی وایان تێدا نەبینراوە کە ڕێگری لە دەرچوون بکات، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەوا ڕەتکردنەوەی حەسەنی بەصری بۆ گۆڕینی خراپە هەڵوێستێکی سیاسیی بووە، لەژێر کاریگەری هەندێ مەسەلەی واقیعیدا بووە[٢]، لە ڕووی هەڵوێستی فیقهییەوە وایبینیوە کە پێشەوای ستەمکار پیرۆز نیە، چونکە وتوویەتی: (سێ کەس هیچ پیرۆزیەکیان نیە: هەواو هەوەس پەرست، گوناهاکارێ کە گوناهەکەی ئاشکرا بکات، پێشەوایەکی ستەمکاریش)[٣]. لەوانەیە ناڕازیبوونی حەسەنی بەصری لە دەرچوون -کە کەسێک بووە لە هەموو کەس شارەزاتر بووە بە فیتنەو خوێنڕشتن هەروەک لە وەسفکردنیدا هاتووە- هۆیەکەی ئەوە بووبێت کە بیانو نەدات بەدەست حەجاجەوە بکەوێتە پاکتاوکردنی ئەو فیقهناسانە کە پەیوەندییان بە دەستەڵاتی ئومەویەوە گەیشتبووە ئاستێکی زۆر

١- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، مج٣، ص٣٢٨. حیجر هاوەڵێکەو ناوی حیجر کوڕی عەدی یە و یەکێکە لە فیقهناسە ناسراوەکان، والیەکەی موعاویە لەسەر کوفە لە سەر مینەبەرەکەی کوفە کوشتی بەهۆی ناڕازیبوونی لە جنێودان بە عەلی کوڕی ئەبو تالیب، کوشتنی حیجر شەپۆلێکی توندی لە ناڕەزایەتی لێکەوتەوە کە عائیشەی دایکی باوەڕداران ناڕازیبووە کاتێ کە بیستوویەتی حیجر کوژراوە وتوویەتی: (ئەگەر هەروەک هیچمان لەدەست نەهات بیگۆڕین تا وامان لێهات کەوتینە خراپتر کە هەر دەبوا نەمانهێشتایە حیجر بکوژرێ) کاتێکیش موعاویە هات بۆ مەدینە پێیوت کە کارێکی خراپت کردووە، ئیبن ئەسیر دەڵێ: (ئەو شمشێرە یەکەمین شمشێر بوو کە لە کوفە بەکارهێنراو بووە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان خەڵکیدا).

٢- ئیبن ئەسیر دەڵێ: فیقهناسان چوونەتە لای حەسەنی بەصری و پێیانووتووە: (ئەی ئەبو سەعید تۆ چیدەڵێیت لە شەڕکردن لەدژی ئەو ستەمکارەدا کە خوێنی بە ناهەق ڕێژاوەو ماڵی بە حەرامی زەوتکردووەو نوێژ ناکات و ئەو کارەو ئەو کارە دەکات؟ وتوویەتی من وادەبینم کە نەجەنگن لەدژی، چونکە ئەگەر ئەوە سزایەک بێت لەخواوە ئەوا ئێوە ناتوانن بە شمشێرەکانتان سزای خوا بگێڕنەوە، ئەگەریش بەڵاو تاقیکردنەوە بێت ئەوا ئارامبگرن تا خوای گەورە فەرمانی خۆی دەردەکات). بڕوانە:
- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٧، ص٥٣-٥٤.
ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین ئەو قسەیە بدرێت پاڵ حەسەنی بەصری کە بۆنی زۆرەملێی سیاسیی لێدەکرێ، چونکە لە شوێنی خۆیدا ئەو باسە دێنین کە حەسەنی بەصری کەسێکی قەدەری بووە.

٣- قلعةجی، محمد رواس. موسوعة فقه الحسن البصري، بيروت: ط٢، ١٩٨٩م، ج١، ص١٦٦.

خراپ کە پێشتر شتی وا نەبووە، حەسەنی بەصری ناودارترینی فیقهناسانی بەصرە بووە، دەرچوونی ئەو واتە سەندنەوەی شەرعیەت لە دەستەڵاتی ئومەوی، لەوانەیە دەرچوونی ئەو ببوایەتە هۆی چەندبارە زیادبوونی ئەو ڕووداوە کە بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە فیقهناسان کۆتاییهاتووە، زەهەبی دەڵێ بە ئیبن ئەشعەس وتراوە: (ئەگەر پێتخۆشە هەموو ئەوانە کە بەدەورتدان بکوژرێن هەروەک بەدەوری عائیشەدا کوژران، ئەوا حەسەن بێنەرەناو شەڕەکەوە)[1]، وادەردەکەوێ کە هەڵوێستی نەگۆڕی حەسەنی بەصری لە مەسەلەی دەرچوون، هەستکردنی بووبێت لە بەرپرسێتی کەسێتی لە حاڵەتی شکستخواردنی شۆڕشەکەدا. جا ئەگەرچی شۆڕشی فیقهناسان لەدژی حەججاج بە کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە فیقهناسان کۆتاییهات لەوانەی کە بەشداریان کردووە تیایدا، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی مەسەلەی بەکافرکردنی هێنایەڕوو، چونکە حەججاج مەرجی لێبوردنی لە هەندێ لەوانەی بەشداریان کردبوو لە شۆڕشەکەدا بەستووەوە بەوەوە کە دەبێ دانبنێن بە کافری خۆیاندا[2]، ئەم کارە یارمەتیدەر بوو بۆ تەواو بەستنەوەی نێوان دەرچوون و بێباوەڕی و کردنەوەی دەرگا لەبەردەم بەکافرکردنی نەیارە سیاسییەکاندا، ئیتر جگە لەوە کە ئەو شکستەی بەسەر شۆڕشدا هاتووە بووەتە یەکێک لەو فاکتەرانە کە -دواتر- بە ڕوونی پشتگیربووە لە مەیلی فیقە بە ئاراستەی ئاشتەواییکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیدا.

**- دەرچوونی زەیدی کوڕی عەلی ساڵی (١٢٠ک):**

سەرچاوە مێژووییەکان هاتنی زەیدی کوڕی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) بۆ لای هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک لە شام لەسەر ناکۆکییەکی کەسێتی لە نێوانیاندا، کە ڕیوایەتەکان ڕاجیاوازن لە دیاریکردنی هەموو لایەنەکانی و نێوان دەرچوونی زەید کوڕی عەلی وەک شۆڕشگێڕێک دەبەستن بەیەکەوە، بەپێی گوتەی زەهەبی و ئیبن ئەسیر وتووێژێک لە نێوان زەید کوڕی عەلی و هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا ڕوویداوە، دواجار زەید بە تووڕەییەوە چووەتە دەرەوەو هەڕەشەی هەڵگیرسانی شۆڕشی کردووە[3]. جا ئەو وتووێژە هەرجۆر و

---

١- الذهبي، تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج٧، ص٥٣.

٢- إبن كثير. البداية والنهاية، مج٥، ج٩، ص٥٥.

٣- زەهەبی دەڵێ خالید کوڕی عەبدوالله ی قەسری هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی ئاگادارکردووە کە

هەرچۆن بووبێت کە سەرچاوەکانی مەزهەبی زەیدی باسیان لێنەکردووە[1]، ئەوا هەر بەڵگەیەکی بەس نین بۆ دەرچوونی زەید کوڕی عەلی کە هۆکارەکەی ئەو هەڵوێستە بووبێت، چونکە زەید کوڕی عەلی لە فیقهی ئالوبەیتدا وێنای ئاراستەی شۆڕشی کردووە، بە پێچەوانەی موحەممەد باقر و برازاکەی جەعفەری صادق کە ئەم دووانە لە پەیوەندییان بە دەستەڵاتی ئومەویەوە پشتیان بە فیقهی توقییە بەستبوو[2]. لەلایەکیتریشەوە، کەشوهەوای سیاسیی لە سەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک دا چالاکییەکی چڕوپڕی بۆ بانگەوازی عەبباسی بەخۆیەوە بینیوە، کە بە چەند ساڵێک پێش ئەو ڕووداوە دەستی بە دەرکەوتن کردبوو[3]، زەیدی کوڕی عەلیش ئاگاداری ئەوە بووە، لەوانەشە پەیوەندی هەبووبێت بە هەندێ لە چالاکوانانی ئەو بانگەوازەوە، چونکە وەها ناسرابوو کە سەردان و گەڕانی زۆری لە دەرەوەی حیجاز هەبووە.

پاڵنەری سەرەکی بۆ دەرچوونی زەیدی کوڕی عەلی ستەمی فەرمانڕەوایانی بەنو ئومەییەو دەستگرتنیان بەسەر دەستەڵاتدا بووە، ئەمەش لەو وتووێژەیدا

---

زەیدی کوڕی عەلی و کۆمەڵێک لەگەڵیدا بڕیاریانداوە لایبەرن لە جێنشینیی، (ئینجا هیشام بە زەید کوڕی عەلی وتووە: پێمگەیشتووە کە دەتەوێ ئەوە بکەیت، ئەویش وتوویەتی: ڕاست نیە، هیشام وتوویەتی: لای من ڕاستە، زەید وتوویەتی: سوێندت بۆ دەخۆم کە وانیە، هیشام وتوویەتی: بڕوات پێناکەم، زەید وتوویەتی: خوای گەورە ڕێزی کەسێک بەرزنەکاتەوە کە بە خوا سوێندی بۆ بخورێ و بڕوای پێنەکات، هیشام وتوویەتی: بڕۆدەرەوە، زەید وتوویەتی: دەی ئیتر نامبینیتەوە لەو جێگایەدا نەبێت کە پێتناخۆشە، زەهەبی دەڵێ: کاتێ چووەتەدەرەوە وتوویەتی: هەرکەس ژیانی دنیای خۆشبوێ ئەوا زەلیلە) بڕوانە:
- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج١، ص٩٢٣.

١- بۆ نمونە بڕوانە:
- المحلى، حميد بن أحمد بن محمد. الحدائق الوردية في مناقب الأئمة الزيدية، صنعاء، ط٢، ٢٠٠٢م، ص١٥.
- الأصفهاني، أبو الفرج. مقاتل الطالبين، بيروت: دار المعرفة، ص١٣٠-١٣١.

٢- لە پێشەوا زەیدەوە گێڕدراوەتەوە کە وتوویەتی: هەرکەس دەیەوێت جیهاد بە شمشێر بکات ئەوا با بێتە لای من، هەرکەسیش دەیەوێت بە زانست بیکات با بڕوات بۆلای برازاکەم (واتە جەعفەری صادق). بڕوانە: المرتضى، أحمد بن يحيى. البحر الزخار الجامع لمذاهب علماء الأمصار، تصحيح: القاضي عبدالله... مصر: مكتبة الخانجي، ١٩٤٩م، ص٣٨٥. سەیید کازم حائری وەستاوە لەسەر هەڵوێستی جەعفەری صادق لە شۆڕشی زەید کوڕی عەلی و لە شۆڕش بە گشتی، وادەبینێ کە ئەو هەڵوێستە بە توقییە بووە نەک هەڵوێستێکی دژ بە شۆڕشەکان بووبێت، ڕای بەهێز لای ئەو ئەوەیە کە ئیمامەکانی ئالوبەیت پشتگیریان لە شۆڕشە (شیعییەکان) بە گشتی کردووە. بڕوانە:
- الحائري، كاظم. الإمامة وقيادة المجتمع، طهران: مكتبة آية الله السيد كاظم الحائري، ١٩٩٥م، ص٢٠٠-٢٠٥.

٣- أبو زهرة، محمد. الإمام زيد... حياته وعصره -آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفكر، ص٤٣.

به ڕوونی دیاره كه لەگەڵ هەندێ لە پشتیوانانیدا ئەنجامیدا، كاتێ داوایان لێكرد خۆی بەریبكات لە لایەنداریی ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان تا هەقداریی خۆی و باوباپیرانی بە جێنشینی بسەلمێنێ، ئەویش پێیوتوون: (بەدڵنیایی كە ئەمانە وەك ئەوان نین، ئەمانە ستەمیان لە من و لە ئێوە كردووە، منیش ئێوە بانگهێشت دەكەم بۆ لای پەڕاوی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی، بۆلای سوننەتەكان كە زیندوو ڕابگیرێن و بیدعەكان بكوژێنرێنەوە)[1]. ئەم گوتەیەی هۆیەك بووە بۆ تەكینەوەی هەندێ لەو كەسانەی بەیعەتیان پێدابوو لێی و دەستیان لە بەیعەتەكەیان كێشاوەتەوە، زەید نزیكەی پێنج مانگ لە بەصرە ماوەتەوە، بانگەوازی بۆ خۆی كردووە كە كەسانێكی زۆر لە خەڵكی عیراق بەیعەتیان پێداوە، دەقی بەیعەتەكەی بەمشێویە بووە: (ئێمە بانگتان دەكەین بۆ لای پەڕاوی خوای گەورەو سوننەتی پێغەمبەرەكەی، بۆ خەبات لەدژی ستەمكاران و بەرگریی لە لانەوازان و ژێردەستەكان، بۆ بەخشین بە نەداران و دابەشكردنی بەشێك لە دەستكەوتی بێ جەنگ بەسەر خەڵكەكەی لە خاكی ڕەشدا، بۆ گێڕانەوەی مافی ستەملێكراوەكان و پشتگیری لە ئالوبەیت)[2]، كاتێ زەیدی كوڕی عەلی ڕووبەڕووی سوپاكەی هیشام بە سەركردایەتی هەبیرە بوویەوە، پشتگیرانی زەید پشتیان بەردا، جگە لە نزیكەی چوارسەد كەس لە كۆی چل هەزار جەنگاوەر كە بەیعەتیان پێدابوو كەسیتریان نەمانەوە لەگەڵیدا، ئەوانەی كە لەگەڵی مانەوە بریتی بوون لە فیقهناسان و زانستخوازان.

ڕووداوی دەرچوونی زەیدی كوڕی عەلی گۆڕانی لە پەیوەندییەكانی نێوان ئومەوییەكان و ئالوبەیتدا هێنایە كایەوە، شۆڕشەكان یەك لەدوای یەك لەدژی ئومەوییەكان بەردەوامبوون، هۆكارێكی سەرەكی بوون بۆ سەركەوتنی بانگەوازی عەبباسی، كە دە ساڵ دوای ئەوە پشتی بە شەرعیەتی عەلەوی بەستبوو[3]، جا ئەگەر بەرپابوونی جێنشینی عەبباسی بەرئەنجامی ئاراستەی فیقهی بەرەو دەرچوونی شەرعی بووبێت، ئەوا دەستەڵاتی عەبباسی لەدوای ئەوە هەوڵیداوە بژاردەی دەرچوون كۆت و بەند بكات، لەو پێناوەدا كۆمەڵێ فاكتەری بۆ دەستبەربوون كە پێشتر بۆ دەوڵەتی ئومەوی نەڕەخسابوون، لەڕاستیدا لە ماوەیەكی پێوانەییدا

---

١- الطبري. تأريخ الرسل والملوك، ج٧، ص١٨١.

٢- إبن الأثير، الكامل في التأريخ، مج٤، ص٤٤٦.

٣- أبو زهرة، الإمام زيد...حياته وعصره-آراؤه وفقهه، ص٦٠.

سەرکەوتووبوو لە هەڵوەشاندنی کەلتوری دەرچوون، ئەمەش بە ئاستێ بوو کە سەدەی چوارەمی کۆچی ئاراستەیەکی فیقهی گشتی بەرەو حەرامکردنی بیرۆکەی دەرچوونی سیاسیی بەخۆیەوە ببینێ.

## ٢- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی: قۆناغی ئیجتیهاد

کەلتوری ناڕازیبوون بە دەست و هێز تا نزیکەی نیوەی سەدەی دووەمی کۆچی کەلتوری بەردەست و زاڵبوو، مەعلومە کە فیقهناسان ڕابەرایەتی هەوڵەکانی گۆڕینی فەرمانڕەوایی ئومەوییان داوە، پەیوەندییان لەگەڵ ئەو دەستەڵاتەدا بەگرژییەکی سەختدا تێپەڕیوە، جا هەرچەندە ئاراستەیەکی فیقهیش هەبووە ویستوویەتی لەگەڵ واقیعدا ڕێبکات و دەستکۆتا بێت تەنها بە ناڕازیبوون لەدڵەوە لێی، ئەوا ڕێبازی فەرمانڕەوایی ئومەوی بە داهێنانی هۆکار و هونەری نوێ بۆ قایمکردنی دەستەڵاتی، هەروەها هەوڵی بەشەرعیکردنی لە ڕێگای بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیی فیقهناسان، لەسەرووی توانای ئەو ئاراستەیەوە بووە بۆ ڕێکردن لەگەڵیدا، ئەمەش مەسەلەیەک بوو وایلێکرد ڕاستەوخۆ بەرەنگاری دەستەڵاتی ئومەوی ببێتەوە[1].

لەڕاستیدا فیقهناسان لە سەردەمی ئومەوی دا ڕەگەزێکی کارای واقیعی سیاسیی بەرهەڵستکار بوون دژ بە ستەمکاریی، ئەو کارابییەیان وابەستەبوو بە پێگەی شەرعیان و کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئەمە بەتەنیشت فراوانبوونی بازنەی گومان و تاوانبارکردن دژ بە دەستەڵاتی ئومەوی، تا زۆرێک لە فیقهناسان بگرێتەوەو وایلێکردن ببنە بەشێک لە واقیعی گرفتە سیاسییە بەردەوامەکان و لایەنێک تیایدا.

جا بە تێڕوانین بۆ سەردەمی نوسینەوەی فیقە کە هێشتا دەستی پێنەکردبوو -تەنانەت لەپێش کۆتایی دەستەڵاتی ئومەوی- ئەوا فیقهناسان نزیکتر بوون لە کارکردن بە فیقهی پراکتیکی، ئەمە بەرلەوە لە قۆناغێکی دواتردا ڕووبکەنە پۆلێنکردن و نوسین، پاشانیش نوسینی پەراوێز و لقەکان لەسەر مەسەلە فیقهییەکان، جا بەو ڕادەیە کە نوسین هەستاوە بە گەشەدان بە زانستی فیقە و پاراستنی کەلەپوری قوتابخانە فیقهییە جۆراو جۆرەکان، ئەوا لە هەمانکاتدا

---

١- لێرەدا بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژە دەدەین بە هەڵوێستی فیقهناسی تابیعی سەعید کوڕی موسەیب (٩٤ک.م) لە بەیعەت وەرگرتنی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بۆ هەردوو کوڕەکەی وەلید و سولەیمان کە بەیعەتێکی ئاوێتە بوو و سەعید کوری موسەیب ڕەتیکردەوە، ئیبن سەعد لە الطبقات دا دەڵێ بەهۆی ئەو هەڵوێستەیەوە کەوتەبەر لێدان و بەندکردن. بڕوانە: إبن سعد، الطبقات الكبرى، ج٥، ص١٢٦.

یارمەتیدەر بووە لە سنوردارکردنی ڕۆڵی پراکتیکی فیقهناسان و ڕابەرایەتیان لە بزاوتی گۆڕانکاریدا، تا دواجار مەسەلەکە لە سەردەمی عەبباسیدا بە بێلایەنکردنی فیقهناسان یان لەخۆگرتنیان لەناو دەستەڵاتدا تەواوببێ، ئەویش هەر بەو شێوەیە کە لە سەردەمی چاولێگەریدا بووە شتێکی باو.

لێرەدا ئاماژە دەدەین بە سەردەمی پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە کە سەرەتای دەستکردن بە نوسینەوەی فیقە بووە، بەڵام ئەو بزاوتە لە سەرەتایدا بووە، چونکە زانستە ئیسلامیەکان بە ئاستێکی بەرفراوان بەشیان لێ نەبووبوویەوە، لەبەرئەوە فیقە لەو قۆناغەدا بەجۆرەها شێوە پارێزگاریکردووە لەسەر مۆرکە سیاسییە پراکتیکییەکەی، لەوانەش پشتگیری لە هەر بزاوتێکی گۆڕانکاری دژ بە هەردوو دەستەڵاتی ئومەوی و عەبباسی، هەروەها بەکارهێنانی چەکی فەتوا لە نواندنی ناڕەزایەتی لەدژیان، ئینجا هێنانەکایەی جۆرێک لە دابڕانی دەروونی لەگەڵیاندا، لەمەوپاش تاوتوێی فیقهی هەر چوار مەزهەبەکە دەکەین لەو قۆناغەدا، ئەویش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

### أ- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا ئەبو حەنیفە:

گوێڕایەڵیی سیاسیی لای ئەبو حەنیفە باوەڕێکی نەگۆڕ نەبووە، بەڵکو بەهایەکی جوڵاو بووەو پەیوەستبووە بە هەڵسوکەوتی واقیعیی فەرمانڕەواییەوە، لەبەرئەوە خێرا چووەتە ناو گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی عەبباسی، ئەوەش دوای سەرکەوتنی عەبباسیەکان بەسەر ئومەویەکاندا و هاندانی فیقهناسان لەسەر ئەو کارەی، کاتێک حەزی ستەمکاریی و تاکڕەویی دەستەڵاتی عەبباسی لە سەردەمی ئەبو جەعفەری مەنصوردا کەوتەڕوو ئیتر ئەبو حەنیفە پاشگەزبوویەوە لە پشتگیریکردنی، دوودڵیش نەبووە لە پشتگیری لەو بزووتنەوانە کە دژی بوون.

دەکرێ بوترێ کە ملهوڕیی خەواریجەکان و دەرچوونیان لەدژی دەستەڵاتی سیاسیی بەتایبەتی لە وڵاتی ئەبو حەنیفەدا: لە عیراق، چەمکی دەرچوونی شەرعی لەلای نەشێوێنرا یان لای تێکەڵ و پێکەڵ ببێت، بەڵکو بەردەوام پشتگیری لە بزووتنەوەکانی گۆڕانکاری دەکرد لە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەبباسیدا، تا دواجار بە ژیانی خۆی باجێکی قورسی دا، دیارترینی هەڵوێستەکانی لەو چوارچێوەیەدا بریتی بووە لە پشتگیری لە دەرچوونی زەیدی کوڕی عەلی لەدژی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک، بە بۆنەی ئەو ڕووداوەوە لێیەوە دەگێڕنەوە کە وتوویەتی: (ئەگەر بمزانیایێ کەسانێک هەن نائومێدی ناکەن و پشتی بەرنادەن

و ڕاستگۆیانه لەگەڵیدا دەجەنگن ئەوا شوێنی دەکەوتم، لەگەڵیدا جیهادم دەکرد چونکه ئەو پێشەوای هەق و ڕاستییه)[1]. ئەم هەڵوێسته ئاماژەیه بۆ ئەوه کەسێ که توانای دەرچوونی نەبێت لای ئەبو حەنیفه مایەی نارەزایەتی نەبووه، چونکه ئەو به پارەو سامان هاوکاری زەیدی کوڕی عەلی کردووه، له فەتواکان و کۆڕه فیقهییەکانیدا داوای له خەڵکی کردووه پشتی زەید بگرن، دوای ئەوەش هەر پشتگیری له دەرچوونی موحەممەد کوڕی عەبدوالله کوڕی حەسەن له مەدینه کردووه، هەروەها له ئیبراهیمی برای له بەصره له ساڵی (١٤٥ک)[2]، شەهرستانی دەڵێ تا مردنی هەر باوەڕی به پێشەوایەتی موحەممەدی کوڕی عەبدوالله کوڕی حەسەن هەبووه[3].

ئێمه له فیقهی ئەبو حەنیفەدا -که له پێشەنگانی قوتابخانەی ڕەئییه- نەرمییەک بەدی دەکەین که ڕێگا دەدات به گواستنەوه له گوێڕایەڵییەوه بۆ دەرچوون لەدژی دەستەڵات بەبێ بوونی هیچ جۆره ئاسنەنگێکی فیقهی که شایانی باسکردن بێت، هەروەها بەجۆرێ که چوونەناو گوێڕایەڵیی نەبێته ڕێگر له ڕۆیشتن بەرەو بژاردەکانیتر هەرکات پێویستیکرد، ئەمەش لەو ئەزموونەی که لەگەڵ ئەبو جەعفەری مەنصوردا ئەنجامیدا ئاماژه بەمه دەدات، له هەمانکاتیشدا ئێمه لای ئەبو حەنیفه نابینین که نەخشەڕێژیی تیۆری چەقبەستوو بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بوونی هەبووبێ، چونکه ئەو به پاشخانێکی باوەڕی مامەڵەی لەگەڵدا نەکردووه، بەڵکو به دیدێکی فیقهی که لەسەر خوێندنەوەی واقیعی سیاسیی دامەزراوه، ئەمەش بەو مانایه نیه که مەسەلەی گوێڕایەڵیی لای ئەبو حەنیفه مەسەلەیەک بێت تەنها لەسەر ڕەئی بەرپا بووبێت، بەڵام تەنها ئەوەیه که بەستراوەتەوه به بوارێکی ئیجتیهادیەوه، ئەویش بریتییه له بواری سیاسیی، هەروەها سەیرکردنی لەتوێی ئەو بوارەدا وا له چەمکەکه دەکات که کراوه بێت لەسەر جۆرەها شێوه له هەڵسوکەوتی سیاسییانه.

---

١- أبو زهرة، محمد. أبو حنيفة...حياته وعصره-آراؤه الفقهية، القاهرة: دار الفكر، ١٩٩١م، ص١٤٥.

٢- لەم هەڵوێستەدا ئەبو حەنیفه تاکه کەس نەبووه، چونکه تەبەری دەڵێ موحەممەد کوڕی عەبدوالله کوڕی حەسەن کاتێ که دەرکەوت و چووه مەککەو مەدینه ساڵی ١٤٥ک خەڵکی جێنشینیان ڕادەستکردووه، ئینجا باس له دەرچوونی کەسانێک دەکات لەگەڵیدا بۆ بەصره، لەنێویشیاندا (کۆمەڵێکی زۆر له فیقهناسان و زانستخوازان). بڕوانه:

- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٧، ص٦٣٤.

٣- الشهرستاني، الملل والنحل، ص١٠٠.

لەڕاستیدا پێکەوەبەستن لە نێوان سەرپێچی ئاینی و گوێڕایەڵیی سیاسیی مانای ئەوەیە کە هەرکات سەرپێچی بوونی نەما ئیتر دەبێت فیقهناس گوێڕایەڵیی تەواوەتی هەبێت، ئەم مەسەلەیە لە فیقهی ئەبو حەنیفەدا بوونی نیە، مەنصور داوای لێکردووە کاری دادوەریی لە شاری بەغداد بگرێتە دەست ئەویش ڕەتیکردووەتەوە، پاشان داوای لێکردووە ڕای خۆی لەسەر حوکمەکان بدات بە دادوەرەکان ئەوەشی هەر ڕەتکردووەتەوە. دەتوانرێ بوترێ کە پاساوی ڕەتکردنەوە لای ئەبو حەنیفە بۆ وەرگرتنی کاروباری دادوەریی لە ترسی ئەوەبووە تا نەکەوێتەناو ستەمەوە، چونکە مەعلومە کە مەنصور فەرمانی بە سەرپێچییەک نەداوە شایانی ئەوە بێت ئەبو حەنیفە ژیانی خۆی بکاتە قوربانی ئەو ڕەتکردنەوەیەی، ئەم حاڵەتە وامان لێدەکات بڵێین کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای ئەبو حەنیفە سنوری سەرپێچی ئاینی تێپەڕاندووە بۆ بەرژەوەندی، ئەمەش ئەو ڕەهەندەیە کە لە فیقهی ئەبو حەنیفەدا زیاتر لەگەڵ هەندێ لە قوتابیەکانیدا ڕووندەبێتەوە، بەجۆرێ کە دەبێت بەرژەوەندیش نەک تەنها سەرپێچی ببێتە کۆت و بەند لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی.

ب- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا مالیک:

خەڵکی هەردوو شاری مەدینەو مەککە لە گوێڕایەڵیی و سەرکزکردنەوە نزیک بوون، ئەوەش لەبەرئەنجامی سەرکوتکردنی سیاسی و سەربازی بەردەوام لەلایەن دەستەڵاتی ئومەویەوە بووە، زانستی مەدینە لە ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی کۆچی کەوتە دەست پێشەوا مالیکی کوڕی ئەنەس، پرسێکیش کە لایەنێکی گەورەی لە گرنگیپێدانی مالیک داگیرکردووە و بیرکردنەوە فیقهییەکەی جیاکردووەتەوە، بریتی بووە لە گەڕانەوەی پێگەی زانستی بۆ مەدینەی پیرۆز، لێرەوە هاتووە کردەوەی خەڵکی مەدینەی کردووەتە سەرچاوەیەکی فیقهی بۆ حوکمە شەرعیەکان، پاڵنەری بۆ ئەم کارە دەمارگیریی نەبووە، بەڵکو وای بینیوە کە مەدینە گەنجینەیەکە لە ئەزموونی فیقهی و دەکرێ ببێتە خاڵی دەسپێک بۆ هەنگاونان بەرەو ڕاستکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵگای موسڵمان، پێیوابووە بەیعەتدان بە خەڵکی مەدینەو مەککە سەرچاوەیەکە بۆ شەرعیەتی پێشەوا، تەنانەت با ناوچەکانی تریش دوابکەون لە بەیعەتدان[1]. ئەم مەسەلەیەش لە فیقهی پێشەوا مالیکدا خستوویەتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەستەڵاتی عەبباسیدا وەها کە دواتر ببێتە ئامانجێک بۆ تەفرەدانی.

---

١٠- أبو زهرة، محمد. مالک...حیاته وعصره-آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفکر، ص١٧١.

ساڵی (١٤٥ك) موحەممەدی کوڕی عەبدواللە کوڕی حەسەن لە مەدینە دەرچوو لەدژی عەبباسیەکان، خەڵکی مەدینە لە دەوری کۆبوونەوە، کاتێک ویستیان بەیعەتی جێنشینیی بدەنێ گرفتێکی فیقهی بەرۆکی گرتن، ئەویش ئەو بەیعەتە بوو کە بە مەنصوریان دابوو، ئینجا گەڕانەوە بۆلای پێشەوا مالیک، ئەویش فەتوایەکی بەناوبانگی بۆدان کە تەبەری دەقەکەی گواستووەتەوە، وتوویەتی: (لەڕاستیدا ئێوە زۆرتان لێکراوە، زۆرلێکراویش سوێندی لەسەر نیە، ئیتر خەڵکی خێرا چوون بۆلای موحەممەد، مالیکیش لە ماڵی خۆی کەناگیر بوو)[1]، جا پێشەوا مالیک بەیعەتی دابێت یان لە ماڵەکەی خۆیدا کەنارگیر بووبێت، وەها کە تەبەری و ئیبن کەسیر دەڵێن و بەیعەتی نەدابێت، ئەوا هەر شەرعیەتی داوە بە دەرچوونی موحەممەدی کوڕی عەبدواللە کوڕی حەسەن، چونکە داواکەی لەسەر ڕەزامەندی دامەزراوە، ئەڤلگیریش نیە کە پێشەوا مالیک پەی بە ڕەهەندی سیاسیی ئەو فەتوایەی نەبردبێ لە بارودۆخی لەوجۆرەدا، فەتواکە وەڵامێکی ڕاشکاو و ڕوون بووە بۆ پرسیارێک کە هیچ تەمومژی تێدا نەبووە، بەهەمانشێوە گۆڕدراوە بۆ هەڵوێستێکی فیقهی، نەبیستراوە کە مالیک پاشگەزبووبێتەوە لێی، بەم پێیە دەتوانین فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا مالیک لە ڕوانگەی دوو خاڵی سەرەکییەوە بخەینەڕوو، ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: هەوڵدانی بۆ بەرتەسککردنەوەی شەرعیەتی ئەو ڕژێمانە کە لەسەر زۆرەملێ بەرپابوون، بەجۆرێ کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی والێبکات کراوە بێت لەسەر جێگرەوەکانیتر، ئەو کەسە بەهەڵەدا چووە وادابنێ کە پێشەوا مالیک دژی پرەنسیپی دەرچوون بووبێت، یان لەگەڵ گوێڕایەڵیدا بووبێت لە حاڵەتی زاڵبوونیشدا، ئەو ئەگەرچی هانی دەرچوون و شۆڕشی نەداوە، هەروەک لای ئەبو حەنیفە بەوشێوەیە بووە، بەڵام هەر شەرعیەتی ئاینی کێشاوەتەوە لەو ڕژێمانە کە لەسەر ملهوڕی بەرپابوون، مەسەلەی هەڵسوکەوتی لەگەڵیاندا داوتە دەست ئوممەت، بەڵام لە هەمانکاتدا ڕێنمایی ئوممەتی کردووە بۆ گرتنەبەری ئەو هەڵوێستە کە پێویستبووە لەسەری بێت، ئەمەش دەمانبات بۆ خاڵی دووەم.

دووەم: بەرتەسککردنەوەی پرەنسیپی پشتگیریی لە ڕژێمە ملهوڕ و زاڵبووەکان و دەرهێنانی لە واتاکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی. ئیبن قاسم لە پێشەوا مالیکەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (هەرکەس ڕاستبێتەوە لە پێشەوایەک و بیەوێت ئەوەی

---

١- الطبري، تأريخ الرسل والملوک، ج٧، ص٥٦٠، هەروەها بڕوانە: إبن کثیر، البدایة والنهایة، ج١٠، ص٨٤.

لەدەستیدایە نەیهێڵێ، ئەگەر هاتوو ئەو پێشەوایەی کەسێکی وەک عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بێت، ئەوا فەرزە لەسەر خەڵکی کە بەرگری لێبکەن و لەگەڵیدابن، بەڵام غەیری کەسی وەک ئەو نەخێر، وازی لێبێنە چی بەسەردا دێت بابێت، خوای گەورە بە زاڵمێکیتر تۆڵە لە زاڵم دەسێنێ و پاشان تۆڵە لە هەردووکیان دەسێنێ)[١]، بەم پێیە پێشەوا مالیک ڕژێمە ملهوڕەکانی داماڵیوە لە پرەنسیپی پشتگیریی، ڕێنمایی کۆمەڵگای کردووە بەلانیکەمەوە کە بێلایەن بێت، گرنگێتی ئەم ڕایە لای پێشەوا مالیک لە دەرککردنی ئەو حەقیقەتەدا ڕووندەبێتەوە، کە کاتێک ڕژێمی: ئومەوییەکان لە کۆتایی سەردەمیداو عەبباسیەکان لە سەرەتاکانیدا، زۆر زۆر پێویستیان بە پشتگیری کۆمەڵایەتی بووە ئەوەش بەهۆی زۆری دەرچوون لەدژیان، شتێک کە جێگای سەرنجدانە ئەوەیە کە پێشەوا مالیک سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی کردووەتە پێوەرێکی پراکتیکی بۆ نزیککردنەوەی بیرۆکەی دادگەری لە ئوممەت، دادگەری دانەپاڵ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز جیا لە جێنشینەکانی تر مەسەلەیەکی بێ ماناو بێ ناوەڕۆک نەبووە، چونکە ویستوویەتی بەڵگەی هەوادارانی ستەمکاریی سیاسیی برەوێنێتەوە، کە وتوویانە سەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکان بەهیچ جۆر دووبارە نابێتەوە، هەربۆیە پێشەوا مالیک ڕووی لە دادگەریی عومەر کردووە بەو سیفەتە کە حاڵەتێکی واقیعییە، خەڵکیش لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی هاوشێوە بە بارودۆخەکانی سەردەمی ئەودا ژیاون.

فیقهی پێشەوا مالیک بە گشتی ڕژێمە ملهوڕەکانی داماڵی لە هەردوو ڕەگەزی شەرعیەت و پشتگیریی، فەرامۆشیکردن تا بەبێ هیچ پارێزبەندییەکی شەرعی یان پشتگیریی کۆمەڵایەتی بگەن بە چارەنووسی ڕەشی خۆیان، ئەنجامی حەتمی ئەمەش کردنەوەی دەرگا بوو لەسەر دەرچوون لەدژیان، ئەبو جەعفەری مەنصور پەی بە مەترسی فیقهی سیاسیی پێشەوا مالیک بردبوو، هەبۆیە جارێ بە زەبر و توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵیدا کردووە، کاتێ فەرمانیداوە بە والیەکەی لە مەدینە بە قامچی لێیبدا و ئەوەندە بە سەختی دەستی بەستووەتەوە خەریکبووە هەردوو شانی دەربچێت[٢]، جارێکیتریش بەنەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردووە، هەوڵیداوە مەیلی پێشەوا بەلای خۆیدا ڕابکێشێ ئەویش لە ڕێگای کارکردن  بە (کردەوەی خەڵکی مەدینە) لای ئەو، ئەمەش لەپێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری دەستەڵاتی

---

١- الزرقاني، عبد الباقي. شرح الزرقاني على مختصر سيدي خليل، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٨م، ج٨، ص٦٠.

٢- أبو موسى، عياض أبو الفضل عياض. ترتيب المدارك وتقريب المسالك لمعرفة أعلام مذهب مالك، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٨م، ج١، ص١٢٤.

سیاسیی خۆیدا بووە.

مەنصور لە وەرزی حەجدا دوا بەدوای زاڵبوونی بەسەر شۆڕشی موحەممەد کوڕی عەبدوالله لە مەدینە چاوی بە پێشەوا مالیک کەوتووە، داوای لێبوردنی لە مالیک کردووە لەو ئازار و مەینەتیانەی هاتوون بەسەریدا، پاشان پێیوتووە: (دانیشتوانی هەردوو جێگە پیرۆزەکە لە چاکەدان مادامێ تۆ لەناویاندایت، من وادەبینم بەهۆی تۆوە پارێزراوبن لە سزای خوای گەورە، خوای گەورە بەهۆی تۆوە سزایەکی سەختی لەسەر هەڵگرتن، چونکە ئەوان خێراترین کەسن لە ڕۆیشتن بەرەو فیتنە)[1]، ئەم دەقە نیەتی مەنصور دەخاتەڕوو بۆ گۆڕینی پێگەی زانستی پێشەوا مالیک بۆ ڕەگەزی کۆنترۆڵکردن و گەرەنتی سەقامگیریی دەستەڵاتی عەبباسیەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا: واتە مەککە و مەدینە، بەڵام هەر زوو کاریکردووە لەسەر بەگەڕخستنی ئەو پێگەیە لە ئاستێکی گشتگیرتردا، کاتێک داوا لە پێشەوا مالیک دەکات کتێبەکەی بەناوی (الموطأ) -کە بەتەنیشت فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە کۆمەڵێ لە کردەوەکانی خەڵکی مەدینەی تێدایە- بکاتە یاسایەک بۆ دەوڵەتی عەبباسی. مەعلومیشە کە پێشەوا مالیک بەتوندی بەرەنگاری ئەو هەوڵەی مەنصور بووەتەوە لە هەردوو هەڵوێستەکەدا، مالیک پاشگەزنەبووەتەوە لە ڕای خۆی بەرانبەر بە بەیعەتی زۆرەملێ، هەروەها بە سیاسیکردنی کتێبەکەی الموگأ ی ڕەتکردووەتەوە، هەر بەردەوامبووە لەسەر ڕای خۆی لە پشتنەگرتنی ڕژێمە ملهوڕەکان کە دژ بە دەرچووان نواندوویانە، تەنانەت دانانی ڕەگەزی ستەم وەک پاساوێکی شەرعی بۆ دەرچوون لەدژی و ڕازینەبوونی لە گوێڕایەڵیی ڕژێمە ملهوڕەکان زیاتر لە فیقهی پێشەوا مالیکدا ڕوونبوویەوە، دەگێڕنەوە هارونە ڕەشید دەربارەی شەڕکردن لە دژی (خەڵکی دەمەک) پرسیاری لێکردووە، ئەویش وتوویەتی: (ئەگەر ئەوانە لەدژی ستەمی فەرمانڕەوا دەرچووبن ئەوا شەڕکردن لەدژیان دروست نیە)[2].

### ت- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا شافیعی:

شافیعی لە قۆناغێکی زووی ژیان و تەمەنیدا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی خەراجی وڵاتی یەمەنی بۆ هارونە ڕەشید کردووە، لەوێ تۆمەتبارکراوە کە بووەتە شیعە، گوایا پشتگیری ڕاپەڕینی یەکێک لە عەلەوییەکانی کردووە -سەرچاوەکان ناوی ئەو

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٢٤.

٢- العبدري، أبو عبد الله. التاج، -على هامش- الخطاب، مواهب الجليل لشرح مختصر خليل، دمشق: دار الفكر، ط٢، ١٩٧٨م، مج٦، ص٢٧٧.

عەلەویەیان نەهێناوە- شافیعی ئەو تۆمەتەی ڕەتکردووەتەوە، بەمەش ڕزگاری بووە لە مردن، ئەوەش لەدوای لە سێدارەدانی چەند هاوڕێیەکی[١]، وادەردەکەوێ ئەو ئەزموونە وای لە شافیعی کردبێت ئاوڕنەداتەوە لە هیچ ئەزموونێکی سیاسیی، بەڵکو خۆی تەرخانکردووە بۆ نوسین، لەبەرئەوە لە هەڵوێستە پراکتیکیەکانی دواتریدا شتێک نابینین یارمەتیدەر بێت لەسەر ڕوونکردنەوەی فیقهی سیاسیی بەرانبەر بەو مەسەلەیە، جگە لەوەش ڕاکانی لەمباریەوە مۆرکێکی گشتیان پێوە دیارە، چونکە شافیعی وێنای ئاراستەی بیرکردنەوەی هەمووەکی دەکات لە فیقهی ئیسلامیدا، ئەوەش لەو ڕۆڵەیدا دەردەکەوێ کە بۆ جێگیرکردنی ئەو زانستەو و دانانی پرەنسیپەکانی گێڕاویەتی، بۆ نمونە چەمکی کاربەدەستان کورتدەکاتەوە لە سەرکردەی سوپاکانی پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر)، بەمجۆرە هەموو فەرمانڕەواکان -جگە لە کاربەدەستان- لە بازنەی ئەو چەمکە دەردەکات، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا لای ئەو لەسەر پرەنسیپی کۆدەنگی -یان ڕێککەوتنێک کە نەیاری نەبێت هەروەک ئەو وەسفیدەکات- دادەمەزرێ، یان ئەو کەسانە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بە پێوانەگیریی لەسەر سەرکردەی سوپاکان فەرمانی پێداون، ئەمەش نزیکە لە فیقهی پێشەوا شافیعییەوە، نەک لەسەر ئایەتی گوێڕایەڵیی کە لە سورەتی النساء دا هاتووە، چونکە ئەو ئایەتە لە فیقهی پێشەوا شافیعیدا چوار مانای هەیە، باسی گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایانی تێدا نیە، ئەوانیش بریتین لە: گوێڕایەڵیی خوا، گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، گوێڕایەڵیی سەرکردەی سوپاکانی پێغەمبەر، گەڕانەوە بۆلای خواو پێغەمبەرەکەی لەباری ناکۆکیدا[٢]، بەم پێیە پێشەوا شافیعی مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی نزیکدەکاتەوە لە لایەنێکی هەمووەکی، ئەویش لایەنی مەرجەعیەتی دەقە کە هەژموونداره بەسەر بواری سیاسیدا، ئەم مەسەلەیەش وایلێکردووە دەستەڵاتی فەرمانڕەوا تا سنورێکی زۆر سنوردار بکات، بۆ نمونە دەڵێ: (ئەگەر پێشەوا ڕێکەوتنی لەسەر شتێک کرد کە ڕەوا نەبێت ئەوا گوێڕایەڵیی هەڵیدەوەشێنێتەوە)[٣]، ئەو گوێڕایەڵیەش کە لەم دەقەدا مەبەستە بریتییە لە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەر کە هیچ گوێڕایەڵییەکی تر لەگەڵیدا فەرز نیە، هەروەک ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر

---

١- البيهقي، أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي. مناقب الشافعي، القاهرة: مكتبة دار التراث، ج١، ص١٤٢.

٢- الشافعي، محمد بن إدريس. الأم، دمشق: دار قتيبة، ١٩٩٦م، مج١، ج٢، ص٢٦٢.

٣- هەمان سەرچاوە، مج٥، ب٩، ل١١٨.

(درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((هەرکەس لەسەر ماڵ و سامانەکەی بکوژرێ شەهیدە)) ئەمە بەبێ هەڵاوێکردکردنی فەرمانڕەوا، کە زۆربەی فەرموودەناسانی دواتر ڕایان وەهایە.

فەرمانڕەوایی لای پێشەوا شافیعی هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر ڕەزامەندیی بەرپا دەبێت، دەڵێ: (کارێکی خراپە کەسێک ببێتە کاربەدەستی قەومێک و ئەوان خۆشیاننەوێت)[1]، لە فیقهی شافیعیدا دەقێک نابینرێ کە ئاماژە بێت بۆ فەرزبوونی گوێڕایەڵیی حوکمی ملهوڕ یان زاڵبوو، بەڵکو دەرچوون لەدژی دروستە، جا ئەگەر هۆیەکە ستەم بێت ئەوا ڕێگا بە پێشەوای دادپەروەر نادرێ بجەنگێ لەدژی ئەوانەی لەدژی ڕاپەڕیون، بەڵکو دەبێت یەکەمجار هەستێت بە لابردنی ئەو ستەمانە لەسەریان و مافیان بۆ بگێڕێتەوە، لەبارەی حوکمی یاخیبووانەوە دەڵێ: (ئەگەر هاتوو ئەوەیان کرد ئەوا دەبێت پرسیاریان لێبکەین کە چی وایلێکردوون ڕقیان هەستێ، جا ئەگەر ستەمێکی ئاشکرایان باسکرد ئەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆیان، ئەگەر بەڵگەی ڕوونیان لەسەری نەبوو، ئەوا پێیان دەوترێ: لەو یاخیبوونەتان بگەڕێنەوە بۆ گوێڕایەڵیی پێشەوای دادپەروەر، ئینجا بانگدەکرێن و وتووێژیان لەگەڵدا دەکرێ، جا ئەگەر هەر ملیان نەدا ئەوا شەڕ لەدژیان دەکرێ)[2].

ئا بەمجۆرە ئەوا بیرۆکەی سەرەکی لای پێشەوا شافیعی کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەری بونیات دەنرێ، بریتییە لە فەرزنەبوونی گوێڕایەڵیی مەگەر بە فەرزی دەقێکی قورئانیی نەبێت کە ئەویش هەر بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی (درودی خوای لەسەر)، ئەم بیرۆکەیەش لە فیقهەکەیدا ئیتر ئەوەی ناودەبرێ بە کۆن یان نوێ هەر بە جێگیری ماوەتەوە.

**پ- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل:**

پێشەوا ئەحمەد لە سەردەمێکدا ژیاوە کە زانستە ئیسلامییەکان تیایدا بەرەو جیاکاریی ڕۆیشتبوون، فەرموودە تیایدا بووبووە دەستەڵاتێکی سەرەکی بۆ فیقە، سەردەمی پێشەوا ئەحمەد تا ئاستێکی زۆر سەردەمی سەقامگیریی سیاسیی بووە، بزاوتی وەرگێڕانێکی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینیوە، گەشەسەندنێکی زۆری لە زانستی کەلام هێنایەکایە کە پێشتر شتی وا ڕوویندابوو، جا ئەگەر سەردەمی پێشەوا پێشووەکان بەتایبەتی سەردەمی پێشەوا ئەبو حەنیفە و مالیک، گرژی

---

١- هەمان سەرچاوە، مج١، ب٢، ل٢٦٥.

٢- هەمان سەرچاوە، مج٥، ب٩، ل٢٠٢.

له پەیوەندی نێوان فیقهناسان و فەرمانڕەوایاندا بەخۆیەوە بینی بێت، ئەوا ئەو گرژییە لە سەردەمی پێشەوا ئیبن حەنبەل دا -لەپێش تاقیکردنەوەی دروستبوونی قورئان- لە نێوان فیقهناسان و زانایانی زانستی کەلامدا بووە، ئەمەش تا ئاستێکی زۆر ڕۆڵی سیاسیی فیقهناسانی سنوردار کردووە، چونکە دەستەڵات بووە خوازراوی فیقهناسان و زانایانی زانستی کەلام چوونیەک، لە زۆر کاتیشدا دەستەڵاتی عەبباسی خۆی شەڕە زانستییەکانی نێوان هەردوولای دەبرد بەڕێوە، وایلێهات کە فیقهناسان و کەلامییەکان لە کۆڕی فەرمانڕەوایاندا دەکەوتنە دیبەت گێڕان و بۆڕدانی یەکتری[1].

پێشەوا ئەحمەد لایەنێک نەبووە لەو پەیوەندییەدا، چونکە ئەو لە یەک کاتدا خۆی لادابوو لە مەسەلە دەمەقاڵەییەکان و لە سیاسەتیش، بەڵام ئەو بەهایەی کە لەو سەردەمەدا خۆی چەسپاندووە، بریتی بووە لە بەهای سەقامگیریی، ئەمەش پێش هەر بایەخپێدانێکی زانستی یان سیاسیی کەوتبوو، شتێکی سروشتیش بووە کە لە بیرکردنەوەی فیقهی پێشەوا ئەحمەد دا ڕەنگبداتەوە، تا وایلێهاتووە هەر هەوڵدانێ بۆ وروژاندنی مشتومڕ لەبارەی پرسە جێگیرەکانی ژیانی سیاسیی بە هەوڵێک داناوە بۆ شێواندنی باری سەقامگیری دەستەڵات و کۆمەڵگا. دەتوانرێ بوترێ کە خۆشدوانی لەگەڵ گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی بووبووە ڕێبازێکی فیقهی لای ئەو، تەنانەت لەو کاتەشدا کە مەسەلەی دروستبوونی قورئان خرایەڕوو، لە کاتێکدا کە ئەم مەسەلە باوەڕییە بەس بووە بۆ هەڵتەکاندنی دەستەڵات و گەلەکۆمەکی فیقهناسان لەسەری بەهۆی ڕەهەندە باوەڕییە مەترسیدارەکانیەوە.

جا هەروەک فیقهی پێشەوا ئەحمەد لەسەر فەرمووده دامەزراوە، ئەوا ئەو تێڕوانینەی کە لەسەر پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی خستوویەتەڕوو تێڕوانینێکی واقیعی بووە زیاتر لەوە کە تێڕوانینێکی شەرعی بووبێت، چونکە واقیعی سیاسیی سەقامگیر سەرپەرشتی ئاراستەکردنی تێڕوانینی فیقهی کردووە بەرەو فیقهی پێشینان، تا پرۆسەی بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای پێشەوا ئەحمەد بکەوێت بەسەر بژاردەی فیقهی عەبدوالله کوڕی عومەردا، بێئەوەی بڕوانێتە فرەجۆری ئیجتیهاد لە سەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتووان لەو مەسەلەیەدا، تا پرسی گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا زاڵبووەکان جێگایەکی سەنتەری لە فیقهی سیاسی پێشەوا ئەحمەد دا داگیربکات، هەروەک کۆکەرەوانی ئەو فیقهە خستوویانەتەڕوو.

---

١- أبو زهرة. أبو حنيفة...حياته وعصره-آراؤه وفقهه، ص١٤٠.

لێرەدا ئەم دەقە دەهێنین کە لە یەکێک لە پەیامەکانی پێشەوا ئەحمەد دا هاتووە هەر بەوجۆرە کە ئیبن جەوزی (٥٩٢-٥١٠ک) هێناویەتی، وتوویەتی: (گوێبیست و گوێڕایەڵی پێشەواکان و پێشەوای باوەڕداران بن، چاک و خراپیان، هەرکەس کرایە جێنشین و خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ڕازیبوون پێی، هەرکەسێکیتریش کە بە شمشێر زاڵببێت بەسەریاندا تا ببێتە جێنشین، ناونرا بە پێشەوای باوەڕداران، غەزاکردنیش لەگەڵ کاربەدەستاندا تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامە، چاک و خراپیان، دابەشکردنی دەستکەوتی بێ جەنگ و سزادان لەلایەن پێشەواکانەوە بەردەوامە، کەس بۆی نیە لەسەر ئەوانە تانەیان لێبدات، نابێت بکەونە شانەخڕێ لەگەڵیان، پێدانی خێر و زەکات پێیان ڕەواو بەردەوامە، هەرکەس بیدات پێیان پاداشتی لەسەر وەردەگرێ، چاک بن یان خراپبن، ئەنجامدانی نوێژی هەینی لە پشتیانەوە و پشتی هەر کەسێکیترەوە کە مۆڵەتی پێشنوێژی پێدراوە، هەرکەس دووبارەی بکاتەوە بیدعەچییەو وازی لە فەرموودەکان هێناوە، سەرپێچی سوننەتی کردووە، هیچ خێرو پاداشتێکی جومعەی بۆ نیە ئەگەر بێتو نوێژ لەپشتی پێشەواکانەوە چاک و خراپیان نەکات، چونکە سوننەتە دوو ڕکات نوێژ لەگەڵیاندا بکەیت، باوەڕیشت وابێت کە نوێژێکی تەواوەو هیچ شتێک لە سنگتدا نیە، هەرکەسیش لە فەرمانی پێشەوایەک لە پێشەوای باوەڕداران دەربچێ کە خەڵکی لەسەری کۆکبن، بڕیاریان بۆ دابێت کە جێنشینە ئیتر بە هەر شێوەیەک هاتبێت، بە ڕەزامەندیی یان بە زاڵبوون، ئەوا ئەو دەرچووە ڕیزی موسڵمانانی لەتکردووە، سەرپێچی ئەو فەرموودانەی کردووە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراونەتەوە، جا ئەگەر کەسی دەرچوو لە کۆمەڵی موسڵمانان مرد ئەوا بە مردنێکی نەفامانە دەمرێ)[١].

ئێمە لەلای فیقهناسە پێشووەکان دەقێک نابینین، کە لە ڕوونی و خەستی چڕکردنەوە لەسەر گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا ملهوڕەکان هاوتا بێت بەم دەقە، تەنانەت لای فیقهناسە دواییەکانیش، دەستەواژەی: چاک و خراپ چوار جار لە دەقێکدا دووبارەبووەتەوە کە دێڕەکانی لە دوازدە دێڕ -پازدە دێڕ لە کوردییەکەدا- تێپەڕناکەن، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە سەردەمی پێشەوا ئەحمەد سەردەمی ئاژاوەو پشێوی و فیتنە گەورەکان نەبووە -بەتایبەتی دوای کوشتنی ئەمین و یەکلابوونەوەی دەستەڵات بۆ مەئمون-، تا ئەم دەقە بڕوات بە ئاراستەی کوژاندنەوەیدا، دەقەکەش هەر بەوجۆرە کە ئیبن جەوزی هێناویەتی کۆمەڵێک

١- إبن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. مناقب الإمام أحمد بن حنبل، القاهرة: مكتبة الخانجي، ١٩٧٩م، ص٢٢١.

تەمومژ و ناڕوونی دەخاتەڕوو، لە گرنگترینیان:

– گومانی تێدا نیە ئەم دەقە بۆ بەگوێکردنی پێشەوا ملهوڕ و زاڵبووەکان دەقێکی ڕەهایە، هیچ جۆرە کۆت و مەرجێکی تێدا نیە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەوپەڕی سەرسوڕماندایە، چونکە مەسەلەی گوێڕایەڵیی لە نەریتی فیقهناساندا بە مەرجە شەرعیەکانیەوە نەبێت باسی لێناکرێ، گرنگترینیان سەرپێچینەکردنی فەرمانڕەوایە لە شەرع، ئەوەی جێگای دۆشدامانە ئەوەیە کە پێشەوا ئەحمەد لەم دەقەیدا پشتی نەبەستووە بە هیچ یەک لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر)، کە پەیوەندییان بە مەرجدارکردنی گوێڕایەڵیەوە هەیە، وەک فەرموودەی: ((گوێڕایەڵیی کەسێ ناکرێ کە لە سەرپێچی فەرمانی خوادا بێت))، ئەم تێبینیە بەسەر ئەو گوتەیەشیدا دەدرێ کە عەتتار لێیەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (هەرکەسیش بە شمشێر زاڵببێت بەسەریاندا تا ببێتە جێنشین و ناوی پێشەوای باوەڕدارانی لێبنرێ: ئەوا هەر کەسێ کە باوەڕی بە خوا هەیە و شەوی لێبێتەوە نابێت بە پێشەوای نەزانێت ئیتر چاک بێت یان خراپ)[1]، حوکمدانی ڕەها بە گوێڕایەڵیی کەسی زاڵبوو و بەستنەوەی بە باوەڕ بەخواوە مەسەلەیەکی سەیرە لەسەر میتۆدی پێشەوا ئەحمەد بە شوێنکەوتنی فەرموودە، چونکە ئەمە لە هیچ کەسی پێش ئەمەوە نەبیستراوە، هەروەها تەمومژ زیاتر دروست دەکات لەوەی کە فیقهناسانی دوای ئەو لەسەری ڕۆیشتوون، چونکە ئەمان هاتوون جیاوازیان کردووە لە نێوان کەسێکی زاڵبوو کە مەرجەکانی جێنشینی تێدا بێت و نێوان کەسێکیتردا کە مەرجەکانی جێنشینی تێدا نەبێت، هەروەها لە نێوان کەسێکی زاڵبووی موسڵمان و کەسێکیتری بێباوەڕدا، ئەمەش جیاوازییەکە نەدەبوو پێشەوا ئەحمەد نەیپێکێ، جا لەبارێکدا ئەم دەقە کە لە پێشەوا ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە ڕاست بێت، ئەوا ئەو خوێندنەوەیە کە قازی ئەبو یەعلی حەنبەلی خستوویەتەڕوو و ڕەوایەتی زاڵبوونی تێدا کورتکردووەتەوە لە یەک حاڵەتدا ئەویش بریتییە لە حاڵەتی ململانێی سەربازی لەسەر دەستەڵات، ئەوا ئەم خوێندنەوەیە لە فیقهی پێشەوا ئەحمەدەوە نزیکترە.

– دروستی زەکاتدان بە فەرمانڕەوایانی ملهوڕ دژە لەگەڵ ئەو مەسەلانەی پێشەوا ئەحمەد دا کە عەبدوالله ی کوڕی دەیانگێڕێتەوە، دەڵێ: (دەربارەی زەکاتدان بە فەرمانڕەوا، یان ئەو دابەشی بکات پرسیارم لە باوکم کرد؟ وتی:

---

١– إبن ضويان، إبراهيم محمد بن سالم. منار السبل في شرح الدليل، الرياض: دار الصميعي، ١٤٢٠ك، مج١، ج٢، ص٢٧٣.

بەڵێ ئەو دابەشی دەکات، پاشان ئەم گوتەیەی خەیسەمەی گێڕایەوە کە لەبارەی زەکاتەوە پرسیاری لە ئیبن عومەر کردووە؟ ئەویش وتوویەتی: بەڵێ بیاندەرێ، جارێکیتریش پرسیارم لێکردەوە ئەمجارەیان وتی: نەیدەیت بەوان چونکە ئەوانە نوێژ ناکەن)[1].

بەدیدەکرێ کە ڕاو بۆچوونەکانی پێشەوا ئەحمەد لەمبارەیەوە لەنێو پەیڕەوانی مەزهەبی حەنبەلی دا بوونەتە مایەی دەمەقاڵە، ئەمە لە وەڵامێکی ئیبن جەوزی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الر َد على المتعصب العنيد المانع من ژم يزيد) بە ڕوونی دەبینین، کە لەسەر فیهقناسێکی ترە لە مەزهەبی حەنبەلی دا بەناوی عەبدولموغیس کوڕی زوهەیری حەنبەلی، جا بەو ڕادەیە مەسەلەکە وەها دەبینرێ کە هەڵوێستێکی کەسێتییە لەدژی یەزید کوڕی موعاویە، ئەوا هەر مەسەلەی گوێڕایەڵیی گوناهکار و ملهوڕیش دەگرێتەوە، چونکە عەبدولموغیس حەنبەلی وادەبینێ کە گوێڕایەڵیی کەسی گوناهکار و ملهوڕ هەڵوێستێکی شەرعییە، بەڵام ئیبن جەوزی تەنها لە پلەی زەرورەتدا دایدەنێ و هیچیتر، ئیبن جەوزی دەڵێ: (ئەم مامۆستایە، واتە عەبدولموغیسی حەنبەلی، کۆمەڵێک فەرموودەی دەربارەی گوێڕایەڵیی پێشەواکان هێناوە با ملهوڕیش بن، وتوویەتی: ئەحمەد کوڕی حەنبەل وتوویەتی: -غەزاکردنم لەگەڵ پێشەوایاندا پێ دروستە با ملهوڕیش بن، نوێژکردنم لە دوای هەموو کەسێکی چاک و خراپەوە پێ دروستە، ئیبن عومەریش لەدوای حەججاجەوە نوێژی کردووە-. ئێمەش دەڵێین ئەی نەزان ئەمە تەنها لە شوێنی زەرورەتدا ڕێگاپێدراوە، چونکە ئەحمەد وتوویەتی: -گوێبیستی کەسی چاک و خراپ دەبین و کەسێکیش کە بە شمشێر زاڵبووە-، هەموو ئەمەش بۆ نەکەوتنە ناو فیتنەوە، هاوەڵانیش لەدوای حەججاجەوە نوێژیان کردووە و ئارامگربوون لەسەر ئازارەکانی، ئەوە بۆ زەرورەت بووە، ئەوەتا حەسەنی بەصری نەفرین لە حەججاج دەکات و دۆعای لێدەکات، کە ڕێگریشی کردووە لە شەڕکردن لەدژی ئەوە لە ترسی ڕوودانی فیتنە بووە)[2].

زیاد لەوەش ڕەفتاری پراکتیکی پێشەوا ئەحمەد لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا -ڕەفتارێک بووە لەسەر دابڕان لێی بەرپابووە، چونکە ئەو ڕازینەبووە تێکڵاوی فەرمانڕەوایان بکرێ و دیاری و بەخششیان لێوەربگیرێ لەبەر گومانی حەارمیی- زەحمەتی زۆری لە لێکدانەوەی هەڵوێستی پێشەوا ئەحمەد لای

---

١- إبن أحمد، عبد الله. مسائل الإمام أحمد بن حنبل، دمشق: المكتب الإسلامي، ط٣، ١٩٨٨، ص١٥٢.

٢- إبن جوزي، الرد على المتعصب العنيد المانع عن ذم يزيد، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٥م، ص٨٠-٨١.

هەندێ لە فیقهناسە هاوچەرخەکان و بیرمەندان دروستکردووە، ئەوەتا مامۆستا ئەبو زوهرە پرسیاریکردووە لەو شێوازەی کە پێشەوا ئەحمەد گرتوویەتەبەر بۆ رزگاربوون لە ستەمی فەرمانڕەوایان، جا ئەگەر ئەو ڕێگانەدات کە ڕاپەڕین لەدژیان بکرێ، لە هەمانکاتیشدا تێکەڵاویان نەکات و هەوڵنەدات ئامۆژگاریان بکات، ئەی کەواتە چ ڕێگایەکی هەیە بۆ گۆڕانکاریی[1]؟

ئەبو زوهرە وەڵامدەداتەوە کە پێشەوا ئەحمەد پێیوابووە دەستبکرێ بە چاککردنی ئوممەت لە ڕێگای زیندووکردنەوەی سوننەتەوە، دەرگای ئەم پرۆسەیەش گرنگیدانە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، بەڵام ئەم وەڵامە هەر تەنها هەڵێنجانێکە کە بەرپا دەبێت لەسەر ئەو بۆچوونە کە پێشەوا ئەحمەد هەستاوە بە ڕۆڵی چاکسازێکی سیاسیی، ئەمە لە کاتێکدا -هەروەک خودی مامۆستا ئەبو زوهرە وادەبینێ- لێکۆڵینەوە لە فەموودە لای ئەو مەبەست و ئامانج بووە، نەک وەها کە ببێتە هۆکارێ بۆ شتیتر)، چونکە پاڵنەری لە کۆکردنەوەی فەرموودەدا بریتی بووە لە پاراستنی لە دەمهەڵبەست، کە ئەمەش ئەرکێکی زانستی بایەخدارە نەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی.

لە فیقهی پێشەوا ئەحمەد دا ئەمە تاکە هەڵوێست نیە کە پێویستی بە لێکدانەوە هەبێت، ئەوەتا هەڵویستی تری هەیە لە تاقیکردنەوەی دروستبوونی قورئاندا، ئەو دەربارەی گوتەی دروستبوونی قورئان وەڵامی مەئمونی نەداوەتەوە، بەڵکو لەو مەسەلەیەدا وەستاوە. ئیبن موفلیح دەڵێ فیقهناسانی بەغداد لە سەردەمی واسیق دا لێی کۆبوونەوە (پێیانوتووە: بەڕاستی مەسەلەکە گەورە بووە و بڵاوەیکردووە کە بە ئاشکرا باس لە دروستبوونی قورئان و هیتریش دەکرێ، ئێمە ڕازی نین واسیق پێشەواو فەرمانڕەوامان بێت، پێشەوا ئەحمەد لێرەدا کەوتووەتە وتوویژ لەگەڵیانداو پێیوتوون پێویستە بە دڵ ناڕازی بن و دەستی گوێڕایەڵیی مەکێشنەوە لێی، ڕیز و هێزی موسڵمانان لەت مەکەن، خوێنی خۆتان و موسڵمانان لەگەڵتاندا مەڕێژن، بڕواننە -لە دەقە بنەڕەتیەکەدا واهاتووە- سەرئەنجامی کارەکەتان، ئارامگربن تا چاکە ئاسودە دەبێت یان لە ملهوڕ دەحەوێتەوە)[2].

---

١- أبو زهرة، أحمد بن حنبل...حياته وعصره-آراؤه الفقهية، القاهرة: ص١٤٠.

٢- الحنبلي، شمس الدين أبی عبد الله محمد بن مفلح المقدسی. الآداب الشرعية والمنح المرعية، القاهرة: مكتبة إبن تيمية، ج١، ص١٧٥. وێڕای ئەوە هەر لە سەردەمی واسیق دا ئەحمەد کوڕی نەصری خوزاعی کە لە فەرموودەناسە هاوچەرخەکانی پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەلە دەرچووە لەدژی واسیق، حاکم لەبارەیەوە دەڵێ: (فەرموودەناسی سەردەمی خۆیەتی)، ئیبن کەسیر لەبارەیەوە وتوویەتی: لەو پێشەوایانەی سوننەتە

گوتەکەی پێشەوا ئەحمەد لە ئان و ساتی ئەو تاقیکردنەوەیە کە بەسەریدا هات، ئەو ئازارە زۆرەی کە تووشی بوو، هەندێ لێڵی و ناڕوونی پێوە دیارە، ئەوەش نە بەهۆی هەڵوێستی نەگۆڕی بەرانبەر بە مەسەلەی دروستبوونی قورئان، بەڵکو پەیوەندی بە هەڵسوکەوتیەوە بووە لەگەڵ دەستەڵاتی عەبباسیدا لەسەر باگراوندی ئەو مەسەلەیە، ئەو یان بانگەشەی هەرسێ فەرمانڕەوای بەنو عەبباسی: مەئمون و موعتەصەم و واسیقی بۆ دروستبوونی قورئان و ناچارکردنی فیقهناسان و فەرموودەناسان لەسەری بە زۆر بە سەرپێچی نەزانیوە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوە هەروەک لێیەوە جێگیرو سەلمێنراوە، یان بە سەرپێچی زانیوە بەڵام دەستکۆتا بووە بە گوێڕایەڵیی نەکردن و لەدڵەوە پێناخۆشبوون، ئایا ئەمەش لە بەرانبەر مەسەلەیەکی ئاوەهادا کە پەیوەندی بە باوەڕەوە هەیە تەنها بەدڵ پێناخۆشبوون بەسە؟

لەڕاستیدا زۆرێک لەو شتانەی پێشتر باسمانکردن، وادەکات کە زۆر بە گرنگیەوە سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ فیقهی سیاسیی پێشەوا ئەحمەد و هەندێ لە پێشەوایانی تری مەزهەبی حەنبەلی بکرێ بە گشتی، لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە دەدەین بەو گوتەیە کە مەرداوی (٨٨٥ک.م) وتوویەتی کە هەندێ لە فیقهناسانی مەزهەبی حەنبەلی وەک ئیبن عەقیل و ئیبن جەوزی و ئیبن ڕەزین ڕێگایانداوە بە دەرچوون لەدژی پێشەوای نا دادپەروەر، بەڵگەشیان بە دەرچوونی حوسەین

---

کە فەرمان بە چاکە دەکەن و ڕێگری لە خراپە دەکەن)، لە دژی واسیق ڕاپەڕیوە کە وتوویەتی قورئان دروستکراوە و جەماوەریش بەیعەتیان پێداوە (٢٢٨ک)، ئیبن کەسیر دەڵێ: (ئەم ئەحمەد کوڕی نەصرە ڕاپەڕیوەو بانگەوازی بۆ لای خوا کردووەو فەرمانی کردووە بە چاکەو ڕێگری لە خراپە کردووەو وتوویەتی قورئان لە خوای گەورەوە هاتووەتە خوارەوەو بە بەڵگەی زۆر دروستکراونیە و خەڵکی بانگکردووە بۆلای ئەم قەناعەتە، ئینجا خەڵکانێکی زۆر لە دانیشتوانی بەغداد لە دەوری کۆبوونەوەو ژمارەیان بووەتە هەزاران کەس، دەستکرا بە بانگەوازکردن بۆلای ئەحمەد کوڕی نەصر، ئەم کارە دوو پیاو پێی هەڵدەستان بە ناوەکانی ئەبو هارونی سەڕاج کە خەڵکی لای ڕۆژهەڵاتی بەغدای بانگەدەکرد و ئەویتریان بەناوی تالیب بوو کە لای خۆرئاوای شاری بەغدای بانگەدەکرد، خەڵکانێکی ئێجگار زۆر لە دەوری کۆبوونەوە، لە مانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا بەیعەت درا بە ئەحمە کوڕی نەسری خوزاعی بۆ هەنگاونان بەرەو فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە و ڕاپەڕین لەدژی سوڵتان بەهۆی ئەو بیدعەو بانگەوازەیەوە کە دەیوت قورئان دروستکراوە، هەروەها لەسەر گوناە و خراپەکارییەکانی کە خۆی و دەست و پێوەندەکەی لەسەری بوون. بڕوانە:

- إبن كثير. البداية والنهاية، مج٥، ج١٠، ص٣١٧.
- الذهبي. تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج١٨، ص١٥١.

لەدژی یەزید هێناوەتەوە بۆ بەرپاکردنی هەق و ڕاستی[1]، ئەم سێ فیقهناسە لە گەورە فیقهناسانی مەزهەبی حەنبەلین، ئەم مەسەلەیەش ئاماژە دەدات بە هەبوونی چەند ئەڵقەیەکی نادیار لە فیقهی سیاسیی پێشەوا ئەحمەد دا.

## ٣- فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی: قۆناغی چاولێگەریی

قۆناغی چاولێگەری فیقهیی لەدوای کۆتاییهاتنی سەردەمی هەر چوار پێشەواکە دەستپێکردووە، زۆرێک لە قوتابیەکانیان دەستیاندایە نوسینەوەی کەلەپورە فیقهییەکەیان و ڕاڤەکردنی، ئەمەش هۆیەک بوو بۆ دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لە سەرقاڵبوون بە فیقهەوە، کە پشتی بەستووە بە لق لێبوونەوەو دەرهێنان لەسەر مەسەلەی پێشەواکان، هەتا کات بەرەو پێش ڕۆیشتبێ چاولێگەری بۆ پێشینەکان زیاتر خەست بووەتەوە، بە هاتنی سەدەی چوارەمی کۆچی ئیتر هیچ موجتەهیدێکی سەربەخۆ بوونی نەما[2]، ئەو قۆناغەش بەوە ناوزەد دەکرێ کە گێڕانەوەی دەقەکان لە پێشەواکانەوە تێکەڵ بە گوتەی ڕاڤەکارەکان بووە، دەهلەوی دەڵێ: (هەندێکیانم بینی دەڵێ گوایا هەموو ئەو باسانە کە لەو ڕاڤە درێژانەدان، هەروەها کتێبە زەبەلاحەکانی فەتوا هەمووی گوتەی ئەبو حەنیفەو هەردوو هاوەڵەکەی ئەبو حەنیفەن -مەبەست پێیان قازی ئەبو یوسف و موحەممەدی کوڕی حەسەنی شەیبانییە-، لەمەشدا جیاوازی نەخراوە لە نێوان گوتەی دەرهێنەر و نێوان گوتە ڕاستەقینەکەدا، ئەو گوتەیەشیان مانای نیە کە دەڵێ لەسەر دەرهێنانی کەرخی ئەوەیەو لەسەر دەرهێنانی تەحاوی ئەوەیە، ئەو گوتانەشیان لێکجیاناکرێتەوە کە وتوویانە ئەوە گوتەی ئەبو حەنیفەیە، ئەوەشیان مەسەلەکەیە بەپێی گوتەی ئەبو حەنیفە کە لەسەر گوتە ئەسڵیەکەی ئەبو حەنیفە وتراوە)[3]. ئەم گوتەیە بەهەمانشێوە تا ئاستێکی زۆر دەچەسپێت بەسەر مەزهەبەکانی تریشدا، لەمەوپاش لە ڕوانگەی ئەم پرسانەی خوارەوە باس لە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکەین لەو قۆناغەدا:

### أ- شەرعاندنی بەگوێکردنی ڕژێمە سیاسییە ملهوڕەکان:

فیقە لەم قۆناغەدا بە ئاراستەی شەرعاندنی گوێڕایەڵیی فاسیق و ملهوڕ و زاڵبوودا چووە، فیقهناسان پشتیان بەستووە بە کۆمەڵێ ڕاوبۆچوون کە لە تێڕوانینی ئەوانەوە ڕێگادەدەن بەو گوێڕایەڵییە، گرنگترینی ئەو ڕایانە:

---

١- المرداوي، علي بن سليمان. الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م، ج١٠، ص٢٧٢.

٢- الدهلوي، شاه ولي الله. الإنصاف في بيان أسباب الأختلاف، بيروت: دار النفائس، ١٤٠٤ك، ص٧٤.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٩٢.

– ڕێگەدانی پێشەوای مەزهەبەکان و هەندێ لە هاوەڵان بە نوێژکردن لەدوای کەسی فاسیقەوە، ئەلعەینی (٨٥٥ک.م) کە فیقهناسێکی حەنەفیە دەڵێ: (ئیبن عومەر و ئەنەس و کەسانێ تریش لە هاوەڵان -خوا لێیان ڕازی بێت- و پشتیوانان لەدوای حەججاج و کەسانیتریشەوە جومعەیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کە گوناهبارترین کەسانی سەردەمی خۆی بووە)، بەڵگەی لەسەر ڕاستی گوتەکەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((نوێژ لەدوای هەر کەسێکی چاکەکار و خراپەکارەوە بکەن))[١].

– ئەو خراپەیە کە دێتەڕوو لەبەرئەنجامی ڕێگریکردن لە پێشەوایەتی فاسیق، سەرەخسی کە (٤٩٠ک.م) دەڵێ: (بەڵام ئێمە دەڵێین گوناه خاوەنەکەی دەرناکات لەوەی کە شایستەی پێشەوایەتی و دەستەڵات بێت، چونکە پێشەواکان لەدوای جێنشینە ڕاشیدەکان (خوا لێیان ڕازی بێت) بەدەگمەن کەسێکیان تێدا بێت گوناهی نەبێت، چونکە گوتن بەوەی کە بەهۆی فاسیقیەوە لە پێشەوایەتی دەربچێت دەبێتە هۆی خراپەیەکی گەورەتر)[٢]، شەمسودینی دەسوقی کە (١٢٣٠ک.م) دەڵێ: (بزانە کە پێشەوایەتی گەورە بە یەکێک لەم سێ شتە جێگیر دەبێت: یان بە وەسیەتی جێنشینی پێشتر بۆ کەسێ کە شایستەیە پێی، یان بە زاڵبوون بەسەر خەڵکیدا، چونکە هەرکەس بە زاڵبوون هێزو بازووی قایم بوو ئەوا گوێڕایەڵیکردنی پێویستە، لەم مەسەلەیەشدا ڕەچاوی مەرجەکانی پێشەوایەتی ناکرێ، چونکە مەسەلەکە لەسەر ڕێگریکردن لە خراپەکان و ئەنجامدانی کەمترینی زیانەکان دەسوڕێتەوە...)[٣]، مەقدیسی کە (٦٢٤ک.م) دەڵێ: (ئەگەر کەسێک بە شمشێرەکەی ڕاپەڕێ لە خەڵکی تا دانبنێن بە گوێڕایەڵیدا و بەیعەتی بدەنێ ئەوا دەبێتە پێشەوایان و حەرامە بجەنگن و ڕاپەڕن لەدژی، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕیزی موسڵمانان

١- العيني، أبو محمد محمود بن أحمد. البناية في شرح الهداية، بيروت: دار الفكر/ ١٩٨٠م، ج٢، ص٣١٥. فەرموودەکە لاوازە دارولقوتەنی دەریهێناوە لە سونەنەکەیدا بە ناونیشانی (كتاب العيدين باب صفة من تجوز الصلاة معه والصلاة عليه) و وتوویەتی: (مەکحول ئەم فەرموودەیەی لە ئەبو هورەیرە نەبیستووە). بڕوانە:

– الدار القطني، على بن عمر. سنن الدار القطني، بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠٤م، ج٢، ص٤٠٤. هەروەها هەر یەک لە بەیهەقی و ئەبو داود لە صەحیحەکەیاندا گێڕاویانەتەوە لەژێر نانیشانی تردا، ئەمانیش هەر وتوویانە فەرموودەیەکی زۆر لاوازە.

٢- السرخسي، شمس الدين محمد بن أحمد بن سهل، المبسوط، بيروت: دار المعرفة، ط٣، ١٩٧٨م، مج١، ج٤، ص٥٦.

٣- الدسوقي، شمس الدين الشيخ محمد عرفة. حاشية الدسوقي على الشرح الكبير، القاهرة، ج٤، ص٢٩٨.

و خوێنڕشتن و نەمانی سەروەت و سامانیان)[١]، ئیبن هومام کە (٨٦١ک.م) لە کتێبی (المسایرە)دا دەڵێ: (ئەگەر کەسێک زاڵبوو بەسەر کەسێکی زاڵبووی تردا و لە شوێنی ئەو دانیشت، ئەوا یەکەم لەکاردەخرێ و دووەم دەبێتە پێشەوا، دروستیشە گوێڕایەڵیی پێشەوا بکرێ ئیتر دادپەروەر بێت یان خراپەکار بەمەرجێ پێچەوانەی شەرع نەبێت)[٢].

– پێشینە مێژووییەکان، لەوانەش گوتەی ئیبن قودامە کە دەڵێ: (ئەگەر کەسێک ڕاپەڕێ لەدژی پێشەواو زاڵبێت بەسەریدا، بە شمشێرەکەشی زاڵببێت بەسەر خەڵکیدا تا دانبنێن پیایدا و ملکەچ و گوێڕایەڵیی بن و شوێنی بکەون، ئەوا دەبێتە پێشەوا و حەرامە لەدژی بجەنگی و لە فەرمانی دەربچی، چونکە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان دەرچوو لەدژی ئیبن زوبەیر و کوشتی، خۆی دەستیگرت بەسەر وڵات و خەڵکەکەیدا تا بە خۆشی و بەناخۆشی بەیعەتیان پێدا، ئینجا کە بووە پێشەوا دروست نیە دربچی لەدژی، چونکە دەرچوون لەسەری دەبێتە هۆی لاوازبوونی موسڵمانان و لەتبوونی ڕیزەکانیان، دەبێتە هۆی خوێنڕشتن  و نەمانی سەروەت و سامانیان، هەموو ئەوانەش کە لەدژی دەردەچن دەچنەناو واتای گشتی ئەم فەرموودەیەی (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((هەرکەس لە ئوممەتەکەم دەربچێ لە کاتێکدا ئەوان کۆدەنگ ویەکڕان ئەوا بە شمشێر بدەن لە گەردنی ئیتر هەرکەس هەیە)). کەواتە هەرکەس دەرچێت لەدژی کەسێک کە پێشەوایەتیەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان سەلماوەو جێگیرە ئەوا ئەو کەسە یاخیەو دەبێت شەڕ لەدژی بکرێ)[٣].

دەتوانین بە ئاسانی تێبینی بکەین کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی جیاواز سەرلەنوێ دارێژراوەتەوە، بەجۆرێ کە بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕوون جیاوازە لە قۆناغی ئیجتیهادی فیقهی کە پێشتر لەسەری بووە، ئەمەش بە هەڵاوێردکردنی هەندێ ڕاوبۆچوون کە دەدرێنە پاڵ پێشەوا ئەحمەد، جا ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە لە فیقهی پێشەوا ئەحمەدەوە دەستی پێکردبێت، ئەوا لە قۆناغی چاولێگەریدا بووەتە کۆلکەیەکی هاوبەش لە نێوان چوار بازنە فیقهییە سوننیەکەدا،

---

١– المقدسي، بهاء الدين عبد الرحمن بن إبراهيم. العدة شرح العمدة، بيروت: دار المعرفة، ص٥٧٥–٥٧٦.

٢– إبن الهمام، كمال الدين محمد. المسايرة في العقائد المنهجية في الآخرة، القاهرة: المطبعة الكبرى، ١٣١٧ه، ص٢٨٣.

٣– إبن قدامة المقدسي، موفق الدين عبد الله بن أحمد. المغني والشرح الكبير، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٤م، ج١٠، ص٤٦.

جا وێڕای بەردەوامبوونی جیاوازی لە نێوان چوار مەزهەبەکەدا لە مەسەلەکانی تردا، بەڵام ڕاوبۆچوونیان لە ئاست مەسەلەی گوێڕایەڵی سیاسیی لە یەک ڕایی و دەقاودەقیەوە نزیک بووە، ئەمەش مەسەلەیەکە هۆکاری تیۆری خۆی هەیە، بەڵام دواجار گوزارشە لە حاڵەتی یەکگرتن لە پشتەوەی پڕۆژەی دەستەڵاتی فەرمانڕەوادا، ئەم مەسەلەیە لەم خاڵانەدا کە دواتر دێن زیاتر ڕووندەبێتەوە.

مەودودی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الخلافه والملک)[1] سەرنجی خۆی لەسەر ئەو گۆڕانکارە فیقهیە لە هەڵوێستی بەرانبەر بە دەستەڵاتی سیاسیی داوە. دکتۆر ڕەزوان سەیید ئاماژە بۆ ڕاستێتی فەرامۆشکردنی مەزهەبی حەنەفی بۆ کەلەپوری ئەبو حەنیفە دەکات، تەنانەت (گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا بووەتە فەرزێکی ئاینی لەنێویاندا)[2]، هۆی ئەوەی گێڕاوەتەوە بۆ فیقهناسانی مەزهەبی حەنەفی کە کاروباری دادوەریان دوای ئەوە مامۆستاکەیان ڕەتیکردووەتەوە گرتووەتە دەست، مەعلومیشە کە ئەو گۆڕانکارییە لە فیقهی سیاسیی حەنەفیدا لە قۆناغێکی پێشوەختدا لەگەڵ قازی ئەبو یوسف (١٨٢ک.م) دەستیپێکردووە. ئەبو یوسف کاروباری دادوەریی هارونە ڕەشیدی گرتووەتە دەست، کتێبەکەی بەناوی (الخراج) -وێڕای ناوەڕۆکە ئابووریەکەی- هەر کارێکی فیکری بووە، بە سیفەتە فەرمیەکەی خۆی لە پێگەی دادوەریەوە کارپێکردووە، لەم کتێبەدا دەنگی کەلتورێکی نامۆ لە شێواز و لە میتۆد دا دەبینین کە جیاوازە لە شێوازی نوسینی فیقە و میتۆدەکەی لەپێش ئەو سەردەمەوە، ئەمەش ئاماژە دەدات بەو ئاستە کە کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی لەدوای ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی پێیگەیشتووە.

قازی ئەبو یوسف کتێبی الخراج ی بە پێشەکییەکی دوورو درێژ دەستپێکرووە،

---

١- مەودودی دەستی خستووەتە سەر ئەو گۆڕانکاریە لە فیقهی سیاسیی حەنەفیدا، ئەوەش لەدوای لێکدانەوەی بۆ هزری قازی ئەبو یوسف کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (الخراج) هاتووەو دەڵێ: (کۆتا قسە ئەوەیە کە ئەو پێشنیارە یاساییانە ئەبو یوسف پێشنیاری کردوون لەسەر فەرمانڕەوای دەستەڵات ڕەها، بەو سیفەتە کە وەزیری داد و قازی قازییەکان بووە لە حکومەتەکەیدا، ئەگەر بێین ئەو قسانە بخەینە سەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی و دەستوری جێنشینیی ڕاشید و ڕێبازەکەی و ڕێنماییەکانی ئەبو حەنیفەی مامۆستای ئەوا لە پلەیەکی خوارتر لەوە دەبینرێ، کەمترین بۆچوونی بۆ جێنشینی هەڵبژاردنی تێدا نیە، هیچ باسێکی بۆ شێوازی فەرمانڕەوایی بە شورا تێدا نیە، هەروەها خاڵییە لە باسی گوێڕایەڵینەکردنی پێشەوایەتی ستەمکار و لە مافی خەڵکی لە تێکۆشان بۆ بەرپاکردنی حکومەتێکی دادپەروەر لەجێگای حکومەتە ستەمکارەکەدا). بڕوانە:

- المودودي، أبو الأعلی. الخلافة والملک، الکویت: دار القلم، ط١، ١٩٧٨م، ص٢٠١.

٢٠- الطرسوسي، نجم الدین. تحفة الترک فیما یجب أن یعمل في الملک، بیروت: دار الطلیعة، ١٩٩٢م، ص١٠-١١.

تیایدا هاتووە: (خوای گەورە بە فەزڵ و بەزەیی خۆی کاربەدەستانی کردووەتە جێنشین لە زەویەکەیدا، ڕووناکی پێبەخشیون تا ئەو کاروبارانەی خەڵک کە تاریکن ڕۆشنیانبکەنەوە لەنێوانیاندا، ئەو مافانەیان کە لایان ڕوون نین بۆیان ڕوونبکەنەوە، ڕووناکی کاربەدەستان ڕووناکیداوە بە جێبەجێکردنی سزاکان، بە گێڕانەوەی مافەکان بۆ خاوەنەکانیان بە ڕێکوپێکی و بە فەرمانی ڕوون، بە زیندوکردنەوەی ئەو سوننەتانە کە خەڵکانی چاکەکار کە پلەیان مەزنترە دایانهێناون...)[1].

زەحمەتە لەو کتێبەی قازی ئەبو یوسف دا ڕۆحی فیقە و مەسەلەکانی سیاسەت لێکجیابکرێنەوە، هەروەها زەحمەتە ئەوە بخرێتەڕوو کە ئایا ئەو وەسفەی بۆ کاربەدەستان کە (جێنشینن لە زەویدا) و (ئەو ڕووناکیەن کە ڕێگای خەڵکی ڕۆشندەکەنەوە) وێنای قەناعەتێکی کەسێتییە، یان خۆشدوانیە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمەکەدا و زمانی باوی ئەوکات بووە، بەڵام ئەوەی لە مەسەلەکەدا گرنگە بریتییە لەو دابڕانە مەعریفیە کە قازی ئەبو یوسف لەگەڵ فیقهی سیاسیی ئەبو حەنیفەدا دایهێنا، یان لەگەڵ (فیقهناسی پێشڕەو) وەک خۆی بەوە وەسفیدەکات، جا ئەگەر پلەی بەرزی ڕوونیی و ڕۆشنی لە ڕا سیاسییەکانی ئەبو حەنیفەو لە هەڵوێستە پراکتیکیەکانیدا بە هەند بگرین کە هیچ بوارێک بۆ تەمومژ و ناڕوونی ناهێڵنەوە، ئەوکات پەی بەوە دەبەین کە چەندە ئاسانە هەمان گۆڕان لە فیقهی هەردوو پێشەوا شافیعی و مالیکدا ڕوویدات، ئەو دووانە کە ئاستی ڕوونیی ڕای سیاسیان لەچاو ڕوونیی فیقهی ئەبو حەنیفەدا کەمترە.

دەکرێ بوترێ کە فیقهی چاولێکەری لە پرۆسەی بونیاتنانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، پشتی بە سەرلەنوێ خوێندنەوەی فیقهی پێشەوای مەزهەبەکان بەستووە، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە واقیعیەدا کە دەورەیداوە، لە هەمانکاتیشدا کاریکردووە لەسەر بەکارهێنانی هەندێ فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ پشتگیری لە شەرعیەتی کارە بناغەڕێژییەکەی، لەمبارەیەوە دەتوانین کۆمەڵێ سەرنجی پەیوەندار بە هەندێ تەمومژی واقیعی و بڕیاری تیۆریەوە پێشکەش بکەین، کە لە قۆناغی چاولێکەریدا تێکەڵ بوون بە بونیاتنانەوەی سەرلەنوێ فیقهی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، لە گرنگترینیان ئەمانەن:

- لەڕاستیدا نوێژکردن لەدوای فەرمانڕەوای ملهوڕ یان فاسیق یان زاڵبوو بەشێک نیە لە ڕوخسارەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیی، چونکە نوێژ ڕوخسارێکە

---

١- إبن إبراهيم، كتاب الخراج، ص٥.

لە ڕوخسارەکانی دەستگرتن بە ئاینەوە، نابێت بەهۆی فەرمانڕەوای ملهوڕ یان فاسیقەوە شلگیری تێدا بکرێ، چونکە (نوێژکردن لەدوای پێشەوای دادپەروەرەوە مەرجی ڕاست و دروستی نوێژ نیە)[1]، ئەمەش مەسەلەیەکە پەیوەندە بە حوکمەکانی نوێژەوە نەک بە حوکمەکانی پێشەوایەتی گەورە یان کاربەدەستە گشتییەکانەوە، جەصاص (٣٧٠ک.م) دەڵێ: (...نوێژ لەدوایانەوە دروستە با فاسیق و ستەمکاریش بن، ئەمە مەزهەبێکی ڕاست و دروستە، هیچ بەڵگەیەکی تێدا نیە کە مەزهەبەکەی -مەبەستی ئەبو حەنیفەیە- ڕێگایدابێت بە پێشەوایەتی فاسیق)[2]. هەردوو مەزهەبی شافیعی و حەنەفی کۆدەنگن لەسەر ناڕەوایەتی دادوەریی فاسیق، هەروەها کۆدەنگییەکی گشتی هەیە لە فیقهی ئیسلامیدا هەر لەسەرەتاوە لەسەر نادروستی پێشەوای فاسیق، بەغەوی دەڵێ: (دادپەروەریی لە مەرجەکانی پێشەوایەتییە، چونکە کاربەدەستی ئەمانەتەو کەسی فاسیقیش ئەمانەتپارێز نیە، چونکە ئەو کە ناڕوانێتە ئاینەکەی خۆی ئیتر چۆن دەڕوانێتە ئاینی غەیری خۆی)[3]، ناکۆکیان تەنها لەوەدایە کە ئایا دوای بوونی بە پێشەوا حاڵەتی فاسیقی بەسەریدا هاتبێ یان پێشتر.

بەم پێیە ئەوا گوتەی هەندێ پێشەوا دەربارەی دروستی نوێژکردن و جیهاکردن لەدوای فەرمانڕەوای گوناهکار و ملهوڕەوە بە مانای داننان نیە بە شەرعیەتی کاربەدەستییەکەی و فەرزبوونی گوێڕایەڵیکردنی، ئەگەر مەبەستیان ئەوە بوایە ئەوا بە ڕاشکاوانە دەیانوت، بەڵکو ئەوە لە ڕوانگەی پاراستنی ئاینەوە بووە، ئیبن قودامە (٦٢٠ک.م) دەڵێ: (پرسیار لە پێشەوا ئەحمەد کراوە دەربارەی کەسێک کە دەڵێ: من ناچمە غەزا و دەستکەوتەکەشی کوڕەکانی عەبباس ببەن، چونکە ئەوان هەر دەستکەوتی بێ جەنگیان بەسە، لە وڵامدا وتوویەتی: سبحان الله ئەوانە خەڵکانێکی خراپن، ئەوانە کەسانی دانیشتووی هیممەت بەزیو و نەزانن، چونکە دەوترێ: ئایا ئەگەر هەمووی خەڵکی دابنیشن هەروەک ئێوە دانیشتوون ئایا ئەی کێ غەزا بکات؟ ئایا ئیسلام بەمە نافەوتێ؟ ئەوەی کە ڕۆم پێیدەکردن)[4]. ئیبن تەیمییەش ئەم مەسەلەیەی ڕوونکردووەتەوە و دەڵێ: (ئەگەر هاتوو فەرمانی

---

١- إبن الهمام، المسايرة في العقائد المنهجية في الآخرة، ص٢٧٩.

٢- الجصاص، أحمد بن علي الرازي. أحكام القرآن، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٤٠٥ك، ج١، ص٨٦.

٣- البغوي، أبو محمد الحسين بن مسعود. التهذيب في فقه الإمام الشافعي، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م، مج١، ج٧، ص٢٦٤.

٤- إبن قدامة، المغني والشرح الكبير، ج١٠، ص٣٦٥.

پێدان بە گوێڕایەڵیی خوا ئەوا گوێڕایەڵیی دەبن، وەک ئەوەی پێیان بڵێ نوێژبکەن، زەکات بدەن، ڕاستگۆبن، دادپەروەربن، حەج بکەن، جیهاد بکەن لەپێناوی خوای گەورەدا، چونکە لەڕاستیدا ئەوان گوێڕایەڵی خوایان کردووە، ئەگەر هاتوو بێباوەڕ یان فاسیق فەرمانیدا بەو کارە کە گوێڕایەڵیی خوای تێدایە ئەوا گوێڕایەڵی خوا حەرامناکرێ، فەرزبوونیشی بە فەرماندانی ئەو فاسیقە پێی فەرزەکە لانابات، بەهەمانشێوە ئەگەر بە هەق و ڕاستی قسەیکرد ئەوا دروست نیە بەدرۆ بخرێتەوە، فەرزی شوێنکەوتنی هەق بەوە لاناچێت کە فاسیقێک بیڵێت)[1]، ئەم دەقە لە کاتێکدا کە جۆرێ لە تەمومژی تێدایە، هەر ڕوونیدەکاتەوە کە گوێڕایەڵیی فاسیق لەوە تێپەڕناکات کە ئاین فەرمانی پێداوە لە فەرز و ئەرکەکان، دواتریش کاتێ کەوتینە مشتومڕ لەسەر گرفتی گوێڕایەڵیی لە بەشی ڕەوشی سیاسەتی شەرعیدا ئاماژەی پێدەدەین.

– زاڵبوونی پشتبەستن بە حوکمی واقیع لە شەرعاندنی گوێڕایەڵیی فاسیق و ملهوڕ و زاڵبوو، چونکە ئەو ڕێسا سەرەکییە کە ڕا فیقهیەکانی سەردەمی چاولێکەریی ڕێکخستووە، بریتی بووە لەو جۆرە فەرمانڕەواییانە کە لەبەر ڕەچاوکردنی هەندێ مەسەلەی واقیعی حوکمی زەرورەتیان هەبووە، کە دەبوو فیقە لەگەڵیان بسازێنێ و ڕێبکات تا لە کاروانی واقیع دوانەکەوێت، یەکەمین شتی ڕەچاوکراو بریتی بووە لە بڵاوبوونەوەی فەرمانڕەوا ملهوڕەکان، سەرەخسی ئاماژە بەمە دەدات و دەڵێ: (بەڕاستی پێشەواکان لەدوای جێنشینە ڕاشیدەکان ئیتر دەگمەنە کەسێکیان تێدا بێت فاسیقی نەبێت)، زەیلەعی (٧٠٥ک.م) دەڵێ: لە سەردەمی ئێمەدا حوکم بۆ فەرمانڕەوای زاڵبووە، دادپەروەر و ستەمکار لێکجیاناکرێنەوەو هەموویان دنیاویستن)[2].

لەوانەیە پەیبردن بەو حاڵەتە کە بەسەر واقیعدا هاتووە، زۆرێک لە حوکمەکانی فیقهی سیاسیی کە پەیوەندە بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە ڕاڤە بکات، لەبەرئەوە هەر هەوڵێک بۆ پشتگیری ئەو واقیعە بە دەقی قورئان و بە سوننەت مەسەلەیەکە وەها سەیردەکرێ کە ڕاست دەرنەچێ، چونکە گوێڕایەڵیی زەروەرەت لە چوارچێوەی ئیجتیهادێکی واقیعیەوە کە بارودۆخی هەنووکەیی حوکمی تێدا دەکەن دەگوێزێتەوە بۆ چوارچێوەی ئەو حوکمە شەرعیانە کە بەوە ناوزەد

---

١- إبن تيمية، منهاج السنة، ج٢، ص٧٦.

٢- الزيلعي، فخر الدين بن عثمان بن علي. تبين الحقائق شرح كنز الدقائق، القاهرة: المطبعة الكبرى، ١٣١٣ك، ج٣، ص٢٩٤.

دەکرێن جۆرێک لە جێگیریی و بەردەوامبوونیان تێدایە. بەڵگەهێنانەوەی ئیبن قودامە لە دەقە پێشووەکەدا بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((هەر کەسێ لە ئوممەتم دەربچێت لە کاتێکدا ئەوان یەکدەنگن ئەوا بە شمشێر بدەن لە گەردنی ئیتر هەرکەس هەیە))، ئەمە لە میانەی شەرعیەتدانە بە حوکمی مەروانی کوڕی حەکەم، کە ڕوخساری کەموکووڕیی گشتی فیقهیە، لەسەر پەنابردنە بەر دەقەکانە بۆ ڕێگەدان بە واقیعی زاڵبوو بەجۆرێ کە یارمەتیدەر بووە لەسەر درێژەپێدانی و جیابوونە لێی شتێکی زەحمەت بێت، ئیتر جگە لەوە کە ئەو بەڵگەهێنانەوە دژە لەگەڵ ئەو باسەدا کە ئیبن قودامە ویستوویەتی بیکاتە بەڵگە لەسەری، جا ئەگەر ئەمە لەوبارەدا بێت کە مەروانی کوڕی حەکەم دەرچووە لەدژی ئیبن زوبەیر، ئەوا واتای فەرموودەکە ئەو شایەتیە نادات کە ئەو بڕیاری لێداوە لە حەرامی دەرچوون لەدژی مەروان، جگە لەوەش بەڵگە نیە لەسەر ڕەوایەتی حوکمی زاڵبوو، چونکە کەسی زاڵبوو هەر بەڕاستی لەدژی ئوممەت دەردەچێ لە کاتێکدا کە یەک و یەکدەنگن، ئەوکاتیش حوکمەکەی -بەپێی ڕواڵەتی فەرموودەکە- کوشتنە.

لە واقیعدا داننان بە فەرمانڕەوایی کەسێکی زاڵبوودا داننانە بە فەرمانڕەوایی زاڵبوویەکی تریشدا، ئەگەر هاتوو ئەویش بە شمشێر سەرکەوت بەسەریدا، ئەمەش دیمەنێکە لە دیمەنەکانی ئەو دژ بەیەکیە کە فیقە بەهۆی ڕێگەدانی بە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوای زاڵبوودا تێیکەوتووە، چونکە ئیقرارکردن بە شەرعیەتی فەرمانڕەوایی زاڵبوودا، ئەوا لە هەمانکاتدا داننانە بە شەرعیەتی زاڵبوویەکی تردا کە ئەگەری هاتنی هەیە، هەر ئەمە وای لە فیقهناسان کردووە بکەونە ئەڵقەیەکی بۆش و بیکۆتاوە، بەجۆرێ کە مێژووی ئیسلامی والێکردووە ببێتە گۆڕەپان بۆ زاڵبووەکان، پێشەوا بەغەوی یەکێکە لەو فیقهناسە کەمانە کە ئاوڕیداوەتەوە لەو گرفتە، هەربۆیە هەوڵیداوە بەجۆرێکی جیاواز بیخاتەڕوو، ئەو پێیوایە کە ئەگەر هاتوو پێشەوایەتی بۆ کەسێک جێگیربوو، ئەوکات (کەسێکی لادەر دەرچێت لەدژی و زاڵببێت بەسەریدا، ئەوا دەڕوانرێتە ئەوە کە ئەگەر فەرمانڕەواییەکەی بە بەیعەت یان بە دانانی بە جێگرەوە سەلمێنرابوو ئیتر بەزۆر لانابرێ، ئەگەریش سەلمێنرا کە بەزۆر بووە لەکاردەخرێ و کەسی زاڵبوو دەبێتە کاربەدەست، چونکە کاربەدەستیەکەی بە زاڵبوون جێگیربووە و ئەو زاڵبوونەشی نەماوە)[١].

---

١- البغوي، التهذيب في فقه الإمام الشافعي، ص٢٧٠-٢٧١.

ئەم دەقەی بەغەوی بە ڕوونی ئاماژە دەدات کە فەرمانڕەوایی کەسی زاڵبوو جگە لە زاڵبوونەکەی ئیتر شەرعیەتی نیە، جا ئەگەر زاڵبوونەکەی نەما کاربەدەستیەکەشی نامێنێت، بەڵام مەسەلەکە هێشتا لەلای هەر یەکلانەبووەتەوە، ئەو لەسەر بنەمای بەیعەت و دانانی بە جێگرەوە جیاوازی دەکات لە نێوان پێشەوایەکدا کە پێشەوایەتیەکەی بە زاڵبوون جێگیربووە ئەوکات بە زاڵبوون بەسەریدا لەکاردەخرێ، وە نێوان پێشەوایەکدا کە پێشەوایەتیەکەی بە بەیعەت جێگیربووە ئەوکات بە زاڵبوون لاناچێت، ئەمە بێ ئاوڕدانەوە کە کەسی زاڵبوو خێرا خەڵکی ناچار دەکات بەیعەتی بدەنێ، تا لە ڕێگای بەیعەتێکی ڕۆتینیەوە لە زاڵبوویەکەوە ببێتە پێشەوایەکی بەیعەت پێدراو، ڕۆڵەکە ئابەمشێوەیە بەردەوام لە سوڕاندایە لە نێوان زاڵبووانی تریشدا.

بەغەوی لەم تێڕوانینەی بۆ ئەو تەمومژە، بەو ئاراستەیەدا ناڕوات بە مەرجی بگرێ کە دەبێت بەیعەت بەیعەتێکی شەرعی ڕاست و دروست بێت و هەر لەسەرەتایەوە بەرپا ببێت لەسەر ڕەزامەندی، چونکە بەیعەتی لەو شێوەیە لەتوانایدایە جیاکاری بکات لە نێوان فەرمانڕەوایی زاڵبوو و فەرمانڕەوایی شەرعیدا، بەڵام واقیعی ئیسلامی نایەت بەدەم ئەم تێڕوانینەوە، چونکە هەر لەدوای نەمانی جێنشینی ڕاشید ئیتر زنجیرەیەک لە حاڵەتەکانی زاڵبوون پەیدابوون، ئەمەش وای لە بەغەوی کردووە هەوڵبدات بەردەوامی ئەو زنجیرەیە بوەستێنێ، ئەوەش لە ڕێگای قەدەغەکردنی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوای زاڵبوو، بێئەوەی ئاوڕبداتەوە بەلای مەسەلەی بەیعەتی شەرعیدا، بەغەوی دەڵێ: (هەرکەس بە هێزو توانای خۆی دەرکەوت و خەڵکی بە شمشێر ژێردەستە خست و دەسەڵاتی پەیداکرد بەسەریاندا، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە کاربەدەست، ئیتر عەرەب بێت یان غەیرە عەرەب، با کەسێکی خراپەکاریش بێت هەر دەبێت لە سنوری گوێڕایەڵی خوادا بەگوێی بکرێ، نابێت بە شمشێر ڕاپەڕی لەدژی)[1]، وادەردەکەوێ ئەم چارەسەرە بۆ مەسەلەی زاڵبوون ئەقڵگیر نیە، جا ئەگەر شمشێر بنەمای دەسەڵاتی زاڵبوو بێت ئیتر چۆن دەکرێ دەرچوون لەدژی قەدەغە بکرێ. بەڵام بەغەوی بەمە ویستوویەتی (ئاژاوەو پشێوی) مەسەلەی زاڵبوو نەهێڵێ، ئەوەش لە ڕێگای تەنها یەکجار ئیقرار پێکردنیەوە، ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە پێیگەیشتووە لە کاتێکدا کە پڕە لە هەستی مەترسییەکانی فیقهی زاڵبوون، ئەوەی لێرەدا گرنگە پێشەوا

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٩.

بەغەوی بەڵگە بە هیچ یەک لە دەقی قورئان و سوننەت ناهێنێتەوە لەوەدا کە وتوویەتی، چونکە کارەکە هەروەک ڕوونە هیچ پەیوەندی بە شەریعەتەوە نیە بەڵکو حوکمی واقیعە و تەواو.

– ئەم شپرزی و شڵەژانە جارێکیتر لە کاتی مشتومڕ لەسەر دروستی لادانی فەرمانڕەواو لەکارخستنی دەکەوێتەوە ڕوو، هەندێ لە فیقهناسان ڕایان وایە کە پێشەوا بە هیچ جۆر لەکارناخرێ، چونکە (جەماوەری ئەهلی سوننە لە فەرموودەناسان و فیقهناسان و زانایانی زانستی کەلام دەڵێن فەرمانڕەوا بە گوناهکاریی و ستەم و پەکخستنی مافەکان لەکارناخرێ، هەروەها نابێت ڕاپەڕی لەدژی بەڵکو دەبێت ئامۆژگاری بکرێ و بترسێنری)[1]، ئیبن زەویان دەڵێ: (بە فاسیقیەکەی لەکارناخرێ چونکە ئەوە خراپەکاری تێدایەو پێچەوانەی کاری دادوەرییە، بەپێی ئەم فەرموودەیە کە دەفەرموێ: ((مەگەر کوفرێکی ئاشکرای لێببینن کە بەڵگەتان لە خوای گەورە لەسەری هەبێت))[2]، بەغەوی دەڵێ: (ئەگەر هاتوو پێشەوای هەر گەورە فاسیق بوو ئەوا لەسەر ڕواڵەتی مەزهەبەکە –واتە مەزهەبی شافیعی– لەکارناخرێ، چونکە بە لەکارخستنی فیتنە دروست دەبێ، بەپێچەوانەی دادوەرەوە کە بە گوناه لەکاردەخرێ)[3]، قازی ئەبو یەعلی حەنبەلی (٤٥٨ک.م) پرسیار دەکات دەربارەی ئەو پێشەوایە کە ئەگەر کوفری نەکرد (بەڵام لە کردەوەکانیدا گوناهیکرد وەک وەرگرتنی سامان بە ناڕەوا، لێدانی مرۆڤەکان، خراپەوتنی کەسە پیرۆزەکان، لەدەستدانی مافەکان، پەکخستنی سزاکان و ئارەقخواردنەوە و هاوشێوەیان، ئایا فەرزە لەکاربخرێ یان نا؟ پاشان وەڵامدەداتەوەو دەڵێ: (مامۆستامان ئەبو عەبدوالله لە کتێبەکەیدا وتوویەتی بەوە لانابرێ و دەرچوون لەدژیشی دروست نیە، بەڵکو دەبێت ئامۆژگاری بکرێ و بترسێنرێ، لەو شتانەشدا کە سەردەکێشن بۆ سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە گوێڕایەڵی نەکرێ) )[4].

بەڵام ئیبن نەجیمی حەنەفی (٩٧٠ک.م) بۆچوونی وایە کە ئەگەر هێزو زاڵبوونی نەبێت ئەوا لەکاردەخرێ، ئیبن عابدین (١٢٥٢ک.م) دەڵێ: (لای حەنەفیەکان دادپەروەریی مەرجێک نیە بۆ دروستی فەرمانڕەوایی، چونکە دروستە پێشەوای

---

١– العبدري، التاج، ص٢٧٧.

٢– إبن ضويان، منار السبل في شرح الدليل، ج٢، ص٢٧٢.

٣– البغوي، التهذيب في فقه الإمام الشافعي، ص٢٧٨.

٤– الفراء، المعتمد في أصول الدين، ص٢٣٤.

فاسیق بچیتە سەرکار بە ناپەسەندییەوە، جا ئەگەر دادپەروەر بوو پاشان ستەمیکرد و گوناهکار بوو ئەوا لانابرێ، بەڵام ئەگەر فیتنە بەدوای خۆیدا نەهێنێ شایستەی لابردنە، پێویستە دۆعای بۆ بکرێ ڕەوانیە دەرچوون لەدژی)[١]، پاشان لەسەر ڕاڤەی گوتەی نوسەرەکە دەڵێ: (ئەو گوتەیەی کە دەڵێ بەوە لەکاردەخرێ واتە بە فاسیقی ئەگەر لێی وەشایەوە، مەبەستی ئەوەیە کە شایستەی لابردنە هەروەک لەپێشەوە زانرا لەبەرئەوە نەیوتووە لەکاردەخرێ)[٢].

بەڵام تێبینی دەکرێ کە ڕای فیقهناسان لە چارەسەریان بۆ حوکمی دەرچووان بە ئاراستەیەکی تردا دەڕوات، چونکە (یاخیبوون -دەرچوون لە یاسا-) دەکەنە هۆکارێک کە دەبێتە هۆی گەیشتن بە نەهێشتنی حوکمی دەستەڵاتی ستەمکار با خۆیشیان ئیقراری پێنەکەن، زەرقانی (١١٢٢-١٠٥٥ک) لەمبارەیەوە دەڵێ: ستەمکار بۆی نیە بە نادادپەروەریی بکەوێتە شەڕ لەدژیان -واتە یاخیبووان- چونکە ئەگەری هەیە دەرچوونیان لەدژی بەهۆی گوناه و ستەمیەوە بێت)[٣]، بەنانی (١١٩٤ک.م) جەخت لەسەر ئەم مانایە دەکات و دەڵێ: نادادپەروەرییە بکەوێتە شەڕکردن لەدژیان، چونکە ئەرکی سەرشانیەتی واز لە گوناهەکەی خۆی بێنێ ئینجا داوای گوێڕایەڵیان لێبکات)[٤]، سەحنونی مالکی (٢٤٠ک.م) دەڵێ: پێوستە شەڕ لەدژی سەرپێچیکاران بکرێ لەبارێکدا کە پێشەوا دادپەروەر بێت، هەروەها لەدژی کەسێک کە ڕادەپەڕێ لەدژی، جا ئەگەر دادپەروەر بوو ئەوا دەبێت لەگەڵیدا دەربچیت تا ئاینی خوا سەردەکەوێ، ئەگەرنا ئەوا بۆت هەیە بوەستیت)[٥]، بەم پێیە فیقهناسان ستەمی فەرمانڕەوایان کردووەتە ڕێگر لە گوێڕایەڵیکردنی و پاساوێکە بۆ دەرچوون لەدژی، ئەمە لای مەزهەبی مالیکی ڕوونە، حەنەفیەکانیش هاوڕایانن، زەیلەعی پێیوایە کە (هەرکات موسڵمانان کۆدەنگبوون لەسەر پێشەوایەک و سەلامەت و ئەمین بوون، پاشان تاقمێک لە باوەڕداران دەرچوون لەدژی، ئەگەر ئەوەیان لەبەر ستەمێک بوو کە لێی کردبن ئەوا ئەوانە لە ستەمکاران و

---

١- إبن عابدين، محمد أمين بن عمر. ردّ المختار على الدر المختار شرح تنوير الأبصار المسمى بحاشية إبن عابدين، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٩٨م، ج١، ص٥٤٧.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- الزرقاني، شرح الزرقاني على مختصر سيدي جلال، ص٦٠-٦١.

٤- محمد البناني (حاشية في)
- الزرقاني......ج٨، ص٦٠.

٥- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

دەرچوو لە یاسا نین، بەڵکو پێویستە پێشەوا واز لە ستەمەکەی بێنێت و مافی خۆیانیان بداتێ، خەڵکیش بۆیان نیە ببنە یارمەتیدەری پێشەوا لەدژی ئەوان، چونکە یارمەتیدانی پێشەوا پشتگیرییە لە ستەم، هەروەها نابێت یارمەتی ئەو تاقمەش بدەن لەدژی پێشەوا، چونکە ئەوەش هاوکاریکردنیانە لەسەر دەرچوونیان لەدژی پێشەوا)[1]، ئیبن نەجیمی حەنەفی لەمەدا مەودایەکی دوورتر دەڕوات و دەڵێ: (ئەگەر بیانوویان خستەڕوو -واتە دەرچووان لە یاسا- کە بۆیان هەیە بجەنگن وەک بڵێی ستەملێکراویان یان ستەم لە غەیری خۆیان ستەمێکەو هیچ گومانی تێدا نیە، ئەوا ئەوانە دەرچووی ستەمکار نین و نابێت پشتگیری لە پێشەوا بکرێ لەدژیان، تەنانەت دەبێت موسڵمانان هاوکاریان بکەن تا پێشەوا مافیان بۆ دەگێڕێتەوە و واز لە ستەملێکردنیان دێنێ)[2]، ئەم گوتە ڕاشکاوانە دەربارەی یاخیبوون لە فەرمانڕەوای ستەمکار و دەرچوونی دادپەروەرانە لەدژی هۆکارێکە بۆ کۆتاییهێنان بە دەستەڵاتەکەی، ئەمەش ئاماژە دەدات بە هەبوونی ئاراستەیەکی فیقهی کە پارێزبەندی ڕەهای بە حوکمی ستەمکار نەداوە لە دەرچوون لەدژی، ئەگەر بێتو هۆکاری دەرچوونەکە ستەمکردن بێت و ئەو لایەنەش کە دەرچووە دادگەر بێت.

مەعلومە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بەشی حوکمەکانی دەرچووان -البغاە- لە فەرمانڕەوا لای هەندێ لە فیقهناسان شێوەیەکی جیاوازی وەرگرتووە، چونکە بەهەندگرتنی باری دەرچووان و تێگەیشتن لە دەرچوونیان دەبینین، لەبارێکدا هۆیەکەی ملهوڕی و ستەمی فەرمانڕەواکان بێت، هەندێکیان بانگەشەی بۆ پشتگیری خۆی لە دەرچووان لەدژی پێشەوا نەشاردووەتەوە لەبارێکدا کە دادگەربن، یان وەستان لەسەر بێلایەنی لێیان بەلانیکەمەوە. ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ ئەم بیرۆکانە لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا وادەبینرێن کە هەماهەنگ نین لەگەڵ ئاراستەی گشتی فیقە لە قۆناغی چاولێکەریدا، هەروەها وادەردەکەوێ کە پرسی ستەم و سەرپێچی -کە ئەم دووانە لە گرنگترینی ڕەگەزەکانی مشتومڕن لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا- ئاژاوەو پێشویەکی گەورەی لە بەشی حوکمەکانی دەرچوواندا هێناوەتە کایە، چونکە زانایانی مەزهەبی حەنەفی بۆ جیبەجێکردنی حاڵەتی یاخیبوون بە مەرجیان گرتووە کە دەبێت دەرچوون لەسەر پێشەوای هەق

١- الزيلعي، تبين الحقائق في شرح كنز الدقائق، ص٢٩٤.

٢- الحنفي، زين الدين بن نجيم. البحر الرائق شرح كنز الرقائق، القاهرة: دار الكتاب الإسلامي، ط٢، ج٥، ص١٥١-١٥٢.

به سەرپێچیکردن نەبێت، بەو پێیە کە دەرچوون لەبەرئەنجامی سەرپێچیەکەوەیە کە پێشەوا دەیکات بە (بنەمای یاخیبوون) دانانرێ هەروەک ئیبن نەجیم و زەیلەعی وتوویانە، ئیبن یونسیش کە لە زانایانی مالیکییە هەر ئەمە دەڵێ، وتوویەتی: (ئەگەر هاتوو -دەرچووان-ستەم لە کاربەدەستی ستەمکار بکەن ئەوا بۆت نیە لایاندەیت لێی و لەدژی ئەویش ڕاپەڕی)[1]، هەروەها ئەم گوتەیەی حەتتاب ئاماژە بەمە دەدات کە دەڵێ: (ئەگەر -تاقمێک لە باوەڕداران- نە بۆ ڕێگری لە هەق و ڕاستی بەڵکو بۆ ڕێگری لە ستەم وەک فەرماندانی پێشەوا بە سەرپێچییەک ئەوا ئەو تاقمە دەرچوو نیە)[2]، ماوەردی لە هەگبە فیقهییەکەیدا بەناوی (الحاوی) ئاوڕینەداوەتەوە بەلای باری ستەمدا، پێیوایە کە دەبێت شەڕ لەدژی دەرچووان بکرێ، تەنها بەو پاساوە کە لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابوونەتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕێگریش نەبن لە هەقێک و بازیشیان نەدابێت بۆ شتێک کە ناهەقە)[3]، لەم بۆچوونەیەدا دەگاتەوە بە فیقهناسە حەنبەلیەکان، لەوانەش ئیبن قودامە کە وەسفی دەرچووان بەوە دەکات کە: (کەسانێکن لە هەقناسان و لە دەستی پێشەوا دەردەچن، دەیانەوێ بەهۆی لێکدانەوەیەکی شەرعیەوە لەکاری بخەن، خاوەنی هێزو تواناشن، بۆ گێڕانەوەشیان پێویست بە کۆکردنەوەی سوپا هەیە...)[4].

دەرچوون لە زۆر شوێندا لەگەڵ یاخیبوون دەچن بەناویەکدا، لەبەرئەوە ڕادەیەکی زۆر لە لێکنەچوون بە ڕوونی لە نێوان فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی و فیقهی یاخیبووندا بوونی هەیە، ڕوونترین دیمەنی لە پشێوی فیقهناسانی مالیکیدا دەیبینین ئەوەش لە کاتی ڕاڤەکردنی پێناسەی ئیبن عەرەفە بۆ وشەی یاخیبوون (البغی)، ئیبن عەرەفە پێیوایە کە یاخیبوون بریتییە لە (ملنەدان بە گوێڕایەڵی کەسێک کە پێشەوایەتیەکەی جێگیربووە، ئەویش نابێ ئەو ملنەدانە بە گوناهکاری بێت و بۆ

---

١- العبدري، التاج، ص٢٧٧.

٢- الحطاب، أبو عبد الله محمد بن محمد المغربي. مواهب الجليل لشرح مختصر خليل، دمشق، دار الفكر، ط٢، ١٩٧٨مـ مج٦، ص٢٧٨.

٣- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب. الحاوي الكبير، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٤م، ج١٣، ص١٠٥.

٤- إبن قدامة، المغني والشرح الكبير، ج١٠، ص٤٦.

زاڵبوون بێت)[1]، بەنانی لە پەراوێزدا پرسیارێک دەوروژێنێ دەربارەی داواکردنی ماڵ و سامان لە خەڵکی بە ستەم لەلایەن پێشەوا یان جێگرەکەیەوە، ملنەدانی ئەوانیش بە دانی ئەو سامانە، ئایا ڕەوایە بەرگری لەخۆیان بکەن ئەگەر هات بۆ شەڕکردن لەگەڵیاندا؟ ئەم پرسیارە وادەبینرێ کە بارگاوییە بە ڕەگەزەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەتایبەتی ملهوڕیی، وەڵامەکەشی قەیرانی ئەو فیقە دەخاتەڕوو، بەڵام بەنانی وەڵامیدەداتەوە بە هێنانی گوتەی مامۆستاکەی، لەلایەکەوە وادەبینێ کە ئەوانە یاخین چونکە پێشەوا (فەرمانی بە سەرپێچی پێنەداون ئەگەرچی حەرامە لەدژیان بجەنگێ چونکە ملهوڕە)، لەلایەکیترەوە وادەبینێ (ئەوانە یاخی نین چونکە ڕێگریان لە هەقێک نەکردووەو نەیانویستووە لەکاری بخەن) ئەمەش ئەو ڕایەیە کە بە بەهێزی دەزانێ، ئەوەش بە پشتبەستنی بە گوتەیەک کە دەیداتە پاڵ فیقهناس سەحنونی مالیکی مەزهەب[2].

لەوانەیە مەسەلەکە پەیوەندی بە جۆرێک لە نەستی فیقهی قین لەدڵ و ڕقلێبوون بێت لە دەستەڵاتە ستەمکارەکان، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە دەدات بە ئامادەییەکی ڕێژەیی فیقهی پێشەوایانی مەزهەبەکان، بەتایبەتی لای قوتابیانی ئەبو حەنیفەو مالیک، کە ڕەوتی واقیعی فیقهی چاولێگەری نەیتوانیوە ڕەگەزەکانی بکوژێنێتەوە، هەر ئەمەشە کە ڕاڤەی حاڵەتی شپرزی فیقهی دەکات بەتایبەتی لە فیقهی هەردوو بازنەی حەنەفی و مالیکیدا، بە شێوەیەکی کەمتریش لە فیقهی شافیعیدا، ئەوەش بەهۆی بەردەوامبوونی ململانێ لە نێوان یۆتۆپیاو واقیعدا، هەر بەو شێوەیە کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێداوە.

ب- حەرامکردنی دەرچوون (ڕاپەڕین):

ئیبن حەجەر (٨٥٢-٧٧٣ک) دەڵێ نواندنی نارەزایەتی بە شمشێر دژ بە ستەمکاران (ڕێچکەیەکی کۆنی پێشینانە، بەڵام کاتێ بینیان کە سەردەکێشێ بۆ لەوە خراپتر ئیتر مەسەلەکە جێگیربوو لەسەر وازهێنان لێی، جەنگی حورە و ڕووداوی ئیبن ئەشعەس و هیتریش وانەیەکەن بۆ کەسێ تێبگات)[3]، پێشەوا نەوەویش (٦٣١-٦٧٦ک) لە وەڵامدانەوەی کەسێ کە بەڵگە بە دەرچوونی حوسەین و ئیبن زوبەیر و خەڵکی مەدینە لەدژی یەزید کوڕی موعاویە دێنێتەوە هەمان

---

١- محمد البناني (حاشية في) الزرقاني، شرح الزرقاني على مختصر سيدى خليل، ج٨، ص٦٠.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- إبن حجر العسقلاني، تهذيب التهذيب، الهند: دائرة المعارف النظامية، ١٣٢٥ك، ج٢، ص٢٨٨.

بۆچوونی هەیە، دەڵێ: (ئەو ڕاجیاوازی و ناکۆکییە یەکەمجار لە لێکدانەوەی فەرموودەکەی عوبادەوە دروستبوو، پاشان ڕێکەوتن کرا کە نابێت شەڕ لەدژیان بکرێ، دەرچوونیش لەدژیان بە کۆدەنگی حەرامە)[1].

جیاوازی لە نێوان باسەکەی ئیبن حەجەر و باسەکەی نەوەوی ئەوەیە کە ئیبن حەجەر ئاماژەیداوە کە مەسەلەکان جێگیربوون لەسەر وازهێنان لە (مەزهەبی شمشێر)، بەو هۆیەوە کە دانایی ئەوەی خواستووە، بەڵام نەوەوی بە حەتمی دەرچوونی حەرامکردووە، بەپێی ئەوە کە وتوویەتی ئەوە کۆدەنگییەکی شەرعییە، بەمجۆرە (دەرچوون) لە مەسەلەیەکی ناکۆکی ئجتیهادیەوە کە لە سەردەمی یەکەمدا دەرکەوت دەگوێزێتەوە بۆ مەسەلەیەکی کۆدەنگی، بۆئەوەی بڕیاری حەتمی بدات بە حەرامی دەرچوون بە ڕەهایی، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا کەی و چۆن ئەو کۆدەنگییە ڕوویداوە کە پێشەوا نەوەوی و هەندێ لە فەرموودەناسانی پێش ئەو وەک قازی عەییاز باسیان کردووە؟

ناتوانین وەڵامێکی ورد بۆ ئەم پرسیارە بخەینەڕوو، بەڵام بەدواداچوونی مێژوویی بۆ ڕووداوەکان دەریدەخات کە بیرۆکەی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوایانی ملهوڕ تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی لەسەر ئاستی پراکتیکی شتێکی باوبووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناتوانرێ بوترێ کە کۆدەنگییەک لەسەر (مەزهەبی شمشێر) لەپێش ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی ڕوویدابێت هەروەک ئیبن حەجەر دەڵێ، چونکە بەتەنیشت ئەوانەوە کە وتوویانە دەرچوون لەدژیان دروستە، تەوژمێکی تری فیقهی هەبووە کە ناڕازیبووە لەو پرەنسیپە، گوتەیەکی پێشەوا ئەوزاعی گێڕدراوەتەوە کە بە ئاشکرا پێچەوانەیە لەگەڵ ئەبو حەنیفەدا، وتوویەتی: (ئێمە لە هەموو شتێکدا بەرگەی ئەبو حەنیفەمان گرت تا بە شمشێرەوە هات بۆمان)[2]، بەڵام ئەم تەوژمە بە بەراورد بە تەوژمی دەرچوونی فیقهی لاوازتر بووە، هەروەک شۆڕشی فیهقناسان لەگەڵ ئیبن ئەشعەس لەگەڵ پێشەوا زەیدی کوڕی عەلی دا بەڵگەیە لەسەر ئەوە، چونکە کەشوهەوای کۆمەڵایەتی باو لەو کاتەدا ڕقیان لە فەرمانڕەوایی بەنو ئومەییە بووە، ئەوەش بە بەرپاکردنی فەرمانڕەوایی ئەوان لەسەر زاڵبوون لەدوای جێنشینی ڕاشید، هەروەها گۆڕینی جێنشینیی بۆ پادشایەتی پشتاوپشت بیانووی بەدەستەوە داوە بۆ بەرپاکردنی

١- الوستاني اللآبي، محمد بن خليفة، وبن يوسف السنوسي،.....، شرح صحيح مسلم، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٤م، ص٥٢٩.

٢- الجصاص، أحكام القرآن، ج١، ص٨٦.

شۆڕش و دەرچوون لەدژیان.

لەڕاستیدا ئەللەئابی (٧٢٨ك) درەبارەی قەدەغەکردنی دەرچوون خاڵێکی زەمەنی دیاریکردووە بۆ دەستەبەرکردنی کۆدەنگی، دەڵێ: (لەدوای عەلی ڕێکەوتن کرا کە شەڕ لەدژیان نەکرێ و دەرچوونیش لەدژیان بە کۆدەنگی حەرامە)[١]، ئەوە ڕوونە ئەللەئابی -کە فیقهناسێکی مالیکیەو یەکێکە لە ڕاڤەکارانی صەحیحی موسلیم-، ئاماژە دەدات بەو بەروارە کە ناونراوە ساڵی کۆمەڵ، ئەمەش ئەو ساڵەیە کە ئاشتەوایی لە نێوان حەسەن و موعاویەدا کرا، بەڵام بەستنەوە لە نێوان کۆدەنگی شەرعی و کۆبوونەوەی سیاسیی لەسەر فەرمانڕەوایەک لە بارودۆخی ناسروشتیدا، بەس نیە بۆ وتنی هەبوونی کۆدەنگی لەسەر حەرامبوونی دەرچوون، چونکە مەعلومە کە کۆبوونەوە لەسەر شەرعیەتی فەرمانڕەوایی موعاویە ڕێکەوتنێکی سیاسیی بووەو بارودۆخی خۆی هەبووە، جا ئەگەر بیرۆکەی دەرچوون لە سەردەمی حوکمی موعاویەدا پاشەکشەی کردبێت، ئەوا خێرا لەدوای نەمانی حوکمەکەی ڕاستەوخۆ سەریهەڵداوەتەوە، ئەم دەرکەوتنەشی لەسەر دەستی (خەواریجەکان) نەبووە، بەڵکو لەسەر دەستی هاوەڵانی فیقهناس بووە کە هەستاون بە فەرزی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە، ئەمەش مانای وایە کە کۆدەنگی شەرعی لەسەر حەرامی دەرچوون لەدوای مردنی پێشەوا عەلی وەها کە بۆچوونی ئەللەئابییە دەستەبەر نەبووە.

لەلایەکیترەوە ئێمە بە زەحمەت یەکێک لە هاوڵان یان پشتیوانان ببینین کە لەو ماوەیەدا باسی ڕوودانی کۆدەنگی لەسەر حەرامی دەرچوون کردبێت، کەواتە ئیدیعای کۆدەنگی تەنها نەتیجەگیرییەکی مێژووییە لای زانایانێک کە پاشتر هاتوون، ئەوەی کە هەندێ لە سەرچاوەکان -بێ فراوانکردن یان درێژپێدان- دەیگوێزنەوە بریتییە لەوە کە ئەبوبەکر کوڕی موجاهیدی میقری یەکەمین کەس بووە ئیدیعای کۆدەنگی کردووە لەسەر حەرامی دەرچوون، قازی عەییاز (٥٤٤ك.م) لە شەرحی فەرموودەی عوبادە کوڕی صامیت دا دەڵێ فەرموودەی ((...مەگەر کوفرێکی ئاشکرا ببینن کە بەڵگەتان لای خواوە لەسەری هەبێت)): (ئەبوبەکری کوڕی موجاهید وتوویەتی ئەم مەسەلەیە کۆدەنگی لەسەرە)[٢]، هەروەها ئیبن وەزیر (٨٤٠ك) دەڵێ ئەبوبەکری کوڕی موجاهیدی میقری وتوویەتی کۆدەنگی هەیە لەسەر حەرامی

١- الوستانى اللآبي، محمد بن خليفة، كمال إكمال المعلم، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٤، ج٦، ص٥٢٩.

٢- إبن عباس، أبو الفضل عياض بن موسى. إكمال المعلم لفوائد مسلم، المنصورة: دار الوفاء، ١٩٩٨م، ج٦، ص٢٤٧.

دەرچوون لەدژی ستەمکاران، ئیبن حەزمیش وەڵامیداوەتەوە کە وانیە[١].

هەروەها لای هەندێ لە ڕاڤەکارانی فەرمووده لەنێویشیاندا خودی پێشەوا نەوەوی ئاماژەیەکی ڕوون دەبینین کە کۆدەنگی لەسەر حەرامی دەرچوون ڕێژەییە، تەنانەت لای زانا دواییینەکانی ئەهلی سوننەت، ئەوانەی کە پێشەوا نەوەوی دەستکۆتا بووە تەنها بە ناوهێنانی جوەینی ئیمامی حەرەمین کە ڕاجیاوازە لەو کۆدەنگییە کە پێشەوا نەوەوی وتوویەتی[٢].

کەواتە دەتوانرێ بوترێ کۆدەنگی لەسەر حەرامی دەرچوونی سیاسیی تەنها قسەیەکی مێژووییە، لە میانەی ئەو شارەزاییە مێژووییەدا مشتومڕی لێدەکرێ کە لەبەر ڕۆشنایی ئەودا سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی لێکدانەوە بۆ دەقەکان کراوە، تا ترسی مێژوویی لە دەرچوون بگۆڕدرێ بۆ حوکمێکی شەرعی لە ڕێگای میکانیزمی کۆدەنگییەوە، بەمجۆرە ئەوا گواستنەوە لە نواندنی ناڕازیی بە شمشێر بۆ وتنی حەرامی دەرچوون، دەربڕینێکە بۆ وەڵامگۆی بابەتی بۆ کۆمەڵێ لە پەرەسەندنە مێژووییەکان، ڕوودانی ئەمەش لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا ئاماژە دەدات بۆ ڕۆڵی گەورەی دەوڵەتی عەبباسی لە پرۆسەی گۆڕینی کەلتوری دەرچوون.

گومانی تێدا نیە دەوڵەتی عەبباسی وێنای پرۆژەیەکی سیاسیی کردووە کە خاوەنی کۆمەڵێ ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ڕوون بووە، چونکە سودی لە هەڵەکانی دەوڵەتی ئومەوی و ئەو ستەمە بەرفراوانەوە وەرگرت  کە لە سەردەمیدا بڵاوبووبوونەوە، بەتایبەتی بەرانبەر بە دانیشتوانی ناوچە غەیرە عەرەبیەکان، پاشان عەبباسیەکان هاتن شەرعیەتی ئالوبەیتیان بەکارهێنا بۆ دەستەبەرکردنی پەسەندکردنێکی فراوانتر بۆ بزووتنەوەکەیان، ئەمە بەرلە پەرەدان بە شەرعیەتێکی تایبەت بە خۆیان کە دەگەڕێتەوە بۆ هەقداری عەبباس مامی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە پێشەوایەتی. لەلایەکیتریشەوە کاتێ دەوڵەتی عەبباسی

---

١- الوزير، أبو عبد الله بن إبراهيم. الروض الباسم في الذب عن سنة أبي القاسم، الرياض: الرئاسة العامة لإدارة البحوث......، ١٩٨٣م، ج٢، ص٣٤.. هەروەها بڕوانە:

- أبوبكر بن مجاهد المقري... المعروف بإبن مجاهد المقري (٣٢٣ك.م)، ئیبن کەسیر لە البداية والنهاية دا لەبارەیەوە دەڵێ: (لە زۆر خەڵکەوە دەگێڕێتەوە، دارولقوتنی و هیتریش لێیەوە دەگێڕنەوە، کەسێکی بڕواپێکراو بووە، لە بەشی خۆرهەڵاتی شاری بەغدا نیشتەجێ بووە، سەعلەب دەڵێ: لەم سەردەمەماندا کەسێکیترمان نیە وەک ئەو شارەزا بێت بە پەڕاوی خوای گەورە. بڕوانە:

- إبن كثير البداية والنهاية، ج١١، ص٢٢٩.

٢- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٢٩.

بەرپابوو (گرفتی شەرعیەت) بەرۆکی نەگرت، وەها کە دەوڵەتی ئومەوی لەدوای جێنشینیی ڕاشیدەوە دووچاری بوو، کە نمونەیەکی جیاوازی حوکمڕانی هێناو هیچ شەرعیەتی نەبوو، دەکرێ سەرنجبدەین کە دەوڵەتی ئومەوی بە تەنها خۆی بەرپرسی مێژوویيە لە پرۆسەی گۆڕینی جێنشینیی بۆ پادشایەتی، جا هەرچەندە عەبباسیەکانیش هەر لە مەسەلەی حوکمی بۆماوەیی پشتاوپشت و نەمانی شورا شوێنپێی ئومەویەکانیان گرتەبەر، بەڵام خراپییەکانی سەردەمی ئومەوییەکان و جێکەوتەکانی لادانی لە نمونەی جێنشینیی ڕاشید بەرپرسێتی عەبباسیەکانی کەمکردەوە. ئەم فاکتەرانە پێکەوە فیقهی ئیسلامیان والێکرد قوبوڵی لەدایکبوونی دەوڵەتی عەبباسی بکات، نەک بەو سیفەتە کە حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی زاڵبوونی سیاسیی، بەڵکو بەو سیفەتە کە بزووتنەوەیەکی ڕاستکەرەوەیەو وێنای دابڕان لە حوکمی ئومەوی دەکات، هەروەک لەسەرتاوە هەندێ لە فیقهناسان باوەڕیان وەهابووە لەوانەش پێشەوا ئەبو حەنیفە[1].

گرنگترین پڕۆژەیەک کە دەوڵەتی عەبباسی هەڵیگرتبوو پڕۆژەی ڕۆشنبیری بوو، ئەو سەردەمی نوسینەوەیە کە ئومەوییەکان دەستیان پێکردبوو، لای عەبباسیەکان بە ورياييەکی زۆرەوە بووە تابلۆیەکی گونجاو بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە مەعریفەی ئیسلامیدا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە هەموو ئەو بەرهەمانە کە سەردەمی نوسینەوە بەرهەمیان هێنابوو گوزارشت بووبێت لە پڕۆژەکەی دەستەڵاتی عەبباسی. وێڕای ئەوەش دانانی گریمانەی بێلایەنی دەستەڵاتی عەبباسی لە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئیسلامی مەسەلەیەکە زۆر قورسە. پێدەچێ کە ڕۆڵی دەستەڵاتی عەبباسی -بە پلەی سەرەکی- کاریگەری هەبووە لەسەر کەشوهەوا گشتی سەردەمی نوسینەوە نەک لەسەر خودی ئەو مەعریفەیە، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی نوسینە دیوانیەکان و ڕێنمایی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگێڕانە سیاسییەکان لە زمانی فارسیەوە، ئەوەش بە مەبەستی دروستکردنی کەلەپورێکی ئیداری و سیاسیی کە یارمەتی عەبباسیەکان بدات لەسەر فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

بەڵام دەستوەردانی دەوڵەتی عەبباسی لە کایەی ڕۆشنبیری بەردەوام لە زیادبووندا بوو، ئەمەش لە دیاردەی هەوڵی عەبباسیەکاندا دەبینرێ بە

١- پێشتر ئاماژەمان بە هەڵوێستی ئەبو حەنیفە داوە بەرانبەر بە دەوڵەتی عەبباسی کە لە کاتی بەرپابوونیدا بانگەشەی زانایانی کردووە بۆ بەیعەت پێدانی بەرلەوە بگەڕێتەوە بۆ ناڕازيبوون پێی و پشتگیریکردن لە دەرچوون لەدژی..

بەنوسەرکردنی هەندێ لە فیقهناس و بیرمەندەکان کە هەر لە قازی ئەبو یوسفەوە دەستیپێکردووە، ئەم دیاردەیە گەشەیکردو فراوان بوو تا زۆرێک لە ڕابەرانی هزری ئیسلامی وەک ماوەردی و غەزالی و تەڕتوشی و ئیبن ئەبی ڕەبیعی گرتەوە، هەروەک لە هەندێ لە پێشەکی نوسینەکانیاندا دەردەکەوێ، لەڕاستیدا بونیادی تیۆری بۆ فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی یەکێکە لە بەرهەمەکانی سەردەمی نوسینەوە، بەتایبەتی لەدوای سەردەمی چوار پێشەواکە، کە فیقە بە ئاراستەی ناڕازیبوون لە دەرچوون ڕۆیشت، قۆناغی لێکدانەوەی مەزهەبی بۆ گوتەی پێشەواکان بەرەو فراوانبوون چوون، ئەوەش بە مەبەستی دەستبەرکردنی تەبایی لە نێوان گوتەکانیان و حاڵەتی جێگیربوون لە ژیانی سیاسیدا و سەقامگیری سیستمە ملهوڕ و زاڵبووەکان، ئەم قۆتاغەش بێ کێشەو بێ ئاژاوە نەبووە، وەک ئەو بەریەککەوتنە کە لای هەندێ لە فیقهناسانی حەنەفی دەیبینین لە خوێندنەوەی گوتەکانی ئەبو حەنیفە دەربارەی هەڵوێستگرتن لە فیتنە، زەیلەعی دەڵێ: (ئەو گوتەیە کە لە ئەبو حەنیفەوە دەگێڕدرێتەوە بە کەنارگرتن لە ماڵدا بۆ کاتێکە پێشەوای فەرمانڕەوا بوونی نەبێت، هەروەها یارمەتیدانی پێشەوایش لەسەر ئەرکەکانی لەکاتی تواناییدا، ئەوەی لە ئیبن عومەرەوە و کۆمەڵێک لە هاوەڵانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە لە دانیشتن لە کاتی فیتنەدا مانای ئەوەیە کە توانایان نەبووە)[١]، ئیبن نەجیم دەڵێ: (ئەوەی لە ئەبو حەنیفەوە هاتووە کە لە کاتی فیتنەدا کەنارگیری بکرێ و دانیشتن لە ماڵدا بۆ کاتێکە کە بانگهێشت نەکرێ، بەڵام ئەگەر پێشەوا بانگهێشتی کرد ئەوا بەدەمەوەچوونی فەرزە)[٢]، لە فیقهی حەنبەلیشدا دەبینین کە ئیبن موفلیح قسەیەکمان بۆ دەگوێزێتەوە کە دراوەتە پاڵ پێشەوا ئەحمەد و دەڵێ: (با کەس خۆی نەدات لە فەرمانڕەوا چونکە شمشێرەکەی لە کێلان دەرهاتووەو عاساکەی حازرە)، هەروەها وتوویەتی: (ئەگەر هاتوو فەرمانڕەوا توڕەکرا ئەوا شەیتان زاڵدەبێت بەسەریدا)[٣]، مەعلومە کە کاریگەری ئادابی ئامۆژگاری لەسەر ئەم دەستەواژانە کە دەدرێنە پاڵ پێشەوا ئەحمەد دیارە، بەتایبەتی کە ئیبن موفلیح بەڵگە بە قسەیەکی ئەرستۆتالیس و دانا هیندییەکان دێنێتەوە، هەروەها ئەم گوتەیە دەدرێتە پاڵ پێشەوا عەلی کە وتوویەتی: (دەستەڵات و ئاین دووانەی یەکن).

١- الزيلعي، تبين الحقائق شرح كنز الدقائق، ج٣، ص٢٩٤-٢٩٥.

٢- الحنفي، البحر الرائق شرح كنز الدئائق، ج٥، ص١٥٢.

٣- الحنبلي، الآداب الشرعية والمنح المرعية، ص١٧٦.

ئاشکرایشە ئەم دەستەواژەیە هی ئەردەشێری پادشای فارسە.

پرۆسەی سەرلەنوێ خوێندنەوەی مەزهەبی بۆ فیقهی چوار پێشەواکە لە سایەی سیستەمە ملهوڕەکاندا لە یەک کاتدا سەریکێشا بۆ دوو دەرئەنجامی پێکەوەبەستراو لەسەر هەردوو ئاستی: پراکتیکی و سیاسیی. لەسەر ئاستی پراکتیکی ئاراستەیەکی فیقهی سەریهەڵدا کە بەتوندی ڕۆیشت بە ئاراستەی داخستنی دەرگای ئیجتیهاد دا، ئەوانەش زۆربەیان لە فیقهناسانی مەزهەبەکان بوون کە خۆیان پێگەی دادوەریان لە دەوڵەتی عەبباسیدا پێدرابوو[1]، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی ئەوا حەرامکردنی دەرچوونی سیاسیی بە پشتبەستن بە (دەستەڵاتی فەرموودە) کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا دامەزرا کاری پێکرا، ئا بەمشێوەیە ئەوا قەدەغەکردنی دەرچوونی سیاسیی و دەرچوونی فیقهی لە بەرئەنجامی بەیەکگەیشتنی فیقە بووە بە سیاسەت لە سەردەمی چاولێکەریدا، ئەمە لەگەڵ ئەو ئەزموونە مێژووییەدا کە خۆی لە شکستخواردنی بزووتنەوەکانی دەرچوونی سیاسیدا خۆی نواند، کە ڕۆڵیان هەبووە لە بەهێزکردنی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەمەش مانای وایە کە حەرامکردنی دەرچوون ناگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کۆدەنگی شەرعی لەسەر پرەنسیپی حەرامی دەرچوونی سیاسیی، بەڵکو بۆ زاڵبوونی کەلتورێک بەسەر کەلتورێکی تردا کە نیشانەکانی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا دەرکەوت، دواجار لە قۆناغی چاولێکەریدا چڕبوویەوەو چەسپێنرا[2].

---

١- ئیبن جەوزی ئاماژە دەدات بە حەزی فیقهناسان بە تێکەڵاوی سەرکردەو فەرمانڕەواکان (ڕووپاماییکردن بۆیان و وازهێنان لە ناڕازیبوون لێیان لە کاتێکدا کە توانای ئەوەشیان هەبووە، ئەم کارەی بەوە داناوە کە فێڵی شەیتانەو لە فیقهناسان دەکرێ، بڕوانە:

- إبن الجوزی، تلبیس إبلیس، بیروت: دار الکتاب العربی، ١٩٨٥م، ص١٤٦.

بەڵام غەزالی تیشکی خستووەتە سەر ڕۆڵی فاکتەری سیاسیی لە گەشەکردنی فیقە لە قۆناغی چاولێکەریدا، ئاماژەیداوە بە خۆخەریککردنی خەڵکی بە (زانستی فەتوا)وە کاتێ بینیویانە کە فەرمانڕەواکان پێویستیان بە فیقهناسانە، ئیتر لە حوکمە شەرعیەکاندا بووبێت یان لە گرتنەدەستی کاری دادوەریی، بڕوانە:

- الغزالي، إحیاء علوم الدین، ج١، ص٤٩. لەبارەی ڕۆڵی دادوەریەوە لە بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکان، ئەحمەد تەیمور پاشا دەڵێ قازی ئەبو یوسف کاتێ دادوەریی هارونە ڕەشیدی گرتەدەست دانانی دادوەرەکانی لە عیراق و خۆراسان و شام و میصر لە ئەستۆ گرت (تەنها کەسانی هاوەڵی خۆی و ئەوانەی سەر بە مەزهەبەکەی بوون دانینان، خەڵکیش ناچاربوون بچنەژێر حوکمەکان و فەتواکانیان، بەمجۆرە مەزهەبەکەی لەو وڵاتانەدا بە شێوەیەکی گەورەو بەربڵاو بڵاوبوویەوە). بڕوانە:

- باشا، أحمد تیمور. نظرة تأریخیة في حدوث المذاهب الفقهیة الأربعة، بیروت: دار القادري، ١٩٩٠م، ص٥١.

٢- هەندێ لە زانایان کاریانکردووە لەسەر شێوە وەلاخستنێکی زانستی کەلەپوری فیقهناسەکانی تر کە پابەندبوون بە ڕایەکی جیاوازتر لە مەسەلەی دەرچوونی سیاسیدا، ئەمەش ئاماژەیە بۆ فرەجۆری ئەو

### ت- تەمومژی سنوری گوێڕایەڵیی سیاسیی:

فیقهناسان گرنگیان نەداوە بە دانانی سنورێکی سیاسیی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی، زۆربەیان دەستکۆتا بوون بەو دوو کۆت و بەندە شەرعیەوە کە لە فەرموودە پیرۆزەکاندا هاتوون ئەوانیش سەرپێچی و خراپەکارییە، لەبەرئەوە دەستەڵاتەکانی دەستەڵاتی سیاسیی فراوانبوو، چونکە کۆی هەڵسوکەوتی مەسەلە سیاسییە گشتییەکان ناچنەژێر چەمکی سەرپێچی بە واتا ئاینییەکەی، ئیبن جەماعە (٦٣٩-٧٣٣ک) دەڵێ: (خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) گوێڕایەڵیی کاربەدەستانیان کردووەتە فەرز جگە لە سەرپێچی نەبێت هیچیان لێ هەڵاوێرد نەکردووە، ئیتر ئەوەی کە ماوەتەوە دەبێ ملکەچی بن)[١]، ئەمەش ئەوەی بەدوای خۆیدا هێنا کە گوێڕایەڵیی سیاسیی چووەناو بازنەی کاروبارە ڕێگاپێدراوە ڕەهاکان-بواری سیاسیش بەشێکە لێیان-، حەتتاب لە کتێبی مواهب الجليل دا

---

میکانیزمانە کە لە زاڵبوونی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی ڕەهادا بەکارهێنراوە و لە سەدەی دووەمی کۆچیەوە جێگیربووە، ئەوەتا زەهەبی لە ئەبو میسهرانەوە دەگێڕێتەوە کە لە ئیبن ڕاشیدەوە شتی نەنوسیوەتەوە چونکە ئیبن ڕاشید ڕای وابووە کە دەبێ دەرچوون لەدژی پێشەوا هەبێت، ئیبن حەجەریش باس لە تاقمێک لە زانایان دەکات کە قسەی حەسەن کوڕی صاڵحیان (١٦٩ک.م) فەرامۆشکردووە، دوای ئەوە کە زانیویانە دەرچوونی بە شمشێر لەدژی پێشەوا ملهوڕەکان پێباشبووە، لەوانەش موعەممەری هەزلییە کە لە ئیبن حەجەرەوە دەگێڕێتەوە وتوویەتی: (ئێمە لای وەکیع بووین کاتێ قسەی لەسەر حەسەنی کوڕی صالح دەکرد هیچمان نەدەنوسی: ئەویش وتی: ئەوە چیتانە؟ وتوویەتی براکەم ئەوەی بەدەستەوە بووە واتە شمشێری پێباشبووە ئیتر بێدەنگ بوو)، لە سەردەمێکی دواتردا ئیبن حەزم تۆمەتبارکرا بە ڕەخنەگرتن لە پێشەواکان، خەڵکیش ئەم کارەیان پێناخۆشبوو و مەزهەبەکەییان پڕکرد لە تانوت لێدان و ناڕازیبوون و کتێبەکانیان فەرامۆشکرد تەنانەت فرۆشتنیان لە بازاڕدا قەدەغەکرا لەوانەشە هەندێجار دڕێندرابن)، هەروەها کوڕەزاکەی کە فیقهناسێکی زاهیرییە کەوتەبەر ڕەخنەو تاقیکردووە کە دوای ئەوە مرد چونکە شۆڕش لەدژی فەرمانڕەوا درایە پاڵی). بڕوانە:

- الذهبي، تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج١، ص٢٥٥.

- إبن حجر العسقلاني. تهذيب التهذيب، ج٢، ص٢٨٥-٢٨٦. حەسەن کوڕی صالح کوڕی حەیی یەکێکە لەو پێشەوایانە کە دەرچوونیان لەدژی پێشەوایانی ملهوڕ بە شمشێر بە دروست زانیوە، نوێژی لەدوای کەسی گوناهکارەوە نەکردووە لەبەرئەوە نوێژی جومعەی وازلێهێناوە، ئیبن حەجەر لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەم ڕایە کەسێ زامدار ناکات کە دادپەروەریی سەلمێنراوەو ناوبانگی بە قورئان لەبەرکردن وردەکاریی و وەرعی تەواو دەرکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەسەن هەر لەدژی کەس دەرنەچووە، بۆ نەکردنی نوێژی جومعەش ئەوە دەچێتە ناو کۆی ئەو ڕایەی کە لەدوای گوناهکارەوە نوێژی نەکردووە، دەستەڵاتی پێشەوای گوناهکاری بە دروست نەزانیوە، ئەمە ئەو پاساوەیە کە لە حەسەن وەردەگیرێ با ڕاستش پێچەوانەی ئەم بووبێت چونکە ئەم پێشەوایەکی موجتەهیدە).

١- إبن جماعة، بدر الدين محمد بن إبراهيم. تحرير الأحكام في تدبير أهل الإسلام، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣م، ص٦٢.

ئاماژەی بەمە داوەو دەڵێ: (بەڵام گوێڕایەڵیی لە کاری چاکەدایە، وشەی بەڵام لێرەدا بۆ سنووردارکردنە واتە کارێ کە نابێت خراپەی تێدا بێت یان سەرپێچی بێت، جگە لەوە ئیتر گوێڕایەڵیی دەبێتە فەرزو سوننەت و کاروبارە شەرعیە ڕێگاپێدراوەکان، جا ئەگەر فەرمانی پێدرا بە شتێکی ڕەواو دروست ئەوا گوێڕایەڵیکردنی فەرزەو نابێت سەرپێچی بکرێ)[1].

سەرپێچی بەو پێیە کە کۆت و بەندە لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەوا ئاجەری هاتووە سنوورداریکردووەو دەڵێ: (ئەگەری هەیە -واتە پێشەوا- بانگت بکات بۆ کەموکووڕییەک لە ئاینەکەتدا، ئەگەریشی هەیە فەرمانت پێبدات بە کوشتنی کەسێک کە شایستەی کوشتن نەبێت، یان بڕینی پارچەیەک لە کەسێ کە شایستەی ئەوە نەبێت، یان لێدان لە کەسێ کە نابێت لێیبدرێ، یان بردنی ماڵ و سامانی کەسێ کە شایستە نەبێت ماڵی ببرێ، یان ستەمکردن لە کەسێ کە ڕەوا نیە نە فەرمانڕەواو نە تۆ ستەمی لێبکەن، ئەوکات نابێت گوێڕایەڵی بیت، جا ئەگەر پێی وتی: ئەگەر ئەوەی من فەرمانت پێدەدەم نەیکەیت دەتکوژم، یان لێدانت دەکەم، بڵێ: خوێنم بەفیدای ئاینەکەم بێت، ئەوەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((گوێڕایەڵیی کەسێک ناکرێ خۆی لە سەرپێچی خوای گەورەدا بێت)) )[2]. بەپێی ئەم گوتەیەی ئاجەری ئەوا ئەو مەسەلانەی دەچنە ژێر چەمکی سەرپێچییەوە کۆمەڵێ مەسەلەن کە پەیوەندن بە مافی کەسانیترەوە، لەوانەش ستەم و لێدان و کوشتن و زەوتکردنی سامان بە ناڕەوا، موحاسیبی (٢٢٣ک.م) لەمە زیاتر دەڕوات، کە بەتەنیشت مافی کەسانیترەوە مافی خوای گەورەش هەیە و دەڵێ: (گوێڕایەڵیی کەسێک ناکرێ کە لە سەرپێچی خوادا بێت، وەک ئەنجامدانی خراپەکان، ئارەقخواردنەوە، سوژدەبردن بۆ بت، کوشتنی کەسێک بە ستەم)[3]. ئەم دوو دەقەی پێشەوە میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتدا ڕوووندەکەنەوە، کاتێ فەرماندەدات بە سەرپێچی دەرهەق بە مافی خواو مافی کەسانیتریش، بەڵام ئایا دەبێ هەڵوێستی تاکی موسڵمان چیبێت کاتێ کە دەستەڵات هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی کارێکی خراپ دەرهەق بە خودی ئەو کەسە خۆی؟

ئاجەری دەڵێ: (ئەگەر ستەمی لێکردی لەوەدا کە مافی خۆتە، ئەگەر بە

---

١- الحطاب، مواهب الجليل لشرح مختصر خليل، ص٢٧٩.

٢- الآجري، الشريعة، ج١، ص٤٥.

٣- المحاسبي، الحارث بن أسد بن عبد الله، المكاسب...الرزق الحلال وحقيقة التوكل على الله، القاهرة: مكتبة القرآن، ص١٢٣.

ستەمکردن لێیدایت، ئەگەر ناموسی پێشێل کردی، ماڵ و سامانی بردیت، با ئەوە وات لێنەکات شمشێرەکەت هەڵبگری و لەدژی ڕاپەڕی و بجەنگیت لەدژی، نەکەی لەگەڵ دەرچوواندا دەربچیت بۆ شەڕکردن لەدژی، کەسیش هەڵنەنێیت ڕاپەڕێ لێی، بەڵکو ئارامبگرە لەسەری)[1]، کەواتە چەمکی سەرپێچی لە جوڵەدایە لە نێوان ملنەدان بە گوێڕایەڵیی، لە بارێکدا دەستەڵات فەرمان بە سەرپێچی بکات دەرهەق بە مافی خوای گەورە یان دەرهەق بە مافی کەسانیتر، وە نێوان ئارامگرتن لەسەری لەبارێکدا خراپەیەکی ئەنجامدا دەرهەق بە مافی خودی تاکە کەس، ئەم چارەسەرە فیقهیە بۆ پەیوەندی سەرپێچی بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دوو تەمومژ دێنێتەڕوو، یەکەمیان: پەیوەندە بە وەڵامی ئەم پرسیارەوە: ئایا بۆچی دەبێت لە حاڵەتی یەکەمدا ملنەدات بە گوێڕایەڵیی دەستەڵات کە فەرمان بە سەرپێچی دەکات تەنانەت با خوێنی خۆیشی بکات فیدای ئەو مەسەلەیە، کەچی لە حاڵەتی دووەمدا پێویستە ئارامبگرێ با ئەو ستەمەی کە لێیکراوە زۆریش بێت؟ بەڵام تەمومژی دووەمیان پەیوەستە بەو ئاستەوە کە چەمکی سەرپێچی لای ئاجەری تیایدا دەجولێ، چونکە لەسەر ئاستی تاککەسی مشتومڕ لەسەر چەمکەکە دەکات بێئەوەی خۆیبدات لە هەڵوێستی کۆمەڵیانە لە حاڵەتی سەرپێچیدا.

لەڕاستیدا مانەوەی ئەم دوو تەمومژە لە بونیادی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا سەردەکێشێت بۆ دوو دەرئەنجامی پێکەوەبەستراو، یەکەمیان: لەدەستدانی مافی تاکەکەس لە پەیوەندی تاک بە دەستەڵاتی سیاسییەوە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵێ خراپەی تێدایەو زیان بە پرەنسیپی پاراستنی مرۆڤ دەگەیەنێ، دووەمیشیان: پەیوەستە بە گۆڕینی ئارامگرتن بۆ ئامڕازێکی پاککردنەوەی خود لە گوناهەکان و ستەمەکانی دەستەڵات، نەک فەلسەفەیەک بێت بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و نارازیبوون لە خراپەی سیاسیی.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەتوانرێ ئاراستەیەکی فیقهی بدۆزرێتەوە کە بە ئاراستەی کۆت و بەندکردنی گوێڕایەڵیی سیاسیدا دەڕوات، ئەوەش بەپێی بەرژەوەندی لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندن بە سیاسەتە گشتییەکانەوە نەک بە سەرپێچی فەرمانڕەوا، لێرەدا چەمکی خراپەکاری کردووەتە پایەی سەرەکی لەو کارەیدا، ئەم ئاراستەیە لای فیقهناسانی حەنەفی ڕوونتر دەبینرێ، هەر کردەوەیەک بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی بونیاتنرابێت بە کارێکیان داناوە کە

---

١- الآجري، الشريعة، ص٤٥.

گوێڕایەڵیکردنی دروست نیە، هاتوون دانیانناوە بەو ڕێسایەدا کە ئیبن عابدین لە کتێبی -الأشباه والنظائر-دا باسیکردووەو دەڵێ: (فەرمانی فەرمانڕەوا لەگەڵ بەرژەوەندیدا دەسوڕێتەوە)، چونکە (ئەگەر فەرمانڕەوا مامۆستایەک دابنێ و شایانی نەبێت ئەوا دروست نیە دایبنێ، پێشتریش وتوومانە کە کردەوەکەی بەندە بە بەرژەوەندییەوە)[١].

ئێمە لە ئاراستەی کۆت و بەندکردنی گوێڕایەڵیی سیاسی بە بەرژەوەندییەوە ڕوونییەکی زیاتر لای فیقهناسانی مەبەستە (مقاصد) ئیسلامییەکان دەبینین، ئەوەتا عیززی کوڕی عەبدولسەلام بەرژەوەندی گشتی داناوە بە کۆت و بەند لەسەر هەڵسوکەوتەکانی پێشەوا، پێیوایە پێشەوا بۆی نیە والیەک لەکاربخات و یەکێکیتر کە توانای لەو کەمترە لە جێگای دابنێ، چونکە ئەوە لەدەستدانی بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە. هەروەها پێیوایە هەڵسوکەوتی پێشەوایانی ستەمکار جێبەجێ ناکرێ مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە گونجابن لەگەڵ هەق و ڕاستی و زەرورەتی گشتیدا، لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئێمە فەرمانەکانیان جێبەجێ ناکەین ئەوانەیان نەبێت کە فەرمانی پێشەوا و فەرمانڕەوا دادپەروەرکان بن، ئێمە ئەو فەرمانەی بە بەرژەوەندی دەریدەکات پووچەڵ ناکەین بە فەرمانێکی کە خراپەیە، چونکە هەر مافێک کە توانای ڕاپەڕاندنی هەبێت ئیتر لەبەر نارەوایەک پشتگوێ ناخرێ، ئەوەی لەم مەسەلەیەدا دەیبینم بریتییە لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵسوکەوتانەیان تا تەبا بن لەگەڵ هەقداو تەواو...)[٢].

مەعلومە هەوڵێک بوونی هەیە بۆ سەرلەنوێ ڕێنماکردنی مەبەستداریی بۆ فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە ئاراستەی فراوانکردنی چەمکی سەرپێچی تا بەرژەوەندیش بگرێتەوە، بەجۆرێ کە دژایەتیکردنی بەرژەوەندی گشتی ببێتە سەرپێچییەکی ڕێگر لە ڕاپەڕاندنی هەڵسوکەوتەکانی دەستەڵاتی سیاسیی، ئەم تێگەیشتنەش لە گوتەکەی شاتیبی وەردەگیرێ کە دەڵێ (هەموو کاروبارەکانی شەریعەت بونیاتنراون لەسەر بەرژەوەندی خەڵک)، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە شاتیبی ڕاست و دروستی کردەوەکان بەپێی ئاستی گونجاندنیان لەگەڵ بەرژەوەندیدا پێوانە دەکات نەک لەسەر ڕواڵەتی حوکمە شەرعیەکە، چونکە حوکمە شەرعیەکان خۆیان مەبەست نین بەڵکو بۆ بەرژەوەندی گەلن، شاتیبی دەڵێ: (بەڵگەنەویستە کە

١- الحنفي، زين الدين بن نجيم، الأشباه والنظائر على مذهب أبي حنيفة النعمان، القاهرة: موسى الحلبي.....، ١٩٦٨م، ص٣٨٩.

٢- إبن عبد السلام، قواعد الأحكام في مصالح الأنام، ج١، ص٨٠.

حوکمە شەرعیەکان بۆ بەرژەوەندی گەل دانراون، کردەوەکانیش هەر بەو جێگای بایەخن، چونکە مەبەستی خوای گەورە وەهایە، جا ئەگەر مەسەلەکە لە ڕواڵەت و لە ناوەڕکیدا لەسەر ئەو شەرعیەتبوونە بێت ئەوا هیچ تەمومژێکی تێدا نیە، ئەگەر ڕواڵەتیش گونجاوبوو بەڵام بەرژەوەندیەکە نەگونجاو بوو ئەوا کردەوەکە نە ڕاستەو نە شەرعییە، چونکە خودی کردەوە شەرعیەکان بۆ خۆیان مەبەست نین بەڵکو لە ماناکانیاندا مەبەست پێیان کاری ترە، ئەوانیش ئەو بەرژوەندییانەن کە لەپێناویاندا دانراون)[1].

بەرمەبنای ئەمە ڕاپەڕاندنی هەڵسوکەوتەکانی دەستەڵات وەستاون لەسەر گونجاندنیان لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، ئەمەش ئەو پرسەیە کە فیقهی مەبەستە شەرعیەکان ئیقراری پێدەکات بە دانانی سەرپێچی لە میانەی کۆمەڵایەتیدا، ئینجا مانایەکی سیاسیی دەداتێ نەک ئاینی، جا لە کاتێکدا کە شاتیبی دەڵێ بەرژەوەندییەکان تەنها بە شەرع دەناسرێن، ئەوا عیززی کوڕی عەبدولسەلام پێیوایە کە (تەواوی بەرژەوەندییە دنیاییەکان و خراپەکانیشی بە ئەقڵ دەناسرێن)[2]، توفی (٧١٦ک.م) بەهەمانشێوە دەڵێ: (لەڕاستیدا بەرژەوەندی ئیدارەدانی خەڵکی بە ئەقڵ و بە عادەت زانراوە)[3]، هاتووە لە مامەڵەکاندا بەرژەوەندی خستووەتە پێش شەرع بەڵام لە پەرستشەکاندا نەخێر. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا هەر پشکی فیقهی مەبەستاریی لە ڕاستکردنەوەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی لەسەر بەرژەوەندی نەک سەرپێچی بە واتا ئاینیەکەی هەر سنوردار بووە، ئەوەش بەو هۆیەوە کە چەمکەکە لە سەردەمی چاولێگەریدا بەشێوەیەکی ڕێژەیی جێگیربووە، بەڵام گرنگە ئاماژە بدەین کە فیقهی مەبەستاریی لە ئیمامی حەرەمەین جوینی یەوە دەستیپێکردووە، تا گەیشتە جۆرێ لە مەعریفەی فیقهی کە لەسەر ڕێسای میتۆدیی دامەزرا و زۆر جیاواز نەبوو لە ڕێسا فیقهییە گشتییەکان، ئەمەش بە مەبەستی نەگرتووە کە ژیانی ئیسلامی-بەتایبەتی سیاسیی- سەرلەنوێ لەسەر بنەمای مەبەستدایی ڕێکبخاتەوە، چونکە ئامانجی گشتی کاری مەبەستاریی بریتی بووە لە پارێزگاریکردن لە بنەماکانی شەریعەت و لە هەمووەکییەکانی،

---

١- الشاطبي، أبو إسحاق إبراهيم بن موسى بن محمد. الموافقات في أصول الشريعة، بيروت: دار المعرفة، ج٢، ص٣٨٥.

٢- إبن عبد السلام، قواعد الأحكام، ص٦.

٣- الطوفي، نجم الدين سليمان بن عبد القوي بن عبد الكريم. رسالة في رعاية المصالح، القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٣م، ص٤٨.

تا ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەوتی بەش بەشکردن ببێتەوە کە لە فیقهی ئیسلامیدا بڵاوەیکردبوو، تا دواجار وایلێکرد ببێتە کارێکی فەتوادان و بەرپا ببێت لەسەر بەدواداچوونی ڕووداوە بەشییەکانی ژیان.

سوڕانەوەش بە دەوری ئەم ئامانجەدا هۆی نەتوانایی فیقهی مەبەستداریمان پێدەڵێ لە خستنەڕووی دیدێکی سیاسیی سەربەخۆ جیا لە فیقهی چاولێگەری لە بابەتی پێشەوایەتیدا[١]، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی هەندێ دەروازەی گشتی، وەک دەروازەی شیکاری وەزیفی بۆ هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە قەڕافی خستوویەتەڕوو، کە بە درێژایی چەند سەدەیەک جێگای بایەخپێدان نەبووە، تا لەم سەردەمە نوێیەدا لە دامەزراندنی سروشتی مەدەنی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەکارهێنرا[٢].

## دووەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی کەلامیدا

باسی پێشەوایەتی پەیوەستە بە زانستی کەلامەوە، لە ڕەوشی فیقهیدا ئاماژەماندا کە گرنگیدان بە بابەتی پێشەوایەتی مۆرکێکی پراکتیکی وەرگرتووە، نزیک بووە لە پیادەکردنی ئیجتیهادی فیقهی نەک تیۆریزەیی، لەبەرئەوە هەر دەبوو ئەو بابەتە ببرێتە پێش تا لە چوارچێوەیەکی زانستیدا مشتومڕی لەسەر بکرێ، کە لە ڕووی دەروازەکانی مامەڵەکردنی مەنهەجی و ڕێساکانی تێڕوانینی ئەقڵیدا جیاواز بێت لە فیقە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەکرێ بوترێ کە زانستی کەلام -بەلانیکەمەوە لە سەرەتاوە- دانراوە بە (بەشێکی فیقهی)، کە لە چوارچێوەیدا مشتومڕ لەسەر

---

١- مامۆستا موحەممەد تاهیر بن عاشور لە کتێبەکەیدا بەناوی (مقاصد الشريعة الإسلامية) باسی لە مەبەستەکانی شەریعەت کردووە لە بەرپاکردنی حکومەت و دانانی والیەکان و مەرجەکان و نیشانەکانیان، هەروەها ئەو مەسەلانە کە پەیوەستن بە ئەهلی حەلل و عەقدەوە، ئەو مەسەلانە بەوە دادەنێ کە لە دەرەوەی باسی مەبەستەکانن، هەندێکیان دەگێڕێتەوە بۆ زانستی ئوسوڵی ئاین و سیاسەتی شەرعی، هەروەها قسەکردنی لەسەر ((پێشەواکان لە قورەیشن)) کە ڕێگرێکی سیاسیی بەردەوامە لە یەکسانیی لە هەڵبژاردنی پێشەوادا. بڕوانە:

- إبن عاشور، محمد الطاهر. مقاصد الشريعة الإسلامية، الأردن: دار النفائس، ط٢، ٢٠٠١م، ص٣٣٥، ٤٩٧.

مامۆستا عەلال فاسی کتێبی (الأحكام السلطانية) (لە ڕیزی سەرچاوکانی تەشریعدا دادەنێ کە دەچێتەناو چوارچێوەی سیاسەتی شەرعیەوە و دەبێت گوێڕایەڵیی بکرێت لەبارێکدا کە دژ نەبێت لەگەڵ بنەمایەک لە بنەماکانی ئایندا). بڕوانە:

- الفاسي، علال. مقاصد الشريعة الإسلامية ومكارمها، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ط٥، ١٩٩٣م، ص٥٩.

٢- -وەها ئێمە شارەزاین- دیارترین کەسێک کە ئەو دەروازەیەی بەکارهێناوە دکتۆر موحەممەد عەممارە بووە لە زۆرێک لە کتێبەکانیدا.

مەسەلەی پێشەوایەتی کراوە بە جۆرە شێوازێکی جیا لە مشتومڕی فیقهی، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستی فیقهیش بۆ لەخۆگرتنی دیارەی سیاسیی و تێگەیشتن لە جووڵەی لەسەر ئاستێکی هەمووەکی تێر دەکات، کەواتە هەڵسوکەوتی فیقهی لەگەڵ دیاردەی سیاسیدا چڕکرایەوە لەسەر حوکمدان بەسەر بەشە بەرچاوەکانیدا، بێئەوەی هەوڵی دارشتنەوەی بدات بەشێوەیەکی هەمووەکی، لەلایەکیتریشەوە ئەوا مەسەلەکانی وەک قەدەر و حوکمی شەرعی ئەنجامدەری گوناهی گەورە -کە ئەو مەسەلانەن لە زانستی کەلامدا وێنای لایەنە باوەڕییەکانی بابەتی پێشەوایەتی دەکەن- ئەو مەسەلانەن کە لەتوانادا نەبووە لە چوارچێوەی توێژینەوەی فیقهیدا مشتومڕیان لەسەر بکرێ، چونکە ناوزەدکراوە بە ترسێکی مەنهەجی دەرهەق بە چوونەناو ئەمجۆرە مەسەلانە.

بەغدادی (٤٢٩ک.م) جەختدەکات لەسەر پەیوەندی نێوان فیقە و زانستی کەلام، هاتووە فیقە و زانستی کەلامی لەناو یەک بونیادی زانستیدا داناوەو ناویناوە بە زانستی بنەماکانی ئاین، ئیبن خەلدونیش بەهەمانشێوە جەختدەکات لەسەری بەڵام بەرلە ڕوودانی ئەوەی دایناوە بە جیابوونەوە لە نێوان فیقە و زانستی کەلامدا، ئەوەش بەهۆی زاڵبوونی فەلسەفە بەسەر زانستی کەلامدا[١].

ئەگەر سەرنجبدین لە ڕووداوەکانی فیتنە کە فیقهی ئیسلامی بە هەردوو تەوژمیەوە (فیقهی سەقامگیری) و (فیقهی گۆڕانکاری) لەناویدا ژیا، دەبینین کە بە کردەی گەشەسەندنی مەعریفە گۆڕدرا بۆ جۆرێک لە پرسیاری فیکری کە سروشتی بوونی هەیەو پەیوەستە بە دەوڵەت و کۆمەڵگاوە چوونیەک، ئینجا چڕبوویەوە لەسەر شەرعیەتی هەبوونی دەوڵەت، کە ئایا بوونی بە ئەقڵ جێگیر دەبێت یان بە شەرع، هەروەها پەیوەندی بە باوەڕەوە، کە ئایا بە قەدەرێک ناوزەد دەکرێ، ئایا شوێنی ئازادی مرۆڤ چییە تیایدا، هەروەها سروشتی ئەو پرسیارانە کە جۆرێک لە توێژینەوە دەخوازن و لە پێشەکییە ئەقڵیەکان و مەسەلە جەدەلیەکانەوە هەنگاو دەنێن، کە جیاوازن لەو توێژینەوەیە لە بیرکردنەوەی فیقهیدا باوە؟

بێگومان زانستی کەلام لەسەر پاشخانی بیرکردنەوە لە بنەماکانی مەسەلە گەورەکان دروستبوو، کە ئەوکات دەوروژێنران و دیارترینیان مەسەلەی قەدەرە، شەهرستانی دەڵێ جیاوازییەکان لەدوای جێنشینیی ڕاشید بوون بە دوو بەشەوە:

---

١- إبن خلدون، المقدمة، ص٨٣٥.

(یەکێکیان جیاوازی بوو لەسەر پێشەوایەتی و دووەمیان جیاوازی لە بنەماکان)[١]، بەغدادیش جیاوازییەکانی نێوان موسڵمانانی لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەپێی سێ قۆناغ ڕێکخستووە، ئەوانیش ئەمانەن[٢]:

– جیاوازی فیقهی لە مەسەلەی مامەڵە فیقهییە وردەکاندا، ئەم جیاوازییە گومڕاکردن یان گوناهبارکردنی هیچ لایەنێکی تێدا نەبووە، هەر لە سەردەمی ئەبوبەکری صدیقەوە بەردەوامبووە تا ساڵانی سەرەتای جێنشینی عوسمانی کوڕی عەففان.

– جیاوازی سیاسیی، ئەمەش جیاوازییەکە لە سەردەمی جێنشینیی عوسماندا دەستیپێکرد، بەغدادی دەڵێ: (...پاشان لەسەر عوسمان ناکۆکیان تێکەوت، ئەوەش بەهۆی کۆمەڵە شتێکەوە کە ناڕازیبوون لێی، تا دواجار ستەمکاران هەڵیانکوتایە سەری و کوشتیان، دوای کوشتنیشی بکوژەکانی ناکۆکی کەوتە نێوانیان و ئەو ناکۆکییەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە، دوای ئەوەش ناکۆک بوون لەبارەی پێشەوا عەلی و خەڵکانی جەنگی جەمەل، لەبارەی موعاویەو خەڵکانی صەففەین، هەروەها لە میانگیریی هەردوو ناوبژیوانەکەشەدا ئەبو موسای ئەشعەری و عەمروی کوڕی عاص کە ناکۆکییەکە تا ئەمڕۆ بەردەوامە).

– جیاوازی لە بنەماکان، کە بەدەوری مەسەلەکانی زۆرەملێ و ویست و ئیرادەدا دەسوڕایەوە، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم ناکۆکییە هەروەک بەغدادی دەڵێ پەیوەندە بە (قەدەریەکان)ەوە، ئەمەش دیاریکردنێکە گونجاوە لەگەڵ بۆچوونی شەهرستانی کە پێیوابووە ناکۆکی لەسەر بنەماکان لە کۆتاییەکانی سەردەمی هاوەڵاندا دەرکەوتووە کە ناوبراوە بە (بیدعەی مەعبەدی جوهەنی و غەیلانی دیمەشقی و یونسی ئەسواری کە دانیان ناوە بە قەدەردا بەڵام نکولیانکردووە لەوەی چاکەو خراپە بدرێنە پاڵ قەدەر)[٣].

شەهرستانی لە هەمان میانەدا پێیوایە کە ڕاجیاوازی لەسەر پێشەوایەتی گەورەترین ناکۆکییە کە هاتبێت بەسەر ئەم ئوممەتەدا، بەڵام ئەو تێگەیشتنە لە دەستەواژەی پێشوو وەردەگیرێ کە ناکۆکی سیاسیی هەر لەسەر ئەو لایەنە پراکتیکیانە دەسوڕایەوە کە پەیوەندبوون بە کەسایەتی پێشەواو سیاسەتی،

---

١- الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص٢٠.

٢- البغدادي، الفرق بين الف َرق وبيان الفرقة الناجية، ص١٧-١٨.

٣٠- الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص٢٠

هەروەها تەگبیری ئیدارەدانی بێئەوەی پەیوەست بکرێ بەو مەسەلانەوە کە ڕەهەندی ئوسوڵیان هەیە، جا ئەگەر خەواریجەکان یەکەمین کەسانێ بووبن کە لە مەسەلەکانی پێشەوایەتیدا دەستیاندابێتە بەکافرکردن لەسەر ئاستی پراکتیکی، ئەوا حوکمی یەزیدی کوڕی موعاویە کە کێشەی (گوێڕایەڵیی فاسیق)ی هێنایەڕوو، زەمینەی سازاند بۆ گواستنەوەی قسەکردن لەسەر پێشەوایەتی لە بەشیەکانەوە بۆ بنەماکان، یان لە بەشیەکانەوە بۆ هەمووەکیەکان، تا ئەو مەسەلەیە لە بواری کەلامیدا بەرگێکی باوەڕی ڕوون وەربگرێ، ئەوەش بەهۆی سروشتی لێکدانەوەو بەڵگەداریی ئەو بوارەوە.

شایانی باسە تێڕوانینە کەلامییەکان بۆ مەسەلەی سیاسیی زۆرجار لە ڕێگای دەروازە باوەڕییەکانەوە بووە وەک دەروازەی قەدەر، هەروەها حوکمی کەسێ گوناهی گەورە ئەنجامبدات، یان هەقیقەتی باوەڕ و هیتریش، جا لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو دەروازانە کاریان کردووەتە سەر مەسەلەی سیاسیی، بەجۆرێ لەو مشتومڕەدا کە دەربارەی پێشەوایەتی لە ڕەوشی کەلامیدا دەکرا، لە قسەوباس لەسەر مەرجەکانی پێشەوایەتی، بەیعەت، شێوازی دانانی پێشەواو نیشانەکانی، ئەرکەکانی ئەهلی حەلل و عەقد، بەڵام مشتومڕە سیاسییەکە بە ئاراستەی (لاهوتی) دا ڕۆیشت، کە زۆرێک لە پەیوەندییەکانی بە واقیعی کۆمەڵایەتیەوە لەدەستدا، لەوانەیە سەرەتاترین سەرنج کە شایانی تۆمارکردن بێت، ئەوە بێت گرنگیدان بەو مەسەلانەی ئاماژەیان پێدرا کە وێنای کرۆکی باسی سیاسیی دەکەن، لە ڕەوشە کەلامیەکەدا نەگەیشتوونەتە ئاستی گرنگیدان بە لایەنە باوەڕییەکانی دیاردەی سیاسیی وەها کە ئەزموونی کەلامیی دەیخاتەڕوو، جا هەروەک فیقە کاریکردووە لەسەر بەش بەشکردنی دیاردەی سیاسیی و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا بە تێڕوانینێکی ناگشتگیرانە، ئەوا مەسەلەی سیاسیی لە چوارچێوەی زانستی کەلامدا لە سنوری واقیعی سیاسیی دەرچوو و بووە ئامرازێک بۆ مشتومڕ لەسەر بابەتەکانی باوەڕ، چونکە کەسی کەلامی لە باوەڕەوە دەستپێدەکات تا بگات بە سیاسەت، بەڵام ئەوەی لەبارەی باوەڕەوە دەیڵێ مەرج نیە بسەپێت بەسەر سیاسەتیشدا، گرفتی ترازان لە نێوان پرسی باوەڕیی و پرسی سیاسیی –وێڕای جێگیری چۆنێتی سیاسیی بابەتی کەلامی– هەر بە درێژایی ڕێکردنی ئەو زانستە لەبەرچاودا بووە، بەجۆرێ کە چەندین جیاوازی کرۆکی لە پرسەکانی باوەڕدا لە نێوان گروپە کلامییەکاندا دەبینین، بەڵام هەمان ڕووبەر لە ناکۆکی لەوەدا کە پەیوەندە بەو ڕا سیاسیانەوە کە پەیوەندن بە گوێڕایەڵیەوە و هەڵوێستی لە

دەستەڵاتی سیاسیی بە گشتی نابینین.

لەڕاستیدا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی وەها کە ئەشعەریەکان لە ڕێگای ئەبو حەسەنی ئەشعەری و قازی باقللانییەوە (٤٠٢-٣٢٨ک) خستوویانەتەڕوو، زۆر جیاواز نیە لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی فیقهی حەنبەلی لە قۆناغی چاولێکەریدا، چونکە ئەمیش بەرپا دەبێت لەسەر حەرامکردنی دەرچوون، هەروەها فەرزی بەگوێکردنی فاسیق و ملهوڕ و زاڵبوو، ئینجا دۆعاکردن بۆ پێشەواکان وەک یەکێک لە دیاردەکانی گوێڕایەڵیی، ئەمە بێئەوەی گرنگیبدات بە هیچ جۆرە دیسپلینێکی (باوەڕیی) بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی، کە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی ئەو ڕووبەرە مەعریفیەی گوتاری ئەشعەری تیایدا دەجوڵا، دەبوا بەدواداچوون بۆ چالاکی کەلامیی ئەشعەریەکان دەربارەی پرسەکانی ناچارکردن و ویست و ئیرادە لەسەر ئاستی تیۆری، بگەیشتایە بە چەمکێکی جیاواز و زۆرتر دیاریکراو بۆ گوێڕایەڵیی لەسەر ئاستی سیاسیی، ئەمەش ئەگەربێتو ڕا سیاسییەکان بریتی بن لە ڕەنگدانەوەی ڕا باوەڕییەکان، لەڕاستیدا لە لێکۆڵینەوەمان بۆ گوتاری سیاسیی ئەشعەری ئەوەمان نەبینی هەروەک لەمەوپاش دێت.

ئەم مەسەلەیەش بەهەمانشێوە لای هەندێ لە زانا دواییینەکانی موعتەزیلە بوونی هەیە، ئەوانەی کە پرسی فەرماندان بە چاکەو ڕێگریی لە خراپەیان کردووەتە بنەمایەک لە بنەماکانیان، بەڵام لەبەرانبەرەوە کۆمەڵێ ڕەگەزی (سوننی) فرەجۆریان ئاوێتە بەو چەمکە کردووە، کە تایبەتمەندییە ئیعتیزالیەکەی لەدەستداوە، لەبەرانبەریشەوە ئەوا ڕایە باوەڕییەکانی ئاراستەی زۆرەملێ کە لەسەر نەهێشتنی بەرپرسێتی مرۆڤ دامەزراون لە کردەوەکانی، بەوەی دەدرێنە پاڵ قەدەر، ڕێگیری لە جوهمی کوڕی صەفوان (١٢٨ک.م) -دامەزرێنەری ئەم ئاراستەیە- نەکردووە بەشداریبکات لە شۆڕش لەدژی دەستەڵاتی ئومەوی، ئەم کارەش ئەوە دەخوازێ بوترێ ڕای سیاسیی ئەو تاقمانە کە چووەتە ژێر بارودۆخی واقیعی سیاسیی و کاریگەرن پێی، زۆرجار ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی فیقهی نەبووە.

لە هەموو بارێکدا ئەوا ڕای هەموو ئەو تاقمانەو هەڵوێستیان کە بۆمان گوازراوەتەوە، بەس نین بۆ دەرکەوتنی ئەو هۆیە کە لە هەڵوێستە پراکتیکیەکاندا -لە زۆر کاتدا- وای لە پیادەکردنی تیۆریزەیی کردووە بڕوات بە ڕێگایەکی جیاوازدا، دەکرێ بوترێ ئەو گونجاندنە زۆر و بەردەوامە لە نێوان ڕاوبۆچوونەکان لە باوەڕدا و ڕاوبۆچوونەکان لە سیاسەتدا بەڕوونی لای خەواریجەکان بوونی هەیە، چونکە تێگەیشتنیان بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی بەڕوونی بونیاتنراوە لەسەر باوەڕیان

دەربارەی ئەنجامدەری گوناهە گەورەکان.

ئەم سەرنجە سەرەتاییانە لە کاتی مشتومڕ لەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای تاقمە کەلامییە سەرەکییەکان زیاتر ڕووندەبنەوە، وەک تاقمی: خەواریج، موجبیرە و مورجیئە، موعتەزیلە، ئەشعەریەکان، بەڵام وادەردەکەوێ کە لێکۆڵینەوە لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشە کەلامیەکەدا قورستر بێت لەوەی لە ڕەوشە فیقهیەکەدایە، چونکە ئەو شتانە کە یارمەتیدەرن لەسەر لێکۆڵینەوە لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشە فیقهیەکەدا، لە زۆر بەشەوە -وێڕای پرژوبڵاویان- وەردەگیرێن، وەک سزاکان و زەکات و پێشنوێژی و تەمبێکردن و حوکمەکانی یاخیبوون و هیتریش، بەڵام زانستی کەلام خاوەنی تفاقی ڕاستەوخۆی زۆر نیە تا بە تێروتەسەلی قسە لەسەر ئەم چەمکە بکات، ئەوەش شتێکە جێگای سەرسوڕمانە بەوپێیە کە بابەتی پێشەوایەتی یەکێکە لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی کەلام، بۆیە دەبوا کەلەپورێکی زەبەلاحی لە کتێبەکان لە مەسەلە جۆراوجۆرەکاندا پێکبهێنایە، لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بە کەلەپوری موعتەزیلە دەدەین، چونکە زۆربەی توێژەران مامەڵە لەگەڵ کتێبەکانی قازی عەبدولجەبار دەکەن، بەو سیفەتە کە وێنای ڕاکانی موعتەزیلە لە سیاسەتدا دەکات، هەرچەندە دەمەقاڵەیەکی توند هەیە لەسەر ڕاست و دروستی دانەپاڵی هەندێ لەو کتێبانە بۆ لای ئەو، هەروەک لەسەر کتێبی (شرح الأصول الخمسه) دەوترێ. قازی عەبدولجەبار -لەڕاستیدا- وێنای کۆتا قۆناغی پەرەسەندنی هزری موعتەزیلە دەکات، چونکە ئەو لەدوای نزیکەی سێسەد ساڵ لە پەیدابوونی هزری موعتەزیلە هاتووە، هەوڵدانیش بۆ شارەزابوون بەسەر ڕاکانی موعتەزیلە لەپێش ئەو ماوەیە ئەرکێکی زۆر ئاڵۆزە، ئەوەش بەهۆی نەبوونی زانیاری لەسەر ڕا سیاسییەکانی دامەزرێنەرانی بیری ئیعتیزالی، ئەم مەسەلەیەش بە زۆری دەدرێ بەسەر ڕاکانی موجبیرەو مورجیئەدا، بە پلەیەکی کەمتریش بەسەر خەواریجەکاندا، ئەوانەی کە لەبارەیانەوە کتێبی تایبەت بەوانمان لەبەردەستدا نیە تا وردەکارییەکانی بیری سیاسیان ڕوونبکاتەوە.

### ١- گوێڕایەڵیی سیاسیی و باوەڕی دەرچوون (ڕاپەڕین):

مەسەلەی حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورە لە ئان و ساتی ڕووداوەکانی فیتنە لە سەردەمی جێنشینیی پێشەوا عەلیدا دەرکەوت، خەواریجەکان لەدوای ڕووداوی ناوبژوانیەکە لێی جیابوونەوە، هەردوو لایەنی ناکۆک و ناوبژیوانەکانیشیان کافرکرد، پێشەوا عەلییان بەوە دانا کە لە دەرەوەی سنوری شەرعە، ئەوەش بەهۆی

گومانیان لە پێشەوایەتیەکەی، هەروەها پەسەندکردنی میانگیریەکە لەبەرئەوە بە تێڕوانینی ئەوان شایستەی لابردن و کوشتن بووە[1].

ئەوەی تێبینی دەکرێ مەسەلەی حکومی ئەنجامدەری گوناهی گەورە لەسەرەتاوە وەک کێشەیەکی دیالیکتیکی سەریهەڵنەدا، بەڵکو بەو سیفەتە کە حوکمێکی باوەڕیی بڕاوەیە، خەواریجەکان کردیانە ڕێسایەکی ئوسوڵی کە وێنای کرۆکی بیرکردنەوەی سیاسیانی دەکرد، لەبەرئەوە ئەوا خۆبەریکردن لە ئەنجامدەری گوناهی گەورە لە بیری سیاسیاندا پێش بەهای دادپەروەری سیاسیی کەوتووە، چونکە لە کاتێکدا کە پێشەوایەتی ملهوڕیان بە ڕەوا نەزانیوە، هەروەها سیفەتی ملهوڕییان کردووەتە پاساوێک بۆ لابردن و لەکارخستن، ئەوا خۆبەریکردن لە عەلی و عوسمان و موعاویەیان کردووەتە مەرجێک بۆ گوێڕایەڵی دەستەڵاتی سیاسیی[2]، ئەوان هاتووەن پشتگیریان لە عەبدوالله کوڕی زوبەیر کردووەو هاتوونەتە لای لە مەککە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئیبن زوبەیر ڕەتیکردووەتەوە خۆی لە عوسمان بەریبکات ئیتر دەرچوون لەدژی ئەویش، ئەمە لە کاتێکدا کە دانیانناوە بە دادپەروەری ئەودا[3]، هەمان شتیشیان لەگەڵ عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا کردووە، کاتێ داوایان لێکردووە خۆی بەریبکات لە باوباپیرانی[4]، بەمجۆرە باوەڕی دەرچوون بووەتە باوەڕێکی جێگیر لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ سیستمە حوکمڕانە جۆراو جۆرەکاندا، تەنانەت ئەوانەشیان کە دادپەروەربوون. وادەردەکەوێ ئەم بیرکردنەوە توندو تیژە کە لەسەر چوونەناو هەناوی مێژوو بەرپابووەو ڕووداوە ناکۆکەکانیان کردووەتە یاسایەک بۆ هەڵسوکەوتی سیاسیی، توانای کارکردن و بەردەوامبوونی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا کە گۆڕەپانێک بووە بۆ ئەو ڕووداوانە لەدەستداوە، تا وایلێکردن ڕووگەی چالاکیان بگۆڕن بە ئاراستەی لایەنەکانی تری دەوڵەتی ئیسلامیدا، هاتوون لە خۆرئاوای عەرەبیدا دوو گرنگترین دەوڵەتیان دامەزراند، ئەوانیش دەوڵەتی -میرداریە و ڕۆستمیە- بوون[5].

---

١- السيد، محمد صالح محمد. مدخل إلى علم الكلام، القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر، ٢٠٠١م، ص١٧٠.

٢- الشهرستاني، الملل والنحل، ص١١٥.

٣- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٥، ص٥٦٤.

٤- المسعودي، علي بن الحسين. مروج الذهب ومعادن الجوهر، دمشق: منشورات وزارة الثقافة، ١٩٨٨م، ص١٧٦.

٥- إسماعيل، محمود. الخوارج في بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجري، القاهرة: مكتبة الحرية الحديثة، ط٢، ١٩٨٦م، ص٢٧.

خەواریجەکان بۆ تێگەیشتنیان لە پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی، هاتوون پشتیان بە خوێندنەوەو لێکدانەوەی ماناگۆڕین بەستووە بۆ هەندێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و دەقەکانی سوننەتی پێغەمبەرایەتی: هاتوون مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەیان گۆڕیوە کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن لَّمۡ يَحۡكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ المائده: ٤٤. واتە: (جا ئەوەی حوکم بە شەرع و بەرنامەی خوا نەکات و بەرنامەی غەیری خوای لا پەسەند و چاک بێت، ئا ئەوانە لە ڕیزی بێباوەڕ و حەق پۆشاندان). ڕووداوی ناوبژیوانییان لە جێنشینیی پێشەوا عەلیدا بەوە داناوە کە لادانە لە حوکمکردن بەوەی خوای گەورە دایبەزاندووە، هەروەها بە گێڕانەوەی مەسەلەکان بۆی لە کاتی سەرهەڵدانی ناکۆکیدا، میانگیریی کەسەکانیان بەوە داناوە کە دەرچوونە لە سنوری شەرع و هەرکەسێ بیکات شایستەی لابردنە، بەڵام هاتوون لابردنیان هاوتاکردووە بە کافربوونەوە، هەربۆیە کافرکردنیان -نەک خەباتی سیاسی- کردووەتە شێوازێک بۆ لابردن و گۆڕینی دەستەڵاتی سیاسیی کە بە تێڕوانینی ئەوان شەرعیەتی لەدەستداوە، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە فەرمانڕەوا بۆئەوەی لەکاربخرێ پێویستە لەپێشەوە کافربکرێ، ئەم مەسەلەیەش چەندین جێکەوتەی تەمومژاویی بەدوای خۆیدا هێنا، گرنگترینیان ئەمانەن:

- سەلماندنی سیفەتی باوەڕ بۆ فەرمانڕەوا وایلێدەکات بەدوور بێت لە لابردن، کەواتە مەسەلەکە یان فەرمانڕەوایەکی باوەڕدارەو شایستەی گوێڕایەڵیی ڕەهایە، یان فەرمانڕەوایەکی بێباوەڕەو پێویستە بە ڕەهایی لەدژی ڕاپەڕی. ئەم توند و تیژییە لە هەڵوێستیاندا بەرانبەر بە پێشەوا عەلی دەرکەوت، پاشانیش لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ جێنشینیی هەریەک لە عەبدوڵڵا کوڕی زوبەیر و عومەری کوڕی عەبدولعەزیز هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا دەرکەوت.

- هەژموونی بیرکردنەوەی باوەڕیی بەسەر بواری سیاسیدا، ئەمەش لە هێنانەکایەی چەمکی تەوبەکردندا ڕوونە کە خستیانە جێگای چەمکی لێپرسینەوە، داوایان لە پێشەوا عەلی کرد پەشیمانبێتەوە لە پەسەندکردنی میانگیرییەکە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشەوا عەلی ڕازیبوو بە پرەنسیپی لێپرسینەوە، ئەویش لەو دەسستەواژەیەیدا دەردەکەوێت کە لە نەهرەوان پێیوتن: (ئێوە لە چ شتێکی من ناڕازین؟)، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوەو هەر وتیان دەبێت پەشیمانبیتەوە[1]،

---

١- بەغدادی لە باسێکی دووروودرێژدا ئەمە دەگێڕێتەوە کە: (...عەلی لەناو سوپاکەیدا هاتەلایان، ئەوانیش بە هەموویانەوە خۆیان دەرخست، لەپێش دەستپێکردنی شەڕ پێیوتن: -ئێوە لە چ شتێکی من ناڕازین- پێیانوت: یەکەمین شتێک کە ناڕازین لێت ئێمە لەژێر دەست تۆدا لە جەنگی جەمەلدا جەنگاین، کاتێ ئەوان

تەوبەکردن لای ئەوان بەوە جێبەجێ دەبێت کە مرۆڤ بەرلەوە تەوبە بکات دەبێت شایەتی لەسەر خۆیبدات کە بێباوەڕە، ئەم ئاراستەیە لە بیرکردنەوەی خەواریجەکان تەنانەت لەدوای ئەوەش لەگەڵ سەرکردەکانی خۆیاندا هەر بەردەوامبوو، ئەم کارانە دووپاتی ئەو بۆچوونەمان دەکات کە وتوومانە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای خەواریج لەسەر حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورەیە، هەروەها سنورداری کاریگەری پرسەکانی تری وەک دادپەروەریی لەسەر هەمان چەمک، کۆمەڵێک لە ئەزاریقەکان ئەمیرەکەی خۆیان کە نافیعی کوڕی ئەزرەق بوو (٦٥ک.م) کافر کرد، چونکە وتبووی دەبێت شەڕ لەدژی ئەوانە بکرێ کە دانیشتوون، ئینجا پاشگەزبوونەوە لە پێشەوایەتیەکەی و چوونە پاڵ نەجدەی کوڕی عامیر[1]، دواتر هەندێ لە نەجدەکان نەجدەی کوڕی عامیریان کافرکرد بەهۆی حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورە بە نەزانی، پاشان داوایان لێکرد تەوبە بکات چونکە پەیوەندی هەبووە بە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانەوە، دواتر تاقمێکیان پەشیمانبوونەوە لەو تەوبە پێکردنەی و وتیان (هەڵەمانکرد نەدەبوو تەوبە بە پێشەوا بکەین، نەدبوو ئەویش بە داوای تەوبەی ئێمە تەوبە بکات، خۆیان تەوبەیان کردوو هەڵەکەیان خستەڕوو و وتیان پێی: تۆیش تەوبە بکە لە تەوبەکردنەکەت ئەگەرنا ئەوا دوورت دەخەینەوە، ئەویش تەوبەی لە تەوبەکەی کرد)[2]. ئەم ئاسانکارییە لە بەکارهێنانی چەمکی تەوبەو خستنیە جێی چەمکی لێپرسینەوە، بەرهەمی بیرکردنەوەی باوەڕییە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو کێشانەدا کە مۆرکی سیاسیی ڕووتیان هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هزری خەواریجەکان بوو کە لە بارودۆخی فیتنەدا لەدایکبوو،

---

لە جەمەل تێکشکان ڕێگات پێداین ئەوەی لە سەربازگەکەیاندایە لە سامان ببەین، ڕێگریت لێکردین لە کۆیلەکردنی ژنان و منداڵەکانیان، ئایا چۆن سامانەکەیانت حەڵاڵکرد و ژن و منداڵەکانیانت حەڵاڵ نەکرد؟ لە وەڵامدا وتی: من ئەو سامانەیانم بۆ حەڵاڵکردن لە جێگای ئەو سامانەی بەیتولمال کە لە بەصرە بەرلە هاتنم بۆ سەریان بردیان، ژنان و منداڵان شەڕیان لەگەڵماندا نەکردووە حوکمی ئیسلام لەسەریان حوکمی وڵاتی ئیسلامە، کەسیشیان پاشگەزنەبوونەتەوە لە ئیسلام شەرعی نیە کەسێ کە کافر نەبووبێ بکرێتە کۆیلە، دوای ئەوە ئەگەر ژنانم بۆ حەڵاڵبکردنایە ئایا کامەتان عائیشەی دەکردە پشکی خۆی، ئەوانیش شەرمگرتنی لەو گوتەیەیان، پاشان پێیانوت: ئێمە نارازین لێت کە ناوی پێشەوای باوەڕدارانت لەسەر ناوەکەی خۆت سڕیەوە لە نوسراوەکەی بەینی خۆت و موعاویەدا کاتێک کە موعاویە شەڕی لەگەڵ کردی، عەلی وتوویەتی: من ئەوەم کردووە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ڕۆژی حودەیبیە کردی). بڕوانە:
- البغدادي، الفرق بين الفِرق وبيان الفرقة الناجية، ص٧٨.

١- هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

٢- الشهرستاني، الملل والنحل، ص١٢٤.

پارێزگاریشی لە ڕەگەزەکانی خۆی کرد ئەوەش دوای ئەوە کە بەتەواوەتی ئاوێتە بوو بە بونیادی باوەڕەوە.

– بێباوەڕکردنی کۆمەڵگا، ئەوەش لە ڕێگای فراوانکردنی چەمکی وڵاتی بێباوەڕیی (دار الکفر)، تا هەموو ئەوانە بگرێتەوە کە نەیاریان بوون، ئەزاریقەکان بۆچوونیان وابووە کە گوناهی گەورە بێباوەڕییە، ئەنجامدەرەکەی بێباوەڕەو بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدایە، خاکی نەیارانیان وڵاتی بێباوەڕییە، دانیشتن لە شەڕکردن و دەرنەچوون لەگەڵیان بێباوەڕییە، لێرەوە ئەم بۆچوونەیان بووە دەرگایەک بۆ بێباوەڕکردنی سەراپای کۆمەڵگا، ئەگەرچی هەندێکیان خاکی بێباوەڕیی سنوردارکردووە لە سەربازگەی فەرمانڕەوادا، وەک ئیبازییەکان کە وڵاتی فەرمانڕەوایان بە خاکی ستەم و یاخیبوون داناوە نەک خاکی بێباوەڕیی[1].

خەواریجەکان لەلایەکیترەوە هاتوون مانای فەرموودەی: ((گوێبیست و گوێڕایەڵبن با کۆیلەیەکی حەبەشیش بکرێتە کاربەدەستتان و سەری وەک ترێ ڕەش بێت)) گۆڕیوە، کردوویانەتە بەڵگە لەسەر هەڵەی سنوردارکردنی پێشەوایەتی لە قورەیشدا، جا ڕاست و دروستی تێگەیشتنەکەیان هەرجۆر بێت، ئەوا هەر ئاماژە بەوە دەدات کە خەواریجەکان لە ڕەتکردنەوەی پرەنسیپی (پێشەواکان لە قورەیشن) پشتیان بەم فەرموودەی گوێڕایەڵییە بەستووە، پاشان ئاراستەکردنی بەرەو داوای هەقداریان بە جێنشینیی، نەک بە ئاراستەی ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان دەستەڵات و گەلدا، لەوانەیە ئەمەشیان بە ئامانجی ئاسانکاری بووبێت بۆ سەرکردەکانیان، چونکە لەناو سەرکردەکانیاندا یەک قورەیشیان تێدا نەبووە.

ئەمەی پێشەوە دووپاتیدەکات کە هزری خەواریجەکان شتێکی زیادی ڕاستەقینەی پێشکەش بە چەمکی گوێڕایەڵیی نەکردووە، بەڵکو ئەو چەمکەی لە بوارە سیاسییەکەوە گواستووەتەوە بۆ بواری باوەڕ، تا دەرچوون لە تەنها بژاردەیەکی سیاسییەوە بگوێزێتەوە بۆ باوەڕ، کە پەیوەندی بە باوەڕ و بێباوەڕییەوە هەیە، ئیتر جگە لەو پێکەوەبەستنە دروستکراوە لە نێوان گوێڕایەڵیی و خۆبەریکردن لە ئەنجامدەری گوناهی گەورە، هەروەها لاوازکردنی بەهای دادپەروەریی بەو سیفەتە کە یەکێکە لەو بنەمایانە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەری بەرپابووە.

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.

## ٢- چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و دانی پەردەی باوەڕیی بەسەریدا

سەرچاوەکان دەڵێن جوهەم کوڕی صەفوان کە لە کۆتایی سەردەمی فەرمانڕەوایی بەنو ئومەییەدا ژیاوە، پێیوابووە کە مرۆڤ ناچارە لە کردەوەکانیدا، بە کەسێکی توانادار و لێهاتوو وەسفناکرێ، نەتوانای هەیەو نەویست و ئیرادە: (بەڵکو خوای گەورە کردەوەکان تیایدا دروستدەکات، هەروەک چۆن لە شتە بێگیانەکاندا دروستیان دەکات و کردەوە بە خواستە -مجاز- دەداتە پاڵیان هەروەک دەیداتە پاڵ شتە بێگیانەکان، چۆن دەوترێ درەختەکە بەری گرت، ئاوەکە ڕۆیشت، بەردەکە جولا، خۆر هەڵهات و نیشت، ئاسمان تەماوی بوو و بارانباری، زەوی جولایەوەو ڕووەکی ڕوواند و....تادوایی مرۆڤیش هەروایە، ئەوا هەروەک چۆن کردەوەکان هەموویان بە زۆرەملێن، پاداشت و سزایش بەهەمانشێوە بە ناچارییە)[١].

ئەوانەی مێژووی ڕێچکەکانیان نوسیوەتەوەو ئەو خاوەن بابەتانەش کە دەربارەی ئاراستەی جوهەمی شتیان وتووە، تەنها هەروەک لەپێشەوە هاتووە لە بازنەی پێناسەی باوەڕیاندا ماونەتەوە، هیچکامیان نەچوون بەلای باسی ڕا سیاسییەکانی ئەم ئاراستەیەدا، لەوانەیە خاڵی سەرەکی کە هاندەر بێت بۆ تێڕامان لە بیرۆکەی زۆرەملێی -جبر- سیاسیی بریتی بێت لە هەڵوێستی کرداریی جوهەمی کوڕی صەفوان لە ناڕازیبوونی بە فەرمانڕەوایی بەنو ئومەییە و دەرچوونی لەدژیان، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن کە لەگەڵ حاریسی کوڕی سەریح دەرچووە لەدژی والی خۆراسان نەصری کوڕی سەیار، بەردەوام نەیاری فەرمانڕەوایی ئومەوی بووە -بە هەڵاوێردکردنی فەرمانڕەوایی یەزیدی کوڕی وەلید- تا لە ساڵی ١٢٨ک لەسەر دەستی مەروان کوڕی موحەممەد یان مەروانی حیمار کوژراوە، کە دوایەمین فەرمانڕەوایانی بەنو ئومەییە بووە، بەم پێیەش ناتوانرێ بوترێ کە زۆرەملێی جوهەمی -بە دانەپاڵ جوهەم کوڕی صەفوان- یەکێک بووبێت لە ئامرازەکانی جێگیربوونی پایەی فەرمانڕەوایی ئومەوی، چونکە ناکرێ وەها بڕوانرێتە باوەڕە جەبریەکەی کە بنەمایەک بووبێت بۆ پاساوی گوێڕایەڵیی ڕەهای دەستەڵاتی سیاسیی فەرمانڕەوا، بەڵکو ئەوە تەنها جۆرێکە لە ناچاریی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندە سیاسییەکەشی ئەوا ڕوونە کە بەرجەستە نەبووە لە دیمەنی ئیقرارکردن بە شەرعیەتی دەستەڵاتی ئومەوی، بەوەی کە قەدەرێکەو دەبێت تەسلیم ببن

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

پێی، بەڵکو ڕای بەهێز ئەوەیە کە جوهەم کوڕی صەفوان بیرۆکەی ناچاریی بە ئاراستەیەکی تردا خستووەتەگەڕ، هەربۆیە دەرچوونی لەدژی فەرمانڕەوایی ئومەوی بە کردەوە قەدەریەکان ئەژمارکردووە[1]، لەوانەیە ئەمە نزیکتر بێت لە لێکدانەوەی ڕەفتاری لە دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوایی بەنو ئومەییە.

کەواتە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نیە لە نێوان باوەڕی زۆرەملێی کەلامی وەها کە لای جوهەم کوڕی صەفوانە، و نێوان پاساوی (زۆرەملێی) فەرمانڕەوایی ئومەویدا، سەرچاوەکان هیچ ڕوخسارێکی پەیوەندی نێوان فەرمانڕەوایانی ئومەوی و نێوان سەرکردەکانی ئەم ئاراستەیە ناگوێزنەوە بۆمان، ئەمەش مانای وایە کە فەرمانڕەوایی ئومەوی لەسەر جۆرێک لە زۆرەملێی سیاسیی تایبەت دامەزراوە، هێماکانی ئەو زۆرەملێ تایبەتە لە گوتەکانی فەرمانڕەوایانی بەنو ئومەییەو کاربەدەستانیان لە سەردەمێکی پێشوەختدا بە ڕوونی دەبینین، کاتێ موعاویە زیادی کوڕی ئەبیەی کردە والی بەصرە گوتارێکیداو تیایدا وتی: (ئەی خەڵکینە ئێمە بووینەتە کاربەدەست و گەورەی ئێوە، پاسەوانی کەرامەتی ئێوە، بەو دەستەڵاتە خوا پێیداوین حوکمتان دەکەین، بەو دەستکەوتە ناجەنگییانەش خوا پێیداوین و بەدەورماندان دەتانپارێزین)[2].

زۆرەملێی -جبری- ئومەوی لە هەمانکاتدا جۆرێ لە دواخستنی -لێپرسینەوەی- سیاسیی تێدایە، سیوتی دەڵێ ئەبو قەتادە بە موعاویەی وتووە: (پێغەمبەری خوا -درودی خوای لەسەر- فەرمووی پێمان: ئێوە لەدوای من دنیاویستی و خۆویستی دەبینن)، موعاویە وتوویەتی: فەرمانی بەچی پێدان، وتوویەتی: فەرمانی پێداین ئارامبگرین، موعاویە وتوویەتی: دەی ئارامبگرن. ئەم هەواڵە گەیشتە عەبدوڕەحمانی کوڕی حەسانی کوڕی سابیت، ئەویش لەم دوو دێڕە شیعرەدا کە ئەمە مانای کوردییانە وتوویەتی:

دەی ئەم قسەیەم بگەیەننە.... پێشەوای باوەڕداران موعاویەی کوڕی حەرب

ئێمە ئارام دەگرین و چاوەڕێتانین... لە ڕۆژی هەقکردنەوەدا داواکارین لەسەرتان)[3].

دەتوانرێ بوترێ کە زۆەملێی سیاسیی ئومەوی بناغەیەکی پراکتیکی بۆ

---

١- السيد، مدخل إلى علم الكلام، ص٧٩.

٢- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٥، ص٢٢٠.

٣- السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٢٤١.

مەسەلەی گوێڕایەڵیی ڕەها داناوە، ئەویش لە ڕێگای شێواندنی چەمکی ئارامگرتن و گۆڕینی بۆ جۆرێک لە دواخستنی لێپرسینەوەی سیاسیی، باوەڕی ناچاریی و دواخستن بەتایبەتی لە دیمەنە ئومەویەکەیدا نەمانی شورای بەدوای خۆیدا هێنا، ئینجا ڕۆیشتن بۆ ڕازیبوون و پەسەندکردنی واقیعی سیاسیی ئیتر هەرجۆر بێت، هەروەها فراوانکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەرکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەی بە جۆرێک لە دەرچوون لەدژی دەستەڵات داناوە[١].

ئەو بناغەیە کە هزری دواخستن لەسەری دامەزراوە بریتییە لە جیاکردنەوەی باوەڕ و کردەوە، جا هەروەک چۆن گوێڕایەڵی لەگەڵ بێباوەڕیدا بێسودە، ئەوا بەهەمانشێوە سەرپێچیش لەگەڵ باوەڕدا زیانی نیە، چونکە مورجیئەکان دەڵێن: (دواخستنی حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورە بۆ ڕۆژی قیامەت، ئەوا لە دنیادا حوکمی ئەوەی بەسەردا نادرێ کە ئایا بەهەشتییە یان دۆزەخی)[٢]، هەروەها وتوویانە: (ئەگەر کەسێک بڵێ دەزانم کە خوای گەورە گۆشتی بەرازی حەرامکردووە، بەس نازانم ئایا ئەو بەرازە کە حەرامیکردووە ئەم مەڕەیە یان هەر ئەوێکیترە باوەڕدارە یان نا، ئەگەریش وتی دەزانم کە خوای گەورە حەجی فەرزکردووە بۆ کەعبە، بەڵام نازانم ئەو کەعبە لە کوێیە کە لەوانەیە لە هیندستان بێت و باوەڕدار بووبێت)[٣].

دکتۆر جابیری دوو جۆر دواخستن لێکجیادەکاتەوە، ئەوانیش بیرۆکەی دواخستنی سیاسی و دواخستنی کۆمەڵایەتیە، دوایینەکەیان لە بنەڕەتەوە بە پاڵنەری کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە، ئینجا پەیوەست بووە بە فراوانبوونی پانتایی دەوڵەتی ئیسلامیەوە، هەروەها بە گرفتەکانی لەخۆگرتنی نەوەکانی گەلە غەیرە عەرەبییەکان بە ڕێنماییەکانی ئیسلامەوە، بەم پێیەش ئەوا جیاکردنەوەی باوەڕ لە کردەوە زامنی لەخۆگرتنی ڕۆ ّڵەکانی ئەو ناوچانە بووە لە بازنەی ئیسلامدا، تەنانەت لەگەڵ نەشارەزایی زۆریشیان بە ڕێنماییەکانی ئیسلام لەو کاتەدا[٤].

---

١- ئاماژە بە گوتەی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان لە یەکەمین وتاریدا لەدوای کوشتنی ئیبن زوبەیر ساڵی ٧٥ ی کۆچی کە وتوویەتی: (سوێند بەخوا لەم پێگەیەمدا هەرکەس فەرمانم پێبدات بە لەخواترسان ئەوا دەدەم لە گەردنی). بڕوانە:
- السيوطي، تأريخ الخلفاء، ص٢٦٠.

٢- الشهرستاني، الملل والنحل، ص١٣٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٤١.

٤- الجابري، محمد عابد. العقل السياسي العربي محدداته وتجلياته، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية،

بەڵام بیرۆکەی دواخستنی سیاسیی دادەنرێ بە یەکێک لە پایەکانی ستەمکاریی، لێرەوە ئەو گوتە باوە هاتووە کە دەڵێ (دواخستن ئاینی پادشاکانە)، چونکە بەرپا دەبێت لەسەر دواخستنی پاداشت، بەم پێیە پارێزبەندیی دەدات بە فەرمانڕەواکان لە لێپرسینەوەی دنیایی، ئینجا پرەنسیپی گوێڕایەڵیی ڕەها فەرز دەکات، تێبینی دەکرێ ئەو دەمەقاڵە زۆرەی موعتەزیلە و پاشانیش ئەشعەریەکان وروژاندیان و بگرەو بەردەیان لەگەڵ زۆرەملێکان و مورجیئەدا لەوبارەیەوە، بەدەوری بیرۆکەی ناچارکردن و دواخستندا دەسوڕایەوە بەوپێیە بووە کە باوەڕە، بێئەوەی باس لە کاریگەرییە سیاسییەکەی بکرێ، لەبەرئەوە ئەوا بیرۆکەی دواخستن و زۆرەملێی سیاسیی کاریگەرییەکی کارایان لە بونیادی هزری ئیسلامیدا هەبووە، ئەمە بێئەوەی هەوڵی گەورە بدرێ بۆ بەدواداچوونی کاریگەریان بەشێوەیەکی ورد[1].

---

ط٣، ١٩٩٥م، ص٣١٩.

١- زۆربەی توێژەران لە کۆن و نوێدا کاریگەری دواخستنیان لە بازنەی سونیدا لە پێشەوا ئەبو حەنیفەی کوڕی نیعمان و هەندێ لە هاوەڵانیدا چڕکردووەتەوە، وەک موحەممەد کوڕی حەسەنی شەیبانی و قازی ئەبو یوسف و موقاتیل کوڕی سلیمان و سەعیدی کوڕی جوبەیر و هیتریش، خەتیبی بەغدادی لە کتێبی (تأریخ بغداد)دا ئەبو حەنیفەی داوەتە پاڵ باوەڕی ناچارکردن، ڕازیش بە جوهەمی داناوە، هۆی ئەوەش کە دواخستن دراوەتە پاڵ ئەبو حەنیفە دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی ئەبو حەنیفە بۆ باوەڕ، چونکە پێیوایە کە باوەڕ نە زیاد دەکات و نە کەم دەکات، جا ئەگەر ئەبو حەنیفە لە پێناسەی باوەڕدا پێچەوانەی پێشەوایانی هەر سێ مەزهەبەکە بووبێت، ئەوا ئەو کارەی پاساوێکی ڕەوا نیە کە پێی بدرێتە پاڵ هزری دواخستن، چونکە ئەو گوزارشت لە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ داواکردنی یەکسانیی باوەڕیی، قسەکردنیشی لەسەر باوەڕ دەچێتەناو ئەو میانەیەوە، چونکە باوەڕ لای ئەو یەکە، خەڵکیش تیایدا یەکسانن، وردەکاریەکان دەکەونە ناو گوێڕایەڵیی و پارێزکارییەوە، (باوەڕ بریتییە لە ئیقرارکردن و بەڕاست ناساندن، باوەڕی خەڵکی ئاسمان و زەوی نە زیاد دەکات و نە کەم دەکات لەلایەن باوەڕدارەوە بەڵکو لەلایەنی دڵنیایی و ڕاستناساندنەوە زیادو کەم دەکات، باوەڕدارانیش لە باوەڕ و یەکتاپەرستیدا یەکسانن و لە کردەوەکاندا چاک و چاکتر و بەرزو نزمیان هەیە)، ئەبو حەنیفە پێیوانیە کە خەڵکی لە باوەڕدا چاک و چاکتر و بەرزو نزمیان هەبێت، بەم پێیەش جیاوازە لە مورجیئەکان هەروەک لە شوێنێکی تردا دەڵێ: (ئێمە ناڵێین کە چاکەکانمان قوبوڵن و خراپەکانیشمان بەر لێبوردن دەکەون وەها کە مورجیئەکان دەڵێن). هەروەها ڕا جیاوازە لە مورجیئەکان  چونکە پێیوایە کە (گوێڕایەڵیی و پەرستشەکان هەموویان فەرزن بە فەرمانی خوای گەورە و بە خۆشویستنی و ڕازیبوونی و زانستی و ویست و ئیرادەی و قەزاو قەدەرەکەی، گوناهەکانیش هەموویان بە زانست و قەزاو قەدەرو ویست و ئیرادەی ئەون نە بە خۆشەویستی یان بە ڕازیبوونی و نە بە فەرمانی ئەون). بڕوانە:
- النعمان، أبو حنيفة. الفقه الأكبر، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٩ من ص٣٥-٥٥. ئێمەش وادەبینین کە ئاراستەکردنی تۆمەتی دواخستن بۆ زۆربەی ئەو زانایانە ڕێگر بووە لە بەدواداچوون بۆ کاریگەری دواخستنی کردەیی لە هزری سیاسیی سوننیدا بە هەموو بازنە جۆراو جۆرەکانیەوە.

## ٣- گوێڕایەڵیی سیاسیی لە نێوان ڕوونی میتۆد و تێکەڵکردنی مەزهەبی دا: تیۆریزەی موعتەزیلە

دکتۆر ئەحمەد فوئاد ئەهوانی پێیوایە بیرکردنەوەی ئیسلامیی بۆ ئازادی مرۆڤ لە کردەوەکانیدا، لەدوای کۆتاییهاتنی فتوحاتە گەورەکانی وەک ڕزگارکردنی فارس و شام و میصر دەستیپێکردووە[١]، ئەم پێکەوەبەستنە لە نێوان کەوتنەڕووی لێکۆڵینەوەی کەلامی لەسەر مەسەلەی قەزاو قەدەر و کۆتاییهاتنی سەردەمی فتوحاتە گەورەکان، ئاماژە دەدات بە ڕوونی ڕۆڵی ژینگەی نوێی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی دوورگەی عەرەبی -بەتایبەتی وڵاتی فارس- لە وروژاندنی مەسەلە کەلامییەکان، ئەمەش ڕۆڵێکە ناکرێ نکولی لێبکرێ، بەڵام بە هیچ جۆر بەو مانایە نیە کە چوونەناو مەسەلەی قەدەر درێژکەرەوەی کاریگەری تەنها ئاینە پێشووەکان بووە، چونکە ناتوانرێ پەیوەندی نێوان بڵاوبوونەوەی قسەکردن لەسەر قەدەر و ستەمکاریی سیاسیی فەرامۆشبکرێ، ئەو پەیوەندییە کە لە بەشێکی زۆری ڕووی لە کارمەندە غەیرە عەرەبەکان کردبوو، ئەو توێژە کە هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچییەوە ڕووکاری ڕووداوەکانیان گرتەدەست[٢].

مەعبەدی جوهەنی و غەیلانی دیمەشقی و جەعد کوڕی درهەم یەکەمین کەسانێ بوون قسەیان لەسەر قەدەر کردووە، وادەردەکەوێ بازنەی پرسی قەدەریی فراوانتر بووە، تا زۆرێک لە فیقهناسانی سەدەی یەکەمی کۆچی گرتووەتەوە، ئەمەش ئەو گوتەیە بەهێز دەکات کە بیرۆکەی قەدەر وەک پەرچەکردارێ دژ بە ناچاریی ئومەوی کەوتەڕوو و نوێنەرایەتی پڕۆژەی خەباتی لەدژی کردووە، لەو فیقهناسانەش حەسەنی بەصری یە، چونکە زەهەبی لە یونس کوڕی عوبەیدەوە

---

١- د. أحمد فؤاد الأهزاني (تصدر) في:
- الهمذاني، عبد الجبار بن أحمد. شرح الأصول الخمسة بتعليق الإمام أحمد بن الحسين بن أبي هاشم. القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٨٨م، ص١١.

٢- ئەو ڕۆڵە کە کارمەندە غەیرە عەرەبەکان پێی هەستان تەنها تەرخان نەبوو لەسەر دەمەقاڵەی کەلامی لە مەسەلەی قەدەردا، یان کەوتنیان بەدیوی شۆڕشدا دژی ئومەویەکان، چونکە ئیبن قەییم لە عەبدوڕەحمانی کوڕی زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی فیقە لەدوای (عەبدوڵڵاکان) کەوتە دەست کارمەندە غەیرە عەرەبەکان لە هەموو وڵاتاندا، فیفهناسی خەڵکی مەککە عەتا کوڕی ئیبن ئەبو ریباح بوو، فیقهناسی خەڵکی یەمەن تاووس کوڕی کەیسان بووە، فیقهناسی خەڵکی یەمامە یەحیا کوڕی ئەبو کەسیر بووە، فیقهناسی خەڵکی کوفە ئیبراهیمی نەخەعی بووە، فیقهناسی خەڵکی بەصرە حەسەنی بەصری بووە، فیقهناسی خەڵکی شام مەکحول بووە، فیقهناسی خەڵکی خۆراسان عەتائی خۆراسانی بووە، جگە لە مەدینە کە فیقهناسەکەی قورەیشیە ئەویش سەعیدی کوڕی موسەیب بووە. بڕوانە:
- إبن القيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج١، ص٢٢.

دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (گەیشتم بە حەسەن کە ڕەخنەی لە گوتەکەی مەعبەد گرت، دەیوت ئەو کەسێکی گومڕاو گومڕاکارە، وتی: پاشان مەعبەد خۆشدوانی لەگەڵ کرد و ئینجا ئەوەی خستە دەروونی کە خستی)[١]، ئەییوب دەڵێ: (وتوویەتی کەسێک ناناسم کە بتوانێ ڕەخنە لە حەسەن بگرێ تەنها بەوە نەبێت، واتە بە قەدەر)[٢]، جا ئەگەر بزانین کە مەعبەدی جوهەنی کەسێک بووە لە پشتیوانان (ڕاستگۆ بووە لەگەڵ خۆیدا)، ئەمە -هەروەک زەهەبی وەسفیدەکات- لەسەر زمانی ئیبن عەبباس و موعاویەو ئیبن عومەر و عیمران کوڕی حصین و حیمران کوڕی ئەببان و کەسانیتریشەوە دەیگێڕێتەوە[٣]، ئەوا بەدووری نازانین کە جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان ئەم و حەسەنی بەصریدا هەبووبێت، شتێکیش ئەو گوتەیە بەهێز بکات کە حەسەنی بەصری قەدەری بووە، بریتییە لە کۆدەنگی مێژوونوسانی ڕێچکەکان لەسەر ئەو ناکۆکیەی کەوتە نێوان ئەو و قوتابیەکەی واصیلی کوڕی عەتا و (١٣١-٨٠ک) کە دەربارەی مەسەلەی حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورە بووە، چونکە حەسەن بە دووڕووی زانیوە، بەڵام عەتا و بە خراپەکاری ناسیوە کە نە باوەڕدارەو نە بێباوەڕ، کورتکردنەوەی ناکۆکییەکە لە نێوان حەسەنی بەصری و واصیلی کوڕی عەتا و لەسەر ئەم مەسەلەیە، ئەوە دەگەیەنێ کە یەکدەنگ بوون دەربارەی ئیقرارکردن بە قەدەر، چونکە مەسەلەی قەدەر کە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچیەوە خولگەی چالاکی فیکری بووە، ئەوا ئەگەر بهاتایە یەک ڕا نەبوونایە لەسەری لەباریدا بووە ناکۆکی لە نێوانیاندا دروستبکات.

جا لەگەڵ پێشینەی مێژوویی ڕاجیاوازی لەسەر مەسەلەی حوکمی ئەنجامدەری گوناهی گەورە کە خەواریجەکان خستیانەڕوو، بووبە بناغەی بیرکردنەوەی سیاسیشیان هەروەک ئاماژەمان پێداوە، هەر دەکرێ بوترێ کە ئەو مەسەلەیە دادەنرێ بە یەکێک لە لایەنەکانی گرفتی پرسی قەدەری، چونکە بناغەی مەعریفی حوکمدان لەسەر ئەنجامدەری گوناهی گەورە، پەیوەندییەکی تەواو پتەوی هەیە بە داننان بەوەدا کە ئایا مرۆڤ ناچارە یان خاوەنی ویست و ئیرادەیە، ناچارکەران نکولیدەکەن لە پرەنسیپی پاداشت و سزای قیامەت، ئەمەش ئەنجامێکی سروشتییە لایان، چونکە بناغەی کردەوەکان لای ئەوان لەسەر بیرۆکەی زۆرەملێ بەرپا

---

١- الذهبي، تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، ج٦، ص٢٠١.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٧، ل٥٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ب٦، ل٢٠٠.

دەبێت. لە کاتێکدا موعتەزیلە بە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازدا ڕۆیشتوون، هاتوون دانیانناوە بە بەرپرسێتی مرۆڤ لە کردەوەکانی، جەختیانکردووە لە مەسەلەی بەڵێن و هەڕەشە: لێپرسینەوە، سزای ڕۆژی دوایی، جا ئەگەر مەعتەزیلەکان دەستکۆتا بوونایە تەنها بە بەڵێن و هەڕەشەی ڕۆژی دوایی، ئەوا نزیکدەکەوتنەوە لە بیری دواخستن کە پاداشت لەسەر کردەوەکان دوادەخات بۆ ڕۆژی دوایی، لەبەرئەوە هەر دەبوو دانبنێن بە پرەنسیپی لێپرسینەوە بە مۆرکە دنیاییەکەی، ئەم لێپرسینەوەیەش لە پرەنسیپی دادپەروەریی خواییەوە نایەت، چونکە دادپەروەریی -کە یەکێکە لە پێنج بنەماکە لای ئەوان- مەبەستەکەی پاکڕاگرتنی بەدیهێنەرە لە کردەوەی مرۆڤەکان، واتە ڕەتکردنەوەی ویستی ئەنجامدانی سەرپێچییەکان، هەروەها ئەرک سپاردن بە مرۆڤ بە شتێ کە توانای لەسەری نیە، یان سزادانی کەسێک بە توانای کەسێکیترەوە[١]، ئەمانەش دادپەروەریی خوایین نە دادپەروەریی مرۆڤ، بەڵام لێپرسینەوە بە مۆرکە دنیاییەکەی لە دانان بە پرەنسیپی فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپەوە دێت، ئینجا بەرزکردنەوەیەتی بۆ پلەی بنەما باوەڕییەکان، جا مادامێ مرۆڤ بەرپرسە لە کردەوەکانی، ستەم و ملهوڕیش کردەی مرۆڤن، ئەوا دەبێت گۆڕینی بە پلەی یەکەم ئەرکێکی مرۆیی بێت[٢].

لەبەرئەوە پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە جێگایەکی گرنگ داگیردەکات، هەڵدەستێت بە ئەرکێکی زیندوو کە پەیوەندە بە پارێزگاریکردن لە لۆژیکی ناوەکی کۆی هزری موعتەزیلە، بەڵام کارکردنی موعتەزیلە بەم پرەنسیپە لە هەموو بارێکدا وەڵامگۆی دیاریکردنی تیۆری نەبووە، کە دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا دەکاتە پایەیەکی سەرەکی چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە[٣]، لێرەوە چووەتە ژێر بارە واقیعیەکە، تا ئاستێکی زۆر وەڵامگۆی ئەو

---

١- الهمداني، عبد الجبار بن أحمد. الأصول الخمسة المنسوب إلى القاضي عبد الجبار بن أحمد الأسد آبادي، الكويت، جامعة الكويت، ١٩٩٨م، ص٦٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٩، پێشەکی لێکۆلەر.

٣- بەڵخی (٣١٩ک.م) ڕەگی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لای موعتەزیلە بەمجۆرە وەسفدەکات: (کۆدەنگن کە پێویستە موسڵمانان فەرمانبدەن بە چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە، کە دوو ئەرکن هەرجۆر بۆیان کرا دەبێت پێیان هەستن، ئیتر بە شمشێر بێت یان شتیتر). بڕوانە:
- أبو القاسم البلخي، فضل الأعتزال وطبقات المعتزلة، تونس: الدار التونسية للنشر، ص٦٤. مەسعودیش (٣٤٦ک.م) دەڵێ: (وتەی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە -کە بنەمای پێنجەمە- فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانان، هەریەکە بەپێی توانای خۆی، بە شمشێر بێت یان بە شتیتر، یا بە تێکۆشانیش بێت، لەمەشدا جیاوازی نیە تێکۆشان دژ بە بێباوەڕ یان فاسیق بکرێ. ئەمەش یەکدەنگی موعتەزیلەکانی لەسەرە.. بڕوانە:

گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریانە بووە کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە ڕوویانداوە، کە بڵاوبوونەوەی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی نەرێنی لەسەر حیسابی پرەنسیپی دەرچوون کەوتە بڵاوبوونەوە، جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە دەتوانین هەڵوێستە کرداریيەکانی دامەزرێنەری هزری ئیعتیزالی واصیل کوڕی عەتا و و عەمروی کوڕی عوبەید بخەینە پێشچاو، ئەمە بەرلەوە بکەوینە باسی ئەو گۆڕانکارییە تیۆریانە کە بە گشتی بەسەر هزری موعتەزیلەدا هاتوون، لەوەدا کە پەیوەندی بە بنەمای فەرماندن بە چاکەو ڕێگری لە خراپەوە هەیە.

سەرچاوەکان زانیاری ڕاستەوخۆمان لە هەڵوێستە سیاسییەکانی واصیلی کوڕی عەتا و (١٣١-٨٠ک) لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەمی ئەوەوە بۆ ناگوێزنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە دوو شۆڕشی گەورە لە سەردەمی ئەودا ڕوویانداوە، ئەوانیش: دەرچوونی زەیدی کوڕی عەلی لەدژی هیشام کوڕی عەبدولمەلیک ساڵی (١٢١ک)، هەروەها دەرچوونی یەزیدی کوڕی وەلید لەدژی وەلیدی کوڕی یەزید ساڵی (١٢٦ک). بەڵام ئەو پەیوەندییە کە هەبووە لە نێوان زەیدی کوڕی عەلی و واصڵی کوڕی عەتا و شاراوە نەبووە، ئیبن مورتەزا (٨٤٠ک.م) دەڵێ واصیل چووەتە مەدینەو چاوی بە زەیدی کوڕی عەلی کەوتووە، پاشان دەڵێ هەردووکیان کۆدەنگبوون لە هەموو شتێکدا[1] و بەربەست لەنێوانیاندا نەبوو، بەم پێیەش دەبێ بوترێ کە واصڵ لە هەموو کەس لەپێشتر بووە پشتگیری دەرچوونی زەیدی کوڕی عەلی بکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە بە هەند بگرین کە زەید کوڕی عەلی پرەنسیپی دەرچوونی لە واصیلی کوڕی عەتائەوە وەرگرتووە[2].

بەڵام ئەو باسەی کە پەیوەندە بە دەرچوونی یەزیدی کوڕی وەلیدەوە، ئەوا سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن کە موعتەزیلە ماددەی سەرەکی شۆڕشەکەی بوون، ئەمەش لە ناوی ئەو کەسانەوە ئاشکرایە کە لە دەوری یەزید کوڕی وەلید بوون لە سەردەمی دەستەلاتیدا، دیارترینیان مەنصور کوڕی جەمهور بووە، کە یەزید کردییە والی عیراق، تەبەری دەڵێ مەنصور (عەرەبێکی دەشتەکی وشکی غەیلانی) بووە[3]، هەروەها دەڵێ ئەوە (قەدەریەکان) بوون کە بە یەزیدیان وتووە کاری فەرمانڕەوایی دوای خۆی بسپێرێ بە ئیبراهیمی برای و پاشانیش بە عەبدولعەزیز

- المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، مج٢، ص٢٠٥.

١- المرتضى، أحمد بن يحيى. طبقات المعتزلة، بيروت: فرانز شتاينر، ط٢، ١٩٨٧م، ص٣٤.

٢- عمارة، محمد. الإسلام وفلسفة الحكم، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٢، ١٩٧٩م، ص٩٤.

٣- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٢٥٧.

کوڕی حەججاج لەدوای ئەو[1]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە موعتەزیلە -(قەدەریەکان) یان (غەیلانییەکان) هەروەک هەندێ لە سەرچاوەکان ئەو ناوەیان لێناون- خاوەنی دیارترین کاریگەری و دەستەڵات بوون لە حوکمی یەزید دا کە تەنها پێنج مانگی خایاندووە، ئەوەش بە کردەی ڕۆڵیان و بەشداریان لە شۆڕش لەدژی وەلیدی کوڕی یەزید. لەگەڵ ئەموو ئەمەشدا هەر سەرچاوە مێژووییەکان باسی ڕۆڵی واصیلی کوڕی عەتائیان نەکردووە لەو قۆناغەدا.

ئەقڵگیریش نیە سەرۆکی موعتەزیلە خۆی لە شۆڕشێکدا بوونی نەبێت کە هەوادارانی بەشداریانکردووە تیایدا، نزیکترین ئەگەر ئەوەیە کە واصیل لەبەر دوو هۆکاری گرنگ پشتگیری لەو شۆڕشە کردووە، ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: خراپەکاری وەلیدی کوڕی یەزید کە سەرچاوەکان کۆدەنگن لەسەری، لای واصیل کوڕی عەتائیش بەگوێی کەسی خراپەکار ناکرێ.

دووەم: ئەو پرەنسیپانە کە یەزید کوڕی وەلید ڕایگەیاندن کاتێ دەرچوو لەدژی وەلیدی کوڕی یەزید، گونجاوبوون لەگەڵ تێڕوانینی گشتی موعتەزیلەدا، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندە بە بەرپرسێتی تاک لە کردەوەکانی[2].

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٧، ل٢٧٠.

٢- لە وتارەکەی یەزیدی کوڕی وەلید دا کە دوای گرتنەدەستی دەستەڵات هاتووە دەڵێ: (ئەی خەڵکینە مافتان لەسەرمە کە بەرد نەخەمە سەر بەرد و خشت نەخەمە سەر خشت، ڕووبار ڕانەکێشم و ماڵ و سامانم زیاد نەکەم، نەیبەخشم بە هاوسەر و منداڵەکانم، ماڵ و سامانی هیچ ناوچەیەک نەنێرم بۆ ناوچەیەکی تر تا پێداویستی ئەو ناوچەیەو خەڵکەکەی پڕنەکەمەوە، ئەگەر شتێک زیاد بوو ئەوا دەینێرمم بۆ ئەو ناوچەیە کە زۆرتر پێویستی پێیەتی، قەتیستان نەکەم لە کەلێنەکانتاندا تا خۆتان و خانەوادەتان تووشی فیتنە ببن، دەرگام داناخەم لەسەرتان تا بەهێزتان لاوازتان قوتبدات، ئەوەندە بار نەخەمە سەر ئەوانەی جزیە دەدەن وایان لێبکات وڵات بەجێبێڵن و وەچەیان نەمێنێ، ئێوە هەموو ساڵێ بەخشینتان لە منەوە دەگاتێ، لە هەموو مانگێکدا ڕزق و ڕۆزیتان دەدرێتێ تا بژێوی لەناو موسڵماناندا فەراهەم دەبێت، تا ئەوەیان کە خوارترینە وەک ئەوەتانی لێبێت کە لە سەرەوەتانە، جا ئەگەر وەفادارببووم بەو بەڵێنانەم ئەوا لەسەرتانە گوێبیست و گوێڕایەڵم بن و پشتم بگرن، ئەگەریش بەڵێنم جێبەجێ نەکرد ئەوا بۆتان هەیە لەکارم بخەن مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە تەوبە بکەم، جا ئەگەر تەوبەم کردو لێتان وەرگرتم ئەوا باشە، ئەگەرنا کەسێکتان ناسی کە ناسراوە بە چاکەخواز و ئەوەی من پێتان دەدەم ئەویش دەتانداتێ و ویستتان بەیعەتی بدەنێ ئەوا من یەکەم کەسم بەیعەت دەدەم پێی و دەچمە ژێر گوێڕایەڵیەوە، ئەی خەڵکینە دڵنیابن کە گوێڕایەڵی کەسێ ناکرێ ئەو سەرپێچی فەرمانی خوا بکات، هیچ بەڵێنێک لەگەڵیدا نابرێتە سەر چونکە ئەو لەژێر گوێڕایەڵیی خوادا نیە، کەواتە تا ئەو گوێڕایەڵی خوا بێت ئێوەش گوێڕایەڵی بن، ئەگەریش سەرپێچی خوای کردو داوای خراپەکاری کرد ئەوا شایانی ئەوەیە گوێڕایەڵی نەکرێ و بکوژرێ، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لە خواو لە ئێوە دەکەم). بڕوانە:

- الطبري، تأريخ الرسل والملوك، ج٧، ص٢٦٨-٢٦٩.

بەڵام دەربارەی عەمروی کوڕی عوبەید (١٤٤ک.م) -دووەم سەرۆکی موعتەزیلەکان-، ئەوا بەڵخی باسدەکات کە پشتگیر و بەریگریکار بووە لە شۆڕشی یەزیدی کوڕی وەلید، دەڵێ عیسای کوڕی حازر وتی: (بە عەمروی کوڕی عوبەیدم وت، لەبارەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزەوە چیدەڵێیت؟ ڕووی گرژکرد و ڕووی وەرگێڕا، پاشان پێموت: ئەی لەبارەی یەزیدی کەموکوورەوە چیدەڵێیت؟ وتی: ئەو کەسێکی کامڵەو دادپەروەر بوو و لەخۆیەوە دەستیپێکرد، لەپێناو ڕەزامەندی خوادا ئامۆزاکەی خۆی کوشت، بووە جێگای ڕەخنەی خانەوادەکەی و ئەو بەخشینانەی کەمکردنەوە کە ملهوڕەکان پێیاندابوون، مەرجی لەسەر دەستەڵاتەکەی دانا و نەیکردە تۆپزی)[1]، لەگەڵ ئەمەشدا بەڵخی (٣١٩ک.م) باسی عەمرو کوڕی عوەبەید دەکات کە بە قوتابیەکانی وتووە (خۆتان ئامادە بکەن تا دەچینە لای ئەو پیاوەو ببینە یارمەتیدەری لە کارەکەیدا)، پاشان دەڵێ: (ئەو لەسەر ئەو ڕایەی خۆی بوو تا هەواڵی مردنی یەزیدی پێگەیشت)[2]، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە عەمروی کوڕی عوبەید نزیکەی پێنج مانگ دواکەوتووە لە پشتگیری لە یەزیدی کوڕی وەلید، ئەمەش مەسەلەیەکە جێگای گومانە لە ڕاستێتی هەڵوێستی لە شۆڕشی یەزیدی کوڕی وەلید، هەروەها لە مەسەلەی دەرچوون بە گشتی.

بەتەنیشت ئەمەوە عەمروی کوڕی عوبەید پشتگیری نەکردووە لە دەرچوونی ئیبراهیم کوڕی عەبدواللە ی کوڕی حەسەن ساڵی (١٤٥ک) لەدژی ئەبو جەعفەری مەنصور، سەرچاوەکان ئاماژە دەدەن بە هەبوونی پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان عەمرو و ئەبو جەعفەری مەنصوردا، خەتیبی بەغدادی (٤٦٣-٣٩٢ک) گوتەیەکی عەمروی کوڕی عوبەید دێنێ ئەویش کاتێ کە مەنصور لەبارەی دەرچوونی

---

جا ئەگەر یەزیدی کوڕی وەلید کەسێکی (قەدەری) بوو‌بێت هەروەک ئیبن ئەسیر و مەسعودی دەڵێن، یان تەنها کاریگەر بووە پێیان، ئەوا ئەو پرەنسیپانە کە باسیکردوون لە وتارەکەیدا لەدوای گرتنەدەستی دەستەڵات، تێڕوانینی موعتەزیلە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی دەخاتەڕوو یان بەلانیکەمەوە گونجاوە لەگەڵیدا، وتارەکەی پرەنسیپی بەرپرسێتی کارەکانی فەرمانڕەوای تێدایە، هەروەها لامەرکەزی لە فەرمانڕەواییدا (سەرنجبدە کە زۆربەی موعتەزیلەکان لە غەیرە عەرەبەکان بوون)، هەروەها باسی یەکسانیی و بەستنەوەی بە گوێڕایەڵیەوە لە ئەنجامدانی کارەکان و دەستکەوتی سیاسیدا، هەروەها داننانە بە پرەنسیپی ڕەوایەتی لابردنی فەرمانڕەوا لەبارێکدا وەفادار نەبوو بە بەندەکانی بەیعەتەوە، هەروەها جەختکردن لەسەر پرەنسیپی گوێڕایەڵی کەسێ ناکرێ کە ئەو لە سەرپێچی فەرمانی خوادا بێت، هەروەها ڕەوایەتی دەرچوون بە شەڕ لەدژی فەرمانڕەوا هەرکات سەرپێچی فەرمانی خوای کرد.

١- البلخي، ذكر المعتزلة من مقالات الإسلاميين، ص١١٧.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

موحەممەد کوڕی عەبدواللە ی کوڕی حەسەنەوە پرسیاری لێکردووە، ئەویش بە ئەبو جەعفەری مەنصوری وتووە: (ئەی تۆ لە ڕۆژانێکدا کە ناکۆک بوویت لەگەڵماندا، ڕاو بۆچوونی منت لەسەر شمشێر نەزانی، من نەمبینیوە)[1]، ئەم گوتەیە بەدڵنیایی ئەوەمان پێدەڵێ کە عەمروی کوڕی عوبەید ڕای لەگەڵ دەرچوون نەبووە بەپێچەوانەی واصیلی کوڕی عەتا و، با بیانووشی لەوەدا نەتوانایی بووبێت، چونکە تەبەری سەرگوزەشتەیەک لە ئەییوبی قەزازەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (بە عەمروم وت چیدەڵێیت لەبارەی کەسێکەوە کە ڕازییە بە ئارامگرتن لەسەر لەدەستدانی ئاینەکەی، ئەویش وتوویەتی: من ئەوەم، وتم ئەی چۆن خۆ تۆ ئەگەر بانگەواز بکەیت سی هەزار کەس دێن بەدەمتەوە، وتوویەتی: سوێند بەخوا سێ کەس ناناسم کە ئەگەر بەڵێنیاندا بەوەفابن پێی، ئەگەر بمزانیایە ئەوا من چوارەم دەبووم)[2]، ئەم سەرگوزەشتەیە ئاستی کاریگەری عەمروی کوڕی عوبەید دەخاتەڕوو لەناو مەعتەزیلەدا، هەروەها لە بێبایەخی بەڵگەکەی بە نەتوانایی.

بەهەمانشێوەش بەمەرجگرتنی ڕاپەڕینی زیاتر لە سێسەد جەنگاوەر (ژمارەی سوپای موسڵمانان لە بەدر) لە وێنەی ئەو –ئەو کە لە پارێزکاریی و دنیانەویستی و خۆپارێزیدا ئەوە بووە کە بووە–، ئاماژە دەدات بە هەڵوێستی نەرێنی لە دەرچوون، وادەردەکەوێ ئەبو جەعفەری مەنصوریش پەی بە قورسی جێبەجێبوونی ئەو مەرجە کردووە، بەمە دڵنیابووە لە لایەنی عەمروی کوڕی عوبەید، ئیبن مورتەزا دەڵێ بە مەنصور وتراوە: (عەمرو لەدژت دەرچووە، وتوویەتی: ئەو پێیوایە ئەگەر سێسەد و ئەوەندەی وەک خۆی بینی ئەوکات لەدژم دەردەچێ، ئەوەش مەحاڵە)[3]. لەلایەکیترەوە شتێک کە زیاتر دووپاتی هەڵوێستی نەرێنی عەمروی کوڕی عوبەید لە دەرچوون دەکات، بریتییە لەوە کە موعتەزیلە تا دوای مردنی ئەو دەستیان نەداوەتە شۆڕش، ئەوکات بەشیری ڕەححال لەگەڵ کۆمەڵێ موعتەزیلەدا لەگەڵ ئیبراهیم کوڕی عەبدواللە کوڕی حەسەن دەرچووە (بەیعەتیان پێداوەو لەگەڵیدا جەنگاون و لەگەڵیدا کوژراوە)[4]، هەر ئەمەش وای لە ئەبوجەعفەری مەنصور کردووە بڵێ: (تا عەمروی کوڕی عوبەید نەمرد موعتەزیلە ڕانەپەڕین)[5].

---

١- الخطيب البغدادي، أحمد بن علي بن ثابت. تأريخ بغداد، بيروت: ١٩٩٧م، ج١٢، ص١٦٨.

٢- الطبري، تاأريخ الرسل والملوك، ج٤، ص٤٠٤.

٣- المرتضى، طبقات المعتزلة، ص٤٠.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٤١.

٥- البلخي، ذكر المعتزلة من مقالات الإسلاميين، ص١١٠.

ئەوەی لە مەسەلەکەدا گرنگە ئەوەیە کە ئەو هەڵوێستەی عەمروی کوڕی عوبەید تێنەپەڕی تا جێکەوتەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەی لای موعتەزیلە جێنەهێشت. شۆڕشەکەیان لەدژی ئەبو جەعفەری مەنصور کۆتا شۆڕش بووە کە بەشداریان کردووە تیایدا[1]، دەتوانین لەدوای ئەو شۆڕشە ئیتر ئاراستەیەکی گشتی لای موعتەزیلەکان بەدیبکەین کە ڕۆیشت بەرەو خۆشدوانی و ڕووپامایی دەستەڵاتی عەبباسیەکان، ئەمەش ڕاڤەی ئەو ڕەخنە توندە دەکات کە هەندێ لە سەرکردەکانی موعتەزیلە وەک عیسا کوڕی صەبیحی میردار (٢٢٦ک.م) بەهۆی پەیوەندییان بە دەستەڵاتەوە ئاراستەی مەعتەزیلەی کردووە، ئەم ڕەخنەیەش گەیشتە ئاستی بە کافرکردنی هەندێ لە هاوەڵانی لە موعتەزیلە، ئەوانەی تۆمەتباریکردن بە تێکەڵاوی لەگەڵ عەبباسیەکاندا.

بێگومان کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە بووە باو، موعتەزیلەی برد بەرەو پێداچوونەوە بە بنەمای فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، بەو سیفەتە کە بەشێکە لە ستراتیژی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیدا، ئەمەش بەکردەیی لەسەر دەستی قازی عەبدولجەبار (٤١٥ک.م) ڕوویداوە. گرنگە وەبیربێنینەوە شتێک کە لە هزری موعتەزیلەدا بەڕووی ئەم پرەنسیپەدا وەستابوو ناڕازیبوون بووە بە (شمشێر و بەس) و جیهاد لەدژی گوناهکار و بێباوەڕ بەبێ جیاوازی خستن، هەروەک بەڵخی و مەسعودی دەڵێن، ئەمەش مەسەلەیەک بوو ئەگەر موعتەزیلە لەسەر ئاستی کارپێکردنی پراکتیکی ڕاجیاواز بووبن تیایدا، بەڵام لەسەر ئاستی تیۆری هەر پرەنسیپێکی نەگۆڕ بووە، تەنانەت پێش قۆناغی قازی عەبدوجەبار. ئایا تێڕوانینی قازی عەبدوجەبار چی بووە بەرانبەر بە بنەمای فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە.

بەپێی بۆچوونی قازی عەبدوجەبار، مەبەستی موعتەزیلە لە فەرماندان بە چاکە هێنانی چاکەیەو ڕێگری لە خراپەش لابردنی خراپەیە، چاکەش لای ئەوان هەموو

---

١- دکتۆر موحەممەد عەممارە لە کتێبەکەیدا بەناوی (المعتزلة والثورة) تێبینی ئەمەی کردووە، لەگەڵ بەردەوامبوونی شۆڕشەکان دژ بە حوکمی عەبباسیەکان بەتایبەتی لەلایەن پێشەوا زەیدییەکانەوە ئەوانەی کە هەر لەسەرەتاوە پەیوەستبوون بە ئاراستەی بیری ئیعتزالییەوە، بەڵام ئاراستەی شۆڕشەکە کەم کەم لەلای خودی زەیدییەکان سوکتر دەبوو، هەروەک مامۆستا ئەبو زوهرە لە کتێبەکەیدا دەربارەی پێشەوا زەید ئاماژەی پێداوە، بەڵام شیعە وێڕای هەڵوێستی نەیاریان لە سیستەمە حوکمڕانەکان و سۆزداریان لەگەڵ شۆڕشەکاندا لەدژیان بەتایبەتی شۆڕشەکانی ئالوبەیت، هەر باوەڕیان بە جێگیریی پێشەوایەتی بە دەق مانای وابووە کە یەقینیان هەبووە بە گەیشتنی پێشەوایەتی پێیان بێئەوەی پێویستیان بە شۆڕش هەبێت.

کردەوەیەکە کە بکەرەکەی باشیەکەی بزانێ یان ڕێنیشاندەر بێت بۆی، خراپەش هەموو کردەوەیەکە کە بکەرەکەی خراپیەکەی بزانی یان ڕێنیشاندەر بێت بۆی، بنەمای فەرماندان بە چاکەو ڕێگریش لە خراپە قورئان و سوننەت و کۆدەنگییە. لەم سنورەدا دەتوانرێ بە گوتەیەکی گومانبڕ بوترێ کە هەمووی موعتەزیلە کۆدەنگن لەسەر ئەم پرەنسیپە، بەڵام لەوە بەولاوە ئەوا ڕوونە کە لە نێوان خۆیاندا ڕا جیاوازن، قازی عەبدوجەبار دەڵێ: (هیچ ڕا جیاوازییەک نیە لە فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، بەڵکو جیاوازییەکە ئەوەیە ئایا ئەوە بە ئەقڵ دەزانرێ یان بە بیستن نەبێت نازانرێ، لێرەدا ئەبو عەلی –ئەلجەبائی– پێیوایە کە بە ئەقڵ و بە بیستن دەزانرێ، ئەبو هاشمیش –کە کوڕی جەبائی و مامۆستای قازی عەبدوجەبارە– پێیوایە کە تەنها بە بیستن دەزانرێ، جگە لە یەک جێگادا نەبێت، ئەویش بریتییە لەوە کەسێک ببینرێ ستەم لە کەسێکیتر دەکات، تۆیش دڵت بۆی بسوتێ و ناڕەحەت ببیت، ئەوکات پێویستە ڕێگری لێبکەیت و نەهێڵی ئەو زیانە بەو کەسە بگەیەنێ)[1]. قازی عەبدوجەبار پێنج مەرج دادەنێ بۆ فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئەوانیش ئەمانەن[2]:

- زانینی چاکەکە.
- زانینی هەبوونی خراپەکە.

---

١- الهمداني، شرح الأصول الخمسة بتعليق الإمام أحمد بن الحسين بن أبي هاشم، ص١٤٢.

٢- هەمان سەرچاوە ، ل١٤٢-١٤٣. هەمان ئەم مەرجانە دواتر چوونەناو فیقهی زەیدییەوە، چونکە ئیبن مورتەزا کە لە ساڵی ٨٤٠ ک مردووە بە مەرجی دەگرێ کە دەبێ کەسی فەرماندەر بە چاکەو ڕێگر لە خراپە ئەم پێنج مەرجەی تێدا بێت، کە ئەمانەن:

– دەبێت کەسی فەرماندەر و ڕێگرکەر باشەی ئەوە بزانێ کە فەرمانی پێدەدات و خراپەی ئەوەش بزانێ کە ڕێگری لێدەکات.

– دەبێت بزانێ یان پێیوابێت کە فەرمانەکەی یان ڕێگریەکەی کاریگەری هەیە.

– نابێت ئەو فەرمانەی ببێتە هۆی ڕوودانی شتێکی وەک خۆی یان خراپتر لەو.

– نابێت لە خۆی بترسێ یان لەسەر پارچەیەک یان ماڵ و سامانی.

– دەبێت بزانێ یان پێیوابێت ئەگەر فەرمان بەو شتە نەدات و ڕێگری لێنەکات خراپەکە ڕوودەدات ئەگەرنا ئەوا فەرز نیە.

بڕوانە: المرتضى، البحر الزخار الجامع لمذاهب علماء الأمصار، ج٥، ص٤٦٥-٤٦٦. لەگەڵ تێبینیکردن لە ڕێکەوتنی مورتەزا و قازی عەبدولجەبار لە ڕەوایەتی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە تەنانەت لەگەڵ هەبوونی ترس لەسەر خود و ماڵ و نەبوونی زاڵبوونی گومان بە کاریگەرییەکەی لەبارێکدا ببێتە هۆی (بەهێزکردنی ئاین) هەروەک حوسەین کوڕی عەلی کردی، ئەمەش پرسێکە کە ڕەهەندی مێـ‌ژوویی هەیەو بەشێوەی هەڵاوێردکراو هاتووە.

– نەبێتە هۆی زیانێکی لەو گەورەتر.
– بزانێت یان گومانی بەهێزی هەبێت کە گوتەکەی کاریگەری هەیە.
– بزانێت یان گومانی بەهێزی هەبێت ئەو فەرمانەی یان ڕێگریەی نابێتە هۆی زیانگەیاندن بە ماڵ و سامانی یان ڕۆحی خۆی.

پاشان فەرماندان بە چاکە دەبەستێتەوە بەو کردەوەیەوە کە فەرمانی پێدەکات، لەمەدا شوێنکەوتەی ئەبو هاشیمی جەبائیە، پۆلێنی دەکات بۆ فەرز و سوننەت، کەواتە کاتێ ئەو کارەی فەرمانی پێدەکات فەرز بێت دەبێتە فەرز، کاتێکیش ئەو کارەی فەرمانی پێدەکات سوننەت بێت دەبێتە سوننەت، بۆ خراپەش هەمان حاڵەتە، چونکە پۆلێنی دەکات بۆ ئەوەی کە تایبەتە بە مرۆڤەوەو ئەوەی لەو تێپەڕ دەکات، خراپەکانیش پۆلێن دەکات بۆ دوو جۆر خراپە: ئەقڵی و شەرعی (ئەقڵیەکان وەک ستەم و درۆکردن و هەر خراپەیەکی تریش کە بە ڕێڕەویدا دەڕوات، ڕێگریکردنیش لە هەموویان فەرزە)[١]، فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دابەشدەکات بۆ ئەو کەسە کە پێی هەڵدەستێت، بۆ ئەوەی کە پێشەواکان پێی هەڵدەستن، ئەوەش کە غەیری ئەوان دەیکەن، بەڵام بۆ فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە هەبوونی پێشەوای بەگوێکراوی بە مەرج نەگرتووە.

قازی عەبدولجەبار دوای ئەوە هاتووە مشتومڕ لەسەر مەسەلەی چۆنێتی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکات، بۆچوونی وایە کە لە کاری ئاسانەوە دەستپێبکرێ لەبارێکدا خراپەکە لابچێت پێی، چونکە (هەنگاونان لەسەر کاری قورس چارەسەر ناکات)[٢]، بەڵام لە هەمانکاتدا چەمکەکە دەکاتەوە لەسەر بژاردەی شەڕکردن لەبارێکدا خراپەکە بەو نەبێت لانەچێت، پاشان دێتەوەو فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەبەستێتەوە بە نەهێشتنی خراپە نەک بە داواکردنی چاکە، دەڵێ: (نابێت داوای سود بکرێ چونکە داواکردنی سود فەرز نیە)[٣]، کەواتە فەرماندان بە چاکە تەنها فەرمان پێکردنی بەسە، چونکە (داوامان لێناکرێ بەرپرسیێتی کەسێک بگرینە ئەستۆ کە خۆی چاکەکەی لەدەستداوە)[٤]، ئەمە بە پێچەوانەی ڕێگری لە خراپەیە، کە (ئەگەر ئارەقخۆرێکمان بەردەست کەوت و هەموو مەرجە باوەڕپێکراوەکان لەسەری بوونیان هەبوو، ئەوا ئەرکی

---

١– الهمداني، شرح الأصول الخمسة بتعليق الإمام أحمد بن الحسين بن أبي هاشم، ص١٤٧.

٢– هەمان سەرچاوە، ل٧١.

٣– هەمان سەرچاوە، ل ٧٤٢.

٤– هەمان سەرچاوە، ل٧٤٤.

ئێمەیە بە زمانی شیرین و نەرم ڕێگری بکەین لێی، ئەگەر هەر وازی نەهێنا قسەی زبری لەگەڵ دەکەین، ئەگەر هەر وازی نەهێنا لێدانی دەکەین، ئەگەر هەر وازی نەهێنا شەڕی لەگەڵ دەکەین تا وازدێنێ)[١].

ئەمەی پێشەوە کۆی پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەیە لای موعتەزیلە، هەروەک قازی عەبدولجەبار خستوویەتەڕوو، سەرنجەدرێ ئەو وردەکارییە ئەم هێناویەتی لای مامۆستا پێشووەکانی موعتەزیلە نەزانراو بوون، خودی قازی عەبدولجەبار ئەمە دەڵێ کە: (ئەوە بزانە کە مامۆستاکانمان قسەیان بەڕەهایی لەسەر فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە کردووە کە دەبوو بە تێروتەسەلی قسەی لەسەر بکرێ...)[٢]، وادەردەکەوێ ئەو داڕشتنەی پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە وەها کە قازی عەبدوجەبار خستوویەتەڕوو، کۆتا قۆناغی ئەو گۆڕانکارییە قووڵانە بووە کە چەمکەکە لە هزری موعتەزیلەدا پیایدا تێپەڕیوە، گرنگترینیان شکستخواردنی ئەو شۆڕشە زۆرانەی موعتەزیلە بووە، هەروەها پەیوەندی پتەویان بە دەستەڵاتەوە هەر لە سەردەمی مەئمونەوە تا واسیق، پاشانیش لە سەردەمی بەنو بوەیە کە ئەو سەردەمەیە قازی عەبدوجەبار تیایدا ژیاوەو پێگەی قازی قازییەکانی لە ئەستۆدا بووە.

بەڵام شتێک کە ڕێگای بەو داڕشتنە داوە هەژموون بەسەر بیرکردنەوەی موعتەزیلەدا پەیدا بکات نەبوونی هیچ جۆرە تیۆریزەکردنێ بووە بۆ ئەو پرەنسیپە لە ڕەهەندە سیاسییەکەیەوە لەپێش قۆناغی قازی عەبدولجەبار، چونکە دامەزرێنەری ئاراستەی ئیعتیزالی واصیلی کوڕی عەتا و کە هەمووی ژیانی لەسایەی فەرمانڕەوایی ئومەویدا ژیاوە، هەستاوە بە ئەرکی دامەزراندنی تیۆریی بۆ ئاراستەکەو بڵاوکردنەوەی، کەوتووەتە ناردنی بانگخوازانی بۆ ناوچە جیاوازەکان تا دیبەیت لەگەڵ بیدعەچییان و گومڕاکاندا بکەن[٣]، هیچ دەقێکی لێنەگێڕدراوەتەوە پەیوەند بێت بە پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو پرەنسیپە لای ئەو بە بنەمایەکی نەگۆڕ دادەنرێ[٤].

---

١- الهمداني، شرح الأصول الخمسة بتعليق الإمام أحمد بن الحسين بن أبي هاشم، ص٧٤٤-٧٤٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٧٤٥.

٣- المعتزلي، أبو الحسن عبد الرحيم بن عثمان الخياط. كتاب الأنتصار والرد على إبن الراوندي الملحد، بيروت: دار قابس، ١٩٨٦م، ص٥٦.

٤- توێژەر سولەیمان شوایسی دوو هۆکار بۆ ئەمە پێشکەش دەکات، یەکەم: فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە تا ئەو کاتەی نەبووەتە جێگای ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان موسڵمانانداِ، دووەم: ترسی واصیل

هەروەها دەتوانین تێبینی بکەین کە جۆرێک لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو لە نێوان هەردوو ئەرکی فەماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە و نێوان ئەرکی بەرپەرچدانەوەی بێباوەڕان و دەمەقاڵە لەگەڵیان بوونی هەبووە[1]، چونکە دەستەڵاتی عەبباسی بەشداربووە لە ئازادکردنی دەستی موعتەزیلە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارە هزرییەکانی و هەوادارانی باوەڕەکانی تر، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە هەبووە لەلای هەندێ لە گەورە زانا دواییەکانی موعتەزیلە وەک عەللاف ١٣٥-٢٣٥ک[2]، ئەم کارە لای جاحیز ١٥٩-٢٥٢ک گەیشتە ئەوپەڕی و بەوە دادەنرێ کە لە هەموو موعتەزیلەکان زیاتر

---

کوڕی عەتا لە ڕق و تۆڵەی ئومەویەکان ئەگەر بهاتایە باسی لەو پرەنسیپە بکردایە. بڕوانە:
- الشوايثي، سليمان. واصل بن عطاء وآراؤه الكلامية، طرابلس، الدار العربية للكتاب، ١٩٩٣م، ص٢٣٩-٢٤٤.
جا ئەگەر بکرێ هۆکاری یەکەم پەسەند بێت ئەوەش بەهۆی کۆدەنگی موسڵمانان لەسەر فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بەشێوەیەکی گشتی لەو قۆناغەدا، ئەوا هۆکاری دووەم بە پەسەندو ئەقڵگیر نازانرێ چونکە موعتەزیلەکان لە سەردەمی ئومەویدا چووبوونەناو بزووتنەوە نەیارەکانی دەستەڵات، کە ئەمەش بەدوور لە ڕەزامەندی واصیڵی کوڕی عەتا نەکراوە، جا ئەگەر بێین بەدووری بگرین کە واصیڵی کوڕی عەتا شتێکی لەسەر ئەم بنەمایە نوسیبێت و ئەگەریشی هەبووبێت ئەوەی کردبێ ئەوا ئەو کەلەپورەی موعتەزیلەی لە ونبوون پاراستووە، بەم پێیە واصیڵی کوڕی عەتا بووەتە هۆکار بۆ قایمکردنی بنەمای فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لە ڕێگای پشتگیری شۆڕشەکانی سەردەمی بەنو ئومەییە، کەوابوو نەبوونی هەوڵی تیۆریزەکردن بۆ پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لای واصیڵی کوڕی عەتا مەسەلەیەکە لە میانەی سەردەمی خۆیدا تێگەیشتنی لێدەکرێ، کەواتە جێگیربوون و دانانی مەرجەکان و دیسپلینەکانی چالاکییەکی فیقهی دواتری سەردەمی واصیڵ کوڕی عەتایە)، یەکێکە لە ڕوخسارەکانی زاڵبوونی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی نەرێنی.

١- دکتۆر ئەهوانی دەڵێ: تەوەرەی باسی کەلامی گۆڕدرا، وایلێهات کە لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم و سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا بەدەوری یەکتاپەرستیدا دەسوڕایەوە، تا مەسەلەکە کۆتایی بە هەموو ئەو زانستە هێنا و بووە (زانستی یەکتاپەرستی) هەر لە سەردەمی شەشەمەوە. بڕوانە:
- د. أحمد فؤاد الأهواني في: الهمداني، شرح الأصول الخمسة بتعليق الإمام أحمد بن الحسين بن أبي هاشم، ص٨. بەدووریش ناگیرێ هەمان گۆڕانکاری لە بنەمای فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەشدا ڕوویدا بێت.

٢- عەللاف بەوە ناسراوە کە ڕووبەڕووی تاقمی سەنوی و موجبیرەکان بووەتەوە، ئەمە سەرەکیترین شتێک بووە کە گرنگی پێداوە، لە کتێبی (طبقات المعتزلة) دا هاتووە کە عەللاف هەستاوە بە دەمەقاڵە لەگەڵ مەجوس و سەنوییەکان)، دەمەقاڵەی لەگەڵ مەجوس و سەنوییەکان دوورودرێژە، بە کەمترین قسە بەرانبەرەکەیی بێدەنگ کردووە و بۆڕیداوە، دەوترێ لەسەر دەستیدا زیاتر لە سێ هەزار کەس موسڵمان بوون). بڕوانە: المرتضى، طبقات المعتزلة، ص٤٤-٧٤.
بەڵام جاحیز ئەوا ناوبانگی بە شەڕەقسە لەگەڵ نەیارەکانیدا لە تاقمەکانی تر و هێرشکردنە سەریان دەرکردووە، هەروەها چالاکی درێژدادڕی کە پێی هەستاوە، ئەمە بە ڕوونی لە قسەی ئیبن خەیاتی موعتەزیلیدا دەردەکەوێ لە کتێبەکەیدا بەناوی (الأنتصار والرد على إبن الراوندي الملحد) لە هەوڵەکانی جاحیز لە کتێبەکەیدا بەناوی (فضيلة الأعتزال).

بەرگریکردووە لە دەستەڵاتی عەبباسی، یەکێک بووە لەو چالاکوانانە کە جەماوەری ڕاکێشاوە بۆ گوێڕایەڵیکردنی.

موعتەزیلە لەلایەکیترەوە نواندنی ناڕازیی بە دەست و فاسیقی پێشەوا دەبەستن بەیەکەوە، چونکە پێشەوا بە ڕووداوێک نەبێت کە ڕێڕەوی گوناە و خراپەی گرتبێتەبەر لەکارناخرێ[1]. ئەگەر ئەوەش بزانین کە فاسیقی -گوناهی گەورە- لای ئەوان دەکەوێتە نێوان باوەڕ و بێباوەڕیی، ئەوا پەی بە جۆرێک لە هاوشێوەیی دەبەین لە نێوان ئاراستەی گشتی لە هزری سوننی کە دەرچوون دەبەستێتەوە بە کوفری ئاشکراوە، وە نێوان ئاراستەی مەعتەزیلەدا لەمبارەیەوە، قازی عەبدولجەباریش بە هەمانشێوە بیرۆکەی سەرپێچی دەکاتە دیسپلینێک بۆ گوێڕایەڵیی، واتە ئەو ڕەفتارە سیاسییە کە نابێت گوێڕایەڵی بکرێ بریتییە لەو ڕەفتارە کە خۆی پۆشیوە بە پیرۆزی ئاینیەوە، جگە لەوە ئیتر دەبێت گوێڕایەڵی هەبێت، چونکە دەڵێ: (یەکێ لەو شتانەی دەچنەناو پێشەوایەتی: ئەوەیە خەڵکی پابەندبکرێن بە گوێڕایەڵی لە شتێکدا کە سەرپێچی تیدا نەبێت و هەنگاو نەنێت بۆ حەرام و قەدەغەکراو، ئیتر دەبێت لەو بەشەدا گوێڕایەڵی بکرێ، ئەمەش تایبەتە بەو و بۆ کەسیتر نیە، چونکە گوێڕایەڵیی بەمجۆرە فەرز نیە، هەرکەس بەگوێی نەکات ئەوە هەڵەکارە، ئەگەر ئازاریشی پێبگەیەنێ ئەوە گوناهبارە، ئەو لەم دەقەدا نزیکدەبێتەوە لە ڕەهایی گوێڕایەڵی پێشەوا لە مەسەلە ئیجتیهادیە گوماناویەکاندا هەروەک چۆن لە هزری سیاسیی سوننیدایە[2].

---

١٠- الهمداني، عبد الجبار بن أحمد، المغني في أبواب العدل و التوحيد، مصر: دار الكتب المصرية، ١٩٦٢م، ج٢٠، ص١٧٠.

٢- قازی عەبدولجەبار لە سەرەتای ژیانیدا لە بنەماکاندا کەسێکی ئەشعەری بووە، ساڵی ٤١٥ک.م، واتە لەو قۆناغەدا کە هزری ئەشعەری شەرعیەتی (سوننی) وەرگرت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە قازی عەبدولجەبار هەر ماوەتەوە لەژێر کاریگەری هزری ئەشعەریدا، بەڵام ئەو ساتەوەختە مێژووییە کە تیایدا ژیاوە، ساتێکی ڕێکەوتن بووە کە ڕوخسارەکانی تیۆری ئەهلی سوننە و جەماعە لە پێشەوایەتیدا کامڵ بووە، وایلێهات بووە دەستەڵاتێکی کاریگەر لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهانی ئیسلامیدا، هەروەها ئەو بارودۆخانە کە بۆ قازی عەبدولجەبار ڕەخسان وایلێکردووە لە پێگەی بیرمەندێکی گشتی دا بێت بۆ هزری موعتەزیلە، چونکە ئەو تاقانەیە لە نێوان گەورە سەرکردەکانی موعتەزیلەدا کە تاقمێکی تایبەت نادرێتە پاڵیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هزری موعتەزیلەی بە هەموو پارچەکانیەوە لەخۆگرتووەو لە پێگەی بیرمەندی گشتییەوە سەرلەنوێ تیۆریزەی کردووە، نوسینەکانی لە هەموو زانستەکاندا گەیشتووەتە چوار سەد هەزار وەرەقە، هەروەها توانی کۆپی کتێبەکانی مامۆستایانی پێش خۆی بکات)، بەپێی ئەو قسەیە کە ئیبن مورتەزا لە کتێبی (المنبه والأمل) دا باسیکردووەو دەڵێ: (سەرۆکایەتی موعتەزیلە کەوتە لای تا بووە مامۆستاو زانای بێ هاوتای، پشت بەسترا بە مەسەلەو کتێبەکانی و بە کۆپی کتێبی مامۆستاکانی پێش خۆیشی). بڕوانە:

وێڕای ئەوە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای موعتەزیلە هەر بەدوور لە گوێڕایەڵیی ڕەها مایەوە، کراوەبوو لەسەر هەموو ئەگەرەکانی ناڕازیبوون بە دەست، زەحمەتیشە بتوانرێ بوترێ کە پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە ڕوونیی تیۆری خۆی بەیەکجاری لەدەست دابێت، چونکە هزری ئیعتیزالی -لەسەر ئاستی تیۆری- هەر دوور بووە لە پاساودان بە گوێڕایەڵیی سیستمە ملهوڕەکان، یان پەسەندکردنی گوێڕایەڵیی کەسی زاڵبوو، بەڵام سەرلەنوێ خوێندنەوەی ئەو بنەمایە بەپێی دەرهاویشتەکانی سیاسەت، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی خۆی لەدەستدا کە بەهۆیەوە لە پرەنسیپی فیقهێکی گشتیەوە گواستیەوە بۆ بنەمایەکی باوەڕیی، کە لە ساتی یەکەمین دامەزراندنی لەلایەن دامەزرێنەری ئاراستەی ئیعتیزالی واصیلی کوڕی عەتا و وە بەرجەستە بوو، ئەویش تایبەتمەندی (ناڕازیبوون بە شمشێر و بەس).

## ٤- باوەڕی گوێڕایەڵیی لای ئەشعەریەکان

ئەبو حەسەنی ئەشعەری (٣٢٤-٢٦٠ک) کەسێکی موعتەزیلی بووە بەرلەوە لەگەڵ جەبائی (٣٢١ک.م) مامۆستایدا تێکبچێت، کە دوای ئەوە بەریبوونی خۆی لە موعتەزیلە ڕادەگەیەنێ، باسی زۆر لەبارەی ئەو هۆکارانەوە هاتووە کە وای لە ئەشعەری کردووە لە بازنەی ئیعتیزالەوە بگوێزێتەوەو ئاراستەیەکی کەلامی نوێ بەخۆی دابمەزرێنی، بەغدادی دەڵێ یەکێک لە هۆیەکانی ئەو ناکۆکییە پێناسەی جەبائی بووە بۆ گوێڕایەڵیی کە بریتییە لە ڕازیبوون بە ئیرادە، بەغدادی دەڵێ: (یەکێک لە گومڕاییەکانی جەبائی ئەوەیە کە خوای گەورەی بەوە ناوبردووە ئەگەر بێتو ویستی بەندەکەی جێبەجێ بکات ئەوا گوێڕایەڵی بەندەکەیەتی، هۆی ئەمەش ئەوە بووە ڕۆژێکیان بە ئەبو حەسەنی ئەشعەری مامۆستامان -بە ڕەحمەت بێت- دەڵێ ئایا واتای گوێڕایەڵیی لای تۆ چییە؟ ئەویش وتوویەتی: ڕازیبوونە بە فەرمان، ئینجا ئەمیش پرسیاری لە جەبائی کردووە ئەی ڕای ئەو چییە، جەبائی وتوویەتی: ڕاستێتی گوێڕایەڵیی لای من ڕازیبوونی ئیرادەیە، هەرکەس کار بۆ ویست و مەبەستی کەسێکیتر بکات ئەوا گوێڕایەڵیەتی، مامۆستامان ئەبو حەسەن وتوویەتی: بەپێی ئەم قسەیە بێت ئەوا دەبێ خوای باڵادەست هەرکات ویست و مەبەستی بەندەکەیی جێبەجێ کرد ئیتر گوێڕایەڵی بەندەکەی بێت، ئینجا پێیوتووە: تۆ بەم قسەیەت ڕا جیاوازی لە ڕای کۆدەنگی موسڵمانان و کوفرت کردووە دەرهەق بە پەروەردگاری

- المرتضی، أحمد بن یحیی. المنبە والأمل في شرح الملل والنحل، بیروت: دار الندی، ط٢، ١٩٩٠م، ص٩٣-٩٤.

جیهانیان، چونکە ئەگەر دروست بێت خوای گەورە گوێڕایەڵی بەندەکەی بێت ئەوا دروستیشە ملکەچی بێت، خوای گەورەش گەورەو بڵندە لەوەی دەیڵێیت)[1].

لەم هەڵوێستەوە دەردەکەوێ کە وتووێژی ئەشعەری و جەبائی مامۆستای لە زەمینەی واقیعی کۆمەڵایەتیەوە نەبووە، چونکە پرسیار لەبارەی گوێڕایەڵیی کە ئایا ڕازیبوونی ئیرادەیە یان ڕازیبوونە بە فەرمان، جۆرێک بووە لە دەمەقاڵەی (میتافیزیکی) با لە کۆتاییشدا سەریکێشابێت بۆ قسەکردن لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ، لەبەرئەوە زەحمەتە ئەو ناکۆکییە لەو مەسەلەیەدا دابەزێنرێتە سەر پەیوەندی موسڵمان بە دەستەڵاتی سیاسییەوە، چونکە ئەم ڕەهەندە لە دەرەوەی بازنەی ئەو دەمەقاڵەیەوە بووە کە لە نێوان جەبائی و ئەشعەریدا ڕوویداوە.

وادەردەکەوێ کۆتا شتێک کە ئەشعەریەکان لە باسکردنی ئەم مەسەلەیەدا ویستوویانە بریتی بووە لە جیاکردنەوەی نێوان ئیرادەو فەرمان، چونکە ئیرادە هەر بۆ خوایە (هەموو کردەوەکان لە ڕووی نوێبوونەوەو پسپۆڕیان دەگەڕێنەوە بۆ لای پەروەردگاری باڵادەست، بەڵام فەرمان ئەوا تایبەتە بە کردەوەی بەندەکانەوە، لێرەدا مەسەلەی (بەدەستهێنانی فەرمانپێکراو) واتە کردەوە لەلایەن بەندەوە، ئەوا ئەمە نادرێتە پاڵ خوای گەورە بەڵام دەچێتە ژێر توانای بەدیهێنەر (دەبێتە بەدیهێنراوێکی خوا لە داهێنان و هێنانەبووندا، بەدەستهێنانیش لەلایەن بەندەوە بەدەستهێنانە لەژێر توانای خوادایە)[2]، ڕاجیاوازیەکەش لە بنەڕەتدا دەربارەی پاکوبێگەردی خوایەو دووری لە خراپەکان، موعتەزیلە پێیانوایە خوای گەورە هەرگیز خراپەی ناوێت، ئینجا فەرمان و ئیرادە دەکەنە یەک، جا ئەگەر خوا خراپەی بویستایە ئەوا فەرمانی پێدەدا، چونکە هەموو فەرماندەرێ بە شتێک بۆئەوەیە ئەو شتەی دەستبکەوێت، خوای گەورەش کە خراپەی ناوێ فەرمانیشی پێناکات، گوێڕایەڵیش لای ئەوان بریتییە لە ڕازیبوونی ئیرادە نەک فەرمان، ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئیرادە سیفەتێکی خوای گەورەیە بەڵام فەرمان ئەوا (قسەی) بێژەرە. لەوانەیە هەر ئەمەش مەبەستی قسەکەی جەبائی بێت کاتێ قسەی لەبارەی ئەوەوە کردووە کە ناویناوە بە (حەقیقەتی گوێڕایەڵیی)، ئابەمجۆرە موعتەزیلە خوای گەورەیان پاکڕاگرتووە لە ئیرادەی گوناە و خراپەکان، بەڵام لەلایەکیترەوە کردوویانەتە گوێڕایەڵی بەندە ئەگەر ویستەکەی جێبەجێبکات، ئەمە ئەو تێگەیشتنەیە

---

١- البغدادي، الفرق بين الفـ َرق وبيان الفرقة الناجية، ص١٨٣.

٢- الشهرستاني، الملل والنحل، ج١، ص٩٣.

کە ئەشعەری هەیبووەو وایلێکردووە جەبائی بە (بێباوەڕ) بزانێ.

بەڵام ئەشعەریەکان (ئیرادەی خود) و (ئیرادەی خستنەڕوو) لێکجیادەکەنەوە، خوای گەورە -لای ئەوان- هەر بەویست و ئیرادەی خۆی خێری دەوێ، چونکە خۆی سەرچاوەی خێرو چاکەکانە، ویستی خراپەشی بە ئیرادەی خستنەڕووە نەک وەها کە سەرچاوەی خراپەکان بێت[1]، ئەو تەنها خێرو چاکەی دەوێ، بەڵام خراپە ئەوا ئیرادەی تیایدا ئەوەیە دەیخاتەڕوو، ئەو ئاگرە کە خوای گەورە کردوویەتیە ماددەی ژیانی خەڵکی و سود بۆیان، سوتاندنیشی لێدەکەوێتەوە، ئەوا لە مانای یەکەمدا خودی ئاگر ویستراوە، واتە بەو سیفەتە کە سودمەندە، لە مانای دووەمدا ویستراوە بە خستنەڕوو، بەو پێیە کە بە (سوتاندن) خراپەی لێدەکەوێتەوە و لەوانەیە بکەوێتەسەر مرۆڤێکی بێتاوان، ئەشعەریەکان لەسەر ئەم ڕاستییە پێیانوایە فەرماندان بە شتێک مەرج نیە کە بویسترێ بکرێ و هەردەبێ دەستەبەر ببێت، چونکە خوای گەورە لەوانەیە فەرمان بە شتێک بکات بەڵام پێچەوانەکەیی بوێت، لەمبارەیەوە چەندین نمونە دەهێننەوە، لەوانە (ئەگەر کەسێک لای فەرمانڕەوا سکاڵای لەدەست کۆیلەکانی کرد کە سەرپێچی فەرمانی دەکەن و گوێنادەن، فەرمانڕەواش داوای ئامادەبوونیان دەکات، ئینجا خاوەنەکەیان فەرمانیان پێدەکات بە کردنی شتێک بەڵام مەبەستی ئەوەیە سەرپێچی بکەن ئەوەش بۆ ڕاستگۆیی سکاڵاکەی خۆی، ئەم فەرمانە فەرمانێکە پێچەوانەیە لەگەڵ ویست و ئیرادەدا، نمونەیەکی تریش خوای گەورە فەرمانیدا بە ئیبراهیمی خۆشەویستی کە کوڕەکەی سەرببڕێ، لە کاتێکدا دەیویست ئەوە ڕوونەدات چونکە ئەگەر بیویستایە ڕوویدەدا)[2]، ئەشعەریەکان لەسەر ئەم قەناعەتە ڕایان لەسەر کردەوەکانی مرۆڤ دادەمەزرێ، چونکە لە دوو لایەنەوە بۆی دەڕوانرێ: لەلایەنی ئیرادەی خوای گەورەوە کە ئەو کردەوانە شتانێکن لە توانادان و بۆی هەیە ڕووبدەن و نوێببنەوە، چونکە خوای گەورە شتێکی ناوێ کە ناتوانرێ بەدەستبێت و نوێببێتەوە یان تایبەتمەندی وەربگرێ. لە لایەنی بەندەیشەوە، ئەوەیە کە ناودەبرێ بە بەدەستهێنان، واتە کردەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی ئەو توانا بەردەستانەی کە بەپێی زانستی خوای پاکوبێگەرد دەستەبەرن، بەم پێیە ئەوا سەرپێچی مرۆڤ بۆ فەرمان کردنەکەشی والێدەکات جێگای ڕەزامەندی نەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا

١- الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أحمد، نهاية الإقدام في علم الكلام، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٤م، ص١٤٩-١٥٠.

٢- الشهرستاني، نهاية الإقدام في علم الكلام، ص١٤٧.

پێچەوانەی ئیرادەی خوایی نیە، سەرپێچی مرۆڤیش بۆ فەرمان لای موعتەزیلە پێچەوانەی ئەو ئیرادەیەیە.

باسی ئەم مەسەلەیە لە بازنەی کەلامیدا لەمە زیاتر نەچووەتە پێش، وەهاش نابینرێ کاریگەری ڕێنمایی لەسەر ڕا سیاسییەکانی کۆی ئەشعەریەکان هەبووبێت، چونکە باسێک لەبارەی بەرپرسێتی فەرمانڕەواوە نابینین، یان فەرزبوونی شورا، یان فراوانکردنی ئەرکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئەبو حەسەنی ئەشعەری ڕای خۆی دەربارەی دەرچوونی سیاسی پێشکەش دەکات بەو سیفەتە کە باوەڕە، دەڵێ: (ئێمە ناڕازین بە نواندنی نارەزایی لە دەرچوون بە شمشێر و شەڕکردن لە کاتی فیتنەدا)[1]، پاشان باسی فەرزی گوێڕایەڵیی و ڕێگەنەدان بە دەرچوون دەکات بەو سیفەتە کە یەکێکە لە بنەماکانی پێشینان و کۆدەنگیان و دەڵێ: (زانایان کۆدەنگن لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵیی پێشەوایانی موسڵمانان، لەسەر بەگوێکردنی هەر کاربەدەستێ کە کرابێتە بەرپرسی شتێک لە کاروباریان بە ڕەزامەندی یان بە زاڵبوون، گوێڕایەڵیشی گەیشتبێتە هەر کەسێکی چاک یان خراپەکار، ئەوا نابێت بە شمشێر لەدژیان دەربچیت ئیتر ملهوڕ بێت یان دادگەر بێت)[2]، هەروەها پێیوایە کە دەبێت (دوعا بکرێ بۆ پێشەوایانی موسڵمانان بە چاکبوون و داننان بە پێشەوایەتیاندا، بە گومڕاناساندنی هەرکەسێ لەدژیان ڕادەپەڕێ، ئەمە لەبارێکیشدا ئەگەر هاتوو لێیانەوە دەرکەوت کە پایەداریان فەرامۆشکردووە)[3]. تێبینی دەکرێ کە ئەشعەری زاراوەی فاسیقی بەکارنەهێناوە بەڵکو دەستەواژەیەکی تری بەکارهێناوە ئەویش (وازهێنان لە پایەداریی)یە، لەوانەیە ناکۆکی لەگەڵ موعتەزیلەدا کاریگەری هەبووبێت لە پشتگوێخستنی بەکارهێنانی زاراوەی فاسیقی، کە لەناو دەمەقاڵەی کەلامیدا لەو کاتەدا زۆر باو بووە، بەکارهێنانیشی بۆ زاراوەی (وازهێنان لە پایەداریی) وایکردووە کە هەوڵی شارەزابوون بە کۆی ڕا سیاسییەکانی زۆرتر زەحمەت بێت، چونکە مەعلوم نیە ئایا مەبەستی تەواوەتی بەو زاراوەیە چییە.

دەکرێ کەمێ لەسەر مەسەلەیەک بوەستین کە یارمەتیدەرە بۆ تیشک خستنەسەر ئەوە کە دادەنرێ بە حاڵەتی بەریەککەوتن لە نێوان هزری سیاسیی ئەشعەریەکان

---

١ – الأشعري، أبو الحسن، الإبانة عن أصول الديانة، القاهرة: دار الأنصار، ١٩٧٧م، ص٣١.

٢– الأشعري، أبو الحسن. رسالة إلى أهل الثغر، المدينة المنورة: مكتبة العلوم والحكم، ط٢، ٢٠٠٢م، ص٢٩٦– ٢٠٧.

٣– الأشعري، الإبانة عن أصول الديانة، ص٣١.

و ڕای فەرموودەناساندا، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان پشکی هەبووە لە سانسۆر خستنەسەر ڕا سیاسییەکانی ئەشعەریەکان، ئەویش مەعلومە کە هزری ئەبو حەسەنی ئەشعەری و ڕا کەلامییەکانی بە گشتی لە سەرەتاوە جێگای ڕەزامەندی بازنەی فەرموودەناسان نەبووە، چونکە هاتووە شێوازێکی (مامناوەندی لە نێوان هەڵوێستی پێشینان و توندڕەوی نەیارەکانیان گرتووتەبەر، هاتووە لەسەر بنەمای تێڕوانین دان بە باوەڕدا دەنێ، پێشینان بەدگومان بوون لێی، زۆرێکیان تانەیان داوە لە باوەڕی، حەنبەلیەکان بە بێباوەڕیان ناساندووە و خوێنیان حەڵاڵکردووە..)[1]، ئیبن عەساکر (٥٧١ک) لە کتێبەکەیدا بەناوی (تبيين كذب المفترى فيما نسب إلى الإمام أبى الحسن الأشعرى) دەڵێ: (پێشەوا ئەبو عوسمان ئیسماعیل کوڕی عەبدوڕەحمان کوڕی ئەحمەدی صابونی نیساپوری، هەرکات ڕۆیشتبێت بۆ وانە وتنەوە کتیب ی الإبانه ی ئەبو حەسەنی ئەشعەری گرتووە بەدەستیەوە، پێی سەرسامبووەو وتوویەتی: (ئەم کتێبە چ شتێکی خراپی تێدایە لەوەی بێم شەرحی مەزهەبەکەی بکەم)، پێشەوا ئەبو عوسمانی نیساپوری لە فەرموودەناسان بووە، دەستەواژەکەی حاڵەتی بێزاربوونێکی گشتی لە ڕاو بۆچوونەکانی ئەبو حەسەنی ئەشعەری لەناو ناوەندی فەرموودەناساندا دەردەخات، نیساپوری ئەو کارەی بە بێ پاساو زانیوە، تاکە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو لەلای ئەو کتێبی الإبانه ی ئەبو حەسەنی ئەشعەری بووە، ئەو باسەی کە ئیبن عەساکر هێناویەتی بۆچوونەکەی ئەهوازی بەهێز دەکات –ئەهوازی ئەو کەسەیە کە ئیبن عەساکر کتێبەکەیی تایبەت کردبوو بە بەرپەرچدانەوەی– کە وتوویەتی: (ئەشعەریەکان کتێبی –الإبانه–یان کردبووە خۆپارێزی خۆیان لە حەنبەلیەکان).

بێگومان ئەوەی لەپێشەوە باسمانکرد بەس نیە بۆئەوە کە بوترێ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای ئەشعەری هەمووی بە پێچەوانەی ئەو باسەیە لەم کتێبانەیدا هاتووە: الإبانه، مقالات الإسلاميين، رساله فى أهل الثغر، چونکە ئەوەی لەدوای ئەمانەوە هاتووە گۆڕانی تێداکردووە تا ئاشتەوایی بکات لەگەڵ فەرموودەناساندا، ئەوە کارێکە ئێمە لەتوانامان‌دا نیە لێکۆڵینەوەی لێبکەین، بەڵام ئاشکرایە کە پەسەندکردنی ڕایەکانی ئەشعەری لە بازنەی فەرموودەناساندا و گۆڕینیان بۆ باوەڕێکی گشتی ئەهلی سوننەو جەماعە، ئەوە لەدوای هەموارکردنێکی گونجاو لەسەر ڕا کەلامییەکانی ئەبو حەسەنی ئەشعەری بووە، تا بگونجێ لەگەڵ گوتەی فەرموودەناساندا، لەوانەیە

١- عبده، محمد. رسالة التوحيد، ص٣١.

له کۆی ئەوانەش ڕا سیاسییەکانی بێت لەسەر پرسی پێشەوایەتی، دکتۆر تەها عەبدوڕەحمان لەبارەی ئەو دەستەواژەیەوە کە دراوەتە پاڵ ئەشعەری لە کۆتا قسەیدا لەسەر گوتەی فەرموودەناسان و ئەهلی سوننە لە کتێبەکیدا بەناوی (مقالات الإسلاميين) کە بە دەق دەڵێ: (ئێمەش کاردەکەین بە هەموو ئەو گوتانەیان کە باسمانکردوون) بە زۆر خزێنراوەتە ناو ئەم کتێبە[1]، چونکە زەحمەتە ئەشعەری بونیات بنێ لەسەر هەموو ئەوەی فەرموودەناسان وتوویانە، بێئەوەی لە شتێکدا ڕاجیاواز بێت لەگەڵیاندا، لە کاتێکدا کە ئەشعەری کەسایەتیەک بووە خاوەنی ڕەوتی سەربەخۆیی بووە، هەر ئەوەش وایلێکردووە ڕاجیاواز بێت لەگەڵ موعتەزیلەدا کە نزیکەی چل ساڵ مایەوە لەگەڵیان و باوەڕی بە هزر و بیریان هەبووە.

له هەمان میانەدا، ئەوا خوێندنەوەی کەلەپوری سیاسیی ئەشعەری جۆرێک لە حاڵەتی دژایەتی و بەریککەوتنی توند لە نێوان دوو بیرمەندی ئەشعەریدا دەخاتەڕوو، کە ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە دانانی بناغەکانی ئاراستەکردن و تیۆریزەکردن بۆی، ئەوانیش پێشەوا موحەممەد کوڕی تەییبی باقلانی (٣٢٨-٤٠٣ک)، وە پێشەوا ئەبو مەعالی جوەینی پێشەوای حەرەمەین (٤٧٨-٤١٩ک)، هەروەها ڕاجیاوازی هزری سیاسیان لە بابەتی گوێڕایەڵیی سیاسیدا کە خەریکە بگاتە ئاستی دژبەیەکی، ئەمەش ئەو پرسیارە دەخاتەڕوو، ئایا کامیان نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی پرۆسەی درێژکردنەوەی ڕاکانی ئەبو حەسەنی ئەشعەرییە.

باقلانی پێیوایە یەکێک لە مەرجەکانی لابردنی پێشەوا (ئەوەیە لە باوەڕداریەوە ببێت بە کەسێکی بێباوەڕ، لەوانەش نوێژنەکردنەو بانگەشەکردنە بۆ نەکردنی)، پاشان دەڵێ: (یەکێکیتر لەوانە لای زۆرێک لە زانایان ئەوەیە فاسیق بێت و ستەم بکات، هەستێ بە زەوتکردنی ماڵ و سامان، بدات لە مرۆڤەکان، ڕۆحە پیرۆزەکان حەڵاڵبکات، مافەکان لەدەستبدات، سزا شەرعیەکان پەکبخات. کۆمەڵێکیش لە ئەهلی سەلماندن و فەرموودەناسان دەڵێن بەم شتانە لانابرێ، ناشبێت ڕاپەڕین لەدژی بکرێ، بەڵکو دەبێت ئامۆژگاری بکرێ و بترسێنرێ، لە شتێکیشدا کە سەردەکێشێ بۆ سەرپێچی خوای گەورە واز لە گوێڕایەڵیکردنی بهێنرێ، بەڵگەشیان لەمەدا چەندین فەرموودەی زۆری بەرچاون کە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدرانەتەوە، هەروەها لە هاوەڵانییەوە لەبارەی فەرزی گوێڕایەڵیی پێشەواکان با ملهوڕبن و ماڵ خۆشەویستبن، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ:

---

١- بدوي، عبد الرحمن. مقالات الإسلاميين، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٩٧م، ص٥٣١.

((گوێبیست و گوێڕایەڵبن با بۆ کۆیلەیەکی کەمئەندامیش بێت، با کۆیلەیەکی حەبەشی بێت، نوێژبکەن لەدوای هەموو کەسێکی چاک و خراپەوە)). هەروەها دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: ((گوێڕایەڵیان بن، باماڵەکەشت بخۆن و دارکاری پشتت بکەن، تا ئەوان نوێژبکەن گوێڕایەڵیان بن)) چەندین فەرموودە و باسی تر لەم بەشەدا هاتووە)[١].

جا هەرچەندە باقللانی هەوڵیداوە جۆرێک لە جیاکاری بخاتە نێوان ڕای ئەشعەریەکان و ڕای ئەوانەی کە پێیان دەوترێ (کۆمەڵی ئەهلی سەلماندن و فەرموودەناسان)، بەڵام هەر ئاشکرایە کە تێڕوانینی سیاسیی لای ئەو لەسەر دەستەڵاتی فەرموودە بونیاتنراوە[٢]، پێیوایە کە (فاسیقبوونی پێشەوا لەدوای بەیعەتدان پێی نابێتە هۆی لابردنی، بەڵام ئەگەر ئەوەی لە سەرەتای بەیعەتدانەکە بێت ئەوا گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە پێویستە پەشیمانبێتەوە لێی)[٣].

بەم پێیە مەسەلەی بەگوێکردنی فاسیق هەروەک باقللانی دەیخاتەڕوو جێگایەکی گرنگ لە بیرکردنەوەی ئەشعەریدا داگیردەکات، ئەمەش کارێکە بە تێڕوانین بۆ ئەشعەریەکان کە هەوڵیانداوە دژە باسێک بە هزری موعتەزیلە پێشکەش بکەن بە سروشتی دەبینرێ، واتە ئەو هزری موعتەزیلە کە جەختدەکات لەسەر ناڕەوایی بەگوێکردنی فاسیق، لە هەمانکاتیشدا پەرۆشبوونی ئەشعەریەکانە لەسەر پێکهێنانی دیدێکی مەعریفی کە فەرموودەناسان و فیقهناسان لە سێبەریدا بەیەکبگەن، ئەوانەی کە لەدوای ئەوە ناوی ئەهلی سوننەو جەماعەیان لێنراوە.

بەڵام لای جوەینی پێشەوای حەرەمەین مەسەلەکە بە پێچەوانە دەبینرێ، کە بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی دیدێکی جیاوازی لە بازنەی ئەشعەریدا پێشکەش کردووە. شتێک کە ئەو دیدە جیابکاتەوە رزگاربوونیەتی لە چاولێکەریی و بەگژاچوونەوەی هەندێ گرفتی وەک (ئەو شتەی بێدەنگی لێکراوە) کە لە هزری ئەشعەری و سوننیدایە بە گشتی، چونکە جوەینی نەهاتووە دانبنێت بە گوێڕایەڵیی

---

١- الباقلاني، التمهيد في الرد على الملحدة و المعطلة والرافضة والخوارج والمعتزلة (نقلا عن)
- أيبش، يوسف. نصوص الفكر السياسي الإسلامي: الإمامة عند السنة، بيروت: دار الطليعة، ١٩٦٦م، ص٥٧-٥٨.

٢- ئەویش ئەو دەستەڵاتەیە کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا دامەزراوە، بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی مەعریفی زۆرێک لە زانستەکان وەک فیقە و کەلام (لای ئەشعەریەکان بەتایبەتی) هەروەک لە لێکۆڵینەوەمان لە ڕەوشی فەرموودە دا ڕوونیدەکەینەوە.

٣- الباقلاني، التمهيد في الرد على الملحدة و المعطلة والرافضة والخوارج والمعتزلة (نقلا عن) أيبش، يوسف. نصوص الفكر السياسي الإسلامي: ص٥٨.

سیاسیدا پاشان بوەستێت، بەڵکو ڕۆیشتووە بۆ مشتومڕی ئەو مەسەلانە کە جێکەوتەی ئەون، ئەوەش لە ڕێگای بیرکردنەوە لە کێشە گریمانەییە زۆر زۆر وردەکان هەروەک دەبینین. بیرۆکەی سەرەکی بیرکردنەوەی بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە لێیەوە هەنگاو هەڵدەگرێ بریتییە لە پێکەوەبەستنی پێشەوایەتی و گوێڕایەڵیی، لای ئەو کەسێ پێشەوایە کە بەگوێی دەکرێ، چونکە (پێشەوا کاتێک پێشەوایە بەگوێکردنی فەرز بێت، ئەگەرنا هیچ مانایەک بۆ پێشەوایەتیەکەی نامێنێتەوە)[1]، لەبەرئەوە (ئەگەر خەڵکی ڕوویان لێوەرگێڕا لە شوێنکەوتنی و بەگوێکردنی ئیتر وەک بەدیل گیرابێت وایە، بەدووریش دەزانرێ ڕزگاری ببێت لێی)[2]، کەوابوو گوێڕایەڵیی سیاسیی بەم واتایە دادەنرێ بە بناغەی شەرعیەتی فەرمانڕەوا، لێرەوە گرنگی کارکردن لەسەر بەدەستهێنانی و پارێزگاری لە بەردەوامبوونی، هەروەها فراوانکردنی بازنەکەی تا گوێڕایەڵیی پێشەوایش بگرێتەوە لەوەدا کە ناویدەبات بە مەسەلە گوماناویەکان، هەربۆیە پێیوایە کە (حەرامە سەرپێچی پێشەوا بکرێ لەو فەرمانەدا کە داوای دەکات با ئەسڵەکەشی گوماناوی بێت)[3]، بەڵام جوەینی لەم ئاستەدا کە زۆر جیاواز نیە لەگەڵ غەیری خۆی ناوەستێ، چونکە جەختکردنی لەسەر گرنگێتی گوێڕایەڵیی ڕێگری لێناکات بە تێروتەسەلی مشتومڕ بکات لەسەر دژەکەی، ئەو مەسەلەیە کە لەمبارەیەوە جەختی لەسەر دەکات، بریتییە لە پێکەوەبەستنی گوێڕایەڵیی بە نەگۆڕینی باری پێشەواوە، دەڵێ: (بەڵام ئەگەر گوناهیکرد و ملهوڕ بوو، بە خراپیەکەشی لە ڕێڕەوی پێشەوایەتی دەرچوو ئەوا لادانی بەبێ لابردنیش دەکرێ، با حوکمی لابردنیشی نەدرابێت، بە ڕەوایەتی لابردنی و ملنەدان پێی و بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی دەکرێ، تا شێوازێک بۆ ڕاستکردنەوەی بەدی بکەین، هەموو ئەمانەش لە مەسەلە ئیجتیهادییەکانی ئێمەن بیانزانن)[4].

جوینی لەدوای ئەوە بۆ داننان بە مافی گەل لە لابردنی فەرمانڕەوادا دەگاتە قۆناغێکی تەواو ڕوون، ئەوەش بەجۆرێکە لەناو ئەشعەریەکاندا هاوشێوەی نابینین، دەڵێ: (بەڵام ئەگەر سەرپێچی زیادیکرد و دەستدرێژی لێدەرکەوت و خراپە بڵاوبوویەوە و هەق و ڕاستی هەڵگیرا، مافەکان و سزاکان پەکیان کەوت، پارێزگاری نەما و ناپاکی

---

١- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم (الغياثي)، ص٢٣٥.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٦١.

٤- الجويني، أبو المعالي. الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الأعتقاد، القاهرة: مكتبة الخانجي، ١٩٥٠م، ص٤٢٥-٤٢٦.

دەرکەوت، ستەمکاران جورئەتیان بەخۆیاندا، ستەملێکراویش مافی لە ستەمکارەکەی بۆ نەگەڕێتەوە، کەموکووڕیی و هەرچی و پەرچی دابارى، کارە گەورەکان شێوێنران، سنورەکانی خاکی ئیسلام نەمان، ئەوا ئەوکات هەردەبێت ئەم مەسەلە گەورەبووە ڕاستبکرێتەوە)[١]، ڕاستکردنەوەی ئەم بارودۆخە لای جوەینی لەسەر بنەمای نەترسان لە ڕوودانی فیتنە بەرپا دەبێت، چونکە لای ئەو (فەرامۆشکردنی خەڵکی بەبێهودە و بە سەرگەردانی کە خۆیان بڕنن و بکوتن و بێن بەیەکدا و کەسێک کۆیاننەکاتەوە لەسەر هەق و ڕاستی، ئەوکات نارەوا سودگەیەنەرتر بێت بۆیان لەوەی دانبنێن بە شوێنکەوتنی کەسێکدا کە هاوکاری ستەمکارانە، پەناگای ساختەچییانە، داڵدەدەری پەلاماردەرانە و پارێزەری ئەوانەیە کە ڕۆچوون لە گوناهدا)[٢]، ئەوا وەسفی ئەم نیشانە زەقانە لە هزری جوەینیدا خۆی لە تێپەڕاندنی گرێی ترس لە ڕوودانی فیتنەدا دەبینێتەوە، ڕێگا دەدات بە ڕۆیشتن بۆ داننان بە مافی گەلدا لە بەرپاکردنی شۆڕش لەدژی فەرمانڕەوای فاسیق/ ستەمکار، ئەمەش دادەنرێ بە گرنگترین ڕوخسارەکانی نوێبوونەوەی سیاسیی لە هزری جوینی دا.

جوەینی هەر لە سەرەتاوە کە مشتومڕ لەسەر مەسەلەی لابردنی فەرمانڕەوا دەکات بەو سیفەتە دەیکات کە مەسەلەیەکی ئیجتیهادیە، نەهاتووە بڕیاری حەتمی تێدا بدات، چونکە ئاین نیە، بەڵام لەبیریشی نەچووە کە (ئامۆژگاری گشتی) پێشکەش بکات، تا مافی لابردن بە خراپ بەکارنەهێنرێ کە گەل لە حاڵەتی فاسیقی پێشەوادا بڕیاری لێداوە. جوەینی مەرجی پارێزکاری پێشەوا بە بەردەوامی بە مەرج ناگرێ چونکە زەحمەتە هەمیشە بەدەستبێت، هەروەها پێیوانیە کە پێشەوا لەسەر هەر هەڵەو هەڵکەوتنێ لاببرێ، چونکە ئەوە لەکەیە بۆ پرەنسیپی پێشەوایەتی، لە هەمانکاتدا پێیوایە کە ئەگەری هەیە پێشەوا تەوبە بکات لە گوناهبارییەکەی، کەواتە باش وایە لە لابردنیدا چاوەڕێ بکرێ.

جوەینی بۆ ڕزگاربوون لە پێشەوای فاسیق کە خراپەو گەندەڵییەکەی ئاشکرایە، دوو شێواز دیاریدەکات، ئەوانیش ئەمانەن:

– لابردن، ئەوەش بەدەستی ئەهلی حەلل و عەقدە، جوەینی لەمبارەیەوە لە کتێبی (الإرشاد)دا دەڵێ: (ئەگەر فەرمانڕەوای وەخت ملهوڕی کرد، ستەم و ناپاکییەکەی دەرکەوت، بەهۆش خۆیشی نەیەتەوەو بە گوفتار لەو خراپەیە پەشیمان نەبێتەوە،

---

١- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم (الغياثي)، ص٨٠.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

ئەوا ئەهلی حەلل و عەقد بۆیان هەیە ڕێکبکەون لەسەر لادانی، با بە هەڵگرتنی چەک و بەرپاکردنی شەڕیش بێت)[1].

**- بە بەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕین لەدژی، کە لە ڕووی پرەنسیپەوە مافی گەلە.**

بەڵام ئەوەی کە پەیوەندە بە شۆڕشەوە، ئەوا ئەوەی کە بە شۆڕشی کەسە تاکەکانی خەڵکی ناوچەو وڵاتان دەناسرێ ڕەتیدەکاتەوە، ئەو ڕەتکردنەوەیەی هەڵقوڵاوی پەرۆشیەتی لەسەر سەرکەوتنی شۆڕش، چونکە -واتە شۆڕشگێڕان- هەروەک دەڵێ (ئەگەر ئەو کارە بکەن ئەوا دەفەوتێن و قڕدەکرێن، کە ئەوەش هۆکارێکە بۆ زیادبوونی چەرەمەسەری و نانەوەی فیتنە)، لەبەرئەوە بە مەرجی دەگرێ کە دەبێت کەسێکی بەگوێکراویان تێدا بێت و شوێنکەوتەو تاقم و خودکەفائی هەبێت، فەرمانبدات بە چاکەو ڕێگری بکات لە خراپە و هەوڵی چاککردنی موسڵمانان بدات، واتە بە مەرجی دەگرێ کە دەبێت لە دەرچوون و شۆڕشدا توانایی و هێز بوونی هەبێت، بنەمای بیرۆکەی توانایی و هێز لای ئەو لەمەدایە کە (هەر دەبێت لە لابردن و بەیعەتدا حیساب بۆ هێز و توانا بکرێ)[2]، جا هەرەک پێشەوایەتی بە هێز و توانا گرێدەدرێ و دادەمەزرێ، ئەوا پێویستە شۆڕشیش بەهەمانشێوە هێز و توانای هەبێت. جوەینی ئا بەمشێوەیە دیارترینی ئەو کەسانەیە کە گرنگیداوە بە بیرۆکەی هێز و توانایی، بەو پێیە کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی دەرچوون، ئەمە بێئەوەی بیبەستێتەوە بە ژمارەیەکی دیاریکراو یان چۆنێتییەوە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین کە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بازنەی ئەشعەریدا، بە سنور و بە دیسپلینەکانیەوە، هەروەها بەو مەسەلانەی ترەوە کە پەیوەستن پێیەوە: وەک لەکارخستن و دەرچوون و هیتریش، بەردەوام لەلایەن دوو لایەنەوە دەهێنران و دەبران، یەکێکیان زۆرتر ئاوێتە بووە بە دیدی فەرموودەناسان، لەو مەسەلانەدا هیچی تازەی بۆ زیاد نەکردووە، بەڵام لایەنەکەی تر ئەوا لە دیدگایەکی ئیجتیهادیەوە سەیری مەسەلەکەی کردووە، کە دواجار گەیشتووەتە ئەوە هزری گوێڕایەڵیی سیاسیی سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە، ئینجا پەیوەندی تەومژاوی بە باوەڕەوە دیاری بکات، ئەمە جگە لەوە کە پرەنسیپی دەرچوونی خستە ژێر دەستەڵاتی ئیجتیهادیی گەل کە ئەویش خۆی لە ئەهلی حەلل و عەقد دا دەبینێتەوە.

---

١- الجويني، الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الفقه، ص٣٧٠.

٢٠- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم (الغياثي)، ص٨٨.

# بەشی چوارەم

## دەستەڵاتی چەمک، خوێندنەوەیەک لەسەر پیادەکردنی تیۆریزە

لەم بەشەدا پەرەسەندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی فەرموودەدا دەخەینەڕوو، تا ڕوونیبکەینەوە کە چۆن چەمکەکە لە پرسێکی ئیجتیهادیەوە گۆڕدرا بۆ (حەتمیەتی کەلەپوریی)، ئەوەش بە کردەی دەستەڵاتی فەرموودە کە بونیاتنرا لەسەر نوسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی و کۆکردنەوەیان، هەوڵدەدەین ئاشنا ببین بەو چۆنێتییە کە لە ڕێگای ئەوەوە چەمکەکە ئاراستەکرا تا خزمەتی خودی خوێندنەوەی مێژوویی بکات. چەمکەکە لە ڕەوشی ئاکارە سوڵتانیەکاندا بە هەردوو جۆری (ئاکاری نوسەران) و (ئاکاری فیقهناسان) تاوتوێی دەکەین، ناوچەکانی بەریەککەوتن لە نێوان ئاکارە سوڵتانیەکان و حوکمە سوڵتانیەکاندا ڕووندەکەینەوە، کە ماوەردی دادەنرێ بە بەرجەستەکاری. ئینجا دێین شیکاری دەکەین کە چۆن چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی چووەتە ناو فیقهی سیاسەتی شەرعیەوە، هەروەها ئەو ڕوخسارە کۆتاییانە کە لەو ڕەوشەدا بەدەستیهێناوە، ئەمەش بەو سیفەتە کە ئەو فیقهە پسپۆڕییە کۆتا دایەنە کۆتا شێوەی داوە بە چەمکەکە کە لە هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا بەکارهێنراوە.

## یەكەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی فەرموودەدا

### ١- فەرموودە بەو سیفەتە كە دەستەڵاتێكی مەعریفییە

### أ- نوسینەوەی فەرموودە:

پرۆسەی نوسینەوەی فەرموودە بە ڕێنمایی جێنشین عومەری كوڕی عەبدولعەزیز دەستپێكردووە، كە نامەی ناردووە بۆ والی و قازیەكەی لەسەر مەدینە ئەبوبەكری كوڕی حەزم و داوایلێكردووە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) بنوسرێنەوە تا لەناونەچن[١]، جا هەرچەندە ئەو ئەركە جێبەجێ نەكرا، بەڵكو دواتر فیقهناسێكی تر بەناوی موحەممەدی كوڕی موسلیم كوڕی شەهابی زوهری (١٢٤ك.م) هەستاوە بەو كارە، ئەم زانایە وریایداوە بە زەرورەتی گرنگیدان بە كۆكردنەوەی فەرموودەو نوسینەوەی، ڕێگای كردەوە تا زانایان خەریكی ئەو بوارە بن، لێرەوە ئیبن جورەیج (١٥٠ك.م)، ئیبن ئیسحاق (١٥١ك.م)، سەعید كوڕی عروبە (١٥٦ك.م)، ڕەبیعی كوڕی صەبیح (١٦٠ك.م)، مالیكی كوڕی ئەنەس (٩٣-١٧٩ك) ، سوفیانی سەوری (١٦١-٩٧ك) ، ئەوزاعی (١٥٧-٨٨ك) ) و هیتریش، هەریەكەیان لە وڵاتی خۆیەوە دەستیكردووە بە نوسینەوەی فەرموودە.

**كۆكردنەوەی فەرموودەو نوسینەوەی بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە كە ئەمانەن:**

- قۆناغی پێشوەخت بۆ نوسینەوەی فەرموودە، ئەم قۆناغە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی سێیەمی كۆچی بەردەوامبووە، پرۆسەی كۆكردنەوەی فەرموودەكانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەم قۆناغەدا بەوە ناوزەد كراوە كە (تێكەڵبوون بە گوتەی هاوەڵان و فەتوای شوێنكەوتووان)، گرنگیدان بە سەنەد و شارەزابوون بە بارودۆخی ڕیوایەتكاران زاڵبووە بەسەر ئەم قۆناغەدا.

- قۆناغی كۆكردنەوەی موسنەدەكان، وەك موسنەدی پێشەوا ئەحمەد، موسنەدی ئیسحاقی كوڕی ڕاهویە، موسنەدی عوسمان كوڕی ئەبو شەیبە، لەم قۆناغەدا جیاوازی هەبووە لە سیستمی دانانی بەشەكانی فەرموودەدا، چونكە پشت بە هاوەڵ بەستراوە وەك یەكەیەكی سەرەكی بۆ پۆلێنكردن نەك بە بابەتی

---

١- السباعي، مصطفى. السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، القاهرة: مكتبة دار العروبة، ١٩٦١م، ص١٢٢.

فەرمووده، ئەمه بە پێچەوانەی شێوازی قۆناغی پێشوو، ئەم قۆناغە دادەنرێ بە سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ سەربەخۆبوونی زانستی فەرمووده لە فیقە، چونکە زۆرێک لەو زانایانە دەرکەوتن کە یەکەمین چینی فەرموودەناسانیان پێکهێنا، وەک عەبدوڕەحمان کوڕی مەهدی (١٩٨ک.م)، یەحیا کوڕی سەعیدی قەتتان (١٩٨ک.م)، یەزید کوڕی هارون (٢٠٦ک.م)، عەبدوڕەزاق (٢١١-١٢٦ک) )، ئەبوبەکر کوڕی ئەبو شەیبە (٢٣٥ک.م)، موسەدەد (٢٢٨ک.م)، هەناد (٢٤٣ک.م)، ئەحمەد کوڕی حەنبەل (١٦٤-٢٤٣ک)، ئیسحاق کوڕی ڕاهویە (٢٣٨ک.م)، فەزڵی کوڕی دەککین (١٣٠-٢١٩ک، عەلی کوڕی مودەینی (٣٣٤-٢٦١ک) و هیتریش[١].

لەم قۆناغەدا نوسینەوە تەرخان بووە تەنها لەسەر نوسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەبێ گوتەی هاوەڵان و شوێنکەوتووان، بەڵام فەرموودەی ڕاست و لاوازی لەخۆگرتبوو، فەرمووده ڕاستەکان لەگەڵ فەرمووده لاوازەکاندا نوسرانەوە، لە کاتێکدا کە جیاکردنەوە لە نێوانیاندا لەم قۆناغەدا ڕوون و ئاشکرابوو[٢].

- قۆناغی نوسینەوەی فەرمووده ڕاستەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەبێ لاوازەکان، ئەم قۆناغە بە بوخاری دەستپێکرد ئینجا موسلیم، ئەم دووانە تەنها فەرمووده ڕاستەکانیان نوسینەوە بەبێ لاوازەکان، بەڵام ترمزی (٢٧٩-٢٠٩ک) فەرموودەکانی پۆلێنکردووە بۆ ڕاست و لاواز و باش[٣]، هاتووە پلەی باشی دۆزیوەتەوەو کردوویەتە پلەیەکی ناوەند لە نێوان ڕاست و لاوازدا، ئەو زانایانەش کە دوای ئەو هاتوون ئەم ڕێبازەی ئەویان گرتووەتەبەر.

ئەوە ڕوونە کە پرۆسەی نوسینەوەی فەرمووده لە قۆناغی یەکەمدا نزیکبووە لە (کۆکردنەوەی بەرفراوان)ی فەرموودەکان، ئەوەش بە مەبەستی پاراستنیان لە فەوتان[٤]، نەک لێکۆڵینەوە لەسەریان و خوێندنیان، زانا هەر بەوە کە دڵنیا دەبوو لە سەنەدەکەی ئیتر قەناعەتی لا دروست دەبوو کە فەرموودەی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر)، یان کە بە شێوەی مورسەلی لە کەسێکی باوەڕپێکراوەوە دەیبیست

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٢٣-١٢٤.

٢- الدهلوي، الإنصاف في بيان أسباب الأختلاف، ص٤٩.

٣- شاكر، أحمد محمد. الباعث الحثيث شرح أختصار علوم الحديث لإبن كثير، القاهرة: مكتبة السنة ودار إبن كثير، ١٩٩٤م) ص٥٨.

٤- العوني، د. الشريف حاتم بن عارف العوني، بيان الحد الذي ينتهي عنده أهل الأصطلاح والنقد في علوم الحديث، ندوة علوم الحديث، واقع وآفاق، ص٢١. كلية الدراسات الإسلامية والعربية، دبي، ٢٠٠٣م، ص٢٠.

ئیتر دەینوسیەوە، بەڵام گرنگیدان لەدوای ئەوە ئیتر تەنها لەسەر متمانەپێکردن نەبوو، چونکە هەر لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە ئیتر فیقهناسان دەستیانکردووە بە کۆکردنەوەی فەرموودەو پۆلێنکردنی، کتێبی موگأ ی پێشەوا مالیک لەسەرەوەی ڕیزبەندی ئەو نوسینانەوە بوو، لەپێش ئەمەوە بە نزیکەی سی ساڵ پێشتر پێشەوا زەید مجموعەکەی خۆی نوسیوە، هەردوو کتێبەکە فەرموودە تیایاندا تێکەڵ بە فیقە بووە، بەهەمانشێوە ئەوا بەش بەشکردنی فەرموودەکان بەپێی ئەو مەسەلە فیقهییانە بووە کە دەکەوتنەڕوو، لەبەرئەوە فەرموودە لەم قۆناغەدا دادەنرێ بە یەکێک لە سەرچاوەکانی فیقە، هەروەها یەکێک بووە لە ئامرازەکانی تێگەیشتن لە شەریعەت و هەڵێنجان لێیەوە.

بەڵام لەبەر کەمی فەرموودەی گێڕدراوە، هەروەها ناڕوونی مەشخەڵەکانی میتۆدێکی تێروتەسەل بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاست و دروستی فەرموودە کە گرنگی بدات بە دەق و بە سەنەدی فەرموودە چوونیەک، ئەوا پرۆسەی پشتبەستنی فیقە بە فەرموودە سنورداربووە بە سنوری ڕاستیی ئەو فەرموودانە کە ئەوەش کەم بووە، چونکە موگأ ی -بۆ نمونە- پێشەوا مالیک تەنها نزیکەی سێسەد فەرموودەی تێدابووە، ئیتر جگە لەوەش کە هەموو ئەو فەرموودانە نەگەیشتوونەتە دەست فیقهناسان لە هەموو ناوچە جیا جیاکانی جیهانی ئیسلامیدا، لێرەوە فیقهناسان لە فەتوادا پشتیان بە ڕەئی بەستووە، (بە ڕاو بۆچوونی خۆیان ئیجتیهادیان کردووە، یان بەدوای مەسەلە گشتییەکاندا چوون یان شوێنکەوتەی هاوەڵانی ڕابردوو بوون و هاتوون بەپێی ئەوان فەتوایان داوە)[١].

دەتوانرێ بوترێ کە زیادبوونی پشتبەستنی فیقە بە فەرموودە پەیوەستبووە بە دوو فاکتەرەوە:

**یەکەم: فراوانبوونی مەودای ڕیوایەتی فەرموودەو نوسینەوەی.**

دووەم: توانایی فەرموودەناسان لەسەر توندوتۆڵکردنی میتۆدیی زانستی فەرموودە، تا وادەربکەوێ کە لە ڕووی متمانەکردن بە ڕاست و دروستیەوە زیاتر قەناعەتکەرە بە فیقهناسان، ئەوەش وەک مەرجێک بۆ پشتبەستن پێی لە فەتوادا، بەتایبەتی کە هەندێ لە فیقهناسان تووشی سەغڵەتی بوون لەوەی فەرموودە بگێڕنەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، لە ترسی ئەوە نەبادا ڕاست نەبن[٢].

---

١- الدهلوي، الإنصاف، ص٤٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

ئەو بەشەی کە پەیوەندە بە فراوانبوونی نوسینەوەی فەرمووده، پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل هەوڵی گەورەیداوە، چونکە بەپێچەوانەی ئەوانی پێش خۆی هەستاوە بە کۆکردنەوەی فەرمووده لە هەموو ناوچەکانی ئیسلامەوە، بۆ دەستخستنی فەرمووده ڕۆیشتووە بۆ مەککەو مەدینەو صەنعا و ناوچەی تریش، تا موسنەدەکەی نزیکەی چوار سەد هەزار فەرموودەی لەخۆگرتبوو، ئینجا هاتووە فیقهی لەسەر بونیاتناوە، فەرموودەی لاواز یان مورسەلی خستووەتە پێش پرەنسیپی پێوانەگیریی[1]، بەڵام بۆ توندوتۆڵکردنی میتۆدیی فەرموودەکان، ئەوا پێشەوا بوخاری و موسلیم و ئەبو داود (٢٧٥-٢٠٢ک) و هیتریش لێکۆڵینەوەیان کردووە، هاتوون بازنەیەکیان دیاریکردووە کە دەکرێ بکرێتە بەڵگە لە فەرموودەکانی حوکمە شەرعیەکاندا[2].

ئەم ئاراستەیە لە پەرەسەندنی نوسینەوەی فەرمووده دەریدەخات کە زانستی فەرمووده لە کۆکردنەوەی گشتگیری فەرموودەکان و نوسینەوەیانەوە، گواستوویەتەوە بۆ هەوڵی سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی فیقه لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەرموودانەدا کە کۆکراونەتەوە، لەوانەیە ئەمە بنەمای سەرەکی ناکۆکی نێوان ئەهلی ڕەئی و فەرموودەناسان بووبێت، کە لە بێمتمانەیی ئەهلی ڕەئیەوە بۆ هەندێ لەو فەرموودانەی گێڕدراونەتەوە سەرچاوەی گرتووە، ئینجا پشتبەستنیان بە ڕەئی لە فەتواداندا لەجێگای ئەوە، هەروەها هەوڵی فەرموودەناسان لەلایەن خۆیانەوە بۆ سەپاندنی ڕێبازی خۆیان لە هەڵێنجان و دەرهێنانی حوکمەکان بەسەر ئەهلی ڕەئی دا، ئەمەش وەک پەرچەکردارێ لەسەر پێشخستنی ڕەئی بەسەر هەندێ لەو فەرموودانەدا.

دەهلەوی هاتووە وێنەی ئەو ناکۆکیە پێشوەختەمان بۆ دەگرێ کە لە نێوان ئەهلی ڕەئی و ئەهلی فەرموودەدا ڕوویداوە، ناکۆکییەکە لەسەر ئەوەبووە کە

---

١- إبن الجوزي، الموضوعات، بيروت: دار الفكر، ط٢، ١٩٨٣م، ج١، ص٣٥. ئیبن قەییم کارکردن بە فەرموودەی لاواز و مورسەل بە بنەمای چوارەم دادەنێ کە فەتواکانی پێشەوا ئەحمەد لەسەریان بونیاتنراوە، دەڵێ: (مەبەست بە لاواز لای ئەو نارەواو خراپە نیە یان لە ڕیواتکردنیدا یەکێک لەو دووانەی تێدا بێت کە نابێت کاری پێبکەیت، چونکە کارکردن بە مورسەل بەڵکو بە فەرموودەی لاوازیش لای ئەو بەشی ڕاست و دروستی تێدایە، بەڵکو بەشێکە لە بەشەکانی فەرموودەی باش، پێشەوا ئەحمەد نەهاتووە فەرمووده دابەشبکات بۆ ڕاست و لاواز و باش بەڵکو تەنها بۆ ڕاست و لاواز). بڕوانە:
- إبن القيم..... إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج١، ص٣١.

٢- د. الشريف حاتم بن عارف العوني، بيان الحد الذي ينتهي عنده أهل الأصطلاح والنقد في علوم الحديث، ندوة علوم الحديث، واقع وآفاق، ص٢١.

کێ هەقدارترە بۆ (بونیاتنانی ئاین)، ئایا ئەو فیقهناسانەن کە پێیانوایە لە کاتێکدا کار بە ڕەئی دەکرێ کە فەرموودەی ڕاست و دروست بوونی نەبێت؟ یان ئەو فەرموودەناسانەن کە نکولیدەکەن لە بەکارهێنانی ڕەئی و وادەبینن کە دەبێ کاربکرێ بە فەمووودەکان بە ڕاست و لاوازیان؟ دەهلەوی باس لە کەسانێ لە زانایان دەکات و دەڵێ: (خۆیان ناپارێزن لە مەسەلەکان و ترسیان نیە لە فەتوادان، دەڵێن ئەرکی فیقهە ئاین بونیاتبنێ و دەبێت برەو بەمە بدرێ، هەروەها ترسیشیان هەیە لەوەی ڕیوایەت بدرێتە پاڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)[١].

ئەم مەسەلەیە پەیوەند نیە بە ناڕازیبوونی فیقهناسان لە ڕۆڵی فەرموودەو کردنی بە بەڵگە لە تەشریعدا، بەڵکو پەیوەندە بە دابەزینی متمانە بە زانستی فەرموودە لەو قۆناغە پێشوەختەدا، لێرەدا دەتوانرێ جۆرێک لە پەیوەندی پێچەوانە بدۆزرێتەوە لە نێوان گەشەکردنی فەرمووەو پەرەسەندنی، وە نێوان فیقە کە چووەتە قۆناغی چاولێکەریی، چونکە ئەو گەشەسەندنە خێرایە لە نوسینەوەی فەرموودەدا و توندوتۆڵکردنی میتۆدەکەی، لە بەرانبەرەوە پاشەکشەی بە بەکارهێنانی ڕەئی لە بازنەی فیقهدا بەخۆیەوە بینی، ئەمەش دواجار یارمەتیدەربوو لەسەر داخستنی دەرگای ئیجتیهاد لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا.

**ب- دەسەڵاتی فەرموودە:**

بە وردی نازانرێ چ کات فەرموودە بووەتە دەسەڵاتێکی زانستی کە هەوڵبدات سەرلەنوێ بونیاتی ماددە زانستییەکانی تر نوێبکاتەوە، فیقهیش لە سەرووی هەموویانەوە، پێشەوا شافیعی هەوڵێکی ئوسوڵی گەورەیداوە لە دانان بە بەڵگەبوونی سوننەتدا بەو سیفەتە کە سەرچاوەیەکە بۆ تەشریع، ئەو یەکەمین کەس بووە بناغەڕێژی بۆ ئوسوڵی فەرموودە کردووە، هاتووە باسی لە کۆمەڵێ پرس کردووە وەک هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە، گشتی و تایبەت، کورت و تێروتەسەل. لەمبارەیەوە لە زوهریەوە گێڕدراوەتەوە وتوویەتی: (زانایانی گێژکردو نەتواناییان دەرکەوت لەوەی شارەزابین بە فەرموودەی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوەکەی، شافیعی دەستێکی باڵای هەبوو لەوەدا و یەکەمین کەسە تیایدا)، بەڵام شافیعی لە هەمانکاتدا کە بەرگری لە بەڵگەبوونی سوننەت کردووە، پشتگیری لە فیقهیش کردووە، ئەوەش لە ڕێگای دانان بە گرنگترینی پرەنسیپە ئەقڵیەکانی کە ئەهلی ڕەئی پشتیان پێبەستووە ئەویش پێوانەگیرییە، چونکە ئەو ئامانجی ئەوە نەبووە

---

١- الدهلوي، الإنصاف، ص٥٧.

بازنەی ئیجتیهادی فیقهی بەرتەسکباتەوە، بەم پێیە هەوڵەکەی بە هاوسەنگی هات و بەرپابوو لەسەر جێبەجێکردنی تەواوەتی لە نێوان فیقە و فەرموودەدا، ئەوەش لە ڕێگای بنەمادۆزی بۆ هەردووکیان پێکەوە.

بەڵام هەندێ لە فەرموودەناسە دواییەکان جەختکردنەوەیان لەسەر بەڵگەبوونی (حجیە) سوننەت و مەیلیان بەلای گرنگیدان بە فەرموودە کردووەتە هۆکارێک بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی ڕەئی لە فیقهدا، ئەوەتا خەتیبی بەغدادی (٤٦٣-٣٩٢ک) لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (الکفایە فی علم الروایە) ڕەخنە لە کەمتەرخەمی فەرموودەناسان دەگرێ لە ڕێکخستنی فەرموودە بەپێی شێوازی زانا پێشینەکان، پێیوایە ئەمە کەمتەرخەمییە (بیدعەچیان) ی هەڵناوە بە بەکارهێنانی ڕەئی لە فەتوادا، دەڵێ: (لەڕاستیدا تاقمێک لە خەڵکانی ئەم سەردەمەمان توانای خۆیان بەخەرجداوە لە کتێبەکانی فەرموودەدا، لە کۆششکردن بۆ کۆکردنەوەی بێئەوەی ڕێگای پێشینان بگرنەبەر، بێن بە تێڕوانینی پێشینان بڕواننە حاڵی ڕیوایەتکار و ڕیواتەکراوەکە، بێن جیاکاری بکەن لە نێوان شێوازی خراپ و چاکدا، بێن لە فەرموودەکانەوە هەڵێنجان بۆ حوکمەکان بکەن، هەروەها خستنەڕووی ئەو فیقهەی کە تیایاندایە بە حەڵاڵ و حەرامیەوە، بەڵکو قەناعەتیان کردووە تەنها بە ناوەڕۆکی فەرموودەکەو کاریان تەنها لەسەر نوسینەوەی لاپەڕەکان و وێنەکەی کردووە، ئەم کارەش بردوونی بەرەو تانەدان لە زانا پێشینەکان، ڕێگای تانەدانیان بۆ بیدعەچیان و هەوەسبازان ئاسانکردووە، تا هەندێ لەوانەی کە بە ڕواڵەت فەتوا بە ئاین دەدەن بە خراپ باسی فەرموودەو زاناکانیان کردووە، خۆیی چووە بەدڵدا گوایا بە خۆلادانی لە فەرموودەو کەوتن بەسەر ڕای خراپیدا ئیتر یەکێکە لە پێشەوا موجتەهیدەکان، ئینجا حوکمدان بەسەر ئایندا بە ڕا نەخۆشەکەی خۆی)[١].

بەڵام پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوان فەرموودەو فەتوادا، لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، چونکە ئیبن حەنبەل -هەرچەندە تەبەری تەنها بە فەرموودەناس ناوزەدی کردووە- فەرموودەناس و فیقهناس بووە، هەرچەندە ڕا فیقهییەکانی خۆی نەنوسیوەتەوە، دەگێڕنەوە کە ڕێگریشی لە قوتابیەکانی کردووە بنوسنەوە، لە بەرانبەرەوە گرنگیداوە بە نوسینەوەی فەرموودە، لەم کارەیدا کەلەپورێکی زەبەلاحی جێهێشتووە کە لە موسنەدی پێشەوا ئەحمەد دایە، لەبەرئەوە ئەوا سروشتییە کە فیقە لەو قۆناغەدا لەسەر فەرموودە

---

١- الخطیب البغدادي. الكفاية في علم الرواية، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨م، ص٣-٤.

بونیاتنرابێت، ئینجا بازنەی فەرمووده فراوان ببێت تا کاری شوێنکەوتووان و گوتەکانیان بگرێتەوە، کە پێشەوا ئەحمەد داویەتی بەسەر پێوانەگیریی ڕەئی دا، بەتەنیشت ئەمەوە ئەوا سەردەمی پێشەوا ئەحمەد -بەتایبەتی دوای مردنی پێشەوا شافیعی- سەردەمی بێ هاوتای فەرموودەناسان بووە[1]، چونکە لە پاڵ پێشەوا ئەحمەد دا ئیسحاقی کوڕی ڕاهویە و عەلی کوڕی مودەینی: کە مامۆستای بوخاری و ئەبوداود و یەحیا کوڕی مەعین و هیتریش بووە، پێشەوا ئەحمەدیش بە ڕەهایی دیارترینی نێو ئەوانی سەردەمی خۆی بووە.

دەبێ بزانرێ کە فاکتەری گرنگ لە بەهێزبوونی دەسەڵاتی فەرموودەناسان، خۆی لە بەڵای دروستبوونی قورئاندا دەبینێتەوە، ئەو بەڵایە کە لە سەرەتای سەردەمی مەئمونەوە دەرکەوت و هێزی زیاتری بە فەردوودەناسان بەخشی، چونکە ئەوان توێژی سەرەکی بوون کە لە پشتی ئەو بەڵایەوە بە ئامانج گیرابوون. جا بەڕادەی ئەو ئێش و ئازارەی تووشی فەرموودەناسان بووە لەو کاتەدا، ئەوا بەڵاکە سۆزێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بۆ بەدەستهێناون، پاشان زۆری نەخایاند تا موتەوەکیل هات و پێگەی فەرموودەناسانی لە بەرانبەر تاقمەکانی تردا بەرزکردەوە، لە سەردەمی ئەودا (دوانگەکان تەرخانکران بۆ فەرموودەناسان، تا قسە لەسەر ئەو فەرموودانە بکەن کە باس لە سیفەتەکان دەکەن و ڕوونیانبکەنەوە بۆ بۆ خەڵکی)[2]، هەر لە سەردەمی ئەودا بەهەمانشێوە پێگەی فەرموودەناسان بەرزکرایەوە، چونکە (هەتا ڕاوێژی بە پێشەوا ئەحمەد نەکردایە هیچ کەسێکی نەدەکردە کاربەدەست)[3].

گومانی تێدا نیە کە فەرمووده بووە دەسەڵاتێکی زانستی و لەتوانادا نەبوو بازی بدرێ بەسەریدا، جا لەگەڵ هاتنی سەدەی چوارەمی کۆچی ئیتر فیقە بەشێوەیەکی تەواوەتی جارێکیتر لەسەر فەرمووده بونیاتنرایەوە، زەحمەت بوو موجتەهیدێکی ڕەها بوونی هەبێت تا شارەزاییەکی تەواوەتی بە زانستی فەرمووده

---

١- ئیبن کەسیر دەڵێ پێشەوا بوخاری چووەتە سەمەرقەند و لەگەڵ چوارسەد فەرموودەناسدا کۆبووەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە سەمەرقەند لەو کاتەدا یەکێک نەبووە لە شارە ئیسلامییە گەورەکان کە ئەو ژمارە زۆرەی تێدابووە، بڕوانە:

- إبن كثير، البداية والنهاية، مج٦، ج١١، ص٢٧.

٢- عبد الباقي، أحمد. معالم الحضارة العربية في القرن الثالث الهجري، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١م، ص٢٥٩.

٣- إبن كثير، البداية والنهاية، ج١٠، ص٣١٦.

نەبێت، ئەقڵگیریش نەبوو هیچ ئیجتیهادێکی فیقهی بوونی هەبێت هەتا بەتەواوەتی لەسەر فەرمووده دانەمەزرابێت، دەهلەوی لە میانەی ڕاڤەی نەبوونی ئیجتیهادی ڕەها لە بازنەی مەزهەبی حەنەفیدا دەڵێ: (لەدوای سێیەمین سەدەی کۆچی ئیتر هیچ موجتەهیدێکی ڕەها کە سەر بە مەزهەبی پێشەوا ئەبو حەنیفە بێت بوونی نەما، چونکە زانایەک نەدەبووە موجتەهید تا بەرلەوە نەبووبێتە فەرموودەناسێکی بلیمەت، ئەوانیش سەرقاڵبوونیان بە زانستی فەرموودەوە لە کۆن و لە نوێدا کەم بووە)[1].

لەم میانەیەدا وادەبینرێ کە فیقهی پێشەوایانی مەزهەبەکان کەوتبێتەبەر خوێندنەوەیەکی نوێ، ئەوەش لەبەر ڕ وشنایی فەرموودە ڕاستەکاندا کە لەپێش قۆناغی کۆکردنەوەو نوسینەوەی فەرموودە نەشارەزابوون پێیان، چونکە خوێندنەوەی کتێبی پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە -بە جیا لە مەزهەبی پێشەوا ئەحمەد- لەنێویشیاندا شافیعی، کە لە سەردەمێکدا ژیاوە نوسینەوەی فەرموودە گەیشتبووە قۆناغێکی پێشکەوتوو[2]، ئاماژە دەدەن کە زۆرێک لەو فەرموودانەی پەیوەندن بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە یان ئەوەتا پێیان نەگەیشتوون -هەروەک ئەوە حاڵی زۆرێک لە فەرموودەکانی ترە- یان پێیان گەیشتوون، بەڵام نەهاتوون فیقهەکەیان لەو مەسەلەیەدا لەسەریان بونیاتبنێن.

**ت - باری سیاسیی فەرموودە:**

هەڵبەستنی فەرموودە بەناوی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دوای ئەو ڕووداوە سیاسیانە هاتەڕوو کە سەردەمی جێنشینیی عوسمانی کوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێت) بەخۆیەوە بینی، ئەم دیاردەیە لەناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا فراوانبوو تا زۆربەی تاقمە ئیسلامیەکان بگرێتەوە، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پشکیان هەبووە لە دانانی فەرموودەدا، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی خەواریجەکان کە

١- الدهلوي، الإنصاف، ص٨٤.

٢- ئیبن عاشور نکولی لەم گوتەیە دەکات کە دەدرێتە پاڵ شافیعی و وتبێتی: (هەرکات فەرموودەیەکی ڕاست لە پێغەمبەرەوە گێڕدرایەوە ئەوە مەزهەبی منە) ، پێیوایە یان درۆیەو بۆی هەڵبەستراوە یان گوتەکەی گۆڕدراوە، چونکە -بە گوتەی ئیبن عاشور- قسەی وا لە زانایەکی موجتەهیدەوە دەرناچێ، گوتە ئاشکراکانی شافیعی دژن لەگەڵیدا، جا ئەگەر ئەو سەرنجەی ئیبن عاشور ڕاست بێت ئەوا ئاماژە دەدات بە هەوڵێک کە سەرقاڵبووان بە زانستی فەرموودەوە بەخەرجیانداوە بۆ کۆکردنەوەی قوتابخانە فیقهیەکان لەژێر چوارچێوەی مەرجەعیەتی فەرموودەدا، واتە کەمکردنەوەی شەرعیەتی ڕایە فیقهیەکان لە دەرەوەی ئەو مەرجەعیەتە تەنانەت ڕای گەورە فیقهناسانی وەک شافیعی. بڕوانە:

- إبن عاشور، مقاصد الشريعة الإسلامية، ص٢٠٤.

لە هەموو تاقمەکانیتر کەمتر هەستاون بە دانانی فەرموودە[1]، ئیبن ئەبو حەدید دەڵێ: شیعە یەکەمین تاقم بوون کە دەستیانداوەتە دانانی فەرموودە ئەوەش بۆ بە شکۆمەند ڕاگرتنی پێشەوا عەلی و ئالوبەیت[2]، بەڵام سەرچاوەکانیتر جەختدەکەن لەسەر ڕۆڵی عەبدوالله کوڕی سەبە و لە دانانی فەرموودەدا، ئەم دیاردەیە دەبەستنەوە بەو ڕۆڵە گوماناویەی کە لە مێژووی جێنشینیی سیاسیی لە نێوان موسڵماندا گێڕاویەتی، بە هەرحاڵ مەبەستەکانی دانانی فەرموودەو زۆر و فرەجۆرن، چەندەها فەرموودە دانراوە بۆ چاکەکانی پێشەوا عەلی و ئالوبەیت، پاشان بۆ چاکەکانی ئەبوبەکر و عومەر و هاوەڵانیتریش، هەروەها فەرموودە دانراوە بۆ خراپ باسکردنی قەدەری و مورجیئەکان، هەروەها فەرموودەی زۆر بۆ دنیانەویستی و پارێزکاری، فەرموودە بۆ چاکەکانی پێشەوایانی مەزهەبەکان، فەرموودە بۆ باشەوتنی هەندێ پیشە، فەرموودەی زۆری تریش کە مۆرکی ئابووریان پێوە بووە بۆ ڕەواجدان بە هەندێ کاڵا، بێباوەڕانیش پشکی گەورەیان هەبووە لە دانانی ئەو فەرموودانەدا.

دانانی فەرموودە هەر بەردەوامبوو و شانبەشانی گۆڕانکارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکان ڕێیدەکرد، لە سەردەمی ئومەویەکاندا فەرموودەی زۆر دانراون کە باس لە (جێنشینیی) موعاویە و چاکەکانی دەکەن، هەمان شتیش لە (جێنشینیی) بەنو عەبباسدا ڕوویداوە، ژمارەیەکی زۆر فەرموودە دانراون باس لە هەقداریان دەکەن بە جێنشینیی.

شایانی باسە زانایانی فەرموودە بە جۆرەها شێواز ڕووبەڕووی ئەم دیاردەیە بوونەتەوە، هاتوون دوای وەرگرتنی فەرموودەی مورسەل داوای سەنەدیان کردووە مادامێ ڕاویەکە کەسێکی متمانەپێکراوە، پاشان هاتوون بە قووڵی چوونەتەناو باسی حاڵی ڕیوایەتکاران، بەڵام ئەو هەوڵانە بەهۆی زوو دەستدانە دیاردەی هەڵبەستنی فەرموودە تا قۆناغێکی دواتر بێسود مانەوە[3]، واتە ئەوکات کە دەستکراوە بە گرنگیدان بە زانستی زامدارکردن و هەموارکردن، هەروەها کتێبە (هەڵبەستراوەکان) کەوتنەڕوو کە وریایەدەن بە فەرموودە دانراو و لاوازەکان. جا ئەگەر کتێبەکانی زامدارکردن و هەموارکردن و دانراو و لاواز و فەرامۆشکراوەکان

---

١- الخطيب، محمد عجاج. السنة قبل التدوين، القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٦٣م، ص٢٠٤.

٢ - إبن أبى الحديد، عز الدين عبد الحميد. نهج البلاغة، بيروت: ط٢، ١٩٦٧م ج١١، ص٤٩.

٣- دکتۆر سیباعی سەرەتای دانانی فەرموودە دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی (٤٠ ی کۆچی). بڕوانە:
- السباعي، السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، ص٨٩.

لەم سەردەمەماندا سودێکی زۆریان هەبێت، ئەوا سودی گشتیان لەو کاتەدا بەدڵنیایی کەمتر بووە، ئەوەش بە چەند هۆیەکەوە لەوانە تاوتوێکردنی ئەو کتێبانە تەنها لەناو زانایانی فەرمووودەدا بووە، تەنها لە بازنەیەکی سنورداردا لەناو ئەوانەدا بوون کە سەرقاڵی ئەو زانستە بوون، جا بەو هۆیەوە کە فەرمووودە دانراوەکان لەناو خەڵکیدا تاوتوێ کراون و بوونەتە بەشێک لە ڕۆشنبیری گشتیان[1]، ئەوا تەنها خستنەڕوویان بەس نەبووە بۆ بەرتەسککردنەوەی ڕۆشنبیری سیاسیی کە لەسەریان بونیاتنرابوو.

گرنگە بزانرێ کە بایەخدانی زانایانی فەرمووودە بە لێکۆڵینەوە لە دانانی فەرمووودەی سیاسیی زۆر نەبووە، ئەمە بە پێچەوانەی جۆرەکانیتری دانان[2]، بەڵام هەندێ لەو فەرمووودە دانراوانە کە باسیان لە مەسەلەی سیاسیی کردووە لە کتێبە هەڵبەستراوەکاندا بەشێوەی پرژوبڵاو هاتوون، پێدەچێ بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕۆڵیان هەبووبێ لە قووڵکردنەوەی تەواوەتی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی. لەو (فەرمووودانەش)[3]، فەرمووودەی ((لە ئاخر زەماندا فەرمانڕەوای ستەمکار پەیدا

---

١- ئیبن جەوزی لە کتێبی (الموضوعات)دا دەڵێ کەسێکی بێباوەڕ (چوارسەد فەرمووودەی دانا و لەناو خەڵکیدا دەهێنران و دەبران). بڕوانە: إبن الجوزي، الموضوعات، ج١، ص٣٨.

٢- کتێبەکانی فەرمووودە ئاماژە دەدەن بۆ یەکجۆر لە دانانی فەرمووودەی سیاسیی ئەویش دانانە بە مەبەستی نزیککەوتنەوە لە فەرمانڕەوا، لێرەوە لە کاتی قسەکردن لەسەر بارودۆخی سیاسیی ڕاستەوخۆی فەرمووودەکە جەختکراوە لەسەر دوو ڕووداو: یەکەمیان ڕووداوی غەییاس کوڕی ئیبراهیمە لەگەڵ مەهدی دا، فەرمووودەیەک باسکراوە دەڵێ: ((لە خەڵات و قەرەبوودان بە شمشێربازی و تیرئەندازیی و پێشبڕکێی ئەسپ یان پێی وڵاغدا کەس پێشی نەکەوتووە)) هاتووە وشەی یان باڵی بۆ زیادکردووە، چونکە مەهدی حەزی لە کۆتر بووە، دووەمیش ئەوەیە کە موقاتیلی کوڕی سوفیان پێشنیاری بۆ مەهدی کردووە کە فەرمووودە لەبارەی بەنو عەبباسەوە دابنێ بەڵام ئەو ڕازینەبووە، سەیر لەوەدایە ژمارەیەک لە سەرچاوەکان کە باس لە دانانی فەرمووودەی سیاسیی دەکەن جەخت لەسەر تەنها ئەو دوو ڕووداوە دەکەن. بڕوانە:

- السیوطي، تدریب الراوي، في شرح تقریب النواوي، ج١، ص٢٨٥.

٣- گرنگە بزانرێ کە زانایانی فەرمووودە جیاوازی دەکەن لە نێوان دوو جۆر فەرمووودەی دانراودا، ئەوانیش دانانی مانای فەرمووودەکە، ئەمە لەبارێکدا کە فەرمووودەکە دژ بێت لەگەڵ ماناکەی لە قورئان و سوننەتی ڕاست و دروستدا، ئینجا دانراو لە بونیادی فەرمووودەکەدا، ئەم حاڵەتەش ئەوا مانای فەرمووودەکە لەوانەیە ڕاست بێت و گونجاو بێت لەگەڵ قورئان و سوننەتدا، وەک فەرمووودەی ((گوێڕایەڵیی کەسێک ناکرێ کە ئەو لە سەرپێچی فەرمانی خوادا بێت)) ئەمە لە بونیاد و پێکهاتەیدا ڕاست نیە بەڵام ماناکەی بە بێگومان ڕاستە، هەروەها جیاوازی دەکەن لە نێوان گوتەیان کە فەرمووودەکە دانراوە و نێوان فەرمووودەکە کە ڕاست نیە دا، وەسفکردنی فەرمووودەکە بەوە کە دانراوە بۆ سەلماندنی قورئانە، بەڵام گوتەی ڕاست نیە (ئەوا بۆ هەوڵدانە لە ناسەلماندنی و داوای ئەوەش ناکرێ کە نەبوو بسەلمێنرێ)). بڕوانە:

- القاري، الملا علي. الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة، بیروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٧١م، ص٧٤.

دەبن، هەرکەس لە قامچی و شمشێریان بترسێ ئەوا با نە فەرمانیان پێبدات و نە ڕێگریان لێبکات))[١]، هەروەها فەرموودەی: ((فەرمانڕەوا سێبەری خواو شمشێریەتی لە زەویدا))[٢]، فەرموودەی: ((خۆتان چۆن بن فەرمانڕوای وەک خۆتان بۆ دەنێردرێ))[٣]. فەرموودەی: ((هێزی ئوممەتەکەم بە کەسە خراپەکانیەوەیە))[٤]، وە فەرموودەی: ((خوای گەورە دەفەرموێ من خوام و جگە لە خۆم خوایەکیتر بوونی نیە، من پادشای پادشاکانم، دڵی پادشاکانم بەدەستە، جا ئەگەر بەندەکانم گوێڕایەڵم بوون ئەوا دڵی پادشاکانیان دەگۆڕم بۆ بەزەیی و سۆز، ئەگەر بەندەکان سەرپێچیم بکەن ئەوا دڵی ئەوان دەگۆڕم بۆ رق و تورەیی و تۆڵەسەندن و خراپترین سزا بەسەریاندا دێنن، کەواتە خۆتان سەرقاڵ مەکەن بە دۆعاکردن لە پادشاکان، بەڵکو خۆتان سەرقاڵکەن بە زیکر و لالانەوەو ملکەچی، ئەوکات سەلامەت دەبن لە پادشاکانتان))[٥].

شاراوە نیە هەندێ لەو فەرموودانە بە فراوانی بڵاوبوونەتەوە، چونکە فەرموودەی ((فەرمانڕەوا سێبەری خواو شمشێریەتی لە زەویدا)) زۆر لەناو هزری سیاسیی ئیسلامیدا هاتووە، ئەوەش وەک بەڵگەیەک بۆ بە گەورەڕاگرتنی فەرمانڕەوا و گۆڕینی دوژمنایەتیکردنی، بۆ پێدانی دەستەڵاتی ڕەها پێی لە بڕیاردان لەسەر بارودۆخی موسڵمانان، بەڵام فەرموودەی ((خۆتان چۆن بن فەرمانڕەوای وەک خۆتان بۆ دەنێردرێ))، ئەوا ماناکەی دەبێتە بەردی بناغە بۆ بۆچوونی هەندێ لەو فیقهناسانە کە بە ئاراستەی فەرزبوونی گوێڕایەڵیی ستەمکاراندا ڕۆیشتوون، چونکە ستەمکاران جگە لە سزادانی کۆمەڵ لەسەر کەمتەرخەمی و دوورکەوتنەوەی لە ئاین هیچیتر لەبیریاندا نیە[٦].

---

١- شەوکانی دەڵێ لە سەنەدەکەیدا کەسی درۆزن هەیە. بڕوانە:
- الشوكاني، محمد بن علي. الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة، القاهرة: مكتبة السنة المحمدية، حديث ضعيف، رقم١٣، ص٢١٠.

٢- شەوکانی دەڵێ دانراوە. بڕوانە:
- هەمان سەرچاوە، ل٢١٠.

٣- شەوکانی دەڵێ لە سەنەدەکەیدا کەسی درۆهەڵبەستی تێدایەو پچڕانی تێدایە.

٤- ئیبن جەوزی دەڵێ ئەم فەرموودەیە هەرگیز هی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نیە، بڕوانە:
- إبن الجوزي، العلل المتناهية في الأحاديث الواعية، ج٢، ص٧٩٢.

٥- دارولقوتەنی دەڵێ وەهب کوڕی ڕاشید زۆر لاوازە و فەرموودەی پشتگوێخراوە و نابێت ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی مەرفوع بێت. بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٧٦٨.

٦- لەمبارەیەوە بڕوانە ئیبن ئەبو عیزی حەنەفی، چونکە وادەبینێ کە (ئارامگرتن لەسەر ستەمیان وەرینی

٢- فەرموودەکانی گوێڕایەڵیی: جیاوازی خوێندنەوە

گرفتی دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوان هەندێ فەرموودەدا کەوتەڕوو، ئەوەش بەرئەنجامی کۆکردنەوەی فەرموودەکانە لە وڵاتە ئیسلامییەکانەوە، کە بە هەوڵی تاککەسی نارێوپێک ئەنجامدراوە. وادەردەکەوێ گرفتەکە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا فراوانتر بووە، واتە لەو قۆناغەدا کە کۆکردنەوەو نوسینەوەی فەرموودەکان تیایدا بەرفراوان بووە، دەهلەوی دەڵێ کە (لە سەردەمی شافیعیدا هەموو فەرموودەکان کۆکرانەوەو دژبەیەکی ڕوویدا تیایاندا)[١]، پێشەوا مالیک ئاماژەیداوە بە مەترسی ئەو گرفتە، ئەوەش کاتێک مەنصور داوای لێکردووە گشتاندن بکات بۆ کتێبی موگأ لە سەرتاسەری وڵاتە ئیسلامیەکاندا، ئەویش وتوویەتی: (ئەی پێشەوای باوەڕداران شتی وا مەکە، چونکە خەڵکی لەپێش ئەمەوە قسەوباسی تریان پێگەیشتووە، گوێبیستی فەرموودە بوون و ڕیوایەتیان بۆ کراوە، هەر گەلێک ئەوەیان وەرگرتووە کە پێشتر پێیان گەیشتووە، کاریان پێکردووەو پارێزراون لە ناکۆکی خەڵکی، لێگەڕێ لە خەڵکی با هەر وڵاتەو چییان هەڵبژاردووە بۆ خۆیان کاری پێبکەن)[٢].

لە بەرانبەرەوە ئەوا ئەو گرفتە پاڵنەرێک بووە بۆ گرنگیدان بەو زانستە کە

---

گوناهەکانی تێدایەو زیادبوونی پاداشت، خوای گەورە ئەوانەی بەهۆی خراپی کردەوەکانی خۆمانەوە نەبێت زاڵنەکردووە بەسەرماندا، پاداشتیش لە ڕەگەزی خودی کردەوەیە). بڕوانە:

- إبن أبي العز الحنفي، صدر الدين أبو الحسن علي بن علاء الدين. شرح العقيدة الطحاوية، بيروت: المكتب الإسلامي، ط٤، ص٤٣٠.

١- الدهلوي، الإنصاف في بيان أسباب الإختلاف، ص٨٣. لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی دژبەیەکی لە نێوان فەرموودەکاندا تا ئەو کاتە بەشی پێویست مشتومڕیان لەلایەن پێشەوایانی فەرموودەوە لەسەر نەکراوە، چونکە پێشەوا ئەحمەد کوڕی حەنبەل لەسەر کۆمەڵێ فەرموودەی ڕاست و دروست وەستاوە کە لەبارەی دەرچوون لەدژی دەستەڵات هاتوون، وەک ئەو فەرموودەیە لە ئیبن مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە و دەفەرموێ: ((فەرمانڕەوایانی پەیدا دەبن کە ئەوەی دەیڵێن کاری پێناکەن، هەرکەس بە دەستی جیهاد لە دژیان بکات....))، پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: (ئەم قسەیە لە قسەی ئیبن مەسعود ناچێ)، هەروەها فەرموودەکەی سەوبان کە دەڵێ: ((شمشێرەکانتان بخەنە سەر گەردنتان و ئەوەی هەیانە لەناوی ببەن)). پێشەوا ئەحمەد دەڵێ: (فەرموودەکان پێچەوانەی ئەمەن)، پاشان دەڵێ: (ئەو فەرموودانەی لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) گێڕدراونەتەوە پێچەوانەی ئەم فەرموودەیەیە کە سەوبان گێڕاویەتەوە نازانم لەکوێوە هێناویەتی). بڕوانە: الفوزان، عبد الله بن فوزان بن صالح. مختلف الحديث عند الإمام أحمد رحمه الله جمعا ً ودراسة، الرياض، مج١، ص١١٩-١٢٧.

٢- الدهلوي، الإنصاف في بيان أسباب الإختلاف، ص٣٨.

لەوەو پاش ناوبراوە بە (زانستی جیاوازی فەرموودە)[1]، چونکە هەندێ کتێب لەو بەشەدا دەرکەوتن لەوانە: (إختلاف الحديپ) هی پێشەوا شافیعی، پاشان (تأويل مختلف الحديپ) هی ئیبن قوتەیبە (٢٧٦-٢١٣ک)، ئینجا چەندین کتێبی تر لەبارەی: (مشكل الحديپ)[2] دانراون، تەحاوی (٣٢١ک.م) کتێبی (مشكل الآپار)) داناوە، ئەبو عەبباسی قورتوبی (٦١١ک.م) کتێبی (المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم)ی داناوە، ئیبن جەوزی (كشف المشكل)ی داناوە، ئەمانە بەتەنیشت چەندین گرنگیدانی پرژوبڵاوی تر بۆ هەندێ لە کتێبە ڕاڤەکارەکان لە چارەسەرکردنی هەندێ لایەنی جیاوازی فەرموودە بێئەوەی فراوانبوون لەو مەسەلەیەدا بکرێ.

ئەو فەرموودانە کە پەیوەندن بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە کۆمەڵێ گرفتی زۆریان لە تێگەیشتندا نایەوە، لە چوارچێوەی زانستی جیاوازی فەرموودەدا بەشی خۆیان بایەخپێدانیان بەرکەوت، سێ کۆمەڵە فەرموودە هاتنەڕوو کە دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوانیاندا بوونی هەبووە[3]، ئەوانیش ئەو کۆمەڵە فەرموودەیەن کە لەبارەی

---

١- مانای زاراوەی جیاوازی فەرموودە ئەوەیە کە (دوو فەرموودەی دژ بەیەک لە مانادا بهێنرێن و گونجاندن لە نێوانیاندا بکرێ یان یەکێکیان بکرێتە بەهێزتر لەویتریان). بڕوانە:

- السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، ج٢، ص١٩٦.

٢- گرفتی فەرموودە دادەنرێ بە گرنگتر لە جیاوازی فەرموودە، چونکە لەوانەیە گرفتەکە لەبەرئەنجامی هەمان فەرموودەوە بێت و دژی نەبێت، یان بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ئایەتێکی قورئاندا یان حوکمێکی ئەقڵدا. بڕوانە:

- حماد، نافذ حسين. مختلف الحديث بين الفقهاء والمحدثين، المنصورة: دار الوفاء، ١٩٩٣م، ص١٣.

٣- لێرەدا دووپاتیدەکەینەوە کە دژبەیەکی ڕواڵەتی بریتییە لە دژبەیەکییەک کە لەسەر هەڵەی تێگەیشتن بەرپابووە نەک دژبەیەکی ڕاستەقینە، توێژینەوە لەبارەی جیاوازی فەرموودە لە باوەڕێکی پتەوەوە هەنگاوی هەڵگرتووە کە فەرموودە ڕاستەکان دژ بە یەکتری نین، وادەردەکەوێ کە دوو هۆی سەرەکی لە دەرکەوتنی گرفتی دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوان ئەو فەرموودانەدا کە مانای سیاسییان هەیە دەرکەوتوون، یەکەم: گرنگیدانی هەندێ لە زانایان و چڕکردنەوە لەسەر لایەنێک لەو فەرموودانە بێ ئەوانیتر، پشتبەستن پێیان لە پێشکەشکردنی دیدێکی فیقهی گشتی کە ڕەچاوی مەسەلەی فرەجۆری سوننەتی پێغەمبەرایەتی و کەلەپورەکەیان نەکردووە لە خستنەڕووی بژاردە سیاسییەکان لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەستەڵاتە سیاسییە فرە جۆرەکاندا، هەروەها تایبەتمەندی بواری سیاسیی و کۆی حوکمەکانی سوننەتی پێغەمبەریان (درودی خوای لەسەر) بە هەند نەگرتووە وەها کە لە قورئانی پیرۆزدایە، ئیتر جگە لەوە کە بە تێڕوانینێکی گشتگیرانە لەبەر ڕۆشنایی مەبەستە شەرعیەکان و حوکمەکانی واقیعەوە سەیرنەکراون، دووەم: دەگەڕێتەوە بۆ تاقمە ئیسلامیەکان و وردەکاریی سیاسیی لایەندارییان، کە خۆی لە چڕکردنەوە لەسەر هەندێ فەرموودە دەبینێتەوەو چاویان پۆشیوە لە مانای فەرموودەکانی تر، هەر ئەمەیە کە ئیبن قوتەیبە لەو باسەیدا کە پەیوەندە بە هەر تاقمێکی ئیسلامیەوە ئاماژەیداوە بە خۆهەڵواسینی هەر تاقمێک بە کۆمەڵێ فەرموودە کە گونجاوبوون لەگەڵ مەزهەبەکەیدا.

هاندان بۆ گوێڕایەڵیی هاتوون، بۆ ئارامگرتن لەسەر خۆویستی و دنیاویستی فەرمانڕەوا، لەسەر پابەندبوون بە کۆمەڵەوە، هەروەها ئەو کۆمەڵە فەرموودەیە کە فەرماندەدەن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن، بەهەمانشێوە ئەو کۆمەڵە فەرموودەیە کە باس لە بەگوێنەکردن دەکەن لە کاتی سەرپێچی خوادا، بەڵام گرفتەکە لە سنوری دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوان ئەو کۆمەڵە فەرموودەیەدا نەوەستاوە، بەڵکو بەهەمانشێوە لێکۆڵینەوە کراوە لەسەر گرفتی گریمانەی هەبوونی دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوان هەندێ لەو فەرموودانە لەلایەکەوە، و هەندێ لە ئایەتە قورئانیەکان یان حوکمە ئەقڵیەکان لەلایەکیترەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە باسی لێکۆڵینەوە لە جیاوازی فەرموودەی تێپەڕاندووەو ڕۆیشتووە بەرەو گرفتی فەرموودە.

لەمبارەیەوە دەتوانرێ سێ هەوڵ بخرێتەڕوو بۆ خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵە فەرموودانە کە دژبەیەکن، هەر سێ هەوڵەکە لەسەر بنەمای تەسلیمبوون بە ڕاست و دروستی هەموو ئەو فەرموودانە کە لەو کۆمەڵانەدا هاتوون هەنگاو هەڵدەگرن، ئەو خوێندنەوانەش بریتین لە خوێندنەوەی لێکدانەوە کە ئیبن قوتەیبە دەینەوەری لە کتێبەکەیدا بەناوی (تأويل مختلف الحديپ) پێشکەشیکردووە، ئینجا خوێندنەوەی هەڵوەشاندن کە ئیبن حەزم خستوویەتەڕوو، خوێندنەوەی کۆکردنەوەو تایبەتکردن، کە نمونەیەکی نواندن لە هەوڵەکانی پێشەوا شەوکانیدا بۆی وەردەگرین، لەگەڵ ئاماژەدان بۆ دوو خوێندنەوەی یەکەم و سێیەم کە تا ڕادەیەکی زۆر پێکەوە گونجاون، بەڵام خوێندنەوەی دووەم خوێندنەوەیەکی تاقانەیەو لە بازنەی فەرموودەناساندا دانی پێدانەنراوە.

**أ- خوێندنەوەی لێکدانەوە:**

ئیبن قوتەیبە وەک هەوڵێک بۆ کۆکردنەوە لە نێوان فەرموودە دژبەیەکەکان زاراوەی لێکدانەوەی بەکارهێناوە، هاتووە لە پێگەی تەسلیمبوون بە هەبوونی فەرموودە فرەجۆرەکان کە دژبەیەکی ڕواڵەتیان پێویستی بە لێکدانەوەی ئەقڵیی هەیە هەنگاودەنێ، زۆربەیجار پشت بە دەقەکان دەبەستێ[1]، ئیبن قوتەیبە بە

---

١- بیرۆکەی هەبوونی توندوتۆڵی و وێکچوون لە فەرموودەدا بەهەمانشێوە لای ئیبن فۆرکیش لە کتێبەکەیدا: (مشكل الحديث وبيانه) بوونی هەیە، جا هەروەک لە قورئاندا ئایەتی توندوتۆڵ و هیتری وێکچوو بوونیان هەیە، ئەوا لە فەرموودەشدا هەیە، بەڵام ئیبن فۆرک لە کتێبی ناوبراویدا دەستکۆتا بووە تەنها بە لێکدانەوەی ئەو فەرموودانە کە پەیوەندن بە باوەڕەوە. بڕوانە:
- الأصبهاني، أبوبكر محمد بن الحسن بن فورك. مشكل الحديث وبيانه، حلب: دار الوعي، ١٩٨٢م، ص١١.

ڕوونکردنەوەی کاریگەری جیاوازی فەرمووده لەسەر ڕای تاقمەکان دەست پێدەکات، هاتووە چەند نمونەیەکی دژبەیەکی نێوان ئەو ڕایانەی باسکردووە کە لەسەر تێگەیشتنی فرەجۆر بۆ فەرموودەکان دامەزراون، دەڵێ: (خەواریجەکان بەڵگە بەو ڕیوایەتەیان دێننەوە کە دەڵێ شمشێرەکانتان بخەنە سەرشانتان و ئاوەدانیان قڕبکەن، تاقمێک لە ئوممەتەکەم هەر لەسەر هەق و ڕاستین، ئەوانەی کە جیاوازن لەوان زیانیان پێناگەیەنن، هەرکەس لەپێناو ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە. کەسی دانیشتووش دێت بەڵگە بەم ڕیوایەتەیان دێنێتەوە کە دەڵێ ئەرکتانە دەستبگرن بە کۆمەڵەوە چونکە دەستی خوای باڵادەست لەسەروویەوەیە، هەرکەسیش بە ڕادەی بموستێک جیابێتەوە لە کۆمەڵ ئەوا گرێبەستی ئیسلام لە گەردنی داماڵراوە، گوێبیست و گوێڕایەڵبن با کۆیلەیەکی حەبەشی چوارپەل بڕاو بکرێتە پێشەواتان، نوێژبکەن لەدوای هەموو کەسێکی چاک و خراپەوە، هەردەبێ پێشەوایەکی چاک یان خراپ بوونی هەبێت، کەنارگیری ماڵەکەت بەو ئەگەر کەسێک هاتە سەرت بچۆرە سەر جێگاکەت، ئەگەر هاتەسەرت بڵێ گوناهی من و خۆیشت هەڵبگرە، با بەندەیەکی کوژراوی خوا بیت نەک بەندەیەکی بکوژی خوا بیت)[1].

ئیبن قوتەیبە بەمشێوەیە دەستیداوەتە باسکردنی جیاوازی، پاشان هەوڵدەدات لێکدانەوەی بۆ بکات، بەڵام ئەوەی زاڵە بەسەریدا جۆری بەرپەرچدانەوەیەتی دژ بە نەیارە بەردەستەکان یان گریمانەییەکان، ئەمەش وایلێکردووە جوڵەی لێکدانەوەکەی لە پێگەی بەرگری لە فەرموودەناسانەوە بێت، هەر خۆی کاتێ هاتووە لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی ئەوانە دەکات کە فەرموودەناسان تۆمەتبار دەکەن، بە ڕوونییەکی تەواو گوزارشت لەمەی دەکات، دەڵێ ئەوانە دەڵێن: (کار بە ڕیوایەتی دژبەیەک کرا تا جیاوازی ڕوویدا، تاقمەکان زۆربوون و پەیوەندییەکان پچڕان و موسڵمانان بوونە نەیاری یەکتری، هەندێکیان هەندێکیتریانی بێباوەڕ کرد، هەر تاقمەو بە چەند فەرموودەیەک خۆی هەڵواسی بە مەزهەبەکەیەوە)[2]، بە ڕای ئیبن قوتەیبە ئەمە دادەنرێ بە تاوانبارکردنێکی مەترسیدار گوایا فەرموودەناسان بەرپرسێتی ئەو لەتبوونی ئوممەتە کە هاتووەتەڕوو لە ئەستۆ دەگرن، ئەمەش پێویستی بە وەڵامدانەوەیەکی یەکلاکەرەوە هەیە، لەبەرئەوە دەبێت ئەو خوێندنەوە

---

١- الدينوري، إبن قتيبة. تأويل مختلف الحديث، ص٣-٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣.

لێکدانەوەییە کە ئیبن قوتەیبە پێشکەشیکردووە لەو میانەیەدا تێگەیشتنی لێبکرێ.

ئیبن قوتەیبە سەرەتا لە ڕای جیاوازەوە دەست پێدەکات، ئەمەش لەژێر ناونیشانی: (وتیان دوو فەرموودەی دژبەیەکن) دەڵێ: ئەوانە وتوویانە: (وتوویانە ڕیوایەتتان کردووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی با چاکەکانتان پێشنوێژیتان بۆ بکەن و ئەوانە شاندی ئێوەن بۆ بەهەشت، نوێژەکانتان کەفارەتی گوناهەکانتانە، نەکەن کەسێک بخەنە پێش خۆتان لە چاکەکانتان نەبێت، پاشان ڕیوایەتتان کرد کە نوێژبکەن لەدوای هەر کەسێکی چاک یان خراپ، هەردەبێ پێشەوای چاک یان خراپ بوونی هەبێت کە ئەمەش دژبەیەکی و ڕاجیاوازییە)[1]، پاشان دەڕوات بۆ دانانن بە ڕێسایەکی گشتیدا کە زۆر لای دووبارە دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەر فەرموودەیەک لەو فەرموودانە جێگای خۆی هەیە، بەمەش دژبەیەکیەکە نامێنێ، دەڵێ مەبەست بە فەرموودە یەکەمەکان (ئیمامی مزگەوتەکانن لە ناو هۆز و گەڕەکەکاندا)، بەڵام مەبەست بە فەرموودەکانیتر (ئەوا ئەو فەرمانڕەوایەیە کە خەڵکی لە جەژن و لە گردبوونەوەکاندا کۆدەکاتەوەو پێشنوێژیان بۆ دەکات)، پاشتر هاتووە مانای ئەم فەرموودەیەی فراوانتر کردووە کە دەفەرموێ: ((نوێژبکەن لەدوای هەر کەسێکی چاک یان خراپ)) دەڵێ: (مەبەست پێی دەرنەچوونە لەدژی و لاوازنەکردنی هێزی موسڵمانانەو جیانەبوونەوەیە لە کۆمەڵی موسڵمانان، ئەگەریش فەرمانڕەواتان خراپ بێت ئەوا هەردەبێ پێشەوایەکی چاک یان خراپ بوونی هەبێت، خەڵکیش لەسەر ئەوە نەبێت چاک نابن)[2]، کەواتە مەبەست بە فەرموودە یەکەمەکان -بەپێی گوتەی ئیبن قوتەیبە- بریتییە لە پێشنوێژی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، بەڵام فەرموودەکانیتر ئەوا مەبەست پێیان پێشنوێژی نیە بەڵکو گوێڕایەڵیی سیاسیی فەرمانڕەوایە، ڕوخسارەکەشی نوێژکردنە لەدوایەوە تەنانەت با خراپەکاریش بێت.

پاشان هاتووە دیمەنێکی تر لە ڕاجیاوازی لە فەرموودەکاندا دەخاتەڕوو و دەڵێ: (وتوویانە ڕیوایەتتان کردووە کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرموویەتی: هەرکەس لەپێناوی ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە))، پاشان ڕیوایەتتان کردووە: کەنارگیری ماڵەکەت بەو ئەگەر کەسێک هاتە سەرت بچۆرە سەر جێگاکەت، ئەگەر هاتەسەرت بڵێ گوناهی من و خۆیشت هەڵبگرە، با بەندەیەکی کوژراوی خوا بێت

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

نەک بەندەیەکی بکوژی خوا بیت، ئەی نەوەی ئادەم خوای گەورە نمونەیەکی بۆ هێناونەتەوە چاکەکەیان وەربگرن و خراپەکەیان وازلێبێنن، وتوویانە ئەمە پێچەوانەی فەرموودەی یەکەمە)[١]، بە باوەڕی ئیبن قوتەیبە فەرموودە یەکەمەکان تایبەتن بە شەڕکردن لەدژی دزو جەردەکان، بەڵام ئەوانیتر تایبەتن بە (سەردەمی فیتنە و ڕاجیاوازی خەڵکی لەسەر لێکدانەوەو ناکۆکی دوو فەرمانڕەوا کە هەریەکەیان داوای دەستەڵات بۆ خۆی بکات و بیکاتە بەڵگە بۆ خۆی، دەڵێ: کەواتە لەو کاتەدا کەناگیری ماڵەکەت بەو شمشێر ڕامەکێشە و کەس مەکوژە، چونکە تۆ نازانی کام لە دوو لایەنەکە لەسەر هەقەو کامەیان ناهەقە با خوێنت لەپێناو ئاینەکەتدا بێت)[٢].

ئینجا دوو جۆریتر لە ڕاجیاوازی تاوتوێ دەکات کە خۆیان لە جیاوازی نێوان فەرموودە زۆرەکاندا نانوێنێ، بەڵکو لە دژبەیەکی ناوەکی لە بونیادی یەک فەرموودەدا، هاتووە لەژێر ناونیشانی: (وتوویانە فەرموودەکە سەرەتاکەی کۆتاییەکەی پووچەڵدەکات)، ئەوانە (وتوویانە ڕیوایەتتان کردووە کە: جۆرە کەسانێ دەبنە فەرمانڕەواتان ئەگەر بەگوێیان بکەن سەرتان لێدەشێوێنن، ئەگەریش بەگوێیان نەکەن گومڕاتان دەکەن، ئەمە لە ڕووی ئەقڵیەوە ڕەوا نیە چۆن دەبێت کە بەگوێیان نەکەن گومڕابن و کە بەگوێیشیان بکەن سەرلێشێواوبن)[٣]، ئیبن قوتەیبە وەڵامدەداتەوەو دەڵێ: (ئێمەش دەڵێین لەم فەرموودەیەدا هیچ جۆرە دژبەیەکیەک لەگەڵ لێکدانەوەدا نیە. ماناکەی وەها ئێمە دەیبینین ئەوەیە ئەوانە ئەگەر بەگوێیان بکرێ لەوەدا کە فەرمانی پێدەکەن سەرپێچی خوای گەورە و ستەمی گەلی تێدا بێت و خوێنی بەناهەق تێدا بڕژرێ ئەوا سەر لە بەگوێکەریان دەشێوێنێ، ئەگەریش بەگوێیان نەکەن و دەرچوون لەدژیان و هێزی موسڵمانانیان لاوازکرد هەروەک خەواریجەکان کردیان ئەوا یاخیبوویان گومڕایان دەکات، ئەو مانایە کە بە لێکدانەوە لە فەرموودەکە دەستدەکەوێت ئەوەیە کە کاریان بۆ نەکەن و دەریش نەچن لەدژیان)[٤]، پاشان زۆر ناخایەنێ و دێتەوە لێکدانەوەیەکی تر دەخاتەڕوو و دەڵێ: (دەکرێ ئەوەی کە دیانەوێ لەسەر مینبەرەکان فەرمانی پێبکەن لە چاکە، ئەگەر هاتوو سەرپێچیان کردن ئەوا سەرپێچیکار گومڕا دەبێت، ئەوەش کە فەرمانی پێدەکەن لە سەرپێچی لە غەیری ئەو جێگایەدا ئەوا ئەگەر

١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٥٠.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤.

بەگوێیان بکرێ سەر لە گوێڕایەڵکار دەشێوێنێ)[١].

لەڕاستیدا ئەو هەوڵە کە ئیبن قوتەیبە داویەتی هەرچەندە لەو بوارەدا پێشەنگە[٢]، بەڵام هۆیەکەی هەروەک پێشتر وتمان بەرگریکردن بووە لە هەوڵی فەرمووودەناسان، هەر ئەمە وایکردووە کە ئیبن قوتەیبە -لە زۆر جێگادا- لە سنوری لێکدانەوە دەربچێت و بڕوات بۆ هەوڵی سەلماندنی ئەقڵی و دەقی ڕاستی فەرمووودە لاوازەکان، ئەمەش هەڵەیەکی میتۆدییە، لەو ڕێسایە دەرچووە کە دەڵێ فەرمووودەی لاواز بەرگە دژایەتی فەرمووودەی ڕاست ناگرێ[٣]، ئینجا هاتووە بە فەرمووودەی ((نوێژبکەن لەدوای هەر کەسێکی چاک و خراپ)) کە فەرمووودەیەکی لاوازە ڕخنەی لە فەرمووودەی ((با کەسە چاکەکانتان ببنە پێشنوێژتان چونکە ئەوان شاندی ئێوەن بۆ بەهەشت)) گرتووە، ئەمەش فەرمووودەیەکی ڕاستە، هەروەها هاتووە بە فەرمووودەی ((تۆ بەندەی کوژراوی خوا بەو نەکەی بەندەی بکوژی خوا بیت))[٤] کە فەرمووودەیەکی لاوازە، ڕەخنەی لە فەرمووودەی: ((هەر کەسێ لەپێناو ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە)) کە فەرمووودەیەکی ڕاستە، بۆچوونی وابووە کە دەبێت کۆکردنەوە لە نێوان ئەو فەرمووودانەدا بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەو ڕێسایە کە خودی فەرمووودەناسان بڕیاریان لێداوە ڕێگری دەکات لە کۆکردنەوە، مەگەر لە کاتێکدا نەبێت کە دوو فەرمووودەی یەکسان لە هێزدا بوونیان هەبێت. لەوانەیە کەموکوورِیی ئەم خوێندنەوەیەی ئیبن قوتەیبە بێت وای لە سیوتی کردبێت لە کاتی ڕەخنەگرتنی لە کتێبی (تأویل مختلف الحدیپ) ئاماژە بدات و بڵێ: (پاشان ئیبن قوتەیبە کتێبێکی داناوە، هاتووە شتانێکی باش و شتانێکی خراپی هێناوە، لەمەدا دەستکورت بووە چونکە کتێبی لەو لەپێشتر و بەهێزتر بوونی هەیە، بۆیە هەموو کتێبەکەی پشتگوێخستووە)[٥].

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٤.

٢- پێشەوا شافیعی کتێبێکی داناوە بەناوی (جیاوازی فەرمووودە)، بەڵام گرنگیداوە بە خۆ تەرخانکردن لەسەر زانستی فەرمووودە زیاتر لە گرنگیدانی بە مشتومڕ لەسەر جیاوازییە ڕواڵەتیەکان و هەوڵدان بۆ لێکدانەوەیان.

٣- حماد، مختلف الحدیث بین الفقهاء والمحدثین، ص٦٥.

٤- عەجلونی دەڵێ: ئیبن صەلاح بەدواداچوونی بۆ کردووەو لە هیچ یەک لە کتێبە باوەڕپێکراوەکاندا نەیدۆزیوەتەوە. بڕوانە:

- العجلوني، إسماعيل بن محمد. كشف الخفاء ومزيل الإلباس عما أشتهر من الأحاديث على ألسنة الناس، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط٣، ج٢، ص١٧٥-١٧٦.

٥٠- السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، ج٢، ص١٩٦.

## ب- خوێندنەوەی هەڵوەشاندن:

ئیبن حەزم لە بازنەیەکی فراوانتر لەوەی کە ئیبن قوتەیبە پشتی پێبەستووە، مشتومڕ لەسەر دژایەتی ڕواڵەتی لە نێوان فەرموودەکاندا دەکات، چونکە گرفتەکە لای ئیبن حەزم تایبەت نیە تەنها بە زانستی فەرموودە، بەڵکو پەیوەندە بە زانستی شەریعەتەوە بەشێوەیەکی هەمووەکی، بەم پێیە ئەوا ئەو چوار چێوەیە کە دەبێت دابنرێت تیایدا پێویستە چوار چێوەیەکی هەمووەکی بێت، پرەنسیپ و بەهاو ڕێنماییە گشتییەکانی ئیسلام لەخۆبگرێ و بە هەندیان بگرێ، نەک تەنها کارکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی جێگایی لە مەسەلەکانی جیاوازی فەرموودەدا[1]، ئەم ئاراستەیە لای ئیبن حەزم تەواو ڕوونە، ئەو لە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە ڕێوشوێنە گشتیەکانەوە هەنگاویناوە، کە تێگەیشتنی بۆ شەریعەت بە حوکمەکان و هەمووەکیەکانیەوە بەرجەستن تیایدا، ئەمەش لە هەندێ لەو دەستەواژانەیدا کە لە کاتی مشتومڕ لەسەر ڕای فەرموودەناسان دەربارەی فەرموودەکانی ئارامگرتن بەکاریهێناون دەردەکەون، بۆ نمونە دەڵێ: (بەڵام ئەگەر ئەوە بە ناڕەوا بێت -واتە دارکاری پشت و زەوتکردنی ماڵ و سامان- ئەوا پەنا بەخوا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانبدات بە ئارامگرتن لەسەر شتی لەوجۆرە)، لە جێگایەکی تردا دەڵێ: (ئەگەر ڕێگابدەن بە ئارامگرتن لەسەر شتی ئاوەها ئەوا سەرپێچی کۆی ئیسلامیان کردووەو داماڵراون لێی). هەموو ئەو دەستەواژانەش کە لەوەدا بەکاریهێناون، قەناعەتی ئیبن حەزم دەخەنەڕوو کە مەحاڵە بەدوور لە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی پرەنسیپەکانی شەریعەت بۆ ڕەتکردنەوەی ستەم و ناڕەوا و بانگەوازکردن بۆ گۆڕینیان، چارەسەری گرفتی دژایەتی ڕواڵەتی لە نێوان فەرموودەکانی گوێڕایەڵیی و فەرموودەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بکرێ.

جا -بەرلەوە کۆی ڕاوبۆچوونەکانی ئیبن حەزم لەسەر مەسەلەی دژبەیەکی هەندێ فەرموودە بخەینەڕوو- گرنگە وەبیربێنینەوە کە ئیبن حەزم هەم

---

١- هەندێ لە فەرموودەناسان جەختیان لەم مانایە کردووەتەوە، چونکە وەها سەیری مەسەلەی جیاوازی فەرموودەیان کردووە کە گرفتێکەو پەیوەند نیە بە زانستی فەرموودەوە، بەڵکو پەیوەندە بە هەمووی شەریعەتەوە، لێرەوە جەختیان کردووە لەسەر گرنگیتی کۆکردنەوەی ئەوەی بەرچاوە لەو مەسەلانە لە نێوان فەرموودەو فیقهدا، ئیبن صەلاح دەڵێ: (ئەوەی کە پێویستە تەواوبکرێ هەستانی پێشەوا کۆکەرەوەکانە لە نێوان هەردوو زانستی فەرموودەو فیقهدا کە چوونەتە قووڵاییەکانی مانا وردەکانەوە). بڕوانە:

- إبن صلاح، تقي الدين أبو عمر عثمان. مقدمة إبن صلاح ومحاسن الإصطلاح. القاهرة: مطبعة دار الكتب، ١٩٧٤م، ص٤١٤.

فەرموودەناس و هەم فیقهناسێکی نوێکەرەوە بووە، بەم پێیە ئەوا مشتومڕی لەسەر فەرموودەکانی گوێڕایەڵیی پشت بە مەعریفەیەکی قووڵ بە فەرمووودە دەبەستن، ئەمە بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە گوایا ڕای ئیبن حەزم لەسەر فەرموودە کەم بەهایە و ئاوڕی لێنادرێتەوە. یەکەمین ڕێوشوێنێ کە ئیبن حەزم لە مشتومڕی لەسەر ئەو مەسەلەیە لێیەوە هەنگاو دەنێ بریتییە لە ڕێوشوێنێکی زانستی میتۆدیی، کە لەدوای هێنانی کۆمەڵێ فەرموودە لەبارەی ئارامگرتنەوە روونیدەکاتەوە و دەڵێ: (هەموو ئەوانەی فەرموودەکانیان هێناوە -واتە فەرموودەکانی ئارامگرتن- بەڵگەیان پێ نیە، چونکە ئێمە لەو کتێبەماندا کە ناومانناوە -الإیصال إلى فهم معرفه الخصال- فەرموودە بە فەرموودە تا ئەوپەڕی پشکنینمان بۆ کردوون بە سەنەد و بە ماناکانیانەوە. ئەم دەستەواژەیەی ئاماژە بەوە دەدات کە ڕاوبۆچوونەکانی ئیبن حەزم لە هەوڵێکی زانستییەوە بوون، پایەکەشی لێکۆڵینەوە لە سەنەد و لە دەقی فەرموودە بووە، ئەگەرچی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الفصل فی الملل والأهوا و والنحل)دا تەنها ڕەخنەی لە دەقی فەرموودە گرتووە.

بەڵام ڕێوشوێنی دووەم بەرپا دەبێت لەسەر خوێندنەوەی مێژووی ئیسلامی و هەڵوێستی هاوەڵان و شوێنکەوتووان لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، چونکە لەدوای باسکردنی کۆمەڵێ لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان دەڵێ: (هەر کەسمان لە کۆن و لە نوێدا باسکردبێ یان لە فەتوادانیدا وتوویەتی یان بکەری ئەوە بووەو شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێناوەو نارازی بووە لەوە کە بە خراپی زانیوە)[1].

ئیبن حەزم بە خستنەڕووی تێڕوانینی فەرموودەناسان دەست پێدەکات و دەڵێ: (ئەو تاقمە کە باسکران یەکەمجار بەڵگەیان بە چەند فەرموودەیەک هێناوەتەوە لەوانە: (ئەی پێغەمبەری خوا ئایا شەڕبکەین لەدژیان، فەرموویەتی ئەگەر نوێژ بکەن نەخێر)، لە یەکێکیتریاندا هاتووە کە (هەتا کوفرێکی ئاشکرا نەبینن کە لە خوای گەورەوە بەڵگەتان لەسەری هەبێت، لە یەکێکیتریاندا هاتووە ئەگەریش دارکاری پشتی یەکێکمان کراو ماڵ و سامانی زەوتکرا هەر ئارامگرتن پێویستە، لە یەکێکیتریاندا هاتووە: ئەگەر ترسای لەوە بریقەی تیشکی شمشێر بتسوتێنێ پۆشاکەکەت بدە بەسەر ڕوومەتتدا و بڵێ من دەمەوێ تۆ بە گوناهی من و گوناهی خۆتەوە ببیتە یەکێک لە دۆزەخیان، لە یەکێکیتریاندا هاتووە: تۆ بەندەیەکی

---

١- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، ج٤، ص١٣٢.

کوژراوی خوا بەو نەکەی بەندەیەکی بکوژی خوا بیت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱبۡنَيۡ ءَادَمَ بِٱلۡحَقِّ إِذۡ قَرَّبَا قُرۡبَانٗا فَتُقُبِّلَ مِنۡ أَحَدِهِمَا وَلَمۡ يُتَقَبَّلۡ مِنَ ٱلۡأٓخَرِ﴾المائدە: ٢٧. واتە: (هەروەها بەسەرهات و ڕووداوی دوو کوڕەکەی ئادەم لە ڕێگەی ئەم قورئانەوە بۆ ئەو خەڵکە باس بکە کە بەڕاستی ڕوویداوە، ئەوە بوو کێشەیەکیان هەبوو بۆ یەکلایی کردنەوەی، باوکیان وتی: با هەریەکەتان قوربانیەک بکات ، ئەوکات قوربانیەکە لە یەکێکیان کە خواناس بوو، لەسەر حەق بوو وەرگیرا، لەویتریان کە حەسود و خوانەناس بوو وەرنەگیرا).

پاشان هەڵدەستێ بە پووچەڵکردنەوەی ئەو تێڕوانینەو دەڵێ:

– پێیوایە کە فەرماندان بە ئارامگرتن لەسەر زەوتکردنی ماڵ و سامان و دارکاری پشت لە کاتێکدا پێویستە کە (پێشەوا ئەو کارە بە هەق و ڕاستی ئەنجامبدات)، بەڵام ئەگەر ئەوە لە ناڕەوادا بێت ئەوا نەخێر. ئیبن حەزم لێرەدا بەدیاریکراوی نزیکدەبێتەوە لە میتۆدی لێکدانەوە کە ئیبن قوتەیبە خستوویەتەڕوو و خۆی لە کۆکردنەوەی نێوان فەرموودەکاندا وێنا دەکات، وادەردەکەوێ کە دژایەتی نابینێ لە نێوان فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە و نێوان دەستەڵاتی پێشەوا لە دارکاری پشت و زەوتکردنی ماڵ و سامان، چونکە لێکدانەوە ڕێگا دەدات ئەو هەڵسوکەوتانە لە پێشەوایەکەوە ڕووبدەن کە بە هەق و ڕەوا ئەوە بکات[1].

لەوانەیە ئەو هۆیە کە وای لە ئیبن حەزم کردووە هەڵوەستە نەکات لەسەر ڕواڵەتی فەرموودەکەی حوزەیفە، ئەوە بێت کە باوەڕی وابووە (دارکاری پشت و دەستگرتن بەسەر ماڵ و ساماندا) جگە لەوە ئاماژەیەکە بۆ ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی شەریعەت لەوە زیاتر نیە، چونکە جێبەجێکردنی شەریعەت دەخوازێ دەستبگیرێ بەسەر ماڵ و سامان، بەجێگەیاندنی سزاکان و حوکمەکانی تۆڵەکردنەوە، هەروەها سەپاندنی سزا تەمبێکارەکان بەبێ ستەمکردن یان هەوەسبازی، لەوانەشە لە

---

١٠- قورتوبی لەسەر گرفتی دژایەتی ڕواڵەتی لە نێوان فەرموودەی (گوێڕایەڵیی کەسێک ناکرێ فەرمانبدات بە سەرپێچی خوای گەورە) و فەرموودەکەی حوزەیفە (گوێبیست و گوێڕایەڵ بە با دارکاری پشتت بکات و ماڵ و سامانت زەوتبکات) هەڵوەستەی کردووە، جا بۆ کۆکردنەوەی نێوان دوو فەرموودەکە ئەوا قورتوبی دوو ئەگەری داناوە:

– فەرموودەکەی حوزەیفە بانگەشەیە بۆ تەسلیمبوون و ملکەچیی و دەرنەچوون لەدژی پێشەوا ئەوەش بەو هۆیەوە کە جێکەوتەی نەرێنی گەورەی دەبێت.

– لەڕاستیدا دارکاری پشت و زەوتکردنی ماڵ و سامان لەوانەیە لای پێشەوا پاساوی خۆی هەبێت و لای ئەو کەسە دەرنەکەوێ ئەوەی پێدەکرێ. لە تێڕوانینی قورتوبییەوە دژایەتیەکە بەمجۆرە بوونی نامێنێت. بڕوانە: القرطبي، المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، ج٤، ص٣٩.

جێبەجێکردنی حوکمەکەدا هەڵەیش ڕوودبات، ئەوا لەم حاڵەتەدا پێویستە موسڵمان ملکەچ بێت، ئەم پاساودانە لەبارەی کەسێکەوە سودی هەیە کە بە ڕاپەڕاندنی حوکمی پێشەوا بە دان لە گەردنی ملنەدات، ئەوکات بە گوناهکار و یاخی لای خوای گەورە دادەنرێ ئەگەر هاتوو فەرمانەکە بە هەق و ڕاستی بێت، بەڵام ئەگەر بە ناڕەوا بێت ئەوا پەنادەگرین بەخوا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمان بە ئارامگرتن بکات، لە قورئانی پیرۆزدا بەڵگەمان هەیە کە دەفەرموێ: ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ﴾المائدە: ٢. واتە: (جا ئیتر هەوڵبدەن کە یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لە سەر چاکەو چاکەکاری و تەقواو دینداری، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر تاوان و دەستدرێژی و دوژمنکاری)[١]. کەواتە واتای فەرموودەکە لای ئیبن حەزم لە ڕاپەڕاندنی حوکمەکانی شەریعەت تێپەڕناکات، گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوایش کە ئەگەر ئەو کارە بە هەق و ڕەوا بکات ئەوا فەرزە.

- دژبەیەکی فەرموودەکانی ئارامگرتن لەگەڵ فەرموودەکانی تر، لێرەدا کۆمەڵێک فەرموودەی هێناوە، لەوانە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێ: ((بەدڵنیایی خوێن و ماڵ و ناموستان لە یەکتر حەرامە))، دەفەرموێ: ((هەر کەستان خراپەیەکی بینی با بە دەستی نەیهێڵێ ئەگەر توانای هەبوو، ئەگەر توانای نەبوو با بە زمانی نەیهێڵێ، ئەگەر نەیتوانی با بە دڵی پێیناخۆشبێت کە ئەوە لاوازترین باوەڕە))، دەفەرموێ: ((گوێڕایەڵیی لە خراپەکاریدا نیە، بەڵکو گوێڕایەڵیی لە گوێڕایەڵی خوادایە))، دەفەرموێ: ((پێویستە هەر کەستان گوێبیست و گوێڕایەڵ بێت ئەمە لەبارێکدا فەرمانی بە خراپە پێنەدرێ، جا ئەگەر فەرمانی بە خراپە پێدرا ئەوا نە گوێبیست و نە گوێڕایەڵ بێت))، دەفەرموێ: ((هەر کەس لەپێناو ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە، هەر کەس لەپێناو ئاینەکەیدا بکوژرێ شەهیدە، هەر کەس لەپێناو ستەملێکردنیدا بکوژرێ شەهیدە))، دەفەرموێ: ((با فەرمانبدەن بە چاکەو ڕێگری بکەن لە خراپە یان خوای گەورە سزایەک لای زاتی خۆیەوە دەبارێنێ بەسەرتاندا))[٢]، پاشان جەختدەکات کە ڕواڵەتی ئەم فەرموودانە دژە

---

١- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، ص١٣٢.

٢- تێبینی دەکرێ ئیبن حەزم ئەو فەرموودانەی کە پەیوەندن بە مەسەلەی گوێڕایەڵیەوە دابەشیکردوون بۆ دوو کۆمەڵە فەرموودە، یەکەم فەرموودەکانی ئارامگرتن لەخۆدەگرێ، دووەم فەرموودەکانی تر لەخۆدەگرێ کە فەرماندەدەن بە نەهێشتنی خراپە، لەناو ئەم دووەمەدا ئەو فەرموودانەش هاتوون کە باس لە بەگوێنەکردنی فەرمانڕەوا دەکرێ لە شتێکدا سەرپێچی خوای گەورەی تێدابێت، ئەمەش دابەشکردنێکە

لەگەڵ ڕواڵەتی ئەو فەرموودانە کە لەسەر ئارامگرتن هاتوون، لەبەرئەوە هەردەبێ یەکێکیان هەڵوەشێنراو و ئەویتریان هەڵوەشێنەر بێت.

– بۆ بەرەنگاربوونەوەی بانگەشەی تایبەتکردنی ئەو فەرموودانە گوایا لەبارەی دزو جەردەکانەوە هاتوون بەبێ فەرمانڕەوا، ئیبن حەزم ڕەخنە لەو بانگەشەی تایبەتکردنە دەگرێ، وادەبینێ هیچ بەڵگەیەک نیە لەسەر تایبەتکردنی تاقمێک جیا لە تاقمێکی تر، یان سەردەمێک جیا لە سەردەمێکی تر، هاتووە بەڵگە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دێنێتەوە کە دەفەرموێ: ((موسڵمان برای موسڵمانە، نە خراپەی پێدەڵێ و نە ستەمی لێدەکات))، هەروەها لەبارەی زەکاتەوە دەفەرموێ: ((هەر کەس بە شێوەی ڕەوا داوای بکات با زەکاتدەر بیدات بەو کەسە داوای لێکردووە، هەر کەسیش بە ناڕەوا داوای بکات با نەیداتێ))، مەبەستەکە لێرەدا ڕوونە کە مەبەست فەرمانڕەوایە، چونکە دزەکان داوای زەکات ناکەن، بەم پێیەش ئەوا ئەوان لە دەرەوەی ئەم دەقەن[1].

– ئیبن حەزم مشتومڕی ئەو کۆسپە مێژووییانە دەکات کە لەسەر مەسەلەی دەرچوون بە شمشێر هاتوون، پێیوایە بەڵگەهێنانەوە بە هەڵوێستی عوسمانی کوڕی عەففان کاتێ کە ڕێگری لە هاوەڵان کرد بە شمشێر بەرگری لێبکەن، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە عوسمان پێی وانەبووە مەسەلەکە بگاتە ئاستی کوشتنی جێنشین،

---

جیاوازە لە دابەشکردنی سیانەییەکە کە شەوکانی پێشەکەشیکردووە و خۆی لە سێ کۆمەڵە فەرموودەدا دەبینێتەوە کە باس لەو فەرموودانە دەکات لەسەر گوێڕایەڵیی هاتوون، ئەو فەرموودانەش کە لەبارەی فەرمانداران بە چاکەو ڕێگری لە خراپە هاتوون، هەروەها ئەو فەرموودانەش کە لەبارەی بەگوێنەکردنەوە هاتوون کە سەرپێچی خوای گەورەی تێدا بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئیبن حەزم وادەبینێ هەڵوێستی کۆمەڵگای موسڵمان لە حاڵەتی سەرپێچی دەستەڵاتدا بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە نەوەستاوە تەنها لەسەر بەگوێنەکردنی نەرێنی، بەڵکو دەڕوات بەرەو ناڕازیبوون بە دەست، بەڵام شەوکانی ئەوا دەستکۆتا بووە کە تەنها لە حاڵەتی سەرپێچی فەرمانەکانی خوا گوێڕایەڵی دەستەڵات ناکرێ، واتە لە کارێکدا کە سەرپێچی خوای تێدا بێت، لەوە بەولاوە ئیتر دەبێت گوێڕایەڵی بکرێ لە شتێکدا کە سەرپێچی تێدا نەبێت.

١– بەپێی گوتەی ئیبن حەجەر هەموو زانایانی فەرموودە دەڕۆن بۆ هەڵاوێردکردنی فەرمانڕەوا لەم فەرموودەیە: ((هەر کەس لەپێناو ماڵ و سامانیدا بکوژرێ شەهیدە))، ئەو لە ڕاڤەکردنی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێ: (فەرموودەکە کوشتنی کەسێک بە دروست دەزانێ  کە بیەوێ بە ناڕەوا دەستبگرێ بەسەر ماڵ و سامانیدا کەم یان زۆری ئەمەش گوتەی جەماوەری زانایانە، بەڵام ئەوەی زانایانی فەرموودە گواستوویانەتەوە ئەوەیە وەک بڵێی کۆکبن لەسەر هەڵاوێردکردنی فەرمانڕەوا بۆ ئەو جێکەوتانە لە فەرمانداران بە ئارامگرتن لەسەر ملهوڕیەکەی و وازهێنان لە ڕاپەڕین لەدژی). بڕوانە:

– إبن حجر العسقلاني، فتح الباري  في شرح صحيح البخاري، ج٥، ص١٤٨.

بەڵکو گومانی وابووە کە یاخیبووان تەنها بە گەمارۆدان دەستکۆتا دەبن[1].

– لە وەڵامیدا بۆ بەڵگەهێنانەوە بە چیرۆکی دوو کوڕەکەی ئادەم کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾المائدە: ٢٨. واتە: (سوێندبێت ئەگەر تۆ –ئەوەندە ستەمکار بیت– و دەستت بچێتە کوشتنی من، من هەرگیز ئەو هەڵەیە ناکەم و دەستم ناچێتە تۆ و بیر لە کوشتنی تۆ ناکەمەوە، چونکە من لە تۆڵەی خوای گەورە، پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم...). دەڵێ: ئەوە شەریعەتێکی تری غەیری شەریعەتی ئێمەیە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ لِكُلّٖ جَعَلۡنَا مِنكُمۡ شِرۡعَةٗ وَمِنۡهَاجٗاۚ ﴾المائدە: ٤٨. واتە: (ئێمە بۆ هەرلایەکتان بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتیمان دارشتووە).

– دوای ئەوە هاتووە بە مشتومڕێکی ئەقڵیی مشتومڕ لەسەر مەسەلەکە دەکات

---

١– مەسەلەی شەرعیەتی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا پانتاییەکی زۆری لە خوێندنەوەی ئیبن حەزم داگیرکردووە، لە مشتومڕی بۆ بەڵگەکانی ئەوانەی کە دەڵێن نابێت دەرچوون هەبێت، ئیبن حەزم لە خوێندنەوەی فیقهی پێشینانەوە هەنگاودەنێ، وادەبینێ هەموو ئەهلی سوننە دەرچوون بە شمشێر لەدژی خراپەکار بە دروست دەزانن، تەنانەت لە هاوەڵان و پشتیوانانیش ئەوانەیان کە داوای دانیشتن و کەنارگیری دەکەن، چونکە (دەرچوونیان پێباش بووە ئەگەر دادپەروەر نەبوو، جا ئەگەر دادپەروەر بوو و کەسێکی خراپەکار لێی ڕاپەڕی ئەوا بەبێ جیاوازی دەبێت شمشێر لەگەڵ پێشەوای دادپەروەردا لەدژی هەڵگرن). پاشان دەڵێ: (هەموو ئەوانەی لە کۆن و لە نوێدا باسمانکردوون ئەوا لە فەتواکانیاندا باسیانکردووە یان بە کردەیی سەلماندوویانە و شمشێریان هەرڵگرتووە بۆ ناڕازیبوون لەو خراپەیە کە بینیویانە)، بەمجۆرە ئیبن حەزم ڕای جیاوازە لەوانەی کە زۆرێکیان پێیانوایە کۆدەنگی هەیە لە دەرنەچوون لەدژی خراپەکار، ئەم هاتووە داندەنێت بە هەبوونی ناکۆکی لە چۆنێتی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لە حاڵەتی هەبوونی پێشەوای دادپەروەردا، بەڵام ناکۆکییەکە بە ڕای ئەو لە کاتێکدا کە پێشەوا خراپەکار بێت ئیتر نامێنێ.

ئیبن حەزم پێیوایە خوێنڕشتن و وێرانبوونی وڵات بەڵگەی قەناعەتپێکەر نین بۆ وازهێنان لە دەرچوون لەدژی پێشەوایانی ملهوڕ و خراپەکار، چونکە ئەگەر ئەوە هۆیەکی شەرعی باوەڕپێکراو بوایە ئەوا جیهاد هەڵدەوەشایەوە، چونکە خوێنڕشتن و وێرانبوونی وڵاتی تێدایە (ئەگەر ئەو ترسە کە باسیدەکەن ڕێگر بێت لە گۆڕینی خراپە و لە فەرماندان بە چاکە ئەوا خودی ئەوە دەبووە ڕێگر لە جیهاد لەدژی خەڵکانی شەڕخواز، ئەمەش قسەیەکە موسڵمان نایکات با ئەوەش ببێتە هۆی کۆیلەکردنی ئافرەتان و منداڵانی موسڵمانان لەلایەن گاورەکانەوە و بردنی ماڵ و سامانیان و خوێنڕشتنیان و هەتکی پیرۆزیەکانیان، ڕاجیاوازیش لە نێوان موسڵماناندا نیە کە جیهاد فەرزێکە لەگەڵ بوونی هەموو ئەوانەشدا، هیچ جیاوازییەکیش نیە لە نێوان دوو مەسەلەکەدا، هەموو ئەوەش جیهادەو چوونە بەدەم قورئانەوە.

بەڵام ئیبن حەزم کەسێکی دەمارگیر نەبووە بۆ دەرچوون وەها کە ئامانجێک بێت لە خودی خۆیدا، ئەو بەو چاوە سەیریکردووە کە کۆتا هۆکارە بۆ لابردنی فەرمانڕەوا، وەهاش دێتە پێشچاو کە ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی و ستەمی پێباش نەبووە با کەمیش بووبێت، با ئەو ستەمەش لەسەرەتاوە نەخوازێ کە دەرچوون لەدژی بکرێ، هەروەها توانایی بە مەرج نەگرتووە بۆ دەرچوون و لە هەموو ئەوانەدا شەریعەتی پێشخستووە بەسەر هەموویاندا.

بەجۆرێ کە سەغڵەتکردنی لایەنەکەی تری تێدایە، دەپرسێ (ئایا چی دەربارەی فەرمانڕەوایەک دەڵێن کە جولەکەی کردووتە خاوەن فەرمانی و گاورەکانی کردوونەتە سەربازانی، سەرانەی سەپاندووە بەسەر موسڵماناندا، شمشێری دژ بە ڕۆڵەی موسڵمانان هەڵگرتووە، ڕێگای بە ئافرەتان داوە زینا بکەن، شمشیری ڕاکێشاوە لەسەر هەر موسڵمانی کە هەیەو ژنان و منداڵەکانیانی کۆیلەکردووەو گاڵتەجاڕیان پێدەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە ئاشکرا موسڵمانەو نوێژ دەکات[1]، جا ئەگەر ئەوانە داوای ئارامگرتن بکەن ئەوا پێچەوانەی ئیسلام کاردەکەن و داماڵراون لێی، ئەگەریش وتیان لەدژی هەڵدەستن و دەجەنگن کە ئەوە گوتەیانە، پێیان دەڵێین ئەگەر نۆ بەش لە دە بەشی موسڵمانان یان هەموویان جگە لە یەک کەسیان بکوژرێن و ژنەکانیانی کردە کەنیزەک و دەستیگرت بەسەر ماڵ و سامانیاندا، ئەگەر ڕێگری بکرێن لە ڕاپەڕین لەدژی ئەوا دژبەیەکی ئەنجامدەدەن، ئەگەریش فەرزیان کرد ئەوا داوای لەوە کەمتریان لێدەکەین، ئێمە بەردەوام دەوریان دەدەین تا دەوەستن لە کوشتنی یەک موسڵمان یان یەک ئافرەت، یان زەوتکردنی ماڵ و سامان و لە پێشێلکردنی تۆوێک بە ستەم، جا ئەگەر جیاوازیان خست لە نێوان شتێک لەوانەدا ئەوا دژبەیەکیان ئەنجامداوەو بەبێ بەڵگە حوکمیان دەرکردووە، ئەمەش ڕەوا نیە، ئەگەریش ناڕازیبوون لە هەموو ئەوانە ئەوا گەڕاونەتەوە بۆ لای هەق و ڕاستی)[2].

ئیبن حەزم بەم پێیە لە مشتومڕی کۆمەڵیانەوە لەسەر ئاستی ئوممەت دەڕوات بۆ مشتومڕی مەسەلەکە تا بیگەیەنێتە ئاستی تاکە کەس، جا ئەگەر لەسەر کۆمەڵ پێویست بێت کە بجەنگێ هەرکات ستەمی لێکرا، ئەوا پێویستە تاکە کەسیش هەمان شت بۆ خودی خۆی بکات، (لەبارەی کەسێکەوە لێیان دەپرسین کە ئەگەر فەرمانڕەوا ملهوڕ و ستەمکار و خراپەکارەکەی هاوسەر و کچ و کوڕەکەی زەوتبکات تا خراپەیان لەگەڵدا بکرێ یان خۆی خراپەیان لەگەڵدا بکات، ئایا ئیسلامەکەی ڕێگای دەدات ئەو خراپەیە لەگەڵ هاوسەر و کوڕ و کچەکەیدا بکرێ، یان فەرزە لەسەری کە قوبوڵی نەکات ئەو کەسە ئەوەی لەگەڵدا بکات، جا ئەگەر وتیان ئیسلامەکەی سەپاندوویەتی بەسەریدا و بەسەر خانەوادەکەیدا ئەو خراپە گەورەیە بکەن ئەوە قسەیەکە موسڵمان نایڵێ، ئەگەریش وتیان بەڵکو فەرزە لەسەری ڕێگری لەو

---

١- لەوانەیە لێرەدا ئاماژە بدات بە فەرموودەی (...ئەگەر نوێژکەر بن نەخێر...).

٢- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، ص١٣٥.

کارە بکات و بجەنگێ ئەوا گەڕاونەتەوە بۆ هەق و ڕاستی، ئەم فەرزەش هەموو موسڵمانێ پابەند دەکات بەرانبەر بە هەر موسڵمانێکیتر لە ماڵ و سامانیشیدا)[١].

پرسی دەرچوون ئا بەمشێوەیە لە گرفتی دژبەیەکی ڕواڵەتی لە نێوان فەرموودەکاندا لای ئیبن حەزم ئاراستەیەکی هەمووەکی وەردەگرێ، کە ڕێساکانی ئیسلام و بەها گشتییەکانی ئامادە دەبن تیایدا. جا بەو پێیە کە دانیناوە بە هەبوونی دژایەتی لە نێوان ئەو فەرموودانەدا کە داوای ئارامگرتن و شەڕنەکردن دەکەن، وە نێوان ئەو فەرموودانە کە فەرماندەدەن بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن، ئەوا پێیوایە کە کۆکردنەوە لە نێوانیاندا بڕیارێکە شەرع قوبوڵی ناکات، لەبەرئەوە پێویستە بەشێک لەو فەرموودانە کە لە دوولایەنی دژ بەیەکدا دایاندەنێ، یەکەمیان هەڵوەشێنەر و دووەمیان هەڵوەشاوە بێت، جا بۆ ئەو مەبەستە ئەوا لەتوێی دوو ئاستدا دەجوڵێ:

– ئاستێک کە ناویدەبات بە گەڕانەوە بۆ دەقی بنەڕەتی، دەڵێ: (ئەگەر یەکێک لەو دوو ڕستەیە ڕاست بێت و هەڵوەشێنەری ئەویتر بێت و جگە لەوە ئەگەری تر نەبێت، ئەوا پێویستە بڕوانین بزانین کامەیان هەڵوەشێنەرە، ئەوکات دەبینین ئەو فەرموودانە کە باس لە ڕێگری لە شەڕکردن دەکەن، ئەگەر گونجاو بوون لەگەڵ گەڕانەوە بۆ دەقی بنەڕەتی کە ئەمە حاڵی ئیسلام بووە لە قۆناغە سەرەتاکانیدا، ئەوا بێگومان ئەو فەرموودانەی تر شەریعەتێکی زیاتریان هێناوە ئەویش شەڕکردنە، ئەمەش هیچ گومانی تێدا نیە، ئەوا هەڵوەشاندنی دەقی فەرموودە پێشووەکان مەعلومەو حوکمیان بە بێگومان هەڵگیراوە، ئەویش کاتێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرموودەکانی تری فەرمووە)[٢].

– بەڵام ئاستی دووەم بریتییە لە ئاستی گوتاری قورئانی، هاتووە بۆ دیاریکردنی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوی ئەو فەرموودانە قورئانی پیرۆزی کردووەتە دادوەر، دەڵێ: (بەڵگەیەکی تر بریتییە لەوە کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ﴾ الحجرات: ٩. واتە: (ئەگەر –لە هەر زەمان و زەمینێکدا– دوو تاقم لە موسڵمانان، یاخود دوو لایەن، یان دوو دەوڵەت بوو بە شەڕیان و جەنگ لە نێوانیاندا بەرپابوو، ئەوە ئەرکی سەرشانی دەستەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی و کاربەدەستانی لێزانە

---

١– هەمان سەرچاوە، ل١٣٥.

٢– هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

که دەستبەجێ هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆ بەرپاکردنی ئاشتەوایی لە نێوانیانداو چارەسەری کێشەی نێوانیان، خۆ ئەگەر بۆیان دەرکەوت کە لایەکیان ملنادات و ستەم لە لاکەی تر دەکات، ئەوە ئێوە -ئەی دەسەڵاتدارانی خێرخواز- بجەنگن دژی ئەو لایەنە کە ستەم و دەستدرێژکارە، هەتا ملکەچ دەبێت بۆ فەرمانی خوای گەورەو ئامادەی ڕێکەوتن و ئاشتەوایی دەبێت). دوو موسڵمان ڕاجیاواز نین ئەم ئایەتە کە جەنگی دژ بە تاقمی ستەمکار و یاخی فەرزکردووە ئایەتێکی توندوتۆڵەو هەڵنەوەشاوەتەوە، بەم پێیە ئەوا فەرمانڕەوایە بەسەر ئەو فەرموودانەدا، جا هەرکامیان گونجاوبوو لەگەڵ ئایەتەکەدا ئەوا هەڵوەشێنەری نەگۆڕە، هەرکامیشیان دژ بوو لەگەڵیدا ئەوا هەڵوەشێنراوەو حوکمی هەڵدەگیرێ)[1].

ئەوە ڕوونە که ئیبن حەزم بەشێوەیەکی میتۆدیی پلەبەندیی لەناو زیاتر لە ئاستێکدا دەجولێ، سەرەتا بە دۆزینەوەی ئەوەی پێیوایە دژایەتیە لە نێوان فەرموودەکاندا، پاشان دان بەوەدا دەنێ کە زەحمەتە کۆکردنەوە لە نێوانیاندا بکرێ، ئەمەش بە حەتمی دەخوازێ کە هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە لەو فەرموودانەدا بوونی هەبێت، جا بۆ زانینی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە هەستاوە بە خستنەڕووی ئەو فەرموودانە لەسەر قورئانی پیرۆز کە کام لەو فەرموودە ڕاست و دروستانەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەگەڵیدا گونجاون، تا دواجار دەگاتە ئەوە کە فەرموودەکانی ئارامگرتن و گوێڕایەڵیی هەر هەموویان هەڵوەشێنراون.

بەڵام هەوڵەکانی ئیبن حەزم لە ڕاڤەکردنی جیاوازی فەرموودەدا لەناو فەرموودەناساندا جێگای قوبوڵکردنی فراوان نەبووە، لەوانەشە فەرامۆشیش کرابێت، چونکە کتێبەکانی فەرموودەناسان لەسەر هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە باسی ڕاو بۆچوونەکانی ئیبن حەزمیان نەکردووە، نە لە نزیک و نە لە دوورەوە نەیانگواستوونەتەوە[2]، ئیتر جگە لەو کتێبانە کە بە ڕاشکاوی ڕاکانی ئیبن حەزم دەربارەی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە بە گشتی ڕەتدەکەنەوە[3]، لەوانەیە هۆیەکەش

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٣٤.

٢- لەبارەی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە لە زانستی فەرموودەدا -دوای سەردەمی ئیبن حەزم- گەڕاوینەتەوە بۆ ئەم دوو کتێبە ئەوانیش: (الأعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار (لە نوسینی ئەبوبەکری حازمی ٥٤٨-٥٨٤ک، وە کتێبی (رسوخ الأخبار في منسوخ الأخبار) لە نوسینی ئەبو ئیسحاقی جەعبەری (٧٣٢ک.م) تیایاندا نەماندی ئاماژە درابێ بە ڕاو بۆچوونەکانی ئیبن حەزم دەربارەی فەرموودەکانی ئارامگرتن.

٣- السیوطي، تدریب الراوي في شرح تقریب النواوي، ج٢، ص١٩. ئەوەش لە کاتی قسەکردنی لەسەر کوشتنی ئارەقخۆر.

شێوازەکەی ئیبن حەزم بێت لە پرۆسەی هەڵوەشاندندا، چونکە مێژووی هاتنی فەرموودەکە بە هەند ناگرێ هەروەک لای فەرموودەناسان کاری پێکراوەو بووەتە باو[1]، چونکە میتۆدەکەی لەسەر ئەوە بەرپا دەبێت کە ئەو فەرموودەیەی جیاوازە لە فەرموودەی دەقە بنەڕەتیەکە (ئەستۆپاکی بنەڕەتیە) ئەوە هەڵوەشێنەرە، هەروەک لە کتێبە ئوسوڵیەکەیدا (الإحكام فی أصول الأحكام) ئاماژەی پێداوە. جا مادامێ دەقە بنەڕەتیەکە بریتییە لە ئارامگرتن لەپێش ئەوە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانبدات بە شەڕکردن، ئەوا فەرموودەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە هەڵوەشێنەری فەرموودەکانی ئارامگرتنن، بەتایبەتی لەگەڵ هەبوونی پشتگیریی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیحدا، ئەم شێوازەش ئەگەرچی هەندێ لە زانایانی حەنەفی تەبان لەگەڵیدا[2]، بەڵام ئەمە جیاوازە لە شێوازی گشتگیری فەرموودەناسان لەسەر پرۆسەی هەڵوەشاندن، کە لەسەر دانانی فەرموودە دواییەکە بەرپادەبێت کە هەڵوەشێنەری پێشووەکەیە، ئەمە لەبارێکدا دژایەتی لە نێوان دوو فەرموودەی صەحیحدا هەبێت[3].

---

١- هەرچەندە زانینی مێژووی هاتنی فەرموودە دادەنرێ بە یەکێک لە شێوازەکانی شارەزابوون بە هەڵوەشێنەر و هەڵوەشاوە، بەڵام سەرنجەدرێ کە فەرموودەناسان بە کەمی گرنگیانداوە بە زانستی هۆیەکانی هاتنی فەرموودە، چونکە ئەم زانستە لە هەموو زانستەکانی تری فەرموودە کەمتر کتێبی لەسەرە، تەنها چوار کتێب لەسەری هاتوون، تەنها دووان لەوانەش گەیشتوونەتە دەستی توێژەران، ئەوانیش کتێبی (اللمع في أسباب الحديث) لە نوسینی جەلالودینی سیوتی ٨٤٩-٩١١ک وە کتێبی (البيان والتعريف في أسباب ورود الحديث الشريف) لە نوسینی شەریف ...كمال الدين ١٠٥٤-١١٢٠ک، کەمی گرنگیدان بەو زانستە، هەرچەندە لە زانستی فەرموودەدا زۆر گرنگە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوێندنەوەی فەرموودە پیرۆزەکان و ڕاڤەکردنیان لەبەر ڕۆشنایی زانینی هۆکارەکانیەوە نەبووە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەتوانامانداندا نیە بکەوینە دوای زانینی ئاستی کاریگەری لەسەر ڕاڤەکردنی فەرموودە پیرۆزەکان، جێگای تێڕامانە لەگەڵ هەبوونی هۆیەکانی هاتنی هەندێ فەرموودەی گوێڕایەڵی وەک فەرموودەی عوبادە لە بەیعەتدانی بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) -کە لە فەرموودە یەکەمەکانە لەو بەشەدا- ئەوا نوسەرانی هاتنی هۆیەکانی فەرموودە کە ئاماژەمان پێدان هیچکامیان باسی ناکەن.

٢- حماد، مختلف الحديث بين الفقهاء والمحدثين، ص١٩٦.

٣- عیراقی دەڵێ: (ئەوەی فەرموودەناسان وتوویانە فراوانتر و باوترە، چونکە هەڵوەشێنەر بە ئیجتیهاد و بە ڕەئی نابێت، بەڵکو بە شارەزابوون بە مێژوو دەبێت، هاوەڵانیش لەوە خۆپارێز و پارێزکارتر بوون کە یەکێکیان حوکم بدات بە حوکمی شەرعی هەڵوەشاندن بێئەوەی بزانێ کە هەڵوەشێنەرەکەی دواتر هاتووە).
بڕوانە: السيوطي، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، ج٢، ص١٩١.
حازمیش دەڵێ کە (هەردەبێ هەڵوەشێنەر لەدوای هەڵوەشێنراو هاتبێ.
- الحازمي، الأعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار، باكستان: جامعة الدراسات الإسلامية، ط٢، ١٩٨٩م، ص٩٢.

لە هەمانکاتدا ناتوانرێ بوترێ کە ئیبن حەزم شلگیربووە لە مەسەلەی هەڵوەشێنەر و هەڵوەشێنراودا، چونکە ئەو ماڵ نیە بەسەر ئەم زانستەوە، ڕاو بۆچوونەکانی لەوبارەیەوە لە کتێبەکەیدا بەناوی (الإحکام) دادەنرێت بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە زانستی ئوسولدا، تەنانەت ئەگەر هەندێ لە زانایانیش ڕاجیاوازبن لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەو ڕاوبۆچوونانەدا، بەهەمانشێوە متمانەیەکی گەورەی هەبووە بە شێوازی خۆی لەو کاتەدا، دەڵێ: (ڕەوا نیە هەروا بەبێ دڵنیابوون بوترێ ئەوە هەڵوەشێنراوە)[1]، لەلایەکیترەوە ئیبن حەزم تایبەتکردن ڕەتناکاتەوە، بەڵام پێیوایە تەنها لەبارێکدا تایبەتکردن دروستە کە نەتوانرێ هەڵوەشێنەر و هەڵوەشێنراوە لەیەکتر جیابکرێنەوە، چونکە (تایبەتکردنی دەقەکان تەنها بە وتن دروست نیە، ئەوە جۆرێکە لە قسەکردن لەسەر خوای گەورە بەبێ زانست)[2].

پێدەچێ ئەو گرفتەی کە لەبەرئەنجامی دژایەتی نێوان فەرموودەکانی ئارامگرتن و فەرموودەکانی فەرماندان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە ڕووبەڕووی خوێندنەوەی ئیبن حەزم بووبێتەوە، خۆی لەوەدا وێنا بکات کە هەڵوەشاندن -لە حاڵەتی سەلماندنیدا- هەموو فەرموودەکانی ئارامگرتن هەڵدەوەشێنێتەوە، مەعلومیشە کە هەڵوەشێنەر هەموو حوکمەکانی هەڵوەشێنراو ناهێڵێ، چونکە (هەڵگری ئەوەیە کە دەویسترێ حوکمەکەی بسەلمێنرێ)[3]، ئێستە دەڵێین ئایا بەڕاست ڕاکانی ئیبن حەزم دەربارەی هەڵوەشاندنی فەرموودەکانی ئارامگرتن سەردەکێشن بۆ هەڵوەشاندنی گوێڕایەڵی سیاسیی، بەو مانایە کە ئەگەری ڕوودانی ئاژاوەو پێشوی لەناو کۆمەڵگادا لێبکەوێتەوە، کە ناڕەزایی لەدژی دەستەڵاتی سیاسیی تەنها بە ئەنجامدانی شتێک کە دەکرێ سەرپێچی بێت پاساوێک بێت بۆ دەرچوون؟

وەڵامەکە لە تێڕامانی ئەو پۆلێنکردنە دووانەییەدایە کە ئیبن حەزم بۆ فەرموودەکانی گوێڕایەڵی خستوویەتەڕوو، هاتووە فەرموودەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەو فەرموودەکانی گوێڕایەڵی نەکردنی لە حاڵەتی سەرپێچیدا کۆکردووەتەوە، جیاکاری کردووە لە نێوان ئەوان و نێوان فەرموودەکانی ئارامگرتندا. بەمجۆرە ئەوا گرفتی دژایەتی ڕواڵەتی لای ئەو ناگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرموودانەی گوێڕایەڵیی کە لەگەڵ فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دایاندەنێ

---

١- إبن حزم، الإحكام في أصول الأحكام، ج٢، ص١٦٧.

٢- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، ص١٣٤.

٣- الحازمي، الأعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار، ص٩٣.

له یەک تای شایەندا، پێیوایە ملکەچنەبوونی موسڵمان بۆ فەرمانی پێشەوا بە دان لە گەردنی ئەگەر بێتو لەسەر هەق بێت ئەوا سەرپێچی و فاسیقییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە گرنگێتی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە فیڕۆ نەداوە و گرنگێتی لەناو کۆمەڵگادا کەمناکاتەوە، بەڵکو گرفتەکە لای ئەو لەو فەرموودانەدایە کە فەرماندەدەن بە ئارامگرتن لە کاتی سەرپێچی دەستەڵاتدا بەبێ هیچ مەرجێک بۆ ئەو ئارامگرتنە، لەبەرئەوە وادەبینێ کە دەبێت بە شێوەیەکی پلەبەندی ڕووبەڕووی دەستەڵات بوەستی ئەگەر هاتوو سەرپێچی یان ملهوڕی لێدەرکەوت، تەنانەت با کەمیش بێت، نەک بێدەنگبوون لێی.

سەرپێچی لای ئیبن حەزم بیانوویەکی بەس نیە بۆ دەرچوون، بەڵام لە بارێکدا دەستەڵات پێداگر بێت لەسەری ئەوا لەوانەیە ڕێگایەک بێت بۆی، لەمبارەیەوە بە ڕوونی دەڵێ: (ئەگەر ستەم و ملهوڕی ڕوویدا با کەمیش بێت پێویستە پێشەوا بدوێنرێ لەسەری و ڕێگری لێبکرێ، جا ئەگەر ڕێگری لێکرد و گەڕایەوە بۆ هەق و چووەژێر بەرپرسێتی تۆڵەسەندنەوەی کۆمەڵیانە یان ئەندامان و سزای زینا و ئارەقخواردنی سەپاند، ئەوا ئیتر لانابرێ و هەر پێشەواکەی جارانە، دروست نیە لەکاربخرێ، بەڵام ئەگەر ئەو ئەرکانەی جێبەجێنەکرد کە دەکەونە سەرشانی و نەگەڕایەوە بۆ هەق و ڕاستی ئەوا دەبێت لاببرێ و کەسێکیتر لە جێگای دابنرێ کە هەستێ بە بەرپاکردنی هەق[1]. لەمەوە دەردەکەوێ کە ڕاکانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەکانی ئارامگرتن بانگەشە نیە بۆ هەڵسوکەوتێکی هەڵچوون لەدژی دەستەڵات، بەڵکو بۆ مەرجدارکرنی ئارامگرتنەو دانانیەتی لەتوێی سنوری شەرعی خۆیدا.

**ت- خوێندنەوەی کۆکردنەوە (تایبەتکردن و مەرجدارکردن):**

ئەم خوێندنەوەیە وێنای ئاراستەی باوی فەرموودەناسان دەکات، ڕاوبۆچوونە ڕێکخەرەکانی ئەم خوێندنەوەیە بەشێوەیەکی پرژوبڵاو لەناو هەندێ لە کتێبەکانی ڕاڤەکردن و هەندێ کتێبی جیاوازیی فەرموودەدا بوونیان هەیە، وەک پێویست باس لەم خوێندنەوەیە نەکراوە کە هەقی خۆی بدرێتێ، ئەمە جگە لەو هەوڵە کە پێشەوا شەوکانی لە کتێبەکەیدا بەناوی (نیل الأوگار) خستوویەتەڕوو، کە هاتووە فەرموودەکانی گوێڕایەڵی بەشێوەیەکی گشتگیرتر لەوەی لای فەموودەناسانی تر هەیە کۆکردووەتەوە، ئەوەی شەوکانی جیادەکاتەوە بریتییە لە کۆکردنەوەی

---

١- إبن حزم، الفصل في الملل والأهواء والنحل، ص١٣٥.

بەش و ڕەگەزەکانی ئەو خوێندنەوەیە، ئینجا پێشکەشکردنی بەو سیفەتە کە تێڕوانینێکی کۆمکار و یەکلاکەرەوەیە، ئەوەش بۆ ڕزگاربوون لە دژایەتی نێوان کۆمەڵە فەرموودەکان کە ئاماژەیان پێکراوە، بۆ ئەم کارەی میکانیزمی کۆدەنگی بەکارهێناوە، بەجۆرێ کە ئەو خوێندنەوەیە بە کردەیی وێنای هێڵی فەرمی فەرمووددەناسان دەکات.

شەوکانی دوای ئەوە فەرموودەکانی ئارامگرتن دەهێنێ دەڵێ: (ئەوانەی کە وتوویانە دەبێت دەرچوون هەبێت لەدژی ستەمکاران و شەڕکردن لەگەڵیان بە شمشێر و لادانیان بە شەڕ، ئەوا بەڵگەیان گشتگیری قورئان و سوننەتە لە زەرورەتی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە. بەدڵنیایی و بە بێگومان ئەو فەرموودانە کە نوسەر لەو بەشەدا باسیکردوون و ئێمەش باسمانکردوون -واتە فەرموودەکانی ئارامگرتن- بە ڕەهایی تایبەتترن لەو گشتگیرییە، ماناکانیشیان موتەواترەو لەسەر زمانی هەموانە، هەر کەسیش شارەزایی بە زانستی سوننەت هەبێ ئەوە دەزانێ)[1].

پاشان میکانیزمی تایبەتکردن دێنێتە پێش تا گونجاندن لە نێوان فەرموودەکانی ئارامگرتن و هەندێ ئایەتی قورئانیدا بکات، لە میانەی لێدوانی لەسەر فەرموودەکەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێت) دەڵێ: (ئەگەر دارکاری پشتی کردی و دەستیگرت بەسەر ماڵەکەتدا تۆ هەر گوێبیست و گوێڕایەڵ بە) کە: (بەڵگەیە لەسەر زەرورەتی بەگوێکردنی پێشەواکان با لە ستەم و ملهوڕیشیاندا بگەنە لێدانی گەلی ژێردەستەو دەستبگرن بەسەر ماڵ و سامانیاندا، ئەمەش تایبەتکردنە بۆ گشتگیری ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە: ﴿فَمَنِ ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡ فَٱعۡتَدُواْ عَلَيۡهِ بِمِثۡلِ مَا ٱعۡتَدَىٰ عَلَيۡكُمۡۚ﴾ البقرە: ١٩٤. واتە: (جا هەرکەس دەستدرێژی کردە سەرتان ، ئێوە مافتان هەیە بەرگری لەخۆتان بکەن و تۆڵەبسێنن بەقەدەر ستەمەکەی ئەو). وە فەرموودەی: ﴿وَجَزَٰٓؤُاْ سَيِّئَةٖ سَيِّئَةٞ مِّثۡلُهَاۖ﴾ الشوری: ٤٠. واتە: (جا تۆڵەی هەر تاوانێک دەبێت بە ئەندازەی تاوانەکە بێت، بێ زیاد و کەم)[2].

---

١- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح ملتقى الأخبار، ج٧، ص١٧٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ص١٧٤. سەیر ئەوەیە شەوکانی کە ئارامگرتنی ڕەها کردووە لە کاتی بردنی ماڵدا بە ملهوڕی، لە کتێبی (سيل الجرار) دا دژ بە سزا دارایییەکانەو بەوە وەسفیان دەکات کە (بووەتە پاساوێک لێیەوە دەگەن بە بەتاڵانبردنی ماڵ و سامانی گەل و کەشخەی پێدەکەن بەسەر ئەوانەدا کە ناڕازین لەو کاریان)، بەڵکو دەرگای کردووەتەوە لەبەردەم ئەگەری ئەوەدا بوترێ سزا بە دارایی و گەندەڵکردنی هەڵوەشاوەتەوە، دەڵێ: (دەڵێم بە بەڵگەی سەلمێنراو لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاکوبێگەرد دا بڕیار

بەڵام فەرموودەکانی ناڕازیبوون ئەوا لە بازنەی ناڕازیبوون بە دڵ بەولاوە تێناپەڕن، شەوکانی دەڵێ: (دەکرێ فەرموودەکانی ئەم بەشەو ئەو مانایانە لەسەریان هاتووە -واتە فەرموودەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە- بدرێن بەسەر نەتوانایی گۆڕین بە دەست و بە زمان، هەروەها دەکرێ تایبەت بکرێن بە پێشەواکانەوە هەرکات خراپەیەکیان لێوەشایەوە، چونکە لە فەرموودە ڕاستەکاندا بەگوێنەکردن و ڕاپەڕین لەدژیان قەدەغە کراوە، کەواتە تەنها ناڕازیبوون لێیان بە دڵ بەسە، چونکە ناڕازیبوون لە خراپەکانیان بە دەست و بە زمان یاخیبوون دێنێت، کە لەوانەیە ئەوەش هۆکارێک بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان بە شمشێر)[1].

لەلایەکیترەوە شەوکانی پێیوایە کە فەرموودەکانی بەگوێنەکردن لە سەرپێچیدا فەرموودەکانی ئارامگرتن کۆت و بەند دەکەن، دەڵێ: (ئەگەر هاتوو فەرمانیدا بە سەرپێچی ئەوا نە گوێبیستی و نە گوێڕایەڵی دەکرێ)، ئەمەش کۆت و بەندکردنی ئەو فەرموودە ڕەهایانەیە کە بە گشتگیری فەرماندەدەن بە گوێڕایەڵیکردنی کاربەدەستان، هەروەها فەرماندەدەن بە ئارامگرتن لەسەر ئەو کارەی پێشەوا دەیکات و خراپە، هەروەها هەڕەشەن لە جیابوونەوە لە کۆمەڵ)[2].

ئەو ئیشکالیەتە کە دەدات لە کرۆکی ئەو خوێندنەوەیەی پێشەوا شەوکانی، بریتییە لەوە کە ئاستی ناڕازیبوونی بەدەست پشتگوێخستووە، بەم پێیە ئەوا ئەو خوێندنەوەیە کە خستوویەتەڕوو خوێندنەوەیەکی خستن بەلادایە نەک کۆکەرەوە، چونکە خوێندنەوەی کۆکەرەوە -کە فەرموودەناسان هەر لە بنەڕەتەوە مەیلیان بەلایدایە- ئامانجی ئەوەیە لە ڕێگای کۆکردنەوە لە نێوانیاندا کار بە هەموو

---

لەسەر پاراستنی ماڵی موسڵمان و حەرامیی خواردنی بە ناڕەوا دراوە، بە حەزو ویستی خۆی نەبێت بە هیچ جۆر حەڵاڵ نیە، هەر لە بنەماوە خوێن و ماڵ و ناموسی موسڵمانان پارێزراوە، کەواتە پێویستە کار لەسەر ئەو بنەمایە بکرێ و دامەزراوی لەسەری و لانەدان لێی، مەگەر بە بەڵگەیەکی زیندوو نەبێت کە بۆ دەق بشێت، لەبەرئەوە ئەوەی شەوکانی لە (نيل الأوطار)دا باسیکردووە لە فەرزی گوێڕایەڵیی دەستەڵات لەبارێکدا دەستبگرێ بەسەر ماڵ و ساماندا و دارکاری پشت بکات، بە هیچ مانایەک لە ماناکان تێگەیشتنی ئەوەی لێناکرێ کە شەوکانی ڕێگا دەدات بە شەرعیەتی ئەو هەڵسوکەوتانە. بڕوانە:

- الشوكاني، السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٥م، ص٥٢٣.

١- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث الأخيار شرح ملتقى الأخبار، ج٧، س٢٠١.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠. زەینەدین عیراقیش ئاماژە بەم مانایە دەدات و دەڵێ: (ئەم فەرموودەیە -واتە فەرموودەی ئەگەر فەرمانیدا بە سەرپێچی ئەوا نە گوێبیست و نە گوێڕایەڵی دەکری-، ئەو مانایەی لێی وەردەگیرێ کە کۆت و بەندی گوێڕایەڵی پێشەواکان دەکات). بڕوانە: العراقي، طرح التثريب في شرح التقريب، ج٨، ص٨٢.

فەرموودەكان بكات، ئەوەش بە مەبەستی دووركەوتنەوە لە فەرامۆشكردنی كارپێكردنی هەریەكێكیان ئیتر بە هەڵوەشاندن یان بە خستن بەلادا بێت. بەڵام لای پێشەوا شەوكانی ئەوا كورتەی ئەنجامی خوێندنەوەكەی بریتییە لە: ناڕازیبوون تەنها بە دڵ دەبێت، فەرموودەكانی ئارامگرتن و گوێڕایەڵیی لە ڕووی بنەماوە ڕەهان، بەڵام كۆت و بەندكراون بە تەنها یەک مەرجەوە ئەویش سەرپێچییە، جا ئەگەر سەرپێچی نەسەلمێنرا ئەوا ئەو فەرموودانە هەر بە ڕەهایی لەسەر باری خۆیانن.

لە ڕووی مێژووییشەوە گرفتێک هەیە كە ڕووبەڕووی خوێندنەوەكەی پێشەوا شەوكانی بووەتەوە، گرنگێتی لەوەی پێشوتر كەمتر نیە، ئەویش بریتییە لە هەڵوێستی حوسەین كوڕی عەلی (خوا لێی ڕازی بێت) لە دەرچوونی لەدژی یەزیدی كوڕی موعاویە، ئەمەش ئاستەنگێكە بازدان بەسەریدا قورسە، تەنانەت ئەگەر ئەو بازدانەش مۆركێكی ڕەوانبێژی وەربگرێ و نەگاتە ئاستی مشتومڕی زانستی لەسەر ئەو مەسەلەیە. چونكە شەوكانی بە هۆشدارییەک كۆتایی بەو بەشە دێنێت كە ناویناوە (بەشی ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی پێشەواكان و نەجەنگان لەدژیان و پەنانەبردنە بەر شمشێر)، دەڵێ: موسڵمان بۆی نیە لە پێگەی ڕاپەڕینی پێشینە چاكەكان لە ئالوبەیت و هیتریش دابەزێنێ كە دژ بە پێشەوا ملهوڕەكان ئەنجامیانداوە، چونكە ئەوان ئەوەیان بە ئیجتیهادی خۆیان كردووە، ئەوان لەو زانایانەی كە دوای ئەوان هاتوون خواناستر و گوێڕایەڵتربوون بۆ سوننەتی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، هەندێ لە زانایان وەک كەرامییەكان و ئەوانەش كە هاوڕایان بوون چەقیانبەست لەسەر فەرموودەكانی بەشەكە تا گەیشتنە ئەوە كە دادەوەری حوسەینی كچەزا (خوا لێی ڕازی بێت) بكەن كە ڕاپەڕیوە لەدژی ئارەقخۆرێكی سەرخۆش و پێشێلكاری شەریعەتی پیرۆزی پاكوبێگەرد واتە یەزیدی كوڕی موعاویە)[1]، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو ڕایە هەر ئاماژەیەكی تێدایە كە ئەوەی فەرموودەناسان دوای سەردەمی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێت) هاوڕان لەسەری دروستی ئارامگرتنە لەسەر دەستەڵاتی ملهوڕ و هەر ئەوەش ئەسڵەو و گونجاوە لەگەڵ ئەوەی شەریعەت بڕیاری لێداوە، لە كاتێكدا ئەو بۆچوونە كە هەندێ لە هاوەڵان زەرورەتی دەرچوونیان پێباش بووە -لای شەوكانی و هەندێ لە فەرموودەناسان- ئەوە تەنها (ئیجتیهادێكی هەڵاوێردكراوە).

---

١- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ص١٧٦.

## ٣- دیاریکردنی فەرموودەیی بۆ سنوری چەمکەکە

### أ- دەرچوون (ڕاپەڕین) لە ڕەوشی فەرموودە دا:

پێشتر بۆچوونی پێشەوا نەوەویمان بۆ جیاوازی لێکدانەوەی فەرموودەکەی عوبادە باسکرد کە ئەوەی ڕوویداوە هی قۆناغێکی ڕابردووە، پاشان کۆدەنگی لەسەر حەرامکردنی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەواکان و شەڕکردن لەدژیان دەستەبەر بووە، ئەو فەرموودەیە کە نەوەوی بە دیاریکراوی ئاماژەی بۆ دەکات، بریتییە لەو فەرموودەیە کە هەردوو صەحیحی بوخاری و موسلیم لە ڕێگای ئیبن وەهەبەوە دەیگێڕنەوە[١]، واتە ئەو فەرموودەیە کە گوتەی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) تێدایەو دەفەرموێ: ((شانەخڕێی دەستەڵات نەکەین لەگەڵ کەسانی خۆیدا مەگەر کوفرێکی ئاشکرا ببینن و لەلایەن خواوە بەڵگەتان لەسەری هەبێت))، چەندین ڕیوایەتی تر بۆ ئەم فەرموودەیە هاتوون کە ئیبن حەجەر ئاماژەی پێداون، لەوانە: ((مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە سەرپێچییەکی ئاشکرای تێدا بێت))، هەروەها ڕیوایەتی: ((ئەگەر فەرمانتان پێنەکەن بە ئەنجامدانی گوناهێکی ئاشکرا)). زۆرێک لە ڕاڤەکارانی فەرموودەکە وەستاون لەبەردەم مەسەلەی ئەو ناکۆکی و شانەخڕێیە لە فەرموودەکەدا هاتووە کە ئایا کۆت و بەندکراوە بە کوفرێکی ئاشکرا، یان بە مەرجی سەرپێچیەوە، هەروەک لەو ڕیوایەتانەدا هاتووە کە ئیبن حەجەر

---

١- ئەم فەرموودەیە بە دوو ڕیوایەت هاتووە: یەکەم: لە ڕێگای ئیبن وەهەب....لە جونادەی کوڕی ئەبو ئومەییەوە کە دەڵێ: ((چووینە لای عوبادەی کوڕی صامت کاتێ نەخۆش بوو، پێمانوت: خوا چاکت بۆ بکات، فەرموودەیەکمان بۆ بگێڕەرەوە کە لە پێغەمبەرت بیستبێت ئەویش وتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بانگیکردن و بەیعەتمان پێدا، بەیعەتمان پێدا لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵیی لەوەدا پێمانخۆشەو پێماننەخۆشە و لە نارەحەتی و لە خۆشیماندا، لەوەشدا کە دنیاویستی و خۆویستی زاڵ دەبێت، شانەخڕێی دەستەڵات نەکەین لەگەڵ کەسانی خۆیدا مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە کوفرێکی ئاشکرا ببینن لێیان بەڵگەتان لەلایەن خواوە لەسەری هەبێت)). دووەم: لە ڕێگای یەحیا کوڕی سەعیدەوە کە دەڵێ عوبادەی کوڕی وەلید وتی باوکم وتی عوبادەی کوڕی صامت وتی: ((بەیعەتمان دا بە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) لەسەر گوێبیستی و گوێڕایەڵیی لەو شتانەدا پێمانخۆشەو پێماننەخۆشە، شانەخڕێی دەستەڵات نەکەین لەگەڵ کەسانی خۆیداو هەستین بە کاری هەق و هەق بڵێین لە هەر کوێ بووین و جگە لە خوا لە لۆمەی لۆمەکار نەترسین)). ئەمەیان دەستەواژەی کوفری ئاشکرای تێدا نیە. بڕوانە:

- البخاري، الجامع الصحيح المختصر، كتاب الفتن، ج١٦، ص١١٣. هەروەها لە بەشی ئەحکامەکانیشدا هێناویەتی، ج١٦، ص٣١٧.
- صحيح مسلم، كتاب: الإمارة، ج١٢، ص٢٢٨. حديث رقم ٢٢٧٣١.
- النسائي، سنن النسائي، كتاب البيعة، ص٦٤٠.
- إبن حبان في صحيحه.
- البيهقي، السنن الكبرى، ج٨، ص١٤٥.

گواستوونیەتەوە. لەوانەیە هەر ئەمەش وای لە پێشەوا نەوەوی کردبێت بڕوات بۆ کۆکردنەوە لە نێوان سەرپێچی و کوفر لەو ڕیوایەتانەدا، چونکە دوو حاڵەتی باسکردووە کە -بە بۆچوونی ئەو- تێگەیشتنی شەرعی پرسی ئەو ناکۆکییە کە لەو فەرموودەیەدا هاتووە سنوردار دەکەن:

حاڵەتی یەکەم: بریتییە لە حاڵەتی شانەخرێ و ناکۆکی لەسەر دەستەڵات، واتە کەسێک هەستێت بە داواکردنی فەرمانڕەوایی بۆ خۆی یان بۆ کەسێکیتر لە کاتێکدا کە پێشەوا بە واقیعی بوونی هەیە، لەم حاڵەتەشدا دەستبەربوونی کوفری ئاشکرا بە مەرج دەگیرێ بۆ دەرچوون لەدژی، واتە فەرمانڕەواکە کوفرێکی ئاشکرا ئەنجامبدات کە بە دەقی قورئان یان بە سوننەت کوفرەو هیچ لێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێ، ئا ئەمە مەرجی شانەخرێ و ناکۆکییە لەسەر دەستەڵات.

حاڵەتی دووەم: حاڵەتی ململانێ لەگەڵ فەرمانڕەوا لە غەیری دەستەڵاتدا، لێرەدا تەنها سەرپێچی بەسە بۆ ناکۆکی لەگەڵیدا و کوفری ئاشکرا بە مەرج ناگیرێ[1].

کەواتە کوفری ئاشکرا مەرجی ناڕازیبوونە لە دەستەڵاتی گشتی، بەڵام دەستەبەرنەبوونی ئەو مەرجە ڕێگری ناکات لە ململانێ و ناڕازیبوون لە فەرمانڕەوا (بێئەوەی ململانێی دەستەڵاتی بکات) بە دەستەواژەی نەوەوی، ئەم مانایەش، واتە دیاریکردنی مەرجی کوفری ئاشکرا بە تایبەتکردنی بە ململانێوە لەسەر فەرمانڕەوایی، لای شەوکانی بە ڕوونی لەو ڕیوایەتەدا دەردەکەوێ کە لە پێشەوا ئەحمەدەوە گواستویەتیەوە: ((ئەگەر بینیت کە هەقێکت لەو مەسەلەیەدا هەیە ئەوا کار بەو گومانە مەکە، بەڵکو گوێبیستی بەو بەگوێی بکە تا دەگاتە ئێوەش، ئەوەش بەبێ دەرچوون لە گوێڕایەڵیی))[2]، شەوکانی دەڵێ: (گوتەی ململانێی کاربەدستان نەکەن، واتە فەرمانڕەواو دەستەڵات)[3]، کۆمەڵێ لە زانایان پێیانوایە ئەو ناوەڕۆکەی لەو فەرموودەیەدا هاتووە تایبەتە بە پشتیوانانەوە، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای

---

١- دەقی پێشەوا نەوەوی لەمبارەیەوە بریتییە لە: (ئەوەی ئاشکرایە ڕیوایەتی کوفرەکە وەردەگیرێ ئەگەر شانەخرێیەکە لەسەر دەستەڵات بێت، نابێت ناکۆک بێت لەگەڵیدا بەجۆرێ کە دەستەڵات زامدار بکات مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە کوفری ئەنجامدابێت، ڕیوایەتی سەرپێچیش وەردەگیرێ ئەگەر شانەخرێیەکە لە غەیری دەستەڵاتدا بێت، جا ئەگەر تانە نەدات لە دەستەڵات و ناکۆک بوو لەسەر سەرپێچی بەوەی کە ناڕازییە بەو کارەی و بەهۆیەوە هەق و ڕاستی جێگیر دەبێت بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەمەش لە جێگایەکدایە کە توانای ئەوەی هەبێت). بڕوانە:

- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري في شرح صحيح البخاري، ج١٦، ص١١٤.

٢- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٧، ص١٧٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ب٧، ل١٧٥.

لەسەر) دەیزانی کە کاری جێنشینیی دووردەکەوێتەوە لێیان، لەبەرئەوە فەرمانی پێداون بە ململانێ نەکردن لەسەری.

بە گشتی دەکرێ بوترێ کە مانای فەرموودەکە دەڕوات بەرەو سنووردانان بۆ دیاردەیەکی سیاسیی کە بەدرێژایی مێژوو پێکهێنەری تەوەرەی ململانێکان و شەڕە ناوخۆییەکان بووە، ئەویش دیاردەی ململانێیە لەسەر دەستەڵات، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) ئامۆژگاری پشتیوانانی کردووە -ئەوانیش ئەو کۆمەڵە باوەڕدارن کە بە پێوەری هێزی کۆمەڵایەتی لەو کاتەدا شیاوبوون- بچنەناو ململانێ لەسەر دەستەڵات بەڵام بە گوێبیستی و گوێڕایەڵیی و بەرگەگرتنی ناخۆشی و دنیانەویستی، ئەم مەسەلەیەش گونجاوە لەگەڵ کەلتورێکی گشتیدا کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بناغەیان داڕشتووە، ئەویش بریتییە لە داوانەکردنی دەستەڵات و پەرۆش نەبوون لەسەری ئەگەر سەربکێشێ بۆ ناکۆکی و ململانێ. بەڵام ئەگەر ڕاپەڕین لەبارێکدا ئامانج لێی ململانێی فەرمانڕەوایی گشتی بێت ئەوا کۆت و بەند دەکرێ بە هەبوونی کوفرێکی ئاشکرا، ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە ڕێگا بە دەرچوون دراوە لەبارێکدا مەبەستی تری غەیری داواکردنی دەستەڵات بێت؟

دەستەواژەکانی پێشەوا نەوەوی ڕێگا دادەخەن لەبەردەم هەر جۆرە تێگەیشتنێکی لەو جۆرە، ئەو لە هەر ناکۆکییەکی تری غەیری فەرمانڕەواییدا، کە جگە لە مەرجی سەرپێچی مەرجی تری تێدا نیە، هاتووە هەر لەسەرەتاوە هەق و ڕاستی دەخاتە پێشەوەی سنوری ناڕازیبوون، ئەویش بە نەرمونیانی و بەبێ توندوتیژی ئەگەر توانای لەسەر ئەوە هەبوو، پاشان بە زمانێکی یەکلاکەرەوە و کورت کە یارمەتیدەر نیە لەسەر گەیشتن بە ئەنجامێکی ڕوونی گونجاو لەگەڵ ئەو هەوڵەیدا کە داویەتی بۆ جیاکردنەوە لە نێوان کاربەدەستی گشتی و ناکۆکی لە شتانی جگە لەودا، دەڵێ: (مانای فەرموودەکە ئەوەیە کە ناکۆک مەبن لەگەڵ کاربەدەستان لە دەستەڵاتیاندا و ململانێیان لەگەڵدا مەکەن و ڕەخنەیان لێمەگرن، مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە خراپەیەکی ڕوونی گومانبڕ و دیار ببینن کە لە ڕێی ڕێساکانی ئیسلامەوە دەیزانن، جا هەرکات ئەوەتان بینی ناڕازیبن پێی و نەهێڵن وابکەن، ئەوەی هەقە لە هەرکوێ بوون ئیقراری پێبکەن، بەڵام دەرچوون لەدژیان و شەڕکردن لەدژیان ئەوە بە کۆدەنگی موسڵمانان حەرامە با ئەوانیش گوناهکار

و ستەمکاربن)[1].

لەم دەقەدا ئەو جیاکردنەوەیە بوونی نامێنێ کە پێشەوا نەوەوی دایناوە لە نێوان ناکۆکی و ململانێ لەسەر فەرمانڕەوایی و نێوان هەر نارازیبوونێکی تری جگە لەو، ئینجا ئۆپۆزیسیۆن و ململانێ بەهەمانشێوە تێکەڵ دەکات و کار بە حوکمەکەی دەکات، دەستەواژەی (خراپەیەکی ڕوون و گومانبڕ) لە جێگای کوفرێکی ئاشکرا دادەنێت، ئینجا هەردوو چەمکی فاسیقی و ستەم دەخاتەناو واتای فەرموودەکە، ئەنجامەکەش لای پێشەوا نەوەوی بریتییە لە حەرامکردنی دەرچوون لەدژی ستەمکاران و گوناهکاران –تەنانەت لە حاڵەتی هەبوونی خراپەیەکی ڕوون و گومانبر– لە ڕێساکانی ئیسلام.

ئەوەی پێشەوا نەوەوی لەوبارەیەوە بڕیاری لێداوە لای زۆرێک لە فەرموودناسانیش دەیبینین، چونکە عەینی دەڵێ: (جەماوەری زانایان لەوەدا هاوڕان کە لە کاتی دەرکەوتنی ستەمیان نابێت هەستن لەدژیان و ناشبێت لەکاربخرێن، مەگەر لەدوای باوەڕهێنانیان کافر ببنەوە یان نوێژەکانیان نەکەن، بەڵام ئەگەر دەستەڵاتیان جێگیربوو و خەڵکیش فەرمانبەرداریان بوون ئەوا جگە لەو ملهوڕییە ئیتر نابێت دەربچن لەدژیان)[2]، هەروەها ئیبن عەبدولبر (٤٦٣–٣٦٨ک) بەهەمانشێوە لە گوتەیەکیدا دەڵێ: (ئارامگرتن لەسەر گوێڕایەڵی پێشەوا ملهوڕەکان لەپێشترە لە دەرچوون لەدژیان، چونکە لە ململانێیاندا و دەرچوون لەدژیان گۆڕینی ئاسایشە بە ترس، دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و هەڵکوتانە سەر و بڵاوبوونەوەی خراپە لە زەویدا، ئەمەش مەسەلەیەکە گەورەترە لە ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی و فاسیقی فەرمانڕەوا)[3]، قازی عەییازیش دەڵێ: (هەموو ئەو فەرموودانەی موسلیم کە خراونەتە ناو ئەو بەشەوە بەڵگەن لەسەر قەدەغەکردنی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا ملهوڕەکان و زەرورەتی گوێڕایەڵیان)[4]، ئیبن ئەمیری صەنعانیش (١١٤٢–١٠٩٩ک) پێیوایە کە نارازیبوون بە دەست تایبەتکراوە (بە غەیری جێنشینانەوە، چونکە مۆڵەتمان نەدراوە بجەنگین لەدژیان مەگەر لەبارێکدا نەبێت کە نوێژ نەکەن، یان کوفرێکی ئاشکرا ببینین کە لای خوای گەورە هیچ

١– النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٢٩.

٢– بدر الدين العيني، محمود بن أحمد. عمدة القاري شرح صحيح البخاري، بيروت: دار الفكر، ج١٤، ص٢٢١.

٣– إبن عبد البر، أبو عمر....بن محمد. التمهيد لما في الموطأ من المعاني والأسانيد، المغرب: وزارة الأوقاف....، ط٢، ١٩٨٢م، ص٢٧٨.

٤– إبن عياض، إكمال المعلم بفوائد مسلم، ج٦، ص٢٥٦.

لێخۆشبوونێکی نەبێت، هەروەک لە فەرمووده‌کەی موسلیمدا هاتووه، بەم پێیه، مانای گوتەکەی نوێژ نەکردن و بینینی کوفرێکی ئاشکرا هەڵدەکرێ، جا ئەگەر ئەوان لایاندا ئەوا شمشێرەکانتان هەڵکێشن لێیان، ئەگەر ئەم دووانەش نەبوون ئەوا فەرمان بە ئارامگرتنه)[1].

لەم میانەیەدا ئەوا ڕەوایەتی دەرچوون لای فەرمووده‌ناسان سنوردارکراوەو کورتکراوەتەوە لە حاڵەتی کوفرێکی ئاشکراو نوێژ نەکردنی[2]، تەنها لەم حاڵەتەدا دروستە کە پێشەوا لەکاربخرێ و کەسێکیتر لە جێگای دابنرێ، ئەم حاڵەتەش مەرجدارە بە هەبوونی تواناوە، شەوکانی دەڵێ: (فیقهناسان کۆدەنگن لەسەر فەرزی گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوای زاڵبوو و جیهادکردن لەگەڵیدا، بەگوێکردنی چاکترە لە دەرچوون لەدژی، چونکە دەرچوون دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و زەلیلبوونی خەڵکی، کەسیشیان لەم حاڵەتە هەڵاوێرد نەکردووە مەگەر فەرمانڕەوایەک نەبێ کە کوفرێکی ئاشکرای لێدەربکەوێ، لەو حاڵەتەدا نابێت گوێڕایەڵیی بکرێ، بەڵکو دەبێت هەرکەس لە توانایدایە بەڕوویدا بوەستێ)[3]، بەڵام ئەگەر تواناو هێز دەستەبەر نەبوون ئەوا دەبێ موسڵمان کۆچبکات،، نەوەوی دەڵێ: (ئەگەر دەرکەوت کە توانایان نیە لەسەر لابردنی ئەوا فەرز نیە لەسەریان لەدژی ڕاپەڕن، بەڵکو با موسڵمان لە خاکی خۆی بە ئاینەکەیەوە کۆچبکات بۆ شوێنێکیتر)[4]، ئیبن حەجەر دەڵێ: (هەر کەس توانای لابردنی هەبوو ئەوا پاداشتی دەستدەکەوێت، هەر کەسیش ڕووپامایی بکات گوناهبارە، هەر کەسیش توانای نەبوو دەبێت لەو خاکە کۆچبکات)[5]، ئیبن

---

١- إبن الأمير الصنعاني، محمد بن إسماعيل. (منحة الغفار على ضوء النهار)، (حاشية) في كتاب ضوء النهار المشرق على صفحات الأزهار، صنعاء، ص٢٤٨٧. بەڵام جیاوازی لە نێوان ئیبن ئەمیری صەنعانی و زانایانی مەزهەبی زەیدی لەلایەک، نێوان زانایان ئەهلی سوننە لەلایەکیترەوە، بریتییە لەوە کە زۆربەی ئەهلی سوننە پێیانوایە ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی و دەرنەچوون لەدژی تەنانەت لە حاڵەتی هەبوونی توانا لەسەری بە مەرجێ کوفرێکی ئاشکرا ئەنجامنەدات، لە کاتێکدا کە ئیبن ئەمیر پێیوایە کە دەبێت دەرچوون هەبێت لەدژی ملهوڕ لە دیدی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئەوەش هەرکات مەرجەکانی ناڕازیبوون دەستەبەربوون کە گرنگترینیان توانایی و سەلامەتبوونە لە فیتنە.

٢- هەندێ لە زانایان لەمەدا ڕاجیاوازن، چونکە ئیبن تین لە داودییەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: ئەوەی زانایان لەبارەی فەرمانڕەوایانی ملهوڕ وان لەسەری ئەوەیە کە ئەگەر لە توانادا بوو بەبێ فیتنە و بێ ستەمکردن لابردنی ئەوا باشە، ئەگەرنا ئەوا ئارامگرتن پێویستە. بڕوانە:
- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري في شرح صحيح البخاري، ج١٦، ص١١٤.

٣- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٧، ص١٧٥.

٤- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٢٩.

٥- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح البخاري، ج١٦، ص٢٤١.

مورتەزا لە هەندێ لە زانایانی زەیدیەوە وەک هادی و قاسم و ناصر دەگێڕێتەوە کە وتوویانە دەبێت لە خاکی کوفرەوە، لە خانووی فاسیقییەوە کۆچبکات: (ئەو خاکە کە گوناه و تاوانەکان لە موسڵمانانەوە دەرکەوتوون، بێئەوەی موسڵمان بتوانێت بە کردەیی نەیانهێڵێ، تەنها گوتەش بەس نیە لەسەر ئەوە کە توانای هەیە)[١].

بژاردەی کۆچکردن تەنگژەیەکی گەورە لە ڕەوشی فەرموودەدا دەخاتەڕوو، هۆیەکەی ڕاکردنە لە داننان بە بیرۆکەی دەرچووندا، لە هەمانکاتیشدا تەمومژێکی گەورە دەنێتەوە، ئایا ئەگەر موسڵمان توانای کۆچکردنی نەبوو چیبکات؟ پاشان ئایا کۆچکردن ئەرکێکی شەرعیەو حوکمێکی گشتیە لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان؟ ئەی ئەوە چۆن دەگونجێ لەگەڵ ئەرکی موسڵمان بە بەرپاکردنی شەریعەت؟ ئایا لەم حاڵەتەدا ئاسانترین کار لەسەر کۆمەڵی موسڵمانان چییە؟ ئایا کۆچبکەن لە خاکی خۆیان یان بجەنگن دژ بە پێشەوای بێباوەڕ؟ جگە لەوەش ئایا کۆچکردنی تاک تاکی موسڵمانان لە دەست پێشەوای بێباوەڕ نابێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو لە وڵاتی موسڵماناندا؟ ئایا بەڕاست شەرع ئەمەی پەسەندە؟ ئەی دوای کۆچکردن چی؟ ئایا کۆچکردن پێگەیەکە بۆ بەهێزبوون و گۆڕین یان بۆ چاوەڕێکردنە تا بزانرێ مەسەلەکان بەرەو کوێ دەچن؟ فەرموودەناسان و فیقهناسان وەها باسی ئەم هەموو تەمومژانەیان نەکردووە کە بڵێن بیرۆکەی کۆچکردن بیرۆکەیەکی تەمبەڵی و نەرێنییە، ئامانجی هەڵاتنە بە ئاینەوەو ڕاکردنە لە دەستی ستەمکاران لە کۆمەڵگایەکدا کە لە بنەڕەتدا موسڵمانە، هەروەها بیرۆکەیەکی کارا نیە بۆ بەدەستهێنانی هۆیەکانی دەرچوون و هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنانی ئامڕازەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵگایی.

گرفتێکی تریش کە گرنگێتی لەمەی پێشوو کەمتر نیە، ئەویش خۆی لە زەرورەتی پێکەوەبەستن لە نێوان دەرچوون و کوفری ئاشکرا لە ڕەوشی فەرموودەدا دەنوێنێ، چونکە بەکافرکردن دەبێتە تاکە هۆکاری دەرچوون، لەوانەیە خوێندنەوەکەی پێشەوا نەوەوی بۆ شۆڕشی فیقهناسان دژ بە حەججاج دووپاتی ئەوە بکات، ئەو پێیوایە کە فیقهناسان بەهۆی فاسیقی و ملهوڕی حەججاجەوە ڕانەپەڕیون لەدژی، بەڵکو لە ئەنجامی (گۆڕینی شەرع و کوفری ئاشکراوە) بووە[٢]، چونکە ستەم و

---

١- المرتضى، أحمد بن يحيى. شرح الأزهار، صنعاء، ج٤، ص٥٧٣.

٢- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٢٩.

فاسیقی دوو هۆی بەس نین بۆ دەرچوون و زەرورەتی بەرپابوونیشی نین. بەڵام ئەو خوێندنەوەیە کە خوێندنەوەیەکی ورد نیە بۆ ئەو ڕووداوەی ئاماژەی پێکراوە، هەندێ لە ڕاڤەکارانی فەرموودەی خستووەتە ناو گرفتی حوکمدان لەسەر کەسی دیاریکراو، چونکە پێویستە بێباوەڕی حەججاج بسەلمێنرێ و بکرێتە پاساوێک بۆ دەرچوون لەدژی، ئەمەش مەسەلەیەکە ئەللەئابی بە فراوانی قسەی لێکردووەو ڕووبەری پێویستی بۆ تەرخانکردووە، ئەوەش لەو شەرحەیدایە کە بۆ صەحیحی موسلیمی کردووە (بەشی فەرمانڕەوایی)[1].

ب- سەرپێچی بەو سیفەتە کە کۆت و بەندە لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی:

بە دارِمانی ڕەوایەتی دەرچوون و سنووردارکردنی تەنها لە حاڵەتی کوفری ئاشکرادا ئەویش لەبارێکدا تواناو هێز بوونی هەبێت، ئیتر بازنەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی فراوانتر بوو، بەڵام سەرپێچی هەر لەسەر ئاستی تیۆری وەک کۆت و بەند مایەوەو کاری پێدەکرێ و ناکرێ بازبدرێ بەسەریدا، قورتوبی دەڵێ: (ئەگەر فەرمانەکە سەرپێچی تێدا بێت وەک بردنی ماڵ و سامان یان کوشتن یان لێدان بە ناڕەوا ئەوا بەگوێی ناکرێ، فەرمانی جێبەجێ ناکرێ، تەنانەت با ئەوەش سەربکێشێ بۆ لێدانی ئەو کەسە کە لەلایەن فەرمانڕەواوە فەرمانپێکراوە ئەو سەرپێچییە بکات و ماڵ و سامانیشی ببرێ، چونکە خوێن و ماڵی هیچ یەکێکیان لە خوێن و ماڵی ئەویتریان لەپێشتر نیە، هەردووکیشیان بە شەرع حەرامە)[2].

کەواتە دەبێت کەسی فەرمانپێکراو ئەو فەرمانە جێبەجێ نەکات کە سەرپێچی تێدایە، تەنانەت با بەو هۆیەوە تووشی زیانیش ببێت، بەغەوی دەڵێ: (لە کوشتنی موسڵمانێکدا بەگوێی هیچ کەسێک ناکرێ تا نەزانرێ کە ئەو کارە هەقە، جگە لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر)، چونکە ئەو فەرمان تەنها بە هەق و ڕاستی دەکات و بە دادپەروەری نەبێت حوکم نادات)[3]، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەغەوی جیاوازییەک لە گوێڕایەڵیکردنی (ئەو سزایانە کە کاربەدەستان فەرمانیان پێدەدەن) دەهێنێ و دەڵێ هەندێ لە زانایان وتوویانە نابێت بەگوێیان بکرێ و فەرمانیان ڕاپەڕێنرێ تا کەسی فەرمانپێکراو نەزانێ کە ئەو فەرمانە هەقە، دەڵێ ڕایەکی تریش هەیە ڕێگا بەوە دەدات، بەرپرسێتیش لە ئەستۆی فەرمانپێکەردایە،

---

١- اللآبی، إکمال إکمال المعلم، ج٦، ص٥٣٠.

٢- القرطبي، المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، ج٤، ص٣٩.

٣- البغوي، أبو محمد الحسين بن مسعود، شرح السنة، بيروت: المكتب الإسلامي، ط٢، ١٩٨٣م، ج١٠، ص٤٥.

بەغەوی ئەم ڕایە دەداتە پاڵ شەعبی[1].

بەڵام تاوانەکان هەموویان لە یەک پلەو لە یەک ئاستدا نین، قورتوبی باسی ئەم مەسەلەیەی کردووەو و پێیوایە تەمومژێکی تێدایە، دواجار گەیشتووەتە ئەنجامێک کە نابێت گوێڕایەڵی بکرێ، ئیتر تاوانەکە هەرچی بێت، قورتوبی دەڵێ: (ئەگەر هاتوو فەرمانیدا بە شتێک کە شەرع هەڕەشەی لێکردووە هەڕەشەی پاکڕاگرتن نەک حەرامکردن، ئەوە گرفتە، ئەوەی دیارە ئەوەیە کە دروستە سەرپێچی بکرێ، ئەوەش وەک پابەندبوونێک بە فەرموودەی : ((بەدڵنیایی کە گوێڕایەڵیی لە کاری چاکەدایە))، بەگوێکردنیش چاکە نیە مەگەر لەبارێکدا نەبێت لە ژیانی خۆی بترسێ (ئەوکات دەبێ ملکەچ بێت))[2].

لە هەموو حاڵەتەکاندا نابێت بەگوێنەکردن لە سەرپێچیدا بگۆڕدرێ بۆ ململانێ لەگەڵ پێشەوا، ئەمەش هەڵوێستێکی مامناوەندە لە نێوان گوێڕایەڵی و دەرچووندا، موبارەکفوری دەڵێ: ((گوێگرتن بۆ گوتەی فەرمانڕەواو بەگوێکردنی ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکە، ئیتر فەرمانی بە شتێک پێبدات کە گونجاو بێت لەگەڵ خوو و تەبیعەتیدا یان گونجاو نەبێت، بەمەرجێ فەرمانی بە سەرپێچی پێنەکات، جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی پێدا ئەوا نابێت بەگوێی بکات بەڵام بۆی نیە بجەنگێ دژ بە فەرمانڕەوا)[3]، شەوکانی دەڵێ: (پێشتر باسمانکردووە کە فەرموودەی زۆر لەسەر ڕێگری لە دەرچوون دژ بە پێشەواکان هاتوون، بەمەرجێ کوفرێکی ئاشکرا یان نوێژ نەکردنیان لێدەرنەکەوێ، جا ئەگەر هیچ یەک لەو دوو شتە لە پێشەوای یەکەمەوە دەرنەکەوتن ئەوا دروست نیە ڕاپەڕن لەدژی با لە ستەمکردنیشدا بگاتە هەر ئاستێ)[4]،

سەرپێچیش بەهەمانشێوە نابێت ببێتە پاساو بۆ ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئەو مافانە کە هی دەستەڵاتن، قورتوبی دەڵێ: (ئەگەر هاتوو فەرمانڕەواکان

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٧٠. بەڵام ئەم گرفتە هەر جێگای ناکۆکی بووە لە نێوان فەرموودەناساندا، چونکە هەیانە ڕایەکەی قورتوبی پەسەندە، هەیانە ڕۆیشتووە بۆ فەرزی بەگوێکردن، چونکە بەرپرسێتی لەسەر فەرمانپێکەرە، ئەوانەی ئەم ڕایەیان لا پەسەندە لەسەر ئەو گرفتانە نەوەستاون کە دیانئێتەوە، کەمترینیان لەکارخستنی فەرموودەی (گوێڕایەڵی کەسێک ناکرێ فەرمانبدات بە سەرپێچی خوای گەورە)، چونکە فەرموودەکە بە ڕوونی دەڵێ گوێڕایەڵی کەسی سەرپێچیکار ناکرێ.

٢- القرطبي، المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، ج٤، ص٤١.

٣- المباركفوري، محمد عبد الرحمن بن بهادر. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، المدينة المنورة، المكتبة السلفية، ط٢، ١٩٦٣م، ج٥، ص٢٩٨.

٤- الشوكاني، السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار، ج٤، ص٥١١.

دەرهەق بە مافتان سەرپێچی خوایان کرد، مافەکانیان بۆ دەستەبەر نەکردن، ئێوە نەکەن دەرهەق بەوان سەرپێچی خوا بکەن، بەڵکو هەستن بە جێبەجێکردنی مافەکانیان، چونکە خوای گەورە پاداشتی هەریەک لە دوو تاقمەکە لەسەر ئەو کارەی دەداتەوە کە ئەنجامیداوە)[١]، بەجێگەیاندنی مافەکانی دەستەڵات پەیوەست نیە بە بەجێگەیاندنی مافەکانی گەلەوە، چونکە (بەگوێکردنی کەسێ کە فەرمانی بەدەستە نەوەستاوە لەسەر پێدانی مافەکانیان پێیان بەڵکو دەبێت گوێڕایەڵ بن با مافەکانیشیان نەداتێ)[٢]، هەندێ لە زانایان هاتوون مافی فەرمانڕەوایان زیاتر کردووە تا گەیشتوونەتە (بەریگریکردن لە ناموس و گیانی، ڕێزگرتنی، پشتگیریی لەدژی کەسێ بەگوێی ناکات) دەگرێتەوە، هەندێکیش دیاریانکردووە لە: (ئەو مافانەی دەکەونە سەر ماڵ و سامان وەک زەکات، هەروەها لەسەر گیانی کەسەکان وەک ڕۆیشتن بۆ جیهاد)[٣].

لەلایەکیترەوە بەگوێنەکردن لە حاڵەتی سەرپێچیدا ئەوا بەرانبەرەکەی گوێڕایەڵیی تەواوەتیە لە غەیری سەرپێچیدا، چونکە (ئەگەر پێشەوا فەرمانیدا بە سوننەتێک یان ڕێگاپێدراوێک ئەوا فەرزە جێبەجێ بکری)[٤]، قورتوبیش پێیوایە کە فەرماندان بە گوێڕایەڵیکردنی فەرز و سوننەت و کارە ڕێگاپێدراوە شەرعیەکان دەچنەناو گوێڕایەڵیەوە و هیچ جیاوازی نیە، ئەو لێرەدا گوێڕایەڵی دەکاتە فەرز تەنانەت لە مەسەلە ئیجتیهادیەکاندا، یان ئەوانەی کە بە جێگای ڕادەربڕین دادەنرێن، نەوەوی هاتووە پرەنسیپی (گوێڕایەڵی بە تا ئەو گوێڕایەڵی خوا بێت ، بەگوێی مەکە کاتێ ئەو سەرپێچی خوا دەکات) تا مەودایەکی دوور بردووە، بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە دەبێت گوێڕایەڵی ئەو پێشەوایانەش بکرێ کە بە زۆر و بەبێ هیچ کۆدەنگی و پەیمانێک هاتوون[٥].

بەمجۆرە وادەبینرێ کە سەرپێچی لەلایەکەوە کۆت و بەندی چەمکی گوێڕایەڵیی دەکات کاتێ کە سەرپێچی خوای گەورەی تێدابێت، لەلایەکیتریشەوە کاتێک مەسەلەکە پەیوەندە بە کارە ڕێگاپێدراوەکان و بەرژەوەندی و کاروباری ڕەئی و ئیجتیهاد و مافی گەلەوە ئەوا چەمکەکە ڕەها دەکات، چونکە لە هەموو

---

١- القرطبي، المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، ج٤، ص٥٥.

٢- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، ج١٦، ص١١٣.

٣- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٧، ص١٧٢.

٤- المباركفوري، تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، ج٥، ص٢٩٨.

٥- النووي، شرح صحيح مسلم، ج١٢، ص٢٣٤.

ئەمانەدا دەبێت گوێڕایەڵی تەواوەتی فەرمانڕەوا بکرێ، بەم پێیەش ئەوا چەمکەکە لە ڕەوشی فەرموودەدا توانای خۆی لەسەر توندوتۆڵکردن و کۆت و بەندکردنی مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسی لەدەستدەدات.

ت- گوێڕایەڵیی و جیابوونەوە لە کۆمەڵ:

ئەو بیرۆکەیەی لای فەرمووەدەناسان جێگای کۆدەنگییە، بریتییە لەوە ئەگەر کەسێک بەگوێی پێشەوا نەکات نە بە کافر و نە بە تاوانبار دانانرێ، بڕگەی ((مردنی نەفامانە)) لە فەرمووده پیرۆزەکەدا بەوە ڕاڤەکراوە کە مەبەست پێی: (ئەوەیە کە حاڵی لە کاتی مردندا وەک حاڵی مردنی نەفامان وایە، کە لەسەر گومڕایی دەمرێ و پێشەوایەکی بەگوێکراوی نیە، مەبەستەکە ئەوە نیە کە بە بێباوەڕی دەمرێ بەڵکو بە گوناهباری دەمرێ)[1]. لە چەندین فەرمووەدەدا ڕێگری کراوە لە جیابوونەوە لە کۆمەڵ، بەڵام ئەو ڕێگرییە بە سیفەتێکی سەرەکی لە نێوان دوو فەرمووەدەدایە کە بە دوو لەفزی جیاوازن هاتوون، یەکێکیان فەرمووەدەی (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((هەر کەس شتێکی لە سەرکردەکەیەوە بینی و پێیناخۆشبوو با ئارامبگرێ لەسەری، چونکە هەر کەس بەڕادەی بستێک لە کۆمەڵ جیاببێتەوە ئەوا بە مردنێکی نافامانە دەمرێ))، لە دووەمیشدا دەفەرموێ: ((هەر کەس شتێکی سەرکردەکەیی پێناخۆشبوو با ئارامبگرێ لەسەری، چونکە هەر کەس یەک بست لە فەرمانڕەوا دەربچێ ئەوا مردنەکەی مردنێکی نەفامانەیە))، کۆمەڵ و فەرمانڕەوا بە ئاڵوگۆڕ لە هەردوو فەرمووەدەکەدا هاتوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دەرچوون لە فەرمانڕەوا جیابوونەوەیە لە کۆمەڵ، زۆرێک لە فەرمووەدەناسان و فیقهناسان ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئیبن حەجەریش لە شەرحی فەرمووەدەی ((هەر کەس یەک بست لە کۆمەڵ جیاببێتەوە وەک ئەوە وایە کە بەڵێنی ئیسلامەتی لە گەردنی داماڵرابێت)) لە ئیبن بەتتالەوە دەگێڕێتەوە کە وتوویەتی: (فەرمووەدەکە بەڵگەی دەرنەچوونی لەدژی فەرمانڕەوا تێدایە با ستەمکاریش بێت، فیقهناسانیش کۆدەنگن لەسەر ئەوە کە دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای زاڵبوو بکرێ، جیهادی لەگەڵدا بکرێ و بەگوێکردنی باشترە لە دەرچوون لەدژی، چونکە ئەوە خوێنڕشتنی تێدا نیەو زەلیلبوونی خەڵکەکەی تێدا نیە، بەڵگەشیان ئەم فەرمووەدەیەو هیتریشە کە دەبنە یارمەتیدەری، ئەم گوتەیەیان هەڵاوێردکردنی تێدا نیە مەگەر لەبارێکدا

---

١- الشوكاني، نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخيار شرح منتقى الأخبار، ج٧، ص١٧١.

نەبێت کە فەرمانڕەوا کوفرێکی ئاشکرای لێ دەربکەوێ)[1]، بۆ جیابوونەوەش ئەوا ئیبن حەجەر دەڵێ: (هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەیعەت کە بۆ ئەو پێشەوایە دەستبەربووە با بە کەمترین شتیش بێت، ئەو نمونەی بە بموستێک هێناوەتەوە چونکە کارکردن بەجیابوونەوە سەردەکێشێ بۆ خوێنڕشتن بە ناڕەوا)[2].

بەپێی ئەم تێگەیشتنە جیابوونەوە لە کۆمەڵ بریتییە لە: (هەوڵدان) بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی بەیعەت و سەرپێچیکردن لێی بە کەمترین شت، چونکە پێشەوا سەنتەری کۆمەڵەو لێی جیانابێتەوەو کۆمەڵیش لەو جیانابێتەوە جگە لە حاڵەتی (کوفری ئاشکرا)، جێکەوتەی ئەم توندگرتنەش ئەوەیە کە دادەنرێ بە هەوڵدان بە ئاراستەی لابردنی پێشەوا با ملهور یان پێشەوایەکی زاڵبووش بێت. ئەو توندگرتنە لە لێکدانەوەی وشەی (بست) دا دەردەکەوێ کە لە فەرموودەکەدا هاتووە، ئاماژەیە بۆ هەر کارێک ئیتر تا هەرچەندە کەم و سوک بێت و سەربکێشێ بۆ لەکارخستنی پێشەوا، بەمەش لە گوتەکەی پێشەوا شەوکانی تێدەگەین کە هەر جۆرە شێوازێک ببێتە هۆی هیممەت دابەزاندن و خرۆشان لەدژی فەرمانڕەوا دادەنرێ بە (پێشەکییەکانی دەرچوون) لەدژی[3]، بەڵام مانای ئەم تێگەیشتنە تەنها لە (قەدەغەکردنی دەرچوون) لەدژی فەرمانڕەوا قەتیس ناکرێ، بەڵکو دەڕوات بۆ سەرپێچینەکردنی لە ڕووی بنەماوە، چونکە ئەو سەرپێچیکردنە با کەمبایەخیش بێت هەر لەوانەیە سەربکێشێ بۆ دەرچوون.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاراستەیەکی تری زانایانم تایبەت بەو مەسەلەیە لایە کە ڕای جیاوازیان هەیە، باس لە مەبەستی جیابوونەوە لە کۆمەڵ دەکات لەو فەرموودانەدا کە پێشتر ئاماژەیان پێکراوە، کە مەبەست جیابوونەوە نیە لە فەرمانڕەوا هەر لەبەرئەوە بە هەرجۆر ڕێکەوتووە ئەو فەرمانڕەوایە، بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە ئەو فەرمانڕەوایە گوزارشت لە کۆمەڵ دەکات، لە هەڵبژاردەنێکی دەستەجەمعی دا کە لەسەر ڕازیبوون بەرپابووە بووەتە فەرمانڕەوا، چونکە شاتیبی پێیوایە ئەو کۆمەڵە کە لە فەرموودەکەدا بە مەبەست گیراوە بریتییە لە گشت کۆمەڵی موسڵمانان (زۆرینەی هەرە زۆری گەل)، شاتیبی لە کتێبی (الأعتصام) دا دەڵێ:

---

١- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح البخاري، ج١٦، ص١١٢.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- الشوكاني، السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار، ج٤، ص٥٢٠.

(ئەو کۆمەڵە کە ئەگەر کۆبوویەوە لەسەر ڕەزامەندیدان بە پێشخستنی پێشەوایەک ئەوا هەرکەس لێیجیابێتەوە مردنەکەی مردنێکی نەفامانە، واتە ئەو کۆمەڵەیە کە ئەبو مەسعودی ئەنصاری وەسفیکردووە، ئەوانیش زۆرینەی هەر زۆری خەڵکین و هەموو زانایان و ئایندارن و هیتریش دەگرێتەوە، ئەوانەی (زۆرینەی هەرە زۆری گەلن)[1]، پاشان دەڵێ: (پوختەکەی) ئەوەیە کە: کۆمەڵ دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەو کۆدەنگی لەسەر ئەو پێشەوایە کە لەگەڵ قورئان و سوننەتدا گونجاوە، لەمەوە دیارە کە کۆدەنگی و کۆبوونەوە لەسەر غەیری سوننەت لە دەرەوەی مانای ئەو کۆمەڵەیە کە لە فەرموودە پێشووەکاندا باسکراوە[2].

لەڕاستیدا جیابوونەوە لە فەرمانڕەوا دەبێتە هۆی جیابوونەوە لە کۆمەڵ، ئەمەش لەو ڕووەوەیە کە دەرچوونە لەدژی کۆدەنگی زۆرینەی هەرە زۆری گەل لەسەر ڕەزامەندی و هەڵبژاردن و لەمەزیاتر نیە، لێرەوە فەرموودەی تر هەن کە پشتگیری دەکەن، وەک فەرموودەی: ((هەر کەس هاتە لاتان، لە کاتێکدا ئێوە یەکدەنگن، وەک دڵی یەک کەس وان، ئەویش دەیەوێت یەکبوون و هێزو تواناتان نەهێڵێ، کۆمەڵتان پارچە پارچە بکات، ئەوا بیکوژن[3]، ئەمەش ئەو تێگەیشتنەمان دەداتێ کە ئەگەر فەرمانڕەوا جێگای ڕەزامەندی و کۆدەنگی کۆمەڵ نەبوو ئەوا دەرچوون لەدژی بە جیابوونەوە ئەژمار ناکرێ، ئیبن ئەمیری صەنعانی پێناسەیەکی تێروتەسەل بۆ مانای کۆمەڵ دەخاتەڕوو، ئەوەش لە ڕاڤەکردنی بۆ فەرموودەی: ((هەر کەس لە گوێڕایەڵیی دەربچێ و لە کۆمەڵ جیابێتەوە و بمرێ، ئەوا بە مردنێکی نەفامانە مردووە))، دەڵێ: (گوتەی لە گوێڕایەڵیی، واتە گوێڕایەڵیی جێنشین کە کۆدەنگی لەسەرە، گوتەی (لە کۆمەڵ جیابێتەوە) واتە لە کۆمەڵی ئەوانە دەربچێ کە ڕێکەوتوون لەسەر بەگوێکردنی پێشەوایەک کە یەکبوونی ڕێکوپێک کردوون، کردوونی بە یەکدەنگ، پاراستوونی لە دوژمن)[4]، پاشان پێیوایە ئەگەر بێتو جیابوونەوە لە کۆمەڵ شەڕ و کوشتار دژ بە کۆمەڵ بەدوای خۆیدا نەهێنێ، ئەوا فەرموودەکە بیانوو نادات بەدەستەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەوانەدا لە کۆمەڵ جیابوونەتەوە: (فەرموودەکە بەڵگەی تێدایە کە ئەگەر کەسێک لە کۆمەڵ جیابێتەوە بەڵام دەرنەچێ لەدژی و لەدژیان نەجەنگێ، ئیتر نابێ ئێمەش لەدژی بجەنگین و

١- الشاطبي، الأعتصام، ج٢، ص٢٦٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

٣- پێشتر دەرهێنراوە.

٤- إبن الأمير الصنعاني، سبل السلام في شرح بلوغ المرام من جمع أدلة الأحكام، ج٣، ص٥٢٢.

بیهێنینەوە بۆ ناو کۆمەڵ و ببێتە ملکەچی پێشەوا، بەڵکو وازی لێدێنین و کەیفی خۆیەتی، چونکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) فەرمانی نەداوە بە شەڕکردن لەدژی، تەنها هەواڵیداوە لەبارەی مردنی کە لەو حاڵەتەدا مردنێکی نەفامانە دەمرێ، بەم جیابوونەوەشی لە ئاینی ئیسلام دەرناچێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بەگوێنەکردنی پێشەوا سەرناکێشێ بۆ ئەوە شەڕ لەدژی ئەو کەسە بکرێ)[١].

لەوەی صەنعانی باسیکردووە تێدەگەین کە سەرپێچی لە پێشەوا هۆیەکی بەس نیە بۆ شەڕکردن لەدژی کەسی ڕاجیاواز، لێرەشدا ئاماژەیەکی قووڵ لە ئازادی ڕادەربڕینی سیاسیی بەدی دەکەین، خۆی لەوەدا وێنا دەکات کە نابێت بەزۆر کەسی جیاواز ناچاربکرێ گوێڕایەڵی دەستەڵاتی سیاسیی بکات بەمەرجێ ئەو جیاوازیەی نەگۆڕدرێ بۆ کردەیەکی جەنگی دژ بە کۆمەڵ.

بەڵام لای ئەللەئابی جیاکارییەکی ڕوونتر لە نێوان جیابوونەوە لە کۆمەڵ و نێوان بەگوێنەکردنی پێشەواو دەرچوون لەدژی بەدیدەکرێ، چونکە هەر کەس بەگوێی پێشەوا نەکات ئەوا مەرج نیە جیابووبێتەوە لە کۆمەڵ و دووبەرەکی دروست کردبێت، لە ڕاڤەکردنی بۆ فەرموودەکە کە دەفەرموێ هەر کەس لە گوێڕایەڵیی دەربچێت و لە کۆمەڵ جیابێتەوە دەڵێ: (دەڵێم واتە هەردوو کارەکە بکات، چونکە مەبەست بە جیابوونەوە لە کۆمەڵ دروستکردنی دووبەرەکییە لە کۆمەڵی موسڵماناندا ئەمەش تایبەتترە لە دەرچوون لە گوێڕایەڵیی، چونکە کەسێ کە بەگوێی پێشەوا ناکات مانای ئەوە نیە لە کۆمەڵ جیابووەتەوە)، پاشان دەڵێ: (ئەوپەڕی ئەوەیە ئەو کەسانە یاخین (واتە دەرچوون) بەڵام ڕیزی موسڵمانانیان لەت نەکردووە، جا ئەگەر پێشەوا داوای کرد شەڕ لەدژیان بکرێ، ئەوا ئەگەر بۆ بەرپاکردنی هەق و ڕاستی بێت ئەوا دەبێت بەگوێی بکرێ ئەگەرنا نابێت بەگوێی بکرێ)[٢].

---

١- هەمان سەرچاوە، ب٣، ل٥٢٢. ئیبن ئەمیر جیاوازی دەکات لە نێوان دەرچوون بە مەبەستی دووبەرەکی دروستکردن لەناو گەلدا و نێوان دەرچوونێ کە مەبەستی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بێت، دەڵێ: (بەڵام هەر کەس مەبەستی لە دەرچوون فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بێت لەگەڵ دەستەبەربوونی مەرجەکانیان ئەوا فەرزێکی ئەنجامداوە و ناچێتەناو حوکمی ئەم فەرمودانە). بڕوانە:
- إبن الأمير الصنعاني، منحة الغفار على ضوء النهار، ص٢٤٣٩.

٢- اللآبي، إكمال إكمال المعلم، ج٦، ص٥٥٧.

### پ- بەگوێکردنی فەرمانڕەوای ملهوڕ:

لەمەی پێشەوە دەرکەوت کە زۆرینەی فەرموودەناسان بەگوێکردنی فەرمانڕەوا بە فەرز و ئەرکێک دەبینن با ملهوڕ و خراپەکار و زاڵبوویش بێت[1]، جێکەوتەی ئەمەش قەدەغەکردنی دەرچوونە لەدژی، بەگوێکردنیەتی لە غەیری سەرپێچیدا، ئارامگرتنە لەسەری لە کاتی سەرپێچیشدا، بەجێگەیاندنی مافەکانیەتی، لێرەشدا ئاماژە دەدەین کە بیرۆکەی بەگوێنەکردنی دەستەڵات لە حاڵەتی سەرپێچیدا بەشی پێویست مشتومڕی پێنەدراوە، فەرموودەناسان دەستکۆتا بوون تەنها بە دانپێدانانی، چونکە ئەوە ڕوون نیە کە ئەگەر کۆمەڵگا هەر لەسەرەتاوە دانبنێت بە حوکمی ملهوڕ و خراپەکاردا ئیتر چۆن بتوانێ بەگوێی دەستەڵاتی سیاسیی نەکات لە حاڵەتی سەرپێچیدا، چونکە حوکمی ملهوڕ جێگای ئەوەیە ببێتە هۆی ڕوودانی زۆرێک لە تاوانەکان و دووبارەبوونەوەو بڵاوەکردنیان لە نێوان خەڵکیدا، لەبەرئەوە دوورکەوتنەوە لەو گوناە و تاوانانە لەلایەنی پراکتیکیەوە مەسەلەیەکە زەحمەتە بەدەستبێت، ئەم مەسەلەیە لای ئیبن حەجەر لەم گوتەیەیدا بەدیدەکەین کە دەڵێ: (جا ئەگەر فەرمانیدا بە تاوان ئەوا نەگوێی بۆ دەگیرێ و نە بەگوێی دەکرێ، واتە ئەوە فەرز نیە بەڵکو کەسێک کە توانای هەیە بەگوێی نەکات ئەوا هەر حەرامیشە بەگوێی بکات)[2]، ئیبن حەجەر ڕوونیدەکاتەوە کە کەسی واهەیە لە کاتی تاوان و سەرپێچیدا توانای بەگوێنەکردنی هەیە، کەسیش هەیە ئەو توانایەی نیە بەگوێی نەکات، بەمجۆرەش تاوان و سەرپێچی بەو سیفەتە کە کۆت و بەندێکە لەسەر گوێڕایەڵی دەبێتە هۆی ئەوە کە فەرمانڕەوای ملهوڕ زۆرێک لە کاریگەری لەلایەنی پراکتیکیەوە لەدەستدەدات، چونکە حوکمی ملهوڕ پڕە لە مەترسی و سەردەکێشێ بۆ جوانکردنی لای خەڵکی.

---

١- هەندێ لە فەرموودەناسان دەستکۆتا نەبوون تەنها بە واقیعی مێژوویی و ترس لە ڕوودانی فیتنە کە ببێتە پاساوێک بۆ بەگوێکردنی دەستەڵاتی ملهوڕ، چونکە هەندێ فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کەوتوونەتە بەر لێکدانەوەو ماناگۆڕین بە مەبەستی بەکارهێنانیان لەسەر ڕەوایەتی بەگوێکردنی ستەمکار، یەکێک لەوانە ڕاڤەی قازی عەییازە بۆ فەرموودەی: ((...با کۆیلەیەکی حەبەشیش بێت و پێشەوایەتیتان بکات بۆ لای پەڕاوی خوای گەورە، هاتووە لە ڕاڤەی فەرموودەکەدا دەڵێ: (واتە بە ئیسلامەتی و حوکمکردن بە پەڕاوی خوای گەورە با ملهوڕیش بێت)، بڕوانە:

- إبن عياض، إكمال المعلم في فوائد مسلم، ج٦، ص٢٦٥.

٢- إبن حجر العسقلاني، فتح الباري بشرح البخاري، ج١٦، ص٢٤٠.

لە هەمان میانەشدا، لە کاتی هەوڵدان بۆ وەسفکردنی حوکمی ملهوڕ شڵەژاوییەکی زۆر دەبینین، بەجۆرێ هەندێک دەڕۆن بۆ پێدانی کۆمەڵێ نیشانەی دیاریکراو بە حوکمی ملهوڕ کە نزیکدەبنەوە لە بازنەی دادگەریی، تا ملهوڕییەکە سنوردار بکرێ تەنها لە پێدانی هەندێ ماف بەخۆی، ئیبن عەبدولبڕ دوای ئەوە جەختدەکات لەسەر ئارامگرتن لەسەر فەرمانڕەوایانی ملهوڕ، دەڵێ: (هەر پێشەوایەک نوێژی جومعەو جەژن بکات، خەبات بکات دژ بە دوژمن، سزاکان لەسەر نەیاران جێبەجێ بکات، بەویژدان بێت لەگەڵ ستەملێکراوان و مافیان لەوانیتر بۆ وەربگرێ، خەڵکی ملکەچی بن و ڕێبواران سەلامەت بن، ئەوا فەرزە لە هەموو ئەو کارە چاکانە یان ڕێگاپێدراوانەدا کە فەرمانیان پێدەکات بەگوێی بکرێ)[1]. ئەو وەسفکردنە کە لەناو دەستەواژە پێشوەکەی ئیبن عەبدولبڕدان سنور لە نێوان حوکمی ملهوڕی و نێوان حوکمی دادگەریدا دەکاتەوە، بەجۆرێ کە ئەگەر بێتو هەستێ بە ئەنجامدانی هەموو ئەو ئەرکانە ئیتر بەگوێکردنی ملهوڕ دەبێتە لۆژیک و ئەقڵگیر.

بێگومان یەکێک لەو گرفتانە کە لە ڕەوشی فەرمووودەدا ڕووبەڕووی چەمکی گوێڕایەڵیی بووەتەوە، بریتییە لە پێناسەی حوکمی ملهوڕ و دیاریکردنی ڕوخسارەکانی، چونکە ملهوڕ بە شەریعەت حوکم دەکات، دژ بە دوژمن دەجەنگێ، ئاسایش بەرقەرار دەکات، ماف بۆ ستەملێکراوان دەگێڕێتەوە، بەڵام وەسفکردنی بەوە کە ملهوڕە ئەوا بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەستگرتنی بەسەر دەستەڵاتدا و دانی هەندێ ماف بە خۆی جیا لە خەڵکی، نە خۆی و نە کەسە نزیکەکانی بەویژدان نین لەگەڵ خەڵکیدا، زیاد لە دەستەڵاتی خۆی پێڕادەکێشێ وەک (دارکاری پشت و زەوتکردنی ماڵ و سامان)، جا هەرچەندە ئەو گرفتانە کە لەبەرئەنجامی لێڵیی و ناڕوونی چەمکی ملهوڕییەوە دروستدەبن، خۆیان لە توانەوەی چەمکی دادگەری، لە دروستکردنی سانسۆر لەسەری وێنادەکەن، ئەوا هەر دەکرێ بوترێ چەمکی ملهوڕیی کە فەرمووودەناسان ڕای خۆیان بۆ بەگوێکردنی ملهوڕ لەسەری بونیاتدەنێن، کۆمەڵێ نیشانەی دیاریکراوی هەیە، کە دووریدەخەنەوە لە واتای ستەمی گشتگیر[2]، کە دیاریدەکرێ بە

١- إبن عبد البر، التمهيد، ج٢٣، ص٢٧٩.

٢- لە کاتی مشتومڕ لەسەر مەسەلەی ڕەوایەتی گرتنەدەستی کار لەلایەن فەرمانڕەواوە، واتە لە گرتنەدەستی

ستەمکردن لە تاک بە زەوتکردنی مافەکانی، هەروەها بە ستەمکردن لە شەریعەت بە وەلانانی، بە ستەمکردن لە کۆمەڵگا بە لایەنگری لە دوژمنەکانی، ئەم تێگەیشتنەش هاوئاوازە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا کە لە سەردەمە سەرەتاکاندا بووە ئەوەش بەجۆرێ کە خۆپەرستی و دنیاویستی وێنای لوتکەی ملهوڕی کردووە[1]. هەربۆیە کاتێ لە ڕەوشی فەرموودەدا باس لە گوێڕایەڵیی ملهور دەکرێ دەبێ ئەم نیشانانە لەبەرچاو بگیرێ.

---

کارە گشتییەکاندا بەتایبەتی دادوەریی ئەوا زەیلەعی ڕێگایداوە بە وەرگرتنی ئەو کارانە لە فەرمانڕەوای ملهوڕەوە، چونکە شوێنکەوتووان کاریان لەلایەن حەججاجەوە پێسپێرداوە کە کەسێکی ملهوڕ و ستەمکاریش بووە، بەڵام بە مەرجی گرتووە کە دەبێت فەرمانڕەوای ملهور توانا بدات بەو کەسە دادوەریی پێدەسپێرێ کە بە دادپەروەریی حوکم بکات، چونکە مەبەستەکە تەنها بە پێدان و وەرگرتن دەستەبەر نابێت ئەگەر بێتو توانای جێبەجێکردنی دادپەروەریی نەبێت،. ئەمەش -مانای وایە کە فەرمانڕەوای ستەمکار بە تێگەیشتنی هەندێ لە فەرموودەناسان- دەستوەرنەداتە حوکمەکانی دادوەریی. بڕوانە:

- الزيلعي، نصب الراية لأحاديث الهداية، أهتم به: أيمن صالح شعبان، القاهرة: ط١، ج٥، ص٤٧-٤٨.

ئیبن وەزیر کە پێشەوای زەیدی موئەیید باللە بووە ڕێگایداوە کە کاری دادوەریی لە فەرمانڕەوای ملهوڕەوە وەربگیرێ.

- إبن الوزير، الثغر الباسم في الذب عن سنة أبي القاسم، ص٤٣.

١- لە کتێبی -مجموع- ی پێشەوا زەید دا هاتووە وتوویەتی: (هەرکات پێشەوا خۆپەرست و دنیاویست بوو ئەوە ملهوڕە، هەرکاتیش خۆی وەک هەر کەسێکیتری موسڵمان خستەڕوو ئەوە دادپەروەرە). بڕوانە:

- إبن علي، زيد. مسند الإمام زيد، بيروت: ١٩٨١م، ص٣٢٢.

**دووەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هەردوو ڕەوشی ئاداب و ئەحکامی سوڵتانیدا**

**١- گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی ئادابە سوڵتانیەکاندا**

**١- لە نوسینی دیوانییەوە بۆ ئادابە سوڵتانییەکان**

بەو چاوە دەڕوانرێتە نوسینی دیوانی کە وێنای بەشێک لە ئەزموونی بونیادی ڕێکخستنی دەوڵەت دەکات لە ماوەیەکی پێشوەختی مێژووی ئیسلامدا، چونکە ئەو جۆرە نوسینە پەیوەستبووە بە دەرکەوتنی توێژێک لە نوسەران کە لە چوارچێوەی ئاراستەیەکی گشتی بۆ ڕێکخستنی یاسایی کاروباری دەوڵەتی دارایی و کارگێڕیی پەیدابوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئومەوی، لە گرنگترین ئەو ئەرکانە کە بەو نوسەرانە -زۆربەیان بە ڕەچەڵک فارسن- سپێردراوە نوسینی نوسراو و نامە فەرمییەکان و بەڵگەدارکردنیان بووە، چونکە ئەوان شارەزابوون بەو نوسینانە، ناوەندی عەرەبی کەمتوانا بووە بەو ئەزموونە[١].

لەلایەکیترەوە ئەو هەڕەشە سیاسییانە کە بەرۆکی هەردوو دەوڵەتی: ئومەوی و عەبباسی گرتووە، کە خۆی لە فراوانبوونی سنوری ئەوانەی لەدژی دەستەڵاتی ئومەوی دەرچوون لە کۆتاییەکانی سەردەمیدا بینیوەتەوە، هەروەها هەوڵەکانی دەوڵەتی عەبباسی بۆ قایمکردنی دەستەڵاتەکەی لەدوای ئەوە، ئەمە وایکردووە هەردوو دەوڵەت پەنابەرنە بەر جۆرێکی تایبەت لە نوسەرە ڕۆشنبیرەکان کە خاوەنی ڕۆشنبیریەکی سیاسیی فراوان بوون، ئینجا بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی هەردوو دەوڵەتەکە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتە سیاسی و کارگێڕییەکان، هاتوون بارێکی ڕاوێژکاریی تایبەتیان بەو نوسەرانە داوە. هەندێ لەو نوسەرانە وەک عەبدولحەمید کوڕی یەحیا، عەبدوللە کوڕی موقەففەع توانیان هەبوونی سیاسی ناوازەی خۆیان بسەلمێنن، گرنگترین ئامڕازەکانیشی بەگەڕخستنی کەلەپوری سیاسیی فارسی بووە و دانانی لە خزمەتی حوکمڕانیدا، بەم پێیە ئەرکی ئەو نوسەرانە بازنەی کاروباری کارگێڕی تێپەڕاندو درێژبوویەوە بۆ یارمەتیدان لە تەگبیر و بەڕێکردنی فەرمانی دەستەڵات و دیاریکردنی ئاراستە گشتییەکانی دەوڵەت، لێرەوە (نوسەرەکە) هەستاوە بە گێڕانی ڕۆڵێکی سەرەکی لەناو ڕشتەبەندی حوکمڕانیدا، بەمجۆرە نوسەرەکە بووەتە (ئەقڵی بیرمەند) کە ئەرکی پاراستنی دەوڵەت و سەقامگیربوونی کەوتووەتە سەرشانی ئەو.

ئەزموونی عەبدولحەمیدی کوڕی یەحیا (١٣٢ک کوژراوە) کە لە کۆتایی

---

١- أمين، أحمد. ضحى الإسلام، القاهرة: مكتبة النهضة العصرية، ط٧، ج١، ص١٦٧.

فەرمانڕەوایی ئومەویەکاندا نوسەری مەروانی کوڕی موحەممەد بووە، سنور و سروشتی ڕۆڵی ئەو توێژە لە نوسەران دەردەخات، لە نامەیەکی دامەزرێنەردا کە عەبدولحەمید ئاراستەی نوسەرە هاوشێوەکانی خۆی کردووە، پێیاندەڵێ: (جێنشینیی بە ئێوەوە ڕێکدەخرێ و جوانیەکانی دەردەکەوێ، بە ئێوە کاروباری دادەمەزرێ، بە ئامۆژگاری ئێوە خوای گەورە فەرمانڕەوای خەڵکی چاک دەکات و وڵاتیان ئاوەدان دەبێت، پادشا بێنیاز نیە لە ئێوەو جگە لە ئێوە قەناعەتی بە کەسیتر نیە، چونکە پێگەی ئێوە لای پادشاکان پێگەی گوێکانیانە کە پێیان دەبیستن، پێگەی چاوەکانیانە کە پێیان دەبینن، پێگەی زمانیانە کە گوفتاری پێدەکەن، ئێوە دەستەکانیانن کە پێیان زەبرو زەنگ و هێز دەنوێنن)[١].

ئەم نامەیە لوتکەی هۆشیاری پیشەیی ئەو توێژە لە نوسەرە ڕۆشنبیرەکان دەردەخات، کە ڕۆشنبیرییەکی شارەزاو کراوە بووە لەسەر جۆرەها ڕۆشنبیریی جیهانیی بەتایبەتی فارسی، لەڕاستیدا گرنگێتی ڕۆڵی ئەو توێژە لەسەر ژیانی سیاسی و مەترسیەکانی، ئیتر ئەو ڕۆڵە بە کردەیی یان بە گریمانەیی بووبێت ئاسۆی بەرفراوانی مەعریفی و سیاسیی نوسینی دیوانی دەردەخات، هەروەها خاوەنی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی هزری و مەعریفەی ڕاستەوخۆ بووە کە لە قۆناغێکی دواتردا ئەوە بە ڕوونی گەلاڵە دەبێت. ئینجا پێگەی سەنتەریی نوسەران نیشاندەدات لە بونیادی سیاسیی و ڕێکخستنی دەوڵەتدا، چونکە نوسەر لە پێگەی گوێ و چاو و زمان و دەستە لای فەرمانڕەوا و ئەو جێگایەی هەیە، یان پێویستە پەیوەندی لە نێوان فەرمانڕەواو نوسەردا لە بۆچوونی عەبدولحەمیدی نوسەردا کە دامەزرێنەری کارای ئەو هونەرەیە بەو شێوەیە بێت.

لەڕاستیدا تاوتوێی میتۆدیی بۆ نوسینی دیوانی پێویست بەوە دەکات مامەڵە لەگەڵ نامەکەی عەبدولحەمیدی نوسەردا بکرێ، بەو سیفەتە کە دەقێکی دامەزرێنەرە و -تا مەودایەکی زۆر- ڕێگادەدات بە تێگەیشتن لە بونیادی ئەو جۆرە مەعریفە سیاسییە، هەروەها بۆ ڕاڤەکردنی هەندێ لە دەرهاویشتەو دژبەیەکەکانی لە هەمانکاتدا، چونکە نامەکە نەخشەڕێگای ئایندەی نوسینی سیاسیی لە ساتێکی زووی سەرهەڵدانیدا دەکێشێ، مەشخەڵ و ئامانج و ئەرکەکانی بەوپەڕی ڕوونی دیاریدەکات، کلیلی کردنەوەی لە هەموو ئەوانەدا بریتییە لە: (چاککردنی حاڵی پادشا)، بەڵام چاکسازی -هەروەک لەمەوپاش دەردەکەوێ- ڕەهەندێکی

---

١- الكاتب، عبد الحميد. رسالة إلى الكتاب، ضمن رسالة البلغاء لمحمد كرد علي، القاهرة: دار الكتب، ١٩١٣م، ص١٧٢.

کۆمەڵایەتی گشتگیر وەرناگرێ کە پەیوەند بێت بە چاکردنی کۆمەڵگاوە وەک ئامانجێکی سەرەکی، چونکە مەبەست پێی بە پلەی یەکەم بریتییە لە (قایمکردنی شانشینی) و پارێزگاری لەسەر پایەداریی کاروباری.

ڕێگای چاکسازیش بریتییە لە ئامۆژگاری، بەڵام کاریگەری ئامۆژگاری پەیوەندە بە نزیککەوتنەوە لە پادشاوە، ئەو نزیککەوتنەوەیەش لە ڕێگای دۆزینەوەی حاڵەتێک لە پیاهەڵدان بە شان و باڵی پادشادا دەستەبەر دەبێت، بەجۆرێ کە نوسەر لە خودی پادشا بەپەرۆشتر بێت لەسەری، ئەمەش وێنای کرۆکی هەستی پیشەیی دەکات لای توێژی نوسەران، بەرجەستەیی پراکتیکی خۆی لە لایەنگریی ڕەهادا بۆ فەرمانڕەوا دەبینێ، ئیتر سنوری ئەو نوسینە سوڵتانیە تا هەرکوێ فراوان بووبێت، یان ئامرازە مەعریفیەکانی فرەجۆر بووبن، یان ئاراستەکانی بانگەواز بۆ چاکسازی زۆربووبن کارەکە هەر بەوشێوەیە ڕۆیشتووە.

کەواتە کاری نوسینی دیوانی کارێکی ئیداری پرۆتۆکۆلی نەبووە، بەلانیکەم لای توێژی نوسەران خۆیان، چونکە ئەو نوسەرانە بەتەواوەتی ە وشیار بوون بە سنوری پیشەکەیان و بە ئاسۆ مەعریفیەکەی، ئەگەر پارێزگاریشیان کردبێت لە ڕەفتاری ئیداریان ئەوە بەو سیفەتە بووە کە کارمەندی دەوڵەتی بوون، شتێکی سروشتیشە لەو نوسینە فەرمیانەوە جۆرێک لە ئەدەبی بەرز کە ناوەڕۆک و ڕەهەندی سیاسیی ڕوونی هەبێت لێیان هەڵێنجێنرێ، تا نوسینە سوڵتانیەکان بگۆڕدرێن بۆ ڕەفتارێکی سوڵتانی کە وردە وردە شەرعیەتی بوون لە بواری مەعریفەی ئیسلامیدا بەدەستبێنێ، دەیان (نوسەر) لە فیقهناس و فەیلەسوف و کەلامییەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێ[1]، بابەتی سەرەکی (ئەو سیاسەت و ئاکارانە بووە کە لەو ڕووداوانەدا ڕوویانداوە، هەروەها بەسەرهاتە نوێیەکان، هەروەها سیاسەتی بەڕێوەبردنی گەل و قایمکردنی شانشینی، بەهەمانشێوە چاککردنی ڕەوشت و ژیننامە تا سودیان لێ وەربگیرێ)[2].

---

١- چەند فەرموودەیەک هەن کە ناوەڕۆکیان هانی پیشەی نوسینی دیوانی دەدەات، ئینجا شەرعیەتی سیاسیی و پیشەیی بە نوسەران دەدەن، بێئەوەی ئاستی ڕاست و دروستیان بزانرێ یان هەبوونی پەیوەندی نوسەران پێیانەوە، لەوانە ئەو (فەرموودەیە) کە ئیبن قوتەیبە لە کتێبی (عیون الأخبار)دا باسیکردووە کە تیایدا هاتووە ((خوای گەورە پاسەوانی هەیە، پاسەوانەکانی لە ئاسمان فریشتەکانن، پاسەوانەکانیشی لە زەویدا ئەوانەن کە نوسینی دیوانن)). بڕوانە:

- الدينوري، عيون الأخبار، ج١، ص٢.

٢- إبن الطقطقي، الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية، بيروت: دار صادر، ١٩٦٦م، ص٢.

ئەی ئەو گۆڕانە چۆن ڕوویداوە، ئەوا پێشتر ئاماژە بەوە دراوە کە نوسینی دیوانی سەرۆکایەتی بەو سیفەتە کە جۆرێکە لە مەعریفەی سیاسیی واقیعی هەر لە سەرەتاوە ڕەگەزەکانی پەرەسەندنی خودی تێدابووە، لەڕاستیشدا کۆمەڵێک فاکتەری زۆر بەشداربوون لە ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە، گرنگترینیان ئەم دوو فاکتەرەن:

یەکەم: متمانەی فەرمانڕەواکان بە نوسەران و پێویستیان پێیان، ئەوەش بەهۆی لاوازی نەریتەکانی کارگێڕی دەوڵەت لای فەرمانڕەوایان و لاوازی ئەزموونی سیاسییان، بەتایبەتی لەو بارودۆخانەدا کە هەڕەشە لەسەر بەردەوامبوونی دەوڵەت و سەقامیریی هەبووە، هەروەک ئەو حاڵەتە لە سەردەمی مەروان کوڕی موحەممەدەوە بۆ کوڕەکەی عەبدواللە دەردەکەوێ، کاتێ ڕۆیشت بۆ شەڕ لەدژی خەواریجەکان کە عەبدولحەمیدی کاتب کۆمەڵێ ڕێنمایی بەنرخی لە ئیدارەدانی دەوڵەت و پارێزگاری لێکردنی بۆ نوسی[١].

دووەم: نوسەران پاڵیاندابوو بە هێز و دەستەڵاتی فارسەوە کە هەر لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی عەبباسیەوە بووە خاوەنی کاریگەرییەکی بەرفراوان، ئەمە وایکرد ئەو نوسەرانە کە سەربە ڕەگەزی فارسی بوون بەتواناتر و جورئەتدارتر بن لە پیادەکردنی بیرۆکەی ڕەحنەگرانە کە پەیوەندبوو بە دەوڵەتەوە و بە شێوازی ئیدارەدانی هەروەک لای عەبدواللە کوڕی موقەففەع (١٠٦-١٤٥ک) دەبینرێ[٢].

دەتوانرێ قسە لەسەر دوو ڕەهەندی یەکتر تەواوکەر لە کەسایەتی (نوسەر) دا بکرێ کە میتۆد و ئامرازەکانی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیعی سیاسیدا دیاری دەکەن، چونکە ئەو لە پرۆسەی بەکارهێنانی توانا سیاسیی و شارەزاییە هونەری و کارگێڕییەکەی خۆی بۆ خزمەتی فەرمانڕەوا، ئەو ڕۆشنبیرییە بەرفراوان و مەعریفە هەمەجۆرەی لە چیرۆک و پەند و نوکتەو گوتەکانی بەگەڕدەخات، تا باس لە بارودۆخی شانشینی بکات، ئەم کارەشی خاڵی نەبووە لە گەیاندنی ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و سەخت و زبر لە هەندێ کاتدا، ئەم مەسەلەیەش هەرچەندە هەقیقەتی ڕۆڵی تیۆریزەکاریی نوسەر لانابات، بەڵام مۆرکێکی ڕەوشتی بە نوسینە سوڵتانیەکان دەبەخشی، حاڵەتی دڵەڕاوکەو بەردەوام ئێش و ئازاری نوسەری دەخستەڕوو کە نوسەر دەرهەق بە پەیوەندی بە فەرمانڕەواوە و ترس لە هەڵگەڕانەوەو بێباری ئەو پەیوەندییە هاتووە گوزارشی لێکردووە.

١- الكاتب، عبد الحميد. رسالة عبد الحميد الكاتب في نصيحة ولي العهد، ص١٣٩، ١٦٤.

٢-إبن قينة، عمر. الرؤية الفكرية في الحاكم والرعية لدى إبن المقفع وإبن العنابي والكواكبي، عمان: دار أسامة، ٢٠٠٠م، ص١٥.

گرنگە وەبیربێنینەوە کە نوسەران -مەبەستمان بە دیاریکراوی پێشەنگەکانیانە وەک عەبدولحەمید کوڕی یەحیا و عەبدوالله کوڕی موقەففەع- جۆرێک لە توێژی ڕۆشنبیری ئاگادار بەسەر کەلەپوری فەرمانڕەوایی فارسیان پێکدەهێنا، کە لەو سەردەمەدا بەهایەکی سیاسیی باش بوو بۆ فەرمانڕەوا موسڵمانەکان، ئەمەش پێگەیەکی پێشەنگیی پێبەخشین کە پێشتر لە دەرباری فەرمانڕەوادا شتی وا ڕووینەدابوو، لەبەرئەوە پرۆسەی لەخۆگرتنی نوسەران لەلایەن فەرمانڕەواوە پێگەی (بەخۆدانازینی هزری) و حەزی ڕەخنەگرتنی لای نوسەران نەسڕیبوویەوە، کە بەهۆی هەستکردنیان بە جیاکاری مەعریفی لایان گەشەی کردبوو، ئیتر جگە لە قورسایی سیاسیان، بەم پێیە ئەوا تێگەیشتن لە بەرهەمی ئادابە سوڵتانیەکان، بەند بووە بە تێگەیشتن لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەستی وەزیفی نوسەران و نێوان ڕۆشنبیری بەرفراوان و حەزی ڕەخنەگرانە لە بیرکردنەوەدا، چونکە هەستی کارمەندیی سنوری ئادابە سوڵتانیەکان و پلە سیاسیەکەی پێکدەهێنا، بەڵام ڕۆشنبیری بەرفراوان ئەوا بناغەیەک بوو بۆ گۆڕان لە ئەرکی نوسینی پرۆتۆکۆلیی دیوانەوە بۆ بەرهەمهێنانی هزری کە مۆرکی ڕەخنەی چاکسازی پێوە بوو، ئەم تەواوکارییە مۆرکێکی تایبەتی دا بە ئادابە سوڵتانیەکان، کە بووە مایەی فراوانبوونی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی و جێگیربوونی لە کۆمەڵگای شانشینیدا، هاوکاتیش بانگەوازکردن بۆ چاککردنی حاڵی سوڵتان، چونکە جەختکردن لەسەر گوێڕایەڵیی ڕەها بە واتا سیاسیەکەی گوزارشت بووە لە بەهێزی ئامادەیی فەرمانڕەوا لە بونیادی ئادابە سوڵتانیەکاندا، بەڵام بانگەواز بۆ چاکسازی ئەوا جۆرێک بووە لە بەکارهێنانی هزری ئەقڵانی کە ڕێنمایی هەڵسوکەوتەکانی سوڵتان و ڕەفتارەکانی کردووە، ئامانجەکەش هەر ئەوە بووە تا بەگوێی بکرێ.

### ب- دیمەنی پێگەی سوڵتان:

ئاکارە سوڵتانیەکان گرنگیانداوە بە کێشانی دیمەنێکی ئاماژەدەر و مەتەڵ ئامێز بۆ پێگەی سوڵتان، بەجۆرێ کە بونیادێکی ئاوێتە لە تێکەڵەی بەها بەریەککەوتەکان و ڕەگەزە نەویستراوەکان تێیدا دەربکەوێ، جا بۆ ئاگاداربوون بەسەریدا یان زانینی ڕووە تەواوکارەکانی پێویستی بە دامەزراندنی جۆرێک لە پەیوەندی ڕۆحیی هەیە لە نێوان گەل و سوڵتاندا، واتە پەیوەندی نێوان هەردوولا والێبکات ببێتە پەیوەندیەکی بێلایەن و ناڕاستەوخۆ، کە لە ڕێگای نێوەندە ڕۆحیەکانەوە ئەنجامدەدرێ و خۆی لە بەها بێلایەنەکاندا دەنوێنێ، ئەوانیش کاری تایبەتی پێگەی

سوڵتانی بوون وەک لێبوردەیی و خاکیبوون و بەزەیی و دانایی و زەبروزەنگ و ترساندن. ئەم وشەو مانایانە لە کاتێکدا وادەبینرێن کە دژبەیەک بن بەڵام کلیلی پەیوەندی نێوان گەل و سوڵتانیان پێکهێناوە، هەر بێباوەڕییەک بەو بەهایانە گەلی بێبەشیکردووە لە پەیبردن بە (حیکمەتی سوڵتان) و هۆیەکی بەس بووە کە شایان نەبێت سود لە کارە سودبەخشەکانی سوڵتان ببات. تەڕتوشی (٥٢٠ک.م) هاتووە لە ڕێگای وێکچواندنی سوڵتان بە باران و با، بە زستان و هاوین، بە شەو و ڕۆژ چوارچێوە ڕێژی بۆ ئەو پەیوەندییە کردووە، چونکە ئەم دیاردە سروشتیانە وێنای هەردوولایەنی بەزەیی و سزا دەکەن، بەڵام سود و چاکە زاڵترە تیایاندا، لەبەرئەوە دەبێت بۆ دەستخستنی سودەکانی ئارامگرتن هەبێت لەسەر زیانەکانی، پەی ببرێ بەو حیکمەتە کە لێیەوە دەردەهێنرێ، ئەمەش بە دیاریکراوی بەسەر سوڵتاندا دەچەسپێ، تەڕتوشی لە ڕێگای دانەپاڵی کۆمەڵێ دەستەواژە بۆ لای دانا عەرەب و عەجەمەکان دەڵێ: (نمونەی زیانەکانی سوڵتان لەچاو سودەکانیدا وەک نمونەی ئەو بارانە وایە کە ئاودانێکی خوای باڵادەستە، فەڕو بەرەکەتی ئاسمان و ژیانی زەوییەو ئەوانەی وان لەسەری، لەوانەیە ڕێبوار بەهۆیەوە تووشی زیان ببێ، خانوو بڕوخێ و هەورە تریشقە ئیشی خۆی بکات، لافاوەکەی بدات بەسەر خەڵکی و ئاژەڵ و نەختینەکاندا، دەریاش بەهۆیەوە بکەوێتە شەپۆلدان و ببێتە هۆی سەختی بۆ خەڵکەکەی، بەڵام لە بەرانبەرەوە کاتێک دەڕواننە ئاسەواری ڕەحمەتی خوا لە زەویەکەیدا کە هەموو ڕووەک و زیندوویەکی تێرئاوکرد، بڕواننە ئەو رزق و ڕۆزییە کە بۆیان ڕژاوەو ئەو بەزەییەی کە بڵاوەی پێکردووە ئیتر هەموو زیانە کەمەکان ڕێگری لە خەڵکی ناکەن بێن ئەم نیعمەتانەی خوا بەگەورە ڕابگرن و سوپاسی پەروەردگاریان بکەن)[1].

پاشان لە بەشی هەشتەمی کتێبەکەیدا بەناوی (سراج الملوک) کە تایبەتیکردووە بە قسەکردن لەسەر سودەکانی سوڵتان و زیانەکانی، دەڵێ: (نمونەی سوڵتان وەک زستان و هاوین وایە کە خوای گەورە گەرماو سەرماکەیانی کردووەتە هۆکارێ بۆ کشتوکاڵ و وەچە، بۆ بەرهەمهێنانی ئاژەڵ و بەروبووم کە سەرما کۆیاندەکاتەوەو گەرما بە ویستی خوای گەورە لە زەوی دەریاندێنێ، ئێمەش دەچینە سەر سودەکانیان، لەوانەیە گەرماو سەرماو و خۆر و سەهۆڵبەندان ئازارگەیەنەر بن، بەڵام ئەوان لەم کارەشیاندا هەر نادرێنە پاڵ زیان بەڵکو دەدرێنە

---

١- الطرطوشي، سراج الملوک، لندن، ص٣٤.

پاڵ چاکەو خێر و چاکەکەیان زیانەکەیانی داپۆشیوە)[١].

ئەم دوو دەقە پێشووە -هیتریش- ئەو نامێژووییە دەخەنەڕوو کە هزریی سوڵتانی دەبات بۆ پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو گەل، بەڵکو هاتوون ئەو پەیوەندییەیان لە چوارچێوەیەکی بۆچووندا ڕێکخستووە کە ناچێتە ژێر مەرجەکانی پەیوەندی سیاسیی وەک بەیعەت، هەڵبژاردن، شورا و لایان لێناکاتەوە، تێبینیش دەکرێ کە هزری سوڵتانیی هەڵناسێ بە هەوڵی شاردنەوەی ڕووەکەی تری سوڵتان کە لە ڕووی ڕەوشتیەوە پێچەوانەیە بە سیفەتە چاکەکان، لە کاتێکدا هەندێ لە نوسینەکانی داکۆکیان لێدەکەن، چونکە ئامانجەکە دەرخستنی لایەنەکانی نەرمونیانی و زبرییە و ڕەواجپێدانیانە لە چوارچێوەی حیکمەتێکی خواییدا، گوایا سروشتی سوڵتان وەهای خواستووە کە چاکەو خراپە کۆببنەوە تیایدا، ئەمیش بەتەواوەتی هەروەک حاڵی سروشت وایە. ئەوە بە ڕوونی دەردەکەوێ کە مەبەستی سیاسیی لە پشت ئەم کاری تیۆریزە واقیعیەوە بوونی هەیە، گوایا هەیبەت و شکۆی سوڵتان دەخوازێ پارێزگاری لە (لایەنی خراپە) لە پێگەی سوڵتاندا بکرێ، ئەوەش بە مەبەستی قایمکردنی دەستەڵات لە (چاوچنۆکی گەل) و بەرپەرچدانەوەی ئەوانەی دەردەچن لەدژی، ئیبن ئەبی ڕەبیع (٢٧٢ک.م) لە یەکێک لە ئامۆژگاریەکانیدا بۆ سوڵتان دەڵێ: (نابێت سوڵتان لێگەڕێ گەل بێنیاز بێت لە هەڕەشەو ترساندن و تەمبێکردن و دەستکەوت و ئومێد و ترس)[٢].

لەلایەکیتریشەوە سوڵتان ناخرێتە ناو پلە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکان، کە لە سوڵتانەوە دەستپێبکات و بە نێوەندەکانی سوپا و بازرگان و پیاوانی ئاینیدا تێپەڕێ و بە گەل تەواو ببێت، هەروەک لە هەندێ لە ئەدەبیاتە سیاسییە جیهانیەکاندا لەوانەش فارسیدا هەیە، چونکە پێگەی سوڵتان پێگەیەکی باڵایەو لە دەرەوەی پێکهاتەی هەرجۆرە ڕیزبەندیەکەوەیە، چونکە (پێگەی سوڵتان لە چاو گەلدا وەک پێگەی ڕۆح وایە بۆ جەستە)[٣]. جا بۆ جەختکردن لەسەر ئەو دیمەنە تەرتوشی پەنادەباتە بەر چەندین دیمەن و دەستەواژە کە ڕاستێتی پێگەی سوڵتان لە بۆچوونی ئەودا دەخاتەڕوو، پێیوایە کە (سوڵتان یەکێکە لە بەڵگەکانی خوا لەسەر بوونی و نیشانەیە لەسەر یەکتاپەرستی ئەو زاتە)[٤]، ئەم وەسفکردنە

١- هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

٢- إبن أبي الربيع، سلوک المالک في تدبير الممالک، دمشق: دار كنان، ص٩٨.

٣- الطرطوشي، سراج الملوک، ص٣٥.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

لەسەر ئەو گوتەیە بەرپابووە کە ڕەواجێکی بەرفراوانی لە ئاکارە سوڵتانیەکاندا پێدراوە، ئەویش بریتییە لە: (سوڵتان سێبەری خوایە لە زەویدا)، ئەم گوتەیە ئاکارە سوڵتانیەکانی زۆر شێواندووە و نازانرێ گوتەی کێیە، جارێک وەها دەیخاتەڕوو کە فەرموودەی پێغەمبەری خوایە (درودی خوای لەسەر) هەروەک لای تەڕتوشی و ئیبن ڕەزوانی مالەقی بەوجۆرەیە، جارێکیتریش دەیداتە پاڵ یەکێک لە داناکان، یان هەر دەیخاتەڕوو بێئەوەی ناوی سەرچاوەکەی ببات، لە هەموو بارێکدا ئەوا بڵاوەپێکردنی ئەو گوتەیەو بونیاتنانی کۆمەڵێ دەرئەنجام لەسەری، ئاماژەدانە بە مۆرکی ڕۆحانی کە پێگەی سوڵتان هەیەتی و جەختی لێدەکات، دەکرێ هەر لەم جێگایەدا ئاماژەبدرێ بەو پێشنیارە کە ئیبن تەقتەقی دەیڵێ کە پێویستە پادشا کۆمەڵێ پاڕانەوەی تایبەتی هەبێت و تیایاندا لە پەروەردگاری بپاڕێتەوە، ئەوانیش (ئەو پاڕانەوانەن کە تەنها شایانی پادشاکانن و بۆ گەل ناشێن)، ئیبن تەقتەقی سەرنج ڕادەکێشێ کە پێشتر هیچ کەس پێشنیاری ئەو (پاڕانەوە پادشاییانە)[1]ی نەکردووەو ئاوڕی لێنەداوەتەوەو بەرجەستەی نەکردووە، بەڕاستی ئەم پێشنیارەی پەیوەندی ویژدانی تایبەت لە نێوان پادشاو نێوان خوای گەورە تێدەپەڕێنێ، دێت جۆرێکیتر لە پەیوەندی نامۆ و سەیر ڕێکدەخات کە لایەنەکانی لەلایەکەوە خواو پادشایە و لەلایەکیترەوە پادشایە و گەل.

پێدەچێ لێرەدا گرنگ بێت باسێک لەسەر پرسی تاکڕەوی و فەرزکردنی ڕەئی بکەین، بەوپێیە کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سوڵتان، چونکە ئەو پێگەیە بەوە ناوزەد دەکرێ کە سروشتێکی تاکڕەوی هەیە، کە (هەرکات پادشا هاوبەشی هەبوو ئیتر وڵات خراپ و گەندەڵ دەبێ)[2]، ئیبن ئەبی ڕەبیع پاساو بۆ ئەو تاکڕەویە دێنێتەوەو دەڵێ: (زۆری سەرۆکەکان کاروباری دەوڵەت خراپ دەکەن)، لەبەرئەوە وڵات پێویستی بەوەیە یەک سەرۆکی هەبێت (دەبێ هەموو ئەو کەسانەی تر کە بۆ

---

١- ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەی خوای گەورە لە هێزو توانامدا من ڕووم لە تۆیە، پەنام هەر هێزو توانای تۆیە، سوپاسگوزارم کە لە نەبوونەوە منت هێنایە بوون، فەزڵت داوم بەسەر زۆرێک لە خەڵکیدا، کاروباری خەڵکیت داوەتە دەستم، منت کردووەتە جێنشینی خۆت لە زەویەکەتدا، ئەی خوای گەورە لە کاتی تەنگانەو سەختیەکاندا دەستمبگرە، ڕاستییەکانم بۆ بخەرەڕوو، سەرکەوتووم بکە لەو شتانەدا پێتخۆشە، بمپارێزە لە هەڵدێران، چاکەکانتم لێنەگریتەوە، بمپارێزە لە خراپە پڕوکێنەرەکان، بمپارێزە لە فێڵ و تەڵەکەی ئیرەبازان، لە دڵخۆشبوونی دوژمنان پێم، لە هەموو هەڵسوکەوتەکانمدا چاوی بەزەییت لێم بێ، لە هەموو لایەکمەوە بمپارێزە). بڕوانە:

- إبن الطقطقي، الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية، ص١٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

تەواوکردنی کاریگەری و ئیدارەدان دادەنرێن، گوێگر و گوێڕایەڵبن و ڕاپەڕێنەری هەر فەرمانێک بن لەو تاکە سەرۆکەوە دەردەچێ، تا وایان لێبێت وەک ئەندامی جەستەی وابن چۆنی دەوێ وەها بەکاریان بێنێ)[١]، تەڕتوشی ئەم دیمەنە بەرەو مەودایەکی دوورتر دەبات، ئەوەش بە بەکارهێنانی میکانیزمی بەراود لە نێوان سوڵتان و خواکاندا و دەڵێ: (هەروەک چۆن نابێت دوو خوا لە یەک جیهاندا هەبن، بەهەمانشێوە نابێت دوو سوڵتانیش لە یەک وڵاتدا هەبن، تەواوی جیهانیش لە ژێردەستی دەستەڵاتی خوای گەورەدایە، یەک وڵاتیش بەهەمانشێوە لەژێردەستی یەک سوڵتان دایە)[٢].

لەڕاستیدا بردنی سوڵتان و خوا بۆ ناو جۆرێک لە پەیوەندی چوونیەکی، با مەبەستەکەشی سەنتەربوونی پێگەی سیاسیی سوڵتان بووبێت، هەر دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ زیاترکردنی ڕەگەزەکانی بە گەورە زانین و پیرۆزکردن و شکۆمەندکردنی پادشا تا لە زەینی گەلدا ببێتە زەرورەتی ئەو پێگەیە، ئەمەش زیاتر لە کۆمەڵگایەکدا دەسەلمێنرێ کە گوتاری ڕۆحی بووبێتە سەرچاوەی کەلتوری، ئێمە ئەمجۆرە دیمەنە لە وەسفکردنی پێگەی سوڵتان لای هیچ یەک لەو کەسە پێشووانەدا کە سەرقاڵبوون بە ئاکارە سوڵتانیەکانەوە نابینین، تەڕتوشی نمونەی فیقهناسێکی نوسەرە -بە واتا ناهونەریەکەی- کە توانیویەتی بەو جورئەت و زۆر وەسفکردنەوە ڕەواج بەم دیمەنە بدات، مەعلومیشە کە تەڕتوشی فیقهناسێکی مالیکییەو لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە، ئەمەش پرسیارێکی قووڵ بە ڕووی باسەکەدا دەکاتەوە، کە ئایا ئەم دیمەنە لە پێگەی سوڵتاندا هەر بوونی هەبووەو لەناو ئاکارە سوڵتانیەکان و نوسینە دیوانیەکاندا هەر لە سەرەتای دەسپێکردنیەوە شاردراوەتەوە، یان دواتر لەبەرئەنجامی ئەو ڕێڕەوە کە ئاکارە سوڵتانیەکان لە پەرەسەندنیاندا گرتوویانەتە بەر پەیدابووە؟

لە خوێندنەوەی (نامەکان)ی نوسەرە یەکەمەکان وەک عەبدولحەمید کاتب و عەبدوڵڵە کوڕی موقەففەع، تێبینی دەکرێ شتێک لەو دیمەنەیان تێدا نیە کە لەسەر وەسفکردنی ڕۆحیی سوڵتان بەرپابووبێت، بەو شێوەیە کە لای تەڕتوشی و کەسانیتری هاوشێوەی لە نوسەرە دواییەکان هەبووە، چونکە کتێبی (الدرە الیتیمە)ی ئیبن موقەففەع کە مێژوونووسان دایانناوە بە نامەیەک لەسەر

---

١- إبن أبي ربيع، سلوك المالك في تدبير الممالك، ص٩٣.

٢- الطرطوشي، سراج الملوك، ص٣٤.

گوێڕایەڵی سوڵتان، ئاماژە بەو دیمەنە نادات کە بیرمەندانی ئاکارە سوڵتانیەکان لە سەردەمە دواییەکاندا خستوویانەتە ناو کتێبەکانیانەوە، شتێکیش کە بێت ئەوەمان بۆ لێکبداتەوە ئەوەیە زۆربەی نوسەرە یەکەمەکان بە ڕەچەڵەک فارس بوون، هەندێکیشیان تازە هاتبوونە ناو ئیسلام -وەک ئیبن موقەففەع کە حەوت ساڵ بەرلە کوشتنی موسڵمان بووە-، بەم پێیە ئەوا باسکردنی دیمەنی وەک ئەو بەراوردکارییە لە نێوان خواو سوڵتاندا لای پێشووەکان کارێکی هەروا سەلامەت نەبووە، چونکە وێنای مەترسیەکی گەورەی کردووە کە نوسەر لەسەر هەردوو ئاستی کەسێتی و مەعریفی بەرگەی سەرئەنجامەکانی نەگرتووە.

بە بۆچوونی ئێمە حاڵەتی ڕیزکردنی لەفزەکان و دیمەن و هێماکان هەروا بەو ئاسانییە لەلایەن نوسەرە دواییەکانەوە، کە لە کاتی قسەکردن لەسەر پێگەی سوڵتان و سروشتە نا سیاسییەکەی کە بەوجۆرە کەڵەکەیان کردوون، پەیوەندی بە نەتوانایی ئاکارە سوڵتانیەکانەوەیە لە بەدەستهێنانی مۆرکی زانستی کە ڕێگا بەجۆرێک توندوتۆڵی میتۆدیی بدات بە گوتەکان و زاراوەکانی، چونکە ئاکارە سوڵتانیەکان بوارێکی کراوەیان بۆ چالاکییە مەعریفیە جۆراو جۆرەکان پێکهێناوە: فیقهی -مێژوویی- حیکەمی، کە جۆرەها هۆکاری بۆ (قەناعەتکردنی سیاسیی) تێدا بەکارهێنراوە، ئەوەش لەپێناو دەستەبەرکردنی یەک مەبەست ئەویش چاککردنی ڕەوشتی سیاسییە و بەدیاریکراوی (ڕەوشتی پادشاکان)، ئەم ئامانجە ڕەوشتییە[1] ڕووبەرێکی فراوان بۆ ئەو کەسە فەراهەمدێنێ کە لەو بوارەدا سەرقاڵە، تا بتوانێ ئامرازە هێمایی و ئاماژەییە جۆراو جۆرەکان لە وەسفکردن و ئامۆژگاری و هاندان و قەناعەتپێکردن بەکاربێنێ، ئەمانەش کۆمەڵە ئامرازێکن بە شێوازێکی سیاسییانە خراونەتەگەڕ، بە شێوەیەک کە لە گۆشەنیگای کاریگەری پێشبینکراو بۆ هەموویان بڕوانرێ، کە نەریتە زانستییە ڕوونەکانی نوسین و خستنەڕوو و بەڵگەیی بوون ڕەچاو ناکات، نەک لە گۆشەنیگای ڕاست و دروستی و سەلماندنەوە، [2].

---

١- تەرتوشی بەوە دیاریدەکات کە (ڕێگریکردنە لە سوڵتانەکان ستەم بکەن، گێڕانەوەیانە بۆ لەسەرخۆیی و نەرمونیانی، دەستگرتنیانە لە ئازارگەیاندن، ئینجا بۆ وروژاندنی سۆزیانە بەرانبەر بە گەل).

٢- گرنگە بزانرێ کە بابەتی ئاکارە سوڵتانیەکان بریتییە لە (هونەری حوکمڕانی) نەک زانستێکی سیاسیی، چونکە (قسەکردن لەسەر ئەسڵی پادشاو هەقیقەتی و دابەشبوونی بەسەر سەرۆکایەتییە ئاینی و دنیاییەکاندا، لە جێنشینی و دەستەڵات و فەرمانڕەوایی و پێشەوایەتی، هەروەها کام لەوانە شەرعین و کامەیان ناشەرعین، ئینجا ڕێبازی کەسە خاوەن ڕاکان لەسەر پێشەوایەتی) هەموو ئەمانە لە دەرەوەی بازنەی گرنگیپێدانی ئاکارە سوڵتانیەکاندایە. بڕوانە:

- إبن الطقطقي، الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية) ص٩-١٠.

ت- دانانی چوارچێوە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی: نمونەی ئیبن موقەففەع:

شێوازی مشتومڕی ئیبن موقەففەع بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی مۆرکێکی ئەقڵانی پۆشیوە، بەڵام لە مشتومڕی ئەو مەسەلەیەدا هەندێ دەستەواژەی بەکارهێناوە کە ئاماژە دەدەن بە پشتبەستنی بە کەلەپوری پێشوو، چونکە دەستەواژەکانی وەک (گوێبیستی تاقمێک لە خەڵکی بووین دەیانوت)، یان (گوێبیستی کەسانێکیتر بووین دەیانوت)، پاشان هاتووە ئەو ڕایەی کە خۆی مەیلی بەلایدا بووە ئەم دەستەواژەیەی بۆ بەکارهێناوە کە (خەڵکانی چاکەکار و ڕاستگۆ وتیان)، جا ئەگەر ئەم دەستەواژانە ئاماژە بۆ لەخۆگرتنی ئیبن موقەففەع بدەن بۆ ڕەئی کەسانی سەردەمی خۆی و پێشینانیش، ئەوا لەسەر ئاستی میتۆدیی ئاماژە بەو میکانیزمە دەدەن کە لە پرۆسەی دانانی چوارچێوە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەکاریهێناوە، ئەوەش بە دیاریکردنی سنور و ئاسۆی گشتی بزووتنەوەکەی، کە بریتییە لە میکانیزمی بەیەکگەیاندن و جیابوونەوەی میتۆدیی، واتە بەرهەمهێنانی بیرۆکەیەکی نوێ و دانانی لە میانەی ئەو هزرانەدا کە ناسراون، پاشان سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی هەمان بیرۆکە لە قۆناغێکدا کە بە تەنها خۆی توانای ژیانی هەیە، لەبەرئەوە دەبینین کە -بە قۆناغبەندی- دەگاتە ڕای ئەوانەی ناویناون (کەسانی چاکەکار و ڕاستگۆ) بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی، پاشان لە قۆناغێکی دواتردا جۆرێک لە جیاکردنەوەی پلەبەندی لەگەڵ ئەو ڕایەدا دروستدەکات، تا دواجار لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا بگاتە چەمکەکەی خۆی کە خۆی لە دەستەواژەی (بەگوێکردنی پێشەوا لە شتێکدا کە تیایدا بەگوێی کەسیتر ناکرێ) وێنا دەکات.

شارەزابوونمان بە خاڵی ڕاگیرکەر کە لای ئیبن موقەففەع بووەتە پێگەی هەنگاونان بۆ مشتومڕ لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگە، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئاماژە بدەین بە زیندوویی پرەنسیپی ((گوێڕایەڵی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی خوای تێدا بێت))، ئینجا ڕۆڵی لە پێکهێنانی هۆشیاری کۆمەڵگا بە مەسەلەی گوێڕایەڵیی تا نیوەی سەدەی دووەمی کۆچی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئیبن موقەففەع کە ساڵی (١٤٥ک.م) لە سەردەمێکی مێژووییدا ژیاوەو بیریکردووەتەوەو کتێبی نوسیوە کە بنەما مەعریفیەکەی بریتی بووە لە: ((گوێڕایەڵی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی خوای تێدا بێت)) بە هەموو کارلێک و بەرجەستەبوونە هزری و سیاسیی و ئاسۆ مەعریفیەکانی کە کراوەن لەسەر ئاین و سیاسەت بەبێ جیاوازی، لەبەرئەوە شتێکی سروشتی بووە ئیبن موقەففع (ڕەخنەگرتن لە فەرموودە) بکاتە دەرگایەکی شیکاری بۆ مشتومڕ لەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، چونکە

بەبێ هەڵوەشاندنەوەی بونیادی فەرموودەیی ئەو چەمکە ناتوانرێ مانایەکی جیاواز بۆ ڕۆشنبیری گوێڕایەڵیی لە سەرمیدا دابمەزرێ، بەڵام ئەم دەرگایە بەوە دەناسرێ کە هەڵگری مەترسییەکی زۆرە، بۆیە دەبێت ئیبن موقەففەع ڕەخنەکەی بۆ پرەنسیپی ((گوێڕایەڵی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی خوای تێدا بێت)) بەو سیفەتە ئاراستە بکات کە ئەوە گوتەیەو فەرموودە نیە، پاشان زۆری پێناچێت ئەو تێگەیشتنەی دەشێوێنێ کە لەسەر گوتەی (فەرموودەکە) بۆی دروستبووە، بەوەی کە ئەو تێگەیشتنە سەردەکێشێ بۆ ئاژاوەو پشێوی کە یەکێک لە هەرە ڕوخسارەکانی یەکسانکردنی فەرمانڕەواو و هیتریشە لە گوێڕایەڵیدا.

ئیبن موقەففەع سێ ئاراستە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی دەستنیشان دەکات، بە شێوەیەکی زۆر کورت هەموویان دەخاتەڕوو، چونکە مەبەستەکەی ئەوە نیە پێناسەی ئەو ئاراستانە بکات، بەڵکو دەیەوێت حاڵەتێکی دیالیکتیکی لە نێوان کۆمەڵێک هزردا بدۆزێتەوە بەجۆرێ ڕێگای بدرێ لێیانەوە کۆتا گوتەی خۆی جێگیر بکات، جا ئەگەر سروشتی ئەو دەقە سوڵتانییە کە بەرهەمیهێناوە ڕێگای بدات بازبدات بەسەر وردبینی پێوەرە میتۆدییەکان کە لە پۆلێنکردنی ڕاکاندا پشتی پێبەستوون، ئەوا ئەوەی پەیوەندە بە خستنەڕووی میکانیزمی بەیەکگەیاندن و جیابوونەوەی میتۆدیی کە ئیبن موقەففەع لە مشتومڕی مەسەلەی گوێڕایەڵیدا بەکاریهێناوە لەناو ئاشنابوون بە مەبەستەکەی (کەسانی چاکەخواز و ڕاستگۆ) دایە، ئەمەش نە لەبەرئەوە ئەو وەسفە مانایەکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە نەهێشتنی ڕاجیاوازیدا، کە هەردوو وشەی چاکەخواز و ڕاستگۆ ئاماژەی پێدەدەن، بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەم ئاراستەیەی بە بەهێزتر زانیوەو پاشان هاتووە لە قۆناغێکی دواتردا تێپەڕاندووە، نزیکترین بۆچوون ئەوەیە کە مەبەستی ئیبن موقەففەع بەم وەسفە کۆمەڵێک کەسە لە ئاینداران، بێئەوەی ڕێگرێک هەبێت لەوەی کەسانیتریش بچنەناویەوە بەتایبەتی هەندێ لە نوسەران.

شتێک کە یارمەتیدەر بێت لەسەر ئەمجۆرە ڕاڤەکردنە هەبوونی هەندێ ئاماژەیە کە لە کتێبی (رساله الصحابه) دایە، چونکە ئیبن موقەففەع پێیوایە چاکبوونی کۆمەڵ بەستراوەتەوە (بە کەسانێکی تایبەت لە زانایان و ژیرمەندان)[1]. لە جێگایەکی تریشدا داوای نزیککەوتنەوە لە زانایان دەکات هەروەک لە کتێبی (الأدب الصغير)دا دەڵێ: (ئەگەر گیرتخوارد بە دەست دەستەڵاتەوە پەنابگرە بە

---

١- إبن المقفع، رسالة الصحابة، ضمن: علي، رسائل البلغاء، ص١٣٠.

زانایان)[١]، له جێگایەکی سێیەمیشدا ئاماژە بە پێگەی فیقهناسانی عیراق دەدات. هەموو ئەم ئاماژانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ئیبن موقەففەع دانیانەوە بە پێگەی (زانایان)دا، هەرچەندە پەیوەندییەکی مێژوویی خراپ لە نێوان نوسەران و فیقهناساندا هەبووە، یان لە ناخی خۆیدا ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو توێژە هەبووبێت، یان هەوڵیدابێت بەکاریانبێنێ بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکانی فەرمانڕەوا[٢]، ئەوا هەر ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ (کەسانی چاکەخواز و ڕاستگۆ)دا توندتوڵی دەکات ئاماژە دەدات بە ئاستی بەیەکگەیشتنی میتۆدیی لە نێوان ڕا ئەقڵییە تایبەتەکەی لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی، وە نێوان تاقمێک لە زانایان کە بەهێزترین بۆچوون ئەوەیە ئەوانەیان بوون هاتوچۆی فەرمانڕەوایان کردووەو پەیوەندییەکی تایبەتیان هەبووە لەگەڵیدا، جا بەرلەوە شارەزا ببین بە ئاستی پرۆسەی بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە کە ئیبن موقەففەع لەگەڵ ڕاوبۆچوونەکانی (کەسانی چاکەخواز و ڕاستگۆ)دا دایهێناوە، پێویستە ببێین ئەو دوو ڕایەی تری کە لە پێشەکی قسەکانی لەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی خستوونیەتە ڕوو پێشکەش بکەین.

ڕای یەکەم: ئیبن موقەففەع کورتیدەکاتەوە لە پرەنسیپی ((گوێڕایەڵی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی خوای تێدا بێت))، پێیوایە کە بەشێوەیەکی چەوت کاری لەسەر کراوە، چونکە ئەگەر پێشەوا فەرمانیدا بە گوێڕایەڵیی ئەوا بەگوێیدەکرێ، ئەگەریش فەرمانیدا بە شتێک سەرپێچی خوای تێدا بێت بەگوێی ناکرێ، بەپێی بۆچوونی ئیبن موقەففەع ئەوا ئەم ڕایە وێنای جورئەت بەخۆدان دەکات دەرهەق بە مافی فەرمانڕەوا لە گوێڕایەڵیدا، چونکە پێشەواو غەیری ئەویش لە گوێڕایەڵیدا یەکسان دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی (لەکارخستنی گوێڕایەڵیی پێشەواکان)[٣].

بەڵام ڕاکەی تری ئەوا ناویناوە بە (گوێڕایەڵی پێشەواکان)، ئەویش لەم گوتەیەیدا دەیخاتەڕوو کە دەڵێ: (گوێبیستی کەسانیتریش بووین دەیانوت ئێمە لە هەموو کاروبارێکماندا بەگوێی پێشەواکانمان دەکەین، ناگەڕێین بەدوای ئەوەدا کە ئایا لە گوێڕایەڵیی یان لە سەرپێچی خوادان و کەسمان نابێتە چاودێر بەسەریانەوە، چونکە ئەوان کاربەدەست و زانان، ئێمەش شوێنکەوتەین و ئەرکی سەرشانمانە

---

١- إبن القفع، الأدب الصغير، ص٥٩.

٢- پێش ئەمە عەبدولحەمید کاتب ڕاسپاردەی بە (فەرمانڕەوا) داوە کە فیقهناسان و پارێزکاران نزیکبکاتەوە لە خۆی. بڕوانە: الكاتب، رسالة عبد الحميد الكاتب في نصيحة ولي العهد، ص١٤٢.

٣- إبن المقفع، رسالة الصحابة، ص١٢٢.

گوێڕایەڵ و ملکەچ بین)[1]، ئیبن موقەففەع پێیوایە ئەم ڕایە بە ئاشکراو بەبێ پێچ و پەنا دەبێتە هۆی حەڵاڵکردنی سەرپێچی خوا.

بەڵام ئەو ڕایە کە ئیبن موقەففەع دەیخاتەڕوو پرسیارێک دەوروژێنێ کە پێویستە کەمێک لەسەری بوەستین، ئەویش پرسیارکردنە لەبارەی هەقیقەتی واقیعی هەبوونی ئەو ڕایە بەوجۆرە کە ئیبن موقەففەع خستوویەتەڕوو، چونکە خوێندنەوە فرەجۆرەکانی کەلەپوری سیاسیی ئیسلامی ئاماژە نادەن کە هیچ یەک لە زانایان یان کەلامییەکان یان فەیلەسوفان وتبێتیان کە دەبێت بەگوێی پێشەواکان بکرێ لە حاڵەتی سەرپێچی خوایشدا، گومانی تێدا نیە کە کۆت و بەندی سەرپێچی لە ڕووی تیۆریەوە ئاستێکی باوەڕی پێکدێنێ کە لای هەموو بازنەکانی هزری ئیسلامی سەلمێنراو و جێگیرە، حیساب نەکردنی کۆت و بەندی سەرپێچی بە مانای بەریەککەوتنی باوەڕ بووە لەگەڵ سیاسەتدا، ئێمە ئەوەش نازانین کە ئایا ئیبن موقەففەع مەبەستی کۆمەڵێ لە نوسەران بووە کە لەوانەیە ئەو ڕایەیان هەبووبێت یان نا، بەڵام زەقکردنەوەی ئەو ڕایە بەو سیفەتە کە یەکێکە لە ئاراستە گشتییەکان لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا خزمەتی ئەو میتۆدەیی کردووە کە پشتی پێبەستووە، واتە میتۆدی بەیەکگەیشتن و جیابوونەوە، چونکە هەبوونی دوو ڕاوبۆچوونی دەخواست کە وێنای هەردوولایەنی توندڕەوی بکات لە تێڕوانینی مەسەلەکەدا، ئەمەش تا ڕایەکی سێیەم بێتەناو و پێگەی ناوەند لە نێوان هەردوو تێڕوانینە تیژەکەدا وەربگرێ، ئەوانیش ئەم دووانەن: (سوک سەیرکردنی فەرمانڕەوا) و (دەستەمۆکردنی گوێڕایەڵیی)، چونکە ئەو بەرلەوە ئەو دەستەواژەیە کە ناوینراوە (کەسانی چاکەخواز و ڕاستگۆ) بخاتەڕوو دەڵێ: (ئەوانەی کە وتوویانە: ((گوێڕایەڵی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی خوای تێدا بێت)) ئەوا ڕاستیان پێکاوە، بەڵام لە پەکخستنی بەگوێکردنی پێشەواکان و بە کەم سەیرکردنیاندا نەیانپێکاوە، ئەوانەش کە دانیانناوە بە گوێڕایەڵی پێشەوادا ئەوا لەو شتانەدا کە لایان ڕوون بووە پێکاویانە، بەڵام لەوەدا نەیانپێکاوە کە هاتوون لە هەموو کاروبارە ناڕوونەکانیشدا بەگوێیان کردوون )[2].

لەڕاستیدا دۆزینەوەی هەردوو لایەنی ڕاست و هەڵە لە هەردوو ڕایەکەدا مەبەستی داڕشتنی پێشەکییە بۆ خستنەڕووی (ڕایەکی مامناوەند) کە خۆی

---

١- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

لە ڕەتکردنەوەی ڕەهای بەگوێکردنی پێشەواکان لە بواری ئاینیدا دەبینێتەوە، پەسەندکردنی ئەو ڕەهاییەش لە بواری سیاسیدا، ئیبن موقەففەع دەڵێ: (ئەوەی کە وتوومانە پێشەوا لە کاتی سەرپێچیکردنی خوادا بەگوێی ناکرێ، ئەوە بەدڵنیایی لە فەرزە سەرەکییەکان و لە سزاکاندایە کە خوای گەورە ڕێگای بە هیچ کەس نەداوە دەستەڵاتی بەسەریاندا هەبێت، جا ئەگەر هاتوو پێشەوا ڕێگری لە نوێژ و ڕۆژوو و حەج یان سزاکان کردو ئەوەی خوا حەرامیکردووە حەڵاڵیکرد، ئەوا لەوەدا خاوەنی هیچ فەرمانێک نیەو هەر لە بنەڕەتەوە بەگوێی ناکرێ[1].

پاشان دەڵێ: (بەڵام سەلماندنمان بۆ ئەوە کە پێشەوا بەگوێی دەکرێ لە شتانێکدا کەسیتر لەو شتانەدا بەگوێی ناکرێ، ئەوا لە مەسەلەکانی ڕەئی و بەڕێوەبردن و فەرماندایە کە خوای گەورە تایبەتیکردووە بەوەوەو خستوویەتیە دەستی پێشەواکان، کەسیتر بۆی نیە فەرمان بەم شتانە بکات وەک غەزاکردن و پاشەکشە و کۆکردنەوەو دابەشکردن و خستنەسەر کار و لەکارخستن و فەرماندان بە ڕەئی لە شتانێکدا فەرموودەی لەسەر نەبێت، هەروەها واژۆکردن و سزادان و حوکمە شەرعیەکان لەسەر قورئان و سوننەت و شەڕکردن لەدژی دوژمن و فێڵلێکردنی و سەرکەوتنی موسڵمانان و دابەشکردنی دەستکەوت بەسەریاندا)[2]. کەواتە بەگوێکردنی فەرمانڕەوا کۆت و بەندە بە سەرپێچینەکردنی خوای گەورەوە، کە لە هزری ئیبن موقەففەعدا دادەنرێ بە چەمکێکی وەزیفی و کۆمەڵگا دابەشدەکات بۆ دوو بواری وەزیفی لێکجیاواز: ئاین و سیاسەت: ئاین و ئەقڵ، لە ئایندا پێویستە گوێڕایەڵی خوای گەورە بکرێ، لە سیاسەتیشدا دەبێت بە گوێی فەرمانڕەوا بکرێ، چونکە دەستەڵاتی پێشەوا لە ڕەئی و بەڕێوەبردن هەر لە بنەڕەتدا دەستەڵاتێکی خواییە لە خواوەیە بۆ ئەو، (هیچ کەس مافی تێیدا نیە جگە لە پێشەوا، هەرکەسیش سەرپێچی فەرمانڕەوا بکات تیایدا یان نائومێدی بکات و پشتگیری نەکات ئەوا خۆی گوناهبار کردووە)، چونکە خوای گەورە ڕەئی داوەتە دەست کاربەدەستان، (هیچ کەس لە خەڵکی ئەو مافەی نیە مەگەر لە ئاماژەدانێکدا نەبێت لە کاتی ڕاوێژپێکردن و چوون بەدەم بانگهێشتەوە و دڵسۆزی بۆ پێشەوا لە حاڵی ئامادەنەبوونی پێشەوا)[3].

---

١- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٢٢-١٢٣.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

بەڵام (ناوچە هاوبەشەکان) لە نێوان خوا و فەرمانڕەوادا -ئەگەر ڕێگا بەم دەربڕینە بدرێ- ئەوا ئیبن موقەففەع نزیکیدەکاتەوە لە لایەنی حوکمە شەرعیەکان و مەسەلە تێکەڵاوەکان، پێیوایە (بەرزبکرێنەوە بۆی، -واتە بۆ فەرمانڕەوا- لە نوسراوێکدا و بەڵگەی هەر قەومێکیشی لە سوننەت یان پێوانەگیریی لەگەڵدا بێت، پاشان -بڕوانرێتە- پێشەوای باوەڕداران و -کاربکات- بە هەر مەسەلەو ڕایەک کە خوای گەورە ئیلهامی دەکات و بڕیاری لەسەر دەدات و بڕیاری پێچەوانەش نەدات)[١]، بەمجۆرە ئەوا تێکەڵبوونی حوکمەکان و فرەجۆری مەسەلەکان سەردەکێشن بۆ فراوانبوونی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا لە بازنەی شەریعەتدا.

بە گشتیش، ئەوا هزری ئیبن موقەففەع -وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا- لەسەر دوو ئاست دەجوڵێ: ئاستی بەیەکگەیاندن لە ڕێگای توند بەستنەوەی ڕاکانی بە ڕای کۆمەڵێک لە زانایان و چاکەخوازانەوە، ڕوخساری ئەم بەیەکگەیشتنەش بریتییە لە جەختکردن لەسەر پیادەکردنی کۆت و بەندی سەرپێچیکردن، ئینجا بەگەرخستنی چەمکەکانی شەرع وەک سەرپێچی و فەرموودەو هیتریش، ئینجا ئاستی جیابوونەوەی میتۆدی، واتە ڕزگارکردنی گوێڕایەڵی لە کۆت و بەندی سەرپێچی و هەر کۆت و بەندێکیتر لە بواری سیاسیدا، لەم ئاستەدا بە هیچ جۆر چەمکی (ئەهلی حەلل و عەقد) یان (هەڵبژاردن یان شورا) بوونی نیە، هەروەک دواتر لە گوتاری فیقهی ئیبن موقەففەعدا دەیبینین، ئەمەش بۆ گەیشتنە بە چەمکێکی سەربەخۆ لە گوێڕایەڵیی سیاسیی کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە (بەگوێکردنی پێشەوا لە شتانێکدا کە بەگوێی کەسیتر ناکرێ تیایاندا).

ئەوەی لە تیۆرەکەی ئیبن موقەففدا جێگای مەترسییە بەرژەوەندپەرستی و هەلپەرستییە لە چەمکی گوێڕایەڵیدا، نە تەنها لە ڕووی پێشینەیی و تەواوکاری تیۆریەوە، بەڵکو لە ڕووی ناوزەدبوونیشی بە پێچلێدانی هزری، چونکە لە کاتێکدا ڕاکانی گەیاندووە بە ڕای (کەسانی چاکەخواز و ڕاستگۆ)، ئەوا لە ڕاستیدا کاریکردووە بۆ بەرتەسککردنەوەی دەستەڵاتی فیقهناسان و کردوویەتە بارمتەی پێویستی فەرمانڕەوا، هەروەها لە کاتێکدا کە شەرعی هێناوەتەناو بواری سیاسەت -لە ڕێگای واژۆکردنی حوکم و مەسەلەکان-، لە هەمانکاتدا سەرەداوەکانی سیاسەت و شەرعی کۆکردووەتەوەو خستوونیەتە دەستی فەرمانڕەوا، هەروەها سنوردارکردنی گوێڕایەڵیی بە کۆت و بەندی سەرپێچی لەڕاستیدا ئازادکرنی

١- هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

بووە لە بواری سیاسیدا، چونکە ئەوەی کە سەرپێچی تێدا نیە بریتییە لە لایەنی ژیانی بەرفراوان، ئەوەشی کە ئاینیە ئەوا کۆت و بەندی سەرپێچی دەچەسپێت بەسەریدا، ئەمە جگە لەوەش کە سەرپێچی کۆت و بەندە لە کاروبارە ئاینیەکاندا نەک لە کاروبارەکانی ڕەئی و بەڕێوەبردن و سیاسەتدا، چونکە ئەم دواییینەیان -وەها کە ئیبن موقەففەع دەیبینێ- (جگە لە پێشەوا هیچ کەس مافی نیە تیایدا)، بەڵام پیادەکردنی تیۆری کە مەترسیدارترە و بە شاراوەیی ماوەتەوە و هەمیشە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ئەوا بریتییە لە (ڕەخنەگرتن لە فەرموودە) لە ڕێگای جیاکردنەوە لە نێوان سەرپێچی فەرمانڕەواو سەرپێچی غەیری ئەو لە خەڵکی، ئینجا کورتکردنەوەی ئەو چەمکە لە لایەنی ئاینیدا، بێئەوەی کۆت و بەندێکی تری وەزیفی بخرێتە جێگای کە زەمانەتی ئازادنەکردنی گوێڕایەڵیی بکات لە لایەنی سیاسیدا.

**پ- ئاکاری گوێڕایەڵیی:**

گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ئاکارە سوڵتانییەکاندا دوو بنەمای هەیە: واقیعی و شەرعی، ئەم دوو بنەمایەش لە ڕووی پێگەکانی بونیادی تیۆریزەیی بۆ بیرۆکەی گوێڕایەڵیی گوزارشت لە دوو ئاراستەی جیاواز دەکەن، بەڵام لە مەسەلەی گرنگیدان بە بەکارهێنانی هەردوو ڕەگەزی شەرع و واقیع وەک ئامراز لە بەجێگەیاندنی ئەو بونیادەدا هاودەنگن، دەتوانین ئاراستەی یەکەم ناو بنێین بە (ئاکاری نوسەران)، کە لە بەرهەمی نوسەرە ڕۆشنبیرەکاندا -بەتایبەتی پێشەنگەکانیان- ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکی مەرجەعی یان پسپۆڕییان بە زانستە شەرعیەکانەوە نیە خۆی دەنوێنێ. ئاراستەی دووەمیش: دەتوانین ناوی بنێین بە (ئاکاری فیقهناسان) ئەمیش پێکدێت لە بەشداری کۆی ئەو فیقهناسانە کە سەرقاڵبوون بە بواری ئاکارە سوڵتانیەکانەوە، کە لە پرۆسەی پەرەسەندنی ئەو بوارە مەعریفیەدا لە قۆناغێکی دواتردا بووەتە ئاراستەیەکی زاڵ.

گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هەگبەی ئاکاری نوسەراندا لەسەر واقیع دادەمەزرێ، ئەو جگە لە ئیقرارکردن بە هێزو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا کە ئیرادەی ڕەهای خوایی بەرجەستە دەکات شتێکیتر نیە، ئیبن موقەففەع لە سەرەتای نامەکەیدا بۆ ئەبو جەعفەری مەنصور کە پێیدەوترێ (رساله الصحابه) ئاماژە بەم مانایە دەدات، بە دواندنی (پێشەوای باوەڕداران) دەستپێدەکات کە خوای گەورە گەلەکەیی بۆ زەلیلکردووە، سەرنجی بۆ ئەو دەستپێشخەریەی بۆ چاکسازی ڕادەکێشێ کە ئەو

کارەی لە تێڕوانینی گەلەوە لاوازی نیە[1]، باسکردنی (زەلیلی گەل) پاساوێکە بۆ چاکسازی کە ئیبن موقەففەع مەبەستی پێی دڵنیاییدانە بە دەسەڵاتی سیاسیی کە گرنگیدانی بە ئەنجامدانی چاکسازی لە پەیکەریی دەوڵەتدا لەسەر حیسابی دەستەڵاتەکەی نیە، بەڵام ئەو شتەی کە لە گوتارەکەی ئیبن موقەففەعدا جێگای گرنگی پێدانە، ئاماژەکانی هەبوونی گۆڕانکاریی قووڵە کە لەو سەردەمەدا بەسەر کۆمەڵگادا هاتووە، پێویستی کردووە ئەو وەسفە لە ڕوخسارە ڕۆشنبیرییە سیاسییە گشتییەکانی کۆمەڵگادا بەکاربهێنرێ. ئیبن موقەففەع بەو سیفەتە کە نمونەی ڕۆشنبیرێکی دەستەڵات بووە، سەرنجیداوە بە هەبوونی ئامادەباشییەکی کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی جۆرێک لە گوێڕایەڵیی سیاسیی واقیعی، کە ڕێگایداوە بە داڕشتنەوەی ئەو چەمکە لەسەر ئەو شێوەیە کە لە بڕگەی پێشوودا مشتومڕمان لەسەر کردووە، هەروەها حاڵەتێکی گونجاو فەراهەم بێنێ بۆ دەستکردن بە ئەنجامدانی چاکسازی کە بەردەوامبوونی ڕژێمی عەبباسی و درێژەپێدانی زامن بکات.

(زەلیلی گەل) ئەو ڕێسایەیە کە ئیبن موقەففەع گوتاری چاکسازی خۆی لەسەری بونیاتناوە، هەوڵیشیداوە بیگۆڕێ بۆ (یاسا)یەک کە پەیوەندی گەل بە فەرمانڕەواوە توندوتۆڵ بکات. بەڵام لەناو ئەو فیقهناسانەدا کە سەرقاڵبوون بە ئاکارە سوڵتانیەکانەوە تیایاندا بووە کاریکردووە لەسەر گۆڕینی (زەلیلی گەل) بۆ جۆرێک لە گوێڕایەڵیی سیاسیی شەرعی، (ئاکاری فیقهناسان) پڕە لە نمونەی لەوجۆرە، تەرتوشی لە چەند وشەیەکی کورت و پڕماناادا کە دەچنە قاڵبی حیکمەتەوە دەڵێ: (بەگوێکردنی پێشەواکان فەرزە لەسەر گەل...بەگوێکردنی فەرمانڕەوا هاوتایە بە گوێڕایەڵیکردنی خوا...دەی لە خوابترسن و مافەکانی جێبەجێ بکەن و لە فەرمانڕەواش بترسن و بەگوێی بکەن...لە نیشانەکانی شکۆمەندڕاگرتنی خوا شکۆمەندڕاگرتنی فەرمانڕەوایە ئیتر دادپەروەر بێت یان ملهوڕ)[2]، ئینجا بەشێوازێک کە تێکەڵە لە ئەدەب و فیقە دەڵێ: (هەرکەس لە گوێڕایەڵیی دەربچێ ئەوا پارێزبەندی هەڵگیراوە، ئەستۆپاکی نەماوەو ناشکوری نیعمەت دەکات)[3]، بەڵام ئیبن ئەبی ڕەبیع پێیوایە (خوای گەورە کاتێ پادشاکانی تایبەتکردووە بە

١- هەمان سەرچاوە، ل١٢١.

٢- الطرطوشي، سراج الملوک، ص٤٢.

٣٠- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

کەرامەتی خۆی، لە وڵاتی خۆیدا هێز و توانای پێبەخشیون و مۆڵەتیشیداون گەورەی گەل بن، ئەوا کردوویتە ئەرک لەسەر زاناکان بە شکۆمەندی ڕایانگرن و بە گەورەیان بزانن و ڕێزیان لێبگرن، هەروەها فەرزیکردووە لەسەریان بەگوێیان بکەن)[1]، پاشان بەگوێکردنی پێشەوا بە ئاینداریی دادەنێ و دەڵێ: (هەرکات بە شەو یان بە ڕۆژ بانگیکردن با بچن بەدەمیەوە، با سەرپێچی فەرمانی نەکەن، با باوەڕیان وەهابێت کە ئەوە ئاینداریيە)[2]، ئیبن عەبد ڕەببۆ (٣٢٨ک.م) هەمان بۆچوونی هەیەو دەڵێ: (دڵسۆزی بۆ پێشەواو بەگوێکردنی فەرزەو فەرمانێکی پێویستە، باوەڕیش بەوە نەبێت کامڵ نابێت، ئیسلامیش بەو نەبێت جێگیر نابێت)[3].

بەرمەبنای ئەمە دەتوانرێ بوترێ کە بناغەڕێژی (شەرعیی) لە قۆناغی بونیاتنانی تیۆریی چەمکەکەدا دژ نەبووە لەگەڵ بناغەڕێژی واقیعیی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، چونکە هەردوو ئاراستەی ناوبراو- هەریەکەو بەوپێیە کە پێگە هزریەکانی ڕێگای پێداوە- هەردوو ڕەگەزی شەرع و واقیعیان وەک ئامرازێک بۆ شەرعیەتدان بە بونیاتنانی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەکارهێناوە، ئاراستەی (ئاکاری نوسەران) لە پێگەی واقیعەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، بەڵام ئامادەبوونێکی کردەیی شەرع لەسەر هەردوو ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە هەناویدا بوون، ئینجا وەک ئامرازێ لە بونیاتنانی گوتاری تیۆریزەیی خۆیدا بەکاریهێناون. لە بەرانبەریشەوە ئەوا ئاراستەی (ئاکاری فیقهناسان) لە پێگەی شەرعەوە هەنگاویناوە، بەڵام هەبوونی واقیعی فەرمانڕەوا لە هەناویدا بووە بەجۆرێک کە بە وەڵامدەرەوەی مرۆیی بۆ ئیرادەی خوایی داناوە، پاساو بەو سازشە دەدات کە لە کاتی هەوڵدانی بۆ گونجانی واقیع لەگەڵ شەرعدا پێشکەشی بکات، ئەنجامەکەش بریتییە لە بەیەکگەیشتنی هەردوو ئاراستەکە لە خاڵێکی سەنتەریدا، کە لە فراوانکردنی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر هەردوو ئاستی باوەڕی و شەرعی، هەروەها لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و واقیعی کە جێگیری دەکات خۆی دەنوێنێ.

ئەمەی پێشەوە دەربارەی ئاوێتەبوون بوو لە نێوان هەردوو ئاراستەکەدا بۆ مەسەلەی بونیاتنانی مەعریفی تیۆریزەیی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، بەڵام جیاوازییەکە لەدوای ئەوە دەردەکەوێت، ئەوەش کاتێک مشتومڕ لەسەر مەسەلەی

---

١- إبن أبي ربيع، سلوك المالك في تدبير الممالك، ص٩٢-٩٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٩٧.

٣- الأندلسي، أحمد بن محمد بن عبد ربه، العقد الفريد، بيروت: دار الكتب العالمية، ط٣، ج١، ص١١.

دابەشکردنی داهاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی دەکریّ، واتە ئەو سودانەی کە لەبەرئەنجامی پابەندبوونی گەل بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە بەدەستدێن وەهاکە لە بۆچوونی هزری دەستەڵاتدایە، لە گرنگترینیان دەستەبەرکردنی شەرعیەتە، تۆخبوونەوەی بەهای سەقامگیرییە، دوورکەوتنەوەیە لە فیتنە، توندوتۆڵکرردنی ڕەفتاری تاک و کۆمەڵە، هەروەها ڕێکخستنی کاروبارەکانی ژیانە، بەهێزکردنی هەستی گشتییە بە لایەنداریی. حاڵەتی ڕاجیاوازیش لەم مەسەلە دابەشکراوەدا بەڕوونی دەردەکەویّ ئەویش کاتێک کە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی یەکتر ببڕیّ لەگەڵ بۆچوونی هەردوو ئاراستەی پەیوەندی نێوان سیاسەت و شەرع، چونکە ئاراستەی یەکەم وەها سەیری داهاتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی دەکات کە داهاتێکی خودییەو خزمەت بە سیاسەت دەکات، دەبێت بڕژێتە خانەی فەرمانڕەواوە بەو سیفەتە ئەو زامنی ئارامیی و ئاسایشی کۆمەڵگایە، لەبەرئەوە ئەوا ئەو ئاراستەیە بەرەنگاری هەر هەوڵێک دەبێتەوە کە جۆرێک لە دابەشکردنی هاوسەنگ بۆ ئەو دەستکەوتە لە نێوان دەوڵەت و شەریعەتدا دێنێتە کایە، چونکە گوێڕایەڵیی کورتدەکاتەوە لە فەرمانڕەوادا، تای تەرازووی سیاسەت دەدات بەسەر تای شەریعەتدا، ئەم ئاراستەیەش لە تیۆریزەی ئیبن موقەففەعدا بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەماننناسێنیّ بە نیشانە گشتییەکانی [1].

بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەوا ئاراستەی (ئاکاری فیقهناسان) هەوڵدەدات جۆرێک لە دابەشکردنی هاوتا بۆ سودی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەستبخات، چونکە -بە بۆچوونی ئەو- ناکریّ ئەو دەستکەوتە تەنها بۆ بەرژەوەندی فەرمانڕەواو دەستەڵاتەکەی بێت، بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی سەرەکی شەریعەت بگرێتەوە. چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەوەش لە ڕێگای توند بەستنەوەی نێوان گوێڕایەڵیی و بیرۆکەی (پاسەوانێتی ئاین)ەوە دەبێت، ئەمە بەو پێیە کە ئەو بەستنەوەیە لە یەک کاتدا خزمەت بە ئاین و سیاسەت دەکات و گونجاندن لەنێوانیاندا دەستەبەر

---

١- لە پەیامی (اليتيمة)ی ئیبن موقەففەعدا دەقێکمان بینی کە ئاماژە دەدات بە گرنگێتی بونیاتنانی سیاسەت لەسەر ئاین، تیایدا هاتووە دەڵیّ: بزانە کە پادشاکان سیّ جۆرن: پادشای ئاین و پادشای هێز و توندوتۆڵی و پادشای هەواو هەوەس، پادشای ئاین ئەوا ئەگەر ئاینی بۆ خەڵکەکە بەرپاکردو ئاینەکەیان ماڵ و سامانی بەخشیّ پێیان و ئەویش لەبەرانبەرەوە ئەوەی بە خەڵکەکە دا کە لەسەریەتی و ڕازیکردن، ئەوا ئەو کەسەیان تورەیەو ڕقی لە ئیقرارپێکردن و ملکەچبوونە ڕازی دەبێت، بەڵام پادشای بەهێز و توندوتۆڵ ئەوا کارەکان بەو دەڕوات و سەلامەت نابێت لە لۆمەو ناڕازیبوون، ئەوکاتیش هەر جۆرە ڕەخنەی هەر کەسێکی زەلیل زیانی پێناگەیەنیّ، بەڵام پادشای هەواو هەوەس ئەوا سەعاتێکی یاری و گاڵتەوگەپی وێرانی ڕۆژگارێکی تێدایە). بڕوانە: إبن المقفع، الدرة اليتيمة، ص٦٣-٦٤.

دەکات.

لەمبارەیەوە ماوەردی هەوڵدەدات قەناعەت بە (فەرمانڕەوا) بکات کە ئاین گرنگێتی خۆی هەیەو ڕۆڵی هەیە لە بونیاتنانی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەمەش پێشەکییەکە بۆ ئەوەی داوای لێبکرێ کە ئاینیش بەشێک لە دەستکەوتی گوێڕایەڵیی بەدەست بێنێت، لێرەوە ڕێخۆشدەکات بۆ ئەوەو دەڵێ: (لەوانەیە هەندێ لە پادشاکان ئاین فەرامۆش بکەن، لە کاروباریاندا پشت بە هێز و توانای خۆیان و زۆری سەربازەکانیان ببەستن، ئیتر ئەوە نەزانن کە ئەگەر سەربازەکانیان باوەڕیان وەهانەبێت کە بە حوکمی ئاین بەگوێی دەکەن ئەوا لە هەر نەیار و دوژمنێک زیاتر زیانی پێدەگەیەنن)[1]، ماوەردی دەیەوێت بڵێ، پێویستە فەرمانڕەوا بە هێز و توانای خۆی و بە گوێڕایەڵیی سەربازەکانی بۆی لەخۆبایی نەبێت، چونکە ئەگەر بێتو گوێڕایەڵیان بۆی لەسەر بنەمای ئاین دانەڕێژرابێت ئەوا لێی هەڵدەگەڕێنەوەو دەبنە دوژمنی.

پاشان ماوەردی بەو پێیە کە خاوەنی قورساییەکی فیقهییە دەڕوات بۆ جەختکردن لەسەر هەبوونی مۆرکی ئاینی بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی، بۆچوونی وایە ئەگەر گەل باوەڕی وەهابوو کە بەگوێکردنی فەرمانڕەوا ئاینداریيە ئیتر دژایەتی و ململانێی لەگەڵ ناکات، خۆی پابەند دەکات بە گوێڕایەڵیکردنی، ئەمەش دەبێتە هۆی دڵئارامی و حەوانەوەی فەرمانڕەوا، وایلێدەکات دڵنیابێت لە پاراستنی دەستەڵاتەکەی، جا مادامێ ئاین گەرەنتی گوێڕایەڵیی گەلی بۆ مسۆگەر دەکات، ئیتر ئەویش هەڵدەستێ بە ئەرکی (پاراستنی ئاین) بە باشترین شێوە.

ماوەردی لەم میانەیەدا گوتەیەک بۆ پشتگیری خۆی دەهێنێ کە دەدرێتە پاڵ (ئەردەشێری کوڕی بابک)، ئەمە دەقەکەیەتی: (بەختەوەریی گەل لە بەگوێکردنی پادشادایە و بەختەوەریی پادشایش لە بەگوێکردنی خاوەن موڵکدایە)[2]، ئەم گوتەیە شێوەی ئاڵوگۆڕ بەرجەستە دەکات کە ماوەردی دەیەوێت لە پەیوەندی نێوان گەل و پادشادا جەختی لەسەر بکات، هەروەها پەیوەندی پادشاش بە خوای گەورەوە. کەواتە گوێڕایەڵیی دەچێتە ژێر ئاراستەیەکی هەڵکشان لە گەلەوە بۆ پادشا -ماوەردی مشتومڕی ئەم ئاراستەیە ناکات و لێرەدا جێگای بایەخپێدانی نیە- پاشان گوێڕایەڵیی پادشا بۆ خاوەن موڵک کە خوای باڵادەستە، پەیوەندیش لەسەر

---

١- الماوردي، تسهيل النظر وتعجيل الظفر في أخلاق الملوك وسياسة الملك، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٨١، ص١٤٧.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٦٩.

ئەم ئاستە لە نێوان پادشاو خاوەن موڵکدا، کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنی دەبێت لە پەیوەندی گەل بە پادشاوە، جا ئەگەر پادشا پابەندبوو بە پاراستنی ئاینەوە ئەوا گەلیش لەسەر بەگوێکردنی ئەو دادەمەزرێ، بەڵام ئەگەر پێچەوانەکەی ڕوویدا ئەوا ماوەردی ئاماژە دەدات بە یاخیبوونی کۆمەڵایەتی، ئەم ئاماژەیە لە ڕووی شێوەوە جیاوازە لە گوتاری ئاکارە سوڵتانیەکان، بەڵام لەڕاستیدا جگە لە چڕکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی هونەرسازی ئامۆژگاری لە ڕێگای ئامڕازی ترساندنەوە زیاتر نیە، واتە ترساندنی فەرمانڕەوا لە (نەمانی دەستەڵاتەکەی) ئەگەر بێتو ڕەچاوی ئەرکی (پارێزگاری ئاین) نەکات، مەسەلەکە لێرەدا هیچ پەیوەندی بە فەرمانی تێوریزەکردن بۆ یاخیبوون نیە بەو پێیە کە بژاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە لایەنی شەرعیەوە ئەگەری ڕوودانی هەیە.

لەڕاستیدا ماوەردی چەمکێکی چنراو و تێهەڵکێش بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی پێشکەش دەکات کە ئاوێتەیە بە باوەڕەوە و دەچێتەناو بونیادی هەمووکییەوە، ئەم دەقە کە پرۆسەی ئەو ئاوێتەکردنە دەخاتەڕوو، لە ڕێگایدا کۆمەڵێ چەمکی شەرعی تر سنوردار دەکات کە لەوانەیە ببنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گۆڕینی گوێڕایەڵی بە ئاراستەی ئایندا، ماوەردی لە دەقێکی درێژدا دەڵێ: (...هیچ کەس نیە لەو کەسە کە کاروباری گەلی دەکەوێتە دەست زیاتر شایانی مەترسی و بەزەیی پێداهاتنەوە بێت، لەپێشتر بێت لە زەحمەتکێشان و ماندووبوون و ئیجتیهادکردن، چونکە ئەوە ئەمانەتی خوایەو ئەو کردوویەتە ئەمیندار لەسەر گەل، بەندەکانی خۆی داوەتە دەستی ئەو و کاروباریانی داوەتە دەستی، خوای گەورە لێپرسینەوەی لێدەکات، چونکە خوای گەورە ڕەخنەگرتن و ناڕازییەکانی گەلی لەسەر کردەوەکانی لابردووە، لەو ڕەئی و ئیجتیهادانەدا کە دەیانکات پاراستوویەتی لە زمانی گەل، فەرزیکردووە لەسەر گەل بەگوێی بکەن و پابەندبن بە ملکەچی و بەو فەرمان و بڕیارانەوە دەریان دەکات، هەروەها لە نێوان فەرماندان و ڕێگریەکانیدا هەڵسوکەوت بکەن، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾النساء: ٥٩ چاکی گەلی بەستووەتەوە بە چاکی ئەوەوە، خراپەیانی بەستووەتەوە بە خراپی ئەوەوە، چونکە ئەو دڵەو ئەوانیش پارچەکانی جەستەن، ئەو جەمسەرەو ئەوانیش لایەنەکانن)[١].

ئەم دەقە چڕ و تێهەڵکێشە لەسەر (جوانکردن)ی گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانڕەوا بەرپا

---

١٠- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥-١٤٦.

دەبێت کە لەسەر باوەڕ بونیاتنراوە، ئەوەش بە مەبەستی هێنانەناوی شەریعەت لەگەڵی لە پەیوەندییەکی هاوتادا، چونکە لەیەک مەسەلەدا داوای ئاڵوگۆڕی ئەو گوێڕایەڵییە دەکات کە نە لێپرسینەوەو نە ڕەخنەو ناڕازیبوونی تێدایە ئەویش (پارێزگاری ئاینە)، بەڵام لەبەرانبەر ئەم ئاراستە (فریودەرە) لە ڕوونکردنەوەی نیشانەکانی گوێڕایەڵیی، ئاراستەیەکیتر هەیە ئەویش هۆشداریدانە بە نەمانی دەستەڵات ئەگەر فەرمانڕەوا هەڵنەسێت بە ڕەچاوکردنی ئەرکی پاراستنی ئاین، بۆیە دەبینین لە سێ هۆ یان سێ حاڵەتدا هۆشداری دەدات کە ئەگەر بێتو فەرمانڕەوا ڕەچاویان نەکات ئەوا با جەستەکانیش بەگوێبیکەن هەر دڵەکان پشتی تێدەکەن، دەڵێ: (لێرەوە خەڵکی هۆکار دێننە کایە بۆ رزگاربوون لێی، دەرگای ڕاپەڕین لەدژی بە ڕوویدا دەکەنەوە و بۆ پاراستنی ئاینەکەیان بەخشینی ڕۆح و ماڵ و سامانیان لا ئاسان دەبێت)[١]، ئەو هۆیانەش بریتین لە: هەڵوەشاندنەوەی ئاین، بە سوک سەیرکردن و پشتگوێخستنی حوکمەکانی، بیدعەکاری تیایدا، (جا ئەگەر یەکێک لەو سێ هۆیە هاتن بەسەر ئایندا، ئەوکات کەسانێک داوایان لە پادشا کرد کە ئاین سەربخرێ و بیدعەچییان بگۆڕدرێن و بێن سوننەتی ڕاست و دروست پەیڕەو بکەن، خەڵکیش چوونە ژێر گوێڕایەڵی ئاین و بە توندی پشتگیریان لێکردو، هەستیانکرد کە بەخشینی ڕۆح لەپێناویدا مافی خوای گەورەیە لەسەریان و سەرخستنی لەو فەرمانانەیە کە پێویستە پابەندبن پێیەوە)[٢]، لێرەدا گوتارە هۆشداریەکەی ماوەردی دەگاتە ئەوپەڕی، کە هەروەک گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوا لە ڕووی ئاینەوە فەرزە، ئەوا پشتگوێخستنی پارێزگاری ئاینیش وەها لەو خەڵکە دەکات کە پشتگیری لە ئاین ببێتە ئەرکی سەرشانیان و ئاین شکۆمەند بکەن کە ئەوەش لە (مافە فەرزەکانی خوایە) و (لە فەرمانە زەرورییەکانە) لەسەریان.

ئەوی ڕاستی بێت مەرجی سودمەندبوونی فەرمانڕەوا بە نیشانەکانی گوێڕایەڵیی، هەروەها وەبەرهێنانی دەستکەوتە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی لای ماوەردی بریتییە لە پارێزگاری لە ئاین، ئەگەرنا ئەوا ئەو گوێڕایەڵییە کە لەسەر ئاین دامەزراوە حاڵەتێک لە دوورکەوتنەی خەڵکی بەرهەمدێنێ کە ڕێخۆشکەرە بۆ ڕاپەڕین لەدژی فەرمانڕەوا، ئەمەش لە تێڕوانینی ئاینەوە بەهەمانشێوە پاساوێکە بۆ ڕاپەڕین، لەبەرئەوە پرۆسەی بونیاتنانی گوێڕایەڵیی لەسەر ئاین پڕە لە مەترسی، چونکە

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٥٤.

لەلایەکەوە فەرمانڕەوا پارێزراو دەبێت و دڵەکان نەک تەنها جەستەکان ملکەچی دەبن، بەڵام لەلایەکیترەوە دەگۆڕدرێ بۆ چەکێک بۆ لێسەندنەوەی دەستەڵات لێی، کەواتە دەبێ چ شتێک وا لە فەرمانڕەوا بکات هەنگاوبنێ بۆ مەترسی لەو جۆرە، واتە بونیاتنانی گوێڕایەڵیی لەسەر ئاین؟

ماوەردی حیساب بۆ ئەمجۆرە پرسیارانە دەکات، لەبەرئەوە لە یەک گۆشەنیگاوە دەڕوات بۆ خستنەڕووی دوو جۆر لە جۆرەکانی دەستەڵات، ئەویش لەو ڕووەوە کە تاکوێ شیاوی لابردنن، لێرەوە پێیوایە ئەو دەستەڵاتە کە لەسەر هێز بەرپا دەبێت بە ستەم و خراپەکاری لەناودەچێت، ئەو دەستەڵاتەش کە لەسەر سەروەت و سامان بەرپا دەبێت بە سوکترین هۆکار لەناودەچێ، پاشان هاتووە نیشانەکانی ئەو دەستەڵاتەمان بۆ دەخاتەڕوو کە لەسەر ئاین بەرپا دەبێت، بەوەی دادەنێ کە (بناغەکەی لە هەموویان قایمتر و درێژخایەنتر و دڵسۆزترینیانە بۆ گوێڕایەڵیی)[1]، چونکە ئەمجۆرە دەستەڵاتە بە یەکێک لەو سێ حاڵەتە نەبێت کە پێشتر باسکران نە لەناودەچێ و نە لێیدەسەنرێ، لەبەرئەوە بونیاتنانی دەستەڵات لەسەر ئاین دادەنرێت بە گەرەنتییەک بۆ جێگیربوونی دەستەڵات و بەردەوامبوونی، ئەوەش بە کردەی بیرۆکەی گوێڕایەڵییە کە ماوەردی جەخت لە بەهای دڵسۆزی دەکات تیایدا، لێرەوە فەرمانڕەوا جگە لە دوورکەوتنەوە لەو هۆکارانە کە دەبنە هۆی ڕاپەڕین لەدژی ئەوەش بە ڕەچاوکردنی پارێزگاری لە ئاین ئیتر شتێکیتری پێویست نیە.

ماوەردی بەتەنیشت ئەمەوە جەختدەکات لەسەر دەستەڵاتی کۆمەڵایەتی ئاین کە هاوتەریب و هاوتایە بە دەستەڵاتی پادشا، ڕایدەگەیەنێ کە پادشا ناتوانێ بازبدات بەسەر ئەو دەستەڵاتەدا یان پشتگوێی بخات. لێرەوە ئەو دەستەواژە بەناوبانگە دەهێنێ کە دراوەتە پاڵ ئەردەشێر و وتوویەتی: (گومانی تێدا نیە کە ئاین و پادشا دووانەیەکن، کەسیان ناتوانێ بەبێ ئەویتریان بوونی هەبێت، چونکە ئاین بنەمایەو پادشایش پاسەوانەو هەردەبێ پادشا بنەمای هەبێت و دەبێ بنەمایش پاسەوانی هەبێت، چونکە هەر شتێک پاسەوانی نەبێت دەفەوتێ و هەرکەسیش بنەمای نەبێ دەڕوخێ)[2]، ماوەردی پاشان دێتەوە ڕەگەزێکیتر لە نێوان ئاین و سیاسەتدا زیاد دەکات کە بوارێکی بەرفراوان دەکاتەوە بۆ مەیلی چوون بەلای یەکتردا، ئەوەش لە ڕێگای ئاماژەدان بە ئەگەری دەستبەسەراگرتنی فەرمانڕەوا بەسەر دەستەڵاتی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٥٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤٩.

ئایندا، تا بەمجۆرە هەردوو دەستەڵاتی ئاین و سیاسەت کۆببنەوە لە دەستی فەرمانڕەوادا، ڕوونیدەکاتەوە ئەو ئامرازەی کە فەرمانڕەوا پێویستی پێیەتی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە تەنها ئەوە نیە کە هەستێ بە پاسەوانێتی ئاین بەو سیفەتە کە ئەرکێکی سیاسییە، بەڵکو بەوە دەبێ کە نواندنێکی ڕەوشتی بۆ بەهاکانی ئاینی هەبێت، دەڵێ: (پێویستە پادشا هەروەک چۆن پێیناخۆشە لەناو گەلەکەیدا یەکێک هەبێت فەرمانی لەو زیاتر جێبەجێ بکرێت، دەبێ بەهەمانشێوە پێیناخۆشبێت لەناو گەلەکەیدا کەسێک هەبێت لە خۆی دیندارتر بێت)[1].

ماوەردی ئابەمشێوەیە ئامراز و کارە هونەرییە چڕ و پڕ و فرەجۆرەکان بەکاردێنێ تا لەناو دوو ئاستدا بجوڵێ، ئەوانیش بریتین لە: (ئاسانکردنی تێڕوانین) و (دەستکەوتی خێرا) –ئەمەش ناونیشانی کتێبە ناودارەکەیەتی لە ئاکارە سوڵتانیەکاندا–، لە ئاستی یەکەمدا هاوکاری فەرمانڕەوا دەکات تا تێبگات لە سیفەتەکانی دامەزراندنی دەستەڵات لەسەر ئاین، پاشان دەیبات بۆ ئاستی دووەم بە پەسەندکردنی پرەنسیپی پاسەوانی ئاین بەو سیفەتە کە دەستکەوتێکی دنیایی و ئاینییە، تا بگاتە پەروەردەی ڕەوشتی بۆی، ئەوەش بەو مەبەستە تا ئاین وەک دەستەڵاتێک بەدەستبێنێ کە توانای دابینکردنی دەستەڵاتەکەیی هەیە، لەڕاستیدا ئاوڕدانەوەی فەرمانڕەوا بەلای ئایندا و چاودێریکردنی بۆی، دەیخواست سیفەتە دڵنیاکەر و مەترسیە پێشبینکراوەکان بخرێنە پێشچاوی فەرمانڕەوا، ئەم (خستنەڕووە سودەمەندییە) بۆ ئاین بە لۆژیکی قازانج و زەرەر، وای لە فەرمانڕەوا کرد بچێتە پێگەی هەڵبژاردن و بەراوردکاری لە نێوان ئەوەی لە ئاین وەریدەگرێ و ئەوەشی کە ڕەتیدەکاتەوە، بەتایبەتی کە پێویستی فەرمانڕەوا بۆ ئاین کەمتر نیە لە پێویستی ئاین بە فەرمانڕەوا، چونکە ئاین پێویستی بە فەرمانڕەوایەکی هەژمووندارە تا پایە و ڕێساکانی بپارێزێ و بیدعەکانی لێ دووربخاتەوە، چونکە ((خوای گەورە ئەو کارەی کە بە فەرمانڕەوا جێبەجێی دەکات بە قورئان جێبەجێ ناکرێ)، بە دیاریکردنێکی وردتر بڵێین، ئەوەی کە فەرمانڕەوا پێویستی پێیەتی ئاین بۆی بکات بریتییە لە گوێڕایەڵیی گەل، بەڵام ئەوەی کە ئاین پێویستیەتی فەرمانڕەوا بۆی بکات پاسەوانییە، جا ئەگەر گوێڕایەڵیی چەمکێک بێت ماناکانی تەسلیمبوون و وئیقرارکردن و ملکەچی و دەستەڵاتدانە دەستی فەرمانڕەوا بەبێ لێپرسینەوە یان ناڕازیبوون و ڕەخنەگرتن بێت، ئەوا چەمکی پاسەوانیش لەتوێی سنوری

---

١– هەمان سەرچاوە، ل١٤٨.

پارێزگاری لە ڕێساکانی ئاین و پایەکانی و پاراستنی لە بیدەعە هەنگاودەنێ، ئەمە بێئەوەی کاراکردنی شەریعەت وەک حوکمەکان و مەبەستەکان لە ژیانی کۆمەڵگادا بگریتەوە، یان کردەی سیاسیی بە تەواوەتی توندوتۆڵ بکات، لەبەرئەوە ئەوا بۆچوونی سوڵتانی بۆ چەمکی پاسەوانیی ڕێگا دەدات بە بوونی چەندین جۆر لە ستەمی کۆمەڵایەتی، بە خۆویستی و دنیاویستی، تەنانەت تا دەگاتە نەمانی حوکمەکانی شەریعەت جگە لە ڕێساو بنەماکانی، بێئەوەی چەمکی پاسەوانیش لێی کەمبکرێ، ماوەردی دەڵێ: (پادشای ملهوڕ بەردەوام دەبێ و مۆڵەتی دەدرێ تا خۆیبدات لە پایەکانی تەلارەکەو بنەماکانی شەریعەت، ئەوکات ئەگەر نزیککەوتەوە لێیان ئەوا ماوەی نەمانی فەرمانڕەواییەکەی نزیکبووەتەوە)[1].

مەعلومە ئەو جیاوازە زۆرەی کە لە نێوان گوێڕایەڵیی و پاسەوانیدا لەسەر هەردوو ئاستی تیۆریزەیی و واقیعیدا هەیە، هەروەها دوورخستنەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە مەسەلەی سیاسیی لە کایەی مشتومڕی فەرمانڕەواییدا، نەنگی و کەموکووڕیەکی ڕوون و ئاشکرای دروستکرد، کە لە هاوکێشەی دابەشکردنی سودەکانی گوێڕایەڵیی بە بەرژەوەندی فەرمانڕەوا تەواوبوو، چونکە فەرمانڕەوا گوێڕایەڵییەکی ئاینی ئامادەو جێگیرو ڕەها لە بوارە سیاسیەکەدا بەدەستدێنێ، کەچی لە بەرانبەرەوە پیادەکردنێکی دەستچن و سەرزارەکی بۆ چەمکی پاسەوانیی ئاین ئەنجامدەدات.

بێگومان کاتێ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو سیفەتە کە ڕەگەزێکی زیندووە لە پرۆسەی (مژدەبەخشی سیاسیی)دا هات باشییەکانی شەریعەتی لەو بوارەدا خستە پێشچاوی فەرمانڕەواو لەناو بازنەی سیاسەتدا بەکارهێنا، ئەوە بووە هۆی داماڵی چەمکەکە لە ژینگە تەشریعیەکەی خۆی و لە کۆی ئەو بەها پشتگیرکارانە لە سنوری دەقەکەیدا، ئینجا خستنەڕووی وەک چەمکێکی هەمووەکی کە مۆرکی گشتگیر و هەژموونداری هەیە بەسەر بەها شەرعییەکانی تردا وەک شورا و لێپرسینەوەو هەڵبژاردن و ناڕازیبوون و ستەمکردن، جا ئەوەندەی دێتە پێشچاو ئەو پیادەکردنە تیۆریزەییە تایبەتمەندییەکی باوەڕیی ناوازەی بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەخشیوە، بەمەش چەمکەکە لە بواری سیاسیدا کارایی خۆی لەدەستداوە، بەڵکو گۆڕیویەتی بۆ زامنی سەلامەتی و بۆ پەیوەندییەکی ڕووکەش و نا هاوسەنگ لە نێوان شەریعەت و سیاسەتدا.

---

١- هەمان سەرچاوە، ل ١٥٤.

**ج- گوێڕایەڵیی و دادگەریی دەستەڵات: قایمکردنی گوێڕایەڵیی و کاراکردنی دادگەریی:**

دادگەریی لە پێشەوەی ئەو بەها ڕەوشتیانەدایە کە گوتاریی فەرمانڕەوایی جەختیان لەسەر دەکات، چونکە دادگەریی بناغەی دەستەڵاتە، چاکبوونی گەلیش لەسەر دادگەریی وەستاوە. دادگەریی لە گوتاری سوڵتانیدا دوو ڕوخساری سەرەکی وەردەگرێ: یەکەم بەو سیفەتە کە ڕێسایەکی سیاسییە بۆ فەرمانڕەوایی و سەنتەربوونی خۆی وەردەگرێ، نە بەو سیفەتە کە تەنها دادگەریی مەرجی پایداریی باری دەستەڵاتە، بەڵکو بەو سیفەتە کە نەمانی دادگەریی هەڕەشە لە بەرتەسککردنی سیستمی ژیان و ڕێساکانی شەریعەت دەکات، تەڕتوشی دەڵێ: (ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمکار بوو ئیتر ستەم لە وڵاتدا بڵاوەدەکات و خەڵکی دەگرێتەوە، لە ڕووی ئاینەوە پارچە پارچە دەبن و پیاوەتیان لەناودەبات، خراپەکاریی تیایاندا بڵاودەبێتەوەو ئەمانەتپارێزیان هەڵدەگیرێ)[١].

دووەم: دادگەریی بەو سیفەتە کە بەهایەکی ڕەوشتییە، نیشانەیەکە لە نیشانەکانی چاکەکاریی کە پێویستە لە فەرمانڕەوادا هەبێت، چونکە فەرمانڕەوا شایانترە بەو سیفەتە چاکەیە، ئەو لەپێشترینە بۆ کامڵی ڕەوشت، جا ئەگەر فەرمانڕەوا بە حوکمی واقیع نەگاتە ئاستی ئەو پلە بەرزەی دادگەری وەها کە ئاکارە سوڵتانییەکان وێنەی دەیکێشێ، ئەوا ئاکارە سوڵتانییەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن فەرمانڕەوا ڕەوشتی دادگەریی بەدەستبێنێ. بیرۆکەی (لەباربوونی دادگەریی بۆ بەدەستهێنانی) بەو چۆنێتییە کە لە ئاکارە سوڵتانیەکاندایە، بەو پێیە کە بیرۆکەیەکی زیندووەو بە پلەی یەکەم ئەرکێکی سیاسییە ئەوا شایستەی ئاوڕلێدانەوەیە، چونکە مەعلومە کە گوتاری ئاکارە سوڵتانییەکان -لەڕاستیدا- لە پێگەی واقیعێکەوە هەنگاویناوە کە ستەمی فەرمانڕەوا باوبووە تیایدا، لەبەرئەوە کارێکی زەحمەت بووە سازاندن لەگەڵ ئەو واقیعە ئاشکرایە بکرێ و ئیدیعای دادگەریی بکرێ، ئەوەش بەو بەڵگەیە کە ئاکارە سوڵتانییەکان بە نەریتی خۆییان باس لە (ڕەوشتی پادشاکان) دەکەن، لەو دیوەوە کە پێویستە حاڵەتەکە وەها بێت، نەک لەو دیوەوە کە بە واقیعی ڕوویداوەو بوونی هەیە. بیرۆکەی (لەباربوونی دادگەریی بۆ بەدەستهێنانی) ئاماژە بە توانایی فەرمانڕەوا دەدات بۆ هەستان بە جۆرێ لە بەرجەستەکردنی ڕەوشتی بەهای دادگەریی یان لاساییکردنەوەی بەلانیکەمەوە، ئەوەش وەها کە ئەو ئومێدە -واتە ئومێدی گۆڕینی سوڵتان لە ستەمەوە بۆ دادگەریی- لای گەل هەر زیندووە، ڕووبەری ستەم تا هەرکوێ فراوان بێت و

---

١- الطرطوشي، سراج الملوک، ص٣٢.

سەختی و بارگرانییەکەی توند بێت، ئەوا دادگەریی هەر ئەگەری بەرپابوونی هەیە.

شێوازەکانی گوتاری سوڵتانی بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەوشتی دادگەریی لە سوڵتاندا فرەجۆرن، ئەو شێوازانە دێن و دەچن لە نێوان ئامۆژگاری بە پابەندبوون بە دادگەرییەوە بەو سیفەتە یەکێکە لە کارە چاکەکانی پێگەی فەرمانڕەوا، (چونکە هەرکات فەرمانڕەوا داپەروەر بوو ئەوا دڵی گەلەکەی ڕادەکێشێ بەلای خۆیدا)[1]، وە نێوان ترساندنی لە لەدەستدانی دەستەڵات و نەمانی فەرمانڕەواییەکەی، ئا لەم بازنەیەدا ئەم گوتەیە دەدرێتە پاڵ ئەردەشێر کە وتوویەتی: (هەرکات پادشا دادگەر نەبوو، گەلیش گوێڕایەڵ نابێت)[2].

ئەم گوتەیە سەرنجی فەرمانڕەوا ڕادەکێشێ بۆ گرنگێتی دادگەریی، بێئەوەی لەوە زیاتر بڕوات بەرەو بونیاتنانی گوێڕایەڵیی لەسەر دادگەریی بەشێوەی گرێبەست، چونکە گوێڕایەڵیی وەک بەهایەکی نەگۆر دەمێنێتەوەو هەبوونی دادگەریی یان نەبوونی کاری تێناکات، لەبەرئەوە تەرتوشی بەشێکی تایبەت کردووە بە ناونیشانی (ئەوەی ئەرکی گەلە لەبارێکدا کە فەرمانڕەوا ستەمیکرد)، تیایدا بیری گەل دەێنێتەوە کە گۆڕینی بارودۆخی فەرمانڕەوا و ژیننامەکەی لە دادگەرییەوە بۆ ستەم نابێتە پاساوێک بۆ سەرپێچیکردن یان ڕقلێبوونی، چونکە لەبەرانبەر ئەو گۆڕانەی ئەو گۆڕانیش لە باری گەلدا ڕوودەدات، کەواتە بۆ گەل وا باشە بڕوانێتە باری خۆی چونکە (خۆتان چۆن بن کاربەدەستی وەک خۆتانتان دەبێ)، ئەو شێوازەش کە ئامۆژگاری گەلی پێدەکرێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی فەرمانڕەوا بریتییە لە ئارامگرتن، هەروەک ئەم گوتەیە بەرجەستەی دەکات کە دەدرێتە پاڵ عەبدوالله ی کوڕی مەسعود (خوا لێی ڕازی بێت) کە وتوویەتی: (ئەگەر فەرمانڕەوا ملهوڕیی کرد ئەوا پێویستە تۆ ئارامبگری و گوناهەکەش لەسەر ئەوە)، تەرتوشی لەم باسەدا ڕۆدەچێت و دەڵێ: نابێت ئارامگرتن ببێتە هۆی دۆعای خراپە لە ستەمکار، بەڵکو دۆعاکردن بۆی کە خوا تەوفیقی بدات چاک ببێت، چونکە تەوفیقی سوڵتان دادگەرییە بۆ گەل)[3].

مەودای جیاکەرەوە لە نێوان دادگەریی بەو سیفەتە کە بەهایەکی ڕەوشتییە و نێوان دادگەریی بەو سیفەتە ڕێسایەکی سیاسییە، لە بەرهەمی ئاکارە سوڵتانییەکاندا مەودایەکی شێواو و لێڵی پێکهێناوە. ئاشکرایە کە دەروازەی ڕەوشتی بە هەردوو

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٩٠.

٢- الماوردي، تسهيل النظر وتعجيل الظفر في أخلاق الملوك وسياسة الملك، ص١٦٩.

٣- الطرطوشي، سراج الملوك، ص٣٤.

لایەنیەوە: ئامۆژگاری و ترساندن، کە بەدەستهێنانی بەهای دادگەریی لای فەرمانڕەوا بە ئامانج گرتووە، شکستیخواردووە لەوەی دادگەریی دەرهەق بە گەل بگۆڕێ بۆ سیاسەتێکی کردەیی، جا ئەگەر ئاکارە سوڵتانییەکان بە سروشتی خۆی بەرپرسێتی ئەوە لە ئەستۆ ناگرێ، ئەوا بونیادی بیرکردنەوەی سوڵتانی تا ئاستێکی زۆر پشکی هەبووە لەو شکستخواردنە لەسەر ئاستی مەعریفی و کۆمەڵایەتی، ئەوەش لەو ڕێگایەوە کە ناوی دەبرێ بە (قایمکردنی گوێڕایەڵیی) و بە (کاراکردنی دادگەریی)، چونکە دادگەریی کە بە حوکمی واقیعی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بەهایەکی گریمانەییە ئەوا ئەگەری هەیە هەڵگەڕێتەوەو ببێتە ستەمکاریی، بێئەوەی پەیوەندی بە کاراکردنی بەهای گوێڕایەڵیی سیاسییەوە هەبێت، ئەوەش نەک بە ئاراستەی دەرچوون یان ملنەدانی نەرێنی بۆ گوێڕایەڵیی، چونکە ئەمە لە دەرەوەی میانەو لۆژیکی بیرکردنەوەی دەستەڵاتە، بەڵکو بە ئاراستەی هەندێ هەڵسوکەوتی ویژدانی لاوەکییەوە، وەک دۆعانەکردن بۆ فەرمانڕەوا، یان سکاڵاکردن لە ستەمی، لەوانەیە ئەو جیاکردنەوە مەبەستدارە لە نێوان دادگەریی وەک مافێکی گەل و نێوان گوێڕایەڵیی سیاسیدا وەک ئەرکێک بەرانبەر بە فەرمانڕەوا، بەرهەمەکەی گەشەکردنی بەهای دادگەریی بێت لە سنوری ئامۆژگاری و ڕەوشتدا، بەرتەسککردنەوەی بێت لەناو بازنەی سیاسەتدا، جا لە کاتێکدا گوێڕایەڵیی لە واقیعی کۆمەڵگای سوڵتانیدا بە هەموو ڕوخسارە جوراوجۆرەکانیەوە بەهایەکی سیاسیی ئاینی فەرز و جێگیر و بەرجەستەیە، ئەوا دادگەریی سوڵتانی لە هەمانکاتدا هەر بە تیۆری و گریمانەیی و دوور لە واقیع دەمێنێتەوە.

**ح- چاکبوونی فەرمانڕەوا:**

پرسی چاککردنی باری فەرمانڕەوا پێگەیەکی گرنگ لە ئاکارە سوڵتانییەکاندا داگیردەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو باوەڕە کە سوڵتان خولگەی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێکدێنێ، بە چاکبوونی ئەو گەلیش چاک دەبێت، بە خراپبوونی خراپ دەبێت، بانگەشەکردن بۆ چاکسازی مۆرکێکی ڕەوشتییە نەک سیاسیی، واتە نەبەستراوەتەوە بە هەنگاوی ڕێکاری یان دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە، جگە لە ئیبن موقەففەع -کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (رسالە الصحابە) پێشنیاری بۆ ئەبو جەعفەری مەنصور کردووە هەستێ بە کۆمەڵێ ڕێکاری چاکسازیی پراکتیکی سنوردار وەک دیاریکردنی سیستمێکی نەگۆڕ بۆ مووچەی مانگانە بۆ سوپا، هەروەها دانانی یاسایەکی تەشریعی یەکگرتوو بۆ دەوڵەت- ئیتر پرسی چاکسازیی هەر بەدەوری دواندنی حەزی ڕەوشتی سوڵتان و گەشەپێدانیدا دەسوڕایەوە، ئەوەش لە ڕێگای بونیاتنانی سیستمێکی کامڵ لە ڕەوشت کە دەناسرا بە (ڕەوشتی پادشاکان) وەک

دادپەروەریی، لێخۆشبوون، پیاوەتی، سۆزنواندن بۆ گەل، لەسەرخۆیی، خاکیتیی، هەروەها دوورکەوتنەوە لە توڕەیی و رق و کینەو ئیرەیی و هیتریش. زۆرجاریش شێوازی گوتاری چاکسازیی پشتی بە کۆمەڵێ ڕەگەزی هونەریی دەبەست کە وەڵامگۆی (سایکۆلۆژی سوڵتانی) بوون، جا لەو پێگەیەوە گوایا پادشاکان لەپێشترینی خەڵکین بۆ ڕەوشتە چاکەکان، ئەوا ئەوان بێنیازن لەوەی سیفەتی خراپیان هەبێت کە تەنها کەسە لاوازەکان هەڵگری ئەو سیفەتانەن، ئیبن موقەففەع دەڵێ: (پادشا نابێت توڕە ببێت، چونکە توانای هەیە پێویستییەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆی نیە درۆبکات چونکە هیچ کەس ناتوانێت ناچاری بکات بە کارێ کە نەیەوێت بیکات، پادشا نابێت ڕژد بێت چونکە کەمتر لە هەرکەسێکیتر لە هەژاریی دەترسێ، بۆی نیە ڕقاوی و کینە لە سنگ بێت ئەو لەوە بەتواناترە ڕووپامایی بۆ خەڵکی بکات)[1].

باوەڕبوون بەوە کە ڕەوشتی سوڵتان سەنتەرە، ئەوە بەدوای خۆیدا دێنێ کە چاکسازی وەک پرۆسەیەکی خودی حیساب دەکات کە فەرمانڕەوا خۆی پێی هەڵدەستێ، تەرتوشی لەمبارەیەوە دەڵێ: (بزانە باشترین و بەهێزترین سیفەت کە لە فەرمانڕەوادا هەبێت بۆئەوەی گەل چاکبکات تا دەستبگرن بە ئاینەکەیانەوە و پیاوەتیان بپارێزن، ئەوەیە کە فەرمانڕەوا خۆی چاکبکات و پاکوبێگەرد بێت لە ڕەوشتە نزمەکان، بەدوور بێت لە شوێنی گومان و تۆمەت)[2]، بەڵام (خۆ چاککردنی فەرمانڕەوا) ڕێگری لەوە ناکات کە ڕەوشت ڕۆڵێکی سنورداری هەبێت لە کەسە چاکە تایبەتەکانیشدا، ئەوەش لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی دووانەیی بەزەیی ئامێز لە نێوان دەستەڵات و ئەو کەسە تایبەتانەدا، کە لەسەر قەناعەت و دڵسۆزی سیاسیی لەلایەن کەسە تایبەتەکانەوەو بەدەمەوەهاتنی ئیرادە و ویژدان لەلایەن فەرمانڕەواوە بەرپا دەبێت.

بەپێی ئەمە ئەوا پرۆسەی چاکسازی کاری دەستەڵاتی باڵایە کە ئەویش فەرمانڕەوایەو کەسانێکیتریش لە دەوروبەریدا، نەک پرۆسەیەکی کۆمەڵگایی فرەلایەن، ئەمەش ئەوە دەخوازێ کە هەر گۆڕانێکی کۆمەلایەتی و توندوتۆڵکردنی سنوردار بکرێ، تا ڕێگری بکات لە هەرجۆرە دەستێوەردانێ لە کاری چاکسازی فەرمانڕەوا کە لەوانەیە گەل پێی هەستێت، نەشیاوی گەلیش لەوەی بکرێ ببێتە لایەنێک لە پەیوەندی (چاکسازی سوڵتانی) بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ (نەزانیی

---

١- إبن المقفع، الدرة اليتيمة، ص٦٥.

٢- الطرطوشي، سراج الملوک، ص٨٨.

جەماوەر) و ترس لەوەی ڕۆڵی هەبێت لە شکستپێهێنانی هەوڵەکانی چاکسازی و بڵاوبوونەوەی پشێوی و ئاژاوە، بەڵکو دادەمەزرێ لەسەر بیرۆکەی (بێنیازبوونی فەرمانڕەوا) لە گەل مادامێ خۆی توانای خۆچاککردنی خۆی هەیە، چونکە (ئەوەندەی گەل پێویستی بە فەرمانڕەوایە فەرمانڕەوا پێویستی بە گەل نیە، ئەگەر فەرمانڕەوا نەبێت گەل دەفەوتێ، ئەگەر شوان نەبێت ڕان لەناودەچێ)[1]، شتێکیش کە پشتگیری لەم کاری وەلاخستنی کۆمەڵگایە دەکات وەبیرهێنانەوەیە بە خراپی باری گەل، جا ئەگەر چاکسازی ڕەوشتی لەسەر ئاستی دەستەڵات پێویست بێت، بێئەوەی هیچ جۆرە نارەزاییەکی سیاسیی یان ئیقرارکردنی ڕاشکاوانە بە حاڵەتی لادان و گەندەڵی سیاسیی تێدابێت، ئەوا خراپی ڕەوشتی گەل و نەزانکاری و خراپی تەبیعەتی، هەروەها کەمی ڕازیبوونی لە فەرمانڕەواکان، پیلانگێڕان لەدژیان، ئەوا هەرجۆرە مافێکی لە ڕاپەڕاندنی هەرجۆرە دەستوەردانێکی کردەیی لە کاروباری سیاسەتدا لێدادەماڵێ، تەرتوشی جەخت لەم مانایە دەکات و دەڵێ: (گەل بۆی نیە ڕەخنە لە پێشەواکان بگرێ لەو کارانەیاندا کە خۆیان بەڕێوەیان دەبەن با دەروونیشی حەزی لەوە بێت، بەڵکو ئەرکی سەرشانی گەل بریتییە لە ملکەچکردن و ئەرکی پێشەواکانیش ئیجتیهادکردنە)[2].

ڕێبازی چاکسازیی بەو شێوەیە کە ئاماژەمان پێدا کۆمەڵگا وەلادەخات، ئەوەش بە کۆنترۆڵکردنی جموجوڵی و سنوردارکردنی بژاردەکانی، ئەو بیرۆکەیەش کە زامنی دەستەبەرکردنی ئەمە دەکات بریتییە لە گوێڕایەڵیی، لەم میانەیەشدا ئەوا هزری سوڵتانی پرەنسیپی گوێڕایەڵیی وەک ڕێسایەکی ژێرخان بۆ پڕۆژەی چاکسازی پێشکەش دەکات، بەپێی ئەم گوتەیە کە دەڵێ: (پادشا بە گوێڕایەڵیکردنی نەبێت بە هیچ شتێک چاک نابێت)[3]، ئەمەش مانای وایە کە خراپبوونی حاڵ و ڕەوشتی سوڵتان تا هەرکوێ بڕوات، نابێتە پاساو بۆ هەستان بە هیچ جۆرە ڕۆڵێکی سیاسیی کۆمەڵگایی، هەروەها بە هیچ جۆر نابێتە پاساو بۆ زامدارکردنی پرەنسیپی (قایمکردنی گوێڕایەڵیی)، کەواتە دەبێت لەبەرانبەر خراپی فەرمانڕەواوە گوێڕایەڵیی زیاتر هەبێت، چونکە گوێڕایەڵیی تاکە ڕێگایە بۆ چاکبوونی فەرمانڕەوا، پاشانیش چاکبوونی گەل، ئەمەش واتای ئەو گوتە باوەی ئاکارە سوڵتانیەکانە کە

١- هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٨.

گوێڕایەڵیی دەبێتە هۆی بەختەوەریی گەل[1].

ئەڵقەی تیۆریزەی چاکسازی سوڵتان تەنها بە سنوردارکردنی کۆمەڵگا لە ڕێگای بیرۆکەی گوێڕایەڵییەوە تەواو نابێت، چونکە لەوانەیە ئەو بیرۆکەیە بڕێک لە کارایی کۆمەڵایەتی بێنێتەکایە، لەبارێکدا کە لە دەرەوەی کایەی ڕەوشتیدا بۆی بڕوانرێ، واتە بەو سیفەتە کە بەهایەکی سیاسییە و پەیوەندی گەل بە فەرمانڕەواوە ڕێکدەخات، نەک تەنها بەهایەکی ڕەوشتی بێت، لەبەرئەوە هزری دەستەڵات کاردەکات لەسەر ڕزگارکردنی گوێڕایەڵیی لە هەر مۆرکێکی سیاسیی کە شێوازێکی گرێبەستی هەبێت و پەیوەند بێت بە ماف و ئەرکە ئاڵوگۆڕپێکراوەکان لە نێوان فەرمانڕەواو گەلدا، تا دواتر بیگەیەنێت بە ڕشتەبەندی ڕەوشتیی ڕووتەوە، ئینجا بگۆڕدرێ بۆ (ڕەوشت)ێک  کە پێویستە (دەروون ڕابهێنرێ و پەروەردە بکرێت بەجۆرێ کە ببێتە خوویەکی جێگیر تیایدا، ئینجا پەروەردەکردنی منداڵان لەسەری تا ئەو مانایە تیایاندا جێگیر دەبێت)[2].

ئا بەمشێوەیە دەردەکەوێ کە گوێڕایەڵیی یەکەمین کاری ئاکارە سوڵتانیەکانە، چونکە وێنای ڕێسایەکی چاکسازی و پایە سەرەکیەکەی دەکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواستانە کە فێرکردنی بەهاکان لە ڕێگای قەناعەتپێکردنی سیاسییەوە -کە ئەرکی هەرە سەرەکی ئاکارە سوڵتانییەکانە- بۆ جێگیرکردنی پرەنسیپی گوێڕایەڵییە. ئاکارە سوڵتانیەکان گرنگی نادەن بە وەڵامی ئەم پرسیارە: ئەی ئەگەر فەرمانڕەوا قەناعەتی نەکرد بە خۆچاککردن چی ڕوودەدات؟ چونکە بیرکردنەوە لە جێگرەوەکان کاری نوسەران نەبووە، هیچ بوارێکیش نیە بناغەڕێژی بکرێ بۆ بژاردەکانی گۆ َڕانکاری کۆمەڵگا یان تەنانەت توێژی دەستبژێریش، بەو پێیە کە نوسینی سوڵتانی خۆی تەنها لە ئامۆژگاریکردندا پڕچەک کردووە و لەژێر باڵی ئەودا دەجولێ، تەنانەت با ئامڕازەکانی گوتاری ئامۆژگاری بەپێی پێداویستییەکانی باری سوڵتانی فرەجۆریش بن، کەواتە جگە لە داکۆکیکردن لەسەر ئامۆژگاری ڕەوشتی ڕێگایەکتر بوونی نیە، ئەنجامەکەش داڕوخانی (خەباتی ڕەوشتیی) ئاکارە سوڵتانیەکانە، ئەویش لەژێر زەبری داڕشتەوەیەکی وشک و چەقبەستو و تێهەڵکێش بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە دەرگایەکی فراوان لەبەردەم ستەمکاریی و تاکڕەویدا دەکاتەوە.

---

١- إبن أبي الربيع، سلوك المالك في تدبير الممالك، ص٩٣.

٢- إبن الطقطقي، الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية، ص١٢.

## ٢- گوێڕایەڵیی لە ڕەوشی ئەحکامی سوڵتانیدا –فیقهی سیاسیی فەرمانڕەوایی-

### أ- دانانی چوارچێوە بۆ واقیعی فەرمانڕەوایی:

دوو نوسەر هەن هەردووکیان هەڵگری ناونیشانی کتێبی (ئەحکامی سوڵتانیی)ن، یەکەمیان فیقهناسی شافیعی کە مەوسوعەیەکە بەناوی ئەبولحەسەنی ماوەردی (٤٥٠ک.م)، دووەمیشیان قازی و فیقهناسی حەنبەلی ئەبو یەعلی ئەلفەرا وە (٤٥٨ک.م)، هەردووکیان ڕاگری تیۆریی هزری (ئەحکامە سوڵتانیەکان) پێکدێنن، جا ئەگەر بزانین کە کتێبەکەی ئەلفەرا لە ئەحکامە سوڵتانیەکاندا جگە لە دووبارەکردنەوەی کتێبەکەی ماوەردی کە هەمان ناونیشان هەڵدەگرێ لەوە زیاتر نیە، بەڵام لەگەڵ جیاوازیەکی کەم کە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنداریی مەزهەبی هەردوو فیقهناسەکە[1]، ئەوکات پەی بەوە دەبەین کە ئەحکامە سوڵتانیەکان لەڕاستیدا لەسەر یەک کتێب بەرپا دەبن، ئەمەش مەسەلەیەکە کە لە ڕەوشە مەعریفیە سیاسیەکانی تردا هاوشێوەی نیە، ڕاستە دەکرێ لەواندا دەقێک یان چەند دەقێکی سەنتەریی یان دامەزرێنەر بۆ ڕەوشێک لە ڕەوشەکان ببینین، بەڵام مەسەلەکە لە ئەحکامە سوڵتانیەکاندا جیاوازە، ئێمە کتێبەکەی ماوردی دەبینین کە وێنای دەقێکی هەژموندار دەکات نەک تەنها دەقێکی دامەزرێنەر، لەوانەیە هەر ئەم سیفەتە بێت بووبێتە سەرچاوەی ئەو ناوبانگە بەرفراوانەی. جا وێڕای ئەوە کە زۆربەی ئەو بابەتانە لە کتێبی ئەحکامە سوڵتانیەکاندایە بە شێوەیەک لە شێوەکان لەناو کتێبە فیقهی و کەلامییەکاندا هەن، ئەوا ئەو شتە کە بە تەنیشت ئاراستەی کۆکەرەوەی بۆ بەشەکانی مەعریفەی سیاسیی کە دابەشبوون لە نێوان زانستە ئیسلامییە جۆراو جۆرەکاندا و ئاسانکردنیان لە یەک کتێبدا، بریتییە لە بایەخدانی بە دانان و بونیاتنانی ڕێسایەکی سیاسیی یان (حوکمی سوڵتانی) هەروەک خۆی ناوی‌ناوە، ئینجا خستنیەڕوو بەو سیفەتە کە کارێکی تەواوە و تەنها چاوەڕێی ڕاپەڕاندنە، لەبەرئەوە دەکرێ ئەحکامە سوڵتانیەکان لە پێگەی کتێبێکی یاساییدا دابنرێ، هەروەها ببێتە کرۆکی یاسایەکی دەستوری کە دارشتنی لە بواری مەعریفەی ئیسلامیدا تەواو نەبووە.

لەم تێڕوانینەوە ئەوا ئەحکامی سوڵتانیی گواستنەوەیەکی گەورەیە لە ڕێگای

---

١- ماوەردی –بۆ نمونە- پێیوایە کە حاڵی پێشەوا بە گوناە دەگۆڕدرێ، بەڵام قازی ئەبو یەعلی پێیوایە گوناە ڕێگری ناکات لە بەردەوامبوونی پێشەوایەتی. بڕوانە:

- الماوردي، الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، ص٢٤.

- الفراء، الأحكام السلطانية، ص٢٠.

گەشەی مەعریفیدا بە ئاراستەی جێگیربوونی هەڵسوکەوتی سیاسیی و ڕێکخستنی نەک تەنها ڕۆشنبیرکردنی هەروەک لە ئاکارە سوڵتانیەکاندایە، پێشەکییەکانی ئەو گواستنەوەیەش لەم دوو کتێبەی ماوەردی دان: (تسهيل النظر وتعجيل الظفر) وە (أدب الوزير)، ماوەردی لە کتێبی یەکەمدا ئاماژە دەدات بە تێکچوونی پەیوەندی سوڵتانەکان بە والی هەرێمەکانەوە، ئەوەش بە چەند دەستەواژەیەکی کورت کە هەماهەنگە لەگەڵ میتۆدی نوسینی کتێبی ناوبراویدا، هاتووە وەسفێکی زۆر گرنگ دەدات و ناویناوە بە (بەڵاکان)ی دەستەڵات و دەڵێ: (بەڵای پادشاکان خراپی ژیینامەیانە، بەڵای وەزیرەکان پیسی ڕەوشتییانە، بەڵای والیەکان بەگوێنەکردنە...)[1]، ماوەردی لەم وەسفکردنەدا دەست دەخاتەسەر حاڵەتی ئاژاوەو پشێوی پەیوەندییە سیاسیەکان لە کۆمەڵگای سوڵتانیدا، ئاماژە دەدات بە گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی -هەروەک ماوەردی دەستنیشانی دەکات- کە گرفتێکە لە سەرەوەیەو پەیوەندە بە بەگوێنەکردنی والیەکان، نەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی کە پەیوەست بێت بە گوێڕایەڵیی گەلەوە، ئەم سنورداركردنەی گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە کۆمەڵگای سوڵتانیدا لای ماوەردی گرنگی خۆی هەیە هەروەک پاش کەمێکیتر ڕووندەبێتەوە.

بەڵام لە کتێبی (أدب الوزير) دا کە بە (قوانين الوزارە) ناسراوە، ئەم کتێبەی لەپێش کتێبی (الأحكام السلطانيە)دا نوسیوە، تیایدا ئامۆژگاری ڕەوشتیی و ڕێکخستنی فەرمانڕەوایی پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڕۆحێکی فیقهی پەیوەندی نێوان وەزارەت -بەتایبەتی وەزارەتی دەستەڵاتپێدراو -سەرۆک وەزیران- و فەرمانڕەوا چارەسەر دەکات، تێبینی دەکرێ ئەو (ئەحکام)انەی لەبارەی وەزارەتی دەستەڵاتپێدراو و وەزارەتی ڕاپەڕاندنەوە کە لە کتێبی (ئەحکامە سوڵتانیەکان و ویلایەتە ئاینییەکان) دایە لە بنەڕەتدا لە کتێبی (أدب الوزير)ەکەیدا بوونیان هەیە.

بەم مانایە ئەوا هزری ئەحکامی سوڵتانیی وێڕای دەوڵەمەندی ماددە فیقهی و یاساییەکەی دادەنرێ بە بەشێک لە کاروباری سوڵتانیی، بەو پێیە کە کتێبی ئەحکامە سوڵتانیەکان گوزارشت لە گۆڕانێکی میتۆدی بەرچاو دەکات لە کاری وەعزییەوە بۆ کاری یاسایی، ئەمەش هەنگاوێکی پێشکەوتووە کە دەکرا سنورێک دابنێ بۆ گەشەی خێرای نوسینی کتێب دەربارەی ئەحکامە سوڵتانیەکان، ئینجا لە قۆرخکردنی ڕەوشتییەوە ببیات بەرەو یاساڕێژی ژیانی سیاسیی.

زۆر گرنگە سەرنجی دیاردەی (هەڵوەشانی پێگەی سوڵتان) و کاریگەری لەسەر

---

١- الماوردي، تسهيل النظر وتعجيل الظفر في أخلاق الملوك وسياسة الملك، ص٩٠.

پەرەسەندن لە ئاکارەکانەوە بۆ ئەحکامە سوڵتانیەکان بدرێ، کە ماوەردی دادەنرێت بە گوزارشکەری ڕاستەقینەی، ئەمەش دیاردەیەکە نیشانەو سەرەداوەکانی لە سەردەمی موقتەدیر باللە ی عەبباسیدا (٢٩٥-٣١٩ک) دەستیپێکرد، واتە لەو ساتەوە کە بوهیەکان بووبوونە هێزێکی سیاسی تاکڕەو لە کاروباری جێنشینیدا. لەڕاستیدا پێگەی فەرمانڕەوایی پێش ئەو سەردەمە یەک یەکەی ئەندامی بوو، لەبەرئەوە حەزێکی ڕوون لای بیرمەندانی ئاکارە سوڵتانیەکان دەبینین لە جەختکردنەوەیان لەسەر گرنگێتی تاکڕەویی و قەتیسکردنی سیاسەت لەدەست فەرمانڕەوادا، بەو پێیە کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی پێگەی فەرمانڕەوایی. وادەردەکەوێ گوتاری وەعزی هەروەک لای نوسەرە یەکەمەکان دەیبینین پاساوی خۆی لە تاکڕەوی ئەو پێگە سوڵتانیەوە وەرگرتبێ، چونکە قەناعەتهێنانی فەرمانڕەوا بە دادپەروەریی زامنی گۆڕینیەتی بۆ ڕاستییەکی بەرچاو لە واقیعی کۆمەڵایەتیدا، ئابەمجۆرە گرەوی نوسەرانی ئاکارە سوڵتانیەکان لەسەر ڕابوونێکی ویژدانی کە ئەگەری ڕوودانی هەبووە لە فەرمانڕەوادا، هەروەها توانایی بۆ بەدەستهێنانی ڕەوشی دادگەریی و چاکسازی بووە.

بەڵام بارودۆخەکە لە سەردەمی ماوەردییەوە گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە پرەنسیپی یەکتایی پێگەی سوڵتان تێچوو، دەستەڵاتی کردەیی دابەشبوو لە نێوان سوڵتان و وەزیرەکان و فەرمانڕەوا بەهێزەکانی هەرێمەکاندا، بەڵکو سوڵتان کە خۆی لە جێنشیندا دەنواند لە بەغداد، زۆرجار بووبووە لاوازترین ئەڵقە لەو پەیوەندییەدا، لەبەرئەوە شتێک نەمایەوە ڕێگابدات دواندن کورتبکرێتەوە تەنها لە جێنشیندا، وەک تاکە هێزێکی سیاسیی نەمایەوە، وادەردەکەوێ ماوەردی لە کاتێکی زووتردا ئاگاداریداوە بە حاڵەتی (هەڵوەشانەوەی پێگەی فەرمانڕەوایی)، چونکە هاتووە کتێبی (تسهيل النظر وتعجيل الظفر)ی بۆ دواندنی سوڵتان داناوە،، هەروەها کتێبی (قوانين الوزارة)ی بۆ دواندنی وەزیر نوسیوە کە تیایدا بە وەزیر دەڵێ: (... بەڕێوەبردنی وڵات بەدەستی تۆیەو چاکبوونی شایستەی تۆیە، خراپبوونیشی دەدرێتە پاڵی تۆ)[1]، ئەو توێژە سیاسییەش لەو کاتەدا وێنای هێزێکی کردەیی سەرەکی دەکرد[2].

---

١- الماوردي، أدب الوزير المعروف بقوانين الوزارة وسياسة الملك، ط٢، ص٢.

٢- لەدوای ماوەردی زۆرێک لە نوسەران هەستان بە نوسینی کتێب کە دەسوڕانەوە بەدوری سەنتەربوونی پێگەی سوڵتاندا، دەکرێ ئەمەش دابنرێ بە وەڵامگۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە کە هەرێمە جۆراو جۆرەکانی جیهانی ئیسلامی گرتبووەوە، چونکە کاربەدەستە زاڵبووەکان لە هەرێمەکاندا نوێنەرایەتی (تاکڕەویی

ماوەردی بەهەمانشێوە ئەوەی بۆ تۆمار دەكرێ كە زیرەكانە پەی بە بێسودی بەردەوامبوونی گوتاری وەعزی بردووە، هەروەها نەتوانایی بەش بەشكردنی تا جەمسەرەكانی واقیعی سیاسیی بگرێتەوە، چونكە ماوەردی لە كاتێكدا كە چەندین هەوڵیداوە بۆ هەستان بە ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان فەرمانڕەوا عەبباسیەكان و هەندێ لە ئەمیرەكانی بەنو بوەیە، ئەوەی زانیوە كە هۆی نەبوونی كاریگەری گوتاری وەعزی ڕەوشتی لە بوارێكی سیاسیدا بازدان بووە بەسەر ڕەوشتدا لەلایەن هەردوولایەنی دژبەیەكدا، لەبەرئەوە بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی هێزە كاراكان لە نێوان سوڵتان و والی و وەزیرەكاندا هاتووە پشتی بە دەروازەی یاسایی بەستووە، جێنشینیی -بە واتا هێمایی و مێژووییەكەی- كردووەتە سەكۆی ململانێی سیاسیی و كۆتا سنوریشی لە هەمانكاتدا، چونكە ماوەردی پەی بەوە بردووە كە جێنشینی بووەتە سیستمێكی ڕووكەش و ڕۆتین، داوای پابەندبوونی كردووە پێیەوە، تا قوبوڵكردنی پێگەی هێمایی جێنشین ببێتە بناغەیەک بۆ ڕێكخستنی ململانێكان، هەروەها وادەردەكەوێ ئەو بانگەشەیەی جێگای قوبوڵ بووبێت، چونكە ئیدارەی ململانێ لە (سەكۆی جێنشینیی)دا شەرعیەتێكی بەشیی بە لایەنە جۆراو جۆرەكان دەدا، لەنێویشیاندا ئەو والییانە كە دەستیانگرتبوو بەسەر دەستەڵاتدا و ماوەردی بەوەیان دادەنێ هۆكارێک بن بۆ پاراستنی ئاین.

---

فەرمانڕەوایی) نوێیان دەكرد، هەروەها نوسینی سوڵتانی بووە نەریتێک كە مەبەستی تایبەتی هەبوو وەک كۆكردنەوەی ڕووداوە پەندئامێزەكان و كەیفخۆشكردنی سوڵتان، ئیبن ڕەزوانی مالقی (٧٨٣ک.م) بە ڕوونی لە كتێبەكەیدا بەناوی (الشهب اللامعة في السیاسة النافعة) دا باس لەمە دەكات كە ئەو كتێبەی بە فەرمانی سوڵتان ئەبو سالمی مورەینی نوسیوە، لە پێشەكیەكەیدا دەڵێ: (ئەو فەرمانەی كە لە هیممەتێكی بەرزەوە دەرچووە، لە مەبەستێكی پاكەوە هاتووە كە خواستوویەتی كتێبێكی كۆكەرەوە لەسەر سیاسەتی شانشینی و ژیننامەی سوڵتانی بنوسرێ، شتێک كە لەزەتی لێببرێ و سودی دەربكەوێ، تا ئاسەواری بە نەمری بمێنێتەوەو ببێتە ڕێنیشاندەر، ببێتە زانستێک ڕێگای گەیشتن پێی ئاسان بێ). بڕوانە:

- المالقي، أبو القاسم بن رضوان، الشهب اللامعة في السياسة النافعة، تحقيق علي سامى النشار، الدار البيضاء، دار الثقافة، ص٥٢.

سوڵتان ئەبو سالمی مورەینی سەركردەیەكی خۆرئاوای نیشتمانی عەرەبیە كە لەسەر پشتی كەشتیگەلی ئیسپانی لەدوای مردنی سوڵتان ئەبو حەسەنی مورەینی باوكی ویستی بە یارمەتی پادشای قەشتالە حوكمی مالیقەكان بگرێتەوە دەست، لە سەردەمیدا خوێنێكی زۆر ڕژێنرا، ماڵ و سەروەتی خەڵكی بەتاڵان برا، فەرمانڕەواییەكەی لە نێوان ساڵەكانی ٧٦٠-٧٦٢ک بووە. بڕوانە:

- پێشەكی لێكۆڵەر، ل٣٤-٣٥.

## ب- پێکهاتەی قوچکەیی چەمکی گوێڕایەڵیی:

ماوەردی بە دەستپێکی تیۆری بۆ بیرۆکەی گوێڕایەڵیی دەستپێدەکات، ئەویش بە پشتبەستن بەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾النساء: ٥٩ ئینجا دەڵێ: (فەرزە لەسەرمان بەگوێی کاربەدەستانمان بکەین، ئەوانیش ئەو پێشەوایانەن کە کراونەتە فەرمان بەدەست بەسەرمانەوە)[١]، هەرچەندە قسەکانی ماوەردی لەسەر گوێڕایەڵیی سیاسیی لەناو باسی مەسەلەی پێشەوایەتیدا دێت، بەڵام هەر تێبینی دەکرێت کە باسی چەمکی گوێڕایەڵیی فراوان کردووە تا هەموو کاربەدەستانی چاک و خراپ بگرێتەوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە لەمبارەیەوە[٢]، ئەم ئاراستەیە لای ماوەردی بەردەوامبوو تا کاربەدەستی زاڵبوویشی گرتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەتوانین جیاوازیەک بەدی بکەین لە نێوان گوێڕایەڵیی پێشەواو گوێڕایەڵی کەسی زاڵبوودا، ئەویش لەو پێگەیەوە کە پێشەوا جێنشینی پێغەمبەری خوایە، دەستەڵاتی هەموو کاروبارە گشتیەکانی پێدراوە بەبێ ڕخنەگرتن و بەبێ فەرامۆشکردن[٣].

لەڕاستیدا ئەو چوارچێوە گشتییە کە ماوەردی بۆ چەمکی گوێڕایەڵی سیاسیی دایدەنێ، ئاماژە بەوە دەدات کە مەبەستی نەبووە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یان ئاستی گوێڕایەڵی جەماوەر بۆ فەرمانڕەواکان باس لەو مەسەلەیە بکات، لەم ئاستەدا دەستکۆتا دەبێت بە جێگیرکردنی ڕێسای گوێڕایەڵیی و جەختکردنەوە لەسەر مۆرکە ئاینیەکەی، لەگەڵ هێشتنەوەی دەرگاکە بۆ هاتنەناوی کاربەدەستە زاڵبووەکان بۆ ژێر چەمکی کاربەدەستان. بۆ ئەم هەنگاوە ڕێخۆشکەرە پێویست دەکات قسە لەسەر کاربەدەستی زاڵبوو بکرێت، هەروەک ماوەردی پاشتر بە تێروتەسەلی باسیدەکات، لەبەرئەوە بیرکردنەوەی سیاسیی ماوەردی بە ڕوونی بەرپا دەبێت لەسەر جیاکردنەوە لە نێوان دوو جۆر لە گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەوانیش ئەمانەن:

یەکەم: گوێڕایەڵیی گەل، واتە گوێڕایەڵیی گەل بۆ فەرمانڕەواکان، ئەویش بە

---

١- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٤.

٢- دەقی فەرموودەکە ئەمەیە: (دوای من کاربەدەستانێ دەکرێنە بەرپرستان و چاکیان بە چاکەکەی دەبێتە کاربەدەستان و خراپیان بە خراپەکەی، ئێوە گوێبیست و گوێڕایەڵیان بن لە هەر شتێکدا کە گونجاوە لەگەڵ هەقدا، جا ئەگەر چاکەیان لەگەڵتاندا کرد ئەوا لەسەرتانە بەگوێیان بکەن، ئەگەریش خراپەیان کرد ئەوا مافی ئێوە لەسەریانە). دارولقوتەنی لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە، بەشی دوو جەژنەکە، بڕوانە:
- الدار القطني، سنن الدار القطني، ج٢، ص٤٠٠.

٣- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٢٢.

سیفەتی ڕێسایەکی ئاینی پێشکەش دەکرێت کە قابیلی مشتومڕ لەسەرکردن نیە.

دووەم: گوێڕایەڵیی ڕێککەوتن، واتە گوێڕایەڵیی والی و کاربەدەستان بۆ جێنشینەکان، ئەمجۆرە لە گوێڕایەڵیی وەسفی (حوکمی سوڵتانی) وەردەگرێ، جیاوازی نێوان هەردوو جۆرەکە ڕوونە، چونکە یەکەم جێگیرەو نەگۆڕە، دووەمیش لەجوڵەدایە ئەوەش بەپێی پێویستی واقیعی سیاسیی و پەیوەندییەکانی هێزی باو.

بەرمەبنای ئەمە دەتوانرێ بوترێ کە گوێڕایەڵیی گەل لە تێڕوانینی ماوەردیەوە گرفتێکی سەخت نەبووە، لەوانەیە ماوەردی لەم بۆچوونەیدا لەسەر هەق بووبێت، چونکە بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لە زەینی گەلدا جێگیربوو بووبوو و لەسەر ئاستی مەعریفیش جێگای باسکردن نەبووە، بەڕاستی گرفتی گەورە لای ماوەردی و سەردەمە سیاسییەکەی بریتی بووە لە تێکچوونی پەیوەندی نێوان جێنشین و والی و کاربەدەستان، ئەمەش گرفتێکی پەیکەری بووە کە هەڕەشەی لە داڕوخانی دامەزراوەکانی سیستمی جێنشینی کردووە کە تا ئەوکاتە مابوونەوە، لەبەرئەوە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان جێنشینەکان و والیەکان لە ڕێگای هێشتنەوەی ڕایەڵەیەکی سیاسیی لەسەر ئاستی ڕووکەشی کاری هەر پێشینە بووە لە هزری ماوەردی دا، ئەمەش لێیخواستووە هەستێ بە دانانی پەیکەرێکی ڕیزبەندی بۆ کاراکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، کە جۆرێک لە نەرمی لەخۆگرتبێت و کەوتبێتە ژێر پێوەری هێزە ماددیەکانەوە.

بەڵام ماوەردی کە هاتووە چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستانی فراوانکردووە تا کاربەدەستە زاڵبوو و ملهوڕەکانیش بگرێتەوە، مەبەستی ئەوە بووە پارێزگاری لە پرەنسیپی گوێڕایەڵیی گەل بکات بۆ کاربەدەستان ئیتر هەرجۆر بووبن، ئینجا دووركەوتنەوە لە بەستنەوەی (گوێڕایەڵی گەل) بە ئەنجامی ململانێیەکانی نێوان (کاربەدەستان). چونکە ئەوەی لە گەل داوادەکرێ بریتییە لە جۆرێک لە گوێڕایەڵیی بی َلایەن، کە بێت بەگوێکردنی کاربەدەستێکی زاڵبوو لە هەرێمێک لە هەرێمەکاندا بدات بەسەر گوێڕایەڵیی جێنشیندا، لە هەمانکاتیشدا (دەستمایەو پاشەکەوتێکی سۆزداریی) لە گوێڕایەڵیی هەبێت کە ئاراستەی بکات بۆ سیستمی جێنشینیی –کە خۆی لە جێنشیندا وێنا دەکات– کە ماوەردی بە توندی بەرگری لێدەکات.

ماوەردی کاریکردووە لەسەر گونجاندنی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی لەگەڵ واقیعی زاڵبوودا، بێئەوەی بچێت بەلای مۆرکی ئاینی و قووڵیی کۆمەڵایەتی ئەو بیرۆکەیەدا، ئەنجامی پوختی ئەمەش جۆرێکە لە گوێڕایەڵیی قوچکەیی، بەجۆرێ کە گەل لە هەرێمەکاندا بەگوێی کاربەدەستە زاڵبووەکان بکات، ئەوانیش بەدەوری خۆیان بەگوێی

جێنشین بکەن، بەڵام دیارە کە ناوەڕۆکی گوێڕایەڵیی لە هەردوو حاڵەتەکەدا تەواو لێکجیاوازە، ئەو ڕێسایە کە (قوچکی گوێڕایەڵی) لە بۆچوونی ماوەردی دا لەسەری بەرپا دەبێت بریتییە لە پاراستنی ئاین کە دادەنرێ بە ئامانجی بزاوتی سیاسەت، هەروەها کۆنترۆڵکەری پەیوەندییەکانی گوێڕایەڵیی لە کۆمەڵگای دەستەڵاتدا.

**ت- گوێڕایەڵیی و ڕێسای پارێزگاری لە ئاین:**

لە بەدواداچوونی کتێبی ئەحکامە سوڵتانیەکان و دەقی تری ماوەردیشدا خولگەی ڕێسای (پارێزگاری لە ئاین) لە هزرە سیاسییەکەیدا دەردەکەوێ، وادەردەکەوێ ئەو گرنگیپێدانە چەندبارە زیادیکردووە، ئەوەش بەهۆی ئەو ئاژاوەو پشێوییە سیاسییەوە بووە کە هەموو ڕێساکانی سیاسەتی لە سەردەمی ئەودا ڕامالیوە. دەکرێ بوترێ ماوەردی کە هاتووە شەریعەتی هێناوەتە ناو کایەکە بۆ ئەوە بووە بیسەلمێنێ کە سیاسەت شکستیخواردووە، هەروەها بۆ دەربڕینی ناڕەزاییەکی شاراوە بووە بۆ حاڵەتی دوورکەوتنەوە لە ڕێساکانی لە بواری سیاسەتدا، لە هەمانکاتیشدا ئەو هەوڵەی کە داویەتی بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕێسایانە و کۆکردنەوەیان و خستنیانەڕوو بەشێوەیەکی یاسایی ئاسان و ساکار جۆرێک لە ناڕەزایی لای فیقهناسانی سەردەمی خۆی دروستکردووە، لەوانەی کە هاتوون ئەحکامە سیاسییەکانیان ئاوێتە بە شتانیتر کردووە، کە (کاربەدەستان) پشتگوێیان خستووە[1]. لەبەرئەوە دەتوانرێ وەها تێگەیشتن لە پڕۆژەکەی ماوەردی بکرێ

١- ماوەردی هۆکاری خۆی بۆ پۆلێنکردنی ئەحکامە سوڵتانیەکان ڕووندەکاتەوە، ئەویش پرژوبڵاوبوونی مەعریفەی سیاسییە، هەروەها پشتگوێخستنی کاربەدەستان لێی ئەوەش بە حوکمی ململانێ سیاسییەکانی نێوان خۆیانەوە، لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: (ئەحکامە سوڵتانیەکان بۆ کاربەدەستان لەپێشترە، ئاوێتەکردنیشی بە هەموو ئەحکامەکانەوە ڕێگا دەگرێ لەوەی بیخوێننەوە ئەوەش بە حوکمی سەرقاڵبوونیان بە سیاسەت و بەڕێوەبردنەوە،....).
ئەم دەقە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە پاڵنەری کرداریی بۆ نوسین و بڵاوکردنەوەی ئەحکامە سوڵتانیەکان بریتی بووە لە پاکژکردنی ئەو مەعریفەیەو پێشکەشکردنی کرۆکەکەی بە کاربەدەستان، ئەوەش بە مەبەستی ئاشنابوونیان بە ڕێساکانی ئەحکامە سیاسییەکان، لەو ڕێسایانەش ڕێسای ململانێی سیاسیی لە نێوان سوڵتانەکان و کاربەدەست و والیەکاندا، ئەوەش وەک گوزارشێ لە واقیع کە ماوەردی پشتگوێی نەخستووە، بەڵام ئامادەیی فاکتەری سیاسیی بەو هێزو توانایەوە با لەچاو پڕۆژەکەی ماوەردی بۆ دەستبەرکردنی هاوئاوازی لە نێوان ئاین و سیاسەتدا پاساوی خۆی هەبێت، ئەوا کاریگەرییە نەرێنیەکەی لەوەدا دەرکەوت کە توانای نەبووە تیۆرێکی سیاسی کامڵ بونیات بنێ کە ماوەردی لە پێگەی فیقهی و سیاسیی خۆیەوە توانای بەجێگەیاندنی هەبووە، چونکە (ئەوەی بێدەنگی لێکراوە) ڕووبەرێکی فراوان لە کتێبی (ئەحکامە سوڵتانیەکان) دادەپۆشێ، هەروەها خۆلادانێکی بە ئەنقەست بووە لە باسکردنی ئەو مەسەلانە کە تیۆریزەی سیاسیی بەبێ ئەوان بە ئاسانی کامڵ نەدەبوو، لەسەرەوەی ئەو مەسەلانەش فەرماندان بە چاکەو ڕێگرییکردن لە خراپە کە ماوەردی خۆی لاداوە لە باسکردنی ڕەهەندە سیاسییەکانی

که پڕۆژەیەکە بە پلەی یەکەم بۆ پاریزگاری لە ئاین بووە، نەک بۆ بەرگری لە جێنشینیی، چونکە ئەو (پاریزگاری لە ئاین) و (پاریزگاری لە جێنشینیی) لەیەک جیاکردووەتەوە، هەربۆیە پاڵ بە دەستەڵاتی جێنشینیەوە دەنێ کە سازشی جەوهەری لەگەڵ بەرپرسەکاندا بکات چونکە ئەوە پاراستنی ئاینی تێدابووە.

لەڕاستیدا پێشەوا جوەینی کە لەسەردەمی ماوەردی دا ژیاوە و ڕەخنەی لە کتێبی (الأحکام السلگانیە)کەی گرتووە، بەڕوونی دریبڕیوە کە لەباردایە شەریعەت بپوکێتەوەو ڕۆژگار بێ پێشەوا بێت، ئەوەش کە ماوەردی دایناوە بە پاریزگاری لە ئاین لە ڕێگای پابەندبوونی هاوبەش لە نێوان جێنشین و کاربەدەستە زاڵبووەکاندا، ئاماژەیە بۆ ئەگەری هەبوونی ئەو ترسە لە هزری ماوەردی دا با نەشی درکاندبێت.

گرنگە بزانرێ کە واقیعی سیاسیی زاڵبوو لە سەردەمی ماوەردی دا واقیعێکی ئاوێتەو ئاڵۆز بووە، چونکە زاڵبوونەکە دوو لایەنی هەبووە: لە ناوەند دا وەزیری یەکەم هەبووە کە تاکڕەو بووەو کاروبارەکانی بەبێ جێنشین ئەنجامداوە، لە هەرێمەکانیشدا ئەوا کاربەدەست و والیەکان بەزۆر و بە هێزی ماددی خۆیان کردبووە فەرمانڕەوای واقیعی، جا لەبەردەم ئەو حاڵەتە پشێویەدا ماوەردی دیسپلینێکی میتۆدیی داناوە بۆ تاوتوێی هزری واقیعی سیاسیی، کە لە جەختکردنەوەی لەسەر ئەم ڕێسایە خۆی دەبینێتەوە: (پاریزگاری لە ئاین)، هەربۆیە بۆ دانیان بە واقیعی زاڵبوودا بەمەرجی گرتووە کە دەبێت ئەو کاربەدەستە ئاین بەرپا بکات، بەڵام پاراستنی ئاین با ماوەردیش مەبەستی پێی پاراستنی پرەنسیپەکانی شەریعەت و حوکمەکانی بووبێت، ئەوا لەلایەکیترەوە شەرعیەتێکی ئاینی بەخشیوە بە واقیعی زاڵبوو، چونکە کاربەدەستی زاڵبوو شەرعیەتی خۆی لە هەستانی بە پاراستنی ئایندا بینیوەتەوە با لە کەمترین ئاست و سنوریشیدا بووبێت، ئابەمجۆرە ماوەردی هۆیەکی ئاینی داوە بە زاڵبوو کە بمێنێتەوە.

ماوەردی پێیوایە کەسە هاوکارە تاکڕەوەکانی جێنشین و دەستگرتنیان بەسەر کاروبارەکاندا بەبێ جێنشین بەڵکو کەرەنتینە کردنی جێگای تێڕامانە، دەڵێ: (لەو کاروبارانەدا کە کەسێکیتر دەستیگرتووە بەسەریاندا) جا ئەگەر گونجاوبوون لەگەڵ ئەحکامەکانی ئاین و خواستەکانی دادپەروەریی ئەوا دانی پێدا دەنرێ، ئەگەریش ئەوە دەستەبەر نەبوو ئەوا ئیقراری پێناکرێ (ئەرکی سەرشانی پێشەوایە کە

---

بەتەواوەتی.

داوای یارمەتی بکات و ئەو کەسە دەستگیر بکرێ و هەژموونەکەی نەمێنێت[1]، بەڵام لە حاڵەتەکەی تردا، واتە حاڵەتی زەوتکردنی کاربەدەستانی زاڵبوودا، ئەوا ماوەردی با هەمان دیسپلینیشی بەکار هێنابێت، بەڵام هەر حەوت مەرجی داناوە دەبێت لە کەسێکدا هەبن کە زەوتکردنی کردووە، لەوانەش: پاراستنی پلەوپایەی پێشەوایەتی، دەربڕینی گوێڕایەڵیی بۆی، دەبێت زەوتکەر کەسێکی پارێزکار بێت لە پاراستنی ئایندا، بەڵام ماوەردی زانیویەتی کە دەستەڵاتی زاڵبوو لەسەر هێز بەرپابووە و ڕێگایەکی کردەیی نیە تا ئەو مەرجانەی بەسەردا بسەپێنرێ بەبێ ڕەزامەندی خۆی، لەبەرئەوە ماوەردی ناچاربووە دانبنێ بە باری واقیعدا هەر بەوجۆرە کە هەیە، لێرەوە (داوای لە جێنشین کردووە لە بارێکدا ئەو کاربەدەستە ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت (دەستەڵاتی خۆی دەربخات و بانگهێشتی بکات بۆ بەگوێکردنی و یەکلاکردنەوەی هەرجۆرە ناکۆکی و قیرسیچمەییەکی)[2].

ئەوەش گرفتێک بووە لە توانای ماوەردی دا نەبووە ڕووبەڕووی ببێتەوە، ئەگەرچی پێشنیاری کردووە کە جێنشین هەستێ بە دانانی کەسێکیتر بەتەنیشت کاربەدەستی زەوتکەردا، ئەمەش پێشنیارێکە بە سروشتی خۆی عەمەلی نیە، بەڵام لەوانەیە چارەسەرەکە لەناو بناغەی ئەو بۆچوونەدا بێت کە ماوەردی بۆ مەسەلەی جێنشینیی پێشکەشیکردووە، بەدیاریکراوی لە کاتی قۆناغی هەڵبژاردنی جێنشیندا، کە ماوەردی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەستاوە بە پێدانی ڕۆڵی پراکتیکی بە کاربەدەستانی زاڵبوو لەو هەڵبژاردنەدا.

لەمبارەیەوە جێگای خۆیەتی بزانرێ کە ماوەردی زاڵبوونی نەکردووەتە شێوازی دانانی پێشەوایەتی، ئەمەش مەسەلەیەکی سروشتییە، چونکە ئەگەر دان بەوەدا بنێ کە زاڵبوون شێوازێکە بۆ دانانی پێشەوایەتی ئەوا پاساوی ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان پێشەوایەتی و دەستەڵاتی زەوتکەردا دادەڕوخا، چونکە مەرجی ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان هەردوو لایەندا بریتییە لە پارێزگاری هەر لایەنە بە پێگەی خۆیەوە، دەتوانرێ بوترێ کە ماوەردی با بەمەش دانبنێ بە دەستەڵاتی زاڵبوودا لە سنوری ویلایەتەکەیدا، بەڵام هەر بەوەی داناوە کە دەرچوونە لە عورفی باو[3]، چونکە پێشەوایەتی زاڵبووی ڕەتکردووەتەوە، زاراوەی (ئەهلی پێشەوایەتی)

---

١- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٢٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

٣٠- بگەڕێرەوە بۆ گوتەکەی لەسەر دەستەڵاتی زاڵبوو کە دەڵێ: (ئەمە ئەگەرچی دەرچوونیش بێت لە نەریتی عورفی ڕەها لە مەرج و حوکمەکانیدا، ئەوا هاوکات پارێزگاری چەندین یاسای شەرعی و

کە ماوەردی شیاوێتی پێشەوایەتی کورتکردووەتەوە لەواندا، لەبارێکدا ئەهلی هەڵبژاردن شکستیانخوارد لە هەڵبژاردنی پێشەوادا، ئامانجی ئەوە بووە سنورێک لە نێوان ئەوانەدا دابنێ کە زاڵبوون -زۆربەشیان بە ڕەچەڵەک غەیرە عەرەب بوون- و نێوان پێشەوایەتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر گرنگە ئاوڕبدرێتەوە کە ماوەردی لەبیری ئەوەدا نەبووە پێداچوونەوە بکات بە بیرۆکەی ڕەوانەبوونی پێشەوای زاڵبوودا کە لەو کاتەدا لە هزری ئیسلامیدا بە گشتی ڕەواج و باو بووە.

ماوەردی لە هەمان میانەدا هەوڵیداوە کاربەدەستانی هەرێمەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی پێشەوا دووربخاتەوە، وای بە باش زانیوە (ئەهلی هەڵبژاردن) لەو کەسانەبن کە دانیشتووی شاری پێشەوان (بەهۆی زوو زانینیان بە مردنی، هەروەها بەو هۆیەوە کە زۆربەی ئەوانەی شیاون بە جێنشینی نیشتەجێی شاری پێشەوان)[١]، بەڵام دەگەڕێتەوەو پێیپوایە کەسێک بکرێتە پێشەوا مەرجەکانی بەتەواوەتی تێدا بێت و کەسێک بێت (خەڵکی خێرا بچن بەرەو بەگوێکردنی)[٢]، ئەم مەرجەش، واتە خێرا چوون بەرەو بەگوێکردنی، مەرج نیە قەتیسبکرێ لە کەسانی شاری پێشەوادا، بەڵکو هەرێم و شوێنەکانی تریش دەگرێتەوە، جا ئەگەرچی ماوەردی نەهاتووە چۆنێتی شارەزابوون بەوانە (خەڵکی خێرا بچن بەرەو بەگوێکردنی) ڕوونبکاتەوە، هەر جەختکردنی لەوەی ناویناوە بە ڕای جەماوەر بەوەی کە مەرج نیە هەمووی خەڵکی ناو و کەسێتی پێشەوا بناسن، هاتووە ئەوانەی (ئەهلی هێز و توانان) بەوە داناوە کە بە مەبەست گیراون خێرا بچنەژێر گوێڕایەڵیی پێشەوا نەک گشت خەڵکەکە، بناغەی ئەهلی هێز و تواناش بریتین لە کاربەدەستە زاڵبووەکان، بەم پێیە ئەوا چوونی ئەهلی هێز و توانا بۆ ژێر گوێڕایەڵیی مەرجێکی پراکتیکی و متمانەپێکراوە بۆ تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پێشەوا، بانگهێشتی (ئەهلی هەڵبژاردن)یش بۆ ڕەچاوکردنی ئەو حاڵەتە لە کاتی بەیعەت وەرگرتندا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕووی پراکتیکیەوە لە هەڵبژاردنی پێشەوادا بە کاربەدەستانی زاڵبوو دەدات، بەمەش زۆرێک لە هۆیەکانی ناکۆکی نێوان جێنشین نێوان ئەو کاربەدەستانە کۆتاییان پێدێت، ئینجا هەردوو لایەن لەسەر بنەمای پاراستنی ئاین بەیەکدەگەن، هەروەک ماوەردی لە سەرەتاوە بە مەبەستی گرتووە.

---

پاسەوانێتی ئەحکامی ئاینی تێدایە کە ناکرێت جێبهێڵرێن بۆ کەسێکی شێواو یان خراپەکارێکی نەخۆش). بڕوانە: الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٤٥.

١٠- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٥.

٢٠- هەمان سەرچاوە، ص٧.

## سێیەم: گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ڕەوشی سیاسەتی شەرعی دا

### ١- تیۆریزەی فیقهی سیاسەتی شەرعی

فیقهی سیاسەتی شەرعی لە میانەی قەیرانی فیقهی چاولێکەریدا گەڵاڵەبووە، چونکە چەقبەستوویی فیقهیی بەهۆی زاڵبوونی چاولێکەریی لە فەتوادان و حوکمە شەرعیەکاندا وای لە هەندێ لە فیقهناسان کردووە هەوڵبدەن دابڕانێکی میتۆدیی لەگەڵ فیقهی چاولێکەریدا بێننەکایە، بەتایبەتی لە ڕووی ڕێساکانی بیرکردنەوەی فیقهییەوە، لە ڕووی میکانیزمی هەڵێنجانی حوکمەکانەوە، قەیرانی فیقهی چاولێکەریی لە هەردوو بواری دادوەریی و فەتوادا بە ئاشکرا دەرکەوت، ئەم دووانە زۆرترینی ئەو بوارانەن کە پەیوەستن بە مافەکانی کۆمەڵ و تاکەوە، لەبەرئەوە چڕکردنەوەیەکی زۆر چڕ لەلایەن فیقهناسانی سیاسەتی شەرعیەوە دەبینین کە ڕەخنە لە بارودۆخی دادوەریی دەگرن، هەروەها هەوڵی بنەمادۆزی بۆ سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی ڕێساکانی فەتوا دەبینین، هەروەک ئیبن قەییمی جەوزی لە کتێبەکەیدا بەناوی (إعلام الموقعين) پێی هەستاوە، لەوانەیە ئەو ڕەخنەیە کە ئیبن تەیمییە (٧٢٨-٦٦١ک) و ئیبن قەییمی قوتابی (٧٥١ک.م) ئاراستەی دادوەریی سەردەمی خۆیانیان کردووە پەیوەندی بە دادوەرییەوە نەبێ کە بونیادێکی ڕێکخستنی ناکارا یان نا بێگەرد بووە، بەڵکو بە پلەی سەرەکی پەیوەندی بە بونیادی زانستی دادوەریی و چۆنێتی فیقهیەوە بووە کە لەسەری بەرپابووە، ئەمەش لە میانەی ڕەخنەگرتنیانە کە ئاراستەی پشتبەستن بە حوکمە دادوەرییەکان لەسەر بەڵگە، ئەوەش بەپێی ئەو پرەنسیپە کە ناسراوە بە (بەڵگە لەسەر کەسی سکاڵاکارە و سوێندخواردنیش لەسەر کەسی نکولیکارە)، ئەمەش ئەو پرەنسیپەیە کە یاسای کاراکردنی دادوەریی ئەو سەردەمە بووە، هەردووکیان ڕەخنەیان لە بەرتەسککردنەوەی بەڵگە گرتووە کە تەنها لەسەر شایەتەکان یان دانپێدانان وەستاوە، چونکە ئەم کارە لەکارخستنی حوکمە شەرعییەکانەو بەهەدەردانی مافی موسڵمانانە.

بە گشتی فیقهی سیاسەتی شەرعی بەو پێیە کە جێگرەوەی حاڵەتی پێشووە، ئەوا داوای فراوانکردنی بازنەی بەڵگە دەکات تا عورف و شایەتحاڵەکان و بیانوو و بەڵگەی ئەقڵیی و نیشانەو هێما ئاشکراکان بگرێتەوە، ئیبن قەییم دەڵێ: (هەرکات نیشانەکانی دادپەروەریی دەرکەوتن و بە هەر شێوازێک ڕووی خۆی خستەڕوو

ئەوە شەرعی خواو ئاینی خوایە)[1]، هەروەها دەڵێ: (هەرکەس نیشانەو هێماکان لە شەرعدا بەتەواوەتی بەهەدەر بدات ئەوا زۆرێک لە حوکمەکانی لەکارخستووەو زۆرێک لە مافەکانی لەدەستداوە)[2]، بۆ ڕوونکردنەوە نمونە بە دوو ناودارترین دادوەر لە مێژووی ئیسلامیدا دێنێتەوە و دەڵێ: (ئەو سیفەتەی کە تایبەت بووە بە ئەییاس و شوریحەوە لە کاتێکدا کە بەشداریش بوون لەگەڵ زانایانی سەردەمی خۆیاندا، بریتی بووە لە تێگەیشتن لە واقیع و بەڵگەهێنانەوە بە نیشانەو بە شایەتحاڵەکان بووە، ئەم دوو سیفەتە لای زۆرێک لەو دادوەرانە بوونیان نەبووە کە حوکمیان داوەو لێرەوە زۆرێک لە مافەکان لەژێر دەستیاندا فەوتاون)[3].

ئەوی ڕاستی بێت بەرەنگاربوونەوەی چاولێگەریی بووە ئەرکی حەتمی فیقهی سیاسەتی شەرعی، ئینجا هەنگاونان بۆ جێگیرکردنی گوتە سەرەکییەکەی لە بواری سیاسەت و حوکمڕانیدا، چونکە دامەزراندنی فیقهی سیاسەتی شەرعی بە مۆرکە ئەقڵییە نوێگەرەکەی لە چوارچێوەی ڕەوشێکی فیقهی گشتیدا، ئەوەی دەخواست کە یەکەمجار بونیادی فیقهی چاولێگەری هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەمەش ئەرکێک بوو ئامرازی زانستی فرەجۆری تێدا بەکارهێنرا، لە گرنگترینیان لێکدانەوەو پێوانەگیریی بووە، هەروەها بەگەڕخستنی فیقهی مەبەستە شەرعیەکان بووە کە جێگای بایەخپێدانی زانستیی ئەو ماوەیە بوون، هەر لەم میانەیەدا هەوڵێکی گشتی بۆ ئاشتەوایی لە نێوان ئەقڵ و دەق دا دەبینین، ئیبن تەیمییە هاتووە یەکێک لە هەرە گرنگترینی کتێبەکانی لەمبارەیەوە نوسیوە کە ناویناوە بە (در و التعارض بين العقل والنقل). ئەم کتێبە ئەگەرچی دەچێتەناو بازنەی زانستی کەلام، بەڵام تێزەکەی لە بەرزکردنەوەی پێگەی ئەقڵ لەناو بازنەی فیقهدا ڕوون و ئاشکرایە، چونکە ڕێی لەبەردەم ئیبن قەییمدا خۆشکردووە بۆ گێڕانەوەی پێگە بۆ ئەقڵی فیقهی، دەبینین ئیبن قەییم لە کتێبەکەیدا بەناوی (إعلام الموقعين عن ربّ العالمين) بابەتێکی ناوناوە بە (الرأی المحمود) کە پشتگیری لە ئیبن تەیمییە کردووەو نەهاتووە پێوانەگیریی بەتەواوەتی پشتگوێ بخات، لە هەمانکاتیشدا ئیبن قەییم جەختی لەسەر ڕەوایەتی لێکدانەوە کردووە، چەندین نمونەی لە (سیاسەت)ی هاوەڵان هێناوە وەک کۆکردنەوەی خەڵکی لەسەر یەک قورئان لەلایەن خەلیفە عوسمانەوە،

---

١- إبن قيم، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، القاهرة، مطبعة المدني، ج١، ص١٩.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٤٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٤٩.

هەروەها هەستانی عومەر بە ئەنجامدانی تەنها فەرزەکانی حەج، قەدەغەکردنی فرۆشتنی دایکانی منداڵان، هەروەها دوورخستنەوەی نەصری کوڕی حەججاج لە مەدینە بەهۆی پیاهەڵدانی سۆزداریی لەلایەن ژنانەوە بۆی و هیتریش، پاشان لەبارەیانەوە دەڵێ: (ئەم سیاسەتە کە خەڵکیان پێی بردووە بەڕێوەو چەندینی تریش بریتییە لە لێکدانەوەی قورئان)[1].

بەڵام ئەو هەنگاوە پێشکەوتووە کە سیاسەتی شەرعی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چاولێگەریدا بڕیویەتی، بریتییە لە کرانەوەی لەسەر بەخشینەکانی هزری مەبەستداریی، کە لە هەردوو سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچیدا بە هۆی نوسینەکانی فیقهناسی شافیعی عیززی کوڕی عەبدولسەلام (٦٦٠ک.م) و پاشانیش شەهابودینی قەڕافییەوە (٦٨٤ک.م) ڕەواجی پێدرابوو، جا ئەگەر فیقهی سیاسەتی شەرعی فیقهێکی مەبەستداریی ڕووت بووبێت، یان فیقهی مەبەستەکانی وەک ئامرازێک بینی بێت کە یارمەتیدەری بێت لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی چاولێگەریی و هەڵوەشاندنی بونیادە مەعریفیەکەی، ئەوا فیقهی سیاسەتی شەرعی ڕۆڵی ڕاستکەرەوەی هەبووە بۆ ڕێڕەوی فیقهی ئیسلامی و هەوڵێک بووە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکەی، ئەو قەیرانە کە ئیبن قەییم بەوە دیاریکردووە بریتییە لە (کەمتەرخەمی لە شارەزابوون بە شەریعەت و کەمتەرخەمی لە ناسینی واقیع و دابەزاندنی یەکێکیان لەسەر ئەویتریان)[2]. بەو پێیەش کە ڕۆحی مەبەستداریی چووەتەناو فیقهی سیاسەتی شەرعیەوە، ئەوا دەکرێ ئەو فیقهە بەوە دابنرێ کە بەرهەمی گۆڕانێکی فیقهیی گشتی بێت، کە بارودۆخی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و هەروەها ئەو چەقبەستوویی و بەرتەسکییەی کە فیقهی (چاولێگەریی) پێیگەیشتووە بەرهەمیهێناوە.

دەبێ بزانرێ کە فیقهی سیاسەتی شەرعی مەسەلەی سیاسیی بە ڕەهەندە فرەجۆرەکانیەوە لە میانەی قەیرانێکی فیقهی گشتیدا دادەنێ، چونکە گرفتەکە لە تێڕوانینی ئەوەوە لە خراپی سیاسەتدا نیە بەوەی هۆیەکی سەرەکی بێت، بەڵکو لە چەقبەستوویی فیقهناس و دادوەرەکاندایە کە لە سنوری ڕواڵەتی دەقەکان یان لەوەدا کە شەرع ئیقراری پێکردووە تێناپەڕن، ئەم حاڵەتە وای لە سیاسییەکان کردووە بکەونە تەگبیری کاروبارەکانی سیاسەت لە دەرەوەی شەرع، ئەمەش

---

١- هەمان سەرچاوە، ب١، ل٢٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٨.

بووە هۆی لادان لە کاری سیاسەتدا، ئیبن قەییم دەڵێ: (کاتێ کاربەدەستان ئەوەیان بینی، کاروباری خەڵکیش بە فەرمانێک نەبێت کە لە پشتەوەی تێگەیشتنی ئەوانەوە بێت بە حیساب لە شەریعەت تێگەیشتوون ناڕوات بەڕێوە، ئیتر خراپەیەکی تولانی و گەندەڵییەکی پان و بەرین لە باری سیاسەتیاندا هاتەکایە)[1]، پاشان دەڵێ: (هاتن یاساکانی سیاسەتیان بۆ خستنەڕوو تا بەرژەوەندییەکانی دنیایان پێ ڕێکبخرێ، جا بەهۆی کەمتەرخەمی فیقهناسان لە شەریعەتدا، هاوکات هێنانەکایەی ئەوەی سیاسیەکانیش هێنایان، ئیتر بارودۆخی سیاسەتیان بووە هۆی خراپییەکی تولانی و گەندەڵییەکی پان و بەرین، مەسەلەکەش گەورەبوو و ڕاستکردنەوەی زەحمەت بوو)[2]. کەواتە گرفتەکە لە قەیرانێکی فیقهی گشتیدا سنوردار دەکرێ، ئەویش لەبەرئەنجامی کەمتەرخەمی تێگەیشتن لە شەریعەت بوو و لە نەتوانایی لەسەر ڕێکردن لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتییە نوێبووەکاندا، یان بە واتایەکی تر شکستخواردن لە خستنەڕووی شەریعەت بەو سیفەتە کە ڕشتەبەندییەکی یاسایی و تەشریعی و دادوەرییە، کە پێویستییەکانی بەرپاکردنی دەوڵەتی (دادپەروەریی) و (بەرژەوەندی) جێبەجێ دەکات کە سیاسەتی شەرعی داوای دەکات، ئەو قەیرانە فیقهییەش بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی لە نێوان شەریعەت و سیاسەتدا، ئەم حاڵەتە خۆی لە دەرکەوتنی توێژێکی سیاسیدا بینیەوە کە شەریعەتی بە (کەموکوڕ) دادەنا، ئەم کەموکووڕیەشی بە کۆمەڵێ مەسەلە چارەسەرکرد کە لەیەک کاتدا سیاسەت و ئاینی خراپکرد، ئیبن قەییم دەڵێ: (واگومانیان برد -واتە کاربەدەستان- کە شەرع هەڵناسێت بە بەڕێوەبردنی دنیا و پاراستنی بەرژەوەندی گەل، بەمەش زیادەڕۆییان کرد بەسەر سنورەکانی خوادا، ئینجا لە نەزانیی هەردوو تاقمەکە -فیقهناسان و کاربەدەستان- بە هەقیقەتی شەرع، دەرچوون لە شەرع ڕوویدا و برا بەرەو جۆرەها ستەم و بیدعەو سیاسەت، فیقهناسان بەوەیان حیسابکرد کە شەرعە، کاربەدەستانیش بەوەیان دانا کە هاوتایەکی بەرانبەرە بە شەرع، وتیان گوایا شەرع کەموکووڕی تێدایەو بەرژەوەندییەکانی خەڵکی دەستبەر ناکات، ئەوانە هاتن کۆمەڵێ قسەی گشتی و ناوناتۆریەیان بە شەرع لەقەڵەم دا، ئەگەرچی هەموو ئەو قسانەیان پێچەوانە بوو لەگەڵ بەڵگەو نیشانە ڕاست و دروستەکاندا، هەردوو تاقمەکەش بە خراپترین و ناشیرینترین شێواز هەڵەیان

---

١- هەمان سەرچاوە، ب١، ل١٩.

٢- إبن القيم، إعلام الموقعين عن ربّ العالمين، ج٤، ص٣٧٣.

بەرانبەر بە شەرع کرد)[١].

ئابەمشێوەیە دەتوانرێ تێگەیشتن لەو شیکارییە لۆژیکییە بکرێ کە فیقهی سیاسەتی شەرعی بۆ قەیرانی فیقە و واقیعی پەیوەندی نێوان شەریعەت و سیاسەت خستیەڕوو، ئەم تێگەیشتنەش پێویستی بەوە بوو دەستبکرێ بە نوێکردنەوەی فیقە و سەرلەنوێ شیاندنی تا هەستێ بە ڕۆڵی خۆی لە ڕاستکردنەوەی پایەی تەشریعی و دادوەریی دەوڵەت، ئەوەش نە تەنها لە ڕێگای سەلماندنی نەرمیی فیقە و بەدەمەوەچوونی بۆ گۆڕانکارییەکانی واقیع، بەڵکو لە ڕێگای خستنەڕووی تێڕوانینێکی گشتی بۆ پردی پەیوەندی لە نێوان شەریعەت و سیاسەتدا، واتە دۆزینەوەی مەبەستی شەریعەت و مەبەستی سیاسەت و ئاوێتەکردنیان.

ئیبن تەیمییە لەمبارەیەوە ڕێسای (فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە)ی هێناوە بەوپێیە کە مەبەستی شەرعە، ئینجا ئەو دەستەواژەیە لەسەری بونیات دەنێ کە پێی دەوترێ (مەبەستی دەستەڵات)، دەڵێ: (فەرمانەکەی پێدرا بۆ ئەوەیە تا فەرمانبدات بە چاکەو ڕێگری بکات لە خراپە، کە ئەمەش مەبەستی دەستەڵات گرتنەدەستە)[٢]، بەڵام ئیبن قەییم باس لە دادپەروەریی دەکات و دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندییەوە، بەو سیفەتە کە دوو مەبەستی شەریعەت و سیاسەتن لە هەمانکاتدا، دەڵێ: (هەرکەس زەوقی شەریعەتی هەیە تا ئاگاداربێت بەسەر کاملیی و ناوەڕۆکیدا بۆ بەرژەوەندی خەڵکی لە ژیانی دنیاو قیامەتدا، هەروەها هاتنەکایەی دادپەروەریی کە هەموو بونەوەر دەگرێتەوە، ئەوا دڵنیا دەبێت کە هیچ دادپەروەرییەک لەسەرووی دادپەروەری شەریعەتەوە نیە، هیچ بەرژەوەندییەک لەسەرووی ئەو بەرژەوەندییانەوە نیە کە تیایدایە، بۆی ڕووندەبێتەوە کە سیاسەتی دادپەروەرانە بەشێکە لە بەشەکانی و لقێکە لە لقەکانی، هەرکەسیش شارەزا بێت بە مەبەستەکانی و لە جێگای خۆیاندا دایانبنێ و باش لێیان تێبگات ئیتر هیچ پێویستی بە سیاسەتی کەسیتر نیە)[٣].

ئیبن قەییم بەم پێیە دەگاتە حەرامکردنی (سیاسەتی ستەمکارانە)، چونکە دژە لەگەڵ شەرعدا، لە بەرانبەریشەوە سیاسەتی دادپەروەرانە بە بەشێک لە بەشەکانی شەرع دەزانێ نەک تەنها مەبەستێکی شەرع بێت و بەس، دەڵێ: (ئێمەش بەپێی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٥١.

٢- إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، مكة المكرمة، دار عالم الفوائد، ص٨٧.

٣ - إبن القيم، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ج١، ص٥.

زاراوەکەی ئەوان بە سیاسەت ناویدەبەین کە لەڕاستیدا ئەوە دادپەروەریی خواو پێغەمبەرەکەیەتی)[1]، بەمشێوەیە سیاسەتی دادپەروەرانە بەوەی کە بەشێکە لە بەشەکانی شەریعەت دەگوێزێتەوە بۆ خودی شەرع (دادپەروەریی خواو پێغەمبەرەکەی)، بەمەش بارێکی ئاینی وەردەگرێ کە جۆرێک لە ئاوێتەبوون لە نێوان سیاسەت و شەرعدا دێتەکایە تا وەک یەک شت دەربکەون، ئەم بارە نوێیە لای ئیبن تەیمییە کاتێ وەسفی سیاسەتی شەرعی دەکات بە ڕوونی بەدیدەکەین، جارێک بەو سیفەتە کە (سیاسەتێکی ئاینییە) و جارێکیتریش بەو سیفەتە کە (سیاسەتێکی خواییە بەجێگریی پێغەمبەرەکەی -درودی خوای لەسەر-)[2].

زیاد لەوەش سیاسەتی شەرعی کە هەردوو لایەنی دادپەروەریی و بەرژەوەندی لەخۆدەگرێ، ئەوا چەمکی سیاسەت ئامادە دەکات بۆ پیادەکردنێکی پراکتیکی لەسەر زەمینەی واقیع بێئەوەی پەیوەندی بە شەرعەوە لەدەستبدات، چونکە دادپەروەریی ڕێگادەدات بە جۆرێک لە ئاوێتەبوون لە نێوان شەریعەت و سیاسەتی دادپەروەرانەدا، بەرژەوەندیش زیندوویی شەریعەت و توانایی لەسەر بەدەمەوەچوونی پێویستییەکانی سیاسەت دەخاتەڕوو، ئا بەمجۆرە ئیتر بەهۆی چەقبەستوویی فیقە و ستەمی سیاسەت پاساوی (جیابوونەوەی دەستەڵات لە ئاین یان ئاین لە دەستەڵات) بوونی نامێنێ -بە دەستەواژەی ئیبن تەیمییە-، چونکە شەریعەت (هەمووی دادپەروەریی، هەمووی بەزەیی، هەمووی بەرژەوەندی و هەموو داناییە) هەروەک ئیبن قەییم وەسفیدەکات.

ئیبن قەییم پێناسەیەک بۆ سیاسەتی شەرعی دادەنێ کە لەسەر بنەمای کۆکردنەوە لە نێوان دادپەروەریی و بەرژەوەندیی بونیات دەنرێ، ئەو پێناسەیەش کە لە فیقهناسی حەنبەلی ئەبولوەفا ئیبن عەقیلەوە گوازراوەتەوە هەروەک ئیبن قەییم ئاماژە بەوە دەدات، دوولایەن دەگرێتەوە، یەکەم: (ئەوەی لەگەڵ شەرعدا گونجاوە)، ئینجا ئاماژە بەو ڕێساو دیسپلینە هەمووەکیانە دەدات کە لەناو شەریعەتدان و چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سیاسەت بە هەموو کردارە جۆراو جۆرەکانیەوە پێکدێنن، دووەمیش: بریتییە لە (ئەوەی شەرع باسی نەکردووە)، کە ئەمە بوارێکی فراوانە بۆ پیادەکردنی سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی، پێناسەی سیاسەتیش بریتییە لەو شتە کە گونجاوە لەگەڵ شەرعدا نەک تەنها

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٩.

٢- إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص١١.

ئەوە کە شەرع باسی نەکردووە[1]، ئەم پێناسەیە چالاکییەکی زۆر گەورەی بە فیقهی ئیسلامی دا، بەو سیفەتە کە فیقە لە ئەحکامەکانیدا لە سنوری ڕواڵەتی دەقەکاندا وەستاوە، بەڵام لە ڕووی ڕەهەندە سیاسیی و مێژووییەکەیەوە و لەژێر بیانووی بەرژەوەندیدا دەستەڵاتێکی فراوانتری بە (کاربەدەست) داوە، کە بەپێی گوتاری سیاسەتی شەرعی خودی دادپەروەرییەو یەکێکە لە بەشەکانی شەرع. بەدواداچوونیش بۆ گۆڕانی فیقهی سیاسەتی شەرعی ئەوە دەردەخات کە بەرژەوەندی چەمکێکە دواجار دەدرێتەوە پاڵ پێشەوا کە بە حوکمی دەستەڵاتە گشتییەکەی بەرژەوەندییەکانی گەڵ لە دەستەڵاتی ئەودایە[2]، ئەمە یەکەمین خشتی دامەزراندنی دەستەڵاتی (کاربەدەست)ە لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا، ئەوەش بەپێی گوتە دامەزرێنەر و نوێکەرەوەکەی ئیبن عەقیل لە جیاکردنەوەی مەعریفی نێوان (ئەوەی لەگەڵ شەرعدا گونجاوە) و (ئەوەی شەرع باسی نەکردووە)، تا فیقهی سیاسەتی شەرعی بە تێپەڕبوونی کات لە میتۆدێکی مامەڵەکردنی فیقهی و سیاسیی لەگەڵ واقیعدا بە هەموو گۆڕانکاری و ڕاستییەکانیەوە بگۆڕدرێ بۆ پاشکۆی دەستەڵاتی دەوڵەت کە (کاربەدەست) لە جەرگەیدایە.

**٢- دەستەڵاتی (کاربەدەست):**

گوتاری سیاسەتی شەرعی بەردەوام جەختدەکات لەسەر گرنگێتی دەستەڵات بۆ بەرپاکردنی ئاین، ئیبن تەیمییە پێیوایە ئەو مەبەستە کە ئەرکی والییەکانە بەجێیبگەیەنن بریتییە لە (چاککردنی ئاینی خەڵکی کە هەرکات لەدەستیاندا ئیتر زیانێکی گەورە دەکەن، هیچ سودێک لە نیعمەت و لەزەتەکانی دنیاش وەرناگرن، چاککردنی باری دنیاشیان کە ئاین بەبێ ئەوە کاری دانامەزرێ دوو جۆرە:

---

١- بەپێی ئەمەو بەپێی پێناسەکەی ئیبن عەقیل سیاسەت بریتییە: (لەو شتە کە خەڵکی بەهۆیەوە نزیکترن لە چاکەوە و دوورترن لە خراپەوە، با ئەو شتەش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) داینەنابێ یان بە وەحی نەهاتبێتە خوارەوە). بڕوانە: إبن القيم، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ج١، ص١٧ز

٢- لەپێش ئەمەوە فیقهناسانی حەنەفی قسەیان لەسەر دەستەڵاتدان بە پێشەوا داوە بۆ هەندێ لە بەرژەوەندییەکان، بەڵام دەکرێ وەها بڕوانرێتە بەرژەوەندی لای مەزهەبی حەنەفی کە کۆت و بەندێکە لەسەر هەڵسوکەوتەکانی پێشەوا هەروەک لە ڕەوشی فیقهیدا باسمانکردووە، ئەوەش بەجۆرێ کە زۆرینە هەرکات شتێکی بینی پێچەوانەی بەرژەوەندی بێت بۆی هەیە بەگوێی فەرمانی پێشەوا نەکات، بەڵام فیقهی سیاسەتی شەرعی هەڵوێست بەرانبەر بە پێشەوا دیارینەکات ئەگەر هاتوو پێچەوانەی بەرژەوەندی بوو، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیترەوە دوو هێڵی مەبەستدارییی هەن کە یەکێکیان (عیز ـی کوڕی عەبدولسەلام) پێیوایە بەرژەوەندییە دنیاییەکان بە ئەقڵ دەزانرێن، ئەویتریان (شاتیبی)یە کە پێیوایە بەرژەوەندییەکان هی سەرەوەن و دەیانگەیەنێتەوە بە پەرستشەکانەوە، فیقهی سیاسەتی شەرعیش لە هێڵەکەی شاتیبییەوە نزیکە ئەگەرچی لە ڕووی کاتەوە لەپێش هێڵەکەی عیزی کوڕی عەبدولسلامەوەیە.

دابەشکردنی ماڵ و دارایی بەسەر ئەوانەدا شایستەن و سزادانی دەستدرێژکاران)[1]، تێبینی دەکرێ کە فیقهی سیاسەتی شەرعی بەم وەسفە چەمکی پاسەوانیی ئاین یان پارێزگاری لە ئاین کە بەدرێژایی سەدەکان بنەمای تیۆریزەی هزری ئەحکامە سوڵتانییەکانی پێکدەهێنا تێدەپەڕێنێ، دەڕوات بۆ چەمکێکی تر کە زیاتر گونجاوە بە سروشتی تیۆریزەی فیقهی سیاسیی، ئەویش چەمکی (بەرپاکردنی ئاینە) لە ڕێگای چاککردنی کاروبارەکانی دنیا کە ئاین بەبێ ئەوانە جێگای خۆی ناگری، لەوانەیە چۆنێتی ئەو چاکسازییە کە فیقهی سیاسەتی شەرعی پێشنیاری دەکات بەتەواوەتی ڕوون نەبێت، بەڵام سەرنجدان لە وێنەی دەستەڵاتی سیاسیی لەناو گوتارە فیقهییەکەیدا تا ئاستێکی زۆر ئەوە دەخاتەڕوو.

کەواتە چاکسازی بەو پێیە کە کردارێکی بونیاتنان و ڕاستکەرەوەیە و تەنها لەبەرکردن نیە، بەرپا دەبێت لەسەر هەبوونی دەستەڵاتێکی بەهێز کە توانای هەبێت هەستێ بە کردارە سەنتەرییی و ڕاستەوخۆکان بەرانبەر بە کۆمەڵگا کە ئامانجی چاکسازی پێکدێنێ، چاکسازیش لە کۆی گشتیدا چڕدەبێتەوە لەسەر ئەرکە پێکەوەبەستراوەکان کە هێزی زاڵ و بەتوانا (دەوڵەت کە کاربەدەست نوێنەریەتی) پێیان هەڵدەستێت، لەو ئەرکانەش وەک ئیبن تەیمییە دەڵێ بریتین لە دابەشکردنی ماڵ و دارایی بەسەر ئەو کەسانەدا شایستەن، گێڕانەوەی مافەکانە بۆ خاوەنەکانیان، ئەنجامدانی سزا شەرعییەکانە. بەڵام مەسەلەی ئەنجامدانی سزا شەرعییەکان پانتاییەکی فراوانتری لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا داگیرکردووە، ئەوەش بەو سیفەتە کە ڕووکارێکی شەرعییە بۆ هێزی دەوڵەتی زاڵ، هەروەها کارایی ئاراستەکردنی بۆ چاککردنی کۆمەڵگا و جێبەجێکردنی شەریعەت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە -کە مەبەستی شەریعەت و کاربەدەستییە پێکەوە- (کە بە سزادانی شەرعی نەبێت جێبەجێ نابێت، چونکە ئەو شتەی کە خوای گەورە بە دەستەڵات لایدەبات بە قورئان لەناو نابرێ، کەواتە سزادانی شەرعی ئەرکێکە لە ئەستۆی کاربەدەستاندایە)[2]، پێشخستنی ئەنجامدانی سزا شەرعییەکانیش بەو سیفەتە کە دەرگایەکن بۆ چاکبوونی ئاینی خەڵکی بەرپا دەبێت لەسەر خوێندنەوەیەکی ستونی بۆ واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کە تووشی گەندەڵیی و خراپەکاری دەبێت، هەروەها قاتوقڕی

---

١- إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص٣٧.

٢- إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٨، ص١٠٧.

که هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ پەکخستنی سزاکان، ئیبن تەیمییە دەڵێ: (زۆرێک لەو خراپانە کە دێن بەسەر کاروباری خەڵکیدا هۆیەکەی پەکخستنی سزادانە لە دارایی یان لە پلەوپایەدا)[١]، جا ئەگەر سزاکان جێبەجێکران -بەپێی ئەو بۆچوونە- (گوێڕایەڵیی بۆ خوا دەردەکەوێ، سەرپێچی خوا کەمدەکات، ئەوکاتیش ڕزق و ڕۆزی و سەرکەوتن دەستەبەر دەبێت)[٢]، ئیبن تەیمییە خودی خۆی هەڵدەستا بە ڕاپەڕاندنی سزاکان و تەمبێکردن، ئەوەش لەماوەی دوای تێکشکانی تەتارەکان لە جەنگی (شەقحەب) لە ساڵی (٧٠٢ ک)، ئەو جەنگە کە تەتارەکان شکستیانخوارد لە داگیرکردنی دیمەشق، ئەو کارەی وەک گوزارشێک بوو بۆ گرنگێتی ئەو مەسەلەیە، تەنانەت لەو کاتانەدا کە دەوڵەت لەتوانایدا نەبوو هەستێ بەو کارە، لەبەرئەوە ئیبن تەیمییەوە تێڕوانینی وایە کە پاساو بۆ بەستنەوەی نێوان هەبوونی دەستەڵاتی دەوڵەت و ئەنجامدانی سزا شەرعییەکان بوونی هەیە، بەڵکو ئەو مەسەلەیە لە دیدی ئەوەوە سەرچاوەیەکە بۆ شەرعیەتی خودی دەوڵەت، چونکە پەکخستنی سزاکان (هۆیەکە بۆ داڕمانی پیرۆزی سەرپەرشتیار و داڕمانە لە ڕێز و قەدری لە دڵەکانداو هەڵوەشاندنەوەی فەرمانیەتی)[٣]، ئیبن تەیمییە لە واقیعی گرنگیدان بە مەسەلەی ئەنجامدانی سزا شەرعییەکانەوە دەڕوات بەرەو گەشەدان بە ڕەهەندی ویژدانیی فەرمانڕەوا، بۆئەوەی ئەو شەرعیەتە خراپ بەکارنەهێنرێ، هاتووە ئامۆژگاری دەکات کە با مەبەستی لە ئەنجامدانی سزاکان چاککردنی گەل بێت، بۆ ڕێگری بێت لە خراپەکان و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بێت و گوێڕایەڵیی فەرمانی ئەو زاتە بێت، نەک خۆ بەگەورە زانین بەسەر خەڵکیدا، (بەڵام ئەگەر مەبەستی خۆ بە گەورە زانین بێت بەسەر خەڵکیدا، بۆ پتەوکردنی سەرۆکایەتیەکەی خۆی بێت تا بەگەورە سەیری بکەن، یان ئەو ماڵ و سامانەی کە دەیەوێت بیدەنێ، ئەوا مەبەستەکەی پێچەوانە دەبێت)[٤].

لەڕاستیدا ئاستی داڕنینی مەعریفی کە فیقهی سیاسەتی شەرعی لێیەوە هەنگاویناوە و لەسەر دیاریکردنی چوارچێوەیەکی مەبەستدار بۆ پرۆسەی سیاسی بەرپابووە، پێکهاتووە لە سێ لای بەهادار ئەوانیش بریتین لە: فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، دادپەروەریی، بەرژەوەندی، -هەر بەوشێوەیە کە لە پێناسەی

١- إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص٨٧.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٣- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٤- هەمان سەرچاوە، ل١٢٥.

سیاسەتی شەرعیدا بینیمان- کە بە کاریگەری فاکتەری خودی جێگیر لە بونیادی ئەو فیقهەو فیقهی ئیسلامیدا بە گشتی گۆڕدرا بۆ جۆرێک لە کردەی کورتکردنەوەی ئەو بەهایانە لە دوو پرسی سەنتەریدا ئەوانیش بریتین لە: ڕاپەڕاندنی سزاکان، ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە تاک و کۆمەڵییەکان، وادەبینرێ کە پرۆسەی دابڕین بە پلەی سەرەکی پەیوەندی هەبووە بە بارودۆخی هێرشی ڕاماڵەری تەتارەکانەوە کە جیهانی ئیسلامی گرتەوەو مەترسی لەسەر بوون و ناسنامەکەی دروستکرد، ئەمەش لە دیدی فیقهییەوە گرنگییەکی زۆرتری دا بە مەسەلەی پارێزگاری لە شێوەی بوونی ئیسلام و ڕوخسارە گشتییەکانی، وادەردەکەوێ ئەم مەسەلەیەش هەوڵە مەبەستدارییەکانی لەباربردبێ کە ئەو قۆناغە پێیەوە ناوزەد کرابوو، کە لەتوانایدا بوو سەرلەنوێ لەسەر بنەمای کرۆکی بەهاکان و مەبەستە ئاینییەکان داڕشتنەوە بۆ پڕۆژەی دەوڵەتی ئیسلامی بکات، هەروەها لە ڕێگای کاراکردنی سیاسیی ڕێسای جیاکردنەوە لە نێوان (ئەوەی گونجاوە لەگەڵ شەرعدا) و (ئەوەی شەرع باسی نەکردووە) بێئەوەی پێویست بە فراوانکردنی دەستەڵاتە سزایی و تەمبێکردنەکانی فەرمانڕەوا بکات، یان دەستەڵاتی درێژبێتەوە بۆ بواری پەرستشەکان.

هەروەها وادەردەکەوێ حاڵی مەبەستدارییی کە عیززی کوڕی عەبدولسەلام بناغەڕێژی بۆ کردووە تا ئاستێکی زۆر پاشەکشەی کردبێ، تەنانەت وایلێهاتووە نەکراوە بوترێ فیقهی سیاسەتی شەرعی لە تاوتوێی پرسەکانی سیاسەتی شەرعیدا وێنای جۆرێک لە بەردەوامبوونی ئەو حاڵەی کردبێ، ئەمەش جۆرەها دیمەنی هەیە، چونکە کاتێ فیقهی سیاسەتی شەرعی باس لە پرسەکانی دادپەروەریی و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە و هیتریش دەکات دەیانبینین، ئەوەتا ئیبن تەیمییە -بۆ نمونە- هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بە یەک شت دادەنێ، قوبوڵناکات جیاکاری بکرێ لە نێوان ئەوەدا کە سیاسەتەو ئەوەی کە تەشریعێکی گشتییە، پێیوایە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هەرکات فەرمانی بە کەسانێکی دیاریکراو دابێت، لە چەند مەسەلەیەکی دیاریکراودا حوکمی دابێت، ئەوا حوکمەکەی و فەرمانەکەی تایبەت نەبووە بە دیاریکراوەکان، بەڵکو بۆ هاوشێوەکانیشیان هەتا ڕۆژی قیامەت جێگیرە)[١]، پاشان دەڵێ: (ئەگەر وترا کە لە ژیانیدا حوکمی لەسەر هەندێ مەسەلەی دیاریکراو داوە، وەک بەخشین

١- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٨١.

به کەسێکی تایبەت، یان سزادانی کەسێکی تایبەت، یان ڕەوانەکردنی سوپایەکی تایبەت، دەوترێ بەڵێ وایەو بەگوێکردنی لە شتانی هاوشێوەی ئەوانەشدا تا ڕۆژی قیامەت فەرزە)[1]، هەروەها شیکاری کردەوەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) مەسەلەیەکە ئیبن قەییم ئاماژەی پێنەکردووە، ئەگەرچی سیاسەتی شەرعی لە ڕیزی سیاسەتە بەشییەکاندا داناوە نەک تەشریعاتی گشتیدا.

ئیبن تەیمییە چەمکێک پیادە دەکات کە دادپەروەریی کورتدەکاتەوە لە ڕەهەندە ئاینیەکەیدا نەک دنیاییەکەی، پێیوایە کە دادپەروەریی (بریتییە لە چاکبوون لە ئاین و لە پیاوەتیدا، ئەوەش بە بەکارهێنانی ئەو شتە کە جوانی دەکات و دەیڕازێنێتەوە نەک ئەوەی کە پیس و ناشیرینی بکات)[2]، هەمان مەسەلەش دەچەسپێ بەسەر چەمکی فەرماندان بە چاکە کە ئیبن تەیمییە لەسەر بناغەی ڕێوڕەسمی پەرستش و ڕەوشتی نەک سیاسیی جێگاکەی بۆ دادەنێتەوە، دەبینین کە دەڵێ: (فەرماندان بە چاکە وەک نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و بەخشین و ئەمانەتپارێزی و چاکە لەگەڵ دایبابدا و بەجێگەیاندنی سیلەی ڕەحم و هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ خانەوادەو دراوسێیان و هاوشێوەیان، ئەوا ئەرکی سەرشانی کاربەدەستە فەرمانبدات بە ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان بەسەر هەر کەسێکدا لە توانایدایە بیانکات و سزای کەسێکیش بدات کە پشتگوێیان دەخات، ئەوەش کۆدەنگی زانایانی لەسەرە)[3].

ئاشکرایە فیقهی ئیبن تەیمییە چووەتەناو مشتومڕێکی بەرفراوان لەگەڵ تاقمە ئاینییە هاوچەرخەکانیدا، بەتایبەتی ئەوانەی ناویاندەبات بە ڕافیزە، هەروەها لەگەڵ سۆفیەکان و هیتریشدا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بۆچوونە مەبەستدارییەکەی کە بووەتە بناغەی پاشخانی فیقهە نوێکەرەوەکەی لە کاتی دەستپێکردن و خستنەڕوودا، لەبەرئەوە ئەوا لە خوێندنەوەی کتێبەکەی بەناوی (منهاج السنه) کە یەکێکە لەو کتێبە هەرە گرنگانەی باس لە هێڵە گشتییەکانی فیقهی سیاسەت دەکات، بەخەرجدانێکی زۆر و پرژوبڵاویەکی زۆر لە وزەی فیقهی داهێنەردا دەبینرێ کە لەتوانایدا بووە بەشێوەیەکی ئەرێنی تر دارشتنەوە بۆ ئەقڵی ئیسلامی بکات. چونکە مشتومڕی ئیبن تەیمییە بۆ هەندێ مەسەلە وەک بوونی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

٢- السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص١٥٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

دەق لەسەر پێشەوا لە چوارچێوەی ڕەتدانەوەی شیعەدا دەردەکەوێ، کە چۆن بە کاریگەری لۆژیکی مشتومڕ و بۆڕدان چووەتە پێش تا نزیکبکەوێتەوە لەو گوتەیە کە دەڵێ جێنشینیی ئەبوبەکری صدیق بە دەقێکی ئاشکرا یان شاراوە لە پێغەمبەری خواوە (درودی خوای لەسەر) هاتووە[1]، هاوشێوەی ئەم حاڵەتەش لە کتێبی منهاج السنه دا زۆرە.

هەروەها ئەوەی شایانی ئاماژەپێدانە بریتییە لە سنورداری فیقهی سیاسەتی شەرعی لە بۆچوونی ئیبن تەیمییەدا بۆ دەوڵەت، ئیتر لە ڕووی ئەرکەکانیەوە یان ئەو بنەمایانەوە بێت کە پێویستە بەرپا ببێت لەسەریان، بە چاوخشاندن بەسەر ئەو مەسەلانەدا کە لایەنی هەرە گەورە لە گرنگیدانی بە فیقهی سیاسەتی شەرعی پێکدێنن سەردەکێشێ بۆ دووپاتکردنەوە لەو گوتەیە، ئەوەتا فیقهی سیاسەتی شەرعی لە لایەنی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیەوە باس لە چەند مەسەلەیەک دەکات وەک: سوتاندنی نێرباز، کوشتنی کەسێ کاری نێربازی دەکات، کوشتنی بانگەوازکەر بۆ بیدعە، ڕێگری لە تێکەڵاوی پیاوان و ژنان لە بازاڕەکان و چوون بەناو دەستەی پیاواندا، هەروەها قەدەغەکردنی ئافرەتان لە خۆڕازاندنەوە لە کاتی چوونەدەرەوەدا، هەروەها قەدەغەکردنیان لە پۆشینی پۆشاکی تەنک و تەسک، قەدەغەکردنی ئافرەتان لە قسەکردن لەگەڵ پیاواندا لە ڕێگاوبان و شەقامەکاندا، ڕێگری هەمان کار لە پیاوانیش، بەندکردنی ئافرەت ئەگەر هاتوو زۆر لە ماڵەکەی خۆی چووەدەرەوە، بەتایبەتی ئەگەر بە خۆجوانکردن و ڕازاندنەوەوە ئەوەی کرد، هەروەها قەدەغەکردنی پێشبڕکێی وەرزشی لە مەلەوانگەکاندا بۆئەوەی چاویان نەکەوێتە سەر شەرمگای خەڵکی، دوورخستنەوەی کەسی نێرەموک، سزادانی ڕەگەزبازی ئافرەتان و قەدەغەکردنی تاککەوتنی ئافرەتان ئگەر بێتو هۆیەک بێت بۆ ئەو کارە، سزادانی ئەو کەسە کە تانە لە هاوەڵان دەدات.

فیقهی سیاسەتی شەرعی لە لایەنی ئابوورییەوە باس لە چەندین مەسەلە دەکات، وەک: قەدەغەکردنی ساختەکاریی لە خواردن و خواردنەوەو پۆشاکدا، قەدەغەکردنی بازرگانیکردن بە پارەوە یان خراپکردنی، قەدەغەکردنی قۆرخکاریی، دانانی نرخ لەسەر شتومەک لەکاتی پێویستدا، نرخدانان بۆ کارەکان بە پابەندکردنی پیشەوەران بە ئەنجامدانی هەندێ پیشە کە خەڵکی پێویستی پێیانە، وەک کشتیاری و ڕستن و چنین و بیناسازی و هیتریش لەبەرانبەر کرێیەکی دادپەروەرانەدا،

---

١- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٥٢٤.

هەروەها سزادانی دارایی، لەلایەنی سیاسی و تاوانەوە  باس لە چەند مەسەلەیەک دەکات وەک بەخشین بە تازە موسڵمانەکان، دەرهێنانی ئەو دیاریانە کە لە چنگی کاربەدەستاندان و بە ناهەق لە خەڵکیان وەرگرتووە، بەکارهێنانی لێدان و بەندکردن بۆ تۆمەتبارانی سکاڵا لەسەرەکان و هیتریش، هەروەها هەڵبژاردنی باشترین کەس بۆ کاربەدەستی، دانانی کاربەدەستی چاودێری و لێپرسینەوە و کاربەدەستی دارایی، سزادانی ئارەقخۆر.

جۆری ئەو مەسەلانە دەریدەخەن کە فیقهی سیاسەتی شەرعی وەڵامێکی میکانیکی بۆ واقیعی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی بەرجەستەکردووە، گەندەڵیی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیی لە قۆناغێکی زەمەنیدا کە فەرمانڕەوایی لە شەریعەت جیاکردەوە کاریگەری گەورەی هەبووە لە بونیاتنانی ئەو فیقهە، لەڕاستیدا هەوڵی زۆردراوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری شەرعی لاوەکی بۆ ئەو واقیعە ئەویش بە گرەوکردن لەسەر  دەستەڵاتی (کاربەدەست)، بێئەوەی خۆیبدات لە بنەماکانی حوکم کە لە ڕووی مێژووییەوە لە سەردەمە پێشوەکاندا جێگیربوو بوو، چونکە هیچ باسێک لەبارەی هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا، یان شورا، یان دادپەروەریی بە واتا سیاسییەکەی باسی نەبوو، هاوکات بەرپرسێتی هەرجۆرە لادانێک لە بازنەی کۆمەڵایەتی و تاککەسیدا کە کۆمەڵگا بە ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانیەوە بەخۆیەوە دەیبینی خرایە ئەستۆی (سەرپێچی)، لەگەڵ زیادەڕۆیی و گەورەکردن لە زۆر کاتدا، ئیبن قەییم -بۆ نمونە- پێیوایە کە تێکەڵاویی ئافرەتان و پیاوان بناغەی هەموو بەڵاو خراپەیەکە، دەڵێ: (گەورەترین هۆی دابەزینی سزا گشتییەکانن، هەروەها هۆکارەی گەندەڵیی کاروبارە گشتی و تایبەتەکانن، تێکەڵاوی ئافرەتان و پیاوان هۆی زیادبوونی خراپەکان و زینان کە دەبنە هۆی مردنی گشتی و تاعونە بەردەوامەکان)[١]، لەبەرئەوە پێدەچێ ڕەوا بێت لە بونیادێکی فیقهیدا کە دامەزرابێت لەسەر خوێندنەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان متمانە بخاتەسەر (کاربەدەست) بۆ چاککردنی کۆمەڵگا ئەوەش بەشێوەیەک کە پێشتر بەخۆیەوە نەیبینیوە، هەروەها ڕشتەبەندییەکی سزایی و تەمبێکردنی زەبەلاح بخاتە بەردەستی کە دەستەڵاتە زاڵەکەی بەهێزتر بکات، بەمجۆرەش (کاربەدەست) دەبێتە جێگای متمانە کە پەیوەندی بە بەرپاکردنی شەریعەتەوە هەیە، نەک جێگای ڕەخنەلێگرتن و نارەزایی نواندن بەرانبەری، لێرەوە ئیتر هیچ پێویست بە باسی ڕاگرەکانی

---

١- إبن القيم، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، ج١، ص٤٠٧.

بونیاتنانی ژێرخانی دەستەڵات وەک هەڵبژاردن و شوراو هیتریش نیە، بەڵکو باسەکە چڕدەبێتەوە لەسەر میکانیزمەکانی زۆرەملێی دەستەڵات و بەگەڕخستنی بۆ خزمەتی ئامانجی بەرپاکردنی شەریعەت.

جا ئەگەر فیقهی ئیسلامی بەشێوەیەکی پرژوبڵاو باسی لە دەستەڵاتی کاربەدەست لە ڕاپەڕاندنی سزاکان و بەجێگەیاندنی تەمبێکردن کردبێ، ئەوا قسەکردن لەسەر ئەوە لە سیاسەتی شەرعیدا پەیوەندی نیە بە هەندێ حوکمی لاوەکییەوە، بەڵکو مۆرکێکی مەعریفی گشتی وەردەگرێ، چونکە سزا شەرعیەکان بەو سیفەتە پێشکەش دەکرێن کە بناغەیەکی مەرجەعین و دەستەڵاتی فەرمانڕەوا و شەرعیەت لەسەریان بونیات دەنرێ هەروک پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەڵام سزاکانی تەمبێکردن کە کاربەدەست بۆی هەیە ئیجتیهادیان تێدا بکات، ئەوە بناغەیەکی پراکتیکین و بۆ دەستەبەرکردنی هەماهەنگی لە نێوان شەریعەت و سیاسەتدا پشتیان پێدەبەسترێ، چونکە ڕووکارێکن لە ڕووکارەکانی دەستەڵاتی فراوانکاری لای فەرمانڕەوا، کە بوارێکی بۆ جووڵەو پیادەکردنی دەستەڵات دەداتێ، ئەمە لە کاتێکدا ئەو کۆت و بەندە توندەی لە ڕاپەڕاندنی سزا شەرعییەکاندا دانراوە ئەو دەستەڵاتانە بەرتەسک دەکاتەوە، لێرەشدا ئیتر مەسەلەکە درێ ژدەبێتەوە بۆ (ئەوەی شەرع باسی نەکردووە) لە مەسەلەکانی ژیانی گشتی بە هەموو لایەنەکانیەوە، کە ئیبن تەیمییە ناویبردوون بە (کاروبارە سوڵتانیەکان) و دەستەڵاتێکی فراوان بە (کاربەدەست) دەدەن بڕیاریان لەسەر بدات.

لە کاتێکدا ئیبن تەیمییە چەمکی کاربەدەستان فراوان دەکات تا (خاوەن هێز و تواناو زانایان و کەلامییەکان و پادشاکان و پیاوماقوڵان و وەزیرەکان و هەرکەسێکیتر کە کەسانیتر شوێنی دەکەون بگرێتەوە)[١]، ئەوا دەستەڵاتە سەرەکییەکان هەر چڕدەبنەوە لە (کاربەدەستی یەکەم)دا کە دەستەڵاتی دەدرێتێ بڕوانێتە بەرژەوەندی گەل، لە گوتاری سیاسەتی شەرعیدا ئەرکی گوێڕایەڵیی بۆ ئەوە، بەڵام ئیبن تەیمییە نەهاتووە هەموو خەڵکی پابەند بکات بە بەگوێکردنیان، تەنها ئەوەندە دەڵێ: (ئەو کەسە کە گوێڕایەڵیی کاربەدەست دەکەوێتە سەری با لە شتێکدا بەگوێی بکات خوا پێی ڕازیە، لە هەرشتێکیشدا کاربەدەست سەرپێچی خوای کرد ئەویش بەگوێی نەکات)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە بازنەی تایبەتی بۆ بەگوێکردنی کاربەدەستان لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و زانستی

---

١- إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٨، ص١٧٠.

دیاریکردووه، جگه له بازنەی کاروباری گشتی که هێشتوویەتەوه له دەست (کاربەدەستی یەکەم)دا.

لێرەدا گرنگه ئاشنا ببین به ڕۆڵی زانایان له بونیاتنانی سیاسەتی شەرعیدا، چونکه مەعلومه که چەمکی کاربەدەستان چەمکێکی فراوانه، بەڵام دواجار جەختدەکات لەسەر دوو توێژ ئەوانیش بریتین له: توێژی زانایان و ئەمیرەکان، ئەم مەسەلەیەش ئاماژه دەدات به هەبوونی دەسەڵاتێکی دانپێدانراو بۆ زانایان له بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیدا، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا ئیبن قەییم باسیکردووه که دەبێت فەرمانڕەوایی لەسەر زانست بەرپا ببێت، که زانایان فەرمانڕەوای ئەمیرەکانن، بەڵام مەسەلەکه پێچەوانەیه، چونکه هێنانی زانایان بۆ ناو پێکهاتەی چەمکی کاربەدەستان ڕێگایان نادات دەسەڵاتی سەربەخۆی جیا له (کاربەدەست)یان هەبێت، بەڵکو بەوه وەسفدەکرێن که فەرمانێکەو خزمەت به ئامانجی (چاککردنی ئاینی خەڵکی) دەکەن، ئەوەش پرسێکی سیاسەتی شەرعییەو بۆ زەرورەتی هەبوونی زانست پێویست به جۆرێک له هەژموونی فیقهی هەیه، چونکه پەیوەسته به گرنگترین ڕەهەندییەوه که بریتییه له ئەنجامدانی سزاکان و ڕێوڕەسمه ئاینییەکان، ئەم پرسانەش له بنەڕەتدا لەناو بازنەی پسپۆڕی فیقهیدان، لەبەرئەوه ناکرێ باس له سزاکان و سنوره شەرعیەکان و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمه پەرستشیەکان بکرێ بێئەوەی فیقهناسان ڕۆڵێکیان هەبێت تیایدا. لەم لایەنەوه ئیبن قەییم دەڵێ (فیقهناسان فەرمانڕەوای ئەمیرەکانن)، بەو پێیه که مافیان هەیه له فەتوادان و دەرکردنی حوکمی فیقهی، نەک بەو سیفەته که بەشێک بن له دەسەڵاتی ئەو کاره که به دەوری تەنها کاربەدەستدا دەسوڕێتەوه.

لەوانەیه بەم هۆیەوه بێت که دکتۆر ئەحمەد خەملیشی سیاسەتی شەرعی بەوه دادەنێ که گوزارشت له ئیجتیهادی خودی دەوڵەت دەکات، ئەم گوزارشه لەخۆگرتنی دەوڵەت بۆ پرۆسەی ئیجتیهاد به ڕەهەنده جۆاوجۆرەکانیەوه (فیقهناس-فەتوا-میکانیزمه ئیجتیهادییەکان) دەخاتەڕوو، چونکه کاتێ فیقهناس لەژێر چەتری دەسەڵاتداو بەپێی لۆژیک و پێداویستییەکانی ئەو ئیجتیهاد ئەنجامدەدات ئیتر جگه له دەسەڵات نابێته شتێکیتر، چونکه (بەدرێژایی سەردەمەکان ململانێی پسپۆڕی له نێوان هەردوو لایەنی ئیجتیهاتدا سەریکێشاوه بۆ بەریەککەوتن، ئەوەش لەسەر حیسابی فیقهناسی موجتەهید یان لەسەر حیسابی خودی ئیجتیهاد تەواو بووه،

کاتێ کە فیقهناس هاتووە ڕایگەیاندووە دەوڵەت لەسەر هەق و ڕاستییە)[1]، جا ئەگەر فیقهناس بە کاربەدەست حیساب بکرێ یان نا، ئەوا لەوە گرنگتر ئەوەیە ئەو (کاربەدەست)ە کە بڕیاری دەستەڵاتی بەبێ کێبڕکێکار بەدەستە بریتییە لە خودی فەرمانڕەوا [2].

## ٣- گوێڕایەڵیی (کاربەدەست): کۆتا شێوەی

(کاربەدەست) لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا بۆ دەستەبەرکردنی (چاککردنی ئاینی خەڵک) وەک بەردی بناغە وایە، جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەش -هەروەک ئیبن تەیمییە ڕوونیدەکاتەوە- لەسەر بیرۆکەی کتێبی (الکتاب الهادی والسیف الناصر) بەرپا دەبێت، ئەم کتێبە ئەوەی خوا فەرمانپێداوەو ئەوەشی کە ڕێگری لێکردووە ڕووندەکاتەوەو شمشێریش پشتگیری لێدەکات[3]، بەم پێیە، ئەوا بیرۆکەی فەرمانڕەوای زاڵ وێنای بیرۆکەیەکی سەنتەریی دەکات، چەمکی گوێڕابەڵیی سیاسیش کە شێوەیەکی گشتگیر وەردەگرێ لەسەری دادەمەزرێ، تەنها لە سنوری

---

١- أحمد الخمليشي، التجديد أم التغلب على عقبات الطريق، الرياض، ص١٠٢.

٢- لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا هۆی پشتبەستن بە فەرمانڕەوای زاڵ -بە بۆچوونی ئێمە- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرێک لەو پرس و ئەحکامانە کە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان کەوتوونەتەبەری دەچنەناو خانەی ئەو مەسەلە ڕێگاپێدراوانە کە هەر لە بنەڕەتدا ڕاجیاوازیان لەسەرە، فیقهیش بەهەمانشێوە خاوەنی دەستەڵات نیە تا خەڵکی پابەند بکات بەو حوکمانەوە کە پەیوەندن بەوجۆرە مەسەلانەوە، چونکە حوکمی موجتەهید لە شتێکدا کە نە دەقی لەسەرەو نە کۆدەنگی لەسەرە کەس پابەند ناکات پێیەوە جگە لە کەسێ کە قەناعەتی پێیان هەبێت، لێنەهاتوویی دەستەڵاتی فیقهیش بەڕادەی پێویست لەو بوارەدا وای لە فیقهناسان کردووە پەنابەرنە بەر دەستەڵاتی سیاسیی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئیجتیهادانە کە لە بازنەی ڕێگاپێدراودان، ئەوەش بە هێزی دەستەڵات نەک بە هێزی ئیجتیهادی زانستی، لێرەوە زەرورەتی فیقە بۆ بەهێزکردنی دەستەڵاتی کاربەدەست سەرهەڵدەدات، بەجۆرێ ئەگەر فەرمانێکی دەرکرد کە لە بنەڕەتدا سوننەت یان ڕێگاپێدراو بێت -لەگەڵ هەبوونی مەرجی بەرژەوەندی- ئەوا فەرمانەکەی سیفەتی واجب وەردەگرێ، واجبوونیشی لەوێوە نیە کە حوکمی ئەسڵی مەسەلەکەیە یان کۆدەنگی دەستەبەر بووەە بەڵکو بە هێزی دەستەڵات واجب بووە. ئابەمجۆرە دەردەکەوێ کە فیقهناس بەردەوام پێویستی بە فەرمانڕەوا هەبووە چونکە ئیجتیهادەکەی لە خودی خۆیدا پابەند نیە، بەڵام بڕیاری فەرمانڕەوا جێگای پابەندییە بۆ سەراپای سنوری فەرمانڕەواییەکەی، ئەمەش گوزارشە لە بەردەوامی پێویستی ئاین بە فەرمانڕەوا، ئەو پێویستییە کە هزری ئەحکامی سوڵتانی بەڕوونی دانیپێداناوە، فیقهی سیاسەتی شەرعیش لە بارودۆخی یارمەتیدەر لە ڕووی مێژووییەوە سەلماندویەتی. إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٥٣١.

٣- لێرەدا بە دیاریکراوی ئاماژە بە گوتەی ئیبن تەیمییە دەکەین کە دەڵێ: (بەڵام ئەو ستەم و ملهوڕیەی لێیان دەکرێ ئیتر بە واتای دروست یان نادروست بێت، ئەوا دروست نیە لاببرێ لەسەریان چونکە ستەم و ملهوڕی تری لێدەکەوێتەوە، هەروەک زۆربەی کەسەکان بە شتێک خراپەیەک لادەبەن کە لە خراپەکە خراپترە، بە شتێک دەستدرێژییەک ناهێڵن کە لەو زیاتر دەستدرێژییە).

فراوانکردنی دەستەڵاتی سزایی و تەمبێکردن و بەڕێوەبردندا کە پێیدەوترێ (کاربەدەست) ناوەستێ، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ ڕشتەبەندییەکی چوونیەک لە ئەحکام و فەتوا فیقهییەکان کە جەختدەکات لەسەر پێویستی بەگوێکردنی گەل بۆی، حەرامکردنی دەرچوون لەدژی، تا دەگاتە ئاستێ کە ڕەوا نیە ئەو ستەمەی دەیکات نەهێڵرێ.[1]

خوێندنەوەی فیقهی سیاسەتی شەرعی ئەوەی کە پەیوەندە بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە ئاماژە دەکات بە هەبوونی دوو کەموکوڕی بونیادیی تیایدا کە سەرچاوەکەیان میتۆدی بیرکردنەوەیە لە کاروباری سیاسیی، یەکەم: لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە کاربەدەستان بەوە دادەنرێن بەرجەستەکاری دەستەڵات و پێشەوایەتی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر)، ئەمە لە کاتێکدا کە ئیبن تەیمییە -لە مشتومڕ و دەمەقاڵەی تێروتەسەلی لەگەڵ شیعەدا- دەڵێ گوێڕایەڵیی پێشەواکان هەرگیز وەک گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نیە، بەڵام هاتووە بەگوێکردنی ئەو کاربەدەستانە کە لەدوای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هاتوون وەک ئەو کاربەدەستانە دادەنێ کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە ژیانی خۆیدا دایناون، دەڵێ: (پێویستە هەروەک چۆن گوێڕایەڵیی کاربەدەستانی سەردەمی ژیانی خۆی کراوە گوێڕایەڵیی ئەو کاربەدەستانەش بکرێ کە لەدوای خۆیەوە هاتوون)[2]، بەم پێیە هاتووە ئەو فەرموودانەی کە لەبارەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستانەوە هاتوون دایبەزاندوون لەسەر ئەو کاربەدەستانە کە لە سەردەمانێکی دواتر لە سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هاتوون، وەک بڵێی خودی خۆی دایناون، مەترسیدارترین جێکەوتەی ئەمەش ئەو زەمینەسازیەیە لەگەڵ دەستەڵاتی کاربەدەستاندا کە زەرورەتە بەگوێیان بکرێ بەو سیفەتە کە درێژکەرەوەی دەستەڵاتی پێغەمبەرن (درودی خوای لەسەر)، ئیتر بێئەوەی ئاوڕبدرێتەوە لە حاڵیان لە ستەمکردن و دنیاویستی و خۆویستی و گوناهکاریی و زاڵبوون، تا هەموو ئەم ڕێبازە دەستەڵاتخوازی و خۆسەپاندنانە بە ناڕەوا بخرێنە ژێر چەمکی گوێڕایەڵی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر).

دووەم: بریتییە لە جیاوازی نەکردن لە نێوان دەستەڵاتی (کاربەدەست) لە کاروباری فەرمانڕەوایی و نێوان دەستەڵاتی لە ئەرکە ئاینیی و کاروبارە

---

١- إبن تيمية، مجموع الفتاوى، ج٥، ص١٧٩.

٢- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج١، ص٨٤.

پەرستشیەکاندا، ئەمەش مەسەلەیەکە بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندە بە جۆری تێگەیشتن لە کۆت و بەندی سەرپێچی کە لە هەندێ لە فەرموودە پیرۆزەکاندا هاتووە، چونکە ئەو گوتەیە کە دەڵێ گوێڕایەڵیی کاربەدەست لەوەدا پێویستە کە گوێڕایەڵیی خوا بێت وەک نوێژ و زەکات و حەج و هیتریش با ئەو کاربەدەستە گوناهباریش بێت، ئەوەش هەر بەوشێوەیە کە ئیبن تەیمییە بۆی چووە، کە لەڕاستیدا ئەمە هیچ مانایەکی نیە[1]، ئەوەش بەو هۆیەوە کە دەستەڵاتی فەرمانڕەوا هەر لە بنەڕەتەوە لەوجۆرە مەسەلانەدا ڕۆڵی نیە، چونکە فەرمانڕەوا بۆی نیە فەرمانبدات بە نوێژنەکردن یان پەرستشەکانیتر تا قسە لەسەر مەسەلەی گوێڕایەڵی لەو کاروبارانەدا بکرێ کە ئایا فەرزە یان فەرز نیە[2]، بۆ کاراکردنی کۆت و بەندی سەرپێچیش بەجۆرێ کە مەبەستی شەرع دەستەبەر بکات ئەوا دەبێت ئەو کۆت و بەندە لە بواری کارە تایبەتەکانی فەرمانڕەوادا بێت نەک لە دەرەوەی، واتە سەرپێچی ببێتە کۆت و بەندێک لە کاروباری بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی و سیاسەتەکانی حوکمڕانیدا نەک لە کاروباری پەرستشەکان و ڕەوشتە باشەکاندا، ئەمەش مەسەلەیەکە کە سیاسەتی شەرعی ئەنجامینەداوە، لەبەرئەوە کۆت و بەندی سەرپێچی تەنها بەسترابوویەوە بە بواری ئاینیەوە، ئەوەش بەهۆیەکی دیار و ئاشکراوە کە فیقهی سیاسەتی شەرعی لەو بوارەدا دەستەڵاتی بە فەرمانڕەوا داوە چاودێری ئەنجامدانی ڕێوەڕەسمە ئاینییەکان و تەمبێکردن بکات لەبارێکدا کە فەرامۆشبکرێن، ئەوەش بەو پێیە کە دەستەڵاتێکی ڕەسەنی فەرمانڕەوا نیە، وایش دەردەکەوێ کە گرفتێک لەوەدا نەبووبێت، چونکە

---

١٠- بڕوانە دەقەکەی شێخی ئیسلام ئیبن تەیمییە لەوبارەیەوە کە دەڵێ: (ئەگەر فەرمانی پێدان بە گوێڕایەڵیی خوا ئەوا بەگوێی بکەن وەک فەرماندانی بە نوێژکردن و زەکاتدان و ڕاستگۆیی و دادپەروەریی و حەج و جیهاد لەپێناوی خوادا، چونکە لەوبارەدا ئەوان بەگوێی خوایان کردووە، ئەگەر هاتوو کەسێکی بێباوەڕ یان گوناهکار فەرمانی بە شتێک دا کە گوێڕایەڵیی خوا بێت ئەوا قەدەغەی گوێڕایەڵی خوا ناکەین و فەرزبوونی لاناچێت هەر لەبەرئەوە ئەو فەرمانە لەلایەن فاسیقێکەوە دەرچووە). بڕوانە:
- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج٣، ص٣٨٧.

٢- مەسەلەی کاروباری پەرستشەکان کە لە پسپۆڕی فەرمانڕەوا نین و کاری ئەو نین، پێشەوا موحەممەد عەبدە لە باسی کاربەدەستدا ڕوونیکردووەتەوە و تیایدا هاتووە: (...نابێ فەرمانڕەوا لەو مەسەلانەدا کە بە تەواتر زانراون سەرپێچی فەرمانی خواو سوننەتی پێغەمبەرەکەی -درودی خوای لەسەر- بکات، لەوە بەولاوە لە کاروبارەکانی دنیادا ئەوەی بەرژەوەندی گشتی تێدایە ئەوا کاربەدەستان ئازادن لە تاوتوێکردنی مەسەلەکان و ڕێکەوتن لەسەری، بەڵام لە مەسەلەکانی پەرستشەکاندا وەک باوەڕ و ئاین ئەوا ئیشی ئەهلی حەل و عەقدیش نین، بەڵکو ئەو مەسەلانە تەنها لە خواو لە پێغەمبەرەکەیەوە وەردەگیرێن، ئەوان تەنها بۆیان هەیە تێگەیشتنیان لەسەریان هەبێت). بڕوانە: رضا، تفسير المنار، ج٥، ص١٤٧.

فەرمانڕەوا بۆی هەبووە فەرمانبدات بە ئەنجامدانی فەرزەکان با خۆیشی کەسێکی گوناهکار بووبێت، چونکە فەرمانەکە لە خودی خۆیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، حوکمی ئەنجامدانی فەرزەکانیش پەیوەندی بە فاسیقی یان دادپەروەری ئەوەوە نیە، بەڵکو لەو سۆنگەیەوەیە کە بەگوێکردنی خوای گەورەیە نەک فەرمانڕەوا، بەڵام لە کاتێکدا خۆی کەسێکی فاسیق بێت ئایا چۆن چۆنی سزای پشتگوێخستنیان بسەپێنێ، ئەو سزایەشی لە هەڵسوکەوتێکی خۆیەوە بێت؟ لێرەدا وادەردەکەوێ کە پێدانی دەستەڵاتی تەمبێکردن بە فاسیق لە کاروبارە ئاینییەکاندا مەسەلەیەکە لە سنورداری تێڕوانینی فیقهی سیاسەتی شەرعیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەرپابووە لەسەر باوەڕبوون بە توانایی بەرپاکردنی حوکمە شەرعیەکان بێئەوەی دەستەڵاتەکە لەسەر دادپەروەریی دامەزرابێت، لە کاتێکدا کە پێویستە دادپەروەریی بکەوێتە پێش هەر حوکمدانێکی لەوجۆرە.

بێگومان مەسەلەی بەرپاکردنی حوکمە شەرعیەکان بەوجۆرە کە فیقهی سیاسەتی شەرعی خستیەڕوو باڵیکێشا بەسەر چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەوەش وایکرد چەمکەکە بنەمای ئازادی لەدەستبدات کە لەسەر ڕەزامەندی بەرپابووە، بۆ نمونە ئیبن تەیمییە هاتووە قسە لەسەر سوێندی بەیعەتدان دەکات، کە مەسەلەیەکی مێژووییەو حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی کاتێک کە والی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بووە لە گیرفانی خۆی دەریهێناوە، (ئیبن تەیمییە) هاتووە ڕێگای بە فەرمانڕەوا داوە سوێندخواردن لەسەر بەیعەتپێدانی وەربگرێ و بەگوێکردنی قایمبکات، ئیتر بێ ئاوڕدانەوە بەلای مەرجی دامەزراندنی بەیعەت کە ئایا بە ڕەزامەندی بێت یان بە تۆپزی، واپێدەچێ ئیبن تەیمییە مەبەستی بەیعەتی زۆرەملێ بووبێت، چونکە بەیعەت ئەگەر لەسەر ڕەزامەندی دامەزرا ئیتر هیچ پێویستییەکی بە سوێندخواردن نیە، کاتێ ڕۆیشتووە بۆ قسەکردن لەسەر ڕێگادان بە پێشەوا کە بۆی هەیە خەڵکی بەزۆر ناچاربکات بەگوێی بکەن، سوێندیان لێوەربگرێ بێئەوەی کەس مافی ئەوەی هەبێت ئەو سوێندە هڵبوەشێنێتەوە، ئەوا ئەم مەسەلەیەی زۆر بەڕوونی خستووەتەڕوو، دەبینین لەمبارەیەوە دەڵێ: (پاشان ئەگەر کاربەدەست خەڵکی ناچارکرد کە دەبێت بەگوێی بکەن و لەسەر ئەوەش سوێندیدان، ئیتر کەس بۆی نیە مۆڵەتبدات بە فەرامۆشکردنی ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی فەمانیان پێداوە و بێت پاشگەزیان بکاتەوە لەو سوێندخواردنە)[1].

---

١- إبن تيمية، مجموع الفتاوى، أهل البغي، مج٣٥، ص١١.

بەڕاستی کۆتا دارشتنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر دەستی فیقهناسانی سیاسەتی شەرعی، وایکردووە تاوتوێی ئەو مەسەلانە بکەن کە فیقهی چاولێکەری سەغڵەت بووە بەهەمان پلەی ڕوونی تاوتوێیان بکات، وەک سوێندخواردنی بەیعەت کە لە (نەریتێکی ئومەوی)یەوە گواستراوەتەوە، لەپێش ئیبن تەیمییەوە هیچ پاساوێکی فیقهی نەبووە بۆ بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەوجۆرە، واتە (ڕەگەزی شەرعی) نەبووە. وادەردەکەوێ پاساوی ئیبن تەیمییە بۆ سوێندخواردنی بەیعەت پشکی هەبووە لە مەسەلەی بەگوێکردنی کاربەدەستان کە هاتووە لە ڕیزی پرسە پەرستشیەکاندا دایناوە، لە ترسی ئەوە نەبادا خەڵکی وەهابن کە سوێندنەخواردن لەسەر بەیعەت وایان لێبکات گوێڕایەڵ نەبن، لەبەرئەوە ئیبن تەیمییە جەخت لەوە دەکات کە گوێڕایەڵیی کاربەدەستان تەنانەت بەبێ سوێندخواردنیش هەر فەرزە، هەروەک چۆن پێنج نوێژە فەرزەکە و پەرستشەکانی تریش فەرزن، دەڵێ: (ئەوەی خواو پێغەمبەرەکەی فەرمانیان پێداوە لە بەگوێکردنی کاربەدەستان و دڵسۆزی بۆیان فەرزە لەسەر مرۆڤ، با پەیمانیشیان لێوەرنەگرێ و با سوێندیشی بۆ نەخۆن کە بەگوێی بکەن، ئەوەش هەروەک چۆن لەسەریان فەرزە پێنج فەرزەکە و زەکات و نوێژ و حەجی ماڵی خوا و هیتریش بکەن کە خوای گەورە فەرمانی پێکردوون)[١]، ئەم گوتە گومانبڕە باری کۆتا شێوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی ڕووندەکاتەوە کە پێیگەیشتووە، هەروەها ڕوونیدەکاتەوە کە بۆ تەواوکردنی ئەو کۆتا شێوەیە چۆن چۆنی پێویستی بەوە بووە دەرگای بواری پەرستشەکان لەسەر بوارەکانی سیاسەت و بەڕێوەبردن بکرێتەوە، ئینجا لەباربردنی ڕەگەزی ئازادی، هاوکاتیش ڕەگەزی مێژوویی (وەک سوێندخواردن لەسەر بەیعەتدان بۆ نمونە) ببێتە شەرعیەتدانی ئاینی.

سەیر لەوەدایە کە بڕیاردان لەسەر کۆتا شێوەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لای فیقهناسانی سیاسەتی شەرعی بەتایبەتی و ئەهلی سوننە بە گشتی، بە سودوەرگرتن لە کەشوهەوای مەبەستداریی ئەنجامدراوە، کە پێشتر دەستی هەبووە لە گەڵاڵکردنی فیقهی سیاسەتی شەرعیدا، چونکە ئیبن تەیمییە دەبینین کە هەردوو مەبەستی دادپەروەریی و زانست دێنێتەڕوو، تا سەرلەنوێ پێگەی بیرۆکەی ئارامگرتن لەسەر پێشەوا ملهوڕەکان دابنێتەوە، تا ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی ببێتە خودی دادپەروەریی و زانست، چونکە (زانست و دادپەروەریی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٩.

فەرمانیان بەوەیە کە ئارامگریی هەبێت لەسەر ستەمی پێشەواکان و ملهوڕییان، هەروەک لە بنەماکانی ئەهلی سوننەو جەماعەدایە)[1]، جا وێڕای ئەوە کە ئیبن تەیمییە لە کتێبەکەیدا بەناوی (منهاج السنه) جیاکاری دەکات لە نێوان (دەستەڵاتی جێنشینیی ڕاشید) و (دەستەڵاتی ستەمکاران)دا، بەڵام ئەو جیاکارییە بە هیچ جۆر کاریگەری لەسەر مەسەلەی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان نیە، چونکە بەگوێکردنی کاربەدەستان بە کردەی گەیاندنەوەی بە مەسەلە پەرستشیەکانەوە گۆڕدراوە بۆ پرسێکی حەتمی و نەگۆڕ، کە هیچ پەیوەندییەکی بە سروشتی سیستمی فەرمانڕەوایی یان شەرعیەتبوونیەوە نیە.

لەم بازنەیەدا دەتوانرێ سەرنجبدرێ کە تێکەڵکردنێکی ڕوون لە نێوان قایمکردنی پایەکانی دەوڵەت کە پێویستی بە زەرورەتی توندگرتن و گرنگێتی بیرۆکەی گوێڕایەڵیی هەیە، بەو پێیە کە ڕەگەزێکی هاوکارە لەسەر پاراستنی دەوڵەت و دەستبەرکردنی سەقامگیرییەکەی، وە نێوان جەختکردنەوە لەسەر دەستەڵاتی کاربەدەست و بەگوێکردنی، ئەوەش بەشێوەیەکە کە بووەتە هۆی فراوانکردنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، چەمکەکانی دادپەروەریی و بەرژەوەندی و فەرماندان بە چاکەو ڕێگریش لە خراپە لەچاو ئەودا بە ڕێژەیی دابنرێن، ئەمەش کارێکە فیقهی سیاسەتی شەرعی پێی هەستاوە، بەبێئەوەی هیچ هەوڵێک بدات بۆ جیاکردنەوەی بیرۆکەی دەوڵەت لە دەستەڵاتی فەرمانڕەوا.

ئیبن تەیمییە لەلایەکیتریشەوە ئارامگرتن بۆ پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بە سنوردارکەرێکی سەرەکی دادەنێت، پێیوایە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە پێویستی بە ئارامگرتن هەیە لەسەر ستەمی فەرمانپێدراو و قەدەغەکراو، لێرەدا بەڵگەی بە چەندین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا هێناوەتەوە کە نێوان فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەو نێوان ئارامگرتن پێکەوە دەبەستێ، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰبُنَيَّ أَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ وَأۡمُرۡ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَٱنۡهَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَٱصۡبِرۡ عَلَىٰ مَآ أَصَابَكَۖ إِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴾لقمان: ١٧. واتە: (کوڕی شیرینم: هەوڵبدە نوێژەکانت بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەیت، بەردەوام ئاسەواری لەسەرت هەبێت، فەرمانیش بدە بە هەموو کارو کردەوەیەکی چاک، تا بۆت دەکرێت ڕێگری بکە لە هەموو گوناهو خراپەیەک، خۆگرو ئارامگریش بە لە بەرانبەر هەموو ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە تووشت دەبێت). ﴿ فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ ﴾الأحقاف: ٣٥. ﴿ وَٱصۡبِرۡ لِحُكۡمِ

---

١- هەمان سەرچاوە، مج٢٨، ب٨، ل١٧٩.

رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا ﴾الطور: ٤٨. واته: (ئەی موحەممەد (درودی خوای لەسەر) تۆ هەر خۆگربە لەبەرانبەر بەجێهێنانی فەرمانەکانی پەروەردگارتەوە، دڵنیابە کە لە ژێر چاودێری ئێمەدایت...). پاشان دەڵێ: (ئەمە فەرمانێکی گشتییە بۆ کاربەدەستان و بۆ گەل هەرکات فەرمانیاندا بە چاکەو ڕێگرییان لە خراپە کرد، ئەوا دەبێت ئارامبگرن لەسەر ئەوەی لەبەر خوا توشیاندێت، هەروەک چۆن تێکۆشەران ئارامدەگرن لەسەر ئەوەی لە خودی ڕۆح و ماڵ و سامانیاندا تووشی دەبن، چونکە ئارامگرتن لەسەر ئێش و ئازار لە بەرکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەیداندا لەپێشتر و لەپێشترە، بەرژەوەندی فەرماندانیش بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بەوە نەبێت نایەتەدی، هەر شتێکیش ببێتە هۆی جێبەجێکردنی واجبێک ئەوا خودی ئەو شتەش دەبێت واجب، کاربەدەستانیش دەچنەژێر ئەم فەرمانە چونکە پێویستە ئەوان لە هەموو کەس زیاتر ئارامگر و لەسەرخۆ و نەرمونیانتر بن)[1]. ئیبن تەیمییە لەم دەقە پێشوەدا لەبارەی ئارامگرتنەوە دوو وێنەی بەرانبەر بەیەک دەخاتەڕوو، کە وادەبینرێن لە ڕووی ڕوخساری گشتییەوە هاوتابن، ئەوانیش بریتین لە: ئارامگرتنی فەرمانڕەوا لەسەر گەل، ئارامگرتنی گەلیش لەسەر فەرمانڕەوا، (جا هەروەک لەسەر پێشەواکان فەرزە کە دەبێت ئارامبگرن لەسەر ئازاردان و ناڕەحەتیەکانی گەل و لەسەر ستەمی، ئەگەربێتو بەرژەوەندی بەوە نەبێت دەستبەر نەبێت، کە ئەگەر پشتگوێیخست سەربکێشێ بۆ خراپیەکی زیاتر و گەورەتر، ئەوا بەهەمانشێوە ئەرکی سەرشانی گەلیشە ئارمبگرێ لەسەر ملهوڕی پێشەواکان و ستەمیان، ئەگەربێتو پشتگوێخستنی خراپیەکی خراپتر نەبێت)[2]، ئارامگرتنی گەل بریتییە لە ئارامگرتن لەسەر ملهوڕی پێشەواکان و ستەمیان، بەڵام ئارامگرتنی فەرمانڕەوا بریتییە لە ئارامگرتن لەسەر ئازاردان و ناڕەحەتیەکانی گەل، جا ئەگەر ستەم و ملهوڕی پێشەواکان بە کۆت و بەندی ڕوون کۆت نەکرێ، ئەوا بەهەمانشێوە مەبەست بە ئارامگرتنی فەرمانڕەوا لەسەر ئازاری گەل ئەویش ڕوون نیە، گوتەی بەهێز لە پوختەی گوتاری فیقهی ئیبن تەیمییەدا ئەوەیە کە ناگاتە ئاستی ململانێ لەگەڵ فەرمانڕەوادا یان دەرچوون لەدژی یان بەگوێنەکردنی، چونکە هەموو ئەم مەسەلانە سیفەتی سەرپێچی شەرعی وەردەگرن و تەنها ئازاردانی ڕووت نیە.

لەڕاستیدا ئیبن تەیمییە لەناو چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا

---

١- هەمان سەرچاوە، مج٢٨، ل١٨٠.

٢- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

بناغەڕێژی بۆ ئارامگرتن دەکات، پاشان دەگوازێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر ئارامگرتنی گەل لەبەردەم ستەمی پێشەواکان، ئەوەش بە پشتبەستن بە چەمکی خودی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، گرفتەکەش لێرەدایە، چونکە ئارامگرتن لەسەر ستەمکار دەبێت یەکێک لە ماناکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، لە واقیعیشدا ئیبن تەیمییە گرنگیەکی زۆر بە ئارامگرتن دەدات، پێیوایە لە ئارامگرتندا فەرمانڕەواو گەل چاکدەبن، لەوانەیە ئەو بارودۆخە مێژووییە کە تیایدا ژیاوە ڕۆڵی خۆی هەبووبێت لە گرنگیدانی بەم مەسەلەیە، کەواتە خراپبوونی حاڵی خەڵکی (گۆڕینی فەرمانڕەوا و گەل) زەحمەتێکی دروستکردووە لەوەی بەرپرسێتی بخرێتە سەر هەر لایەنێک لەو دوو لایەنە، ئەم کارەش وا لە (ئارامگریی) دەکات هەردوولا بەرگەی ئازاری یەکتری یان ملهوڕی ئەویتر بگرێ کە ئەوەش دەرچەیەکە بۆ نەکەوتنە ناو فیتنەوە.

بەڵام گرفتەکە لە خستنەڕووی مەسەلەی ئارامگرتندایە کە یەکتربڕە لەگەڵ هەردوو مەبەستی دادپەروەری و بەرژەوەندی، کە لە ڕووی گشتییەوە دەچنەناو بونیادی تێڕوانینە شەرعیەکەی، چونکە ئارامگرتن لەسەر ستەم ئەوەندەی تر قورسیەکەی زیاتر دەکات، دوورنیە بەردەوامبوونیش لەسەر ئارامگرتن ببێتە هۆی لاوازیی لە چەمکی دادپەروەریدا، لێرەدا هەر لەسەرەتاوە ئەوە دەبینرێ کە ئیبن تەیمییە لەبارێکدا کە دان بە پرەنسیپی ئەرکی بەگوێکردنی ستەمکار و ئارامگرتن لەسەری دەنێ، ئەوا خۆی لاداوە لە گرنگیدان بە گرفتی ستەمی سیاسیی، یان گرفتەکە هەر نەبووەتە مایەی بێتاقتکردنی، ڕاستییەکەش پێچەوانەی ئەوەیە، چونکە گرنگیدانی بە مەسەلەی ستەم کەمتر نیە لە گرنگیدانی بە مەسەلەی ئارامگرتن، بەڵام پێیوابووە ئەو ستەمە سیاسییە کە لە کاربەدەستانەوە دەردەچێ، گەل ناتوانێ بە دەرکردنی حوکم یان فەتوا رزگاری ببێ لێی، لەبەرئەوە هاتووە دەروازەیەکی (فەلسەفی) پیادەکردووە کە لەتوانایدا بێت تێڕوانین لە گرفتی ستەمی سیاسیی ببەستێ بە تێڕوانینێکی گشتییەوە، هاوکات پارێزگاری بکات لەسەر ڕەگەزەکانی داڕشتنە فیقهیەکەی بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی، هاتووە ستەمی سیاسیی لە بازنەی فیقهەوە گواستووەتەوە بۆ بازنەی قسەکردن لەسەر (سروشتی مەدەنی) کۆمەڵگای ئیسلامی، تا -وەک فیقهناسێک- وادەربکەوێ کە داوای چارەسەرکردنی فیقهی ئەو مەسەلەیەی لێناکرێ.

چارەسەری گرفتی ستەمی سیاسیی بە تێڕوانینی ئیبن تەیمییە نیە لە دەرچوون لەدژی چونکە خراپی زۆر لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بەڵکو لە کۆدەنگی خەڵکی و

شارستانی بوونیاندایە، ئیبن تەیمییە لەمبارەیەوە دەڵێ: (با بزانی کە هەرکات موسڵمانان کۆبوونەوەو زۆربوون ئەوا خواستیان بۆ خراپەکاری و ستەم کەمترە لە خواستیان بۆ چاکەکاری و دادپەروەریی، چونکە ئەوان لەباری کۆدەنگیاندا کۆدەنگ نین لەسەر سەرپێچیکردن لە شەریعەتی ئیسلام هەروەک تاکە کەسێک یان دووان ئەوە دەکەن، کۆبوونەوەو کۆدەنگی و مەدەنیەت لەگەڵ یاسایەکی دادگەردا نەبێت ڕوونادات، هەرگیز ناکرێ خەڵکی شارێک کۆببنەوە لەسەر ڕێگادان بە ستەمکردنی هەندێکیان لە هەندێکی تریان، چونکە لە حاڵەتی ڕوودانی شتی وادا ئیتر ژیانیان نیە، بەڵکو کاتێ دەبینین کە فەرمانڕەوا ستەم لە کەسێک دەکات ئەوا دەبێ کەسێکیتر لە هاوەڵانی ئەو ستەمە لە گەل نەکات، هەر شتێکیش وابکات کە هەموویان یەکسانبن تیایدا ئەوا ستەم لەیەکتری ناکەن)[١].

کەواتە کۆبوونەوەو مەدەنیەت و (یاسای دادگەریی) و ڕەگەزی کاتیش بخرێتە پاڵیان، ئەوکات ئەمانە چارەسەرن بۆ گرفتی ستەمی سیاسیی، لەوانەیە ئەم زمانە لە گوتاری ئیبن تەیمییەدا بە نامۆ دەربکەوێ، ئەگەریشی هەیە ئاڵۆزی مەسەلەی ستەم لە تێزە سیاسییە فیقهیەکەیدا بووبێتە هۆکاری ئەمە، بەتایبەتی لەو بەشەیدا کە پەیوەندە بە گوێڕایەڵیی سیاسیەوە، لەبەرئەوە ئەگەر میکانیزمەکانی دڵسۆزی و ڕازینەبوون لە ئاستی خوارەوەیدا وەک ئامرازی شەرعی بخرێنە سەر (یاسای کۆمەڵایەتی ئیسلامی)، ئەوا بۆی هەیە ببنە دەرچەیەک بۆ گرفتی ستەم کە دابەزیوەتە بنی ئەو گوتارە فیقهییەی کە لەسەر فەرزی گوێڕایەڵی ستەمکار بونیاتنراوە. جا ئەگەر ئەو تێڕوانینە گشتی و خێرایە چارەسەرێکی سەرکەوتووانە بێت بۆ گرفتی ستەمی سیاسیی دوور لە مەترسیەکانی دەرچوون و ناڕازیبوون بە دەست یان نا، ئەوا تێڕوانینی لەوجۆرە هەر دادەنرێت بە گرنگترین شتێک کە فیقهی سیاسەتی شەرعی لەسەر ئاستی تیۆریزەی سیاسیی بۆ گرفتی گوێڕایەڵیی خستوویەتەڕوو، ئەمەش بە بۆچوونی ئێمە (گوتەیەکە فەرامۆشکراوە) و هەتا ئەمڕۆش لەناو بازنەی فیقهی سیاسەتی شەرعیدا وەرنەگیراوەو کاری پێنەکراوە.

---

١- إبن تيمية، منهاج السنة النبوية، ج٨، ص٣٥٨.

# بەشی پێنجەم
## تەومژەکانی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسیی
## هەوڵێک بۆ بونیاتنانەوەی

ئەم بەشە چارەسەری ڕواڵەتی بەردەوامیی تەومژە کەلەپوورییەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکات، دەگەڕێ تا لەو ناوچانەدا کە لە بونیادی هزری سیاسی ئیسلامی نوێ و هاوچەرخدا بە ئاشکرا یان بە شاراوەیی بوونیان هەیەو دەیاندۆزێتەوە، ئەوەش لە ڕێگای شیکاری هەندێ لە دەق و ڕای تەوژمە فرەجۆرەکانی هزری ئیسلامیەوە، هەروەها لە ڕێگای دۆزینەوەی ئەو پرسە گرنگترینانەوە کە جێگای بایەخپێدانی ئەو هزرەن. ئەم بەشە هەندێ گوتەو هزر دەخاتەڕوو کە دەکرێ لە ڕێگای ئەوانەوە سەرنجی بیرمەندە موسڵمانەکان ڕابکێشرێ بۆ تێپەڕاندنی حاڵەتی کەلەپوری چەمکەکە، ئینجا بۆ پەرەدان بە جێگرەوەی ژیاری کە هەندێ لە تایبەتمەندییە زەوتکراوەکانی چەمکەکە سەرلەنوێ بگێڕێتەوە، هاوکات ڕێخۆشکەربن بۆ کاری هۆشیارانەو ژیرانە لە واقیعی ئیسلامی هاوچەرخدا.

## یەکەم: تەمومژی چەمکەکە لە هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا

هەردوو سەدەی هەشتەم و نۆیەمی کۆچی وێنای قۆناغێکی ئیجتیهادی فیقهی دەکەن، ئەوەش دوای سەردەمێکی درێژخایەن کە چاولێکەری هەموو لایەنە هزرییەکانی ژیانی موسڵمانانی گرتبووەوە، ئیبن تەیمییە و ئیبن قەییمی قوتابی دادەنرێن بە دیارترینی کەسە ناودارەکانی ئەو قۆناغە ئیجتیهادییە، لەڕاستیدا فیقهی سیاسەتی شەرعی کە لەسەر دەستی ئەواندا گەڵاڵەبوو، باشترین و پێگەیشتووترین شتێک بوو کە هزری ئیسلامی لە بۆچوونە سیاسییەکانیدا تا ئەو کاتە خستوویەتەڕوو، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیاسەتی شەرعی پێکهاتەی دەستەڵات و ڕاستکردنەوەی باوەڕ پێکەوە کۆدەکاتەوە، پێداویستییەکانی ئاین و دەوڵەت لەیەک کاتدا لەبەرچاو دەگرێ، هەروەها مەسەلەی جێنشینی –لە ڕووی پراکتیکیەوە– تێدەپەڕێنێ، بەرپاکردنی دەوڵەتی شەریعەت دەکاتە ئامانجێکی ڕەوا بۆ هەر بزاوتێکی سیاسیی لە چوارچێوەی ئیسلامیدا، بێئەوەی خۆی هەڵواسێ بە نمونەی جێنشینییەوە، کە ئیبن تەیمییە ڕووداوی هەڵوەشاندنەکەیی بینی. بێگومان نەرمیی فیقهی سیاسەتی شەرعی و لەخۆگرتنی هەردوو ڕەگەزی مێژوو و بزاوت، ئیتر جگە لەو قۆناغە خەباتگێڕییە کە ئیبن تەیمییە لە جیهادی لەدژی مەغۆلەکان: واتە لە هەڕەشەی دەرەکی، هەروەها هەڵمەتی بەگژاچوونەوەی بیدعەچییان: واتە لە هەڕەشەی ناوخۆیی ئەنجامیدان، هەموو ئەمانە وای لە سیاسەتی شەرعی کرد کە لە سەردەمەکانی دوای سەردەمی ئیبن تەیمییە ببێتە نمونەیەکی چاولێکراو.

لەبەرئەوە دەوڵەمەندیی بەخششی مەعریفی و فیقهی ئیبن تەیمییەو ئیبن قەییم و مەیلیان بەلای نوێخوازیدا بەبێ گەڕانەوەی بەهێز بۆلای فیقهی چاولێکەری جێگای نەگرت، کە زۆری نەخایاند هەر زوو ڕاو بۆچوونەکانی ئەوانیش بوونە سەرچاوەیەکی تر بۆ چاولێکەریی، کە هەڵدانەوەو بەدواداچوونی بارودۆخی سەدەی دەیەمی کۆچی لەسەر هەردوو ئاستی فیقهی و فیکری پێکەوە ئاماژە بەمە دەدا، کە حاڵەتێک لە بگرەو بەردەی زانستی و هزری –بەپێی وەسفی نەوەوی– هاتەگۆڕێ کە لەوانەیە حاڵەتێکی لەو شێوەیە پێشتر لە مێژووی زانستی موسڵماناندا ڕوووینەدابێت[1]، جا بە پێداچوونەوە بە مێژووی ئەو کەسە مردووانەدا کە لە کتێبی (عجائب الآپار)ی جیبرتی (١٢٤٠–١١٦٧ک) دان، ژمارەی زانایانی موجتەهیدی دیار زۆر کەمن تەنانەت تا پێش سەردەمی ڕێنیسانس ئەوە بەدیدەکرێ.

---

١– الندوي، أبو الحسن، ماذا خسر العالم بأنحطاط المسلمين. المنصورة، مكتبة الإيمان، ص١٣٧.

مەودودی لە کتێبەکەیدا بەناوی (تجدید الدین) دانی بەوەدا ناوە کە ئوممەتی ئیسلامی لەو سەردەمانەدا خاڵی بووە لە زانا نوێخوازەکان، جگە لە دوو زانا کە کاریان لەسەر بەشێک لە نوێکردنەوە کردووە ئەوانیش: شا وەلی الله دەهلەوی (١١٨٠ک.م)، هەروەها سەرهەندی یە (کە لە زانایانی سەدەی حەوتەمی کۆچییە)[١]، جا ڕاست و دروستی ئەو ڕایەو ڕادەی کاریگەربوونی بە نەخشەی هزری هیندوستانی شێوە کیشوەرەوە هەرچۆن بێت، ئەوا هەر ڕاجیاوازی لەسەر نیە کە سەردەمەکانی دوای سەدەی هەشتەمی کۆچی بێ هیچ گومانێک سەردەمی چاولێکەریی بوون، لەوانەشە چاولێکەری تیایاندا لە سەردەمەکانی پێشتر سەختتر بووبێت، ئەوەش بەهۆی هەبوونی ئەو دامەزراوانەوە کە لەسەر پاراستنی چاولێکەریی دامەزرابوون وەک زانکۆی ئەزهەر لە میصر و زانکۆی زەیتونە لە تونس.

ڕەخنەی موحەممەد عەبدە (١٩٠٥-١٨٤٨ز) بۆ میتۆدی فێرکردن و جۆری بیرکردنەوەی ئەزهەر لەو کاتەدا ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ڕۆڵە کە ئەزهەر لە پاراستنی چاولێکەری مەزهەبی و داخران بە ڕووی زانستە هاوچەرخەکاندا پێی هەستاوە، هەروەها خۆ بەدوورگرتنی ڕەفاعە تەهتاوی (١٨٧٣-١٨٠١ز) -کە زانایەکی ئەزهەرییە- لە کارکردن لەناو بازنەی ئەزهەردا و ڕۆیشتنی بە ئاراستەی کاری ڕۆشنگەریی و ڕۆژنامەوانیدا -بەدیاریکراوی لەدوای گەڕانەوەی لە پاریس-، ئاماژە بەوە دەدات کە پەی بە نەتوانایی ئەزهەر بردووە لەوەی ئەو هزرە نوێخوازانە لە ئامێز بگرێ، کە بازنەی بۆماوەیی مەزهەبی ئەو سەردەمەیان تێپەڕاندبوو.

وادەردەکەوێ ئەو پشتگیرییە دامەزراوەییە بۆ چاولێکەریی فیقهی لەگەڵ فاکتەرێکی سیاسیدا یەکیگرتووە، کە جێکەوتەی ڕوونی هەبووە لە هەژموونداریی بۆماوەی هزری و شکستهێنان بە ئاراستەی حەزی زانستی بەرەو نوێکردنەوە، ئەویش خۆی لە فاکتەری دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بەرجەستە کردبووو، کە ناسرابوو بە لاوازیی گرنگیدان بە زانست و زانیارییەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە. دەکرێ لێرەدا هەست بە کزی ڕۆڵی کەسایەتی زانایانی ئیسلام بکەین، ئەوانەی کە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کاروباری فەتوا لە ئەستۆیاندا بووە، ئەوانەی هیچ جۆرە بەرهەمێکی فیقهی یان مەعریفی نادرێتە پاڵیان کە هاوتەریب بووبێت بەو پێگەو پایە ڕێزدارەیان، ئەمە بە هەڵاوێردکردنی چەند زانایەکی وەک مامۆستا

---

١- المودودي، أبو الأعلى. تجديد الدين وإحيائه وواقع المسلمين وسبيل النهوض بهم، بيروت: دار الفكر، ط٢، ص٩١-١٠١.

موستەفا صەبری (١٣٧٣-١٢٨٦ک) و کتێبەکەی بەناوی (موقف العقل والعلم) کە تیایدا داوا لە زانانیان دەکات بایەخ بە سیاسەت بدەن.

ئەو بارە کە هزری ئیسلامی لەپێش سەردەمی ڕێنیساسدا لەسەری جێگیر بووبوو جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەو بارەی پێش گەڵاڵەبوونی فیقهی سیاسەتی شەرعی لەسەری بوو، چونکە جێنشینیی عوسمانی  زۆر لاواز بووبوو و توانای نەبوو پارێزگاری لە ویلایەتەکانی بکات لەبەردەم هێرشی کۆلۆنیالیزمدا، ڕوخسارە ئیسلامییەکان وردە وردە لەبەردەم چەکوشی شارستانی خۆرئاواییدا کەوتنە نەمان و پووکانەوە، لادانە باوەڕییەکان لە هەندێ لە ناوچەو ژینگە ئیسلامیەکاندا بڵاوەیانکرد، هەروەک لە ناوەڕاستی دوورگەی عەرەبی و باکوری ئەفەریقیا و شێوە کیشوەری هیندوستاندا ڕوویدا، ئەوەی گرنگە بزانرێ بریتییە لەو مەترسی و هەڕەشانەی -بەتایبەتی هەڕەشەی کۆلۆنیالیزمی- کە لەناکاودا هەڵیکوتایە سەر هزری ئیسلامی لە کاتێکدا لە قۆناغی چاولێگەریدا دەژیا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مادامێ بارودۆخەکە ئاوەها بووە ئیتر جێنشینی  لەتوانایدا نەبووە پەرچەکرداری هەبێت.

لەڕاستیدا کەسە زانستییە دەستبژێرەکان -بەهۆی سنورداری شارەزایی سیاسی و دابەزینی ئاستی بیرکردنەوەی سیاسییان لە پرسە نوێیەکاندا- ڕۆیشتن بەرەو خواستنی نمونەی فیقهی سیاسەتی شەرعی، بەو سیفەتە کە لە ڕووی زەمەن و مەعریفەوە نزیکترین نمونە بوو لە کەشوهەوای سەدەی نۆزدەیەمی کۆچی، هەروەها بەو سیفەتە کە مێژووی قۆناغێکی دەوڵەمەندی مەعریفی لە فیقهی ئیسلامی تیایدا دەدرەوشایەوە، ساتەوەختی ئیبن تەیمییە ساتێکی مێژوویی فرە ڕەهەندی وێناکرد، کە هەڵگری نمونەیەکی جەماوەری بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار، هەروەها بۆ بونیاتنانی دەوڵەتی شەریعەت، بۆ پاکژکردنی باوەڕ و بۆ بەگژاچوونەوەی بیدعەچییان، بێگومان ساتەوەختی لەوجۆرە شایانی ئەوە بوو بەشێوەیەک لە شێوەکان لاسایی بکرێتەوە، بەتایبەتی کە هزری ئیسلامی لە قۆناغی چاولێگەریدا دەژیا -هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێداوە- بۆیە دەگەڕا بەدوای نمونەیەکدا هاوکاری بێت لەسەر زاڵبوون بەسەر هەڕەشەکانی سەردەمدا، ئەمە بێئەوەی ئەو مۆرکە ئیسلامییە لە بەردەوامبوون لەسەر هێڵی چاولێگەریی کە باوەڕی پێی هەبوو لەدەستبدات.

مالیک بن نەبی (١٩٧٣-١٩٠٥ز) لەمبارەیەوە تێبینی ئاراستەیەکی کردووە کە ناوی ناوە بە مرۆڤی (دوای سەردەمی موەحیدەکان)، ئەوەش بۆ گەڕان بەدوای

(شێوازێک لە ژیان کە لە هەردوو بواری ڕەوشتی و کۆمەڵایەتیەوە گونجاوبێت لەگەڵ مەرجەکانی ژیانی نویێ)، بە ڕای ئەو ئەو (باسە ناڕوونە) تێکەڵ بە دوودڵییەکی کۆن بووە کە کتێبەکانی ئیبن تەیمییە چەند سەدەیەکی پێشتر لەسەر ویژدانی ئیسلامی جێیان هێشتبوو)[1]، بەڵام ئەو کاریگەرییە کە مالیک بن نەبی دەیبینێ نیشانەیەکی لێکدانەبڕاوە لە تەوژمی چاکسازی ئیسلامی یان -هەروەک ناویناوە- ڕەوتی ڕێنیسانس، کە لە بواری سیاسەتدا ڕوونتر دەردەکەوێ، لەڕاستیشدا هزری سیاسیی ئیسلامی لە سەدەی نۆزدەیەمی زاینیدا لەتوانایدا نەبوو لە ئیبن تەیمییە زیاتر بڕواتە پێش، بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی تەنها (بە بێزاریی و دڵەڕاوکەی کۆنی ویژدانی ئیسلامییەوە) نەبووە، بەڵکو بە مەرجی بابەتیەوە بووە کە بوونەتە هۆی گەڕانەوەی (نمونەی تەیمییە) لە دوو گرنگترین ڕوخساریدا، ئەوانیش بریتین لە: بانگەواز بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی شەریعەت و تێکۆشانی بەردەوام.

لەوانەیە هۆیەکە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فیقهی ئیبن تەیمییە بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی شەرعی یان دەوڵەتی شەریعەت ڕێگا دەدات بە تێپەڕاندنی مەسەلەی جێنشینیی، هەر ئەم خواستەشە هەندێ لەو چاکسازانەی تەماعیان هەبووە دەوڵەتی بچوک بچوک دابمەزرێنن پێویستیان پێی هەبووە، کە لەژێر سایەی جێنشینییەکی ماندوو و شەکەتدا حوکم بە شەریعەت بکەن، بێئەوەی دابڕانی مەعریفی لەگەڵ بیرۆکەی خودی جێنشینیدا ڕووبدات، هەر ئەم داوایەش بووە کە بزووتنەوەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالیزم پێویستیان پێی بووە، کە فیقهی سیاسەتی شەرعی نەرمییەکی لە دەرەوەی چوارچێوەی فەرمی دەوڵەت پێبەخشین، ئەوەش لەژێر بەندی پاراستنی باوەڕدا. لەلایەکیتریشەوە کەسایەتی ئیبن تەیمییە بازیداوە بەسەر وردەکارییە مەزهەبیەکاندا، جا لە کاتێکدا خۆی حەنبەلی مەزهەب بووە، بەڵام لەڕاستیدا فیقهناسێکی نوێخواز بووە، ئێمە -بۆ نمونە-موقبیلی (١١٠٨ک.م) دەبینین کە فیقهناسێکی زەیدییە، پێیوایە ئیبن تەیمییە فیقهناسێکی سەربەخۆیەو سیفەتی حەنبەلی بوونی لێدەسڕێتەوە[2].

---

١- إبن نبي، مالك. وجهة العالم الإسلامي، بيروت: دار الفكر، ط (إعادة)، ٢٠٠٠م، ص٤٨.

٢- المقبلي، صالح بن مهدي. الأرواح النوافح آثار إيثار الآباء والمشايخ)، کە ئەمە پاشکۆی: العلم الشامخ في إيثار الحق على الآباء والمشايخ، مصر، مطبعة مصر، ص٥١٩. موقبیلی ئەگەرچی زانایەکی مەزهەبی زەیدییە بەڵام سیفەتی مەزهەب لەخۆی دەسڕێتەوە، هەروەک چۆن زانا زەیدییەکانی وەک شەوکانی و ئیبن ئەلئەمیر و ئیبن وەزیر هەمان شتیان کردووە، چونکە لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەناوی (العلم الشامخ) دەڵێ: (خوایە ئاگاداربە من جگە لە ئیسلام هیچ مەزهەبێکم نیە).

ئەوی ڕاستی بێت فیقهی سیاسەتی شەرعی و ئیبن تەیمییە بەتایبەتی بوونە نمونەی سەرنجڕاکێش، جگە لەوەش ئەو نمونەیە چووەناو بونیادی حوکمی ئیسلامیەوە، چونکە سیستمی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا بووبوو لەسەر کۆکردنەوە لە نێوان کاربەدەستان و زانایان لە پەیوەندییەکی دەستەڵاتی شێوە تەبادا، پلەو پایەی شێخی ئیسلام لەدوای سوڵتانەوە دەهات، دەرکردنی فەرمانە سوڵتانیەکان پێویستی بە فەتوای شێخولئیسلام هەبوو تا فەرمانەکە ببێتە فەرمانێکی ڕاپەڕێنراو، سەرچاوەکان باسیدەکەن کە سوڵتانی عوسمانی کاتێ دادەنیشت لای ڕاستی زانایان و لای چەپی کاربەدەستەکان بوون، ئەم دیمەنەش ئاماژەی بە جۆری بونیادی سیاسی باوی جێنشینیی عوسمانی دەدا.

کەواتە فیقهی سیاسەتی شەرعی وەک پرۆژەیەکی ڕووبەڕووبوونەوەی گونجاو وابوو، ئیتر بۆ هێڵی ئەو چاولێکەرییە کە بەرجەستەی فیقهی پێشینانی تێدا دەبینرا، یان بۆ هێڵی نوێبوونەوە کە لەناویدا ئەو هۆکارانەی تێدابوو یارمەتیدەربن بۆ لەخۆگرتنی گۆڕانکارییەکانی سەردەم، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئیسلام خزێنرابوویە ناو فیقهی سیاسەتی شەرعیەوە، ڕۆحی سەلەفیەتیش بەو سیفەتە کە ڕێگایەکە بۆ ڕاستکردنەوەی باوەڕ، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکار، هەروەها بازدان بەسەر جێنشینییەکدا کە لە دیدی دەستبژێرە زانستییە جیاوازەکانەوە نەتواناو تاکڕەو بوو، بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاوەیکردبوو.

لە نیوە دوورگەی عەرەبیدا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب (١٢٠٦-١١١٥ک) دەستیدایە بانگەوازەکەی بۆ ڕاستکردنەوەی باوەڕ و بەگژاچوونەوەی بیدعەکان، پاشان چاوی بە موحەممەدی کوڕی سعود کەوت تا لەو کۆبوونەوەیاندا پرۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتی (سیاسەتی شەرعی) بێتەکایە، کە -دواتر_ پانتاییەکی بەرفراوانی لە ڕووبەری جوگرافی نیوە دوورگەی عەرەبی گرتەوە، لەدوای موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب موحەممەدی کوڕی عەلی سەنوسی (١٢٧٦-١٢٠٢ک) هەستا بە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی نوێگەریی کە مۆرکی تەسەوفی هەڵگرتبوو، پاشتر لەسەر دەستی شەریفی سەنوسی کوڕی گۆڕدرا بۆ دەوڵەت، ئینجا ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی کۆلۆنیالی فەرەنسی و ئیتالی گرتە ئەستۆی خۆی، شاراوە نیە فیقهی سیاسەتی شەرعی کاریگەری لەسەر سەنوسی باوک هەبووە، چونکە ماوەی سی ساڵ نیشتەجێی وڵاتی حیجاز بووە و شارەزابوو بە

فیقهی ئیبن تەیمییەو و زۆر چووبووە دڵی[١].

بەڵام فیقهی سیاسەتی شەرعی کاریگەری ڕاستەوخۆی نەبووە لەسەر بزووتنەی مەهدیزم، ئەوەش بەهۆی سنورداری ڕۆشنبیری ئوسوڵی ڕابەرەکەیەوە موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی مەهدی (١٨٨٥-١٨٤٤ز)، بەڵام کاتێ دەوڵەتی مەهدی لە سودان بەرپابوو پشتی بە ڕێکخستنێک بەست کە نزیکبوو لە شێوەی سیاسەتی شەرعی. لە کیشوەری هیندوستانیشدا شا وەلی ڵڵای دەهلەوی بووبووە درێژەپێدەری زانستی فیقهی سیاسەتی شەرعی، ئەوەش لە ڕێگای گرنگیدانی بە زانستەکانی سوننەت، هەروەها پیادەکردنی بڕیارەکانی فیقهی سیاسەتی شەرعی هەروەک لە کتێبەکەیدا بەناوی (حجه الله البالغه) و کتێبی تریشیدا دەردەکەوێ. بەهەمانشێوە گۆڕانێک لە بازنەی هزری زەیدی لە یەمەندا ڕوویدا کە زۆر دیارو زەق نەبوو، چونکە هەندێ لە زانایانی زەیدی چاولێکەری مەزهەبیان ڕەتکردەوەو وایان لێهات نزیکتربوون لە نمونەی سیاسی سوننی لە شێوە (تەیمییە)کەیدا، بەڵام لەگەڵ پارێزگاری لە کرۆکی بۆچوونی سیاسیی زەیدی کە هەقداریی ئالوبەیت بە فەرمانڕەوایی لەناو جەرگەیدایە[٢]. ئەمەش بە ڕوونی لەلای شەوکانی لە کتێبی (السیل الجرار) و (نیل الأوطار) دا دەبینین، هەروەها لای ئیبن وەزیر (٨٤٠ک.م) بەدیدەکەین، کە لە هەردوو مەسەلەی ڕاپەڕین و ئارامگرتن لەسەر فەرمانڕەوای ستەمکار، بەرگرییەکی سەرسەختانەی لە ڕای فەرموودەناسان کردووە، ئەویش لە کتێبەکەیدا بەناوی (الثغر الباسم فی الذب عن سنه أبی القاسم)[٣].

هەرگیز ناتوانرێ بوترێ کە حاڵەتێک لە وێکچوونی تەواو لە نێوان ڕەوتەکانی

---

١- الصلابي، علي محمد، الحركة السنوسية في ليبيا، الأردن، دار البيارق، ج١، ص٢٢٥.

٢- دەکرێ بوترێ کە فیقهی سیاسەتی شەرعی لەسەر ئاستی پیادەکردن کاریگەری لەسەر مەزهەبی زەیدی هەبووە، واتە ئەو ئاستەی کە پەیوەند بووە بە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان پێشەواو ئوممەتدا، هەروەها دیاریکردنی پسپۆڕییەکانی، نەک لەسەر ئاستی گوتە سەرەکیەکانی، لەڕاستیدا مەزهەبی زەیدی پارێزگاریکرد لە پرەنسیپی جەوهەری کە خۆی لە هەقداریی ئالوبەیت دا لە وەچەی فاتیمە (خوا لێی ڕازی بێت) بە فەرمانڕەوایی وێنادەکرد، لەگەڵ ئاماژەدان کە نزیکبوونەوەی زەیدی لە تیۆری سیاسی سوننی -لەسەر ئاستی ڕێکخستن- لە سەردەمێکی پێشوەختدا دەستیپێکردبوو، ئەگەرچی وادەردەکەوێ کە لەدوای گۆڕانی ئیعتیزالی بەرەو هەمان تیۆر لەسەر دەستی قازی عەبدولجەبار هاتووە هەروەک لە بەشی سێیەمدا بینیمان.

٣- لەوانەش وادەبینێ کە فەرموودەناسان (با باسیان لە دروستی وەرگرتنی کاربەدەستی لە بەرژەوەندییەکاندا لە پێشەوایانی ملهوڕەوە کردبێ، هەر بەهیچ جۆر نەیانخستوونەتە ڕیزی پێشەوایانی دادپەروەر)،.....بڕوانە درێژەی ئەم باسە لە:

- الوزير، الروض الباسم في الذب عن سنة أبي القاسم، ص٣٢-٤٣.

هزری ئیسلامیدا لەو مەسەلەیەدا کە پەیوەندە بە ڕەگەزەکانی بۆچوونی ئیسلامی بۆ دەستەڵات لەو قۆناغەدا بوونی هەبووە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ بریتییە لە نزیکی هزری ئیسلامی بە هەموو ڕەوتە جیاوازەکانیەوە لە نمونەی سیاسەتی شەرعی با بە پلەی جیاوازیش بووبێت، بەم پێیە، وە لەگەڵ بە هەندگرتنی بەردەوامی مێژوویی بۆ پەرەسەندنی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسی لە ڕەوشە مەعریفیە فرەجۆرەکانیدا، بەتایبەتیش فیقهی سیاسەتی شەرعی، کە کۆتا شێوەی چەمکەکە تیایدا گەڵاڵە بوو، ئەوا دەتوانرێ باس لە گرنگترین تەمومژەکانی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسی لە هزری سیاسی ئیسلامی نوێ و هاوچەرخدا بکرێ، ئەویش بەمجۆرەی لای خوارەوە:

١- تەمومژی ڕەواندنەوەی تیۆریی چەمکی کاربەدەستان

أ- (کاربەدەست) گرفتی دەستەڵاتی تاکەکەسی:

کەواکیبی (١٨٥٥- ١٩٠٢ز) لە کتێبی تیڕوانینەکەیدا بەناوی (أم القرى) نهێنی دەستگرتنی کاربەدەستان بە شەریعەتەوە دەخاتەڕوو، ئەمە لە کاتێکدا کە بایەخدان بە ئاینیان فەرامۆشکردووە، دەڵێ: ئەگەر قورئان ئەم دوو ئایەتەی تێدا نەبوایە ئەوا بەتەواوەتی پشتگوێیان دەخست، یەکێکیان ئەم فەرموودەیەی خوای گەورەیە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾[1] پێشەوا موحەممەد عەبدە لە تەفسیری المنار دا باس لە پەرۆشی سوڵتان عەبدولحەمید دەکات لەسەر بیستنی ئەم ئایەتە لە هەموو وتارێکی هەینیدا[2].

ئەمەش -بە بۆچوونی ئێمە- ئاستی بەکارهێنانی سیاسیی چەمکی کاربەدەستان بۆ بەرژەوەندی دەستەڵاتی تاککەسی دەخاتەڕوو، کە هەوڵدەدات لەناو دەقی شەرعیەوە بناغەڕێژی بۆ خۆی بکات، ئەوەش لە ڕێگای گۆڕینی -با سادەش بێت- ڕۆشنبیری هۆشیاریی بە دەقەکە، تا هەردوو چەمکی (کاربەدەستان – أولوا الأمر-) و (کاربەدەست-ولی الأمر-) یەکسان بکەن بەیەک، بێئەوەی ئەو هەوڵە تەمومژ لە هۆشیاری دەستەجەمعیدا بوروژێنێ، تا ئەو باوەڕە بێتەڕوو کە هەردوو چەمکەکە دەچنەناو بونیادی یەک دەق، لەوانەیە هەر ئەمەش بێت کە کەواکبی لەسەر زمانی یەکێک لە کەسایەتیەکانی یەکەمین کۆنگرەی ئیسلامی بۆ هەستانەوەو ڕاپەڕین (مورشیدی فاسی) باس بکات کە وتوویەتی بەکارهێنانی

---

١- الكواكبي، عبد الرحمن. أم القرى، مؤتمر النهضة الإسلامية الأول، دمشق، ٢٠٠٢م، ص٦١.

٢- عمارة، محمد. الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده، ج٥، ص١٤٨.

زاراوەی کاربەدەستان تێپەڕ دەبێت و کاری لەسەر دەکرێ، لە کاتێکدا کە بێئاگایی هەیە لە مەبەست بە کاربەدەستان و لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە بەشێوەی کۆ، هەروەها ئەو کۆت و بەندەی لە وشەی (منکم)دایە[١]، زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین کەواکیبی بەم ئاماژەیەی نزیککەوتووتەوە لەوە دەستبخاتە سەر مەترسی دەستەڵاتی تاککەسی، هەر ئەمەش وایلێکردووە بتوانێت بە تێڕوانینێکی وردو تیژ ڕووبەڕووی پرسی تاکڕەویی ببێتەوە.

کەواکیبی پێیوایە لابردنی مۆرکی کۆمەڵ لە چەمکی کاربەدەستاندا بە حەتمی سەردەکێشێ بۆ هەوڵی تاکڕەویی، لەبەرئەوە بە ڕوونی داوا دەکات کە (دەرگاکانی ملکەچیی ڕەها دابخرێن با بۆ کەسێکی وەک عومەری کوڕی خەتتابیش بێت (خوا لێی ڕازی بێت)[٢]، بەڵام ئەو دەستەلاتە تاککەسیە کە چەمکی (کاربەدەست) بەرهەمیهێناوەو کەواکیبی بە هەموو شێوەیەک ڕەتیدەکاتەوە، یەکەمجار (کاربەدەست) بە ڕێگای تاکڕەوی و ستەم لە شەریعەت دەستەبەری دەکات، لە هزری کەواکیبی دا دەتوانرێ بەراوردێک لە نێوان تاکڕەویی سیاسیی و (کاربەدەست)دا بکرێ، کەسی تاکڕەو گەل لەخۆیدا کورتدەکاتەوە گوایا بەرجەستەی ئیرادەی گەل دەکات، بەڵام (کاربەدەست) ئەوا گەل و شەریعەت پێکەوە کورتدەکاتەوە لەخۆیدا، لەبەرئەوە تێڕوانینی کەواکیبی بۆ پرسی تاکڕەویی لەسەر پێکەوەبەستنی تاکڕەویی سیاسیی و تاکڕەویی ئاینی بەرپا دەبێت، چونکە تاکڕەویی ئاینی کە خۆی لە (فیقهناسانی دەستەڵات)دا وێنا دەکات چۆنێتی (شەرعیەتدان) بە تاکڕەویی سیاسیی پێشکەش دەکات، هیچ مانایەکی نیە کە زانایان و فیقهناسان بەپێی پەیوەندییەکی بەزەیی ئامێز کە سوڵتان سەنتەر بێت بچنەژێر چەمکی (کاربەدەستانەوە)، چونکە ئەوە هیچ لە سروشتی تاکڕەویی ناگۆڕێ، چونکە فیقهناسانی دەستەڵات پاشکۆی دەستەڵاتن و زیاتر نین، لەبەرئەوە ئەوا کەواکیبی دەگوێزێتەوە بۆ فراوانکردنی چەمکی کاربەدەستان، تا هەموو ئەوانە بگرێتە کە ناویبردوون بە (کەسە حەکیم و نەجیبەکانی گەل)، حەکیمەکانیش هەر لە چاکەکارانی گەلن کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی دەستەڵاتی فەرمی سوڵتان.

ئەم هەوڵەی کەواکیبی بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چەمکی کاربەدەستان کە بەشێوەی دەستەجەمعی خستوویەتەڕوو، نزیکدەبێتەوە لە هەوڵی پێشەوا

---

١- الكواكبي، أم القرى، مؤتمر النهضة الإسلامية الأول، ص٦١-٦٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩.

موحەممەد عەبدە کە کەسانی پسپۆڕ و خاوەن ڕا و هزر بەتەنیشت زانایان و والیەکانەوە دەخاتە ناو بازنەی چەمکەکەوە، ئەوەی لەو دیاریکردنە نا توێژیەدایە بۆ چەمکی کاربەدەستان، بریتییە لە بەستنەوەی کۆمەڵیانەی چەمکەکەو کارایی پێکهاتەکان و فرەییان، چونکە هەبوونی هەندێ لە فیقهناسان یان زانایان ئەوانەی کە بەدەوری سوڵتاندا -هەروەک لە جێنشینیی عوسمانیدا بووە- لەناو بازنەی کاربەدەستاندا دەسوڕانەوە مەبەستی شەرعی چەمکەکەی دەستەبەر نەکردووە، لەبەرئەوە باری دەستەجەمعی چەمکەکە بە بەشداری زانایان و حەکیمەکان لە دەرەوەی بازنەی (ئەوانەی سوڵتان ڕازییە لێیان) دەستەبەر دەبێت، ئێمە هەمان ئەم بیرۆکەیە لای موحەممەد ڕەشید ڕەزا (١٩٣٥ک.م) بە ڕوونی دەبینین، کە هاتووە زانا تەمبەڵەکان و (فیقهناسە دۆگماکان) لە بازنەی ئەهلی حەلل و عەقد دووردەخاتەوە، هۆیەکەش ئەوەیە کە ئەوانە لەڕاستیدا تەنها سێبەرێکن بۆ سوڵتان، بەمجۆرەش بێت ئەوا واتای کۆمەڵیانەی چەمکەکە دەستەبەر نابێت.

کەواتە چەمکی کاربەدەستان هەروەک بیرمەندانی بوژانەوەو و هەستانەوە دەیخەنەڕوو، کارایی کۆمەڵایەتی نەک تەنها شیاوێتی زانستی بە ڕوونی دەکاتە پێوەرێک بۆ چوونەژێر چەمکی کاربەدەستان، هەروەها فرەجۆری سەرچاوەکانی هێزی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بەم پێیە هەموو (ئەمیر و حەکیم و زانایان و سەرکردەکانی سوپا و تەواوی ئەو سەرۆک و سەرکردانە دەگرێتەوە کە خەڵکی لە پێویستی و بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەلدا دەگەڕێنەوە بۆ لایان)، پێشەوا موحەممەد عەبدە دەڵێ: (ئەگەر ئەوانە لەسەر مەسەلەیەک یان بڕیار و حوکمێک کۆببنەوە دەبێت بەگوێیان بکرێ، بە مەرجێ لەخۆمان بن، بە پێچەوانەی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) کە بە تەواتور زانراوە نەجوڵێنەوە، هەروەها ئازادبن لە گەڕان و تاوتوێکردنی مەسەلەکەدا و ڕێکەوتنیان لەسەری، دەبێت لە بەرژەوەندییە گشتییەکاندا یەکڕا بن، ئەمەش لەو شتانەدا کە کاربەدەستان دەستەڵاتیان تێیدایە و سەرپەرشتی دەکەن)[1]، پاشان دووپاتیدەکاتەوە کە دەبێت کاربەدەستان رزگاربکرێن لە دەستەڵاتی سوڵتان، دەڵێ: (ئەهلی حەلل و عەقد لە باوەڕدارانن، هەرکات کۆبوونەوە لەسەر کارێک لە بەرژەوەندییەکانی گەل، کە دەقێکی شەرعی خوای لەسەر نەبێت، بە مەرجێ خۆیان ئازادبن و بە هێز و

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٧٨.

دەستەڵاتی هیچ کەس ناچارنەکرێن لەسەری ئەوا بەگوێکردنیان فەرزە)[1].

خەیرودین تونسی (١٨٨٠-١٨٢٢ز) هێمایەکی بەرچاوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەڵاتی تاکەکەسیدا کە چەمکی (کاربەدەست) بەرجەستەی دەکات، تونسی کە سەرۆک وەزیرانی جێنشینیی عوسمانی بووە و تا کۆتا ڕۆژەکانی ژیانی نزیک بووە لێیەوە، ئاگاداریداوە کە والاکردنی دەستی تاک لەژێر هەر ناوێکدا بێت بەوە دادەنرێ کە ستەم دێنێ، لەبەرئەوە هەر لە بناغەوە دەستەڵاتی تاککەسی ڕەتدەکاتەوە، لێرەشدا ناکۆکە لەگەڵ فیقهی چاولێگەریدا کە دەستەڵات ڕادەستی یەک کەس دەکات و دواتر کاردەکات لەسەر کۆت و بەندکردنی، بە بۆچوونی تونسی والاکردنی دەستی تاک لە دەستەڵاتدا، پاشان گەڕان بەدوای کۆت و بەند دا بە جۆرێکە لە کاری یۆتۆپیایی، لەمبارەیەوە تونسی ئەزموونی (ناپلیۆن بۆناپارت) وەبیردێنێتەوە کە سەرکردەیەکی نەتەوەیی بووە، کاری شکۆمەندی زۆری بۆ گەلی فەرەنسی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دواجار بووەتە کەسێکی تاکڕەو و دیکتاتۆر، (فیلیب فەرەنسی) وتوویەتی: (هەرگیز نابێت کاروباری وڵات ڕادەستی یەک کەس بکرێ، بەجۆرێ کە بەختەوەریی و نەگبەتیەکانی لەدەستی ئەودا بن، با ئەو کەسەش کامڵترین کەس بێت و بەهێزترین ئەقڵی هەبێت)[2]، تونسی تەواو هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا، پێیوایە کە (هەرگیز کاروباروی وڵات نادرێتە دەست یەک کەس، ئیتر هەر کەس بێت و لە هەر پێگەیەکدا بێت)[3].

ئەوەی تونسی دەیڵێ تا ڕادەیەکی زۆر لەم گوتەیەی کەواکیبی دەچێت کە لە کتێبی (أم القرى) دا دەڵێ: نابێت ملکەچبکرێ بۆ تاکەکەس با ئەو کەسەش کەسێک بێت لە وێنەی عومەری کوڕی خەتتاب بێت (خوا لێی ڕازی بێت)، بەڵام لێرەدا جۆرێک لە جیابوونەی تیۆری لە نێوان ئەم دوو کەسایەتیەدا دەبینین، چونکە کەواکیبی هەنگاوێکی پێشکەوتووتر دەنێت بەرەو ڕیشەکێشکردنی تاکڕەویی، بەڵام تونسی داوای بەشداری لە دەستەڵات و چاکسازی پلەبەندی دەکات، کە لەم هێڵەدا یەکدەگرێتەوە لەگەڵ پێشەوا موحەممەد عەبدە، بەڵام بیرۆکەکانی تونسی لەوەدا کە پەیوەندن بە بەشداری و کاراکردنی میکانیزمەکانی شوراوە ڕوونتر دەردەکەون.

---

١- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٢- التونسي، أقوم المسالک في معرفة أحوال الممالک، ص١٨.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٠.

لەڕاستیدا بیرۆکەی بوژانەوەو هەستانەوە لە هەستکردن بە مەترسی دەستەڵاتی تاکەکەسەوە هەنگاوینەوە، شتێکیش پشتگیری لەم گوتەیە بکات ئەو ڕاستییە گرنگەیە کە داگیرکار خستیەڕوو، بەوەی کە: ملهوڕی فەرمانڕەواکان و هەڵسوکەوتی بێ قەید و شەرتی شەرعی و سیاسیی هۆکار بووە بۆ چوونەژێر ڕکێفی داگیرکار، تونسیش لە کتێبەکەیدا بەناوی (أقوم المسالک) باسیکردووە[١]، بەم پێیە هزری بوژانەوەو هەستانەوە بە مەبەستی کۆت و بەندکردنی دەستەڵاتی تاک ڕۆیشت بە ئاراستەی سودوەرگرتن لە هەندێ میکانیزمی نمونەی سیاسیی خۆرئاوایی بۆ پیادەکردنی بیرۆکەی ئەنجومەنە پەڕلەمانی و سیستمە دەستوریەکان، بەڵام بەندکردنی دەستەڵاتی تاک لەوەی کە پەیوەندە بە تاکڕەوییەوە ئەنجامێکی نەدا، بەڵکو بووە هۆی بەریەککەوتن لەنێوان بیرۆکەی کۆت و بەند و نێوان هێزی تاک کە دواجار دەستەڵاتی تاک توانی ئەنجومەنە پەڕلەمانیەکان (کۆت و بەند) بکات و دەستور بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ.

کەواکیبی جارێکیتر تەمومژی دەستەڵاتی تاککەسی بەشێوەیەکی جیاواز خستوەتەڕوو، بۆی دەرکەوتووە ئەو میکانیزمانە کە سنورداری دەکەن کەم و دیاریکراون، هاتووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی تاکڕەوی کردووە بەو سیفەتە کە بونیادێکی دامەزراوەیی و ڕۆشنبیرییە. جا وێڕای ئاگاداربوونی بە گرنگێتی شێوەی کۆمەڵی چەمکی کاربەدەستان، هەر گەیشتووەتە ئەو ئەنجامە کە ئەگەری هەیە تاکڕەو تاکەکەسێ یان کۆمەڵێ بێت، هەروەها مەرج نیە هەبوونی ئەنجومەنە پەڕلەمانیەکان و دەستور ببنە هۆی نەهێشتنی تاکڕەویی، بۆیە هاتووە جێگرەوەیەکی گەلی پێشنیارکردووە ئەویش لێپرسینەوەو چاودێرییە[٢]، بەڵام ئەو جێگرەوەیە کە پێشنیاری کردووە و خۆی لە کاراکردنی میکانیزمەکانی چاودێری و لێپرسینەوەدا وێنا دەکات وەک شتێکی ناواقیعی دەردەکەوێ، لەبەرئەوە هاتووە هەنگاوێکی جۆریی ناوە بە ئاراستەی تیۆریزەکردن بۆ ڕیشەکێشکردنی تاکڕەوی و ڕزگاربوون لێی بەیەکجاری، هەروەک لە کۆتا بەشی کتێبەکەی (گبائع الأستبداد) دا دەردەکەوێ.

بەڵام تونسی بە مەبەستی ڕزگاربوون لە دەستەڵاتی تاک کە بەرپرسێتی هاتنی داگیرکار دەداتە پاڵی، تێڕوانینێکی خستووەتەڕوو کە بە پێوەرەکانی سەردەمی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٣٣.

٢- الکواکبي، عبد الرحمن. طبائع الأستبداد، القاهرة، ١٩٩٣م، ص٧.

خۆی بە تێڕوانینێکی نوێگەر ئەژمار دەکرێ، ئەو تێڕوانینەش گونجاوە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی (یەک مرۆڤ) و خۆی لە (بەشداری ئەهلی حەلل و عەقد لەگەڵ پادشاکاندا بۆ کارە هەمووەکیەکانی سیاسەت) وێنا دەکات. (هەمووەکیەکانی سیاسەتیش) چەمکێکە ناچێت بەلای ڕێڕەوەکانی ژیانی ڕۆژانەدا کە تونسی هەوڵیداوە ڕەخنەگرانی ڕازیبکات کە نایانخاتە ژێر ئیرادەی فەرمانڕەواوە، ئەوەی تونسی بەلایەوە گرنگە بریتییە لە مەسەلە گەورەو قورسەکان کە پەیوەندن بە کرۆکی بەرژەوەندییەکانی گەلەوە، کە دەبێت بخرێنە ژێر ڕکێفی ئەهلی حەلل و عەقد، ئەوەش بەجۆرێ کە (یاساکانی لەژێر سەرپەرشتی ئەهلی حەلل و عەقد دا) بێت[1].

ئەوی ڕاستی بێت دەستەواژەکانی دادگەری سیاسیی، ئازادی سیاسیی و ناڕازی سیاسیی، کە بە ڕوونی لای تونسی دەیانبینین، کۆمەڵە دەستەواژەیەکن لە زمانی سیاسیی و زانستی ئەو سەردەمەدا جێگایان نەبووەتەوە، هێنانی وشەکانی دادگەری و ناڕازی و ئازادی لە وەسفکردنی سیاسەتدا، گوزارشت لەوە دەکات کە ئەو بازنەیەی هزری ئیسلامی و گۆڕانکاریی بە ئاراستەیاندا ڕۆیشتووە بریتی بووە لە بازنەی دەستەڵاتی تاکەکەس، بەڵام ڕێنماییکردنی هزر بەو ئاراستەیەدا پێویستی بەوە بووە لەناو فیقهی سیاسەتی شەرعیدا کاری لەسەر بکرێ کە شێوەی دەستەڵاتی تاکەکەسی بەرهەمهێناوە، هەربۆیە لە کتێبەکەی تونسی دا بەناوی (أقوم المسالک في أحوال الممالک) ڕووبەرێک بۆ باسی فیقهی سیاسەتی شەرعی دەبینین کە ڕاڤەی ئەو قسەیەمان بۆدەکات.

پێدەچێ تونسی چەند ئاماژەیەکی لای هەندێ لە فیقهناسانی مەزهەبی مالیکی دۆزیبێتەوە کە یارمەتیدەری بن لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تۆمەتی لەکارخستنی دەستەڵاتی کاربەدەست، ئەوەش لەبەرئەنجامی بەشداریکردنی ئەهلی حەلل و عەقد لە مەسەلە هەمووەکیەکانی سیاسەتدا، ئەمەش ڕێگایداوە کە پێشەواو ئەهلی حەلل و عەقد وەها سەیربکرێن وەک یەک پێشەوا بن وایە[2]. لەڕاستیدا ناچاربوونی تونسی بۆ خواستنی بیرۆکەی (یەک پێشەوا)یی و بەگەڕخستنی لە میانەی قسەکردنی لەسەر بەشداری سیاسیی ئەوە دەردەخات کە تا چ ئاستێ ئەو هزرە ئیسلامیە -لەسەر ئاستی مەعریفی- کەوتووەتە ژێر سەرکوتکردنی

---

١- التونسي، أقوم المسالک في معرفة أحوال المسالک، ص١٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٦.

دەستەڵاتی تاککەسی.

بە هەر شێوەیەک بێت، ئەوا کارکردن لەناو بازنەی سیاسەتی شەرعی لە چوارچێوەی ئەو ژینگە زانستییەدا کە بیرمەندانی بوژانەوەو هەستانەوە لە بازنەیدا دەجوڵێن مەسەلەیەکی زەرورییە، بەڵام ئەمە هەڕەشەیەکی بۆ ئاستی توانای هزری بوژانەوە لەسەر پارێزگاری لە گوتە سەرەکییەکانی لە ئازادی و شورا و ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی تاکەکەس بەرجەستەکرد، ڕەفاعە تەهتاوی (١٢٩٠-١٢١٦ک) نمونەی ئاراستەیەکی هزری دەخاتەڕوو کە لە ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی تاکەکەسەوە هەنگاوی هەڵگرتووە، تا گەیشتە تەسلیمبوون بە سەنتەری سیاسیی (کاربەدەست). ڕەفاعە تەهتاوی زانایەکی ئەزهەری بووە، بۆی لواوە لەناو شاندێکی زانستیدا سەفەر بکات بۆ فەرەنسا کە ئەو پێشەوای شاندەکە بووە، تەهتاوی لە فەرەنسا ڕوخسارەکانی پێشکەوتنی زانستی و ژیان چوون بەدڵیدا، ئینجا کەوتووەتە گەڕان بەدوای ئەو نهێنیەدا کە لەپشتی ئەو پێشکەوتنەوە بوون، بەدیکردووە لەناو ئەوا ئازادییەدان کە وەسفیکردووە بە ئامانجی (گەلی فەرەنسایی)، هەروەها سەرنجیداوە کە (پادشای فەرەنسا خاوەنی دەستەڵاتی ڕەها نیە)[1] بەڵکو دەستەڵاتەکانی بە یاسا سنوردارکراوە، لە وەسفکردنێکی وردیدا بۆ ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسی لەدژی پادشا شارلی دەیەم (١٨٣٠ز) کە ئەو لە پاریس لە ڕووداوەکەدا ژیاوە، تەهتاوی سۆزداریی خۆی بۆ شۆڕشەکە نەشاردووەتەوە -کە بە ڕاپەڕین وەسفیکردووە-، هۆیەکەی بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە پادشا یاساکانی پێشێلکردووە، ئازادی ڕۆژنامەگەریی سنوردار کردووە، هەروەها وەزیری داناوە کە نوێنەرانی گەل ئەوانەی لە دیوانی نوێنەرانی ناوچەکاندا بوون لێی ڕازی نەبوون)[2]، دواتر تەهتاوی هاتووە فەرەنسییەکانی بەپێی هەڵوێستیان بەرانبەر بە پادشا دابەشکردووە بۆ سێ تاقم کە بریتین لە: (تاقمی پادشایی کە بەگوێکردنی کاربەدەست بە ڕەها دەبینێ و بەبێ نواندنی هیچ نارەزاییەک لە گەڵەوە)، ئینجا (تاقمی ئازادی کە پێیوایە مافی بەگوێکردن بۆ یاسایە)، (تاقمێکیتریش پێیوایە دەبێ گەل حوکم بکات)، پاشان دەڵێ: (شەریعەتی ئیسلام کە کاری حکومەتی ئیسلامی لەسەری دەسوڕێتەوە، هەرکەس تێبڕامێنێ و سەرچاوەکانی بزانێ ئەوا دەزانێ کە

١- الطهطاوي، رفاعة رافع. تخليص الإبريز في تلخيص باريز، القاهرة، ج٢، ص١٧٣.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٣، ل٣٢٣.

تێکەڵە لەو سێ جۆرەی سەرەوە)[١].

بەڵام تەهتاوی لە کتێبی (مناهج الألباب المصريە)دا کە کۆتا کتێبیەتی، لەسەردەمی خدێوی ئیسماعیلدا نوسیویەتی و کردوویەتە دیاری بۆ وەلی عەهدەکەی کە موحەممەد پاشا تەوفیق بووە، لەمەدا ئەو حاڵەتی تێکەڵکردنە لە نێوان هەردوو چەمکی (کاربەدەستان و کاربەدەست) دێنێتەوە بیر، لە کتێبی ناوبراودا لە پێشەکی ئەو بەشەیدا کە تایبەتی کردووە بە کاربەدەستان دەڵێ: (ئەرکی کاربەدەستان لە گەورەترین ئەرکەکانی ئاینەو لە گرنگترین کاروبارەکانی هاوڵاتیانە، چونکە ئەوان ڕاگری ئاین و دنیان، لە بزاوتی کارەکاندا سەنتەری فەڕو بەرەکەتی باڵان، بەبێ ئەوان سیستمی جیهان تێکدەچێ ئەوەش بەهۆی خراپەکانی نەوەی ئادەم، ئەگەر کاربەدەست نەبوایە نە زانا دەیتوانی زانستەکەی بڵاوبکاتەوەو نە فەرمانڕەوای شەرعی و سیاسیی دەیتوانی حوکمەی جێبەجێی بکات، نە پەرستشکار توانای پەرستشی دەبوو، نە پیشەوەریش پیشەکەیی لەبەر دەڕۆی، نە بازرگانیش توانای بازرگانیکردنی هەبوو...)[٢].

بەپێی ئەمەش ئەوا کاربەدەست لە سیستمی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا لە (مناهج الألباب) دا شوێنی دڵی هەیە، چونکە ئەو (سەرۆکی گەلەکەیەتی و خاوەنی دەستەڵاتی یەکەمە لە دەوڵەتەکەیدا، فەرمانڕەوای جێبەجێکارە بە بنەما ڕەچاوکراوەکانی گەلەکەی)[٣]، ئەو لەو پادشایانەیە کە جێنشینی خوان لە زەویەکەیدا بەسەر بەندەکانیەوە)[٤]، هەر سێ دەستەڵاتەکە لە دەستی خۆیدان بێ کێبڕکێکار، تەهتاوی دەڵێ: (چونکە ئەم سێ هێزە -واتە تەشریعی و دادوەریی و ڕاپەڕاندن- دەگەڕێنەوە بۆ یەک هێز ئەویش بریتییە لە هێزی پادشایەتی کە بە یاساکان مەرجدارکراوە، چونکە هێزی دادوەریی لە هەمانکاتدا دەگەڕێتەوە بۆ پادشا، دادوەرەکانیش نوێنەری کاربەدەستن لەسەر دادگاکان و مۆڵەتیان لەوەوە پێدراوە، خۆی دادوەران دادەنێ بەسەر ویلایەتە دادوەریەکانەوە، حاکمی ئەنجومەنەکانن، واتە دادوەریان بە حوکمە شەرعیەکان یان سیاسەتی شەرعیە، هەرکەسیش شیاوێتی تێدا بەدیکرا ئەوا هەڵدەبژێردرێ بۆ ویلایەتی دادوەریی یان ئەنجومەنەکە، ئەوەش بەپێی ڕێوڕەسمی ڕەچاوکراوی شانشینی، کەواتە دادوەریی

١- هەمان سەرچاوە، ل٣٢٢.

٢- الطهطاوي، رفاعة رافع. مناهج الألباب المصرية في مباهج الآداب العصرية، مصر، ط٢، ص٣٤٨.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٣.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٩.

لەڕاستیدا مافی کاربەدەستانە، دادوەران ڕاستەوخۆ جێنشینیانن، هەروەها هێزی ڕاپەڕاندنی حوکمەکانن لەدوای بڕیاردانی کۆتایی لەسەری کە هەر لەسەرەتاوە مافی تایبەتی کاربەدەستەو کەس نابێتە هاوبەشی تیایدا، داڕشتنی یاساکانیش بەهەمانشێوە هەر دەدرێنە پاڵ ئەو و ڕێکخستن و کارپێکردنیان لەسەر فەرمانی ئەو وەستاوە، کەواتە هەر سێ هێزەکە تەنها لە دەست (کاربەدەست)دان کە پایەکانی هێزی فەرمانڕەوایین)[1]، بەڵام ئەنجومەنی نوێنەران کە تەهتاوی بەرگری لێکردووە، بۆ بیرمەندێکی وەک ئەو ئاسان نەبووە پاشگەزبێتەوە لێی، ئەوا دەستکۆتا بووە بە کورتکردنەوەی کارەکانی لە (نوسینی یاداشتەکان و نامەی تاوتوێکراو و کارکردن بەو بڕیارانە کە ڕای زۆرینەی لەسەرەو پێشکەشکردنیان بە کاربەدەست)[2]، ئەمە لەجیاتی ئەوە کە چاودێربن بەسەر پادشاوەو بە یاسا بیبەستنەوە، ئەمەش ئەو بیرۆکەیەیە (ئیبریز) ئاماژەی پێداوەو جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە ناویناوە بە (سەرزەنشتی گشتی) یان (لێپرسینەوەی مەعنەوی)[3] لە کاربەدەست.

پاشان لەبارەی گوێڕایەڵیی سیاسیەوە بە چەند وشەیەک پوختەی هزری خۆی دەخاتەڕوو، کە بەشێوەیەکی ڕوون ڕەزامەندە بە فیقهی سیاسەتی شەرعی و دەچێتە ژێر کاریگەرییەکانی و دەڵێ: )پێویستە کاربەدەست هەوڵبدات هەموو گەلەکەی ڕازیبکات، خۆی بباتە ئاستیان، هەرچی بۆ خۆی پێیخۆشە بۆ ئەوانیشی پێخۆشبێت، پێویستە ئەوانیش گوێڕایەڵیی تەواوەتیان بۆی هەبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾النساء: ٥٩، خوای گەورە گوێڕایەڵی کاربەدەستانی هاوتاکردووە بە گوێڕایەڵی زاتی خۆی و پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، ئەمەش گەورییەکی جوانە بۆ کاربەدەستان، پلەیەکی بەڕێزە لە جیهانی قەدەردا و ئەوپەڕی بەرزییە، جا ئەگەر دوژمنێک دژ بە کاربەدەستان دەرکەوت ئەوا دەبێت یارمەتی پادشا بدرێ بۆ لەناوبردنی، هەرکات داوای یارمەتی لێکردن بچن بەدەمیەوە، هەرکات پێویستییەکی بوو بۆی جێبەجێ بکەن، ئەگەر هاتوو بڕیارەکانی لەسەریان قورس بوو با ئارامبگرن لەسەری تا خوای گەورە دەرگای هیدایەت بە چاکە لەسەری دەکاتەوە، هاوکاری دەوڵەتەکەی

١- هەمان سەرچاوە، ل٣٤٩-٣٥٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٣٥٥.

بن لەسەر دادپەروەریی و نەهێشتنی ستەم)[1].

زەحمەتە بتوانرێ باس لە چۆکدادانی تەواوەتی هزری بوژانەوەو هەستانەوە بکرێ، پێدەچێ حاڵەتێک لە دارِمانی دەروونی لەبەردەم هێزی بۆماوەیی و سەختی واقیعی تاکرەویدا ڕوویدا بێت، لە پشتەوەی هەندێ لەو نوسینانە بێت کە وێنای پاشەکشەیەکی بەشی لە هزری ڕاپەڕین دەکەن، هەروەها گەڕانەوەی پلەبەندی بۆ پیادەکردنی دەستەڵاتی تاکەکەسی کە خۆی لە شێوەی (کاربەدەست)دا بەرجەستە کردووە. ئەمەش بە توندییەکی کەمتر لە بیرۆکەی (تاکرەوی دادپەروەر)دا دەردەکەوێ کە پێشەوا موحەممەد عەبدە وتارێکی لەسەری نوسیوە بەناونیشانی (خۆرهەڵات بە فەرمانڕەوایەکی تاکرەوی دادپەروەر هەڵدەستێتەوە)، لەو وتارەدا کە هاودەم بوو لەگەڵ مەیلی چاکسازی پەروەردەیی لە هزری موحەممەد عەبدە دا، پێیوایە ڕزگاربوونی گەل بە هەبوونی (تاکرەوێکی دادپەروەر) نەبێت کە موسڵمانان ببات بەرەو خێرو چاکەیان و لەسەر پایەداری پەروەردەیان بکات دەستەبەر نابێت، هەروەها ئەو شتانە کە خوو و سروشتی تێکداون بە باشترین جۆرەکانی چارەسەر چارەسەریان بکات، لەوانەش بڕین و داخکردن ئەگەر پێویست بوو)، پاشان دەرفەتیان بدات سودمەند بن لە (خۆراکی ئازادی) (کە کەسی ددان لاواز بتوانێ بیکرۆژێ، نەخۆش بتوانێ هەرسی بکات، ئەوەش یەکەمجار بە پێکهێنانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان دەبێت)[2]. لەڕاستیدا ئەو بیرۆکە گرنگە کە لەناو ئەم دەقەدایە بریتییە لە بیرۆکەی فەرمانڕەوای سەرکوتکار، چونکە هیچ بوارێک بۆ قسەکردن لەسەر کۆت و بەند یان دیسپلینەکان ناهێڵێتەوە، پیادەکردنی ئەم دەقەش بەلانیکەمەوە لە ماوەی ئەو (پازدە ساڵ)ەدا بێت کە پێشەوا موحەممەد عەبدە پێشنیاری کردووە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو چاکبوونە کە لەسەر دەستی فەرمانڕەوای تاکرەوی دادپەروەردا) بە ئامانج گیراوە، گرنگتر لەوەش تەسلیمبوونیەتی بە نەتوانایی هزر لە دەستەبەرکردنی چاکسازی، هاتووە ئەرکەکەی سپاردووە بە سەرکردایەتی سیاسیی کە دەتوانێ لەماوەی پازدە ساڵدا ئەو چاکسازییە دەستەبەر بکات، بەڵام هزر ناتوانێت لە پازدە سەدەدا بیکات.

گومانی تێدا نیە بیرۆکەی فەرمانڕەوای تاکرەوی دادپەروەر هەروەک پێشەوا موحەممەد عەبدە دەیخاتەڕوو، جگە لەوە کە تەنها ژەمێک دەرمانی تاڵە و بۆ

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٣٦٨-٣٦٩.

٢- عمارة، الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده، ج٥، ص٣٠٧.

قۆناغێکه که ژیان بکاتەوه به بەری گەلدا شتێکیتر نیه، هەروەها بۆ هەستانەوەی تا بژاردەی چاکسازی قوبوڵبکات، ئەوه تەنها (مۆڵەتێکی دیکتاتۆری) کاتییه، لەو مۆڵەته دەچێت که فەرەنسیەکان لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی بەپێی دەستوری پێنجەمین کۆمار دایان به دیغۆل، بەڵام له میانەی هزری ڕاپەڕینی ئیسلامیدا زۆرێک له ڕاگرەکانی ناهێڵێ، چونکه ئەو هزره لەبەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی تاکڕەوی بۆماوەیی و ڕزگاربوون لێی هەنگاویناوه.

لەڕاستیدا ڕیشکی بیرۆکەی (فەرمانڕەوای تاکڕەوی دادپەروەر) له هزری شۆڕشگێڕیی جەمالودینی ئەفغانی دا (١٨٩٨-١٨٣٩ز) دەبینین، جا ئەگەرچی بیرۆکەی شورا و دادپەروەریی له هزری جەمالودینی ئەفغانیدا سەنتەرن، بەڵام پرسی یەکبوونی ئیسلامی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار ئەوەی خواستووه هەندێ سازش بۆ فەرمانڕەوای نیشتمانپەروەر بکرێ، دەقەکانی (العروه الوپقی) باس له ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی بۆ بێگانه دەکەن، چونکه موسڵمان -هەروەک ئەفغانی دەڵێ- فەرمانبەرداری دەستەڵاتی بێگانه نابێت، کۆیلایەتی بۆ بێگانه مەسەلەیەکه شەرع ڕەتیدەکاتەوه، بەڵام له هەمانکاتیشدا ناڕازییه له فەرمانڕەوایانی ملهوڕ که به (ڤایرۆسی گەندەڵیی) وەسفیان دەکات، بەوەیان دادەنێ که (هۆکاری دووبەرەکی و چوونەژێر دەستەڵاتی داگیرکار)ن[١]، ئەو له ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاردا فەرمانڕەوای نیشتمانپەروەر به شکۆمەند ڕادەگرێ، دەیبینین میصرییەکان دەدوێنێ و داوایان لێدەکات که تەنها گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای نیشتمانیی بن، دەڵێ: (ئێمه جگه له گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایەکی نیشتمانپەروەر و موسڵمان که گوتەی جێبەجێبکرێ، ڕای بەهێز و جیدی هەبێت، به هێزێکی نیشتمانی توانای ئیدارەدانی وڵاتی هەبێت، ئیتر بەگوێی کەسیتر ناکەین)[٢]، هەروەها باس له شتێک دەکات که ناوبیبردووه به (کەسایەتی شاهانه)، ئەوەش له وەسفی جێنشینی عوسمانیدا له سەروبەندی جەنگی ئینگلیز لەدژی بزووتنەوەی مەهدی له سودان، بەم پێیه ئەفغانی دەگاته دوا قۆناغ که گەڕانه بەدوای (پاڵنەرێکی بەهێز که خەڵکی بچنەژێر ڕکێف و دەستەڵاتی)[٣]، ئەو پاڵنەرەش خودی (سوڵتانی بەتواناو بەزەبره).

لێرەدا دەکرێ باسی داگیرکار بکەین که ڕۆڵی سەرەکی هەبووه له شکستهێنان

---

١- الأفغاني، جمال الدين، عبده، محمد. العروة الوثقى والثورة التحريرية الكبرى، القاهرة، دار العرب، ط٣، ص٧٠.

٢- هەمان سەرچاوه، ل٣٦٤.

٣- هەمان سەرچاوه، ل١٦١.

بەو ئاراستە ئیسلامییە کە هەوڵیداوە دابڕانێکی مەعریفی و دەروونی لەگەڵ دەستەڵاتی تاکەکەس)دا بێنێتەکایە. گرنگە دووپاتی بکەینەوە کە داگیرکار لە پەکخستنی هزری ئیسلامی لە ڕێکردن بە ئاراستەی هزری دادپەروەریی سیاسیی و ئازادیی دا، هەستاوە بە گێڕانی ڕۆڵێکی تێکدەرانە، بەڵگە لەسەر ئەو ڕۆڵە زۆر زۆرن، ئەوەتا تونسی تۆمەتی خاڵیکردنەوەی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لە ناوەڕۆکیان دەلکێنێ بە داگیرکارەوە کە نەیهێشتووە گەشە بکەن، هاتووە -لەژێر پاساوی دەستێوەردانی دەرەکی-دا داوا دەکات چاوەڕێبکرێ لە ترسی ئەوە نەبادا داگیرکار بانگەوازەکانی چاکسازی بقۆزێتەوە بۆ خۆی[١].

بە گشتی مەعلومە کە بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوە جەنگێکی گونجاندن یان بڵێین بەیەکخواردنیان لە نێوان شارستانی خۆرئاوایی -بەتایبەتی مۆدێرنەی سیاسیی- و نێوان ئیسلامدا ئەنجامداوە، بەڵام بۆ ئیسلام کە ویستراوە گونجاندن لە نێوان ئەو و نێوان مۆدێرنەی خۆرئاواییدا بکرێ، -لە لایەنە سیاسییەکەیەوە- جگە لە فیقهی سیاسەتی شەرعی شتێکیتر نەبووە، زۆر بە ڕوونی بڵێین کە هەوڵی ڕابەرانی ڕاپەڕین و بوژانەوە چڕبووبوویەوە لەسەر گونجاندن لە نێوان مۆدێرنەی سیاسیی خۆرئاوایی و فیقهی سیاسەتی شەرعیدا، بەو سیفەتە کە کۆتا قۆناغە بۆ ژانێکی درێژخایەن کە ئەقڵی سیاسیی ئیسلامی پێیەوە دەتلایەوە. بێگومان دەرککردن بەو مەسەلەیە گرنگییەکی زۆر زۆری هەیە، چونکە دەرگا دەکاتەوە بوترێ گرفتێکی ئەوتۆ نیە لە نێوان میکانیزمەکانی مۆدێرنەی سیاسیی و خودی ئیسلامدا، ئەمەش مەسەلەیەکە دەمانبات بەرەو قسەکردن لەسەر شکستخواردنی ڕاپەڕین لەناو بونیادی پەرەسەندووی فیقهی سیاسەتی شەرعیدا، نەک ئیسلام بەو سیفەتە کە ئاین و باوەڕە و بەرنامەی ژیانە.

### ب- گوێڕایەڵیی و گرفتی جێنشینیی:

داڕوخانی جێنشینیی عوسمانی نەبووە کۆست بۆ هزری ئیسلامی چونکە پێشەکییە واقیعییەکانی ئەو ئەنجامەی لەبەرچاو بوو، بەڵام لەسەر ئاستی مەعریفی بووە هۆی بێزاریی و دڵەڕاوکە لەسەر ئایندەی بیرۆکەی جێنشینیی، بەڵام هەر داڕوخانی سیستمی جێنشینیی عوسمانی بوو کە ڕێی خۆشکرد بۆ هەلێکی لەبار بە هەڵوەشاندنی پەیوەندی مەعریفی لە نێوان جێنشینیی و دەستەڵاتی تاکەکەسیدا (دەستەڵاتی کاربەدەست)، بارودۆخی سیاسیش بەهەمانشێوە گونجاوبوو، ئەوەش

---

١- التونسي، أقوم المسالك، ص٣٦.

لەو ڕووەوە کە کەسایەتیەکی ئیسلامی نەبوو بتوانێ هەستێ بە گێڕانی ڕۆڵی جێنشین، ساتەوەختە مێژووییش لەباربوو پێداچوونەوە بە بیرۆکەیەکی زیندوودا بکرێ کە بۆ چەندین سەدە لە هزری ئیسلامی جیانەبوویەوە ئەویش بیرۆکەی زاڵبوون بوو، ئەم بیرۆکەیەش دادەنرێ بە هەڵگری بابەتی دەستەڵاتی تاکەکەس، چونکە خێرا کەسی زاڵبوو لە ڕێگای بەیعەتێکی سەرزارەکیەوە دەگۆڕدرێ بۆ (کاربەدەست)، هزری ئیسلامیش چەندین میکانیزمی تێدایە کە یارمەتیدەرن لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارە.

موحەممەد ڕەشید ڕەزا چووە بەگژ ئەو ئەو پێداچوونەوەیەدا لە هەندێ ڕوویەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشوازی لە گۆڕینی جێنشینیی عوسمانی کردو تا سنوری پیاهەڵدان بە ئەتاتورک دا ڕۆیشت، هۆیەکەش لە پشتگیری ئەو هەنگاوە لەسەرەتاوە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی (دەستەڵاتی کەسێتی تاکڕەو)، کە خۆی لە دەستەڵاتی زاڵبوودا دەنواند، ڕەشید ڕەزا دایناوە بە (ڕیشکی هەموو ئەو گەندەڵیی و خراپەکارییانە کە تووشی دین و دنیای موسڵمانان بووە)[١]، ڕەزا بەگوێکردنی دەستەڵاتی زاڵبووی ڕەتکردەوە، وتوویەتی بەپێی توانا دەبێت لابرێ و نەهێڵرێ، نابێت خەڵکی رابهێنرێن لەسەر درێژەپێدانی[٢]، هاوکات ڕەخنەی ئاراستەی فیقهی چاولێکەری کردووە کە لەسەر بەستنەوەی گوێڕایەڵیی بە نەبوونی کوفرێکی ئاشکرا بەرپابووە، هێرشیکردووەتە سەر ئەو زانایانە کردوویانەتە ئەرکی سەرشانی گەلی تورکیا کە دەبێت (بەگوێی جێنشینەکانی نەوەی عوسمان بکەن مادامێ کوفریان نیەو پاشگەزنەبوونەتەوە لە ئیسلام، ئیتر بەگوێکردنیان تا هەرکوێ ستەم و گەندەڵی و وێرانبوونی وڵات و فەوتانی خەڵکەکەی تێدا بێت، ئەوەش بەبێ تێڕوانین و بێ ئیجتیهادکردن...)[٣].

ساتی داڕوخانی جێنشینیی عوسمانی بۆ ڕەشید ڕەزا لەباربوو تا پێداچوونەوە بە کۆی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا بکات، هەردوو ڕەگەزی لێهاتوویی فیقهی و چالاکی سیاسیی کە تیایدا بوون تا ئاستێکی زۆر یارمەتیدەری بوون لەسەر ئەو کارەی، بەڵام ئەو پرۆسەی پێداچوونەوەیە پشتی نەبەستبوو تەنها بە پاککردنەوەی ئەزموونی کەلەپوری فیقهی لە ساتەوەختی بۆشایی سیاسیدا کە داڕوخانی

---

١- رضا، محمد رشيد. الخلافة أو الإمامة العظمى، ضمن كتاب وجيه الكوثراني بعنوان: الدولة والخلافة في الخطاب العربي أبان الثورة الكمالية في تركيا....دراسة ونصوص، بيروت: ص٨١.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

٣- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

جێنشینی عوسمانی لەدوای خۆی جێیهێشت، بەڵکو لەهەمانکاتدا کراوە بووە لەسەر بەرهەمی کەلتوری خۆرئاوایی کە ڕەزا ڕێگر نەبووە لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا، لێرەوە پابەندبوونی خۆی بە ئەنجومەنە پەرلەمانیەکان و دەستور دووبارەکردووەتەوە، بەڵام بە حوکمی مەعریفە ئوسوڵیەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی ڕوویکردووەتە کەلەپور، تا گوتاری ڕاپەڕین دەستپێبکاتەوە بۆ گونجاندن لە نێوان مۆدێرنەی سیاسیی و فیقهی ئیسلامیدا.

ئەو ڕووبەرە کە هزری ڕەشید ڕەزا لەناو کۆی نەخشەی کەلەپوردا دایپۆشیوە زۆر فراوان نەبووە، بەڵام گرنگ ئاوڕدانەوە بووە لە مەترسی دەستەڵاتی تاک کە چووەتەوە سەر ئەو قۆناغە، بیریکردووەتەوە لە دۆزینەوەی سیستمێکی گونجاو بۆ حوکمڕانی، بە پێوەری مێژووییش ئەوا کۆنگرەی دەستەی گەورە زانایان کە ساڵی (١٩٢٦ز) لە قاهیرە گرێدرا، یەکەمین دەستپێشخەری دەستەجەمعی بەرجەستەکرد کە مەترسی بەردەوامبوونی دەستەڵاتی تاکەکەسی لەخۆگرت، ئینجا ڕوویکردە داهێنانی شێوەی نوێی حوکمڕانی، کە بە حوکمی قۆناغەکە لەتوانادا بوو هەندێ لە وانەکانی ڕاپەڕین و بوژانەوە لەخۆبگرێ.

لەو قۆناغەدا زانایەکی ئەزهەری بەناوی عەلی عەبدوڕەزاق (١٩٦٦ک.م) کتێبێکی بەناوی (الإسلام وأصول الحكم) دەرکرد و خستیەڕوو، ئەو کتێبە لە ناوەڕۆکیدا بریتی بوو لە باسکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی کەمالیزم، هەوڵدەدات لە ڕێگای هەندێ بەڵگەی مێژوویی و فیقهیەوە بیکاتە نمونەیەک بۆ دامەزراندنی سیستمێک کە جێگرەوەی جێنشینیی بێت. پێدەچێ ئامانجی سەرەکی کتێبی (الإسلام وأصول الحكم) بریتی نەبووبێ لە هەڵوەشاندنەوەی جێنشینیی، چونکە جێنشینیی عوسمانی بە کردەیی داڕوخابوو، مەعلومیش بوو کە واقیعی موسڵمانان دوورتر بووە لەوەی توانای بەرهەمێنانەوەی ئەو جێنشینیەی هەبێت، بەڵکو ئامانجی عەلی عەبدوڕەزاق جەختکردن بووە لەسەر شکستی جێنشینیی کە سیاسەتی ئیسلامی سیاسەتێکی نەتوانا و ناکارایە، هەربۆیە پێویستە موسڵمانان -بە ڕای ئەو- ڕووبکەنە داهێنانی سیستمە تایبەتەکان بە دوور لە هەر بۆچوونێکی سیاسیی کە سەرچاوەکەی ئیسلام بێت.

بێگومان خزاندنی ئەو (کرۆکە عەلمانیە) بۆ ناو ڕێڕەوی پەرەسەندنی سروشتی هزری ئیسلامی، زامن بووە بە گێڕانەوەی هزری ئیسلامی بۆ ئامێزی فیقهی سیاسەتی شەرعی، هەروەها وەستاندنی هەر بیرکردنەوەیەک بۆ مەسەلەی جێگرەوەی ئیسلامی دوور لە جێنشینیی، لێرەدا گەڕانەوەیەکی بەهێز بۆ بیرۆکەی

دەوڵەتی ئاینی لە هەندێ لە نوسینەکاندا دەبینین، کە لە میانەی مشتومڕ و بگرەو بەردە بۆ ڕەتدانەوەی کتێبەکەی عەلی عەبدوڕەزاق بەرهەمهاتن، پێشتر موحەممەد عەبدە و قوتابیەکەی موحەممەد ڕەشید ڕەزا بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینیان ڕەتکردەوە، ئەوەش کاتێ جەختیکرد کە دەبێت فەرمانڕەوا لە ئیسلامدا فەرمانڕەوایەکی مەدەنی بێت[١]، وانابینرێ کەس ڕەخنەی لە بیرۆکەی مەدەنیەتی دەوڵەت لە ئیسلامدا هەبووبێت تەنانەت لەپێش دەرکەوتنی کتێبەکەی عەلی عەبدوڕەزاق، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هێنانەوەی مشتومڕی سەرلەنوێ لەسەر سروشتی دەوڵەت لە ئیسلامدا وەک پەرچەکردارێ لەسەر کتێبەکەی عەلی عەبدوڕەزاق بووە، دکتۆر موحەممەد عەممارە بەوە وەسفیدەکات کە وەک هەورەتریشقەیەک کەوت بەسەر ئەقڵی موسڵماندا[٢].

لەدوای ئەوە مشتومڕ لەسەر سروشتی دەوڵەت لە ئیسلامدا ماوەیەکی زۆری خایاند، ئەمە لە کاتێکدا کە بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینی لای زۆرێک لە هەوادارانی ڕوون نەبوو[٣]، چونکە بیرۆکەکە تەنها هەڵوێستێک بوو دژ بە بەخۆرئاواییبوون و عەلمانیەت، بەڵام بووە پێگەیەک بۆ ململانێی هزری ئیسلامی لەگەڵ ڕەوتە عەلمانی و چەپگرا جۆراو جۆرەکاندا، ئەوەش ململانێیەک بوو کە زۆرینەی بەرهەمی هزری ئیسلامی هەر لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە کەوتە ژێر کاریگەرییەکانی، مەترسیدارترینی ئەو شتانەی کە بەرهەمیان هێنا بریتی بوو لەو ئاراستە پاساودەرە یان بەرگریکارە کە هەندێ لە نوسینە ئیسلامییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەشەسەندنی عەلمانی و چەپڕەویی گرتیانەبەر، ئەمەش ڕێگایدا بە بەردەوامی بونیادی فیقهی سیاسەتی شەرعی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە

١- رضا، الخلافة أو الإمامة العظمى، ص١٢٤.

٢- عمارة، محمد. الصحوة الإسلامية والتحدي الحضاري، القاهرة: دار الشروق، ط٢، ص٤٨.

٣- بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینی بەوجۆرە کە لای دکتۆر موحەممەد زیا ڕیس و مامۆستا موحەممەد خزر حوسەین -بۆ نمونە- هەیە، جیاوازە لە چەمکی دەستەڵاتی سیۆکراتی یان حکومەتی خوایی کە لە تیۆرە خۆرئاواییەکاندایە، چونکە مەبەستی پشتەوەی ئەو بیرۆکەیە جەختکردنەوەیە لەسەر مەرجەعیەتی دەوڵەتی ئیسلامی و پارێزگاریکردنی لە ئاین لەگەڵ دانان بە مافی گەلدا لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا و لێپرسینەوە لێی، بەڵام هێنانی بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینی لەو قۆناغەدا ئاماژەمان پێداوەو بەدیاریکراوی لەو لێکۆڵینەوانەدا لە میانەی ئەو مشتومڕە کە کتێبەکەی عەلی عەبدوڕەزاق نایەوە بیری سیاسی ئیسلامی لادا لە گرنگیدان بە قسەکردن لەسەر گرفتی دەستەڵاتی تاکەکەس کە خۆی لە دەستەڵاتی (کاربەدەست)دا وێنا دەکردو بووە ڕێگر لە تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە کە بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوە دەستیان دابوویە واتە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بونیادی دەستەڵاتی تاکەکەس.

بەتایبەتی (گوێڕایەڵی کاربەدەست)، هەروەها تێڕوانینی بەش بەشکردنی شەریعەتی ئیسلامی و کورتکردنەوەی لە لایەنی سزاداندا، هاوکات ڕەتکردنەوەی زۆرێک لە هۆکارەکانی مۆدێرنەی سیاسیی، ئەوەش بەهۆی بوونی گومانی عەلمانی و خۆرئاوایی لەسەریان.

لە هەمان میانەدا و بەهۆی وروژاندنی مشتومڕ لەسەر سروشتی دەوڵەت لە ئیسلامدا، ئەوا شتێکی سروشتی بوو کە هەندێ بۆچوون لەسەر سنوری سەروەری دەوڵەت پەیدا ببن، ئەمەش بواری بۆ دەرکەوتنی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی ڕەخساند، لەڕاستیدا بیرۆکەی ئایندارییی دەوڵەت وەها کە لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدایە دەستەڵاتێکی بەرفراوان لە بواری ئاینیدا بە فەرمانڕەوا دەدات، پاشانیش پرسیار لە سنوری دەستەڵاتەکەی دەوروژێنرێ، بەڵام بە هۆشیارییەکی ئاینییەوە، واتە بە هۆشیارییەک کە ترس لە فەرمانڕەوایی خوای لە هەناویدا شاردووەتەوە، جا مادامێ فەرمانڕەوای ئاینی ئەو هەموو دەستەڵاتانەی هەیە کە درێژدەبنەوە بۆ ناو بازنەی شەریعەت، ئەوا سروشتییە هەستکردن بە ترس لەسەر شەریعەت بێتەڕوو، لەبەرئەوە بیرۆکەی فەرمانڕەوایی بەرئەنجامی بیرۆکەی ئایندارییی دەوڵەتە لە کایەیەکی مەعریفی سنورداردا ئەویش بریتییە لە فیقهی سیاسەتی شەرعی.

جەختکردنەوە لەسەر (خوای گەورە تاکە یاسادانەرە) -کە ئەمە بناغەی بیرۆکەی فەرمانڕەواییە- لە بوارێکی ئیسلامیدا وا دەبینرێ کە بە حوکمی باوەڕ پرسێکی بەڵگەنەویستە، لێرەوە ئاستی ئەو ترسە ڕەنگدەداتەوە کە هێزێک هەیە لەوانەیە کێبڕکێی خوای بەدیهێنەر بکات لە تەشریعدا، ئەو هێزەش گەل نیە، چونکە گەل یان لە نەفامییەکی بەشیدا دەژی هەروەک لای (مەودودی) وەهایە، یان لە نەفامییەکی ڕەهادا هەروەک (سەیید قوتب) پێیوایە، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا خاوەنی هیچ هێزێکی کارا نیە، بەم پێیە ئەوا ئەو هێزە کە شیاوە بۆ کێبڕکێ لەگەڵ خوا لە فەرمانڕەواییەکەیدا بریتییە لە دەستەڵات، یان بریتییە لە دەوڵەتی نوێ کە پڕچەکە بە ئامرازەکانی زاڵبوون و سەرکوتکردنی ماددی و مەعنەوی، هاوکات پڕچەکە بە جۆرەها هونەری نوێ کە لە ئەزموونی خۆرئاواوە وەرگیراون: وەک ئەنجومەنی نوێنەران، دەستور، هەڵبژاردن، ئەوەش بەو مەبەستە تا وەها کە هزری فەرمانڕەوایی بۆیدەچێ هەستێ بە ئەرکی یاسادان لە دەرەوەی خوای پەروەردگاری پاکوبێگەرد.

لەبەرئەوە مەودودی کە بیرۆکەی فەرمانڕەوایی بەستراوە بەوەوە، مافی گەل لە یاسادانان لە ڕێگای شوراوە ڕەتناکاتەوە لە شتانێکدا کە دەقی لەسەر

نەهاتووە[1]، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە بیرۆکەی فەرمانڕەوایی –لەسەر ئاستی مەعریفی– ئاراستەیە بۆ کۆت و بەندکردنی دەستەڵاتی تاکەکەس بە پلەی یەکەم نەک بۆ دەستەڵاتی گەل، دەکرێ بوترێ ئەو گرنگیپێدانە کە یاوەری بیرۆکەی فەرمانڕەوایی بووە، بەهۆی ئەو جێکەوتانەوە کە تیۆریزەی قوتبی (بە دانەپاڵی سەیید قوتب) بەدوای خۆیدا هێنای، وایکرد کە دیدگای پەیبردن بە ڕەهەندی مەعریفی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی بشاردرێتەوە، لەبەرئەوە گرنگە بە تێڕوانینێکی شیکاریی هەندێ تیشک بخەینە سەری کە لەم توێژینەوەیەدا لەسەری دەڕۆین، لەگەڵ بەئاگاهێنانەوە کە نەبوونی سنورێکی جیاکەرەوە لەسەر ئاستی گشتی لە نێوان ئەوەدا کە ئاینییەو ئەوەدا کە سیاسییە لە هزری مەودودی دا، ڕێگری نەکردووە لە جیاکاری کردن لە نێوان ئەوانەدا کە بنەمای سەرەکین و خۆیان لە پرەنسیپەکانی ئیسلامدا دەبیننەوەو ئەوانەی کە لقی ئەو بنەمایانەن واتە سیستمە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکان کە لە ئیسلامەوە هەڵگۆزراون[2].

پوختەی بیرۆکەی فەرمانڕەوایی لای مەودودی لەم داڕشتنەدایە کە: (گەل بە شەرع کۆت و بەندە، فەرمانڕەواییش بە گەل کۆت و بەندە)، بەم پێیە ئەوا سێ ئاست لای مەودودی بوونیان هەیە کە هاوکێشەی دەستەڵات ڕێکدەخەن، ئەویش لە ڕێگای بیرۆکەی فەرمانڕەواییەوە کە بریتین لە: شەرع و گەل و دەستەڵات. ئەم هاوکێشەیە جیاوازە لەو هاوکێشە کە فیقهی سیاسەتی شەرعی خستوویەتەڕوو و بریتییە لە: شەرع و زانایان و فەرمانڕەوا. یان ئەو هاوکێشە کە بیرۆکەی ئەحکامە سوڵتانیەکان خستوویەتەڕوو و بریتییە لە: شەرع و فەرمانڕەوا. چونکە هاوکێشەی یەکەم کە تایبەتە بە فیقهی سیاسەتی شەرعی زانایان وەها دێنێتە پێش کە ئامڕازی نێوەندگیرن لە نێوان شەرع و دەستەڵاتدا، بەڵام لە هەمانکاتدا کاردەکات لەسەر بەرتەسککردنەوەی دەستەڵاتی زانایان لە بازنەی (دەقی گومانبر) دا، دەستەڵاتی فەرمانڕەواش ئازاد دەکات لە بازنەی ڕێگاپێدراودا، ئەمەش دەبێتە هۆی فراوانکردنی دەستەڵاتی (کاربەدەست) هەر بەو شێوەیە پێشتر باسمانکردووە. بەڵام هاوکێشەی دووەم کە دەگەڕێتەوە بۆ هزری ئەحکامە سوڵتانیەکان، ئەوا گەل ناکاتە لایەنێک لەو پەیوەندییەدا، ئەو هاوتایی دروستدەکات لە نێوان شەرع و دەستەڵاتدا دوور لە گەل، ئەوەش بەپێی لۆژیکی پێویستیی ئاڵوگۆڕپێکراو، واتە

---

١- المودودي، أبو الأعلى. حول تطبيق الشريعة الإسلامية في العصر الحاضر، الرياض: مكتبة الراشد، ص٨.

٢- المودودي، نظرية الإسلام السياسية، ص٥.

پێویستی شەرع بە دەسەڵات و پێویستی دەسەڵات بە شەرع، لەمەشەوە چەمکی پاراستنی ئاین بەرهەمدێنێ.

ئەو هاوکێشەیە کە مەودودی دەیخاتەڕوو مەسەلەیەکی جیاوازە، پوختەی ئەزموونی هزریی ئیسلامی لە سێ ڕەگەزدا دیاریدەکات، ئەوانیش بریتین لە: شەرع، گەل، دەسەڵات. چونکە فەرمانڕەوایی ئامڕازێکی باوەڕییە و پەیوەندی نێوان گەل و شەریعەت کۆنترۆڵ دەکات، فەرمانڕەوا بە سیفەتە سیاسیەکەی هیچ پەیوەندییەکی نیە بەو پەیوەندیەوە، چونکە پەیوەندییەکی خواییەو لە دەرەوەی لۆژیکی سیاسییەو لەپێش ئەوەوەیە، مەودودی لەم میانەیەدا بە ڕوونی دان دەنێ بە پاشکۆیەتی گەل بۆ شەریعەت مادامێ گەلێکی موسڵمانەو ڕازیبووە بە ئیسلام و بە شەریعەتەکەی. بەڵام پەیوەندی گەل بە فەرمانڕەواوە ئەوا لە گرنگترین ڕوویەوە پەیوەندییەکی سیاسییە، پەیوەندییەکە لەسەر دەسەڵاتی گەل و مافی لە لێپرسینەوەو لێپێچینەوەو هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا بەرپا دەبێت، ئەمەش بەو سیفەتە کە گەل نوێنەرایەتی کۆمەڵێک جێنشین دەکات، مەودودی پێیوایە هەموو تاکەکانی گەل جێنشینن، مەودودی بەم بۆچوونەی تەواوی گەلی لەسەر ئاستی باوەڕ خستووەتە پێگەی پاشکۆیەتی فەرمانڕەوایی خوای گەورە، بەڵام لە بەرانبەرەوە پێگەی گەلی لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا لەسەر ئاستی سیاسیی بەدیاریکراوی بەهێزکردووە، ئەمەش کرۆکی بیرۆکەی فەرمانڕەواییە لای مەودودی - بۆچوونمان بۆی ئاوایە- و کرۆکی ئەو چارەسەرەیە کە بۆ گرفتی (خوایەتی مرۆڤ بۆ مرۆڤ)[1] دیخاتەڕوو، چونکە (خاکی خوا هەمووی لەدەستی

---

١- مەودودی پێیوایە سەرچاوەی هەموو خراپەو ئێش و ئازارەکانی مرۆڤایەتی بە گشتی لە (خوایەتی مرۆڤەوەیە)، دەڵێ: (تۆ بۆت دەرکەوت کە خوایەتی مرۆڤ سەرچاوەی هەموو کارەسات و وێرانکارییەکانە، سەرچاوەی هەموو دەردیسەری و نەگبەتیەکانە، ئەمە ئەو دەردەیە کە ڕەوشت و ڕۆحانیەت و هێزە کردەیی و هزرییەکانی خراپکردووەو لەباری بردوون، هەروەها هەموو شارستانیەت و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و بژێوییانی تێکداوەو قوتیداون) ل١٨. بەڵام خوایەتی تەنها ئەوە نیە کە ئەو کەسە ئیدیعای خوایەتی بکات و بەس، ئەمە تەنها یەکێکە لە شێوەکانی خوایەتی، زەروریش نیە ئەمجۆرە داوایە لەناو خەڵکیدا بکات و بڵێ من خواو پەروەردگاری ئێوەم، نەخێر، بەڵکو هەرکەس ببێتە خاوەنی دڵ و جەستەیان و دەسەڵاتی بەسەر خوێن و ماڵیاندا هەبێت، وەها کە خۆی دەیەوێ بە عاسای دەسەڵاتی ڕەها و سەروەری تاکڕەوییەکەی ڕاپێچیان بکات، وەک فیرعەون و نەمرود و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەوا ئەو کەسە ئیدعای خوایەتی دەکات بە هەقیقەت و بە مانا، با خۆیشی ئەوە لە زاری نەیەتەدەر) ل١٣. دوای ئەوە دەتوانرێ بوترێ کە مەودودی لەڕاستیدا ڕووبەڕووی گرفتی تاکڕەویی بووەتەوە، بەڵام بەوە وەسفی ناکات کە دەستدرێژییە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ بەڵکو دەستدرێژییە بۆ سەر خوایەتی خوای گەورەو پەروەردگاریتی ئەو زاتە، چونکە خوایەتی کەسەکان هاوتایە بە تاکڕەویی، بەم پێیە دەتوانین لە

موسڵماناندایە بە گشتی)[١]، گەلیش خۆی گەورەی خۆیەتی بەڵام (لەژێر دەستەڵاتی خوای بەزەبرو بەهێزدا)[٢]، دەستەی ڕاپەڕێنەریش (بە ڕای موسڵمانان و بەدەستی ئەوان پێکدێت و لابردنیشی بەدەستی ئەوانە، هەروەها هەموو ئەو کاروبارانەی تریش کە پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی وڵات و هەموو ئەو مەسەلانەی ترەوە هەیە کە لە شەرعدا حوکمێکی ڕاشکاویان لەسەر نیە، ئەوا هیچکام لەمانە بە کۆدەنگی موسڵمانان نەبێت بڕیاری کۆتایی لەسەر نادرێ، هەرکاتیش پێویستی بە ڕوونکردنەوەی یاسا یان ڕاڤەکردنی دەقێک لە دەقەکانی شەرع بوو، ئەوا بە تەنها توێژێک یان خێزانێکی تایبەت ئەوکارە ناکات، بەڵکو ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی لەدەستی ئەوانەدایە کە گەیشتوونەتە پلەی ئیجتیهاد لەناو گشت موسڵماناندا)[٣].

مەودودی بەم تێگەیشتنەی بە قۆناغبەندی یەکتربڕە لەگەڵ فیقهی سیاسەتی شەرعیدا بەو پێکهاتانەیەوە کە پێشتر ئاماژەیان پێدراوە، چونکە زانایان توێژێکی تایبەت نین مافی قۆرخکردنی مامەڵەکردنیان لەگەڵ دەقدا لەدەستدا بێت، هەروەها توێژێک نین بە جۆرە پەیوەندییەک بەسترابنەوە بە (کاربەدەست)ەوە لەناو بازنەیەکی فەرمی جێگیرداو دوور لە دەستەڵاتی گەل. لەڕاستیدا سەیرکردنی ئەو دەقە شەرعیانە کە هەڵگری ئیجتیهادن ئەوا مافی موجتەهیدەکانە لەناو گشت گەلدا، ئەوانەش کە نوێنەرایەتی کۆی گەل دەکەن (بۆیان هەیە یاسای بەشی (Regulations) لە سنوری ئەو ڕووداوانەدا کە ڕوویان تێدەکەن دابڕێژن)، بەڕاستی ئەوپەری تیۆریزەکەی مەودودی بریتییە لە (هیچ کەس و تاقمێک ڕێگای ئەوەیان نیە ببنە تاکڕەو و بە تەنها فەرمان دەربکەن و بگەنە پلەو پایەی دیکتاتۆریەت، چونکە هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا خۆی جێنشینە، هیچ کەس و تاقمێکیش بۆیان نیە مافی جێنشینی لە جەماوەری موسڵمانان زەوتبکات و خۆی بکاتە

---

مانای فەرمانڕەوایی لای مەودودی تێبگەیت کە فەرمانڕەواییەکە لە پێکهاتەو لە ئەرکدا ئاوێتەیە، ئەو زاتە لەسەر ئاستی باوەڕ و تەشریع فەرمانڕەوایە بەسەر گەلەوە، لەسەر ئاستی سیاسیش گەل فەرمانڕەوایە، مەودودی گوزارشت لەم مانایە دەکات و دەڵێ کە موسڵمانان (دەستەڵاتێکی گشتگیریان) هەیە لەژێر (دەستەڵاتی خوای بەهێز و بەزبردا). بڕوانە:

- الموودي، نظرية الإسلام السياسية، ص١٢، ١٣، ١٨.
- المودودی، الخلافة والملك، ص٣٣-٣٦.

١- المودودي، نظرية الإسلام السياسية، ص٢٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٩.

فەرمانڕەوا بەسەریانەوە)[١]، فەرمانڕەواش (لەلایەکەوە بەرپرسە لەبەردەم خوا و لەلایەکیترەوە بەرپرسە لەبەردەم گشت جێنشینەکاندا، واتە ئەو موسڵمانانەی کە دەستەڵاتی جێنشینیان داوەتێ، جا ئەگەر خۆیکردە کەسێکی زاڵ و دیکتاتۆرێکی بەگوێکراو بە ڕەهایی ئەوا کەسێکی زەوتکارەو جێنشین نیە)[٢].

ئەوەی لە خوێندنەوەی هزری مەودودی دا دەیبینین خستنەڕوویەکی درەنگ وەختە بۆ گرفتێک کە هزری ئیسلامی ماوەیەکی زۆر دەیناڵاند بەدەستییەوە، ئەویش گرفتی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بوو لە نێوان دەستەڵات و شەریعەتدا بەبێ تێپەڕبوون بە فلتەری گەلدا، ئەو پەیوەندییە کە بووە هۆی قەبەکردنی دەستەڵاتەکانی فەرمانڕەوا، وایلێکرد دەستەڵات لە دەرەوەی گەل ببێتە پاسەوانی شەریعەت.

ئەم تێگەیشتنە کە مەودودی خستیەڕوو سەیید قوتب تێپەڕاندووە، ئەویش کاتێک هاتووە فەرمانڕەوایی بەوە داناوە کە بیرۆکەیەکی گوزەرکەرەو بەسەر گەلدا تێدەپەڕێ، لێرەوە گرنگیداوە بە ڕێکخستنی پەیوەندی دەستەڵات بە شەریعەتەوە زیاتر لە گرنگیدانی بە ڕێکخستنی پەیوەندی دەستەڵات بە گەلەوە، لەسەر ئەم بنەمایە هاتووە تیۆریزە هزرییەکەی خۆی بەناوی شەریعەتەوە نەک بەناوی گەلەوە پیادەکردووە، ئەنجامی حەتمی ئەمەش بریتییە لە بیرۆکەی (کۆمەڵگای نەفامیی) کە هەموو کۆمەڵگاکانی سەر ڕووی زەوی خستووەتە چوارچێوەی، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن[٣]، لەوانەیە ئەو شتەی وای لە سەیید قوتب کردبێ ئەم ئاراستەیە بگرێتەبەر سەرنجدانی بەردەوام و خوێندنەوەی یەک بەدوا یەکدا بێت بۆ حاڵەتەکانی سێ (کۆیلایەتی) -هەروەک ئەو وەسفیدەکات- لەناو کۆمەڵگا ئیسلامیەکان، واتە کۆیلایەتی لە بۆچوونی باوەڕیدا، لە ڕێوڕەسمە پەرستشیەکاندا، لە دەقە یاساییەکاندا[٤]، بەڵام حاڵەتی نەفامیی -بە بۆچوونی سەیید قوتب- بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە دەستدرێژیکردنە لەسەر فەرمانڕەوایی خوای گەورە، چونکە کۆمەڵگا تا لە سیستمە کۆمەڵایەتی و یاسایی و دارایی و سیاسیی خۆیدا حوکم بە شەریعەت نەکات ئەوا بە کۆمەڵگایەکی موسڵمان ناوزەد ناکرێ، ئەوە دەستەڵاتی سیاسییە کە لەسەر فەرمانڕەوایی مرۆڤ بەرپا دەبێت ئەو دەستدرێژییە دەکات، چونکە (نەفامیی بریتی نیە تەنها لە تیۆرێکی ڕووت بەڵکو

١- هەمان سەرچاوە، ل٤٠-٤١.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤١.

٣- قطب، سيد. معالم في الطريق، القاهرة، دار الشروق، ط٦، ص٩١.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٨٩.

بریتییە لە گردبوونەوەیەکی جووڵەدار)[1]، بەم پێیەش ئەوا باوەڕی جەماوەر بە مافی کاربەدەست (دەستەڵاتی سیاسیی) لە یاسادانانداوای لە سەیید قوتب کردووە گەل بخاتەناو پێکهاتەی (کۆمەڵگای نەفامییەوە)، چونکە بە بۆچوونی ئەو دانان بە فەرمانڕەوادا کە مافی یاسادانانی هەبێت دەستدرێژییە لەسەر دەستەڵاتی خوای گەورەو لەسەر فەرمانڕەوایی ئەو زاتە، لەبەرئەوە دەتوانرێ بوترێ کە بیرۆکەی کۆمەڵگای نەفامیی لای سەیید قوتب هەر لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرنجدانی لە گۆڕینی مانای چەمکی (کاربەدەست) بەجۆرێ کە شێوە باوەڕێک وەردەگرێ و وای لێدەکات دەستی والابێت لە یاسادانان‌دا، بەڵام لەم سەرنجدانەیدا نەچووە بەلای لێکۆڵینەوە لە گرفتەکە یان هەڵوەشاندنەوەی بەڵکو حوکمی بەسەردا داوە.

مامۆستا حەسەن هوزەیبی لە کتێبەکەیدا بەناوی (دعاه لا قچاه) تێبینی ئەم مەسەلەیەی کردووە، (واتە گۆڕینی -کاربەدەست- بۆ شێوە باوەڕێک) بەو پێیە کە بزوێنەری شاراوەی بیرۆکەی فەرمانڕەواییە لەلای سەیید قوتب، هوزەیبی وەک وەڵامێکی ڕاستەوخۆ بێت بۆ سەیید قوتب دەڵێ: (باوەڕی جەماوەر بەوە کە کاربەدەست بۆی هەیە لەسەر بنەمای دەقەکان یاساکان دەربکات لەوانەیە دروست نەبێت چونکە دەچێتە بواری لێکدانەوە و بێباوەڕی بەدوادا نایەت)[2]، پاشان پێیوایە کە: (باوەڕی بە پیرۆزڕاگرتنی کاربەدەست لای موسڵمانان بوونی نیە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەڵێ گرفتێک هەیە پەیوەندە بە دەستەڵاتی کاربەدەستەوە لە یاسادانان‌دا[3]، هاوکات گرفتێکی تری جەوهەری هەیە کە پەیوەندە بە شارەزابوون کە کاربەدەستان کێن و نیشانەکانیان چییە[4]، مامۆستا هوزەیبی خەریکە بەرپرسیتی نەزانی جەماوەر بۆ سنوری گوێڕایەڵیی و بۆ ناڕوونی چەمکی کاربەدەستان بخاتە ئەستۆی زانایان بەڵام بەدرێژی باسی ئەمەی نەکردووە.

بێگومان هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەستەڵاتی تاکەکەسی لە تێڕوانینی دەوڵەتی ئاینییەوە چەند تەمومژێکی لە شیکاری ڕەهەندەکانی گوتاری فەرمانڕەواییدا کە پەیوەندە پێیەوە لێکەوتەوە، لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ سەرنجی خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ مەسەلەی دەستەڵاتی تاکەکەسی بدرێ، بەڵام نە لەژێر پەردەی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٤٥.

٢- الهضيبي، حسن. دعاة لا قضاة، أبحاث في العقيدة الإسلامية ومنهج الدعوة إلى الله، القاهرة، دار الطباعة والنشر الإسلامية، ص٦٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٧١.

بیرۆکەی فەرمانڕەواییدا، ئەوەتا مامۆستا موحەممەد غەزالی کە هزری بەدەوری بەرەنگاربوونەوەی تاکڕەویی و دەستەڵاتی تاکەکەسیدا دەسوڕێتەوە، پێیوایە کە تەنها گەل سەرچاوەی دەستەڵاتەو بەگوێکردنی ویست و ئیرادەی گەل فەرزە[1]، لەبەرئەوە بەدووری نازانێ بیرۆکەی (فەرمانڕەوایی خوا) کە دان بەوەدا نانێت گەل سەرچاوەی دەستەڵات بێت خزمەت بێت بە تاکڕەویی سیاسیی[2]، سەراپای ئەو گوتەیەش ڕەتدەکاتەوە ناونراوە بە (بلیمەتیی تاکەکەسی) کە وێنای ژینگەیەکی بەپیتی تاکڕەویی دەکات، هەروەها ناڕازییە لە (فیقهی ساختە) کە شورای کەنارخست و تاکڕەویی بەهێزکرد.

پ- چوارچێوەی بزاوتیی بۆ چەمکی (کاربەدەست):

دەکرێ ئەوەی مامۆستا هوزەیبی لە کتێبەکەیدا بەناوی (دعاه لا قچاه) باسیکردووە دیدێکی ڕاستکەرەوە بێت بۆ هزری ئیخوان موسلمین، ئەو هزرە کە لە نێوان پیادەکردنی هزرە نوێیەکان و پارێزگاری لەسەر پەیوەندی مەعریفی لەگەڵ فیقهی سیاسەتی شەرعیدا پێ و پێی کردووە. پێشەوا حەسەن بەننا باس لە ئامانجی (برایانی موسڵمان-ئیخوان موسلمین) دەکات کە بریتییە لە: پەروەردەکردنی تاکی موسڵمان، خێزانی موسڵمان، دەوڵەتی موسڵمان، گەلی موسڵمان، شاراوەش نیە بونیاتنانی ئەو چوار ئامانجە: تاک، خێزان، دەوڵەت، گەل -بەشێوەیەکی ڕاست و دروست، تا ئاستێکی زۆر- وەستاوە لەسەر سەرلەنوێ بونیاتنانی پەیوەندییەکانی گوێڕایەڵیی لەسەر هەردوو ئاستی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، پێشەوا بەننا لە ڕێگای جەختکردنەوە لەسەر ماناکانی شورا و لێپرسینەوە لە فەرمانڕەواو ڕزگارکردنی تاک لە هەر جۆرە (کۆیلایەتی)یەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسیی دەستپێکرد، بەڵام هزرە سیاسیەکەی درێژنەبوویەوە بۆ بازنەی (دەستەڵاتی تاکەکەس)، ئەو دەستەڵاتە کە دەکرا لە ڕێگای سەرلەنوێ خوێندنەوەی هەندێ لە ڕەگەزەکانی ڕیشکی تاکڕەویی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە چوارچێوەی ئیسلامیدا بخاتەڕوو، پێدەچێ خوێندنەوەی لەوجۆرە -لەباری ڕوودانیدا- هزری برایانی موسڵمان بخستایەتەبەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەلەپوری فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەمە لە کاتێکدا کە پێداویستیەکانی بزووتنەوەکە ڕێگای بەو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینین کە هەوڵی

---

١- الغزالي،، الإسلام والأستبداد السياسي، ص٥٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٥-٤٦.

بەگەڕخستنی (کەلەپوری گوێڕایەڵیی) و گوتەی (کاربەدەست) ئاراستە دەکرێ بۆ بەگوێکردنی ئەمیری کۆمەڵەکە. تەنانەت لەگەڵ پەیبردنی برایانی موسڵمان بە هەبوونی کەموکووڕی قووڵ لە مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەوا هەر دەستبردنی بۆ کرۆکی پەیوەندییەکانی ئەو گوێڕایەڵیە کە باوی کۆمەڵگا بوو خزمەتی بە (گیانی سەربازیی) نەدەکرد کە کۆمەڵەکە لەسەری دامەزراوە.

لە کتێبێکدا بەناوی: (فصول فی الإمره والأمیر) کە کتێبێکە گیانی ئاکارە سوڵتانیەکان دێنێتەوە کایە و گوتەکانی بەڕوونی بەکاردێنێ، تیایدا ڕوخسارەکانی هەڵسوکەوتی بزاوتی لەگەڵ مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی ئاشکراو بەرچاون، مامۆستا سەعید حەوا لە کتێبی ناوبراودا باس لە سێ جۆر لە پێشەوایەتی دەکات کە بریتین لە[1]:

پێشەوایەتی پێشەوای باوەڕداران کە پێشەوای گشتی هەمووی ئوممەتی ئیسلامییە.

پێشەوایەتی پێشەوایانی ویلایەتەکان ئەوانەی کاروباری دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنیان بەدەستە.

پێشەوایەتی پێشەوایانی کۆمەڵە ئیسلامیەکان ئەوانەی کاردەکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە ئیسلامیەکان.

لەڕاستیدا ئەم پۆلێنکردنە هەوڵی شەرعاندنی هەبوونی ڕێکخستنی نافەرمی کۆمەڵە ئیسلامیەکان تێدەپەڕێنێ، دەڕوات بۆ خستنەڕووی گوێڕایەڵیی سیاسیی و ئاکارەکەی، بەو سیفەتە کە کەلەپورێکی کراوەیەو هەرکەس بیەوێت سیفەتی پێشەوایەتی وەربگرێ دەتوانێ سودی لێببینێ، ئەمەش مەسەلەیەکە مامۆستا سەعید حەوا لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسیدەکات، جا وێڕای ئەوە کە کتێبەکە پڕە لە فەرموودە لەبارەی دادگەریی و شورا و جێبەجێکردنی شەریعەت، بەڵام هەر لە خاڵە جومگەییەکاندا پەنادەباتە بەر فیقهی سیاسەتی شەرعی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، کاری بنەڕەتی لای ئەو بریتییە لە ئارامگرتن لەسەر پێشەواکان، پێویستە دۆعای خێر بۆ پێشەوا بکرێ با کەسێکی فاسیقیش بێت[2]، گوناهی پێشەوا ناکاتە ئەوە کە بەگوێینەکرێ بەڵکو ڕێزلێگرتنی ناهێڵێ[3]، (لابردنی ڕێزیش) مەسەلەیەکی نوێیە کە

١- حوی، سعید. فصول في الإمرة والأمیر، القاهرة، دارالسلام، ط٢، ص١١٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢١٢.

ئەم کتێبە هێناویەتی و زەحمەتە تێگەیشتن لە مانا سیاسییەکەی بکرێ مەگەر لە میانەی پەرۆشی بۆ پارێزگاریکردن لە کۆن و سەرلەنوێ ئاراستەکردنەوەی بێت.

لە واقیعدا ناتوانرێ بوترێ هەموو ئەو باسانە لە کتێبەکەدا هاتوون هزری برایانی موسڵمان بن، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەو هزرە بە بڕیارێکی پێشتری پابەندە بە کەلەپورەوە ئەوا دەچێتەوە سەری، ئەو پابەندییە وای لێدەکات کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسێکی وەک پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی تا ڕادەیەکی زۆر سنوردار بێت، ئامادەش نیە دەرگای مشتومڕی هزریی فراوان لەو مەسەلەیەدا بکاتەوە، دکتۆر موحەممەد عەممارە پێیوایە کە ئەقڵانیەتی هزری (برایانی موسڵمان) بە بەراورد بە هزری ڕاپەڕین و بوژانەوە کەمترە[١]، لەم گوتەیەیدا -تا ڕادەیەکی زۆر- پێکاویەتی، ئەوەش کاتێ باسی سنورداری کاریگەری هزری برایان دەکرێ لە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا.

بەڵام ئەم مەسەلەیە لای تەوژمە هزرییەکانی تری وەک سەلەفی و سۆفی زیاتر ڕوونە، چونکە هەردوو تەوژمەکە بەرپادەبن لەسەر پۆشینی جۆرێک لە بەرگی مێژوویی فیقهی پێشینان، جا ئەگەر تەسەووف مەیلی بەلای (پاکژیی خودی) دا بێت کە ناکەوێتە دەمەقاڵە لەسەر ئەوە خاوەنی بۆچوونێکی سیاسیی بێت کە سیفەتی شەرعیەتی هەبێت، کە ئەمەش ڕێگای دەدات گونجاندنێکی تەواوەتی لەگەڵ شێوەی (کاربەدەست)دا هەبێت، ئەوا ڕەوتی سەلەفی بارگاوییە بە پڕۆژەی جێبەجێکردنی شەریعەتەوە، کە (کاربەدەست) بە یەکێک لە ڕاگرە سەرەکییەکانی دادەنێ، بەڵام هزری سەلەفی لە بزاوتە بازنەییەکەیدا دەربارەی (کاربەدەست) دوو حاڵەتی دژ بەیەک دەکاتەوە، ئەگەرچی هەردووکیان کۆی هزری سەلەفی پێکدێنن -با دژبەیەکیش بن-، یەکەمیان وەڵامگۆی زەرورەتەکانی پێگەی (کاربەدەستە) لەناو بازنەی ڕێگاپێدراوی شەرعیداو لەگەڵیدا دەسوڕێتەوە، بەڵام دووەمیان ئەوا لەسەر ئەوە بەرپایە کە جێبەجێکردنی حوکمەکانی شەریعەت دەخاتە ئەستۆی کاربەدەست و هەر ئەو بەرپرسە، لەگەڵ خۆسازدان بۆ بەکافرکردن و دەرچوون لەدژی ئەگەر پێویستی کرد، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەوا (کاربەدەست) خولگەی تێڕوانین و بزاوت پێکدێنێ، جا بەهۆی لاوازی پێکهاتەکانی فیقهی سیاسیی لە بونیادی هزری سەلەفیدا ئەوا بە ئاسانی لەتوانایدایە لەباری پیرۆزڕاگرتنیەوە بگۆڕدرێ بۆ کافرکردنی، لە فەرزی بەگوێکردنی تەواوەتیەوە بڕوات بۆ دەرچوونی

---

١- عمارة، الصحوة الإسلامية والتحدي الحضاري، ص٤٦.

ڕەها لەدژی، ئەوەش بە بەکارهێنانی خودی بنەمای فەرموودەیی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی.

ئەو تەمومژە کە وا لە هزری سەلەفی دەکات سەرلەنوێ پێکهاتەکانی فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی لە واقیعی هاوچەرخدا بەرهەمبێنێتەوە، بریتییە لە ڕشتەبەندی ئەو ئەحکامانە کە خۆی پڕچەک کردووە پێیانەوە دژ بە دیموکراسی بە هەموو شێوەکانیەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە تەنها ئەوە نیە کە ڕێگربێت لە کارنەکردن لەناو میکانیزمەکانی دەوڵەتی نوێدا و بەکارهێنانی ئامڕازەکانی، بەڵکو ئاستەنگیشە لەبەردەم گەڵاڵەکردنی هەر پڕۆژەیەکی تەواوکار بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی، دەستکۆتایە تەنها بە جێبەجێکردنی بەندەکانی شەریعەتەوە لە پڕۆژەی دەوڵەتێکی حازردا، تەنانەت با لە کرۆکیشیدا سروشتی تاکڕەویی تێدا بێت.

لەم چوارچێوەیەدا مامۆستا ئەلبانی (١٤٢٠ک.م) ناڕازییە لە هەوڵی بزووتنەوە ئیسلامیەکان -وەک برایانی موسڵمان- بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی بەرلە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی موسڵمان کە باوەڕی ڕاست و دروست بێت، ڕاست و دروستی باوەڕیش لای ئەلبانی دەوستێ لەسەر شارەزابوون بە سوننەت و گرنگیدان بە زانستەکانی، هەروەها پەیوەستە بە نەهێشتنی فرە مەزهەبی، ڕەتکردنەوەو سڕینەوەی فرەڕایی فیقهی[١]، چونکە یەکتاپەرستی کە باوەڕی ڕاست و دروست لەسەری دادەمەزرێ بە هیدایەتی کۆمەڵگا نەبێت نایەتەدی، دەڵێ مەحاڵە دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ هەبوونی تاقمەکانی وەک سۆفی بۆ نمونە بەرپا ببێت، جا ئەگەر هیدایەت بەو مانایە دەستەبەر بوو ئەوا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دوای ئەوە بە سروشتی دەستەبەر دەبێت[٢].

لەڕاستیدا ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لای ئەلبانی کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە بناغەی کرداریی ئەو دەوڵەتە لەسەر یەکجۆرکردنی کۆمەڵگای ئیسلامی بەرپا دەبێت کە لە شێوەی یەک فیقە و یەک مەزهەبدا بێت، ئەمەش

١- ئەم ئاراستەیە وای لە دکتۆر موحەممەد سەعید ڕەمەزان بوتی کرد کتێبێک بنوسێ بەناوی (اللامذهبية بدعة هدامة تهدد الشريعة الإسلامية)، لە پێشەکیەکەیدا هۆکاری نوسینی باسکردووە کە بریتییە لە وردەکاری وتووێژێکی لەگەڵ مامۆستا ئەلبانیدا تایبەت بە بابەتی مەزهەبی. بڕوانە:

- البوطي، محمد سعيد رمضان، اللامذهبية أخطر بدعة تهدد الشريعة الإسلامية، دمشق، دار الفارابي، ص١٧-٢٦.

٢- الألباني، محمد ناصر الدين، أسئلة وأجوبة في الحديث عن الدولة الإسلامية وحكم العمليات الفدائية، عمان: ص٣٢.

مانای ئەوەیە کە کارکردن بۆ بەدیهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرلە جێبەجێکردنی ئامانجی یەکجۆرکردن کارێکی ڕەوا نیە، لەبەرئەوە مامۆستا ئەلبانی دەستکۆتایە بە هەبوونی حاڵەتێک لە پراکتیزەکردنی شەریعەت، کە ئەحکامەکانی تێدا ڕاپەڕێنرێ و باوەڕی ڕاست و دروست تێیدا پارێزراو بێت، مەسەلەی نەبوونی جێنشینیی ئیسلامیش لە پرسێکەوە دەگۆڕدرێ بۆ ڕێگادان بە پێکەوەژیان لەگەڵ واقیعداو قوبوڵکردنی، هەروەها دەبێتە هۆی پەکخستنی کارایی ژیاریی گەل لە بەرەنگاربوونەوەی ستەم و داگیرکار ئەوەش بە بیانووی نەبوونی جێنشین، لێرەوە خۆپارێزییە بەناوبانگەکەی لەسەر بزووتنەوەکانی بەرەنگاربوونەوە دژ بە زایۆنیزمی داگیرکار بەرچاوە، بەو بیانووە کە (سوپای ئیسلامی و جیهادێک کە لەسەر حوکمە شەرعیەکان دامەزرابێت بوونیان نیە)[1].

مامۆستا عەبدولعەزیز ئیبن باز لە هەمان میانەدا نمونەیەکی سەلەفی هاوچەرخ بۆ سەنتەریی پێگەی (کاربەدەست) لەسەر هەدوو ئاستی سیاسیی و ژیاری دەخاتەڕوو، جا ئەگەر مامۆستا ئەلبانی پرسەکانی جیهاد و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکار ببەستێتەوە بە جێنشینەوە، ئەوا مامۆستا ئیبن باز هەمان ئەو پرسانە دەبەستێتەوە بە کاربەدەستی واقیعیەوە، کە بۆی هەیە بەپێی بەرژەوەندی ئاگربەست لەگەڵ دوژمناندا ڕابگەیەنێ، ئیتر ئەو ئاگربەستە ڕەها بێت یان بۆماوەیەکی کاتی بێت، دەڵێ: (ئەگەر موسڵمانان لاوازبوون و توانایان نەبوو شەڕ لەدژی هەمووان بکەن، ئەوا خراپ نیە بەپێی توانایان بجەنگن، ئەگەر تواناشیان نەبوو با شەڕ دژ بەو کەسە نەکەن شەڕیان لەگەڵ ناکات، ئەوکاتیش فەرمان بۆ کاربەدەستە کە بیەوێ شەڕبکات یان بیەوێت شەڕنەکات...)[2].

پوختەی گشتی هزری سەلەفی بریتییە لە بەستنەوەی پرسەکانی جیهاد و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بە (کاربەدەست)ەوە، یەکێکیش لە ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکانی هزری سەلەفی ئەمە ڕەتدەکاتەوە، چونکە پێیوایە بزووتنەوەی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب بۆ فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، ئاراستەبوو دژ بە قۆرخکاریی (کاربەدەست) -کە لەو کاتەدا خۆی لە سوڵتانی عوسمانیدا دەنواند- شۆڕشی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب -بەپێی قسەی دکتۆر حاکم موتەیری- لەسەر بناغەی تێپەڕاندنی قۆناغبەندی چەمکی

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٤٣-٤٤.

٢- إبن باز، المعلوم من واجب العلاقة بين الحاكم والمحكوم، ص٥٠.

(کاربەدەست) بەرپابووە، (چونکە مامۆستا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب و ئەو مامۆستایانەش دوای ئەو هاتووەن دەرکیان بەوە کردووە کە ئاین بەبێ دەوڵەت بوونی نابێت، دەوڵەتیش بەبێ بوونی کۆمەڵ، سەرکردە، بەیعەت، پەیمان و جیهاد دانامەزرێ، هەموو ئەمانەش بەپێی چەمکی گوتاری سیاسیی مانا گۆڕدراو لە قەدەغەکراوەکانن، چونکە دەرچوونە لە گوێڕایەڵیی کاربەدەست)[1]، هەروەها دەڵێ (مامۆستا موحەممەد ئەو تەمومژەی تێپەڕاندووە کە دەڵێ تەنها مافی دەوڵەت و دەستەڵاتە هەستێ بە چاکسازی و گۆڕانکاریی و کەسیتر بۆی نیە، کە ئەمە لە گوتاری سیاسیی چەندین سەدەدا بووە باو تا خراپە بڵاوبوویەوەو کارکردن بە شەرع پەکخرا)[2]، پاشان دەڵێ ئایا چۆن چۆنی (ئەو گومانە کە مامۆستا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب ڕووبەڕووی بوویەوە سەرلەنوێ و لەسەر دەستی هەندێ لە شوێنکەوتووانی قوتابخانەی خودی مامۆستا گەڕایەوە بۆ گوتاری هاوچەرخ)[3]، موتەیری پێیوایە گەڕانەوە بۆ قۆرخکردنی ئەو بەهایانە لەلایەن دەستەڵاتەوە وەک نوچدادانێ وابوو بۆ هزری وەهابی، چونکە هەرکە دەوڵەتی نوێ لە نەجد بەرپابوو ئیتر (چەمکەکانی گوتاری سیاسیی بە گۆڕینی ماناکەی هاتەوە کایە، هەروەک چۆن لە کتێبەکانی ئەحکامی سوڵتانیدایە، وەک شەرعیەتی سپاردنی کاری جێنشینی بە کوڕ، هەروەک چۆن لەسەردەمی بەنو ئومەییەو بەنو عەبباسدا بووە، ئەمە لەجیاتی ئەوە کە کاروباری موسڵمانان بسپێردرێ بە شورا لە نێوان موسڵماناندا وەها کە لەسەردەمی جێنشینە ڕاشیدەکاندا بووە)[4]، موتەیری دواجار لەبەرئەنجامی ئەمەی پێشەوە دەگاتە ئەو قەناعەتە کە هەردوو دەستەواژەی (بەهێزبوونی دیاردەی تاکڕەویی سیاسیی) و بە باوکردنی (گوێبیستی و گوێڕایەڵیی بۆ دەستەڵات ئیتر دەستەڵات تا هەر ئاستێ لادەریش بێت) دەبەستێت بەیەکەوە)[5].

لە بەرانبەریشەوە حاڵی (کاربەدەست) لە میانەی هزری هاوچەرخی شیعەدا جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لە هزری سەلەفی، جگە لە یەک مەسەلەدا نەبێت ئەویش بریتییە لەوە کە (کاربەدەستی) شیعی ویلایەتی تەواوەتی بەسەر خەڵکیەوە هەیە،

---

١- المطيري، حاكم. الحرية أو الطوفان، دراسة موضوعية للخطاب السياسي الشرعي ومراحله التأريخية، بيروت: ، ص٢٧٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٥.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٧ (پەراوێز).

٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٢٦٥.

خومەینی پێیوایە کە حاڵی وەلی فیقهناس وەک پێغەمبەر و پێشەوا بێ گوناهەکان وایە (أولى بالمؤمنين من أنفسهم)[١]، ئەمەش مانایەک دەگەیەنێ کە دەستەڵاتی ڕۆحی لای (کاربەدەست)ە، تەنانەت لەگەڵ ناڕازیبوونی سەیید حائری لەو مەسەلەیەدا، بەڵام ئەویش جگە لەلایەنی دەستەڵاتی ڕۆحی هەر ئیقرار بە دەستەڵاتی تەواوەتی کاربەدەستی فیقهناس دەکات، ئەوەش بەو سیفەتە کە (کاربەدەستە لەسەر ڕێبازی پێشەوایەتی)[٢].

مەعلومە کە تیۆری ویلایەتی فەقیە لەسەر بنەمای ویلایەتی گشتی فیقهناسان دامەزراوە، چونکە فیقهناسان ئەمیندارانی پێغەمبەرانن و بەڵگەن بەسەر خەڵکییەوە، بەڵام ئیقرارکردن بە ویلایەتی تەواوەتی فیقهناسان گرفتێکی لە هزری سیاسیی شیعەدا دروستکرد کە عەلی موئمین ناویبردووە بە گرفتی فرە مەرجەعی فیقهی[٣]، ئەم گرفتە ئەوەی دەخواست کە پەیوەندی نێوان وەلی فەقیە و فیقهناس و مەرجەعە ئاینیەکان ڕێکبخرێ، چونکە وەلی فەقیە یەکێکە لە سەدان فیقهناس و مەرجەع، بەم پێیەش دەستەڵاتی بەسەر فیقهناساندا سنورداره، لەبەرئەوە هەر دەبوو بارێکی دەستەڵاتداریی دابهێنرێ کە وەلی فەقیە جیابکاتەوە لە فیقهناسەکانی تر، ڕێگری بکات لە تێکەڵبوونی ئەرکەکان، بەڵام لە هەمانکاتدا پارێزگاری لە باری تایبەتی هەموو فیقهناسان بکرێ.

عەلی موئمین بۆ دەربازبوون لەو گرفتە هاتووە (مەرجەعیەتی ڕابەر) و (مەرجەعیەتی چاولێگەری) کە دەستەڵاتەکانی کورتدەکاتەوە لە حەوزە زانستیەکاندا لێکجیادەکاتەوە[٤]، پێیوایە ڕابەر (کاربەدەست)ی فەرمانڕەوا پێگەی مەرجەعیەت داگیردەکات، بەو بیانووە کە مەرجەعە چاولێگەرەکان گەل هەڵیاننابژێرێ و لەوانەشە توانای سیاسیی و کارگێڕیشیان نەبێت[٥]، پوختەی هەموو ئەمەش بریتییە لە چەسپاندنی چەمکی (کاربەدەست) یان (وەلی فەقیە) با لەسەر حیسابی مەرجەعیەتەکانی تریش بێت، کە خومەینی دانی بەو مافەیاندا ناوە کە نە لەکاردەخرێن و نە دادەنرێن[٦]، ئەمەش شتێک نیە مەسەلەکە زۆر بباتە پێش،

---

١- الخميني، آية الله. الحكومة الإسلامية، بيروت: ص٦٧.

٢- الحائري، الإمامة وقيادة المجتمع، ص٣٩.

٣- المؤمن، علي. الإسلام والتجديد، رؤى في الفكر الإسلامي المعاصر، بيروت: دار الروضة، ص٦٧.

٤- هەمان سەرچاوە، ل٧٠.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

٦- الخميني، الحكومة الإسلامية، ص٥١.

چونکە ئەنجامەکە بریتییە لە پێدانی دەستەڵاتی ویلایەتی تەواوەتی لە کۆمەڵایەتی و لە سیاسەتدا بە وەلی فەقیە، سەیید حائریش هەر ئەم بۆچوونەی هەیە کە جەختدەکات لەسەر بەگوێکردنی وەلی فەقیە بەوەی کە ئەرکێکی شەرعییە، ئەو فەرمانەی دەریدەکات فەرمانێکی ویلایەتەو دەبێ ڕاپەڕێنرێ[1]، جا هەرچەندە حائری هەڵبژاردن و ڕێسای زۆرینە ڕەتدەکاتەوە، هەر پێیوایە کە ئەگەر وەلی فەقیە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەک فەرمانیدا بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەوا ئەو هەڵبژاردنانە شەرعی و ڕەوان، شەرعیەتیان لەوەوە نیە کە ئەو هەڵبژاردنانە دەستەڵاتی گەل بەرجەستە دەکەن، بەڵکو لەوەوەیە کە فەرمانی ئەنجامدانیان بە ویست و ئیرادەی وەلی فەقیهە، (لەبەرئەوە ئەوا ئەو کەسە کە ویلایەت دەدات بە براوەکان -لەو حاڵەتەدا- وەلی فەقیهە نەک هەڵبژاردنەکان)[2].

بەڵام مامۆستا مونتەزیری بنەمایەکی جیاواز بۆ شەرعیەتی ویلایەت لە سەردەمی نەبوونی مەهدی مونتەزیر (عصر الغيبە)دا دەخاتەڕوو، -تا ئاستێک- سێبەری گوێڕایەڵیی ڕەها کە هەژمووندارە بەسەر هەموو جومگەکانی تیۆری ویلایەتی فەقیە لەگەڵیدا پاشەکشە دەکات، بە بۆچوونی ئەو سیاسەت لە سەردەمی غیبەدا دەدرێتە دەست فیقهناسان، ویلایەتیش بە (دانانێکی گشتی) لە (پێشەوا بێگوناهەکان) لە فیقهناسەکان بە گشتی جێگیر دەبێت، جا لەبەرئەوە نەسەلمێنراوە کە پێشەوا بێگوناهەکان هەستابن بە دانانی وەلی فەقیە لەنێو گشت زانایاندا، ئەوا پێویستە گەل بەو سیفەتە کە سەرچاوەی دەستەڵاتەکانەو خاوەنی سەروەرییە وەلی فەقیە لە نێوان فیقهناساندا هەڵبژێرێ لەوانەی کە مەرجەکانی ویلایەتیان تێدایە، (چونکە پێشەوایەتی هەروەک بە دانانی لەلایەن خواوە دێتەجێ ئەوا بەهەمانشێوە بە دانانی لەلایەن گەلەوە بە بەیعەت دێتەجێ)[3]، مونتەزیری پێیوایە هەڵبژاردن بە دوو قۆناغ دەبێت، لە قۆناغی یەکەمدا گەل هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی (ئەهلی خیبرە) لە نێوان فیقهناساندا، پاشان ئەوانیش هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی ئەو وەلی فەفقیهە کە مەرجەکانی تێدایە، بەڵام مافی گەل لە هەڵبژاردندا ڕەها نیە، بەڵکو مەرجدارە بە هەڵبژاردن لە نێوان فیقهناساندا ئەوانەی کە مەرجەکان و نیشانە باوڕپێکراوەکانیان تێدایە، پێویستە گەلیش لەدوای ئەوە بەگوێی وەلی هەڵبژێردراو

---

١- الحائري، الإمامة وقيادة المجتمع، ص٢١٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

٣- المنتظري، حسين علي. دراسات في ولاية الفقيه وفقه الدولة الإسلامية، إيران، ط٢، ج١، ص٥٢٦.

بکات و خۆی ڕادەست بکات و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات، فیقهناسەکانی تریش بۆیان نیە شانەخڕێی وەلی فەقیهی هەڵبژێردراو بکەن لە کاروباری ویلایەتدا، چونکە فەقیهی هەڵبژێردراو دەبێتە بەرپرسی یەکەم و ((سێ دەستەڵاتەکە دەست و مەچەکی ئەون)[1]، هەروەها گەل بۆی هەیە ئەنجومەنی شورا هەڵبژێرێ بەڵام ئەگەر پێشەوا ڕای وابوو کە گەل ئامادەسازی ئەو کارە نیە (یان فام و هۆشیاری سیاسی بەشی ئەوەندە نیە کە کەسە چاکەکان هەڵبژێرێ، ئەوا پێشەوا کە زانست و دادپەروەریی و جوان بەڕێوەبردنی ویلایەتەکەی فەرزیکردووە خۆی هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی ئەندامان)[2]، مونتەزیری دان بەوەدا دەنێ کە شورا زەرورە بۆ وەلی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە، ئەمە بە پێچەوانەی پێشەوای دانراو لەلایەن خوا یان پێغەمبەر یان پێشەوا بێگوناهەکانەوە، چونکە شورا لەناو بێگوناهەکاندا جێگای نابێتەوە[3]، بەڵام مونتەزیری لەلایەکیترەوە دێت ئەنجامەکانی شورا دەبەستێتەوە بە پەسەندکردنی وەلی فەقیهەوە، چونکە کاروباری ویلایەت لە (ناوەندە هەستیارەکان) دا دەگەڕێنەوە بۆ خودی وەلی فەقیە، ئەوەش وەک گەرەنتییەک بۆ ئەوەی ناونراوە بە (یەکبوونی ناوەندی بڕیار). بەڵام بیرۆکەی بەشداریکردن لە کاروباری وڵاتدا شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێ، هەتا زیاتر دووربکەوینەوە لە ناوەندی بڕیار لە باڵاترین قوچکی دەستەڵاتەوە زیاتر کراوەتر دەبینرێ، مونتەزیری جەختدەکات لەسەر زەرورەتی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکاندا، چونکە مەرج نیە وەلی فەقیە خۆی هەموو کاروبارەکان بکات، بەڵکو دەستەڵات دەداتە دەست دامەزراوەو کەسەکان بەپێی لێهاتوویی و ئەزموون و ئەمانەتپارێزی، خۆی بەردەوام سەرپەرشتی دەکات و ئاگادار دەبێت بەسەر هەمووانیدا، بەڵام کاروبارە نا گشتییەکان و چالاکییە تاک کەسییەکان (وەک کشتیاری و پیشەسازی و بازرگانی و رزق و بژێوی و شوێنی نیشتەنی و کارگەو پۆشاک و هاوسەرگیری و فێرکردن و فێربوون و گەشتەکان و ئاهەنگەکان و هاوشێوەیان لەو کارانەن کە پەیوەندن بە کەسەکان و خێزانەکانەوە (ئەوا کارەکانیان سپێردراوە بە خەڵکی بە مەرجێ ڕێگرێکی شەرعی لەبەردەمدا بوونی نەبێت)[4]، وەلی فەقیهیش دەستکۆتا دەبێت تەنها بە ڕێنماییکردن و هیدایەتدان و چاودێری گشتی.

١- هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٥١.

٢- هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٦٣.

٣- هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٣٣.

٤- هەمان سەرچاوە، ب٢، ل٢٥.

### پ- بە دەستورکردنی چەمکی (کاربەدەست):

دەکرێ لەنێوان ئاراستە یاساییە نوێیەکاندا ئاراستەیەک بەدی بکەین بەرەو (بە دەستوریکردنی) چەمکی (کاربەدەست)، ئەویش لە ڕێگای تێگەیشتن لە دەستوری دەستەڵات و مافەکان کە پەیوەستن بە چەمکەکەوە، ئینجا وەسفە دەستورییە نوێیەکانی سەرۆکی دەوڵەت بخرێنە ناویەوە، جا هەرچەندە دەستوری زۆربەی دەوڵەتە عەربییەکان جگە لە شانشینی بەحرین و سیستەمی بنەڕەتی شانشینی عەرەبی سعودی ئیتر هیچکامیان وەصفی (کاربەدەست)یان تێدانیە[1]، لێرەوە سەرۆکی دەوڵەت پێگەی سەرەکی لە سیستمە دەستوریەکانی زۆرینەی دەوڵەتە عەرەبیەکان بێ کێبرکێکار داگیر دەکات.

دکتۆر عەلیودین هیلال هەستی بە هەبوونی کەموکووڕییەک لە پەیوەندی نێوان هەردوو دەستەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندندا کردووە کە لە بەرژەوەندی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنە، (لەگەڵ چڕکردنەوەی تایبەت لەسەر ڕۆڵی سەرۆکی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسیدا)[2]، لەبەرئەوە دەکرێ بوترێ ئەو دەستەڵاتە بەرفراوانە کە فەرمانڕەوای سیاسیی هەیەتی بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی بونیادی (کاربەدەست) لە هزری دەستوری هاوچەرخدا، چونکە پێگەی دەستوریی سەرۆکی دەوڵەت هەموو ئەو مافانەی تێدایە کە فیقهی سیاسەتی شەرعی بە کاربەدەستیان دەدات، ئینجا بەدەستوریکردنی ئەو چەمکە بەو پێکهاتە فیقهییانەوە کە تێیدایە یارمەتیدەدات لەسەر زیادکردنی هێزی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن لە ڕووی دەستوریەوە، بەو پێیە کە (ئەوەی لە فیقهی ئیسلامی سوننیدا ماوەتەوە دەڕژێتە بەرژەوەندی فەرمانڕەوایی زیاتر لەوەی بڕژێتە بەرژەوەندی گەل یان هاوڵاتیانەوە)[3].

لەڕاستیدا بەیەکگەیشتنی ڕەوتی کەلەپور لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنەی یاسایی ئا بەمشێوەیە دەڕوات بەرەو ئەو حاڵەتە ناودەبرێ بە (کاربەدەستی دەستوریی)، ئەو وەسفەش لە ڕووی چییەتیەوە ئاماژە دەدات بۆ پارێزگاری سەرۆکی دەوڵەت لە مافە مێژوویی و فیقهیەکانی (کاربەدەست)، لەهەمانکاتیشدا سودوەرگرتنی لە دەستەڵاتە دەستوریەکان کە بەپێی دەستور یان سیستمی بنەڕەتی پێیدراوە، ئەم

---

١- الأسيري، عبد الرضا علي. الإسلام في دساتير دول مجلس التعاون الخليجي، مجلة العربية للعلوم السياسية، عدد١٣، ص١٤١-١٤٢.

٢- هلال، علي الدين. و.... النظم السياسية العربية قضايا الأستمرار والتغيير، بيروت: ص٣٢٠.

٣- الأسيري، الإسلام في دساتير دول مجلس التعاون الخليجي، ص١٤١.

بارەش بە دوو زمانی جیاواز لەیەک دەخرێتەڕوو، یەکەمیان فیقهییە، کە دەڕوات بۆ دواندنی هەستی ئاینی و سۆزی گەلانی موسڵمان، کە لە فەتواو گوتارەکانی سەر مینبەردا دەردەکەوێ، لێرەدا فەرمانڕەوا وەسفی (کاربەدەست) وەردەگرێ بە هەموو ئەو ئاماژەو بەڵگانەوە لەو وەسفەدان و لە زەینی جەماوەردا جێگیرن، هەروەها بە هەموو ئەو مافانەوە کە لە فیقهی کلاسیکیدان وەک پابەندبوون بە بەیعەتیەوەو بە جیانەبوونەوە لێی، هەروەها دوورخستنەوەی یاخیبوان لێی، تایبەتکردنی بە دۆعابۆکردنەوە لە پشتەوەی خۆی. بەڵام زمانەکەی تر یاساییە: ئەمیش بە ئاراستەی دواندنی هۆشیاری یاسایی هاوچەرخدا دەڕوات و -بە سەرزارەکی- وەڵامگۆی داخوازییەکانی سەردەم دەبێت. ئەنجامی پراکتیکی ئەمەش ئەوەیە کە (کاربەدەستی دەستوری) -بە پێوەری مێژوویی- بەهێزترە لە جێنشین و بەهێزتریشە لە هەر فەرمانڕەوایەکی دەستوری لە سیستمە دەستورییە هاوچەرخەکاندا.

بەڵام لە لایەنی مەعریفیەوە ئەوا چەمکی کاربەدەست وای لێدێ لە نازناوێکی پادشایەتی بچێ و دەدرێ بە فەرمانڕەوای سیاسی، ئیتر ناوی سەرۆک یان پادشا یان ئەمیر یان سوڵتان بێت چوونیەکە، نەک وەسفێکی قورئانی بێت کە ناوەڕۆکی سنورداری هەیە، کۆمەڵێ نیشانەی وردی هەیە. حەڵاڵکردنی بێ مەرجی چەمکی کاربەدەست و تەخشان و پەخشانکردنی بەو شێوەیە وای لێدەکات ببێتە (پۆشاکێکی سوڵتانی) و هەرکەس لەسەر حوکم جێگیربوو بیکاتەبەری بێئەوەی بڕوانرێتە شەرعیەت و لێهاتوویی.

لەم گۆشەنیگایەوە چەمکی (کاربەدەست) ئیتر بە دەستەواژە فیقهیەکەی یان یاساییەکەی بێت، دادەنرێ بە دژێکی بابەتی بۆ مەسەلەی پراکتیزەی شەریعەت، ئەمەش مەسەلەیەکە شایانی ئەوەیە ئاوڕی لێبدرێتەوە، زەحمەتە هەردوو چەمکەکە پێکەوە کۆبکرێنەوە چونکە یەکێکیان بە حەتمی ئەویتریان دەسڕێتەوە، جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، دەکرێ بەپێی فیقهی سیاسەتی شەرعی و کاریگەری لەسەر پراکتیزەی شەریعەت ئاماژەبدرێ بە دەستەڵاتە سزاییەکانی (کاربەدەست)، چونکە (کاربەدەست) بۆی هەیە پیادەی دەستەڵاتە تەمبێکاریەکەی بە هەر سێ جۆرەیەکەوە بکات کە بریتین لە: تەمبێکردن لەسەر گوناە و تاوانەکان، تەمبێکردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی، تەمبێکردن لەسەر سەرپێچییەکان، ئەمانەش هەموو لە دەرەوەی بازنەی دادوەریی و بەبێ دادگاییکردن و بەبێ

سەلماندنی تۆمەت ئەنجامدەدرێن[1]، لەگەڵ ئاماژەدان بەوە کە سزا تەمبێکارییەکان

---

١- تەمبێکردن سزایەکە بەبێ سزای شەرعی، یان تەمبێکردنە لەسەر هەر گوناە و سەرپێچییەک کە نە سزای شەرعیە و نە کەفارەتی تێدایە، تەمبێکردن لە دەستەڵاتی پێشەوادایە و پەیوەندە بەوەوە، پێشەوا بۆی هەیە بیداتە دەست هەرکەسێکیتر خۆی دەیەوێت یان جێگرەکانی یان هاوسەرەکەی، ئیبن تەیمییە لەدوای ئەوە جۆری ئەو سەرپێچییانە دیاریدەکات کە تەمبێکردن دەخوازن دەڵێ: ...ئەوانە سزادەدرێن بە تەمبێکردن یان بەو شێوەیە کە کاربەدەست بە باشی دەزانێ)، بڕوانە:
- إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص١٤٥.
ئیبن عابیدینیش دەڵێ سزا دیاریکراوەو تەمبێکردنیش دەدرێتە دەست تێڕوانینی پێشەوا، جوەینی لە الغياثي دا دەڵێ: (تەمبێکردنەکان بە ڕای پێشەوا ئەنجامدەدرێن، ئەگەر بیەوێت ئەوا چاودەپۆشێ و وەک ڕێزێکی خۆی لێخۆشبوونی دەبێ، کەسیش ڕەخنەی لێناگرێ لەوەی کە دەیکات، ئەگەریش وای پێباشبوو تەمبێکردنە ئەنجامبدات ئەوا ڕایەکەی وەردەگیرێ، لە لێبوردنیشدا فراوانیەک هەیە)، بڕوانە:
- الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم (الغياثي)، ص١٦٢.
دکتۆر ئەحمەد فەتحی بەهنەسی لە کتێبەکەیدا بەناوی (التعزير في الإسلام) دەڵێ: (لەمەی پێشەوە تێدەگەین کە فیقهناسان لە ترسی ئەوەی کە دادوەران بازبدەن بەسەر ئەرکەکانیانداو فراوانتر بچنە پێش بۆ سزای تەمبێکردن بە پشتبەستنیان بە تیۆری سیاسیی سزاکان ئەوا بە مەرجیانگرتووە کە تەنها پێشەوا یان ئەو کەسەی پێشەوا ڕایدەسپێرێ ئەو سزایە ئەنجامدەدات). بڕوانە:
- بهنسي، أحمد فتحى. التعزير في الإسلام، القاهرة، ص٢٤.
کەواتە تەمبێکردن مافی پێشەوایەو نابێت لێی بشێوێنرێ هەروەک زۆربەی فیقهناسان دەیڵێن، پرسیارەکە گرنگەکە لێرەدا ئەمەیە: ئایا کێ دەستەڵاتی سەلماندنی تۆمەت یان تاوانی هەیەو دەگاتە ئەو ئاستە کە بڕیاربدرێ بە سزای تەمبێکردنی موسڵمان، ئایا دادوەرە یان پێشەوایە یان هەرکەسێکیتر کە نوێنەری پێشەوا بێت؟ بەرلە وەڵامدانەوە دەبێت ئەم ڕوونکردنەوەیە بدرێ:
- لەڕاستیدا ئەو تاوانەی کە تەمبێکردن دێنێ تاوانێک نیە هەموو مەرجەکانی هاتبنەدی، لەوانەیە کەسێک دزییەک بکات بەڵام لە خوار پلەی دزەوەویەو ڕێگریش نیە لەبەردەمیدا، ئەم تاوانە دزی نیەو سزای شەرعی بەدوای خۆیدا ناهێنێ، لەوانەشە سەرپێچییەک بکرێ هەر لە بنەڕەتەوە سزای لەسەر نەبێ، یان کەسێک کارێک بکات یان گوتەیەک بڵێ کە زیانی بەرژەوەندی گشتی تێدابێت، وەک بانگەواز بۆ بیدعەیەک بکات یان نرخ بەرزبکاتەوە یان قۆرخکاری بکات و هاوشێوەشیان.
- ئەو کردەوەیە کە تەمبێکردن دێنێ دەکرێ بسەلمێنرێ لەسەر کەسی تۆمەتبار پێی بەڵام لە سزای شەرعیدا نەسەلمێنرێ، چونکە شایەتی نادادپەروەر و یەک ئافرەت وەردەگیرێ تیایدا، دەکرێ بۆ ئاشکراکردن یان خۆبەریکردن لێی ئەو کەسە بەند بکرێ، لەوانەشە بەهۆی بەهێزی تۆمەتەکەوە لێدانی بکرێ تا دانی پێدا بنێ، ماوەردیش لە کتێبی (الأحكام السلطانية)دا ناویناون بە (سیاسەتی ئاینی) واتە شەرعی، هەمووشیان دەگەڕێنەوە بۆ پێشەوا یان بۆ نوێنەرەکەی لە کاربەدەستان، دادوەریی هیچ کارێکی نیە لەوەدا، ماوەردیش لە کتێبی ناوبراویدا ئەم جیاوازیانەی لە نێوان کاری (سیاسەتی ئاینی) و کاری دادوەریدا کورتکردووەتەوە، پاشان وتوویەتی: (ئەمانە نۆ جۆرن لەو تاوانانە کە جیاوازیان لەسەرە لە نێوان تێڕوانینی کاربەدەستان و دادوەریدا لە حاڵەتی خۆبەریکردن و بەرلە سەلماندنی سزا، ئەمەش بەهۆی پسپۆڕی کاربەدەست لە سیاسەتداو پسپۆڕی دادوەران لە حوکمەکاندا). بڕوانە:
- الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٢٨٧.
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێبازی (سیاسەتی ئاینی) لە سەلماندنی تۆمەتەکاندا جیایە لە ڕێبازی دادوەریی،

چونکە قازی سەیری بەڵگەکان دەکات و شایەتە دادوەرەکان دەدوێنێ بێئەوەی ناچاریان بکات کە ئەمەش کرۆکی کاری دادوەرییە، بەڵام بوارەکە لەبەردەم پێشەوا یان نوێنەرەکەی لە کاربەدەستان (دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن) بۆ سەلماندنی تۆمەتەکە کە تەمبێکردن دێنێ کراوەیە، ئەوەش بە هۆکار و مەرجی جۆراو جۆر، لەبەرئەوە شتێکی لۆژیکییە کە فیقهناسان ڕێگایان بە لێخۆشبون و تکابۆکردن لە تەمبێکردندا داوە، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات بوونی نامێنێ بە پێچەوانەی سزای شەرعییەوە،

لەدوای خستنەڕووی لایەنەکانی جیاوازی لە سەلماندنی تۆمەت لە نێوان (سیاسەتی ئاینی) و نێوان دادەوەریدا، ماوەردی دەڵێ: (بەڵام دوای سەلماندنی تۆمەتەکانیان ئەوا بۆ جێبەکردنی سزاکان لەسەریان حاڵی کاربەدەستان و دادوەرەکان یەکسانە). بڕوانە:

-الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، ص٢٨٨.

بەڵام ماوەردی لە کاتێکدا کە ئەمە دەڵێ گرنگی نادات بە کاریگەری شێوازی سەلماندنی تۆمەتە لەسەر حوکمەکە، واتە ئایا تۆمەتەکە بە ڕێگای دادوەریی یان بە ڕێگای (سیاسەتی ئاینی) سەلمێنراوە، هەر ئەمەش گرنگە، هەوەها ڕوونی نەکردووەتەوە ئایا دوای ئەوە کە پێشەوا یان کاربەدەستەکە تۆمەتەکە دەسەلمێنێ ئایا دەبێت تۆمەتبارەکە بداتە دادگا تا بڕیاری حوکمدانی بۆ دەربکات؟ لە قسەکەی ماوەردی دا ئەوە دەردەکەوێ کە شێوازی سەلماندنی تۆمەت کاریگەری نیە لەسەر حوکم و سزاکە، واتە سزادانەکەو هەڵسەنگاندنی پەیوەندی بە حوکمی قازییەوە نیە، لە دەستەواژە پێشوەکەیدا دەرناکەوێ کە جیاوازی خستبێ لە نێوان سزاو تەمبێکردندا، چونکە باس لە (بەجێگەیاندنی سزاکان) دەکات، مەعلومیشە ئەو تاوانەی کە سنورێکی دیاریکراوی لە شەرعدا نیە پێی ناوترێ سزا تەنانەت با قازیش بە بەڵگە یان بە دانپێدانان بیسەلمێنێ، ئیتر چ جای بە غەیری ڕێگای دادوەریی سەلمێنرابێت.

بەرمەبنای ئەمە بۆمان ڕووندەبێتەوە سەلماندنی کردەوەیەک کە تەمبێکردن بەدوای خۆیدا بێنێ مەسەلەیەکە لەوانەیە لە دەرەوەی دادوەری ڕوودبات نە تەنها بە وەسفی بونیادی دامەزراوەیی، بەڵکو بەو وەسفە کە شێوازێکی توندوتۆڵکارە لە بونیاتنانی بەڵگەکان و بەراوردکردنیان و گوێگرتن بۆ شایەتە دادپەروەرەکان پاشان دەست بە حوکمەکان بکرێ، ئەم ڕێبازە بۆ سەلماندنی تۆمەت بە هیچ جۆر هاوسەنگ نیە لەگەڵ ڕادەی سزا تەمبێکاریەکان کە کاری هەڵسەنگاندنیان لای پێشەوایە، ئەمانەش کۆمەڵە سزایەکی مەعنەوی و ماددین لە هەڕەشەی لەفزییەوە دەستپێدەکەن تا دەگاتە کوشتن، لە نێوان لێدان و دوورخستنەوەو چوارمێخەکێشان بە زیندوویی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، هەروەها داماڵینی پۆشاک جگە لە شەرمگا، هەروەها بەجەرەس لێدان، یان دانەواندنی سەری و بە هەڵگەڕاوەیی سواری ولاغێک بکرێ، سەری بتاشرێ، ڕووی ڕەش بکرێ هۆکاری تریش، ئیتر جگە لە سزای دارایی کە فیقهناسان ڕاجیاوازن لەبارەیەوە، هەندێکیشیان وەک ئیبن قەییم یەکلایکردووەتەوە.

بەڵام لەبارەی کوشتنی تەمبێکردنەوە ئیبن تەیمییە باسیکردووە کە تاقمێک لە قوتابیانی شافیعی و هەروەها زۆرێک لە مالیکییەکان ڕێگایانداوە بە کوشتنی کەسێ بانگەواز بکات بۆ ئەو بیدعانە کە دژن لەگەڵ قورئان و سوننەتدا، ئیبن عابدین دەڵێ پێشەوا بۆی هەیە بە حوکمی سیاسەت دز بکوژێ چونکە هەوڵی بلاوکردنەوەی خراپە دەدات لە زەویدا ئەگەر هاتوو دزیکردنی دووبارە کردەوە، ئیبن تەیمییەو ئیبن قەییمی قوتابی ئەو فەرموودەیەی کە دەفەرموێ: ((سزا نیە لە سەرەوەی دە لێدان بێت مەگەر لە شکاندنی سنورێک لە سنورەکانی خوادا بێت)) داویانە بەسەر تەمبێکردنێ کە لە غەیری کاربەدەستانەوە دەربچێت لە غەیری سەرپێچیدا وەک تەمبێکردنی باوک بۆ کوڕەکەی، ئیبن قەییم دەڵێ: (دروستە تەمبێکردن بە کوشتن بێت ئەگەر بێتو خراپەکە بەوە نەبێت لانەچێت، وەک کوشتنی کەسێک کە دووبەرەکی دەخاتەناو کۆمەڵی موسڵمانانەوە و خەڵکی بانگدەکات بۆلای غەیری قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەی)، هەروەها ڕێگایانداوە

لەوانەیە بگەنە سنوری لە سێدارەدان یان دوورخستنەوە، دەوترێ ئەمجۆرە هەڵسوکەوتانەی (کاربەدەست) لە بازنەی ڕێگاپێدراودان، چونکە بۆی هەیە لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت کە بریتین لە بەرجەستەکردنی هاوچەرخ بۆ چەمکی کاربەدەست هەڵسوکەوت بکات، لێرەوە بە مەبەستی دڵنەوایی هۆزێک یان تیرەیەک یان لایەنێکی سیاسیی یان دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی بۆی هەیە بەبێ چاودێری یان لێپێچینەوەی دارایی سامانی دەوڵەت خەرجبکات، ئەمەش بە پشتبەستن بەو مافەی کە هەیەتی لە دڵنەواییکردنی ئاینی یان سیاسیی کە فیقهی سیاسەتی شەرعی دانی پێدادەنێ[1]، دەستەڵاتی تەمبێکردنیش بۆ دەستەبەرکردنی

---

تەمبێی سیخوڕی موسڵمانان بکرێ بە کوشتنی، هەروەها ئارەقخۆر لە چوارەم خواردنەوەیدا، جوەینی دەڵێ: (کاربەدەست بۆی هەیە بە کوشتن تەمبێکردن بکات،، لە پێشەوا مالیکەوە هاتووە کە وتوویەتی: (پێشەوا بۆی هەیە سێیەکی گەل بکوژێ لەپێناو چاککردنی دوو بەشەکەی تری). بڕوانە:

-الجويني، غياث الأمم في التياث الظلم (الغياثي)، ص١٦٤.

پێدەچێ هەندێ لە فیقهناسان هەستیان بە مەترسی دانانی ئەم ڕێزکردنە سزاییە کردبێ کە بەبێ سنور لە دەستی (کاربەدەست)دان، بەتایبەتی کوشتن، هۆشداریانداوە لە خراپ بەکارهێنانی، بەڵام ئەمە بێئەوەی جێکەوتەی هەبێت لەسەر دەستەڵاتی تەمبێکردن لەلایەن کاربەدەستەوە، چونکە هەروەک خۆی مایەوە، ئیبن قەییم دەڵێ: (حەڵاڵکردنی کوشتن بەناوی تیرۆرەوە کە کاربەدەستە ملهوڕەکان ناویدەبەن بە سیاسەت و هەیبەت و ناموس و پیرۆزی پادشا ئەوە لەوە ئاشکراترە کە لێرەدا باسبکرێ)، مەترسی خراپ بەکارهێنانی سزا تەمبێکارییەکان زیاتر و زیاتر دەبن کاتێک کە دەخرێنە دەستی سەرۆک یان پادشا یان کاربەدەستێک کە فەرمانڕەوای ویلایەتێکی نادروست کە ڕەچاوی ڕازیبوون و هەڵبژاردن یان دادپەروەریی یان شورا نەکرابێت تیایدا، یان کاتێک باس لە کۆمەڵە مەسەلەیەک دەکات کە سروشتی لێکدانەوەی مانایان تێدایە یان پەیوەندە بە ڕاوبۆچوون و بیرکردنەوەوە، یان پرسەکانی پەیوەند بە ئادابە گشتیەکانەوە کە جێگای ئەوەیە بە ئامۆژگاری و ڕاستکردنەوەو چاککردنی ڕەوشتی چارەسەر بکرێن، هەروەها بە چارەسەرکردنی هۆ ئابووری و سیاسییەکان، لێرەدا باش وایە ئاگاداری بدەین بە زەرورەتی ئەو سزا تەمبێکاریانە و ئەوەی پەیوەندە پێیانەوە لە دەستەڵاتە فراوانەکان، کە بخرێنە ژێر بەیاساکردنی هاوچەرخ کە گونجاو بێت لەگەڵ پەرەسەندنی یاسایی لە سەردەمی نوێدا و چڕنەکرێنەوە لە دەستی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندندا و کۆت و بەندی پێویستیشیان بۆ دابنرێ.

١- ئیبن تەیمییە دەڵێ لەسەر پێشەوا پێویستە کە لە سامانی غەیری دەستکەوت بە شەڕ ببەخشێ (بەو کەسایەتیە گەورانە کە لەناو هۆزەکانیاندا بەگوێکراون) بۆ ئەوەی دڵیان ڕابکێشێ، ئەوەش بە مەبەستی (بەرپاکردنی دین و دنیا کە ئاین پێویستیەتی)، ئیتر ئەو گەورانە موسڵمانبن یان غەیرە موسڵمانبن، لێرەشدا بەخشینی دارایی یان شتە سودگەیەنەرەکان چوونیەکە، ئیبن تەیمییە ئەم بەخشینە بەو شتە دادەنێ کە سیاسەت بەوە نەبێت ناچێتەسەر، دەڵێ: (چاودێریکردن و دڵنەوایی خەڵکی و ئیدارەدانیان بە بەخشین نەبێت دەستەبەر نابێت، هەروەها بە فریاکەوتنیش کە بریتییە لە ئازایەتی، بەڵکو دین و دنیا بەوە نەبێت چاکنابن)، لە شوێنێکی تریشدا دەڵێ: (سیاسەتی ئاینی بەوە نەبێت دەستەبەر نابێت، دین و دنیاش بەو شێوازە نەبێت چاکنابن)، بەم پێیە ئەوا بەخشین بۆ ڕاکێشانی دڵەکان پەیوەندی نیە بە بارودۆخی ئەو لاوازیەوە کە ڕوو لە دەوڵەت دەکات، هەروەک عومەری کوڕی خەتتاب لێی تێگەیشتووە کاتێک بەخشینی لە تازە موسڵمانەکان بڕی دوای ئەوە کە ئیسلام بەهێز بوو، بەڵام دەبێتە شەرع و حاڵی دین و دنیا بەوە

بەرژەوەندی، ئەوا بەکارهێنراوە بۆ سوکایەتیکردن بە نەیاران و کەسانی خاوەن ڕەئی، ئەوەش بەجۆرێ کە دژە لەگەڵ کرۆکی ئەو مافانەدا شەریعەت بڕیاری لەسەرداون.

ئەمانە تەنها چەند نمونەیەکن کە دەکرێ جێکەوتەی دەستەڵاتی کاربەدەست بن لە بازنەی ڕێگاپێدراودا و لەلایەنی سزا تەمبێکاریەکانەوە کە وەلاخستنی دامەزراوە دادوەریەکانی تێدایە، هەروەها دەستدرێژییە بۆ سەر ڕێساکانی دادگەری، بۆ سڕینەوەی کرۆکی شەریعەتە، صادق ئەلمەهدی کاتێ هاتووە باس لە سزا شەرعیەکانی ئیسلام دەکات هۆشداریداوە لەم مەسەلەیە، ئەم تێبینیە گرنگەی لە باسەکەیدا هێناوەو دەڵێ: (بەڵام ئەگەر کاربەدەستی ئەوانە نارەوا بێت، ئەوا ئەمجۆرە سزا زرق و برقانە بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە بەکاردێنن بۆ ناچارکردنی خەڵک و ستەملێکردنیان، هەروەها بۆ سزادانی کەسە چاک و بژاردەکانیان، هەموو ئەمەش پێچەوانەی شەریعەتە)[1].

صادق ئەلمەهدی لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێبینیەی پێشەوەیدا دەڕوات بۆ مشتومڕی ئەزموونی پراکتیزەی شەریعەت لە سودان لە سەردەمی (جەعفەر نومەیری)دا، ئینجا ئاماژە دەدات کە هەندێ لە ئەحکامە ئیسلامیەکان جێبەجێکراون بێئەوەی ببەسترێنەوە بە (بەرپاکردنی سیستمی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی

---

نەبێت دانامەزرێ، لەبەرئەوە (هەرکەس هەڵنەسێت بە ئەنجامدانیان ئەوا -بە بۆچوونی ئەو- خوای گەورە کارەکەی لێدەسێنێتەوەو دەیگوازێتەوە بۆ کەسێکیتر)، ئبن تەیمییە پێیوایە کە بەخشین بۆ ڕاکێشانی دڵەکان -ئیتر بە دارایی بێت یان بەو شتانە بێت سود دەگەیەنن- لە بەخشینە حەرامکراوەکان نین، بەڵام ئاماژە دەدات بۆ ئەگەری بەکارهێنانی ئەو بەخشینە بۆ غەیری ئەو مەبەستانە کە باسیکردوون، دەڵێ: (ئەمجۆرە بەخشینە با لە ڕواڵەتیشدا بەخشین بێت بە سەرۆکەکان و فەرامۆشکردنی لاوازەکان بێت، هەروەک پادشاکان دەیکەن، ئەوا کردەوەکان بە نیەتە)، ئەم دەستەواژەیە دەمانبات بۆ تێبینیکردنی نەبوونی کۆت و بەندی ڕوون لەسەر ئەو بەخشینە کە ئیبن تەیمییە دەیبەستێتەوە بە چاکەکانی سەخاوەت و بەخشین، بەخشندەییەوە، وەک بڵێی ڕێژەکەی و خەرجکردنی لەدەستی ئەهلی حەلل و عەقد دا بێت و لەژێر چاودێری توندی ئەواندا بێت وایە، چونکە ئیبن تەیمییە ئەگەرچی بە توندی جەختدەکات کە ئەو داراییەی لە بەخشیندا بەکاردەهێنرێ نابێت بەشێوەیەکی ناشەرعی دەستخرابێت، هەروەها نابێت ئەو داراییە بۆ هەواو حەزی دەروونی پێشەوا بێت بێت لە خزمایەتی و یان خۆشویستن و سۆز بێت، هەروەها نابێت لە مەبەستی حەرامدا بەکاربهێنرێ وەک بەخشینی بە لەشفرۆشان و گۆرانیبێژ و جادووگەران و فاڵچی و کولێنانی و ئەستێرەگەراکان، کەواتە دیاریکردنی بڕی بەخشین و ڕووەکانی خەرجکردنی لە غەیری ئەو مەبەستە خراپانەدا هەروەها ئایا سودگەیەنەرە بە دین و دەوڵەت یان نا ئەوا جێهێڵراوە بۆ نیەتی پێشەواو ویژدانی ئەو، بڕوانە: إبن تيمية، السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ص٧٣-٨٢.

١- المهدي، الصادق. العقوبات الشرعية وموقعها من النظام الأجتماعي الإسلامي، القاهرة، ص٣٨.

ئیسلامەوە، کە بەرپابوونی وابەستەیە بە گۆڕانێکی ڕیشەیی لە سیستمی حوکم و ئابووری و ژیانی هەنووکەیی کۆمەڵایەتیەوە)، بەڵام دکتۆر ئەحمەد شەوقی فەنجەری لە ڕێگای خوێندنەوەی بۆ ئەزموونەکانی پراکتیزەی شەریعەت لە هەریەک لە سعودیەو سودان و پاکستان و ئێران پێیوایە کە پراکتیزەکردنی کورتکراوەتەوە لە بەجێگەیاندنی سزا شەرعیەکان بەسەر هەژارانی گەل بێ دەوڵەمەندەکانی، بێئەوەی شورا بگرێتەوە کە بەبێ ئەو حوکم نابێتە ئیسلامی)[1].

لە حاڵەتی سوداندا کە صادق ئەلمەهدی ئاماژی پێداوە، ئەوا ئامانجی جێبەجێکردنی شەریعەت شەرعیەتدان بووە بە دەستەڵاتی فەرمانڕەوا، لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەوان لە کاتێکدا کە پەلەدەکەن بۆ ڕاگەیاندنی پراکتیزەی شەریعەت، نەهاتووە بە بیریاندا کە یەکەمین ئەرکی پراکتیزەکردنی شەریعەت بریتییە لە بەرپاکردنی فەرمانڕەوایی لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست، بەڵام ئەوانە مەبەستیان ئەوە نەبووە شەریعەت جێبەجێ بکەن، -لە باشترین گریمانەدا- مەبەستیان تەنها جێبەجێکردنی شەریعەت بووە لە بەشی تاوانەکاندا، لەوانەشە لە مامەڵەکانیشدا، ئیتر بنەماکانی حوکمڕانیان وەک خۆی هێشتووەتەوە، بۆ تاکڕەویی کردن تیایاندا هاتوون داوای پشتگیریان لە پیرۆزی ئیسلام خواستووە، دکتۆر فەنجەری پێیوایە لەو حاڵەتانەدا -لەنێویشیاندا حاڵەتی سودان- شکستخواردنی جێبەجێکردنی شەریعەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەم گوتەیە کە دەڵێ: (پاراستنی جێنشین لە لابردنی لەبارێکدا بێباوەڕ نەبێت بە خوا)، فەنجەری نائومێدی خۆی لە بەردەوامی پێکهاتەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی چاولێگەریی لە بونیادی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا ڕووندەکاتەوەو دەڵێ: (زۆرێک لەو کتێبانەم خوێندەوە کە کۆمەڵە ئیسلامی و پارتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان بۆیان نوسیوین و لە هەموولایەکی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە، ئینجا ڕەشنوسی ئەو دەستورانەم خوێندەوە کە مەودودی لە هیندوستان و خومەینی لە ئێران و نەبەهانی لە ئوردون و قوتب لە میسر و هیتریش نوسیویانە، هەمیشە سەرم سوڕدەما لەو هەموو پیرۆزیی و بێگوناهیەی کە هەندێک لەو کۆمەڵانە داویانە بە کەسی جێنشینی پێشنیازکراو، بەوەی کە بەدرێژایی ژیان فەرمانڕەوایەو ماوەی دیاریکراوی نیە، ئەگەر کەمتەرخەمی کرد یان هەڵە یان ستەمی کرد نابێت لاببرێ، تاکە بیانوو بۆ لەکارلابردنی بریتییە لە دەرکەوتنی کوفرێکی ئاشکرا لێی، واتە خۆی بە زمانی خۆی ئیقرار بە

---

١- الفنجري، أحمد شوقي. كيف تحكم بالإسلام في دولة عصرية، القاهرة، ص٣٥.

کافربوونی خۆی بکات، کە ئەمەش مەسەلەیەکە لەم سەردەمەماندا تەواو مەحاڵە)[1].

تێبینەکانی هەریەک لە صادق ئەلمەهدی و دکتۆر فەنجەری دەربارەی جێبەجێکردنی شەریعەت ئەوە دەگەیەنن کە تەمومژی بیرۆکەی (کاربەدەست) لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا بەو سیفەتە کە بزوێنەری شاراوەی تاکڕەوییە بەناوی ئاینەوە، هۆکاری سەرەکی شکستخواردنی هەوڵەکانی جێبەجێکردنی شەریعەتە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، بە بۆچوونی ئێمەش چەمکی کاربەدەست بە پێناسە کلاسیکییەکەی لەناو پێکهاتەی فیقهی سیاسەتی شەرعیدا، هەروەها دەرکەوتنی بە فرە ڕوخساری لەناو بونیادی سیستمە دەستوورییە نوێیەکاندا، هەروەها دەرکەوتنەکانی لە گوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا دادەنرێ بە گرنگترین ڕەگەزەکانی قەیرانی دەوڵەتی ئیسلامی نوێ، کە نمونە پراکتیکییەکانی دووچاری کەموکووڕی هزری و بونیادی بوونەتەوە، بەجۆرێ کە لە واقیعی ئیسلامی هاوچەرخدا نزیکیدەکاتەوە لە حاڵەتی تاکڕەویی دەوڵەتی نیشتمانی.

## ٢- تەمومژی پەیوەندیی بە ڕشتەبەندی بەها ئیسلامیەکانەوە

### أ- هۆشیاریی بە فیتنەگێڕیی:

لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باری چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیمان لەناو ڕشتەبەندی چەمکە ئیسلامییەکان بە سەرەکی -بنەڕەتی- و بە لاوەکییانەوە ڕوونکردەوە، ئاماژەماندا بە دیاردەی جێگرەوەی چەمکیی و ئەو وەلاخستنە بەهاییەی لێییەوە دێتەڕوو و جێکەوتەکانی لەسەر لەقبوونی ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکان بە گشتی، هاوکات سیفەتی دژبەیەکیش دەکاتە هێمایەک بۆ پەیوەندی لە نێوان چەمکەکانی ناو خودی ڕشتەبەندییەکە، هزری ئیسلامی هاوچەرخیش پڕە لە دیمەنە فرەجۆرەکانی ئەو پەیوەندیی بەتاڵانبردنە لە نێوان چەمکەکانیدا، لەوانەش پەیوەندی لە نێوان هەردوو چەمکی گوێڕایەڵیی و فیتنەگێڕیی دا، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بدرێ بە ڕۆڵی ئەو هۆشیاریی فیتنەیە کە لە گەمارۆدانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و هێشتنەوەی لەناو بازنەی بۆماوەی فیقهیدا پێی هەڵدەستێ، ئەوەتا ڕەفاعە تەهتاوی کە ڕووداوەکانی شۆڕشی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا بەناوی الإبریز دەگێڕێتەوە و ئەو شۆڕشە زۆر چووتە دڵی، سڵینەکردووەتەوە لە وەسفکردنی ئەو شۆڕشە بە فیتنەگێڕیی، چونکە لەژێر فشاری هۆشیاری بە فیتنە ڕۆیشتووە بۆ

---

١- المهدي، العقوبات الشرعية وموقعها من النظام الإجتماعي الإسلامي، ص١٨٨.

دوورتر لەوە، بۆیە لە ترسی ڕوودانی فیتنە هاتووە لەجیاتی گرتنەبەری شێوازی هەڵبژاردن دانیناوە بە جێگری کاربەدەستی پشتاوپشتدا واتە وەلی عەهد[١].

کەواکیبی لە کاتێکدا کە لەبیرکردنەوەدا بوو لە هۆکارەکانی ڕزگاربوون لە تاکڕەویی هەر هۆشیاری بە فیتنەگێڕیی لەلای بە توندی ئامادەیی هەبوو، پێیوابووە نابێت گەل بە توندوتیژی ڕووبەڕووی تاکڕەویی ببێتەوە نەبادا فیتنەی لێبکەوێتەوە[٢]، بەڵام کەواکیبی توانیویەتی -تا ئاستێکی زۆر- هۆشیاریی بە فیتنە ڕێکبخاتەوە، ئەوەش لە ڕێگای سەرنجڕاکێشان کە تاکڕەویی خۆی یەکەمین سەرچاوەی فیتنەیە، دەڵێ تاکڕەویش (گەیشتووەتە پلەیەکی زۆر سەخت کە بە سروشتی دەبێتە هۆی تەقینەوەی فیتنە) [٣].

کەواکیبی هەوڵیداوە چەمکی فیتنە ببات بە ئاراستەیەکی تردا غەیری ئەوە کە لە فیقهی ئیسلامیدا جێگیربوو، کە گەل و فیتنە پێکەوە دەبەستێ، بەڵام لەم ڕێنماییەیدا جارێکیتر وشەی (عەوام-جەماوەر) کە باسکردنی لای ئەو بەسترابوو بە ڕووداوەکانی فیتنەوە دووبارە دەکاتەوە.

ئەم پێناسەو وەسفە توێژییە جیاکاری دەکات لە نێوان دوو جۆر ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا: ڕەفتاری خەڵکە عەوامەکە کە ڕەفتاری فیتنەگێڕییە، ڕەفتاری ژیرمەندەکانیش. چونکە خەڵکە عەوامەکە -بە گوتەی کەواکیبی- هەڵگیرسێنەر و پردوو فیتنەن، بەڵام ژیرمەندان پێویستە خۆیانی لێ بەدووربگرن، تا ئەوکات کە ئاگرەکەی دامرکا و ئەرکی خۆی لە دروێنەی دووڕووەکان ئەنجامدا، ئەوکات ژیرمەندان حیکمەت بەکاردێنن بۆ ئاراستەکردنی ئەندێشەکان بەرەو دامەزراندنی دادپەروەریی، باشترین دامەزراندنیش بەوانە دەکرێ کە پێشتر تاکڕەو نەبوون و پەیوەندییان بە فیتنەوە نەبووە)[٤].

کەواکیبی ئەو هۆکارانە دیاریدەکات کە لەپشتەوەی جۆش و خرۆش و

---

١- بگەڕێرەوە بۆ ئەم گوتەیەی کە دەڵێ: (پلەوپایەی پادشایەتی لە سەرەتاوە لە زۆربەی وڵاتاندا بە هەڵبژاردن بە ڕای هەرە زۆرینەی خەڵکی و بە کۆدەنگی گەل بووە، بەڵام جێکەوتەکانی بنەمای هەڵبژاردن کە پڕە لە خراپەو فیتنەگێڕیی و شەڕو ئاژاوە و ناکۆکییەکان ئەوەی خواست ڕێسایەکەیەک هەبێت چونکە لابردنی خراپیەکان لەپێشترن لە هێنانی بەرژەوەندییەکان، ئەویش بژاردەی کاربەدەستی پشتاوپشت بوو لە کوڕاندا و لە وەلی عەهد دا بەپێی ڕێوڕەسمی هەر شانشینیەک). بڕوانە:
- الطهطاوي، مناهج الألباب المصرية في مباهج الآداب العصرية، ص٣٥٤.

٢- الكواكبي، طبائع الأستبداد، ص٩٨.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٩٩.

٤- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

هەڵچوون و تووڕەیی جەماوەرن کە دەبێتە هۆی فیتنە، بەڵام دەبێ بشزانرێ کە تاکڕەویی لە پشتی هەموو هۆکارەکانەوەیە، دەڵێ: (جەماوەر زۆربەیجار هەڵناچێت لەدژی تاکڕەو، مەگەر ڕاستەوخۆ لەدوای بارودۆخێکی تایبەت و ئان و ساتدا، کە ئەم حاڵەتانە دەگرێتەوە، یەکەم: لەدوای ڕووداوێکی خوێناوی پڕ ئێش و ئازار کە ستەمکار دەیهێنێت بەسەر ستەملێکراودا و ئەویش دەیەوێت تۆڵەی کەرامەت و ناموسی خۆیی لێبکاتەوە. دووەم: لەدوای شەڕێک کە ستەمکار ژێردەکەوێ و ناتوانێت عەیبەی ژێرکەوتنەکە بداتە پاڵ ناپاکی هەندێ لە سەرکردەکان. سێیەم: لەدوای خۆدەرخستنی تاکڕەو بە سوکایەتیکردن بە ئاین کە ئەمەش تووڕەیی جەماوەر دەوروژێنێ. چوارەم: لەدوای گرانییەکی زۆر سەخت بۆ دەستخستنی پارە تەنانەت لای خەڵکە مامناوەندەکەش. پێنجەم: لە حاڵەتی برسێتییەکی سەختدا کە خەڵکی دڵدانەوەی پێویست لەلایەن ستەمکارەوە بەدیناکەن، شەشەم: لەدوای تووڕەکردنێکی زۆر خێرا وەک زامدارکردنی ناموسی خەڵکی یان پیرۆزی جەنازەکان لە خۆرهەڵات و ڕێزی یاسا یان ناموسی بۆماوە لە خۆرئاوا، حەوتەم: لەدوای ڕوودانی تەنگپێهەڵچنین یان پیاهەڵشاخان کە ببێتە هۆی خۆپیشاندانی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و داوای یارمەتی دەکەن، هەشتەم: لەدوای نواندنی خۆشدوانی و لایەنگری لەلایەن تاکڕەوەوە بۆ کەسێک کە گەل بە دوژمنی شەرەف و کەرامەتی خۆیی دەزانێ. هەروەها شتانی تری هاوشێوەی ئەمانە)[1].

ئەوەندەی کە پەیوەندە بە فیتنەوە ئەوا بە ئاسانی دەماری توێژگەرایی لە هزری کەواکیبی دا بەدیدەکرێ، کە لە پشتەوەی بە کەمزانینی مەترسی ئەو هۆکارانەیە داناوە بە جوڵێنەری هەڵچوونی جەماوەر، لەبارێکدا ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە ئەو وەسفە لە کتێبەکانی کەلەپوردا هاوتا بە نەزانی هاتوون، ئەوا هەندێک لەو هۆکارانەی باسیکردوون پێویستیان بە ئاستێک هۆشیاری هەیە کە بازنەی جەماوەر تێدەپەڕێنن، هەروەها بەکارهێنانی کەواکیبی بۆ لەفزی (هەڵچوون) بە پاڵنەری حەزە سروشتییە جۆراو جۆرەکانیەوە بەدیدەکرێ، هەندێکیتریشیان بە هۆکار دادەنرێن بۆ وروژاندنی تووڕەیی جەماوەر و کەسە تایبەتەکانیش چوونیەک، کە سیفەتی پەرچەکرداری دەستبەجێ لەدەستدەدەن کە کەواکیبی لە سەرەتای دەقەکەدا ئاماژەی پێداوە هەروەک لە سوکایەتیکردن بە ئاین یان خۆشویستن و لایەنگیریی دوژمناندا دەبینرێ.

---

١- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کەواکیبی ویستوویەتی پێیبگات بریتییە لە لابردنی هۆشیاری فیتنە لە ڕێگای دانپێدانانی، بەڵام لە بازنەیەکی سنورداردا ئەویش بازنەی جەماوەرە، ئەو کارەشی لە ڕێگای جیاوازی خستن لە نێوان (هەڵچوونی جەماوەر) و نێوان (کاری شۆڕشگێڕی ڕێکوپێک)دا یان نیوان (فیتنە) و نێوان (شۆڕش)دا بۆ چووەتەسەر، هەروەک لە بەشی دواتردا قسەی لێدەکرێ، ئەم مەسەلەیەش ڕێگایداوە بیربکاتەوە لە بژاردەی ڕزگاربوون لە تاکڕەویی بێئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری مەترسی فیتنەوە.

لەبەرئەوە جیاوازی لە نێوان کەواکیبی و نێوان فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە مۆرکە کلاسیکییەکەی، بریتییە لەوە کە کەواکیبی لە کاتی بیرکردنەوە لە مەسەلەی ڕزگاربوون لە ستەمکاریی چەمکی فیتنەی لەبەرچاوگرتووە، واتە لە بازنەی گەڵاڵەبوونی بژاردەی شۆڕش و باسکردنی ئەو ئاسەوارانە کە لەوانەیە لێیەوە دەربکەون، کەواتە مەسەلەکە لای ئەو باسی ڕەوایەتی شۆڕش نیە بەڵکو (دابەزاندنیەتی) لەسەر واقیعی کۆمەڵگا. بەڵام لە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکیدا ئەوا هۆشیاری فیتنە هەر لە یەکەم ساتەوە لەبەرچاودایە، دەکەوێتە پێش هەر بیرکردنەوەیەکی سیاسییەوە، چووەتەناو هەموو قۆناغەکانی کاری فیقهەوە. بەم پێیە ئەوا بیرکردنەوەی سیاسیی کەواکیبی لە پرسی ستەمکارییەوە دەستپێدەکات و بە پشتبەستن بە شۆڕش وەک ڕێبازێک بۆ نەهێشتنی ستەمکاریی کۆتایی دێ، بەڵام بیرکردنەوەی فیقهیی کلاسیکی لە هێنانی فیتنەوە دەستپێدەکات کە لەوانەیە زیادەڕۆیشی تێدا بکات و بە ئارامگرتن کۆتایی دێ، بەو سیفەتە کە تاکە ستراتیژە بۆ پاراستنی سەقامگیری و دوورکەوتنەوە لە فیتنەگێڕیی. لەلایەکیتریشەوە کەواکیبی فیتنەو ستەمکاریی لەیەک بازنەدا داناوە بێئەوەی پەنابباتە بەر بەراوردکردن لەنێوانیاندا، بەمەش خۆی بەدوورگرتووە بگاتە ئەو ئەنجامە کە ناچاریبکات جێگرەوەکانی گۆڕانکاری سیاسیی بخنکێنێ یان لەژێر کاریگەری ترس لە فیتنە پاشەوپاش بگەڕێتەوە بەرەو سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی گوێڕایەڵیی ستەمکار یان ملهوڕ یان تاوانبار.

لەڕاستیدا کردنەوەی بوار بۆ دێژکردنەوەی هۆشیاری بە فیتنە دەستدەگرێ بەسەر هەرجۆرە ئەگەرێکی مشتومڕی ئازادانەی پرسە سیاسیەکاندا، هزریش دەخاتەناو بازنەیەکی خولاوەو دەیبات بەرەو سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بۆماوەی سیاسیی بەو سیفەتە کە ڕاستییەکەو لە ڕووی مێژووییەوە سەلمێنراوە، لەمبارەیەوە دەتوانرێ ئاماژەبدرێ بە لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە (فیقهی فیتنەکان)، کە

لە گۆشەنیگای (دوورکەوتنەوە لە فیتنە)وە ڕۆیشتووە بۆ خوێندنەوەی ئەوەی لە ڕووی فیقهیەوە جیاوازی لەسەرەو تایبەتە بە مەسەلەی گوێڕایەڵیی و ڕاپەڕین، تا دواجار بگاتە گوتەی ئەوانە کە دەڵێن نابێت نارەزایەتی دەرهەق بە کاربەدەستان بکرێ نەبادا بکەونە ناو قەدەغەکراوەوە، هەروەها ئەوانەش کە ڕێگایان پێداوە بە مەرجێ نەکەونە ناو فیتنەوە)[1]، بەمجۆرە ئەوا فیقهی ئیسلامی بە هەموو مەزهەب و لق و موجتەهیدەکانیەوە -بەپێی لێکۆڵینەوەکە- وادەبینرێ کەوتبێتەبەر لۆژیکی فیتنە، بەو سیفەتە کە یاسایەکەو بزاوتی ئەقڵی ئیسلامی کۆنترۆڵ دەکات و هەموو ڕەوتەکانی تیایدا دەگەنەوە بەیەک.

هەروەک ئاماژەمان پێدا، کارێکی زەحمەتە لەژێر کاریگەری ترس لە فیتنە قسە لەسەر گرفتی گوێڕایەڵیی بکری، چونکە ئەوە دەیسەپێنێ بەسەر ئەقڵی ئیسلامیدا کە بڕوات بەرەو یەکێک لەم دوو بژاردەیە: یان بەگوێکردن بەپێی بڕیارە فیقهییە کلاسیکیەکان، یان هەڵخزان و کەوتنەناو فیتنەوە، ئەنجامەکەش بریتییە لەوە کە بەرپرسێتی پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پاسەوانی ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکان بخرێتە ئەستۆی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، بەجۆرێ کە بەردەوامبوونی گوێڕایەڵیی و ئارامگرتن ببێتە تاکە ڕێگای چاککردنی کەموکوڕی دادپەروەریی و شوراو بەرپرسێتی. بەمجۆرەش ئەوا دوورکەوتنەوە لە ئەگەرەکانی ڕوودانی فیتنە لە ڕێگای چالاککردنی چەمکەکانی شورا و دادگەریی و لێپرسینەوە دەستبەر نابێت، بەڵکو لە ڕێگای کوژاندنەوەی ناوەڕۆکی قورئانی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی دەبێ، ئەویش بە زەقکردنەوەی شێوە مێژوویەکەی هەروەک کتێبەکانی کەلەپوری فیقهی و فەرموودەیی وتوویانە.

ئەم ستەمکارییە پەیوەستە بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوەو قوربانیدانە پێی لەبەردەم چەمکی فیتنەگێڕیدا، ئەو لێکۆڵینەوەیە ئاماژەی پێدرا لەپاش گەشتێکی تولانی لەگەڵ کەلەپوری فیقهیدا، دەگاتە ئەوە کە ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان فەرمانڕەواو گەلدا بەپێی ئەو پرەنسیپانە کە شەریعەت جێگیریکردوون وەک شورا و گوێڕایەڵیی و هیتریش بریتییە لەوە کە (پێویستە گرنگی بدرێ بە هزر و دامەزراوەو یاساکان و گەشەیان پێبدرێ، چونکە ڕێکنەخستنی ئەو پەیوەندییانە بوونەتە هۆی زۆرێک لەو فیتنانە کە بەسەر موسڵماناندا هاتوون)[2].

---

١- الإدريسي، عبد الواحد إدريس. فقه الفتن، دراسة في ضوء نصوص الوحي والمعطيات التأريخية لسلف الأمة، الرياض، ص٥٠٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٨٧-٣٨٨.

دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمان کە یەکێکە لە هەرە دیارترین بیرمەندە موسڵمانە هاوچەرخەکان لە کتێبیکیدا بەناوی: (العنف وإداره الصراع السیاسی فی الفكر الإسلامی بین المبدأ والخیار...رؤیە إسلامیە)، تیایدا خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ فیقهی فیتنە کردووە، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی میانە مێژوویییەکان و بارودۆخی گۆڕانکارییە ستراتیژییەکانی پێغەمبەرایەتی (درودی خوای لەسەر) لە نێوان قۆناغی بانگەواز لە مەککەو نێوان دەوڵەت لە مەدینە.

ئەبو سولەیمان باس لە هۆی گرنگیدانی بە مەسەلەی فیتنە دەکات و دەڵێ: (هۆی ڕاستەوخۆ ئەوەبوو کە گوێبیستی فەرموودەیەکی دیاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بووم لە فەرموودەکانی فیتنە، ئەوەش لە کاتی وتاری نوێژی ڕۆژی هەینیدا، ئاشنایم بەو فەرموودەیە کاتێ لەو وتارەدا گوێبیستی بووم نوێ نەبوو، بێگومان ئەو فەرموودەیەو چەندین فەرموودەی تری زۆری هاوشێوەی لە بەشی فیتنەکاندا ڕیوایەتکراون، دەقێکی بەناوبانگەو لەناو کتێبە کەلتورییە ئیسلامیەکاندایە، زۆرجار زۆرێک لە ئێمە گوێبیستی دەبین و دەدرێت بەگوێماندا، بەڵام هاتنەوەی ئەو فەرموودەیە بۆ ناو بیرکردنەوەم لەو ئان و ساتەداو لەو وتارەدا، بردمی بۆ بیرکردنەوەیەکی ورد و تێڕمان لێی، فەرموودەکە ئەبو داود لە ئەبو زەڕەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتی دەکات، کاتێ ئەبو زەڕ پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کردووە ئایا لە حاڵەتی ڕوودانی فیتنە و توندوتیژی سیاسی لەناو کۆمەڵگادا چیبکات، ئەویش (درودی خوای لەسەر) فەرمانیپێداوە لە ماڵەکەی خۆی دابنیشێ، با تا سنوری بێبەشبوونی لە بەرگریکردن لە خودی خۆیشی بەشدار نەبێت تیایدا، ((دەڵێ: وتم: ئەی ئەگەر هاتەناو ماڵەکەم؟ فەرمووی: ئەگەر ترسایت لەوە کە برقەی شەوقی شمشێر ئەبڵەقت بکات ئەوا پۆشاکەکەت بدە بەسەر ڕوومەتداو ئەو کەسەش گوناهی تۆ و خۆیشی لە ئەستۆیدایە))[1]، پاشان دەڵێ: (کاتێ بەوردی بیردەدرێتە فەرموودەکە سەرسوڕمان و سەراسیما دروست دەکات، چونکە جیاوازە لەو تێگەیشتنە کە لە زەیندا جێگیرە، چونکە زۆرێک لە ڕووداوە مێژوویەکان پشتگیری دەکەن لە فەرزی بەرەنگاربوونەوەی لادان و گەندەڵیی بە هەموو هۆکارە ماددی و مەعنەویەکان، فەرموودەکە تەنها ڕێگری لە هەموو جۆرەکانی دەستپێشخەری بە دەستدانە کاری توندوتیژی ناکات، بەڵکو ڕێگریش دەکات لە هەموو جۆرەکانی

---

١- أبو سليمان، عبد الحميد أحمد. العنف وإدارة الصراع السياسي في الفكر الإسلامي بين المبدأ والخيار، رؤية إسلامية، القاهرة دار السلام، ص٥.

توندوتیژی تەنانەت با بەناوی مافی بەرگری لە خودیش بێت)[١].

دەقی پێشوو دەریدەخات کە مەسەلەی فیتنە تا چ ئاستێک وێنای بونیادێکی نەستی دەکات لە پێکهاتەی هزری ئیسلامیدا کە بەدەگمەن زۆرێک ئاوڕی لێبدەنەوە، فەرموودەی ناوبراو و هاوشێوەکانی (لەو دەقە بەناوبانگانەن کە لە ئەدەبیاتی کەلتوری ئیسلامیدا زۆرجار بە بەردەم زۆرێکماندا تێدەپەڕن)، بێئەوەی کەس ئاوڕیان لێبداتەوە یان حەزبکات بکەوێتە لێکۆڵینەوەی جیددی و مشتومڕی زانستی تێروتەسەل لەسەریان، ئەبو سولەیمان هەر لەسەرەتاوە بڕیاردەدات لە دەرەوەی بونیادی فیقهی هزری ئیسلامیەوە مشتومڕ لەسەر بابەتەکە بکات، چونکە دەقە زۆرەملێ فیقهیەکان لە باشترین حاڵەتدا تەنها بەرەو ئەو ئەنجامە دەچن دکتۆر ئیدریسی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا پێیگەیشتووە، ئەبو سولەیمان دەڵێ: (ئەوەی هەڵینام بۆ ئەمجۆرە کارە ئەوەیە کە ڕێبازی بیرکردنەوەم هەر لەسەرەتاوە شوێنکەوتن و چاولێکەریی و تەسلیمبوونم بەبێ تێگەیشتن و قەناعەتکردن قوبوڵ نیە، هزریشم بەهەمانشێوە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی گەورە وێنەی پرسە بەردەستەکان حەزی بەوە نیە لەناو وردەکارییەکاندا سەر لەخۆی بشێوێنێ)[٢].

دکتۆر ئەبو سولەیمان هاتووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی جیاکاری دەکات لە نێوان سێ ئاستدا کە ئەمانەن[٣]:

- ئاستی ململانێی سیاسیی لەناو گەل یان کۆمەڵگای سیاسیدا.
- ئاستی ململانێی سیاسیی لە نێوان گەلان و کۆمەڵگا دژ بەیەکەکاندا
- ئەو ئاستەی پەیوەندە بە مەسەلەکانی بەرگریی و بگرەو بەردەوە کە لەبەرئەنجامی ئەرکی هەوڵدان بۆ بانگەواز وەک فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەوە دروستدەبن، هەروەها هاندان بۆ ڕەوشتە بەرزەکان، یان ناڕازیبوون لە ستەمەکان و بانگەوازکردن بۆ بەجێگەیاندنی مافەکان.

پاشان دەڵێ: (ئەوەی دەچێتەناو بەشەکانی ململانێی سیاسەت ئەوا بەکارهێنانی توندوتیژی تیایدا دەبێتە هۆی فیتنەو ململانێ سیاسییە ناوخۆییەکان، ناچێتەناو بەشی پرسی ڕەوشتە بەرزەکان لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، کەواتە ئەمجۆرە ململانێیە وەها چارەسەر دەکرێ کە ململانێکان و فیتنە سیاسییەکانی پێ

١- هەمان سەرچاوە، هەمان شوێن.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٦.

٣- هەمان سەرچاوە، ل١٢.

چارەسەر دەکرێ)[١].

کەوابوو چەمکی فیتنە پەیوەستە بەو ململانێ سیاسییانەوە هەڵپەی دەستگرتن بەسەر دەستەڵاتدا دەیانجولێنێ و ململانێی بێماناو بێهودەیان لێ پەیدا دەبێت، ئەمەش بەو مانایە نیە کە لەپێناو فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە ڕێگابدرێ بە بەکارهێنانی توندوتیژی، بەڵام فیتنەش پاساو نیە بۆ داخستنی بژاردەی نواندنی نارەزایەتی بە دەست لەبەردەم گەلدا -نەک تاک یان کۆمەڵ- ئەگەر هاتوو لە ڕێگای شوراوە ئەو زەرورەتەی بینی)[٢]، چونکە فیتنە دەرهاویشتەیەکی مێژووییە، بەڵام فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەو شورا ئەوا دوو ئەرکی شەرعین و نابێت لەژێر بیانووی ترس لە ڕوودانی فیتنە دەستیان بەسەردا بگیرێ.

**ب- پاشکۆی باوەڕیی چەمکی گوێڕایەڵیی:**

پێویست ناکات وەبیربێنینەوە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی چاولێگەر ڕیشکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئومەوی، ئەو سەردەمە کە باوەڕی زۆرەملێی سیاسیی باڵیکێشابوو بەسەریدا، لێرەوە بە ڕێکەوت نەبووە کە پێشەوا موحەممەد عەبدە دەستبداتە بناغەڕێژی بۆ گوتە نوێخوازەکانی، لەسەرووی هەمووشیانەوە گوتەکانی دەربارەی شورا لەناو بواری باوەڕدا، ئەمەش نە بە مەبەستی وەبیرهێنانەوە کە شورا فەرزێکی ئاینییەو بەس، بەڵکو بە مەبەستی هەڵوەشاندنی باوەڕی زۆرەملێ کە خەریکبوو چەمکی شورا لە ڕشتەبەندی هۆشیاری باوی گەلدا لاببات، ئەم کارەشی هەمان ئەو کارە بوو کە ئەفغانی لە پەیامەکەیدا بەناوی (الرَّد على الدهريين) دا پێی هەستا.

پێشەوا موحەممەد عەبدە بە ڕەخنەگرتن لە چەمکی باوی گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەو سەردەمەی خۆی دەستپێدەکات، لە بازنەی ڕەخنەگرتنی لە ڕۆحی پشتبەستن و پاڵدانەوە لای جەماوەر و مەیلیان بەلای سپاردنی کاروباریان بە فەرمانڕەواکان مشتومڕی لەسەر دەکات، دەڵێ: (موسڵمان بە هەڵە لە چەمکی گوێڕایەڵیی کاربەدەستان و ملکەچبوون بۆ فەرمانەکانیان تێگەیشتووە، هەموو کاروبارەکانی سپارد بە فەرمانڕەوا، ئیتر پشتی تێکرد تا گومانی وابوو کە حکومەت لەتوانایدایە هەستێ بە ئەنجامدانی هەموو کاروبارەکانی لە بەڕێوەبردن و سیاسەت، بێئەوەی ئەو یارمەتیدەری بێت جگە لەو باجەی کە خراوەتە سەری، هەرکەسێکیش خەم و

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

خەفەتی باوکان ببینێ کاتێ کوڕەکانیان بانگهێشت دەکرێن بۆ سەربازی، هەروەها ئەو هەوڵەی کە دەیدەن بۆ ڕزگارکردنیان لێی، ئەوکات حوکمدەدات ئەوەی کە زۆربەی موسڵمانان لە مانای حکومەت تێگەیشتوون بە هیچ جۆر ناچەسپێت بەسەر کارە سەرەتاکانی ئەقڵدا، دەشزانێ کە متمانەیان بە فەرمانڕەوا دەگاتە سنوری بەخواکردن، لەو ڕووەوە کە گومانیان وابوو بێئەوەی کەس هاوکاری بکات دەتوانێ هەموو کاروبارەکان ڕاپەڕێنێ، ئینجا ئەو متمانەیە هەڵگەڕایەوەو پشتیان تێکردو وازیان لێهێنا، واتە وازیان لێهێنا تا خۆی چیدەکات بیکات، لە هیچ ڕووداوێکدا یارمەتی نەدەن، هاوکاری نەکەن لە کارێکی گرنگدا، مەگەر لە شتێکدا نەبێت کە ناچاربکرێن بە ئەنجامدانی، ئایا کێ کارێکی ڕێکوپێک ڕادەپەڕێنێ ئەگەر بە زۆرەملێ ڕاپێچ بکرێ بۆی، لێرەوە موسڵمان پشتیکردە هەموو کاروبارە گشتییەکان، هەستی بەرانبەر بە چاک و خراپییەکان لاواز بوو، مەگەر تەنها لە شتێکدا نەبێت کە ڕاستەوخۆ ڕووی لە خۆی کردبێت)[١].

لەم گوتەیەی موحەممەد عەبدە دا دەردەکەوێ کە دوورکەوتنەوەی جەماوەر لە سیاسەت بە نەرێنی شکایەوە بەسەر خودی دەوڵەتیشدا، چونکە بۆشاییەکی قووڵ قووڵی لە نێوان دەوڵەت و جەماوەردا دروستکرد، نەبوونی هۆشیاریش بە ڕۆڵی سیاسیی، کە وەسفیدەکات بە تێنەگەیشتن لە (مانای حکومەت) هۆیەکەی تێگەیشتنی هەڵەبووە لە مانای گوێڕایەڵیی، بەڵام دەقەکە لە ڕووی میانە نوێخوازی و بارودۆخە مێژووییەکەوە دەبات بەرەو بیرکردنەوە لەو هۆکارانە کە لە پشتەوەی شێواندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوەن، لێرەوە هاتووە دەستدەخاتە سەر باوەڕی زۆرەملێ، لە دەقێکی تریشدا ڕۆڵی فەرمانڕەواکان لە بڵاوبوونەوەیدا وەسفدەکات و دەڵێ: (ئینجا -واتە فەرمانڕەواکان- لایەنگران و هاوکارانی خۆیانیان بە هەموو ناوچەکانی ویلایەتە ئیسلامیەکاندا بڵاوەپێکرد، کەوتنە بڵاوکردنەوەی چیرۆک و سەرگوزەشتەو هەواڵ و ڕووداو و ئەو ڕایانە کە قەناعەت بە جەماوەر دەکەن، گوایا ئەوان ڕایان نیە لە کاروبارە گشتییەکاندا، هەموو ئەوەی کە پەیوەندە بە کاروباری کۆمەڵ و دەوڵەتەوەو دەبێت ڕاو بۆچوونی تێدا بدرێ تایبەتە بە فەرمانڕەواکانەوەو کەسیتر بۆی نیە ئەوە بکات، هەرکەسیش خۆیبدات لە کارێکی لەوجۆرە ئەوا خۆی خستووەتە ناو شتێک کە پەیوەندی بەوەوە نیە، ئەو کارە خراپانەش کە سەرهەڵدەدەن، ئەو بارودۆخانە کە

---

١- عبده، محمد. الإسلام بين العلم والمدنية، مصر، ص١٠٠-١٠١.

تێکدەچن، بە کردەی فەرمانڕەواکان نین، بەڵکو جێبەجێبوونی ئەو هەواڵانەیە کە لەبارەی ئاخرزەمانەوە هاتوون، هیچ چاریەکیش نیە بۆ چاککردنیان نە ئێستەو نە لە ئایندەدا، کەواتە دروست وایە هەموو ئەوانە بسپێردێن بە خوای گەورە، موسڵمانیش جگە لەوە کە خەریکی خودی خۆی بێت شتێکیتری لەسەر نیە، لە ڕواڵەتی لەفزی هەندێ فەرموودەشدا ئەوەیان دۆزیەوە کە ببنە یارمەتیدەریان لەم کارەیاندا، لەناو فەمووده هەڵبەستراو و لاوازەکانیشدا پشتگیریان بۆئەو گومان و خەیاڵە پڕوپوچانەیان دۆزیەوە)[1]، لەڕاستیدا ڕەخنەگرتن لە باوەڕی زۆرەملێ -بە گوتەی موحەممەد عەبدە- تاکە ڕێگایە بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، هەر ئەمەش ڕێگا واڵا دەکات بۆ کاراکردنی چەمکی شورا ئەویش لە ڕێگای بەشداریکردنی جەماوەر لە کاروباری گشتیدا.

لەلایەکیترەوە وەسفەکەی پێشەوا موحەممەد عەبدە بۆ دەوڵەت کە دەوڵەتێکی مەدەنیە لەگەڵ ڕەخنەگرتنی لە باوەڕی زۆرەملێ بەیەک دەگەن، لەناو دەقی پێشودا لەفزی (بەخواکردن) هەیە کە ئاماژەیە بۆ ڕتکردنەوەی دەوڵەتی ئاینی، دەتوانرێ بوترێ کە بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنی دادەنرێ بە هاوبەشێکی مەعریفی و دەکرێ بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوە لەسەری بوەستن و کۆدەنگبن لەسەری، ئەم بیرۆکەیە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە دەدات بە سڕینەوەی سیفەتی ڕۆحیی لە دەستەڵاتی سیاسیی، هەروەها ئاماژە دەدات کە حوکمڕانی تایبەت نیە بە توێژێک لە فیقهناسان کە بەناوی ئاینەوە پیادەی بکەن، بەم مانایەش ئەوا لە پێگەی دژ بە سیۆکراتیەوە دەوەستێت کە فەرمانڕەوا هەردوو سیفەتی ئاینی و دنیایی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە[2].

جا هەرچەندە هزری ئیسلامی هاوچەرخ ڕۆیشتووە بە ئاراستەی پیادەکردنی بیرۆکەی دەوڵەتی مەدەنیدا، بەڵام هەر ماناکەی دیاریکراو و ورد و پڕاوپڕ نیە، لە باسی مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە پێکهاتەی هزری ئیسلامی هاوچەرخدا کە لەسەر بیرۆکەی مەدەنیەتی دەوڵەت لە ئیسلامدا بەرپابووە بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێ، دکتۆر موحەممەد سەلیم ئەلعەوا بۆچوونی وایە کە بەگوێکردنی فەرمانڕەوای موسڵمان ئەرکێکی ئاینییە، دەڵێ: (تا ئەو فەرمانڕەوایە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێت، حوکمە شەرعیەکان بەتەواوەتی و بێ کەموکوڕی جێبەجێ بکات، یان بەڕادەی توانای هەوڵی ئەوە بدات، دادپەروەریش بێت لە نێوان خەڵکیدا

---

١- هەمان سەرچاوە، ل١٧٠.

٢- بگەڕێرەوە بۆ شیکاری مانای دەوڵەتی مەدەنی لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا.

-موسڵمان و ناموسڵمان- لەو کاروبارانەدا کە ڕاستەوخۆ لەدەستی خۆیدان، هەروەها فەرمان بە کاربەدەست و دادوەر و کارمەندانی دەوڵەتەکەی بکات کە دادپەروەربن لە نێوان ئەو کەسانەدا کاروباریان لەدەستیاندایە...ئەوا بەگوێکردنی فەرزە)[١]، لەم گوتەیەیدا لەگەڵ دکتۆر موحەممەد عەممارەدا بەیەکدەگەن کە پێیوایە بەگوێکردنی کاربەدەستان -کاتێ مافەکان جێبەجێ دەکەن- فەرزەو ئەرکێکی ئاینییە[٢].

دەبێ ئەوەش بوترێ کە دامەزراندنی دەوڵەت لای دکتۆر موحەممەد عەممارە وەک ئەرکێکی مەدەنی سەیر دەکرێ نەک ئاینی، بەم پێیە بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی دەستەڵاتی ئاینی لە ئیسلامدا لای ئەو لەسەر ئەم بنەمایە دادەمەزرێ، چونکە دەستەڵات لە ئیسلامدا عەلمانی نیەو لە هەمانکاتیشدا ئاینی نیە، موحەممەد عەممارە بەم بۆچوونەی ڕێگایەکی مامناوەند دەگرێتەبەر، کە بریتی نیە تەنها لە جیاکردنەوەی دروستبوونی دەوڵەت لە ئیسلامدا، بەڵکو ڕێساو پرەنسیپە گشتییەکان و فەلسەفەی حوکمیش تیایدا جیادەکاتەوە، ئەوەی سەرنجەدرێ هۆی ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی ئاینی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەت لەسەر بیرۆکەی یاسا بونیات دەنرێ هەروەک بە ڕوونی لای دکتۆر ئەلعەوا دەیبینین، چونکە کارابوونی یاسا دەرهەق بە دەستەڵاتی سیاسیی بەپێی سروشتی دەستەڵات دیاریدەکرێ، جا ئەگەر فەرمانڕەوا وەها سەیربکرێ کە خاوەنی دەستەڵاتی ئاینییە ئەوا هیچ مانایەک بۆ ئەوە نامێنێتەوە بوترێ کە کۆت و بەندە بە یاسا یان بە بەرژەوەندی گشتییەوە.

لەڕاستیدا زەحمەتە بتوانرێ گونجاندنێکی میتۆدی لە نێوان بیرۆکەی دەوڵەتی ئاینی و نێوان گوێڕایەڵیی ئاینی کاربەدەستان بدۆزرێتەوە، ئایا چۆن دەکرێ بوترێ کە دامەزراندنی دەوڵەت لە ئیسلامدا لە حوکمە بەشییەکانە نەک ئەرکێکی ئاینی بێت، پاشانیش گوێڕایەڵیی سیاسیی ببرێتە پلەی فەرزێکی ئاینییەوە؟ جگە لەوەش چۆن دەتوانرێ کۆکردنەوە بکرێ لە نێوان وەسفکردنی فەرمانڕەوا بەوەی فەرمانڕەوایەکی مەدەنییەو لە هەمانکاتیشدا بەگوێکردنی فەرزێکی ئاینییە؟ بەڕاستی بیرکردنەوە لەژێر فشاری کەلەپوردا و مامەڵکردن لەگەڵ گوتەکانیدا بەو سیفەتە کە گوتەی سەلمێنراون، ئەوا دەگات بەو ئەنجامە دژبەیەکەی ناو دیدە نوێخوازیەکان کە هزری ئیسلامی هاوچەرخ دەیانخاتەڕوو.

یەکێک لە نوسینەکانی مامۆستا ئەحمەد موحەممەد شاکر (١٨٩٢-١٩٥٨ز) کە

---

١- العوا، في النظام السياسي للدولة الإسلامية، ص٢٣٣.

٢- عمارة، محمد. الدولة الإسلامية بين العلمانية والسلطة الدينية، القاهرة، ط٢، ص٢٣٦.

لە هەرە دیارترینی فەرموودەناسانە لە سەردەمی نوێدا، نمونەیەکی تێکەڵاوکردنی مەعریفی و باوەڕی دەخاتەڕوو لە نێوان گوێڕایەڵیی ئاینی و گوێڕایەڵی سیاسیدا، کە بەگوێکردنی کاربەدەست بە فەرزێکی ئاینی و پەرستش دادەنێ، چونکە دوای ئەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری (درودی خوای لەسەر) هێناوە کە دەفەرموێ: ((گوێبیستی و گوێڕایەڵیی ئەرکی سەرشانی موسڵمانە لەو شتەدا پێیخۆشەو ئەو شتەیش پێیناخۆشە بە مەرجێ فەرمانی بە سەرپێچی خوا پێنەدرێ، جا ئەگەر فەرمانی بە سەرپێچی پێدرا ئەوا نە گوێبیستە و نە گوێڕایەڵی دەکا)) مامۆستا شاکر بەمجۆرە مانای دەکات کە دەڵێ: (ئەم فەرموودەیە بنەمایەکی بەڕێز و مەترسیدارە لە بنەماکانی حوکمڕانی، وا نازانین لە هیچ شەریعەتێک لە شەریعەتەکان، لە هیچ یاسایەک لە یاساکانی تردا بەمشێوە ڕێکوپێک و ورد و دیاریکراوییە هاتبێت، کە دەستەڵاتی فەرمانڕەوا سنووردار دەکات، ئاین و ناموس و کەرامەتی فەرمانپێدراویش دەپارێزێ)[١]، پاشان دەڵێ: (بەڵام شەرعی ئیسلام: بەم فەرموودە مەزنە بناغەیەکی دروست و سەلامەتی داناوە، تەشریعێکی توندوتۆڵی داناوە، کەواتە پێویستە موسڵمان بەگوێی ئەو کەسە بکات کە مافی کاروباری موسڵمانانی لەدەستدایە، لەوەدا پێیخۆشەو لەوەشدا پێیناخۆشە، ئەمەش ئەرکە لەسەری، بە پشتگوێخستنی گوناهبار دەبێت، ئیتر کاربەدەستەکە بزانێت کە ئەو کەسە کەمتەرخەمیکردووە یان نا، چونکە فەرزێکی وازلێهێناوە کە خوای گەورە کردوویەتە واجب لەسەری، بووەتە بەشێک لە ئاینەکەی، ئەگەر کەمتەرخەمیکرد تیایدا وەک ئەوە وایە کەمتەرخی لە نوێژ و زەکات و هاوشێوەکانیان لە ئەرکە ئاینیەکانی تردا کردبێ کە خوای گەورە فەرزیکردوون لەسەری)[٢].

مامۆستا شاکر ئەم فەرموودەیەی هێناوە کە لە هەناویدا کەلەپوری هەردوو ڕەوشی فەرموودەیی و فیقهی بە هەموو وردەکارییەکانیان هەڵگرتووە، بێئەوەی هیچ زەحمەتێک بکێشێ لە جیاکردنەوەی حاڵی فەرمانڕەوای ملهوڕ یان فاسیق، بەو پێیە کە گوێڕایەڵیی فەرزێکی پەرستشییە هەروەک نوێژ و زەکات و پەرستشەکانی ترە، کۆتا شتێک کە باسیدەکات -هەروەک لەو نمونانەدا کە دواتر خستوونیەتەڕوو بە ڕوونی دیارە- ئەوەیە کە ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمیکرد ئەوا ستەمەکەی لەسەر خۆیەتی، بەڵام ئەمە مافی ئەوە نادات بە فەرمانپێدراو فەرمانی

١- شاکر، أحمد محمد. کلمة الحق، ص٨٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٨٦.

گوێڕایەڵیی ڕەتبکاتەوە، مامۆستا شاکر بیرۆکەی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە هەموو جومگە ئاڵۆزەکانیەوە دەدات بەسەر ئاستی کارگێڕیشدا.

**ب- ڕاوێژ -شورا- وەک کۆت و بەندێک بەسەر گوێڕایەڵیی سیاسییەوە:**

هزری ئیسلامی هەر لە سەردەمی ڕاپەڕین و بوژانەوەوە ڕۆیشتووە بە ئاراستەی دانانان بە زۆرێک لەو پرەنسیپانەدا کە دادەنرێن بە ڕێساکانی فەرمانڕەوایی سیاسیی، لەوانەش: ڕاوێژ و یەکسانی و دادگەریی و بەرپرسێتی و هیتریش. کەمێکیش لە لێکۆڵینەوەکان گوێڕایەڵیی بە بنەمایەک لە بنەماکان دادەنێن هەروەک مامۆستا شاکر پێیوایە. هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەرککردن بەوە کە گوێڕایەڵیی بەرئەنجامی کاراکردنی بەهاکانی ڕاوێژ و دادگەریی و بەرپرسێتیە لە سیستمی سیاسیدا، یاخیبوونیش ئەنجامێکی سروشتییە بۆ سەرپێچیکردن لەو پرەنسیپانە، دانانی گوێڕایەڵیی بە بنەمایەک دەیخاتە سەرووی میانەی کارلێکی پەیوەندی نێوان دەستەڵات و گەل، بەجۆرێ کە خودی خۆی دەبێتە بەهایەکی ڕەها و ڕشتەبەندی بەهاکانی تر لەسەری دادەمەزرێن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بێتو ڕاوێژ لە بەرانبەر بیرۆکەی گوێڕایەڵییەوە دابنرێ ئەوا بیرۆکەیەکی ناڕوون و لێڵە. چونکە دەیان فەرموودەی تایبەت بە گوێڕایەڵیی و ئارامگرتن هاتوون زۆر زیاترن لە هەموو ئەو دەقانە لەبارەی پرەنسیپی ڕاوێژکاریەوە هاتوون، جا بەو پێیە کە پوختەی ئەقڵی ئیسلامی بریتییە لە ئەقڵێکی فەرموودەیی، تەنانەت لە جیلوە مەعریفیەکانیشدا هەر لەسەر دەستەڵاتی فەرموودەناسان دامەزراوە، ئەوەتا مامۆستا ئەحمەد شاکر گوێڕایەڵیی لە میانەی نوێژ و زەکاتدا دادەنێ، نەک ڕاوێژکاریی کە لە قورئانی پیرۆزدا لەگەڵ نوێژ و زەکاتدا هاتووە.

لەپێش ئەمەوە بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوە هەوڵیانداوە ئاوێتەکردنێ لە نێوان ڕاوێژکاریی و دیموکراسیدا بێننە کایە، بێئەوەی هیچ نەنگیەک لەوەدا ببینن، چونکە پەکخستنی مێژوویی درێژخایەنی پرەنسیپی ڕاوێژ ئەم پرەنسیپەی بێبەشکرد لە دەرخستنی میکانیزمە جێبەجێکارەکانی، هاوکات بەشێک لە لێهاتوویی مەعریفی و شیاویەتی خۆی بۆ هەرجۆرە پیادەکردنێکی کرداریی لەدەستدا، ئەوەش بەرلەوە بچێتەناو ئەزموونە کرداریەکانەوە، پێدەچێ پێداگرتن لەسەر لکاندنی تۆمەتی درۆهەڵبەستن بە بیرمەندانی ڕاپەڕینەوە مەسەلەیەک بێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش بکات، چونکە نیشانەی گونجاندن یان درۆهەڵبەستن -هەروەک هەندێک پێیانخۆشە ئەو ناوەی لێبنێن- بە هزری ڕاپەڕینەوە شتێکی خۆویست نەبوو بەو ئاستە کە زەرورەتێکی میتۆدی بووە بۆ زیندووکردنەوەی هەندێ

هزر کە بەهۆی هەژموونی فیقهی سیاسەتی شەرعیەوە ڕەوییبوونەوە یان لەوەوە نزیکبوون نەمێنن، ئەوەش بەهۆی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی مۆدێرنەی سیاسیی. لە سەردەمی ئێستاشدا ئەوا ڕەوتی جیاکاری لە نێوان ڕاوێژکاریی و دیموکراسیدا بە تێڕوانین بۆ پەیوەندی نێوان ئەو دوو چەمکە هێشتا هەر هەژموونی هەیە بەسەر بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، ئەمەش ڕەوتێک و حەزێکە کە ئەگەر بێتو لە گۆشەنیگای بنەما تیۆرییە جۆراو جۆرەکانی هەردوو چەمکەکەوە بۆی بڕوانین ئەوا بەشی ئەوەندە بەدیدەکەین کە پاساوی خۆی هەبێت و ڕێگای بدرێ، بەڵام کاتێ دەگۆڕدرێ بۆ هەڵوێست گرتن لە میکانیزمە پراکتیکییەکانی دیموکراسی وەک هەڵبژاردن و ئەنجومەنە شارەوانییەکان و دەنگدانی نهێنی و پارتە سیاسییەکان ئەوا پەرچەکردارێکی نا ئەقڵانی دەبینرێ.

ئەم ڕەوتە کە لەژێر پەردەی دەستگرتن بە ڕاوێژکاریی داوای ڕەتکردنەوەی دیموکراسی دەکات، دکتۆر تەوفیق شاوی لە کتێبەکەیدا بەناوی (الشورى أعلى مراتب الديمقراگيه) دا ڕووبەڕووی بووەتەوە، لە تێڕوانینی ئەوەوە گشتگیری پرەنسیپی ڕاوێژ و سەرچاوە نادەستکردەکەی، ڕێگرنیە کە تەواوکارییەک لە نێوان ڕاوێژکاریی و دیموکراسیدا دەستبەر ببێت، چونکە ئەو ڕێسایانە کە لەناو ڕاوێژدان دیموکراسی تەواو دەکەن و دژ نیە پێی، کرۆکی ڕاوێژکاری بریتییە لە: (ئازادی هزر و ڕەئی و دایەلۆگ)، ڕاوێژیش بەهەمانشێوە پێویستی بە سودوەرگرتنە لەو ڕێکارانە کە سیستمە دیموکراسییە نوێیەکان پێیگەیشتوون[1].

لەڕاستیدا ناڕوونی پراکتیکی پرەنسیپی ڕاوێژ تەنها بەهۆی تەمومژە مێژووییەکان و هیتریشەوە نیە کە پەیوەستن بە بەریەککەوتن لەگەڵ هزری لیبراڵیدا، چونکە پلەی ڕێژەیی ڕاوێژ دەگەڕێتەوە بۆ زیندوویی هزری گوێڕایەڵی سیاسیی، بەو سیفەتە کە لە مەسەلەی سیاسیدا بە گشتی ڕێنماکارە بۆ بیرکردنەوەی ئیسلامی. هەروەها دەکرێ بزانرێ کە ڕاوێژ بەو سیفەتە پرسێکی بنەمایی و فەرزێکی ئیسلامییە لەتوێی فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیدایە. پێشتر ئاماژەماندا کە خەیرودین تونسی ناچاربووە ڕوونیبکاتەوە کە ڕاوێژ دانانرێ بە دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانڕەوا، هەوڵیشیداوە بناغەڕێژی بکات بۆ بیرۆکەی بەشداریکردنی ئەهلی حەلل و عەقد لە (هەمووکییەکانی سیاسەت)دا، ئەوەش بە پەنابردنە بەر بیرۆکەی دەستەڵات پێدان و زەوتکردن لای ماوەردی، بەو پێیە کە نزیکترین گوتار بووە لە فیقهی سیاسەتی

---

١- الشاوي، توفيق. الشورى أعلى مراتب الديمقراطية، القاهرة، المقدمة، ص٢٦

شەرعییەوە کە لە سەردەمی ئەودا باوبووەو لەکاوە بە بونیادە مەعریفیەکەیەوە، جا ئەگەر ماوەردی مۆڵەتی دابێت بە دەستەڵاتدانە دەست وەزیری دەستەڵاتپێدراو دانی بە حوکمی زاڵبوودا نابێت، ئەوا –بە قسەی تونسی– بۆ ئەهلی حەلل و عەقد لەپێشترە کە مۆڵەتی دەستەڵاتیان بدرێتێ.

پێدەچێ گەڕان بەدوای بەڵگە مێژووییەکانی پرەنسیپی ڕاوێژدا، هەروەها ڕێگەدان بە هەبوونی شەرعی لە ڕێگەی هەبوونێکی هەڵاوێردکراوی ناشەرعی (حوکمی زاڵبوو)، ئەوا ئەو زەحمەتە دەخاتەڕوو کە هێشتا ڕووبەڕووی ئەو پرەنسیپە دەبێتەوە، کە بەشێکی زۆری –هەروەک ئاماژەمان پێدا– درێژبوونەوەی بڕیارەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسییە لە بواری مەعریفەی ئیسلامیدا، چونکە بۆچوونی هەندێک وایە کە ڕاوێژکاریی بەیعەت لەق دەکات و دەکرێ سەربکێشێ بۆ لەکارخستنی مافەکانی پێشەوا.

هەروەها ڕەوتی بیرکردنەوەی فیقهی لە مەسەلەی سیاسیدا هەندێکیان دەگەیەنێتە کورتکردنەوەی ڕاوێژکاریی لەو کاروبارانەدا کە بەرژەوەندییان تێدا نیە، چونکە مامۆستا سەعید حەوا کە ڕاکانی لەبارەی ڕاوێژکارییەوە لە نێوان ڕا زۆرینەکانی ناو هزری کۆمەڵە ئیسلامیەکاندا بە قوڵترینیان دادەنرێ، لە کتێبەکەیدا بەناوی (الإسلام) دەڵێ ئەگەر فەرمانڕەوا کاری بە ڕاوێژ نەکرد ئەوا دەبێت لاببرێ (چونکە لەکارخستنی ڕاوێژ فاسیقییە)[1]، لە کتێبێکدا بەناوی (فصول فی الإمره والأمیر) دەگەڕێتەوەو بازنەی دەستەڵاتی فەرمانڕەوا فراوانتر دەکات، چونکە فەرمانڕەوا ئەگەر فەرمانیدا بە کارێکی ڕێگاپێدراو کە پەیوەند بێت بە بەرژەوەندییەوە یان دەستەبەرکردنی سیاسەتی شەرعی ئەوا بەگوێکردنی فەرزەو بەگوێنەکردنی تاوانە[2]، بەڵام ئەگەر فەرمانیدا بە شتێک کە بەرژەوەندی تێدا نەبێت ئەوا دەکرێ بەگوێی نەکرێ، بەڵام ئەگەر ڕایەکەی لە بەرئەنجامی ڕاوێژکارییەوە بێت دەبێت بەگوێی بکرێ، ئەوەش ڕوون نیە ئایا چۆن دەگونجێ کە لە ڕاوێژکارییەوە ڕایەک دەربچێ دژ بێت بە بەرژەوەندی گشتی مەگەر لەبارێکدا نەبێت ئەو ڕاوێژکارییە ڕووکەش بێت و بەس، وەها بێت کە فیقهی چاولێکەریی دەیخاتەڕوو.

ئەوی ڕاستی بێت ڕاوێژ لەبەر ڕۆشنایی فیقهی گوێڕایەڵی سیاسییەوە پرسێکی ڕێژەیی و ڕووکەشە، ئیتر چ جای ببێتە کۆت و بەندی سیاسیی بەسەر

---

١- حوی، سعید. الإسلام، القاهرة، مکتبة وهبة، ج٢، ص١٣٠.

٢- حوی، فصول في الإمرة والأمیر، ص١٠٦.

فەرمانڕەواوە، چونکە بەپێی فیقهی گوێڕایەڵیی کۆت و بەندە شەرعیەکانی سەر گوێڕایەڵی خۆیان لە دوو کۆت و بەندا دەبیننەوە -ئەوەش بەپێی خوێندنەوەی لەفزی فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی تایبەت بە مەسەلەی گوێڕایەڵیی- ئەوانیش سەرپێچی و خراپەیە، سەرپێچیش بە مانای ئاینیەکەی وەردەگیرێ، بەڵام خراپە بریتییە لەوە کە شەرع بە خراپی بزانێ، یان بەڵگەی شەرعی لەسەر خراپییەکەی هەبێت، بەم چۆنێتیەش هەردووکیان یەک مانا دەگەیەنن ئەگەرنا هەر لەیەکەوە نزیکن و هەردووکیان بەواتای سەرپێچی ئاینیی دێن.

راستە کەسی واهەیە سیفەتە پیسەکانی کەسێتی لە غەیری گوناهەکان دەخاتەناو خانەی خراپەوەو جیایان دەکاتەوە لەیەک، بەڵام بونیادی فیقهی هزری ئیسلامی تێڕوانینی سیاسیی خۆی لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییە بونیات نانێ، چونکە خراپەو سەرپێچی یەک مانای ئاینی ڕووت وەردەگرن، مامۆستا شاکر سەرپێچی بەم گوتەیە دیاریدەکات: (بەڵگەنەویستە: ئەو سەرپێچییە کە نابێت فەرمانپێکراو تیایدا بەگوێی فەرماندار بکات، بریتییە لەو گوناهە ڕاشکاو و ئاشکرایە کە فەرمانپێکراو هیچ مانایەکی تری ناداتێ و ناتوانێت فێڵ و پێچلێدانی تێدا بکات، تا خۆی بخەڵەتێنێ گوایا بۆیە بەگوێی نەکردووە چونکە فەرمانی بە سەرپێچیداوە، بەمەش خۆی و خەڵکیتریش بخەڵەتێنێ)[1].

هەندێکیشیان بە مەرجیان گرتووە کە دەبێت ئەو خراپەیە بە بەڵگەی گومانبڕ حەرام بێت، هەروەها دەبێت دیار و بەرچاو بێت، توانای ئەنجامدانی هەبێت، نەشبێتە هۆی سەرهەڵدانی خراپیەکی لەو خراپتر، جا ئەگەر سەرپێچی ئاینی دیار و بەرچاو بێت و مانای تر هەڵنەگرێ، خراپەی گومانبڕیش لەناو ئەو خۆپارێزیانەدا دێت کە دەکرێ لە بازنەی گوتاری فیقهیدا تێگەیشتنی لێبکرێ، ئەوا -بە حەتمی- لەناو بازنەی پیادەکردنی سیاسیدا ڕۆڵێکی پەکخەری هەیە، چونکە بەو شێوەیەی هەیەتی یارمەتیدەر نیە لەسەر سیستمێکی سیاسیی کە لەسەر ڕاوێژکاریی و

---

١- شاکر، کلمة الحق، ص٨٧.

شایانی ئاماژەپێدانە پرسی سەرپێچی کە ئایا باوەڕ هەبوونی فەرمانپێدراو پێی بەسە یان نا ئەوە مشتومڕی پێویستی لەسەرنەکراوە، چونکە لەو کتێبانەی کەلەپور کە لەبەردەستماندان مشتومڕمان لەسەری نەبینیوە، جگە لە ئاماژەیەکی سەرپێی موقبیلی نەبێت لە کتێبەکەیدا بەناوی (العلم الشامخ) کە باسدەکات ئەو سەرپێچییە دەکرێ لەباری دڵنیابوون لە ڕاستییەکەی بەگوێی پێشەوا نەکرێ هەر ئەوە بەسە کە باوەڕی فەرمانپێکراو وەها بێت ئەو کارە سەرپێچییە ئیتر بەسە، ئەمەش بە پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستا شاکرەوەیە بە مەرجی گرتووە کە دەبێت ئەو سەرپێچییە ڕوون و دیار بێت و هیچ مانایەکی تر هەڵنەگرێ. بڕوانە: المقبلي، العلم الشامخ في إيثار الحق على الآباء والمشايخ، ص٤٠٠

فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بەرپا ببێت.

لەڕاستیدا ئاڵۆزییەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی چاولێگەری زۆرترن لەوەی دێن بە خەیاڵدا، لەو ڕووەوە ئەو ڕاوێژکاریی و ئازادییەی کە دەکرێ بە دەستی ڕاست بدرێ ئەوا بە ئاسانی بە دەستی چەپ وەردەگیرێتەوە، فیقهناسیش دەتوانێ باس لە شورا بکات کە فەرزێکی ئیسلامییە و فەرزبوونی بە توند بگرێ، پاشان بگاتە فەرزی بەگوێکردنی زاڵبوو و ملهوڕ ئەویش هەر بە فەرزێکی شەرعی بێئەوەی هەست بە دژبەیەکی بکات، یان ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بهێنێ کە دەفەرموێ: ((گوێڕایەڵیی فەرمانی کەسێک ناکرێ سەرپێچی فەرمانی خوای تێدابێت)، لە هەمانکاتیشدا مەسەلەی بەگوێکردنی فاسیق بە فەرزێکی شەرعی لە قەڵەم بدات، ئەمە لە کاتێکدا کە فاسیقی بریتییە لە چینێک لە گوناه و خراپەی لەسەر یەک کەڵەکەبوو.

ئەم لێڵی و ناڕوونیە دەبارەی هەڵوێست لە ڕاوێژ و گوێڕایەڵیی لای کەمێک لە بیرمەندان -تا ئاستێکی زۆر- دەرەوێتەوە، ئەوەتا دکتۆر شاوی لە کتێبەکەیدا بەناوی (فقه الشوری والإستشارە) باس لە مەسەلەیەکی گرنگ دەدات، پێیوایە (ئەو پێوەرەی ئەو کارانە دەخاتەناو چاکە یان خراپەوە -بە بۆچوونی ئێمە- بریتییە لە ڕای گشتی، ڕای جەماوەری گەل ئەوە دیاری دەکات)[1]، چاکە ئەوەیە کۆمەڵ دەیزانێ و پێیباشە، خراپەش ئەوەیە کۆمەڵ ناڕازییە پێی، پێیوایە یەکەمین ئامانجی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لە ئیسلامدا بریتییە لە (پابەندکردنی خەڵکی بە بەرەنگاربوونەوەی ملهوڕی و ستەمی فەرمانڕەوایان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان)[2]، دوای ئەوەش ئەرکی چاودێر کە فەرمانڕەوا دایناوە ڕەتدەکاتەوە، دێت بۆچوونێک دەخاتەڕوو کە بەپێی ئەوە ئەرکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەداتە دەست دەستەیەکی هەڵبژێردراو لە گەل کە بەتەواوەتی سەربەخۆ بێت لە فەرمانڕەوا، تا بتوانێ کاری چاودێری سیاسیی ڕاپەڕێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ماف بەو دەستە پێشنیارکراوە نادات ئەو ئەرکە قۆرخبکات لەخۆیدا چونکە مافێکی بنەڕەتی هەمووی گەلە.

لەناو ئەم بۆچوونەدا شۆڕشێکی بێدەنگ هەیە کە جەخت لەسەر تێپەڕاندنی

---

١- الشاوي، توفيق. فقه الشورى والأستشارة، المنصورة، ص٦٢.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

هەندێ گوتەی نامۆ دەکات لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا بەوەی کە مەرجێکن بۆ دەستەبەرکردنی زیندوویی هزری سیاسیی ئیسلامی، ئەم بۆچوونە ڕێنمایی دەدات بۆ پیادەکردنی تەواوەتی پرەنسیپی شورا و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بەبێ هیچ سڵەمینەوە یان دەورەدانێکی فیقهی کە وا لە هەڵسوکەوتی سیاسیی موسڵمانان بکات بگەڕێنەوە بۆ خاڵی سفر، ئەوەش هەرکات خەریکبوو بڕێ پێشکەوتن بەخۆیەوە ببینێ، هەروەها گوتاری نوێخوازی ناچاربکات بە پاشەوپاش گەڕانەوە و ماستاوکردن هەرکات نزیکبوویەوە لە پرسی گوێڕایەڵیی سیاسیی.

### ٣- تەمومژی دەرچوون (ڕاپەڕین)

### أ- بونیادی مەعریفی بیرۆکەی دەرچوون:

تەمومژی دەرچوون لەدژی کاربەدەست نابەستریتەوە بە بارێکی سیاسی دیاریکراوەوە، چونکە لە مێژووی ئیسلامیدا لە سەردەمی جێنشینیی ڕاشید دا سەریهەڵداوە، هەروەها لەژێر دەست ڕژێمە سەرکوتکار و زاڵبووەکان هەر لە سەردەمی ئومەویەوە دەرکەوتووە، لە هەندێ سیستمی دەستوریش لە واقیعی ئیسلامی هاوچەرخدا گەورەترە بووە، ئەم پرسە بونیادێکی مەعریفی دەخاتەڕوو کە لەپشتەوەی بەردەوامبوونی واقیعی ئەو تەمومژەیە، ئینجا چەندین گوتەو پاساوی دەداتێ کە خزمەت بە بزاوتی ململانێ لەگەڵ ڕژێمە جۆراو جۆرەکان دەکات.

ئەوە ڕوونە کە هزری ئیسلامی بەدرێژایی ڕەوتی مێژوویی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسی، هاتووە لەپێناو داخستنی پاساوی فیتنەگێڕی ڕێبازی بەرهەمهێنانی دژبەیەکی بابەتی بۆ دەرچوون گرتووەتەبەر، ئەویش بریتی بووە لە بەگوێکردنی تەواوەتی و ئارامگرتنی ڕەها، ئەم زیادەڕۆییەی فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی سەرکەوتوو بووە لە سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژووی بزووتنەوەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لە سەردەمی یەکەمی مێژووی ئیسلامیدا، ئەوەش بە مەبەستی ناڕازیبوون لێیان، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ڕێزی تەواوتی بۆ ئەو هاوەڵانەی کە ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوانەیان کردووە، هەروەها سەرکەوتوو بووە لە نەخشاندنی کەلتوری گوێڕایەڵی وەک جێگرەوەیەک بۆ کەلتوری دەرچوون کە تا ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی باو بووە، بەڵام لە بەرانبەرەوە شێوەیەکی تری لە دەرچوون بەرهەمهێنا کە دەچێتەوە سەر بازنەی ئەو ململانێ سیاسییانە کە ئامانجی لاوەکییان هەبووە، هەروەها خۆیان پڕچەک کردووە بە بەکافرکردن و پەردەیەکی باوەڕیان داوە بەسەریاندا. لەبەرئەوە دەتوانرێ بوترێ کە گوێڕایەڵیی و دەرچوون لەدژ

هەردووکیان دەچنەوە سەر یەک بونیادی مەعریفی، ئەویش بریتییە لە فیقهی سیاسەتی شەرعی بە هەموو ئاڵۆزییە ئاوێتەبووەکانی، کە زۆرێک لە ڕوخسارەکانی چوونەناو یەک لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ، هەروەها بەیەکگەیشتنەوەیان لەسەر ڕێسای کوفری ئاشکرا، چونکە بناغەڕێژی بۆ گوێڕایەڵیی ڕەها جگە لە حاڵەتی کوفری ئاشکرا، لەهەمانکاتدا بە مانای پێدانی پاساوی فیقهیە بە ستراتیژی دەرچوونی بەکافرکراو.

بێگومان حاڵەتی پرژوبڵاوی مەعریفی لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدا ڕێگا بە پیادەکردنی هەردوو بژاردەکە دەدات لەناو یەک حاڵەتی سیاسیدا، ئەمە لەگەڵ سادەترین گۆڕانکاری لەو بارودۆخە مێژووییەدا کە دەورەیداوە. پێشتر بینیمان کە چۆن مامۆستا موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب لەناو فیقهی سیاسەتی شەرعیدا بە کردار هەنگاوینا بۆ دەرچوون لەدژی (کاربەدەست)ی عوسمانی، پاشان لەدوای سەرکەوتنی بزووتنەوەکە و دروستکردنی دەوڵەت زۆری نەخایاند هەوادارانی کەوتنە هێنانەوەی گوتەی حەرامکردنی دەرچوون، ئەوەش بۆ قایمکردنی دەوڵەت دژ بەو کەسە نوێیانە کە لە فەرمانی دەردەچوون. کەچی وێڕای ئەوە هەر بیرۆکەی دەرچوون لە مێژووی ململانێی سیاسیی نێوان شازادەکانی یەکەمین دەوڵەتی سعودیەدا بە کارایی بەردەوامبوو، ئەوەبوو شازادە سعود دەرچوو لەدژی عەبدواللە ی برای کە دوای مردنی پێشەوا فەیصەڵ بن تورکی باوکیان بەیعەتی پێدرا، جا ئەگەرچی دەرچوونی شازادە سعود ڕەتکرایەوەو داوا لە زانایان کرا بجەنگن لەدژی، ئەوا هەر دەستگرتنی بەسەر هەموو وڵاتی نەجد دا، لە حاڵەتی دەرچوونی ناڕەواوە[1]، گواستیەوە بۆ حاڵەتی زاڵبوونی ڕەوا، کە بەپێی ئەوە شایستەی گوێڕایەڵی و دەرنەچوون بوو لەدژی، ئەمەش قسەی مامۆستا عەبدوڕەحمان کوڕی عەبدوللەتیفە کە لەدوای ئەوە وەسفی شازادە سعودی بەوە کردووە کە ڕیزی کۆمەڵی موسڵمانانی تێکداوە و لە بڕیاری گەل دەرچووە، جەنگاوە لەدژی چاک و خراپی، دەڵێ: (...بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسانی زانا بە زانست و بە ئاین فەرمانبەردارن بەو چاکانەوە کە فەرمانڕەواکان

---

١- مامۆستا عەبدوڕەحمان کوڕی حەسەن وەسفی حاڵەتی دەرچوونی شازادە سعود کوڕی فەیصەڵ بەوە دەکات کە بەیعەتی شکاندووە، ڕیزی موسڵمانانی تێکداوە و لە کۆمەڵ جیابووتەوە (لەبەرئەوە پێویستە شەڕ لەدژی خۆی و لەدژی ئەوانە بکرێ یارمەتیانداوە). مامۆستا عەبدوللەتیف کوڕی عەبدوڕەحمان بەوە وەسیفیکردووە کە (خۆی و خراپەکارانی نەجد و گوناهبار و تاوانبار و دووڕووەکانیان کەوتنە بڵاوکردنەوەی خراپە لە زەویداو و دەستیاندایە خوێنڕشتن، کەوتنە بڕینی بەروبووم، ترساندنی بێوەژنان و پاکیزەکان، کەوتنە پێشێلکردنی پیرۆزی بێباوکان و ئافرەتە خزمەتکارەکان). بڕوانە:
- الخرشي، سليمان بن صالح. تأريخ نجد من خلال كتاب الدرر السنية في الأجوبة النجدية، لبنان، ص٩٩-١٠٨.

فەرمانیان پێدەدەن، ڕێگری دەکەن لەو خراپانە ڕێگریان لێکردووە، لەگەڵ هەر پێشەوایەکدا تێدەکۆشن، هەروەک لە دەقەکانی باوەڕی ئەهلی سوننەدا هەن، کەسیشیان نەیوتووە کە دروستە شەڕ لەدژی زاڵبوو بکرێ و لێی ڕاپەڕن[1]، جا ئەگەر مامۆستا عەبدوڕەحمان ئەو باسەی بەستبێتەوە بەو حاڵەتی (جیهاد)ە کە شازادە سعود لەدژی تورکەکان لەو کاتەدا ڕایگەیاندووە  کە لە دیدی زانایانەوە شەرعیەتی پێدراوە، ئەوا ئەو ڕایە سیفەتی بڕیار و حوکمی ئاینی نەگۆڕی پێدراوە، ئەوەش بە هێنانەوەی بەڵگە بە ئایەت و فەرموودەو هەڵوێستی هەندێ لە پێشینان.

کەواتە فیقهی سیاسەتی شەرعی بەپێی حاڵەتی زاڵبوونی کرداریی ئەو میکانیزمانەی تێدایە کە ڕێگا دەدەن بە گواستنەوە لە دەرچوونەوە بۆ گوێڕایەڵیی و بەپێچەوانەوە، نەک بەهۆی گۆڕانکاریی ڕشتەبەندی بەها سیاسییەکان، جا ئەگەر کەسێکی زاڵبووی تر هاتە سەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان ئەوا بیرۆکەی بەگوێکردن ئاراستەی ئەو دەکرێ، ئەم (واقیعە فیقهییە)ش وادەکات کە فیقهی سیاسیی پرەنسیپی خۆی لەدەستبدات و وایلێبکات بسوڕێتەوە لەگەڵ واقیعدا و شەرعیش لەگەڵیدا بسوڕێتەوە، ئەوەش لەو بۆچوونەوە کە زەحمەتە لە دەرەوەی بازنەی حوکمە شەرعییەکانەوە بجولێ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە مێژووی پرەنسیپی حەرامکردنی دەرچوون دەخاتەڕوو، چونکە کاتێ دەرچوون پڕۆژەیەکی گریمانەییە یان بژاردەیەکی هزرییە و هێشتا لەسەر زەمینەی واقیع پێنەگەیشتووە، ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە دەبێت، کاتێکیش دەگۆڕدرێ بۆ حاڵەتێکی واقیعی (زاڵبوون) ئیتر شەرعیەتی خۆی وەردەگرێ.

لەلایەکیترەوە دیارە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە چارەسەرکردنی تەمومژی دەرچوون بە ڕەهەندە جۆراو جۆرەکانیەوە شکستیخواردووە، هۆیەکەش ئەوەیە لە کاتێکدا کە ناڕازییە لێی لە هەمانکاتدا دێت میکانیزمەکانی کاراکردنی لەخۆیدا هەڵگرتووە، هەروەها دەتوانرێ بەڵگەی ئەم نەتواناییە بە حاڵەتی پێداچوونەوە هزرییەکانی هەندێ لە کۆمەڵە ئیسلامییەکان بهێنرێتەوە کە ڕێبازی کاری چەکداریان لەژێر پەردەی بەکافرکردن بۆ ساڵانێکی زۆر گرتووەتەبەر و پاشانیش وازیان لێهێناوە، دەستپێشخەری بە وەستاندنی توندوتیژی کە کۆمەڵی ئیسلامی لە میصر پیادەیکرد، دواتریش کۆمەڵی تر لە هەریەک لە وڵاتانی جەزائیر و لیبیا و هیتریش بەدوایدا هاتن، پاڵنەری گرتنەبەری ئەو هەنگاوە بۆ بەگوێکردنی

---

١- هەمان سەرچاوە، ص١١٤.

کاربەدستان نەبوو، بەڵکو لە کرۆکیدا گوزارشت بوو لە حاڵەتێکی وەڵامگۆی واقیعی خراپیەکانی بژاردەی تونوتیژی.

لەڕاستیدا حاڵەتی سوڕانەوەی خوێن بەدەوری خود دا، هەروەها بێهودەیی بژاردەی گۆڕانی سیاسیی و کۆمەڵگایی لە ڕێگای توندوتیژیەوە[1]، بەرپرسە لەو پوختە مەعریفی و (شەرعی)یە کە بیرۆکەی پێداچوونەوەکان جەختیان لێدەکات، هەردەبێ فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیش بگاتە ئەنجامێکی لەو جۆرە، چونکە گوێڕایەڵی کاربەدەستان لە بیرۆکەی پێداچوونەوەکاندا بناغەی تیۆریزەکردن نیە، ئامادەبوونیشی ئامادەبوونێکی ڕیشەیی نیە، بەڵکو ئامادەبوونێکە کە وەڵامگۆی زەرورەتی بەگەڕختنی سیاسییە بۆ دەستپێشخەریەکانی وەستاندنی توندوتیژی و ئاراستەکردنی بەرەو خزمەتکردن بە شەرعیەتی ڕژێمە سیاسییەکان.

لە هەمان میانەشدا ئەوا گواستنەوە لە بژاردەی بەگوێکردنەوە بۆ بژاردەی دەرچوون پشتدەبەستێ بە چالاککردنی پێکهاتە مەعریفیەکان لە هەمان ڕەشتەبەندی فیقهیدا، نەک سەرلەنوێ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ ئەو ڕشتەبەندییە، هزری سەلەفی جیهادیش بەڵگە لەسەر ئەوە دەخاتەڕوو. لەڕاستیشدا سەلەفی جیهادی لە ڕشتەبەندی فیقهی سەلەفیدا بەرهەمی کارلێکی مێژووییە لە نێوان بەگوێکردن و دەرچوون، چونکە لەسەر ئاستی تیۆری و فیقهی لەسەر فیقهی سیاسەتی شەرعی بەرپا دەبێت، لەنێویشیدا سەنتەریی (کاربەدەست) لە بونیادی سیاسیی و کۆمەڵگاییدا، نەگونجانی لەگەڵ ڕژێمەکان دەخاتەناو بازنەی باوەڕەوە، ڕۆیشتنیشی بۆ بەکافرکردنی (کاربەدەست) وەڵامە بۆ سەنتەریی ئەو پێگەیە وەک بیرۆکەیەکی ناساز لە هزری سەلەفیدا، کە بەپێی ئەو (کاربەدەست) دەبێتە بەرپرسی پاراستنی باوەڕ و سیاسەتی دنیا و پراکتیزەکردنی شەرع و جیهاد لەدژی دوژمن. هەر کەمتەرخەمییەکی لەوە کارە ڕێگادەدات بە گواستنەوەی لەوەی پارێزەری باوەڕ بێت بۆ لکاندنی نیشانەی بێباوەڕی پێیەوەو بردنی پەیوەندییەکە بەرەو ئاستی جیهادی باوەڕیی. مەسەلەکە پەیوەند نیە بە پێچلێدانی هزری لە بەرانبەر مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی واقیعدا، بەڵکو پەیوەندە بە سروشتی بونیادی مەعریفی هزری سەلەفیەوە کە بەگوێکردنی (کاربەدەست) دادەنێ بە پەرستنی خوای گەورەو لە هەمانکاتیشدا تۆوی بێباوەڕکردنیشی هەڵگرتووە.

---

١- بۆ پاساوە شەرعیەکانی ڕاگەیاندنی دەستپێشخەری بڕوانە:

- مجموعة من المؤلفين، نهر الذكريات والمراجعات الفقهية للجماعات الإسلامية، القاهرة، مكتبة التراث الإسلامي، ص٣٣-٤٣.

**ب- بیرۆکەی دەرچوون لە نێوان سیاسەت و ئاین دا:**

هزری ئیسلامی بەوە ناسراوە کە بە وریاییەکی زۆرەوە دەڕوانێتە پرسی دەرچوون، مەسەلەکەش پەیوەندی نیە تەنها بە ناڕوونی دیدگاو ئەو ئالۆزییە زۆرەوە کە لەناو ئەو بابەتەدایە، بەڵکو پەیوەندە بە شارەزابوون بە سنوری بیرمەند و سروشتی ڕۆڵی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی لەوجۆرە. هەندێکیان پێیوایە ڕۆڵی بیرمەند لەوەدایە پارێزگاری بکات لەسەر گونجاندنی تیۆریی لەگەڵ هزری ئەوانی پێش خۆی -بەتایبەتی ئەگەر ئەو هزرانە هێزی بۆماوەییان تێدابێت-، هەروەها نوێکردنەوە لە ڕووبەرێکی بەرتەسکدا ئەوەش بۆ دوورکەوتنەوە لەوەی نەبادا (فیتنەی کەلتوری) ڕووبدات، ئەمە لە کاتێکدا کەسانیتر بۆچوونیان وایە کە بەرەنگاربوونەوەی پرسی دەرچوون واتە دانان و ڕێکخستنی ستراتیژێکی تێروتەسەل کە ڕێگا بە گەل بدات پیادەی مافی خۆیبکات لەوبارەیەوە.

لەمبارەیەوە دەکرێ بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی دەرچوون باس لە دوو هەوڵ بکەین، ئەوەش نە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی هزری ئیسلامی نوێ و هاوچەرخ دەرهەق بە دەرچوون، بەڵکو بۆ خستنەڕووی ئاستی کارلێکی ئەو پرسە لە گوتاری ئیسلامیدا و پلەی گرنگیدانی پێی، هەوڵی یەکەم کەواکیبی لە کتێبێکیدا بەناوی: (گبائع الأستبداد و مصارع الأستبعاد) خستوویەتەڕوو، ئەم گوتارە سەر بە سەردەمی ڕاپەڕین و بوژانەوەیە، تا ئاستێکی زۆریش پێکهاتەی هزری ئەو وێنا دەکات، بەڵام هەوڵی دووەم بریتییە لەو هەوڵە کە دکتۆر عەلی جرەیشە لە کتێبێکیدا بەناوی: (المشروعیه الإسلامیه العلیا) خستوویەتەڕوو. ئەمیش ئەگەرچی وێنای گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ ناکات، بەڵام لە خاڵێکی جومگەیی و جیاکەرەوەدا یەکتربڕە لەگەڵ هەموو تەوژمەکانی هزری ئیسلامی، ئەویش ئەوەیە کە شەرعیەتی ڕژێمە سیاسییەکان دەبەستێتەوە بە پراکتیزەی شەریعەتەوە.

کەواکیبی مشتومڕ لەسەر دروستی بەرەنگاربوونەوە یان بەرەنگارنەبوونەوەی تاکڕەویی ناکات، بەڵام بەڕادەی بەشێک لەو گرنگیپێدانە کە دەیدات بە دوورکەوتنەوە لەو فیتنەیە کە ئەگەری ڕوودانی هەیە گرنگی پێدەدات، ئیتر بەهۆی هەڵچوون و جۆش و خرۆشی جەماوەرەوە بێت، یان بەهۆی زەبروەشاندنی کەسی تاکڕەو لە شۆڕشگێڕان، لەبەرئەوە بیرکردنەوە لە چۆنێتی دوورکەوتنەوە لە فیتنە وایلێناکات بژاردەی بەرەنگاربوونەوەی تاکڕەو شکست پێبێنێ، بەڵکو بۆ ڕێکخستنی ئەو

بەرگریەیە ئەویش بە چەند مەرجێک کە بریتین لە[1]:

– گەشەدان بە هەستی گەل بە ئێش و ئازارەکانی تاکڕەویی، ئەمەش قۆناغێکە -بەپێی قسەی کەواکیبی- دەیان ساڵ دەخایەنێ، (هەتا پەرۆشی ڕاستەقینە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لەناو توێژە خوارووەکانی گەلدا دەستدەکات بە دەرکەوتن و ئاواتخوازی گەیشتن پێی، هەتا تاکڕەو هەست بە مەترسی بکات، ئینجا بکەوێتە هەڕەشەو سوکایەتی پێکردن، هەتا هەلی لەباریش دەڕەخسێ بۆ شۆڕشکردن لەدژی).

– ناسین و شارەزابوونی تەواوەتی بە جێگرەوەی تاکڕەویی، هەروەها ڕاگەیاندنی بیرۆکەی گۆڕانکاریی و ئاشکراکردنی لە نێوان خەڵکیدا، هاوکات بڕیاردان لەسەر شێوەی ئەو حکومەتە کە جێگای تاکڕەویی دەگرێتەوە.

– بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەئی و هێز، ئەوەش بەوە دەبێت کە لەسەرووی سێ لەسەر چواری گەل بە ژمارەو بە هێز لە ڕیزی بەرگریدابن.

پێناچێ کەواکیبی لەم باسەیدا گرنگی دابێت بەو لایەنە فیقهییانە کە تایبەتن بە دەرچوون، چونکە لە ئاسۆیەکی کراوەوە دوور لە ڕەخنەکانی فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی مشتومڕ لەسەر مەسەلەی دەرچوون دەکات، گومانیشی تێدانیە کە بە حوکمی ڕۆشنبیرییە ئوسوڵیەکەی باش شارەزایە پێی، لەڕاستیدا ئەو ڕێسایە کە کەواکیبی ویستوویەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاکڕەویی بڕیاری لێبدات بریتییە لە مافی گەل لە ڕێگای (ژێرمەندان)ەوە، پاشانیش تەسلیمبوون پێی بەپێی ڕێساکانی سیستمە سیاسییەکەی، چونکە لێرەدا ڕووبەڕووی گرفتی تاکڕەویی دەبێتەوە نەک گرفتی کوفری ئاشکرا.

دکتۆر عەلی جرەیشە بەپێچەوانەی کەواکیبی لە دەروازەی شەرعییەوە مشتومڕ لەسەر تەمومژی دەرچوون دەکات، لەبەرئەوە دەبینرێ کە چەمکی کوفری ئاشکرا ڕۆڵێکی سەرەکی لە تێزەکەیدا داگیر دەکات، هاتووە ڕەوایەتی دەرچوون لەدژی ڕژێم کورتدەکاتەوە لە یەک حاڵەتدا ئەویش هەبوونی کوفری ئاشکرایە، هەوڵیداوە ئەم چەمکە لە بازنەی ناڕوونی هزریی دەربێنێ و بیبات بۆ پانتایی یاسایی ڕوون، ئەوەش لە ڕێگای گۆڕینی بۆ ڕێسای ڕێکخستنی مەشخەڵ روون لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان گەل و دەستەڵاتدا، هەربۆیە بەو سیفەتە مشتومڕ لە مەسەلەی دەرچوون دەکات کە یەکێکە لە میکانیزمەکانی چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری

---

١- الكواكبي، طبائع الأستبداد، ص١٠٠-١٠١.

له خراپه كه پێنج ئاستی ناڕازیبوون لەخۆدەگرێ، ئەوانیش بریتین له[1]:
- ناڕازیبوون به دڵ: ئەمەش به كەنارگرتن له دەستەڵات و دابڕانێكی ئەرێنی له خراپه دەستەبەر دەبێت.
- ناڕازیبوون به زمان: كه وەسفی (تێكۆشانی وشه)ی لێدەنرێ.
- نەهێشتنی مافەكانی فەرمانڕەوا به بەگوێنەكردن و پشتگیرنەكردنی: جێكەوتەی ئەمەش (پەككستنی جووڵەی ستەمكار)و لەكارخستنی یاسا دژەكانه.
- لەكارخستنی فەرمانڕەوا یان لابردنی: ئەمەش له حاڵەتی هەبوونی تواناداه فەرزی عەینەو جێكەوتەكەی (داماڵینی دەستەڵاته لەو فەرمانڕەواییه كه له شەرعیەتی ئیسلام دەرچووه بەو پێیه كه (كەمتەرخەم بووه له بەرپاكردنی شەرعی خوا، كەمتەرخەمییەكی خراپ كه هیچ هۆكارێكی ڕاستكردنەوه سەركەوتوو نەبووه له چارەسەركردنی))، بنەمای لابردنیش -لای دكتۆر جرەیشه- بریتییه له پشتگوێخستنی شەرعی خوا، لەگەڵ ئاماژەدان بەوه كه هۆكاره پێشووەكان (لەبارێكدا ڕاست و دروستن كه ناشەرعی نەگاته ئاستی كوفری ئاشكرا).
- كۆتا قۆناغیش بریتییه له نەهێشتنی فەرمانڕەوایی یان قۆناغی دەرچوون لەدژی.
ئەم ئاستانه گوزارشت له بژارده پلەبەندییەكان دەكەن كه كۆتا بژاردەیان دەرچوونه لەدژی ڕژێم له حاڵەتی دەركەوتنی كوفرێكی ئاشكرا لێیەوه، بەڵام ئایا كوفری ئاشكرا لای دكتۆر جرەیشه چییه؟
-به بۆچوونی ئەو- شەرعیەتی سیستمی سیاسیی لەسەر دوو پایەی سەرەكی وەستاوه، ئەوانیش بریتین له: بەرپاكردنی شەریعەتی خوا و دەستەبەركردنی ڕەزامەندی موسڵمانان[2]، مەبەستیش به بەرپاكردنی شەرعی خوا ئەوەیه كه هەر لەسەرەتاوه یاسا هی خوا بێت، شەریعەتی خوا باڵادەست بێت، شەرعی خوا به كامڵی و بێ كەموكووڕی و بەش بەشكردن پراكتیزه بكرێ[3]، لەبەرئەوه ئەوا كوفری ئاشكرا -بەپێی دكتۆر جریشه- له ڕژێمێكی حوكمڕانیدا ڕوودەدات ئەم مەرجانەی تێدا بێت[4]:
- وازهێنان له شەرعی خوا و جێبەجێكردنی یاسای دەستكرد یان شەرعێكی تر.

١- جريشة، علي. المشروعية الإسلامية العليا، المنصورة، دار الوفاء، ط٢، ص٢٥٢-٢٧٩.

٢- جريشة، علي. دعاة لا بغاة، الكويت، ص١٣٣.

٣- هەمان سەرچاوه، ل١٣٠-١٣١.

٤- جريشة، المشروعية الإسلامية العليا، ص٢٨٢-٢٨٣.

– شەرع یان یاسایەکی تر یەکسان بکات بە شەرعی خوا.

دکتۆر جرەیشە دوای ئەوە لە حاڵەتی بوونی کوفرێکی ئاشکراوە دەڕوات بۆ دانانی مەرجەکانی دەرچوون، کە خۆیان لە گرتنەبەری شێوازە پێشووەکاندا دەبیننەوە کە دواینیان لابردنی فەرمانڕەوایە، ئەوەش لە حاڵەتی توانابوون و هێزدا، بەڵام توانایی بەو مانایە نیە یەقین هەبێت کە گۆڕانکاری ڕوودەدات، بەڵکو تەنها ئەگەری سەرکەوتن فەراهەم بێت بەسە. پاشان مەرجێکی تریش دادەنێ کە دەبێت دەرچوون تەنها بۆ پارێزگاری زەرورەتی ئاین بێت، لە هەمانکاتیشدا دەرچوون سنوردار دەکات لە دەست ئەهلی حەلل و عەقد دا (کاربەدەستان) –بە بۆچوونی ئەو–، جا ئەگەر ئەهلی حەلل و عەقد بڕیاری دەرچوونیان دا ئەوا دەبێت موسڵمانان بەگوێیان بکەن[١].

هەمووی ئەو هزرە پێشوە کە دکتۆر جرەیشە دەیانخاتەڕوو لە کتێبێکیدایە بەناوی (المشروعیه الإسلامیه العلیا) کە لەژێر ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشدا دایناوە بەناوی (نحو نقریه محکمه للخروج)، بەڵام ئەوەی لەمبارەیەوە دەیخاتەڕوو گێڕانەوەی گوتاری فیقهی سیاسەتی شەرعییە، چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەمکی کوفری ئاشکرا، کە دکتۆر جرەیشە دەیبەستێتەوە بە ئاستی تەشریعیەوە: پراکتیزەکردنی شەریعەت، نەک ئاستی باوەڕیی، ئەمەش مەسەلەیەکە ئاسانکاری دەکات بۆ پیادەکردنی کوفر لە دەرەوەی میانەی باوەڕ.

بەڵام وێڕای ئەوە هەر بیرۆکەی کوفری ئاشکرا بە ناڕوونی دەمێنێتەوە و لەبارنیە بۆ جێبەجێکردن[٢]، چونکە هەڵوێستگرتن لە شەریعەت مەسەلەیەکی جیدی نیە کە لەتوانادا بێت بوترێ ئەو ڕژێمە کە شەریعەت جێبەجێ ناکات ئەو سیفەتە بەڕەهایی دەچەسپێ بەسەریدا، ئەوەش بەو حوکمە زۆرێک لەو گۆڕانکاریانە کە دەورەی پرۆسەی پراکتیزەی شەریعەتیان داوە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ ڕژێمە سیاسییەکان و هەندێکیشیان وابەستەن بە ژینگەی مێژوویی کۆمەڵگا ئیسلامیەکانەوە.

---

١– هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤.

٢– هەروەها دەکرێ لێرەدا ئاماژە بدرێ بەو ڕاڤەکردنە کە دکتۆر صەلاحەدین دەببوس بۆ مانای کوفری ئاشکرا خستوویەتەڕوو، بەو سیفەتە کە ئاماژە بێت بە (کاربەدەست یان جێنشینی موسڵمان هەستێ بە دوورکەوتنەوە لە ڕێنماییکردنی خەڵکی گشتی و تایبەتی کۆمەڵی موسڵمان و هەر دیمەنێکی هاوشێوەی، تا وا لە موسڵمانی سادە بکات بگاتە ئاستێ حوکمبدات بە کوفری جێنشین). بڕوانە:
– دبوس، صلاح الدین. الخلیفة تولیته وعزله إسهام في النظریة الدستوریة الإسلامیة مقارنة بالنظم الدستوریة الغربیة، الإسكندریة، ص٣٧٣. ئەم پێناسەیە هەرچەندە ناڕوونە هەر ئاماژە دەدات بە بەراوردکردن و لێکچوون لە نێوان کوفری ئاشکراو عەلمانیەتدا.

لەڕاستیدا پشتبەستن بە کوفری ئاشکرا بۆ تیۆریزەی سیاسیی مەسەلەی دەرچوون ئەنجامێکی ناکامڵ دەدات بەدەستەوە، بەو حوکمە کە کوفری ئاشکرا هەر وابەستەیە بە ناڕوونی فیقهیی زۆر وردەوە[١].

هەروەها بەستراوەتەوە بە دەستەبەربوونی مەرجی مێژووییەوە کە پەیوەندە بە سیستم و زۆرتریش بە پەیوەندی چالاکی ژیاریی گەلەوە، پێدەچێ ئەو بۆچوونەی دکتۆر جرەیشە لەژێر بەندی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا پێشکەشیکردووە لایەنی هەرە گرنگی بۆچوونەکەی بێت، چونکە دەرکی بە فراوانکردنی پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە کردووە، بردوویەتی بەرەو لەخۆگرتنی مافی گەل لە ناهەقی حوکمڕانی ملهوڕ و لە لابردنیدا بیئەوەی پێویست بە کافرکردنی بکات، لەگەڵ دەرککردن کە ئەو ئاستە لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، هەردوو پایەی شەرعیەت لەخۆدەگرێ کە دکتۆر جرەیشە جەختیان لەسەر دەکات، ئەوانیش بریتین لە بەرپاکردنی شەریعەت و دەستبەرکردنی ڕەزامەندی گەل، ئەمە بێئەوەی پێویست بکات پرسی کوفر و باوەڕ بخزێنرێتە ناو مەسەلەکە، چونکە بەرپانەکردنی شەریعەت باڵاترین پلەکانی ملهوڕییە[٢].

لەڕاستیدا تێڕوانین بۆ پەیوەندی نێوان گەل و دەستەڵات لە سۆنگەی کوفری ئاشکراوە، سەردەکێشێ بۆ بردنی تەمومژی دەرچوون بەرەو بازنەی دەمەقاڵەی فیقهی کە کۆتایی نایەت، مەعلومیشە کە ڕووبەری هەرە فراوان لە ناکۆکی کۆن

١- دکتۆر قەرەزاوی پێیوایە: (ئەو فەرمانڕەوایە کە حوکمی بە مەسەلەیەکی دیاریکراو کردووە لە دەرەوەی شەرعی خوای گەورە، ئەوا یان بە نەزانی حوکمی پێداوە، ئەمەش کاری وەک کاری کەسێکە نەزان بێت بە شەریعەت، یان کەسێکە بە هەواو هەوەس و بە گوناهکاریی حوکمی پێداوە، ئەوا ئەمە تاوانێکەو پێویستی بە تەوبەکردنە، لێخۆشبوون دەیگرێتەوە، یان بە حوکمێک حوکمی پێداوە کە خۆی بەپێچەوانەی زانایانەوە لێکدانەوەی بۆ کردووە، ئەوا حوکمی ئەم کەسە وەک حوکمی هەر کەسێکیترە کە لایداوە لە دانان بە دەقی قورئان و سوننەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر) بێت. بڕوانە:
- القرضاوي، يوسف. من فقه الدولة في الإسلام، القاهرة، دار الشروق، ط٣، ص١٠٧.

٢- العوا، ممد سليم. في النظام السياسي للدولة الإسلامية، ص٢٦.
دکتۆر قەرەزاوی دەڵێ: (حوکمکردن بە غەیری ئەوە کە خوای گەورە ڕەوانەیکردووە -با کوفرێکیش نەبێ خاوەنەکەی لە ئاین دەربکات، ئەوەش لەبەر نکولینەکردنی حوکمڕانان و ناڕازی نەبوونیان لە شەرعی خوای گەورە- بە دڵنیایی حوکمێکە دژ بە ئیسلامە، بەپێی خاوەنەکەشی ئەوا ڕازیبووە کە ببێتە ستەمکار و فاسیق، ئەوەش ستەمی یەک کاتژمێر و تاوانی یەک ڕۆژ نیە، بەڵکو ستەمێکی بەردەوام و تاوانێکی هەمیشەییە و درێژەدانە بە حوکمێ کە خوا گەورە ڕەوانەیکردووە). بڕوانە:
- القرضاوي، من فقه الدولة في الإسلام، ص١١٧.

له هزری ئیسلامیدا گەڵاڵەبووە لەسەر دەرچوون لەدژی دەستەڵاتی ملهوڕ، بەڵام دەستەڵاتی بێباوەڕ ئەوا هەڵوێستگرتن لێی جێگای ناکۆکییەکی ئەوتۆ نەبووە.

لەم بازنەیەدا دکتۆر قەرەزاوی تەمومژی دەرچوون دەخاتەناو میانەی پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، بێئەوەی پێویست بکات ببەسترێتەوە بە بیرۆکەی کوفری ئاشکراوە. چونکە ملهوڕی و تاوانی گەورە لای ئەو مەترسیان لە کوفری ئاشکرا کەمتر نیە[1]، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنجامدانی خراپەی سیاسیی لەلایەن حکومەتەوە هاتووە هەبوونی توانایی لەسەر گۆڕانکاریی دیاریدەکات، ئەمەش بە یەکێک لەم سێ شێوەیەی خوارەوە دەبێت[2]:

– هێزی چەکدار کە ڕژێمە نوێیەکان لە دەستەبەرکردنی سەقامگیربوونی خۆیان و سەرکوتکردنی نەیارەکانیاندا پشتی پێدەبەستن.

– زۆرینەی پەڕلەمانی لەناو دەستەڵاتی یاسادانانیدا کە خاوەنی مافی دەرکردنی یاساو تەشریعاتەکانە.

– هێزی جەماوەری میللی و ڕای گشتی.

قەرەزاوی لەمبارەیەوە دەڵێ: (هەرکەس یەکێک لەو سێ هێزەی نەبێت، ئەوا جگە لە ئارامگرتن ڕێگایەکی تری نیە، با بەردەوام ئارامبگرێ و لەسەر خەت بێت، پێویستە بە زمان، بە قەڵەم، بە بانگەواز و ڕێنماییکردن هەوڵی گۆڕانکاری بدات، تا ئەوکاتەی ڕایەکی گشتی بەهێز پەیدا دەکات کە داوای گۆڕینی خراپە بکات، هەروەها کاربکات لەسەر پەروەردەکردنی نەوەیەکی پێشەنگی باوەڕدار کە ئەرکی گۆڕانکاری لە ئەستۆ بگرێ)[3].

دکتۆر قەرەزاوی بۆئەوەی مەسەلەی گۆڕانکاری ببەستێتەوە بە کارایی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هاتووە تەمومژی کوفری ئاشکرا تێدەپەڕێنێ، لەناو ئەم تێڕوانینەدا سەرلەنوێ بیرۆکەی هێز و توانایی دەبینین کە پێشەوا جوەینی لەناو بازنەی ئەشعەریەوە قسەی لەسەر دەکات، بەڵام هێز و توانایی تەنها مانایەکی ماددی (سەربازیی) وەرناگرێ، بەڵکو هەردوو مانای سیاسیی و کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە[4]، ئەمەش ئاسۆیەک لەبەردەم چالاکی سیاسیی و بانگخوازیدا دەکاتەوە

---

١– القرضاوي، ن فقه الدولة في الإسلام، ص١١٦.

٢– هەمان سەرچاوە، ل١٢٥–١٢٦.

٣– هەمان سەرچاوە، ل١٢٦.

٤– ئێمە دەبینین کە بیرۆکەی هێزو توانایی بە ڕوونی لای پێشەوا ئەبو حەنیفە دەرکەوت، ئەویش لەو هەڵوێستەیدا کە پشتگیری شۆڕشی پێشەوا زەیدی کوڕی عەلی کرد، ئەبو حەنیفە پێیوابووە کە زەید

که هەست بە گرنگی خراپەی سیاسی دەکات و هانی گۆڕینی دەدات، وادەبینرێ ئەو ئارامگرتنە کە دکتۆر قەرەزاوی ئاماژەی بۆ دەکات هەڵوێستێکی نەرێنی نیە لە دەستەڵات، چونکە ئامانجەکەی بەدەستهێنانی هۆکارەکانی هێز و توانایيە نەک سازان لەگەڵ خراپەدا، دکتۆر عەبدولحەمید ئەبو سولەیمانیش لە سەروبەندی مشتومڕی لەسەر ئارامگرتن لە باری ستەمکردن لە کۆمەڵێکی دیاریکراوی تایبەت لە چاکەخوازان و بانگخوازان جەخت لەم مانایە دەکات، هاتووە ئارامگرتن وەک جۆشدانێکی جەماوەری وەسفدەکات کە دەبێتە هۆی (جوڵاندنی گەل و ئەهلی ڕاوێژکاریی و ڕابەرانی ڕەئی تیایدا[١]، دواجاریش دەگاتە ئەوە کە با گۆڕان لە ڕێگای بژاردەی یاخیبوونی شارستانی و بەرەنگاربوونەوەی ئاشتییانەوە بێت.

مەسەلەکە پەیوەندی نیە بە یۆتۆپیای سیاسییەوە، بەڵکو پەیوەندە بە بژاردەی کۆمەڵگاوە کە گەل ڕزگار بکات لە توندوتیژییە دووبارەبووەکان، هەروەها گۆڕینی ڕەگەزە نەرێنییەکانی سیاسەت لە تیۆری کلاسیکی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا وەک ئارامگرتن بۆ ڕەگەزی خەباتگێڕی بەپێی ڕێسای (پابەندبوون بە هۆکاری ئاشتیخوازانەوە لە ململانێی سیاسیی ناو کۆمەڵگاکان)[٢]، لێرەوە دکتۆر ئەبو

---

ڕاپەڕیوەو هێزو تواناشی نەبووە کەچی هەر ئەو کارەیی پێ خراپ نەبووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هێز و توانا مەرجێک نیە بۆ ڕەوایەتی دەرچوون بەڵکو مەرجە بۆ کاراکردنی دەرچوون، ئەمەش مەرجێکی ڕێژەییەو دەچێتە ژێر هەڵسەنگاندنی جۆراو جۆرەوە.

پاشان بیرۆکەی هێز و توانا لای پێشەوا جوەینی دەرکەوت، هەموو ئەو ئاستەنگانەی نەهێشتووە کە ڕێگری بوون، گرنگترینیان فیتنەگێڕیی بووە، بڕیاریداوە بە دەرچوون لەدژی هەر کەسێک ستەم و ملهوڕییەکەی زۆر قێزەون بووە، ئەمەش مەسەلەیەکی ئەقڵپەسەندە، چونکە هەرگیز هێز و توانا لەژێر ترسی ڕوودانی فیتنەدا دەستەبەر نابێت، چونکە ئەو ترسە ناهێڵێ هۆیەکانی هێز و توانا هەستن بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی گۆڕانکاریی، بە بڵاوکردنەوەی بانگخوازان، ببنە هۆی گەشەدان بە هەستی گەل دژ بە تاکڕەویی، هەروەها بەدەستهێنانی پشتیوانان، بەدەستهێنانی ئامرازەکانی گۆڕانکاریی و توانایی، بەم پێیەش ئەوا هەردەبێ دانبنرێ بە ڕەوایەتی ئەو هەنگاوانەدا ئەگەرنا ئەوا بیرۆکەی هێز هیچ بەهایەکی نیە.

لێرەدا ئاماژە دەدەین کە هێز و توانا بیرۆکەیەکە لکێنراوە بە ڕەوتی دەرچوونەوە، چونکە بەبێ هەبوونی لانیکەمی هێز ناتوانرێ هەنگاو بەرەو دەرچوون بنرێ، هەرکەس دەیەوێت دەربچێت پێویستە ئەو گومانە لای زاڵبێت کە توانای گۆڕینی خراپەی هەیە، ئیتر بە لابردنی بەتەواوەتی، یان بە لاوازکردنی، یان بە ڕاگەیاندنی هەق و ڕاستی و وریاکردنەوەی گەل لە مەترسی خراپەکاریی، هەروەها بەستنەوەی هێز و توانا بە هێزی ماددییەوە ڕاست نیە، چونکە هێزی ستراتیژی درێژخایەن لە بەرەنگاربوونەوەی دەستەڵاتە ستەمکارەکاندا جۆرەها میکانیزم و کاریگەری جیاواز تیایدا بەکاردەهێنرێن، ئینجا بەستنەوەی هێز و توانا بە دەستگرتن بەسەر دەستەڵاتدا هەر ڕاست نیە چونکە ئەوکات دەبێتە باری زاڵبوو نەک هێز و توانایی.

١- أبو سليمان، العنف وإدارة الصراع السياسي في الفكر الإسلامي، ص٢٤.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٤٤.

سولەیمان دەڕوات بەرەو سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی بیرۆکەی (کۆچ) کە لەناو فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیدایە، بەو سیفەتە هەڵوێستێکی نەرێنییە لە دەستەڵات، ئینجا گۆڕینی بۆ ئامڕازی بەرگری، ئینجا بردنەپێشی ڕەوڕەوەی چاکسازی، چونکە کۆچی سیاسیی ئامانجەکەی چاوەڕێکردن یان جیابوونەوە یان بەربەرەکانێیە (وەک ئامادەکارییەک بۆ ڕەخساندنی هەل و بەریەککەوتن لەگەڵ دەستدرێژکاران و خراپەکان لە دەرەوە، تا سنورێک بۆ فیتنەگێڕیی دابنرێ و ماف و ئازادییەکان پێشێل نەکرێن)[١].

بەرمەبنای ئەمە ئەوا ئاراستەی گشتی هزری سیاسیی ئیسلامی لای بیرمەندە سەربەخۆکان بریتییە لە نەچوونەناو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، هەروەها تێپەڕاندنی مشتومڕەکانی لە ڕێگای پەرەدان بە بژاردەی شارستانی ئاشتییانە، ئەم ڕەوتە پراکتیکییە یارمەتیدەرە لە لاوازکردنی توانای فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسی لە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەکانی فیتنەگێڕی و کوفری ئاشکراو سەرپێچی بە واتا ئاینیەکەی، کە ئەمانە کاردەکەن لەپێناو لەکارخستنی ڕەگەزە نوێیەکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ و ڕاکێشانی بۆ جەنگی فیقهی کە کۆتایی نایەت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا فیقهی سیاسەتی شەرعی هەر وەک (دایەنگایەکی کەلەپوری) دەمێنێتەوە کە گوتاری میانڕەوی ئیسلامی کاتێ گیرۆدەی ڕێگری سیاسیی دەبێت پەنای پێدەبات، هەروەها لە کاتی ناڕوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ڕشتەبەندی ئامڕازە دەستوریەکان کە دەستەڵات خۆی دەورەدات پێیان پەنای پێدەبات، کە ئەمانە هەلی گوتاری نوێگەری لە ڕوودانی گۆڕانکاریی خوازراودا سنوردار دەکەن.

هەر لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە بیرۆکەی خیانەتی گەورە بدرێ کە لەناو هەندێ لە دەستورە عەرەبییەکاندا وەک تاکە هۆیەک هاتووە بۆ لێپرسینەوە لە فەرمانڕەواو لابردنی[٢]، کەواتە خیانەتی گەورە هاوتایەکی سەردەمیانەیە بۆ بیرۆکەی کوفری

---

١- هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

٢- دەقی تۆمەتی خیانەتی گەورە لە دەستوری هەندێ دەوڵەتی عەرەبیدا هاتووە، ماددەی (٨٥) لە دەستوری کۆماری میصری عەرەبی دا هاتووە دەڵێ: (تۆمەتبارکردنی سەرۆک کۆمار بە خیانەتی گەورە بەوە دەبێت تاوانێک ئەنجامبدات، ئەوەش لەسەر پێشنیارێک کە بەلانیکەمەوە لە سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەنی گەلەوە پێشکەش کرابێت، بڕیاری تۆمەتبارکردنەکەش بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن نەبێت دەرناکرێ، تەنها بە دەرکردنی بڕیارەکە ئیتر سەرۆک کۆمار دەوەستێنرێ لە ئەرکەکانی، ئینجا جێگری سەرۆک ئەرکەکان بە شێوەی کاتی لە ئەستۆ دەگرێ یان سەرۆک وەزیران لە حاڵەتێکدا جێگری سەرۆک بوونی نەبێت یان نەیەوێت ئەوە بکات، لەگەڵ پابەندبوون بە ڕێگریکردن کە لە برگەی دووەمی

ماددەی (٨٢) دا هاتووە، ئەمەش تا ئەو کاتە تۆمەتەکە یەکلادەکرێتەوە، دادگاییکردنی سەرۆک کۆماریش لەبەردەم دادگایەکی تایبەتدا دەبێت کە یاسا پێکهێنان و ڕێکارەکانی دادگا ڕێکدەخات و سزاکە دیاریدەکات، جا ئەگەر بڕیاریدا بە تاوانبارکردنی ئیتر لە پۆستەکەو پایەکەی لادەبرێ). سەرنجەدرێ کە ماددەکە شاماژەیداوە بە دوو باری جیاواز، ئەوانیش: خیانەتی گەورە و ئەنجامدانی تاوانێکی تاوانکاریی، بێئەوەی مەبەست بە خیانەتی گەورە ڕوونبکاتەوە، هەروەها دەڵێ دەبێت دادگایەکی باڵای تایبەت دادگایی سەرۆک کۆمار بکات کە یاسایەکی تایبەت پێکدەهێنێ و کاروبارەکانی دیاریدەکات.

بەڵام ماددەی (١٢٨) لە دەستوری کۆماری یەمەن دەڵێ: (تۆمەتبارکردنی سەرۆک کۆمار بە خیانەتی گەورە یان پێشێلکردنی دەستور یان هەر کارێکیتر کە پەیوەندی بە سەربەخۆیی و سەروەری وڵاتەوە بێت، ئەوەش بەپێی داوای نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و بڕیاری تۆمەتبارکردنیش بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ نەبێت دەرناچێت. یاسا ڕێکارەکانی دادگاییکردنی ڕووندەکاتەوە، جا ئەگەر تۆمەتەکە ئاراستەی سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی کرایەوە ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەستێ بە ئەرکەکانی سەرۆکایەتی کۆمار بە شێوەیەکی کاتی تا بڕیاری حوکمی دادگا دەردەچێت، دەبێت ئەو یاسایەش کە ئاماژەی پێدراوە لە ڕێگای خولی ئاسایی یەکەمین بەستنی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووەوە بێت کە هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی ئەو دەستورە، جا ئەگەر بڕیاری تاوانبارکردن بۆ هەرکامیان دەرچوو بە حوکمی دەستور لە کارەکەی لادەبرێ، لە هەموو حاڵەتەکاندا بە تێپەڕبوونی کات ئەو مافە لاناچێت واتە هیچکام لەو تاوانانە کە لەو ماددەیەدا باسکراون). لەم دەستورەی یەمەندا تێبینی دەکرێ کە لەگەڵ چەند جیاوازییەکی سەرەکی هەر شوێن دەستوری میصری کەوتووە، لەو جیاوازیانەش: تۆمەتی پێشێلکردنی دەستوری خستووەتە ناو خیانەتی گەورە یان هەر کارێکیتر کە پەیوەندی بە سەربەخۆیی و سەروەری وڵاتەوە بێت. دووەم: داوای ئاراستەکردنی تۆمەتی بەستوەتەوە بە نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە. سێیەم: ماوەیەکی زەمەنی دیاریکردووە بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە دادگاییکردنی سەرۆک کۆمار لەماوەی خولی بەستنی ئاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو کە ئەرکی جێبەجێکردنی دەستوری لە ئەستۆدایە. چوارەم: ماددەکە تۆمەتە پێشوەکانی بەوە داناوە کە بە تێپەڕبوونی کات لاناچن لەسەری. پێنجەم: ماددەی (١٥٣) دەڵێ بەو مەرجە دادگای باڵا کە باڵاترین دەستەی دادوەرییە ڕێکارەکانی دادگاییکردنی سەرۆک کۆمار ڕاپەڕێنێ نەک دادگایەکی تایبەت.

بەلام دەستوری جەزائیریش ئەوا ماددەی (١٥٨)ی دەڵێ: (داداگایەکی باڵا بۆ دەوڵەت پێکەهێنرێ، تایبەتە بە دادگاییکردنی سەرۆک کۆمار لەسەر ئەو کردەوانەی کە دەکرێ وەسفبکرێن بە خیانەتی گەورە) خیانەتی گەورەش دیاریکراوە بەو کردەوانە کە لەوانەیە لە کاتی ئەرکەکانیدا ئەنجامیان بدات.

هەروەها ماددەی (٩١) لە دەستوری کۆماری عەرەبی سوریا باس لە بەرپرس نەبوونی سەرۆک کۆمار لەو کردەوانەی کە دەیانکات (جگە لە خیانەتی گەورە، داواکردن بە تۆمەتبارکردنی بەپێی پێشنیارێکی هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی گەلەوە بەلانیکەمەوە دەبێت، بڕیاری ئەنجومەنی گەلیش بە دەنگدانی ئاشکرا دەبێت و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی تایبەتدا، دادگاییکردنیشی تەنها لەبەردەم دادگای باڵای دەستوریدا دەبێت)، ئەوەش دادگایەکە کە سەرۆک کۆمار ئەندامەکانی بەپێی ماددەی (١٣٩) دیاریدەکات.

دەستوری تونسیش سەرۆک کۆماری هەڵاوێردکردووە لە تۆمەتی خیانەتی گەورە، چونکە ماددەی (٦٨) دەڵێ: (دادگای باڵا لە کاتی ڕوودانی خیانەتی گەورەدا لە یەکێک لە ئەندامانی حکومەت پێکدەهێنرێ، یاسایش دەستەڵاتەکانی ئەو دادگایەو پێکهاتەی و ڕێکارەکانی ڕێکدەخات).

تێبینی دەکرێ ئەو ڕژێمانە کە دەستورەکەیان باس لە ئاراستەکردنی خیانەتی گەورە دەکەن بۆ سەرۆک

ئاشکرا، ئەو ناڕوونیەی کە لە بونیادی دەقە دەستوریەکاندایە ئاماژە دەدات بە حاڵەتێک لە گونجاندنی دەستوری فیقهی گوێڕایەڵی سیاسیی، چونکە هەردوو بیرۆکەکە بە ناڕوون ناوزەد دەکرێن. جا بە چاوپۆشین لە مانا مەعریفیەکانی هەریەکەیان ئەوا هەردووکیان دەڕۆن بەرەو یەک ئەنجام، ئەوانیش بەکافرکردن یان بەخائینکردنە. ئەو شتە کە ناڕوونی خیانەتی گەورە دەخاتەڕوو تەنها واقیعی پیادەکردنی پراکتیکی نیە کە نەبینراوە ئەمجۆرە تۆمەتە دەستوریە ئاراستەی هیچ فەرمانڕەوایەکی سیاسیی لە پلەوپایەیدا بکرێ، بەڵکو نەبوونی میکانیزم و ڕێکاری یاسایی دیاریکراویشە بۆ حاڵەتی (لابردنی دەستوری) لە کاتی ڕوودانی خیانەتی گەورەدا[1].

گومانی تێدا نیە کە هەردوو بیرۆکەکە لە یەک کایەی مەعریفیدا چالاکدەبن، چونکە کوفری ئاشکرا دەبێتە پارێزبەندی بۆ فەرمانڕەوا کە لانەبرێ، بەڵام بیرۆکەی خیانەتی گەورەش ئەوا هەر دەبێتە پارێزبەندی بۆی و لانابرێ لەبارێکدا ئەو تۆمەتە کە لەدژی دەوترێ نەسەلمێنرێ، یان دەستەڵاتە دەستوریەکەی بەوە تەواو دەبێ کە جێگرەوەیەک هەڵبژێردرێ بۆی، تەنانەت بیرۆکەی خیانەتی گەورە وادەبینرێ کە توندوتۆڵترە ئەوەش بەهۆی پەرەسەندنی هزری دەستوری، چونکە فەرمانڕەوا بەدوور دەگرێ لە بەرپرسێتی تاوانکاریی و هەروەها بەرپرسێتی یاسایی لەو سیستمە پەرلەمانیانەدا کە لەسەر هاوکاری دەستوری نێوان هەر سێ دەستەڵاتەکە بەرپابوون.

---

کۆمار ڕژێمی کۆمارین، ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕژێمە پادشایی یان میرنشینی یان سوڵتانی ئەم پرەنسیپە هەر لە بنەڕەتەوە قوبوڵناکەن، کەچی تۆمەتی خیانەتی گەورە هەر لە ڕژێمە کۆمارییەکاندایە کە ئەویش بە دەستور دیارینەکراوە.

١- لەم وەسفکردنەدا یاسای (ڕێکارەکانی تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنی ئەو بەرپرسانەی کە کارمەندی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنی باڵان لە دەوڵەتدا) هەڵاوێرد دەکەین، ئەو یاسایە کە لە بەرواری ١٩٩٥/٣/٢١م لە کۆماری یەمەن دەرچووە وەک ڕاپەڕاندنی ماددەی دەستوری ژمارە (١٢٨) کە پێشتر ئاماەی پێکراوە، چونکە یاساکە خیانەتی گەورە)ی بەوە پێناسەکردووە کە بریتییە لە (هەستان بە کارێ کە کۆدەنگی لەسەرە، کە کوفرە یان لەکەدارکردنی یەکبوونی نیشتمان یان وازهێنان لە بەشێکی، یان گۆڕینی سیستمی کۆماری و پرەنسیپەکانی شۆڕشی یەمەنن، یان هەستان بە هەر کارێ لە کارەکانی سیخوڕی، یان ئاشکراکردنی نهێنی بۆ بەرژەوەندی هێزی دەرەکی دژ بە وڵاتی یەمەن). هەروەها تێبینی دەکرێ کە یاساکە چەمکی کوفری خستووەتە ژێر چەمکی خیانەتی گەورە و دەقی کوفری ئاشکرای گۆڕیوە بە دەقی کوفر کە کۆدەنگی لەسەر بێت، لە هەمانکاتیشدا کوفری کۆدەنگ لەسەری یەکسانکردووە بە تۆمەتی تری وەک لەکەدارکردنی یەکبوونی نیشتمان و هیتریش. یاساکە ڕێکارەکاتی تۆمەتبارکردن و دەستبەسەرکردن دیاریدەکات، لە نێویشیاندا ڕێکارەکانی دەستبەسەرکردنی سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی، هەروەها ڕێکارەکانی دادگاییکردنی....

**دووەم: بەرەو بونیاتنانەوەی چەمکەکە: گوتە بنەڕەتیەکان**

**١- پێداویستی میتۆدیی بۆ بونیاتنانەوەی چەمکەکە:**

پرۆسەی بونیاتنانەوەی چەمکەکە سروشتێکی ڕێکاری وەردەگرێ، کە بەرپا دەبێت لەسەر سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی بەشەکانی چەمک و پێکهاتەکانی، لەسەر دیاریکردنی سنور و پارچەکانی، هەروەها تێپەڕاندنی هەندێ لە تەمومژەکانی بەشێوەی قۆناغبەندی، ئەم پرۆسەیەش بە سەربەخۆ و بە جیا لە دەرهاویشتەکانی ئەزموونی مەعریفی ئەنجامنادرێ، بەڵکو بە هۆشیارانە دەچێت بەدەمیەوە، چونکە دەرئەنجامە مێژوویيەکان بە هەند وەردەگرێ کە پشکیان هەبووە لە پێکهێنانی ئەو ئەزموونە، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو و نێوان تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی چەمکەکە، لێرەشدا دەتوانرێ جەختبکرێ کە پرۆسەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوە پرۆسەیەکی کەموکووڕ یان بەرتەسککردنەوە نیە کە مەبەستی سەلماندنی نەشیاوی چەمکەکە بێت بۆ پیادەکردنی واقیعی و هزری، یان سەلماندنی کەمتەرخەمی مەعریفی، یان گەڕان بەناویدا بۆ ئەو توخمانە کە وایان لێهاتووە شیاوی ژیان نەبن، ئەمە لە کاتێکدا کە مێژوو خاوەنی گەورەترین کاریگەرییە لە بونیاتنانی چەمکەکەو پێکهێنانیدا لەسەر ئەو شێوەیە کە هزری سیاسیی ئیسلامی تیایدا سەقامگیر بووە، بەو پێیە کە پیادەکردنی مێژوویی نەک تیۆریزەی ڕووت تواناداره لەسەر سەلماندنی شیاویی ژیاریی چەمکەکە، هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی لە پرۆسەی بونیاتنانی ژیاری گەلدا، هەر بەشداریەکیش لەمبارەیەوە جگە لە دەستەبەرکردنی مەرجی مێژوویی بۆ ڕوودانی شتێکیتر نیە، ئەوەش لە ڕێگای زەمینەسازییەکی مەعریفی بۆ چەمکەکەو مامەڵکردنێکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕەگەز و پێکهاتەکانیدا.

پرۆسەی بونیاتنانەوە پرۆسەیەکی ڕزگارکەر نیە کە ئامانجی دەرهێنانی چەمکەکە بێت لە ئاژاوەی بەکارهێنانی عورفی، هەروەها دوورخستنەوەی بێت لە پرۆسەی بەکارهێنانی سیاسیدا، چونکە ئەو دوو پرۆسەیە پەیوەندیان نیە بە سەرلەنوێ بونیاتنانەوەوە، دەکرێ ڕوونترین چەمک -بۆ نمونە وەک یەکتاپەرستیی- بکەوێتەبەر پرۆسەی لەو جۆرە، لەڕاستیشدا پرۆسەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوە بەرپا دەبێت لەسەر سەرنجدان لە تایبەتمەندییە بونیادییەکانی چەمکەکە، ئەوەش دوای ئەوە کە بەپێی ئەو دەقەی بووەتە دایەنگای چەمکەکە دیاری دەکرێ، ئەویش لەتوێی میانە ناوخۆی و دەرەکییەکانیدا. ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەیەکە لە خودی خۆیدا پێویستە، گرفتی بەکارهێنانی عورفیش بۆ چەمکەکە و پشێوی چەمکگەرایی

کە بووەتە نیشانەی سەردەمی ئەمڕۆ، جگە لەوە کە ڕەگەزێکی دۆزەرەوەی گرفتە ڕاستەقینەکان بن کە چەمکەکە لە کەلەپوری ئیسلامیدا پێیەوە دەناڵێنێ شتێکیتر نیە.

گرنگە وەبیربێنینەوە کە بنەمای شەرعی چەمکە ئیسلامییەکان ڕێگرە لە ڕوودانی پرۆسەی شێواندنی تەواوەتی ئەو چەمکانە، تایبەتمەندیی چەمکە ئیسلامیەکان بەو سیفەتە کە دەچنەوە سەر یەک بازنەی مەرجەعی نەگۆڕ ڕێگا دەدات بە سەرلەنوێ بنەمادۆزی و خستنەڕووی ئەو گۆڕانکاریانە کە لکاون پێیەوە، ئەوەش پرۆسەیەکە با زۆر زەحمەتیش بێت بەڵام هەر ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە، لێرەوە هزری ئیسلامی بەهۆی هەبوونی ڕەگەزی نەگۆڕ تیایدا کە پرۆسەکانی نوێبوونەوە کاتێک بۆ کاتێکیتر لەسەری دەوەستن تواناداراەو شیاوە بۆ نوێبوونەوە.

لادانی بەشیی لە چەمکەکان لای بازنە ژیارییەکانی تر دەبێتە هۆی لادانی گشتی لە باوەڕدا، بەڵام ئەم حاڵەتە لە بازنەی ژیاری ئیسلامیدا بوونی نیە ئەوەش بەهۆی نەگۆڕی باوەڕ و جێگیری (ڕێسای پاراستن). لێرەوە ئەوا هەوڵی دانانی لێکدانەوە لە جێگای دەق و پشتبەستن پێی وەک چوارچێوەیەکی مەرجەعی بۆ پرۆسەکانی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن مەسەلەیەکە لەوپەڕی مەترسیدایە، چونکە لێکدانەوە بریتییە لە بەرهەمی جووڵەی ئەقڵی مرۆیی لە دەقی نەگۆڕدا. پرۆسەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوەش لەسەر گەڕانەوەیەکی بەرچاوڕۆشن بۆ دەقەکە بەرپادەبێت، بێئەوەی پێویستی بە لێکدانەوە هەبێت مەگەر تەنها لەبارێکدا نەبێت کە ڕێنماکار بێت و زیاتر لەوە نا، لەبەرئەوە پشتبەستن بە لێکدانەوە کە ببێتە بەربەست لە نێوان ئەقڵ و دەقدا، وا لە پرۆسەی بونیاتنانەوە دەکات پرۆسەیەکی لاوەکی و پەراوێزی بێت، ئامانجەکەشی کورتدەکرێتەوە لە پاساودان بۆ هەندێ لێکدانەوەی مێژوویی و هیچیتر.

ئەرکی سەرەکی سەرلەنوێ بونیاتنانەوە بریتییە لە پارێزگاری لە چەمکەکان بە مانا شەرعییە بنەڕەتیەکانیان، بێئەوەی بە مەبەستی گونجاندنی چەمکەکە لەگەڵ پێداویستییەکانی بارودۆخی مێژوویی و گۆڕانکارییەکانی واقیعی سیاسیی بخرێنە بەردەم زنجیرەیەک لێکدانەوەی خودی، چونکە پرۆسەی لەوجۆرە چەمکەکە تێدەپەڕێنێ و دەڕوات بەرەو تاکڕەویی ئەو دەقە کە هەڵگری چەمکەکەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە هەڵسوکەوتی سیاسیی ئیسلامی پارێزگاری بکات لە وێنەی پێوانەیی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسیی، تەنانەت با جیاوازیش بێت لە واقیع، چونکە گۆڕین و لادان لەو وێنەیە لەژێر زەرورەتی واقیعێکی گۆڕدراودا هزر والێدەکات توانای خۆی لەدەستبدات لەسەر هێنانەوەکایە کاتێ کە زەرورە.

لێرەدا پێدەچێ ئەقڵی ئیسلامی لەبەردەم پرسێکی زۆر بایەخداردا بێت، کە پەیوەندە بە توانای لەسەر جووڵە لە واقیعی سیاسیدا بێئەوەی ناچار بێت شەرع لەگەڵیدا بسوڕێتەوە. مەعلومە کە شەرع ڕەگەزێک نیە شوێنکەوتەی بزاوت بێت بەڵکو کۆنترۆڵکار و دادوەرە لەسەری، دوورکەوتنەوە لە شەرع باشترە لەوەی دووربکەویتەوە لە مەبەستەکانی، چونکە موسڵمان لەتوانایدایە بەگوێی ڕژێمێکی سیاسیی بکات کە مەرجەکانی دادپەروەری تێدا نەبێت بێئەوەی ئیدیعا بکات کە ئەوە هەڵوێستی شەرعە، ئەم هەڵسوکەوتە سەلامەتەش وادەکات ئەگەری گەڕانەوە بۆ شەرع لە زەیندا بێت نەک دوورکەوتنەوە لێی.

بێگومان گۆڕینی هەڵسوکەوت و قەناعەت و ئەزموونەکان بۆ حوکمی شەرعی مەسەلەیەکە چەندین ئاستەنگی سەخت لە ڕێگای بونیاتنانەوەدا دادەنێ، جۆرێک لە شێواندن و تێکەڵ و پێکەڵی لەسەر ئاستی هزر و هەڵسوکەوت دروستدەکات، بیرۆکە دەستەویەخەی فەتوا دەکات، شەرع ڕووبەڕووی واقیع دەوەستێنێ، ئەمانەش چەند دووانەیەکی نا ڕاستگۆن و بەردەوامبوونی ستەم و ملهوڕی دەپارێزن، ناکۆکی لێ دووردەخاتەوەو دەیبات بەرەو مەیدانی هزر و باوەڕ، تا -مادامێ حاڵەتەکە بەوجۆرەیە- دەستەڵات ببێتە مەرجەعێک بۆ بیرکردنەوە نەک بابەتێک بۆ بیرلێکردنەوە، لێرەوە ئیدارەی ململانێ هزرییەکانی نێوان هەموو لایەنە جیاوازەکان دەکات، ئینجا هەڵدەستێ بە ڕۆڵی ناوبژیوانی (پاک)، هەرکاتیش پێویستیکرد سەرکوت دەکات، ئینجا هەڵدەستێ بە گێڕانی گەورەترین ڕۆڵ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا.

لەلایەکیترەوە حەزی هزری سیاسیی ئیسلامی بۆ بزاوت بەرلە کامڵبوونی تیۆریزەو توێژینەوەی مێژوویی بابەتی، ئەو سیفەتەیە کە خەریکە زاڵببێت بەسەر ڕوخسارەکانی بیرکردنەوەی ئیسلامی هاوچەرخدا، کە -تا ئاستێکی گەورە- پرۆسەی بونیاتنانەوەی چەمک پەکدەخات، ڕاستە لەتوانادا نیە قۆناغێکی زەمەنی دیاریبکرێ بتوانرێ تیایدا بوترێ کە تیۆریزەکردن کامڵبووە، بەڵام لۆژیکێک هەیە هاودەمی هەر پرۆسەیەکی تیۆریزەیەو دەتوانێ ئەو ئاستە کە پێیگەیشتووە یان نا بخاتەڕوو، حەزی کەوتن بەلای بزاوتدا دەبێتە مایەی دەستبەسەرکردنی هزر، هەروەها -کە ئەمە گرنگە- هزر بەرپرسێتی هەڵەکانی بزاوت هەڵبگرێ، چونکە مەسەلەی بزاوتی زاڵدەبێ بەسەر مەسەلەی بیرکردنەوەی ڕەهاداو سنورداری دەکات، زۆر کەس هەن خۆیان گەمارۆدەدەن بە هەندێ مەسەلەی واقیعی سیاسیەوە کە هێشتا لە قۆناغی تیۆریزەکردندایە، مەترسی ئەم ئاراستەیە

لەوەدایە کە هزر بەرلە کەوتنە جووڵە لە لانکەی خۆیدا دەمرێ، ئینجا مەعریفەش دەگۆڕدرێ بۆ پرۆسەی دواندنی هزر نەک خوێندنەوەی، ئەم کارەش زۆربەیجار لە بیرکردنەوە لە مەسەلەی گوێڕایەڵی سیاسیدا ڕوودەدات.

خستنەوەڕووی ئایندەی چەمکەکە لە قۆناغی بیرکردنەوەی ڕەخنگرانە لەسەر ئاستی تیۆری دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی چەمکەکە، هەر هەوڵێکیش بۆ خستنەرووی پێکهاتە بنەڕەتیەکانی پەکدەخات، ئەوەش بە بیانووی گونجاندنی لەگەڵ واقیعدا، چونکە لەوانەیە بیرکردنەوە -بۆ نمونە- لە مەترسی ئەو ئەنجامانە کە پرۆسەی بونیاتنانی مەعریفی چەمکەکە پێیگەیشتووە لەوەدا کە پەیوەندە بە فیتنەو دەرچوونەوە، هۆیەک بێت بۆ دامرکاندنی چەمکەکەو خستنیەژێر پرۆسەی ڕێککردن و هەڵپاچینی بەردەوام، کە چەمکەکە دوای ئەوە ببێتە بەرهەمێکی شێواو و لێڵ بۆ پرۆسە کۆنترۆڵکارە ئاوێتەکان، بۆیە پێویستە پەرەبدرێ بە ڕێبازی بیرکردنەوەی ئیسلامی دەرهەق بە پرسی چەمکەکان، بۆئەوەی لە پرۆسەی بنەمادۆزی و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی چەمکە ئیسلامیەکاندا شتی خودی زاڵ نەبێت بەسەر بابەتیدا.

لەڕاستیدا مەسەلەی کۆتکردنی بیرمەند لەخۆیدا دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، لەبەرئەوە پێویستە پرۆسەی بونیاتنانەوەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ئاستی مەعریفی یەکەمجار لە بازنە زانستییە توندوتۆڵەکاندا ڕوو‌بدات، گرنگیدان بە مەترسی بەردەوامبوونی قەیرانی چەمکە ئیسلامیەکان دابەشبکات، چونکە ئەگەر پرۆسەی بونیاتنانەوە بخرێتەبەر کەشو هەوای تری نادروست لەوانەیە ببێتە هۆی زیاترکردنی ئەو شێواویە کە لکاوە بە چەمکەکەوە، هەروەها خستنیەبەر مشتومڕ لەو بازنانەدا کە هەر لە بنەڕەتەوە داننانێن بە بوونی گرفت، ئەمەش ببێتە هۆی ڕوودانی گەڕانەوەی پاشەوپاشی پرۆسەی بونیاتنان، لەڕاستیدا پابەندبوونی هزری مەرجێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی بونیاتنان. ئەمە لە ڕووی خودییەوە، لە ڕووی بابەتیشەوە ئەوا بەکارهێنانی دەقەکان لە پرۆسەی بونیاتنانەوەدا مەسەلەیەکە پێویستە پێشتر سنوردار کرابێت بە (مەبەستی تەشریعی) دەقەکە، یان بە ئەرکی دەقی دامەزرێنەری چەمکەکە، ئەمەش پرۆسەیەکە لەمەوپاش باسیدەکەین.

ئەمانەی پێشەوە ئەو مەسەلانەن کە بۆ پرۆسەی بونیاتنانەوە پێویستن، بەو سیفەتە کە پرۆسەیەکە ئامانجی دەستەبەرکردنی پایەداری مەعریفی چەمکەکەیە، نەک گۆڕینی بۆ پرۆژە، یان بۆ ڕێبازێکی بزاوتی، یان بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، یان بناغەیەک بێت بۆ چارەسەرێکی مامناوەند بۆ تەمومژی ئەو پەیوەندییانە کە لە

نێوان دەستەڵات و گەلدایە، لەبەرئەوە ئەو پرسیارە سەرەکییە کە پێویستە لێرەدا بکرێ ئەمەیە: ئایا چیبکرێ تا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی کارا بکرێ و بەشدار بێت لە پرۆسەی بونیاتنانی ژیاری گەلدا؟

ئەم پرسیارە کە خولگەی پرۆسەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوە پێکدێنێ ئاسۆی سیاسیی چەمکەکە تێدەپەڕێنێ، بۆیە پێویستە بەو سیفەتە مامەڵە لەگەڵ چەمکەکەدا نەکرێ کە دەستەیەک ڕێسای فیقهی و زۆرەملێی مەعریفیە کە بە هەموویانەوە جگە لە بەدەمەوەچوونێکی کاتی بۆ سەرئەنجامە مێژووییەکان کە لە ئەمڕۆدا بوونیان نیە هیچیتر پێکناهێنن. بێگومان پرۆسەی سەرلەنوێ بونیاتنانەوە پرۆسەیەکە پێویستی بە هەوڵی دەستەجەمعی هەیەو بەدرێژایی ساڵانێکی تولانی ئەنجامدەدرێ. مەبەستی ئەم کتێبەش تەنها دانانی هەندێ هێڵی گشتییە بۆ پرۆسەی بونیاتنانەوە، بە خستنەڕووی ئەو باسانەی لە بەشە پێشوەکاندا هاتوون، بەو پێیە کە پرۆسەی بونیاتنانەوە بە ڕەوتێکی هاوتەریب و پێکەوەبەستراو لەگەڵ پرۆسەی شیکاری مێژوویی بەشە پێشوەکان ڕێیکردووە، ئەوەی لێرەشدا دەیخەینەڕوو بریتییە لە چڕکردنەوە لەسەر هەندێ گوتە کە تیایدا هاتوون، بەو سیفەتە کە هەوڵێکە بۆ تێپەڕاندنی تەمومژی دەروازە کلاسیکییەکانی چەمکەکە، ئیتر فیقهی یان کەلامی یان فەرموودەیی یان هیتریش بێت.

**٢- بونیاتنانەوەی چەمک: دەروازەیەکی تەواوکار**

أ- دیاریکردنی سنوری ئەرکی دەقی دامەزرێنەر:

ڕاست نیە بوترێ قورئانی پیرۆز چەمکە سیاسییەکان بێلایەنانەو داماڵراو لە هەر سنورداركردنێ دەهێنێ، هەروەها وازیان لێهێنراوە بۆ ڕۆژگار تا بە ڕاستییەکان و گۆڕانکارییەکانی خۆی پڕیان بکاتەوە، ئەم گوتەیە تەنها بۆ هۆکار و میکانیزمەکان ڕاستە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گونجاندنی تەواو لە نێوان هۆکار و ناوەڕۆکدا. پێدەچێ ئەم مەسەلەیە لە چەمکە پراکتیکی یان بەکاربەرەکاندا زۆرتر ڕوون بێت، چونکە چەمکی بەکاربەر چەمکێکە دەڕوات بە ئاراستەی بزاوتدا و ڕاگر و لێهاتوویی خۆی لەناو ئەو دەقەدا بەدەستدێنێ کە بەرهەمی دێنێ، دەقی قورئانیش ڕەچاوی سەلامەتی ڕێکردنی ڕێکوپێکی ئەو بزاوتە دەکات، ئەوەش لە ڕێگای کۆمەڵێ نیشانەو هێماوە کە بە هەموویانەوە ناوەڕۆکی چەمکەکە پێکدێنن، بەم پێیە ئەوا ئەو زیادەیە کە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ چەمکەکە دەستبەر دەبێ نابێت بگاتە ئاستێ کە ناوەڕۆکی قورئانی چەمکەکە بگۆڕێ بە ناوەڕۆکێکی مێژوویی جیاواز، بەڵکو کاری هەر ئەوە دەبێ میکانیزم و هۆکارە پراکتیکییەکانی چەمکەکە سنوردار

بکات، یان ڕەهەندە مێژووییەکانی بخاتەڕوو، کە بارودۆخی کۆمەڵگا لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا ڕێگا نادات بە خستنەڕوویان، هەر لەناو دەقەکەدا دەمێننەوە تا بە ڕێگای بزاوتی واقیع دەکەونەڕوو.

لەڕاستیدا چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەم مانایە بریتییە لە چەمکی هەڵسوکەوتی باوەڕییانە نەک باوەڕ، چونکە وەک چەمکی بناغە وایە کە لە سنوری هەڵسوکەوتی ویژدانی تاک یان کۆمەڵی موسڵماناندا ناوەستێ، لێرەوە ئەوا ئامادەبوونی لەناو بونیادی دەقی قورئانیدا ئامادەبوونێکە کە نیشانە گشتییەکانی دیدی قورئانی لەخۆدەگرێ، هەروەها ڕەچاوی ئەو بەها قورئانیانە دەکات کە بەدەوریدان، هەروەها وەڵامگۆیە بۆ ناوەڕۆکی ئەو دەقانەش کە خۆیان لە کۆت و بەندە قورئانییەکان و ناوەڕۆکی قورئانی بۆ چەمکی کاربەدەستان وێنا دەکەن، بەو سیفەتە کە ڕەگەزی بنەڕەتی پێکهێنەری چەمکەکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئەو پرسانە کە ناوەڕۆکی مەعریفی چەمکەکە پشتیان پێدەبەستێ لە ژینگەی دەقی قورئانیدا سنوردارکراون، بەڵام میکانیزمەکانی بەگەڕخستنی چەمکەکە و ئامرازەکانی هەر بەستراون بە گەل و بە بزاوتی مێژوویی گەلەوە.

بەڵگەنەویستە زۆرێک لە ڕەگەزە ماناداره شاردراوەکان لەناو ئەو دەقەدان کە چەمکەکەیان لە ئامێز گرتووە، بەڵام خستنەڕوویان هەر بەستراوەتەوە بەو هەڵسوکەوتە مێژووییە کە لەتوانایدایە گوزارشت لە ڕەهەندە ناکۆتاکانی چەمکەکە بکات، بەڵام بەهۆی بەلاڕێدابردنی ئەزموونی سیاسیی موسڵمانان لەدوای جێنشینیی ڕاشید، هەروەها هەوڵی خستنەڕووی چەمکەکە بە شێوازێکی مێژوویی کۆتایی، پەرەسەندنی چەمکەکەی لەسەر تێگەیشتن و دەرککردن لە ئاستێکی دیاریکراودا وەستاند، ئەمەش تایبەت نیە تەنها بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، بەڵکو دابەزینی ئاستی کارکردنی سیاسیی بە شورا و دروستبوونی دەمەقاڵەی نەزۆک لە زەرورەتی بوون یان نەبوونی، بووە هۆی سڕکردنی شورا و داپۆشینی واتا سیاسییەکانی، هەروەها بووە هۆی بەرگرتن لە تواناکانی لەسەر ڕێکخستنی سیاسیی و بونیادی ژیاریی.

هەقیقەتی هەبوونی چەندەها مانا لەناو دەقی قورئانیدا، کە هەرکات هەڵسوکەوتی مێژوویی بە ئەقڵانی کرا ئەوا دەتوانێ دەریان ببڕێ، ئاماژەیە بە هەڵەی ئەو بۆچوونەی پێیوایە کە لەتوانادایە چەمکەکە لەسەر بنەمایەکی کۆدەنگی کە تەنها لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بەرپا ببێت بونیاتبنرێ، واتە بێ ئاوڕدانەوە بەلای مانا قورئانییەکانی چەمکەکەو ئەوەی دەقەکە دەیخاتەڕوو

وەک خۆی نەک وەها کە خوێندنەوە لێکدەرەوەکان دەریدەخەن. بەڕاستی ناوزەدکردنی ئەرکی دەقی قورئانی لە ڕووی مێژووییەوە بە ئەرکێکی دانپێدانەر، کە بەگوێکردنی کاربەدەستانی لێکەوتەوە، وایکرد ڕۆڵی لەم ئاستەدا تەواو ببێ، نە کۆت و بەندی لەسەر داناو نە ناوەڕۆکەکەیی سنوردارکرد، هەروەها چەمکەکەو چەمکەکانی تری ناو ڕشتەبەندی بەها قورئانیەکانی نەبەست بەیەکەوە، ئەمەش وای لە فەرموودەناسان کرد بڵێن سوننەت ڕوونکەرەوەی ئەوەیە لە قورئاندا هاتووە، ئیتر لە بونیاتنانەوەی چەمکەکەدا پشتی پێبەسترا بێئەوەی ڕەچاوی نیشانە ڕەسەنە قورئانیەکان بکرێ.

فەرموودەناسان بۆ دۆزینەوەی مەرج و دیسپلینەکانی چەمکەکە کەوتنە گەڕان بەناو فەرموودەکانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، وەک بڵێی چەمکەکە لە قورئاندا بە ڕەهایی و داماڵراو لە هەر سنوردارکردنێ هاتووە، ئینجا کارکرا لەسەر فەرامۆشکردنی واتای گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لە کاتی بوونی ناکۆکیدا، بە بەستنەوەی بە چەمکی گوێڕایەڵیەوە بە پلەی جیاواز جیاواز، ئینجا پێناسەی کاربەدەستان درا بەسەر ڕژێمە ملهوڕ و زاڵبوو و گەندەڵەکاندا، هەردوو چەمکی گوێڕایەڵیی و باوەڕ بە توندی بەستران بەیەکەوە، ئینجا ئەویش گۆڕدرا بۆ بەشێک لە باوەڕ. هەر بە واقیعیش سوننەت لە مەسەلەی سنوردارکردنی چەمکەکەدا دای بەسەر قورئاندا، ئەمەش لەو خوێندنەوەیەدا بەدیدەکەین کە فەرمووده دژبەیەکەکان لەو بەشەدا پێکەوە کۆدەکاتەوە، چونکە لەبەر بەرژەوەندی خوێندنەوەی فەرموودەیی کە ئاراستەکراوە بۆ میکانیزمی تایبەتکردن، ئایەتەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دوورخرانەوە.

هەڵپەی ڕاکردن بەدوای خوێندنەوەی لێکدانەوە بۆ دەقی قورئانیی لەژێر کاریگەری هەڵسوکەوتی سیاسیی و دەرهاویشتە مێژووییەکان، هۆکارە بۆ نەشارەزایی بە چەمکەکە، مەسەلەکەش پەیوەند نیە بە کەمتەرخەمی مەعریفی کە هاتووەتە ناو بازنەی زانستە ئیسلامیەکان، بەڵکو هۆیەکە وەڵامگۆی نابابەتی بوو بۆ بارودۆخی واقیعی سیاسیی. دەتوانین لە ڕێگای ئاگاداربوون بە فیقە و بە فەرموودە -بە پلەی سەرەکی- بارودۆخی ئەو واقیعە گۆڕدراوە لەدوای جێنشینیی ڕاشید بەدیبکەین، زاڵبوونی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان بەسەر پێشەوا عەلی دا ڕەگەزی (بەگوێکردنی زاڵبوو)ی خستەناو چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، هەروەها گەیشتنی یەزیدی کوڕی موعاویە بە دەستەڵات ڕەگەزی (بەگوێکردنی فاسیق)ی خستەناو چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، ئینجا هاتنی

یەک بەدوا یەکی ڕژێمە ملهوڕە جیاوازەکان بەسەر حوکمڕانی ئیسلامدا ڕەگەزی (بەگوێکردنی ملهوڕ)یان هێنایە کایە.

بێگومان ئەم ڕەگەزانە کە لە ڕووی سروشتیانەوە جیاوازن لە مانای چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە نیشانە قورئانیەکەی، هەر بە کردەی هەڵسوکەوتی مێژوویی موسڵمانان لەدوای سەردەمی جێنشینیی ڕاشید بوونە بەشێک لەو چەمکە، جا ئەگەر ئەو شتە مێژووییە نامۆیانە لەژێر پەردەی پرەنسیپی زەرورەتدا ڕوویاندابێت، ئەوا بەردەوامبوونی ڕووداوە مێژووییەکان و هەوڵدانی هزری ئیسلامی بۆ ڕێکردن لەگەڵیان تا وەک دابڕاوێ لە واقیع دەرنەکەوێ، جۆرێک تێکەڵکردنی لە نێوان گوێڕایەڵیی سیاسەتی شەرعی و (گوێڕایەڵیی زەرورەت)دا هێناوەتەڕوو.

ئەوەی فەرموودەناسان پێی هەستاون بە دیاریکراوی بریتییە لە کورتکردنەوەی کۆت و بەندی چەمکی گوێڕایەڵی سیاسیی لە هەردوو کۆت و بەندی سەرپێچی و خراپەدا[١]، هەروەها سڕینەوەی فرەجۆری فەرموودە لە ڕێگای بە یەکجۆرکردنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، ئەوەش بۆ هەڵسوکەوتی سیاسیی کە جەختدەکەن لەسەر ئارامگرتن. زیاد لەوەش ڕەوشی فەرموودەیی زنجیرەیەک مەعریفەی گومانبڕی بەرهەمهێناوە کە پشتدەبەستن بە تێگەیشتنی بەشیی دەقەکانی پێغەمبەرایەتی، کە کاریگەری ئەزموونی مرۆیی لەسەریان ڕوون بووە، ئەو مەعریفە گومانبڕانەش خۆیان لە مەسەلەی حوکمدان بە حەرامکردنی دەرچووندا دەبیننەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە بیانووی کۆدەنگی لە لێکدانەوەی فەرموودەکەی عوبادەی کوڕی صامت دا (خوا لێی ڕازی بێت)، هەروەها حوکمدان بە فەرزی بەگوێکردنی ملهوڕ و فاسیق و زاڵبوو، کە ئەمانە چەند ڕووداوێکی مێژوویین، بەڵام شێوەی گومانبڕی شەرعیان وەرگرتووەو بە کردەی پیادەکردنی مەعریفی گۆڕدراون بۆ جۆرێک لە ڕێسا هەمووەکیەکان، کە حوکمەکان لێیانەوە زاوزێ دەکەن ئیتر بەبێ ڕەچاوکردنی سروشتی ئیجتیهادی ئەو ڕووداوە ڕەهایانە، تا -دواتر- لە بازنەی هزری سیاسیی ئیسلامیدا گرفتێکی کەلتوری سیاسیی توند

١- سەرنج ڕادەکێشین بەلای ئەوەدا کە دەکرێ وەسفی بکەین بە کەمتەرخەمی ڕاڤەی سیاسیی بۆ چەمکی سەرپێچی، لە چەند جێگایەکی ئەم کتێبەدا باسمانکردووە کە هەردوو کۆت و بەندی سەرپێچی و خراپە بەس نین بۆ گوێڕایەڵیی سیاسیی، چونکە دیلی دوو مانای ئاینی ڕووتن، لەبەرئەوە کارکردن بە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی پێویستی بە کۆت و بەندی گرێبەستی هەیە کە گەل بەپێی بارودۆخ و واقیعی خۆی بەرهەمیان بێنێ، هاوکات گوزارشت بکات لە شێوەیەک لە شێوەکانی پەیوەندی پەرەپێدراو و نا ڕواڵەتی بە دەستەڵاتەوە.

و تێکەڵ بە کەلەپورێکی بەرفراوان لە (شەرح) و لە (پەراویز)ەکان چالاک ببێ، کە پشتی یەکتر قایم دەکەن و لەسەر یەکتر ڕادەوەستن، یەکێکیان لە یەکێکیتریانەوە دەگوێزێتەوە، ئەم کارەش بووە هۆی گەمارۆدانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، کە بەهۆی مەترسی و هەستۆکی جێگە قایمی فەرموودە و فیقهی چەمکەکەوە، زەحمەت بوو پەی مەعریفی پێببرێ و سازشی میتۆدی لەسەر بکرێ، چونکە گەیشتن بە چەمکەکە بە دیدێکی جیاواز وەها دەبینرێ وەک بڵێی ڕووبەڕووی سوننەت دەبێتەوەو لەگەڵ کۆدەنگیدا بەرکەوتن دروست دەبێ.

ئەمەی لە پێشەوە باسکرا وایکرد چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بخزێنرێتە ناو ڕەوشی فەرموودەو بەوشێوەیە بخرێتەڕوو، بەشێوەیەکی یەکجارەکیش هەر ڕێگایەک دابخات لەوەی جارێکیتر قسەی لەسەر بکرێ، مەرج نیە ئەوەش کردەیەکی مەبەستدار بووبێت، بەڵکو دەکرێ لەبەرئەنجامی مامەڵەکردن بە هۆشیاری مێژوویی نەرێنیەوە بووبێت، کە بەو وەسفە دەڕوانێتە بەگوێکردنی فەرمانڕەواکان وەک گەرەنتیەک بێ بۆ دووبارنەبوونەوەی فیتنەگێڕیی، هەروەها کلیلی سەقامگیری کۆمەڵگا بێت، تا گشت لایەکیش ڕازیبن بە واقیعی سیاسی، ئیتر بێئەوەی سەرنجبدرێ لە حیکمەتی فرەجۆری فەرموودەکان کە فەرماندەدەن بە گوێڕایەڵیی و ڕێنماکارن بۆ ئارامگرتن، هەروەها فەرماندەدەن بە ناڕازیبوونی نەرێنی، ئینجا لە حاڵەتێکی تریشدا ڕێنمایی دەدەن بە دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوا، هەموو ئەمانەش بەرجەستەکردنی حیکمەتێکی پێغەمبەرایەتیە (درودی خوای لەسەر) کە ڕەچاوی گۆڕانکاری حاڵی کۆمەڵگا دەکات و جێگرەوەو بژادەی جۆراو جۆر دەخاتە دەستی، کە مادامێ لەژێر چەتری گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەیدا (درودی خوای لەسەر) پیادە دەکرێن ئیتر هیچکامیان ئەویتریان ناسڕێتەوە.

بەدڵنیایی خوێندنەوەی سەرلەنوێ بۆ فرەجۆری فەرموودە، لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی بابەتی بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بونیاتنانەوەدا دەگێڕێ، هاوکات پێویست ناکات لێکدانەوەی ستەمکارانە بۆ دەق بکرێ، کە بە زۆری لە سوچی هەندێ کتێبی ئیسلامیدا دەیبینین، داننانیش بەو فرەجۆریی فەرموودەییە لەسەر دوو بنەمای گرنگ دادەمەزرێ کە ئەمانەن:

- گونجان لەگەڵ ڕێسای جیاوازیی کە خوای گەورە کردوویەتە یاسایەکی گەردوونی و مرۆیی، ئەم ڕێسایە بەردەوامە ئیتر لە بارە دەروونیەکانی مرۆڤدا بێت، یان لە باری مرۆیی کۆمەڵگادا بێت چوونیەکە، ژیانی مرۆیی لەسەر یەک شێوە ناڕوات بەڕێوە، مەرجیش نیە ڕووداوەکانی دووبارە ببنەوە، کەواتە

پێویستی بە جۆرەها شێوە هەیە بۆ پێکەوەژیان، پێویستی بە شێوازەکانی بژێوی و هەڵسوکەوتە لەگەڵ دیاردە جۆراو جۆرەکاندا، ئەم ڕێسایە بەهەمانشێوە دەچەسپێت بەسەر دیاردەی سیاسیدا. چونکە دەستەڵاتی سیاسیی لە ڕووی شێوەو سیستم و دامەزراوەکانیەوە، گوزارشە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو[1]، بەرهەمی کردەوەو جووڵەی کۆمەڵایەتییە، ئەرکی کۆمەڵگاش لەو قۆناغە مێژووییەدا دیاریدەکات کە پیایدا تێدەپەڕێ، لە قۆناغی سەربەخۆییدا گوزارشە لە ناسنامەی کۆمەڵگا، جەماوەریش هەر بەو وەسفە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات و تا ماوەیەکی دیاریکراو لە هەڵەو گلانەکانی خۆشدەبێت، لە قۆناغی سەقامگیریدا ئامڕازە بۆ گەشەپێدان، پەیوەندی جەماوەر لەگەڵیدا شێوەی کرداریی وەردەگرێ و سۆزداریی نیە، لە قۆناغی شەڕ و جەنگەکان و فیتنەی ناوخۆییدا کرۆکی پڕۆژەیەکی ئاشتەوایی کۆکەرەوە لەخۆدەگرێ، کە هەر هەمووان بۆیدەڕوانن و لە دەوری کۆدەبنەوە، سازشیش دەکەن لە هەندێ ئازادی تاکەکەسی و هەندێ مافی توێژیی خۆیان، لە قۆناغی بونیاتنانی ژیاریدا ئامڕازێکی گرنگە لەگەڵ ڕشتەبەندی ئامڕازە مەعریفیەکاندا تەواوکاری پێکدێنێ، بەجۆرێ کە ڕێکخستنی پەیوەندی لەگەڵیدا لەسەر بنەمای تەواوکاری مێژوویی بێت، هەروەها شارەزاکردنی بەو ڕۆڵەی کە پێویستە پێی هەستێ لەو قۆناغەدا، لە قۆناغی گۆڕانکارییە کەلتوریەکاندا کە کۆمەڵگا تیایدا دەژی دەبێتە بابەتێک بۆ بونیاتنان  نەک ئامڕاز بۆی، لێرەوە هەرچی ئامڕاز و ڕێکخستنەکانی هەن دەکەونەبەر ڕەخنەو هەڵسەنگاندن، ئینجا ڕۆڵی کەلتوری خۆی بۆ دیاریدەکرێ تا سانسۆر دروست نەکات لەسەر بارە ڕۆشنبیرییە گشتییەکە، لە قۆناغی دارمانی ژیاریدا دەبێتە بابەتێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵگایی گشتگیر، کە ڕەچاوی پێداویستییەکانی هەستانەوەی ژیاری بکات و ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە ببێتەوە کە لە سنوری دەستەڵاتدا ناوەستن، بەڵکو تەواوی گەل بە پێکهاتە جۆراو جۆرەکانیەوە دەگرێتەوە.

دیارە پەیبردن بە جیاوازی بارودۆخە مێژووییەکان لە مەسەلەی پەیوەندی گەل بە دەوڵەتەوە، دەرگایەکی سوننەتییە و دەکرێ بەپێی ئەوە خوێندنەوەی فرەجۆر دوور لە میکانیزمی تایبەتکردن یان هەڵوەشاندن بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی بکرێ، چونکە موسڵمان لە هەڵسوکەوتی سیاسیداو لە چوارچێوەی تێگەیشتنی لە گۆڕانی گشتی مێژوویی پێویستی بە گوێڕایەڵیی، بە ئارامگرتن، بە

---

١- مالیک إبن نەبی قۆناغی ژیاری گەل دەبەستێتەوە بە شێوەی سیستمە سیاسییەکەیەوە. بڕوانە:
- إبن نبي، وجهة العالم الإسلامي، ص٩٧.

دەرچوون، بە خۆنەویستی و ناڕازیبوون و هیتریش لە دیمەنە ڕەفتارییەکان هەیە. هەر بۆچوونێک پێیوابێت کە ئەرکی شەریعەت بریتییە لە تەشریعی ڕاستەوخۆ بۆ دیاردەی سیاسیی ئەوە بۆچوونێکی زۆر ورد نیە، باوەڕیش بەوە کە مەبەستی فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی کورتدەکرێنەوە لە ڕێکخستنی پەیوەندی ڕاستەوخۆی تاک بە دەوڵەتەوە بێ ئاوڕدانەوە بەلای بازنەو سورە مێژووییەکان پێچەوانەی حیکمەتی تەشریعە، لەبەرئەوە نابێت بۆچوون وابێت کە ئەمجۆرە ڕەهەندانە لە تەشریعی پێغەمبەرایەتیدا بوونیان نیە، کە تا ئاستێکی زۆر ڕاڤەی ئەو فرەجۆریە زەبەلاحەی فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی دەکەن.

– فرەجۆری شێوەکانی فەرمانڕەوایی مێژوویی، هەندێ فەرمووده هاتوون باس لە حاڵەتی فەرمانڕەوایی لە واقیعی موسڵماناندا لەدوای وەفاتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەکەن، یەکێک لەوانە ئەو فەرموودەیەیە کە پێشەوا ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا لە نیعمانی کوڕی بەشیرەوە ڕیوایەتیکردووە کە وتوویەتی: ((ئێمە لە مزگەوت لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (درودی خوای لەسەر) دانیشتبووین، بەشیر کەسێکی کەمدۆ بوو، ئەبو سەعلەبەی خەشەنی هات و وتی: ئەی بەشیری کوڕی سەعد، ئایا ئەو فەرموودیەی پێغەمبەری خوات (درودی خوای لەسەر) لەبەرە کە دەربارەی فەرمانڕەواکانە، حوزەیفە وتی: من وتارەکەیم لەبەرە، ئینجا ئەبو سەعلەبە دانیشت و حوزەیفە وتی: پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) فەرمووی: پێغەمبەرایەتی –واتە ڕێبازە ڕاست و دروستەکەی– لەناوتاندا دەبێت تا ئەوکاتە خوا دەیەوێ، پاشان هەرکات بیەوێ لاییبات لایدەبات، پاشان پاشایەتی ستەم و زۆرداریی دێت، تا ئەوکاتە خوا خۆی بیەوێت دواتر لایدەبات هەرکات خوا بیەوێ لاییبات، پاشان جێنشینیی ڕاشید لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرایەتی دێت)) )[1]، هەروەها ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((فەرز و فەرمانەکانی ئیسلام یەک لەدوای یەک نامێنن تا هەرکات فەرزێکی نەما ئەوا خەڵکی خۆیان هەڵدەواسن بەو فەرزەوە دوای ئەو دێت، یەکەمینیان نەمانی حوکمکردنە بە ئیسلام و دواییینەکەیان نوێژە))[2].

ئەم فەرموودانە دابڕاو نین لە بابەتی گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەم چەمکەش

---

١– إبن حنبل، المسند، رقم الحديث (١٨٤٣٠).

٢– رواه البيهقي والطبراني، بڕوانە:

– الطبراني، المعجم الكبير، ج٨، ص١١٦.

– البيهقي، الجامع لشعب الإيمان، ج١٠، ص٢٨.

نەگۆڕ نیە بەڵکو ڕەگەزەکانی دەگۆڕدرێن و شێوەکانی پیادەکردنی جیاوازن بە جیاوازی سیستمە حوکمڕانەکان، هەروەها بە ئاستی نزیکی یان دووریان لە حوکمڕانی شەریعەتەوە بە چەمکە بەرفراوانەکەی، بەهەمانشێوە شارەزابوون بە گۆڕینی جۆرەکانی حوکمڕانی لە فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتیدا پشکیان هەیە لە شارەزابوون بە جۆرەکانی ئەو گوێڕایەڵییەی لە بەرانبەریانەوەیە، چونکە ناکرێ یەکجۆر گوێڕایەڵیی سیاسیی هەبێت و حوکمڕانیش فرەجۆر بێت، ناکرێ گوێڕایەڵیی جێنشینیی ڕاشید وەک گوێڕایەڵیی حوکمڕانی زۆرەملێی لێبێت، وەک گوێڕایەڵیی پادشای ستەمکار بێت، لێرەوە وادەبینین بۆ خوێندنەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە فەرموودەکانی سوننەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر)، پشت ببەسترێ بە فرەجۆری حوکمڕانی سیاسیی بەو سیفەتە کە تێڕوانینێکی میتۆدییە.

پێویستە لە پرۆسەی بونیاتنانەوەدا سەرلەنوێ جیاوازی بخرێ لە نێوان گوێڕایەڵیی کاربەدەستان و گوێڕایەڵیی فەرمانڕەواکان، چونکە چەمکی کاربەدەستان چەمکێکە قورئان بە کۆمەڵێ سیفەت و مەرج دیاریکردووە وەک (حوکمکردن بە دادپەروەریی، بەجێگەیاندنی ئەمانەت، دەبێت یەکێک بێت لە باوەڕداران کە هەڵگری ماناکانی پارێزکاری و دڵسۆزی لەکاردا هەڵگرتبێ، دەبێت باوەڕی هەبێت کە لە کاتی ناکۆکیدا مەسەلەکان بگێڕێتەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی، گەڕانەوەش لە کاتی ناکۆکیدا مانای ئەوە نیە کە حوکمکردن بە شەریعەت لە حاڵەتە سروشتییەکاندا فەرامۆشبکرێ، چونکە حوکمکردن بە شەریعەت لە ئایەتەکانی تردا جێگیرەو نەگۆڕە). بەڵام (فەرمانڕەواکان) ئەوانەن کە لە ڕووی شەرعیەوە کاربەدەست نین، چونکە نەمانی هەریەک لەو سیفەتە قورئانیانە تیایاندا ئیتر شەرع ئەو سیفەتەیان لێدەسێن َیتەوە، ئەم مەسەلەیەش ئەوە بەدوای خۆیدا دێنێ کە جیاکاری بکرێ لە نێوان دوو جۆری سەرەکی لە گوێڕایەڵیی سیاسیی، ئەوانیش ئەمانەن:

- گوێڕایەڵیی شەرعی: بریتییە لە بەگوێکردنی ئەو کاربەدەستانە کە وەسف و نیشانەکانیان لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، ئەوەش کە دەوترێ بەگوێکردنی شەرعی لەوەوە هاتووە کە جیابکرێتەوە لە بەگوێکردنی ئاینی کە گوێڕایەڵییەکی پەرستشی یان باوەڕییە. لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ڕوونمان کردەوە کە گوێڕایەڵیی سیاسیی گوێڕایەڵییەکی جێنشینیە نەک باوەڕی، لێرەشدا دەبێت ڕوونکردنەوە بدرێ کە بەگوێکردنی کاربەدەستان وەک گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) نیە، مەگەر تەنها لەو ڕووەوە بێت کە بەگوێکردنی گشتییە بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەر کە بەگوێی کاربەدەستان بکرێ، بەڵام کرداری خودی گوێڕایەڵیی

لە بواری ئیجتیهادیدا بریتییە لە بەگوێکردنی کاربەدەستان نەک خوا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر)، چونکە لەوانەیە هەڵسوکەوتی کاربەدەستان تێکەڵ بە هەڵە یان هەندێ هەواو هەوەس و بەرژەوەندی خودی ببێت، ئیتر لە ناوەڕۆکدا بێت یان لە شێوازی ڕاپەڕاندنیدا بێت، ئەمانەش نە فەرمانی خوا و پێغەمبەرن و نە حوکمی ئەوان وەردەگرێ.

– گوێڕایەڵیی زەرورەت: بریتییە لە بەگوێکردنی ئەو کەسانە مەرجەکانی کاربەدەستانیان تێدانیە، کە لەوانەیە جۆرێک لە زەرورەتی واقیع وەربگرێ، چونکە دەکرێ هۆیەکەی دەستبەرکردنی سودی گشتی بێت، یان دوورکەوتنەوە بێت لە ئاژاوەو پێشێوییەکی وێرانکەر، یان بەهەندگرتنی بارودۆخی بابەتی بێت کە پەیوەند بێت بە حاڵەتی ترس و خاوبوونەوەی گشتی گەلەوە.

بەڵام سیفەتی بزاوتیی لە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا و نەرمییەکەی گەرەنتی گۆڕین دەدات لە گوێڕایەڵیی زەرورەتەوە بەرەو گوێڕایەڵیی شەرعی، ئەمەش وابەستەیە بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک مەرج کە دەکرێ (ڕژێمە زەرورەکان) لە سیاسەت و ڕێساو بونیادی دامەزراوەییاندا بەرجەستەیان بکەن.

ئەو پردەش کە سەلامەتی پەڕینەوە دەکات لە گوێڕایەڵیی زەرورەتەوە بۆ گوێڕایەڵیی شەرعی بریتییە لە شورایەکی ڕاستەقینە، کەوابوو هەبوونی شورایەکی ڕاستەقینە دواجار سەردەکێشێ بۆ بەهێزکردنی شەریعەت، بۆ بەجێگەیاندنی ئەمانەتی حوکمڕانی، بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەریی، بۆ ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی، گرنگێتی شورایش لە پرۆسەی سەرلەنوێ بویاتنانەوەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا ئا لێرەوە دێت.

لە بەرانبەریشەوە لەوانەیە گوێڕایەڵیی شەرعی بگۆڕدرێ بۆ جۆرێک لە گوێڕایەڵیی زەرورەت هەرکات مەرجەکانی بەهەدەر دران، ئەو چەمکەش کە ڕێگری لە دارمان دەکات لە حاڵەتی شەرعیەوە بۆ حاڵەتی زەرورەت، بریتییە لە فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بە هەموو ئاستە جیاوازەکانیەوە: بە دەست، بە زمان، بە دڵ، چونکە ئەم چەمکە زامنی سەلامەتی بەردەوامی حاڵەتی شەرعییە.

ب– ڕێکخستنی هۆشیاری چەمکیی، دیدێکی یەکتاپەرستیانە:

زۆرێک لە تەمومژەکانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی هەردوو بواری سیاسیی و ئاینی لە تیۆریزەی هزریدا، چونکە هەستۆکی هزری ئیسلامی بەرانبەر بە مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئاین و دەوڵەت بەهۆی توندڕەوی عەلمانیەتەوە، ڕێگادەدات بە مانەوەی هەندێ پێکهاتەی لکێنراون بە چەمکی

گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەوانە لە بنەڕەتدا سەر بە بواری باوەڕن، لەبەرئەوە هەستان بە زنجیرەیەک هەنگاوی ڕێکاریی کە ڕێگادەدەن بە ڕێکخستنی پەیوەندی -لەسەر ئاستی مەعریفی- لە نێوان ئەو چەمکانەدا کە دەچنەناو بەشی سیاسەت و نێوان چەمکەکانی تر کە دەچنەناو بەشی باوەڕە، یەکێکە لە داخوازییەکانی پرۆسەی بونیاتنانەوە، لەوانەیە دەستەبەرکردنی ئەمە ڕێگربێت لە (ڕەواندنەوەی سیاسیی) بۆ چەمکی باوەڕ، یان (مۆمیاکردنی باوەڕیی) بۆ چەمکەکانی سیاسەت، چونکە چەمکە سیاسییەکان ڕێسان بۆ ئاراستەکردنی ژیانی سیاسیی و و ڕێکخستنی. ئەو ڕۆڵەش کە لەتوانایدایە لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان گەل و دەستەڵات پێی هەستێت، لە ڕووی ئەرکەوە زیاترە لە ڕۆڵی چەمکە باوەڕییەکان کە ئامادە دەبن بەڵام داماڵراون لە بواری سیاسەت.

بێگومان جەختکردنەوەی زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامییەکان لەسەر ناسنامەی ئاینیان لە سیستمە دەستوریەکەیاندا کە بە دەق جەخت لە ئاینی دەوڵەت دەکات، مەسەلەیەکە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە لەگەڵ بەهای یەکتاپەرستیدا کە بەهایەکی جەمسەری و کۆکەرەوەیە بۆ هەموو بەها ئیسلامییەکان، هەروەها پێناسەیەکی زەرورییە بۆ ناسنامەو لایەنگریی، بەڵام پابەندبوون بە پیادەکردنی سیاسەتی شەرعیەوە لە خودی خۆیدا دانامەزرێ لەسەر بەهای یەکتاپەرستیی، بەڵکو پێویستی بە بەهای سیاسییە کە مانای یەکتاپەرستیی بکاتە واقیع و مانا سیاسییەکەی ڕوونبکاتەوە، وەک شورا و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە و گوێڕایەڵیی سیاسیی، لێرەوە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی -لەناو چەمکەکانی تردا- بەو سیفەتە دێت کە یەکێکە لە چەمکە بەکاربەرەکانی بەهای یەکتاپەرستیی لە بواری سیاسیدا، چونکە زامنی گواستنەوەی یەکتاپەرستییە لە باوەڕەوە بۆ دیدێکی سیاسیی، بەبێ ئەمەش ئەوا کاریگەری بەهای یەکتاپەرستیی لە بواری سیاسەتدا کاریگەرییەکی ڕووکەشەو تەنها هەندێ داڕشتنی تیۆری وەردەگرێ کە لە حاڵەتی پێناسەی باوەڕیی بۆ دەوڵەت بەولاوە تێناپەڕن.

هەروەها دانانی یەکتاپەرستیی بەوەی بەهایەکەو خاوەنی ڕەهەندی سیاسییە بەربەستە لەوەی بەهایەکی تایبەت بەرپرسێتی بخرێتە ئەستۆی کە لە لاوازی بەهاکانی ترەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە ئەقڵگیر نیە یەکبوونی کۆمەڵ لەسەر حیسابی شورا و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەستەبەر بێ، یان دوورکەوتنەوە لە فیتنە بە خاڵیکردنەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ناوەڕۆکە قورئانیەکەی، چونکە ئەوانە کۆمەڵە بەهایەکی پێکەوەبەستراون و یەکتری بەهێز

دەکەن و بە هەموویانەوە ڕەهەندی بەکاربەر لە بواری سیاسەتدا بۆ بەهای یەکتاپەرستیی پێکدێنن، بە هەدەردانی هەر کامیان واتە گاڵتەجاڕی بە دیدی یەکتاپەرستیی ئیسلامی کە بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ فەراهەم دێنێ، هەروەها دەستەڵات و گەلیش چوونیەک، ئەو چارەسەرەش کە دەروازەی یەکتاپەرستیی تەواوکەر پێشکەشی دەکات بەرپا دەبێت لەسەر چالاککردنی ئەو بەهایانە بە دەستەجەمعی و هاوئاوازی و گونجاندن، جا ئەگەر هەڵسوکەوتی سیاسیی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی ببێتە هۆی ڕوودانی هەندێ (فیتنە)، ئەوا چارەسەرەکە لە گۆڕینی ناوەڕۆکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا نیە، بەڵکو لە چالاککردنی بەها یەکتاپەرستیی و ڕەفتارییەکانی دەستەڵاتدایە. ئەم مەسەلەیەش لە سروشتی بیرکردنەوەی ئیسلامی لە مەسەلەی سیاسیدا بە شتێکی سەیر و نامۆ نابینرێ، ئەوەبوو هزری ئادابە سوڵتانیەکان لەسەر بنەمای هۆشیاری بە هەبوونی لاوازی ڕەوشتی سیاسیی بەرپا بوو بوو، هەربۆیە گرنگیدا بە چاککردنی ڕەوشتی پادشاکان، بەڵام هەوڵیشیدا قەناعەت بە سوڵتان بکات خۆی خۆی چاکبکات، کارایی و کاریگەری گەلی لەو چاککردنەدا بەدوور زانی، بەڵکو بەگوێکردنی تەواوەتی کردە دیارییەکی بەلاش بۆ سوڵتان، وەک هەڵنانی بۆ زەرورەتی گرتنەبەری ڕێگای دادگەریی و چاکسازیی، ئەنجامەکەش بریتی بوو لە زیاتر سەرکوتکردنی گەل لەلایەن سوڵتانەوە، هەروەها بووە هۆی شێواندنی ناوەڕۆکی گوێڕایەڵیی سیاسیش.

دەروازەی یەکتاپەرستیی تەواوکەر پێیوایە کە دەبێت کۆمەڵ لە ڕێگای میکانیزمە جۆر بەجۆرەکانەوە بەشداری هەبێت لە ڕاستکردنەوەی لاری و چەوتی دەستەڵاتدا، هەروەها بەخەرجدانی بەشێک لە گوتاری ئاینی هێورکردنەوەی جەماوەری گشتی، بدرێت بە گەشەدان بە هەستی ئاینی و ڕەوشتی لای دەستەڵات، بەمەرجێ ئەو گوتارە گوتارێکی وەعزی نەبێت، دەبێت لە کایەی هۆکارە شەرعیە بەردەستەکاندا بجولێ، ئینجا بەپێی دیدێک بێت کە وەڵامگۆی بارودۆخەکان بێت نەک بەپێی مەسەلە گومانبڕە کەلەپورییە پێشووەکان.

مەسەلەکە بەهەمانشێوە پێویستی بە پێداچوونەوەیە بە ڕیزبەندی بەها سیاسییە ئیسلامییە لەپێشترینەکان، چونکە زەرورەتی هەبوونی دەستەڵات مەسەلەیەکی دابڕاو نیە لە ناوەڕۆکەکەی، دەکرێ دەستەڵاتی سیاسیی لە هەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەبێت، بەڵام ئەوەی کە لە بازنەی ئیسلامیدا جیایدەکاتەوە بریتییە لە ناوەڕۆکە ڕەوشتی و تەشریعیەکەی، بەفیڕۆدانی ئەو ناوەڕۆکە بۆ بەرژەوەندی

تەنها هەبوونی دەستەڵات، واتە لێدان لە تایبەتمەندی یەکتاپەرستیی کە کۆمەڵگای ئیسلامی لە کۆمەڵگاکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەش شتێکی سەیرە چەندینجار دووبارە بکرێتەوە کە دەستەڵات لە خودی خۆیدا بە ئامانج نەگیراوە، کەچی کاتێ مەسەلەکە پەیوەند دەبێت بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە ئیتر هەبوونی دەستەڵات -بە هەر جۆرێک بێت- لە خودی خۆیدا دەگۆڕدرێ بۆ ئامانجێک، لێرەوە دەستەڵاتی ناڕەوشتی: ملهوڕ یان گەندەڵ یان فاسیق و دووڕوو، لە ڕووی سیاسەت و دامەزراوەکانیەوە دەبێتە خاوەنی شەرعیەتێکی کامڵ یان بەشیی.

پیرۆزکردنی تەنها هەبوونی دەستەڵات لەڕاستیدا مەسەلەیەکە پەیوەند بووە بە پێناسەی دەوڵەتەوە بەوەی کە پاسەوانی باوەڕە، چەمکی پاسەوانی باوەڕیش لەسەر جۆرێک لە سودەمەندی ئاڵوگۆڕ لە نێوان باوەڕ و دەوڵەت دادەمەزرێ هەروەک هزری ئەحکامە سوڵتانییەکان دەیخاتەڕوو. گرنگ ئەوەیە سەرلەنوێ لەبەر ڕ وشنایی گشتگیریی هەقیقەتی بەهێزبوون کە خوای گەورە بەڵێنی بە ئوممەت داوە تێڕوانین بۆ مەسەلەی پاسەوانی باوەڕ بکرێ، بەهێزیی و توانایی پەیوەست نیە تەنها بە بوونی دەستەڵاتەوە ئیتر بە هەرجۆر بێت، چونکە دەستەڵات یەکێکە لە هۆکارەکانی بەهێزبوون و توانایی و پاسەوانی باوەڕ، کەواتە زانست بەهێزییە، بانگەواز بەهێزییە، بڵاوکردنەوەی ڕەوشت بەهێزییە، لەبەرئەوە ئەوا گەل و دەستەڵات پێیان سپێردراوە ئەرکەکان بەجێبگەیەنن ئیتر ئەرکی باوەڕی یان جێنشینیی بن[1]، هەروەها پراکتیزەی شەرع و چاودێریکردن قۆرخ نیە لەسەر دەستەڵات، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیترەوە گرنگە بزانرێ کە پاسەوانی دەوڵەت بۆ باوەڕ لە ڕێگای دەستگرتن بەسەر چەمکە باوەڕیی یان سیاسییەکانەوە ناکرێ، تاکڕەویی دژی باوەڕە، کەچی کەسی تاکڕەو -هەروەک کەواکیبی پێیوایە- لە ترسی لە گەل دەگاتە ئاستێک گەل بە نەزان لە مانای (لا إله إلا الله)[2]دەزانێ، پاسەوانی ئاینیش لەلایەن دەوڵەتی تاکڕەو و ستەمکارەوە واتە زەوتکردنی ڕەهەندی سیاسیی بەهاکانی ئاین، دەبینرێ کە ڕێگری لە خراپە لە سەردەمی تاکڕەویدا کورتدەکرێتەوە لە خراپەی دەروونی تاکەکان کە لە کەس شاراوەنین[3]، بەڵام دادگەری ئەوا مۆرکی سیاسیی خۆی لەدەستدەدات، ئازادی و کۆیلایەتی

١- عبد الفتاح، التجدید السیاسي والواقع العربي المعاصر، ١٥٦.

٢- الکواکبي، طبائع الأستبداد، ص٢٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٥٤.

یەکسان دەکات. کەواکیبیش چەمکێکی گشتگیری بۆ پاسەوانی ئاین خستووەتەڕوو کە لەسەر پاراستنی (کۆمکارە هەمووەکیەکانی وەک زمان و ڕەگەز و داب و نەریتەکان بەرپا دەبێت)[1]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەرکی پاراستنی کارایی ژیاریی گەل و ڕاگرەکانی هەبوونی مێژوویی، ئەرکێکە کە دەوڵەت تیایدا جگە لەوەی ئامڕازێکە لە ئامڕازەکانی پاراستنی کۆمەڵگای شەریعەت شتێکیتر نیە.

لە میانەیەکی تریشەوە ئەوا هەر تێڕوانینێکی تیۆری بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە دیدگای فیتنەوە دەبێتە هۆی قایمکردنی ئەو حاڵەتەی پێیڕاهاتوون، ڕاستە دەبێت بیرمەند و فیقهناس وریابن لە ڕوودانی فیتنە و گەلەکەیان لە مەترسییەکانی بەدوور بگرن، بەڵام بەو مەرجە کەموکووڕی مەعریفی لە ڕشتەبەندی بەهاکاندا ڕوونەدات، هەروەها بێئەوەی ئەو بەها بونیاتنەر و گۆڕانکاری و پەرەسەندنانەی کە لەو ڕشتەبەندییەدان ببرێن بۆ بونیادێکی خزمەتکار بە چەقبەستوویی و سەقامگیری ئیتر شێوەو ناوەڕۆکی هەر چۆن ببێت، لێرەشدا گرنگێتی جەختکردنەوە لەسەر ناسنامەی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەکەوێتەڕوو بەو سیفەتە کە خۆی بۆ خۆی بابەتێکەو بوونی هەیە، نەک بەو سیفەتە کە ئارامگرتن یان دەرچوون یان فیتنە بێت، چونکە ئەمانە لە ڕووی ئەرکەوە کۆمەڵە چەمکێکی جیاوازن، جا ئەگەر بە دیدێکی یەکتاپەرستیانە بڕوانینە ئەو چەمکانە ئەوا دەبینین کە دوورکەوتنەوە لە فیتنە بڕێک لە سەقامگیری خوازراو بۆ دیاردەی سیاسیی دەستەبەر دەکات، لەمەشدا لەگەڵ ئارامگرتندا بەیەکدەگەن، دەرچوونیش لە چەند وەرچەرخانێکی دیاریکراودا ڕۆڵی گۆڕانکاری وەردەگرێ ئەوەش کاتێک کە گۆڕان دەبێتە زەرورەت، بەمجۆرە (خولانەوەی سیاسەت) لە بازنە گشتییەکەیدا کە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلدا دەسوڕێتەوە ڕێدەکات و بەریەککەوتن لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەت دروستناکات یان لە زەرورەتەکانی دەربچێت، بەڵام چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەوا ئامڕازی ئەو خولانەوەیەیەو هۆکاری بەکاربەریەتی، لێرەوە –بەپێی دەرهاویشتەکانی پەیوەندی لە نێوان گەل و دەستەڵات-دا جارێک دەڕوات بە ئاراستەی سەقامگیریدا و جارێکیتریش بە ئاراستەی گۆڕاندا، بەڵام سەقامگیریی بە مانای سڕبوون و چەقبەستوویی نیە، گۆڕانیش بە مانای پشێوی و ئاژەوەگێڕی نیە، لێرەوە ئیتر ئەو کۆمەڵە بەهایە کە ڕەوشی چەمکگەرایی ئیسلامی ڕێکدەخەن، هەروەها ڕۆڵیان لە بەئەقڵانیکردنی هەردوو لایەنی سەقامگیریی و گۆڕانکاریی لە

---

١٠- هەمان سەرچاوە، ل٩٥.

ژیانی گەلدا لەبەرچاو دەگیرێ.

لە ڕووی مێژووییەوە کار لەسەر ئەوە کراوە گەل و فیتنە ببەسترێن بەیەکەوە، گەلی بەوە داناوە کە سەرچاوەی فیتنەیە، جێکەوتەی ئەم هەڵسەنگاندنەش ڕۆیشتنە بەرەو ئارامگرتنی ڕەها، کەلەبچەکردنی جوڵەی گەلە، بۆیە دەکرێ پێداچوونەوە بە پرسی هۆشیاری نەرێنیدا بکرێ ئەوەش لە ڕێگای دیاریکردنی سێ سەرچاوەوە بۆی، کە پێویستە لە سەروبەندی مشتومڕ لەسەر پەیوەندی نێوان گوێڕایەڵیی و فیتنەگێڕی لەبەرچاو بگیرێن، ئەوانیش ئەم سیانەن:

*** حکومەتەکان: کە سەرچاوەی زۆرێک لە فیتنەکانن، لەوانە:**

– (فیتنەی دامەزراوەیی) ئەمە پەیوەندە بە ڕەچاونەکردنی ڕێساکانی دادپەروەریی، ڕاوێژکاریی، هەروەها حوکم نەکردن بە شەریعەت.

– (فیتنەی ڕێکخستن و کارگێڕی) بریتییە لەو بڕیار و سیاسەتە هەڵانە کە حکومەتەکان دەیانگرنەبەر، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرچەکرداری توڕەیی کۆمەڵایەتی.

– (فیتنەی سیاسیی) پەیوەندە بە حاڵەتەکانی ململانێ لەسەر دەستەڵات لەناو بازنەی ڕژێمە سیاسییەکان یان خودی خانەوادە فەرمانڕەواکاندا، دەتوانرێ ئاماژەبدرێ کە مێژوو پڕە لە زۆر دیمەنی پشێوی کۆمەڵایەتی کە هۆیەکەی ململانێ ناوخۆییەکان بوون لەسەر دەستەڵات.

– (فیتنەی کەلتوری) ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەستەڵات هەڵدەستێ بە ئاراستەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە، یان دەستوەردەداتە ناو کاروباری باوەڕ، یان دیدێکی مەعریفی دیاریکراو دەسەپێنێ، یان حاڵەتێکی دەمەقاڵەی نەرێنی لەناو ناوەندی کۆمەڵایەتیدا دەخوڵقێنێ و فووی تێدەکات.

* زانایان: دەکرێ هەندێکیان ببنە سەرچاوەی جۆریتر لە فیتنە، لەوانەش:

– بەکارهێنانی فەتوا و چەماندنەوەی بۆ خزمەتی چەند سیاسەت و بارێکی دیاریکراو، ڕێکنەخستنی فەتوا لە ڕووی زانستییەوە، یان بەکارهێنانی وەک چەکێکی کەسێتی.

– شاردنەوەی حوکمە شەرعیەکان بەرانبەر بەو پرسانە کە بە هەستۆکییەکی زۆر توندەوە بۆیان دەڕوانرێ، وەک پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە.

– سەپاندنی حوکمی شەرعی بەسەر ڕووداوێکی مێژوویی یان حوکمی داب و نەریتدا.

–لەباربردنی دیدی ئیجتیهاد و زەوتکردن و پێچلێدان بەدەوریدا.

* لە هەندێ توێژی گەلەوە: وەک:

- دەرچوونی سیاسیی لەدژی دەستەڵات لەلایەن تاقمێک یان کەسانی تاکەوە بێئەوەی بگەڕێنەوە بۆ گەل.

- ئەنجامنەدانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە لەسەر هەردوو ئاستی تاک و کۆمەڵ.

- قوبوڵی دەروونیی بە واقیعی ملهوڕیی و زاڵبوون.

- سەیرکردنی خۆرئاوا وەک دڵسۆز و ڕزگارکەرێ.

- ڕازیبوون بە سیاسەتەکانی گەندەڵکاریی و پیادەکردنی سەرکوتکردن و ستەمی کۆمەڵایەتی.

**٣- بونیاتنانەوەی وەزیفی: دەروازەی گەشەپێدان**

لەم بەشەدا گرنگی نادەین بە بنەمادۆزی چەمکی گەشەپێدان، یان دیاریکردنی قۆناغە مێژووییەکانی، بە قوتابخانە و زاراوەکانی، چونکە ئەوە ئەرکێکە لەوانەیە دوورمانبخاتەوە لە مەبەستی ئەم بەشە، هەروەها هەبوونی بڕێک لێکۆڵینەوە لەبارەی گەشەپێدان لە دیدی ئیسلامەوە، ڕێگادەدەن ڕاستەوخۆ ڕووبکەینە مشتومڕ لەسەر ڕەهەندەکانی گەشەپێدان بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەسەر ئاستی هەمووەکی، بێئەوەی بچینەناو پرسە جێناکۆک و وردو درێژەکان کە شوێنیان ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانەیە لەسەرەوە ناومانبردن.

**أ- ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی:**

ئەو گۆڕانە کە لە ناوەڕۆکی دەستەڵاتی سیاسیدا لەدوای جێنشینیی ڕاشیدەوە ڕوویدا، ئاستەنگی زۆری دەربارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمە ملهوڕەکاندا هێنایەکایە، ئەوەش گوزارشت بووە لە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی کە -بە شێوەیەکی بێلایەن و چاوەڕوانکەر- هەر چاوی بڕیبووە ئەو گۆڕانکارییە قووڵانە کە لە پێکهاتەی دەستەڵاتدا ڕوویاندا، هەوڵیدا هەڵوێستی دیارییکات لەسەریان، ئەوەش دوای ئەوە کە لە ڕووی مێژووییەوە بیرۆکەی دەرچوون سەرکوتکرا، هەروەها دوای ئەوە کە چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە خاڵیکرایەوە لە ناوەڕۆکەکەی، لەڕاستیدا یەکلاکردنەوەی کەلتوری کۆمەڵایەتی بۆ بەرژەوەندی ئارامگرتن و گوێڕایەڵی تەواوەتی بۆ دەستەڵاتی سیاسیی کۆتایی نەهێنا بە دەمەقاڵەی هەڵوێستگرتن لەو ڕژێمانە لەسەر ملهوڕی بەرپا بووبوون، بەڵام ئەو دەمەقاڵەیە کە لە پەراوێزی هۆشیاری کۆمەڵایەتیەوە بەشێوەی پرسیاری سەیرو سەمەرەوە سەریهەڵدا نەکرایە هەڵوێستێکی گشتی دەرهەق بە شەرعیەتی

دەستەڵاتە ملهوڕەکان، لێرەدا دەکرێ بوترێ ئیشکالیەتی شەرعیەت کە بەرۆکی ڕژێمە ملهوڕەکانی گرتبوو، بەهۆی نەبوونی هەڵوێستی فیقهی هەمووەکییەوە دەرهەق بە شەرعیەتی گرتنەدەستی کاری دادوەریی لە ڕژێمە ملهوڕەکاندا لە شێوەی پرسیاری لاوەکیدا دەرکەوت، هەروەها دەرهەق بە تێکەڵبوون لەگەڵ فەرمانڕەوا ملهوڕەکان، وەرگرتنی دیاری خەلاتەکانی سوڵتان، هەروەها هەڵوێستگرتن لە ماڵ و دارایی سوڵتان، دروستی ژن و ژنخوازیی لەگەڵ کوڕ و کچانی ستەمکاران، لەسەر ئاستی فیقهیش مەسەلەی (شەرعیەتی سودەکان) کە پەیوەندبوو بە دروستی مامەڵەی بازرگانی و ئابووری لە سایەی ڕژێمە ملهوڕ و پێچەوانەکان بە شەریعەت، بە جۆرەها شێوە گوزارشت بوو لە نائامادەیی شەریعەت، کە برێک لە شەرعیەت بە وریاییەوە دەدات بە دەستەڵات تا پارێزگاری بکات لە ئاسایشی کۆمەڵگا بە چەمکە بەرتەسکەکەی، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆمەڵێ پرسیاری قووڵی لای خۆی هێشتەوە کە پەیوەندبوون بە شەرعیەتی دەستەڵاتی سیاسیی و ڕێبازەکانیەوە، ئا بەمجۆرە هەبوونی دەستەڵاتی سیاسیی بەسترایەوە بە ڕتکردنەوەی ئەگەرەکانی ڕوودانی فیتنەوە، نەک ببەسترێتەوە بە بنەماکانی گەشەپێدان و بونیاتنان و ئاوەدانیەوە.

لەوانەیە مشتومڕ لەسەر مەسەلەی (شەرعیەتی دەستکەوتەکان) هەندێ ڕەهەندی گەشەپێدان بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی ڕوونبکاتەوە، هەروەها قەبارەی تەمومژی ئەو گەشەپێدانە ڕوونبکاتەوە کە لەبەرئەنجامی گواستنەوە لە ناوەڕۆکی قورئانیی ئەو چەمکەوە بۆ ناوەڕۆکی مێژوویی هاتووەتەڕوو، ئەویش خۆی لە گوێڕایەڵیی تاکدا بۆ ڕژێمە ملهوڕەکان بینیەوە کە نە باوەڕی بە شەرعیبوونیان هەبوو و نە دەیتوانی خۆی ڕزگاربکات لێیان، ئەمەش گرفتێک بووە هەڕەشەی پەکخستنی جوڵەی کۆمەڵگای کردووە، ئەویش بە دوورکەوتنەوەی هەندێ لە توێژەکانی لە بەشداریکردن لە چالاکیە ژیانیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و تەنانەت کۆمەڵایەتیەکان بوو. ئەشعەری ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە وەسفدەکات کە دەڵێ: (ڕاجیاواز بوون لەسەر دەستکەوتەکان کە ئایا دروستن یان نا، هەندێک وتیان کاسبی و بازرگانیەکان حەرامن و وتوویانە نابێت کڕین و فرۆشتن ئەنجامبدرێ هەتا پێشەوا ئامادە نەبێت و دابەشی نەکات، ئەوانە پێیانوایە خەڵکی بەڕادەی پێویستیان داوابکەن و ئەوەی لێیان زیادە نەیبەن، داوا لە خەڵکی ناکەن ئایا خەڵکی هەقێکیان لایان هەیە یان نا، بەڵام هەرکات بڕواننە خۆیان کە خراپ دەبن ئەوا داوا لە خەڵکی دەکەن و ئەوەی وەریانگرتووە وەک مردارەوەبوو بۆ کەسی

ناچار وەریدەگرنن)[1]، حاریسی موحاسیبی ئەم مەسەلەیە لە کتێبەکەیدا بەناوی (دەستکەوتەکان) بەمجۆرە باسکردووە کە  تاقمێک لە قورئانخوێنان و سۆفییەکان پێیان وابووە دروست نیە داوای یارمەتی لە ستەمکاران بکرێ (هەربۆیە قەناعەتیان بە کەمی ڕەنجی دەست یان ئارەقی نێوچاوان) بووە، هەروەها (قەناعەتیان بەو حەلاڵە ڕێگاپێدراوەیە کە لە کێوەکان و دۆڵ و لم و گەلای دارگەزۆ و تۆی زەوی و گژوگیادایە کە ئەگەر پاشەکەوت بکرێن نرخیان هەیە، بۆ زستان و هاوینیان کۆیاندەکەنەوە)[2]، موحاسیبی ڕای ئەو تاقمە دەگوێزێتەوە کە دەستکەوتەکانیان لە کاتی فیتنەو ستەمدا خراپ دەبێت.

موحاسیبی بە سروشتی خۆی ئەو ڕەوتە (کەناگیرییە) ڕەتدەکاتەوە، جارێک دەیبەستێتەوە بە هەندێ سۆفییەوە لەوانەی کە (زۆر نەزان و زبرن)، جارێکیتر دەیبەستێتەوە بە تاقمێک لە قورئانخوێنانەوە، ئەشعەریش دەیبەستێتەوە بە هەندێ موعتەزیلەو ئەهلی پشتپێبەستن. کەواتە ئەو هەڵوێستە گشتییە کە ڕای زۆرینەی زایانی لەسەرە لە هەموو ناوچەکاندا -بەپێی قسەی موحاسیبی- بریتییە لەوە کە (پێیانوایە غەزاکردن و حەج و کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکان و بریکاریی و پیشەکان هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە تا کۆتا تاقم کە لەدژی جەجاڵ دەجەنگن بەردەوام دەبێت، ملهوڕی ملهوڕان و ستەمی ستەمکاران ناتوانن زیان بە کەسی پارێزکار و خواناس کە پارێزگاری لە ئاینەکەی دەکات بگەیەنن)[3].

جا ئەگەر ئەوە ڕوون نەبێت کە ئەو هەڵوێستانە لەسەر پرسی سودەکان تا چ ئاستێ کاریگەریان لەسەر ڕەوتی گەشەپێدانی کۆمەڵگا موسڵمانەکان و بوژانەوەیان هەبووبێ، یان ڕووبەری مشتومڕ دەربارەیان لە ژیانی گشتیدا بخەملێنرێ، ئەوا مەعلومە کە درزێکی قووڵی لە نێوان ئەو دەستەڵاتەدا کە شەرعیەتی لەدەستداوە و نێوان توێژە بەرفراوانەکانی گەلدا دروستکردووە، وای لە هەندێ کەس کردووە بڕوانە دەرەوەی بازنەی ئەو گەشەپێدانانە کە دەستەڵاتی ملهوڕ دەیانبات بەڕێوە. ڕاستە ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانە کە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی بەشیی یان هەمووەکیان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمە ملهوڕەکاندا پیادەکردووە پاپەندبوون بە گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسییەوە و دەرنەچوون لەدژی، ئەوەش وەک گوزارشێک لەو

---

١- أبو الحسن الأشعري، مقالات الإسلاميين، ج١، ص١٥٩.

٢- المحاسبي، ص٨٩.

٣- هەمان سەرچاوە، ل٩١.

حاڵەتە کەلتورییە کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە بووەتە باو، بەڵام لەسەر ئاستی دەروونی و تاکەکەسی ئەوا تا ئاستێ هەر پارێزگاری کردووە لە دابڕان لەگەڵیدا، ئەمەش بە ڕوونی لە مشتومڕی غەزالی بۆ مەسەلەی تێکەڵبوون لەگەڵ فەرمانڕەوا ستەمکارەکاندا دەبینرێ، دەڵێ: (بزانە تۆ لەگەڵ فەرمانڕەواو کاربەدەستە ستەمکارەکاندا سێ حاڵەتت هەیە: حاڵەتی یەکەم کە خراپترینیانە ئەوەیە بچیتە لایان، حاڵەتی دووەم خراپەکەی لە خوار ئەوەوەیە کە ئەوان بێنە سەردانی تۆ، حاڵەتی سێیەم کە سەلامەتترینیانە ئەوەیە دابڕێی لێیان نە بیانبینیت و نە بتبینن)[١]، بۆ مەسەلەی وەرگرتنی پارەو ماڵ لە سوڵتان ئەوا غەزالی پێیوایە کارێکی ناڕەوایە، چونکە (ماڵ و پارەی سوڵتانەکان لەم سەردەمەماندا هەمووی یان زۆربەی ماڵی حەرامە)[٢].

بیرۆکەی سەرەکی کە ئەو هەڵوێستانە بەرجەستەی دەکەن بریتییە لە نەبوونی متمانە لە نێوان دەستەڵات و گەلدا بەو سیفەتە کە مەرجێکە بۆ دەستەبەرکردنی گەشەپێدان، مرۆڤ کە بڕبڕەی پشتی گەشەپێدانە هەست بە حاڵەتێکی دووفلیقانەیی دەکات لە نێوان بەهاکانی لەلایەکەوەو نێوان ڕژێمە ملهوڕ و تاکڕەوەکاندا لەلایەکیترەوە، کە بە -سروشتی ساغ و سەلیمی خۆی با شارەزای فیقهیش نەبێت- دڵنیایە کە ئەوە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، بەم پێیەش ئەوا هەبوونی لەناو میانەی ئەو جۆرە ڕژێمانەدا بوونێکی ئەندامییە و لە خوارترین ئاستەکانی گەشەپێدان و ئاوێتەبوون و بەشداری کۆمەڵایەتیدا دەجوڵێ. لە باری لەو جۆرەشدا پێدەچێ سودی تایبەت و ڕاستەوخۆ گرنگترین پاڵنەر بێت بۆ ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئەوجۆرە ڕژێمانەدا، چونکە پێداویستییە ژیانیەکانی، پایەی تێکەڵبوونیەتی بە ژیانی گشتی، هەروەها پێویستییە ژیارییەکانی گەل پەیوەندیان بەوەوە نیە، مەگەر لەو ڕووەوە نەبێت کە ئامانجێکی دواترە، لەوانەشە هەر نەیەتە پێش.

لەلایەکیترەوە بەگوێکردنی دەستەڵاتی ملهوڕ بە هۆی زەرورەتەکان بەگوێکردنێکی میکانیکیەو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پەیوەندی بە هزر و قەناعەتی خودییەوە نیە، چونکە گوێڕایەڵی زەرورەت پرۆسەیەک نیە لەسەر کارلێک و ئاڵوگۆڕ و بەشداریکردن بەرپا بووبێت، بەڵکو پەیوەندییە لە نێوان لایەنێکی فەرماندار و لایەنیکیتر کە فەرمانی پێدەدرێ، ئەمەش لە چوارچێوەی زنجیرەیەکی

---

١- الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٢، ص١٨١.

٢- هەمان سەرچاوە، ل١٧٦.

یەک بەدوایەک لە ڕێکارە ڕۆتینی و ڕێسا زۆرەملێکاندا ڕوودەدات کە تاک ناتوانێت لە پەیوەندی خۆی بە دەستەڵاتەوە بیانبڕێ، هەر لە ڕێسا فیقهییەکانەوە کە تاک پابەند دەکەن بە بەگوێکردنی تەواوەتیەوە، تا دەگاتە ڕێسا ڕەفتاریەکان کە کۆمەڵێ ئاکاری دیاریکراو لە هەڵسوکەوت لەگەڵ سوڵتاندا لە ڕووی سەردان و دانیشتن و دواندنەوە...و هیتریش دەسەپێنن بەسەر تاکدا، جا لە کاتێکدا داوا لە تاک دەکرێ هەیبەت و سامی سوڵتان بێنێتە بەرچاوی خۆی تەنانەت لە کاتی ئامادەنەبوونیشی، ئەوا ئەو جۆرە ڕێسایانە لە هەڵسوکەوتی دەستەڵات لەگەڵ گەلدا بوونی نیە، لەبەرئەوە پارێزگاری لەسەر بوونی دوورییەکی گونجاو لەگەڵ دەستەڵات یەکێکە لەو ستراتیژانە کە تاک بە مەبەستی دەستەبەرکردنی دڵنیایی و ئارامی دەروونی خۆی پەنای پێدەبات، ئەم ئاراستەیەش ڕێگا بە گەشەدان بەو بەهایانە دەدات کە دەورەی کار و بەرهەم و لایەنداریان داوە، ئەوەش بەجۆرێ کە دەوڵەت دەبێتە خراپەیەکی ڕەها، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر زەرورەتێکی ژیانییە.

دەستەڵاتی ملهوڕ لە زەینی جەماوەردا جووتە لەگەڵ کۆمەڵێ بەهای وەک سوک و ڕیسوایی و درۆ و پاشقوللێدان و توندوتیژی و فێڵکردن و پیلانگێڕیی، تا دامەزراوەی دەوڵەت نەک تەنها دەستەڵات وای لێدێ ببێتە هەبوویەکی بێ ڕەوشت، زاڵبوونی ئەم تێڕوانینە لای هەندێ کەس جۆرێک لە حەزی بەلای خۆگونجاندنی ڕواڵەتی لەگەڵ کردەوە نا ئەخلاقیەکەیدا دروستدەکات کە بووەتە بەشێک لە سروشتی، بەم پێیەش ئەوا تاک بەشدار نابێت لە دەستەبەرکردنی کارایی دەوڵەت، بەڵکو –بە پێچەوانەوە– هەڵگری (ڤایرۆسی هەڵگەڕانەوەیە) لەدژی لە یەکەم دەرکەوتنی لاوازی کە لە دەوڵەتدا دەردەکەوێ. ئینجا دەرککردنی دەوڵەتیش بەوە وای لێدەکات لە بارێکی ترس و گومانی بەردەوامدا بێت، ئەم حاڵەتەش کاریگەرە لەسەر قەبەکردنی میکانیزمەکانی سەرکوتکردنی ماددی و مەعنەوی، هەموویشی لەسەر حیسابی گەشەپێدانە کە لە کارە لەپێشترینەکانە.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش دەوڵەت دەستدەگرێ بەسەر بواری کۆمەڵایەتیدا، پرۆسەکانی ڕێکدەخات و کۆنترۆڵی پێکهاتەکانی دەکات، ئەمەش گرنگترین نیشانەکانی (دەوڵەتی خۆسەپێنەرە) کە هەڵدەستێ بە پرۆسەکانی (هەماهەنگی پێکهاتەی ژێرخان))[1] و چوونەناو کۆمەڵگا، ئەوەش لە ڕێگای زنجیرەیەک پلانی بە ئەنقەست خراپکردن، هەروەها بڵاوکردنەوەی ستەمی کۆمەڵایەتی تا بیانوو

---

١- النقيب، الدولة التسلطية في المشرق العربي المعاصر دراسة بنائية مقارنة، ص٢٤.

بۆ خراپکردن و ستەملێکردنی بدۆزێتەوە، بەمجۆرە بەهاکانی ڕاستگۆیی و وەفاداری و ویژدان تووشی داخوران دەبن و پیادەی تاکڕەوی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی دەکرێ بە هەموو دیمەنەکانیەوە، ئەوەش وەک وێناکردنی حاڵەتی تاکڕەویی گشتی کە دەستەڵات بەرجەستەی دەکات، لێرەوە جیابوونەوە لە نێوان بەهاکان و واقیعدا توندتر دەبێت، ئەم بارەش ڕێگا بە داخورانی بەهاکان دەدات، هاوکات واقیعیش بە ئاراستەیەکی دوور لەوان ڕێدەکات، بەجۆرێ ڕێگا بدات بە ڕواندنی بەهای نوێ کە هیچ پەیوەندییان بە بازنەی ژیاری ئیسلامیەوە نیە، جا ئەگەر ژیاری خۆرئاوایی مرۆڤی گۆڕیبێت بۆ ئامێرێکی پیشەسازی کە بەدەوری ماددەدا بسوڕێتەوە، ئەوا مرۆڤ لە سایەی گوێڕایەڵیی تەواوەتیدا توانای لەسەر بەرهەمهێنان و دەستکەوت و دەستپێشخەری لەدەستدەدات، بەم پێیە دەگۆڕدرێ بۆ ئامرازێکی وەبەربەر، بۆ بەفیڕۆدانی سەروەت و سامان، ئینجا لە گەڕاندایە بەدوای لەزەت و خۆشیەکانیدا، بەهاکانی ئەخلاق و کار بەهەدەر دەدرێن، لە باشترین حاڵەتیشدا وزە داهێنەرەکانی دەباتە دەرەوە.

لە حاڵەتی وەهاشدا لەتوانادا نیە (مرۆڤی گەشەپێدان) یان مرۆڤی جێنشین بەرهەمبێت، کە لە سایەی زاڵبوونی ئەوجۆرە لە گوێڕایەڵیی سیاسیی بچێتەناو پەیوەندی شەراکەتی سیاسیی یان کۆمەڵگایی لەگەڵ دەستەڵاتی فەرمانڕەوا، چونکە دامەزراندنی پەیوەندی لەسەر سەرکوتکردنی سیاسیی کە دەستەڵات و پاشکۆ کەلتوریەکەی بە شێوەیەکی ڕەها پیادەی دەکات، وادەکات کە کۆمەڵگاو تاک هاوسەنگی دەروونیان لەدەستبدەن، ئینجا ببێتە ڕێگریش لە بەشداری ئارەزوومەندانە لە پرۆسەکانی گەشەپێداندا

**ب- گوێڕایەڵیی و شەرعیەتی ئەنجامدان:**

هەرچەندە هزری ئیسلامی لەدوای گۆڕینی دەستەڵات بۆ پادشایەتی و حوکمی زاڵبوو ڕۆیشتووە بەرەو دیاریکردنی ئەرکەکانی ئەو دەستەڵاتە، هەروەک ئەوە لای ماوەردی -بۆ نمونە- دەبینین لەو حەوت ئەرکەدایە کە دیاریکردوون[١]، بەڵام زانایان دەستکۆتا بوون بە ئاستی خوارەوەی ئەو ئەرکانە، بێئەوەی هۆکارەکانی گەیشتن پێیان ڕوونبکەنەوە، بێئەوەی تیۆریزە بکەن بۆ مشتومڕی ئەو ئاستەنگانە کە لەوانەیە بێنە ڕێگایان، ئەی ئەگەر ئەوە ڕوویدا دەبێ چیبکرێ، هەروەها ڕێکخستنی

١- ئەوانیش بریتین لە: پاراستنی ئاین، پاراستنی وەچە، ئاوەدانکردنەوەی وڵاتان، ڕێزگرتنی ماڵ و سامان، دادگەریی و یەکسانی لە بەرپاکردن و ڕاپەڕاندنی حوکمەکان، ئەنجامدانی سزا شەرعیەکان، دانانی کاربەدەستان و کارمەندان. بڕوانە: الماوردي، أدب الدنيا والدين، ص١٧٣.

پلەبەندی ئەو ئەرکانە، کە ئەمانە بوونەتە ڕێگر لە سەیرکردنی ئەنجامدانیان بە شێوەیەکی تەریب، تا وایلێهات هەستان بە یەکەم ئەرک کە (پاراستنی ئاین)ە ببێتە پاساوێک بێت بۆ پێدانی دەستەڵاتی شەرعی پێویست، تەنانەت لەگەڵ کەمتەرخەمی یان فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی تر، ئەم حاڵەتەش ئاماژە دەدات بە گرنگێتی ڕێکخستنەوەی ئەو ئەرکانە بە ڕیزبەندییەکی تەواوکاری بەجۆرێ هیچکامیان ئەویتریان نەسڕێتەوە، هەروەها بەجۆرێ کە ڕێکخستنەوەی ڕیزبەندییان لەسەر بنەمای بارودۆخی ئەو قۆناغە ژیارییە بێت کە گەل تیایدا دەژی، نەک لەسەر بنەمای گوتەی خێڵەکی توندو زبر، ئەوکات ئیتر ئەرکی (دادگەریی و یەکسانیی) پێش ئەرکی (پاراستنی ئاین) دەکەوێت، ئەوەش کاتێک کە مەترسییە ڕاستەوخۆکانی سەر باوەڕ بوونیان نامێنێ، کاتێک پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان هەڵدەستن بە ڕۆڵی بانگخوازی خۆیان، تا بەوە کار چڕبکرێتەوە لەسەر ئەو ڕێکارانە کە زەمانەتی دەستەبەرکردنی دادگەری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکەن.

زۆر گرنگە ئاستێکی زۆر لە هاوسەنگی لە نێوان ئەرکانەدا و گواستنەوە بۆ دیاریکردنیان بەپێی ڕێکارە ڕێکوپێکەکان بێتەکایە، چونکە نابێت پاراستنی ئاین فەرامۆشبکرێ و بکەوێتە دەست دەستەڵاتی سیاسیی، هەروەک ئاماژەمان پێدا ببێتە پرەنسیپی بەهێزبوونی دەستەڵات، مێژووی ئیسلامی پڕە لە جۆرەها شێوەی ململانێ کە هۆکارەکەیان قەتیسکردنی ئەو ئەرکە بووە لە دەستی دەستەڵاتە سیاسییەکاندا، ئەوانە لەژێر پەردەی دژایەتیکردنی بیدعەو گومڕایان سڵیان نەکردووەتەوە لە بەکارهێنانی ئاین بۆ شکاندنی نەیارانیان، هەروەها سپاردنی ئەرکی پاراستنی ئاین بە ڕژێمێک کە لەسەر زاڵبوون و ملهوڕی و گوناە و تاوان بەرپابووە، ئەمە مەسەلەیەکە پێویستە سەرنجی لێبدرێ، چونکە پڕە لە دژبەیەکی و سانسۆر، بۆ ئەم کارەش دەبێ کۆمەڵگا کە خاوەنی ئەسڵی ئەرکەکەیە ببرێ بەرەو بەشداریکردن لەو ئەرکەدا و ڕزگارکردنی لە دەستەڵاتی ستەمکار، لەم میانەیەدا دەکرێ ئاماژە بدرێ بەو تێزی گەشەپێدانە کە دکتۆر سەیفودین عەبدولفەتاح خستوویەتەڕوو بۆ ئەرکی (پارێزگاری) لە چوارچێوەی مەبەستە گشتییەکانی شەریعەتدا، چونکە پاراستنی ئاین (پرۆسەیەکی گەشەپێدان و ژیارییەو پەیوەندە بە ئاوەدانکردنەوەی ئاین، هەروەها پاراستنی گیان وەک پرۆسەیەکی ئاوەدانی درێژەپێدراو، پاراستنی ئەقڵیش ئاماژەیە بۆ ئەرکی ئاوەدانی ئەقڵی و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ئەقڵی موسڵمان، پاراستنی وەچەش بۆ درێژەدانە بە ئەرکەکانی گەشەپێدانی مرۆیی و پەروەردەیی، پاراستنی ماڵ و دارایی بۆ درێژەدانە بە

پرۆسەی جێنشینی و ئاوەدانی، هەروەها بۆ ڕەخساندنی ڕەگەزەکانی بونیادی سەرەکی پرۆسەی گەشەپێدان)[1]، زۆر گرنگە ئاین بگۆڕدرێ بۆ بەهاکان و پوختەکردنی سیستم و ڕێسا بەکاربەرەکان و بەها پراکتیکییەکانی، ئینجا ئامادە بکرێ بۆ بواری پیادەکردنی و جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندی سیاسیی پاراستنی ئاین، ئەمەش لەجیاتی وەتنەوەی سەرزارەکی چەمکی پاراستنی ئاین یان ڕازاندنەوەی کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەکان پێی بەبێ زەرورەتی پێویست. ئەمەش دەخوازێ مانای پاراستنی ئاین روونبکرێتەوە، هەڵوێستیش لەسەری وەربگیرێ، کە ئایا واتای پاراستنی ئاین بە مانای پاراستنی کەلەپورە کە بەدەوریدا دروستبووە؟ ئایا پاراستنی ئاین گونجاوە لەگەڵ نوێکردنەوەی پرسەکانی ئایندا؟ یان پێویستە پاشەکشە بکرێ بە ئەرکی پاراستنی ئاین تا کورتبکرێتەوە لەسەر بنەما و ڕێساکان تا بوار بڕەخسێنێ لەبەردەم نوێبوونەوەدا؟ ئایا هەڵوێست چیبێت لە ڕێبازەکانی ئایندارێی ڕووکەشی کەسێتی؟ ئایا ئیسلام بۆیە گیان دەپارێزێ تا پیرۆزییەکەی لەلایەن تاکڕەوییەوە پێشێل بکرێ؟ ئایا ئەو گیانە کامەیە کە پێویستە بپارێزرێ؟ ئایا ئەو گیانەیە کە گەشبین و بەرهەمهێنەر و پاککەرەوەیە؟ یان ئەو گیانەیە کە زەمینەسازی دەکات بۆ ستەمکارییی؟ پاشان ئایا ئەو ئەقڵە کامەیە کە پێویستە بپارێزرێ، ئایا بوارەکانی ئەو پاراستنەی کامانەن؟ ئایا چۆن دەتوانرێ ئەقڵ بپارێزرێ لە ستەمکاریی هزری بەناوی ئاینەوە؟ ئایا مانای پاراستنی وەچە لەبەر ڕۆشنایی ڕا فیقهییەکاندا چییە کە ڕێگری بکات لە بەرەنگاربوونەوەی ستەمکارییەک کە ئافرتان ببات بەرەو کۆیلەیەتی و وەچەش لەناوببرێ؟ پاشان ئایا ماڵ و سامان ئامرازن بۆ پاراستنی گەل یان خودی سامان بابەتێکە بۆ پارێزگاری لێکردن؟ پاشان ئەو مەسەلە هەمووەکیانە لەکوێدا لەگەڵ دەستەڵاتی ملهوڕدا یەکتردەبڕن کە هۆیەکانی بەهێزی و بەتوانایی بخەنە دەستی. ئینجا دەستەڵاتی فراوانی بدرێتێ با ڕەهایش نەبێت؟

بەڕاستی تەڕتوشی لە دەقێکی چڕوپڕدا تیشکی خستووەتە سەر ئەنجامەکانی دەستەڵاتی ملهوڕ، لە کتێبی (سراج الملوک)یدا هاتووە دەڵێ: (ئەگەر دەستەڵاتدار ملهوڕی کرد ئیتر ستەمکاریی لە وڵاتدا بڵاودەبێتەوەو خەڵکی دەگرێتەوە، ئاینیان دەشێوێنێ و پیاوەتیان ناهێڵێ، جۆرەها گوناە و سەرپێچی لەناویاندا بڵاودەبنەوەو ئەمانەتپارێزی لەدەستدەدەن، دەروونیان لاواز دەبێت و دڵیان وشک دەبێ، لێرەوە

١٠- عبد الفتاح، سیف الدین. مقاصد ومعاییر التنمیة. رؤیة تأصیلیة من المنظور المقاصدي، القاهرة: دار السلام، ٢٠٠٧م، ص٢٩٣.

مافەکان پەکدەخرێن و کار بە ناڕەوا دەکەن، شایەن و تەرازووبازی دەکەن و و ڕێگا بە زرق و برقی ناڕەوا دەدەن، ئەوکات فەڕو بەرەکەت لەناویاندا هەڵدەگیرێ و ئاسمانیش باران دەگرێتەوە، زەویش وشک و برنگ و بێ ئاو دەبێت و کشتوکاڵ دەرنایەت، دەستمایەی ژیانیان کەم دەبێت و نائومێد دەبن و چاکەکاریان کەم دەبێت، دەکەونە شین و شەپۆڕ بەسەر ئەوەدا لەدەستیانداوە، ئینجا زەکات نادەن و رژد دەبن لە دڵدانەوەی کەسانی مەینەتبار و بەساڵاچووان، دەستیان دەگرنەوە لە کارە بەخشندەکان، ناکۆکن لەسەر حەڵاڵ و بە برێکی هیچ و پوچ بێباوەڕ دەبن، ئینجا باوەڕی درۆزنانە تیایاندا بڵاو دەبێتەوە، فێڵ و تەڵەکەو و فرۆشتن و خەڵەتاندن لە مامەڵەدا دروست دەبێ، دەکەونە حیلەو خراپە لە کاروباری دادوەریی و ماف سەندنەوەدا، جگە لە ئابڕووچوون هیچیتر نایانگێڕێتەوە لە دزیکردن، جگە لە حەیاو ئابڕووچوون هیچیتر نایانگێڕێتەوە لە زینا، هەر یەکێکیان بەردەوام داماڵراوە لە جوانیەکانی ئاینەکەی و لە پۆشاکی پیاوەتیەکەی، گەورەترین خەمی پارووی ژیانیەتی، گەورەترین خۆشییەکانی خواردنی ئەو کەلاکەیە، هەرکەسیش بەوجۆرە بژی ئەوا ناوسکی زەوی بۆی لە سەرزەوی باشترە)[1].

ئەمانە ڕەهەندو جێکەوتەکانی ستەمکاریی و ملهوری و سەرئەنجامەکانیەتی، کە لە ئێستاو ئایندەدا دێن بەسەر گەلدا، بەسەر مرۆڤ و دەستکەوتەکانیدا، بەسەر دین و دنیایدا، جا ئەگەر هزری ئیسلامی نارازی بێت بە ملهوریی، لە هەمانکاتیشدا بەگوێکردنی دەستەڵاتی ملهورانەی کردبێتە ئەرک، ئەوا پێویستە ڕاستکردنەوەی ئەو تاکڕەوییە هزرییە کە بەسەر ئەقڵی موسڵماندا هاتووە، لە پرۆسەی چاکسازی و بونیاتنانەوەدا بکرێتە ئامانجی سەرەکی، ئەویش بە گەڕانەوەیەکی ئاقڵانەو بەرچاوڕوونانە بۆ دەقە ڕوون و پاکەکانی قورئان، بۆ دەقە ڕاست و ئەقڵگیر و ڕێنماکارەکانی سوننەت، بێئەوەی بەردەوام پەنا ببرێتەبەر کەلەپور یان لێکدانەوە یان ئیجتیهاد، لەوانەشە هەنگاونان لە واقیعی هاوچەرخی موسڵمانەوە زەمینەیەکی باش بێت بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ گرفتەکانی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، کە مرۆڤێکی هێناوەتە کایە دابەشبووە لە نێوان بەگوێکردنی خواو بەگوێکردنی دەستەڵاتی ستەمکاردا، هاتووە لەپێناو ئاشتەوایی و سازان لەگەڵ ملهوڕی مێژووییدا دەقی پاکوبێگەردیی شەرعی بەفیڕۆداوە.

لەڕاستیدا ئەو زەرورەتانە کە چەند ڕەوتێکی هزری سیاسیی ئیسلامی باسیان

---

١- الطرطوشي، سراج الملوک، ص٣٢.

دەکەن و چاوەڕێن مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەبەرچاویان بگرێ، پێویست بەوە دەکات سەرلەنوێ دەستبکرێ بە پرۆسەی بونیاتنانەوەی، چونکە نەبوونی گەشەپێدان، بەهەدەردانی وزەو تواناکان، پەکخستنی جوڵەی مرۆڤی جێنشین، سەرکوتکردنی داهێنانی تاکەکەسی، هەموویان کۆمەڵە پرسێکن واقیعێک پێکدێنن کە پێویستی بە جەمکردنی توانا هزرییەکان هەیە بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو سیفەتە کە پرسێکی گەشەپێدان و ژیارێکی زەرورە.

لەبەرئەوە ئاڵەنگارییەکە ڕوونەو دەبێ دەروازەیەکی گەشەپێدان بدۆزرێتەوە، بەرپا ببێت لەسەر پێداچوونەوە بە بڕیارە بەردەستەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیدا ئەویش لەبەر ڕۆشنایی مەبەستەکانی شەریعەتدا، ئەمەش مەسەلەیەکە پێویستی بەوەیە پەیوەندی مرۆڤی موسڵمان بە سروشت و بە بەربوومەکانیەوە دیارییبکرێ، پەیوەندی بە دەستەڵاتەوە دیارییبکرێ، ئەویش بۆ دۆزینەوەی ئەو توانایانە کە بەکاردەهێنرێن بۆ گەشەدان بە بەروبوومەکانی سروشت بەپێی ڕیزبەندی جەماوەری بۆ ڕشتەبەندی حوکمڕانی، کە تەبا بێت لەگەڵ کارە لەپێشترینەکانی گەشەپێدان و ڕەچاوی داخوازییەکانی بکات، هەروەها پەیوەندی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی لە بازنەی بەهاکانی دەستەبەری و هاوکاری و برایەتی ئیمانیدا دیارییبکات، هەروەها پەیوەندی مرۆڤی موسڵمان بە واقیعەوە لە ڕووی کات و شوێنەوە دیارییبکات، ئەوەش لە ڕووی ئەو توانایانەوە کە ڕێگەیان پێدەدا و ئەو هەڕەشانەوە کە دایاندەنێ، بەجۆرێ کە هاوکاربێت لە دیاریکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدان، هاوکاری هۆکارەکانی بێت، لەپێش هەموو ئەمانەشەوە پەیوەندی مرۆڤ بە ئاینەوە دیارییبکات بەپێی دیدێکی هەمووەکی کە ئاراستەی جوڵەی مرۆڤ لە ژیاندا بکات، ئامادەسازییەکانی ڕێکبخات، وزەو تواناکانی بتەقێنێتەوە، هۆکارەکانی ڕێکوپێک بکات و شەرعی بن، ئینجا هاوکاری بێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، فەرزە کیفاییەکان نەبنە ڕێگر لەبەردەم گەشەپێداندا[1]، هەروەها نابێت لەپێناو ڕێکخستنی ژیانی تاک حوکمە کۆمەڵییەکان بەهەدەر بدرێن[2].

---

١- الغزالي، محمد. مشكلات في طريق الحياة الإسلامية، قطر: رئاسة المحاكم الشرعية و الشئون الدينية، ١٤٠٢ه، ص٢٨-٣٢.

٢- دکتۆر عەلی جومعە پێیوایە ئەو فیقهەی لەبەردەستدایە فیقهی تاکەکەسە نەک فیقهی گەل، ئەوەش بۆ بەجێگەیاندنی پێویستییەکانی تاک دەرکەوتووە، پاشان براوەتە بواری گشتی بێئەوەی ڕەچاوی جیاوازی بکرێ. بڕوانە: جمعة، علي. متطلبات العصر ومواجهة تحديات الأمة، ضمن كتاب: الأمة وأزمة الثقافة والتنمية، لأبو سليمان، ص٢٧.

لێرەدا دەكرێ ئاماژەبدرێ بە گرنگێتی بەستنەوەی گوێڕایەڵیی سیاسیی بە كرداری ئەنجامدانەوە، چونكە دیاریكردنی ئەركەكانی دەستەڵاتی سیاسیی، هەروەها گریمانەی بێلایەنی كۆمەڵگا بەرانبەر ئەنجامدانی ئەو ئەركانە هەروەك لە مێژوودا بە كردەیی ڕوویداوە، لەسەر گریمانەیەك بەرپا دەبێت كە گوێڕایەڵیی جێگیرە، چونكە نەتوانایی دەستەڵات یان شكستخواردنی لە ئەنجامدانی ئەركە سیاسییەكاندا نابێتە پاساو بۆ لێسەندنەوەی گوێڕایەڵیی، ئیتر بە شێوەی بەشیی یان هەمووەكی بێت. بەمجۆرە هەر پێكەوەنەبەستنێ لە نێوان گوێڕایەڵیی و ئەنجامدان دەبێتە هۆی جیاكردنەوەی نێوان دەستەڵات و بەرپرسێتی، ئەوەی ئەم مەسەلەی لێكدابڕانە زیاتر و زیاتر دەكات ئەو پرژوبڵاویە دامەزراوەییەیە كە دەوڵەتە ئیسلامیە هاوچەرخەكان تیایدا دەژین، كە ژمارەیەكی زەبەلاح لە دامەزراوەو ئۆرگانی بەرژەوەندی و كارگێڕییەكان لە جەستەی دەوڵەتدان، بەجۆرێ كە زەحمەت بێت بە ئاسانی و بە ڕوونی بەرپرسێتی دیارییكرێ، ئەمەش وادەكات كە لێپرسینەوەو چاودێری پرۆسەیەكی زۆر ئاڵۆز بێت، لێرەوە ئەوا ئەرێنیبوونی ئەو ئەركانە بە دیاریكردن و ئەنجامدانیان پەیوەندە بە پەرەدان بە میكانیزمە فراوانەكانی چاودێری جەماوەرەوە، كە ئەركەكانی لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمیەكان ڕاپەڕێنێ و بەشدار بێت لە پێكهێنانی هۆشیاری گەل بە پرسەكانی گەشەپێدان.

هەر لێرەدا مەسەلەیەكی تریش هەیە كە خۆی لە هەڵگەڕانەوەی تەمومژی شەرعیەت لە هزری ئیسلامیدا وێنا دەكات، ئەمەش مەسەلەیەكە بە هۆی قەبەكردنی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە ڕوویداوە، چونكە لەجیاتی ئەوە شەرعیەتی ڕژێمی سیاسیی ببێتە بناغەیەك بۆ بەگوێكردن و هاندانی، هاتووە گوێڕایەڵیی كردووەتە بناغەی شەرعیەت، ئەوەش بەجۆرێ ئەو كەسە كە هێز و تواناكەی ببێتە هۆی دابینكردنی بەگوێكردنی و پێشبینی بكرێ شوێنی بكەون و ترس و سامی هەبێت ئەوا دەبێتە فەرمانڕەوایەكی شەرعی، ئەم بیرۆكەیەش دزەیكردە ناو دەق و نوسینی زۆرێك لە كەسایەتییەكانی هزری سیاسیی ئیسلامی، بەم پێیە گوێڕایەڵیی بووە بەرهەمهێنەری بەیعەت، بەیعەتیش لەجیاتی ئەوە بەرپا ببێت لەسەر گەڕان بەدوای مەرجەكانی فەرمانڕەواو نیشانەكانیدا، وایلێهات بەرپا ببێت لەسەر گریمانەی ئەگەرەكانی گوێڕایەڵیی لە كاتی هەڵبژاردنی فەرمانڕەوادا، یان لە كاتی هەڵدانەوەی حاڵی زاڵبواندا، بەمجۆرە فەرمانڕەوای شەرعی واتە فەرمانڕەوای بەگوێكراو، سەرچاوەی بەگوێكردنیشی نە گەلە و نە ئەهلی حەلل و عەقدە، بەڵكو

(هێز و توانا) خۆیەتی کە دەستی باڵایەو فراوانترین دەستەڵاتی هەیە، لەوانەشە دەمارگیری خودی فەرمانڕەوا خۆی بێت، ئەمەش بچوککردنەوەی پرەنسیپی شەرعیەتەو قووڵکردنەوەی بیرۆکەی دەستەڵاتداری سەرکوتکار و بەزەبرە، کە لەسەر حیسابی بەهاکانی شورا و دادگەریی و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەوە دێت.

**٤- بونیاتنانەوەی سیاسیی: دەروازەیەکی ژیاریی:**

هەوڵی سەرلەنوێ بونیاتنانی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەم دەروازەیەدا وێنەیەکی دیاریکراوتر وەردەگرێ، چونکە هزرە گشتییەکان لە بواری سیاسیدا هەمان مەبەست بەجێناگەیەنن کە لەوانەیە لە بوارەکانی تردا بەجێیان بگەیەنن، ئەوەش بەهۆی سروشتی تایبەتی ئەو بوارەوە، کە پێویست دەکات قسەکردن تیایدا وابەستە بێت بە کۆمەڵێ ڕێساو میکانیزمی پێشنیازکراوەوە، کە لەوانەیە نەهێڵن چەمکەکە لە پیادەکردنی کرداریدا بڕەوێتەوە، یان خاڵیبکرێتەوە لە ناوەڕۆکە قورئانیەکەی، لە هەمانکاتیشدا بچێت بەدەم خواستی بارودۆخی واقیعی سیاسیی بابەتیەوە، هاوکات باری ژیاری گەلیش لەبەرچاو بگرێ. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی نمونەیەکی بەکاربەر دەکەین کە هەندێ هزری ڕاستکەرەوە بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەخاتەڕوو و یارمەتیدەرە لە کاراکردنی چەمکەکە لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکی، ئەوەش بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

أ- بە دامەزراوەکردنی چەمکی کاربەدەستان:

ئەو پرسیارە کە بەدرێژایی قۆناغەکانی پەرەسەندنی هزری سیاسیی ئیسلامی گرنگ بووەو ئێستەش گرنگترە بریتییە لەوە کە: ئایا کاربەدەستان کێن؟ ئایا نوێنەری تاقمێکی نەگۆڕن، یان گوزارشە لە پێکهاتەیەک کە سنوری توێژیی تێدەپەڕێنێ و دەکرێتەوە لەسەر ئاسۆی کۆمەڵایەتی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە؟ ئایا چۆن دەتوانرێ شێوەی کۆمەڵیانە بۆ ئەو چەمکە دەستەبەر ببێ؟ ئایا دەکرێ بکرێتە دامەزراوە، پاشان ئایا کاربەدەستان بریتین لە (ئەهلی حەلل و عەقد) یان ئەوانە نوێنەرایەتی پێکهاتەیەکی جیا دەکەن لە ڕووی ئەرکی وەزیفیەوە؟ ئایا پەیوەندی لە نێوانیاندا چۆنە؟ ئەی ئایا پەیوەندی لە نێوان هەریەک لەوان بەجیا و نێوان گەلدا چۆنە؟ ئایا چۆن دەتوانرێ مانای (گەڕانەوەی حوکم بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) لە کاتی ناکۆکیدا جێبەجێ بکرێ) ئەگەر بویستری لە واقیعی سیاسیدا کاری پێبکرێ؟

لەڕاستیدا کاربەدەستان لە دەوڵەتی ئیسلامی نوێدا بریتین لە دامەزراوە

فەرمییەکان، کە لە دامەزراوەکانی هەر سێ دەستەڵاتی تەشریعی و دادوەریی و ڕاپەڕاندندا خۆیان دەنوێنن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چەمکی کاربەدەستان سنوری توێژیی تێدەپەڕێنێ، بەم پێیەش ئەو دامەزراوانە زانایان و فەرمانڕەوا سیاسییەکانیان، بەڕێوەبەر، یاسادانەر، کەسانی ڕاپەڕێنەر، دادوەران، پلەداری سوپا، پیاوانی ئاسایش، پەروەرشکاران، بیرمەندان و خاوەن ڕەئی و هیتریشیان تێدایە، ئەم پێناسەیە پێویستی بەوەیە هۆشیاری هەبێ بە بزاوتی چەمکی کاربەدەستان و رزگارکردنی لە سنورە توێژییەکان، چونکە پێوەری ڕێکخستن بۆ چوونەژێر ئەو سیفەتە بریتییە لە لایەنداریی بۆ پێکهاتەی دەستەڵاتی فەرمی و هەبوونی دەستەڵات لە بڕیاردان لەو شتانەدا کە پەیوەندن بە کاروباری گشتییەوە، ئەو پێوەرەش ڕێگا دەدات بە جیاکاریی نێوان دوو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، یەکێکیان دەستەڵاتی سەرەوەیە کە (کاربەدەستان)ە، ئەویتریشیان کۆمەڵایەتی خوارەوەیە کە (ئەهلی حەلل و عەقد)ە، لەگەڵ ئاماژەدان کە هەردوو وشەی (سەرەوە) و (خوارەوە) مانای ڕەوشتی وەها لەخۆناگرن کە جۆرێک ئاماژەی تێدابێت بە بەراوردکاری گوایا ئەویان لەویتریان باشتر و ڕێزدارترە یان پێگەی لەو گەورەترە، بەڵکو تەنها گوزارشە لە جیاکاری ئەرک و وەزیفە.

ئەم دەستنیشانکردنە دامەزراوەییە بۆ چەمکی کاربەدەستان پێویستی بەوەیە ڕوونکردنەوە لەسەر هەندێ مەسەلە بدرێ، لەوانە:

- سیفەتی کاربەدەستان بەهۆی ماقوڵی و کەسایەتی تایبەتی خۆیانەوە نادرێ بەسەر هیچ یەک لەوانەدا، بەڵکو دەدرێ بەسەر ئەو دامەزراوانەدا کە ئەوان هەموویان سەر بەوانن.

- هیچ کەس بە تەنها بۆی نیە، یان دامەزراوەیەک بە تەنها خۆی بڵێ کە سیفەتی کاربەدەستی هەیە، چونکە ئەم چەمکە بەش بەشکردن قوبوڵناکات، بەڵکو حاڵەتێکی کۆدەنگی کۆمەڵییانە یان ڕێکەوتن لە چوارچێوەی دامەزراوە فەرمیەکاندا وەردەگرێ تا بتوانرێ قسە لەسەر چەمکی کاربەدەستان بکرێ، بەم پێیەش هەڵدەستێ بە ئەرکی هەماهەنگی و تەواوکاریی لە نێوان دامەزراوە فەرمییەکانی ڕژێمەکەدا.

- لە نێوان دامەزراوەکانی کاربەدەستاندا ناوەندێکی نەگۆڕ نیە کە قورسایی هەموو ئەرکەکە بکەوێتە ئەستۆی ئەو، دەستەڵاتی تەشریعی خاوەنی هەموو قورساییەکە لەلایەنەکانی تەشریع و یاساکان و هەموارکردنی دەستوردا، دەستەڵاتی دادوەریی خاوەنی هەموو قورساییەکە لە کاروباری دادوەریداو

کەسیتر هەژموونی نیە بەسەریدا، دەستەڵاتی جێبەجێکردنیش خاوەنی پسپۆڕییە لە مەسەلەکانی جێبەجێکردندا، کە لە ڕووی سیاسییەوە لەژێر ڕکێفی دامەزراوەی تەشریعیدایە، لە ڕووی تاوان و دەستوریشەوە لەژێر ڕکێفی دامەزراوەی دادوەریدایە.

- هەردوو دەستەڵاتی تەشریعی و جێبەجێکردن لەسەر پرەنسیپی هەڵبژاردن بەرپادەبن ئەوەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی گەلەوە بۆیان، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراوەو دەبێت دەستەڵاتی جێبەجێکردن گەرەنتی کارایی ڕژێمەکەو سڕنەکردنی بکات، دەستەڵاتی تەشریعین هەڵدەستێ بە دانانی دادوەران بێئەوەی مافی لابردنیانی هەبێت.

لێرەدا چەند ڕەخنەیەک هەن کە دەکرێ ڕووبەڕووی ئەو چوارچێوە پێشنیازکراوە ببنەوە، گرنگترینیان پەیوەستە بە هۆکاری کورتکردنەوەی چەمکی کاربەدەستان تەنها لە دامەزراوە فەرمیەکاندا، دەکرێ لەمبارەیەوە بوترێ کە:

- لەڕاستیدا چەمکی کاربەدەستان چەمکێکی شاقووڵی نیە، چونکە گوزارشت لە لایەنی فەرمی دیاردەی سیاسیی دەکات، فەرمانی بەگوێکردنیان کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بۆ باوەڕداران هاتووە، کاربەدەستانیش بەشێکن لە باوەڕداران، هەر بەو سیفەتەش کاروبارەکانی دەستەڵاتی سیاسیی دەگرنە دەست، واتە بە سیفەتی (لە ئێوە-منکم-).

- هێنانی زانایان و کەسانی خاوەن ڕەئی و ژیریی بۆ ناو ئەو بەشە لە باوەڕداران واتە (کاربەدەستان) گرفتێکی جەوهەری لێدەکەوێتەوە، ئەویش دابەشبوونی گەلە واتە (باوەڕداران) بۆ دوو بەش: لەلایەکەوە (کاربەدەستان)ن کە زانایان و فەرمانڕەواو و والیەکان و هیتریش دەگرێتەوە، (سەراپای گەلیش) لەلایەکیترەوە، ئەم دابەشکردنە وا لە گەل دەکات دابەش ببێت لە نێوان توێژێکی بژاردەدا کە خۆی لە زانست و ژیریی و دەرککردن و ڕەئیدا دەبینێتەوە، خەڵکە گشتییەکەش کە پەیوەستە بە نەزانی و دواکەوتوویییەوە، کە ئەمە ڕێگرە لەوەی کار بە ڕاجیاوازی بکرێ لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا، بەڵکو شوێنکەوتەیی گەلیشی بۆ دەستەبەر دەکات، ئەمەش بەدرێژایی هزری ئیسلامی ڕوویداوە، لەبەرئەوە دەبێت زانایان و بیرمەندانی گەل لە دەرەوەی بازنەی چەمکی کاربەدەستان یان (پێکهاتەی دەستەڵاتی فەرمی)دا بن، تا -لە کاتی پێویست دا- بتوانن کار بە ناکۆکی و ڕاجیاوازی لەگەڵ کاربەدەستاندا بکەن.

کەواتە کاربەدەستان ئەوانەن کە لەلایەن باوەڕدارانەوە لە ڕێگای گەلەوە

هەڵبژێردراون تا کاروبارەکانی ببەن بەڕێوە، ئیتر ئەوانە کەسانی زانا یان سیاسیی یان کارگێڕەکان یان هیتریش بن چوونیەکە، لەناو گەلیشدا کەسانیتر هەن کە ناچنەژێر چەمکی کاربەدەستان، کە توانا بە گەل دەدەن لەسەر ئیدارەدانی ناکۆکی لەگەڵ کاربەدەستاندا تەنانەت لە حاڵەتی کۆدەنگیشیاندا.

ب- ئەهلی حەلل و عەقد: فراکسیۆنی مێژوویی

بەپێی وەسفی پێشوو پێویستە سیستەمی سیاسیی ئیسلامی لە ڕووی ڕێکخستنەوە لەسەر دوو پایەی سەرەکی بەرپا ببێت، ئەوانیش بریتین لە:

- کاربەدەستان، کە لایەنە فەرمی و دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی دەگرێتەوە.

- ئەهلی حەلل و عەقد، کە گوزارشە لە لایەنی نافەرمی لە سیستەمی سیاسیدا، دامەزراوەکانی خۆبەخشن و لە واقیعی گەل و جووڵەی مێژووییەوە هەڵقوڵاون، هەر لە بنەڕەتەوە هەڵنەبژێردراون، چونکە پێکهێنانی (ئەهلی حەلل و عەقد) بە پێچەوانەی کاربەدەستانەوە- دەچێتە ژێر مەرجەکانی دەرهاویشتەو جیاکردنەوەی مێژوویی لەناو گەلدا نەک مەرجەکانی هەڵبژاردن یان نوێنەرایەتی سیاسیی، لەوانەیە ئەو پرۆسەی جیاکردنەوە مێژووییەش لە ڕێگای ناوەندی زۆرەوە ڕووبدات، وەک مزگەوتەکان، ناوندە زانستیەکان، چالاکی بانگخوازیی، زانکۆکان، قوتابخانەکان، پارتەکان، گردبوونەوە ڕۆشنبیرییەکان، ڕۆژنامەو هیتریشەوە، بەمجۆرە ئەوا (ئەهلی حەلل و عەقد) هێزێکی کۆمەڵایەتین، ڕادەربڕینێکی بێ پلانی ئیرادەی گەلە، بەجۆرەها شێوە گوزارشت لەخۆی دەکات، لە وەرچەرخانە مێژووییەکاندا بە شێوەیەکی ڕوون دەردەکەوێ، یان لە بارودۆخە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە زۆر وردەکاندا دەردەکەوێ، لەبەرئەوە گاڵتەجاڕی و بێهودەییە مەرجەکانی (ئەهلی حەلل و عەقد) دیاریبکرێ چونکە کەس بۆی نیە هەڵیانبژێرێ، ئەم چەمکەش لەو چەمکی فراکسیۆنە مێژووییە دەچێ کە لە هەندێ کاتدا وەک نەبینرێ وەهایە، هاوکات هەڵگری کارایی و پەسەندیی کۆمەڵایەتیشە، هەروەها هەڵدەستێت بە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەل، ئەگەریشی هەیە بوونێکی دامەزراوەیی هەبێت لە دەرەوەی پێکهاتەی دەستەڵاتی فەرمی، بێئەوەی بوونەکەی ببەسترێتەوە بە داننان بە (کاربەدەستان)دا. بوونیشی بەمشێوە پێشووە بناغەی دەستەبەرکردنی هاوسەنگییە لە سیستەمی سیاسیی ئیسلامیدا.

ئەرکەکانی ئەهلی حەلل و عەقد بریتین لە:

- نوێنەرایەتی گەل لە حاڵەتەکانی ناکۆکی لەگەڵ کاربەدەستاندا.

- چاودێری جەماوەریی لەسەر دامەزراوەکانی کاربەدەستان، ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بە هەموو هۆکارەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە،

لەنێویشیاندا بانگەشە بۆ (ڕاپەڕینی جەماوەری).
– هەستان بە ئەرکی پێدانی ئامۆژگاری.
– هەستان بە ئەرکەکانی بەرانبەر بە گەل، لە ڕوونکردنەوەی حوکمە شەرعییەکان، هۆشیارکردن، ڕۆشنبیرکردن و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی و هیتریش.
– شورا یش لە بازنەی ئەم بۆچوونەدا لەسەر سێ ئاست دەجوڵێ:
– شورای گشتی کە هەمووی جەماوەر دەگرێتەوە، کارەکانی بریتین لە: هەڵبژاردنی سەرۆکی دامەزراوەی ڕاپەڕاندن (سەرۆکی دەوڵەت)، هەروەها ئەندامانی دەستەڵاتی تەشریعی، ڕاپرسی لەسەر ئەو پرسانە کە سروشتێکی ڕیزپەڕیان هەیە وەک (کارەساتەکان)، هەروەها جیاکردنەوەی یاسایی لە پرسەکانی ناکۆکی لە نێوان کاربەدەستان و ئەهلی حەلل و عەقد دا.
– شورای تایبەت: ئەمەش خۆی لە ڕاوێکردنی کاربەدەستان بە ئەهلی حەلل و عەقد دا دەبینێتەوە لەو پرسانەدا کە سروشتی کاری ڕێکخستن وەرناگرن، وەک پرسەکانی ئایندە کە پەیوەندن بە چارەنووسی گەلەوە، یان سەروەت و سامانی، یان کەلەپوری، یان لەو پرسانەدا کە لایەنی باوەڕی و شەرعییان هەیەو پێویستە ئیجتیهادیان تێدا بکرێ، یان پەیوەندن بە بارودۆخە لەناکاو و حاڵەتە هەڵاوێردکراوەکان کە کاربەدەستان ناتوانن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن.
– شورای ناوخۆیی یان ڕێکخستنی: ئەمە لەناو دامەزراوەکانی کاربەدەستاندا ئەنجامدەدرێ، کە لە چەمکی ڕاوێژکردنەوە نزیکە.
بڕیارەکانی شورا لەسەر هەردوو ئاستی یەکەم و دووەم سیفەتی پابەندیی وەردەگرن، بەڵام لە ئاستی سێیەمدا ئەوا بۆ ئاگاداری و بەرچاوڕۆشنیە.
بڕیاری دامەزراوەکانی کاربەدەستانیش ئەگەر هاتوو ئەم خاڵانەی خوارەوە تیایاندا لەبەرچاو گیرا ئەوا لە بنەڕەتەوە سیفەتی پابەندیی وەردەگرن:
– پێچەوانەی دەقە شەرعییە گومانبڕەکان نەبن.
– بەریەککەوتن لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکان دروست نەکەن.
– بە مەرجێ ئەو بڕیارانە لە کاروبارە هونەری و ڕێکارییەکاندا بەپێی پسپۆڕی بێت.
– بە مەرجێ کۆدەنگی دامەزراوەکانی کاربەدەستان تیایاندا دەستەبەر ببێت، واتە هەماهەنگ بن و ڕێکەوتنی سیاسیی لەناو ئەو دامەزراوانەدا هەبێت.
بەڵام ئەو بڕیارانە کە دەبنە هۆی ناڕەزایی و ڕەخنەی بەرفراوانی جەماوەر، یان دەبنە هۆیەک بۆ ڕەخنەگرتنی ئەهلی حەلل و عەقد، ئەوا ئەو بڕیارانە لەجیاتی ئەوە بڕیاری پابەندیی بن دەگۆڕدرێن بۆ ئەو پرسانە کە جێگای ناکۆکین.

**ت- سنوردارکردنی ناکۆکیی:**

پێکهاتەی دامەزراوەیی چەمکی کاربەدەستان پێویستی بەوەیە کۆمەڵێک دامەزراوە و ڕێکار بێنێتە کایە کە سەرپەرشتی جیاکردنەوەی نێوان حاڵەتە ناکۆکەکان بکەن، هەروەها کەناڵە تایبەت و گشتییەکانی شورا دیاریبکەن، بەهەمانشێوە دیاریکردنی ڕێکارەکانی لابردنی سەرۆکی دەستەڵاتی ڕاپەڕاندن و ئەوانەی ژێردەستیشی، ئەم کارەش پێویستی بەوەیە کۆمەڵێ دامەزراوە بهێنرێنە کایە تا نوێکردنەوەی خودی لە سیستمی سیاسیدا بکەن، ئەرکیان پێشبینی کردن بێت لە گرفتە گشتییەکانی ئایندە و بژاردەکانی هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا.

دەتوانرێ جیاکاری لە نێوان دوو جۆر ناکۆکیدا بکرێ:

یەکەم: ناکۆکی ناوخۆیی کە لەناو دامەزراوە فەرمییەکانی کاربەدەستاندا ڕوودەدات، لەوانەشە ناکۆکییەک بێت ئاسان چارەسەر بکرێ، وەک ناکۆکی لە بواری پسپۆڕی و دەستەڵاتدا، یان قورس بێت وەک هەوڵدانی دامەزراوەیەک بۆ سەندنەوەی دەستەڵات و مافی دامەزراوەیەکی تر، بە خاڵیکردنەوەی لە ناوەڕۆک یان سڕینەوەی، دەکرێ ئاماژە بدرێ بە سێ لە ئاستەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی ناوخۆیی، ئەوانیش بریتین لە:

- گێڕانەوەی بابەتی ناکۆکییەکە بۆ دامەزراوەکانی خودی سیستمەکە (گێڕانەوەی ڕێکخستنەوە).

- لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی ناکۆکییەکە، ئەهلی حەلل و عەقد لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستمەکەوە بێنەناو کێشەکە.

- لەبارێکدا مەترسی ناکۆکی سەخت و توندبوو لەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگا، ئەمە مانای وایە کە ڕژێمی فەرمی شکستیخواردووە و توانای نیە لەسەر لەخۆگرتن و چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، ئەوکات سەرلەنوێ سیستمەکە بەپێی کۆمەڵێ ڕێسای ڕێکخستنەوە دادەڕێژرێتەوە کە ڕوونتر و سەرکەوتووتر بن، هەروەها نوێکردنەوەی دامەزراوەکانی، ئەم ئەرکەش (ئەهلی حەلل و عەقد) لە دەرەوەی دامەزراوەکانی سیستمەکەوە پێی هەڵدەستێ کە چەند ڕەهەندێکی جەماوەری پێویستیشی پێدەبەخشێ.

دووەم: ناکۆکی دەرەکی، واتە لە نێوان کاربەدەستان و ئەهلی حەلل و عەقد دا، دەگونجێ ئەمجۆرە ناکۆکییە لەسەر ئەم شێوانەی خوارەوە ڕووبدات:

- کاربەدەستان بڕیار دەربکەن یان پیادەی هەندێ پلان و یاساو پڕۆژە بکەن کە ئەهلی حەلل و عەقد یان زۆرینەیان لایان پەسەند نەبن، ئیتر بەهۆی جیاوازی

تێڕوانینی ئیجتیهادەوە بێت، یان بەهۆی دەستەبەر نەبوونی بەرژەوەندییەکی کردەیی گشتییەوە، یان بەو هۆیەوە بێت کە لای هەندێ لە توێژەکانی گەل یان هیترەوە پەرچەکرادر دروستبکەن، یان بەو هۆیەوە کە ملهوڕیی و گەندەڵیی و خراپەکاری لێدەکەوێتەوە.

– کاربەدەستان ئەو پڕۆژەو پێشنیارانە ڕەتبکەنەوە کە (ئەهلی حەلل و عەقد) یان چەند توێژێکی کۆمەڵگا پێشکەشی دەکەن و مەبەستیان پێیان دەستەبەرکردنی هەندێ بەرژەوەندی گشتی بێت، ئەوانیش پیادەیان نەکەن.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا پێویستە ناکۆکییەکە لەبەر ڕۆشنایی ڕێسای گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) چارەسەر بکرێ، ئەوەش بە پێکهێنانی دەستەیەکی هاوبەش لە کاربەدەستان و ئەهلی حەلل و عەقد بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆیەکانی ناکۆکییەکە، ئینجا پێشکەشکردنی چارەسەر بۆیان لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەت و یاسا متمانەپێکراوەکاندا، هەروەها ڕێساکانی ژیریی و بەرژەوەندی، بەو مەرجە هیچ ڕەهەندێکی باوەڕی نەدرێ بە ناکۆکییەکە، بەڵکو چارەسەرکردن لە چوارچێوەی پەیوەندی ئیمانیدا بێت، جا ئەگەر ئەوە زەحمەت بوو ئەوا ناکۆکییەکە دەگێڕدرێتەوە بۆ گەل بەو پێیە کە خاوەنی جێنشینییە، ئەو مەسەلەیەش کە پێویستە لێرەدا هۆشداری لێبدرێ ئەوەیە ئەو ڕاجیاوازییە کە لە کاتی قسەکردن لەسەر ناکۆکی لە نێوان گەل و کاربەدەستاندا ڕوودەدات و پێویستی بە وەڵامدانەوەیە، بریتییە لەو ڕاجیاوازییە کە دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی سەرەکی لە نێوان گەلدا یان لە نێوان پێکهاتە سەرەکییەکانیدا، چونکە وێناکردنی ناکۆکی لە نێوان گەل لەلایەکەوەو نێوان کاربەدەستان لەلایەکیترەوە –با هەندێ لە زانایانیش باسیان کردبێ– وێناکردنێکە لە جێگای خۆیدا نیە، چونکە کۆدەنگی گەل یان زۆرینەی لەسەر ڕایەک یان پرسێک یان داوایەکی دیاریکراو ئیتر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەستەڵاتەوە بێت یان پەیوەندی پێیەوە نەبێت، مافی کاربەدەستان لە ناکۆکیدا دەسڕێتەوە، بەڵکو پێویستە بێنە سەر ڕای گەل، بەو سیفەتە کە خاوەنی دەستەڵاتە، ئەوەش بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێ: ((ئوممەتەکەم لەسەر گومڕایی کۆنابێتەوە)).

**پ– گوێڕایەڵیی زەرورەت:**

چەمکی کاربەدەستان لە سایەی حاڵەتەکانی زەرورەتدا چالاک نیە، کە لەوانەیە ئەو چەمکە تێکەڵەیەک بێت لە ڕژێمە ملهوڕەکان، یان گەندەڵەکان، یان ئەوانەی کە حوکم بە شەریعەت ناکەن ئیتر بەشێوەی بەشیی یان هەمووەکی بێت، لەبەرئەوە

گرنگە کۆمەڵێ دیسپلین و پێکهاتەی دامەزراوەیی بهێنرێنە کایە تا هەستن بە ئەرکەکانی چەمکەکەو سەربکێشن بەرەو ئەو، ڕێسای هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕژێمە زەرورەکان لەسەر هۆشیاری بە زەرورەتی گۆڕینیان بەرپا دەبێت نەک بە بەهێزکردنیان، گۆڕینیشیان لەوانەیە بەوە جێبەجێ ببێت کە ببرێن بەرەو گرتنەبەری شورای ڕاستەقینە کە گەرەنتی چوونەناو بازنەی شەرعیەتی بداتێ، یان هەندێ لە سیستم و پێکهاتە دامەزراوەییەکانی هەموار بکرێن، یان سیستمی جێگرەوە بخرێتە جێگایان، لە هەموو ئەم حاڵەتانەشدا ئەوا گوێڕایەڵیی سیاسیی دەبێتە ئامڕازێکی پەرەپێدەری سیستم نەک ئامڕازی بەهێزکردنی، مەگەر تەنها بەو ڕادەیە بێت کە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگا بپارێزێ، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە:

- پێناسەی (ڕژێمە زەرورەکان) بەوجۆرە بکرێ کە بەگوێکردنیان ڕێڕەوی زەرورەت وەردەگرێ و پەیوەندی بە ئاینەوە نیە، چونکە بەگوێکردنیان بەو سیفەتە کە گوێڕایەڵیی شەرعی بێت دەستەڵاتەکەیان بەهێز دەکات و درێژە دەدرێ بە ستەمکاری و گەندەڵییان، حوکمیش لەسەریان بریتییە لەوە کە (فەرزە لاببرێن) هەرکات توانای لابردنیان دەستەبەر بوو، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارانە بۆیان کە دەتوانن بیگرنەبەر بۆ نزیککردنەوەیان لە بازنەی شەرعی.

- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، زامنکردنی دەستبەریی لە نێوان تاکەکان و توێژەکانی کۆمەڵگادا، ئەوەش وەک یەکڕیزی کۆمەڵگا کە لەتوانایدایە جێگرەوەی واقیعی ساغ و سەلیم بخاتە جێگای دەستەڵاتە ملهوڕەکان.

- بەشداری کارا لە ئیدارەدانی گەشەپێدان و ئاراستەکردنی بەرەو ڕووگەی کۆمەڵایەتی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی گەل بکات، هاوکات حاڵەتی دواکەوتوویی نەهێڵێ کە دەبێتە بیانوو بۆ مانەوەی ڕژێمە ملهوڕ و گەندەڵەکان.

جا بەو پێیە کە گوێڕایەڵیی زەرورەت گوێڕایەڵییەکە وەڵامگۆی بارودۆخی واقیعە، ئەوا دەبێت بە شێوەیەکی واقیعی بونیاتبنرێ کە بەرپا ببێت لەسەر دوورکەوتنەوە لە پێشکەشکردنی (بەگوێکردنی بەلاش) بۆ ڕژێمە ملهوڕەکان، بەڵکو پەرەدان بە شێوەیەک لە بەگوێکردنی ئاڵوگۆڕ کە بەرژەوەندییە واقیعیەکانی گەل لەو بەگوێکردنەدا لەبەرچاو بگیرێ، ئینجا وەبەرهێنانی بۆ بەدەستهێنانەوەی مافەکانی گەل تا لەتوانادایە، هەروەها فشاری ناوخۆیی بخرێتە سەر ڕژێمە زەرورەکان لەماوەی لاوازییاندا، تا خۆیان بدەن بەدەستەوەو سازش بکەن لەپێناو پراکتیزەکردنی شورای ڕاستەقینەدا، ئەمەش پێویستی بەوەیە کە:

- گوێڕایەڵیی بەش بەش بکرێ، ئەوەندەی لێبدرێ بە ڕژێم کە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەندییەکانی گەلدا.

- جوڵاندنی گوێڕایەڵیی، تا هەرکات دەستەڵات نزیکبوویەوە لە بازنەی شەرعیەت فراوانتر بکرێ، هەرکاتیش دوورکەوتەوە لە شەرعیەت بەرتەسکبکرێ، ئەمەش پێویستی بەوەیە سەرکەوتن بەدەستبێت بەسەر ئەو ئاوێتە فیقهییانەدا کە ڕێگرن لە گواستنەوەی گوێڕایەڵیی بۆ ڕێگری بەشیی، ئینجا بۆ ڕێگری هەمووەکی، بێئەوەی تاک و کۆمەڵگا بخرێنەناو شەڕی گوماناوی لەگەڵ دەقەکان و کەلەپوردا.

- بە شارستانیکردنی گوێڕایەڵیی، ئەویش لە ڕێگای بەستنەوەی بە ڕیساو ڕێکارە فرەجۆرەکانەوە بۆ ناڕەزایی دەربڕین و فشاری مەدەنی ئاشتیخواز، ئەمەش لەناو بازنەی جیاوازی سیاسی لەگەڵ دەستەڵاتدا نەک ئاینی.

**ج- ڕاپەڕینی جەماوەری:**

دەرچوون یان ڕاپەڕین بە مەبەستی گۆڕینی دامەزراوەکانی کاربەدەستان مافی سەراپای گەلە، هەر هەموویان یان بەشێکیان، یان دامەزراوەکانی ڕژێمی زەرورەت، هەموویان یان بەشێکیان، لێرەدا بوونی هۆکاری نەگۆڕ بۆ ڕاپەڕین وەها کە فیقهی کلاسیکی پێیوایە بەهەند ناگیرێ، چونکە پێوەر بریتییە لە ڕادەی ئەو زیانە کە دێت بەسەر گەلدا، یان ڕادەی ئەو سود و بەرژەوەندییانە کە لەدەست گەل دەچن، لەبەرئەوە لەوانەیە کۆی ستەم و ملهوڕیی و گەندەڵیی، هەروەها حوکمنەکردن بە شەریعەت، بەهێزبوونی داگیرکار لە وڵاتی موسڵماناندا و هیتریش لە هۆکارەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری بن، هەڵسەنگاندنی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی حەلل و عەقد بە مانا پێشوەکەی، کەواتە هیچ کۆمەڵێک یان توێژێک بە دیاریکراوی مافی پێنادرێ لەدەرەوەی ئەو بازنەیە بە کردەیی ڕاپەڕێ، با هەر توێژێکیش کە دەکەوێتە بەر ستەم و ملهوڕیی مافی هەبێت بانگەشە بکات لەسەر ئاستی تیۆری بۆ دەرچوون بە مەبەستی گەلاڵەبوونی بەوەی کە بژاردەیەکی کۆمەڵگایی گشتگیرە، هەر لێرەشدا دەرچوون بە مەبەستی دەستگرتن بەسەر حوکمدا لە بازنەی دەرچوونی شەرعی دەردەچێت، یان دەرچوون بە پاڵنەری سیاسیی کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گەلەوە نیە.

ڕاپەڕینیش کۆتا هۆکارە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕژێمی سیاسیدا، کە لە ڕووی چۆنێتی و ئامرازەکانەوە دەکەوێتە ژێر بارودۆخی مێژوویی و بەراوردی ئەهلی حەلل و عەقد بە مانا پێشوەکەی، ئەوەش بەجۆرێ بێت کە گۆڕانی کۆمەڵگایی خوازراو دەستەبەر بکات، بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕینی جەماوەری بڕیارێک نیە

کە ئەهلی حەلل و عەقد لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەریبکەن، بەڵکو پرۆسەیەکی مێژووییە کە زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە کارلێکی نەرێنی لەگەڵ ڕژێمی سیاسیی تێدایە، ئیتر جگە لە کۆمەڵێ گۆڕانکاری هەستی و نەستی لە دەروونی جەماوەردا بەرانبەر بە کەسە دیارەکانی ڕژێمی سیاسیی و پرۆسەکان و سیاسەت و دامەزراوەکانی، هەروەها جۆرێک حاڵەت لە جێگۆڕکێی کەلتوری و هزری لەناو ناوەندەکانی کۆمەڵگاو توێژی دەستەبژێردا، هەروەها هەڵکشانی هەستکردن بە مەترسی مێژوویی لەسەر بوون و ناسنامەو چارەنووس، تا ڕاپەڕینی جەماوەریی وەک کۆتا ئەنجامی ئەوە دەربکەوێ.

بەپێی ئەمە ئەوا ڕاپەڕینی جەماوەری پەیوەندی نیە بە حاڵەتی کوفری ئاشکراوە[1]، چونکە ئەو حاڵەتە کورتدەکرێتەوە لە کوفری باوەڕیدا، واتە لەو حاڵەتەدا کە فەرمانڕەوا باوەڕی نەبێت بە ڕێساکانی ئاین کە خۆیان لە پایەکانی ئیسلام و باوەڕدا وێنا دەکەن، بەڵکو دەڕوات بەرەو بێباوەڕییەکی ئاشکراو ڕوون کە هیچ مانایەکیتر هەڵنەگرێ، لەو حاڵەتەدا ئەوا پێویستە گەل فوو بکات بە کەرەناداو شەڕ ڕابگەیەنێ و بۆی ڕەوایە دەستەڵات تێک و پێک بشکێنێ.

ح- تەمومژی گوێڕایەڵیی سیاسیی: ڕەهەندی ژیاریی نێودەوڵەتی:

پرۆسەکانی تیۆریزە و توێژینەوەی فیقهی بۆ مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سایەی واقیعێکی ئیسلامیدا ئەنجامدران کە هێشتا هێرشی کۆلۆنیالیزمی سەری دەرنەهێنابوو، هێشتا داگیرکردنی ڕاستەوخۆی خاکی ئیسلام ڕوووینەدابوو، چونکە

---

١- ئیبن قەییم جیاوازی خستووە لە نێوان کۆیلایەتی گشتی و کۆیلایەتی تایبەتدا، کۆیلایەتی گشتی تەنها بۆ خوای گەورەیەو هەموو خەڵکی هاوبەشن تیایدا، هەر توێژێکیش لە خەڵکی کۆیلایەتییەکی تایبەتی بە تەنیشت کۆیلایەتییە گشتییەکەوە هەیە، کۆیلایەتی فەرمانڕەواکان و کاربەدەستان ئەوەیە لە جێگای هەقدا بڕیار دەربکەن و بەرپای بکەن و ڕاپەڕێنن. بڕوانە:

- إبن قيم، إعلام الموقعين عن رب العالمين، ج٢، ص١٧٦.

کۆیلایەتی تایبەت بە بۆچوونی ئێمە بریتییە لە ڕەهەندی سیاسیی چەمکی کۆیلایەتی لە بۆچوونی ئیسلامیدا، جا ئەگەر فەرمانڕەوا باوەڕدار بێت و خواپەرست بێت و فەرزەکان جێبەجێ بکات، بەڵام ڕەچاوی کۆیلایەتییە سیاسییەکەی بۆ خوا نەکات کە هەستێ بە ئەنجامدانی کاروبارەکانی گەلەکەی، بەرژەوەندییەکانی جێبەجێ بکات، ئەوا کۆیلایەتیەکەی بۆ خوا کامڵ نیە، ئەم مەسەلەیەش سەردەکێشێ بۆ سەرلەنوێ تێگەیشتن لە مەرجەکانی نوێژ یان بەرپاکردنی نوێژ لەوەدا کە پەیوەندە بە دەرچوونەوە، هەروەها بە مەرجی کوفری ئاشکراوە، چونکە کوفری ئاشکرا و نوێژ دوو مەرجی باوەڕن بۆ مەسەلەی دەرچوون کە پەیوەندن بە بواری کۆیلایەتی گشتییەوە، لە کاتێکدا کە دەرچوون بژاردەیەکی جەماوەرییەو لەسەر ئاستی سیاسیی دەجوڵێ، زەمانەتی دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی کۆیلایەتی سیاسیی تایبەت بۆ خوای گەورە دەکات.

کاتێک بونیادی فەرموودەیی بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا جێگیربوو، دەوڵەتی عەبباسی لەوپەڕی هێز و توانایدا بوو، جیهادیش بۆ پاراستنی دەوڵەت و لە هەمانکاتدا بەهێزکردنی ئاینیش کۆلکەی هاوبەش بوو لە نێوان موسڵماناندا، لەبەرئەوە بەدیمانکرد کە بیرکردنەوە لە خستنەڕووی ئەو پرسانەی پەیوەندبوون بە جۆری گوێڕایەڵیی سیاسیەوە لەبارێکدا -بۆ نمونە- جیهاد پەکبکخرێ مەسەلەیەکی ونبوو بوو لە گۆڕەپانی مشتومڕی زانستی سەردەمی نوسینەوەی فەرموودەدا.

تێکۆشان -جیهاد- بەو سیفەتە کە یەکێکە لەو لقە تیۆریانەی لە هەردوو ڕەوشی فەرموودەیی و فیقهیدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گەڵاڵەبوونی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئەوەش لە ڕێگای گوتەی فەرزبوونی جیهاد لەگەڵ هەر کەسێکی چاک و خراپدا، بووە هۆی ئەوە جیهاد وەک زەرورەتێکی ژیاریی باڵبکێشێ بەسەر وردەکاریی مشتومڕ لەسەر پرسەکانی تر کە پەیوەند بوون بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، لێرەوە مادامێ دەستەڵات ئەرکی جیهاد دەگرێتە ئەستۆ بەو سیفەتە کە جیهاد گرنگترین ڕوخسارەکانی بوونی ژیاری ئیسلامییە، هاوکات یەکێکیشە لە میکانیزمەکانی پەرەسەندنی دەوڵەتی ئیسلامی و یەکگرتوویی کۆمەڵگای موسڵمانیش دەستەبەر دەکات، ئەوا ئەو دەمەقاڵەیە یەکلابوویەوە بۆ بەرژەوەندی گوێڕایەڵیی دەستەڵاتی سیاسیی.

بەو پێیە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە ئاستە گشتییەکەیدا وەڵامگۆی ئەو زەرورەتە ژیارییە بووە واتە (تێکۆشان)، ئەوا گوزارشی لە هۆشیاری موسڵمانان کردووە بەرانبەر بەو هەڕەشەو مەترسییە دەرەکیانە بەرۆکی گرتبوون، لێرەوە دەکرێ بێنینە پێشچاومان ئایا ئەگەر بهاتایە دەوڵەتی ئیسلامی -ئەو کاتە- کەمتەرخەم بوایە لە فەرزی تێکۆشان دەبوا هەڵوێستی هزری ئیسلامی چی بوایە، یان خاکی واڵا بوایە لەبەردەم دەستدرێژکاراندا؟ ئایا لەتوانادا بووە کە بونیادی تیۆری چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی جیاواز بێت لەوەی بە کردەیی ڕوویداوە؟

ئێمە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوین بە دیوی ئەرێنیدا، چونکە ڕاو بۆچوونەکانی پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە بابەتی گوێڕایەڵیی سیاسیدا، ئاماژە بەوە دەدەن ئەو بنەمایە کە لە بناغەڕێژی بۆ بەگوێکردنی ستەمکار پشتی پێبەستووە بریتییە لە جیهاد، ئەمەش لەم گوتەیەیدا بە ڕوونی دیارە کە دەڵێ: (ئایا ئەگەر هەمووی خەڵکی دابنیشن هەروەک ئێوە دانیشتوون ئەی کێ غەزا

بكات؟ ئایا ئیسلام لەناو نەدەچوو؟ ئایا ڕۆم چییان پێدەکردین؟)[١]، ئەو قەناعەتەش کە لە فیقهی ئیسلامیدا جێگیربووە بە زەرورەتی هەبوونی توانایی، هەروەها زیاننەگەیاندن بە گیان لە کاتی جێبەجێکردنی فەرزی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، هەروەها لە حاڵەتی جیهاد و بەرگری لە گەل و ئاین ئەوا ئەمانە بە هەند ناگیرێن. ئەمەش مەسەلەیەکە ئاماژە بەوە دەدات ئەو مەسەلە فیقهیانە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکی بەرجەستەیان دەکات، ئەوا لە حاڵەتی هەبوونی هەڕەشەی ژیاریدا کە دەستەڵات نەتوانێ ڕووبەڕوویان ببێتەوە دەکرێ بوونیان نەمێنێ، لەبەرئەوە ستەمێکی مێژووییە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکی کە پەیوەندە بە بارودۆخێکی مێژووییەوە، دەوڵەتیش تیایدا دەرکی ئەرکە ژیاریەکەی خۆی کردووە و بووەتە بەربەستێکی قایم بۆ پارێزگاری لە قەواری ئیسلامی، ڕابکێشرێ و بدرێ بەسەر ئەو بارودۆخە مێژووییانەدا کە بە تەواوەتی جیاوازن لەو.

لەڕاستیدا هەبوونی هۆشیاری بەو پێگە ژیارییە کە لە پشت فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە وەستاوە، کە کاریکردووەتە سەر پەردەپۆشکردنی هەندێ مەسەلەی تێروتەسەل کە لە سنوری توانای کەلتوری کۆمەڵگادا بوون بەڵام بە بەرگەگرتن و چاوپۆشین جێگایان پڕکراوەتەوە، بە مەرجێکی گرنگ دەبینرێ و دەرگا دەکاتەوە لەبەردەم سەرلەنوێ تێڕوانین لە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی ئەویش لە ڕێگای بەستنەوەی بە پێداویستییە ژیارییەکانی گەلەوە.

ئیبن تەیمییە -کە ڕابەری فیقهی سیاسەتی شەرعییە- نمونەیەک لە بوونی هۆشیاری بە ئاڵەنگاری ژیاریی وەک بنەمایەک بۆ پرۆسەی بونیاتنانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسی پێشکەش دەکات، ئەو جاڕدانی موسڵمانبوونی تەتارەکانی ڕەتکردووە لە کاتێکدا کە بەردەوامبوون لە ڕشتنی خوێنی موسڵمانان و شکاندنی پیرۆزی خاکیان، وەک ئاڵەنگارییەکی ژیاری سەیریکردوون، جا ئەگەر بێنینە بەرچاومان کە فەرمانڕەوایانی سەردەمەکەی تەواو شلگیربوون لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسی تەتەرەکان، ئەوا هەڵوێستی ئیبن تەیمییە تەنها

١- إبن قدامة، المغني والشرح الكبير، ج١٠، ص٣٦٥، بۆ شەرعیەتی زەرورەتی جیهادیش هەندێ لە زانایانی مەزهەبی زەیدی پێیانوایە کە با فەرمانڕەواش فاسیق بێت (ئەوا فاسیقیەکەی ڕێگری لێناکات فەرمانبدات بە سوپا هەرکات پێویستی کرد). بڕوانە:
- العنسي، التاج المذهب لأحكام المذهب شرح متن الأزهار في فقه الأئمة الأطهار، ج٤، ص٤٢٧.

لەو سنورەدا نەوەستاوە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بڕیاری لێداوە، چونکە سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە دەدەن کە خودی خۆی هەڵیکوتاوەتە سەر ئەو کۆمەڵ و تاقمانەی لە کێو و دۆڵەکاندا لایەنگری تەتارەکان بوون[1]، بەمەش فیقهی ئیبن تەیمییە سنوری پەیوەندی میکانیکی لەگەڵ دەستەڵاتدا لەسەر ئەو شێوەیە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی دیاریکردووە تێپەڕاندووە، ئەم کارەی بەدەمەوەچوونێکی هۆشیارانە بووە دژ بە هەڕەشە ژیارییەکان.

ئێمە پێشتر سەرنجی ئاراستەی بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوەمان دا لە سەدەی نۆزدەیەمی زایینی، بۆ سەرلەنوێ خستنەڕووی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە سایەی بارودۆخە مێژووییەکاندا کە کۆڵۆنیالیزمی خۆرئاوایی دەستیگرت بەسەر وڵاتە ئیسلامیەکان یەک بەدوای یەکدا، هاوکات دەوڵەتی عوسمانی تا دەهات لاوازتر دەبوو لە پارێزگاریکردن لە ناوچەکانی دەستەڵاتی، ئاراستەی بەو لایەدا دەچوو کە هەندێ دەستکەوتی ئابووری و بازرگانی فراوان بدات بە دەوڵەتە خۆرئاواییەکان. بەڕاستی ئەو بارودۆخە ڕێگای نەدەدا بە دووبارەکردنەوەی بڕیارەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی وەها کە لە ڕووی مێژووییەوە جێگیر بووبوون، چونکە گەل ڕووبەڕووی مەترسی داگیرکار بووبوویەوە لە کاتێکدا کە دەستەڵاتە فەرمییەکە توانای نەبوو بەرەنگاری ببێتەوە، لەبەرئەوە ئەوا ئەفغانی ڕۆیشتووە بۆ دۆزینەوەی (بەلەمی ستەم) لە کەلتوری ئیسلامیداو بەرپرسێتی لەتبوون و چوونەناو دەستەڵاتی داگیرکاری خستە ئەستۆی ئەو، ئینجا پێشەوا موحەممەد عەبدە داوای وەلانانی ملکەچی و بەگوێکردنی فەرەنسیەکانی کرد، سەری سوڕماوە لەو ڕەوشتی گوێڕایەڵییە کە لەناو موسڵماناندا بڵاوەی کردبوو، لە کاتێکدا کە ئیسلام -بە پێچەوانەی ئاینی مەسیحیەوە- فەرمان نادات بە بەگوێکردنی هەر خاوەن دەستەڵاتێک بە هەڕەمەکی[2].

ئەوانە چەند گۆڕانکارییەکی قووڵ بوون کە بەهۆی (پێکانی داگیرکارەوە) هاتن بەسەر ئەقڵی موسڵماندا، لێرەوە لە سەرەتای سەردەمی ڕاپەڕین و بوژانەوەدا ڕێگای بۆ خۆش بوو مەترسی ئەو ئاستە بخاتەڕوو کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی پێیگەیشتبوو، ئەوە مەعلوم بوو کە ڕاکردن بەدوای بەگوێکردنی (فەرمانڕەوایانی

١- أبو زهرة، محمد. إبن تيمية، حياته وعصره-آراؤه وفقهه، القاهرة: ص٤١.

٢- عبده، محمد. الإسلام بين العلم والمدنية، ص١٦-١٧.

ستەمکار)دا گرنگترین هۆکارەکانی شکستی ژیاریی بوو لەبەردەم خۆرئاوادا، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێکهاتەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەردەوامبوون لە ئامادەبوون لەسەر ئاستی مەعریفی وەک (کۆمەڵە هزرێکی مردوو) کە ئامادەسازی مێژوویی بۆ قوبوڵکردنی داگیرکاری لێکەوتەوە.

مالیک بن نەبی باسی لە (لەباربوون بۆ قوبوڵکردنی داگیرکار)ی کردووە کە لەبەرئەنجامی (هزرە مردووەکان)ەوە سەرهەڵدەدات، ئەو هزرانە کە لە (هۆڵەکانی ئۆکسفۆرد و سۆربۆن... پەیدا نەبوون، بەڵکو لەژێر گومەزی مزگەوتەکانی جیهانی ئیسلامی و لەژێر پەرستگاکانیدا پەیدابوون)، چونکە (هزرە مردووەکان) وێنای بناغەیەکی دەروونی و بابەتی بۆ داگیرکار دەکەن، لەو ڕووەوە کە هەر کۆمەڵگایەک خۆی بەخۆی ئەو هزرانە دروستدەکات کە دواتر دەبنە هۆی کوشتنی، بەڵام دوای ئەوەش هەر لە کەلەپوری کۆمەڵایەتیدا (هزرە مردووەکان) وێنای مەترسییەکی سەختتر دەکەن لە مەترسی (هزرە کوشندەکان)، چونکە یەکەمیان گونجاوە لەگەڵ داب و نەریتەکانیدا، کاردەکات لەسەر ناوخۆی قەوارەکەی، کە ئەگەر بێتو نەشتەرگەرییەکی پاکژکردنی بەسەردا نەیەت ئەوا دەبنە ڤایرۆسی بۆماوەی کوشندە کە لە ناوەوە دەدەن لە قەوارەی ئیسلامی، لەتواناشیدایە ئەوە بکات چونکە ئەو بەرگرییە خودییەی لەناویدایە فریوی دەدات)[1]، بە بۆچوونی مالک بن نەبی ئەوا (هزرە مردووەکان) کە سەرچاوەیان خودییە مەترسیان زیاترە لە (هزرە مرێنەرەکان) کە داگیرکار بڵاویاندەکاتەوە، چونکە یەکەمیان ڕێگرە لە نێوان خود و کاراییە کۆمەڵایەتیەکەیدا، بەڵام ئەویتر ئەوا دەکرێ لە بارودۆخی دیاریکراودا هۆشیارییەکی خودی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی دەرەکی پێکبێنێ.

دکتۆر عەلی شەریعەتی لە هەمان میانەدا باس لە (لەباربوون بۆ گەوجێتی) دەکات، کە گەوجبوون بە هەموو شێوە جیاوازەکانیەوە زاڵدەبێت بەسەر ئەو حاڵەتەدا شەریعەتی ناویبردووە بە (زیرەکیی تاکەکەسی)، واتە خودی ئەو کەسە دادەپۆشێ بێئەوەی خۆی و تواناو سەرکەوتنەکانی خۆی بناسێ، مەترسیدارترین جۆرەکانی گەوجێتی بریتییە لە گەوجێتی ئاینی، چونکە (کاتێ ئاگرێک بەردەبێتە ماڵێک، کەسێکیش بانگدەکات بۆ نوێژ و بۆ پاڕانەوە لە خوا، پێویستە بزانیت کە ئەوە کەسێکی ناپاکە، چونکە گرنگیدان بە شتانێ غەیری ئاگرکوژاندنەوەکە و

---

١- إبن نبي، مالك. في مهب المعركة، بيروت و دمشق: دار الفكر المعاصر، ط٤، ص١٤٦.

فەرامۆشکردنی و ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی کارێکیتر، ئەوە گەوجێتییە، با کارەکەشی کارێکی پیرۆز بێت)[١]، بەم کارەش ئەوا گەوجێتی ناوخۆیی هەماهەنگ دەبێ لەگەڵ داگیرکاری دەرەکیدا و هەڵدەستێ بە (دروستکردنی مرۆڤ)ی موسڵمان بەپێی کوالێتی حاڵەتی داگیرکاری کە داگیرکاران دەدوێنی و دەڵێ (ئێوە چ جۆرە مرۆڤێکتان دەوێ)[٢]، دەستەڵاتی سیاسیش کە هەڵدەستێ بەو ئەرکە هۆشیاری سیاسیی و ژیاری لەدەستدەدات و دەگاتە حاڵەتی (چێژ وەرگرتن لە زەلیلیی) -بە دەستەواژەی شەریعەتی- کە ئەمە ئەوپەڕی حاڵەتی لە هۆشخۆچوونی مێژوویيە کە لەوانەیە هەر سیستمێکی سیاسیی یان کۆمەڵایەتی پێیبگات.

بەڵام کەلیم صدیقی مەسەلەی گوێڕایەڵیی بە هەموو ڕەهەندە ژیارییەکانیەوە دەخاتەڕوو و هەوڵدەدات واتایەکی ژیاری بۆ ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ ﴾النساء: ٥٩ بدۆزێتەوە و دەڵێ: (کاتێ خوای گەورە فەرماندەدات بە بەگوێکردنی، پاکوبێگەردی بۆ خوای گەورە، و بە پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر)، هەروەها بۆ کاربەدەستان لە موسڵمانان، ئەوا بەگوێکردن و ملکەچی و گەردنکەچی بۆ هەر دەستەڵاتێکیتر لە دەرەوەی ئیسلام ڕەتدەکاتەوە...... بەڵام حاڵەتی هەنووکەیی ئەوەیە کە کەسە غەربزەدەو هەڵوەشاوەکان لە کۆمەڵگاکانماندا بە تەواوەتی زەلیلی خۆرئاوان، ئەوانە زەلیلن لەسەر ئاستی تاکەکەسی، هەروەها لەسەر ئاستی ناوەندەکانی خوێندن و یەکە ئابوورییەکانی ئابووری و بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی شمەک، تەنانەت سیستمە سیاسییەکانیان بە تەواوەتی زەلیلن بۆ خۆرئاواو پاشکۆی ئەون)[٣].

لەڕاستیدا گوێڕایەڵیی بەپێی قسەی صدیقی دژی زەلیلیی سیاسیی و ئابووری و فێرکارییە بۆ خۆرئاوا، چونکە تاکە ئامانجی گوێڕایەڵیی بریتییە لە یەکگرتنی تاک و کۆمەڵ و گەلی موسڵمان، بەڵام ئامانجی داگیرکار بریتییە لە (هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگاکان) ئەوەش بە تێکشکاندنی ڕەگەزەکانی یەکگرتن تیایاندا[٤]، لێرەوە ئەوا دژایەتی لە نێوان ئیسلامی یەکگرتوو و خۆرئاوای هەڵوەشێنەردا دژایەتیەکی توند

---

١- شریعتي، علي. النباهة والأستحمار، بيروت: الدار العالمية للطباعة...، ص٤٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

٣- صديقي، كليم. التوحيد والتفسيخ بين سياسات الإسلام والكفر، القاهرة: الزهراء .....، ط٢، ١٩٨٥م، ص١٩.

٤- هەمان سەرچاوە، ل١٤.

و بەردەوامە، لەبەرئەوە هەوڵدان بۆ دەست و پەنجە نەرمکردنی ئیسلام و چەمکە سیاسییە یەکگرتووەکانی بۆ بەرژەوەندی جۆرێک لە پاشکۆیەتی سیاسیی لەسەر ئاستی ژیاری، کە تەسلیم ببێ بە سیاسەتەکانی بەش بەشکردن و پەرتەوازەیی، مەسەلەیەکە هەڕەشە لە ڕوودانی حاڵەتێک لە تەقینەوەی هەڕەمەکی بە ڕووی پرۆژەی هەمووی دەوڵەتدا دەکات.

لێرەدا باشە بزانرێ کە پەیوەندی تاکڕەویی و ستەمکاری ناوخۆیی بە داگیرکاری دەرەکیەوە لە سەرووی توانای گەلانەوەیە لەسەر بەرگەگرتن، چونکە تاکەکەس کاتێ تا ئاستێ قوبوڵی جۆرێک لە (کۆیلایەتی) بۆ دەستەڵاتە نیشتمانییەکەی خۆی دەکات تا بگات بە ئامانجەکانی یەکگرتن بە بۆچوونی ئەو، ئازاری پێدەگات ببینێ ئەو دەستەڵاتەی ببێتە کۆیلە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوکاتیش مەسەلەکە لەلای دەبێتە جۆرێک لە کۆیلایەتی ئاوێتە کە لەتوانایدا نیە بەرگەی بگرێ، لێرەدا ئەگەری هەیە (هزرە نائومێدکراوەکان) وەک تێکۆشان و شورا و فەرماندان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە کە دەست و پەنجەیان نەرمکراوە بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێک لە گونجان لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا، بگۆڕدرێن بۆ جۆرە هزرێک کار بە تۆڵەسەندنەوەیەکی ترسناک بکەن بە دەستەواژەی مالیک بن نەبی.

هزری شەریعەتی و مالیک بن نبی و کەلیم صدیقی بە گشتی لەسەر ئاستی ژیاری دەجوڵێن، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ سەرلەنوێ دۆزینەوەی خود لە میانەی هەڕەشەکانی حاڵەتی داگیرکاریدا، ئەم پێکهاتە کە لە هزری ئەو سێ کەسەدا چووە بەیەکداو ئێمە لەگەڵ جیاوازی لایەنداریی تایفی و نەژادییان بەدیدەکەین، کاتێک لەسەر هۆشیاری ژیاریی بە پرسەکانی ئوممەت بەرپادەبن ئاماژە بە یەکبوونی هزری ئیسلامی دەدەن، لێرەدا جیاوازییە فیقهیی و مەزهەبیەکان پاشەکشە دەکەن و لەبەردەم مەترسی داگیرکاردا دەبنە تەنها وردەکارییەکی لاواز و کز، ئەمەش یەکەمین هەنگاوی لە گۆڕانی فیتنەیە لەسەر ئاستی ژیاری، چونکە فیتنە لێرەدا مانایەکی بەرتەسک وەرناگرێ وەها کە لە فیقهی کلاسیکیدایە، هاوکات نابێتە پاساوێک بۆ تاکڕەویی و ستەمکاریی و مانەوەی بارودۆخی هەنووکەیی، گومانی تێدا نیە بەکارهێنانی بیانووی فیتنە لە ساتی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکار و داگیرکردندا کە هەڕەشەیەکی ژیارییە لەسەر ئوممەت دەبێتە هۆی پەککەوتن، کینە و ڕق و دووبەرەکی لە نێوان تایفەو مەزهەب و ڕەوتە هزرییەکانی ئوممەتدا

دروست دەکات، لەم حاڵەتەدا پێویستە (فیقهی فیتنە) سەرلەنوێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە لە مێژووی فیقهی کلاسیکیدا بە قۆناغە جیاوازەکانیەوە جێگیربووە.

بەدڵنیایی لە حاڵەتی هەبوونی هەڕەشەی ژیاریی کە دەسەڵات شلگیر و کەمتەرخەم بێت لە بەرەنگاربوونەوەی، ئەوا قسەو باسەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکی -تەنانەت بە دیدی خودی فیقە- پاشەکشە دەکەن، بەم پێیەش فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە کاتەکانی نەبوونی ئەو جۆرە ئاڵەنگارییەدا یان لەو کاتانەدا کە دەسەڵات هەڵدەستێ بە ئەرکەکانی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، ئەوا نزیکترە لە ڕێکخستنی باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئوممەت، ئەم مەسەلەیەش ئاماژە بە حاڵەتێک لە بۆشایی هزری دەدات کە ئوممەتی ئیسلامی لەم کاتە هەنووکەییەدا تیایدا دەژی، کە پێویستییەکی زۆری بەوەیە لە ڕێگای دۆزینەوەی (فیقهی ژیاریی)ەوە پڕبکرێتەوە، بەڵکو دەبێت لەجیاتی ئەوە هەستێ بە ڕاکێشانی فیقهی سیاسیی کلاسیکی بۆ واقیعێک کە بۆ ئەو دانەنراوەو لەبیری دانەرەکانیشیدا نەبووە، بێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە پەیوەندن بە شێوەکانی ئەو گوێڕایەڵییە سیاسییە کە لە حاڵەتی ئەو ئاڵەنگارییە ژیارییەدا کە دەسەڵات نەتوانا بێت لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەستێ بەو کارە.

# کۆتایی

چەمکەکان بە گشتی و لەنێویشیاندا ئەو چەمکانە کە بنەمایەکی قورئانیان هەیە بە سروشتی دەکەونەبەر زۆرێک لە پەرەسەندن و گۆڕانکاریی، چونکە هەڵسوکەوتی مرۆیی کە دەورەدراوە بە کۆمەڵێک ڕەگەزی تێهەڵکێش بەیەک، بە کۆمەڵێ بارودۆخی ناڕوون و ئاڵۆزەوە، سێبەری ئەو ئەزموونە مرۆییە دەدات بەسەر ئەو چەمکانەدا و لە زۆر کاتدا دەیانخاتە ژێر پێداویستییەکانی خۆی، لەوانەیە حاڵەتەکەش ببێتە هۆی ڕوودانی هەندێ گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی مەعریفی ئەو چەمکانەدا، ئەویش وەک گوزارشێک لە بەدەمەوەچوونی خۆویستی بۆ گۆڕانکارییەکانی واقیع.

ئەو ئاڵەنگارییە کە ئەو چەمکانەی بنەمای شەرعیان هەیەو ڕووبەڕووی دەبنەوە -بەتایبەتی ئاڵەنگارییە سیاسییەکان-، خۆیان لەوەدا دەنوێنن کە تا چەندە توانایان هەیە لەسەر لەخۆگرتنی گۆڕانکارییەکانی واقیع، هاوکات لەگەڵ پاراستنی ناسنامەی خۆیان و ڕاگرە تیۆرییەکەیان، لەوانەیە بزاوتی گۆڕانی مێژوویی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی کەوتبێتەبەر ئەو ئاڵەنگارییە، چونکە لە کاتێکدا موسڵمانان بەپەرۆشبوون لەسەر پاراستنی کرۆکی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و پیادەکردنی بەپێی سنورە قورئانییەکەی لە سەردەمی جێنشینی ڕاشید دا، چەند گۆڕانێکی جەوهەری لە ڕشتەبەندی فەرمانڕەوایی سیاسیدا لە سەردەمی ئومەویدا دەکەوت، کە چەمکەکەی برد بۆ بەرهەمهێنانی (شێوازی مێژوویی) تا چەمکەکە ببەستێتەوە بە جوڵەی واقیعەوە تا وادەرنەکەوێ کە دواکەوتووە لێی، گرنگترینی ئەو شێوازانەش کە بازنە زانستییە جۆراو جۆرەکان بەشداریان تێداکرد لە دەرەوەی بازنەی ناوەڕۆکی قورئانی و مانا بنەڕەتیەکانی چەمکەکەوە بوون، بریتی بوون لە گوێڕایەڵیی فەرمانڕەوای زاڵبوو، گوێڕایەڵیی فاسیق و ملهوڕ.

لەدوای ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی کۆچیەوە جۆرێکی نوێ لە حوکمڕانی سیاسیی کەوتنەڕوو، پێویستیان بەوە بوو پەرەبدەن بە جێگرەوە فیقهییە واقیعیەکان کە مەبەستیان توندوتۆڵکردنی پەیوەندی بوو لە نێوان شەریعەت و سیاسەتدا، تا هەڵسوکەوتی سیاسیی دوور لە شەریعەت ڕێنەکات، هزری ئیسلامی لێرەوە ئامادەیی زیاتری تێدابوو بۆ سەرلەنوێ لێکدانەوەی دەقە شەرعیەکان و خوێندنەوەیان تا بگونجێن لەگەڵ حاڵەتە سیاسیە نوێیەکەدا، ئەم هەنگاوەش وەها

دەرکەوت کە تەواوی شەرعیەتی هەیە، چونکە کۆمەڵێ دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و شەرعی دەستەبەرکرد لەسەرووی هەموویانەوە (پاراستنی ئاین) بوو، ئەم ئاراستە لێکدەرەوەیە لە سەدەی سێیەمی کۆچیەوە بەهێز بوو، چونکە فەرموودەناسان لەسەر بنەمای ئەو فەرموودانە کە لە موسنەدەکان و پاشانیش لە صەحیحەکاندا تۆمارکرابوون کەوتنە ڕەنگڕێژی بۆ چەمکەکە، کە زۆرێکیان لەلای فیقهناسانی سەدەی یەکەم نەزانرابوون، لەنێویشیاندا پێشەوایانی چوار مەزهەبەکە، جگە لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، کە بووە خاڵێکی وەرچەرخان و پاشان لە کەلتوری دەرچوون و فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەوە بە چەمکە فراوانەکەی گواستییەوە بۆ کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی کە شێوازێکی لێکدانەوەی بۆکرد.

بەپێی دەرهاویشتەکانی ڕەوشی فەرموودە کە هاوزەمان بوو لەگەڵ چوونی فیقە بۆ قۆناغی چاولێگەری لە سەدەی چوارەمی کۆچیەوە، ئیتر بەگوێکردنی فاسیق و ملهوڕ و زاڵبوو بوونە بەشێک لە شەریعەت، کارکرا لەسەر توند بەستنەوەیان پێیەوە، ڕێسای حەرامکردنی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوای ملهوڕ ڕیشکی داکوتاو بەهێز بوو، ئەو ڕێسایە کە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەوە دەرکەوت تەنها داوایەکی مێژوویی بوو، بە کردەی کۆمەڵێ باری نەرێنی لەسەر یەک کەڵەکەبوو کە بەپێی ئەوان کەلتوری گوێڕایەڵیی تەواوەتی هەر لە نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە پێکهێنراو دەرکەوت.

لەڕاستیدا سەقامگیریی ڕژێمە ملهوڕە سیاسییەکان لە هەندێ قۆناغ و گەشەی داب و نەریتی سیاسیدا کە هیچ پەیوەندییان بە بنەماکانی بۆچوونی ئیسلامییەوە بۆ مەسەلەی سیاسیی نەبوو -وەک (فەرمانڕەوایی بۆماوەیی پشتاوپشت) و (فەرمانڕەوایی زەوتکردن)-، کۆمەڵێ گۆڕانکاری زەبەلاحی سەپاند بەجۆرێ کە هەڵسوکەوتی سیاسیی ئیسلامی دوورکەوتەوە لە پرەنسیپی شورا لە حوکمڕانیدا، هەروەها لە چەمکی بەیعەتی ڕاست و دروست کە بەرپابووە لەسەر ڕەزامەندی و هەڵبژاردن، ئینجا دادپەروەری وەک مەرجێکی سەرەکی لەو کەسانەدا لابرا کە فەرمانڕەواییان دەگرتە دەست، گوایا بەهۆی نەبوونی (فەرمانڕەوا دادپەروەرەکان)، هەر ئەمەیە وای لە عیززی کوڕی عەبدولسەلام کردووە ئاماژە بدات بە قوبوڵکردنی حوکمڕانی کەسێ (گوناهی کەمترە)، ئەوەش لەبەر زۆربوونی گوناه لە فەرمانڕەواکاندا. لەسەر ئەم بنەمایە بۆچوونێکی واقیعی بۆ حوکمڕانی بەرهەمهێنرایەوە کە لەسەر بنەمای دادپەروەریی دانەمەزرابوو، بەڵکو لەسەر بنەمای (گوناهی کەمتر) بەرپابوو.

ئێمەش ئەم بۆچوونەمان لای بیرمەندان و فیقهناسانی (ئادابە سوڵتانییەکان) بە ڕوونی بینی، وەک ئیبن موقەففەع و تەڕتوشی و ئیبن تەقتەقی و هیتریش کە وەسفی (جێگیربوونی گوێڕایەڵیی و جوڵەکردن بە دادگەریی) درا بەسەریدا، چونکە گوێڕایەڵیی -لای ئەوان- بەهایەکی نەگۆڕەو پەیوەندی بە دادگەری دەستەڵات یان ملهوڕییەوە نیە، بەلاڕێدا چوونی دەستەڵاتیش بووە هۆی بیانوویەکی زیاتر بۆ ڕەفتارەکانی گوێڕایەڵیی -بۆ نمونە وەک دۆعا بۆکردن-، ئەوەش بەپێی گوتەیەکی سەرەکی کە دەڵێ : (سوڵتان تەنها بەوە چاک دەبێت بەگوێی بکرێ). لێرەوە تێکچوونی ڕشتەبەندی بەها ئیسلامییەکان بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشت کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی خاڵیبکرێتەوە لە ناوەڕۆکە قورئانیەکەی، ئینجا چەمکی (گوێڕایەڵیی زەرورەت) لەجێگایدا بچەسپێت، کە بە تێپەڕبوونی کات ڕۆیشت بەرەو بەدەستهێنانی شەرعیەتی فیقهی و کۆمەڵایەتی.

خودی ئەو گۆڕانکارییانە بەهەمانشێوە هاتن بەسەر پرەنسیپی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا، چونکە شیکاری مێژوویی دەریدەخات کە پیادەکردنی سیاسەتی ئیسلامی -لە سەردەمی یەکەمدا- لەسەر گشتگیری ئەو پرەنسیپە بەرپابووە کە ناڕازیبوونی بە دەست لەدژی خراپەی سیاسیی لەخۆ گرتبوو، ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو تا نزیکەی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی، کە مێژووی ئیسلامی زۆرێک لە بزاوتەکانی ناڕازیبوونی سیاسیی بەخۆیەوە بینیوە، وەک شۆڕشی حوسەینی کوڕی عەلی -خوا لێی ڕازی بێت- ساڵی (٦١ک)، شۆڕشی خەڵکی مەدینە لەدژی یەزیدی کوڕی موعاویە ساڵی (٦٣ک)، شۆڕشی عەبدوالله ی کوڕی زوبەیر -خوا لێی ڕازی بێت- (٦٤ک)، شۆڕشی فیقهناسان لەدژی حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی و عەبدولمەلیک کوڕی مەروان ساڵی (٨٤-٨١ک)، شۆڕشی زەیدی کوڕی عەلی لەدژی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیک ساڵی (١٢١ک)، پاشان شۆڕشی موحەممەدی نەفسی زەکییەو ئیبراهیمی برای لەدژی ئەبو جەعفەری مەنصور ساڵی (١٤٥ک).

بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچییەوە چەندین فاکتەری مێژوویی کەوتوونەتەڕوو کە کاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گواستنەوە لە (کەلتوری دەرچوون) بەمەبەستی گۆڕینی خراپەی سیاسیی، بۆ (کەلتوری گوێڕایەڵیی تەواوەتی سیاسیی). شیکارە مێژووییەکان دەریانخستووە کە گرنگترینی ئەو فاکتەرانە بریتی بووە لە دەرکەوتنی سەردەمی نوسینەوە کە تیایدا زانست و مەعریفە ئیسلامیەکان لەنێویشیاندا مەعریفەی سیاسیی جارێکیتر ڕێکخراونەتەوە

-کە تا ئەوکاتە بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەڵاڵە نەبووبوون-، ئەوەش لەناو پڕۆژەیەکی ڕۆشنبیری گەورەدا کە دەستەڵاتی عەبباسی پیادەی کردووە. بەرپابوونی دەوڵەتی عەبباسی لەسەر پاشماوەکانی حوکمڕانی ئومەوی، هەروەها ئەو ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیە کە بەرجەستەی کرد بەرلەوە دواتر لابدات، کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو گۆڕان و گواستنەوەیە، بەڵام شکستخواردنی بزووتنەوەکانی گۆڕینی خراپەی سیاسیی و ئەوەی بەدوایاندا هات لە خوێنڕشتن و پێشێلکردنی پیرۆزییەکان لەلایەن ڕژێمە ملهوڕەکانەوە، گەورەترین کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانە کە تەنها لە بازنەی فیقهی سوننیدا نەوەستاوە بەڵکو هەردوو ڕێبازی موعتەزیلەو زەیدیەکانیشی گرتووەتەوە، بەڕاستی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچی کۆتا ئەو شۆڕشانەی بەخۆیەوە بینی کە موعتەزیلە بەشداریان کرد تیایدا، دواتریش قازی عەبدولجەبار هەستا بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی چەمکی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە کە دادەنرێ بە یەکێک لە بنەماکانی موعتەزیلە، ئینجا لەحیمکردنی بەو تیۆرە سوننیەوە کە تا ئەوکاتە جێگیر بووبوو.

لە هەمانکاتدا لای زەیدییەکان حەزێکی کەمترمان بۆ شۆڕش بەدیکرد، کتێبەکانی زانا دواییەکانی مەزهەبی زەیدی دەریدەخەن کە پرەنسیپی دەرچوون لەدژی فەرمانڕەوای ستەمکار زۆر کزبووە، ئەمەش وەک نزیککەوتنەوە لە فیقهی سیاسەتی شەرعی، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە کرۆکی بۆچوونی زەیدی لە هەقداری ئالوبەیت بە جێنشینیی، بەڵام شیعە ئەوا -هەر لە بنەڕەتەوە- شۆڕشیان پەسەند نەبووە، ئەگەرچی بەشێوەیەک لە شێوەکان سۆزدارییان هەبووە لەگەڵ شۆڕشەکانی ئالوبەیتدا. لەمەوە ڕووندەبێتەوە کە هزری ئیسلامی بە هەموو ڕەوتە جیاوازەکانیەوە بە پلەی جیاواز ڕۆیشتووە بە ئاراستەی کردنەوەی بوار بۆ بەهێزکردنی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی بەتەواوەتی.

بێگومان چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەدرێژایی هەڵسوکەوتی مێژوویی ئیسلامی کەوتووەتەبەر زۆرێک لە خوێندنەوە لێکدەرەوەکان، تا وای لێبکرێ گۆڕانکاییەکانی واقیعی سیاسیی لەخۆبگرێ، ئەمەش بووە هۆی ئەوە چەمکەکە هەندێ لە تایبەتمەندییە قورئانیەکانی لەدەستبدات بۆ بەرژەوەندی (ناوەڕۆکی مێژوویی)، کە لەدوای قۆناغی جێنشینیی ڕاشید وێنای زنجیرەیەک پاشەکشەی هزری لە کرۆکیدا کردووە ئەویش لەبەردەم ملهوڕیی واقیعی سیاسیدا، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ڕادەی جیاوازی ئامادەبوونی ئەو کاریگەرییە لەسەر کۆی ڕەوتەکانی هزری سیاسیی ئیسلامی، چونکە موعتەزیلەو شیعەو زەیدی ئەگەرچی

ڕۆیشتوون بە ئاراستەی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی سیاسیدا، بەڵام خۆیان لاداوە لە تیۆریزەکردن لەسەر بنەمای ئاینی، یان گۆڕینی دەرهاویشتەکانی بۆ جۆرێک لە ڕێسای شەرعی کۆمەڵایەتی، ئێمە لای ئەو ڕەوتانە ئاسەواری ئەو گوتانەمان نەبینی کە بەگوێکردنی ملهوڕ بکەنە فەرز، یان داننانی شەرعی بێت بە حوکمی زاڵبوودا، یان ئیقرارکردن بێت بە فەرمانڕەوایی گشتی گوناهکار و فاسیق، هەروەک لە هزری سیاسیی سوننیدا بوونی هەیە، لەوانەیە هۆیەکەش بۆ پارێزگاری ئەو ڕەوتانە بووبێت بە جێگاو شوێنی خۆیانەوە لە دەرەوەی دەستەڵاتی سیاسیی (دەستەڵاتی جێنشینیی)، بەو سیفەتە کە لە ڕووی مێژووییەوە هێزی ئۆپۆزیسیۆنن، ئەگەرچی لە هەندێ قۆناغدا بەشێوەیەک لە شێوەکان یەکتربڕ بوون لەگەڵ سیستمە حوکمڕانییە بەرپابووەکان، یان لە هەندێ ناوچەدا گەیشتبنە دەستەڵات. لەلایەکیتریشەوە چەمکەکە لەماوەی جوڵەی لەناو مێژوودا تەمومژی زۆری بەرهەمهێناوە کە پەیوەستن بە پەیوەندی نێوان دەستەڵات و گەلەوە، لەڕاستیدا ئەوە ڕوونە کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بازنەی سوننیدا -بە کردەی خوێندنەوەی لێکدانەوەی بەردەوام بۆ دەقەکان لەژێر فشاری واقیعی سیاسیی- ڕۆیشتووە بۆ دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکە قورئانیەکە، گرنگترینی ڕوخسارەکانی ئەم حاڵەتەش لەمانەی خوارەوەدا دەبینین:

- لابردنی وەسف و نیشانە قورئانییەکانی چەمکی کاربەدەستان، هەروەها سڕینەوەی سیفەتی کۆمەڵیانەی چەمکەکە، تا وایلێهات وەسفی (کاربەدەست) درا بە هەر کەسێکی زاڵبوو، ئەوەش بە هەموو ئەو مانا شەرعییە زەوتکراوانەیەوە کە هەڵیگرتوون، بەڵام لە ڕووی بنەماوە ئەوا چەمکی کاربەدەستان -هەروەک لێکۆڵینەوەکە پێیگەیشتووە- چەمکێکی کۆمەڵیانەیەو ناڕوات بە ئاراستەی جۆرێک لە دیاریکردنی توێژیدا وەک (زانایان / فەرمانڕەوایان)، بەڵکو لە پێکهاتەی شەرعی خۆیدا لایەنی فەرمی دیاردەی سیاسیی لەخۆدەگرێ، ئەمە بێئەوەی بچێتە قووڵایی هێزی کۆمەڵایەتی ئوممەتی موسڵمانەوە، بەشێوەیەک کە چەمکی بەرانبەر (ئەهلی حەلل و عەقد) هەر وەک چەکێکی کاراو هاوسەنگ بوونی هەبێت. سیفەتە قورئانییەکانی کاربەدەستان بریتین لە: حوکمکردن بە دادپەروەریی، بەجێگەیاندنی ئەمانەت، هەڵبژاردنی کۆمەڵایەتی، گێڕانەوە مەسەلە ناکۆکەکان بۆ لای خواو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). ئێمەش لەسەر ئەم بناغەیە هەستاوین دوو جۆر لە ڕژێمە سیاسییەکانمان لێکجیاکردووەتەوە، یەکەم: بریتییە لە دەستەڵاتی کاربەدەستان، دووەمیش بریتییە لە ڕژێمە زەرورەکان بە هەموو دیمەنە جۆراو

جۆرەکانیانەوە لە مێژووی ئیسلامیدا.

– بەگوێکردنی کاربەدەستان لە قورئانی پیرۆزدا بەوە دابنرێ کە کارێکی ڕەهایە، جێکەوتەی ئەو تێڕوانینەش بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە قورئانی پیرۆزدا بەو مەرامەیە گوایا چەمکێکی بێ کۆت و بەندە، کە بووە هۆی لابردنی کۆت و بەندە قورئانیەکانی چەمکەکە، نە دادگەریی، نە شورا و نە گەڕانەوە بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی لە کاتی ناکۆکیدا (حوکمکردن بە شەریعەت)، ئەمانە هیچیان بە کۆت و بەندی نەمانەوە، ئیتر –بەپێی تێگەیشتنی دەقیش بۆ فەرموودەکانی گوێڕایەڵیی– چەمکەکە لە سنوری هەردوو کۆت و بەندی سەرپێچی و خراپەدا کورتکرایەوە، ئەو دووانە کە –لە زۆر کاتدا– یەک مانا هەڵدەگرن، لە بواری سیاسیشدا توانایی خۆیان لەسەر توندوتۆڵکردن و سنوردارکردن لەدەست دەدەن.

– تێکەڵکردنی گوێڕایەڵیی ئاینی بە گوێڕایەڵیی سیاسییەوە، ئەوەش لە ڕێگای ئەو گوتەیەوە کە دەوترێ بەگوێکردنی کاربەدەستان لە غەیری سەرپێچیدا بەگوێکردنی خواو پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر). ئێمەش لە ڕێگای سەلماندنی سروشتی جێنشینیی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی هەستاین بە پێداچوونەوە بەو تێگەیشتنەدا، چونکە چەمکەکە چەمکێکی بەندایەتی نیە (بەگوێکردنی خوای گەورە)، هەروەها بەڕاستناساندن نیە (بەگوێکردنی پێغەمبەر)، لێرەوە جیاوازی نێوان گوێڕایەڵیی ئاینی کە ڕەهایەو کامڵەو نەگۆڕەو پەیوەستە بە باوەڕی باوەڕدارەوە، وە نێوان گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو سیفەتە کە ڕێژەییە، لە گۆڕاندایە، سنوردارە، مەرجدارەو دەچێتە ژێر مەرجەکانی واقیعەوە، بە پلەی سەرەکیش پەیوەستە بە ڕەفتاری باوەڕدارەوە، لێرەوە جێکەوتەی باوەڕ یان بێباوەڕی بەدوای خۆیدا ناهێنێ.

بەهەمانشێوە لەوانەیە کردەوە سیاسییەکانی کاربەدەستان و هەڵسوکەوتیان، گونجاونەبن لەگەڵ مەبەستی خواو پێغەمبەرەکەی (درودی خوای لەسەر) –تەنانەت لەگەڵ ئەگەری ویستی ئەو مەبەستە–، بەم پێیەش ئەوا دەقاودەق گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەی نیە، لەبەرئەوە تێهەڵکێشکردنی گوێڕایەڵیی ئاینی و گوێڕایەڵیی سیاسیی، هەروەها دیارینەکردنی بواری گوێڕایەڵیی سیاسیی و جیانەکردنەوەی لە بواری باوەڕ، ڕێگایداوە دەستەڵاتی سیاسیی بە پەردەی ئاینی پەردەپۆشبکرێ، هاوکات پێدانی دەستەڵاتی دەستوەردانە ناو کاروبارەکانی باوەڕ و پەرستشیش، هەروەها فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی گەشەپێدان و سیاسیی و ژیاریی.

– حەرامکردنی دەرچوون لەدژی دەستەڵاتی ستەمکار یارمەتیدەر بووە لەسەر هەبوونی ڕەنگی فرەجۆر لە دەرچوونی بەکافرکردن، بەو هۆیەوە کە بەکافرکردنی

دەستەڵات مەرجێکی مێژووییە بۆ دەرچوون لەدژی، بەمجۆرە ئەوا ململانێ سیاسییەکان ڕەنگپۆش کراون بە ڕەنگێکی ئاینی، ئەوەش بەهۆی جیانەکردنەوەی نێوان دەرچوونی سیاسیی بە مەبەستی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە کە مافی گەلە، وە نێوان دەرچوون بە هۆکاری باوەڕی، هەروەها دەستەڵاتی سیاسیی پارێزبەندی لەکارخستنی سیاسیی پێبدرێ لە کاتی هەبوونی تواناشدا، ئەمە جگە لە حاڵەتی کوفری ئاشکرا.

– ترس لە ڕوودانی فیتنە نەیهێشتووە پەرە بە میکانیزمی کاریگەر بدرێ بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا، کە بووە هۆی دوورخستنەوەی ڕێساکانی شورا، هەروەها فەرماندان بە چاکەو و ڕێگری لە خراپە و ئۆپۆزیسیۆن و هیتریش، ئەمەش مەسەلەیەکە لە ڕووی مێژووییەوە بەشداربووە لە بەرهەمهێنانەوەی فیتنەی زیاتر کە بوونە هۆی لاوازکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا لە هەمانکاتدا.

– گرفتی تاکڕەویی سیاسیی لەبەرئەنجامی حەزی زیادە بۆ ڕێکردن لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسی و ئەو پێکهاتە باوەڕیانە کە خزمەت بە پێویستییەکانی مانەوەو بەردەوامبوونی دەکەن کەوتەڕوو، ئەو حەزەش لە ڕێگای قورسکردنی مەرجەکانی فەرماندان بە چاکەو ڕێگری لە خراپەدا دەرکەوت، هەروەها ڕەهاکردنی ئارامگرتن، هێنانە بەرچاوی فیتنە، پەکخستنی شورا، وازهێنانی پێشوەخت لە بیرکردنەوە لە پەرەدان بە هەڵسوکەوتی سیاسیی و قەناعەت بە ئاستی خوارەوەی ڕەوشت، ئەمەش بووە هۆی قەبەکردنی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە بەرانبەر کزبوون و لاوازییەکی زۆر لە ڕشتەبەندی بەهاکاندا، هەموو ئەمانە یارمەتیدەر بوون لەسەر هێنانەکایەی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ستەمکاریی سیاسیی.

لەڕاستیدا ئەو گرفتانە لە ڕێگای ڕێڕەوی پەرەسەندنی چەمکەکە لە دیمەن و چۆنێتی جۆراو جۆردا کەوتنەڕوو، لەگەڵ بوونی ئەو ئاماژەیە کە هەندێ لە زانایان هەوڵیانداوە سنورێک بۆ هەڵایسانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی دابنێن، چونکە ئاراستەی هەژموونداری لە فیقهی سیاسیی سوننیدا بەتەواوەتی دەڕژایە ناو بازنەی گوێڕایەڵیی سیاسیی بەو سیفەتە کە داخوازییەکی شەرعیە، بەو هۆیەشەوە ئەوا ئەو هەوڵە چاکسازیانە کە لە مێژووی ئیسلامیدا دەرکەوتن، یان بۆ ئەوە بووە دووربکەونەوە لە دەستدان لە (باوەڕی گوێڕایەڵیی سیاسیی) هەروەک لە فیقهی مەبەستاریی لای عیززی کوڕی عەبدولسەلام و شاتیبی و غەیری ئەوانیشدا وایە، تا گوتاری فیقهییان لەو سنورەدا بوەستێن کە کارپێکردنی جێگیر بووە، یان

کاری ڕاپەڕاندنی کۆتا داڕشتنەوەی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسییان گرتووەتە دەست و جێگیریان کردووە، هەروەک لە فیقهی سیاسەتی شەرعیدایە کە بزووتنەوەیەکی چاکسازی دەرخست، دواجاریش بە ڕیشەداکوتانی دەستەڵاتی کاربەدەست لە هەردوو بواری سیاسیی و شەرعیدا کۆتاییهات.

سەقامگیریی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی و کەڵەکەبوونی ناباشی بووە هۆی ئەوە کە بزووتنەوەکانی چاکسازی لە جیهانی ئیسلامیدا سنوورداربن، لەنێویشیاندا ئەو بزووتنەوانە کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەسەر دەستی بیرمەندانی ڕاپەڕین و بوژانەوە سەریانهەڵدا. جا لەگەڵ ئەو بەشدارییە تیۆرییەدا کە بیرمەندانی ڕاپەڕین پێی هەستان لەوەی کە پەیوەندە بە جوڵاندنی کەلتوری گوێڕایەڵیی سیاسیی و بەستنەوەی بە شورا و لێپرسینەوەو بەرپرسێتی فەرمانڕەواوە، هەروەها لەگەڵ فراوانکردنی مەرجەعیەتی پراکتیکی لە ڕێگای پەنابردنەبەر میکانیزمەکانی هزری دیموکراسی نوێ، کەچی هەر سەرنجاماندا کە کاریگەری ڕاپەڕین لەوەی کە پەیوەندە بە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسییەوە هەر زۆر سنووردار بووە.

ئەو ئەنجامەش بەردەوام ئامادەبوونی مێژوویی تەمومژەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا ڕووندەکاتەوە، لەنێویشیاندا بونیادی فیقهی دەستوریی نوێ، ئێمەش هاتین تەمومژەکانی گوێڕایەڵیمان لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا ڕێکخستەوە، ئەویش لە سێ گروپدا: یەکەمیان پەیوەندە بە ڕەواندنەوەی چەمکی کاربەدەستان و بەکارهێنانی لە ڕووی سیاسییەوە، ئێمەش لە ڕێگای گوتاری ئیسلامی هاوچەرخەوە کەوتینە دوای ڕوخسارەکانی و هەوڵماندا ڕووبەری هۆشیاری ئەو پەیوەندییە بدۆزینەوە کە لە نێوان حاڵەتی تاکڕەویی هەنووکەیی و (تاکڕەویی دەستەڵاتداری)دا بوونی هەیەو خۆی لە (کاربەدەستاندا) دەنوێنێ، گروپی دووەمیش پەیوەندی بە لەقبوونی چەمکگەراییەوەیە کە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی و ڕوخسارەکانی لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا هێناویەتەڕوو، گروپی سێیەمیش پەیوەندی بە تەمومژی دەرچوون و تێڕوانینە تیۆریەکەوەیە لە گوتاری ئیسلامی هاوچەرخدا.

بە گشتی دەتوانرێ لە ڕێگای شیکاری ڕەخنەگرانەوە بۆ هەندێ لە نوسینەکانی هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخ بوترێ کە مەیل و حەزێکی بەردەوام بوونی هەبووە بۆ ڕزگاربوون لە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکی، ئەوەش لە ڕێگای کۆمەڵێ هەوڵی لاوەکییەوە بۆ نوێکردنەوەی ڕەوشی ئەو چەمکگەراییە کە چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی دەچێتەوە سەری، بەڵام لەگەڵ ڕەچاوکردنی هێشتنەوەی

هەندێ لە پێکهاتەکانی فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کە بە ڕوونی ئامادەییان هەیە، هاوکات چالاکیشن لە مشتومڕی هزری لە سنوری گوێڕایەڵیی سیاسیدا، لە سنوری ئاستی سەرەوەی سیاسیی یان باوەڕی چەمکی دەرچوون، هەروەها لە ڕووی کۆت و بەندە سیاسییەکانی گوێڕایەڵیەوە، وە لە پێناسەکردنی فەرمانڕەوای دەستوری و دەستەڵاتەکانی و پەیوەندی بە چەمکی کاربەدەستانەوە.

ئەم کتێبە لەبەرئەنجامی سەرنجدانە هێڵە بەرزو نزمەکانی پەرەسەندنی چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی و سروشتی تەمومژەکانی، هەروەها دیاریکردنی ڕووبەری ئەو تەمومژانە و هەبوونی واقیعیان لە نەخشەی هزری سیاسیی ئیسلامیدا، گەیشتووەتە ئەوە پێشنیار بکات بە خستنەڕووی نمونەیەکی بەکاربەر بۆ چەمکی گوێڕایەڵیی سیاسیی، کە ڕەچاوی پەیوەندی تەواوکاریی لە نێوان ئەو چەمکەو چەمکەکانی تردا بکات کە ڕشتەبەندی بەها ئیسلامیەکان پێکدەێنن، هەروەها ڕەچاوی پێداویستییەکانی گەشەپێدان و زەرورەتە ژیارییەکانی ئوممەت بکات، بیرۆکەی نمونەی بەکاربەریش هەرچەندە بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکەکە لە هەڵسوکەوتی پراکتیکیدا بەس نیە، بەڵام هەر کۆمەڵێ بیرۆکە دەخاتە بەردەم هزری ئیسلامی کە دەکرێ یارمەتیدەربن بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکەکە لە ڕووی تیۆریەوە، ئەوەش لە ڕێگای شکاندنی (حەتمیەتی کەلەپوریی) کە خۆی لە فیقهی گوێڕایەڵیی سیاسیی کلاسیکیدا دەنوێنێ.

# دوا وتە

زۆر قورسە بوترێ کە هزری ئیسلامی ئاوڕینەداوەتەوە بەلای مەترسی مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی و ئەو تەمومژانەی لێی کەوتوونەتەوە، بەڵام پێشینەی تیۆری و واقیعی پراکتیکی، هاوکات چوون بەناویەکی لەپێشترینەکانی هزر ڕێگایان نەداوە توێژینەوە لەو مەسەلەیەدا بگاتە ئەنجامێک کە گوتارێکی نوێی لەسەر دابمەزرێ، هەرکاتیش واقیعی ستەمکاریی و تاکڕەویی و داگیرکاریی زۆرتر گومڕا بووبن، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەتوانین حاڵەتێکی گەڕانەوە بۆ پیادەکردنی کۆن بەدیبکەین. ئەمەش زۆرجار بە هۆکاری جیاوازەوە ڕوودەدات، لەوانەش لەدەستدانی متمانە بە گۆڕینی واقیع، یان دواخستنی توێژینەوە لەو مەسەلەیەدا لەژێر فشاری هەستکردن بە بوونی هەڕەشەی ژیاریی زۆر مەترسیدارتر، لەم کتێبەدا مشتومڕمان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە، هەروەها ڕوونکردنەوەمان داوە کە ئاڵەنگاری ژیاریی ئەوە بەسەرماندا دەسەپێنێ کە دەبێ ڕووبەڕووی تەمومژی گوێڕایەڵی سیاسیی ببینەوە نەک دوابخرێ.

ئێمە پەی بەوە دەبەین کە قسەوباسی ڕاستەوخۆ لەسەر مەسەلەی گوێڕایەڵیی سیاسیی پێوەری گرنگیدانی پێویست نیە بەو بابەتە، دابەزینی بەرهەمی مەعریفیش لەوبارەیەوە بەوە دانانرێ کە مەسەلەیەکی ئاوەها گرنگ فەرامۆش کرابێت. لەڕاستیدا پرۆسەی نوێبوونەوە لە هزری گوێڕایەڵیی سیاسیدا لە ڕێگای نوێکردنەوەی ئەو دەفرە هزریانەوە دەبێت کە چەمکەکە یان ڕشتەبەندیی چەمکگەراییەکە دەچێتەوە سەری، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئاماژە دەدەین بە لاوازی هەستی گشتی بەرانبەر بە گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی لە هزری ئیسلامی هاوچەرخدا، هەروەها ئاوڕنەدانەوە لە مەترسی درێژبوونەوەی فیقهی سیاسەتی شەرعی بە پێکهاتە مێژوویی و ناڕوونیە فیقهییەکەی، کە گرنگترینیان گوێڕایەڵیی سیاسییە بە شێوە کلاسیکییەکەی لە نەخشەی هزری سیاسیی ئیسلامی هاوچەرخدا. هەروەها ئاماژە دەدەین بە فەرامۆشکردنی خاڵە یەکتربڕەکانی گرفتی گوێڕایەڵیی سیاسیی لەگەڵ گرفتی ستەمکاریدا، هەروەها ئامادەنەبوونی شورا، نائامادەیی گەلیش لە کردەی ژیاریی، ئیتر جگە لە نەخستنەڕووی ڕێژەیی مێژوویی چەمکی (کاربەدەست).

بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەین ڕێنمایی زیاتر بدرێ بە هەوڵی توێژینەوە لە بواری توێژینەوەی کەلەپوریی بنەڕەتی، بایەخدانیش بە باسی پەرەسەندنی چەمکە

سیاسییەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانەوەی ناسنامەی شەرعی ئەو چەمکانە هەروەک دەقە دامەزرێنەرەکان دیاریان کردوون، نەک وەها کە هەڵسوکەوتی مێژوویی نەخشەیان کێشاون، لە نێوان ئەو چەمکانەشدا چەمکی شورایە، فەرماندان بە چاکەیەو ڕێگری لە خراپەیە. بە گرنگیشی دەزانین خوێندنەوە بۆ هەندێ چەمکی مێژوویی بکرێ کە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا ڕۆیشتوون، واتە لە چەمکی مێژووییەوە گۆڕدراون بۆ چەمکی شەرعی وەک چەمکی (پاراستنی ئاین)، ئەمەش مەسەلەیەکە کە زاراوەی بە(ئیسلامکردنی هزر) لەگەڵ زاراوەی (گوتاری میانڕەوی) نوێگەردا بەیەک دەگەن، هەروەها وادەبینین مەرجی دەستەبەربوونی ئەو بەیەکگەیشتنەش لە ئاراستەی گوتاری بەئیسلامکردندایە بەرەو سنوردارکردن و دابڕینی کاریگەری مێژوویی کەڵەکەبوو لەسەر چەمکە ئیسلامییەکان و گەڕانەوەیان بۆ ڕیشکی ئەسڵی خۆیان. هاوکات هەوڵدانی بەردەوام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی زەوتکردنی بەها ئیسلامیەکان لە بەرانبەر چەمکەکانی خۆرئاواو ڕشتەبەندییە بەهاییەکەیەوە. هەروەها دەبێت گوتاری میانڕەو هەستێ بە ڕاپەڕاندنی ئەرکی مێژوویی خۆی لە هەستانەوەی ئوممەتدا، خۆلادان لە هەر هەڵسوکەوتێکی بە شکۆمەندگرتنی وشەو زاراوەکانی فیقهی سیاسەتی شەرعی و دانانان بە مێژووییەکەیدا، ئینجا سەرلەنوێ دۆزینەوەی پێگە نوێکەرەوەکانی کە تەپوتۆزی دواکەوتوویی و چەقبەستوویی دایان پۆشیوە.

بۆ هەموو ئەمانەش زۆر بە پێویستی دەزانین سەرلەنوێ پەیوەندی نێوان سێ چەمکە سەرەکییەکە: (شەریعەت / گەل / دەستەڵات) ڕێکبخرێتەوە، ئەوەش وەک ڕێگاچارەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی تەمومژی دووانەیی خەڵەتێنەر کە پەیوەندە بە پەیوەندی نەرێنی نێوان دەوڵەت و ئاین، کە ڕابەرانی هزری سیاسیی لە جەنگەکانیان لەدژی عەلمانیەکان ئیسلامیان برد بەرەو بەرگریکردن لە پێکهاتە مێژووییەکان لەنێویشیاندا (دەستەڵاتی کاربەدەست)، بۆیە جەختدەکەین لەسەر گرنگێتی ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییە، ئەوەش بەشێوەیەک کە نەهێڵێ دەستەڵات لە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شەریعەتدا گەل تێپەڕێنێ کە وێنای (نێوەندگیرێکی زیندوو) دەکات لە پەیوەندی نێوان شەریعەت و دەستەڵاتدا، کە بەبێ تێگەیشتن و لەخۆگرتنی ڕاستییەکان و مافەکانی ناتوانرێ پەیوەندییەکی ڕاست لە نێوان دەستەڵات و شەریعەتدا بەدیبهێنرێ.

مەسەلەکە بەهەمانشێوە داوامان لێدەکات ئاوڕبدەینەوە بەلای گرنگێتی لێکۆڵینەوە لە فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە ڕووی دەقەوە، هەروەها ڕێکخستنەوەیان بەشێوەیەکی بابەتی لە بەشەکاندا نەک ئەو

بەشانە کە لە ڕووی مێژووییەوە لەسەری پۆلێنکراون، ئەوەش بەجۆرێ کە هەر کۆمەڵە فەرموودەیەک وێنای یەک یەکەی بابەتی بکەن، تا کۆتایی بێنن بە (تاکرەویی هزری) بە فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی، ئەوەش لە ڕێگای هێنانەوەیان لە سەلماندنی شتێک و دژەکەیدا، بەجۆرێ هەر فەرموودەیەک مەبەستێکی ئەسڵی هەبێت کە بەکاربهێنرێ بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەری، با مەبەستەکانی فەرموودەکە لەدوای ئەوە زۆر مەبەستیش بێت. ئەم کارە پێویستی بەوەیە فەرموودەکان ببەسترێنەوە بە هۆکارەکانی هاتنیان، هەروەها ئەوەندەی لەتوانادایە مشتومر لەسەر ئەو زیادە مێژووییانە بکرێ کە خراونەتە سەر هەندێ فەرموودەی پێغەمبەرایەتی هەروەک لە فەرموودەکەی عوبادە دا (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە کە دەفەرموێ: ((مەگەر لەبارێکدا کە کوفرێکی ئاشکرا بێت))، وە فەرموودەی حوزەیفە (خوا لێی ڕازی بێت) کە دەفەرموێ: ((گوێبیست و گوێڕایەڵ بە با دارکاریشت بکات و ماڵ و سەروەتیشت ببات))، ئەمەش مەسەلەیەکە ئێمە دەستکۆتا بووین بە تەنها ئاماژەدان پێی، ئیتر قسەکردن لەسەریان جێدێڵین بۆ پسپۆڕانی زانستی فەرموودە.

لە کاتی گەڕانەوەی بەردەوامامان بۆ کتێبەکەی ئیبن قەییم بەناوی (إعلام الموقعين عن رب ّ العالمين) مەسەلەیەکی تریشمان بەدیکرد، ئەویش ئەوەیە زۆربەی ئەو فەرموودانە کە لە بەشی گوێڕایەڵیدا هاتوون ئیبن قەییم لە ڕیزی فەتوادا ئەژماری کردوون، نە لەو و نە لە غەیری ئەوەوە دەلالەتی ئەوەمان بۆ ڕوونەبوویەوە لەسەر فەرزی کارکردن بەو فەرموودانە، وە ئایا مەرجەکانی سنورداریی زمکانی کە بەسەر فەتوادا دەچەسپێن بەسەر ئەوانیشدا دەچەسپێن یان نا؟

لەلایەکیترەوە زۆر پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی فیقهی ئوسولی لەسەر هەردوو ئایەتی (٥٩) و (٨٣) لە سورەتی النساء بکرێ، کە مانای فەرماندان بە گوێڕایەڵیی لە ئایەتی یەکەمدا دیاریبکات، هەڵوێستیش –لەبارەی ئەم ئایەتەوە بە دیاریکراوی– لە دەمەقاڵەی ئوسولی کە ئایا فەرمانەکە بە فەرز هاتووە یان سوننەتە یان هیترە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەم توێژینەوەیەدا دەستکۆتا بووین بە تەنها ئاماژەدان پێی، ئەوەش بەهۆی نەبوونی ماددەی ڕاستەوخۆ کە خزمەت بە باسەکە بکات، واتە ڕەنگدانەوەی دەمەقاڵەی ئوسولی لە واتای فەرمانەکە لە ئایەتی ناوبراودا.

ئەمانەش کۆمەڵە مەسەلەیەکن خۆمان لاداوە لەوان و –لە غەیری ئەوان–، بە گوێڕایەڵیمان بۆ فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: ﴿...وَإِذَا قُلْتُمْ فَٱعْدِلُوا۟ ٱلْكَيْلَ..﴾الأنعام: ١٥٢، ئەوەش لەبەر باوەڕی پتەومان کە ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین بە هیچ جۆر وتەی یەکلاکەرەوە نیە.

## نوسەر لە چەند دێڕێکدا

**هانی عەبادی موحەممەد سەیفولمیغلیس**

* سالّی ١٩٧٣ز لە پارێزگای (تەعز) لە وڵاتی یەمەن لەدایکبووە.
* سالّی ١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانستە سیاسییەکان لە کۆلیژی بازرگانی و ئابووری زانکۆی صەنعا بە پلەی نایاب بە دەستهێناوە، یەکەمی قۆناغەکەی بووە.
* لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠٦ وانەبێژ بووە لە زانکۆی صەنعا.
* لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ بەرپرسی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان بووە لە دامەزراوەی عەفیفی ڕۆشنبیری لە صەنعا.
* سالّی ٢٠٠٦ نێردراوە بۆ کۆماری میصری عەرەبی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا.
* سالّی ٢٠١٠ بڕوانامەی ماستەری لە زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەسیوت بەدەستهێناوە، پسپۆڕی تیۆریی و هزری سیاسیی.
* لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکردنی تێزی دکتۆراکەیەتی لە تیۆری سیاسیی لە هەمان زانکۆدا.
* ژمارەیەک توێژینەوەو کتێبی بڵاوکراوەو بڵاونەکراوەی هەیە.

## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

- سالّی ١٩٥٣ لە گوندی هانەی دن لە ناوچەی هەورامان لەدایکبووە.
- سالّی ١٩٧٤پەیمانگای مامۆستایانی لە موسڵ تەواوکردووە.
- سالّی ٢٠٠٨ز بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پەروەردەو دەروونناسیدا لە کەرکوک بەدەستهێناوە.
- وەرگێڕان یان لێکۆڵینەوەی بۆ زیاتر لە (٣٩) کتێب کردووە، (٣٠) بەرهەمیان چاپکراون، (٦) دانەی تر لەژێر چاپدان.
- لە هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤاردا بەرهەمی بڵاوکراوەی هەیە، چەند توێژینەوەیەکی لەسەر پرسی زیندوو لە زمکانی خۆیاندا نوسیوە.
- بەشداری چەند کۆڕ و کۆنگرەیەکی هزری و ئەدەبی لە ناوەوەو لە دەرەوەی کوردستان کردووە.

# ليستى سەرچاوەكان


- ابن إبراهيم، أبويوسف يعقوب، كتاب الخراج، بيروت: دار المعرفة، ١٣٩٩هـ/ ١٩٧٩م.

- ابن أبي الحديد، عزالدين عبد الحميد. نهج البلاغة، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، بيروت: دار إحياء الكتب العربية، ط٢، ١٩٦٧م.

- ابن أبي الربيع، شهاب الدين أحمد بن محمد. سلوك المالك في تدبير الممالك، تحقيق: عارف أحمد عبد الغني، دمشق: داركنان، (د.ت.) .

- ابن أبي الربيع، شهاب الدين أحمد بن محمد. سلوك المالك في تدبير الممالك، تحقيق وتعليق وترجمة: حامد عبد الله ربيع، القاهرة: مطابع دار الشعب، ١٩٨٠

- ابن أبي العز الحنفي، صدر الدين أبو الحسن علي بن علاء الدين. شرح العقيدة الطحاوية، بيروت: المكتب الإسلامي، ط٤، ١٣٩١م. - ابن أحمد، عبد الله. مسائل الإمام أحمد بن حنبل، تحقيق: زهير الشاويش، بيروت

- دمشق: المكتب الإسلامي، ط٣، ١٩٨٨م. - ابن الأثير، عز الدين أبو الحسن علي الكامل في التاريخ، تحقيق: أبو الفداء عبد الله القاضي، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٧م.

- ابن الأمير الصنعاني، محمد بن إسماعيل. «منحة الغفار على ضوء النهار»، (حاشية) في: الجلال، الحسن بن أحمد. ضوء النهار المشرق على صفحات الأزهار، صنعاء: مجلس القضاء الأعلى، (د.ت.).

- ابن الأمير الصنعاني، محمد بن إسماعيل. سبل السلام في شرح بلوغ المرام من جمع أدلة الأحكام، تحقيق: فواز أحمد زمرلي وإبراهيم محمد الحمل، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٥م.

- ابن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. العلل المتناهية في الأحاديث الواهية، تحقيق: خليل الميس، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤٠٣هـ.

- ابن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. الموضوعات، ضبط وتقديم وتحقيق: عبد الرحمن محمد عثمان، بيروت: دار الفكر، ط٢، ١٩٨٣م.

- أحمد بن حنبل، الباقي، - ابن الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. مناقب الإمام تحقيق وتقديم وتعليق: عبد الله عبد المحسن التركي، مقابلة وتصحيح: علي محمد عمر، مصر مكتبة الخانجي، ١٩٧٩م.

- ابن الحجاج، أبو الحسين مسلم، صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د.ت).

- ابن الصلاح، تقي الدين أبو عمر عثمان. مقدمة ابن الصلاح ومحاسن الاصطلاح، تحقيق وتوثيق: عائشة عبد الرحمن، القاهرة: مطبعة دار الكتب، ١٩٧٤م.

- ابن الطقطقي، أبو جعفر محمد بن علي بن طباطبا. الفخري في الآداب السلطانية والدول الإسلامية، بيروت: دار صادر، ١٩٦٦م.

- ابن القيم، شمس الدين أبي عبد الله محمد بن أبي بكر. إعلام الموقعين عن رب العالمين، مراجعة وتقديم وتعليق: طه عبد الرؤف سعد، بيروت: دار الجيل، ١٩٧٣م.

- ابن القيم، شمس الدين أبي عبد الله محمد بن أبي بكر. الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، تحقيق: محمد جميل غازي، القاهرة: مطبعة المدني، (د.ت.).

- ابن الهمام، كمال الدين محمد. المسايرة في العقائد المنجبة في الآخرة، القاهرة: المطبعة الكبرى الأميرية، ١٣١٧هـ

- ابن أنس، مالك، موطأ الإمام مالك، تحقيق: تقي الدين الندوي، دمشق: دار القلم، ١٩٩١ - اين باز، عبد العزيز عبد الله المعلوم من واجب العلاقة بين الحاكم والمحكوم، الرياض: دار الإمام أحمد، (د.ت.).

- ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم. السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، تحقيق: علي بن محمد العمران، إشراف: بكر بن عبد الله أبو زيد، مكة المكرمة: دار عالم الفوائد، ١٤٢٩هـ

- ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم. مجموع الفتاوى، جمع وترتيب: عبد الرحمن بن محمد بن قاسم وابنه، القاهرة: دار الرحمة، (د.ت.). - ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم . منهاج السنة النبوية، تحقيق: محمد رشاد سالم، د.م: مؤسسة قرطبة، ١٤٠٦هـ

- ابن جعفر، أحمد بن أبي يعقوب . تاريخ اليعقوبي، بيروت: دار صادر، ١٩٩٢م. - ابن جماعة، بدر الدين محمد بن إبراهيم. تحرير الأحكام في تدبير أهل الإسلام، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣م.

- ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد الإحسان بترتيب صحيح بن حبان، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي، ضبط وتقديم: كمال يوسف الحوت، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٧م.

- ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد، المعجم الصغير، صححه وراجع أصوله: عبد الرحمن محمد عثمان، بيروت: دار الفكر، ط٢، ١٩٨١م.

- ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد. الإصابة في تمييز الصحابة، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٣٢٨هـ

- ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد. تهذيب التهذيب، الهند: دائرة المعارف النظامية، ١٣٢٥هـ

- ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد. فتح الباري في صحيح البخاري، القاهرة: دار الريان للتراث، ١٩٨٧م.

- ابن حجر العسقلاني، شهاب الدين أبي الفضل أحمد بن علي بن محمد، فتح الباري يشرح البخاري، مصر: مطبعة مصطفى البابي الحلبي وأولاده، ١٩٥٩م.

- ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد. الإحكام في أصول الأحكام، القاهرة: دار الحديث، ١٤٠٤هـ

- ابن حزم، أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد. الفصل في الملل والأهواء والنحل، القاهرة: مكتبة الخانجي، (د.ت.).

- ابن حنبل، أحمد، المسند، شرح وفهرسة: أحمد محمد شاكر، القاهرة: دار الحديث، ١٩٩٥م.

- ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد. تاريخ ابن خلدون (المقدمة)، بيروت: مكتبة المدرسة، ودار الكتاب اللبناني، ط.٢، ١٩٩٣م.

-ابن سعد، محمد بن سعد بن منيع الزهري. الطبقات الكبرى، بيروت: دار صادر، (د.ت.) .

- ابن سينا، أبو علي الحسين بن عبد الله، الإشارات والتنبيهات، تحقيق: سليمان دنيا، القاهرة: دار المعارف، ط.٣، ١٩٨٣م.

- ابن ضويان، إبراهيم بن محمد بن سالم. منار السبيل في شرح الدليل، تقديم عبد الله بن عبد العزيز بن عقيل، تحقيق: أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، الرياض: دار الصميعي، ط.٢، ١٤٢٠هـ

- ابن عابدين، محمد أمين بن عمر. رد المحتار على الدر المختار شرح تنوير الأبصار المسمى بحاشية ابن عابدين، تحقيق وتخريج وتعليق: محمد صبحي حسن حلاق، عامر حسين، صحيح: مكتب التحقيق بدار إحياء التراث العربي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٩٨م.

- ابن عاشور، محمد الطاهر مقاصد الشريعة الإسلامية، تحقيق ودراسة: محمد الطاهر الميساوي، الأردن: دار النفائس، ط.٢، ٢٠٠١م.

- ابن عاشور، محمد الطاهر. تفسير التحرير والتنوير، تونس: دار سحنون للنشر والتوزيع، ١٩٩٧م.

ابن المعاني والأسانيد، تحقيق وتعليق وتصحح مصطفى أحمد العلوي، محمد عبد البكري، المغرب: عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية، ١٩٨٢.

- عبد السلام، العز. قواعد الأحكام في مصالح الأنام، بيروت: مؤسسة الريان، ١٩٩٨.

- ابن عياض، أبو عياض يحيى إسماعيل، المنصورة: دار الوفاء، ١٩٩٨م.

- ابن قدامة المقدسي، موفق الدين عبد بن أحمد. المغني والشرح بيروت الفكر، ١٩٨٤م.

- ابن قدامة، موفق الدين عبد الله أحمد، لمعة كثير، عماد الدين الفداء إسماعيل. تفسير القرآن العظيم، تقديم يوسف الرحمن المرعشلي، بيروت دار المعرفة، .٩م.

- ماجه، عبد محمد يزيد القزويني. سنن ابن تحقيق عبد بيروت الفكر، (د.ت.)

- ابن عساكر، أبو القاسم إلى الإمام الحسن الأشعري، - ابن علي، زيد، مسند زيد، جمعه العزيز إسحاق البغدادي، بيروت. تحقيق: بدر بن الله البدر، الكويت الدار السلفية، ١٤٠٦هـ

- ابن قينة، عمر، الرؤية الفكرية الحاكم والرعية لدى المقفع والكواكبي، عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠

- ابن كثير. الدين أبو الفداء إسماعيل. البداية والنهاية، تحقيق وتدقيق أحمد ملحم، علي نجيب عطوي، فؤاد السيد، ناصر الدين، علي الساتر، القاهرة: الريان للتراث، ١٩٨٨م.

- منظور، محمد أحمد بن لسان العرب، تحقيق: الله الكبير، محمد أحمد حسب الله، هاشم محمد الشاذلي، القاهرة دار موسى، عياض أبو الفضل عياض. ترتيب المدارك وتقريب المسالك مالك، ضبط وتصحيح محمد هاشم، بيروت دار الكتب العلمية، - نبي، مالك. في مهب المعركة، بيروت: دار الفكر المعاصر، دمشق: ١٩٩٨

- ابن نبي، مالك، وجهة العالم الإسلامي، ترجمة: عبد الصبور شاهين، إشراف: ندوة مالك بن نبي، بيروت- دمشق: دار الفكر، ط (إعادة)، ٢٠٠٠م.

- أبو النصر، محمد عبد العظيم، السلاجقة تاريخهم السياسي والعسكري، القاهرة: عين للدراسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية، ٢٠٠١م.

- أبو زهرة، محمد، ابن تيمية.. حياته وعصره- آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٩١م.

- أبو زهرة، محمد. أبو العربي، ١٩٩١م.

- أبو زهرة، محمد. أحمد بن حنبل.. حياته وعصره- آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفكر العربي، (د.ت.).
- أبو زهرة، محمد. الإمام زيد .. حياته وعصره- آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفكر العربي، (د.ت.).
- أبو زهرة، محمد. مالك .. حياته وعصره- آراؤه وفقهه، القاهرة: دار الفكر العربي، (د.ت.).
- أبو سليمان، عبد الحميد أحمد (تقديم). الأمة وأزمة الثقافة والتنمية، القاهرة: دار السلام، ٢٠٠٧م.
- أبو سليمان، الحميد أحمد. العنف وإدارة الصراع السياسي في الفكر الإسلامي بين المبدأ والخيار «رؤية إسلامية»، القاهرة دار السلام، ٢٠٠٢م.
- أبو داود. سليمان بن الأشعث الأزدي السجستاني، سنن أبي داود، تحقيق شعيب الأرناؤط. محمد كامل قره بللي، دمشق: دار الرسالة العالمية، ٢٠٠٩م.
- الآجري، أبو بكر محمد بن الحسين، الشريعة، تحقيق: محمد حامد الفقيه، بيروت دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م.
- أحمد، عبد العاطي محمد. الفكر السياسي للإمام محمد عبده، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٨م.
- الإدريسي، عبد الواحد إدريس . فقه الفتن دراسة في ضوء نصوص الوحي والمعطيات التاريخية لسلف الأمة، الرياض: مكتبة دار المنهاج، ١٤٢٨هـ
- إسماعيل، صلاح. «دراسة المفاهيم من زاوية فلسفية «، مجلة إسلامية المعرفة، مين ٢، عدد٨، ١٩٩٧م.
- إسماعيل، محمود. الخوارج في بلاد المغرب حتى منتصف القرن الرابع الهجري، القاهرة: مكتبة الحرية الحديثة، ط٢، ١٩٨٦م - إسماعيل، محمود. سوسيولوجيا الفكر الإسلامي، الدار البيضاء: دار الثقافة، ١٩٨٠م
- الأسيري، عبد الرضا علي. الإسلام في دساتير دول مجلس التعاون الخليجي،، المجلة العربية للعلوم السياسية، عدد١٣، شتاء ٢٠٠٧م،
- الأشعري، أبو الحسن، الإبانة عن أصول الديانة، تقديم وتحقيق وتعليق: فوقية حسين محمود، القاهرة: دار الأنصار، ١٩٧٧م. الأشعري، أبو الحسن. رسالة إلى أهل الثغر، تحقيق ودراسة: عبد الله شاكر محمد الجنيدي، المدينة المنورة: مكتبة العلوم والحكم، ط.٢، ١٤٢٢هـ/ ٢٠٠٢م.
- الأشعري، أبو الحسن. مقالات الإسلاميين واختلاف المصلين، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، بيروت: المكتبة العصرية، ط.٢، ١٩٩٥م.
- الأصبهاني، أبو بكر محمد بن الحسن بن فورك. مشكل الحديث وبيانه، تحقيق وتعلق: عبد المعطي أمين قلعجي، حلب: دار الوعي، ١٩٨٢م.
- أحمد بن عبد الله بن مهران. حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، بيروت: دار الكتاب العربي، ط.٤، ١٤٠٥هـ
- الأصفهاني، أبو الفرج . مقاتل الطالبيين، شرح وتحقيق: السيد أحمد صقر، بيروت: دار المعرفة، (د.ت.) .
- الأصبهاني، أبو نعيم - الأصفهاني، الراغب. مفردات ألفاظ القرآن، تحقيق: نديم مرعشلي، بيروت: دار الفكر، (د.ت.) .
- الأفغاني، جمال الدين، وعبده، محمد. العروة الوثقى والثورة التحريرية الكبرى، الألباني، محمد ناصر الدين. ضعيف الجامع الصغير وزيادته الفتح الكبير، بيروت: تحقيق: صلاح الدين البستاني، القاهرة: دار العرب، ط.٣، ١٩٩٣م.

- أفلاطون. القوانين، ترجمه من اليونانية إلى الإنجليزية: تيلور، ترجمه إلى العربية: محمد حسن ظاظا، القاهرة: مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٦م.
- الألباني، محمد ناصر الدين. أسئلة وأجوبة في الحديث عن الدولة الإسلامية وحكم العمليات الفدائية، تعليق: أبو عبد الرحمن عبد الله الموصلي، عمان: (د. ن.)، ٢٠٠٨.
- الألوسي، شهاب الدين . روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د.ت.). مكتب الإسلامي، ط.٣، ١٩٩٠م.
- أمين، أحمد. ضحى الإسلام، القاهرة: مكتبة النهضة المصرية، ط٧، (د.ت.).
- الأندلسي، أبو حيان محمد بن يوسف . تفسير البحر المحيط، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ط٢، ١٩٨٣م.
- الاندلسي، أحمد بن محمد بن عبد ربه . العقد الفريد، تحقيق: مفيد محمد قمحية، بيروت: دار الكتب العالمية، ط.٣، ١٩٨٧م.
- اومليل، علي السلطة الثقافية والسلطة السياسية، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩٦م.
- أيبش، يوسف. نصوص الفكر السياسي الإسلامي: الإمامة عند السنة، بيروت: دار الطليعة، ١٩٦٦م.
- الإيجي، عضد الدين أبو الفضل عبد الرحمن المواقف، تحقيق: عبد الرحمن عميرة، بيروت: دار الجيل، ١٩٩٧م. - بارندر، جفري. المعتقدات الدينية لدى الشعوب، ترجمة: إمام عبد الفتاح إمام، مراجعة: عبد الغفار مكاوي، القاهرة: مكتبة مدبولي، ط.٢، ١٩٩٦م.
- باشا، أحمد تيمور. نظرة تاريخية في حدوث المذاهب الفقهية الأربعة، بيروت: دار القادري، ١٩٩٠م.
- البخاري، محمد بن إسماعيل، الجامع الصحيح المختصر، تحقيق: مصطفى ديب البغاء بيروت: اليمامة، دار ابن كثير، ط.٣، ١٩٨٧م.
- بدر الدين العيني، محمود بن أحمد. عمدة القاري شرح صحيح البخاري، بيروت: دار الفكر، د.ت.
- بدوي، عبد الرحمن مقالات الإسلاميين، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٩٧م.
- بدوي، محمد طه، المنهج في علم السياسة، الإسكندرية: المكتب الجامعي الحديث، ٢٠٠٠م.
- البغدادي، عبد القاهر بن طاهر بن محمد. أصول الدين، استانبول: مطبعة الدولة، ١٣٤٦/١٩٢٨
- البغدادي، عبد القاهر بن طاهر بن محمد، الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، تحقيق: محمد محي الدين عبد الحميد، بيروت، صيدا: المكتبة العصرية، بيروت: دار الفكر، (د.ت.) .
- البغوي، أبو محمد الحسين بن مسعود. التهذيب في فقه الإمام الشافعي، تحقيق: الشيخ عادل أحمد عبد الموجود، الشيخ علي محمد معوض.
- البغا، مصطفى ديب. الجامع الصحيح المختصر، اليمامة، بيروت دار ابن كثير، ط ٣، ١٩٨٧م.
-البغدادي، علاء الدين علي بن محمد(الخازن). لباب التأويل في معاني التنزيل، ١٩٩٥م.
- البغوي، أبو محمد الحسين بن مسعود. شرح السنة، تحقيق: زهير الشاويش وشعيب الأرناؤط، بيروت: المكتب الإسلامي، ط.٢، ١٩٨٣م.
- البغوي، أبو محمد الحسين بن مسعود معالم التنزيل، تحقيق وتخريج: محمد عبد سليمان مسلم الحرش، الرياض طيبة للنشر والتوزيع، ط١٩٩٧م.
- البلخي، القاسم، وعبد الجبار، والجشيمي، الحاكم، فضل الاعتزال وطبقات المعتزلة، كشف

وتحقيق فؤاد السيد، تونس: الدار التونسية للنشر، (د.ت.). أحمد مؤسسة محمد سعيد رمضان. اللامذهبية أخطر بدعة تهدد الشريعة الإسلامية، دمشق: دار الفارابي، ٢٠٠٥م.

- البيضاوي، ناصر الدين أبي سعيد. أنوار التنزيل وأسرار التأويل، بيروت دار الكتب العلمية، ١٩٨٨م.

- أبي بكر أحمد بن وخرج أحاديثه د. عبد العلي الحميد حامد، الرياض مكتبة الرشد للنشر والتوزيع، ١٤٢٣هـ/ ٢٠٠٣م.

-أبو أحمد الحسين بن علي. الكبرى، بيروت دار المعرفة، ١٩٩٢م.

- أبو بكر أحمد الحسين علي. مناقب الشافعي، تحقيق السيد أحمد القاهرة مكتبة دار التراث، د.ت. - التونسي، خير المسالك معرفة أحوال الممالك، تونس مطبعة الدولة - الجرجاني، الشريف علي محمد، التعريفات، تحقيق إبراهيم الابياري، بيروت: الترابي، حسن، التفسير التوحيدي، بيروت دار الساقي، ٢٠٠٤.

- الترمذي، أبي عيسى الجامع الكبير، تحقيق: بيروت: الغرب الإسلامي، ١٩٩٦.

- التونسية، ١٢٨٣هـ/ ١٨٦٧- الثعالبي، محمد بن الحجوي. الفكر السامي في الفقه الإسلامي، عناية: صالح شعبان، بيروت: الجابري، محمد عابد، السياسي العربي محدداته وتجلياته، بيروت: دراسات الوحدة العربية، .١٩٩٥.

- الجاحظ، عثمان عمرو بن البيان والتبيين، تحقيق: المحامي عطوي، بيروت: صعب، ١٩٦٨م.

- جريشة، علي، دعاة لا بغاة، الكويت: دار البحوث العلمية، ١٩٧٩م. - الجصاص، أحمد بن علي الرازي، أحكام القرآن، تحقيق: محمد الصادق قمحاوي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٤٠٥هـ.

- الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. الرد على المتعصب العنيد المانع من دم يزيد، تحقيق: هيثم عبد السلام محمد، بيروت: دار الكتب العلمية، +٢٠٠٥

- الجوزي، أبو الفرج عبد الرحمن بن أبي الحسن. تلبيس إبليس، تحقيق: السيد الجميلي، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٥م.

- الجوهري، إسماعيل بن حماد الصحاح تاج اللغة وصحاح العربية، تحقيق: أحمد عبد الغفور عطار، بيروت: دار العلم للملايين، ط.٣، ١٩٨٤م. ١٤٢٩هـ/ ٢٠٠٨م.

- الجويني، أبو المعالي. الإرشاد إلى قواطع الأدلة في أصول الاعتقاد، تحقيق وتعليق: محمد يوسف موسى، علي عبد المنعم عبد الحميد، القاهرة: مكتبة الخانجي، ١٣٦٩/١٩٥٠

- الجويني، أبو المعالي. غياث الأمم في التياث الظلم «الغياثي «، تحقيق ودراسة: مصطفى حلمي، فؤاد عبد المنعم أحمد، الإسكندرية: دار الدعوة للنشر والتوزيع، (د.ت.) .

- الحائري، كاظم. الإمامة وقيادة المجتمع، طهران: مكتب آية الله السيد كاظم الحائري، ١٩٩٥م.

- الحازمي، أبو بكر محمد بن موسى. الاعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار، تحقيق وتخريج وتعليق: عبد المعطي أمين قلعجي، باكستان: جامعة الدراسات الإسلامية، ط.٢، ١٩٨٩م.

- الحساسنة، حسن، الحاكمية في الفكر الإسلامي، الدوحة وزارة الأوقاف والشئون الإسلامية، سلسلة كتاب الأمة، س٢٧، عدد ١١٨، ١٤٢٨هـ/ ٢٠٠٧م.

- حللي،، عبد الرحمن. استخدام علم الدلالة في فهم القرآن قراءة في تجربة الباحث الياباني Toshihiko Izutsu «، المؤتمر العلمي الأول « التعامل مع النصوص الشرعية (القرآن والحديث) عند

المعاصرين، الأردن، الجامعة الأردنية حللي، عبد الرحمن. «المفاهيم والمصطلحات القرآنية: مقاربة منهجية»، مجلة إسلامية المعرفة، س٩، عدد٣٥، شتاء ١٤٢٥هـ/ ٢٠٠٤م.

- حماد، نافذ حسين. مختلف الحديث بين الفقهاء والمحدثين، المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٣م.

- الحميري، عبد الملك بن هشام بن أيوب. السيرة النبوية، تحقيق: طه عبد الرءوف سعد، بيروت: دار الجيل، ١٤١١هـ.

- الحنبلي، شمس الدين أبي عبد الله محمد بن مفلح المقدسي: الآداب الشرعية والمنح المرعية، القاهرة: مكتبة ابن تيمية، (د.ت.). - الحنفي، زين الدين بن نجيم الأشباه والنظائر على مذهب أبي حنيفة النعمان، تحقيق وتعليق عبد العزيز محمد الوكيل، القاهرة: موسى الحلبي وشركاه للنشر والتوزيع، ١٩٦٨م

- الحنفي، زين الدين بن نجيم. البحر الرائق شرح كنز الدقائق، (د.م.): دار الكتاب الإسلامي، ط ٢، (د.ت.). - حوى، سعيد. فصول في الإمرة والأمير، القاهرة: دار السلام، ط.٢، ١٩٩٤م.

- الخرشي، سليمان بن صالح، تاريخ نجد من خلال كتاب الدرر السنية الأجوبة النجدية، لبنان: الدار العربية للموسوعات، ١٤٢٧هـ/ م٢٠٠٧م.

- الخطابي، أبو سليمان حمد بن محمد بن إبراهيم. معالم السنن، بيروت: المكتبة العلمية، ط٢، ١٤٠١هـ/ ١٩٨١م،

- الخطيب البغدادي، أحمد بن علي بن ثابت. الكفاية في علم الرواية، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨م.

- الخطيب البغدادي، أحمد بن علي بن ثابت. تاريخ بغداد، دراسة وتحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م.

- الخطيب، محمد عجاج، السنة قبل التدوين، القاهرة: مكتبة وهبة، ١٩٦٣م. بيروت: مؤسسة الرسالة، ٢٠٠٤م.

- حوى، سعيد، الإسلام، مراجعه: وهبي سليمان الغاوجي، القاهرة، مكتبة وهية، ١٣٩٧/١٩٧٧

- خليفة، حاجي كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٢م.

- الخميني، آية الله. الحكومة الإسلامية، الطبعة الثانية، بيروت، جمعية المعارف الإسلامية الثقافية، ٢٠٠٨م.

- دانگان، جان ماري. علم السياسة، ترجمة: محمد عرب صاصيلا، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٢م.

- دبوس، صلاح الدين، الخليفة توليته وعزله إسهام في النظرية الدستورية الإسلامية مقارنة بالنظم الدستورية الغربية، الإسكندرية: مؤسسة الثقافة الجامعية، (د.ت.).

- الدسوقي، شمس الدين الشيخ محمد عرفة. حاشية الدسوقي على الشرح الكبير، (وبهامشه) شرح للعلامة سيدي الشيخ محمد عليش، (د...): دار إحياء الكتب العربية عيسى البابي الحلبي وشركاه، (د.ت.).

- الدميجي، عبد الله بن عمر، الإمامة العظمى عند أهل السنة والجماعة، الرياض: دار طيبة للنشر والتوزيع، ط ٢، ١٤٠٩هـ.

- الدهلوي، شاه ولي الله. الإنصاف في بيان أسباب الاختلاف، تحقيق: عبد الفتاح أبو عدة، بيروت: دار النفائس، ١٤٠٤هـ

- دوفرجيه، موريس. علم اجتماع السياسة، ترجمة: سليم حداد، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط.٢، ٢٠٠١م.

- الدينوري، ابن قتيبة الإمامة والسياسة، تعليق: خليل المنصور، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م.

- الدينوري، ابن قتيبة. تأويل مختلف الحديث، ضبط وتصحيح: محمد زهري النجار، بيروت: دار الجيل، ١٩٧٣م. ١٩٨٩م.

- الرازي، فخر الدين. التفسير الكبير ومفاتيح الغيب، بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، (د.ت.) .

- الرازي، فخر الدين. المحصول في علم الأصول، تحقيق: طه جابر فياض العلواني، الرياض: جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، ١٤٠٠هـ

- الرازي، محمد بن أبي بكر. مختار الصحاح، تحقيق: محمود خاطر، بيروت: مكتبة لبنان، طبعة جديدة، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٥م.

- الدينوري، ابن قتيبة. عيون الأخبار، القاهرة: مكتبة دار الكتب المصرية، ١٩٢٥م.

- الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان. تاريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، بيروت: دار الكتاب العربي.

- رضا، محمد رشيد الخلافة أو الإمامة العظمى، (ملحق في): كوثراني، وجيه الدولة والخلافة في الخطاب العربي أبان الثورة الكمالية في تركيا .. دراسة ونصوص، بيروت: دار الطليعة، ١٩٩٦م.

- رضا، محمد رشيد. تفسير المنار، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٣م.

- رويس، جوزايا . فلسفة الولاء، ترجمة: أحمد الأنصاري، القاهرة المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، ٢٠٠٢م.

- الريس، محمد ضياء الدين. النظريات السياسية الإسلامية، القاهرة: مكتبة دار التراث، ط٧، (د.ت.).

- الزبيدي، محمد بن محمد. تاج العروس من جواهر القاموس، تحقيق: مجموعة من المحققين، الرياض: دار الهداية، (د.ت). - الزرقاني، عبد الباقي، شرح الزرقاني على مختصر سيدي خليل، بيروت: دار الفكر، ١٩٧٨م.

- الزركشي، بدر الدين محمد بن عبد الله . البرهان في علوم القرآن، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، بيروت: دار المعرفة، ١٣٩١م.

- الزمخشري، أبو القاسم محمد بن عمر، أساس البلاغة، بيروت: دار صادر،+١٩٩٧

- الزمخشري، أبو القاسم محمد بن عمر، الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل، شرحه وضبطه وراجعه: يوسف الحمادي، القاهرة: مكتبة مصر، (د.ت.).

- الزيلعي، جمال الدين أبو محمد الحنفي. نصب الراية لأحاديث الهداية، اعتنى به: أيمن صالح شعبان، القاهرة: دار الحديث، ط.١، ١٩٩٥م.

- الزيلعي، فخر الدين بن عثمان بن علي. تبيين الحقائق شرح كنز الدقائق، (وعليه حاشية) شهاب الدين أحمد الشلبي على شرح تبيين الحقائق، مصر: المطبعة الكبرى الأميرية، ١٣١٣هـ

- السباعي، مصطفى. السنة ومكانتها في التشريع الإسلامي، القاهرة: مكتبة دار العروبة، ١٩٦١م,

- سباين، جورج. تطور الفكر السياسي، ترجمة: حسن جلال العروسي، القاهرة نيويورك: دار المعارف، مؤسسة فرائلكين للطباعة والنشر، ط.٤، ١٩٧١م.
- سراج، محمد أحمد. نظرات عامة في تاريخ الفقه الإسلامي تطوره تأثيره في القوانين الغربية « قضية تطبيقية»، القاهرة: دار الثقافة للنشروالتوزيع، ١٩٩٠م.
- السرخسي، شمس الدين محمد بن احمد بن سهل، المبسوط، بيروت: دار المعرفة، ط ٣، ١٩٧٨م.
- السوسوة، عبد المجيد محمد، السياق وأثره في دلالات الألفاظ « دراسة أصولية ‹ ‹، مجلة الشريعة والدراسات الإسلامية، س٢٣، عدد٧٤، سبتمبر٢٠٠٨م.
- السيد، رضوان. الأمة والجماعة والسلطة دراسات في الفكر السياسي العربي الإسلامي، بيروت: دار اقرأ، ١٩٨٤م.
- السيد، محمد صالح محمد. مدخل إلى علم الكلام، القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١م.
- السيوطي، جلال الدين . الإتقان في علوم القرآن، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، مصر: الهيئة العامة للكتاب، ١٩٧٤م.
- السيوطي، جلال الدين، الدر المنثور، بيروت: دار الفكر، ١٩٩٣م. - السيوطي، جلال الدين . تاريخ الخلفاء، بيروت: دار الجيل، ط ٢، ١٩٩٤م، تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، بيروت: دار الكتب
- السيوطي، جلال الدين، العلمية، ط.٢، ١٩٨٩م.
- السيوطي، جلال الدين. شرح سنن النسائي، بيروت: دار الجيل، (د.ت.). - السيوطي، جلال الدين. لباب النقول في أسباب النزول، بيروت: دار إحياء العلم، ط.٤، ١٩٨٣م.
- الشاطبي، أبو إسحاق إبراهيم بن موسى بن محمد. الاعتصام، الإسكندرية: دار عمر بن الخطاب للطباعة والنشر والتوزيع، (د.ت.).
- الشاطبي، أبو إسحاق إبراهيم بن موسى بن محمد الموافقات في أصول الشريعة، شرح: عبد الله دراز، ضبط وترقيم ووضع تراجمه: محمد عبد الله دراز، بيروت: دار المعرفة، (د.ت.).
- الشافعي، محمد بن إدريس, الأم، تحقيق: أحمد بدر الدين حسون، (د.م.): دار قتيبة، ١٩٩٦م.
- الشافعي، محمد بن إدريس، الرسالة، تحقيق وشرح: أحمد محمد شاكر، القاهرة: مكتبة دار التراث، ط.٢، ١٩٧٩م.
- شاكر، أحمد محمد الباعث الحثيث شرح اختصار علوم الحديث لابن كثير، مصر: مكتبة السنة، لبنان: دار ابن كثير، ١٩٩٤م.
- شاكر، أحمد محمد. كلمة الحق، تقديم وترجمة: عبد السلام محمد هارون، د.م: مكتبة السنة، (د.ت.)
- الشاوي، توفيق - الشورى أعلى مراتب الديمقراطية، القاهرة: الزهراء للإعلام العربي، ١٩٩٤م.
- الشاوي، توفيق. فقه الشورى والاستشارة، المنصورة: دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م.
- شترايرـ جوزيف. الأصول الوسيطة للدولة الحديثة، ترجمة: محمد عيتاني، بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر، (د.ت.).
- شريعتي، علي. النباهة والاستحمار، لبنان: الدار العالمية للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٤م
- شلتوت، محمود. الإسلام عقيدة وشريعة، القاهرة: دار الشروق، ط.١٢، ١٩٨٣م.

- شلتوت، محمود، من توجيهات الإسلام، القاهرة: دار القلم، ط٣، ١٩٦٦م. الشنقيطي، محمد الأمين، أضواء البيان في إيضاح القرآن بالقرآن، بيروت: عالم الكتب، (د.ت.).
- الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أحمد الملل والنحل، تحقيق: محمد سيد كيلاني، بيروت: دار المعرفة، ١٤٠٤هـ
- الشهرستاني، أبو الفتح محمد بن عبد الكريم بن أحمد نهاية الإقدام في علم الكلام، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٤م.
- الشوايثي، سليمان، واصل بن عطاء وآراؤه الكلامية، طرابلس: الدار العربية للكتاب، ١٩٩٣م.
- شوفاليه، جان جاك. تاريخ الفكر السياسي من المدينة الدولة إلى الدولة القومية، ترجمة: محمد عرب صاصيلا، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط.٤، ١٩٩٨م.
- الشوكاني، محمد بن علي بن محمد بن عبد الله. فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسير، تحقيق وتخريج: عبد الرحمن عميرة، وضع فهارسه أحاديثه: لجنة التحقيق والبحث العلمي بدار الوفاء، المنصورة: دار الوفاء، ١٤١٥هـ/ ١٩٩٤م.
- الشوكاني، محمد بن علي. السيل الجرار المتدفق على حدائق الأزهار، تحقيق: وشارك في تخريج محمود إبراهيم زيد، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٥م.
الشوكاني، محمد بن علي. الفوائد المجموعة في الأحاديث الموضوعة، تحقيق: عبد الرحمن بن يحيى المعلمي، القاهرة: مكتبة السنة المحمدية، (د.ت.).
- الشوكاني، محمد بن علي. نيل الأوطار من أحاديث سيد الأخبار شرح منتقى الأخبار، بيروت: دار الكتب العلمية، (د.ت.).
- الشيرازي، محمد الحسيني. تقريب القرآن إلى الأذهان، بيروت: مؤسسة الوفاء، ١٩٨٠م.
- صافي، لؤي. العقيدة والسياسة معالم نظرية عامة للدولة الإسلامية، هيرندن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، ط.٢، ١٩٩٨م.
- صديقي، كليم. التوحيد والنفسيخ بين سياسات الإسلام والكفر، ترجمة: ظفر الإسلام خان، القاهرة: الزهراء للإعلام العربي، ط٢، ١٤٠٥هـ/ ١٩٨٥م.
- الصلابي، علي محمد. الحركة السنوسية في ليبيا، الأردن: دار البيارق، ١٩٩٩م. - الصلاحات، سامي محمد، معجم المصطلحات السياسية في تراث الفقهاء، هيرندن - القاهرة: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، مكتبة الشروق الدولية، ٢٠٠٦م.
- الطبراني، أبي القاسم سليمان بن أحمد، المعجم الكبير، حققه وخرج أحاديثه: حمدي عبدالمجيد السلفي، القاهرة: مكتبة ابن تيمية، (د.ت). - الطبراني، سليمان بن أحمد بن أيوب اللخمي الشامي، المعجم الصغير، تحقيق: محمد شكور محمود، بيروت: المكتب الإسلامي. عمان: دار عمار للنشر والتوزيع، ١٩٨٥م.
الطبراني، أبو القاسم سليمان بن أحمد، المعجم الأوسط، تحقيق: قسم التحقيق بدار الحرمين، القاهرة: دار الحرمين، ١٩٩٥م. - الطبري، عبد الله بن محمد بن أبي بكر. الرياض النضرة في مناقب العشرة، تحقيق: عيسى عبد الله محمد مانع الحميري، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ط.١.
- الطبري، محمد ابن جرير جامع البيان عن تأويل آي القرآن، بيروت: دار الفكر،

- الطبري، محمد بن جرير، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم، القاهرة: دار المعارف، ط.٤، (د.ت.).
- الطبطبائي، محمد حسين، الميزان في تفسير القرآن، بيروت: مؤسسة الأعلمي للمطبوعات، ١٩٩١م.
- الطرسوسي، نجم الدين، تحفة الترك فيما يجب أن يعمل في الملك، تحقيق ودراسة: رضوان السيد، بيروت دار الطليعة، ١٩٩٢م.
- الطرطوشي، أبو بكر محمد بن الوليد. سراج الملوك، تحقيق: جعفر البياتي، لندن: رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٠م.
- الطهطاوي، رفاعة رافع. تخليص الإبريز في تلخيص باريز، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٣م.
- الطهطاوي، رفاعة رافع . مناهج الألباب المصرية في مباهج الآداب العصرية، مصر: مطبعة شركة الرغائب، ط٢، ١٣٣٠هـ/١٩١٢م.
- الطوفي، نجم الدين سليمان بن عبد القوي بن عبد الكريم، رسالة في رعاية ١٩٩٦م. ١٩٨٤م
- المصالح، تحقيق وتعليق: عبد الرحيم أحمد السايح، القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، ١٩٩٣م.
- عبد الباقي، أحمد. معالم الحضارة العربية في القرن الثالث الهجري، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٩١م.
- عبد الجليل، منقور. علم الدلالة أصوله ومباحثه في التراث العربي، دمشق: اتحاد - عبد الخالق، فريد، في الفقه السياسي الإسلامي الشورى العدل المساواة مبادئ دستورية، القاهرة: دار الشروق، ط.٢، ٢٠٠٧م.
- عبد الفتاح، سيف الدين. التجديد السياسي والواقع العربي المعاصر رؤية إسلامية «، القاهرة: مكتبة نهضة مصر، ١٩٨٩م.
- عبد المنعم، محمود عبد الرحمن. معجم المصطلحات والألفاظ الفقهية، القاهرة: دار الفضيلة للنشر والتوزيع والتصدير، (د.ت.). عبد الله، الناج، (على هامش): الحطاب، أبو عبد الله محمد بن - العبدري، أبو الكتاب العرب، ٢٠٠١م.
- عبد الخالق، نيفين، المعارضة في الفكر السياسي الإسلامي، القاهرة: مكتبة الملك فيصل الإسلامية، ١٩٨٥م.
- محمد المغربي. مواهب الجليل لشرح مختصر خليل، دمشق: دار الفكر، ط.٢، ١٩٧٨م.
- عبده، محمد، الإسلام بين العلم والمدنية، مصر: دار الهلال، ١٩٨٣م. - عيده، محمد. رسالة التوحيد، تحقيق: محمد أبورية، القاهرة: دار المعارف، ط.٦، (د.ت.).
- العثماني، سعد الدين. «تصرفات الرسول صلى الله عليه وسلم بالإمامة الدلالات المنهجية والتشريعية»، مجلة إسلامية المعرفة، س٦، عدد٢٤، ٢٠٠١٢م.
- العجلوني، إسماعيل بن محمد. كشف الخفاء ومزيل الإلباس عما اشتهر من الأحاديث على ألسنة الناس، تصحيح وتعليق: أحمد القلاش، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط ٣، ١٩٨٣م.
- العراقي، زين الدين أبي الفضل عبد الرحيم، طرح التثريب في شرح التقريب، الكتاب الكريم، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٩م.
- عمارة، محمد الأعمال الكاملة للإمام محمد عبده، بيروت: المؤسسة العربية - عمارة، محمد.

الصحوة الإسلامية والتحدي الحضاري، القاهرة: دار الشروق، ط.١٢ عمر، سباهتش. «التحولات السياسية في عهد معاوية بن أبي سفيان: دراسة لطبيعة بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د.ت.). - علي، محمد كرد. رسائل البلغاء، مصر: دار الكتب العربية الكبرى، ١٩١٣م.

- العمادي، أبو السعود محمد بن محمد بن مصطفى. إرشاد العقل السليم إلى مزايا للدراسات والنشر، ١٩٨٣م.

- عمارة، محمد الإسلام وفلسفة الحكم، بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط ٢، ١٩٧٩م.

- عمارة، محمد الدولة الإسلامية بين العلمانية والسلطة الدينية، القاهرة: دار الشروق، ١٩٩٧م.

- العلاقات بين القيادتين السياسية والعلمية»، مجلة إسلامية المعرفة، س٦، عدد ٢٠. ربيع ١٤٢١/٢٠٠٠

- العنسي، أحمد بن قاسم. التاج المذهب لأحكام المذهب شرح متن الأزهار في فقه الأئمة الأطهار، القاهرة: دار إحياء الكتب العربية، (د.ت.). - العوا، محمد سليم، في النظام السياسي للدولة الإسلامية، القاهرة: دار الشروق، ٣. ٢٠٠٨م.

- عودة، عبد القادر. الإسلام وأوضاعنا السياسية، القاهرة: المختار الإسلامي - والشر والتوزيع، ط.٣، ١٩٧٨م للطباعة

- عودة، عبد القادر، التشريع الجنائي الإسلامي مقارنا بالقانون الوضعي، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط.٦، ١٩٨٥م.

- العيني، أبو محمد محمود بن أحمد. البناية في شرح الهداية، تصحيح: المولوي محمد عمر الشهير بناصر الإسلام الرامفوري، بيروت: دار الفكر، ١٩٨٠م.

- غالي، بطرس بطرس، وعيسى، محمود خيري المدخل في علم السياسة، القاهرة مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٨٨م. - الغزالي، أبو حامد. إحياء علوم الدين، تقديم وتعليق: طه عبد الرؤوف سعد، القاهرة: مكتبة الصفا، ٢٠٠٣م.

- الغزالي، أبو حامد. الاقتصاد في الاعتقاد، شرح وتحقيق وتعليق: إنصاف رمضان، دمشق - بيروت: دار قتيبة للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٣م. - الغزالي، أبو حامد، المستصفى في علم الأصول، تصحيح: محمد عبد السلام عبد الشافي، بيروت: دار الكتب العلمية ١٩٩٦م.

- الغزالي، أبو حامد. المستصفى من علم الأصول، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ط.٣، ١٩٩٣م.

- الغزالي، أبو حامد فضائح الباطنية، تحقيق: عبد الرحمن بدوي، الكويت: مؤسسة دار الكتب الثقافية، (د.ت.). - الغزالي، محمد. الإسلام والاستبداد السياسي، القاهرة: نهضة مصر، ١٩٩٧م.

- الغزالي، محمد مشكلات في طريق الحياة الإسلامية، قطر: رئاسة المحاكم الشرعية والشئون الدينية، ١٤٠٢هـ عويدات، ١٩٨٦م

- القاسي، علال. مقاصد الشريعة الإسلامية ومكارمها، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ط٥، ١٩٩٣م.

- القراء، محمد بن الحسين بن محمد. الأحكام السلطانية، تصحيح وتعليق محمد حامد الفقي، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣م.

- القراء، محمد بن الحسين بن محمد. المعتمد في أصول الدين، تحقيق وتقديم: وديع زيدان حداد، بيروت: دار المشرق، ١٩٨٦م.

- الفراهيدي، الخليل بن أحمد. كتاب العين، تحقيق: مهدي المخزومي، إبراهيم السامرائي، بيروت: داروم‌كتبة الهلال، (د.ت.). - الفنجري، أحمد شوقي. كيف تحكم بالإسلام في دولة عصرية، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٠م.
- الفوزان، عبد الله بن فوزان بن صالح مختلف الحديث عند الإمام أحمد رحمه الله جمعا ودراسة، الرياض: مكتبة دار المنهج، ١٤٢٨هـ
- الفيومي، أحمد بن محمد بن علي المصباح المنير في غريب الشرح الكبير للرافعي، بيروت: المكتبة العلمية، (د.ت.). - القاري، الملا علي الأسرار المرفوعة في الأخبار الموضوعة، تحقيق: محمد الصباغ، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٩٧١م.
- القرافي، شهاب الدين أحمد بن إدريس . الإحكام في تمييز الفتاوى عن الأحكام وتصرفات القاضي والإمام، عناية: عبد الفتاح أبو غدة، حلب- بيروت: مكتب المطبوعات الإسلامية، ط.٢، ١٩٩٥م.
- القرضاوي، يوسف مدخل لدراسة الشريعة الإسلامية، القاهرة مكتبة وهبة، ط٣،
- القرضاوي، يوسف. من فقه الدولة في الإسلام، القاهرة: دار الشروق، ط.٣، --٢٠٠١
- القرطبي، أبو العباس ضياء الدين أحمد بن عمر. المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم، تحقيق وتعليق وتقديم: محي الدين ديب مستور، يوسف علي بديوي، أحمد محمد السيد، محمود إبراهيم بذال، دمشق - بيروت: دار ابن كثير، دار الكلم الطيب، ١٩٩٦م.
- القرطبي، أبو عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر، الجامع لأحكام القرآن، القاهرة: دار الشعب، (د.ت.) .
- القزويني، أحمد بن فارس بن زكريا. معجم مقاييس اللغة، تحقيق وضبط: عبد السلام محمد هارون، بيروت: دار الجيل، (د.ت.). +١٩٩٧
- قلعه جي، محمد رواس. موسوعة فقه الحسن البصري، بيروت: دار النفائس، ط.٢، ١٩٨٩م.
- القنوجي، صديق بن حسن. أبجد العلوم، تحقيق: عبد الجبار زكار، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٨م.
- كاسيرر، أرنست، الدولة والأسطورة، ترجمة: أحمد حمدي محمود، القاهرة: وزارة الثقافة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٥م.
- الكراعين، أحمد نعيم. علم الدلالة بين النظر والتطبيق، بيروت: المؤسسة الجامعية - الكفوي، أبي البقاء أيوب بن موسى الحسيني. الكليات، القاهرة: دار الكتاب للدراسات والنشر والتوزيع، ١٩٩٣م. الإسلامي، ط.٢، ١٩٩٢م.
- الكليني، محمد بن يعقوب، الكافي، صحيح وتعليق: علي أكبر الغفاري، بيروت: دار الأضواء، ١٩٨٥م.
- الكواكبي، عبد الرحمن، أم القرى مؤتمر النهضة الإسلامية الأول، دراسة وتحقيق: محمد جمال الطحان، دمشق: الأوائل للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢م.
- الكواكبي، عبد الرحمن. طبائع الاستبداد، القاهرة: الهيئة المصرية العامة لكتاب، ١٩٩٣م. - المؤمن، علي. الإسلام والتجديد رؤى في الفكر الإسلامي المعاصر، بيروت: دار الروضة، ٢٠٠٠م.
- المالقي، أبو القاسم بن رضوان. الشهب اللامعة في السياسة النافعة، تحقيق: علي سامي النشار، الدار البيضاء: دار الثقافة، ١٩٨٤م.
- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب . أدب الدنيا والدين، تحقيق: محمد فريد، القاهرة: المكتبة التوفيقية، (د.ت.). - الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب . أدب الوزير المعروف

بقوانين الوزارة وسياسة الملك، تصحيح: حسن الهادي حسين، القاهرة: مكتبة الخانجي، ط ٢، ١٩٩٤م.

- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب. الأحكام السلطانية والولايات الدينية، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٨م.

- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب. الحاوي الكبير، تحقيق: علي محمد معوض، عادل أحمد عبد الموجود، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٤م.

- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب، النكت والعيون تفسير الماوردي، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٢م.

- الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب. تسهيل النظر وتعجيل الظفر في أخلاق الملوك وسياسة الملك، تحقيق: محمد هلال السرحان، حسن الساعاتي، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٨١م.

- المباركفوري، محمد عبد الرحمن بن بهادر. تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي، صحيح وإشراف: عبد الوهاب عبد اللطيف، المدينة المنورة: المكتبة السلفية محمد عبد المحسن الكتبي، ط٢، ١٩٦٣م.

مجموعة مؤلفين، المعجم الوسيط، تحقيق: مجمع اللغة العربية، استنبول: دار الدعوة، ط.٣، (د.ت.).

- مجموعة من المؤلفين، الدين في المجتمع العربي، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، الجمعية العربية لعلم الاجتماع، ١٩٩٠م.

- مجموعة من المؤلفين، تجديد الفكر الإسلامي، الرياض: مؤسسة الملك عبد العزيز آل سعود، ١٩٨٩م.

- مجموعة من المؤلفين، نهر الذكريات المراجعات الفقهية للجماعات الإسلامية، القاهرة: مكتبة التراث الإسلامي، ٢٠٠٣م.

- المحاسبي، الحارث بن أسد بن عبد الله، المكاسب .. الرزق الحلال وحقيقة التوكل على الله، دراسة وتحقيق: محمد عثمان الخشت، القاهرة: مكتبة القرآن، (د.ت.).

- محسن، نجاح. الفكر السياسي عند المعتزلة، القاهرة: دار المعارف، (د.ت.).

- المحلي، حميد بن أحمد بن محمد. الحدائق الوردية في مناقب الأئمة الزيدية، تحقيق: المرتضى بن زيد المحطوري، صنعاء: مكتبة مركز بدر للطباعة والنشر والتوزيع، ط ٢، ٢٠٠٢م.

- مذكور، محمد سلام. معالم الدولة الإسلامية، الكويت: مكتبة الفلاح، ١٩٨٣م.

- المرتضى، أحمد بن يحيى . البحر الزخار الجامع لمذاهب علماء الأمصار، تصحيح: القاضي عبد الله بن عبد الكريم الجرافي، إشراف ومراجعة: عبد الله محمد الصديق، عبد الحفيظ سعد عطية، مصر: مكتبة الخانجي، ١٩٤٩م.

- المرتضى، أحمد بن يحيى. المنية والأمل في شرح الملل والنحل، تحقيق: محمد جواد مشكور، بيروت: دار الندى، ط.٢، ١٩٩٠م.

- المرتضى، أحمد بن يحيى . شرح الأزهار، صنعاء: مكتبة غمضان، ١٤٠١هـ. - المرتضى، أحمد بن يحيى، طبقات المعتزلة، تحقيق: سوسته ديفلد - فلزر، بيروت: دار فرانز شتاينر، ط٢، ١٩٨٧م.

- المرداوي، علي بن سليمان. الإنصاف في معرفة الراجح من الخلاف، تحقيق: أبي عبد الله محمد حسن الشافعي، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٩٧م.

- المسعودي، علي بن الحسين . مروج الذهب ومعادن الجوهر، اختار النصوص وقدم لها وعلق

عليها: قاسم وهي، دمشق: منشورات وزارة الثقافة، ١٩٨٨م.

- المطيري، حاكم، الحرية أو الطوفان دراسة موضوعية للخطاب السياسي الشرعي ومراحله التاريخية، بيروت: المؤسسة العربية للدراسا والنشر، ٢٠٠٣م.

- المعتزلي، أبو الحسين عبد الرحيم بن عثمان الخياط . كتاب الانتصار والرد على ابن الراوندي الملحد، تقديم وتحقيق وتعليق: نيبرج، بيروت- دمشق: دار قابس،

- المقبلي، صالح بن مهدي «الأرواح النوافح آثار إيثار الآباء والمشايخ «، (وهو ذيل كتاب): العلم الشامخ في إيثار الحق على الأباء والمشايخ، القاهرة: مطبعة مصر، ١٣٢٨هـ ١٩٨٦م.

- عبد الرحمن إبراهيم. العدة العمدة، بيروت المعرفة، (د.ت.).

- المناوي، الدين محمد رضوان الداية، بيروت- دمشق: دار الفكر المعاصر، دار الفكر، ط ١٤١٠هـ

- المنتظري، علي. الإسلامية، إيران العالمي للدراسات الإسلامية، ط٢١٤٠٩هـ

- المهدي، الصادق العقوبات وموقعها من الاجتماعي الإسلامي، القاهرة الزهراء للإعلام العربي، ١٩٨٧.

- المودودي، الأعلى. الخلافة والملك، تعريب أحمد إدريس، الكويت القلم، ط. ١١٩٧٨

- المودودي، أبو الأعلى. تجديد الدين وإحيائه وواقع المسلمين وسبيل النهوض لبنان: دار الفكر الحديث، ط. ١٩٦٧.

-المودودي، أبو الأعلى. حول تطبيق الشريعة الإسلامية في الحاضر، ترجمة خليل أحمد الحامدي، الرياض: الرشد، ١٩٨٣.

- المودودي، أبو الأعلى. نظرية الإسلام السياسية، القاهرة مكتبة (د.ت.) الندوي، أبو الحسن. ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، المنصورة مكتبة الإيمان، (د.ت.) النسائي، أبي عبدالرحمن أحمد شعيب بن علي، النسائي، حكم على وآثاره وعلق عليه: العلامة المحدث محمد ناصر الألباني، اعتنى به عبيدة مشهور حسن سلمان، ط الرياض: مكتبة المعارف والتوزيع، ١٤٢٩هـ ٢٠٠٨ ١٩٨٤.

- النعمان، حنيفة. الفقه الأكبر، شرح: الملا علي الحنفي، بيروت: الكتب العلمية، ١٩٧٩.

- النسفي، أبو البركات عبد الله أحمد محمود تفسير النسفي، دمشق: دار الكتب العربية، (د.ت.) النشار، علي سامي. مناهج البحث مفكري الإسلام، بيروت: دار النهضة العربية النقيب، خلدون حسن, الدولة التسلطية المشرق العربي المعاصر دراسة مقارنة، بيروت مركز دراسات الوحدة العربية، ط١٩٩٦١

- الدين زكريا يحي بن روضة الطالبين وعمدة المتقين إشراف الشاويش، بيروت- دمشق- عمان: المكتب الإسلامي، طالنوري، محيي ١٩٩١.

- عبد الرحمن إبراهيم. العدة العمدة، بيروت المعرفة، (د.ت.).

- المناوي، الدين محمد رضوان الداية، بيروت- دمشق: دار الفكر المعاصر، دار الفكر، ط ١٤١٠هـ

- المنتظري، علي. الإسلامية، إيران العالمي للدراسات الإسلامية، ط٢١٤٠٩هـ

- المهدي، الصادق العقوبات وموقعها من الاجتماعي الإسلامي، القاهرة الزهراء للإعلام العربي،

- ١٩٨٧المودودي، الأعلى. الخلافة والملك، تعريب أحمد إدريس، الكويت القلم، ط.١١٩٧٨

- المودودي، أبو الأعلى. تجديد الدين وإحيائه وواقع المسلمين وسبيل النهوض لبنان: دار الفكر الحديث، ط.٢١٩٦٧

- المودودي، أبو الأعلى. حول تطبيق الشريعة الإسلامية في الحاضر، ترجمة خليل أحمد الحامدي،

الرياض: الرشد، ١٩٨٣

- المودودي، أبو الأعلى. نظرية الإسلام السياسية، القاهرة مكتبة (د.ت.) الندوي، أبو الحسن. ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين، المنصورة مكتبة الإيمان، (د.ت.) النسائي، أبي عبدالرحمن أحمد شعيب بن علي، النسائي، حكم على وآثاره وعلق عليه: العلامة المحدث محمد ناصر الألباني، اعتنى به عبيدة مشهور حسن سلمان، ط الرياض: مكتبة المعارف والتوزيع، ١٤٢٩هـ٢٠٠٨ ١٩٨٤

- النعمان، حنيفة. الفقه الأكبر، شرح: الملا علي الحنفي، بيروت: الكتب العلمية، ١٩٧٩

- النسفي، أبو البركات عبد الله أحمد محمود تفسير النسفي، دمشق: دار الكتب العربية، (د.ت.) النشار، علي سامي. مناهج البحث مفكري الإسلام، بيروت: دار النهضة العربية

- النقيب، خلدون حسن, الدولة التسلطية المشرق العربي المعاصر دراسة مقارنة، بيروت مركز دراسات الوحدة العربية، ط١٩٩٦

- الدين زكريا يحيى بن روضة الطالبين وعمدة المتقين إشراف الشاويش، بيروت- دمشق- عمان: المكتب الإسلامي، طالنوري، محيي ١٩٩١.

## پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ك.١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کاربۆئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

. فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

. گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

. چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێك دەگرێتەبەر لەوانەش:

. بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

. هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

. ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەك زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتیەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

بوارەکانی کارکردن:

-نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.

-وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.

- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.

-خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆیەوە.

-هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.

## ئەم کتێبە

ئـەم کتێبـە بریتییـە لـە خوێندنەوەیەکـی مێژوویـی و مەعریفـی بـۆ چەمکـی گوێڕایەڵـی سیاسـی لـە هـزری ئیسـلامیدا، مشـتومڕ لەسـەر بـاری گشـتی چەمکەکـە دەکات لـە چوارچێـوەی مەرجەعیـەتی قورئانیـدا کـە لەخۆیگرتـووە، مەشـخەڵە ڕەسـەنەکانی بەپێـی ئـەو دیاریـدەکات، پاشـان بـە شـێوازی شـیکاریی بەدواداچـوون بـۆ پەرەسـەندنی چەمکەکـە دەکات لـە ژینگـەی مێژوویـی ئیسـلامیدا، ئـەوەش بـە مەبەسـتی شـارەزابوون بـەو گۆڕانکارییانـە بەسـەریدا هاتـوون، ئینجا ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی لێـی وەرگیـراوە، ئـەوەی بـۆی زیادکـراوە، ئـەوەش لەبەرئەنجامـی پیادەکـردنی مێژوویـی لایەنـە مەعریفـی و سیاسـییە جیـاوازەکانی.

نرخی (١١٠٠٠) دینار